تەفسیری قورئانی بەرزو بەپێز

بەرگی بیست وچوارەم

سوورەتەکانی

(ص) و (الزمر) و (غافر)

عەلی باپیر

www.alibapir.com

لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەگەڵتانین
Stay in touch on social media
نحن معكم عبر مواقع التواصل الاجتماعي

ڕاگەیاندنی مەکتەبی مامۆستا عەلی باپیر
AliBapir/عەلی باپیر

archive.org/details/@alibapir
AliBapir/عەلی باپیر

AliBapir
GET IT ON Google Play
Download on the App Store

www.alibapir.net
عربي - كوردي - English

کەناڵی
ڕاگەیاندنی مەکتەبی مامۆستا عەلی باپیر

ڕاگەیاندنی مەکتەبی مامۆستا عەلی باپیر

تەفسیری سوورەتەکانی

صٓ و الزُّمَر و غَافِر

تەفسیری سوورەتەکانی

صٓ و الزمر و غافر

نووسینی : عەلی باپیر

دیزاینی ناوەوە : زەردەشت کاوانی

چاپی یەکەم ١٤٤٣ك - ٢٠٢١ز

٨٤٠ لاپەڕە

١٧* ٢٤ سم

بابەت : ئایینی



لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان - هەرێمی کوردستان

ژمارە سپاردنی (٧) ی ساڵی ٢٠١٢ پێدراوە

تەفسیری سوورەتەکانی

ص و الزمر غافر

نووسینی: عەلی باپیر



پێشەكی ئەم تەفسیرە بەگشتیی

إنَّ الحَمْدَ للَّـهِ نَحْمَـدُهُ وَنَسْـتَعِينُهُ، وَنَسْـتَغْفِرُهُ، وَنَعُـوذُ بِاللَّهِ مِـنْ شرُورِ أَنْفُسِـنَا، وَمِنْ سَيِئَاتِ أَعْمَالِنَا، مَـنْ يَهْـده اللَّـهُ فَلاَ مُضِـلَّ لَـهُ، وَمَـنْ يُضلِـلْ فَلاَ هَـادِيَ لَـهُ، وَأَشْـهَدُ أَن لاَ إلَـهَ إلاّ اللَّـهُ وَحْـدَهُ لاَ شَرِيـكَ لَـهُ، وَأَشْـهَدُ أَنَّ مُحَمَّـداً عَبْـدُهُ وَرَسـولُهُ.

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِۦ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنتُم مُّسۡلِمُونَ ﴿١٠٢﴾ ﴾ آل عمران.

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُواْ رَبَّكُمُ ٱلَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفۡسٖ وَٰحِدَةٖ وَخَلَقَ مِنۡهَا زَوۡجَهَا وَبَثَّ مِنۡهُمَا رِجَالٗا كَثِيرٗا وَنِسَآءٗۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ٱلَّذِي تَسَآءَلُونَ بِهِۦ وَٱلۡأَرۡحَامَۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلَيۡكُمۡ رَقِيبٗا ﴿١﴾ ﴾النساء.

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَقُولُواْ قَوۡلٗا سَدِيدٗا ﴿٧٠﴾ يُصۡلِحۡ لَكُمۡ أَعۡمَٰلَكُمۡ وَيَغۡفِرۡ لَكُمۡ ذُنُوبَكُمۡۗ وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَقَدۡ فَازَ فَوۡزًا عَظِيمًا ﴿٧١﴾ ﴾ الأحزاب .

أَمَّـا بَعْـدُ: فـإنَّ أَصْدَقَ الحَديـث كَلامُ اللَّـه، وَخَيْرَ الْهَـدِي هـدْيُ مُحَمَّـد ﷺ وَشرَّ الأُمُـورِ مُحْدَثاتُهـا، وَكُلَّ مُحْدَثَـةٍ بِدْعَة، وَكُـلَّ بِدْعَةٍ ضَـلاَلَةٌ، وَكُلَّ ضَـلاَلَةٍ فِي النَّـار[١].

خوێنـەرە بەڕێـزو خۆشـەویستەكان!

هیـچ گومـانی تێدانیـە - بـۆ مرۆڤـی بـڕوادار - كـە ئـەو تەمەنـەی لـە خزمـەت دواییـن كتێبـی خـوا (قورئـان)دا بەسـەردەبرێ، جـا بـە هــەر شـێوەیەك لـە شـێوەكانی لە خزمەتدابوونـدا بـێ؛ خوێندنـەوە، تێفكریـن و ڕامـان، فێركـردن، كارپێكـردن ... هتـد، بـە باشتــرین جێگرتـن جێـگا دەگـرێ و، خاوەنەكـەی لـە دنیـاو دوارۆژدا لێـی بەهرەمەنـدە.

---

(١) ئـەوە پێـی دەگـوترێ: (خطبـة الحاجـة) كـە پێغـەمبـەر ﷺ هـاوەڵانی بەڕێـزی فێـردەكرد، پێـش هــەر قسـەیەكی گرنگ، بیڵـێن، وەك وتـاری جومعــەو داخــوازییكردن (خِطْبة)و... هتـدو، ئـەم وتــارە، هـەركام لە: التـرمذي: (١١٠٥)، النســائي: (١١٠٤)، ابن ماجـە: (١٨٩٢) أحمـد: (٣٧٢٠)، الطّبــراني: (٢٤١٤) هێنــاویانەو (مسلم)یش بەشـێكی هێنـاوە.

منیــش - کـە وەك باسـکردنی چاکـەی خـوا (**التحـدّث بنعمـة اللّـه**) دەیخــەمەڕوو- لـەوەتی فامـم کردۆتـەوە، خـوای بەبەزەیـی و بەخشـەر چاکـەی لەگـەڵ کـردووم و، بـە فەرمایشـتی بـەرزو بـێ وێنـەی خۆیـەوە سـەرگەرمی کردوومـو، بـەر لـە تەمـەنی بیســت سـاڵیی یـەوە هیدایـەتی داوم، کـە قوڕئـانی بەرێـزو پێـز لەبـەر بکـەم و، سـەرقـاڵی خوێندنـەوەی تەفسـیرەکانی قوڕئـان و تێوەڕامـانی ئایەتـە پڕ بەرەکەتـەکانی و، لێوردبوونەوەیــان بـم.

هــەر بۆیـەش تێکـڕای کتێـب و نامیلکـەو وتـارو دەرسـەکانم، کـەم و زۆر لەبـەر ڕۆشـنایی قوڕئـان دابـوون، کـە دیـارە هــەر ئەمـەش شـتێکی سروشـتییە؛ ئاخـر ئایـا ئیسـلام بێجگـە لـە قوڕئــان پاشـان سـونەتی پێغـەمبــەر ﷺ، کـە ئەویــش هـــەر ڕوونکردنـەوەی قوڕئـان و چۆنیـەتی جێبەجێکـردن و کارپێکردنیـەتی، شـتێکی دیکەیـە؟! بێگومــان نەخێـر.

ئنجـا لەمێـژ سـاڵیش بـوو، کـە بـراو خوشـکانێکی دڵسـۆزی نزیـك و ئاشـنام، داوایـان لێدەکـردم کـە دەسـت بکـەم بـە دانـانی تەفسـیـرو لێکدانەوەیـەکی قوڕئـان، هــەتا لـە ڕەمـەزانی سـاڵی (١٤٢٨)دا هاتـە دڵمــەوە، کـە نـاوی خـوای لێبهێنـم و دەسـت بـەو کارە گـەورەو گرنگـە بکـەم، بەڵکـو وردە وردە بەپێـی بـوارو دەرفـەت، هــەرساڵە هــەندێکی لـێ ئەنجـام بـدەم، لەگـەڵ سـەرقاڵیی زۆرو جـۆراو جۆریشــدا، هــەتا دەرفەتێـکی وام بۆ دەڕەخسـێ کـە بتوانـم خێرایـی تێـدا بکـەم و خۆمـی بـۆ یەکلایـی (**متفـرّغ**) بکەمـەوەو، خـوا پشـتیوان بـێ تـەواوی بکـەم، ئەگــەر تەمـەن بەبەریــەوە مابێ.

سـەرچاوەی دانـانی ئـەم تەفسیرو لێکدانەوەیەشـــم، وێـڕای سـەرنجدانی زۆربەی ئەو تەفسیــرانەی کـە بـاون و، دەسـتم پێیان گەیشـتوە، بریتیە لـە وردبوونـەوەو تێوەڕامانی خــۆم لە خــودی قوڕئان، چونکە بێگومان قوڕئان: هــەندێکی هــەندێکی ڕوون دەکاتەوە: (**القرآن یُفَسِّــر بَعضُهُ بَعْضَــاً**)، پاشان ســونەتی پێغـەمبـەری خوا ﷺ، چونکە پێغـەمبـەری خـــواش ڕوونکەرەوە (**مُبَیِّن**)ی قوڕئـــانە، وەك خـــوا ﷻ فەرموویەتی:

﴿...وَأَنزَلْنَا إِلَيْكَ الذِّكْرَ لِتُبَيِّنَ لِلنَّاسِ مَا نُزِّلَ إِلَيْهِمْ وَلَعَلَّهُمْ يَتَفَكَّرُونَ ﴿٤٤﴾﴾ النحل.

واتـە: هەروەهـا زیکرمـان بـۆ لای تـۆ ناردۆتـە خـوار، تاکـو ئـەوەی بـۆ خـەڵکی نێرراوەتـە خـوار، بۆیـان ڕوون بکەیـەوە، وە بەڵـکو خۆشـیان بیـربکەنەوە.

ئومێدیشـم وایـە - بـە یارمـەتی خـوای بەخشـەر ﷻ - شـایسـتـەیی ئـەوەم هـەبێ تەفسـیـرو لێکدانەوەیەکی وا بۆ قورئـان پێشـکەش بە مسـوڵمانانی کوردسـتان بکەم، کـە لـە قورئـان بوەشـێتەوەو، مایـەی بەهـرەو سـوودی خوێنـەران بـێ، بەتایبـەتیش کـە زیاتـر لـە سـی (٣٠) ساڵە لەگـەڵ قورئـانی بـەرزو مـەزن و تەفسـیـرەکانی و کتێبەکانی سـوننەتدا خـەریکم و، دەیـان کتێـب و بەرهـەمی جۆراوجـۆرم لـە زۆربـەی بـوارەکانی زانسـتەکانی شـەریعەتدا پێشـکەش کردوون.

شـایانی باسیشـە کـە ئەو بیسـت و دوو مانگ زیندانیـی کرانەم لەلایـەن ئەمریکاوە - لـە (٢٠٠٣/٧/١٠ تاکـو: ٢٠٠٥/٤/٢٨) - دەرفەتێـکی گـەورەو گرنـگ بـوو، بـۆ زیاتـر پێدا قووڵـبوونەوەی کتێبـی خـوا (تبـارك و تعالـى) و، بۆ پەیدابوونی تێگەیشـتنی تایبـەت لەبـارەی زۆرێـك لـە ئایەتـەکانی یـەوە، ئـەم ڕاسـتییەش لـە مەوسـووعەی: (**الإسـلام كـما يتجـلّى فـي كتـاب اللّـه تعالـى**)دا زۆر چـاك دەرەوشـاوەتەوە[1]، بـەڵام هـەڵبەتە ناڵـێم و هیچکەسـیش بـۆی نیە بڵـێ: کـە ئـەم تەفسیرەی من تێروتـەواوە، چونکـە وێـڕای سـنوورداربوونی توانـاو بڕسـتم، لـە بەرانبـەر کتێبـی لـە هـەموو ڕووێکـەوە ڕەهـا (مطلـق)و بێسـنوور (لا محـدود)ی خـوادا، نەشمویسـتوە کـە زۆر بەمـلاولادا بچـم و بچمـە نێو هـەندێك وردەکارییەوە، کە یان من تێیـدا پسپۆڕو

---

(١) ئەو مەوسـووعەیە کە ئێسـتا چـاپ کراوەو، کەوتۆتـە بەردەسـتی خوێنەران و، سـەرجەم هەشـت بەرگ و دەوری سـێ هـەزارو پێنج سـەد (٣٥٠٠) لاپەڕەیەو، هـەوڵـمداوە بەگشـتی تێیدا باسـی سـەرجەم لایەنـەکانی ئیسـلام بکـەم و، تاکـە سـەرچـاوەشم قورئـان بـووە، وێـڕای دەقـەکانی سـوونەت، کـە لـە هـۆش (ذاکـرة)دا بـووون.

شـایانی باسـە ئەو مەوسـووعەیە لە چاپی دووەمی دا، کراوە بە دوازدە (١٢) کتێبـی سـەربەخۆ، بە مەبەستی ئاسـانتـر سـوود لێ بینـرانی .

شـــارەزا نیـم، یـان خوێنــەر پێویســتی پێـی نیـە، لـە کاتێکـدا دەیــەوێ لـە قوڕئان تێبگات و، بزانێ خـوا (تبـارك وتعـالـى) ڕاسـتەوخۆ چـی پـێ فــەرمووە؟!

ئنجـا هــەر لێرەشـەوە بە پێویسـتی دەزانم پڕ بە دڵ سـوپاسی ئەو بـرا گەنجە ڕووح سـووك و گـورج و گـۆڵ و دڵسـۆزە بکـەم (حـەزی نەکـرد نـاوی بهێنـم)، کـە هـەڵسـا بـە نووسـینەوەو هێنـانە سـەر کاغـەزو، پاشـان تایپکـردن و دوایـی پێداچوونـەوەو هەڵەگیـریی، سـەرجـەم ئـەم زنجیـرە دەرسـە، کـە لـە ئەسـڵدا لـە شـێوەی وتـار (محـاضرة)دا پێشـکەش کراون، هــەروەها هـەڵسـا بـە (تخریج)ی سـەرجەم دەقەکانی سـوننەت، لـە سـەرچاوە متمانـە پێکراوەکانـەوەو، زەحمـەت و ماندووبوونێـکی زۆری بـە سـەرجەم بەرگـەکانی ئـەم تەفسـیـرەوە کێشـــاوە، خـــوا بـە باشـتـرین شــێوە پاداشـتی بداتـەوەو، هــەر صـاڵح و سـاغ و سـەلامەت و ســەربەرزبێ[1]، لـە خـوای بـەرزو بێهـاوتاش داواکارم ئـەو جـۆرە گەنـج و لاوانـە لـە کـوڕان و کچـان، لەنێـو گەلەکەمانـدا، زۆر بـکات .

شـایانی باسیشــە کـە ئێمـە لـەم تەفسـیـرەماندا، بـاسی بــەش (جـزء)ەکانی قوڕئـان و دابەشـکردنەکانی دیکـەی وەك: - (حـزب) - ناکەیـن، چونکـە هــەر ســوورەتێك بۆخـــۆی شـــتێکی ســەربەخۆیـــەو، ســەرجەم ئایەتـەکانی وەك ئاڵقـەکانی زنجیرێـك پێکـەوە پەیوەسـتن و، ئاشکراشـە کـە دابەشـکرانی سـەرجەم قوڕئـان بـۆ سـی (٣٠) بـەش (جـزء) و شەســت (٦٠) (حـزب)، شـتێکە لەلایـەن زانایانـەوە کـراوە، بـۆ ئاسـانکاریی خوێنـدنی قوڕئـــان، دیـارە ئێمـە لـە دابەشـکردنی بەرگـەکانی ئـەم تەفسـیـرەشــدا، دیسـان حیســاب بـۆ بەشـەکان (أجـزاء)ی ناکەیـن و، بـە گوێـرەی ســوورەتەکان، بەرگــەکانی دیـاریی دەکەیـن.

---

(١) ئـەو بـــرا دڵسـۆزە ئێسـتاش پاش تەواوکردنـی زۆربـەی قوڕئـان، لێبڕاوانـە بەردەوامـە و عەزمیشـی جـەزم کردوە، کە ئەگەر تەمەنمـان بەردەوام بێ، هەتـا کۆتـایی ئەم تەفسـیـرە سـەرگەرمی کارەکـەی بێ .

دوا قسـەشـم ئەوەیـە کە:

ئـەم تەفسـیرە - وەك پێشـتـر گوتمـان - لـە ئەسـڵدا بەشـێوەی دەرس و وتـار پێشـکەش کـراوە، بـەڵام دواتـر خـۆم دووجـار بـە وردیـی پێیـدا چوومـەوەو، بەپێـی پێویسـت دەسـتکاریيم کـردوە، دیـارە هـەموو دەرسـێکیش بەنـاوی خـواو سـتایشی خـوا ﷻ دەسـتی پێکـردوە، بـەڵام ئێمـە لـە سـەرەتای دەرسـەکانەوە، ئەوانەمـان لابـردوە، بـۆ زۆر دووبـارە نەبوونـەوەو، ئـەو (خطبـة الحاجـة)یەی لـە سـەرەتای ئـەم پێشـەکەییەوە هاتـوە، لەجیاتی سـەرەتای سـەرجەم دەرسـەکانە.

سُبْحَانَ رَبِّكَ رَبِّ الْعِزَّةِ عَمَّا يَصِفُونَ،
وَسَلَامٌ عَلَى الْمُرْسَلِينَ، وَالْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ .

دووشەممە ٢٥ رجب ١٤٣٢

٢٠١١/٦/٢٧

هـەولـێر



بەرچاو ڕوونییەکی گرنگ لەبارەی ئەم تەفسیرەوە

خوێنەری بەڕێز !

هەرچەندە لە (پێشەکی گشتیی) ئەم تەفسیرەدا باسمان کردوە کە بۆ نووسینی ئەم تەفسیرە، لە هەموو ئەو تەفسیرە باوانەی دەستم پێیان گەیشتوە، بەهرەمەندبووم، هەروەها لە کۆتایی هەر بەرگێکی ئەم تەفسیرەدا، سەرجەم ئەو تەفسیرانەی کەم و زۆر لێیان سوودمەند بووم، ناوەکانیانمان بە ڕیز نووسیون، بەڵام لێرەش وەك جەختکردنەوەی زیاترو بەرچاوڕوونیی باشتر بۆ ئێوەی بەڕێز دەڵێم :

مادام ناوی تەفسیرەکانمان نووسیوە، نە پێویست دەکات و نەدەشگونجێ، بۆ هەر تێگەیشتن و بیرۆکەیەك، کە زۆربەی تەفسیرەکان لەبارەی ئایەتێکەوە، یان ڕستەو بڕگەیەکی ئایەتێکەوە، دەیهێنین، ئێمە هەموو جارێ ناوی ئەو تەفسیرانە بێنین، بەڵام بێگومان هەر کات بیرۆکەو تێگەیشتنێکی تایبەتی یەکێك لە تەفسیرەکان هەبێ و بکەوێتە بەرچاوم، ئنجا چ پەسندی بکەم، چ ڕەفزی بکەم، هەر کات بە پێویستی بزانم، بە تایبەت ئاماژەی پێدەکەم، ئەگەرنا بە ئاماژەی گشتیی و بە نووسینی ناوی تەفسیرەکان لە کۆتایی هەر بەرگێك دا، ئیکتیفا دەکەم و، زۆریش لە ئەمانەتی زانستیی (الأمانة العلمية) دەخەفتێم و مەبەستمە ڕەچاوی بکەم، چونکە ئەمینیی و ئەمانەت پارێزیی، ڕەوشتێکی گەورەو بەرزی مسوڵمانەتییە .

شایانی باسیشە جاری وا هەیە بیرۆکەو تێگەیشتنێکی تایبەتیی خۆمم، دەربارەی کۆمەڵە ئایەتێك یان ئایەتێك یان ڕستەو بڕگەیەکی ئایەتێك، بۆ دروست دەبێ، وەك تێگەیشتن و بۆچوونی خۆم دەینووسم، کەچی ڕەنگە لە تەفسیرەکانی

دیکەش - یەکێکیان یان زیاتر - دا هەبێ، ئەویش بەهۆی ئەوەوەیە کە من ئەو تەفسیرەم نەکەوتۆتە بەر دیدە، یان دیتوومەو لەیادم نەماوە.



پێشەکی ئەم بەرگە

الحمدلله رب العالمين وصلوات الله وسلامه وبركاته على محمد وآله أجمعين، من الصحب والأزواج والقرابته والتابعين لهم بإحسان إلى يوم الدين.

بەڕێـــــزان!

ستایشی شایستە بۆ خوای بەخشەر کە یارمەتی دایین ئەم بەرگی بیست و چوارەمەش بخەینە بەردەستی ئێوەی خۆشەویست.

ئەم بەرگەش هەرکام لە سوورەتەکانی:

(ص و الزمر و غافر) ی گرتوونە خۆی کەبەشێکی جوزئی (٢٣) و بەشی زۆری جوزئی (٢٤) پێك دێنن.

لەم بەرگەشدا وێڕای تەفسیری ئایەتەکانی هەرسێك سوورەتەکە بەپێی نەخشەی خۆمان و بە حەوت قۆناغ، چەند کورتە باسێکی گرنگیش لەبەر تیشکی هەندێك لە ئایەتەکاندا خراونەڕوو، بەم شێوەیە:

یەکەم: لە سوورەتی (ص)دا:

١- سەرنجێکی گرنگی لە بەسەرهاتەکەی داوود.

٢- دە (١٠) هەڵوەستە لەبەرانبەر بەسەرهاتەکەی داوود دا.

٣- چەند سەرنجێك لەبارەی ئەو تاقیکردنەوەی سولەیمانەوە.

٤- پرسیارێك و وەڵامەکەی لەبارەی داوایەکی سولەیمانەوە.

٥- یازدە هەڵوەستە لەبەرانبەر بەسەرهاتی یەییوب دا.

دووەم : لە سوڕەتی (الزمر) دا:

١- کورتە باسێك لەبارەی جەستەی مرۆڤەوە.

٢- قوڵە باسێك لەبارەی ترس و ئومێدەوە.

٣- کورتە باسێك لە بارەی زانیاریی و زانایان و پایە و پێگەیانەوە.

٤- نۆ ڕاستیی گەورە و گرنگ لە ئایەتەکانی لە ئایەتەکانی (١٧ و ١٨)ی (الزمر)دا.

٥- کورتە باسێك لەبارەی دە (١٠) لە سیفەتەکانی قورئان و خوێنەرانیەوە.

٦- کورتە باسێك لە بارەی نووستن و وەرگرتنی.

٧- کورتە باسێك لەبارەی ئایەتی (٥٣) وە کە ئومێد بەخشترین ئایەتە.

٨- چەد سەرنجێك لەبارەی لە چەنگ گرتنی خواوە بۆ زەوی و پێچەوانەوەی ئاسمانەکان بەڕاستی.

٩- چوار فەرمووده لە بارەی بەهەشت و بەهەشتییەکانەوە.

سێیەم: لە سووڕەتی (غافر) دا:

١- کورتە باسێك : نۆ لە هۆیەکانی لێخۆشبوونی خوا لە مرۆڤ.

٢- کورتە باسێك لە بارەی عەرشەوە.

٣- سەرنجدان لە چەند شوێنەوارێکی گەلە پێشکەوتوەکان.

٤- پرسیارێك و وەڵامەکەی دەربارەی دروستکرانی کۆشکێکی بەرز بۆ فیرعەون.

٥- کورتە باسێك : لێزانیی و حیکمەتی پیاوە بڕوادارە بەرگرییکارەکەی لە مووسا.

٦- کورتە باسێك دەربارەی سەرخستنی خوا بۆ پێغەمبەر و بڕواداران.

٧- قسەیەکی کورت لە بارەی فەلسەفە و بوونناسییەوە.

کەواتـە بیسـت و یـەك (٢١) کورتـە باسـمان لـەم بەرگـەدا هێنـاون و، هیواداریشـم ئـەم بەرگـەش لەلایـەن عەودالانـی قـووڵ تێگەیشـتنی فەرمایشـتی کۆتایـی خـوا و دوا نوسـخەی هیدایەتـی شیفابەخشـی وەك شایسـتەیەتی بخوێنرێتـەوە و باشـترین بەهـرەی لێوەربگیـرێ.

٢٣ / ٢ / ١٤٤٢ ك

٣٠ / ٩ / ٢٠٢١ ز

هـــەولێر



تەفسیری سوورەتی

صٓ

www.alibapir.com



بەڕێـــزان!

ئەمـڕۆ کـە (١٧)ی موحەڕڕەمـی سـاڵی (١٤٤١) کۆچییـە، بەرانبـەر (٢٠١٩/٩/١٦) زایینـی، خـوا پشـتیوان بێـت دەسـتدەکەین بـە تەفسـیرکردنی سـووڕەتی (ص).

پێناسەی سووڕەتی (ص) و بابەتەکانی

یەکەم: ناوی ئەم سووڕەتە:

ئـەم سـووڕەتە نـاوی (**سُـورةُ صَـاد**)ە، بـە یەکەمیـن پیتـی سـەرەتای سـووڕەتەکەوە ناونـراوە، کـە بریتیـە لـە پیتـی (**ص**)، سـێ سـووڕەت هـەن، کـە سـەرەتایەکەیان بـە یـەک پیـت دەسـت پێـدەکات، ئەوەیـان یەکێکـە لـەو سـێ سـووڕەتە، دوایـی سـووڕەتی (**ق**) دێ، دواییـش سـووڕەتی (**ن**)، واتـە: بـە یەکەمیـن پیتـی سـەرەتاوە ناونـراون، هەروەهـا سـووڕەتەکانی: (**طـس**)و (**یـس**)و (**طـه**) (**حم**)ەکانیـش بـە دوو پیتەکانـی سـەرەتایان ناونـراون.

دووەم: شوێنی دابەزینی:

بـە یەکدەنگیـی زانایـان ئـەم سـووڕەتە مەککەییە، وەک (**السـیوطي**)، لـە کتێبەکەی خـۆی (**الإتقَـان فِي علـومِ القُـرآن**)دا، هێناویەتـی و زانایانـی دیکەش باسـیان کردووە.

سێیەم: ڕیزبەندیی:

ئـەم سـووڕەتە لـە ڕیزبەندیـی دابەزیـن (**تَرتیـب النُّـزول**)دا، ژمـارە: (٣٨)ەو، لـە موصحەفیشـدا هـەر ژمـارە (٣٨)ە، ئـەم سـووڕەتە لـە پێـش سـووڕەتی: (**الأعـراف**)و دوای سـووڕەتی: (**القمـر**) دابەزیـوە.

چوارەم: ژمارەی ئایەتەکانی:

بۆ ژمارەی ئایەتەکانی ئەم سوورەتە، زانایان چەند ڕایەکیان دەربڕیون:

هەندێکیـان گوتوویانـە: (٨٥) ئایەتـن و، هەندێکیـان گوتوویانـە: (٨٦)ن و، هەندێکیـان گوتوویانـە: (٨٨)ن، بـەڵام زیاتـر ڕای سـێیەم تەبەننیـی کـراوە، کـە سـەرژمێری زانایانـی کووفەیـە، پێشـتریش گوتوومانـە: ڕاجیایی لـە ژمـارەی ئایەتەکاندا، دەگەڕێتـەوە سـەر کورتیـی و درێژیـی ڕسـتەکان، بـە پێـی ڕاجیایـی زانایـان.

پێنجەم: نێوەڕۆکی ئەم سووڕەتە:

لـە ڕووی نیوەڕۆکـەوە ئـەم سـوورەتەش هەمـان نیوەڕۆکی سـوورەتە مەککەییەکانی دیکـەی هەیـەو، لـە زۆر ڕووەوە دەشـوبهێتە سـوورەتی **(الصافـات)**ەوەو، پانتاییەکـی باشـی ئـەم سـوورەتی **(صـاد)**ەش، بـۆ گێڕانـەوەی بەسـەرهات و ئامـاژە پێکـردن و ناوهێنانـی نـۆ (٩) لـە پێغەمبـەران، تەرخانکـراوە، کـە بریتیـن لـە: (داوود، سـولەیمان، ئەیـووب، ئیبراهیـم، ئیسـحاق، یەعقووب، ئیسـماعیل، ئەلیەسـەع، **ذو الکیفـل**)، ئەوانەی سـوورەتی **(الصافات)**یـش بریتـی بـوون لـە: (نـووح، ئیبراهیـم، ئیسـماعیل، ئیسـحاق، مووسـا، هـاڕوون، ئیلیـاس، **لـووط**، یونـووس)، ئەوانیـش بریتـی بـوون لـە نـۆ (٩)، بـەڵام لـەم سـوورەتەدا، خاڵـی جەخـت لەسـەر کرانـەوە بابەتـی وەحیـی و پێغەمبەرایەتییـە، هەرچەنـدە باسـی خـوا بـە یەکگرتـن و، ڕۆژی دوایـی و سـزاو پاداشـتیش هـەر هەیـە، وێـڕای ئامـاژەدان بـە بەسـەرهاتی ئـادەم عليه السلام و ئیبلیـس.

شەشەم: تایبەتمەندییەکانی:

١- بەسەرهاتی دادوەریی کردنی داوود عليه السلام لە نێوان دوو برای ناکۆک **(خصم)**دا، تەنیا لەم سووڕەتەدا هاتوە، لە شەش ئایەتەکانی: (٢١ - ٢٦)دا.

٢- هەروەها بەسەرهاتی ڕانوێنرانی ئەسپە ڕەسەنەکان، لەسەر سولەیمان ﷺ و، تاقیکرانەوەی سولەیمان بە فڕێدانی جەستەیەک بۆ سەر کورسییەکەیشی، تەنیا لەم سوورەتەدا هاتوە، یازدە ئایەتەکانی: (٣٠ - ٤٠).

٣- بەسەرهاتی ئەییووب ﷺ لەم سوورەتەدا، چوار ئایەتی بۆ تەرخانکراوە، ئایەتەکانی: (٤١ - ٤٤)، کە ئەم بەسەرهاتە تەنیا لێرەو لە سوورەتی (الأنبياء)دا هاتوە، بەڵام لەوێ تەنیا دوو ئایەتی بۆ تەرخانکراون: (٨٣ و ٨٤).

٤- تەعبیری: ﴿مَا مَنَعَكَ أَن تَسْجُدَ لِمَا خَلَقْتُ بِيَدَيَّ ﴿٧٥﴾﴾، واتە: چی ڕێگرت بوو کە کڕنووش بەری بۆ شتێک کە من بە دوو دەستی خۆم هێناومەتە دی؟! تەنیا لەم سوورەتەدا هاتوە.

٥- تەعبیری: ﴿إِنْ هُوَ إِلَّا ذِكْرٌ لِّلْعَالَمِينَ ﴿٨٧﴾ وَلَتَعْلَمُنَّ نَبَأَهُ بَعْدَ حِينٍ ﴿٨٨﴾﴾، تەنیا لەم سوورەتەدا هاتوەو ئیعجازێکی مەزنی مێژوویی تێدایە، کە دوایی باسی دەکەین.

٦- چەند تەعبیرو وشەیەک تەنیا لەم سوورەتەدا هاتوون، من یازدە (١١) تەعبیرو وشەم هێناون، کە تەنیا لەم سوورەتەدا هاتوون:

١- ﴿وَلَاتَ حِينَ مَنَاصٍ﴾، ٢- ﴿فَوَاقٍ﴾، ٣- ﴿قِطَّنَا﴾، ٤- ﴿وَالْإِشْرَاقِ﴾، ٥- ﴿تَسَوَّرُوا الْمِحْرَابَ﴾، ٦- ﴿نَعْجَةً﴾، ٧- ﴿الْخُلَطَاءِ﴾، ٨- ﴿الصَّافِنَاتُ الْجِيَادُ﴾، ٩- ﴿ضِغْثًا﴾، ١٠- ﴿مَرْحَبًا﴾، ١١- ﴿الْمُتَكَلِّفِينَ﴾.

حەوتەم: دابەشکردنی ئایەتەکانی بۆ چەند دەرسێك:

دەرسی یەکەم: لە ئایەتەکانی: (١ - ١٦) پێک دێ، واتە: شازدە (١٦) ئایەتی سەرەتای ئەم سوورەتە دەگرێتە خۆی، ئەو (١٦) ئایەتەش وەک پێشەکیی وان بۆ ئایەتەکانی دیکە، هەرچەندە تەوەری سەرەکییان باسی قورئان و پێغەمبەرایەتیی موحەممەدە ﷺ بەڵام خوا بە یەکگرتن و چارەنووسی گەلانی بێبڕوایانی پێشوو و، ڕۆژی دواییش ئاماژەیان پێکراوە.

دەرسی دووەم: لە ئایەتەکانی: (١٧ - ٢٩) پێک دێ، واتە: سێزدە (١٣) ئایەت دەگرێتە خۆی و، هەمووی تەرخانکراوە بۆ باسی داوود ﷺ کە پێغەمبەرێکی حوکمڕان بووەو، نیعمەتەکانی خوا لەسەری و ڕووداوێکی سەرسووڕهێنەری، کە بریتی بووە لە پەلەکردنی لە دادوەرییەکدا کە هاتۆتە پێشی و، تێیدا نەیپێکاوە، ئنجا بە هۆیەوە تووشی گلەیی لێکران بووە، پاشان گەڕاوەتەوە بۆ لای خواو پەشێمان بۆتەوە.

دەرسی سێیەم: لە ئایەتەکانی: (٣٠ - ٤٠) پێک دێ، واتە: یازدە (١١) ئایەت دەگرێتە خۆی، باسی (سولەیمان)و نیعمەتەکانی خوا لەسەری و، تاقیکرانەوەی سولەیمان و لێ دەرچوونی و، گەڕانەوەی بۆ لای خوا سبحانه وتعالی.

دەرسی چوارەم: لە ئایەتەکانی: (٤١ - ٤٨) پێک دێ، واتە: هەشت (٨) ئایەت دەگرێتە خۆی، کە باسی ئەییووب ﷺ کراوە، لە چوار ئایەت داو، چوار ئایەتەکەی دیکەش، ئاماژەیەک بە بەشێک لە سیفەتەکانی ئیبراهیم و ئیسحاق و یەعقووب کراوەو، ناوی هەر کام لە: ئیسماعیل ئەلیەسەع و ذە لکیفل، هێنراوەو ستایش کراون.

دەرسی پێنجەم: لە ئایەتەکانی: (٤٩ - ٦٤) پێک دێ، واتە: شازدە (١٦) ئایەت دەگرێتە خۆی، باسی سەرەنجامی هەر کام لە پارێزکاران و یاخییان و لادەران کراوە، کە پارێزکاران لە بەهەشتی خوادان و، نوقمی نازو نیعمەتەکانی خوا دەبن، بە پێچەوانەوەش: یاخییەکان لە دۆزەخدا دەبن و دووچاری مەینەتیی و سزاو ئازارێکی زۆرو بێ ڕەزا دەبن.

دەرسی شەشەم و کۆتایی: کە لە بیست چوار (٢٤) ئایەت پێک دێ، کە ئایەتەکانی کۆتایی سوورەتی (ص)ن، ئایەتەکانی (٦٥ - ٨٨)، تێیاندا باسی بەسەرهاتی ئادەم ﷺ و ئیبلیس کراوە و، زۆربەی ئایەتەکان بۆ ئەو بەسەرهاتە تەرخانکراون.

لە کۆتاییش دا خوا ﷻ چەند ڕێنماییەکی زۆر گەورەو گرنگ بە پێغەمبەری خاتەم موحەممەد ﷺ ڕادەگەیەنێ، دیارە پێغەمبەریش سەر مەشقی هەموو ئۆممەتەکەی و تێکڕای ئیماندارانەو، ئەو ڕێنماییانە بۆ هەموو لایەک زۆر پێویستن.




AliBapir/
archive.org/details/@alibapir
AliBapir/
AliBapir

دەرسی یەکەم



AliBapir
archive.org/details/@alibapir
AliBapir
www.alibapir.net
AliBapir

پێناسەی ئەم دەرسە

ئـەم دەرســەمان لـە شــازدە (١٦) ئایـەت پێـک دێ، ئایەتـەکانی (١ - ١٦)، کـە تێیانـدا باسـی قورئانـی بیرخـەرەوەو خـاوەن ڕێـزو حورمـەت کـراوەو، هەڵوێسـتی نەرێنییانـەی بێبڕوایـان لـە بەرانبەریـدا، خراوەتـەڕوو.

هەروەهـا باسـی یەکدی هانـدانی کافرەکان بۆ بەرهەڵسـتیی کردنـی خوابەیەکگرتن و، سـوور بـوون لەسـەر بتپەرسـتیی و، تانـەدان لـە پێغەمبـەر موحەممـەد ﷺو، تۆمەتبارکردنـی بـە درۆو جـادوو کـراوەو، بەرپەرچـی ددان شکێنیشـیان دراوەتـەوەو بـاسی سـزای توندیشـیان کـراوە.

لـە کۆتاییشـدا ئامـاژە بـە گـەلانی پێشـووی بێبـڕواو چارەنـووسی شـوومیان کـراوەو، هەڕەشـە لـە بێبڕوایانـی ڕۆژگاری پێغەمبـەر موحەممـەد ﷺو ڕۆژگارەکانـی دیکـەش کـراوە، کـە هەمـان چارەنـووس یەخەیـان دەگـرێ، ئەگـەر بێـت و هەمـان هەڵـەی گەلانـی پێشـوو دووبـارە بکەنـەوە.

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

﴿صٓۚ وَٱلۡقُرۡءَانِ ذِي ٱلذِّكۡرِ ١ بَلِ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ فِي عِزَّةٖ وَشِقَاقٖ ٢ كَمۡ أَهۡلَكۡنَا مِن
قَبۡلِهِم مِّن قَرۡنٖ فَنَادَواْ وَّلَاتَ حِينَ مَنَاصٖ ٣ وَعَجِبُوٓاْ أَن جَآءَهُم مُّنذِرٞ مِّنۡهُمۡۖ وَقَالَ ٱلۡكَٰفِرُونَ
هَٰذَا سَٰحِرٞ كَذَّابٌ ٤ أَجَعَلَ ٱلۡأٓلِهَةَ إِلَٰهٗا وَٰحِدًاۖ إِنَّ هَٰذَا لَشَيۡءٌ عُجَابٞ ٥ وَٱنطَلَقَ ٱلۡمَلَأُ
مِنۡهُمۡ أَنِ ٱمۡشُواْ وَٱصۡبِرُواْ عَلَىٰٓ ءَالِهَتِكُمۡۖ إِنَّ هَٰذَا لَشَيۡءٞ يُرَادُ ٦ مَا سَمِعۡنَا بِهَٰذَا فِي ٱلۡمِلَّةِ
ٱلۡأٓخِرَةِ إِنۡ هَٰذَآ إِلَّا ٱخۡتِلَٰقٌ ٧ أَءُنزِلَ عَلَيۡهِ ٱلذِّكۡرُ مِنۢ بَيۡنِنَاۚ بَلۡ هُمۡ فِي شَكّٖ مِّن ذِكۡرِيۚ
بَل لَّمَّا يَذُوقُواْ عَذَابِ ٨ أَمۡ عِندَهُمۡ خَزَآئِنُ رَحۡمَةِ رَبِّكَ ٱلۡعَزِيزِ ٱلۡوَهَّابِ ٩ أَمۡ لَهُم مُّلۡكُ

ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ وَمَا بَيۡنَهُمَاۖ فَلۡيَرۡتَقُواْ فِي ٱلۡأَسۡبَٰبِ ﴿١٠﴾ جُندٞ مَّا هُنَالِكَ مَهۡزُومٞ
مِّنَ ٱلۡأَحۡزَابِ ﴿١١﴾ كَذَّبَتۡ قَبۡلَهُمۡ قَوۡمُ نُوحٖ وَعَادٞ وَفِرۡعَوۡنُ ذُو ٱلۡأَوۡتَادِ ﴿١٢﴾ وَثَمُودُ وَقَوۡمُ
لُوطٖ وَأَصۡحَٰبُ لۡـَٔيۡكَةِۚ أُوْلَٰٓئِكَ ٱلۡأَحۡزَابُ ﴿١٣﴾ إِن كُلٌّ إِلَّا كَذَّبَ ٱلرُّسُلَ فَحَقَّ
عِقَابِ ﴿١٤﴾ وَمَا يَنظُرُ هَٰٓؤُلَآءِ إِلَّا صَيۡحَةٗ وَٰحِدَةٗ مَّا لَهَا مِن فَوَاقٖ ﴿١٥﴾ وَقَالُواْ رَبَّنَا عَجِّل
لَّنَا قِطَّنَا قَبۡلَ يَوۡمِ ٱلۡحِسَابِ ﴿١٦﴾ ﴾.

مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان

{بە ناوی خوای بە بەزەیی بەخشندە. **صاد**، سوێند بە قورئانی خاوەن
ناوبانگ و بیرخەرەوە ﴿١﴾ (تۆمەتەکانی کافران ڕاست نین)، بەڵکو ئەوانەی
بێبڕوان لە خۆ پێزۆریی و دووبەرەکیی دان ﴿٢﴾ (ئایا نازانن!) لە پێش واندا
(خەڵکی) زۆر سەدەمان فەوتاندوون (کاتێک سزایان بۆ هات)و هاواریان کرد
(کە خوا دەربازیان بکات)، بەڵام (کاتەکە) کاتی قوتار بوون نەبوو؟! ﴿٣﴾
سەریشیان سوڕما کە لە خۆیان وریا کەرەوەیەکیان بۆ هات و، بێبڕوایەکان
گوتیان: ئەم (کەس)ە، جادووگەرێکی درۆزنە ﴿٤﴾ ئایا (سەرجەم) پەرستراوەکانی
کردوونە یەک پەرستراو؟! بێگومان ئەمە شتێکی یەکجار سەیرە! ﴿٥﴾ سەرکردەو
دەستڕۆیشتووەکانیان دەرپەڕین (دەست بەکار بوون و بە خەڵکەکەیان گوت:)
کە (لەسەر حاڵی خۆتان) بەردەوام بن و لەسەر پەرستراوەکانتان خۆڕاگربن،
بە دڵنیایی ئەوە شتێکە دەویستڕێ (و پیلانێکە لە دژمان دەگێڕدرێ) ﴿٦﴾
ئەمەمان لە ئایینی (کۆمەڵی) دواییدا نەبیستوە، ئەمە تەنیا هەڵبەستراوە (بە
ناوی خواوە) ﴿٧﴾ ئایا (قورئانی) بیرخەرەوە لە نێو (هەموو)ماندا دابەزیوەتە
سەر وی (موحەممەد)؟! (نەخێر هیچکەس لەو شایستەتر نیە)، بەڵکو ئەوان

لە بارەی (قورئانی) بیرخەرەوەی منەوە لە دوو دڵییدان، بەڵکو جارێ ئازاری منیان نەچێژتوە (بۆیە هەڵوێستیان وایە) ﴿٨﴾ یان ئەوان عەمبارەکانی بەزەیی پەروەردگاری زاڵی بەخشەرتیان لە لان (تاکو بە ئارەزووی خۆیان پلەی پێغەمبەرایەتیی ببەخشن)؟! ﴿٩﴾ یان ئایا موڵکی ئاسمانەکان و زەوی و ئەوەی لە نێوانیان دایە، هی ئەوانە؟! ﴿١٠﴾ (ئەگەر وایە) با بە ڕێگایەکانی (ئاسمانان) دا بەرز بنەوە (تاکو لەوێوە کاروبار هەڵسووڕێنن) ﴿١١﴾ ئەوانە سەربازانێکی تێکشکاون لەولاوە لە حیزبەکان(ی ئەهلی کوفر، ئەوانە ئاکە بە درۆدانەرانی پێغەمبەران نین، بەڵکو) لە پێش وانیشدا گەلی نووح و (گەلی) عادو (گەلی) فیرعەونی خاوەن گوڵمیخیش (بە پەیامی خوا) بێبڕوا بوون و بە درۆیان دانا ﴿١٢﴾ هەروەها (گەلی) ثەموودو گەلی لووط و هاوەڵانی باخەکەش {خەڵکی مەدیەن، پەیامی خوایان بە درۆ دانا)، ئەوانە حیزبە (بێبڕوا)کان بوون ﴿١٣﴾ هیچ کامیان نەبوو مەگەر پێغەمبەرانی بە درۆ داناو، سەرەنجام سزای منیان لەسەر چەسپا (کە هەر کەسێک بێبڕوا بێ، دەبێ سزا بدرێ) ﴿١٤﴾ ئا ئەو (بێبڕوای)انەش تەنیا چاوەڕێی هاڕژنێک دەکەن، کە یەک تاو وەخرانی نیە ﴿١٥﴾ (بێبڕوایەکان هێندە بێباک بوون لە سزای خوا، گاڵتەیان پێدەهات و) گوتیشیان: پەروەردگارمان! پەلە بکە لە هێنانی سزای خۆمان بەر لە ڕۆژی لێپرسینەوە ﴿١٦﴾}.



شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان

(ٱلْعِزَّةُ): (العِزَّةُ: حَالَةٌ مَانِعَةٌ لِلإِنْسَانِ مِنْ أَنْ يُغْلَبَ، وَقَدْ تُسْتَعَارُ للحَمِيَّةِ وَالأَنَفَةِ المَذْمُومَةِ)، (عِزَّة): حاڵەتێکە ڕێ دەگرێ لەوەی مرۆڤ تێبشکێ و، جاری واشە داخوازرێتەوە بۆ دەمارگیریی و لووتبەرزیی خراپ، وەک خوا ﷻ لە سوورەتی (البقرة)دا، دەفەرموێ: ﴿أَخَذَتْهُ ٱلْعِزَّةُ بِٱلْإِثْمِ...﴾ (٢٠٦)، واتە: بە گوناهەوە عیززەت گرتی، ئەگەرنا، ئەگەر عیززەت بە گوناهەوە نەبێ، سیفەتێکی باشە، واتە: مرۆڤ هەوڵبدات بەرانبەرەکانی بەسەریدا زاڵ نەبن و زەبوونی نەکەن.

(وَشِقَاقٍ): (أي: مُخَالَفَة)، (شِقَاق) ئەوەیە: دوو کۆمەڵ یان زیاتر، هەر کامێکیان لە (شِقْ)ێکدا بن، (شِقْ) یانی: لا، واتە: ناکۆکیی و دووبەرەکیی.

(لَاتَ): (أي: لَيْسَ، أَوْلَا حِيْنَ، وَالتَّاءُ زَائِدَةٌ فِيْهِ كَمَا زِيدَت فِي ثُمَّة وَرُبَّة)، (لات): هەمووی بە مانای (لَيسَ)یە، یاخود (لات) (أي: لَا حِيْنَ)، واتە: کات نیە، (تا)یەکە زیاد کراوە، وەک چۆن لە (رُبَّة)و (ثُمَّة)دا زیاد دەکرێ، کە خراوەتە سەر: (ثُمَّ) و (رُبَّ).

(حِينَ مَنَاصٍ)، واتە: کاتی دەرباز بوون، (نَاصَ إِلى كَذَا: رَجَعَ إِلَيْهِ، وَالمَنَاصَ: الملجأ)، (نَاصَ إِلى كَذَا): واتە: پەنای پێبرد، (مَنَاص)یش بە مانای شوێنی دەرباز بوون و، پەناگە دێ.

(عُجَابٌ): (العَجَبُ وَالتَعَجُّبُ: حَالَة تَعْرِضُ للإِنْسَانِ عِنْدَ الجَهْلِ بِسَبَبِ الشَّيءِ، عُجَاب مِثْلُ طُوَال: للمُبَالَغَة)، (عَجَب) و (تَعَجُّب) حاڵەتێکە بۆ مرۆڤ دێتە پێشێ بە هۆکاری ئەوەی شتێک نازانێ و، (عُجَاب) وەک (طُوَال) بۆ زێدەڕۆییە، واتە: زۆر سەرسووڕمان.

(وَٱنطَلَقَ): (انْطَلَقَ فُلَانٌ: إِذَا مَرَّ مُتَخَلِّفاً)، ئەگەر دواکەوتبێ لە شتێک و ڕا بکات، (إِنْصَرَفَ وَمَشَى)، دەرچوو و ڕۆیشت، بۆیە من وشەی (دەرپەڕی)یم، بەکارهێنا بۆ کەسێک کە کت و پڕ بڕوات، کە لە کوردییدا دەڵێین: دەرپەڕین.

(ٱخۡتِلَٰقٌ): (اخْـتِرَاعُ الكَـذِبِ الَّـذِي لَا شُـبْهَةَ لِصَاحِبِـه)، (اخْتِـلَاق): هەڵبەسـتنی درۆیەکـە، کـە خاوەنەکـەی نیمچـە بەڵگەیەکیشـی نیـە.

(ٱلۡأَسۡبَٰبِ): (جَمْـعُ السَّـبَب: الحَبْـلُ الَّـذِي يُصْعَـدُ بِـهِ النَّخْـلُ، وَسُـمِّيَ كُلُّ مَـا يُتَوَصَّـلُ بِـهِ إِلى شَيءٍ، سَبَبَاً)، (أَسْبَاب) کـۆی (سَـبَب)ە، لـە ئەصڵـدا وشـەی (سَـبَب) لـە زمانـی عەرەبیـی دا بـۆ ئـەو گوریـس و پەتـەی پێـی سـەردەکەون بـۆ سـەر دارخورمـا، تاکـو بەرەکـەی بچنـن، یـان تـۆوی نێرەکـە لـە مێیەکـە بکـەن، بـەکار هێـنراوە، دوایـی هـەر شـتێک ببێتـە هـۆکار بـۆ ئامانجێـک پێـی گوتـراوە: (سَـبَب).

(ذُو ٱلۡأَوۡتَادِ): (أَوْتَـاد) کـۆی (وَتَـد)ە، (وَتَـد) یـان (وتِـد) بـە مانـای گوڵمیـخ و سـینگ، دێ، (وَتَدتـه أَتِـدُهُ وَتْـداً)، دامکوتـا، دایدەکوتـم، داکوتـان، گوڵمیـخ و سـینگ کـە دادەکوتـرێ لەمـلاولای چـادرو ڕەشـماڵ، یاخـود ئاژەڵێکـی پـێ دەبەسـترێتەوە بـۆ ئـەوەی نـەڕوات.

(فَوَاقٍ): یـان (فُـوَاق): (مَـا بَـيْنَ الحَلْبَتَـين)، مـاوەی نێـوان دوو دۆشـینی ئاژەڵێـک، پێـی دەگوتـرێ: (فُـوَاق)، واتـە: ئێسـتا ئـەو گامێـش و مانگایـە، یـان ئـەو حوشـترە، یـان ئـەو مـەڕو بزنـە، دەدۆشـن، دەبـێ ماوەیـەک لێـی بوەسـتن، تاکـو گوانـی پـڕ دەبێتـەوە لـە شـیر، ئنجـا ئـەو ماوەیـەی لێـی ڕادەوەسـتن، پێـی دەگوتـرێ: (فَـوَاق) یـان (فُـوَاق)، وەک دواتـر باسـی دەکـەن، هەروەهـا (فَـوَاق) بـە مانـای گەڕانـەوەش دێ و، بـە مانـای ئاسـوودەییش دێ.

(قِطَّنَا): (القِـطُّ: النَّصِيـبُ، الصَّحِيْفَـةُ المَكْتُوبـة، أَصْـلُ القِـطّ: الـشَّيء المَقْطُـوع طُـوْلاً)، (قِـط): بـە مانـای پشـک و بـەش دێ و، بـە مانـای لاپەڕەیـەک دێ، کـە ئـەو پشـک و بەشـەی تێـدا نـووسراوە، بـە مانـای نووسراویـش دێ، وشـەی (قِـط) لـە بنچینـەدا ئـەو شـتەیە کـە بـە بـاری درێژییـدا دەبـڕدرێ و، دەقڵیشـێنرێ لـە سـەرەوە بـۆ خـوارێ.

هۆی هاتنە خوارەوەی ئایەتەکان

هـۆی هاتنـە خـوارەوەی ئـەم ئایەتانـە، کـە خـوا تێیانـدا دەفەرمـوێ: ﴿ صٓ وَٱلۡقُرۡءَانِ ذِي ٱلذِّكۡرِ ١ بَلِ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ فِي عِزَّةٖ وَشِقَاقٖ ٢ كَمۡ أَهۡلَكۡنَا مِن قَبۡلِهِم مِّن قَرۡنٖ فَنَادَواْ وَّلَاتَ حِينَ مَنَاصٖ ٣ وَعَجِبُوٓاْ أَن جَآءَهُم مُّنذِرٞ مِّنۡهُمۡۖ وَقَالَ ٱلۡكَٰفِرُونَ هَٰذَا سَٰحِرٞ كَذَّابٌ ٤ أَجَعَلَ ٱلۡأٓلِهَةَ إِلَٰهٗا وَٰحِدًاۖ إِنَّ هَٰذَا لَشَيۡءٌ عُجَابٞ ٥ وَٱنطَلَقَ ٱلۡمَلَأُ مِنۡهُمۡ أَنِ ٱمۡشُواْ وَٱصۡبِرُواْ عَلَىٰٓ ءَالِهَتِكُمۡۖ إِنَّ هَٰذَا لَشَيۡءٞ يُرَادُ ٦ مَا سَمِعۡنَا بِهَٰذَا فِي ٱلۡمِلَّةِ ٱلۡأٓخِرَةِ إِنۡ هَٰذَآ إِلَّا ٱخۡتِلَٰقٌ ٧ أَءُنزِلَ عَلَيۡهِ ٱلذِّكۡرُ مِنۢ بَيۡنِنَاۚ بَلۡ هُمۡ فِي شَكّٖ مِّن ذِكۡرِيۚ بَل لَّمَّا يَذُوقُواْ عَذَابِ ٨ ﴾.

شـارەزایانی قورئـان زۆریـان لـەو بـارەوە قسـە کـردوە، بـەڵام مـن هەوڵمـداوە ئـەوەی لـە ڕووی سـەنەدەوە ڕاسـترە، هەڵبەتـە هەندێـک لـە زانایـان هیـچ کام لـەو ڕیوایەتانەیـان لـە ڕووی سـەنەدەوە بـە ڕاسـت دانەنـاوە، بـەڵام بەشێکیشـیان ئـەوەی کـە ئێسـتا دەیهێنـم بـە ڕاسـتیان دانـاوە، یاخـود بـە لای کەمـەوە سـەنەدەکەیان بـە بـاش دانـاوەو، زۆریـش تیشـکمان بـۆ دەخاتـە سـەر نیوەڕۆکـی ئـەو ئایەتـە موبارەکانـەو، ئەمـەش دەقـی ئـەو گێڕدراوەیـە:

{عَـنِ ابْـنِ عَبَّـاسٍ رَضِيَ اللَّـهُ عَنْهُـمَا، قَـالَ: لَـمَّا مَـرِضَ أَبُـو طَالِـبٍ، دَخَـلَ عَلَيْـهِ رَهْـطٌ مِـنْ قُرَيْـشٍ، فِيهِـمْ أَبُـو جَهْـلٍ، فَقَـالَ: إِنَّ ابْـنَ أَخِيـكَ يَشْـتُمُ آلِهَتَنَـا، وَيَفْعَـلُ وَيَفْعَـلُ، وَيَقُـولُ وَيَقُـولُ، فَلَـوْ بَعَثْـتَ إِلَيْـهِ فَنَهَيْتَـهُ! فَبَعَـثَ إِلَيْـهِ، فَجَـاءَ النَّبِـيُّ ﷺ، فَدَخَـلَ الْبَيْـتَ وَبَيْنَهُـمْ وَبَـيْنَ أَبِي طَالِـبٍ قَـدْرُ مَجْلِـسِ رَجُـلٍ، قَـالَ: فَخَـشِيَ أَبُـو جَهْـلٍ إِنْ جَلَـسَ إِلَى جَنْـبِ أَبِي طَالِـبٍ أَنْ يَكُـونَ أَرَقَّ لَـهُ عَلَيْـهِ، فَوَثَـبَ فَجَلَـسَ فِي ذَلِـكَ الْمَجْلِـسِ وَلَـمْ يَجِـدْ رَسُـولُ اللهِ ﷺ مَجْلِسًـا قُـرْبَ عَمِّـهِ، فَجَلَـسَ عِنْـدَ الْبَـابِ، فَقَـالَ لَـهُ أَبُـو طَالِـبٍ: أَيِ ابْـنَ أَخِـي! مَـا بَـالُ قَوْمِـكَ يَشْـكُونَكَ، يَزْعُمُـونَ أَنَّـكَ تَشْـتُمُ آلِهَتَهُـمْ وَتَقُـولُ وَتَقُـولُ! قَـالَ: وَأَكْـثَرُوا عَلَيْـهِ مِـنَ الْقَـوْلِ،

وَتَكَلَّـمَ رَسُـولُ اللـهِ صـلى اللـه عليـه وسـلم، فَقَـالَ: يَـا عَـمِّ، إِنِّي أُرِيدُهُـمْ عَـلَى كَلِمَـةٍ وَاحِـدَةٍ يَقُولُونَهَـا، تَدِيـنُ لَهُـمْ بِهَـا الْعَـرَبُ، وَتُـؤَدِّي إِلَيْهِـمْ بِهَـا الْعَجَـمُ الْجِزْيَـةَ، فَفَزِعُـوا لِكَلِمَتِـهِ وَلِقَوْلِـهِ، فَقَـالَ الْقَـوْمُ: كَلِمَـةٌ وَاحِـدَةٌ؛ نَعَـمْ وَأَبِيـكَ عَشْـرًا، فَـمَا هِـيَ؟ فَقَـالَ أَبُـو طَالِـبٍ: وَأَيُّ كَلِمَـةٍ هِـيَ يَاابْـنَ أَخِـي؟ قَـالَ: لا إِلَـهَ إِلَّا اللـهُ،» فَقَامُـوا فَزِعِـينَ يَنْفُضُـونَ ثِيَابَهُـمْ، وَهُـمْ يَقُولُـونَ: ﴿أَجَعَلَ ٱلْـَٔالِهَةَ إِلَٰهًا وَٰحِدًاۖ إِنَّ هَٰذَا لَشَىْءٌ عُجَابٌ ۝٥﴾ قَـالَ: وَنَـزَلَ فيهـم: ﴿صٓۚ وَٱلْقُرْءَانِ ذِى ٱلذِّكْرِ ۝١ بَلِ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ فِى عِزَّةٍ وَشِقَاقٍ ۝٢ كَمْ أَهْلَكْنَا مِن قَبْلِهِم مِّن قَرْنٍ فَنَادَوا۟ وَّلَاتَ حِينَ مَنَاصٍ ۝٣ وَعَجِبُوٓا۟ أَن جَآءَهُم مُّنذِرٌ مِّنْهُمْۖ وَقَالَ ٱلْكَٰفِرُونَ هَٰذَا سَٰحِرٌ كَذَّابٌ ۝٤ أَجَعَلَ ٱلْـَٔالِهَةَ إِلَٰهًا وَٰحِدًاۖ إِنَّ هَٰذَا لَشَىْءٌ عُجَابٌ ۝٥ وَٱنطَلَقَ ٱلْمَلَأُ مِنْهُمْ أَنِ ٱمْشُوا۟ وَٱصْبِرُوا۟ عَلَىٰٓ ءَالِهَتِكُمْۖ إِنَّ هَٰذَا لَشَىْءٌ يُرَادُ ۝٦ مَا سَمِعْنَا بِهَٰذَا فِى ٱلْمِلَّةِ ٱلْـَٔاخِرَةِ إِنْ هَٰذَآ إِلَّا ٱخْتِلَٰقٌ ۝٧ أَءُنزِلَ عَلَيْهِ ٱلذِّكْرُ مِنۢ بَيْنِنَاۚ بَلْ هُمْ فِى شَكٍّ مِّن ذِكْرِىۚ بَل لَّمَّا يَذُوقُوا۟ عَذَابِ ۝٨﴾}[(١)].

واتـە: عەبدوڵـڵای کـوڕی عەببـاس (خـوا لێیـان ڕازی بـێ)، دەڵـێ: کاتێـک ئەبـوو تاڵیـب نەخـۆش بـوو، کۆمەڵێـک لـە قورەیـش کـە ئەبـوو جەهلیـان لـە نێـو دابـوو، هاتـن سـەردانی ئەبـوو تاڵیبیـان کـرد، ئەبـوو جەهـل گوتـی: برازایەکـەت قسـە بـە پەرسـتراوەکانمان دەڵـێ و، ئـاوا دەکاو ئـاوا دەکاو، ئـاوا دەڵـێ و ئـاوا دەڵـێ، ئەگـەر بـە دوایـدا بنێـری و ڕێگریـی لـێ بکـەی لـەوەی دەیـکات و دەیڵـێ، ئەویـش بـە دوایـدا نـارد، پێغەمبەریـش ﷺ هاتـە ژوور، ئنجـا لـە لای ئەبـوو تاڵیـب بـە ئەنـدازەی پیاوێـک شـوێنی دانیشـتن هەبـوو، ئەبـوو جەهـل ترسـا، پێغەمبـەر ﷺ لـە پاڵ مامی دابنیشـێ، (لەبـەر ئـەوەی نەخـۆش بـووە، یـان وەک ڕێـزو حورمـەت گرتنێـک، بـە ئەنـدازەی شـوێنی پیاوێکیـان هێشـتۆتەوە)، ئەمـەش هـۆکاری نەرمیـی و سـۆزی مامـی بـێ بـۆی، بۆیـە هەڵسـاو خـۆی لـەو شـوێنە دانیشـت و، پێغەمبەریـش ﷺ هاتـە ژوور، هیـچ شـوێنی نەبینـی دابنیشـێ لـە نیزیـک مامـی، بۆیـە لـە لای دەرگایەکـە (کـە بۆشـاییەک

---

(١) أخرجـه: أحمـد: ج١، ص٢٢٧، وأبـو يعـلى: ٢٨٥٣، والترمـذي: ٣٢٣٢، والنسـائي في التفسـير: ٤٥٦، والحاكـم وَصَحَّحَـهُ: ج٢، ص٢٣٢، وفتـح القديـر للشـوكاني: ج٤ص٥.

هەبوو) دانیشت، ئەبوو تاڵیب پێیگوت: ئەی برازام! بۆچی خەڵکەکەت سکاڵاو گلەییت لێ دەکەن و، پێیان وایە تۆ قسە بە پەرستراوەکانیان دەڵێی؟ فڵان شتە دەڵێی و فڵان شت دەڵێی و، لەو بارەوە زۆریان قسە لەگەڵ کرد، پێغەمبەری خواش ﷺ قسەی کردو فەرمووی: من تەنیا یەک وشەم لێیان دەوێ، با ئەو وشەیە بڵێن، عەرەب دێتە ژێر ڕکێفیان، (هۆزو تیرەکانی عەرەب)و (ئەگەر) غەیری عەرەبیش (بڕوا بەو وشەیە نەهێنن، ئەو کاتە) دەبێ سەرانە بدەن، ئەوانیش ڕاچڵەکین بۆ قسەکەی و گوتیان: تەنیا یەک وشە؟! ئێمە دە (١٠) وشەشت بۆ دەڵێین، سوێند بە بابت! (ئەو کات سوێندیان بە بابیان خواردوە)، دوایی گوتیان: ئەو وشەیە چییە، کە ئێمە بیڵێین، تۆ لێمان ڕازی دەبی؟ پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: (**لا إله إلا الله**) {واتە: بێجگە لە خوا هیچ پەرستراوێک نیە} ئیدی هەڵسان بە داچڵەکاویی و ئەو جلەی لەبەریان بوو، ڕایان تەکاندو، دەیانگوت: ﴿ أَجَعَلَ ٱلْـَٔالِهَةَ إِلَٰهًا وَٰحِدًا ۖ إِنَّ هَٰذَا لَشَىْءٌ عُجَابٌ ﴾، ئایا هەموو پەرستراوەکانی کردنە یەک پەرستراو؟! بە ڕاستیی ئەمە شتێکی زۆر سەیرو سەرسووڕهێنەرە، ئیدی لەو بارەوە ئەم هەشت ئایەتە موبارەکە دابەزین: ﴿ صٓ ۚ وَٱلْقُرْءَانِ ذِى ٱلذِّكْرِ ﴿١﴾ بَلِ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ فِى عِزَّةٍ وَشِقَاقٍ ﴿٢﴾ كَمْ أَهْلَكْنَا مِن قَبْلِهِم مِّن قَرْنٍ فَنَادَوا۟ وَّلَاتَ حِينَ مَنَاصٍ ﴿٣﴾ وَعَجِبُوٓا۟ أَن جَآءَهُم مُّنذِرٌ مِّنْهُمْ ۖ وَقَالَ ٱلْكَٰفِرُونَ هَٰذَا سَٰحِرٌ كَذَّابٌ ﴿٤﴾ أَجَعَلَ ٱلْـَٔالِهَةَ إِلَٰهًا وَٰحِدًا ۖ إِنَّ هَٰذَا لَشَىْءٌ عُجَابٌ ﴿٥﴾ وَٱنطَلَقَ ٱلْمَلَأُ مِنْهُمْ أَنِ ٱمْشُوا۟ وَٱصْبِرُوا۟ عَلَىٰٓ ءَالِهَتِكُمْ ۖ إِنَّ هَٰذَا لَشَىْءٌ يُرَادُ ﴿٦﴾ مَا سَمِعْنَا بِهَٰذَا فِى ٱلْمِلَّةِ ٱلْـَٔاخِرَةِ إِنْ هَٰذَآ إِلَّا ٱخْتِلَٰقٌ ﴿٧﴾ أَءُنزِلَ عَلَيْهِ ٱلذِّكْرُ مِنۢ بَيْنِنَا ۚ بَلْ هُمْ فِى شَكٍّ مِّن ذِكْرِى ۖ بَل لَّمَّا يَذُوقُوا۟ عَذَابِ ﴿٨﴾ ﴾.

ماناى گشتيى ئايەتەكان

سـەرەتا دەڵێیـن: ئـەم شـازدە (١٦) ئايەتـە، كۆمەڵـە بابەتێكـى چـڕو پڕيـان گرتوونە خۆيـان، كـە دەتوانيـن بڵێين: يـازدە (١١)ن:

١- پێناسەى قورئان: ﴿ صٓ وَٱلۡقُرۡءَانِ ذِي ٱلذِّكۡرِ ﴾، قورئانى خاوەن بيرخەرەوە، ياخود قورئانى خاوەن شەڕەف و پێگەى بەرز.

٢- هەڵوێستى نەرێنيى كافرەكان.

٣- سەرنجڕاكێشانيان بۆ مێژوو و هەڕەشەيەكى پەنهان لێيان، كە سەرنجى مێژووى گەلانى پێشووى فەوتاو بدەن، ئەگەر بێت و وەک ئەوان بكەن، بە مەرەدى وانيش دەچن.

٤- تۆمەتبار كردنيان بۆ پێغەمبەر ﷺ بەوە كە جادووگەرەو، درۆزنە.

٥- سەرسوڕمانيان لە خوا بە يەكگرتن (توحيد).

٦- هاندانى سەرانيان بۆ خەڵكەكەيان، كە بەردەوام بن لەسەر پەرستراوەكانيان و، گوێ بە ئەو پەيامە تازەيە نەدەن، كە موحەممەد ﷺ هێناويەتى.

٧- هێنانەوەى دوو بيانووى پووچ.

٨- بەرپەرچدانەوەى بيانووەكانيان.

٩- سەرنجڕاكێشانيان جارێكى ديكە بۆ مێژووى گەلانى پێشووى ياخيى و لادەرو تاوانبار، كە چييان بەسەر هاتوە!

١٠- هەڕەشە لێكرانيان.

١١- بێ باكيى دەربڕينيان و، پەلە كردنيان لە هاتنى سزاى خواى دادگەرى كارزاندا.

خـوا ﷻ دەفەرمـوێ: ﴿بِسۡـمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيـمِ﴾، واتـە: ئـەو کارە دەسـت پێدەکـەم بـە نـاوی خـوای بـە بەزەیـی بەخشـندە، کاتێـک مـرۆڤ ئـەو ڕسـتە موبارەکـە دەڵـێ، دەبـێ چـوار واتـای بنەڕەتیـی بـە عەقڵ و هۆشـی خۆیـدا بێنـێ:

١- بە ناوی خوا دەست پێ دەکەم، نەک بە ناوی خۆم، یان هەر شتێکی دیکە.

٢- ئەو کارە بۆ ڕازیی کردنی خوا ئەنجام دەدەم.

٣- ئەو کارە بە پێی بەرنامەی خوا ئەنجام دەدەم.

٤- ئەو کارە بە یارمەتیی و هاوکاریی خوا ئەنجام دەدەم، نەک بە شان و شەوکەتی خۆم.

ئنجـا دەفەرمـوێ: ﴿صٓ﴾، **(ص)** پیتێکـە لـە پیتـەکان لـەو بیسـت و هەشـت پیتـەی کـە زمانـی عەرەبیـی پێـک دێنـن، وەک پێشـتریش چەنـد جـار باسـمان کـردوە، بیسـت و نـۆ سـوورەت لـە قورئانـدا، بـەو پیتانـە دەسـت پێ دەکەن، سـێ سـوورەتیان بـە پیتـی تـاک، دەسـت پـێ دەکـەن، کـە ئەمـە یەکێکیانـە، دوایـی سـوورەتی (ق)، دوایـی سـوورەتی (ن)، کـە بـە سـوورەتی **(القلم)**و سـوورەتی **(نوون)**یـش نـاسراوە، ﴿وَٱلۡقُرۡءَانِ ذِي ٱلذِّكۡرِ﴾، سـوێند بـە قورئانـی خـاوەن بیرخـەرەوە، یاخـود خاوەنـی شـەرەف و ڕێـز، یاخـود سـوێند بـە قورئانـی خـاوەن بەرنامـە.

﴿بَلِ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ فِي عِزَّةٖ وَشِقَاقٖ﴾، ئـەوەی بێبڕوایـەکان لـە بـارەی قورئـان و موحەممـەدەوە ﷺ دەیڵێـن، ڕاسـت نیـە، بەڵکـو ئەوانـەی بێبـڕوان و لـە خۆبایـی بـوون و خـۆ بـە زۆرن و، لـە ناکۆکیـی و دووبەرەکیـی دان، واتـە: خـۆ پـێ زۆر بوونیـان بـە ناهـەق و، دووبەرەکیـی و ناکۆکیـی کردنیـان لەگـەڵ خـواو بەرنامـەی خـوادا، وای لێکـردوون قورئـان بـەوە تۆمەتبـار بکـەن کـە دەیڵێـن و، موحەممـەد ﷺ بـەوە تۆمەتبـار بکـەن کـە لـە بارەیـەوە گوتوویانـەو دەیڵێـن، ﴿كَمۡ أَهۡلَكۡنَا مِن قَبۡلِهِم مِّن قَرۡنٖ﴾، لـە پێـش وانـدا چەنـد سـەدەمان فەوتانـدوون، **(قَـرن)** بـە مانـای (سـەدە) یـەو مەبەسـت پێـی کەسـانێکە کـە لـە ماوەیەکـی دیاریکـراودا پێکـەوە دەژیـن، **(يَعيشُـون فِي زَمَـنِ مقْتَرِنـين)**، **(قَـرن)** واتـە: خەڵـک کـە لـە کاتێکـدا دەژیـن، ئنجـا

هەندێک گوتوویانە: (قَرن) حەفتا (٧٠) ساڵە، هەندێک گوتوویانە: (قَرن) سەد (١٠٠) ساڵەو، هەندێک گوتوویانە: پەنجا (٥٠) ساڵە، خوا دەفەرموێ: زۆرمان لە سەدەکان فەوتاندوون، لەسەر یاخیی بوونیان، ﴿فَنَادَوا﴾، ئنجا هاواریان کردە خواو بانگیان کرد، ﴿وَلَاتَ حِينَ مَنَاصٍ﴾، بەڵام کاتی دەرباز بوون تێپەڕیبوو.

﴿وَعَجِبُوٓا۟ أَن جَآءَهُم مُّنذِرٌ مِّنْهُمْ﴾، سەریان سوڕما کە لە خۆیان هۆشیار کەرەوەو بیرخەرەوەیەکیان بۆ هات {کە موحەممەدە ﷺ} ﴿وَقَالَ ٱلْكَٰفِرُونَ هَٰذَا سَٰحِرٌ كَذَّابٌ﴾، لێرەدا: (**وُضِعَ المُظْهَرُ موضِع المُضْمَر**)، دەگونجا بڵێ: (**وَقالَوا: سَاحِرٌ كذَّاب**)، وەک چۆن فەرموویەتی: ﴿وَعَجِبُوٓا﴾، بەڵام لێرەدا بۆ ئەوەی کوفرەکەیان زیاتر دەر بخرێ، فەرموویەتی: ﴿وَقَالَ ٱلْكَٰفِرُونَ﴾، ئەوانەی بێبڕوان، گوتیان: (**کافِرون**) کۆی (**کافر**)ە، (**کافر**) لەسەر کێشی (**فاعِل**)ە، واتە: داپۆشەر، ئەوانەی کە هەق دادەپۆشن و هەقیان بۆ دێ و ڕەفزی دەکەن، ئا ئەوانە گوتیان: ﴿هَٰذَا سَٰحِرٌ كَذَّابٌ﴾، ئەمە جادووگەرێکی درۆزنە، درۆزن ئەو کەسەیە کە زۆر درۆ بکات، دوور لە پێغەمبەری خوا ﷺ کە لە ژیانیدا پێش پێغەمبەرایەتییش، قسەی ناڕاست و درۆی بە دوو لێودا نەهاتوە، بە بەڵگەی ئەوە کە نەیارەکانی هێندە متمانەیان پێی هەبوو، کاتێک ئایەتێکی بۆ دەخوێندنەوەو شتێکی پێ ڕادەگەیاندن، دڵنیابوون کە ئەو شتە ڕوو دەدات، هەروەها سپاردەکانی خۆیان بەو دەسپاردن، هێندە متمانەیان پێی هەبوو، کاتێک ئەو شتێکی فەرمووبایە، دەیانزانیی ڕاستە، دەیانگوت: موحەممەد ﷺ وایگوتوەو ڕاستە!

﴿أَجَعَلَ ٱلْـَٔالِهَةَ إِلَٰهًا وَٰحِدًا﴾، ئایا هەموو پەرستراوەکانی کردنە یەک پەرستراو، کە خوایە ﷻ؟!، ﴿إِنَّ هَٰذَا لَشَىْءٌ عُجَابٌ﴾، بە ڕاستیی ئەمە شتێکی زۆر سەرسوڕهێنەرە.

﴿وَٱنطَلَقَ ٱلْمَلَأُ مِنْهُمْ﴾ دەستڕۆیشتووانێک لەوان دەرپەڕین و بەخێرایی ڕۆیشتن، (**مَلأ**) وشەیەکە تەعبیری پێ دەکرێ لە خەڵکی دەستڕۆیشتوو، حوکمڕان و بڕیار

بە دەست لە نێو کۆمەڵگادا، ئنجا چونکە عەرەب بە گشتیی و قورەیش بە تایبەت، قەوارەیەکی سیاسییان نەبووە، ئەگەرنا خەڵکی میسر سەرۆکەکەیان پێی گوتراوە: فیرعەون و، خەڵکی ڕۆم گەورەکەیان پێی گوتراوە: هیرەقل و، خەڵکی فارس بەرپرسیان پێی گوتراوە: کیسرا، خەڵکی (حەبەشە) سەرۆکیان پێی گوتراوە: نەجاشیی، ئەمانە هەموویان نازناوی پادشایەتیی و حوکمڕانیی بوون، بەڵام گەلی عەرەب قەوارەیەکی سیاسییان نەبووە، بۆیە سەرۆکیان، دەستڕۆیشتووەکان و بڕیار بە دەستەکان بوون، ئەوانەی عەقڵ و چاویان پڕ کردوون لە ترس و سام، هەڵبەتە بۆ گەلانی عادو سەموودو، مەدیەن و گەلی فیرعەونیش هەر (مَلأ) بەکارهاتوە، چونکە حوکمڕانەکە هەبووە، بەڵام کۆڕێک هەبووە ڕاوێژی پێکردوون، ئەگەر بە ڕواڵەت و بۆ خۆڵ کردنە چاوی خەڵکیش بێ! ﴿أَنِ ٱمْشُوا۟ وَٱصْبِرُوا۟ عَلَىٰٓ ءَالِهَتِكُمْ﴾، بە خەڵکەکەیان گوت: بەردەوام بن و خۆڕاگربن، لەسەر پەرستراوەکانتان، ﴿إِنَّ هَٰذَا لَشَىْءٌ يُرَادُ﴾، بێگومان ئەوە شتێکە دەویسترێ، واتە: ئەوە پیلانێکە لە دژمان دەگێڕدرێ و لە خۆتان وریا بن! ئەو کار بەدەستە ملهوڕانەی حوکمی ئەو خەڵکەیان کردوە، زانیویانە مەسەلەکە چییەو موحەممەدیان باش ناسیوەو، باش حاڵیی بوون و، ئەوان زیاتر لە قسەکان تێگەیشتوون، هەروەک جارێک پێغەمبەر ﷺ دەچێتە لای یەکێک لە سەرۆک عەشیرەتەکان، کە پەنای بدات و ڕێگای بدات لە نێو عەشیرەتەکەی دا بانگەواز بۆ لای خوا بکات، دوای ئەوەی پێغەمبەر ﷺ باسی ئیسلامی بۆ دەکات، دەڵێ: (**إِنَّ هَـٰذَا الدِّينَ يَخَافُهُ الْمُلُوك**) واتە: ئەم ئایینە حوکمڕانەکان لێی دەترسن و شوێنی حوکمڕانەکان لێژ دەکات، ئەوەی ئەوان داگیریان کردوە لە دەسەڵات و سامان، دەیگێڕێتەوە بۆ خاوەنە شەرعییەکانی، بەڵام ئەو بڕیار بەدەستانە ویستوویانە خەڵکەکە چەواشە بکەن.

﴿مَا سَمِعْنَا بِهَٰذَا فِى ٱلْمِلَّةِ ٱلْءَاخِرَةِ إِنْ هَٰذَآ إِلَّا ٱخْتِلَٰقٌ﴾، ئنجا بەڵگە دێننەوەو دەڵێن: ئەمەمان لە دوا ئاییندا نەبیستوە، دوا ئایین کە لە نێو خۆیاندا باو بووە،

دەبێ مەبەستیان ئایینی ئیبراهیم بێ ‌عليه السلام کە پێی گوتراوە: **(الحنيفيَّة)**، کە درۆیان کردوەو وا نەبووە، بناغەو نیوەڕۆکی ئایینی ئیبراهیم و ڕێبازی ئیبراهیم یەکتاپەرستیی و تەنیا خوا پەرستیی بووە.

یان مەبەستیان بە: ﴿ ٱلۡمِلَّةِ ٱلۡأٓخِرَةِ ﴾، نەصرانییەت بووە، ئەوەمان لە ئایینی کۆتایی دا، کە لە دوای ئەو هیچ کتێبی دیکە دانەبەزیون و لە دوای وی کە عیسایە، هیچ پێغەمبەرێک نەهاتوە، شتی وامان نەبیستوە، ﴿ إِنۡ هَٰذَآ إِلَّا ٱخۡتِلَٰقٌ ﴾، ئەمە تەنیا هەڵبەستراوە، واتە: بە ناوی خواوە هەڵبەستراوە.

﴿ أَءُنزِلَ عَلَيۡهِ ٱلذِّكۡرُ مِنۢ بَيۡنِنَا ﴾، ئایا لە نێو ئێمەدا بیرخەرەوە (**ذِکر**) بۆ سەروی دابەزێنراوە؟! واتە: ئایا ئەو لە هەمووان شایستەترە؟! ﴿ بَلۡ هُمۡ فِي شَكّٖ مِّن ذِكۡرِي ﴾، خوای بەرز بەرپەرچیان دەداتەوەو دەفەرموێ: بەم شێوەیە نەبووە کە ئەوە لە دوا ئایین دا نەبوو بێ، چ مەبەستیان ئەوەبێ کە لە نێو ئەواندا باو بووە لە ئایینی ئیبراهیم، چ مەبەستیان پێی ئایینی نەصرانییەت بێ، ئەوە ڕاست نیەو، هۆکار ئەوەیە کە ئەوان لە بەرانبەر یادو بەرنامەی من، لە دوو دڵییدان، ئنجا کە دەفەرموێ: ﴿ مِّن ذِكۡرِي ﴾، مەرج نیە تەنیا قورئان بگرێتەوە، واتە: لە هەموو پەیامەکانی من لە گومان و دوو دڵیی دان، بڕوایان بەوە نیە کە خوا سبحانه وتعالى کتێبی دابەزاندوەو، پەیامێکی بۆ پێغەمبەران ناردوە، لە بنەڕەتدا لەوەدا دوو دڵن، ﴿ بَل لَّمَّا يَذُوقُواْ عَذَابِ ﴾، بەڵکو جارێ سزاو ئازارمیان نەچێشتوە، بۆیە وا بێ باکن.

﴿ أَمۡ عِندَهُمۡ خَزَآئِنُ رَحۡمَةِ رَبِّكَ ٱلۡعَزِيزِ ٱلۡوَهَّابِ ﴾، یان ئایا عەمبارەکانی بەزەیی پەروەردگاری زاڵی بەخشەر، لەلای وانن، {تاکو بە کەیفی خۆیان ببەخشن؟! فڵانکەس بکەنە پێغەمبەرو فڵانکەسی نەکەنێ!؟}.

﴿ أَمۡ لَهُم مُّلۡكُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ وَمَا بَيۡنَهُمَا ﴾، یان ئایا حوکمڕانیی ئاسمانەکان و زەویی و ئەوەی لە نێوانیان دایە، لە بەردەستی ئەوان دایە؟ ﴿ فَلۡيَرۡتَقُواْ فِي

﴿ ٱلْأَسْبَٰبِ ﴾، ئەگەر وایە با بە هۆکاران سەرکەون بەرەو ئاسمان، ئنجا لەوێوە حوکم بکەن و بڕیار بدەن، بەسەرخەڵکی دا.

﴿ جُندٌ مَّا هُنَالِكَ مَهْزُومٌ مِّنَ ٱلْأَحْزَابِ ﴾، ئەوانە چەند سەربازێکن لەوێ تێکشکاون لە حیزبەکان، واتە: سەرەنجام تێکدەشکێن، ئەوانیش لە گەلە ملهوڕە پێشووەکان زیاتر نین، ئنجا خوا شەش کۆمەڵە لەوانەی فەوتاون و فڕێدراونە زبڵدانی مێژوو، بۆیان بە نموونە دێنێتەوەو دەفەرموێ: ﴿ كَذَّبَتْ قَبْلَهُمْ قَوْمُ نُوحٍ ﴾، لە پێش واندا گەلی نووح پێغەمبەرانیان بە درۆ دانا، ﴿ وَعَادٌ ﴾، گەلی عادیش کە پێغەمبەرەکەیان ناوی هوود ﵇ بوو، ﴿ وَفِرْعَوْنُ ذُو ٱلْأَوْتَادِ ﴾، هەروەها فیرعەونی خاوەن گوڵمیخ کە خەڵکی چوار مێخە دەکێشا، ئەگەر بیویستبایە کەسێک ئەشکەنجە بدات، گوڵمیخێکی لەسەر ئەو لەپە دەستەو، یەکێک لەسەر ئەو لەپە دەستەی دیکەی و، دووانیشی لەسەر دوو پێیەکانی دادەکوتان و بەدیوارەوە دەیکردە ڕەسم، تاکو گیانی دەردەچوو، کە ئەوە پیسترین شێوازی ئەشکەنجەیە، هەندێکیش گوتوویانە: ﴿ ٱلْأَوْتَادِ ﴾، ئەو هەرەمانەن کە دروستیان کردوون لە میسڕو، هەرکامیان گۆڕێکە بۆ یەکێک لە فیرعەونەکان.

﴿ وَثَمُودُ وَقَوْمُ لُوطٍ ﴾، هەروەها گەلی سەموود، کە پێغەمبەرەکەیان صالح ﵇ بووە و، گەلی لووط، کە پێغەمبەرەکەیان لووط ﵇ بوو، ﴿ وَأَصْحَٰبُ لْـَٔيْكَةِ ﴾، هاوەڵانی باخەکە، یان درەختە گەورەکەش کە خەڵکی مەدیەنن، ئەوانە هەموویان پێغەمبەرانیان بە درۆ دانا، پێغەمبەری گەلی مەدیەن شوعەیب ﵇ بووە، ﴿ أُو۟لَٰٓئِكَ ٱلْأَحْزَابُ ﴾، ئا ئەوانە حیزبەکانن، واتە: ئەو حیزبانەن کە دژی خواو پەیامەکەی و پێغەمبەرانی خوا بوونە.

﴿ إِن كُلٌّ إِلَّا كَذَّبَ ٱلرُّسُلَ ﴾، هیچ کامیان نەبووە، مەگەر پێغەمبەرانیان بە درۆ داناوە، ﴿ فَحَقَّ عِقَابِ ﴾، سزایەکەی منیش لەسەریان چەسپا، ﴿ وَمَا يَنظُرُ هَٰٓؤُلَآءِ إِلَّا صَيْحَةً وَٰحِدَةً مَّا لَهَا مِن فَوَاقٍ ﴾، بێبڕوایانی ڕۆژگاری تۆش (ئەی

موحەممـەد ﷺ!) بـەس چاوەڕێـی هاڕژنێـک دەکـەن، کـە دوای فـوو کردنـە (صـور) بـۆ جـاری یەکـەم دێتـە دی، ﴿ مَّا لَهَا مِن فَوَاقٍ ﴾، کاتێـک فـووی پێـدا دەکـرێ، بـە ئەنـدازەی نێـوان دوو دۆشـینی پێناچـێ، کـە هەموویـان لە بەیـن دەچـن و دەفەوتێن.

﴿ وَقَالُوا۟ رَبَّنَا عَجِّل لَّنَا قِطَّنَا قَبْلَ يَوْمِ ٱلْحِسَابِ ﴾، هەروەها گوتیان: پەروەردگارمان! ئەنـدازە سـزای خۆمانمـان بـە پەلـە بـۆ بێنە، پێـش ڕۆژی لێپرسـینەوە.

کـە ئـەوان بڕوایـان بـە ڕۆژی لێپرسـینەوە نەبـووەو بـە توانـج وایانگوتـوە، واتـە: ئەگـەر ڕۆژی لێپرسـینەوە هەیـە، تـۆ پێـش ئـەوە، ئێمـە سـزا بـدە، ئـاوا بێبـاک و بـێ منـەت بـوون!



مەسەلە گرنگەكان

مەسەلەی یەكەم:

پێناسەی قورئان و خستنە ڕووی هەڵوێستی خراپی كافرەكان بە گشتیی لە بەرانبەر پێغەمبەردا ﷺو سەرسام بوونیان بە خوا بە یەكگرتن و، لابردنی پەرستراوە ساختەكان:

خوا دەفەرموێ: ﴿صٓۚ وَٱلۡقُرۡءَانِ ذِي ٱلذِّكۡرِ ١ بَلِ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ فِي عِزَّةٖ وَشِقَاقٖ ٢ كَمۡ أَهۡلَكۡنَا مِن قَبۡلِهِم مِّن قَرۡنٖ فَنَادَواْ وَّلَاتَ حِينَ مَنَاصٖ ٣ وَعَجِبُوٓاْ أَن جَآءَهُم مُّنذِرٞ مِّنۡهُمۡۖ وَقَالَ ٱلۡكَٰفِرُونَ هَٰذَا سَٰحِرٞ كَذَّابٌ ٤ أَجَعَلَ ٱلۡأٓلِهَةَ إِلَٰهٗا وَٰحِدًاۖ إِنَّ هَٰذَا لَشَيۡءٌ عُجَابٞ ٥﴾.

شیكردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە هەشت بڕگەدا:

١)- ﴿صٓۚ وَٱلۡقُرۡءَانِ ذِي ٱلذِّكۡرِ﴾، (ص)، پیتێكە لە بیست و هەشت پیتەكە، ﴿وَٱلۡقُرۡءَانِ ذِي ٱلذِّكۡرِ﴾، سوێند بە قورئانی خاوەن بیرخەرەوە، یاخود سوێند بە قورئانی خاوەن پێگەو پایەی بەرز، لێرەدا سوێند لەسەر خوراوەكە، یان وەڵامی سوێندەكە قرتێنراوە، كە پیتی (ص) دەلالەتی لەسەر دەكات، واتە: سوێند بە قورئانی خاوەن بیرخەرەوە، یان خاوەن ناوبانگ، ئەم قورئانە هەر دابەزێنراوی خوایە، چونكە لەو پیتانە پێك هاتوە، كە ئێوە قسەیان پێ دەكەن و پێیان دەدوێن و پێیان دەنووسن، كە چی ناتوانن وێنەی ئەو قورئانە، یان دە سووڕەتی، یان سووڕەتێكی بێنن، كەواتە: بزانن، ئەو قورئانە دابەزێنراوی خوایە، یاخود وەڵامی سوێندەكە، ئەوە دەلالەتی لەسەر دەكات، كە دەفەرموێ: ﴿وَٱلۡقُرۡءَانِ ذِي ٱلذِّكۡرِ﴾، واتە: ئەو قورئانە بیرخەرەوەیە، بەڵام بێبڕوایان، پەسندی ناكەن و لێی بەهرەمەند نابن،

ئەگەرنا لە ڕاستیی دا مادام ئەو قورئانە بیرخەرەوەیە، بۆ ڕاستییەکانی کە مرۆڤ ئەگەر لە ڕێگای وەحییەوە نەبێ پەیيان پێ نابات، کەواتە: بزانن ئەو قورئانە دابەزێنراوی خوایە.

٢)- ﴿ بَلِ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ فِى عِزَّةٍ وَشِقَاقٍ ﴾، بەڵکو ئەوانەی بێبڕوا بوون، لە خۆ پێ زۆریی و دووبەرەکییدان، لێرەدا عیززەت خوازراوەتەوە بۆ خۆ پێ زۆریی و مەزنگیریی و دەمار زلیی، (شِقاق) واتە: دژایەتیی کردنی هەق، یانی: لەبەر خۆ پێ زۆریی و بۆ ئەوەی ئەو بازاڕەی هەیانە کە بریتیە: لە خۆ سەپاندن بەسەر وڵات داو قۆرخکردنی دەسەڵات و سامانی خەڵک، بە بیانووی ئەوەوە کە ئێمە ئەشرافین و، ئێوە ڕەش و ڕووتن، یان بە بیانووی ئەوەوە کە دەستەڵات میراتگریی و بنەماڵەییە، یان بە بیانووی ئەوەوە کە ئێمە سامانمان هەیەو ئێوە هەژارن، یان ئێمە عاقڵین و ئێوە بێ عەقڵن، کە ئەو بیانووانە هەموویان پووچن و دەرخەری واقیعی کۆمەڵگایەکی نەخۆشن، ئنجا بۆ ئەوەی ئەوەیان لێ تێکنەچێ، بۆیە لەگەڵ قورئان دا ئاوا مامەڵە دەکەن، تاکو بازاڕەکەیان لێ تێک نەچێ، لەبەر خۆ پێ زۆر بوون و دووبەرەکیی هەق، بۆیە بەو جۆرە مامەڵە دەکەن لەگەڵ قورئان دا، چونکە دەزانن ئەگەر ئەوەی قورئان دەیڵێ بچەسپێ، هەموو خەڵک تەبا دەبن، ئەو کاتە ئەو سیستمی خۆ فەرزکردن و قۆرخکردنی سامان و دەسەڵات، ڕیشەکێش دەکرێ و، هیچ کەس بیانووی نابێ خۆی بەسەر خەڵکدا فەرز بکات، دەسەڵات و سەروەت و سامانیان لێ قۆرخ بکات و بیخاتە بن دەستی خۆی، بۆیە دەفەرموێ: بەڵکو ئەوانەی بێبڕوان لە خۆ پێ زۆر بوون و لە دووبەرەکیی هەقدان، ئەوەیە وایان لێ دەکات، ڕقیان لە قورئان و موحەممەد ﷺ بێ، نەک لەبەر ئەو قسانەیان کە دەیانڵێن، کە: گوایە قورئان جادوویە، یان لەبەر ئەوە بێ کە موحەممەد ﷺ شتێکی هێناوە کە لەگەڵ هەق و مەنتیق دا ناگونجێ، یان لەبەر ئەوە بێ کە جادووگەرە، یان درۆ دەکات! دوور لەو پێغەمبەرە ﷺ، ڕاستگۆو ڕەوشت بەرزو مەزنە، لەبەر هیچ کام لەو هۆکارانە نیە.

٣)- ﴿ كَمْ أَهْلَكْنَا مِن قَبْلِهِم مِّن قَرْنٍ ﴾، زۆرمان لە پێش واندا لە سەدەکان، فەوتاندوون.

(**كَـمْ اسْـمٌ حَـالٌّ فِي عَـدَد كَثِـيْر، (مِـنْ قَـرْن) تَمْيِـيـز الإِبْهَـامِ الغُـمِّ، وَالقَـرْنُ: الأمَـة**)، کـە دەفەرمـوێ: ﴿كَمۡ أَهۡلَكۡنَا﴾، (**کـم**) (**كَـمْ الخَبَرِيـة**)ی پێدەڵێـن واتـە: زۆرمـان فەوتاندوون لـە پێـش وانـدا، لـە سـەدەکان، ﴿مِّن قَرۡنٍ﴾، ئەمـە تایبەتمەندیـی و ڕوونکەرەوەیـە بـۆ ئـەو تەمومـژەی کە لـە ژمارەکـە دا هەیـە، ﴿كَمۡ أَهۡلَكۡنَا﴾، زۆر، ﴿مِن قَبۡلِهِم مِّن قَرۡنٍ﴾، لـە پێشـدا کـە دەفەرمـوێ: زۆرمـان لـە پێش وانـدا، بـەڵام کـە دەفەرمـوێ: ﴿مِّن قَرۡنٍ﴾، ئەمـە ڕوونکـەرەوەی ئـەو تەمومـژەی کـە لـە: ﴿كَمۡ أَهۡلَكۡنَا﴾دا، هەیـە، واتـە: سـەدان لـە کۆمەڵگایـەکان، (**قَرْن**)یـش بـە مانـای (**أُمَّـة**) کۆمەڵـگا دێ، لەبـەر ئـەوەی لـە کاتێکـی دیارییکـراودا پێکـەوە دەژیـن، واتـە: جیلێـک، کۆمەڵێـک.

٤)- ﴿فَنَادَواْ وَّلَاتَ حِينَ مَنَاصٖ﴾، (کاتێک کە سزایان بۆ هات)، هاوارو بانگیان کرد، بەڵام کاتی دەرباز بوون نەبوو، بە دڵنیاییەوە بانگی خوای پەروەردگاریان کردوە، یاخود بانگی یەکدییان کردوە، ﴿وَّلَاتَ حِينَ مَنَاصٖ﴾، بەڵام ئەو کاتە کاتی دەرباز بوون نەبوو، (**حِيْن**) بە مانای کات دێ، (**مَنَاص**)یش، بە مانای دەرباز بوون و، هەڵاتن و ڕزگار بوون دێ، پێشتر باسمان کرد: (**لات**) (لا)یەو (ت)ەکە زیاد کراوە، ئەگەرنا دەڵێن: بە مانای (**لَيسَ**)دێ، هەندێکی دیکەش دەڵێن: بە مانای ڕۆیشت و تێپەڕیی، دێ، یانی: کاتی دەرباز بوون، ڕۆیی.

٥)- ﴿وَعَجِبُوٓاْ أَن جَآءَهُم مُّنذِرٞ مِّنۡهُمۡۖ﴾، سەریان سوڕما کە لە خۆیان هۆشیارکەرەوەو ترسێنەرێکیان بۆ هات، کە موحەممەدە ﷺ پێیان سەیر بوو کە لە خۆیانە و، لە کۆمەڵگای خۆیانە، پێیان وا بووە ئەگەر پێغەمبەر بێ، دەبێ لە نێو ڕۆم و فارس دا بێ، خۆیان لەوە پێ کەمتر بووە، پێغەمبەریان لە نێو دابێ.

یاخـود: سـەریان سـوڕما کـە لـە خۆیانـە، پێیـان سـەیر بـوو کـە مرۆڤـان پێغەمبەرێکیـان بـۆ بـێ، (**عَجِبُـوا**)، (**العَجَـبُ: إِنْفِعَـالٌ فِي النَّفْـس يَنْشَـأُ عَـنْ عِلْـم بِأَمْـرٍ غَـيْرَ مُتَرَقَّـبٍ وُقُوعـه**)، واتـە: هەڵچوونێکـە لـە دەروونـدا لـە زانیارییەکـەوە پەیدادەبـێ بـە شـتێک کـە چـاوەڕوان نەکـراوە، ئـەو شـتە ڕوو بـدات، بۆیـە گوتـراوە: (**إِذَا ظَهَـر السَّـبَب بَطَـلَ العَجَـب**)، واتـە: هـەرکات هـۆکار دەرکـەوت، سەرسـوڕمان نامێنـێ، زۆر کـەس بـە هـۆی نەزانینـی هۆکارەکـەوە، سـەری سـوڕمێنێ.

٦)- ﴿ وَقَالَ ٱلْكَٰفِرُونَ هَٰذَا سَٰحِرٌ كَذَّابٌ ﴾، بێبڕوایەکان گوتیان: ئەوە جادووگەرێکی درۆزنە، وەک پێشتریش گوتمان: (**وُضِعَ الظَّاهِرُ مَوْضِعِ المُضْمَر لقَصْدِ وَصْفِهِمْ بِالْكُفْرِ**)، بۆیە ناوی ئاشکرا لەجێی ڕاناو دانراوە، چونکە ویستراوە بە کوفر ناوزەد بکرێن، فەرموویەتی: ﴿ وَقَالَ ٱلْكَٰفِرُونَ هَٰذَا سَٰحِرٌ كَذَّابٌ ﴾، ئەوانەی بێبڕوان گوتیان: ئەوە جادووگەرێکی درۆزنە، ئەگەرنا دەگونجا بفەرموێ: (**وَقالُوا**)، وەک چۆن لە پێش ئەودا فەرموویەتی: ﴿ وَعَجِبُوٓاْ ﴾، بەڵام ئەوانەی ئەو سەرسوڕمانەیان گرتوە، لەبەر کوفرەکەیانە، ئەو قسەیە دەکەن و ئەو سەرسوڕمانەیان تووش بووە.

کە دەڵێن: ﴿ هَٰذَا سَٰحِرٌ كَذَّابٌ ﴾، (**هَـذَا**) ئەم ناوی ئاماژە (**إِسم إِشَارَة**)یە، بە دڵنیاییەوە بۆ بە کەمدانانە، ئەگەرنا دەیانتوانی بڵێن: موحەممەد، یان بڵێن: ئەو پیاوە، بەڵام کە گوتوویانە: (**هَـذَا**)، ئەوە بۆ بە کەم تەماشا کردنە، بەڵام کەسێک لەلای خوا زۆر بێ، بە کەم سەیرکردنی نەیارەکانی بە تایبەت کە بێبڕواو بێ ئینصاف بن، زیانی پێ ناگەیەنێ، ﴿ وَمَن يُهِنِ ٱللَّهُ فَمَا لَهُۥ مِن مُّكْرِمٍ ۝١٨ ﴾الحج، واتە: کەسێک خوا بێ ڕێزی بکات، هیچ ڕێز لێگرێکی نابێ، بە پێچەوانەوەش هەر کەسێک خوا ڕێزی لێ بگرێ، بە هیچ کەس سووک نابێ و، ئەگەر خوا گەورەی بکات، بەکەس بچووک نابێ.

٧)- ﴿ أَجَعَلَ ٱلْءَالِهَةَ إِلَٰهًا وَٰحِدًا ﴾، گوتیان: ئایا هەموو پەرستراوەکانی کردن بە یەک پەرستراو؟! {کە خوایە ﷻ} هەڵبەتە ئەو وای لێ نەکردوون، بەڵکو لە واقیع دا وان، چونکە بێجگە لە خوا، یان مرۆڤە، وەک هەموو مرۆڤەکان، یان لە خوار مرۆڤەوەیە، کە شتەکانی دیکەن، یان جندن، کە لە خوارەوەی مرۆڤەوەن، یان فریشتەن، کە فریشتەکانیش هەرچەندە پاک و بێ گوناهن، بەڵام خوا ﷻ بە هەموو فریشتەکانی فەرمووە: کڕنووشی ڕێز گرتن بۆ ئادەم ببەن، کەواتە: لە خوا ﷻ بێتە خوار: هەمووی دروستکراوی خوایەو، هیچ کام لە دروستکراوەکانیش شایانی پەرستران نین، چونکە یان وەک مرۆڤن یان لە خوار مرۆڤن.

٨)- ﴿إِنَّ هَٰذَا لَشَيْءٌ عُجَابٌ﴾ {گوتیان: ئایا پەرستراوەکانی کردنە یەک پەرستراو؟!} بەڕاستیی ئەوە شتێکی زۆر سەیرە، (عُجَاب) (الَّذِي يُتَعَجَّبُ مِنْهُ كَثِيراً، مِثْلُ طُوَال: المُفْرِطِ فِي الطُّولِ، وَكُرَام: كَثِيرُ الكَرَم، والكفر يجعل الإنسانَ يرى المنطقي عجيباً، وغير المنطقي عادياً !!)، (عُجَاب) شتێکە سەر لە بەرانبەریدا زۆر سووڕ بمێنێ، صیغەی (طُوالٌ) وەک: (نَخْلَةٌ طُوالٌ)، (رَجُلٌ طُوالٌ) ، واتە: زۆر درێژ کە زێدەڕۆیی کرد بێ لە درێژییدا، (كُرَام) واتە: زۆر خاوەن بەخشندەیی، (كِرَام) کۆی (كَرِيم)ە، واتە: بەخشندەکان، بەڵام (كُرَام) واتە: زۆر خاوەن بەخشندەیی، هەر لەسەر کێشی (طُوال)، گوتوویانە: ئەوە شتێکی زۆر سەیرە کە یەک پەرستراو بپەرسترێ، ئەوە شتێکی زۆر جێی سەرسوڕمانە! بەڵام بەڕاستیی ئەوە شایانی سەرسوڕمانە، کە کوفر وا لە مرۆڤ دەکات، شتی لۆژیکیی پێ سەیر بێ، بەڵام شتی نالۆژیکیی پێ ئاسایی و یاسایی بێ، لە ڕاستییدا ئیمان گەورەترین شتی ئەرێنیی و چاک، کە لە مرۆڤ پەیدای دەکات، ئەوەیە: بیرکردنەوەی مرۆڤ ڕاست دەکاتەوە، کە شتەکان وەک خۆیان ببینێ، کوفریش یەکەمین شوێنەواری خراپ کە لە مرۆڤ دا پەیدای دەکات، ئەوەیە: چەشمەندازی تێک دەدات و، بەرچاویی لێڵ دەکات و، شتەکان وەک خۆیان نابینێ.



مەسەلەی دووەم:

دەرپەڕینی دەسترۆیشتووەکانیان بۆ هاندانی خەڵکەکەیان و دەست هەڵنەگرتن لە پەرستراوەکانیان و، هێنانەوەی چوار جۆرە پاساوو، بەرپەرچدانەوەیان و پووچەڵکردنەوەی بیانوو و پاساوەکانیان و، هەڕەشەلێکردنیان و، بێبایەخ پیشاندانیان لە بەرانبەر سزاو تۆڵەی خوادا:

﴿وَٱنطَلَقَ ٱلۡمَلَأُ مِنۡهُمۡ أَنِ ٱمۡشُواْ وَٱصۡبِرُواْ عَلَىٰٓ ءَالِهَتِكُمۡۖ إِنَّ هَٰذَا لَشَيۡءٞ يُرَادُ ٦ مَا
سَمِعۡنَا بِهَٰذَا فِي ٱلۡمِلَّةِ ٱلۡأٓخِرَةِ إِنۡ هَٰذَآ إِلَّا ٱخۡتِلَٰقٌ ٧ أَءُنزِلَ عَلَيۡهِ ٱلذِّكۡرُ مِنۢ بَيۡنِنَاۚ بَلۡ هُمۡ
فِي شَكّٖ مِّن ذِكۡرِيۚ بَل لَّمَّا يَذُوقُواْ عَذَابِ ٨ أَمۡ عِندَهُمۡ خَزَآئِنُ رَحۡمَةِ رَبِّكَ ٱلۡعَزِيزِ ٱلۡوَهَّابِ
٩ أَمۡ لَهُم مُّلۡكُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ وَمَا بَيۡنَهُمَاۖ فَلۡيَرۡتَقُواْ فِي ٱلۡأَسۡبَٰبِ ١٠ جُندٞ مَّا
هُنَالِكَ مَهۡزُومٞ مِّنَ ٱلۡأَحۡزَابِ ١١﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە دوازدە بڕگەدا:

١)- ﴿وَٱنطَلَقَ ٱلۡمَلَأُ مِنۡهُمۡ﴾، دەسترۆیشتووەکانیان دەرپەڕین، **(الإنْطِلَاقُ: مِنْ أَفْعَالِ الشُّرُوعِ)**، **(إنطلاق)** لە کردەوەکانی دەست پێکردنە، **(الْمَلَأ: سَادَةُ الْقَوْمِ)**، **(مَلأ)** واتە: گەورەکان و بڕیار بەدەستان و دەسترۆیشتووانی خەڵکەکە، **(إنطِلاق)**، لە کوردییدا دەبێتەوە بە دەرپەڕین، ئەوەیە کە ئینسان بە خێرایی لە شتێک ڕاپەڕێ، ئنجا دەسترۆیشتووەکانیان ڕاپەڕین بە گورج و گۆڵیی و گوتیان:

٢)- ﴿أَنِ ٱمۡشُواْ وَٱصۡبِرُواْ عَلَىٰٓ ءَالِهَتِكُمۡ﴾، کە بەردەوام بن و خۆڕاگر بن لەسەر پەرستراوەکانتان، خەڵکەکەیان تیژ دەکردو هانیان دەدان، کە لەسەر بتپەرستیی و پابەند بوونیان بە پەرستراوە ساختەکانیان، بەردەوام بن، بۆ ئەوەی گوێ بۆ بانگەوازی خوا بە یەکگرتن نەگرن، ئنجا وشەی: **(اصبروا)** لە: ﴿وَٱصۡبِرُواْ عَلَىٰٓ ءَالِهَتِكُمۡ﴾دا **(ضُمِّنَ مَعْنَى اعْكُفُوا)**، واتە: پابەندبن بە پەرستراوەکانتانەوە، **(اصبِروا)** واتە: خۆڕاگربن و پێیانەوە پابەند

بن، چونکە (صَبر عَلَيه) مانای خۆڕاگریی دەگەیەنێ و، بە مانای پێوە پابەند بوونیش دەگەیەنێ، بە هۆی (عَلَی)وە، کە بەرکاری پێ خواستوە.

٣)- ﴿ إِنَّ هَٰذَا لَشَيْءٌ يُرَادُ ﴾، بە دڵنیایی ئەوە شتێکە دەویسترێ، ئەمە پاساو هێنانەوەیە بۆ ئەوەی لە ڕستەی پێشێ دایە، کە گوتیان: ﴿ أَنِ امْشُوا وَاصْبِرُوا عَلَىٰ آلِهَتِكُمْ ﴾، ئەمە شتێکە دەویسترێ، واتە: پیلانێکە لە دژمان دەگێڕدرێ.

٤)- ﴿ مَا سَمِعْنَا بِهَٰذَا فِي الْمِلَّةِ الْآخِرَةِ ﴾، ئەمەمان نەبیستوە لە کۆمەڵە خەڵکی دوایی دا، ئنجا (مِلَّة) دەگونجێ مەبەست پێی کۆمەڵە خەڵکێک بێ، دەشگونجێ مەبەست پێی ئایینێک بێ، کە کۆمەڵە خەڵکێک تەبەننییان کردوە، (الْمِلَّةِ الْآخِرَةِ)ش دەگونجێ مەبەست پێی ئایینی نەصرانیی بێ، کە لە لایەن نەصرانییەکان تەبەننیی کرا بوو، لەوێدا شتی وا نەبووە، کە بە داخەوە دوای بەرزکردنەوەی عیسا ﵇ و لە دونیادا نەمانی، ئایینەکە گۆڕدراو سیانیی (تثلیث)ی تێخرا: (الأب، والإبن، والرُّوح القُدُس) واتە: ئەو خوا بە یەکگرتنە لە نێو دوا ئاییندا نەمان بیستوە.

واتایەکی دیکەی ئەوەیە: مەبەست لە (المِلَّةُ الأَخِرَة) واتە: دوا پشت و دوا جیلی خۆیان کە پێیان وا بووە لەسەر ئایینی ئیبڕاهیمن ﵇، ئەو ئایینەی کە پێیان گوتوە (الحنیفیة)، پاک و بێگەرد، کە بە دڵنیاییەوە پێشتر باب و باپیریان لەسەر ئایینی ئیبڕاهیم بوون، بەڵام دوایی لایان داوە بۆ هاوبەش دانان و بتپەرستیی.

٥)- ﴿ إِنْ هَٰذَا إِلَّا اخْتِلَاقٌ ﴾، ئەمە بەس شتێکە هەڵبەستراوەو، درۆیەکی داتاشراوە.

٦)- ﴿ أَأُنْزِلَ عَلَيْهِ الذِّكْرُ مِنْ بَيْنِنَا ﴾، ئایا لە نێو ئێمەدا بیرخەرەوە بۆ ئەو دابەزێنراوە؟ واتە: لە کاتێکدا ئێمە هەین، ئەو هەڵبژێردراوە بەسەر ئێمەدا؟ ئەمە وەک ئایەتی (٣١)ی سوورەتی (الزُّخرف)ە، کە دەفەرموێ: ﴿ لَوْلَا نُزِّلَ هَٰذَا الْقُرْآنُ عَلَىٰ رَجُلٍ مِنَ الْقَرْيَتَيْنِ عَظِيمٍ ﴿٣١﴾ ﴾، واتە: (گوتیان:) دەبووایە ئەم قورئانە لەسەر پیاوێک لە دوو پیاوی دوو شارە گەورەکە دابەزیبایە، کە (طائف)و (مکَّة) بوون، پێیان وا بووە: چونکە موحەممەد ﷺ لە ڕووی ماددییەوە توانایی باش نیە، شایستەی ئەو پۆستە نیە، وایانزانیوە: کێ

پارەی زۆر بێ، دەبێ پێگەی بەرزتر بێ! بێ ئاگا لەوەی زۆرجار پارەی زۆر لەسەر حیسابی ڕێزو حورمەت و دیوی مەعنەویی مرۆڤ پەیدا دەبێ، زۆر کەس ئابڕوو و ڕێزی دنیاو قیامەتی خۆی لەسەر پارە دادەنێ، لەسەر کۆکردنەوەی سەروەت و سامان دادەنێ، حەڵاڵ و حەڕام ڕەپێچەک دەدات و، حەیاو حورمەتی خۆی پێدەدات!

بۆیە خوا ﷻ بەرپەرچیان دەداتەوە بەوە کە دەفەرموێ:

٧)- ﴿بَلْ هُمْ فِي شَكٍّ مِّن ذِكْرِي﴾، بەڵکو ئەوان لە دوو دڵییدان لە بەرنامەو یادی من، واتە: لەبەر ئەوە نیە کە موحەممەد ﷺ کەم و کوڕییەکی تێدا بێ و شایستەی ئەوە نەبێ، بەڵکو ئەوان دانوویان لەگەڵ بەرنامەو یادی من دا ناکوڵێ، چ لەگەڵ ئەو بەرنامەیەی کە بە موحەممەددا ﷺ ناردوویەتی! چ یادی خواو بەرنامەی خوا بە گشتیی! یانی: هەر بە گشتیی بڕوایان بەوە نەبووە، خوا ﷻ پەیام و بەرنامەی خۆی بۆ مرۆڤەکان بنێرێ، بۆ ڕێکخستنی ژیانیان، ئەوان جۆرێک لە عەلمانییەتیان تەبەننیی کردوە، سیکۆلاریزم دەڵێ: خوای مافی ئەوەی نیە دەستوەرداتە ژیانی بەشەر، بەشەر بۆ خۆیان ژیانی خۆیان ڕێک دەخەن، ئنجا خوا دەفەرموێ: هۆکاری لاملییان لە پێغەمبەر ﷺو، هۆکاری بێبڕواییان بە پەیامی من ئەوەیە، کە لە دوو دڵییدان لە بەرانبەر پەیامەکەی مندا، نەک لەبەر ئەوەی موحەممەد ﷺ شایستە نیە.

٨)- ﴿بَل لَّمَّا يَذُوقُوا۟ عَذَابِ﴾، بەڵکو جارێ سزای منیان نەچێژتوە، ئەو (بَلْ)انە، هەموویان بۆ (إِضْرَاب)ن، یانی: گواستنەوە لە حاڵێکەوە بۆ حاڵێکی سەرتر، بەڵکو هێشتا سزای منیان نەچێژتوە.

وشەی (لَـمَّا)ش - لێرەدا - بۆ لابردنی شتێکە کە ئەگەری هەبێ ئەو شتە ببێ، بەڵام جارێ نەهاتوە، واتە: جارێ سزای منیان نەچێژتوە، بەڵام چاوەڕێ دەکرێ سزای منیان بۆ بێ، ئەگەر سزای منیان بچێژتبایە، ئاوا بوێرو بێ باک و بێ منەت نەدەبوون، لە بەرانبەر من و پەیامەکەم و ئەو هەڕەشانەدا کە لێیان دەکەم، بە هۆی گوێ نەگرتن لە پەیامەکەی منەوە.

٩)- ﴿ أَمۡ عِندَهُمۡ خَزَآئِنُ رَحۡمَةِ رَبِّكَ ٱلۡعَزِيزِ ٱلۡوَهَّابِ ﴾، یان ئایا عەمبارەکانی بەزەیی پەروەردگاری زاڵی بەخشەرت لەبەر دەستی واندان؟ تاکو بە کەیفی خۆیان بیدەن بە کەسێک و، نەیدەن بە کەسێکی دیکە؟! ئەمەش گواستنەوەیەکی دیکەی سێیەمە.

١٠)- ﴿ أَمۡ لَهُم مُّلۡكُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ وَمَا بَيۡنَهُمَاۖ ﴾، ئەمەش گواستنەوەی چوارەمە بۆ شتێکی دیکە: یان ئایا حوکمی ئاسمانەکان و زەوی و ئەوەی دەکەوێتە نێوانیشیان هی ئەوانەو، ئەوان حوکمڕان و خاوەنن؟! ئەگەر وایە:

١١)- ﴿ فَلۡيَرۡتَقُواْ فِي ٱلۡأَسۡبَٰبِ ﴾، ئنجا با بە هۆکارەکان سەربکەون و بەرزببنەوەو هەڵکشێن بۆ ئاسمان، کە بە تەئکید ئەمە فەرمانێکی دەستەوەستانکەر (**أمر تعجيزي**)ە، پێشتریش گوتمان: (**أَسبَاب**) کۆی (**سَبَب**)ە، (**سَبَب**)یش ئەو پەت و گوریسە بووە، کە پێیدا سەرکەوتوون بۆ سەر دارخورما، بۆ چنینی بەرەکەوی بۆ متووربە کردنی.

١٢)- ﴿ جُندٞ مَّا هُنَالِكَ مَهۡزُومٞ مِّنَ ٱلۡأَحۡزَابِ ﴾، ئەوانە سەربازانێکی کە من لەولا تێشکاون لە حیزبەکان، (ما) لە (**جُندٌ مَا**)دا: (**حَرْفٌ زَائِدٌ يُؤَكِّدُ مَعْنَى مَا قَبْلَهُ، فَهِيَ تَوْكِيدٌ**)، پیتێکی زیادکراوە مانای پێشەوە جەخت دەکاتەوە، کە بریتییە لە: بێبایەخ و کەم پێشاندانیان، کە دەفەرموێ: ﴿مِّنَ ٱلۡأَحۡزَابِ﴾ ئەو سەربازانە لە حیزبەکانن، لەو حیزبانەی بە درێژایی مێژوو دژی پێغەمبەران (**عَلَيْهِمُ الصَّلاةُ وَالسَّلام**) بوون و دژی پەیامی خوا بوون، بەڵام سەرەنجامیان فڕێ درانە زبڵدانی مێژوو بووە، کە دەفەرموێ: ﴿ٱلۡأَحۡزَابِ﴾ (**أي: أَيِ الْجَمَاعَاتُ المخَالِفَةُ للأَنْبِيَاء**)، ئەو کۆمەڵانەی سەرپێچییکارو ناکۆک بوون لەگەڵ پێغەمبەراندا (**عَلَيْهِمُ الصَّلاةُ وَالسَّلام**).

سەرنجدانێکی وردتر لەو ئایەتانە:

ئێستا با سەرنجێکی وردتر لەم ئایەتە موبارەکانە بدەینەوە:

١)- (إبنُ العَجيبة) لە تەفسیرەکەیدا[1] دەڵێ: کە گوتوویانە: ﴿إِنَّ هَٰذَا لَشَيْءٌ يُرَادُ﴾، پێنج واتای بۆ لێکدراونەوە، کە بە بۆچوونی من هەر پێنجیان گونجاون، بەڵام کامیان لە کامیان گونجاوترە؟ شوێنی هەڵسەنگاندن و بەراوردکردنە:

یەکەم: (**مَا سَمِعْنَاهُ مِنْ مُحَمَّد مِنَ التَّوْحِيدِ وَنَفِي الشِّرْكِ، يُرَادُ إِنفاذُهُ مِنْ قِبَلِ مُحَمَّد، فَلَا رَجْعَةَ عَنْهُ**)، ئەوەی لە موحەممەدمان بیستوە، لە خوا بە یەکگرتن و لابردنی هاوبەش بۆ خوا دانان، ئامانجێکە لە لایەن موحەممەدەوە دەویسترێ جێبەجێ بکرێ و لێی ناگەڕێتەوە، واتە: ئەو ئەو زۆر سەرسەختە لە دەست گرتن بە خوا بە یەکگرتنەوە، ئەی هاوبەش بۆ خوا دانەرەکان! ئێوەش دەست بە پەرستراوەکانی خۆتانەوە بگرن!.

دووەم: (**هَذَا شَيءٌ يُرِيْدُهُ اللهُ، فَلَا مَرَدَّ لَهُ**) ئەوە شتێکە خوا دەیەوێ و بەرپەرچدانەوەی بۆ نیە.

(بەڵام من پێم وایە ئەم مانایەیان دوورە).

سێیەم: (**هَذَا شَيءٌ مِنْ نَوَائب الدَّهْرِ**)، ئەمە بەڵایەکەو بە ملماندا داهاتوە، ئامانج لەوەش ئەوەیە کە ئێمە تووشی زیان ببین، بۆیە دەبێ خۆ ڕابگرین بۆ ئەو بەڵایەو، شانی بدەینە بەرێ.

چوارەم: (**دِيْنُكُمْ يُرَادُ وَيُطْلَبُ أَخْذُهُ مِنْكُم**)، ئایینەکەتان دەویسترێ لێتان وەربگیرێ و لێتان تێک بدرێ.

وەک چۆن فیرعەون کاتی خۆی کە مووسا ﷺ چوو بۆ لای خەڵکی میسڕ گوتی: ﴿إِنِّيٓ أَخَافُ أَن يُبَدِّلَ دِينَكُمۡ أَوۡ أَن يُظۡهِرَ فِي ٱلۡأَرۡضِ ٱلۡفَسَادَ ٢٦﴾ غافر، واتە: من دەترسێم ئایینەکەتان لێ تێکبدات، یاخود ئاشووب و ئاژاوە لە نێو وڵاتدا پەیدابکات، یانی: دینتان تێکبدات، یان ژینتان، یانی: فیرعەون دین و ژینی

---

(١) البَحر المَديد في تَفسير كِتابِ الله المَجيد: ج٦، ص٢٠٣.

خەڵکەکەی زۆر چاک ڕەنێو هێناوە! کە دینەکەیان بریتی بوو لە پەرستنی فیرعەون، کە دەیگوت: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلۡمَلَأُ مَا عَلِمۡتُ لَكُم مِّنۡ إِلَٰهٍ غَيۡرِي﴾القصص، یان دەیگوت: ﴿فَقَالَ أَنَا۠ رَبُّكُمُ ٱلۡأَعۡلَىٰ ﴿٢٤﴾﴾النازعات، ژینەکەشیان ئەوە بووە کە سۆغرەبێگاریان پێکراوە، بە تایبەت نەوەی ئیسرائیل و، خەڵکەکەی دیکەش هەمووی بە چاوی کۆیلە سەیر کراون!

پێنجەم: (**مَا مُحَمَّد يَفْعَلُه، شَيءٌ يُتَمَنَّى وَيُرِيْدُهُ كُلُّ أَحَدٍ**)، ئەوەی موحەممەد دەیکات، شتێکی خوازراوەو، هەموو کەس دەیەوێ.

ئەویش ئەوەیە کە خۆیتان بەسەرتان دا فەرز بکات و بسەپێنێ، بە بیانووی هێنانی ئایینی خوا بە یەکگرتنەوە!

٢)- ئەگەر سەرنجی قسەکانی کافرەکان بدەین، دەبینین چوار بیانوویان هێناونەوە، گوتوویانە:

١- ﴿إِنَّ هَٰذَا لَشَيۡءٞ يُرَادُ﴾، ئەمە کارێکە دەویسترێ، بەو چەند واتایەی لێکمان دایەوە.

٢- ﴿مَا سَمِعۡنَا بِهَٰذَا فِي ٱلۡمِلَّةِ ٱلۡأٓخِرَةِ﴾، ئەوەمان لە ئایینی ئیبراهیم، یاخود دوا کۆمەڵگا و جیلی خۆمان نەبیستوە، یان: دوا ئایین و پەیامی خوا، کە بۆ نەصرانییەکانیان هاتوە، شتی وای تێدانیە.

٣- ﴿إِنۡ هَٰذَآ إِلَّا ٱخۡتِلَٰقٌ﴾، ئەوە بەس هەڵبەستراوە.

٤- ﴿أَءُنزِلَ عَلَيۡهِ ٱلذِّكۡرُ مِنۢ بَيۡنِنَا﴾، ئایا لە نێو ئێمەدا پەیامی خوا بۆ سەر وی دابەزێنراوە؟ کە شایستەش نیە.

٣)- ئنجا خوای پەروەردگار لە بەرانبەر ئەو چوار پاساوەدا، کە هەموویان قسەی هیچ و بۆشن:

أ- کە گوتوویانە: ﴿إِنَّ هَٰذَا لَشَيۡءٞ يُرَادُ﴾، بێگومان موحەممەد ﷺ نەیویستوە زیانیان لێ بدات، ویستوویەتی دەربازیان بکات لە دنیادا، لە کۆیلایەتیی و چینایەتیی و، لە

خۆسەپاندنی هەندێک بەسەر کۆمەڵێکداو، لە قۆرخکردنی سامان لە لایەن هەندێکەوە، لەوە دەربازیان بکات و، نیعمەتەکان بگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکانی خۆیان کە خەڵکە.

ب- کە گوتوویانە: ﴿مَا سَمِعۡنَا بِهَٰذَا فِي ٱلۡمِلَّةِ ٱلۡأٓخِرَةِ﴾، ئەوەش درۆ بووە، هەم ئیبراهیم علیه السلام و، هەم عیسا علیه السلام و هەم پێغەمبەران لە ئایینی خۆیان دا، خوا بە یەکگرتنیان هێناوە، هیچ کام لە پێغەمبەران (عَلَيْهِمُ الصَّلاةُ وَالسَّلام) بێجگە لە خواپەرستیی، شتێکی دیکەی نەهێناوە.

ج- کە گوتوویانە: ﴿إِنۡ هَٰذَآ إِلَّا ٱخۡتِلَٰقٌ﴾، ئەمە شتێکی هەڵبەستراوە، هەڵبەتە موحەممەد ﷺ هەتا گەیشتووەتە تەمەنی چل (٤٠)ساڵیی، هیچی نەفەرمووە، لە دوای چل ساڵییەوە فەرموویەتی: (من نێردراوی خوام)، ئنجا ئەگەر هەڵبەست بووایە، زووتر هەڵیدەبەست!، پاشان موحەممەد ﷺ هیچ شتێکی لێ دەرنەکەوتوە لە پێش تەمەنی چل ساڵیی دا، تاکو خوا پابەندی کردوە بەو ئایین و پەیامەوە.

د- پاشان کە دەڵێن: ﴿أَءُنزِلَ عَلَيۡهِ ٱلذِّكۡرُ مِنۢ بَيۡنِنَا﴾، ئایا لە نێو ئێمەدا (ذِکر) بۆ وی دابەزێنراوە؟! بەڵێ، ئەو کات و دواتر و ئێستاش و هەتا دنیادنیایە نەک تەنیا لە نێو کۆمەڵگای عەرەبدا، بەڵکو لە نێو هەموو مرۆڤایەتیی دا وەك موحەممەد شایستەی تێدا نەبووەو نابێ، هەر پێغەمبەرێک لە ڕۆژگاری خۆیدا، شایستەترینی کۆمەڵگای خۆی بووە، وەک خوا دەفەرموێ: ﴿ٱللَّهُ أَعۡلَمُ حَيۡثُ يَجۡعَلُ رِسَالَتَهُۥ﴾ الأنعام، واتە: خوا دەزانێ پەیامی خۆی لە کوێدا دادەنێ.

ئنجا خوای کاربەجێ چوار جۆرە وەڵامیان دەداتەوە:

١- ﴿بَلۡ هُمۡ فِي شَكّٖ مِّن ذِكۡرِي﴾، بەڵکو ئەوان لە دوو دڵییدان لە یادی من و بەرنامەی من، کە پێیان وانیە خوای دادگەر پەیامێکی نارد بێ، بۆ ڕێکخستنی ژیانی بەشەر، یاخود لەو پەیام و بەرنامەی بە موحەممەددا ﷺ نێردراوە، لە دوو دڵیی دان، نەک موحەممەد ﷺ کەم و کوڕییەکی هەبێ و شایستە نەبێ.

٢- ﴿بَلْ لَمَّا يَذُوقُوا عَذَابِ﴾، بەڵكو جارێ سزاو ئازارو تۆڵەی منیان نەچێژتوە، بۆیە وا بێ منەت و بێ باكن.

٣- ﴿أَمْ عِندَهُمْ خَزَائِنُ رَحْمَةِ رَبِّكَ الْعَزِيزِ الْوَهَّابِ﴾، ئایا عەمبارەكانی بەزەیی پەروەردگاری باڵادەستی بەخشەر لە لای وانن، تاكو بە كەیفی خۆیان بدەن بەوو نەیدەن بەوی دیكە؟! نەخێر!.

٤- ﴿أَمْ لَهُم مُّلْكُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَمَا بَيْنَهُمَا فَلْيَرْتَقُوا فِي الْأَسْبَابِ﴾، یان ئایا حوكمی ئاسمان و زەوی و ئەوەی دەكەوێتە نێوانیان لەبەر دەستی وانە؟! ئەگەر وایە با سەربكەون! كە بە دڵنیاییەوە ئەوە بە توانجەوە فەرمان پێكردنە، زانایان دەڵێن: (أمرٌ لِلتَعْجِيز)، فەرمانە بۆ دەستەوسان كردن، واتە: ئێوە بچنە سەرێ، بڕیار بۆ خەڵكی بدەن داخۆ چی بكرێ و چۆن بكرێ؟



مەسەلەی سێیەم و کۆتایی:

سەرنجڕاکێشان بۆ مێژووی شەش لە گەلانی پێشوو، کە پەیامی خوایان بە درۆ داناوەو، خواش سزای داون و، هۆشداریی دان بە بێبڕوایان، کە ئەوانیش تەنیا چاوەڕێی هاڕژن و دەنگێکی بێڕەزا دەکەن، کە یەک تاو زیاتری پێ ناچێ و پێی ناوەخرێ:

خوا دەفەرموێ: ﴿كَذَّبَتْ قَبْلَهُمْ قَوْمُ نُوحٍ وَعَادٌ وَفِرْعَوْنُ ذُو الْأَوْتَادِ ﴿١٢﴾ وَثَمُودُ وَقَوْمُ لُوطٍ وَأَصْحَابُ لْئَيْكَةِ أُولَٰئِكَ الْأَحْزَابُ ﴿١٣﴾ إِن كُلٌّ إِلَّا كَذَّبَ الرُّسُلَ فَحَقَّ عِقَابِ ﴿١٤﴾ وَمَا يَنظُرُ هَٰؤُلَاءِ إِلَّا صَيْحَةً وَاحِدَةً مَّا لَهَا مِن فَوَاقٍ ﴿١٥﴾ وَقَالُوا رَبَّنَا عَجِّل لَّنَا قِطَّنَا قَبْلَ يَوْمِ الْحِسَابِ ﴿١٦﴾﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە سێزدە بڕگەدا:

١)- ﴿كَذَّبَتْ قَبْلَهُمْ قَوْمُ نُوحٍ﴾، لە پێش واندا گەلی نووح بە درۆیان دانا.

لێرەدا بەرکار (**مفعول بە**)ی (**كَذَّبَتْ**)، قرتێنراوە، چونکە لە دواییدا ڕوونی دەکاتەوە، ئەوەی بە درۆیان داناوە چییە؟ ئەویش هەر لە فەرمایشتی خوادا کە دەفەرموێ: ﴿إِن كُلٌّ إِلَّا كَذَّبَ الرُّسُلَ﴾، واتە: هیچ کامیان نەبووە، مەگەر هەموو پێغەمبەرانی بە درۆ داناون، ئنجا بە دڵنیاییەوە هەر کامیان لە ڕۆژگاری خۆیدا پێغەمبەرێکی بە درۆ داناوە، بەڵام بۆیە خوا دەفەرموێ: هیچ کامیان نەبووە، مەگەر پێغەمبەرانیان بە درۆ داناوە، چونکە کەسێک پێغەمبەرێک بە درۆ دابنێ، وەک ئەوە وایە هەموویانی بە درۆ دانابێ، چونکە پەیامی پێغەمبەران هەمووی وەک یەکێکە، لە نێوەڕۆک و جەوهەردا یەکێکە، لە هێڵە گشتییەکانی دا یەکێکە.

٢)- ﴿وَعَادٌ﴾، گەلی (عاد)یش، وەک پێشتر گوتمان: گەلی (عاد) پێغەمبەرەکەیان ناوی (هود) بوو، ئێمە بەسەرهاتی (عاد) و گەلەکەیمان لە سوورەتی (هود)دا بە درێژیی هێناوە.

٣)- ﴿وَفِرْعَوْنُ ذُو ٱلْأَوْتَادِ﴾، هەروەها فیرعەونی خاوەن گوڵمیخان، یان: خاوەن قەڵاو کۆشکان: ئەویش پێغەمبەرانی بە درۆ دانان، ئەو مووساو هارِوونی (**عَلَيْهِما الصَّلاةُ وَالسَّلام**) لە سەردەمی خۆی دا بە درۆ دانان، ئەوانیش دوو نموونە بوون لە پێغەمبەرانی خوا، وشەی (**ذُو**)، واتە: خاوەن، (**أَوْتَاد**)، کۆی (**وَتَد**) یان (**وَتِد**)، بە مانای سینگ و گوڵمیخ، دێ، (**عُودٌ غَلِيْظٌ لَهُ رَأْسٌ مُفَلْطحٌ يُدَقُّ فِي الأَرْضِ لِيُشَدَّ بِهِ الطُّنْبُ**)، دارێکی چڕەو سەرێکی پانی هەیە، لە زەویدا دەچەقێنرێ تاکو ئەو پەتەی لە ڕەشماڵێک بەستراوە پێی ببەسترێتەوەو، جار وایە وڵاخی پێ دەبەسترێتەوە.

١- مەبەست لە خاوەن سینگ و گوڵمێخ (**ذو الأوتاد**) دەگونجێ ئەوەبێ کە فیرعەون سینگ و گوڵمیخی بەکار هێناون بۆ ئەشکەنجە دان و ئازاردانی خەڵک، لە کوردەواریی خۆماندا دەگوترێ: «فڵان کەسیان چوار مێخە کێشا»، فیرعەون عادەتی وا بووە بە دار خورمایەکەوە، یان بە دیوارێکەوە کەسێک ویستبی بیکوژێ بە ئەشکەنجەدان، چوار مێخەی کێشاوە، واتە: بزمارێک لە سەر دەستێک و، بزمارێک لە سەر دەستەکەی دیکەی، بە هەمان شێوەش لە سەر پێیەکانی و، کردوویەتی بە ڕەسم تاکو گیانی دەرچووە!!

٢- واتایەکی دیکەی: (**أَوْتَاد**)، ئەوەیە کە خوازراوەتەوە بۆ ئەو حوکمڕانیی و دەسەڵاتەی کە فیرعەون فەرزی کردوە.

٣- واتایەکی دیکەی ئەوەیە کە مەبەست پێی بینا بەرزەکانن، ئەو هەرەمانەی کە بە (**أَهرَام**) کۆدەبێتەوە، کە وەک گۆڕ بۆ فیرعەونەکان، دروستکراون.

شایانی باسە: ئەو فیرعەونەی کە لەو ئایەتەدا مەبەستە، فیرعەونێکە کە لەگەڵ مووسا و هارِووندا ڕووبەڕوو بۆتەوەو پێی گوتراوە: (**مَنفَتاح الثَّاني**)، کە بەنوو ئیسرائیل لە ڕۆژگاری ئەودا لە میسر دەرچوون، ئەویش لە پادشاکانی خێزانی نۆزدەیەمە، لە ڕیزبەندیی ئەو خێزانانەدا کە حوکمڕانیی میسریان کردوەو، ئەو خێزانی نۆزدەیەمە، ناسراو بوونە بەوەی کە بینایان زۆر دروست کردوون، ماوەی حوکمڕانییەکەیان (١٤٧) ساڵ بووە، لە ساڵی (١٤٦٢)ی پێش زایین تاکو (١٢٨٨)ی پێش زایین، کتێبە مێژووییەکان وا دەڵێن.

٤)- ﴿ وَثَمُودُ ﴾، هەروەها گەلی (ثمود)یش بە درۆیان دانا، (پەیامی خوا)، گەلی (ثمود) کە پێغەمبەرەکەیان ناوی صاڵح ؑ بوو، ئێمە بەسەرهاتی صاڵح و گەلەکەیمان لە تەفسیری سووڕەتی (**الحجر**)دا، بە تەفصیلْ باسکردوە.

٥)- ﴿ وَقَوْمُ لُوطٍ ﴾، هەروەها گەلی (لوط)یش، پەیامی خوایان بە درۆ دانا، گەلەکەی (**لووط**) هەر بە ناوی خۆیەوە ناونراوە، ئەگەرنا لووط خۆی خەڵکی عێراق بووەو لە ئووری کلدانییان نیشتەجێ بووە، چونکە برازای پێغەمبەر ئیبراهیمە ؑو غەریب بووە لەو شوێنەی کە بۆی چووە، کە فەڵەستین و شام بووە، بەسەرهاتی لووط ؑ و گەلەکەیشمان لە تەفسیری سووڕەتی (هود) دا هێناوە.

٦)- ﴿ وَأَصْحَٰبُ لْـَٔيْكَةِ ﴾، هەروەها هاوەڵان، یاخود خاوەنانی باخەکە، یان درەختە چڕو پڕەکە، کە پێغەمبەرەکەیان ناوی شوعەیب بووە، هەم بە (**أَصْحَابُ الأَيْكَة**)و، هەم بە خەڵکی (**مَدْيَن**)یش ناسراون، ئنجا ئایا خەڵکەکە خەڵکی شاری مەدیەن بوونەو، گەلەکەش هەر پێی گوتراوە: مەدیەن و ئەو باخەشیان هەر هەبووە؟ هەندێکی دیکەش گوتوویانە: ئەوانە دوو گەل بوون و تاکە پێغەمبەرێک کە بۆ دوو گەلان نێردرا بێ، شوعەیب بووە، هەم بۆلای خاوەنانی باخەکە (**أصحاب الأيكة**) نێردراوەو، هەم بۆ لای خەڵکی (مدین)یش، ئێمە بەسەرهاتی شوعەیب و گەلەکەیمان لە تەفسیری سووڕەتی (هود)دا بە درێژیی هێناوە.

٧)- ﴿ أُوْلَٰٓئِكَ ٱلْأَحْزَابُ ﴾، ئا ئەوانەن شەش کۆمەڵەکان. (**التَّعْرِيفُ فِي الأَحْزَابِ للقَصْرِ أي: هُمُ الَّذِيْنَ بَلَغُوا الكَمَالَ فِي الحِزْبِيَّةِ المَذْمُومَة ضِدَّ الأَنْبِيَاء**)، (أحزاب) ئەلیف و لامی ناساندنی لەسەرە، ئا ئەوانەن حیزبەکان! ئەمە مانای کورت هەڵێنان دەگەیەنێ، واتە: هەر ئەوانەن کە لە کۆبوونەوەدا لە دژی پێغەمبەران گەیشتبوونە لووتکە، یانی: هەر ئەوانە حیزب و تاقمی تێرو تەواو بوون لە دژایەتیی کردنی پێغەمبەراندا (**عَلَيْهِمُ الصَّلاةُ وَالسَّلام**).

٨)- ﴿ إِن كُلٌّ إِلَّا كَذَّبَ ٱلرُّسُلَ ﴾، هیچ کامیان نەبوو مەگەر پێغەمبەرانی بەدرۆ دانان.

ئەم (**إِنْ**)ە، لابەرە (**نَافية**)یە، واتە: (**ما كُلٌّ**)، تەنوینی سەر (**كُلٌّ**) قەرە بوویە بۆ پاڵوە لادراو (**مُضَافُ إِلَيه**) کە بریتیە: لە (**هُم**) واتە: (**ما كُلُّهُم إلاَّ كَذَّبَ الرُّسُلَ**)،

هیچ کامیان نەبوون، مەگەر پێغەمبەرانیان هەموویان بە درۆ داناون، لێرەدا ﴿ إِن كُلٌّ إِلَّا كَذَّبَ ٱلرُّسُلَ ﴾ هەم بەرکار (**مفعول بە**)ی (**كذبت**) لە: ﴿ كَذَّبَتْ قَبْلَهُمْ قَوْمُ نُوحٍ ﴾، هەم هی هەر پێنجەکەی دیکە: (**وعاد**) و (**ثمود**) و (**فرعون ذو الأوتاد**)و (**قومُ لوط**) و (**أَصْحَابُ لْئَيْكَةِ**)، بەرکاری (**كَذَّبَ**) ڕوون دەکاتەوە، کە بریتی بووە لە بە درۆ دانانی پێغەمبەران و، ئەو پەیامە خواییەی پێیان دا نێردراوە.

٩)- ﴿ فَحَقَّ عِقَابِ ﴾، ئنجا سزای منیان لە سەر چەسپا، ئەم (ف)یە، دەگونجێ:

أ- بۆ تەعقیب بێ، یانی: یەکسەر دوای ئەوەی پێغەمبەرانیان بە درۆ دانا، سزای منیان لەسەر چەسپی، ﴿ عِقَابِ ﴾، لە بنەڕەت دا (**عقَابِي**)یەو (**ي**)کە لادراوەو و کەسرە لە شوێنی دانیشتوە، (**أَي: ثَبَتَ وَوَجَب عِقَابِي عَلَيْهِم**)، چەسپاو و پێویست بوو سزای من لەسەریان.

ب- دەشگونجێ (ف)یەکە بۆ بە دواداهاتن (**فَاءُ التَّعقِيب**) بێ.

ج- دەشگونجێ (**فاءُ الجزائية**) بێ، واتە: لە سزای ئەوەدا کە پێغەمبەرانیان بە درۆ دانا، سزای منیان لەسەر پێویست بوو.

١٠)- ﴿ وَمَا يَنظُرُ هَٰٓؤُلَآءِ إِلَّا صَيْحَةً وَٰحِدَةً ﴾، ئا ئەوانەش {ئەو بێبڕوایانەی ڕۆژگاری موحەممەد ﷺ لە عەڕەب و غەیری عەڕەب، هی ڕۆژگارەکانی دیکەش} ئەوانە هەموویان چاوەڕێ ناکەن، مەگەر یەک هاڕژن، یەک دەنگی گەورە، ﴿ وَمَا يَنظُرُ ﴾، (**مَا يَنْظُر**) بە پێی سیاق دەگونجێ بە مانای: تەماشا ناکەن و، دەشگونجێ بە مانای چاوەڕێ ناکەن، بێ، بەڵام لێرەدا بە مانای چاوەڕێ کردنە، واتە: ئەوانە چاوەڕێ ناکەن بێبڕوایەکانی ڕۆژگاری پێغەمبەر ﷺ بە پلەی یەکەم، ﴿ إِلَّا صَيْحَةً وَٰحِدَةً ﴾، جگە لە هاڕژنێکی گەورە، دەنگێکی گەورە، کە لە دوای فووکردنی یەکەمی ئیسڕافیل بە (صور)دا پەیدا دەبێ،

١١)- ﴿ مَّا لَهَا مِن فَوَاقٍ ﴾، یەک تاو ناوەخرێ. (**فَوَاقْ**) خوێندراوەتەوەو (**فُوَاقْ**)یش خوێندراوەتەوە، هەم بە سەر، هەم بە بۆر، (**الْفَوَاقُ وَالفُوَاقُ: إِسْمٌ لِمَا بَيْنَ حَلْبَتَي حَالِبِ**

النَّاقَة، وَرَوْعَتَي فَصِيلِهَا، وَاللَّبَنُ المُجْتَمِعُ فِي تِلْكَ الحِصَّةِ يُسَمَّى: الفِيقَة وَالجَمْعَ: أَفَاوِيق)، (**فَوَاق**) و (**فُوَاق**) ناون بۆ ئەو ماوەیەی کە دەکەوێتە نێوان دوو دۆشین، دۆشینی حوشتر، (دەشگونجێ غەیری حوشتریش بێ، مەڕ بێ، بزن بێ، مانگا بێ، گامێش بێ)، هەروەها بەو ئەو دوو مژینەش دەگوترێ کە بەچکەکەی دەیمژێ، {کە بەچکەی حوشتر پێی دەگوترێ: (**فَصيل**) و، کارو بەرخ، کە بزن و مەڕ دەمژن و، گۆلک و پاڵاخ، کە مانگاو گامێش دەمژن، ئنجا ئەو ماوەیەی دەکەوێتە نێوان ئەو دوو مژینانەوە کە جارێک مژێکی لێدەدات، قومێکی لێدەدات، دوایی ماندوو دەبێ و دەمی لێدەکاتەوە، دوایی دووبارە دەمی بۆ دەباتەوە، ئەو ماوەیە پێی دەگوترێ: (**فُوَاق**)، هەروەک کەسێکیش کە گوانەکەی دەدۆشێ، ڕایدەگوشێ تاکو شیری لێ بێتە خوار، دوایی بەری دەدات تاکو شیری تێبێتەوە، ئەو ماوەیەش پێی دەگوترێ (**فُوَاق**) و (**فَوَاق**)} ئەو شیرەش کە کۆدەبێتەوە لەو کاتەدا پێی دەگوترێ (**فِيقَة**) کە بە (**أَفَاوِيق**) کۆدەکرێتەوە.

(**أَي: لَيْسَ بَعْدَهَا إِمْهَالٌ بِقَدرِ الفَوَاقِ أو الفُوَاق**)، دوای ئەوەی ئەو هاڕژن و چریکەیە دێ، مۆڵەت نادرێن بە ئەندازەی مژ لێدانێک، یان بە ئەندازەی دادۆشینێک، واتە: ماوەیەکی کەمیشی ناکەوێتێ، دوای ئەو چریکەیە، یەکسەر لە بەین دەچن، یاخود: هاتنی ئەو دەنگ و چریکەیە، ماوەکەی زۆر زۆر کەمەو لە چاو ترووکانێکدا ئەوە دەقەومێ، پێشتریش باسمان کردوە لە تەفسیری سوورەتی (**الأعراف**)دا، کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: کەسێک پاروی بەرز کردۆتەوە بۆ زاری، ناگا پاروەکە بخاتە دەمی، دنیای بەسەردا کاول دەبێ.

١٢)- ﴿ وَقَالُواْ رَبَّنَا عَجِّل لَّنَا قِطَّنَا ﴾، (بێبڕوایەکان) گوتیان: پەروەردگارمان! پشک و بەشی خۆمانمان لە سزا بۆ پێشبخە، (**القِطُّ: القِسْطُ مِنَ الشَّيءِ، وَقِطْعَةُ الوَرَقِ الَّتِي يُكْتَبُ عَلَيْهَا العَطَاءُ لأَحَدٍ**)، (**قِطّ**) بە بەشێک لە شتێک دەگوترێ، هەروەها بە پارچە کاغەزێک دەگوترێ کە بەخششێکی بۆ کەسێک لێ دەنووسرێ (**أَي: نَصِيبَنَا مِنَ العَذَاب**) بەشی خۆمان لە سزا، بە پەلە بۆمان بێنە.

١٣)- ﴿قَبۡلَ يَوۡمِ ٱلۡحِسَابِ﴾، پێش ڕۆژی لێپرسینەوە، کە ئەمە گێڕانەوەی قسەی وانەو خوا ﷻ قسەکەیان دەگێڕێتەوە، کە گاڵتەیان بە زیندووبوونەوەو سزاو پاداشت کردوە، گاڵتەیان بە هاتنی قیامەت کردوە، بۆیە وا بەبێ باکیی گوتوویانە: پەروەردگارمان! بەش و پشکی ئێمە لەو سزایەدا هەیە، پێش قیامەت بۆمان بێنە، پێش ڕۆژی لێپرسینەوە بۆمان بێنە، واتە: بڕوامان نیە کە ببێ، بۆیە وا بە بێمنەتیی و بە ملهوڕیی تەحەددایان کردوە کە نەخێر ڕاست نیە! ئەگەر هەیە بیهێنە، وەک لە جێی دیکەش زۆریان واگوتوە.

خـوا بـە لوتـف و کەرەمـی خـۆی یارمەتییـمان بـدات پەنـد وەربگریـن لـە گەڵـە ملهـوڕەکان، لـە گەڵـە یاخییـەکان، کـە پەیامـی خوایـان کـە بـە پێغەمبەرانـدا (**عَلَيْهِمُ الصَّلاَةُ وَالسَّلاَم**) ناردوویەتـی، بەدرۆیـان داناوەو، سـەرەنجام خۆیان تووشـی ڕۆژڕەشـیی کـردوە، خۆیـان تووشـی ژیـن تاڵیـی دنیـاو شـپرزە حاڵیـی قیامـەت کـردوە، خـوا ئێمـە لـەوە بپارێـزێ و، خـوا یارمەتییـمان بـدات بـە دڵ و گیـان هەوڵبدەیـن بە عەقڵ و هۆش زیاتـر لـە پەیـام و بەرنامـەی خـوا تێبگەیـن و، بـە دڵ و دەروون زیاتر ئـەو پەیامە قبووڵ بکەیـن، پەسـندی بکەیـن، وەریبگریـن، تامـی لێبکەیـن و، بـە زمـان دانـی پێدابێنیـن، بیگەیەنیـن، ڕوونـی بکەینـەوەو، بـە ئەندامەکانیشـمان جێبەجێی بکەین، هـەم لە ژیانی تاکیـی خۆمـان دا، هـەم لـە ژیانـی خێزانییـمان دا، هـەم لـە ژیانـی کۆمەڵایەتییـمان دا و، هـەم لـە ژیانـی سیاسییماندا، بێگومـان خـوا ﷻ هەمـوو پێغەمبەرانـی (**عَلَيْهِـمُ الصَّـلاَةُ وَالسَّـلاَم**) نـاردوون و هەمـوو پەیامەکانـی خـۆی دابەزانـدوون، بـۆ ئـەوەی مرۆڤـەکان ڕێـی ڕاسـت بگـرن و، سـەرەنجام بەختـەوەری دنیـاو سـەرفرازی ڕۆژی دوایـی بـن، ئەگەرنـا خـوا ﷻ نـە بـە بەندایەتیـی و چاکـەی مرۆڤـەکان سـوودێکی پێـدەگات، نـە بـە هـۆی گوناهـو تـاوان و لادانیشـیانەوە زیانێکـی پێـدەگات، ئـەوە مرۆڤەکانـن کـە ئەگـەر ڕێـی خـوا بگـرن، خۆیـان بەختـەوەرو بەهرەمەنـد دەبـن و، ئەگـەر لـە ڕێـی خـواش لابـدەن، خۆیـان زەرەرمەنـدو ژیـن تـاڵ و بەدحـاڵ دەبـن.

سُبحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمدِكَ، أَشهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنتَ، أَستَغفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيكَ.

دەرسی دووەم


AliBapir/
archive.org/details/@alibapir
AliBapir/
AliBapir
www.alibapir.net
English


AliBapir
archive.org/details/@alibapir
AliBapir
AliBapir

پێناسەی ئەم دەرسە

ئـەم دەرسـەمان لـە سـێزدە (١٣) ئایـەت پێـک دێ، ئایەتـەکانی: (١٧ - ٢٩)، کـە تەرخانکـراون بـۆ باسـکردنی ژمارەیـەک لـە نیعمەتـەکانی خـوا ﷻ لەسـەر داوود عليه السلام و، بەسـەرهاتێکی تایبـەتی داوود کـە تەنیـا لـەم سـوورەتەدا هاتـوەو، مایـەی مشـت و مـڕی زۆری نێـوان زانایـان بـووە، بـە بۆچوونی مـن، بەهـۆی کارتێکراوبـوونی هەندێکیان و، کەوتنـە ژێـر کاریگەریـی هەندێـک قسـەو قاڵـی جوولەکـەو نەصڕانییەکانـەوە، کـە پوختـەی بەسـەرهاتەکەش کێشـەی خـۆ بردنـە لای داوودی دوو کـەسی ناکۆکـە، کـە خۆیـان بـە بـرای یەکدیـی ناسـاندوەو، دوای خسـتنە ڕووی کێشـەکە لەلایـەن دەعواکـەرەوە، بـە شـێوەیەکی ورووژێنـەر، یەکسـەر داوود هەڵچـوەو، بڕیـاری سـتەمکاربوونی بەسـەر بابـای دەعـوا لەسـەردراودا داوەو، بـەو بۆنەیەشـەوە خـوا ﷻ ئامۆژگاریـی و لۆمـەی داوودی کـردوە، کـە لـە دادوەرییـدا دەبـێ وریابـێ و، شـوێن سـۆزو ئـارەزوو نەکـەوێ، ئەگەرنـا لـە ڕاسـتە ڕێ لا دەدات.

﴿ٱصْبِرْ عَلَىٰ مَا يَقُولُونَ وَٱذْكُرْ عَبْدَنَا دَاوُۥدَ ذَا ٱلْأَيْدِ ۖ إِنَّهُۥٓ أَوَّابٌ ﴿١٧﴾ إِنَّا سَخَّرْنَا ٱلْجِبَالَ مَعَهُۥ يُسَبِّحْنَ بِٱلْعَشِىِّ وَٱلْإِشْرَاقِ ﴿١٨﴾ وَٱلطَّيْرَ مَحْشُورَةً ۖ كُلٌّ لَّهُۥٓ أَوَّابٌ ﴿١٩﴾ وَشَدَدْنَا مُلْكَهُۥ وَءَاتَيْنَٰهُ ٱلْحِكْمَةَ وَفَصْلَ ٱلْخِطَابِ ﴿٢٠﴾ ۞ وَهَلْ أَتَىٰكَ نَبَؤُا۟ ٱلْخَصْمِ إِذْ تَسَوَّرُوا۟ ٱلْمِحْرَابَ ﴿٢١﴾ إِذْ دَخَلُوا۟ عَلَىٰ دَاوُۥدَ فَفَزِعَ مِنْهُمْ ۖ قَالُوا۟ لَا تَخَفْ ۖ خَصْمَانِ بَغَىٰ بَعْضُنَا عَلَىٰ بَعْضٍ فَٱحْكُم بَيْنَنَا بِٱلْحَقِّ وَلَا تُشْطِطْ وَٱهْدِنَآ إِلَىٰ سَوَآءِ ٱلصِّرَٰطِ ﴿٢٢﴾ إِنَّ هَٰذَآ أَخِى لَهُۥ تِسْعٌ وَتِسْعُونَ نَعْجَةً وَلِىَ نَعْجَةٌ وَٰحِدَةٌ فَقَالَ أَكْفِلْنِيهَا وَعَزَّنِى فِى ٱلْخِطَابِ ﴿٢٣﴾ قَالَ لَقَدْ ظَلَمَكَ بِسُؤَالِ نَعْجَتِكَ إِلَىٰ نِعَاجِهِۦ ۖ وَإِنَّ كَثِيرًا مِّنَ ٱلْخُلَطَآءِ لَيَبْغِى بَعْضُهُمْ عَلَىٰ بَعْضٍ إِلَّا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّٰلِحَٰتِ وَقَلِيلٌ مَّا هُمْ ۗ وَظَنَّ دَاوُۥدُ أَنَّمَا فَتَنَّٰهُ فَٱسْتَغْفَرَ رَبَّهُۥ وَخَرَّ رَاكِعًا وَأَنَابَ ۩ ﴿٢٤﴾ فَغَفَرْنَا لَهُۥ ذَٰلِكَ ۖ

وَإِنَّ لَهُۥ عِندَنَا لَزُلۡفَىٰ وَحُسۡنَ مَـَٔابٖ ﴿٢٥﴾ يَٰدَاوُۥدُ إِنَّا جَعَلۡنَٰكَ خَلِيفَةٗ فِي ٱلۡأَرۡضِ فَٱحۡكُم
بَيۡنَ ٱلنَّاسِ بِٱلۡحَقِّ وَلَا تَتَّبِعِ ٱلۡهَوَىٰ فَيُضِلَّكَ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِۚ إِنَّ ٱلَّذِينَ يَضِلُّونَ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ
لَهُمۡ عَذَابٞ شَدِيدُۢ بِمَا نَسُواْ يَوۡمَ ٱلۡحِسَابِ ﴿٢٦﴾ وَمَا خَلَقۡنَا ٱلسَّمَآءَ وَٱلۡأَرۡضَ وَمَا بَيۡنَهُمَا بَٰطِلٗاۚ
ذَٰلِكَ ظَنُّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْۚ فَوَيۡلٞ لِّلَّذِينَ كَفَرُواْ مِنَ ٱلنَّارِ ﴿٢٧﴾ أَمۡ نَجۡعَلُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ
ٱلصَّٰلِحَٰتِ كَٱلۡمُفۡسِدِينَ فِي ٱلۡأَرۡضِ أَمۡ نَجۡعَلُ ٱلۡمُتَّقِينَ كَٱلۡفُجَّارِ ﴿٢٨﴾ كِتَٰبٌ أَنزَلۡنَٰهُ إِلَيۡكَ
مُبَٰرَكٞ لِّيَدَّبَّرُوٓاْ ءَايَٰتِهِۦ وَلِيَتَذَكَّرَ أُوْلُواْ ٱلۡأَلۡبَٰبِ ﴿٢٩﴾ ﴾.

مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان

{(ئەی موحەممەد ﷺ!) لە بەرانبەر ئەوەدا کە بێبڕوایان دەیڵێن (لە قسەی پووچ و خراپ) خۆڕاگربەو، یادی بەندەکەمان داوودی خاوەن توانا بکە، بێگومان ئەو زۆر گەڕاوە بوو (بۆ لای خوا) ﴿١٧﴾ ئێمە چیایەکانمان بۆ داوود ملکەچ کردبوون، ئێواران و دەمەو خۆرهەڵات (خوا) بە پاکگرتنیان لەگەڵدا دەکرد ﴿١٨﴾ هەروەها باڵندەکانیشمان (بۆ داوود ڕام و دەستەمۆ کردبوون و) کۆکراوەبوون و، هەرکامیان زۆر بۆ لای داوود گەڕاوە بوو (فەرمانبەرو ملکەچی بوو) ﴿١٩﴾ هەروەها حوکمڕانییەکەیمان بەهێز کردبوو و، حیکمەت و قسە ڕوونییمان پێدابوو ﴿٢٠﴾ ئایا هەواڵی (خەڵکە) ناکۆکەکەشت بۆ هاتوە؟ کاتێک وەسەر دیواری میحرابەکە(ی داوود) کەوتن ﴿٢١﴾ کاتێک (کت و پڕ) لە داوود وەژوور کەوتن، ئەویش بە هۆی (کت و پڕ وە ژوور کەوتنی) وانەوە، داچڵەکی، (ئەوانیش) گوتیان: مەترسە، دوو کەسی ناکۆکین، یەکمان ستەمی لەوی دیکەمان کردوە، ئنجا تۆ بە هەق دادوەرییمان لە نێوان دا بکەو، لامەدەو بەرەو ڕاستە ڕێ ڕێنمایییمان بکە ﴿٢٢﴾ (یەکیان گوتی:) ئەمە برامە، نەوەدو نۆ مەڕی هەن و،

منیش یەک مەڕم هەیە، کەچی پێیگوتم: مەڕەکەت بخە ژێر ڕکێفی من و، لە دواندنیش دا بەسەرم دا زاڵ بوو ﴿٢٣﴾ داوود گوتی: بە دڵنیایی بە داواکردنی پێدانی مەڕەکەت، کە بیخاتە گەڵ مەڕەکانی، ستەمی لێکردووی و زۆرێک لە مرۆڤە تێکەڵەکانیش ستەم و دەستدرێژیی لەگەڵ یەکدیی دا دەکەن، جگە لەوانەی بڕوایان هێناوەو کردەوە چاکەکانیان کردوون و، ئەوانیش کەمن، داوود (پاش دادوەرییە بە پەلەکەی) زانی کە ئێمە تاقیمان کردەوە، (بۆیە) یەکسەر داوای لێبوردنی لە پەروەردگاری کردو، بە ڕکووع دا کەوت و گەڕایەوە (بۆ لای خوا) ﴿٢٤﴾ ئێمەش لەو (هەڵوێستە هەڵەیە)ی لێمان بووری و، بێگومان لە لای ئێمەش نیزیکیی و سەرەنجامێکی هەرە چاکی هەیە ﴿٢٥﴾ ئەی داوود! ئێمە تۆمان کردوە بە جێنشین لە زەویی دا، ئنجا بە هەق و دادگەرانە دادوەریی لە نێوان خەڵکدا بکەو، شوێن ئارەزوو و سۆز مەکەوە، ئەگەرنا لە ڕێی خوا ونت دەکات (ولات دەدا)، مسۆگەر ئەوانەی لە ڕێی خوا ون دەبن (ولا دەدەن) ئازارێکی توندیان هەیە، (لە ڕۆژی دوایی دا) لە سۆنگەی ئەوەوە کە ڕۆژی لێپرسینەوەیان لە بیرچووەو لیی بێ ئاگابوون ﴿٢٦﴾ ئێمە ئاسمان و زەوی و ئەوەی نێوانیشیانمان پووچ (و بێ حیکمەت) دروست نەکردوون، ئەوە (کە گەردوون بێ حیکمەت و ئامانجە) گومانی ئەوانەیە کە بێبڕوابوون، ئنجا سزای سەخت بۆ ئەوانەی بێبڕوان لە ئاگر(ی دۆزەخ) ﴿٢٧﴾ یان ئایا ئەوانەی بڕوایان هێناوەو کردەوە چاکەکانیان کردوون، وەک تێکدەران و خراپەکاران لە زەوی دا دادەنێین؟ یان ئایا پارێزکاران وەک تاوانباران دادەنێین؟ (ئەگەر ڕۆژی دوایی نەبێ مانای وایە ئەو جۆرە کەسە جیاوازانە، وەک یەک دانراون!) ﴿٢٨﴾ (ئەم قورئانە) کتێبێکە بۆ لای تۆمان دابەزاندوە، بە پێزو بەرهەمدارە (دامانبەزاندوە) تاکو لە ئایەتەکانی ڕامێنن و، تاکو خاوەن عەقڵانیش (بەهۆیەوە هەرچی ڕاستیی پێویستیانە) بیریان بکەوێتەوە (و پەند وەربگرن) ﴿٢٩﴾}.

شیكردنەوەی هەندێك لە وشەكان

(ذَا ٱلۡأَيۡدِ): (أَي: ذَا قُـوَّةٍ)، واتـە: خـاوەن هێـز، (ذَا) واتـە: خـاوەن، (أَيـدِ) واتـە: قـووەت، هێـز، (أَيـد) كـۆی (يَـد)ە، (أَيْـدِي) واتـە: دەسـتەكان، بـەڵام لێـرەدا مەبەسـت پێـی هێـزە، چونكـە هەمـوو كـەس دەسـتی هـەن، بـەس هەمـوو كـەس ئـەو هێـزو پێـزەی نیـە، كـە پێویسـتیەتی بـۆ ئەنجامـدانی كارەكانی.

(أَوَّابٌ): (الأَوَّابُ: كَالتَّـوَّابِ، وَهُـوَ الرَّاجِـع إِلَى اللَّـهِ بِتَرْكِ المَعَـاصِي)، دەڵـێ: (أَوَّابٌ) وەك (تـوَّاب)ە، كـە بریتیـە: لـە گـەڕاوە بـۆ لای خـوا، بـە واز لێهێنـانی گوناهـان.

(بِٱلۡعَشِيِّ): (العَـشِيُّ: مِـنْ زَوالِ الشَّـمْسِ إِلَى الصَّباحِ)، (عَـشِيّ) لـەو كاتـەوە كـە خـۆر لـە نیوەڕاسـتی ئاسـمان لادەدات تاكـو بەرەبەیـان، پێـی دەگوتـرێ: (عَـشِيّ).

(وَٱلۡإِشۡرَاقِ): (الإِشْرَاقُ: وَقْـتُ الإِشْرَاقِ)، كاتی خـۆر هەڵاتنـە، دەگوتـرێ: (شَرَقَـتِ الشَّـمْسِ شُرُوقَـاً، أَي: طَلَعَـت)، خۆرەكـە هـەڵات، كاتـێ خـۆر دەردەكـەوێ.

(ٱلۡحِكۡمَةَ): (إِصَابَـةُ الحَـقِّ قَـوْلاً وَعَمَـلاً، أَو حَقائِـقُ القُـرآن)، كـە دەفەرمـوێ: ﴿ وَءَاتَيۡنَـٰهُ ٱلۡحِكۡمَةَ ﴾، حیكمـەت بـە موتڵەقیـی كـە دێ، واتـە: پێكانی هـەق بـە قسـەو بـە كـردەوەو، لـە قورئانـدا زۆرجـار بـە مانـای ڕاسـتییەكانی قورئـان هاتـوە، ئەگـەر تەماشـای ئایەتـەكانی سـووڕەتی (الإسراء)یـش بكەیـن، بۆمـان دەردەكـەوێ حیكمـەت واتـە: خـۆ بژاركـردنی مـرۆڤ لـە ڕەوشـت و ئـاكارە خراپـەكان و، خـۆ ڕازاندنـەوە بـە سـیفەتە بـەرزو ئـاكارە جوانـەكان.

(وَفَصۡلَ ٱلۡخِطَابِ): (فَصْـل) واتـە: لێـك جیاكردنـەوە (خِطَـاب) یـانی: دوانـدن، (مَـا فِيـهِ قَطْـعُ الحُكْـمِ، وَحكـمٌ فَيْصَـلٌ: الـكَلَامُ البَيِّن، الفَصْـلُ: إِبَانَـة أَحَـدٌ الشـيئين)، دەڵـێ: ﴿ وَفَصۡلَ ٱلۡخِطَابِ ﴾، شـتێكە كـە بڕیـاری یەكلایـی كـەرەوەی تێدابـێ، (وَحُكْـمٌ

فَيْصَل) واتە: قسەیەکی ڕوون، (فَصْل): بریتیە لە لێک جیاکردنەوەی دوو شتان لە یەکدیی، یاخود شتێک لە دوو شتەکان.

(ٱلْخَصْمِ): (الخَصْمُ: مَصْدَرُ خَصَمتُهُ، أَي: نَازَعْتُهُ خَصْمَاً)، (خَصْم)، چاوگە، لە (خَصَمتُهُ)ەوە هاتوە، (خَصَمتُهُ) واتە: ناکۆکییم لەگەڵدا کرد، یانی: (نَازَعْتُهُ)، ئنجا (خَصم) چاوگە، بەڵام لێرەدا بە مانای کۆمەڵە خەڵکێکی ناکۆک بەکارهاتوە.

(تَسَوَّرُواْ): (السُّورُ: الحَائِطُ، وَتَسَوَّرَ: صَعِدَ السُّورَ)، (سُور)، بە مانای دیوار دێ، یان دیواری حەوشە، یان هەر دیوارێک کە دەکرێ، وەک پەرژینێک، ئنجا (تَسَوُّر) بریتیە لەوەی بەسەر ئەو دیوارە بکەوی (وەسەر کەوتن).

(ٱلْمِحْرَابَ): (المَسْجِدُ، أَي: صَدْرُ المَجْلِسِ)، (مِحْرَاب) هەم بە مانای مزگەوت هاتوە، هەم بە مانای پێشەوەی کۆڕو مەجلیسێک هاتوەو، بە مانای ژوورێکی تایبەتیش هاتوە، کە مرۆڤ خوا پەرستیی تێدا بکات.

(فَفَزِعَ): (الفَزَعُ: إِنْقِبَاضٌ وَنِفارٌ يَعتَرِي الإِنْسَانَ مِنَ الشَّيءِ المُخِيفِ)، (فَزَع): بریتیە لە داچڵەکینێک و ڕێک هاتنێک، کە بەسەر مرۆڤدا دێ، لە ئەنجامی شتێکی ترسناکدا.

(وَلَا تُشْطِطْ): واتە: لامەدە، (الشَّطَطُ: الإِفْرَاطُ فِي البُعْدِ، وَشَطَّتِ الدَّارُ وَأَشَطَّ، يُقَالُ فِي المَكَانِ وَفِي الحُكمِ)، (شَطَط): بریتیە لە زێدەڕۆیی کردن لە دوورکەوتنەوەدا، دەگوترێ: (شَطَّتِ الدَّارُ)، واتە: ماڵەکە (خانووەکە) دوور بوو، ئەمە هەم لە شوێندا بەکاردەهێنرێ، شوێنەکە دوور بێ، هەم لە حوکم و بڕیاردا، (أَشَطَّ فِي حُكمِهِ) واتە: لە بڕیارەکەیدا لە حەق دوور کەوتەوە.

(أَكْفِلْنِيهَا): واتە: بە منی بسپێرە، (الكَفَالَةُ: الضَّمَانُ، أَكْفِلنِيهَا، أَي: اجْعَلنِي كِفْلاً لَهَا، وَالكِفْلُ: الكَفِيلُ)، کەفالەت، واتە: (ضَمان) یانی: وەئەستۆ گرتنی شتێک، (أَكفِلنِيها): واتە: منی بکە بە (كِفل)، (كِفل)یش، بە مانای کەفیل دێ، (كِفْل)یش کەسێکە کارێکی پێ سپێردراوە، یان کارێکی بە ئەستۆ، یان کەسێکی بە ئەستۆوە گرتوە، من کەفیلی تۆم، واتە: من کاری تۆم بە ئەستۆوە گرتوە.

(وَعَزَّنِى): (عَـزَّنِي فــي الخِطَـاب: أَي غَلَبَنــي، عَـزَّ عَـلَيَّ كَـذَا: صَعُـبَ)، (عَـزَّنِي فــي الخِطَـاب)، واتــە: لــە دوانـدن دا بەسـەر منـدا زاڵ بـووە، دەگوتـرێ: (عَـزَّ عَـلَيَّ كَـذَا)، واتــە: ئـەو شـتە لەسـەر مـن قورسـەو زەحمەتـە.

(ٱلْخُلَطَآءِ): (جَمْـعُ خَلِيـط: وَهُـوَ الصَّدِيـقُ، أَوِ المُجَـاوِرُ، أَوِ الشَّرِيـكُ، وَخَلِيـط لِلْوَاحِـدِ وَالجَمْـع)، وشـەی (خُلَطَـاء) كـۆی (خَلِيـط)ە، (خَلِيـط) هـەم بـە مانـای بـرادەر دێ، هـەم بـە مانـای دراوسـێ دێ، هـەم بـە مانـای هـاو شـەریک و هاوبـەش دێ، (خَلِيـط) بـۆ تـاک و بـۆ کـۆش بـەکاردێ.

(لَزُلْفَىٰ): (الزُّلْفَـةُ: المَنْزِلَـةُ وَالحُظْـوَةُ)، وشـەی (زُلْفَــى) و (زُلْفَـة) هەردووكيـان بـە مانـای پێگـەو بـە مانـای پشـک و بـەشی چـاک، دێـن.

(يَضِلُّونَ): واتــە: ون دەبــن، (الضَّــلاَلُ: العُـدُولُ عَـنِ الطَّرِيـقِ المُسْـتَقِيم، وَيُضَـادُّهُ الهِدَايَـة)، (ضَـلال): بریتیـە لـە لادان لـە ڕێـی ڕاسـت و، پێچەوانـەو دژەکـەی بریتیـە لـە هیدایـەت، هیدایـەت واتــە: ڕێـی ڕاسـت دۆزینـەوە.

(بَٰطِلًا): (البَاطِـلُ: نَقِيـضُ الحَـقِّ، وَهُـوَ مـا لا ثَبَـاتَ لَـهُ عِنـدَ الفَحـصِ، وَقِيـلَ لِلشُّجَاعِ بَطَـل، تَصَـوُّراً لِبُطْـلاَنِ دَمِـهِ)، (باطِـل) دژو پێچەوانـەی هەقـە، کـە بریتیـە لـەوەی کاتێک دەپیشـکنی، چەسـپاویی نیـەو شـتێکی بۆشـە، بۆیـەش بـە بابـای ئـازا گوتـراوە: (بَطَـل) یـانی: خوێنـی خـۆی کردۆتـە کاسـەوە، خوێنـی خـۆی بـە تـاڵ کـردوەو دەربەسـتی خـۆی نیـە، ئنجـا ئینسـان ئەگـەر لـە مردنـێ نەترسـا، ئـازا دەبـێ.

(لِّيَدَّبَّرُوٓاْ): (التَّدبِـيرُ: التَدَبُّـرُ، التَّفَكُّـرُ فِــي دُبُـرِ الأُمُـورِ)، (لِيَدَّبَّـرُوا)، واتــە: بـۆ ئـەوەی بیـر بکەنـەوە، ڕامێنـن، (تَدبِـير)و (تَدَبُّـر)، بریتیـە لـە بیـر کردنـەوە لـە سـەرەنجامی کارەکان، کۆتاییەکەیـان (التَّدَبُّـرُ: التَّفَكُّـرُ وَالتَّأَمُّـلُ الَّـذِي يَبْلُـغُ بِـهِ صَاحِبُـهُ مَعرِفَـةَ المُـرَاد مِـنَ المَعَـانِي)، هەروەهـا (تَدَبُّـر) بـە مانـای بیـر کردنـەوەو ڕامانێکـە کـە خاوەنەکـەی بەهۆیـەوە دەگاتـە مەبەسـت لـە تێگەیشـتنی واتـاکان.

(﴿وَلِيَتَذَكَّرَ﴾): (**التَّذَكُّرُ: إِستِحْضَارُ الذِّهْنِ مَا كَانَ يَعْلَمُهُ، وَهُوَ مَنسِيٌّ، واستِحْضَارُ مَا شأْنُهُ أَنْ لاَ يَغْفَلَ عَنْهُ**)، (**تَذَكُّرْ**): بریتیە لەوە زەین شتێک کە زانیویەتی، بەڵام لە بیری چۆتەوە، وەبیری خۆی بێنێتەوەو ئامادەی بکات، هەروەها بریتیە لەوە کە شتێک کە دەبێ لێی بێ ئاگا نەبێ، هەمیشە ئاگای لێی بێت و لەبیری نەچێ و لە زەین و یادی دابێ.

مانای گشتیی ئایەتەکان

شایانی باسە: ئێمە بەسەرهاتی داوود، هەروەها هی سولەیمانی کوڕیشیمان سەلامی خوایان لەسەر بێ، کە دوو پێغەمبەری حوکمڕان بوون، لە سوورەتی (**الأنبياء**)دا، بە درێژیی باس کردوە، هەڵبەتە لە سوورەتی (**سبأ**)یشدا، جارێکی دیکە ئاوڕمان لەو دوو بەسەرهاتە داوەتەوە، بۆیە درێژەو تەفصیلی بەسەرهاتی داوود ﷺ کە لە سوورەتی (**الأنبياء**)دا کردوومانە، لێرەدا دووبارەی ناکەینەوە و، ئێستا تۆزێک بە خێرایی بەسەر مانای گشتیی ئەم سێزدە ئایەتە موبارەکەدا تێدەپەڕین، کە تەوەری سەرەکییان گێڕانەوەکەی بەسەرهاتی داوود ﷺە، هەروەها باسکردن و خستنە ڕووی چەند نیعمەت و چاکەیەک کە خوا ﷻ بە داوودی داون.

سەرەتا خوا ﷻ ڕوو لە پێغەمبەری خاتەم موحەممەد ﷺ دەکات، لە میانی ئەویشدا ڕوو لە هەموو ئەوانە دەکات، کە بە دوای پێغەمبەری خاتەم ﷺ دەکەون:

لە شازدە ئایەتی پێشوودا، لە ئایەتەکانی: (١ - ١٦)، لەم سوورەتی (ص)دا، کە لە دەرسی پێشوودا باسمان کردن، کۆمەڵێک قسەی بێسەرو بەرو، تۆمەت و گومانی خراپ و بڕوو بیانووی کافرەکان باسکران.

ئنجا خوا ﷻ بە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: ﴿ٱصْبِرْ عَلَىٰ مَا يَقُولُونَ﴾، لەسەر ئەوەی دەیڵێن خۆڕاگربە، واتە: خۆت شلوێ مەکە، با هاوسەنگییت تێک نەچێ،

زۆر نارەحـەت مەبـە، ئـەو قسـانەی ئـەوان دەیکـەن، هیـچ نیـن، تـۆ لـە واقیعـدا چـۆنی، هـەروا دەمێنـی، ئەوانیـش کـە قسـەکەیان هیـچ بنەمایەکـی نیـە، وەک بڵقـی سـەر ئـاو دەڕوات، ﴿ وَٱذۡكُرۡ عَبۡدَنَا دَاوُۥدَ ﴾، یـادی بەنـدەی خۆشـمان داوود بکـەوە.

یازدە سیفەتی گرنگ و گەورەی (داوود ﷺ):

ئـەم چـوار ئایەتـە: ﴿ وَٱذۡكُرۡ عَبۡدَنَا دَاوُۥدَ ذَا ٱلۡأَيۡدِۖ إِنَّهُۥٓ أَوَّابٌ ﴿١٧﴾ إِنَّا سَخَّرۡنَا ٱلۡجِبَالَ مَعَهُۥ يُسَبِّحۡنَ بِٱلۡعَشِيِّ وَٱلۡإِشۡرَاقِ ﴿١٨﴾ وَٱلطَّيۡرَ مَحۡشُورَةٗۖ كُلّٞ لَّهُۥٓ أَوَّابٞ ﴿١٩﴾ وَشَدَدۡنَا مُلۡكَهُۥ وَءَاتَيۡنَٰهُ ٱلۡحِكۡمَةَ وَفَصۡلَ ٱلۡخِطَابِ ﴿٢٠﴾ ﴾، لـەم چـوار ئایەتـە موبارەکـەدا، یازدە (١١) سـیفەت لـە سـیفەتە سـەرەکییەکانی داوودو، یـازدە نیعمـەت لـە نیعمەتـە گـەورەو بـەرزەکانی خـوا کـە بـە داوودی داون، خراونـە ڕوو:

سـیفەتی یەکـەم: سـەرەتا دەفەرمـوێ: ﴿ وَٱذۡكُرۡ عَبۡدَنَا دَاوُۥدَ ﴾، یـادی بەنـدەی ئێمـە داوود بکـەوە، یـادی بکـەوە، واتـە: بزانـە ئـەو چـۆن بـووە، چەنـد خۆڕاگـر بـووەو، چەنـد پشـوو درێـژ بـووەو، سـیفەتە چاکـەکانی چـی بـوون، تـۆش لـە سـیفەتە باشـەکانی داوود ﷺ بەهرەمەندبـە.

کەواتـە: یەکەمیـن سـیفەت کـە خـوا ﷻ داوودی پـێ مـەدح دەکات، لـەم چـوار ئایەتـە موبارەکـەدا، ئەوەیـە کـە داوا لـە پێغەمبـەری خاتـەم دەکات: چـاو لـە داوود بـکات، ﴿ ٱصۡبِرۡ عَلَىٰ مَا يَقُولُونَ وَٱذۡكُرۡ عَبۡدَنَا دَاوُۥدَ ﴾، لـە بەرانبـەر ئـەوەدا کـە دەیڵێـن خۆڕاگربـەو یـادی بەندەکەمـان داوود بکـەوە، ئنجـا ئـەوە سـیفەتێکی گـەورەو گرنگـە بـۆ داوود کـە خـوا بـە پێغەمبـەری خاتـەم بفەرمـوێ: یـادی داوود بکـەوەو، خۆڕاگربـە لەسـەر قسـەو قاڵـی ناحەزەکانـت، یـانی: تـۆش وەک داوود خۆڕاگربـە.

سـیفەتی دووەم: کـە مەدحێکـی گـەورەی داوودی تێدایـە، ئەوەیـە کـە دەفەرمـوێ: ﴿ عَبۡدَنَا دَاوُۥدَ ﴾، بەندەکـەی ئێمـە داوود، خـوا ﷻ لـە مەقامـی زۆر مـەدح دا، کـە

باسی پێغەمبەران (عَلَيْهِم الصَّلاةُ وَالسَّلام) دەكات، وەسفیان دەكات بە بەندە (عبد): ﴿سُبْحَٰنَ ٱلَّذِىٓ أَسْرَىٰ بِعَبْدِهِۦ لَيْلًا ...١﴾الإسراء، ﴿ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ ٱلَّذِىٓ أَنزَلَ عَلَىٰ عَبْدِهِ ٱلْكِتَٰبَ ...١﴾الكهف، لێرەش: ﴿وَٱذْكُرْ عَبْدَنَا دَاوُۥدَ﴾، كەواتە: سیفەتی دووەم لێرەدا كە باسكراوە، وەك مەدح بۆ داوود، ئەوەیە كە خوا بە بەندەی خۆی، یانی: بەندەیەكی دانستەو هەڵبژاردەی خۆی وەسفی دەكات.

سیفەتی سێیەم: ﴿ذَا ٱلْأَيْدِ﴾، خاوەن هێز، ئنجا ئەو خاوەن هێزە، هەندێك لە ڕوونكەرەوانی قورئان بەهێزی جەستەیان لێكداوەتەوەو، پێیان وابووە كە خوا دەفەرموێ: ﴿وَأَلَنَّا لَهُ ٱلْحَدِيدَ ...١٠﴾سبأ، ئاسنیشمان بۆ نەرمكردبوو، داوود هێندە بەهێز بووە، ئاسنی نووشتاندۆتەوە!

دەڵێم: ڕاستە كە دەفەرموێ: ﴿ذَا ٱلْأَيْدِ﴾، دەگونجێ مەبەست پێی هێزی جەستەییش بێ، بەڵام بێگومان لێرەدا زیاتر مەبەست پێی هێزی مەعنەوییە، چونكە هەیە لە ڕووی جەستەوە بەهێزە، بەڵام كە غیرەت و جەهەرەكەی نەبوو لە دەروونیدا، هێزی جەستەیی شەفاعەتی بۆ ناكات، پاشان مەسەلەی نەرمكرانی ئاسن بۆ داوود، وەك پێشتر لە تەفسیری: ﴿وَأَلَنَّا لَهُ ٱلْحَدِيدَ ...١٠﴾سبأ، لە تەفسیری سووڕەتی (سبأ)دا، باسمان كرد، مەبەست پێی ئەوە نەبووە كە زۆر بەهێز بووەو ئاسن لە دەستی دا نەرم بێ، بەڵكو مەبەست پێی حاڵەتێكی تایبەتییە، كە موعجیزە بووە بۆ (داوود ﷺ)، ئەگەرنا خەڵكی دیكەش ئەگەر بەهێز بێ، وەك داوود كە ئاسنی لەبەر دەستدا نەرم دەبێ! بەڵام نا، مەبەست پێی نەرم كردنێكی تایبەتە، كە پێچەوانەی حاڵەتی ئاسایی ئاسنەو، ئەوكاتەش و لەو حاڵەشدا، ئەوە بۆ داوود دەبێتە موعجیزە.

سیفەتی چوارەم: ﴿إِنَّهُۥٓ أَوَّابٌ﴾، بە دڵنیایی ئەو زۆر گەڕاوە بوو، (آبَ) یانی: (رَجَعَ)، (آیب)، یانی: (رَاجِع)، (أَوَّاب)، یانی: زۆر گەڕاوە، زۆر بۆ لای خوا دەگەڕایەوە، هەمیشە لە خزمەت خوادا بوو، ئەگەر كەم و كوڕییەكی لێ ڕوودابایە، یان لە ئیجتیهادێكدا نەیپێكابایە، زوو دەگەڕایەوە بۆ لای خوا.

سیفەتی پێنجەم: ﴿إِنَّا سَخَّرْنَا ٱلْجِبَالَ مَعَهُۥ﴾، ئێمە چیاکانمان ملکەچ کردبوون، دەستەمۆ کردبوون، لەگەڵیدا، چیاکان لەگەڵیدا دەستەمۆ و ملکەچ بوون.

سیفەتی شەشەم: ﴿يُسَبِّحْنَ بِٱلْعَشِيِّ وَٱلْإِشْرَاقِ﴾، {ئێمە چیاکانمان لەگەڵیدا دەستەمۆو ملکەچ کردبوون} کە بە ئێواران و دەمەو خۆرهەڵات لەگەڵیدا خوایان بە پاک دەگرت.

سیفەتی حەوتەم: ﴿وَٱلطَّيْرَ مَحْشُورَةً﴾، باڵندەکانیش کۆکرابوونەوەو، خڕکرابوونەوە، واتە: بۆ داوود کۆدەکرانەوە بە شێوەیەکی تایبەت، ئەگەرنا خەڵکی دیکەش دەتوانێ باڵندان، دانیان بۆ ڕۆ بکات و کۆیان بکاتەوە، نا، یانی: بەحاڵەتێکی موعجیزەیی، باڵندەکانی بۆ کۆدەکرانەوە.

سیفەتی هەشتەم: ﴿كُلٌّ لَّهُۥٓ أَوَّابٌ﴾، واتە: هەر کامیان، هەر کام لە باڵندەکان، یاخود هەر کام لە چیاکان و لە باڵندەکان، زۆر بۆ لای داوود دەگەڕانەوە، (لَهُ) واتە: بۆ داوود، دەشگونجێ بگوترێ: ﴿كُلٌّ لَّهُۥٓ أَوَّابٌ﴾، هەرکامیان زۆر بۆ لای خوا دەگەڕایەوە، بەڵام بەپێی ئەو بنەمایە کە ڕاناو دەبێ بۆ نزیکترین باسکراو بچێتەوە، (**أَنْ يَرْجِعَ الضمير إِلَى أَقْرَبِ مَذْكُورٍ**)، نزیکترین باسکراویش داوود ﷺ ە، واتە: زۆر بۆ لای داوود دەگەڕانەوە، فەرمانبەری بوون و لە قسەی دەرنەدەچوون، باڵندەکانیش و چیایەکانیش، داوود چ موناجات و زکرێکی کردبایە، لەگەڵیاندا دەگوتەوە.

سیفەتی نۆیەم: ﴿وَشَدَدْنَا مُلْكَهُۥ﴾، حوکمڕانییەکەشیمان بەهێز کرد، داوود خوا ﷻ توانایەکی زۆری داوەتێ، لە توانای بەشەریی و توانای ماددیی و، توانای سیاسیی و هەواڵگریی (**مخابرات**)ی، دەوڵەت و حوکمڕانیی بەچی بەهێز دەبێ؟ بەهێزی سەربازیی و، هێزی ئابووریی و، هێزی موخابەڕاتیی و، هێزی ڕێک و پێکیی و چاک ئیدارەدان، یانی: لە هەموو ڕوویێکەوە، حوکمڕانییەکەیمان بەهێزوپێز و تۆکمە کرد بوو.

سیفەتی دەیەم: ﴿ وَءَاتَيۡنَـٰهُ ٱلۡحِكۡمَةَ ﴾، حیکمەتیشمان پێدابوو، حیکمەت زۆر واتای هەن، بەڵام دەگونجێ بگوترێ: پێکانی هەق بە قسەو بە کردەوە، (**إصابة الحق قولاً وعملاً**) واتە: زانیاریی بە سوودو تێگەیشتنێکی قووڵمان پێدابوو، وێڕای کردارو ئاکاری ڕێک و ڕاست.

سیفەتی یازدەیەم: ﴿ وَفَصۡلَ ٱلۡخِطَابِ ﴾، هەروەها دووان و قسە کردنێکی ڕوونمان پێدابوو، کە هەموو کەس لێی تێ بگات، وتەکانی ڕەوان و ڕوون بوون، واتایەکی دیکەی: ﴿ وَفَصۡلَ ٱلۡخِطَابِ ﴾، واتە: توانایەک کە بتوانێ دادوەریی لە نێوان خەڵکدا بکات و، کێشەکانیان بۆ چارەسەر بکات، (**فَصل**) بە مانای لێک جیاکردنەوەیە، (**خِطاب**)یش، یانی: دواندن.

ئنجا دوای خستنە ڕووی ئەم یازدە سیفەت و نیعمەت و چاکەیەی کە خوا بە داوودی داون و خوا ﷻ داوودی پێ جوان کردوون و پێی ڕازاندوونەوە، لەو شەش ئایەتەی دوایی دا، دێتە سەر خستنە ڕووی ئەو بەسەرهاتەی کە مشت و مڕێکی زۆری لە نێوان ڕوونکەرەوانی قورئاندای لێکەوتۆتەوە، دەفەرموێ:

﴿ وَهَلۡ أَتَىٰكَ نَبَؤُاْ ٱلۡخَصۡمِ إِذۡ تَسَوَّرُواْ ٱلۡمِحۡرَابَ ﴾، ئایا هەواڵی ناکۆکەکانت پێگەیشتوە؟ ئەوانەی پێکەوە مشت و مڕ و ناکۆکییان بوو، ﴿ إِذۡ تَسَوَّرُواْ ٱلۡمِحۡرَابَ ﴾، کاتێک کە بەسەر دیواری میحرابەکەدا سەرکەوتن، سەرکەوتنە سەر دیواری میحرابەکە، چونکە (میحراب) واتە: ژوورێکی تایبەت کە داوود خوای تێدا پەرستوە، یاخود پەرستگا، ﴿ إِذۡ دَخَلُواْ عَلَىٰ دَاوُۥدَ ﴾، یادبکەوە! کاتێک کە لە داوود وە ژوور کەوتن، ﴿ فَفَزِعَ مِنۡهُمۡ ﴾، ئەویش بەهۆیانەوە داچڵەکی و ترسی ڕێنیشت، چونکە ئەو هەموو ئێشکچیی و پاسەوانەی هەبن، دوو کەسیش بەسەر دیواردا بێن و لەبەر دەمیدا قووت ببنەوە! ناهەقی نەبووە دابچڵەکێ و، لەوانەیە گومانی ئەوەی لێ کردبن کە بۆ کوشتنی هاتوون و پیاو خراپ بن، کە جارێ هیچ قسەیان نەکردوە! ﴿ قَالُواْ لَا تَخَفۡ ﴾، بۆیەش گوتیان: مەترسە، ﴿ خَصۡمَانِ

﴿ بَغَىٰ بَعۡضُنَا عَلَىٰ بَعۡضٖ ﴾، ئێمە دوو کەسی پێکەوە ناکۆکین، هەندێکمان ستەممان لە هەندێکمان کردوە، یەکێکمان ستەمی لە یەکێکمان کردوە، ﴿ فَٱحۡكُم بَيۡنَنَا بِٱلۡحَقِّ ﴾، تۆش بە هەق و ڕاستیی دادوەرییمان لە نێواندا بکە، ﴿ وَلَا تُشۡطِطۡ ﴾، لە هەق دوور مەکەوەوەو لامەدە، ﴿ وَٱهۡدِنَآ إِلَىٰ سَوَآءِ ٱلصِّرَٰطِ ﴾، ڕێنماییمان بکە بۆ ڕێی ڕاست.

ئنجا دوای ئەو پێشەکیی و زەمینە خۆشکردنە، دەست دەکەن بە خستنە ڕووی کێشەکەیان:

﴿ إِنَّ هَٰذَآ أَخِي لَهُۥ تِسۡعٞ وَتِسۡعُونَ نَعۡجَةٗ ﴾، بێگومان ئەمە برامە، (واتە: برای دایک و باببیمە) و نەوەدو نۆ سەر مەڕیشی هەیە، ﴿ وَلِيَ نَعۡجَةٞ وَٰحِدَةٞ ﴾، منیش یەک سەر مەڕم هەیە، ﴿ فَقَالَ أَكۡفِلۡنِيهَا ﴾، گوتی: مەڕەکەی خۆشت بدە بە من، با لای من بێ و، لە ژێر چاودێریی مندا بێ و، بیخەمە گەڵ ئەو نەوەدو نۆ مەڕەو، ببنە سەد، تۆش هیچ مەڕت نەبن، ﴿ وَعَزَّنِي فِي ٱلۡخِطَابِ ﴾، لە دواندنیشدا بەسەرمدا زاڵ بوو.

﴿ قَالَ لَقَدۡ ظَلَمَكَ بِسُؤَالِ نَعۡجَتِكَ إِلَىٰ نِعَاجِهِۦ ﴾، (داوود) فەرمووی: بە دڵنیایی ستەمی لێکردووی کە داوای مەڕەکەتی لێکردووی، کە بیخاتە گەڵ مەڕەکانی خۆی، ﴿ وَإِنَّ كَثِيرٗا مِّنَ ٱلۡخُلَطَآءِ لَيَبۡغِي بَعۡضُهُمۡ عَلَىٰ بَعۡضٍ ﴾، زۆرێک لە تێکەڵەکانیش، ئەوانەی پێکەوە تێکەڵ دەبن، وەک شەریک، دراوسێ، خزم و کەس و ... هتد، هەندێکیان ستەم لە هەندێکیان دەکەن، ﴿ إِلَّا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ وَقَلِيلٞ مَّا هُمۡۗ ﴾، جگە لەوانەی بڕوایان هێناوە (بە هەموو ئەو شتانەی پێویستە بڕوایان پێ بهێنرێ) و، کردەوە باشەکانیان کردوون، ئەوانیش کەمێکن، ﴿ وَظَنَّ دَاوُۥدُ أَنَّمَا فَتَنَّٰهُ ﴾، داوود بۆی دەرکەوت کە ئێمە تاقیمان کردۆتەوە، بەچی بۆی دەرکەوت؟ دوایی لە مەسەلە گرنگەکان دا زیاتر تیشکی دەخەینە سەر، گرنگ ئەوەیە شتێکی بینیوە، یان هەر بۆ خۆی بیری کردۆتەوە، کە زوو بڕیاری داوەو دادوەریی کردوە، بەس بە بیستنی قسەی داواکارو گوێی لە داوا لەسەر لێکراو نەگرت، زانی کە پەلەی کردوە، ﴿ فَٱسۡتَغۡفَرَ رَبَّهُۥ ﴾، ئنجا داوای لێبووردنی

لـە پـەروەردگاری کـرد، ﴿ وَخَرَّ رَاكِعًا وَأَنَابَ ﴾، بـە ڕکووعـدا کـەوت و گەڕایـەوە، (خَـرَّ)، یـانی: (سَـقَطَ)، ڕکووعیـش بریتیـە: لـە چەمانـەوە، ﴿ وَأَنَابَ ﴾، گەڕایـەوە بـۆ لای خـوا، هەندێکیـش گوتوویانـە: ﴿ وَخَرَّ رَاكِعًا ﴾، واتـە: کڕنـووشی بـرد، بـەڵام بۆیـە وایفەرمـووە، چونکـە مـرۆڤ کـە بـە پێوەیـە، بـەر لـەوەی بگاتـە کڕنـووش بـردن، دەگاتـە حاڵـەتی چەمانـەوە، دوایـی دەچـێ بـۆ کڕنـووش، ڕواڵـەتی ئایەتەکـەش هـەر ئـەوە دەگەیەنـێ، کـە چووەتـە ڕکـووع و، گەڕاتـەوە بـۆ لای خـوا.

﴿ فَغَفَرْنَا لَهُۥ ذَٰلِكَ ﴾، ئێمـە لـەوە لێـی بوردیـن، چاوپۆشـییمان لێکـرد، لـەو هەڵوێسـتەی، ﴿ وَإِنَّ لَهُۥ عِندَنَا لَزُلْفَىٰ وَحُسْنَ مَـَٔابٍ ﴾، بـە دڵنیاییـش بـۆ وی لـەلای ئێمـە هەیـە نیزیکییـەک و، باشـترین سـەرەنجامیش.

ئنجا هـەر پەیوەسـت بـەو بابەتـەوە دەفەرمـوێ: ﴿ يَـٰدَاوُۥدُ إِنَّا جَعَلْنَـٰكَ خَلِيفَةً فِى ٱلْأَرْضِ ﴾، ئـەی داوود! ئێمـە تۆمـان گێـڕاوە بـە جێنیشـین لـە سـەر زەوی، ﴿ فَٱحْكُم بَيْنَ ٱلنَّاسِ بِٱلْحَقِّ وَلَا تَتَّبِعِ ٱلْهَوَىٰ ﴾، بۆیـە دادوەریـی لـە نێـوان خەڵکدا بکـە بـە هـەق و بـە ڕاسـتیی و، شـوێن ئـارەزوو مەکـەوە، ﴿ فَيُضِلَّكَ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ ﴾، چونکـە شـوێنکەوتنی ئـارەزوو، لـە ڕێـی خـوا لات دەدات، ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ يَضِلُّونَ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ لَهُمْ عَذَابٌ شَدِيدُۢ بِمَا نَسُوا۟ يَوْمَ ٱلْحِسَابِ ﴾، بـە دڵنیایـی ئەوانـەی لـە ڕێـی خـوا ون دەبـن و لا دەدەن، سـزایەکی سـەختیان هەیـە، بـە هـۆی ئـەوەوە کـە ڕۆژی لێپرسـینەوەیان فەرامـۆش کـردوەو لـە بیرچـووە.

ئـەم شـەش ئایەتـە موبارەکـە کـە ئـەو بەسـەرهاتەیان تێدایـە، کـە مشـت و مڕێکی خەسـتی زانایـانی لێکەوتۆتـەوە، ئەگـەر هـەر ئـاوا سـەرنجیان بدەیـن، مانایەکەیـان زۆر ڕوونـە، بـەڵام وەختێـک واز لـە قورئـان دێنیـن و دەچیـن گـوێ لـە حیکایـەتی خـاوەن کتێبـان دەگریـن، بـە تایبـەتی پەیـمانی کـۆن، لەوێدایـە حیسـابەکەمان لـێ تێـک دەچـێ!

ئێمە لەم مانای گشتییەدا، باسی ئەو حیکایەت و میکایەتە ناکەین، بەڵام دوایی لە کاتی خستنە ڕووی مەسەلە گرنگەکاندا، کە شیکردنەوەی وردتر بۆ ئایەتەکان دەکەین، ئەو بەسەرهاتەش ئاماژەیەکی پێ دەکەین، چونکە لە پەیمانی کۆندا هاتووەو، بە داخەوە زۆرێک لە توێژەرەوانی قورئان، هەر لە **(الطبري)**یەوە بگرە تاکو **(محمد الطاهر بن عاشور)**و زۆری دیکەش، کەم و زۆر، هەیانە زۆرو، هەیانە کەم، کەوتوونە ژێر کاریگەریی ئەو گێڕدراوانەی لە کتێبی خاوەن کتێبەکاندان، بە تایبەتی هی جوولەکەو نەصرانییەکان، مەبەستم (پەیمانی کۆنە)و، بەهۆی کەوتنە ژێر کاریگەریی قسەکانی پەیمانی کۆنەوە، لێرەدا چەشمەندازیان لێڵ بووە، لە کاتی سەرەنجدانی ئەم ئایەتە موبارەکانەدا، چەمک و واتای ئایەتەکان کە چەند ڕوونە، لە خۆیانیان لێڵ کردوون، بەهۆی هێنانی ئەو حیکایەت و بەسەرهاتانەوە، کە لەگەڵ پایەو مەقامی بەرزی پێغەمبەراندا **(عَلَيْهِ الصَّلاةُ وَالسَّلام)** ناگونجێن، بەڵکو لەگەڵ مسوڵمانێکی ئاساییش دا ناگونجێن، وەک دوایی باسی دەکەین، بەڵام هەندێکیش لە (ڕوونکەرەوانی قورئان)، هەڵوێستی زۆر سەر ڕاستانەیان بووەو، بە تایبەت فەخرەددینی ڕازیی لە تەفسیرەکەی خۆیدا **(التفسير الكبير -مفاتيح الغيب)**، وەک دوایی دەقی هەندێک لە قسەکانی دێنیین.

ئنجا خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿وَمَا خَلَقْنَا ٱلسَّمَآءَ وَٱلْأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَا بَٰطِلًا﴾، ئێمە ئاسمان و زەوی و ئەوەی دەکەوێتە نێوانیانەوە بە پووچ و بێ حیکمەت، بە بەلاش نەمانهێناونە دی، ﴿ذَٰلِكَ ظَنُّ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟﴾، ئەوە گومانی ئەوانەیە کە بێبڕوان، ئەوانەی کە بێبڕوا بوون، ئاوا گومان دەبەن کە ئەم گەردوونە، ئەم کەون و کائیناتە، هیچ حیکمەتێکی لە پشتەوە نیە، ﴿فَوَيْلٌ لِّلَّذِينَ كَفَرُوا۟ مِنَ ٱلنَّارِ﴾، ئنجا هاوار، یاخود سزای سەخت بۆ ئەوانەی بێبڕوا بوون لە ئاگر، لە ئاگری دۆزەخ.

﴿ أَمۡ نَجۡعَلُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ كَٱلۡمُفۡسِدِينَ فِي ٱلۡأَرۡضِ ﴾، یان ئایا ئەوانەی بڕوایان هێناوەو کردەوە باشەکانیان ئەنجام داون، دەبێ وەک تێکدەران لە زەویدا تەماشایان بکەین و، وەک وانیان دابنێین؟، ﴿ أَمۡ نَجۡعَلُ ٱلۡمُتَّقِينَ كَٱلۡفُجَّارِ ﴾، یان ئایا دەبێ پارێزکاران وەک تاوانباران مامەڵەیان لەگەڵدا بکەین؟ واتە: ئەوە لە دادگەریی خواو لە کاربەجێیی خوا ناوەشێتەوە.

﴿ كِتَٰبٌ أَنزَلۡنَٰهُ إِلَيۡكَ مُبَٰرَكٞ ﴾، ئەم قورئانە کتێبێکە بۆ لای تۆمان دابەزاندووەو، بە پێزو بەرهەمدارە، بۆچی خوا ﷻ دایبەزاندووە؟ ﴿ لِّيَدَّبَّرُوٓاْ ءَايَٰتِهِۦ ﴾، تاکو لە ئایەتەکانیەوە ڕامێنن، تێیان بفکرن، ﴿ وَلِيَتَذَكَّرَ أُوْلُواْ ٱلۡأَلۡبَٰبِ ﴾، بۆ ئەوەش کە خاوەن عەقڵان وەبیریان بێتەوە، پەند وەربگرن، فێربن، لە ئەنجامی تێوەڕاماندا مرۆڤ دەتوانێ پەند وەربگرێ و فێر ببێ، دەتوانێ ئەو ڕاستییانەی کە لەگەڵ زگماکییدا تێک هەڵشێردراون، وەبیر خۆیانیان بێنێتەوە.



سەرنجدانێکی گرنگ لە بەسەرهاتەکەی داوود

بەر لەوەی بچینە سەر مەسەلە گرنگەکان، بە باشی دەزانم، لە درێژەی مانای گشتیی دا، سەرنجێکی دیکە لەو شەش ئایەتە بدەین، کە ئەو بەسەرهاتەی داوودیان تێدایە.

ئەگەر ئەو بەسەرهاتە، وەک لە قورئاندا هاتووە، تەماشای بکەین، هیچ ئیشکالی تێدانیە، وەک ئایەتەکانمان مانا کردو خستمانە ڕوو، بەڵام وەک پێشتریش ئاماژەمان پێدا، بە هۆی کەوتنە ژێر کاریگەریی قسەکانی خاوەن کتێبانەوە، بە تایبەت پەیمانی کۆن، زۆرێک لە توێژەرەوانی قورئان، تووشی هەڵە بوون، چونکە ئایەتەکانیان لەبەر ڕۆشنایی بەسەرهاتێکی ئەفسانەییدا، مانا کردوە، کە فەخرەدینی ڕازیی لە تەفسیرەکەی خۆی (**مفاتيح الغيب**)دا[1]، ئەو بەسەرهاتە ئاوا پوخت دەکاتەوە، دەڵێ: (**أَنَّ دَاوُدَ عَشِقَ امْرَأَةَ أُورِيَا، فَاحْتَالَ بِالْوُجُوهِ الْكَثِيرَةِ حَتَّى قَتَلَ زَوْجَهَا، ثُمَّ تَزَوَّجَ بِهَا، فَأَرْسَلَ اللَّهُ إِلَيْهِ مَلَكَيْنِ فِي صُورَةِ الْمُتَخَاصِمَيْنِ فِي وَاقِعَةٍ شَبِيهَةٍ بِوَاقِعَتِهِ، وَعَرَضَا تِلْكَ الْوَاقِعَةَ عَلَيْهِ، فَحَكَمَ دَاوُدُ بِحُكْمٍ لَزِمَ مِنْهُ اعْتِرَافُهُ بِكَوْنِهِ مُذْنِبًا، ثُمَّ تَنَبَّهَ لِذَلِكَ فَاشْتَغَلَ بِالتَّوْبَةِ**).

(بەڕاستیی جوانی پوخت کردۆتەوە)، دەڵێ: کورتەی ئەو بەسەرهاتە ئەوەیە کە داوود ئاشقی ژنی ئۆریا بووە، (ئۆریا یەکێک بووە لە فەرماندەکانی سوپایەکەی)، ئنجا لە زۆر ڕووەوە فێڵ و پیلانی گێڕاوە، تاکو مێردەکەی کوشتوە (مێردی ئەو ئافرەتە)، دوایی هاوسەرگیریی لەگەڵ ئەو ئافرەتەدا کردوە، خوا ﷻ دوو فریشتەی لە شێوەی دوو کەسی پێکەوە بە دەمەقاڵ هاتوو و، ناکۆک دا ناردوونە لای داوود ﷺ، بۆ ئەوەی دادوەرییان لە نێواندا بکات، لە بەسەرهاتێکی

---

(١) ج٢٦، ص٧٣.

وێنەی بەسەرهاتەکەی ئەوداو، ئەوان ئەو ڕووداوەیان بۆ باسکردوە، داوودیش بە جۆرێک دادوەریی کردوە، کە لە ئەنجامی ئەو حوکمەدا دەبووایە (داوود) بۆ خۆی دان بە گوناهی خۆیدا بنێ، دواییش بە ئاگا هاتۆتەوەو، دەستی کردوە بە گەڕانەوە بۆ لای خواو تەوبەکردن.

شایانی باسە: ئەو بەسەرهاتەی فەخرەددینی ڕازیی ئاماژەی پێکردوە، لە پەیمانی کۆندا هاتوە[1]، لە ژێر ناوونیشانی: (**خَطِيئَةُ داود وَخِداعُهُ**)، {گوناهەکەی داوودو فێڵەکەی} لە ژێر ئەو ناوونیشانەدا، ئەو بەسەرهاتەی بە درێژیی هێناوە، کە ئێمە چەند بڕگەیەکی جێی مەبەستی لێ وەردەگرین، پێشێ دەقی بڕگەکان بە عەرەبیی دەخوێنینەوە، چونکە ئەو سەرچاوەیەی لێمان وەرگرتوە، بە زمانی عەرەبییە، دوایی مانایان دەکەین، دەڵێ: (**وَفِي إِحْدَى الْأُمْسِيَاتِ نَهَضَ دَاوُدُ عَنْ سَرِيرِهِ وَأَخَذَ يَتَمَشَّى عَلَى سَطْحِ قَصْرِهِ، فَشَاهَدَ امْرَأَةً ذَاتَ جَمَالٍ أَخَّاذٍ تَسْتَحِمُّ، فَأَرْسَلَ دَاوُدُ مَنْ يَتَحَرَّى عَنْهَا، فَأَبْلَغَهُ أَحَدُهُمْ: «هَذِهِ بَتْشَبَعُ بِنْتُ أَلِيعَامَ زَوْجَةُ أُورِيَّا الْحِثِّيِّ» فَبَعَثَ دَاوُدُ يَسْتَدْعِيهَا. فَأَقْبَلَتْ إِلَيْهِ وَضَاجَعَهَا إِذْ كَانَتْ قَدْ تَطَهَّرَتْ مِنْ طَمْثِهَا، ثُمَّ رَجَعَتْ إِلَى بَيْتِهَا. وَحَمَلَتِ الْمَرْأَةُ فَأَرْسَلَتْ تُبَلِّغُ دَاوُدَ بِذَلِكَ، وَفِي الصَّبَاحِ كَتَبَ دَاوُدُ رِسَالَةً إِلَى يُوآبَ، بَعَثَ بِهَا مَعَ أُورِيَّا، جَاءَ فِيهَا: «اجْعَلُوا أُورِيَّا فِي الْخُطُوطِ الْأُولَى حَيْثُ يَنْشُبُ الْقِتَالُ الشَّرِسُ، ثُمَّ تَرَاجَعُوا مِنْ وَرَائِهِ لِيَلْقَى حَتْفَهُ» ... وَعِنْدَمَا عَلِمَتْ زَوْجَةُ أُورِيَّا أَنَّ زَوْجَهَا قَدْ قُتِلَ، نَاحَتْ عَلَيْهِ. وَحِينَ انْقَضَتْ فَتْرَةُ الْحِدَادِ، أَرْسَلَ دَاوُدُ وَأَحْضَرَهَا إِلَى الْقَصْرِ وَتَزَوَّجَهَا وَوَلَدَتِ ابْناً، وَلَكِنَّ الرَّبَّ اسْتَاءَ مِنْ هَذَا الْأَمْرِ الَّذِي ارْتَكَبَهُ دَاوُدُ**).

واتە: لە ئێوارەیەکیاندا داوود لەسەر تەختەکەی خۆی (شوێنی پشوودانی)، هەڵساو لەسەر بانی کۆشکەکەی دەهات و دەچوو (پیاسەی دەکرد)، ئافرەتێکی زۆر جوانی بینی، کە خۆی دەشۆرد، داوود کەسانێکی ڕاسپاردن کە بۆی بپشکنن

(١) (التفسير التطبيقي للكتاب المقدس/ العهد القديم، صَموئيل الثاني، إصحاح: ١١، ص: ٦٥ - ٦٦١).

{بزانن ئەو ئافرەتە كێیە؟} یەكێكیان پێیگوت و، پێی گەیاند، گوتی: ئەوە (بەشەئبەع) كچی (ئەلی عامە)، ژنی ئۆرییایی **حیثیی**، داوود كەسێكی نارد، ئەو ئافرەتەی بانگ كرد، ئافرەتەكە هاتە لای، داوود لەگەڵی جووت بوو، چونكە لە حەیز پاك بوو بۆوە، دوایی ئافرەتەكە گەڕایەوە بۆ ماڵەوەیان و تۆلدار بوو، وەڵامی نارد بۆ داوود و لەوە ئاگاداری كردەوە، لە بەرەبەیاندا داوود نامەیەكی نووسی بۆ (یوئاب) {یوئاب كە یەكێك بووە لە فەرماندەكانی داوود، لە بەرەی جەنگدا} نامەكەشی هەر بە ئۆرییادا نارد، {واتە: بە مێردی ئەو ژنەدا، كە زینای لەگەڵ دا كردوە} كە لەو نامەیەدا هاتبوو: ئۆرییا بخەنە هێڵەكانی پێشەوەی جەنگ، ئنجا كە شەڕی قورس ڕوویدا، ئێوە لە پشتیەوە بكشێنەوە، تاكو بۆ خۆی لە بەین بچێ {ئنجا دوایی باس دەكات كە چۆن وایان كردووە و ئۆرییا كوژراوە، ئنجا دەڵێ:} كاتێك ژنی ئۆرییا بەوەی زانی، كە مێردەكەی كوژراوەو، شینی لەسەر گێڕاو، كاتێك ماوەی شین گێڕانەكەی بەسەر چوو، داوود بە دوای ئەو ئافرەتەیدا ناردو، هێنای بۆ كۆشك، هاوسەرگیریی لەگەڵدا كردو، كوڕێكیشی لێی بوو، بەڵام پەروەردگار ئەو كارەی كە داوود كردی، زۆری پێ ناخۆش بوو.

ئنجا لە لاپەڕە (٦٦٤)ی هەمان سەرچاوەداو لە ژێر ناوونیشانی: (لە دایك بوونی سولەیمان)دا، دەڵێ: داوود چوو بۆ لای بەشەئبەع و دڵی دایەوە، بەڵام دوایی لەگەڵی جووت بوو، دوای ئەوە كە كردی بە هاوسەری خۆی و، كوڕێكی لێیبوو، ناوی لێنا: (سولەیمان)، پەروەردگار ئەو كوڕەی زۆر خۆشویست!

ئنجا وەك گوتمان: بەداخەوە زۆربەی ڕوونكەرەوانی قورئان بەبێ ڕەخنە لێگرتن، ئەم بەسەرهاتەیان هێناوە، بەڵام ژمارەیەكیشیان بە توندیی ڕەخنەیان لێگرتوە، بۆ وێنە: (الرازي) دەڵێ: (**وَالَّذِي أَدِينُ بِهِ وَأَذْهَبُ إِلَيْهِ أَنَّ ذَلِكَ بَاطِلٌ، وَيَدُلُّ عَلَيْهِ وُجُوهٌ: الْأَوَّلُ: أَنَّ هَذِهِ الْحِكَايَةَ لَوْ نُسِبَتْ إِلَى أَفْسَقِ النَّاسِ وَأَشَدِّهِمْ فُجُورًا لاستنكف منها، والرجلُ الحشوي الْخَبِيثُ الَّذِي يُقَرِّرُ تِلْكَ الْقِصَّةَ، لَوْ نُسِبَ إِلَى مِثْلِ هَذَا الْعَمَلِ لَبَالَغَ فِي تَنْزِيهِ نَفْسِهِ، وَرُبَّمَا لَعَنَ مَنْ يَنْسُبُهُ إِلَيْهَا، الثَّانِي: أَنَّ حَاصِلَ الْقِصَّةِ**

يَرْجِعُ إِلَى أَمْرَيْنِ: إِلَى السَّعْيِ فِي قَتْلِ رَجُلٍ مُسْلِمٍ بِغَيْرِ حَقٍّ، وَإِلَى الطَّمَعِ فِي زَوْجَتِهِ، وَالثَّالِثُ: أَنَّ اللَّهَ تَعَالَى وَصَفَ دَاوُدَ عَلَيْهِ السَّلَامُ قبل ذكر هذه القصة بالصفات العشر الْمَذْكُورَةِ، وَوَصَفَهُ أَيْضًا بِصِفَاتٍ كَثِيرَةٍ بَعْدَ ذِكْرِ هَذِهِ الْقِصَّةِ).

واتە: ئەوەی کە من بڕوام پێی هەیەو بۆی دەچم و بە دینی دەزانم، ئەوەیە کە ئەو بەسەرهاتە پووچ و بێ بنەمایەو، چەند شتێک ئەوە دەسەلمێنن، (ئنجا سێ بەڵگان دێنێتەوە:)

بەڵگەی یەکەم: ئەگەر ئەو بەسەرهاتە پاڵ بدرێتە لای گوناهبارترین کەس و ئەوەی لە هەمووان تاوانبارترە، بێزی لێی دەبۆوەو، بابای ڕووکەش بینی پیس، (مەبەستی پێ ئەو کەسانەیە، ئەو بەسەرهاتانە وەردەگرن و دەیانکەن بە تەفسیر بۆ قورئان)، کاتێک کە ئەم بەسەرهاتە ئاوا دەگێڕێتەوە، ئەگەر وێنەی ئەو کردەوەیە پاڵ بدرێتە لای وی، زۆر خۆی بە پاک دەگرێ، بەڵکو ڕەنگە نەفرینیش لەو کەسە بکات کە بڵێ: تۆ واتکردوە! {کە تەماعی لە ژنی ڕەفیقێکی کرد بێ و، هەوڵبدات ڕەفیقەکەی بکوژێ و، بیشیکوژێ و دوایی ژنەکەشی بێنێ!}.

بەڵگەی دووەم: پوختەی ئەم بەسەرهاتە دەگەڕێتەوە بۆ دوو شتان:

أ- هەوڵدان بۆ کوشتنی پیاوێکی مسوڵمان، بەبێ هەق.

ب- تەماع تێکردنی ژنەکەی، {کە داوود، بە حیساب دەبێ هەم ئۆرییای بە کوشت دابێ و، هەم تەماعی لە ژنەکەشی کردوە، بەڵکو مێردەکەی هەر زیندوو بووە کە زینای لەگەڵدا کردوە!}.

بەڵگەی سێیەم: خوای بەرز داوودی پێش ئەم بەسەرهاتە، بە دە (١٠) سیفەتان وەسف کرد، {کە پێشتر هێنامانن و فەخرەددینی ڕازیی هەڵیهێنجاون کە ئێمە کردمانن بە یازدە} هەروەها دوای ئەوەش بە کۆمەڵێ سیفەتی دیکە، لە دوای ئەم بەسەرهاتە، وەسفی کردوە.

کەواتــە: خــاوەنی ئــەو هەمــوو ســیفەتە بــەرزو جوانانــە، هەرگیــز ئــەوەی لــێ ناوەشێتەوەو، بە هیچ پێودانگێک ئەوە ناگونجێ، سەرچاوەی ئەو بەسەرهاتەش پەیمانی کۆنە، بەڵام ئایەتەکان ئەگەر وەک خۆیان سەرنجیان بدەین، کەم و زۆر ناچنــەوە ســەر ئــەوەو، لــە ڕاســتیی دا داوودیــش ﷺ یەکــەم پێغەمبــەر نیــە، کــە لــە پەیمانی کۆنــدا شــتی زۆر بــێ جێــی پاڵدراوەتــە لای، کــە تەنانــەت مســوڵمانێکی ئاسایی لە خۆییان ناوەشێنێتەوە، چ جای پێغەمبەرێکی پایە بەرز!!



مەسەلە گرنگەکان

مەسەلەی یەکەم:

فەرمانکـردنی خـوا بـە پێغەمبـەری خاتـەم ﷺ کـە خۆڕگربـێ لـە بەرانبـەر قسـەو قاڵـی ناحـەزانی بێبڕوایـداو، یـادی داوود عليه السلام یـش بـکات و، بیکاتـە سـەر مەشـق لـە مامەڵەکـردنی لەگـەڵ دەوروبـەرو کۆمەڵـگادا، پاشـان وەسـفکردنی داوود بـە یـازدە سیفەت، کـە هەندێکیـان خەسـڵەتی خـودی (داوود)ن و، هەندێکیشـیان ئـەو نیعمەتانـەن کـە خـوا سبحانه وتعالى پێیـداون:

خــوا دەفەرمــوێ: ﴿اصْبِرْ عَلَىٰ مَا يَقُولُونَ وَاذْكُرْ عَبْدَنَا دَاوُودَ ذَا الْأَيْدِ ۖ إِنَّهُ أَوَّابٌ ﴿١٧﴾
إِنَّا سَخَّرْنَا الْجِبَالَ مَعَهُ يُسَبِّحْنَ بِالْعَشِيِّ وَالْإِشْرَاقِ ﴿١٨﴾ وَالطَّيْرَ مَحْشُورَةً ۖ كُلٌّ لَّهُ أَوَّابٌ ﴿١٩﴾
وَشَدَدْنَا مُلْكَهُ وَآتَيْنَاهُ الْحِكْمَةَ وَفَصْلَ الْخِطَابِ ﴿٢٠﴾﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە دە بڕگەدا:

١)- ﴿اصْبِرْ عَلَىٰ مَا يَقُولُونَ﴾، خۆڕاگربە لەسەر ئەوەی دەیڵێن، واتە: لەسەر ئەو قسە پووچانەی هاوبەش بۆ خوا دانەرەکان دەیانڵێن، چ دەربارەی خوا سبحانه وتعالى کە هاوبەشی بۆ دادەنێن، چ دەربارەی قورئان کە بە شیعرو جادووی لە قەڵەم دەدەن، چ دەربارەی خۆت کە تۆمەتی شێتیی و جادووگەریی و شاعیرییت دەدەنە پاڵ، خۆڕاگر بە: ﴿اصْبِرْ عَلَىٰ مَا يَقُولُونَ﴾، بێگومان ئینسان بەبێ خۆڕاگرتن لە بەرانبەر قسەی پووچ و تۆمەتی ناڕەوای ناحەزانیدا، بە هیچ ئامانجێک ناگات، خۆڕاگر بوون، یانی: خۆت شلوێ نەکەی و نەشڵەژێی و هاوسەنگییت تێک نەچێ، بەبێ ئەو جۆرە خۆڕاگریی و پشوو درێژییە، هەر کاتێ ئینسان قسەیەکی ناحەزێکی بیست، تۆمەتێکی ئاڕاستەکرا، هاوسەنگیی تێکبچێ و دنیای لێ بێتەوە

یەک، هیچی بۆ ناکرێ، بۆیە خوا دەفەرمووێ: ﴿ ٱصۡبِرۡ عَلَىٰ مَا يَقُولُونَ ﴾، خۆڕاگربە لەسەر ئەوەی دەیڵێن.

٢)- ﴿ وَٱذۡكُرۡ عَبۡدَنَا دَاوُۥدَ ﴾، یادی بەندەکەشمان داوود بکەوە، وەک پێشتریش لە مانای گشتییەکەیدا گوتمان، ئەمە دوو سیفەتی تێدان لە یازدە سیفەتەکانی کە خوا ﷻ داوودیان ﷺ پێ مەدح دەکات، لەو چوار ئایەتەدا، ﴿ وَٱذۡكُرۡ عَبۡدَنَا دَاوُۥدَ ﴾، یادی داوودی بەندەمان بکەوە واتە: ئەو داوودە ﷺ، بکە بە سەر مەشقی خۆت، لە بەسەرهاتیەوە ڕابمێنەو، لە هەڵسوکەوتەکانیەوە ڕابمێنە، ﴿ عَبۡدَنَا دَاوُۥدَ ﴾، بەندەکەی ئێمە داوود، ئەوە سیفەتی دووەمیەتی، لە ڕاستیی دا داوود ﷺ بە هۆی ئەوەوە کە بەندەی چاک بووە بۆ خوا ﷻ، شایستەی ئەوە بووە خوا بیکاتە ڕەوانەکراوی خۆی و، شایستەی ئەوەش بووە پێغەمبەری خاتەم ﷺ بیکاتە سەرمەشقی خۆی، لە خۆڕاگریی و لە شێوەی مامەڵەکردن لە دەوروبەرو کۆمەڵگادا.

٣)- ﴿ ذَا ٱلۡأَيۡدِ ﴾، خاوەن هێز بوو (**أَي: صَاحِبَ القُوَّةِ**)، چونکە (**أَيد**) کۆی (**يَد**)ە، (**يَد**) یانی: دەست، (**أَيد**)، واتە: دەستەکان، خاوەنی دەستەکان مەبەست پێی خاوەنی هێزو توانا، لەبەر ئەوەی وشەی دەست چ لە کوردییداو، چ لە عەرەبییداو، چ لە زمانەکانی دیکەدا، ڕەمزی هێزە، دەڵێ: دەستی فڵانکەس بەسەروانەوە هەیە، یان دەستی وی لەسەرەوەیە، وەک خوا دەفەرمووێ: ﴿ يَدُ ٱللَّهِ فَوۡقَ أَيۡدِيهِمۡ ...(١٠) ﴾، الفتح، ﴿ ذَا ٱلۡأَيۡدِ ﴾، واتە: خاوەنی هێزو توانا، هێزی جەستەییش دەگرێتەوەو، توانای مەعنەوییش دەگرێتەوە، بەڵام زیاتر توانای مەعنەویی مەبەستە.

ئەمەش سیفەتی سێیەمی.

٣)- ﴿ إِنَّهُۥٓ أَوَّابٌ ﴾، بە دڵنیایی ئەو زۆر گەڕاوە بوو، گەڕاوە بوو بۆ لای خوا ﷻ هەمیشە لە خزمەت خوادا بوو، بۆ جێبەجێ کردنی فەرمانەکانی و، خۆ لێ پاراستنی قەدەغەکانی، ئەگەر هەڵەیەکیشی کردبایەو، هەڵەی گوتبا، ئەوا زوو دەگەڕایەوە بۆ لای خوا ﷻ.

ئەمەش سیفەتی چوارەمی.

٤)- ﴿إِنَّا سَخَّرۡنَا ٱلۡجِبَالَ مَعَهُۥ﴾، ئێمە چیاکانمان لەگەڵیدا دەستەمۆ کرد بوون، ملکەچ کرد بوون.

ئەمەش سیفەتی پێنجەمی.

شایانی باسە: دەگونجێ (**معه**) پەیوەست بێ بە: (إِنَّا سَخَّرۡنَا ٱلۡجِبَالَ) ەوەو، دەشگونجێ پەیوەست بێ بە (يُسَبِّحۡنَ...)ەوە، هەردووک واتاکانی هەن و تێکگیراویش نین.

٥)- ﴿يُسَبِّحۡنَ بِٱلۡعَشِيِّ وَٱلۡإِشۡرَاقِ﴾، ئێواران و دەمەو خۆرهەڵات بە پاکیان دەگرت، یانی: خوایان بە پاک دەگرت، واتە: کە داوود ڕازو نیازی دەکردو خوای بە پاک دەگرت و، ستایشی خوای دەکردو، موناجاتی دەکرد لە خزمەت خوادا، چیایەکانیش لەگەڵیاندا دەگوتەوە، پێشتریش باسمان کرد لە تەفسیری سوورەتی (**الأنبیاء**)دا، هەروەها لە سوورەتی (**سبأ**)یشدا، کە هەندێک لە زانایان گوتوویانە: واتە: چیایەکان دەنگیان دەدایەوە، کە داوود عليه السلام دەیچریکاند بەو دەنگە پڕ سۆزو خۆشەی خۆی و، موناجاتی لە خزمەت خوادا دەکرد، دەنگیان دەدایەوە!! بەڵام بێگومان ئەو واتایە ڕاست نیە، چونکە شوانێکیش کاتێک بانگی مەڕەکانی دەکات لە چیا، چیایەکە دەنگ دەداتەوە، هەروەها لە ئەشکەوتێکیش دا هەر کەسێک هاوار بکات، ئەشکەوتەکە دەنگ دەداتەوەو، ئەوە هیچ ئیمتیازو زیادەیەک نیە، کە خوا سبحانه وتعالى باسی بکات بۆ داوود عليه السلام! بەڵام، چیایەکان هەر لەگەڵیان گوتۆتەوە، نەک تەنیا دەنگ بدەنەوە، بەڵکو وەک داوود دووبارەیان کردۆتەوە.

ئەمەش سیفەتی شەشەمی.

٦)- ﴿وَٱلطَّيۡرَ مَحۡشُورَةٗ﴾، هەروەها باڵندەکانیش خڕ کرابوونەوە بۆ داوود عليه السلام هەر کاتێک بانگی کردبان، بە دەمیەوە دەهاتن، ئنجا خوا نەیفەرموە: کامە بوون؟! کۆتر بوون، کەو بوون، سوێسکە بوون، چۆلەکە بوون، قازو قورینگ بوون، بۆیە هەموویان دەگرێتەوە، ﴿وَٱلطَّيۡرَ مَحۡشُورَةٗ﴾، باڵندەکانیش کۆکرابوونەوەو، خڕکرابوونەوە.

ئەوەش سیفەتی حەوتەمی.

٧)- ﴿كُلّٞ لَّهُۥٓ أَوَّابٞ﴾، هەرکامیان زۆر گەڕاوەبوو بۆی، تەنوینی سەر: (**كُلٌّ**)، قەرەبووی پاڵویێدراو (**مُضافٌ إلَيه**)ە، یانی: (**كُلُّ الطُّيُورِ**)، یان (**كُلُّ الجِبالِ وَالطُّيُورِ**)، هەموویان

دەگرێتەوە، دەگونجێ مەبەست پێی، هەم چیایەکانیش و هەم باڵندەکانیش بێ، (**لَهُ**)، واتە: بۆ داوود ﷺ، (**أَوّابٌ**)، واتە: زۆر گەڕاوە، کە مەبەست لێرەدا ئەوەیە هەموویان بۆی فەرمانبەر بوون، واتە: بۆ داوود ﷺ، یان بۆ خوا، کە لێرەدا خوا ﷻ باسی چیایەکان و باڵندەکان دەکات، داوود ئیشێکی دیکەی پێیان نەبووە، دەرناکەوێ ئیشێکی دیکەی پێیان بووبێ، جگە لەوەی کاتێک ئەو موناجات دەکات لە خزمەت خواداو، لە خوا دەپاڕێتەوەو ڕازو نیاز دەکات، ئەوانیش لەگەڵی بڵێنەوە، ئنجا بۆ ئەو مەبەستە هەموویان بۆی فەرمانبەر بوون و، لەگەڵی بوون و بۆ لای دەگەڕانەوە.

ئەمیش سیفەتی هەشتەمی.

٨)- ﴿وَشَدَدْنَا مُلْكَهُۥ﴾، حوکمڕانییەکەیمان بەهێز کرد، مەحکەممان کرد، کە سوپایەکی جەنگاوەری زۆرو، ژێرخانێکی ئابووری مەحکەم و، هێزێکی هەواڵگریی و ئیدارەدانێکی باش، هەموویان دەگرێتەوە.

ئەمیش سیفەتی نۆیەمی.

٩)- ﴿وَءَاتَيْنَـٰهُ ٱلْحِكْمَةَ﴾، هەروەها حیکمەتمان پێ بەخشیی، (حیکمەت)یش یانی: زانیاریی بە سوود، یان: پێکان لە قسەو لە کردەوەدا، قسەی بە جێ و کرداری بەجێ.

ئەمیش سیفەتی دەیەمی.

١٠)- سیفەتی یازدەیەمی و نیعمەتی یازدەیەم، کە خوا ﷻ بە (داوود ﷺ)ی داوە: ﴿وَفَصْلَ ٱلْخِطَابِ﴾، پێشتریش باسمان کرد (**فَصلَ**) بە مانای لێک جیاکردنەوە دێ، (**الخِطَاب**)یش بە مانای دواندن دێ، ئنجا دواندنی لێک جیا، واتە: دواندنی ڕوون، قسەیەک کە بەرانبەرەکە بە ئاسانیی لێی تێبگات، چونکە قسەیەک کە وشەکان و تەعبیرەکانی تۆزێک لە یەک دوور بن، باشتر فام دەکرێ، وەک لەوەی تێکەڵ و پێکەڵ بێ، هەیە هەر زار پێکدا دەدات و، قسەکانی تێکەڵ دەکات و دەیکاتە ڕیس و گوریس، خەڵک باش لێی تێناگات، واتایەکی دیکەی: ﴿وَفَصْلَ ٱلْخِطَابِ﴾، واتە: توانای لێک جیاکردنەوەی کێشەو مشت و مڕەکان و، دادوەریی کردنێکی باشمان پێدابوو.

مەسەلەی دووەم:

بەسەر دیواردا، لە میحرابی داوود وەژوور کەوتنی دوو کەسی پێکەوە ناکۆک و، داوا کردنیان لێی کە بە حەق دادوەرییان لە نێواندا بکات و، کێشەکەشیان ئەوە بووە: (دوو برا، یەکیان نەوەدو نۆ سەر مەڕو، ئەوی دیکەشیان یەک سەر مەڕی هەبووە، کەچی خاوەن نەوەدو نۆ سەر مەڕەکە، داوای لێکردوە ئەو تاکە مەڕەیشی تەسلیم بکات و، بە قسەش بەسەریدا زاڵبووە)، داوودیش یەکسەر دوای بیستنی قسەی داواکار، بڕیاری ستەمکار بوونی داوا لەسەر کراو (مُدَّعَى عَلَيْهِ)ی داوە، بێ ئەوەی گوێی بۆ بگرێ، بەڵام دوایی زانیویەتی کە ئەوە تاقیکردنەوەی خوا بووە بۆی و، یەکسەریش پەشێمان بۆتەوەو داوای لێبوردنی لە خوا کردوەو، کەوتۆتە ڕکووع و پەروەردگاریشی لێیبوردوەو، پلەی نیزیکیی و سەرەنجامی چاکیشی پێ داوە:

خوا دەفەرموێ: ﴿وَهَلْ أَتَاكَ نَبَؤُا الْخَصْمِ إِذْ تَسَوَّرُوا الْمِحْرَابَ ﴿٢١﴾ إِذْ دَخَلُوا عَلَى دَاوُودَ فَفَزِعَ مِنْهُمْ قَالُوا لَا تَخَفْ خَصْمَانِ بَغَى بَعْضُنَا عَلَى بَعْضٍ فَاحْكُمْ بَيْنَنَا بِالْحَقِّ وَلَا تُشْطِطْ وَاهْدِنَا إِلَى سَوَاءِ الصِّرَاطِ ﴿٢٢﴾ إِنَّ هَذَا أَخِي لَهُ تِسْعٌ وَتِسْعُونَ نَعْجَةً وَلِيَ نَعْجَةٌ وَاحِدَةٌ فَقَالَ أَكْفِلْنِيهَا وَعَزَّنِي فِي الْخِطَابِ ﴿٢٣﴾ قَالَ لَقَدْ ظَلَمَكَ بِسُؤَالِ نَعْجَتِكَ إِلَى نِعَاجِهِ وَإِنَّ كَثِيرًا مِنَ الْخُلَطَاءِ لَيَبْغِي بَعْضُهُمْ عَلَى بَعْضٍ إِلَّا الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ وَقَلِيلٌ مَا هُمْ وَظَنَّ دَاوُودُ أَنَّمَا فَتَنَّاهُ فَاسْتَغْفَرَ رَبَّهُ وَخَرَّ رَاكِعًا وَأَنَابَ ﴿٢٤﴾ فَغَفَرْنَا لَهُ ذَلِكَ وَإِنَّ لَهُ عِنْدَنَا لَزُلْفَى وَحُسْنَ مَآبٍ ﴿٢٥﴾﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە بیست بڕگەدا:

١)- ﴿وَهَلْ أَتَاكَ نَبَؤُا الْخَصْمِ﴾، {ئەی موحەممەد ﷺ!، یان ئەی هەر کەسێک کە قورئان دەخوێنێ} ئایا هەواڵی خەڵکە ناکۆکەکەت پێگەیشتوە؟ ئەوانەی پێکەوە ناکۆکیی

و مشت و مڕیان بوو، ﴿وَهَلۡ أَتَىٰكَ﴾، (**الإِسْتِفْهَامُ لِلتَعجِيبِ أَو لِلْبَحْثِ عَنِ العِلْمِ**)، پرسیارکردنەکە یان بۆ سەر سوڕماندنە {یانی: ئەو کەسە ناکۆکانە پێکەوە، بەسەرهاتێکی زۆر سەرسوڕهێنەریان هەبووە، ئایا هەواڵەکەیانت پێگەیشتوە؟} یاخود پرسیارکردن بۆ لێکۆڵینەوەیەو بۆ بە دوای زانستدا گەڕانە، واتە: ئایا زانیارییت هەیە لە بارەیانەوە؟ وشەی (**خَصم**)، یش: (**إِسمٌ يُطْلَقُ عَلَى الوَاحِدِ وَالكثِيرِ**)، (**خَصم**)، واتە: ناکۆک، بۆ یەکێکیش و بۆ دووان و بۆ کۆش بەکاردێ.

٢)- ﴿إِذۡ تَسَوَّرُواْ ٱلۡمِحۡرَابَ﴾، کاتێک کە بەسەر دیواری میحرابەکەدا سەرکەوتن، (**التَّسَوُّرُ: تَفَعُّلٌ مُشْتَقٌّ مِنَ السُّورِ، وَهُوَ الجِدَارُ المُحِيطُ بِمَكَانٍ، أَو بَلَدٍ، تَسَوَّرَ أَي: اعتدل عَلَى السّور، مِثْلُ تَسَنَّمَ أي اعتدل عَلَى سَنَمَ البَعيرِ**)، (**تَسَوُّر**) (**تفعّل**)ە وەرگیراوە لە (**سُور**)ەوە، کە بریتیە لەو دیوارەی دەورەی شوێنێکی داوە، یاخود دەورەی شارێکی داوە، (**تَسَوَّرَ**) واتە: چووە سەر (سور)و، چووە سەر دیوارەکە، وەک (**تَسَنَّمَ**)، واتە: چووە سەر (**سَنام**) یانی: دونگی حوشتر.

﴿إِذۡ تَسَوَّرُواْ ٱلۡمِحۡرَابَ﴾، (**المِحْـرَابُ: بَيْـتُ العِبَـادَةِ الخَـاصّ أَي: البَيْـتِ المُتَخَّـذ لِلْعِبَـادَة**)، یـانی: ژوورێکـە تایبـەت کـراوە بـە خواپەرسـتییەوە، بـە تایبـەتی بـۆ خـوا پەرســتیی دیارییکــراوە.

٣)- ﴿إِذۡ دَخَلُواْ عَلَىٰ دَاوُۥدَ فَفَزِعَ مِنۡهُمۡ﴾، یاد بکەوە! کاتێک لە داوود وەژوور کەوتن، ئنجا ئەو بە هۆیانەوە داچڵەکی و ترسی ڕێنیشت ، بیمی بەرانبەریان هەبوو، (**الفَزَعُ: الذُّعْرُ، وَهُوَ انْفِعَالٌ يَظهَرُ مِنْهُ اضْطِرَابٌ عَلَى صَاحِبِهِ مِنْ تَوَقُّعِ شِدَّةٍ مُفاجَئَةٍ**)، (**فَزَع**) داچڵەکینێکە کە خاوەنەکەی هاوسەنگیی تێکدەچێ، لەبەر ئەوەی مەترسیی سەختییەکی کتوپڕی بە ملدا هاتوە.

٤)- ﴿قَالُواْ لَا تَخَفۡ خَصۡمَانِ بَغَىٰ بَعۡضُنَا عَلَىٰ بَعۡضٍ﴾، گوتیان: مەترسێ، ئێمە دوو کەسی پێکەوە ناکۆکین، هەندێکمان ستەممان لە هەندێکمان کردوە، واتە: یەکێکمان ستەمی لەوی دیکەمان کردوە.

ئنجا لێرەدا زانایان پرسیارێکیان کردوە: چۆن داوود داچڵەکیوەو لە جگە لە خوا ترساوە؟ وەڵامەکەی ئەوەیە کە ترسان شتێکی سروشتییە، پاشان پێغەمبەران (عَلَيْهِمُ الصَّلاةُ وَالسَّلام) فەرمانیان پێکراوە ژیانی خۆیان بپارێزن، چونکە ژیانیان تەنیا هی خۆیان نیە، بەڵکو هی خەڵک و کۆمەڵگایە، کە دەبێ کار لەسەر هیدایەتدان و ڕاستە ڕێ کردنیان و بەرچاو ڕۆشنکردنەوەیان و فێری خواپەرستیی کردنیان، بکەن، بۆیە لەسەریان پێویست بووە خۆیان بپارێزن و، کاتێک هەستیان بە مەترسییەک کردوە، شتێکی ئاسایی بووە کە دابچڵەکن.

کە دەڵێن: ﴿ بَغَىٰ بَعۡضُنَا عَلَىٰ بَعۡضٍ ﴾، دەڵێن: (البَغِيُ: الظُّلْمُ وَالتَّعَدِّي) (بغي) بریتیە لە ستەم و سنوور شکێنیی بەلایەکدا.

٥)- ﴿ فَٱحۡكُم بَيۡنَنَا بِٱلۡحَقِّ ﴾، تۆ دادوەرییمان لە نێواندا بکە بە هەق، واتە: بە شێوەیەکی چەسپاو و ڕێک و ڕاست.

٦)- ﴿ وَلَا تُشۡطِطۡ ﴾، ئەوە بۆ تەئکید کردنەوەیە، ئەگەرنا: ﴿ فَٱحۡكُم بَيۡنَنَا بِٱلۡحَقِّ ﴾، بە هەق و ڕاستیی دادوەرییمان لە نێواندا بکە چەمکی: لامەدە (وَلَا تُشۡطِطۡ)ش دەگرێتەوە ﴿ وَلَا تُشۡطِطۡ ﴾ یانی: ستەم مەکە، ﴿ وَلَا تُشۡطِطۡ ﴾، (مُضارِعُ أَشَطَّ، أَشَطَّ عَلَيهِ أي: جَارَ عَلَيهِ، شَطَّ وَأَشَطَّ: أَي: جارَ)، واتە: ستەمی لێکرد، کە دەڵێن: ﴿ وَلَا تُشۡطِطۡ ﴾، واتە: ستەم مەکەو لامەدە، یان لە هەق دوور مەکەوەوە.

٧)- ﴿ وَٱهۡدِنَآ إِلَىٰ سَوَآءِ ٱلصِّرَٰطِ ﴾، بمانخە سەر ڕاستە ڕێ، (الهُدَى: هُنَا مُسْتَعَارٌ لِلبَيَانِ وَإِيضَاحُ الصَّوَابِ)، (الهُدى) لێرەدا خوازراوەتەوە بۆ ڕوونکردنەوەو دەرخستنی ڕاستیی، ڕاستیی چۆنە؟ ئاوا پێشانمانبدە.

ئنجا دێنە سەر خستنە ڕووی کێشەکەیان و، یەکێکیان کە داواکار (مُدَّعِي)ە، دەڵێ:

٨)- ﴿ إِنَّ هَٰذَآ أَخِي ﴾، ئەمە برامە، واتە: برای دایک و بابیی، واپێدەچێ زیاتر مەبەست پێی ئەوە بێ.

٩)- ﴿ لَهُۥ تِسۡعٌ وَتِسۡعُونَ نَعۡجَةً ﴾، نەوەدو نۆ (٩٩) سەر مەڕی هەیە.

١٠)- ﴿ وَلِيَ نَعۡجَةٌ وَٰحِدَةٌ ﴾، منیش یەک سەر مەڕم هەیە.

١١)- ﴿ فَقَالَ أَكۡفِلۡنِيهَا ﴾، ئنجا گوتی: مەڕەکەی خۆشت تەسلیمی من بکە، (**أَكْفِلنِيهَا، أَي: مَلِّكْنِيهَا، وَاجْعَلْنِي أَكْفُلُهَا**)، بیدە بە من و من بکە بە سەرپەرشتیاری.

١٢)- ﴿ وَعَزَّنِي فِي ٱلۡخِطَابِ ﴾، لە دواندنیش دا بەسەرمدا زاڵبووە، (**أَي: وَغَلَبَنِي فِي الكَلَامِ**)، لە قسەکردنیش دا بەسەرمدا زاڵ بووە، دەبێ بە دەسەڵاتتر بووبێ، ئەمە وادەردەخات کە پێشێ داوای مەڕەکەی لێکردوەو، کاتێک ئەو گوتوویەتی: ناتدەمێ، ئەویش هەڕەشەی لێکردوەو قسەی توندی لەگەڵدا کردوە، بۆیە ناچار بووە سکاڵای خۆی بێنێتە لای داوود ﷷ.

١٣)- ﴿ قَالَ لَقَدۡ ظَلَمَكَ بِسُؤَالِ نَعۡجَتِكَ إِلَىٰ نِعَاجِهِۦ ﴾ (داوود ﷷ) گوتی: بەدڵنیایی بە داواکردنی مەڕەکەت بۆ گەڵ مەڕەکانی، ستەمی لێکردووی، خستنە ڕووی بابەتەکەی داواکار (**مُدَّعِي**) هێندە وروژێنەر بوو، هەست و سۆزی داوودی جووڵاندو لە بیری چوو لە داوا لەسەر کراو (**مُدَّعَى عَلَيهِ**)ش بپرسێ: ئەرێ وایە، وانیە؟ ئەرێ بۆچی داوات لێکردوە؟ دەگونجێ بۆ ئەوە داوا لێکرد بێ، مەڕەکەی بۆ بەخێو بکات و گوتبێتی: تۆ مەڕێکت بۆ چییە بە تەنیا، پێوەی ماندوو دەبی؟ من بۆت بەخێو دەکەم و بەرهەمەکەش بۆ خۆت، بە هەر حاڵ دەبوو لێی پرسیبایە، بەڵام یەکسەر گوتی: ﴿ قَالَ لَقَدۡ ظَلَمَكَ بِسُؤَالِ نَعۡجَتِكَ إِلَىٰ نِعَاجِهِۦ ﴾، گوتی: بە دڵنیایی ستەمی لێکردووی کە داوای مەڕەکەتی کردوە بۆ گەڵ مەڕەکانی خۆی، لێرەدا وشەی (**سُؤَال**) (**ضُمِّنَ سُؤَال مَعْنَى الضَمِّ**)، أَي: (**لَقَدْ ظَلَمَكَ بضمِّ نَعْجَتِكَ إِلَى نِعَاجِهِ وَسُؤَالِكَ إِيَّاهَا**)، وشەی (**سُؤَال**) مانای خستنە گەڵی خراوەتە نێو، یانی: بە دڵنیایی ستەمی لێکردووی کە داوای لێکردووی مەڕەکەی خۆت بخەیە گەڵ مەڕەکانی وی.

١٤)- ﴿ وَإِنَّ كَثِيرٗا مِّنَ ٱلۡخُلَطَآءِ لَيَبۡغِي بَعۡضُهُمۡ عَلَىٰ بَعۡضٍ ﴾، بە دڵنیایی زۆرێک لەوانەش پێکەوە تێکەڵن، هەندێکیان ستەم لە هەندێکیان دەکەن، مافی هەندێکیان پێشێل دەکەن، (**الخُلَطَاءُ: جَمْعُ خَلِيط، مِثْلُ الشُّرَكَاءُ جَمْعُ شَرِيك، لكنَّ الخَلِيطَ مَعْنَاهُ أَعَمّ**)، ﴿ ٱلۡخُلَطَآءِ ﴾،

هەروەک (**شُرَكَاء**)ە، (**خُلَطاءُ**)، کۆی (**خَلِيطَ**)ە، هەروەک (**شُرَكاء**) کۆی (**شَرِيك**)ە، (**شريك**) یانی: هاوبەش لە شتێکی دیارییکراودا، بەڵام (**خَلِيط**) مانایەکەی گشتییترە، بە دراوسێ و بە برادەرو بە هاوبەش دەگوترێ و، بە هەر جۆرە تێکەڵییەک دەگوترێ.

١٥)- ﴿إِلَّا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ﴾ {هەموو ئەوانەی کە پێکەوە تێکەڵییان دەبێ ستەم لە یەکدی دەکەن} جگە لەوانەی بڕوایان هێناوەو، کردەوە باشەکان ئەنجام دەدەن.

١٦)- ﴿وَقَلِيلٌ مَّا هُمْ﴾، ئەوانیش کەمن، وشەی (ما)، لە: ﴿وَقَلِيلٌ مَّا﴾دا، (**لِقَصْدِ الإِبْهَامِ**) مەبەست پێی شاردنەوەیە، ئەمە هاندانیش بووە بۆ ئەوان، کە ئەوانیش لەو کەمە بن، لەو کەمە کە بڕوایان هێناوەو کردەوە باشەکان ئەنجام دەدەن و، چاویان لە ستەمکردن نیە لە یەکدی.

١٧)- ﴿وَظَنَّ دَاوُۥدُ أَنَّمَا فَتَنَّٰهُ﴾ داوود پێی وابوو تاقیمان کردەوە، (**ظَنَّ**) دەگونجێ بە مانای گومان بێ، بەڵام لێرەدا زیاتر واپێدەچێ بە مانای زانیاریی بێ، واتە: داوود ﵇ زانی کە ئێمە تاقییمان کردەوە، ئنجا بۆچی بە (**ظَنَّ**) هێناویەتی؟، وشەی (**ظَنَّ**) لە قوڕئاندا کە بەکاردێ، جاری وایە بۆ حاڵەتی سەرزەنشتکردن و، جاری واش هەیە بۆ حاڵەتی مەدحە، ئنجا ئەگەر بۆ حاڵەتی مەدح بێ، بۆیە وشەی (**ظَنَّ**) بەکاردێ، چونکە ئەو زانیارییانەی مرۆڤ لە ئەنجامی تێوەڕامان و سەرەنجدان و گەڕان و پشکنین دا دەستی دەکەون، سەرەتاکەیان گومانێکە دوایی وردە وردە بەهێز دەبێ، تاکو دەبێتە زانیارییەکی جێی دڵنیایی، کە دەفەرموێ: ﴿ٱلَّذِينَ يَظُنُّونَ أَنَّهُم مُّلَٰقُواْ رَبِّهِمْ ...﴿٤٦﴾﴾البقرة، واتە: گومانیان وایە کە بە دیداری پەروەردگاریان دەگەن، ئەو گومانە مەبەست پێی عیلمە، بەڵام ئەو زانیارییە یەکسەر زانیاریی بێ چەندو چۆن نەبووە، بەڵکو گومان بووە، دوایی وردە وردە گومانەکە بەهێز بووەو بەهێز بووە، لە ئەنجامی زۆر تێفکرین و بیرکردنەوەی مرۆڤ دا، سەرەنجام زانیارییەکەشی بە دیداری خوا بەهێز دەبێ، ﴿وَظَنَّ دَاوُۥدُ أَنَّمَا فَتَنَّٰهُ﴾، داوود زانی کە ئێمە تاقیمان کردۆتەوە، (**أَيْ: ابْتَلَيْنَاهُ وَاخْتَبَرْنَاهُ**)، زانی کە ئەوە تاقیکردنەوەی ئێمە بوو، دوایی باسی دەکەین کە چۆنی زانی؟

١٨)- ﴿فَاسْتَغْفَرَ رَبَّهُۥ وَخَرَّ رَاكِعًا وَأَنَابَ﴾، داوای لێبوردنی لە پەروەردگاری کردو، بە ڕکووع دا کەوت و، گەڕایەوە، (خَرَّ) یانی: (سَقَطَ)، ڕکووعیش: (الإِنْحِنَاء بِقَصْدِ التَّعْظِيم، دُونَ الوُصُولِ إِلَى الأَرْض)، بە کوردیی دەڵێین: چەمانەوە، ڕکووعیش هەر بەکاردێنین، کە بریتیە لەوە مرۆڤ بچەمێتەوە بێ ئەوەی بگاتە زەوی، کە گەیشتە زەوی پێی دەگوترێ: کڕنووش (سجدة)، بەڵام ئەو ڕکووعە دەبێ بە مەبەستی بە مەزنگرتن و گەورە گرتن بێت، هەر بۆیەش وەک چۆن کڕنووش بۆ جگە لە خوا دروست نیە، چەمینەوەش بۆ جگەلە خوا دروست نیە، کە بەداخەوە هەندێک لە حوکمڕانانی عەڕەب، خەڵکەکەی خۆیان ناچار دەکەن بۆیان بچەمنەوە، کە لە ڕاستییدا ڕکووع و سەجدە تەنیا تایبەتن بە خواوە ﷻ.

١٩)- ﴿فَغَفَرْنَا لَهُۥ ذَٰلِكَ﴾ (خوا فەرموویەتی:) ئێمەش ئەوەمان چاوپۆشیی بۆ لێکرد، لێمان بورد لەو هەڵوێستەی، لەو پەلە کردنەی لە دادوەریی دا.

٢٠)- ﴿وَإِنَّ لَهُۥ عِندَنَا لَزُلْفَىٰ وَحُسْنَ مَـَٔابٍ﴾، بە دڵنیایی بۆ وی لەلای ئێمە پلەیەکی نیزیک هەیە، (زُلْفَى) یانی: (قُرْبَى)، ﴿وَحُسْنَ مَـَٔابٍ﴾، یانی: باشترین شوێنی بۆ لا گەڕانەوە، باشترین سەرەنجامیشی لەلای ئێمە هەیە.

ئنجا ئەوە کە ئایا داوود ﷺ چۆنی زانیوە: خوا تاقیکردۆتەوەو ئەوە تاقیکردنەوەی خوا بووە؟ دوایی کە دە (١٠) هەڵوەستە لە بەرانبەر بەسەرهاتەکەی داوود ﷺدا دەکەین، تیشکێک دەخەینە سەر ئەو مەسەلەیەش.



مەسەلەی سێیەم:

فەرمانكـردنی خـوا بـە داوود ﷺ كـە گێڕاویـەتی بـە جێنشـین لەسـەر زەوی: پێویسـتە بـە هـەق دادوەریـی بـكات و نەكەوێتـە شـوێن ئـارەزوو، كـە مەبەسـت پێـی سـۆزو هەڵچوونـە، چونكـە بەهـۆی ئـەوەوە لـە ڕاسـتە ڕێـی خـوا لا دەدات و، سـەرەنجام دووچـاری ئـازاری سـەختی خـوا دەبـێ لـە قیامەتـدا:

خـوا دەفەرمـوێ: ﴿ يَٰدَاوُۥدُ إِنَّا جَعَلْنَٰكَ خَلِيفَةً فِى ٱلْأَرْضِ فَٱحْكُم بَيْنَ ٱلنَّاسِ بِٱلْحَقِّ وَلَا تَتَّبِعِ ٱلْهَوَىٰ فَيُضِلَّكَ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ ۚ إِنَّ ٱلَّذِينَ يَضِلُّونَ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ لَهُمْ عَذَابٌ شَدِيدٌۢ بِمَا نَسُوا۟ يَوْمَ ٱلْحِسَابِ ﴿٢٦﴾ ﴾.

شیكردنەوەی ئەم ئایەتە، لە شەش بڕگەدا:

١)- ﴿ يَٰدَاوُۥدُ إِنَّا جَعَلْنَٰكَ خَلِيفَةً فِى ٱلْأَرْضِ ﴾، ئەی داوود ﷺ! ئێمە تۆمان گێڕاوە بە جێنشین لە زەویدا، كە دەفەرموێ: ﴿ فِى ٱلْأَرْضِ ﴾، ئەلیف و لامی سەر ﴿ ٱلْأَرْضِ ﴾، بە تەئكید (ئەلیف و لامی ناساندن)ە، بەڵام بۆ جینس نیە، یانی: هەموو زەوی، چونكە حوكم و دەسەڵاتی داوود هەموو سەر زەوی نەگرتۆتەوە، بەڵكو ئەو ناساندنە بۆ عەهدە، سەر زەمینەكە، مەبەست پێی ئەو وڵاتە بووەو، ئەو شوێنی حوكمڕانییە بووە كە بەنوو ئیسرائیلی لێبوون، (داوود)یش وەك باب و باپیرانی پێشووی حوكمڕانیی كردوە بەسەر بەنوو ئیسرائیلداو، لەو شوێنەدا كە تێیدا نیشتەجێ بوون لە شام.

٢)- ﴿ فَٱحْكُم بَيْنَ ٱلنَّاسِ بِٱلْحَقِّ ﴾ {مادام تۆمان كردوە بە جێنشین لەسەر زەوی} تۆش دادوەریی لە نێوان خەڵكدا بكە بە هەق.

دیسـان ﴿ ٱلنَّاسِ ﴾یـش، لێـرەدا (أل)ەكـە بـۆ ناسـاندنەو بـۆ عەهـدە، واتـە: لـە نێـوان خەڵكەكـەدا، كـە خەڵكەكـەش مەبەسـت پێیـان خەڵكـی بەنـوو ئیسـڕائیلە، چونكـە هـەر حوكمـڕانی ئـەوان بـووەو، بـە هـەق حوكمڕانیـی بەسـەر خەڵكەكـەدا بكە، (حەق)یـش: (**ما يَقتَضِيـهُ العَـدلُ الشَّرعِـيُّ**)، هـەق دادگەرییەكـە شـەرع خوازیـاری بـێ.

٣)- ﴿ وَلَا تَتَّبِعِ ٱلۡهَوَىٰ ﴾، شوێن ئارەزوو مەکەوە، (أل) سەر ﴿ ٱلۡهَوَىٰ ﴾، بۆ جینسە، کە هەموو جۆرەکانی هەواو ئارەزوو دەگرێتەوە، واتە: بە دوای سۆزو هەڵچوون مەکەوە، بە هەر هۆیەکەوە ئەو سۆزو هەڵچوونە دروست بووبێ،

بــۆچـــی؟

٤)- ﴿ فَيُضِلَّكَ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ ﴾، ئەگەرنا ئەو شوێنکەوتنی ئارەزووە، تۆ لە ڕێی خوا لادەدات، ڕستەی: ﴿ فَيُضِلَّكَ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ ﴾، وەڵامی قەدەغەکردنەکەیە (**جَوَابُ النَّهي**)، پێشێ دەفەرموێ: ﴿ وَلَا تَتَّبِعِ ٱلۡهَوَىٰ ﴾، لەبەرچی؟ ﴿ فَيُضِلَّكَ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ ﴾، ئەگەر بە دوای ئارەزوو بکەوی، لە ڕێی خوا لات دەدات، ڕێی خواش بریتیە: لە ڕێی هەق و دادگەریی و وەک یەک تەماشاکردنی هەموو لایەک، کەدێنەلات بۆ چارەسری کێشە مشت و مڕ لەسەرەکان.

٥)- ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ يَضِلُّونَ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ لَهُمۡ عَذَابٞ شَدِيدُۢ ﴾، بە دڵنیایی ئەوانەی لە ڕێی خوا ون دەبن و لا دەدەن.

کەواتـە: دادگەریـی (**عَـدل**) ڕێـی خوایـەو، سـتەم پێچەوانەی ڕێـگای خوایـە، ئەوانەی کـە لـە ڕێـی خـوا لا دەدەن، واتـە: لـە دادگەریـی لا دەدەن بـۆ سـتەم و لادان، سـزایەکی سـەختیان بـۆ هەیـە.

٦)- ﴿ بِمَا نَسُواْ يَوۡمَ ٱلۡحِسَابِ ﴾، بە هۆی ئەوەوە کە ڕۆژی لێپرسینەوەیان لە بیرچۆتەوەو فەرامۆش کردوە، بێگومان ئینسان ئەگەر شتێکی لەبیر بچێتەوە، لەسەری سزا نادرێ، بەڵام یانی: پشتگوێیان خستوەو، نادیدەیان گرتوە وەک لە بیریان نەمابێ وایە، وشەی (ما)، لە: ﴿ بِمَا نَسُواْ ﴾ دا، (**مَصدَرِيَّةٌ، أَي بِسَبَبِ نِسْيَانِهِم**) چاوگییە، یانی: بە هۆی لە بیرچوونەوەیانەوە بۆ ڕۆژی لێپرسینەوە، کەواتە: لەبیر بوونی ڕۆژی لێپرسینەوە، مرۆڤ دەپارێزێ لەوە کە بە دوای ئارەزوو بکەوێ و، پەلکێشی زەلکاوی گوناهو تاوان بکرێ بە هۆی شوێنکەوتنی ئارەزووەکانەوە.

مەسەلەی چوارەم:

گەردوون بە حیکمەت دروستکراوە، نەک بە هەوەنتە، وەک بێبڕوایان گومان دەبەن و، بڕواداراني كردار باش و تێكدەران و، پارێزكاران و تاوانبارانیش، ناگونجێ یەكسان بن:

خوا دەفەرموێ: ﴿وَمَا خَلَقْنَا ٱلسَّمَآءَ وَٱلْأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَا بَٰطِلًا ۚ ذَٰلِكَ ظَنُّ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ ۚ فَوَيْلٌ لِّلَّذِينَ كَفَرُوا۟ مِنَ ٱلنَّارِ ﴿٢٧﴾ أَمْ نَجْعَلُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّٰلِحَٰتِ كَٱلْمُفْسِدِينَ فِى ٱلْأَرْضِ أَمْ نَجْعَلُ ٱلْمُتَّقِينَ كَٱلْفُجَّارِ ﴿٢٨﴾﴾.

شیكردنەوەی ئەم دوو ئایەتە، لە پێنج بڕگەدا:

١)- ﴿وَمَا خَلَقْنَا ٱلسَّمَآءَ وَٱلْأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَا بَٰطِلًا﴾، ئاسمان و زەوی و ئەوەی دەكەوێتە نێوانیانەوە، بە بێ ئامانج و بە هەوەنتەو بە پووچ نەمان هێناونە دی.

(**البَاطِلُ: ضِدُّ الحَقِّ، الحَقُّ: الحِكْمَةُ أَوِ الشَّيءِ الثَّابِت**)، هەق واتە: (**حِكْمَة**)، یان شتی چەسپاو و ئامانجدار، (**باطل**) یانی: شتی بێ ئامانج و هەوەنتەو بێ هۆكار.

٢)- ﴿ذَٰلِكَ ظَنُّ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟﴾، ئەوە گومانی ئەوانەیە كە بێبڕوان، كە: ئەم گەردوونە بە هەوەنتەو بێ حیكمەت و بێ ئامانج هێنراوەتە دی، كەواتە: بوونناسیی {علم الوجود - ONTOLOGY} پووچی كافرەكان بەو سەرەنجامەی گەیاندوون، چونكە ئەوانەی بێبڕوان، بوونناسییەكی پووچیان هەیە، نە خۆیان دەناسن و، نە خوا دەناسن، بۆیەش حیكمەت و نهێنیی و ئامانجێك كە لە پشت ئەم گەردوونەوە هەیە، نایبینن، شایانی باسە: ئێمە لە سەرەتای تەفسیری سووڕەتی (**یونس**)دا، باسێكی سەربەخۆمان لەو بارەوە كردووە، ئەو مەسەلەیە لە دەوری پازدە (١٥) شوێنی قورئاندا هاتوە[١]، كە خوا

---

(١) ئێمە كتێبی یەكەم لە مەوسووعەی: (الإسلام كما يتجلّى في كتاب الله) بە ناوونیشانی: (الإسلام معرفة صحيحة بالخالق والخلق) و، كتێبی چوارەم لە مەسووعەی: [بیركردنەوەی ئیسلامیی لە نێوان وەحیی و واقیع دا]، بە ناوونیشانی: {پایەكانی بوونناسیی و ڕوونكردنەوەی

گەردوونی بە پووچ و بێ حیکمەت و بە هەوەنتە نەخوڵقاندوە، ئێرەش شوێنێکیانە، بۆیە دەفەرموێ:

٣)- ﴿فَوَيْلٌ لِّلَّذِينَ كَفَرُوا مِنَ النَّارِ﴾، ئنجا سزای سەخت بۆ ئەوانەی بێبڕوان لە ئاگر، وشەی (وَيل) بە مانای هاواریش دێ، هاوار بۆ ئەوان، (الوَيْلُ: يَدلُّ عَلَى أَشَدِّ السُّوءِ)، (ويل) خراپترین سزاو ئازار دەگەیەنێ، هەروەها (وَيلٌ لَهُ، يُقَالُ لَهُ لِلتَعَجُّبِ)، (ويل) بۆ سەرسوڕماندنیش بەکاردەهێترێ.

٤)- ﴿أَمْ نَجْعَلُ الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ كَالْمُفْسِدِينَ فِي الْأَرْضِ﴾، ئایا ئێمە ئەوانەی بڕوایان هێناوەو کردەوە باشەکانیان ئەنجام داون، وەک (تێکدەران لە زەویدا) یان دادەنێین؟ یانی: ئایا دەگونجێ ئەو دوو کۆمەڵە پێکەوە پێچەوانەوە دژە، مامەڵەی یەکسانیان لەگەڵدا بکەین، کە ئەگەر سزاو پاداشت نەبێ یەکسان دەبن؟!

٥)- ﴿أَمْ نَجْعَلُ الْمُتَّقِينَ كَالْفُجَّارِ﴾، یان ئایا پارێزکاران وەک تاوانباران دادەنێین؟ واتە: ئەگەر زیندوو کرانەوەو سزاو پاداشت نەبێ، وەک بێبڕوایان گومان دەبەن، ئەو کاتە بڕوادارانی کردار باش، لەگەڵ تێکدەران لە زەویداو، پارێزکاران لەگەڵ تاوانباران دا، هەموویان یەکسان دەبنەوە، ئەوەش شتێکی نەگونجاوە، بۆیە ئەو شتە نالۆژیکییە شایستەی خوا ﷻ نیە.



ئیمان إمان، بۆ توێژینەوەی ئەو بابەتە گرنگە تەرخانکردوون.

مەسەلەی پێنجەم و کۆتایی:

قورئـان کتێبێکـی پیـرۆزو بەرهەمـدارە، خـوا ناردوویەتـە خـوار، تاکـو خەڵـک تێـوەی ڕامێنـن و، سـەرەنجام خـاوەن عەقڵان پەنـدی لێوەربگـرن و ڕاسـتییەکانیان بیـر بکەونـەوە:

خــوا دەفەرمــوێ: ﴿كِتَٰبٌ أَنزَلۡنَٰهُ إِلَيۡكَ مُبَٰرَكٞ لِّيَدَّبَّرُوٓاْ ءَايَٰتِهِۦ وَلِيَتَذَكَّرَ أُوْلُواْ ٱلۡأَلۡبَٰبِ ٢٩﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتە، لە سێ بڕگەدا:

١)- ﴿كِتَٰبٌ أَنزَلۡنَٰهُ إِلَيۡكَ مُبَٰرَكٞ﴾، ئەمە کتێبێکە بۆ لای تۆمان دابەزاندووە ﴿كِتَٰبٌ﴾، (**کتاب**) لە ڕووی زمانی عەرەبییەوە، گوزارە (**خبر**)یە یانی: (**هَذَا كِتَابٌ**)، ئەمە کتێبێکە، ﴿أَنزَلۡنَٰهُ إِلَيۡكَ مُبَٰرَكٞ﴾، بۆ لای تۆمان دابەزاندوە، بە پیرۆزو بەرهەمدارە، (**وَالمُبَارَكُ: المُنبَثَّةُ فِيهِ البَرَكَةُ، وَهِيَ الخَيْرُ الكَثِيرِ**)، موبارەک ئەوەیە: کە پیزی زۆری تێدا بڵاوبووبێتەوە، کە مەبەست خێری زۆرە، کە دەفەرموێ: ﴿كِتَٰبٌ﴾، بە نەناسراو (**نکرة**) هاتوە، ئەمە بۆ بە مەزن دانانە، یانی: وەسف ناکرێ. ئنجا بۆچی خوا ﷻ ئەو کتێبە پڕ پیت و پیرۆزو بەرەکەتەی دابەزاندوە بۆ لای موحەممەد ﷺ؟

٢)- ﴿لِّيَدَّبَّرُوٓاْ ءَايَٰتِهِۦ﴾، تاکو ئەوان لە ئایەتەکانیەوە ڕامێنن، خوێندراویشەتەوە: (**لِتَدَبَّرُوا آيَاتِهِ**)، تاکو ئێوە لە ئایەتەکانیەوە ڕامێنن. هەم بە نادیار (**غائب**)و، هەم بە ئامادەو دواندن (**حضور وخطاب**) بە هەردوو شێوەکە هاتوە.

٣)- ﴿وَلِيَتَذَكَّرَ أُوْلُواْ ٱلۡأَلۡبَٰبِ﴾، بۆ ئەوەش کە خاوەن عەقڵان پەند وەربگرن و بیریان بێتەوە، (**التَدَبُّرُ: التَّفَكُّرُ وَالتَّأَمُّلُ الَّذِي يَبْلُغُ بِهِ صَاحِبُهُ معرفة المُرَادِ مِنَ المَعنَى**)، (**تَدَبُّر**): بریتیە لەو بیرکردنەوەو ڕامانەی کە خاوەنەکەی بەهۆیەوە دەگاتە تێگەیشتن لە واتایەکان. (**التَّذَكُّرُ: إِسْتِحْضَارُ الذِّهنِ مَا كَانَ يَعْلَمُهُ بَعْدَ نِسْيَانِهِ، وَاستِحْضَارُ مَا مِنْ شَأْنِهِ أَنْ لاَ يُغْفَلَ عَنْهُ**)، (**تَذَكُّر**):

بریتیە لە ئامادەکردنی زەین و هۆش بۆ شتێک کە لە بیری چۆتەوە، بەبیر خۆی بێنێتەوە، یاخود: زەین شتێک لە خۆیدا ئامادە بکات، کە شایستە بێ فەرامۆش نەکرێ و لەبیر نەچێ.

شایانی باسە: ئێمە بۆ چۆنیەتی مامەڵە کردن لەگەڵ قورئاندا، لە کتێبی: (با لە خزمەت قورئاندا بین)دا، بە درێژیی قسەمان کردوە، لە حەوت هەنگاودا باسمان کردوە، کە دەبێ چۆن مامەڵە لەگەڵ فەرمایشتی خوادا بکرێ؟![1]

(١) هەروەها لە کتێبی (قورئانی مەزن لە نۆزدە تەوەردا) زۆرشتمان لەوبارەوە باسکردوە، کە ئەو بابەتەمان کردوە بە پێشەکی کۆی ئەم تەفسیرەش لە چاپی دووەمی دا.

دە (١٠) هەڵوەستە لە بەرانبەر بەسەرهاتەکەی داوود عليه السلام دا:

١)- یەکێک لە حیکمەتەکانی ئەو بەسەرهاتە ئەوەیە، کە نابێ بابای حوکمڕان، بە هۆی زێدە سەر گەرمبوون بە خواپەرستیی تایبەتەوە، کەمتەرخەمیی بکات لە بواری مشوورخواردن لە کۆمەڵگاو چارەسەری کێشەو گرفتەکانی خەڵکدا.

داوود عليه السلام زۆر ئەهلی خواپەرستیی بووەو، چۆتە ئیعتیکافەوەو شوێنی تایبەتی هەبووە، چونکە میحراب شوێنێکە، یان ژوورێکە تایبەت کرابێ بە خواپەرستییەوە، ئەمەش: جۆرێک لە هۆشداریی پێدان بووە بۆ داوود، هەروەها بۆ غەیری (داوود)یش کە نابێ خواپەرستیی کەسیی وا لە بابای حوکمڕان بکات، ئاگای لە مشوور لێخواردنی کۆمەڵگاو چارەسەرکردنی کێشەکانیان ببڕێ.

٢)- هەر کات خەڵک ڕێی ئاسایی و یاساییان بۆ سکاڵاو چارەسەرکردنی کێشەکانیان لێگیرا، پەنا دەبەنە بەر ڕێی نائاسایی و نایاسایی، ئەوانە بە تەئکید ئەو دوو کەسە، ئەگەر دوو مرۆڤ بوون، یان ئەگەر دوو فریشتە بوون، ئەگەر دەرفەتیان هەبووایە لە ڕێی ئاسایی خۆیانەوە بە ئاسانیی بگەنە داوود عليه السلام سەر نەدەکەوتنە سەر دیوارو بەسەر دیواردا بازیان نەدەدا، بەڵام کە لە ڕێی ئاساییەوە بواریان نەبووە، بەسەر دیواردا سەرکەوتوون، ئەوەی دەرگا لە خەڵک دابخات، خەڵک ئەگەر بۆی بکرێ لە پەنجەرەوە بۆی دێنە ژوورێ، ئنجا بۆ خێر بێ، یان بۆ شەڕ بێ! بۆیە حوکمڕانان نابێ خۆیان لە خەڵکی بشارنەوەو، خۆ لە خەڵک شاردنەوە، وا دەکات کە خەڵک بیر بکاتەوە لەوەی چۆن بگەنە ئەو حوکمڕانە؟ ئنجا چ بە مەبەستی چاکە، چ خراپە.

٣)- لەم بەسەرهاتەدا بەڵگەی شەرعیی هەیە لەسەر ئەوە کە دروستە بەسەرهاتە نواندنەکانە (**القِصَصُ التَّمثِيلِيَّة**) دابنرێن، هەروەها بەڵگەش هەیە لەم بەسەرهاتەدا، کە دروستە ئەو بەسەرهاتانە، بە شێوەیەکی جەستەیی وێنا بکرێن، مادام پێچەوانەی

شەریعەت نەبن، ئەمە (**محمد الطاهر بن عاشور**) لە (**التحرير والتنوير**)دا[1] هێناویەتی و منیش ڕایەکەیم پێ جوانە، چونکە زۆربەی زانایان دەڵێن: ئەو دوو کەسە، دوو فریشتە بوون، خۆیان بردۆتە سەر شێوەی دوو پیاو، کەواتە: دوو فریشتەکان تەمسیلی دوو پیاوی پێکەوە ناکۆکیان کردوەو، خۆیان بردۆتە سەر شێوەی ئەوان، کەواتە: نواندن (تمثيل) دروستە، بەڵام بۆ مەبەستی چاک، بۆ گەیاندنی مەبەستێک کە دەویسترێ، بە شێوەی نواندن و بە بەرجەستەکراویی بە خەڵک بگەیەنرێ.

٤)- خاڵی بێ هێزی داوود ﷺ کە هۆکاری هەڵەکەی بووەو، پەلەکردنی بووە لە دادوەریی کردن و بڕیاردان دا، بینا لەسەر قسەی داواکار (**مُدَّعي**) بە بێ گوێگرتن لە لایەنی دووەم و داوا لەسەرکراو (**مُدَّعى عليه**).

بۆیەش لە فەرمایشتی پێغەمبەردا ﷺ هاتوە: {**إِذَا جَلَسَ إِلَيْكَ الْخَصْمَانِ، فَلَا تَقْضِ بَيْنَهُمَا حَتَّى تَسْمَعَ مِنَ الْآخَرِ**}، (**أخرجه أحمد: ٨٨٢، والحاكم: ٧٠٢٥، وقال: صحيح الإسناد، ووافقه الذهبي، والبيهقي: ٢٠٢٥٦، وأخرجه أيضاً النسائي في الكبرى: ٨٤٢٠، والديلمي: ١٢٦٨**)، واتە: هەر کات دوو لایەنی ناکۆک لە لات دانیشتن، بڕیار بۆ یەکێکیان مەدە، تاکو گوێ بۆ ئەوی دیکەش نەگری.

٥)- (**القرطبي**) لە (**الجامع لأحكام القرآن**)دا[2] گوتوویەتی: (**وَلَيْسَ فِي الْقرآنِ مَا يَدُلُّ عَلَى، الْقَضَاءِ فِي الْمَسْجِدِ إِلَّا هَذِهِ الْآيَةُ، وَبِهَا اسْتَدَلَّ مَنْ قَالَ بِجَوَازِ الْقَضَاءِ فِي الْمَسْجِدِ، وَلَوْ كَانَ ذَلِكَ لَا يَجُوزُ كَمَا قَالَ الشَّافِعِيُّ: لَمَا أَقَرَّهُمْ دَاوُدُ عَلَى ذَلِكَ، وَيَقُولُ: انْصَرِفَا إِلَى مَوْضِعِ الْقَضَاءِ، وَكَانَ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وَالْخُلَفَاءُ يَقْضُونَ فِي الْمَسْجِدِ، وَقَدْ قَالَ مَالِكٌ: الْقَضَاءُ فِي الْمَسْجِدِ مِنَ الْأَمْرِ قَدِيمٍ**).

واتە: لە قورئاندا جگە لەم ئایەتە هیچ بەڵگەیەکی دیکە نیە، بۆ ئەوە بشێ لەسەر ئەوە، کە دروستە لە مزگەوتدا دادوەریی بکرێ، ئەوانەش کە گوتوویانە:

---

(١) ج٢٣، ص٢٣٨.

(٢) ج١٥، ص١١٤.

دروسـتە لـە مزگەوتـدا دادوەریـی بکـرێ، بەڵگەیـان بـەم ئایەتـە هێناوەتـەوەو، پێغەمبـەر ﷺو جێنشـینەکانیشی لـە مزگەوتـدا دادوەرییـان کـردووەو، مالیکیـش گوتوویـەتی: دادوەریـی کـردن لـە مزگەوتـدا لـە ئیشـە دێرینەکانـە، واتـە: لـە مێژە کـراوە بـە نەریتێـک لـە نێـو ئۆممەتـدا.

هەڵبەتـە ئـەوە بـۆ کاتی خـۆی کـە دادگا (**محکمـة**) نەبـووە، ئەگەرنـا کـە ئێسـتا شـوێنی تایبـەتی دادگایـی هەیـە، هـەروەک شـوێنی تایبـەتی وەرگرتنـی زانسـت هەیـە، کـە زانکـۆو، قوتابخانـەکان و پەیمانگاکانـن، هەروەهـا ئێسـتا شـوێنی تایبەتیـی ڕێکخسـتنی سـوپا هەیـە، کـە ئـەو کارانـە کاتی خـۆی هەموویـان لـە مزگەوتـدا کـراون، بـەڵام ئێسـتا ئـەو کارانـە براونەتـە دەرەوەی مزگـەوت.

٦)- (**قَالَ ابْنُ الْعَرَبِيِّ: لَا خِلَافَ بَيْنِ الْعُلَمَاءِ أَنَّ الْمُرَادَ بالرُّكُوعِ هَا هُنَا السُّجُودُ، فَإِنَّ السُّجُودَ، هُوَ الْمَيْلُ، وَالرُّكُوعُ هُوَ الِانْحِنَاءُ، وَأَحَدُهُمَا يَدْخُلُ عَلَى الْآخَرِ**)[1]،

واتـە: لـە نێـوان زانایانـدا ڕاجیایـی نیـە، کـە مەبەسـت لـە ڕکـووع لێـرەدا: کڕنـووش (**سـجود**)ە، چونکـە کڕنـووش بریتیـە لـە لاربوونـەوەو، ڕکووعیـش بەهەمـان شـێوە بریتیـە لـە چەمانـەوە، ئنجـا یەکێکیـان دەچێتـە نێـو ئـەوی دیکـە.

بـەڵام پێـم سـەیرە کـە ئـەو گوتوویـەتی: ڕاجیایـی نیـە لەنێـوان زانایانـدا، چونکـە بەدڵنیایـی وانیـە، وەک دوایـی دەیگەینـێ، بـەڵام بـە هـەر حـاڵ هـەر ڕایەکەیـم هێنـا، وەک ئەمانەتێکـی عیلمیـی، ئەگەرنـا پێـم وایـە کـە نەخێـر: ڕکـووع هـەر بـە مانـای ڕکـووع بەکارهاتـوەو، سـجوودیش بەمانـای سـجوود، وەک دوایـی دەیگەینـێ.

٧)- {**عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَا، أَنَّهُ قَالَ: السَّجْدَةُ فِي ص، لَيْسَتْ مِنْ عَزَائِمِ السُّجُودِ، وَقَدْ رَأَيْتُ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَسْجُدُ فِيهَا**} (**أخرجه أحمد: ٣٣٨٧، والبخاري: ٣٤٢١، وغيرهما**).

---

(١) التحرير والتنوير: ج١٥، ص٤٦.

واتـە: عەبدوڵـڵای کـوڕی عەببـاس (خـوا لـە خـۆی و بـابی ڕازی بـێ)، گوتوویـەتی: سـەجدە بـردن لـە سـووڕەتی (ص)دا لـە سـەجدە پێـوە پابەندکـراوەکان نیـە، کـە دەبێ هـەر ئەنجـام بـدرێ، بـەڵام پێغەمبەریشـم ﷺ بینیـوە کڕنـووشی تێـدا دەبـرد.

واتـە: دەگونجـێ ئینسـان کڕنـووش نەبـا، بۆیـە مـن لـە هەمـوو ئـەو شـوێنانەدا کـە سـەجدەی قورئـان خوێنـدن بـوون و پێیـان گەیشـتووم، سـەجدەم بـردوە، بـەڵام لەمەیـان دا سـەجدەم نەبـرد[1]، لەبـەر ئـەوەی لـە فەرمایشـتی پێغەمبـەردا ﷺ هاتـوە کـە جارێـک پێغەمبـەر ﷺ سـووڕەتی (ص)ی خوێنـدو لەسـەر مینبـەر دابەزی سـەجدەی بـرد، هاوەڵانیـش سـەجدەیان بـرد، جارێکـی دیکـەش سـووڕەتی (ص)ی خوێنـد بـە تەمـا نەبـوو سـەجدە بـەرێ، بـەڵام هـاوەڵان خۆیـان ئامـادە کـرد بـۆ سـەجدە بـردن، ئەویـش دابـەزی و فەرمـووی: بەتەمـا نەبـووم سـەجدە بـەرم، بـەڵام لەبـەر ئێـوە کـە خۆتـان ئامـادە کـردوە {بـۆ ئـەوەی تەریـق نەبنـەوە} دابـەزی و دووبـارە سـەجدەی بـرد[2].

کەواتە: ئەو کڕنووشبردنە پێویست نیە، بەڵام شتێکی پەسندە.

هەڵبەتـە لـە بـارەی هەمـوو سـەجدەکانی قورئـان خوێندنـەوە، ئێمـە باسـێکی دوورو درێژمـان لـە کۆتایـی سـووڕەتی (الأعـراف)دا کـردوەو لـە بـارەی هەموویانـەوە ڕاجیاییـەک هەیـە، کـە ئایـا پێویسـتە، یاخـود شـتێکی پەسـندو چاکـە، کڕنـووش ببردێ.

٨)- (فخر الدين الرازي) دەڵێ: (**اسْتَشْهَدَ أَبُو حَنِيفَةَ بِهَذِهِ الْآيَةِ فِي سُجُودِ التِّلَاوَةِ، عَلَى أَنَّ الرُّكُوعَ يَقُومُ مَقَامَ السُّجُودِ**)[3].

واتـە: ئەبـوو حەنیفـە بەڵگـەی بـەم ئایەتـە هێناوەتـەوە، کـە جـاری وا هەیـە چوونـە ڕکـووع و چەمانـەوە، قەرەبـووی کڕنـووش بـردنی قورئـان خوێنـدن دەکات و، لـە شـوێنی کڕنـووش بـردن بـەکاردێ.

---

(١) مەبەستم کاتی دەرس گوتنەوەیە، کە سەرەتا ئایەتەکانی دەرسەکە دەخوێنم.

(٢) أخرجه أبو داود: ١٤١٠ بإسنا على شرط الشيخين.

(٣) التفسير الكبير: ج٢٦، ص١٨٢، هەروەها التحرير والتنوير، ج٢٣، ص٢٤١.

بۆیـە ئـەوەی (إبـن العـربي) گوتوویـەتی: (لا خِـلافَ بَـيْنَ العُلَـمَاء عـلى أنّ المـراد بالركوع هنـا: السـجود)، ڕاسـت نییـە، ئەوەتـا ئیمامێکـی وەک ئەبـوو حەنیفـە دەڵـێ: ئـەم ئایەتـە بەڵگەیـە لەسـەر ئـەوە کـە نـەک تەنیا لێرەدا، بەڵکـو بـۆ کڕنـووش بردنـەکانی دیکـەش، دەگونجـێ مـرۆڤ تەنیـا بچێتـە ڕکـووع و، ئـەوە قەرەبـووی چوونـە سـەجدە دەکاتـەوە، کـە بـە ڕاسـتیی ئـەو ڕایـەی ئەبـوو حەنیفـە زۆرجـار مـرۆڤ لـە سـەغڵەتیی دەر دەکات، کـە شـوێنەکەی وایـە کڕنووشـت بـۆ نابـردرێ، دەگونجـێ ئینسـان بچەمێتـەوەو، بچێتـە ڕکـووع لـە جیـاتی کڕنـووش بردنەکـە.

٩)- ئایا ئەو دوو کەسە کە لە شێوەی دوو کەسی ناکۆکدا هاتن بۆ لای داوود ﷺ، مرۆڤ بوون، یان فریشتە؟! یانی: ئایا دوو مرۆڤ بوون بە ڕاستیی و بەسەر دیواردا سەرکەوتوون، لەبەر ئەوەی ڕێیان نەبووە، لە ڕێی ئاساییەوە بچن؟ یاخود دوو فریشتە بوون و هەر بەسەر دیواردا سەرکەوتوون، بەڵام لە شێوەی دوو مرۆڤدا، بەڵام فریشتە بوون؟ هەردوو ڕایەکان هەن، لە ئایەتەکاندا هیچ لایەکیان ساغ نەکراوەتەوە، دەگونجێ دوو مرۆڤ بووبن و، هەر بە ڕاستییش ڕووداوەکە ئاوا بوو بێ و، دەشگونجێ دوو فریشتە بووبن، ئەو ڕووداوەیان وەک سیناریۆو نواندنێک پێشکەش کرد بێ، هەردوو ڕایەکان هەن.

١٠)- داوود ﷺ چۆنی زانیی کە خوا تاقی کردۆتەوە؟

وەڵامەکەی ئەوەیە:

یەکەم: یەکسەر خۆی بۆی دەرکەوتبێ، واتە: دوای ئەوەی بڕیارەکەی داوەو، دادوەرییەکەی کردوە، بیری لێ کردبێتەوەو بۆی دەرکەوتبێ و گوتبێ: من گوێم لە بابای داوا لەسەرکراو (**مدَّعى عليه**) نەگرت و، تەنیا بە قسەی داواکار (**مُدَّعِي**) یەکسەر بڕیارمدا، دەگونجێ خۆی بۆی دەرکەوتبێ.

دووەم: دەگونجێ لە ڕێی وەحییەوە زانیبێ، یان خوا ﷻ بۆی ئیلهام کرد بێ.

سێیەم: دەگونجێ ئەو دووانە فریشتە بووبن و، لە پێش چاوی وی بەرز بووبنەوە بۆ ئاسمان، کە ئەو ڕایەش هەیە، یان هەندێک لە زانایان دەڵێن: تەماشای یەکدییان کردو

پێکەنین، ئەو کاتە داوود بۆی دەرکەوتوە، کە ئەوانە فریشتە بوون و، بۆ تاقیکردنەوەی وی خوای پەروەردگار ئەو دوو فریشتەیەی ناردوون.

ئنجا کە داوود بۆی دەرکەوتووە تاقیکردنەوەی خوا بووە، چ دوو مرۆڤ بووبن و، چ دوو فریشتە بووبن، سەرەنجام لە ئەنجامی ئەوەدا کە بیری لێکردۆتەوە، یان خوا ئاگاداری کردۆتەوە، بۆ دەرکەوتوە کە ئەوە تاقیکردنەوەی خوا بووە بۆی و، تێشیدا دەرنەچووە، بەڵام خوا ﷻ لێی نەگرتوەو لێی بوردوە، چونکە نیازی خراپ نەبووەو، لە ئەنجامی ئەوەش دا هەڵچووە، کە زۆر ڕقی لە زوڵم بووەو، بابای داواکاری زۆر پێ مەزڵووم بووە، بۆیە یەکسەر حوکمی لەسەر داوای بابای لەسەر داوالێکراو داوە.

لێرەشدا کۆتایی بەم دەرسەمان دێنین و، لە خوای پەروەردگار داواکارین یارمەتیمان بدات هەمیشە لەگەڵ هەقدا بین و، لەگەڵ دادگەریی دا بین، کە بە تەئکید ڕاستە شەقامی خوا، خوازیاری هەق و دادگەرییەو، دژی ستەم و لادان و دەستدرێژکارییە بۆ سەر مافی ئەوانی دیکە.

سُبْحَانَكَ اللّٰهُمَّ وَبِحَمدِكَ، أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنتَ، أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيكَ.



دەرسی سێیەم


AliBapir
AliBapir
archive.org/details/@alibapir
AliBapir

پێناسەی ئەم دەرسە

ئـەم دەرسـەمان یـازدە (١١) ئایـەت دەگرێتـە خـۆی، ئایەتـەکانی: (٣٠ - ٤٠)، دوو ڕووداوی ژیـانی سـولەیمانی کـوڕی داوودیـان (**عَلَيْهِـمَا الصَّـلاةُ وَالسَّـلاَم**) خسـتوونە ڕوو، وێـڕای ژمارەیـەک لـەو نیعمەتانـەی خـوا بـە سـولەیمانی بەخشـیببوون:

ڕووداوی یەکەمیـان: گرنگیـی و بایـەخ پێـدانی زۆری سـولەیمانە بە ئەسـپە ڕەسـەن و باشـەکانی و، پشـکنینی بۆیـان و، تەماشـا کـردن و سـەرنجدانی بۆیـان و دەسـتهێنانی بـە لاق و مـل و گەردنیانـدا.

ڕووداوی دووەمیـش: فڕێـدرانی جەسـتەیەک بـووە بـۆ سـەر کورسـییەکەی سـولەیمان ، دواییـش بـاسی لـە خـوا پاڕانـەوەی سـولەیمان بـۆ پێـدانی حوکمڕانییەکـی بـێ وێنـەو، گیرابـوونی داوایەکـەی لـە لایـەن خـوای بەخشـەرەوە کـراوە.

﴿ وَوَهَبْنَا لِدَاوُۥدَ سُلَيْمَٰنَۚ نِعْمَ ٱلْعَبْدُ ۖ إِنَّهُۥٓ أَوَّابٌ ﴿٣٠﴾ إِذْ عُرِضَ عَلَيْهِ بِٱلْعَشِىِّ
ٱلصَّٰفِنَٰتُ ٱلْجِيَادُ ﴿٣١﴾ فَقَالَ إِنِّىٓ أَحْبَبْتُ حُبَّ ٱلْخَيْرِ عَن ذِكْرِ رَبِّى حَتَّىٰ تَوَارَتْ
بِٱلْحِجَابِ ﴿٣٢﴾ رُدُّوهَا عَلَىَّ ۖ فَطَفِقَ مَسْحًۢا بِٱلسُّوقِ وَٱلْأَعْنَاقِ ﴿٣٣﴾ وَلَقَدْ فَتَنَّا سُلَيْمَٰنَ
وَأَلْقَيْنَا عَلَىٰ كُرْسِيِّهِۦ جَسَدًا ثُمَّ أَنَابَ ﴿٣٤﴾ قَالَ رَبِّ ٱغْفِرْ لِى وَهَبْ لِى مُلْكًا لَّا يَنۢبَغِى لِأَحَدٍ
مِّنۢ بَعْدِىٓ ۖ إِنَّكَ أَنتَ ٱلْوَهَّابُ ﴿٣٥﴾ فَسَخَّرْنَا لَهُ ٱلرِّيحَ تَجْرِى بِأَمْرِهِۦ رُخَآءً حَيْثُ أَصَابَ ﴿٣٦﴾
وَٱلشَّيَٰطِينَ كُلَّ بَنَّآءٍ وَغَوَّاصٍ ﴿٣٧﴾ وَءَاخَرِينَ مُقَرَّنِينَ فِى ٱلْأَصْفَادِ ﴿٣٨﴾ هَٰذَا عَطَآؤُنَا فَٱمْنُنْ
أَوْ أَمْسِكْ بِغَيْرِ حِسَابٍ ﴿٣٩﴾ وَإِنَّ لَهُۥ عِندَنَا لَزُلْفَىٰ وَحُسْنَ مَـَٔابٍ ﴿٤٠﴾ ﴾.

مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان

{هەروەها سولەیمانمان بە داوود بەخشیی، باشترین بەندە بوو، چونکە زۆر (بۆ لای خوا) گەڕاوە بوو ﴿٣٠﴾ (یاد بکەوە!) کاتێک دەمەو ئێوارە ئەسپە ڕەسەنە تیژڕەوەکانی لەسەر ڕانوێنران (پێشانی دران) ﴿٣١﴾ ئنجا گوتی: من ماڵ و سامانم (بە تایبەت ئەسپەکانم) لەبەر یاد کردنی خوا خۆشویست (یان بەسەر یادی خوادا هەڵمبژاردن)، هەتا بە هۆی کەوتنە پشت پەردەوە پەنهان بوون ﴿٣٢﴾ (هەر سەر گەرمی ئەسپەکانی بوو، گوتی:) بیانگێڕنەوە سەرم، ئنجا دەستی کرد بە دەست پێداهێنانی لاقەکانیان و گەردنەکانیان ﴿٣٣﴾ بە دڵنیاییش ئێمە سولەیمانمان تاقیکردەوەو جەستەیەکمان فڕێدایە سەر کورسییەکەی، پاشان لە ناخەوە گەڕایەوە (بۆ لای خوا) ﴿٣٤﴾ گوتی: پەروەردگارم! لێم ببوورەو حوکمڕانییەکم پێ ببەخشە، دوای من بۆ کەس نەلوێ، بێگومان بەس تۆ زۆر بەخشەری ﴿٣٥﴾ ئێمەش با مان بۆ ملکەچ و ڕامکرد، بە فەرمانی وی، بە نەرمیی هەر جێیەکی ویستبایە بۆی دەچوو ﴿٣٦﴾ لە شەیتانەکانیش هەر بیناسازو دەریاوان(ێکی گەوهەر دەرهێنەرێک)مان بۆ دەستەمۆ کردبوون ﴿٣٧﴾ هەندێکی دیکەش (لە شەیتانەکان) بە جووتە کۆت و زنجیرکرابوون لە پێوەندان دا ﴿٣٨﴾ (پێمان گوت:) ئەمە بەخششی ئێمەیە، ئنجا ببەخشە، یان بگرەوە، بەبێ ژماردن ﴿٣٩﴾ هەروەها (وێڕای نیعمەتە دنیاییەکان) بۆ وی لە لای ئێمە نیزیکیی و سەرەنجامی هەرە چاک هەیە (لە ڕۆژی دوایی دا) ﴿٤٠﴾}.

شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان

(ٱلصَّٰفِنَٰتُ): کۆی (صَافِنْ)ە، (الصَّفْنُ: الجَمْعُ بَيْنَ الشَّيئَينِ ضَامًّا بَعْضَهُمَا إِلَى بَعْض)، (صَفْن) بریتیە لەوە کە دوو شت پێکەوە کۆبکرێنەوەو، پێکەوە بلکێنرێن، (صَفَنَ الفَرَسُ قَوَائِمَهُ)، ئەسپەکە لاقەکانی پێکەوە نووساندن. کە بە ئەسپ دەگوترێ: (فَرَسٌ صَافِن)، ئەوەیە کە سێ لاقی لە سەر زەوی بن و لاقێکی بەرز کردبێتەوە سەر سمەکەی، بە ئاستەم گەیاند بێتە زەوی، ئەوە پێی دەگوترێ: (صَافِن).

(ٱلْجِيَادُ): (جَمْعُ الجَوَاد، وَهُوَ الفَرَسُ الجَيِّدُ ذُو الجَودَة، جَيِّدُ العَدوِ)، (جِیاد) کۆی (جَوَاد)ە، ئەویش بریتیە لە ئەسپی باش، ئەسپێکی ڕەسەن، کە باش بڕوات.

(فَطَفِقَ): (طَفِقَ يَفْعَلُ كَذَا، أَي: أَخَذَ يَفْعَلُ كَذَا، وَيُسْتَعْمَلُ فِي الإِيجَابِ دُونَ النَّفيِ)، وشەی (طَفِقَ) بە مانای (شَرَعَ)، واتە: دەستی پێکرد بەو کارەو، ئەو کارەی دەکرد، دێ، تەنیا بۆ حاڵەتی ئەرێنیی، بەکاردێ و بۆ حاڵەتی نەرێنیی بەکارنایەت.

(رُخَآءً): (الرُّخَاءُ: الرِّيحُ اللَّيِّنَةُ شَيءٌ رَخْو، رَخِيَ يَرْخَى)، (رُخَاء): واتە: بایەکی نەرم، بای نەرم و ئارام، دەگوترێ: (شَيءٌ رَخْوٌ)، واتە: شتێکی نەرم و شل، (رَخِيَ يَرْخَى)، واتە: ئەو شتەشل بوو هاتە خوار، بۆ وێنە دامێنی کراس کە دادەکەوێ.

(أَصَابَ): (أَصَابَ كَذَا، أَي: وَجَدَ مَا طَلَبَ)، واتە: ئەو شتەی داوای دەکردو، وە دەستی کەوت، (وَأَصَابَ أَي: قَصَدَ، مُشْتَقٌّ مِنَ الصَّوْبِ، وَهُوَ الجِهَةُ)، (أَصَابَ): واتە: ڕووی تێکرد، کە لە وشەی (صَوْب)ەوە هاتوە، (صَوب)یش، یانی: (جِهَة)، ئەو شوێنەی یان ئەو لایەی مرۆڤ ڕووی تێ دەکات.

(بَنَّآءٍ): (الَّذِي يَبْنِي اسْمُ فَاعِلٍ، مَصُوغٌ عَلَى زِنَةِ المُبَالَغَةِ لِلدِّلَالَةِ عَلَى مَعْنَى الصِّنَاعَةِ، مِثْل: نَجَّار وَقَصَّاب وَحَدَّاد)، (بَنَّاء) ئەو کەسەیە کە بینا دەکات، خانوو

دروست دەکات، کە (بَنَّاء) ناوی بکەر (إِسْم فَاعِل)ە، لەسەر کێشی موبالەغە، دروستکراوە، تاکو مانای پیشە بگەیەنێ، وەک: دارتاش و گۆشت فرۆش و ئاسنگەر.

(وَغَوَّاصٍ): (الَّذِي يَغُوصُ فِي البَحْرِ لاسْتِخْرَاجِ اللُّؤْلُؤِ)، (غَوَّاص): ڕێژگەی زێدەڕۆیی (غَائِص)ە، (غَاصَ فِي البَحرِ، وَغائِصٌ)، واتە: چووە نێو دەریا، ئەو چووەوە نێوە، (غَوَّاص) واتە: کەسێک کە زۆر دەچێتە نێو دەریا، یاخود زۆر قووڵ دا دەچێ، (غَوَّاص) بە کەسێک دەگوترێ کە دەچێتە نێو دەریا بۆ دەرهێنانی گەوهەر.

(مُقَرَّنِينَ): (إِسْمُ مَفْعُولٍ مِنْ «قَرَنَهُ» أَي: جَعَلَهُ قَرِيْنَاً لِغَيرِهِ، لاَ يَنْفَكُّ أَحَدُهُمَا عَنِ الأَخَرِ)، (مُقَرَّنِيْن): ناوی بەرکار (مفعول)ە، لە (قَرَنَهُ)، واتە: جووتی کرد، کە دوو شت پێکەوە جووت بکرێن، کە یەکێکیان لەوی دیکە جیانەبێتەوە.

(ٱلْأَصْفَادِ): (جَمْعُ صَفَد: وَهُوَ القَيْدُ، صَفَدَهُ أَي: قَيَّدَهُ)، (أصْفاد) کۆی (صَفَد)ە، ئەویش بە کۆت و زنجیر دەگوترێ، کۆت کە دەکرێتە پێی مرۆڤ، (صَفَدَهُ أَي: قَيَّدَهُ)، واتە: پێیەکانی زنجیری تێکردن، یاخود کۆتی تێکردن، لە کوردەواریی دا دەگوترێ: کۆت و زنجیر کراوە.

(فَٱمْنُنْ): (مُشْتَقٌّ مِنَ الـمَنِّ المَكنِيِّ بِهِ عَنِ الأَنْعَامِ، أَي: أَنْعِم عَلَى مَن شِئْتَ بِالإِطْلاَقِ، أَو أَمْسِكْ فِي الخِدْمَةِ)، (فَامنُن) داتاشراوە لە (مَنّ)ەوە، کە کینایەیە لە بەخشین و چاکە لەگەڵدا کردن، واتە: هەر کەسێکت دەوێ لە شەیتانەکان، چاکەی لەگەڵ بکە، بۆ ئەوەی بەری بدەی و بەرهەڵدای بکەی، یاخود بیانگرە بۆ ئەوەی کرێکاریی و خزمەتیان پێ بکەی.

(لَزُلْفَىٰ): (أَي: قُرْبَى)، واتە: نیزیکیی.

(مَـَٔابٍ): (الأَوْبُ: ضَرْب مِنَ الرُّجُوعِ، وَذَلِكَ أَنَّ الأَوْبَ لَا يُقَالُ: إلاَّ فِي الحَيْوَانِ الَّذِي لَهُ الإِرَادَة، وَالرُّجُوعُ يُقَالُ فِيهِ وَفِي غَيرِهِ: آبَ يَئُوبُ أَوْبَاً وَإِيَاباً وَمَآباً، وَالمَئَابُ: المَصدَرُ وإِسمُ الزَّمَانِ وَالمَكَان)، وشەی (مَئَاب) کە لە (أَوب)ەوە هاتوە، (أَوب) بریتیە لە جۆرێک لە گەڕانەوە، ئەویش لەبەر ئەوەیە (أَوب) تەنیا بۆ ژیاندارێکە کە

خـاوەنی ویسـت و شـعوور بـێ، بەکاردەهێـنرێ، بـەڵام (رُجُـوع) هـەم بـۆ خـاوەن عەقڵ و شـعوور، هـەم بـۆ غەیـری ئەوانیش بـەکاردێ، دەگوتـرێ: (أَبَ، يَئُوبُ، أَوْبَاً) گەڕایـەوە، دەگەڕێتـەوە، گەڕانـەوە، (إِيابَاً وَمَآبَاً)، (أَوْب وإِيـاب وَمَـآب) هـەر سێکیان چاوگـن، (مَئَـابُ) وێـڕای ئـەوەی کـە چاوگـە، هـەم بـە نـاوی شـوێن و، هـەم بـە نـاوی کاتیـش دەگوتـرێ.

مانای گشتیی ئایەتەکان

هـەر لـە سـەرەتاوە دەڵێیـن: بەسـەرهاتی سـولەیمان ﷺمـان، لـە سـوورەتی (الأنبيـاء)دا بـە درێژیـی باسـکردوە، لەوێـدا هەمـوو ئـەو ئایەتانـەی کـە پەیوەسـتن بـە بەسـەرهاتی سـولەیمانەوە لـە سـوورەتەکانی دیکـەوە هێناومانـن، هەروەهـا لـە پەیـمانی کـۆن و لـە کتێبـە مێژووییەکانیـش، بەپێـی توانـا بەهرەمـان وەرگرتـوە، بۆیـە ئـەوەی لـەوێ بـە وردیـی و بـە درێژیـی باسـمان کـردوە، لێـرەدا بـە پێویسـتی نازانین، دووبـارەی بکەینـەوە.

لـە تەفسـیری ئەم ئایەتانەشـدا، مشـت و مـڕو ڕاجیایـی زۆر لە نێـوان ڕوونکەرەوانی قورئانـدا هەیـە، ئەویـش دیسـان وەک بەسـەرهاتەکەی داوود، بەهـۆی کەوتنـە ژێـر کاریگەریـی قسـەو قاڵـی خـاوەن کتێبانـەوە، کـە بەپێـی پەیـمانی کـۆن، سـولەیمان نـەک هـەر بـە پێغەمبـەر دانانێـن، بەڵکـو بـە جادووگـەری دادەنێـن و، تۆمەتبـاری دەکـەن بـەوەی کـە لـە ماڵـی ئـەودا بـت پەرسـتراوەو، خێزانـەکانی بتپەرسـت بـوون، سـولەیمانیش بـە دوای ئـارەزووی ئـەو ئافرەتانـە کەوتـوە کـە بتپەرسـت بـوون، حاشـا بـۆ مەقامـی سـولەیمان، بـەڵام پەیـمانی کـۆن نـەک هـەر بەرانبـەر داوودو سـولەیمان، بەڵکـو بەرانبـەر بـە پێغەمبـەرانی دیکـەش (عَلَيْهِـمُ الصَّـلاةُ والسَّـلام) هەڵوێسـتی زۆر خـراپ و، بیـرو بۆچـوونی زۆر سـەقەت و، دوور لـە نەزاکـەت و ڕێـزی تێـدا هەیـە.

وەک مانای گشتیی ئەم یازدە ئایەتە، لە بارەی سولەیمانەوە عليه السلام دەڵێین: خوا سبحانه وتعالى ئاوا دەست پێ دەکات: ﴿ وَوَهَبۡنَا لِدَاوُۥدَ سُلَيۡمَٰنَۚ نِعۡمَ ٱلۡعَبۡدُ إِنَّهُۥٓ أَوَّابٌ ﴾، سولەیمانمان، بە داوود بەخشیی، باشترین بەندە بوو، ئەو زۆر گەڕاوە بوو، واتە: زۆر گەڕاوە بوو بۆ لای خوا، ئەمە سێ مەدحی تێدان بۆ سولەیمان عليه السلام:

١- وەک چاکەو نیعمەتێکی خۆی لەگەڵ (داوود)دا، دەفەرمووێ: ﴿ وَوَهَبۡنَا لِدَاوُۥدَ سُلَيۡمَٰنَ ﴾، کەواتە: عادەت نیە، کەسێک شتێکی خراپ بدات بە کەسێک، دواییش وەک چاکە لەگەڵدا کردن باسی بکات، لێرەدا کە خوا دەفەرمووێ: سولەیمانمان بە داوود بەخشیی، مانای وایە سولەیمان بەخششێکی گەورەو دیارییەکی گەورەی خوا بووەو، خاوەنی کەسایەتییەکی گەورەو باش بووە.

٢- دەفەرمووێ: ﴿ نِعۡمَ ٱلۡعَبۡدُ ﴾، باشترین بەندە بوو، ئەمیش بە تەئکید یانی: (**نِعْمَ العَبْدُ سُلَيْمَانُ**)، چونکە تایبەتکراو بە مەدح (**المَخصُوص بالمَدح**)ەکە، قرتێنراوە، یانی: سولەیمان باشترین بەندە بوو، ئنجا خوا سبحانه وتعالى بە کەسێک بفەرمووێ: باشترین بەندە، مانای وایە زۆر بەندەیەکی باشە.

٣- ﴿ إِنَّهُۥٓ أَوَّابٌ ﴾، بە دڵنیایی ئەو زۆر گەڕاوە بوو، زۆر گەڕاوە بوو بۆ لای خوا سبحانه وتعالى، بەردەوام لە خزمەت خوادا بوو، دەگەڕایەوە بۆ لای، مەرج نیە تەنیا لە هەڵەو کەم و کوڕیی، بەڵکو هەمیشە دەگەڕایەوە بۆ لای خوا، لە دوای تاعەتێک کە ئەنجامی دەداو، لە دوای چاکەیەکیش کە دەیکرد، دەگەڕایەوە بۆ لای خوا، بۆ ئەوەی سوپاسی بکات، خوایە تۆ یارمەتی منتدا، ئەو فەرمانبەرییە ئەنجام بدەم، یاخود: ئەو چاکەیەت پێ بەخشیم، کە ئەو کارەم ئەنجام دا، ئەوە نیعمەتی تۆیە لەسەر من، هەروەک ئەوەش دەگەیەنێ کە لە دوای کەم و کوڕیی و هەڵەیەکیش کە ڕوویدابێ، گەڕابێتەوە بۆ لای خوا، ئنجا وەک پێشتر گوتمان: ئەم یازدە ئایەتە، دوو ڕووداوی ژیانی سولەیمان دێنن:

ڕووداوی یەکەم: ڕانوێنرانی ئەسپە ڕەسەنەکان لە سەری: ﴿ إِذۡ عُرِضَ عَلَيۡهِ بِٱلۡعَشِيِّ ٱلصَّٰفِنَٰتُ ٱلۡجِيَادُ ﴾، یاد بکەوە کاتێک دەمەو ئێوارە ئەسپە ڕەسەن و تیژڕەوەکان

لەسەری ڕانوێنران، پێشتر باسی (**صَافِنَات**)مان کرد، (**صافن**) ئەو ئەسپەیە کە لەسەر سێ لاقان دەوەستێ و لاقی چوارەمیشی هەڵدێنێ، بەڵام نووکی سمەکەی دەگەیەنێتە زەوی، (**جیاد**)یش کۆی (**جَوَاد**)ە، واتە: ئەسپی تیژڕەو و چاک، ئەسپە ڕەسەن و تیژڕەوەکان لەسەری ڕانوێنران، ئەسپی زۆر بوون و بۆ جەنگ و جیهاد بە کاری هێناون، ئنجا بۆی نمایان کراون و پێشانی دراون، ﴿ فَقَالَ إِنِّيٓ أَحۡبَبۡتُ حُبَّ ٱلۡخَيۡرِ عَن ذِكۡرِ رَبِّي حَتَّىٰ تَوَارَتۡ بِٱلۡحِجَابِ ﴾، گوتی: من خۆشویستنی (**خَیْر**)م خۆشویست، بەڵام لە یادی پەوەردگارمەوە تاکو پەردەپۆش کران، هەتا چوونە پشت پەردەوەو، بەهۆی پەردەوە ون بوون، ﴿أَحۡبَبۡتُ حُبَّ ٱلۡخَيۡرِ﴾، وەک هەندێک لە زانایان گوتوویانە: (**خیر**) لێرەدا بە مانای ماڵ و سامان دێ، کە جۆرێک لە ماڵ و سامان، ئەو ئەسپانەی بوون، واتە:

(سولەیمان) نەک هەر ئەسپەکانی خۆشویستوون و، هەر ماڵ و سامانە حەڵاڵەکەی خۆشویستوە، کە بۆ ڕەزامەندیی خوا بە کاریی هێناوە، بەڵکو خۆشویستنی ماڵ و سامانەکەشی خۆشویستوە.

ئنجا لێرەدا کە دەڵێ: ﴿عَن ذِكۡرِ رَبِّي﴾، سێ واتای هەن:

أ- من بۆیە ماڵ و سامانم خۆشویست، کە ئێستا لەو ئەسپانەدا بەرجەستەیە، ئەوە بۆ بەرزکردنەوەی ناوی پەروەردگارم، واتە: بۆیە من ئەو ئەسپانەم (ئەو ماڵ و سامانەم) خۆشویست، لەبەر خاتری پەروەردگارم خۆشم ویست، تاکو لە ڕەزامەندیی پەروەردگام دا بەکاری بێنم.

ب- من ماڵ و سامانم خۆشویست و بێ ئاگای کردم لە یادی پەروەردگارم، واتە: زێدەڕۆییم کرد لە خۆشویستنی ماڵ و سامانی دنیادا.

ج- هەندێکیش گوتوویانە: خۆشویستنم بۆ ماڵ و سامان، وای لێکردم ئاگام لە نوێژ نەمێنێ، تاکو نوێژەکەم چوو، کە ئەوە مانایەکی بێ هێزەو، دوایی لە مەسەلە گرنگەکاندا زیاتر باسی دەکەین.

﴿ حَتَّىٰ تَوَارَتْ بِٱلْحِجَابِ ﴾، هەتا ئەسپەکان لە چاو ون بوون، هەر تەماشای کردوون و تێیانەوە ڕاماوەو سەرنجی داون، تاکو زۆر دوورکەوتوونەوەو ونبوون، هەندێکیش گوتوویانە: ﴿ حَتَّىٰ تَوَارَتْ بِٱلْحِجَابِ ﴾، واتە: تاکو ئەسپەکان بە هۆی ئاوابوونی خۆرەوە لەبەر چاو ون بوون، یاخود تاکو خۆر ئاوا بوو، یانی: ﴿ تَوَارَتْ ﴾، ڕاناوەکەی بۆ خۆر دەچێتەوە، تاکو خۆر ئاوا بوو، هەر خەریکی خزمەت و تەماشاکردنی ئەو ئەسپانە بوو، دوایی گوتی: ﴿ رُدُّوهَا عَلَىَّ ﴾، بیانگێڕنەوە بۆ لام، یاخود بەردەوام هەر دەیگوت: بیانگێڕنەوە با تەماشایان بکەم، ﴿ فَطَفِقَ مَسْحًۢا بِٱلسُّوقِ وَٱلْأَعْنَاقِ ﴾، دەستی کرد بە دەست پێداهێنانی لاقەکانیان و گەردنەکانیان[1]، دەستی بە لاقەکانیان و گەردنەکانیاندا دەهێنا، بزانێ نەخۆشن، بزانێ چۆنن، یان بۆ جوانیی و بۆ دڵخۆشیی دەستی پێدا دەهێنان، یاخود بۆ هاندانی ئەسپەکان، دەڵێن: ئەسپ و وڵاخ بەرزە، ئەگەر دەستی پێدابێنی، دەست بە گەردن و بە لاق و جەستەیدا بێنی، دڵی پێ خۆش دەبێ و زیاتر گەشەی پێ دەکات.

ڕووداوی دووەم: ئەوەیە کە دەفەرموێ: ﴿ وَلَقَدْ فَتَنَّا سُلَيْمَٰنَ ﴾، بە دڵنیایی ئێمە سولەیمانمان تاقیکردەوە، ﴿ وَأَلْقَيْنَا عَلَىٰ كُرْسِيِّهِۦ جَسَدًا ثُمَّ أَنَابَ ﴾، جەستەیەکمان فڕێدا سەر کورسییەکەی، دوایی (بۆ لای خوا) گەڕایەوە، ئایا ئەو جەستەیەی فڕێدراوەتە سەر کورسییەکەی چی بووە؟

١- هەندێک گوتوویانە: شەیتانێک بووە بە ناوی صەخڕ، زۆربەی توێژەرەوانی قورئان وایانگوتوە، کە شەیتانێک بووە، بە فێڵێک کە بەسەرهاتێکی لەسەرە، گوایە ئەنگوستیلەی سولەیمانی کەوتۆتە دەست، ئنجا خۆی لە خەڵکەکە کردۆتە سولەیمان و لەسەر کورسیی حوکمڕانییەکەی دانیشتوە، زۆربەی هەرە زۆری توێژەرەوانی قورئان و ڕوونکەرەوانی قورئان وا دەڵێن، بەڵام من ئەو ڕایەم پێ هەڵەیە.

---

(١) (سُوق) کۆی (ساق)ە و، (أَعْنَاق)یش کۆی (عُنُق)ە.

٢- هەندێکی دیکە گوتوویانە: مەبەست لەو جەستەیە هەر سولەیمان خۆیەتی، (**أبو مسلم الأصفهاني**) وایگوتوە.

٣- هەندێکیش گوتوویانە: مەبەست لەو جەستەیە منداڵێکی نوقسان بووە کە سولەیمان گوتوویەتی: دەچمە لای ئەو هاوسەرانەم کە هەمن، سەد بوون، حەفتا بوون، ئنجا هەر کامێکیان کوڕێکی دەبێ و دەبێتە جەنگاوەر جیهاد دەکات لە پێناوی خوادا، بەڵام نەیگوتوە: (**إن شاءَ الله**)، بۆیە لە هەموویان کوڕێکی (منداڵێکی) نوقسانیی بووە، کە وەک پارچە گۆشتێک وابووە.

ئێمە دواتر ڕای خۆمان و، تەتەڵەو بێژینگی ئەو ڕایانە لە کاتی مەسەلە گرنگەکاندا دەخەینە ڕوو.

﴿ قَالَ رَبِّ ٱغْفِرْ لِي وَهَبْ لِي مُلْكًا لَّا يَنۢبَغِي لِأَحَدٍ مِّنۢ بَعْدِيٓ ﴾، (سولەیمان) گوتی: پەروەردگارم! لێم ببوورەو حوکمڕانییەکم پێ ببەخشە، دەسەڵاتێکم پێ ببەخشە، کە لە دوای من بۆ کەس نەلوێ و نەگونجێ، ﴿ إِنَّكَ أَنتَ ٱلْوَهَّابُ ﴾، بە دڵنیایی هەر تۆی زۆر بەخشەر.

﴿ فَسَخَّرْنَا لَهُ ٱلرِّيحَ تَجْرِي بِأَمْرِهِۦ ﴾، خوا ﷻ نافەرموێ: وەڵاممان دایەوە، یەکسەر ئەوەی داوای کردوە، خوا ﷻ باسی دەکات کە جێبەجێ بووە، دەفەرموێ: با مان بۆ ملکەچ کرد، ﴿ تَجْرِي بِأَمْرِهِۦ ﴾، بە فەرمانی ئەو دەڕۆیی، ﴿ رُخَآءً ﴾، بە نەرمیی و، بە هێواشیی، یان بە دەستەمۆیی، ﴿ حَيْثُ أَصَابَ ﴾، بۆ هەر شوێنێک کە مەبەستی بووایەو ویستبای، بایەکە دەچوو، ﴿ وَٱلشَّيَٰطِينَ كُلَّ بَنَّآءٍ وَغَوَّاصٍ ﴾، هەروەها شەیتانەکانیشمان بۆ ملکەچ و دەستەمۆ کردن، کە هەر بیناسازێک و هەر دەریاوانێکیان تێدابوون، بیناساز بۆ ئەوەی بینایانی بۆ دروست بکەن و، دەریاوانەکانیش بۆ ئەوەی گەوهەرو مرواریی بۆ دەربێنن، ﴿ وَءَاخَرِينَ مُقَرَّنِينَ فِي ٱلْأَصْفَادِ ﴾، هەندێکی دیکەشەیان هەبوون لە شەیتانەکان کە لە کۆتاندا جووتکرابوون. (**أصفاد**) کۆی (صَفَدْ)ە، یانی: کۆت، ئەوەی کە دەکرێتە

پێ، بە کۆتەکان پێکەوە جووت کرابوون، (مُقَرَّنِيْن)، کۆی (مُقَرَّن)ە، (مُقَرَّن) واتە: جووتکراو، ئەوەیە کە دوو شت پێکەوە جووت بکرێن و، لێک جیانەبنەوە، واتە: دوو دوو ئەو شەیتانانە، ئەو دێوانە کۆت و زنجیر کراون، دەبێ ئەوانەیان بووبن کە خراپەکار بوون و، وەک سزایەک وایان لێکراوە، ﴿ هَٰذَا عَطَآؤُنَا ﴾، {پێمان گوت:} ئەوە بەخششی ئێمەیە، ﴿ فَٱمۡنُنۡ أَوۡ أَمۡسِكۡ ﴾، چاکە بکە، یاخود بگرەوە، چاکە بکەو ببەخشە، یان دەست بگرەوەو مەبەخشە، یاخود: ﴿ فَٱمۡنُنۡ ﴾، ئەو دێوو درنجانە چاکەیان لەگەڵ بکە، منەتیان لەسەر بکەو ئازادیان بکە، ﴿ أَوۡ أَمۡسِكۡ ﴾، یاخود بیانهێڵەوەو بیانگرە، ﴿ بِغَيۡرِ حِسَابٖ ﴾، بەبێ لێپرسینەوە، واتە: دەستت کراوەیەو، دەستت ئاوەڵسیە چۆن مامەڵە دەکەی، چونکە بەبێ دەست ئاوەڵایی، لە سنووری وەحیی و شەریعەتی خوای پەروەردگاردا، حوکمڕانیی ناکرێ، ﴿ وَإِنَّ لَهُۥ عِندَنَا لَزُلۡفَىٰ وَحُسۡنَ مَـَٔابٖ ﴾، بە دڵنیایی لەلای ئێمە بۆ وی هەیە نیزیکیی و، باشترین سەرەنجام، واتە: لە ڕۆژی دواییشدا لە خوا نیزیکە و، پێگەیەکی بەرزو پەسندی هەیە، لە خوا نیزیکیی مەبەست پێی ئەوەیەو، باشترین سەرەنجامیشی هەیە، کەواتە: هەرچی لە پەیمانی کۆندا هاتوە، دەربارەی (سولەیمان)، کە گوایە لە کۆتایی تەمەنی دا بتەکانی پەرستوون، یاخود بە دوای ئەو هاوسەرانەی کەوتوە کە بتپەرست بوون و، لە ماڵی ئەودا بت پەرستراوەو، سولەیمان ڕووی کردۆتە گوناهو تاوان!! هەمووی درۆو دەلەسەیەو، هەم ئایەتی یەکەم کە دەفەرموێ: ﴿ وَوَهَبۡنَا لِدَاوُۥدَ سُلَيۡمَٰنَۚ نِعۡمَ ٱلۡعَبۡدُ إِنَّهُۥٓ أَوَّابٌ ﴾، هەم ئایەتی کۆتایی: ﴿ وَإِنَّ لَهُۥ عِندَنَا لَزُلۡفَىٰ وَحُسۡنَ مَـَٔابٖ ﴾، هەردووکیان بە درۆخەرەوەی ئەو پڕوپاگەندانەو ئەو قسە بێسەرو بەرانەن، کە لە پەیمانی کۆن و غەیری پەیمانی کۆنیشدا، کە لە خاوەن کتێبان گێڕدراونەوە هاتوون، هەم دەربارەی سولەیمان ﷺو، هەم دەربارەی داوود ﷺی بابی و هەم دەربارەی ژمارەیەکی دیکە لە پێغەمبەران (عَلَيْهِمُ الصَّلَاة وَالسَّلَام).

مەسەلە گرنگەکان

مەسەلەی یەکەم:

بەخشرانی سولەیمان بە داوود کە بەندەیەکی هەرە پەسندی خوا بوو، ئێوارەیەک ئەسپە ڕەسەنەکانی بۆ ڕانوێنران و، هەر سەرگەرمی تەماشاکردن و دەست بە لاق و گەردنیان داهێنانیان بوو، هەتا لێی ون بوون و ڕاشیگەیاند کە بە هۆی یادی خواوە خۆشیویستوون:

خوا دەفەرموێ: ﴿وَوَهَبْنَا لِدَاوُۥدَ سُلَيْمَٰنَۚ نِعْمَ ٱلْعَبْدُ ۖ إِنَّهُۥٓ أَوَّابٌ ﴿٣٠﴾ إِذْ عُرِضَ عَلَيْهِ بِٱلْعَشِىِّ ٱلصَّٰفِنَٰتُ ٱلْجِيَادُ ﴿٣١﴾ فَقَالَ إِنِّىٓ أَحْبَبْتُ حُبَّ ٱلْخَيْرِ عَن ذِكْرِ رَبِّى حَتَّىٰ تَوَارَتْ بِٱلْحِجَابِ ﴿٣٢﴾ رُدُّوهَا عَلَىَّ ۖ فَطَفِقَ مَسْحًۢا بِٱلسُّوقِ وَٱلْأَعْنَاقِ ﴿٣٣﴾﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە حەوت بڕگەدا:

١)- ﴿وَوَهَبْنَا لِدَاوُۥدَ سُلَيْمَٰنَ﴾، (سولەیمان)مان، بە داوود بەخشیی، صەڵات و سەلامی خوا لەسەر هەردووکیان بێ، ئەمە هەم مەدحە بۆ داوود، کە هێندە لەلای خوا خۆشەویست بووە، منداڵی باشی پێ ببەخشێ، هەم مەدحێکی گەورەشە بۆ سولەیمان، کە سولەیمان مادام بەخشراوی خوا بێ، دیاریی و خەڵاتی خوا بێ، خوا ﷻ شتی چاک نەبێ نابەخشێ بە پێغەمبەران (**عَلَيْهِمُ الصَّلاةُ والسَّلام**).

ئنجا هەر وەک ئاگادارکردنەوەی خوێنەرانی بەڕێز، ئەوە دەڵێم: خاوەنی **(التحرير والتنوير)**، **(محمد الطاهر بن عاشور)** لە تەفسیرەکەی خۆیدا[1] ئەم عیبارەتە دەڵێ: (**وَمِنْ حُسْنِ المُنَاسَبَةِ لذكر موهبة سُليمان، أَنَّهُ ولد لداود من**

---

(١) ج٢٣، ص٢٢٥٣.

المرأة الَّتِي عُوتِبَ دَاوُدَ لأَجْل استنزال زَوْجها أُوريّا عَنْهَا كَمَا تَقَدَّم)، واتە: لە چاکیی گونجاویی باسکرانی ئەمە ئەوەیە، کە خوا باسی بەخشرانی سولەیمانی کردوە، وەک کوڕێک لەو ژنەی کە داوود لەسەری سەرزەنشت کرا، لەبەر ئەوەی ئەو ژنەی لە مێردەکەی خۆی، کە ئۆرییا بوو، ئەستاند و داوای لێکرد کە دەستبەرداری بێ!!

بە ڕاستیی من سەرم سوڕدەمێنێ لە زانای وەک (**محمد الطاهر بن عاشور**)، کە بینا لەسەر ئەفسانەیەکی پەیمانی کۆن، کە پێشتر باسمان کردو، ئەو ئەفسانەیە نە لەگەڵ عەقڵدا دەگونجێ و، نە لەگەڵ شەرع دا دەگونجێ و، مسوڵمانێکی سادەو ئاسایی لە خۆی ناوەشێنێتەوە، ئەوە کە پێغەمبەرێکی پایە بەرزی وەک داوود کە حوکمڕان بووە، تەماع بکاتە ژنی یەکێک لە فەرماندەکانی و، ئەو فەرماندەیە بە فێڵ و تەڵەکە بنێرێ بۆ شەڕو بە کوشتی بدات و، دوایی ژنەکەی مارە بکاتەوە، بەڵکو بەپێی قسەی پەیمانی کۆن، پێش ئەوەش کە هاوسەرگیریی لەگەڵدا بکات، لەگەڵی جووت بێ و سولەیمانیشی بە سکی بکەوێ بە زۆڵیی!! پێم سەیرە (**محمد الطاهر بن عاشور**) لە تەفسیرەکەی دا کە تێگەیشتنی باش باشی زۆر تێدان، بەڵام جار جار ئەو درۆو دەلەسانەی پەیمانی کۆن و ئەو شتە بێ سەرو بەرانەشی تێهاویشتوون، هەڵبەتە تەفسیری (**الطبري**)یش ئەوشتانەی تێدان و هەندێک لە تەفسیرەکانی دیکەش، کە بەڵام وەک (**فخرالدين الرازي**) گوتوویەتی: پیاوی زۆر لارێ ڕازی نیە، شتی وای پاڵ بدرێتە لا، بڵێن: تۆ تەماعت لە ژنی هاوەڵێکت کردوە و دوایی بە کوشتت داوەو، ژنەکەیشت هێناوە!! ئەوە زۆر ناجوامێریی و نامەردییەو، هەر کەسێک شتی وا لە پێغەمبەران بوەشێنێتەوە، یان زۆر ناحاڵییە، لە ڕووی عەقڵییەوە، یان دڵ و دەروونەکەی زۆر خراپە، خوا پەنامان بدات، چونکە تۆ شتێک لە پێغەمبەران بوەشێنیەوە، دەبێ چاکتر لە خۆشتی بوەشێنیەوە، ئایا کێ لە خۆی دەوەشێنێتەوە، هاوەڵێکی خۆی تەماع لە ژنەکەی بکات، دوایی بە کوشتی بدات بە فێڵ و ژنەکەشی مارە بکاتەوە!!

کەسێک شتی وا لە خۆی بوەشێنێتەوە، مانای وایە زۆر موخەننەت و دەروون پیسە، کە لە خۆشی نەوەشێنێتەوەو لە پێغەمبەرانی بوەشێنێتەوە، مانای وایە زۆر بەدبین و بەد گومانەو، زۆر نەفام و نەزانە، کە شتی ئاوا لە پێغەمبەران دەوەشێنێتەوە!

بە هەر حاڵ لەوە زیاتری لەسەر ناڕۆم، پێشتر قسەمان لەبارەی ئەو ئەفسانەو درۆو دەلەسەیەوە کردو، دەقی قسەکانیشمان لە پەیمانی کۆنەوە هێنان و سەرچاوەکەیان ئەوێیە، ئەگەرنا داوود ﷺ مەقامی زۆر لەوە بەرزتر بووەو، (سولەیمان)یش خوا بە چاکترین بەندەی خۆی لە قەڵەمی دەدات، ئنجا چاکترین بەندە، چۆن دەبێ لە ئافرەتێکی بێناموس پەیدابێ، کە جارێ هاوسەرەکەی هەر ماوە، بچێ لەگەڵ داووددا ڕابوێرێ و سولەیمانی وەسکی بکەوێ!! نە ئەوە شایستەیە دایکی سولەیمان بێ و، نە سولەیمان شایستەیە لە ئافرەتی وابێ و، نە شتی واش لە داوود دەوەشێتەوە، صەڵات و سەلامی خوا لەسەر پێغەمبەرانی پایە بەرزی خوا بێ.

٢)- ﴿ نِعۡمَ ٱلۡعَبۡدُ ﴾، سولەیمان چاکترین بەندە بوو، (**المَخْصُوصُ بالعَبْدِ مَحْذُوفٌ، يَعني: نِعْمَ العَبْدُ سُلَيمانُ**)، تایبەتکراو بەمەدح قرتێنراوە، واتە: سولەیمان باشترین بەندە بوو، باشترین بەندەش ئەو هەڵەو پەڵەو کەم و کوڕییانەی دەگوترێن، لێی ناوەشێنەوە، خوا ﷻ کە لە ئایەتەکانی دەرسی پێشوودا باسمان کرد، بە یازدە (١١) سیفەتان مەدحی داوود دەکات، کە دەفەرموێ: ﴿ ٱصۡبِرۡ عَلَىٰ مَا يَقُولُونَ وَٱذۡكُرۡ عَبۡدَنَا دَاوُۥدَ ذَا ٱلۡأَيۡدِۖ إِنَّهُۥٓ أَوَّابٌ... ﴾، تا کۆتایی چوار ئایەتەکان.

لێرەش بەو شێوەیە مەدحی سولەیمان دەکات، خوا ﷻ دەزانێ کە لە پەیمانی کۆندا، چ دەربارەی ئەو دوو باب و کوڕە بەڕێزە، ئەو دوو پێغەمبەرە پایە بەرزە، کە باب و کوڕ بوون، وێڕای ئەوە کە پێغەمبەر بوون، حوکمڕانیش بوون، چی گوتراوە، ئنجا خوا ﷻ دەیەوێ بە هەموو دنیا ڕابگەیەنێ، کە

ئـەوەی لـە پەیـمانی کۆنـدا هاتـوە، دەربـارەی داوودو سـولەیمان، درۆو دەلەسـەیە، داوودو سـولەیمان ئـەوەن کـە خـوا لـە دوا کتێبـی خۆیـدا پێناسـەیان دەکات، کـە بـەو شـێوەیە مەدحیـان دەکات.

٣)- ﴿إِنَّهُۥٓ أَوَّابٌ﴾ بێگومان ئەو زۆر گەڕاوە بوو (بۆ لای خوا). ئەمە بەڵگە هێنانەوەیە بۆ ئەوە، کە بۆچی سولەیمان باشترین بەندە بووە؟ لەبەر ئەوەی زۆر گەڕاوە بوو (بۆ لای خوا). ﴿أَوَّابٌ﴾، موبالەغەیە لە (آیب: أَي كَثِيرُ الأَوبِ)، زۆر گەڕاوە بۆ لای خوا ﷻ، زۆر گەڕانەوەش بۆ لای خوا، مەرج نیە تەنیا لە دوای گوناهان ئینسان بگەڕێتەوە بۆ لای خوا، بەڵکو:

١- فەرمانبەرییەکی ئەنجام داوەو گەڕاوەتەوە بۆ لای خوا، خوایە! سوپاست دەکەم کە یارمەتییت دام.

٢- یان: چاکەو نیعمەتێکی خوای لە ژیانی خۆیدا بینیوە، گەڕاوەتەوە بۆ لای خوا، خوایە! من سوپاسگوزارم بۆ تۆ، ئەو چاکەو نیعمەتە لە تۆوەیە.

٣- یان: بەڵایەکی بەسەر هاتوە، گەڕاوەتەوە بۆ لای خوا، خوایە! ئەوە تاقیکردنەوەی تۆیەو بەڵاو گرفتارییەکە، لە پێناوی تۆدا هەموو شتێک ئاسانە.

٤- یان: هەڵەیەکی کردبێ، گەڕاوەتەوە بۆ لای خوا، خوایە! پەشێمانم.

کەواتـە: ﴿إِنَّهُۥٓ أَوَّابٌ﴾، کـە زۆربـەی ڕوونکـەرەوانی قورئـان وایـان لێکداوەتـەوە: زۆر گەڕاوەتـەوە بـۆ لای خـوا، واتـە: زۆری تەوبـە کـردوەو، ئنجـا کـە زۆری تەوبـە کـردوە، مانـای وایـە زۆری گوناهــ کـردوون، یـان زۆری هەڵـە کـردوون!! وانیـە، چونکە گەڕانـەوە بـۆ لای خـوا بـۆ پێغەمبەرانیـش (عَلَيْهِـمَا الصَّـلاةُ وَالسَّـلام)و بـۆ غەیـری پێغەمبەرانیـش، مـەرج نیـە هـەر دوای گوناهـان، مـرۆڤ بگەڕێتـەوە بـۆ لای خـوا، وەک لـە کتێبـی: (گەڕانـەوە بـۆ لای خـوا)دا - کـە کتێبێکمـە تاکـو ئێسـتا شـەش جـاران چـاپ کـراوە - باسـم کـردوە کـە گەڕانـەوە بـۆ لای خـوا، هـەر کەسـە بەپێـی خۆیـەتی، مـەرج نیـە ئینسـان تەنیـا لـە گوناهـەوە بگەڕێتـەوە، بـۆ چاکـە، بەڵکـو:

١- جاری وا هەیە، ئینسان لە ئیلحاد و کوفرو شیرکەوە، دەگەڕێتەوە بۆ خواناسیی و ئیمان و تەوحید.

٢- جاری واش هەیە لە گوناهو تاوانەوە دەگەڕێتەوە بۆ خواپەرستیی.

٣- جاری واش هەیە لە تاعەتێکی کەمەوە دەگەڕێتەوە بۆ تاعەتێکی زۆر.

٤- جاری واش هەیە لە تاعەتێکی زۆریشەوە هەر دەگەڕێتەوە بۆ لای خوا، بۆ ئەوەی سوپاسی خوا بکات و، ستایشی خوا بکات، وەک پێغەمبەری خوا ﷺ کە لە بارەیەوە هاتوە: هەر کاتێک سڵاوی نوێژە فەرزەکانی داوەتەوە، سێ جاران فەرموویەتی: (**أَستَغفِرُ اللهَ، أَستَغفِرُ اللهَ، أَستَغفِرُ اللهَ**)[1]، داوای لێبوردن لە خوا دەکەم، داوای لێبوردن لە خوا دەکەم، داوای لێبوردن لە خوا دەکەم، کە بەو شێوەیە ئەو عیبادەتەم ئەنجامدا، کە ڕەنگە شایستەی مەقامی بەرزی تۆ نەبێ، هەروەها لە سووڕەتی (**النصر**)دا، هاتوە، کە خوا دەفەرموێ:

﴿بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ﴾

﴿إِذَا جَآءَ نَصۡرُ ٱللَّهِ وَٱلۡفَتۡحُ ١ وَرَأَيۡتَ ٱلنَّاسَ يَدۡخُلُونَ فِي دِينِ ٱللَّهِ أَفۡوَاجٗا ٢ فَسَبِّحۡ بِحَمۡدِ رَبِّكَ وَٱسۡتَغۡفِرۡهُۚ إِنَّهُۥ كَانَ تَوَّابَۢا ٣﴾النصر

واتە: بەناوی خوای بەبەزەیی بەخشندە، هەرکات یارمەتیی خوا هات و مەککە ئازاد کراو، خەڵکت بینی پۆل پۆل هاتنە نێو ئایینی خواوە، بە ستاییش کردنەوە پەروەردگارت بە پاک بگرەو، داوای لێبوردنی لێ بکە، بە ڕاستیی ئەو زۆر تۆبە وەرگرەو، زۆر دەگەڕێتەوە سەر بەندەی خۆی.

واتە: بگەڕێوە بۆ لای خوا ﷻ کە ئەو نیعمەتی کردنەوەو سەرکەوتنەی بە تۆ بەخشیوە.

---

(١) {عَنْ ثَوْبَانَ رَضِيَ اللهُ عَنْهُ، قَالَ كَانَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ، إِذَا انْصَرَفَ مِنْ صَلَاتِهِ اسْتَغْفَرَ ثَلَاثاً وَقَالَ: «اللَّهُمَّ أَنْتَ السَّلَامُ وَمِنْكَ السَّلَامُ تَبَارَكْتَ ذَا الْجَلَالِ وَالإِكْرَامِ»، قَالَ الْوَلِيدُ فَقُلْتُ لِلْأَوْزَاعِيِّ كَيْفَ الاِسْتِغْفَارُ؟ قَالَ: تَقُولُ: أَسْتَغْفِرُ اللَّهَ أَسْتَغْفِرُ اللَّهَ} أخرجه مسلم: ١٣٥.

٤)- ﴿ إِذۡ عُرِضَ عَلَيۡهِ بِٱلۡعَشِيِّ ٱلصَّٰفِنَٰتُ ٱلۡجِيَادُ ﴾، یاد بکەوە! کاتێک دەمەو ئێوارە ئەسپە ڕەسەنە تیژڕەوەکانی بۆ ڕانوێنران، ﴿ ٱلصَّٰفِنَٰتُ ٱلۡجِيَادُ ﴾، ئەسپە ڕەسەن و تیژڕەوەکان، (**العَرْضُ: الإِمْرَارُ وَالإِحْضَارُ أَمَامَ الرَّائِي، أَي: عَرَضَ سُوَّاسُ خَيْلِهِ إِيَّاهَا عَلَيهِ**)، (**عَرض**): بریتیە: لە تێپەڕاندن و، ئامادەکردن لە بەردەم کەسێکدا کە دەبێنێ و سەرنج دەدا، واتە: ئەوانەی خزمەتی ئەسپەکانیان دەکرد، ئەسپەکانیان لەسەر ڕانواند، بۆ ئەوەی تەماشایان بکات.

کە دەفەرموێ: ﴿ بِٱلۡعَشِيِّ ﴾، (**العَشِيُّ: مِنَ العَصرِ إِلَى الغُرُوب**)، (**عَشيٌّ**) لە نوێژی ئێوارەوەیە تاکو نوێژی شێوان.

﴿ ٱلصَّٰفِنَٰتُ ٱلۡجِيَادُ ﴾، پێشتریش باسمان کرد، (**الصَّافِنَاتُ: وَصْفٌ لِمَوْصُوفٍ مَحْذُوف، إِسْتَغْنَى عَنْ ذِكْرِهِ لِدِّلالَةِ الصِّفَةِ عَلَيهِ، لأَنَّ الصَّافِن لا يَكُونُ إِلاَّ مِنَ الخَيلِ وَالأَفراس**)، ﴿ ٱلصَّٰفِنَٰتُ ﴾، وەسفە بۆ مەوسووفێکی قرتێنراو، کە سیفەتەکە دەیگەیەنێ مەبەست پێی چییە؟ چونکە سیفەتی (**صافن**) تەنیا لە وڵاخە بەرزەدا دەبێت (**الصَّافِنُ: القَائِمُ عَلَى ثَلاثِ قَوائِمَ، وَطَرَفُ حافِرِ القائِمَةِ الرَّابِعَةِ عَلَى الأَرض**)، (**صافن**): ئەو ئەسپەیە کە لەسەر سێ لاقان دەوەستێ و، لاقی چوارەمیشی بە ئاستەم سمەکەی دەگەیەنێتە زەوی.

ئەمەش عادەتی ئەسپی ڕەسەنە، کە لەسەر سێ پێیان وەستاوەو لاقێکی پێشەوەی یەکێکیان بە زۆری وایە، لاقی ڕاستی بە ئاستەم سمەکەی دەگەیەنێتە زەوی و دیمەنێکی جوانی هەیە.

(**الجِياد: جَمْعُ الجَوَاد، وَهُوَ الفَرَس ذُو الجَوْدَة**) (جیاد) کۆی (جواد)ە، بریتیە لە ئەسپی چاک، یاخود ئەسپی تیژڕەو.

ئەسپەکانی ئاوا بۆ ڕانوێنراون و دیمەنێکی جوان بووە، تەماشای کردوون، چەند جارێ هێناویانن و بردوویانن، دوایی:

٥)- ﴿ فَقَالَ إِنِّيٓ أَحۡبَبۡتُ حُبَّ ٱلۡخَيۡرِ عَن ذِكۡرِ رَبِّي ﴾ ئنجا گوتی: من خۆشەویستیی ماڵ و سامانم خۆشویست، یاخود: ماڵ و سامانم خۆشویست، بە هۆی یادکردنی پەروەردگارمەوە، یان: بەهۆی بەرنامەی پەروەردگارمەوە، بۆ ڕستەی ﴿ عَن ذِكۡرِ رَبِّي ﴾ سێ واتایان لێکداونەوە:

١- ئەو ماڵ و سامانەم ئومێدی ئەوەم پێیەتی، پێی لە خوا نزیک ببمەوەو، خزمەتی ئایین و بەرنامەی خوای پێ بکەم، خزمەتی بەندەکانی خوای پێ بکەم.

﴿ أَحۡبَبۡتُ حُبَّ ٱلۡخَيۡرِ ﴾، یانی: من نەک هەر ماڵ و سامانم خۆشویست، بەڵکو خۆشویستنی ماڵ و سامانەکەشم خۆشویست.

وشەی: (خَیر) بە مانای ماڵێکی بە نرخ و بە هادار دێ، کە بەپێی سیاق مەبەستی لەو ماڵ و سامانە، ئەسپەکانی بووە، (خَیر) یانی: (خَیل) لێرەدا، لەسەر ڕای زۆر لە زانایان.

٢- واتایەکی دیکەی ڕستەی: ﴿ عَن ذِكۡرِ رَبِّي ﴾، یانی: ئەو خۆشویستنەم بۆ خۆشویستنی ماڵ و سامان، یان ئەو خۆشویستنەم بۆ ماڵ و سامان کە لە وڵاخە بەرزەکاندا بەرجەستەیە، لە یادی پەروەردگارمەوە، پەیدابووە ﴿ عَن ذِكۡرِ رَبِّي ﴾، یانی: لە یاد کردنم بۆ پەروەردگارمەوە ئەو ماڵ و سامانەم خۆشویستوە، کە وەک ئامڕازێک بۆ ڕازیی کردنی خوا بەکاری بێنم.

٣- واتایەکی دیکەشیان لێکداوەتەوە بۆ: ﴿ عَن ذِكۡرِ رَبِّي ﴾، **(أَي: أَحْبَبْتُ حُبَّ الخَيرِ، وَهُوَ الخَيْلُ، مُتَجَاوِزاً ذِكْرَ رَبِّي وَعُدِّيَ بِـ «عَن» بَدَلَ «عَلَى» لِتَضْمِينِهِ مَعْنَى النِّيَابَةِ عَلَى العِوَض، فَصَارَ المَعْنَى أَحْبَبْتُ خَيراً فَجاوَزتُ ذِكرَ رَبِّي، قَالَ الطَّبَرِي: أَحبَبتُ الخيرَ حَتى سَهَوتُ عَن ذِكرِ رَبِّي)**.

واتە: من ئەو ماڵ و سامانەم خۆشویست کە تێپەڕیم لە یادی پەروەردگارم، یاخود بێ ئاگات بووم لە یادی پەروەردگارم، بە هۆی خۆشویستنم بۆ ئەو

ماڵ و سامانەوە، بۆیەش (أَحبَبتُ)، بە وشەی: (عَن)، بەرکاری پێ خوازراوە: ﴿أَحۡبَبۡتُ حُبَّ ٱلۡخَيۡرِ عَن ذِكۡرِ رَبِّي﴾، لە جیاتی بفەرموێ: (أَحبَبتُ حُبَّ الخَيرِ عَلَى ذِكرِ رَبِّي)، هەڵمبژارد بەسەر یادی پەروەردگارمدا، (أَي: عِوَضاً عَن ذِكرِ رَبِّي)، یانی: کردمە جێداری یادی پەروەردگارم و کردمە قەرەبووی یادی پەروەردگارم، بەڵام ئەوەی من زیاتر دێتە دڵمەوە، مانای یەکەمیانە، واتە: کە دەفەرموێ: ﴿إِنِّيٓ أَحۡبَبۡتُ حُبَّ ٱلۡخَيۡرِ عَن ذِكۡرِ رَبِّي﴾، واتە: ئەو خۆشویستنەم بۆ ماڵ و سامان، لە یادی پەروەردگارمەوەو فەرمانبەریی پەروەردگارمەوە، سەرچاوەی گرتووە، نەک لە ئارەزووی نەفسەوە.

٦)- ﴿حَتَّىٰ تَوَارَتۡ بِٱلۡحِجَابِ﴾، تاکو پەنهان بوو بە هۆی پەردەوە، واتە: تاکو خۆرئاوا بووە، هەر مەشقی بە ئەسپەکان کردوەو تەماشای کردوون و سەرنجی داون.

٧)- ﴿رُدُّوهَا عَلَيَّۖ فَطَفِقَ مَسۡحَۢا بِٱلسُّوقِ وَٱلۡأَعۡنَاقِ﴾ ئنجا گوتی: بیانگێڕنەوە (ئەسپەکان) بۆ لام ئیدی دەستی پێکرد، بە دەست پێداهێنان، بە لاقەکانیان و گەردنەکانیان، یانی: دەستی پێدا دەهێنان، هەم دەستی بە لاقیاندا دەهێنا بە چوار پەلیان دا، هەم بە گەردنیشیان دا.

هەندێکی دیکەش وایان لێکداوەتەوە، کە دەفەموێ: ﴿حَتَّىٰ تَوَارَتۡ بِٱلۡحِجَابِ﴾، واتە: خۆشەویستییم بۆ ماڵ و سامان، لە یادی پەروەردگارم بێ ئاگای کردم، یاخود لە نوێژ بێ ئاگای کردم، تاکو خۆرئاوا بوو، لە تۆڵەی ئەوەدا گوتی: بیانگێڕنەوە بۆ لام:

﴿فَطَفِقَ مَسۡحَۢا بِٱلسُّوقِ وَٱلۡأَعۡنَاقِ﴾ ئنجا دەستی کرد بەوە کە هەم لاقەکانی پەی کردن و برینی، هەم گەردنیشیانی بڕی، وەک صەدەقەیەک و کەفارەتێک بۆ ئەوە کە ئەو ئەسپانە ئەویان بێ ئاگا کردوە، لە نوێژی عەصر، یاخود بێ ئاگایان کردوە لە یادی خوا.

بەڵام دەڵێم: ئەو واتایە، نازانم توێژەرەوانی قورئان لە کوێیان هێناوە؟ چونکە بەپێی ڕواڵەتی ئایەتەکان ئەوە ناگەیەنێ، جارێ (مَسْح) یانی: دەستپێداهێنان،

نـەك سـەربڕین، خواش ﷻ وشـەی (ذَبح)ی بەكارهێنـاوە لـە قورئاندا: ﴿ فَذَبَحُوهَا ﴾ البقـرة: ٧١، وشــەی (عَقر)یــشی بەكارهێنــاوە: ﴿ فَعَقَرُوهَا ...﴿٦٥﴾ ﴾هــود، بــەڵام (مَسح) واتـە: دەسـت پێداهێنـان.

ئنجـا: ﴿ حَتَّىٰ تَوَارَتۡ بِٱلۡحِجَابِ ﴾، ﴿ تَوَارَتۡ ﴾، كـە بـۆ مێینەیـە، بـۆ كـۆی ئەسـپەكان دەچێتـەوەو بـاسی خـۆر نەكـراوە، بەڵـێ جـاری وا هەیـە كـە ڕاناوێـك بـۆ شـتێك دەچێتـەوە، بـە سیاق دەزانـرێ، با پێشـتریش بـاسی نەكرابـێ، بـەڵام شـتێك كـە بـاس كرابـێ و ڕاناوەكـە لەگەڵـی دا بگونجـێ، بۆچـی بـۆ وی نەچێتـەوەو، بـۆ شـتێك بچێتـەوە كـە بـاس نەكـراوە؟ ئنجـا لێرەدا خـوا ﷻ لـە مەقامـی مەدحدا باسی سـولەیمان ؈ دەكات، بـەڵام ئەگـەر لەسـەر ئـەوەی تەماشـای ئەسـپانی كـردوە، نوێـژی چووبـێ، ئـەوە گوناهـەو ئەوكاتـە دەبێتـە زەم و سەرزەنشـت بـۆ سـولەیمان، بـەڵام مەقامەكـە هەمـووی مەقامـی مەدحـە: ﴿ وَوَهَبۡنَا لِدَاوُۥدَ سُلَيۡمَٰنَۚ نِعۡمَ ٱلۡعَبۡدُ إِنَّهُۥٓ أَوَّابٌ ﴿٣٠﴾ إِذۡ عُرِضَ عَلَيۡهِ بِٱلۡعَشِيِّ ٱلصَّٰفِنَٰتُ ٱلۡجِيَادُ ﴿٣١﴾ فَقَالَ إِنِّيٓ أَحۡبَبۡتُ حُبَّ ٱلۡخَيۡرِ عَن ذِكۡرِ رَبِّي حَتَّىٰ تَوَارَتۡ بِٱلۡحِجَابِ ﴿٣٢﴾ رُدُّوهَا عَلَيَّۖ فَطَفِقَ مَسۡحَۢا بِٱلسُّوقِ وَٱلۡأَعۡنَاقِ ﴿٣٣﴾ ﴾.

توێــژەرەوانی قورئــان دەڵێــن: ئــەوە كــە دەفەرمــوێ: ﴿ رُدُّوهَا عَلَيَّۖ فَطَفِقَ مَسۡحَۢا بِٱلسُّوقِ وَٱلۡأَعۡنَاقِ ﴾، ئەمـە لـە باسـكردندا دواكەوتـوە، ئەگەرنـا لـە ئەصڵدا لە پێشـەوەیە، یـانی: دوای ئـەوەی ڕسـتەی: ﴿ إِذۡ عُرِضَ عَلَيۡهِ بِٱلۡعَشِيِّ ٱلصَّٰفِنَٰتُ ٱلۡجِيَادُ ﴾ هاتـوە، ئنجـا ﴿ رُدُّوهَا عَلَيَّ ﴾، گـوتی: بیگێڕنـەوە بـۆ لام، ئنجـا ﴿ فَطَفِقَ مَسۡحَۢا بِٱلسُّوقِ وَٱلۡأَعۡنَاقِ ﴾ هاتـوە، ئنجـا دوایـی لـە كۆتاییەكەیـدا گـوتی: مـن خۆشویسـتنم بـۆ ئـەو مـاڵ و سـامانە، بـۆ یـادی پەروەردگارمـەو، لـە یـادی پەروەردگارمـەوە هاتـوە، وەك زانایـان ئاوایـان تەعبیـر لێداوەتـەوە: ﴿ عَن ذِكۡرِ رَبِّي ﴾، (**أَي: نَاشِئاً عَـنْ ذِكْـرِ رَبِّي وَطَاعَتِـهِ، وَلَيْـسَ هَـوى النَّفْـسِ**)، ئـەو واتایـە گونجاوتـرە لەگـەڵ ئایەتـەكان داو لەگـەڵ پایـەو مەقامـی سـولەیمان ؈ داو، پێـم وایـە ئـەوی دیكـە زیادەیـە كـە لـە خـۆوە مانایەكـی بـۆ هەڵتاشـین.

هەندێکیش گوتوویانە: کە سولەیمان گوتوویەتی: ﴿رُدُّوهَا عَلَيَّ﴾، بیگێڕنەوە بۆ لام و، بیگێڕنەوە سەرم، مەبەستی ئەوە بووە، خۆرم بۆ بگێڕنەوەو، گوایە خۆر گەڕاوەتەوە بۆ سولەیمان بۆ ئەوەی نوێژی عەسرەکەی لە کاتی خۆیدا بکات!! کە ئەوەش هیچ بەڵگەیەکی لەسەر نیە، سولەیمان ﷺ بەندەیەکی هێندە لە خوا نیزیک و بۆ خوا صوڵحاو بووە، لێی ناوەشێتەوە، بڵێ: ﴿رُدُّوهَا عَلَيَّ﴾، فەرمان بکات، خۆری بۆ بگێڕرێتەوە!! بەڵکو فەرمانی کردوە بە مەیتەرەکان (**سوّاس الخیل**)، بەوانەی خزمەتی ئەسپەکانیان کردوە ﴿رُدُّوهَا عَلَيَّ﴾، ئەسپەکانم بۆ لا بێننەوەو، ئیدی دەستی پێدا هێناون، دەستی بە لاقەکانیان و بە گەردنیاندا هێناوە، وەک خزمەتکردنێک و هاندانێک و، دڵخۆشبوونیش بەو نیعمەتەی خوا، کە لە یادی خواو لە ڕەزامەندیی خوادا بەکاریان دێنێ، لە جەنگ و جیهاددا، بۆ ڕزگارکردنی ستەمدیدان و بڵاوکردنەوەی ئایین و پەیام و بەرنامەی خوا ﷻ، نەک مەبەست ئەوە بێ کە خۆرم بۆ لا بگێڕنەوە، بۆ ئەوەی نوێژەکەم لە کاتی خۆیدا بکەم!! ئەو تەعبیرە هیچ بەڵگەیەکی لەسەر نیە.

ئنجا وڵاخە بەرزە، کە لە کوردییدا وڵاخە بەرزە، هەم ئەسپ دەگرێتەوەو هەم مایین و هەم ئێستریش بەنێرو مێ وە، کە لە ئەنجامی چاککردنی ئەسپ لە کەردا (ئەسپ لە ماکەر چاک دەکرێ) ئەو بێچوەی کە دەیانبێ، ئەگەر نێر بێ یان مێ بێ، پێی دەگوترێ: ئێستر، کە نەزۆکە، ئنجا ئەو چوار جۆرە، واتە: هەم ئەسپ و مایین، نێرەو مێیەی ئەسپ و وڵاخە بەرزە، هەم ئێستر نێرو مێی، هەموویان لە کوردەواریی دا پێیان دەگوترێ: وڵاخە بەرزە، کە لە چاو گوێدرێژ بەرزترن، هەروەها پێشیان دەگوترێ: یەک سم، بۆ ئەوەی جیابکرێنەوە لە کەڵ و گامێش و گاو مانگاو مەڕو بزن، کە ئەوانە سمەکەیان دوو فاقە، بەڵام هی ئەوان یەک سمە، پێغەمبەر ﷺ یش لە بارەی وڵاخە بەرزەوە دەفەرموێ: {**الخَيْلُ مَعْقُودٌ بِنَوَاصِيهَا الخَيْرُ إِلَى يَومِ القِيامَةِ**} (**أخرجه البخاري: ٣٦٢٤، ومسلم: ١١٧١، وغيرهما**) واتە: وڵاخە بەرزە تاکو ڕۆژی قیامەت خێرو چاکەی بە نێو چاوانەوە هەیە، (واتە: خێرو بەرژەوەندیی تێدا هەیە، بەکاردەهێنرێ و بەهرەی لێ وەردەگیرێ).

مەسەلەی دووەم:

تاقیكردنــەوەی خــوا بــۆ ســولەیمان، بــە فڕێدانــی جەســتەیەك بــۆ ســەر كورســییەكەی و، پاشــان گەڕانــەوەی ســولەیمان بــۆ لای خــواو، داوای لێبــوردن لێكردنــی و، داوای دەســتەڵاتێكی بــێ وێنــەو حوكمڕانییەكــی بــۆ جگــە لــە وی نەشــیاو، لێكردنــی:

خــوا دەفەرمــوێ: ﴿ وَلَقَدْ فَتَنَّا سُلَيْمَٰنَ وَأَلْقَيْنَا عَلَىٰ كُرْسِيِّهِۦ جَسَدًا ثُمَّ أَنَابَ ﴿٣٤﴾ قَالَ رَبِّ ٱغْفِرْ لِى وَهَبْ لِى مُلْكًا لَّا يَنۢبَغِى لِأَحَدٍ مِّنۢ بَعْدِىٓ ۖ إِنَّكَ أَنتَ ٱلْوَهَّابُ ﴿٣٥﴾ ﴾.

شیكردنەوەی ئەم دوو ئایەتە، لە شەش بڕگەدا:

١)- ﴿ وَلَقَدْ فَتَنَّا سُلَيْمَٰنَ ﴾، بە دڵنیایی ئێمە سولەیمانمان تاقیكردەوە، (**أَي: وَلَقَدِ ابْتَلَيْنَا سُلَيْمَانَ**)، وەك (**الطبري**) گوتوویەتی، تاقیمان كردەوەو جەڕباندمان، تاقیكردنەوەش بەڵێ جاری وا بە نیعمەت و بە خۆشیی دەبێ، بەڵام بە زۆریی وایە، بە گرفتاریی و بە ناڕەحەتییان دەبێت، كە ئەو تاقیكردنەوەیەی سولەیمان بە گرفتاریی و ناڕەحەتییەك بووە.

٢)- ﴿ وَأَلْقَيْنَا عَلَىٰ كُرْسِيِّهِۦ جَسَدًا ﴾، جەستەیەكمان فڕێدایە سەر كورسییەكەی، مەبەست لە كورسییەكەی ئەو كورسییە بووە كە لە سەری دانیشتوە بۆ حوكمڕانیی كردن، كە دوایی باس دەكەین مەبەست لەو جەستەیە چییە؟

٣)- ﴿ ثُمَّ أَنَابَ ﴾، دوایی پەشێمان بووەوەو گەڕایەوە بۆ لای خوا، چونكە (**إِنَابَةٌ**)، بریتیە لە گەڕانەوە بۆ لای خوا لە ناخەوە، (**التَّوْبَةُ إِلَى اللهِ مِنَ الْقَلْبِ**).

٤)- ﴿ قَالَ رَبِّ ٱغْفِرْ لِى ﴾، گوتی: پەروەردگارم! لێم ببوورە. كەواتە: هەڵەو كەم و كوڕییەك بووە لەلای سولەیمانەوە.

٥)- ﴿ وَهَبْ لِى مُلْكًا لَّا يَنۢبَغِى لِأَحَدٍ مِّنۢ بَعْدِىٓ ﴾، موڵك و حوكمڕانییەكم پێ ببەخشە، كە لە دوای من بۆ كەس نەگونجێ و نەلوێ.

٦)- ﴿إِنَّكَ أَنتَ ٱلْوَهَّابُ﴾، بە دڵنیایی هەر تۆی زۆر بەخشەر، یانی: بۆیە حوکمڕانیی و دەسەڵاتێکی وام پێ ببەخشە، کە بۆ کەس نەگونجێ لە دوای من، لەبەر ئەوەی بەس تۆ شایستەی ئەوەی، چونکە زۆر بەخشندەو بەخشەری.

چەند سەرنجێک لەبارەی ئەو تاقیکرانەوەی سولەیمانەوە:

زانایان وەک چۆن لە بارەی بەسەرهاتەکەی پێشێ، (مەسەلەی ئەسپەکان)ەوە، مەبەست پێیان چییە، کە ڕانوێنراون لەسەر سولەیمان؟ قسەو باسیان زۆر بووە، لە بارەی ئەم بەسەرهاتەشەوە زۆر قسەیان کردوەو، مشت و مڕی زۆریان بووە، بەڵام ئەگەر تەماشای ئایەتەکان بکەین، بە بێ کەوتنە ژێر کاریگەریی پەیمانی کۆن و بەبێ کەوتنە ژێر کاریگەری هەندێک گێڕدراوان (روایات)و، بەبێ کەوتنە ژێر کاریگەریی ئەو شتانەی زانایان هێناویانن، کە هەندێکیان سەرچاوەیان نادیارەو، زۆربەشیان سەرچاوەیان دیارە، کە خاوەن کتێبەکانن، چ ئەوەی کە لە پەیمانی کۆندا هەیە، چ ئەوەی کە دەماو دەم لە هەندێک لەو زانایانەی کە جوولەکە بوون، یان نەصڕانیی بوون و، یاخود مسوڵمان بوون، هەندێک شتیان لێ گێڕدراوەتەوە، ئەگەر بەبێ ئەوەی بکەوینە ژێر کاریگەریی ئەوانە، تەماشای خودی ئایەتەکان بکەین، ئاوامان دێتە بەرچاو، کە خوا دەفەرموێ: بە دڵنیایی ئێمە سولەیمانمان عليه السلام تاقیکردەوەو، جەستەیەکمان فڕێدایە سەر کورسییەکەی، دوایی سولەیمان عليه السلام گەڕایەوە بۆ لای خواو پەشێمان بووەوەو، داوای لێبوردنی لە پەروەردگاری کرد، گوتی: پەروەردگارم! لێم ببوورەو، حوکمڕانیی و موڵکێکم پێ بدە، کە لە دوای من بۆ کەس شایستە نەبێ و نەگونجێ، بێگومان هەر تۆی زۆر بەخشەر.

ئەمە مانای ئایەتەکانە زۆر بە ڕوونیی.

بەڵام ئایا مەبەست لەو (جَسَد)ە، چییە:

١- هەندێک لە زانایان گوتوویانە: (**جَسَد**) نازانرێ چییە؟!، مەرج نیە ئێمە هەرچی لە قورئاندا هاتوە، هەمووی بزانین، ئەم (**جَسَد**)ە، نازانین، خوا دەفەموێ: جەستەیەکمان فڕێدایە سەر کورسییەکەی سولەیمان، دەگونجێ ئەوە نهێنییەک بێ لە نێوان خواو سولەیماندا، هەندێک وایانگوتوە.

٢- هەندێک گوتوویانە: مەبەست لەو (**جَسَد**)ە، جەستەی سولەیمان خۆی بووە، واتە: سولەیمان نەخۆش بوو و، تووشی حاڵەتێک بوو کە توانای حوکمڕانیی لە دەست دابوو، توانای کۆنترۆڵکردنی وڵاتەکەی لە دەست دابوو، وەک جەستەیەکی بێ ڕووحی لێهاتبوو، (**أبو مسلم الأصفهاني**) وایگوتوە.

٣- هەندێک گوتوویانە: مەبەست لە جەستەیەک، منداڵێکی نوقسانە، کە لەو بارەوە دوایی فەموودەیەک دێنین، ئەویش ئەوەیە کە سولەیمان گوتوویەتی: من بەسەر هاوسەرەکانمەوە دەگەڕێم و هەموویان کوڕیان دەبێ و، کوڕەکانیش هەموویان دەبنە جەنگاوەر لە ڕێی خوادا، بەڵام لە بیری چووە بڵێ: (**إن شاء الله**)، ئەگەر خوا بیەوێ، بۆیە لە هەموو هاوسەرەکانی، تەنیا یەکێکیان دوو گیان بووە، ئەویش منداڵێکی نوقصانی بوو، وەک پارچە گۆشتێک و هێناویانە لەسەر کورسییەکەیان داناوە، کە ئەوەتان بووە!!

٤- ڕایەکی دیکە ئەوەیە، کە مەبەست لەو جەستەیە شەیتانێک بووە، کە ئەویش بەسەرهاتێکی دوورو درێژی هەیە، کورتەکەی ئەوەیە: گوایە ڕۆژێک سولەیمان دەچێت خۆی بشوات، یان بۆ تارەت گرتن، ئەنگوستیلەکەی دەداتە خزمەتکارێکی، شەیتانیش خۆی دەباتە سەر شێوەی سولەیمان و دەڵێ: بێنە ئەنگوستیلەکەم، ئەویش وا دەزانێ سولەیمانەو ئەنگوستیلەکەی دەداتێ، گوایە بە هۆی ئەو ئەنگوستیلەیەوە ئەو شەیتانە حوکمڕانیی دەکات لە شوێنی سولەیمان و دەڵێ: من سولەیمانم، دوایی کە سولەیمان دێتەوە، دەڵێ: کوا ئەنگوستیلەکەم؟ دەڵێ: ئەنگوستیلەی چی؟ دامانەوە بە سولەیمان! دەڵێ: من سولەیمانم، دەڵێ: نەخێر، ڕاست ناکەی، سولەیمان هات و ئەنگوستیلەکەی

برد! بەسەرهاتێکی ئاوا هەیە، ئنجا ئایا ئەو شەیتانە ناوی چی بووە؟ هەندێکیان گوتوویانە: ناوی (صەخر) بووە، هەندێکیان گوتوویانە: ناوی (ئاصەف) بووەو، هەندێکیش گوتوویانە: ناوی (ئاصەر) بووە، هەندێکیش گوتوویانە: ناوی (حەبقیق) بووە!

ئنجا با ئەو دەقەش بێنین کە پاڵ دەدرێتە لای پێغەمبەر ﷺ بەڵام بە ڕاستیی من گومانم لێی هەیە، کە فەرمایشتی پێغەمبەر ﷺ بێ، بەڵام لەبەر ئەوەی لە صەحیحی بوخاریی و موسلیمدا هاتوە هەر دەیهێنم، دەڵێ: {**قَالَ سُلَيْمَانُ: لَأَطُوفَنَّ اللَّيْلَةَ عَلَى سَبْعِينَ امْرَأَةٍ كُلُّ وَاحِدَةٍ تَأْتِي بِفَارِسٍ يُجَاهِدُ فِي سَبِيلِ اللَّهِ، وَلَمْ يَقُلْ إِنْ شَاءَ اللَّهُ، فَطَافَ عَلَيْهِنَّ، فَلَمْ تَحْمَلْ إِلَّا امْرَأَةٌ وَاحِدَةٌ جَاءَتْ بِشِقِّ رَجُلٍ، فَجِيءَ بِهِ عَلَى كُرْسِيِّهِ، فَوُضِعَ فِي حِجْرِهِ، فَوَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ، لَوْ قَالَ: إِنْ شَاءَ اللَّهُ لَجَاهَدُوا كُلُّهُمْ فِي سَبِيلِ اللَّهِ فُرْسَانًا أَجْمَعُونَ**} (**أخرجه البخاري: ٦٦٣٩، ومسلم: ١٦٥٤**).

واتە: سولەیمان عليه السلام گوتی: ئەمشەو بەسەر حەفتا ژنەوە دەگەڕێم، (واتە: لە هاوسەرەکانی، کە ئەو کاتە نەبەستراوەتەوە بە چوارەوە، یاخود بە زیاترەوە، بەڵکو بەبێ سنوور بۆیان هەبووە ژن بێنن، بەسەر حەفتا ژنەوە دەگەڕێم)، هەر کامێکیان سوار چاکێکیان دەبێ لە ڕێی خوادا، جەنگ و جیهاد بکات، بەڵام لەبیری چوو بڵێ: ئەگەر خوا بیەوێ، بۆیە بەسەر هەر حەفتایانەوە گەڕا، بەڵام تەنیا یەک ژنیان تۆڵدار بوو، ئەویش نیوە منداڵێکی بوو، بۆی هێنرا کە لەسەر کورسییەکەی بوو، لە کۆشی دا دانرا، {گوایە پێغەمبەر ﷺ گوتوویەتی:} سوێند بەوەی گیانی منی بە دەستە، ئەگەر گوتبای: (**إِنْ شَاءَالله**)، (حەفتا کوڕی دەبوون و) هەموویان دەبوونە سوارچاک و تێکڕاش لە ڕێی خوادا جەنگیان دەکرد.

ئەمە بەڵێ لە صەحیحی بوخاریی و موسلیمدا هاتوە، بەڵام وەختێک ئەم دەقە لە مەحەکی عەقڵ و واقیع دەدەین، ڕاست دەرناچێ، بۆیە دەڵێین: فەرمایشتی پێغەمبەر ﷺ نیە، بۆچی؟ با تەماشا بکەین:

١- ئەوە کە پیاو بتوانێ لە شەوێکدا لەگەڵ حەفتا (٧٠) ئافرەتدا جووت بێ، شتێکی زۆر لە عەقڵ دوورە، لە ڕووی توانای جینسییەوە.

٢- لە ڕووی کاتەوە، ئەگەر بڵێین: خوا هەندێک شتی بۆ پێغەمبەران کردوە، وەک موعجیزەیەک و، ئەوەش شتێکی یاسا دڕ (**خَارِقُ العَادَة**) بووە، باشە، بەڵام ئەگەر وەک کات و واقیع تەماشای بکەین: ئایا شەوێک بایی ئەوە دەکات کە پیاو بتوانێ بچێتە لای حەفتا (٧٠) هاوسەر؟ بێگومان جووتبوونی پیاو لەگەڵ ژنیدا ئەگەر تەنیا دە (١٠) خولەکی پێ بچێ، کە ئەوەش دوورەو بە لای کەمەوە چارەگێک، بیست خولەکی پێ دەچێ، ئەگەر یەکی تەنیا (١٠) خولەکی پێ چوو بێ، لەگەڵ (٧٠) ئافرەتدا جووت بوون: (٧٠ × ١٠) دەکاتە حەوتسەد (٧٠٠) خولەک، ئەویش دەکاتە (١١) سەعات و (٤٠) خولەک، ئەوە ئەگەر هەر یەکی (١٠) خولەک بێ، بەڵام ئەگەر بیکەینە یەکی (٢٠) خولەک، مانای وایە دەکاتە (٢٣) سەعات و ئەوەندە، خولەک واتە: دەوری (٢٤) سەعات دەکات، دەقەکە دەڵێ: لە شەوێکدا، بەڵام (٢٤) سەعات دەخایەنێ!!

کەواتە: ئەو دەقە ناگونجێ فەرمایشتی پێغەمبەر ﷺ بێ، بەڵێ ئەگەر گوتبای: حەوت هاوسەر بوون، ئەگەر گوتبای دە (١٠) بوون، ڕێی تێدەچوو، بەڵام ئەمە بە هیچ جۆرێک ڕێی تێناچێ فەرمایشتی پێغەمبەر ﷺ بێ، بۆیە ئەگەر ئایەتەکە بەو شێوەیە تەفسیر بکرێ، پێم دوورە.

ئایا جند دەتوانن هەندێ شت بکەن؟ بە تەئکید جند دەتوانن هەندێ کار بکەن، وەک لەو فەرمایشتەی پێغەمبەردا ﷺ هاتوە، بەڵام ئایا دەتوانن خۆیان بەرنە سەر شکڵی پێغەمبەرێک و، لە جیاتی ئەو پێغەمبەرە حوکمڕانیی بکەن؟ ئەوەیان بە مەحاڵی دەزانم، ئەگەرنا هەندێ شتیان لە دەست دێ، بۆ وێنە: پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: {**إِنَّ عِفْرِيتاً مِنَ الجِنِّ تَفَلَّتَ البَارِحَةَ لِيَقْطَعَ عَلَيَّ صَلاَتِي، فَأَمْكَنَنِي اللَّهُ مِنْهُ، فَأَخَذْتُهُ، فَأَرَدْتُ أَنْ أَرْبُطَهُ عَلَى سَارِيَةٍ مِنْ سَوَارِي الْمَسْجِدِ حتَّى تَنْظُرُوا إِلَيْهِ كُلُّكُمْ، فَذَكَرْتُ دَعْوَةَ أَخِي سُلَيْمَانَ: ﴿وَهَبْ لِي مُلْكًا لَّا يَنبَغِي لِأَحَدٍ مِّنْ بَعْدِيٓ﴾، فَرَدَدْتُهُ خَاسِئًا**} (**أخرجه البخاري: ٤٨٠٨، ومسلم: ٥٤١، وغيرهما**).

واتە: (پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ:) عیفریتێکی جینی دوێنێ شەو لێم یاخیی بوو، بۆ ئەوەی کە نوێژەکەم لێ ببڕێ، (سەرقاڵی بکات و نوێژی لێ ببڕێ،

بە شێوەیەک لە شێوەکان)و، خوا ﷻ منی بەسەر ئەودا زاڵ کردو گرتم (جند کاتێک خۆی دەخاتە سەر شکڵی بەشەر، یاخود ئاژەڵ، مۆڤ دەتوانێ زەفەی پێ بەرێ، ئەویش خۆی جەستاندوە لە شێوەیەکی ماددیی دا)، ویستم بە کۆڵەگەیەک لە کۆڵەگەکانی مزگەوتەوە بیبەستمەوە، تاکو بەیانی هەمووتان تەماشای بکەن، دوایی قسەی سولەیمانی برامم کەوتەوە یاد: ﴿وَهَبْ لِي مُلْكًا لَّا يَنبَغِي لِأَحَدٍ مِّنۢ بَعْدِيٓ﴾، {حوکمڕانییەکم بدەیە لە دوای من بۆ کەس نەگونجێ} لەبەر ئەوە بەرهەڵدام کردو، خوا بە زەبوونیی بەرپەرچی دایەوە.

بەڵێ بۆ تەفسیری ئەو ئایەتانە دەبێ تەماشای پەیمانی کۆن نەکەین، ئەو دەقەش کە پاڵدراوەتە لای پێغەمبەر ﷺ، لە ڕووی نێوەڕۆکەوە ڕاست نیەو ناگونجێ پێغەمبەری خوا ﷺ شتی وا بفەرموێ: کە لەگەڵ واقیعدا ناگونجێ، چونکە وەک لە کتێبی: {پێناسەو گرنگیی و پێویستیی ڕێبازی پێغەمبەر} ﷺ دا گوتوومە: یەکێک لە نیشانەکانی هەڵبەستراویی دەقێک بە ناوی پێغەمبەرەوە ئەوەیەکە:

١- لەگەڵ قورئاندا دژ بوەستێ.

٢- یان لەگەڵ عەقڵدا دژ بوەستێ.

٣- یان لەگەڵ عیلم و واقیعدا دژ بوەستێ.

٤- یاخود لەگەڵ سیرەی کردەوەیی پێغەمبەردا ﷺ دژ بوەستێ.

ئەو دەقەش ناگونجێ فەرمایشتی پێغەمبەر بێ، چونکە لەگەڵ واقیعدا دژ دەوەستێ و، لەگەڵ عەقڵ دا دژ دەوەستێ، ئنجا ئایا بۆ تەفسیری ئەو ئایەتانە کام مانا زیاتر دەچێتە عەقڵەوە؟ بە بۆچوونی من ئەو مانایە کە خوا ﷻ ڕوونی نەکردۆتەوە ئەو جەستەیە چییە؟ بەڵێ زۆربەی هەرە زۆری ڕوونکەرەوانی قورئان گوتوویانە: ئەو جەستەیە شەیتانێک بووە، بەڵام ناگونجێ شەیتانێک بچێتە شوێنی پێغەمبەرێک، کە حوکمڕان بووە، کە هەندێک دەڵێن: چل ڕۆژ و،

هەندێک دەڵێن: هەفتەیەک و هەندێک دەڵێن: کەمترو هەندێک دەڵێن: زیاتر، حوکمڕانیی کردوە، بەڵام خوا ئافرەتەکانی سولەیمانی لێ قەدەغە کردوون! پێم وایە ئەمە شتێکی نامەنتیقییەو لەگەڵ پارێزراویی پێغەمبەران (عَلَيْهِمُ الصَّلاةُ وَالسَّلام) دا ناگونجێ، کەواتە: باشتر وایە بڵێین: مەبەست لە (جَسَد) ئەوەیە کە خوا ﷻ وەک هێماو ڕەمزێکی خۆی و سولەیمان دەفەرموێ جەستەیەکمان فڕێدایە سەر کورسییەکەی و، خوا ﷻ بەس خۆی دەزانێ ئەوە چۆنەو، نهێنییەکە لە بەینی خوای پەروەردگارو سولەیمان دا بووە، گرنگ ئەوەیە ئەوە تاقیکردنەوەیەک بووە بۆ سولەیمان و، لە دوای ئەوە سولەیمان داوای لێبوردنی لە خوا کردوەو بۆ لای خوا گەڕاوەتەوەو، داواشی لە خوا کردوەو، موڵکێکی پێ بدات و حوکمڕانییەکی پێ بدات، کە لە دوای وی بە کەڵکی کەسی دیکە نەیەت.

ئنجا ئەوەش کە حوکمڕانییەک بە سولەیمان ببەخشرێ، لە دوای وی بە کەڵکی کەسی دیکە نەیەت، دوایی قسەی لێ دەکەین، چونکە هەندێک گوتوویانە: ئەوە حەسەدی لێ دەخوێندرێتەوە، کە سولەیمان ویستبێتی شتێک بەو بدرێ بە کەسی دیکە نەدرێ!



مەسەلەی سێیەم و کۆتایی:

باسی ڕامکرانی با بۆ سولەیمان، کە بە نەرمیی بە فەرمانی وی بۆ هەر جێیەک بیەوێ بچێ، هەروەها ملپێکەچکرانی شەیتانەکانیش و ڕۆڵ گێڕانیان لە بیناسازیی و لە دەریاوانیی و غەوواسیی داو، کەلەبچەکرانی هەندێکیشیان و، دەستکراوەکردنی سولەیمان لە بەخشین و نەبەخشیندا، یاخود لە بەرهەڵداکردنی شەیتانە کەلەبچەکراوەکانی، یاخود هێشتنەوەیاندا بە دیلیی، وێڕای نیزیکیی سولەیمان ﷺ لە خوا لە ڕۆژی دوایی داو، لە پاداشتی هەرە باشی خوا بۆی:

خوا دەفەرموێ: ﴿فَسَخَّرْنَا لَهُ ٱلرِّيحَ تَجْرِى بِأَمْرِهِۦ رُخَآءً حَيْثُ أَصَابَ ﴿٣٦﴾ وَٱلشَّيَـٰطِينَ كُلَّ بَنَّآءٍ وَغَوَّاصٍ ﴿٣٧﴾ وَءَاخَرِينَ مُقَرَّنِينَ فِى ٱلْأَصْفَادِ ﴿٣٨﴾ هَـٰذَا عَطَآؤُنَا فَٱمْنُنْ أَوْ أَمْسِكْ بِغَيْرِ حِسَابٍ ﴿٣٩﴾ وَإِنَّ لَهُۥ عِندَنَا لَزُلْفَىٰ وَحُسْنَ مَـَٔابٍ ﴿٤٠﴾﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە شەش بڕگەدا:

١)- ﴿فَسَخَّرْنَا لَهُ ٱلرِّيحَ تَجْرِى بِأَمْرِهِۦ رُخَآءً حَيْثُ أَصَابَ﴾، ئنجا با مان بۆ ملکەچ کرد بە فەرمانی وی بەشێنەیی بەرەو هەر جێیەک ویستبای دەڕۆیی. خوا ﷻ دوای ئەوەی سولەیمان دوعایەکە دەکات، نافەرموێ: وەڵامان دایەوە، لە شوێنی دیکە وا دەفەرموێ: بەڵام لێرەدا یەکسەر دەفەرموێ: ﴿فَسَخَّرْنَا لَهُ ٱلرِّيحَ﴾، با مان بۆ ملکەچ و دەستەمۆ کرد، خوێندراویشەتەوە: (**فَسَخَّرنَا لَهُ الرِّيَاحَ**)، بایەکانمان بۆ ملکەچ و دەستەمۆ کردن.

(**التَّسْخِيرُ: الإِلْجَاءُ إِلَى عَمَلٍ بِدُونَ اختِيَارٍ**)، (**تَسخِير**): بریتیە لە پەنا پێبردنی کەسێک بە کارێک بەبێ ئەوەی تێیدا سەرپشک بێ، واتە: ناچارکردنی شتێک بۆ کارێک، یانی: مل پێکەچ کردن و، ڕام و دەستەمۆ کردن.

﴿تَجْرِى بِأَمْرِهِۦ رُخَآءً﴾، بە فەرمانی وی بە نەرمیی دەڕۆیشت، (**الرُّخَاءُ أَي: لَيِّنَةً طَيِّبَةً، أَو مُطِيعَةً لِسُلَيمَان، وَاللَّيِّنَةُ الَّتِي لا زَعْزَعَةَ فِي هُبُوبِهَا**)، کە دەفەرموێ: (**رخَاء**)

واتـە: نـەرم و خـۆش و، ملکـەچ بـۆ سـولەیمان، (لَيِّنَـةً) ئـەو بایـەی کـە گڤـە گـڤ و بەرزیـی و نزمیـی تێدانیـەو بەشـێنەیی دەڕوات، یەکێـک بـۆی هەیـە، بڵـێ: ئـەدی بۆچـی خـوا ﷻ لـە سـوورەتی (الأَنبيـاء)دا دەفەرمـوێ: ﴿ وَلِسُلَيْمَٰنَ ٱلرِّيحَ عَاصِفَةً تَجْرِى بِأَمْرِهِۦٓ إِلَى ٱلْأَرْضِ ٱلَّتِى بَٰرَكْنَا فِيهَا ۚ وَكُنَّا بِكُلِّ شَىْءٍ عَٰلِمِينَ ﴿٨١﴾ ﴾، واتـە: بـۆ سـولەیمان بامـان بـۆ دەسـتەمۆو ملکـەچ کـرد، هەڵـکردوو بـوو بـە توندیـی، (بایەکـی بەهێـز بـوو)، بـە فەرمـانی ئـەو بـۆ سـەر ئـەو زەمینـە دەچـوو کـە پیـت و پێزمـان تێخسـتوە، ئێمـە بـە هەمـوو شـتێک زانـا بوویـن. لـەوێ دەفەرمـوێ: بایەکـی تونـدو تیـژو بەهێـز بـوو، لێـرەش دەفەرمـوێ: بایەکـی نـەرم و نیـان بـوو؟!

وەڵامەکـەی ئەوەیـە: کـە ئەگـەر ویسـتبای زۆر خێـرا دەڕۆیـی و، ئەگـەر ویسـتباشی نـەرم و هێـواش دەڕۆیـی، یاخـود لـەو ڕووەوە کـە بـە قسـەی سـولەیمان ئـەو بایـە جووڵـەی دەکـرد، نـەرم و ملکـەچ بـوو، بـەڵام لـەو ڕووەوە کـە بـە خێرایـی دەڕۆیشـت بەهێـزو تونـد بـوو، واتـە: نەرمییەکـەی بـە ئیعتیبارێـک و توندییەکەی بـە ئیعتیبارێک، لـەو ڕووەوە کـە لـە قسـەی سـولەیمان دەرنەچـووە، نـەرم بـووەو، لـەو ڕووەوەش کـە بـە خێرایـی ماوەکـەی بڕیـوە، تونـدو خێـرا بـووە.

﴿ حَيْثُ أَصَابَ ﴾، بـە فەرمـانی وی بـۆ هـەر شـوێنێک کـە ئـەو ویسـتبای، دەچـوو ﴿ حَيْثُ أَصَابَ ﴾، **أي (حَيْـثُ أَرَاد، حَيْـثُ قَصَـد: وَهُـوَ مُشْـتَقٌّ مِـنَ الصَّـوْبِ: الجِهَـة، قِيْـلَ: أَصَـابَ الصَّـوَابَ، فَأَخْطَـأَ الجَـوَاب)**، واتـە: ﴿ حَيْثُ أَصَابَ ﴾، یـانی: **(حَيْـثُ أَرَاد)**، واتـە: بـۆ هـەر شـوێنێک کـە ویسـتبای، بـۆ هـەر شـوێنێک کـە مەبەسـتی بووایـە، کـە: **(أَصَـابَ)**ش، داتـاشراوە لـە **(صَـوب)**ەوە، یـانی: **(جِهَـة)** لایـەک کـە مـرۆڤ بـۆی دەچـێ، لـە زمـانی عەرەبییـدا گوتـراوە: **(أَصَـابَ الصَّـوابَ، فَأَخطَـأَ الجَـوَاب)**، واتـە: ویسـتی ڕاسـتیی بپێکـێ، بـەڵام لـە وەڵامەکـەدا هەڵـەی کـرد.

٢)- ﴿ وَٱلشَّيَٰطِينَ كُلَّ بَنَّآءٍ وَغَوَّاصٍ ﴾، شەیتانەکانیش زۆرێکیان بیناسازو گەوهەر دەرهێنەر، یاخود دەریاوان، بوون، لێرەدا **(كُلّ)** بە مانای **(كَثِير)** دێ، زۆر لە شەیتانەکانیش بیناسازییان بۆ دەکردو، دەریاوانییشیان بۆ دەکرد.

٣)- ﴿ وَءَاخَرِينَ مُقَرَّنِينَ فِي ٱلۡأَصۡفَادِ ﴾، ئەوانی دیکەش جووتکرابوون لە کۆت و پێوەنداندا، (أَصْفَاد) کۆی (صَفَد)ە، (صَفَدهُ: أَي قَيَّدَهُ)، (صَفَد) بە مانای کۆت، کە دەکرێتە پێی ئینسانەوە بۆ ئەوەی نەجووڵێ، ﴿ مُقَرَّنِينَ ﴾ (إسمُ مَفْعُولٍ مِنْ قَرَنَهُم، مُبَالَغَةً فِي قَرَنَهُ، أَي جَعَلَهُ قَرِيناً لِغَيْرِهُ لايَنفَكُّ أَحَدُهُمَا عَنِ الأَخَر)، (مُقَرَّن) ناوی بەرکارە، لە (قَرَنَهُ)، واتە: جووتی کرد، کە ئەمە (مُقَرَّن) لە جیاتی بفەرمویٚ: (مُقْرَن) زێدەڕۆییە لەوەدا کە جووتکراوە لەگەڵ یەکێکی دیکەدا، بە شێوەیەک کە هیچ کام لەو دووانە لێک جیا نابنەوەو، دوو کەس دوو کەس پێکەوە کەلەبچە کراون، یاخود کۆت کراون و پێیەکانیان پێکەوە بوون، بۆ ئەوەی نەتوانن ڕابکەن.

(الطبري) لێرەدا لە تەفسیری ئەو ئایەتەدا کە دەفەرموێ: ﴿ وَٱلشَّيَٰطِينَ كُلَّ بَنَّآءٖ وَغَوَّاصٖ وَءَاخَرِينَ مُقَرَّنِينَ فِي ٱلۡأَصۡفَادِ ﴾، دەڵێ: **(يَقُولُ تَعَالَى ذِكْرُهُ: وَسَخَّرْنَا لَهُ الشَّيَاطِينَ، أي سَلَّطْنَاهُ عَلَيْهَا مَكَانَ مَا ابْتَلَيْنَاهُ بِالَّذِي أَلْقَيْنَا عَلَى كُرْسِيِّه مِنْهَا، يَسْتَعْمِلهَا فِيمَا يَشَاء مِنْ أَعْمَالِه مِنْ بَنَّاء وَغَوَّاص، فَالْبُنَاة مِنْهَا يَصْنَعُونَ مَحَارِيبَ وَتَمَاثِيلَ، وَالْغَاصَة يَسْتَخْرِجُونَ لَهُ الْحُلِيّ مِنَ الْبِحَار، وَآخَرُونَ يَنْحِتُونَ لَهُ جِفَانًا وَقُدُورًا، وَالْمَرَدَةُ فِي الْأَغْلَالِ مُقَرَّنُونَ)**[1].

واتە: خوا ناوی بەرز بێ، دەفەرموێ: شەیتانەکانمان بۆ ملکەچ کردن، واتە: وامان لێکرد کە بەسەریاندا زاڵ بێ و، لە ژێر ڕکێف و کۆنترۆڵی دابن، لەجێی ئەوەی کە تاقیمان کردەوەو بەوەی کە جەستەیەکمان لەوان فڕێدایە سەر کورسییەکەی، ئێمە شەیتانەکانمان بۆ ملکەچ کردن، کە لە هەر شتێک دا ویستبای لە کردەوەکاندا بەکاری دەهێنان، لە بیناسازەکان و دەریاوانەکان، بیناسازەکان هەرچی ویستبای لە پەرستگایان و لە پەیکەران، بۆیان دروست دەکردو، دەریاوانەکانیش خشڵیان لە دەریایەکان بۆ دەردەهێنا، {یانی: گەوهەرو مرواریی} هەندێکیشیان مەنجەڵی گەورەو، قابلەمەی گەورەیان بۆ دەتاشین، یاخییەکانیش لە شەیتانەکان، لە کۆت و پێوەندەکاندا جووت جووت پێکەوە بەسترابوون.

---

(١) جامع البيان: ج٢٣، ص٢٦٦.

٤)- ﴿هَٰذَا عَطَاؤُنَا﴾ {کە بایەکە دەستەمۆو ملکەچ کراوە، هەروەها شەیتانەکان بەو شێوەیە بۆ سولەیمان دەستەمۆ کراون:} ئا ئەمە بەخششی ئێمەیە.

٥)- ﴿فَامْنُنْ أَوْ أَمْسِكْ بِغَيْرِ حِسَابٍ﴾، ئنجا چاکە بکە، یاخود دەست بگرەوە، ببەخشە، یاخود دەست بگرەوە. واتایەکی دیکەی: (فَامْنُنْ)، چاکە بکە لەگەڵ شەیتانەکانداو بەریان بدەو ئازادیان بکە، ﴿أَوْ أَمْسِكْ﴾، یاخود بیانهێڵەوە، ﴿بِغَيْرِ حِسَابٍ﴾، بەبێ لێپرسینەوە، واتە: بەبێ سنوور بۆ دانان، تۆ دەستت کراوەیە لە چۆنیەتی مامەڵە کردن لەگەڵ شەیتانەکاندا، یاخود لە چۆنیەتی مامەڵە کردن دا لەگەڵ ئەو ئیمکانییەتەی پێمان داوی، کە لە سنووری شەریعەتدا تۆ دەستت کراوەیە، دەڵێ: (فامنن: مُسْتَعْمَلٌ فِي الإِذْنِ وَالإِبَاحَةِ، وَهُوَ مُشْتَقٌّ مِن المَنِّ المكْنِيِّ بِهِ الإنْعَامَ، وَالإِمْسَاكُ عَكْسُهُ)، (فامنن) بەکارهێنراوە لە مۆڵەتدان و ڕێ پێداندا، کە لە (مَنّ)ەوە داتاشراوە، (مَنّ)یش بریتیە لە چاکەکردن، گرتنەوە (إمساك)یش پێچەوانەکەیەتی و، بریتیە لە نەبەخشین و چاکە نەکردن.

٦)- ﴿وَإِنَّ لَهُۥ عِندَنَا لَزُلْفَىٰ وَحُسْنَ مَـَٔابٍ﴾، {بە نسبەت دنیاوە بەو شێوەیە، خوا دەفەرموێ:} بە دڵنیایی بۆ وی لەلای ئێمە هەیە پلەی نیزیک و سەرەنجامی هەرە چاک، (حسن مآب: المَرْجِعُ الجَيِّد)، پێشتر گوتمان: ﴿مَـَٔابٍ﴾، دەگونجێ چاوگ بێ، واتە: گەڕانەوە، دەگونجێ ناوی شوێن بێ، واتە: شوێنی بۆ لا گەڕانەوە، دەگونجێ ناوی کات بێ، واتە: کاتی بۆ لا گەڕانەوە.



پرسیارێک و وەڵامەکەی لەبارەی داوایەکی سولەیمانەوە

لێرەدا پرسیارێک هەڵدەستێ کە سولەیمان عليه السلام گوتوویەتی: ﴿ وَهَبْ لِي مُلْكًا لَّا يَنۢبَغِي لِأَحَدٍ مِّنۢ بَعْدِيٓ ﴾، حوکمڕانییەک و دەسەڵاتێکم پێ بدە، کە لە دوای من بۆ کەس نەگونجێ و نە لوێ؟! کە ئایا ئەو قسەیەی سولەیمان (حەسەد)ی لێ نافامرێتەوە؟!

لەوبارەوە (الطبري) هەندێ قسەی هێناون، قسەکانی هەموو لێ دەگوازمەوە لەگەڵ تۆزێ کورتکردنەوەدا، (الطبري) لە تەفسیرەکەیدا[1] دەڵێ: (إِنْ قَالَ لَنَا قَائِلٌ: وَمَا وَجْه رَغْبَة سُلَيْمَان إِلَى رَبّهِ فِي الْمُلْكِ، وَهُوَ نَبِيّ مِنَ الْأَنْبِيَاء، وَإِنَّمَا يَرْغَبُ فِي الْمُلْكِ أَهْلُ الدُّنْيَا الْمُؤْثِرُونَ لَهَا عَلَى الْآخِرَة؟ أَمْ مَا وَجْه مَسْأَلَته إِيَّاهُ، إِذْ سَأَلَهُ مُلْكًا لَا يَنْبَغِي لِأَحَدٍ مِنْ بَعْده، وَمَا كَانَ يَضُرّهُ أَنْ يَكُون كُلّ مَنْ بَعْده يُؤْتَى مِثْل الَّذِي أُوتِيَ مِنْ ذَلِكَ؟ أَكَانَ بِهِ بُخْل بِذَلِكَ، فَلَمْ يَكُنْ مِنْ مُلْكه يُعْطِي ذَلِكَ مَنْ يُعْطَاهُ، أَمْ حَسَد لِلنَّاسِ؟ كَمَا ذُكِرَ عَنْ الْحَجَّاج بْن يُوسُف، فَإِنَّهُ ذَكَرَ أَنَّهُ قَرَأَ قَوْله: ﴿ وَهَبْ لِي مُلْكًا لَّا يَنۢبَغِي لِأَحَدٍ مِّنۢ بَعْدِيٓ ﴾ فَقَالَ: إِنْ كَانَ لَحَسُودًا، فَإِنَّ ذَلِكَ لَيْسَ مِنْ أَخْلَاق الْأَنْبِيَاء! قِيلَ: أَمَّا رَغْبَته إِلَى رَبّه فِيمَا يَرْغَب إِلَيْهِ مِنْ الْمُلْك ، فَلَمْ تَكُنْ إِنْ شَاءَ اللَّه بِهِ رَغْبَة فِي الدُّنْيَا، وَلَكِنْ إِرَادَة مِنْهُ أَنْ يَعْلَم مَنْزِلَته مِنْ اللَّه فِي إِجَابَته فِيمَا رَغِبَ إِلَيْهِ فِيهِ، «ثانياً» وَأَمَّا مَسْأَلَته رَبّه مُلْكًا لَا يَنْبَغِي لِأَحَدٍ مِنْ بَعْده ، فَإِنَّا قَدْ ذَكَرْنَا فِيمَا مَضَى قَبْل قَوْل مَنْ قَالَ : إِنَّ مَعْنَى ذَلِكَ : هَبْ لِي مُلْكًا لَا أُسْلَبُهُ كَمَا سُلِبْتُهُ قَبْل، فَيَكُون حُجَّة وَعِلْمًا لِي عَلَى نُبُوَّتِي وَأَنِّي رَسُولك إِلَيْهِمْ مَبْعُوث، «ثالثاً» وَهْب لِي مُلْكًا تَخُصّنِي بِهِ، لَا تُعْطِيه أَحَدًا غَيْرِي، تَشْرِيفًا مِنْك لِي بِذَلِكَ، وَتَكْرِمَة، لِتُبَيِّن مَنْزِلَتِي مِنْك بِهِ، مِنْ مَنَازِل مَنْ سِوَايَ، وَلَيْسَ فِي وَجْه مِنْ هَذِهِ الْوُجُوه، مِمَّا ظَنَّهُ الْحَجَّاج فِي مَعْنَى ذَلِكَ شَيْء).

---

(١) جامع البيان: ج٢٣، ص١٦٩.

بـە ڕاسـتیی (**الطبري**) بـە خۆڕایـی نـاو نەنـراوە پێشـەوای ڕوونکـەرەوانی قورئـان، بـۆ تێگەیشـتنی زۆربـەی ئایەتـەکان بـۆ چـوونی زۆر ڕاسـت و ڕوون و ڕێکی هەیـە، هەڵبەتە پارێزراویـش نیـە لـە هەڵـە، تەنیا پێغەمبەرانـن (**عَلَيْهِمُ الصَّلاةُ وَالسَّلام**)، لێـرەدا قسـەی زۆر جـوان دەکات، دەڵـێ: ئەگـەر بێژەرێـک پێـمان بڵـێ: ڕووی ئـارەزووی سـولەیمان بـۆ لای پـەروەدگاری کـە حوکمڕانیـی پـێ ببەخشـێ، چییـە؟ لـە کاتێکدا ئـەو پێغەمبەرێکـە لـە پێغەمبـەران و، ئەوانـەی ئـارەزووی موڵـک و حوکمڕانیـی دەکـەن بریتیـن لـە دنیادارانێـک کـە دنیـا هەڵدەبژێـرن بەسـەر دواڕۆژدا، بۆچـی سـولەیمان ئـارەزووی حوکـم و حوکمڕانیـی و موڵکـی دنیایـی بـووە؟ هەروەهـا ڕووی ئـەوە چییـە کـە داوای لـە خـوا ﷻ کـردوە کـە موڵـک و حوکمڕانییەکـی پـێ بـدات، کـە دوای وی بـە کەڵکـی کـەس نەیـەت و بـۆ کـەس نـە لـوێ، ئەمـە ڕووەکـەی و پاسـاوەکەی چییـە؟ چ زیانێکـی پـێ دەگەیشـت کـە هـەر کەسـێک کـە لـە دوای ئـەوەوە دێ، وەک ئـەوەی کـە بـەو دراوە، بەوانیـش ببەخـشرێ؟ ئایا کـە ئـەو قسـەیەی گوتـوە، لەبـەر چرووکیـی بـووەو کە سیفەتێک بـووە تێیـدا؟ خـۆ لـە موڵکـی ئـەو نـەدەدرا بـەوەی کـە پێـی دەدرا، (هـی وی نەبـوو)، یـان ئایـا حەسـوودیی هەبـووە بەرانبـەر بە خەڵـک؟ وەک لـە حەججاجی کوڕی یوسـفی سـەقەفییەوە باسـکراوە کە فەرمایشـتی خـوا کـە دەفەرمـوێ: ﴿ وَهَبْ لِي مُلْكًا لَّا يَنبَغِي لِأَحَدٍ مِّنۢ بَعْدِيٓ إِنَّكَ أَنتَ ٱلْوَهَّابُ ﴾، ئـەوەی خوێندۆتـەوە، دوایـی گوتوویـەتی: بە دڵنیایـی ئـەو زۆر حەسـوود بـووە! ئـەو حەسـەدەش لـە ڕەوشـت و ئـاکاری پێغەمبـەران نیـە (ئـەو سـێ ئیشـکال و پرسـیارە دەورووژێنـێ، ئنجـا وەڵام دەداتـەوە)، لـە وەڵامـی ئـەو سـێ پرسـیارو ئیشـکالەدا دەگوتـرێ:

١- بە نسبەت ئەوەوە کە ئارەزوومەند بووە بۆ لای پەروەردگاری کە موڵک و حوکمڕانیی پێ بدات؟

وەڵامەکـەی ئەوەیـە: ویسـتوویەتی بزانـێ ئایا پێگـەی لـەلای خـوا چەنـدە، لـەوەدا کـە داوای لـێ دەکات؟ ئایـا خـوا ﷻ تـا چ ڕاددەیـەک وەڵامگـۆی ئـەوە دەبـێ، کـە سـولەیمان داوای لێکـردوەو ئارەزوومەندیـی خـۆی بـۆ دەربڕیـوە؟

٢- بە نسبەت ئەوەوە کە داوای لە پەروەردگاری کردوە، حوکمڕانییەکی پێبدات کە لە دوای وی بۆ کەسی دیکە نەشێ، مەبەستی ئەوە بووە کە حکومڕانییەکم پێ بدە، لێم نەستێنرێ، وەک پێشێ لێم ستێنرا، {(الطبري) لێرەدا ئەو ڕایەی تەبەننیی کردوە کە شەیتانێک بە فێڵ حکومڕانییەکەی سولەیمانی کۆنترۆڵ کردوەو خستوویەتە ژێر ڕکێفی خۆی، کە پێشتر باسمان کرد ئەو ڕایەمان پێ ڕاست نیە} هەروەها بۆم ببێتە بەڵگەو زانیاریی کە بە خەڵکی بگەیەنم: من پێغەمبەری خوام و، نێردراوی تۆم ئەی خوایە! بۆ لای خەڵک ڕەوانکراوم.

٣- ئەوە کە داوای کردوەو گوتوویەتی: حوکمڕانییەکم پێ بدە، کە تایبەت بێ بەمنەوەو مەیدە بە کەسی دیکە، بۆ ئەوە بووە کە خوا ﷻ ڕێزێکی تایبەتیی لێ بنێ و پێگەی بەرز بکاتەوە، تاکو بەهۆی ئەو بەخشینەوە، پێگەو پلەی خۆی لەلای خوای پەروەردگار بزانێ و ئەو تایبەتمەندییەی هەبێت.

هیچ کام لەو ڕووانەش (ئەو سێ ڕووە) کە باسکران، ئەوە ناگرنەوە کە حەججاجی کوڕی یوسوف گومانی بردوە، کە گوتوویەتی: سولەیمان ﷺ حەسوود بووەو، حەسەدیش لە ڕەوشتی پێغەمبەران نیە.

کەواتە: بەو پێیەی قسەی حەججاج بێ، ئەگەر ڕاست بێ، مانای وایە نکووڵیی کردوە لە پێغەمبەرایەتیی سولەیمان ﷺ، یاخود نوقسانییەکی پاڵداوەتە لای سولەیمان ﷺ کە سیفەتێکی خراپی هەبووە، کە بریتیە لە حەسەد، هەردووکیشیان هەڵەن، چونکە خوا ﷻ زۆر بە ڕوونیی ڕایگەیاندوە کە سولەیمان پێغەمبەر بووەو، زۆر بە ڕوونییش ڕایگەیاندوە کە باشترین بەندەی خوا بووە، پێغەمبەرانیش (**عَلَيْهِمُ الصَّلاةُ وَالسَّلام**) دەبێ لە هەموو گوناهو هەڵەو تاوانی خراپ پارێزراو و پاک بن، بەڵام هەر مرۆڤ بوون و دەگونجێ لە بۆچوونێکدا نەیانپێکابێ، ئیجتیهادێکیان کردبێ نەیانپێکابێ، بەڵام ناگونجێ پێغەمبەران (**عَلَيْهِمُ الصَّلاةُ وَالسَّلام**) گیرۆدەی گوناهان ببن، شتێک بە ئەنقەست کردبیان و زانیبیشیان گوناهە، هەرگیز شتی وا نابێ.

لە کۆتایی بەسەرهاتی سولەیماندا ؈ دەڵێم:

لە بارەی داوودەوە ؈ باسمان کرد، بە پێی ئەو بەسەرهاتەی کە لێمان گێڕایەوە: ﴿وَهَلْ أَتَىٰكَ نَبَؤُا۟ ٱلْخَصْمِ إِذْ تَسَوَّرُوا۟ ٱلْمِحْرَابَ ...﴾، واپێدەچێ داوود ؈ زێدەڕۆیی کردبێ لە خواپەرستیی شەخسییدا، لەسەر حیسابی سەرپەرشتییکردنی خەڵک و ئیدارەدانی وڵات، بۆیە خوا ﷻ لەو ڕێیەوە ئاگاداری کردۆتەوەو، هۆشداریی پێداوە، بەڵام سولەیمان واپێدەچێ بە پێچەوانەی بابیەوە، زێدەڕۆیی لە بارەی کاروبار هەڵسووڕاندن و ئیدارەدانی وڵاتدا کرد بێ، لەسەر حیسابی خواپەرستیی شەخسیی، لەم بەسەرهاتی سولەیمانیش ئەوە وەردەگیرێ، ڕاست و دروستیش هەر ئەوەیە کە مرۆڤ وەک پێغەمبەری خاتەم موحەممەد ﷺ هاوسەنگیی ڕابگرێ لە نێوان بۆ خوا صوڵحان و، لەگەڵ خەڵکدا گونجاندا، یاخود لە نێوان خواپەرستیی و خەڵک دۆستیی دا، یاخود لە نێوان جێبەجێ کردنی مافی خواو، جێبەجێ کردنی مافی خەڵکدا، ئەوە ڕاست و دروستە کە ئینسان هەقی کەس بە کەس نەدات، وەک پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: {**إِنَّ لِرَبِّكَ عَلَيْكَ حَقًّا، وَإِنَّ لِنَفْسِكَ عَلَيكَ حَقًّا، وَلأَهْلِكَ عَلَيكَ حَقًّا، فَأَعْطِ كُلَّ ذِي حَقٍّ حَقَّهُ**} (**أخرجه البخاري: ٦١٣٩**)، واتە: مافی پەروەردگارت لە سەرتەو، مافی خۆتت لەسەرتەو، مافی ماڵ و خێزانت لەسەرتە، بۆیە مافی هەرچی خاوەن مافە، پێی بدە.

واتە: نابێ هەموو مافەکان بدەی بە یەکێک و پێت وابێ ئەوە خواپەرستییە، بۆ وێنە: مافی هەمووان بدەی بە خوا ﷻ خوا بۆ خۆی ئەوەی ناوێ، خوا بۆ خۆی فەرموویەتی: ئاگات لە مافی میوانت بێ و، ئاگات لە ماڵ و خێزانت بێ و، ئاگات لە جەستەت بێ و، ئاگات لە ڕووحت بێ و، ئاگات لە عەقڵت بێ، ئنجا پێم وایە ئەو پەندەی کە لە کۆی ئەو دوو بەسەرهاتەی داوود ؈و سولەیمان ؈ وەردەگیرێ، ئەوەیە کە ئێمە دەبێ لە مسوڵمانەتیی و دینداریتییماندا، وریا بین و هاوسەنگیی بپارێزین، بێگومان هاوسەنگیی (**إتِّزان**)، گەورەترین نیشانەو دروشمی دینداریی ڕاستەقینەو دروستە، کە ئەویش بە تەئکید بە هۆی چاک

تێگەیشتن لە قورئان و، چاک پێوە پابەند بوون بە ڕێبازی پێغەمبەری پێشەواوە ﷺ دەستەبەر دەبێ، ئینسان تاکو لە قورئان شارەزاتر بێ و زیاتر پێیدا قووڵ بێتەوەو، هەتا زیاتریش ئاشنای ڕێبازو ڕێ و شوێنی پێغەمبەری خوا ﷺ بێ، کە ئەویش هەر قورئانی لە ژیانی تاکیی و خێزانیی و کۆمەڵایەتیی و سیاسیی خۆیدا بەرجەستە کردوە، بەڵێ هەتا ئینسان بە قورئان ئاشناتر بێ و، پابەندتر بێ بە ڕێبازی پێغەمبەرەوە ﷺ سەرکەوتووتر دەبێ بۆ ئەنجامدانی دینداریيەکی هاوسەنگ و ڕاست و دروست و، دوور لە زێدەڕۆیی و کەمتەرخەمیی.

سُبحَانَكَ اللّهُمّ وَبِحَمدِكَ، أَشهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إلاّ أَنتَ، أَستَغفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيكَ.



دەرسی چوارەم



پێناسەی ئەم دەرسە

ئەم دەرسەمان (٨) ئایەت دەگرێتە خۆی، ئایەتەكانی: (٤١ - ٤٨)، لە چوار ئایەتی یەكەم دا: (٤١ - ٤٤) بەسەرهاتی ئەییووب گێڕدراوەتەوە، عليه السلام كە خوا تاقی كردۆتەوە بە نەخۆشیی و نارەحەتییەكی زۆر، بەڵام خۆڕاگر بووەو لە تاقیكردنەوەی خوادا سەربەرزانە دەرچووە.

لە سێ ئایەتی دوای وان دا: (٤٥ - ٤٧)، باسی هەر كام لە: ئیبراهیم و ئیسحاق و یەعقووب (عَلَيْهِمُ الصَّلاةُ وَ السَّلام) كراوەو بە چەند وەسفێكی بەرزو نایاب وەسف كراون.

لە ئایەتی هەشتەمیشدا: (٤٨) باسی هەركام لە: ئیسماعیل و ئەلیەسەع و زەلكیفل كراوە، ئەوانیش بە بەندە چاكەكانی خوا سبحانه وتعالى ناوزەند كراون.

﴿ وَٱذۡكُرۡ عَبۡدَنَآ أَيُّوبَ إِذۡ نَادَىٰ رَبَّهُۥٓ أَنِّي مَسَّنِيَ ٱلشَّيۡطَٰنُ بِنُصۡبٖ وَعَذَابٍ ﴿٤١﴾ ٱرۡكُضۡ
بِرِجۡلِكَۖ هَٰذَا مُغۡتَسَلُۢ بَارِدٞ وَشَرَابٞ ﴿٤٢﴾ وَوَهَبۡنَا لَهُۥٓ أَهۡلَهُۥ وَمِثۡلَهُم مَّعَهُمۡ رَحۡمَةٗ مِّنَّا وَذِكۡرَىٰ
لِأُوْلِي ٱلۡأَلۡبَٰبِ ﴿٤٣﴾ وَخُذۡ بِيَدِكَ ضِغۡثٗا فَٱضۡرِب بِّهِۦ وَلَا تَحۡنَثۡۗ إِنَّا وَجَدۡنَٰهُ صَابِرٗاۚ نِّعۡمَ ٱلۡعَبۡدُۖ
إِنَّهُۥٓ أَوَّابٞ ﴿٤٤﴾ وَٱذۡكُرۡ عِبَٰدَنَآ إِبۡرَٰهِيمَ وَإِسۡحَٰقَ وَيَعۡقُوبَ أُوْلِي ٱلۡأَيۡدِي وَٱلۡأَبۡصَٰرِ ﴿٤٥﴾ إِنَّآ
أَخۡلَصۡنَٰهُم بِخَالِصَةٖ ذِكۡرَى ٱلدَّارِ ﴿٤٦﴾ وَإِنَّهُمۡ عِندَنَا لَمِنَ ٱلۡمُصۡطَفَيۡنَ ٱلۡأَخۡيَارِ ﴿٤٧﴾ وَٱذۡكُرۡ
إِسۡمَٰعِيلَ وَٱلۡيَسَعَ وَذَا ٱلۡكِفۡلِۖ وَكُلّٞ مِّنَ ٱلۡأَخۡيَارِ ﴿٤٨﴾ ﴾.

مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان

{هەروەها یادی ئەیيووبی بەندەمان بکەوە، کاتێک بانگی پەروەردگاری کرد، کە من (بە هۆی خوتخوتەیەوە) شەیتان تووشی ڕەنج و ئازاری کردووم ﴿٤١﴾ پێیگوترا: لاقت لە زەوی بدە (کانییەک دەردەقوڵێ) یەکسەر کانییەکە دەرقوڵاو گوتمان: ئەمە خۆشۆرگەیەکە ئاوەکەی ساردەو خواردنەوەیەکی پەسندیشە ﴿٤٢﴾ ئەمە بەزەییەکە لە ئێمەوەو پەندو بیرخەرەوەیە بۆ خاوەن عەقڵان ﴿٤٣﴾ خێزانەکەی و وێڕای وان وێنەی وانیشمان پێ بەخشی، (پێشمان گوت) چەپکێک لە (چڵە گیایان) بە دەستت بگرەو پێی لێبدە (لە هاوسەرەکەت)و سوێندەکەت مەشکێنە (بە نەکردنی ئەوەی سوێندت خواردبوو بیکەی، کە بریتی بوو لە لێدانی سەد قامچی لە هاوسەرت)، ئێمە ئەومان خۆڕاگر بینی، چاکترین بەندە بوو بەڕاستیی زۆر گەڕاوە بوو (بۆ لای خوا) ﴿٤٤﴾ هەرروەها (ئەی موحەممەد !) یادی بەندەکانمان: ئیبراهیم و ئیسحاق و یەعقووب بکەوە، خاوەنی دەستان (توانین) و چاوان (زانین) بوون ﴿٤٥﴾ ئێمە ئەوانمان ساغ کردبووەوە بە یادکردنێکی ساغ و بێ خلتەی یادی مەنزڵگا (ی کۆتایی) ﴿٤٦﴾ هەروەها ئەوان لەلای ئێمە لە (بەندە) هەڵبژاردە چاکەکان بوون ﴿٤٧﴾ هەروەها یادی ئیسماعیل و ئەلیەسەع و زەلکیفل بکە، هەمووشیان لە بەندە چاکەکان بوون ﴿٤٨﴾}.

شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان

(بِنُصۡبٍ): (النُّصْبُ، وَالنَّصَبُ: التَّعَب)، (نُصْبُ ونَصَب)، بە مانای ماندوو بوون و شەکەتیی دێن.

(ٱرۡكُضۡ بِرِجۡلِكَ): لاقت بە زەویدا بدە، (الرَّكْضُ: الضَّرْبُ بِالرِّجْلِ وَالدَّفْعُ بِالرِّجْلِ فَمَتى نُسِبَ إِلَى الرَّاكِبِ، فَهُوَ إِعْدَاءُ مَرْكُوبٍ، يقال: رَكَضْتُ الفَرَسَ، وَمَتَى نُسِبَ إِلَى الماشِي، فَوَطءُ الأَرْضِ)، (رَكْض): بریتیە لە پێ بە زەوی داکوتان، بە پێ پاڵ بە شتێکەوە بنێی، ئنجا ئەگەر (رَكْض) پاڵ درایە لای سوار، ئەوە مەبەست پێی لێخوڕینی ئەو وڵاخەیە کە مرۆڤ سواری بووە و دەنگدانیەتی، دەگوترێ: (رَكَضْتُ الفَرَسَ)، واتە: ئەسپەکەم دەنگدا {کە لاقی لە کەلەکەی دەکوتێ، یان لە ئاوزینگەکەی دەکوتێ و دەڕوا} بەڵام کاتێ پاڵ دەدرێتە لای بابایەک کە دەڕوا (ڕۆیشتوو) مەبەست پێی: پێ بە زەوی دادانە.

(مُغۡتَسَلُۢ): (المُغْتَسَل: المَكَانُ الَّذِي يُغْتَسَلُ فِيهِ) (مغتسل) خۆشۆرگە ئەو شوێنەیە کە خۆی لێدەشۆردرێ، هەروەها (مُغْتَسَل: المَاءُ الَّذِي يُغتَسَلُ بِهِ) ئەو ئاوەیە کە خۆی پێ دەشۆدرێ.

(ضِغۡثٗا): (قَبْضَةُ رَيْحَانٍ، أَو حَشِيْشٍ، أَو قُضْبَانٍ، جَمْعُهُ أَضْغَاث)، (ضِغث): بە چەپکێک لە ڕێحانە، یان گیا، یان چەند چڵە گیایەک دەگوترێ، کۆی (ضِغْث)، (أَضْغَاث)ە، چەپکەکان.

(وَلَا تَحۡنَثۡ): سوێندەکەت مەشکێنە، (حَنَثَ فِي يَمِنيهِ: لَم يَفِ بِها، الحِنْثُ: الذَّنْبُ المُؤثِم)، (حَنَثَ فِي يَمِيْنِهِ)، سوێندەکەی نەبردە سەر، پێی وەفادار نەبوو، (حِنْث): بە گوناهێک دەگوترێ، مرۆڤ سزابار بکات.

(وَجَدْنَٰهُ): چنگمان کەوت، بینیمان (الوجدان: يُعَبَّرُ بـه عَـنِ التَّمَكُّـنِ مِـنَ الـشَّيء بِالوجُـودِ: ﴿...حَيْثُ وَجَدتُّمُوهُمْ... ﴿٨٩﴾﴾ النسـاء، ﴿... وَجَدتُّ ٱمْرَأَةً ... ﴿٢٣﴾﴾ النمـل، وجُـودٌ بِالبَـصَرِ وَالبَصِيرَة، فَقَـدْ كَانَ مِنْهُـمُ الشَّـهَادَة بِالبَـصَرِ وَاعتِبَـارٌ لِحَالِهَـا بِالبَصِـيرَة)، وشـەی (وَجَـدَان): تەعبیـری پـێ دەکـرێ لـەوە کـە زەفـەر بـە بـوونی شـتێک بـەری، لێـت هەڵکـەوێ، ﴿...حَيْثُ وَجَدتُّمُوهُمْ... ﴿٨٩﴾﴾ النسـاء، لـە هـەر شـوێنێ بـەر پەلتـان کەوتـن، ﴿...وَجَدتُّ ٱمْرَأَةً... ﴿٢٣﴾﴾ النمـل، ئافرەتێکـم لێهەڵکـەوت، چونکـە (وَجَـدتُ): ئەوەیـە کـە بـە چـاو ببینـی، یاخـود بـە عەقـڵ و دڵ هەسـت بـە بـوونی بکـەی، کـە دەڵـێ: ﴿...وَجَدتُّ ٱمْرَأَةً... ﴿٢٣﴾﴾ النمـل، هـود هـود وا بـە سـولەیمان دەڵـێ، لەبـەر ئـەوەی هـەم بـە چـاو دیتوویـەتی، هـەم بـە عەقـڵ و هۆشـیشی زانیویـەتی، کـە ئـەو ئافرەتـە شـاژنی (سـبأ) بـووە.

(بِخَالِصَةٍ): (خَالِصَـة: صِفَـةٌ لِـمَوصُوفٍ مَحْـذُوفٍ، أَي: بِسَـبَبِ خَصْلَـةٍ خَالِصَـةٍ، وَخَالِصَـةُ مَصْـدَرٌ بِمَعْنَـى الخُلُـوصِ)، (خَالِصَـة): سـیفەتە بـۆ وەسـفکراوێکی قرتێـنراو، واتـە: بـە هـۆی سـیفەتێکی (خَالِصَـة)ەوە، خاڵیصیـش چاوگـە، بـە مانـای پاککـراوەو سـاغکراوە دێ.

(ذِكْرَى: بمعنى التذكّر) (ذکری) بە مانای بیرکەوتنەوەو وەبیر هاتنەوە، دێ.

(ٱلْمُصْطَفَيْنَ): (جَمْـعُ مُصْطَفَـى)، (مُصطَفَـى)، یـانی: هەڵبژێـرراو (المُصْطَفَـين)، کۆیەکەیـەتی.

(ٱلْأَخْيَارِ): کـۆی (خَـيِّر)ە، یـان کـۆی (خَـير)ە، (خَـيِّر وخَـيْر) واتـە: زۆر بـاش و پەسـند، (أَخْيَـار) کۆیەکەیـەتی، ئەوانـەی زۆر بـاش و پەسـند بوون.

ماناى گشتیى ئایەتەكان

ئایەتـەكانى: (٤١ - ٤٨)، بـاسى حـەوت (٧) لـە پێغەمبـەران (**عَلَيْهِـمُ الصَّـلاةُ وَ السَّـلام**) دەكـەن، كـە بریتیـن: لـە (ئەییـووب و ئیبڕاهیـم و ئیسـحاق و یەعقـووب و ئیسـماعیل و ئەلیەسـەع و زەلكیلفـل)، صـەڵات و سـەلامى خـوا لەسـەر هەموویـان بـێ، ئەییووب چـوار ئایـەتى بـۆ تەرخانكـراون، ئایەتـەكانى: (٤١ - ٤٤)، كـە لـە سـوورەتى (الأنبیـاء)دا بەسـەرهاتەكەیمان هێنـاوە، لـەوێ ئایەتـەكانى: (٨٣ و ٨٤)ى بـۆ تەرخانكـراون، بـەڵام ئێمـە بەسـەرهاتى (ئەییووب)مـان لـە تەفسـیرى سـوورەتى (الأنبیـاء)دا باسـكردوە، بۆیـە لێـرە ناچینـە نێـو وردەكاریـى و درێـژەى بەسـەرهاتى ئەییووبـەوە، دووەمیـن لـە پێغەمبـەران (**عَلَيْهِـمُ الصَّـلاةُ وَالسَّـلام**) كـە لـەم هەشـت ئایەتـەدا ئاماژەیـان پێكـراوە، ئیبڕاهیمـە، ﵇ ئەویـش لـە سـوورەتى ئیبڕاهیـم دا، بەسـەرهاتەكەیمان بـە درێژیـى بـاس كـردوە، پاشـان ئیسـحاقى كوڕیـەتى ﵇، دواییـش یەعقـووبى نەوەیـەتى، كـە یەعقـووب كـوڕى ئیسـحاقە، (ئیسـحاق)یش كـوڕى ئیبڕاهیمـە، ئێمـە بەسـەرهاتى ئیبڕاهیـم و ئیسـحاقمان بـە یەكـەوە هێنـاوە، هەروەهـا لـە سـوورەتى (یوسـوف) دا وەک چـۆن بەسـەرهاتى یوسـوف خراوەتـە ڕوو، لـە هەمـان كات دا بەسـەرهاتى یەعقـووبى باوكیشى زۆر بـە تەفصیـڵ باسـكراوەو، بەسـەرهاتەكەش زۆر پەیوەسـتە بـە یوسـوف و یەعقـووبى باوكیـەوە صـەڵات و سـەلامى خوایـان لەسـەر بـێ، هەروەهـا لـە تەفسـیرى سـوورەتى (**مریـم**)دا بەسـەرهاتى ئیسـحاق و یەعقـووب كـەم و زۆر ئاماژەیـان پێـدراوە، دیـارە ئـەم سـێ پێغەمبـەرە: ئیبڕاهیـم و ئیسـحاق و یەعقـووب، لـە هەرسـێ ئایـەتى (٤٥ و٤٦ و٤٧)دا باسـكراون، هەروەهـا هـەر كام لـە: ئیسـماعیل و ئەلیەسـەع و زەلكیفـل (**عَلَيْهِـمُ الصَّـلاةُ وَ السَّـلام**) لـە ئایـەتى ژمـارە (٤٨)دا، ناویـان هاتـوەو خـوا سـتایشى كـردوون كـە لـە سـوورەتى (الأنبیـاء)دا بەسـەرهاتى ئەوانیشـمان خسـتۆتە ڕوو.

خـوا ﷻ لێـرەدا لـەم (٨) ئایەتـەدا سـەرەتا بـاسی ئەیـیووب دەكات، دەفەرمـوێ: ﴿ وَٱذۡكُرۡ عَبۡدَنَآ أَيُّوبَ ﴾، ڕووی دوانـدن لـە پێغەمبـەری خاتەمـە موحەممـەد ﷺ: هەروەهـا یـادی بەندەكەمـان ئەیـیووب بكـەوە ﴿ إِذۡ نَادَىٰ رَبَّهُۥٓ ﴾ (یادی ئـەو كاتەی بكـەوە) كـە بانگـی پـەروەردگاری كـرد، لێی پاڕایـەوە، هـاواری تێبەسـت: ﴿ أَنِّي مَسَّنِيَ ٱلشَّيۡطَٰنُ بِنُصۡبٖ وَعَذَابٍ ﴾، (گـوتی:) بـە دڵنیایـی شـەیتان دەسـتی گەیاندۆتـە مـن بەماندووییێتـی و ئـازارەوە، یاخـود: ماندوویەتیـی و ئـازارو ناڕەحەتیـی، تووشـكردووم، ئایـا ئـەو ماندوویەتیـی و ئـازارو ناڕەحەتییـە كـە شـەیتان تـووشی كـردوە، شـتێكی بەرجەسـتە بـووە؟ بـۆ وێنـە: شـەیتان هاتـوە پاڵـی پێوەبنـێ و بیكەوێنـێ؟ یـان ئـازاری بـدات بـە جەسـتە؟ بـە تەئكیـد نەخێـر، مەبەسـت لێـرەدا ئەوەیـە: شـەیتان وایكـردوە مانـدوو ببـم و، هەسـت بـە ئـازار بكـەم، كـە دەگونجـێ ئـەوە هەمـووی مەبەسـتی پـێ ئـەو خوتخوتـەو دنـەدان و دڵناڕەحەتكردنـە بـێ، كـە شـەیتان بـۆ مرۆڤـی دێنێتـە پێـش، هەندێـك شـتی دیكـەش لەوبـارەوە باسـكراوە، كـە دوایـی لـە مەسـەلە گرنگەكانـدا زیاتـر تیشـكی دەخەینـە سـەر، بـەڵام بەپێـی ئایەتەكـە زیاتـر وادیـارە كـە لـە ڕووی مەعنەویـی و دەروونییـەوە شـەیتان بووبێتـە هـۆكاری ئـەوەی ئەیـیووب ؈ هەسـت بـە ماندوویەتیـی و شـەكەتیی و ئـازارو ناڕەحەتیـی بـكات، ئیبلیـس كـە بـابی شـەیتانەكان و بـابی جیننـە بـە گشـتیی، لـە چەنـد شـوێنێك لـە قوڕئانـدا بـاسی ئـەوەی كـردوە، كـە ئـەوەی ئـەو دەتوانـێ زەفـەری پـێ بـە مرۆڤـان بـەرێ، هـەر ئەوەیـە كـە دڵیـان ناڕەحـەت بـكات، خوتخوتـەو دنـەدانی خراپیـان بـۆ بـكات، وەك لـە سـوورەتی (إبراهیـم)دا، ئیبلیـس دەڵـێ: ﴿ ...وَمَا كَانَ لِيَ عَلَيۡكُم مِّن سُلۡطَٰنٍ إِلَّآ أَن دَعَوۡتُكُمۡ فَٱسۡتَجَبۡتُمۡ لِي... ﴿٢٢﴾ ﴾ إبراهیـم، واتـە: هیـچ دەسـەڵاتێكم بەسـەرتاندا نەبـوو، جگـە لـەوە كـە بانگـم كـردن و ئێـوەش وەڵامتـان دامـەوە.

ئنجـا كـە ئەیـیووب بەو شێوەیە لـە پـەروەردگاری پاڕایەوە، كـە بەهـۆی شـەیتانەوە تـووشی شـەكەتیی و ئـازارو ناڕەحەتیـی بـووە، یەكسـەر خـوا بـاسی چارەسـەرەكەی دەكات:

﴿ ٱرْكُضْ بِرِجْلِكَ ﴾، واتـە: (قُلْنَـا لَـهُ)، پێمان گـوت: بـە پێـت بـڕۆ، یـان پێـت بـە زەویـدا بـدە، ﴿ هَٰذَا مُغْتَسَلٌۢ بَارِدٌ وَشَرَابٌ ﴾، واتـە: پێـی بـە زەوی داداو یەکسـەر سـەرچاوەیەک هەڵقوڵـی {پێـمان گـوت:} ئەمـە خـۆ شـۆرگەیەکە ساردەو بـۆ خواردنەوەشـە، واتـە: ئـەو کانیـی و سـەرچاوەیە کـە لـە ئەنجامـی پـێ بـە زەوی داکوتـانی ئەییـووب دا، دەرقوڵـی، هـەم بـۆ خۆشـۆردن و هـەم بـۆ خواردنەوەشـە، چونکـە ﴿ مُغْتَسَلٌ ﴾، یـانی: خۆشـۆرگە، ئـەو ئـاوەی خـۆی پێدەشـۆررێ، یـان ئـەو شـوێنەی کـە خـۆی لـێ دەشـۆردرێ، ﴿ وَشَرَابٌ ﴾، بـۆ خواردنەوەشـە، واتـە: لێشی بخـۆوەو خۆشـتی پـێ بشـۆ.

﴿ وَوَهَبْنَا لَهُۥٓ أَهْلَهُۥ وَمِثْلَهُم مَّعَهُمْ ﴾، خێزانەکـەی و وێنـەی ئەوانیشـمان پـێ بەخـشی، واتـە: خێزانەکـەی کـە بەهـۆی نەخۆشـیی و گرفتارییەکـەی ئەییووبـەوە - کـە هەندێـک دەڵێـن: حـەوت سـاڵ بـووەو، هەندێـک دەڵێـن: هـەژدە سـاڵ بـووەو، هەندێـک دەڵێـن: چـل سـاڵ بـووە - کـەس و کارو مـاڵ و خێزانەکـەشی لـێ بڵاوبـووە، یاخـود وەفاتیـان کـردوە، یـان ئـەو لـەوان دابڕابـێ، بەهـۆی نەخۆشـیی و ئازارەکەیـەوە، گرنـگ ئەوەیـە خـوا دەفەرمـوێ: مـاڵ و خێزانەکەیـمان وێدایـەوەو وێنـەی خۆشـیان لەگەڵیانـدا ﴿ رَحْمَةً مِّنَّا ﴾، ئـەوەش وەک بەزەییـەک بـوو لـە لایـەن ئێمـەوە ﴿ وَذِكْرَىٰ لِأُوْلِى ٱلْأَلْبَٰبِ ﴾، بیـر خسـتنەوەو پەنـدو ئامۆژگارییـش بـوو بـۆ خـاوەن عەقڵان، خـوا دۆسـتانی خـۆی تاقـی دەکاتـەوە، بـەڵام پشـتیان بەرنـادات، خـوا ﷻ دۆسـتانی خـۆی جـاری وایـە بـە ناڕەحەتییـان تاقـی دەکاتـەوەو، وەبـەر هەورازیان هەڵدەگێـڕێ، بـەڵام بـە تەئکیـد لـە دوای هەمـوو هەورازێـک نشـێوەو، لـە دوای هەمـوو تەنگانەیـەک فەڕحانییـەو، لـەدوای هـەر سـەغڵەتییەک ئاسـانییە.

﴿ وَخُذْ بِيَدِكَ ضِغْثًا ﴾، ڕسـتەی: ﴿ ٱرْكُضْ بِرِجْلِكَ ﴾، واتـە: (قُلْنَـا لَـهُ: ارْكُـض بِرِجلِـكَ)، پێمان گـوت: پـێ بـە زەویـدا بکوتـە، لەبـەر ئـەوەی بـە سیاق و سـەلیقە دەزانـرێ، هەروەهـا لێرەش دا: ﴿ وَخُذْ بِيَدِكَ ﴾، چەپکێـک بەدەسـتەوە بگـرە، واتـە: پێـمان گـوت: چەپکێـک بـە دەسـتەوە بگـرە ﴿ فَٱضْرِب بِّهِۦ ﴾، پێـی لێبـدە، بـەو

چەپکە لێبدە ﴿ وَلَا تَحۡنَثۡ ﴾، سوێندەکەت مەخە (با سوێندەکەت لێ نەکەوێ) ﴿ إِنَّا وَجَدۡنَٰهُ صَابِرٗاۚ ﴾، ئێمە بە خۆڕاگرمان لێ هەڵکەوت، بینیمان، خۆڕاگرە. ﴿ نِّعۡمَ ٱلۡعَبۡدُ ﴾ (ئەییووب) باشترین بەندە بوو ﴿ إِنَّهُۥٓ أَوَّابٞ ﴾، بێگومان ئەو زۆر (بۆ لای خوا ﷻ) گەڕاوە بوو.

لێرەدا کە دەفەرمووێ: ﴿ وَخُذۡ بِيَدِكَ ضِغۡثٗا فَٱضۡرِب بِّهِۦ وَلَا تَحۡنَثۡ ﴾، ئەمە تەعبیرێکی زۆر کورتە، بەڵام ئەگەر تێوەی ڕامێنی، دەزانی کە ئەوە بەسەرهاتێکی دیکەی لەگەڵدایە، کە زانایان ئاوای باس دەکەن و لە هەندێ شوێنەوارانیشدا هاتووە:

ڕۆژێک ئەییووب لە خێزانی تووڕە بووە، لەسەر ئەوەی دوا کەوتووە، یان لەسەر ئەوەی سەرپێچیی لە فەرمانی کردوە، ئەویش سوێندی لێ دەخوا، کە ئەگەر چاک بۆوە سەد قەمچی لێبدا، ئنجا خوا ﷻ بۆ ئەوەی ئەو سوێندەکەی لێ نەکەوێ و، ژنەکەشی لە بەرامبەر ئەو هەموو وەفادارییە چاکەو خزمەتەیدا، سزا نەدرێ، ئەو تەگبیرەی بۆ ئەییووب کردوە کە لە جیاتی سەد قەمچی، چەپکە گیایەک بە دەستەوە بگرە، یان چەپکە شوڕکێکی نەرم، کە سەد (١٠٠) چڵ بێ، ئەگەر ئەو ڕیوایەتە ڕاست بێ کە گوتوویەتی: دەبێ سەد قەمچی لێبدەم، ئەگەر کەمتریشی گوتبێ، کەمتر. ﴿ فَٱضۡرِب بِّهِۦ ﴾، پێی لێبدە ﴿ وَلَا تَحۡنَثۡ ﴾ و سوێندەکەت لە خۆت مەخە، مادام سوێندت خواردوە، زانایان دەڵێن: دیارە ئەوکاتە کەفارەتی سوێند نەبووە، ئەگەرنا خوا دەیفەموو: کەفارەت بدەو، ئەوەی سوێندت لەسەر خواردوە جێبەجێی مەکە، ئنجا لێرە خوا فەرموویەتی: ئەوەی سوێندت لە سەر خواردوە جێ بەجێی بکە، بەڵام بە شێوەیەکی وا کە بۆ هاوسەرەکەت مایەی ئازارو ناڕەحەتیی نەبێ و شتێکی ڕەمزیی بێ، دوایی خوا بەو شێوەیە مەدحی دەکات و دەفەرمووێ: ئێمە ئەومان خۆڕاگر بینی، ئەو باشترین بەندە بوو، ئەو زۆر بۆ لای خوا دەگەڕایەوە، ئەمە بە کورتی بەسەرهاتی ئەییووب و تاقیکرانەوەکەی بوو.

ئنجا باسی ئیبراهیم و ئیسحاق و یەعقووب دەكات و دەفەرمووێ: ﴿ وَٱذۡكُرۡ عِبَـٰدَنَآ إِبۡرَٰهِيمَ وَإِسۡحَـٰقَ وَيَعۡقُوبَ ﴾، هەروەها یادی بەندەكانمان ئیبراهیم و ئیسحاق و یەعقووب بكە، كە باب و كوڕو نەوەن ﴿ أُوْلِي ٱلۡأَيۡدِي وَٱلۡأَبۡصَـٰرِ ﴾، كە خاوەنی دەستان و چاوان بوون، (**أُوْلِي: أَيِ: أَصْحَاب**)، یانی: خاوەنان، (**أَيـدِي**) كۆی (**يَـد**)ە، یانی: دەستەكان، (**أَبصار**)یش كۆی (**بَـصَر**)ە، واتە: چاوەكان، یان دیتنەكان، واتە: خاوەنی هێزو ئاگایی و شارەزایی بوون، ئەگەرنا هەموو كەس دوو دەستی هەن و هەموو كەس دوو چاوی هەن، بەڵام لێرەدا مەبەست لە (دەست): هێزە، هێزی مەعنەویی، ئیرادە، هێزێك كە مرۆڤ بتوانێ ئەو شتانەی كە دەیانزانێ، بیانتوانێ، ئەو شتانەی دەركیان دەكات، جێبەجێیان بكات، مەبەستیش لە (دیتن) شارەزایی و ئاگاییە لەبەر ئەوەی كارەكان كە ئەنجام دەدرێن، بە دەست ئەنجام دەدرێن و، شتەكان كە دەبینرێن، بە چاو دەبینرێن، لەو ڕووەوە خوا ﷻ: ﴿ ٱلۡأَيۡدِي وَٱلۡأَبۡصَـٰرِ ﴾ی بەكار هێناون، بۆ هێزو بۆ شارەزایی و ئاگاداریی.

﴿ إِنَّآ أَخۡلَصۡنَـٰهُم بِخَالِصَةٖ ذِكۡرَى ٱلدَّارِ ﴾، ئێمە ئەوانمان ساغ كردبووە بە سیفەتێكی ساغكراوە كە بریتی بوو لە یادكردنەوەی مەنزڵگا (مەنزڵگای كۆتایی)، واتە: ئێمە وامان لێكردبوون كە ئەوان زۆر بە شێوەیەكی ساغ و بێ خلتە، یادی مەنزڵگای كۆتاییان دەكرد، ئێمە ئەوانمان یەكلا كردبووە بۆ ئەوە، ئێمە پشك و بەشێكی باشمان بە ئەوان دابوو، لە یاد كردنەوەی مەنزڵگای كۆتایی و ڕۆژی دوایی دا.

ئنجا وەك دوایی باس دەكەین: ﴿ إِنَّآ أَخۡلَصۡنَـٰهُم بِخَالِصَةٖ ذِكۡرَى ٱلدَّارِ ﴾، ئەگەر بە تەنوین بێ: ﴿ بِخَالِصَةٖ ﴾ یانی: بە خەصڵەتێكی ساغكراوە، ئەوكاتەش ﴿ ذِكۡرَى ﴾، دەبێتە بەدەلی ئەو ساغكراوەیە، ئەو خەصڵەتە ساغكراوەیە بریتی بووە لە یادكردنەوەی ڕۆژی دوایی و لە بیر بوونی مەنزڵگای ڕۆژی كۆتایی، خوێندراویشەتەوە: (**بِخالِصَةِ ذِكرَ الدَّار**)، ئێمە ئەوانمان ساغ كردبۆوە بە ساغكراوەی یاد كردنەوەی ڕۆژی دوایی، ئەو كاتەش دەبنە (**مُضَافٌ ومُضاف إِلَيهِ**) پاڵدراوو پاڵ وەلادراو.

﴿ وَإِنَّهُمۡ عِندَنَا لَمِنَ ٱلۡمُصۡطَفَيۡنَ ٱلۡأَخۡيَارِ ﴾، بە دڵنیایی ئەوان لە لای ئێمە لە هەڵبژاردە چاکەکان بوون، (مُصطَفَین) کۆی (مُصطَفَى)یە، هەڵبژێدراو ﴿ ٱلۡأَخۡيَارِ ﴾یش، کۆی (خَیْر) یان (خَیِّر)ە، واتە: چاک، ئەوان لە لای ئێمە لەو بەندانە بوون کە هەڵبژێدراو بوون و، زۆر چاک و پەسند بوون.

لە کۆتاییدا خوا باسی سێ لە پێغەمبەرانی دیکەش دەکات و دەفەرموێ: ﴿ وَٱذۡكُرۡ إِسۡمَٰعِيلَ وَٱلۡيَسَعَ وَذَا ٱلۡكِفۡلِۖ وَكُلّٞ مِّنَ ٱلۡأَخۡيَارِ ﴾، هەروەها یادی ئیسماعیل و ئەلیەسەع و زەلکیفل بکەوە، هەر کامێک لەو سێیانەش لە بەندە پەسندو چاکەکان بوون.

هەموو پێغەمبەران صەڵات و سەلامی خوایان لەسەر بێ، بەندە هەرە چاک و پەسندو هەڵبژاردەکانی خوان، وەک لە سووڕەتی (النمل)دا خوا دەفەرموێ: ﴿ قُلِ ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ وَسَلَٰمٌ عَلَىٰ عِبَادِهِ ٱلَّذِينَ ٱصۡطَفَىٰٓۖ ...﴿٥٩﴾ ﴾النمل، بڵێ: ستایش بۆ خواو سەلام لەسەر ئەو بەندانەی هەڵیبژاردوون، هەروەها لە سووڕەتی (الحج) دا، خوا دەفەرموێ: ﴿ ٱللَّهُ يَصۡطَفِي مِنَ ٱلۡمَلَٰٓئِكَةِ رُسُلٗا وَمِنَ ٱلنَّاسِۚ ...﴿٧٥﴾ ﴾الحج، واتە: خوا لە فریشتان و لە خەڵکی نوێنەرانێک هەڵدەبژێرێ {بۆ ئەوەی ڕەوانیان بکاو بیانکاتە نوێنەرو پەیامبەرو پەیامگەیەنەری خۆی} کەواتە: هەموو پێغەمبەران (عَلَيْهِمُ الصَّلاةُ وَالسَّلام) هەڵبژاردەو گوڵبژێری خوان لەنێو باغی مرۆڤایەتییدا.

ئەو سێ پێغەمبەرەش (عَلَيْهِمُ الصَّلاةُ وَ السَّلام)، پێشتریش باسمان کرد، کە ئێمە لە سووڕەتی (الأنبياء)دا قسەمان لە بارەیانەوە کردوە، دیارە ئیسماعیل بەسەرهاتەکەی لەگەڵ بەسەرهاتی ئیبراهیم دا هاتوە لە سووڕەتی (إبراهيم)دا، بەڵام ئەلیەسەع و زەلکیفل بەسەرهاتەکەیانمان لە سووڕەتی (الأنبياء)دا، لەگەڵ کۆمەڵێکی دیکە لە پێغەمبەراندا (عَلَيْهِمُ الصَّلاةُ وَالسَّلام) هێناوە، لەبەر ئەوەی سووڕەتەکە بە ناوی پێغەمبەرانە، ئنجا هەموو ئەو پێغەمبەرانەی پێشتر قسەمان لێنەکردبوون و بەسەرهاتەکەیانمان نەهێنابوون، لەوێدا هێناومانن.

مەسەلە گرنگەکان

مەسەلەی یەکەم:

باسی ئەییوب کە تووشی نەخۆشیی و گرفتێکی گەورە بووەو، پاش پاڕانەوەو هاوار تێبەستنی بۆ لای خوا، خوا دەرووی خێری لێ کردۆتەوەو، بە هۆی لاق بە زەویدادانەوە، کانییەکی لەبەر پێیان دەرقوڵیوەو، هەم بۆ خۆشۆردنی و هەم بۆ لێ خواردنەوەی، ئاوەکەی شیاو بووە، دوایی وێڕای چاک بوونەوەی لەو ئازارو گرفت و نەخۆشییەی کە بۆی دروست بووە، خوا ماڵ و خێزانەکەی پێبەخشیوەتەوەو، هێندەی دیکەشی وێڕای وان پێ بەخشیوە، بۆ چارەسەری سوێند خواردنیشی لە هاوسەری، خوا بۆی داناوە کە بە چەپکێکی چەند چڵیی، کە ئازاری نەبێ، لێیبدات:

وەک خوا دەفەرموێ: ﴿ وَٱذۡكُرۡ عَبۡدَنَآ أَيُّوبَ إِذۡ نَادَىٰ رَبَّهُۥٓ أَنِّي مَسَّنِيَ ٱلشَّيۡطَٰنُ بِنُصۡبٖ وَعَذَابٍ ﴿٤١﴾ ٱرۡكُضۡ بِرِجۡلِكَۖ هَٰذَا مُغۡتَسَلُۢ بَارِدٞ وَشَرَابٞ ﴿٤٢﴾ وَوَهَبۡنَا لَهُۥٓ أَهۡلَهُۥ وَمِثۡلَهُم مَّعَهُمۡ رَحۡمَةٗ مِّنَّا وَذِكۡرَىٰ لِأُوْلِي ٱلۡأَلۡبَٰبِ ﴿٤٣﴾ وَخُذۡ بِيَدِكَ ضِغۡثٗا فَٱضۡرِب بِّهِۦ وَلَا تَحۡنَثۡۗ إِنَّا وَجَدۡنَٰهُ صَابِرٗاۚ نِّعۡمَ ٱلۡعَبۡدُ إِنَّهُۥٓ أَوَّابٞ ﴿٤٤﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە دوازدە بڕگەدا:

١)- ﴿ وَٱذۡكُرۡ عَبۡدَنَآ أَيُّوبَ ﴾، یادی بەندەکەمان ئەییووب بکەوە، واتە: ئەو حاڵەتە تایبەتەی کە ئەییووب بووی، ئەو حاڵەتە تایبەتە یاد بکەوە، ئایا ئەو حاڵەتە تایبەتە چۆن بوو؟

٢)- ﴿ إِذۡ نَادَىٰ رَبَّهُۥٓ ﴾، {یادی ئەو کاتە بکەوە} کە هاواری کردە پەروەردگاری، بانگی پەروەردگاری کردو لێی پاڕایەوە و هاواری تێبەست، (النِّدَاءُ: نِدَاءُ الدُّعَاءِ)، لێرەدا

بانگکردن، بانگکردنی لێپاڕانەوەو هاوار تێبەستن و، پەنا پێبردنە، چی گوت کاتێ هاواری کردە پەروەردگاری؟

٣)- ﴿ أَنِّي مَسَّنِيَ ٱلشَّيۡطَٰنُ بِنُصۡبٖ وَعَذَابٍ ﴾ {هاواری کرد، لە پەروەردگای پاڕایەوە گوتی:} کە شەیتان تووشی ماندوویەتیی و ئازاری کردووم.

وشەی (**نُصْب**) هەم خوێنراوەتەوە: (**بِنُصْبٍ**) هەم خوێندراویشەتەوە: (**بِنُصُبٍ**)، (**نُصْبُ ونُصُب: وَهُوَ التَّعَبُ وَيُقَالُ نَصَب، أَيَضاً**)، (**نُصْب**) و (**نُصُب**): ئەم دوو خوێندنەوەیە هاتوون، لە ڕووی زمانی عەرەبییەوە دەشگونجێ بڵێی: (**بِنَصَبٍ**)، هەمووی مانای ماندوویەتیی و شەکەتییە، شەیتان منی تووشی ماندوویەتیی کردوە، (**عَذَاب**)یش بە مانای ئازارو ناڕەحەتیی دێ، تووشی ئەو دووانەی کردووم.

لە سوورەتی (الأنبياء)دا دەفەرموێ: **﴿ وَأَيُّوبَ إِذۡ نَادَىٰ رَبَّهُۥٓ أَنِّي مَسَّنِيَ ٱلضُّرُّ وَأَنتَ أَرۡحَمُ ٱلرَّٰحِمِينَ ٨٣ ﴾**، واتە: یادی ئەییووب بکەوە! کاتێ لە پەروەردگاری پاڕایەوەو هاواری کرد: من زیانم تووش بووە، (**ضُرّ**)، یانی: نەخۆشیی، یان ناخۆشیی، یان گرفتاریی، لەوێ باسی نەکردوە سەرچاوەکەی چییە؟ بەڵام لێرە باسی کردوە کە سەرچاوەکەی بریتیە لە شەیتان.

زانایان لەو بارەوە زۆ قسەیان کردوە، کە ئایا شەیتان چۆن توانیویەتی ئەییووب تووشی ماندوویەتی و ئازار بکات؟

یەکەم: هەندێکیان ئاوایان تەعبیر لەو حاڵەتە کردوە، گوتوویانە: (**النُّصْبُ وَالعَذَابُ مُسَبَّبَانِ لِمَسِّ الشَّيْطَانِ إِيَّاهُ، أَي: مَسَّنِي بِوَسْوَاسٍ سَبَبُهُ نُصْبٌ وَعَذَابٌ، فَجَعَلَ الشَّيْطَانُ يُوَسوِسُ إِلَى أَيُّوب بِتَعظِيمِ النصب وَالعَذَابِ عِندَهُ، وَيُلْقِي إِلَيْه أَنَّهُ لَم يَكُن مُستَحِقاً لِذَلِكَ العَذَابِ، وَالنَّتِيجَةُ سُوءُ الظَّنِّ بِالله**)[1].

واتە: (**نُصب**)و (**عَذَاب**)، پەیدابووی دەست گەیاندنە شەیتانی ئەون، {واتە: شەیتان کە دەستی گەیاندۆتێ و ئازاری داوە، بە دوو شتان بووە: یەکەم:

---

(١) التحرير والتنوير: ج٢٣، ص٢٧٠.

ماندوویەتیی، دووەم: ئازار} مەبەست ئەوەیە کە شەیتان منی تووشی خوتخوتەو دڵەڕاوکێ کردووە، ئەو خوتخوتەو دڵەڕاوکەیەش لەوە پەیدابووە کە من ماندووم و ئازارم هەیە، شەیتان خوتخوتەی بۆ ئەییووب کردوە، کە ئەو ماندوویەتیی و ئازارەی هەستی پێدەکات، زۆری لەلا مەزن بێ، شەیتان دنەی داوەو خوتخوتەی بۆ کردوە، کە تۆ شایستەی ئەو سزاو ئازارە نەبووی، تاکو سەرەنجام گومانی خراپی بەرانبەر بەخوا بۆ پەیدابێ.

کەواتە: بە هۆی (**نُصب**)و (**عَذَاب**)ەوە شەیتان زەفەری پێبردوە، یانی: ئەو ماندوویەتیی و ئازارو ناڕەحەتییەی هەیبووە، کە دیار نیە هۆکارەکەی چییە، نەخۆشییەک بووە، خوا بەسەری کردۆتەوە، ئنجا لەو سۆنگەیەوە شەیتان دەستی گەیاندۆتێ، ﴿أَنِّي مَسَّنِيَ ٱلشَّيۡطَٰنُ بِنُصۡبٖ وَعَذَابٍ﴾، نەک (**نُصب**)و (**عَذَاب**)ەکە شەیتان تووشی کردبن، بەڵکو ئەو ماندوویەتیی و ئازارەی هەیبووە، شەیتان ئەوەی کردۆتە هۆکارو ئامڕازو دەستەچیلەی ئەوە کە دەستی بگەیەنێتێ، دەست گەیاندنەکەشی ئەوە بووە کە خوتخوتەی بۆ بکات و دڵی ناڕەحەت بکات، ئەگەرنا هەموو کەس تووشی ماندوویەتیی و ئازارو ناڕەحەتیی هەر دێ، بەڵام شەیتان ئەوەی زۆر لەلا گەورە کردوە، کە سەرەنجام وای لێبکات گومانی خراپی بەرامبەر بە خوا پەیدابێ و دڵ ڕەنجاوو دڵشکاوبێ بەرانبەر بە خوا، کە دیارە پێغەمبەران (**عَلَيْهِمُ الصَّلاةُ وَالسَّلام**) بەشەر بوون، بەڵام بە تەئکید خوا پاراستوونی، لەوە کە حاڵەتێکی وایان بۆ دروست بێ، گرنگ ئەوەیە شەیتان ئەو هەوڵەی لەگەڵ داوە، ئەمە ڕای (**محمد الطاهر بن عاشور**)ە.

دووەم: هەندێکی دیکە لە زانایان دەڵێن: شەیتان تووشی ماندوویەتیی و ئازاری کردوە، واتە: ماندوویەتیی و ئازارەکە شەیتان تووشی کردوە، ئنجا ئەگەر شەیتانیش تووشی کردبێ، هەر لە ئەنجامی خوتخوتەو دنەدانییەوە بۆی بووە، ئەگەرنا نەچووە پاڵی پێوەبنێ، یاخود تووشی نەخۆشییەکی تایبەتیی بکات، وەک لە هەندێ حیکایەتاندا هاتوە کە دوایی باس دەکەین، گوایە: خوا ﷻ کە ئاوا مەدح و ستایشی ئەییووبی کردوە،

ئیبلیس گوتوویەتی: خوایە! تۆ من ئیزن بدەو دەرفەتم بدە، تووشی نەخۆشیی و ئازاری بکەم، ئنجا بۆت دەردەکەوێ داخۆ خۆڕاگر دەبێ، یان نا؟ گوایە خوای پەروەردگاریش ئیزنی داوەو، تووشی نەخۆشیی و ئازاری کردوە! بەڵام من ئەوە بە دوور دەزانم و هیچ بەڵگەیەکیش لەو بارەوە نیە، بەڵگەیەکی نەقلیی، مەسەلەکە ئەوەیە کە (ئەیبووب) یش وەک هەموو ئەو خەڵکەی دیکە صەڵات و سەلام لەسەر ئەیبوب بێ، تووشی ئازارو ماندوویەتیی و ناڕەحەتیی بووە، بەڵام بە تەئکید هی وی، ئازارو ماندوویەتییەکی بێڕەزاو خەست و خۆڵ بووە، شەیتان لەو ڕێیەوە ویستوویەتی زەفەری پێ بەرێ، یاخود بەهۆی وەسوەسەی شەیتانەوە، تووشی ئەو ماندوویەتیی و دڵ ناڕەحەتیی و ئازارە بووە، ئەو ئازارەش دەگونجێ ئازاری جەستەیی بووبێ، دەشگونجێ هەر ماندوویەتییەکە ماندوویەتیی جەستەیی بووبێ، بەڵام ئازارەکە ئازاری دەروونیی بووبێ.

٤)- ﴿ ٱرْكُضْ بِرِجْلِكَ ﴾، پێ بە زەویدا بدە، یانی: پێمان گوت... (**الرَّكْضُ: ضَرْبُ فِي الأَرْضِ بِرِجلِ**)، (**رَكض**): بریتیە لەوەی پێ بە زەویدا بکوتی، کەواتە: کە دەفەرموێ: ﴿ بِرِجْلِكَ ﴾، (**زِيادَةٌ فِي بَيانِ مَعنَى الفِعْلِ، مِثْلُ:** ﴿ ...طَٰٓئِرٖ يَطِيرُ بِجَنَاحَيۡهِ ... ﴿٣٨﴾ ﴾الأنعام)، وەک لە سوورەتی (الأنعام)دا هاتوە، کەواتە: ﴿ ٱرْكُضْ ﴾، هەر بۆ خۆی واتە: پێ بە زەویدا بدە، بەڵام کە فەرموویەتی: ﴿ بِرِجْلِكَ ﴾، ئەمە بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەیە، ڕوونکردنەوەی کردەوەکەیە، هەر وەک چۆن خوا فەرموویەتی: ﴿ وَمَا مِن دَآبَّةٖ فِي ٱلۡأَرۡضِ وَلَا طَٰٓئِرٖ يَطِيرُ بِجَنَاحَيۡهِ ... ﴿٣٨﴾ ﴾الأنعام، دیارە باڵندە هەر بە دوو باڵەکانی دەفڕێ، کە دەفەرموێ: ﴿ ...طَٰٓئِرٖ يَطِيرُ بِجَنَاحَيۡهِ ... ﴿٣٨﴾ ﴾الأنعام، بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەیە، یاخود بۆ زیاتر بەیانکردن و تەماشا کردنە بە چاوی خەیاڵ.

٥)- ﴿ هَٰذَا مُغۡتَسَلُۢ بَارِدٞ وَشَرَابٞ ﴾ ئەمە خۆشۆرگەیەکە ساردەو خواردنەوەشە. وەک زۆرجار گوتوومانە: هەموو ئەو وشەو تەعبیرانەی کە بە سیاق و بە سەلیقەو عەقڵ و هۆش دەزاندرێن، خوا ﷻ کتێبی خۆی پێ قەڵەباڵغ نەکردوون، واتە: ئەیبووب پێی بە زەویدادا، کانیی و سەرچاوەیەک دەرقوڵی و پێمان گوت: ﴿ هَٰذَا مُغۡتَسَلُۢ بَارِدٞ وَشَرَابٞ ﴾، ئا ئەمە خۆشۆرگەیەکە ﴿ مُغۡتَسَلُۢ ﴾، (**إِسْمُ مَفْعُولٍ** ﴿ هَٰذَا مُغۡتَسَلُۢ ﴾، **يَعنى: مُغتَسَلٌ بِهِ**)،

ئەمە خۆ پێشۆرێکە، ئاوێکە خۆی پێ دەشۆرڕێ، ﴿ وَشَرَابٌ ﴾، خواردنەوەشە، یاخود ﴿ مُغْتَسَلٌ ﴾، (مَكانُ الغُسلِ)، شوێنی خۆ لێ شۆردنە.

لە سوورەتی (الأنبياء)دا دەفەرموێ: ﴿ فَٱسْتَجَبْنَا لَهُۥ فَكَشَفْنَا مَا بِهِۦ مِن ضُرٍّ وَءَاتَيْنَٰهُ أَهْلَهُۥ وَمِثْلَهُم مَّعَهُمْ رَحْمَةً مِّنْ عِندِنَا وَذِكْرَىٰ لِلْعَٰبِدِينَ ﴿٨٤﴾ ﴾، واتە: وەڵامـمان دایـەوەو ئـەو ئـازارەی لێـی بـوو، لێـمان لابـرد، بـەڵام لـەم سـوورەتەدا دەری دەخـات ئازارەکـە چـۆن لابـراوە! لـەوێ خـوا ﷻ بـە کورتیـی دەیهێنـێ، بـەڵام لێـرەدا بۆمـان ڕوون دەکاتـەوە ئازارەکـە چـۆن لاچـووە، خـوا فەمـانی پێکـردوە، پـێ بـە زەویـدا بکوتـێ و پێـی بـە زەویـدا کوتـاوەو، کانیـی و سـەرچاوەیەک دەرقوڵیـوە، ئـەو کانیـی و سـەرچاوەیەش ئاوەکـەی وابـووە، هـەم خـۆی لێ بشـواو، هەم بیشـیخواتەوە، بـۆ ئـەوەی بـە هـۆی خـۆ لێشـۆدنەکەیەوە، نەخۆشـیی و ئازارێـک کـە لە جەسـتەی دا بووبـێ - لـە ڕواڵـەتی جەسـتەی - لابچێ و پـاک بێتەوەو، بـە هۆی لێخواردنەوەشـیەوە، ئـازاو نارەحەتییـەک کـە لـە نێـو جەسـتەیدا بووبـێ، ئـەوەش لابچـێ و، هـەم ڕواڵـەتی جەسـتەی و، هـەم نێـوەوەی جەسـتەی پـاک و خاوێـن ببێتـەوە.

٦)- ﴿ وَوَهَبْنَا لَهُۥٓ أَهْلَهُۥ وَمِثْلَهُم مَّعَهُمْ ﴾، خێزانەکەیمان پێ بەخشی و وێنەی خۆشیان لەگەڵیان، (مِثلَهُم مَعَهُم، أَي: ضِعْفَ عَدَدِهِم).

توێـژەرەوانی قورئـان هەندێکیـان گوتوویانـە: کـوڕو کچـەکانی کـە مـردوون، خـوا بـۆی زینـدوو کردوونـەوە، بـاسی خێـزانی نەکـراوە، چونکـە (أهـل) واتـە: نیزیـکانی کەسێک و ئـەو کەسـانەی کـە لـە خانوویەکدا لەگـەڵ مرۆڤـدا دەژیـن، کە بـە تەئکید مەبەسـت پێـی کـوڕو کچـەکانی بـووە، چونکـە هاوسـەرەکەی دیـارە هـەر هەبـووە کـە خـوا دەفەرمـوێ: چەپکێـک گیـا بـە دەسـتەوە بگـرەو پێـی لێبـدە، مانـای وایـە ئەویـان هـەر هەبـووەو مـاوە، بـەڵام کـە خـوا دەفەرمـوێ: ئەهلەکەیـمان وێدایـەوەو وێنـەی خۆشـیان لەگەڵیـان، واپێدەچـێ مەبەسـت پێـی کـوڕو کچـەکانی بـێ، ئنجـا ئایـا کـوڕو کچـەکانی مـردوون و، خـوا بـۆی زینـدوو کردوونـەوە؟! ئـەوە لـەلای خـوا

ئاسانە، بەڵام ئەوە باس نەکراوەو، دەگونجێ مەبەست ئەوەبێ کە بەهۆی ئەو نەخۆشیی و ئازارەیەوە، ئەییووب ﷺ تۆزێک تەریک و لاپەڕ بووبێ، یاخود نەیپەڕژابێتە سەر کوڕو کچەکانی و وەک نەیمابن وابووبێ، بەڵام خوا ﷻ دوایی بۆی کۆکردوونەوە، دواى ئەوە چاک بۆتەوە، هەموویان لێی کۆبوونەوە ﴿وَمِثْلَهُم مَّعَهُمْ﴾، پێشێ ژمارەیان چەند بووە، خوای پەروەردگار هێندەی دیکەش کوڕو کچی پێداون.

واتایەکی دیکەی ئەوەیە: دوای ئەوەی کە بڵاوبوون، خوا بۆی کۆ کردوونەوە، وەک گوتم، یان ئەوەتا مردوون و بۆی زیندوو کردوونەوە، کە ئەوەش لەلای خوا ئاسانە، بەڵام ڕواڵەتی ئایەتەکان ئەوە ناگەیەنێ، چونکە نافەرموێ: (أَحيَينا لَهُ أهلَهُ)، دەفەرموێ: ﴿وَوَهَبْنَا لَهُۥٓ أَهْلَهُۥ﴾، پێماندان، کەواتە: واپێدەچێ هەر حاڵەکە ئەوە بووبێ، یان لەبەر ئازارو نەخۆشیی خۆی، ئاگای لەوان نەمابێ و لە حوکمی نەبووندا بوون، یاخود بڵاو بوون و لە ئەنجامی ئازارو ناڕەحەتیی ئەودا، کە هیچیشیان بۆ لەگەڵ نەکراوەو چەند ساڵی خایاندوون، ئەوانیش هەر کەسە ڕەنگە سەرقاڵی کارو ژیانی خۆیان بووبن، بەڵام دوای ئەوەی خوا ئەو دەردو ئازارەی لێ لابردوە، ئەوانیش جارێکی دیکە کۆبوونەوە، خۆیان چەند بوون خوا ﷻ هێندەی دیکەشی پێ بەخشیوە، چونکە لە سوورەتی (الأنبياء) یشدا دەفەرموێ: ﴿...وَءَاتَيْنَـٰهُ أَهْلَهُۥ وَمِثْلَهُم مَّعَهُمْ رَحْمَةً مِّنْ عِندِنَا وَذِكْرَىٰ لِلْعَـٰبِدِينَ ﴿٨٤﴾﴾، واتە: خێزانەکەیمان پێ بەخشیەوەو، وێنەی خۆشیان وێڕای وان لەگەڵیان، چەند بوون، هێندەی دیکەشمان پێ بەخشین.

٧)- ﴿رَحْمَةً مِّنَّا وَذِكْرَىٰ لِأُو۟لِى ٱلْأَلْبَـٰبِ﴾، لەوێ دەفەرموێ: ﴿...رَحْمَةً مِّنْ عِندِنَا وَذِكْرَىٰ لِلْعَـٰبِدِينَ ﴿٨٤﴾﴾، بەڵام لێرەدا دەفەموێ: ﴿رَحْمَةً مِّنَّا وَذِكْرَىٰ لِأُو۟لِى ٱلْأَلْبَـٰبِ﴾، لەوێ دەفەرموێ: بەزەییەک بوو لە لایەن ئێمەوە و بیرخستنەوەش بوو بۆ بەندەکان، لێرەش دەفەرموێ: بەزەییەک لە لایەن ئێمەوەو بیرخستنەوەش بۆ خاوەن عەقڵان، کەواتە: خواپەرستان، خاوەن عەقڵانن، ئەوانیشن کە پەند وەردەگرن لە

ڕووداوەکانی ڕۆژگارو لە غەیری خۆیان، وەک گوتراوە: (**السَّعِيدُ مَنِ اتعظ بِغَيْرِهِ**) واتە: بەختەوەر کەسێکە پەند لە غەیری خۆی وەربگرێ.

٨)- ﴿ وَخُذْ بِيَدِكَ ضِغْثًا فَٱضْرِب بِّهِۦ ﴾، پێمان گوت: چەپکێک بە دەستەوە بگرەو پێی لێبدە، (**الضِّغثُ: حُزْمة مِن حَشِيشٍ أو رَيْحَانٍ**)، (**ضِغث**) بریتیە: لە چەپکێک لە گیا (چڵە گیا)، یاخود لە چڵە ڕێحان، ﴿ فَٱضْرِب بِّهِۦ ﴾، پێی لێبدە، یانی: (**فَاضْرِب بِهِ زَوْجَتَك**)، پێی لە ژنەکەت بدە.

٩)- ﴿ وَلَا تَحْنَثْ ﴾، سوێندەکەت مەخە، دەگوترێ: (**حَنَثَ فِي يَمِينِهِ: أَثِمَ بِسَبَبِ عَدَمِ الإلتِزَامِ بِهَا**)، (**حِنْث**): ئەوەیە کە کەسێک سوێند بخوات، دوایی سوێندەکەی لێ بکەوێ، بۆ وێنە: سوێند بخوا ناچێتە ماڵی فلانکەس، دوایی بەبێ ئەوەی کەفارەت بدات، بچێت، ئەوە سوێندەکەی لێ دەکەوێ و گوناهبار دەبێ، لێرە خوا ﷻ ڕێنمایی دەکات و دەفەرموێ: سوێندەکەت لە خۆت مەخە، یانی: ئەوەی سوێندت لێ خواردوە، جێبەجێی بکە، بەڵام بە تەئویلێکەوە، کە لوتف و میهرەبانیی پەروەدگاری تێدا بەرجەستە دەبێ بەرانبەر بە ژنەکەی، ئەویش ئەوەیە لەجیاتی ئەوەی ئەو ژمارە کە گوتوویەتی، ئەوەندە دارەت لێدەدەم، ئەوەندە قەمچییەت لێدەدەم، بە ژمارەی ئەوە چڵە گیا، یاخود چڵە ڕێحان بە دەستەوە بگرێ و پێی لە هاوسەرەکەی بدات، ئەوەش لێدانێکی ڕەمزییە، کە دوایی باسی دەکەین: ئایا ئەوە بەس بۆ ئەییووب بووە، ئەو تەئویلە، کە ئەگەر ناڕێک نەبێ دەڵێین: جۆرێکە لەوەی پێی دەگوترێ: (**الحِيلَة الشَّرْعِيَّة**)، بەڵام بە بارە ئیجابییەکەیدا، چونکە فێڵی شەرعیی، ئەگەر بۆ خراپەبێ بۆ حەڕام کردنی حەڵاڵ بێ، یان بۆ حەڵاڵ کردنی حەڕام بێ، بۆ خواردنی مافی خەڵک بێ، خراپە، بەڵام بۆ دەرباز بوون لە گرفت و کێشەیەک، زانایان قسەیان زۆر لێکردوەو کتێبی گەورەیان لەو بارەوە داناوە، زۆربەیان بەڕەوایان داناوە.

گرنگ ئەوەیە: خوا ﷻ بە ئەییووبی فەرموو: چەپکێک بە دەستەوە بگرەو پێی لێ بدە، واتە: پێی لە ژنەکەت بدەو سوێندەکەت مەخە.

١٠- ﴿إِنَّا وَجَدْنَٰهُ صَابِرًا﴾، {خوا مەدحی دەکات و دەفەرمووێ:} بێگومان ئێمە ئەومان خۆڕاگر بینی.

١١- ﴿نِّعْمَ ٱلْعَبْدُ﴾، ئەو باشترین بەندە بوو.

١٢- ﴿إِنَّهُۥٓ أَوَّابٌ﴾ بێگومان ئەو زۆر گەڕاوەبوو (بۆ لای خوا). ئەوە تەعلیلی ئەوەیە کە بەندەیەکی زۆر چاک بووە، لەبەر ئەوەی زۆر بۆ لای خوا دەگەڕایەوە، کە دەفەرمووێ: ﴿وَجَدْنَٰهُ﴾، یانی: ئێمە لێمان هەڵکەوت، دۆزیمانەوە، بینیمان، کە بەندەیەکی خۆڕاگر بوو لە بەرانبەر تاقیکردنەوەی خوای بەرزدا.



یازده هەڵوەسته له بەرانبەر بەسەرهاتی (ئەییووب)دا

بە پێویستی دەزانم یازده (١١) هەڵوەسته لەبەرامبەر بەسەرهاتی ئەییووبدا ؈ بخەینە ڕوو، کە تیشکی زیاترمان بۆ دەخەنە سەر ئەو بەسەرهاتە، هەر چەند کاتی خۆی بەسەرهاتی ئەییووبمان باسکردوە، بەڵام لێرەش دا ئەو یازده (١١) هەڵوەستەیه دەکەین:

١- سروشتی ژیانی دونیا وایه، هیچ کەس نامێنێ تێیدا تاقی نەکرێتەوە، تەنانەت پێغەمبەرانیش **(عَلَيْهِمَ الصَّلاةُ وَ السَّلام)** کە سەرمەشقی بەشەرن، ئەوانیش تاقی دەکرێنەوەو تاقیکردنەوەی پێغەمبەران لە هی خەڵکی دیکە قورسترو سەختتر بووە، وەک پێغەمبەر ﷺ فەموویەتی: **{أَشَدُّ النَّاسِ بَلاَءً الأَنْبِيَاءُ، ثُمَّ الأَمْثَلُ فَالأَمْثَلُ} (أخرجه الطيالسي: ٢١٥، وأحمد: ١٤٨١، وعبد بن حميد: ١٤٦، والدارمي: ٢٧٨٣، والترمذي: ٢٣٩٨، وقال: حسن صحيح، وابن ماجه: ٤٠٢٣، وابن حبان : ٢٩٠١، والحاكم: ١٢١)**، واته: ئەوانەی له هەموو کەس سەختتر تاقی دەکرێنەوە، پێغەمبەرانن، ئنجا ئەوانەی وەک پێغەمبەران دەچن.

یانی: تاکو پتر بۆ خوا صوڵحاوبین، تاقیکردنەوەکەمان قورسترە.

٢- چاوەڕێ کردنی دەرووی خێر له تەنگانەو گرفتارییداو، ناشوکریی نەکردن، یەکێکه له سیفەته گەورەو گرنگەکانی بەنده بۆ خوا صوڵحاوەکان، زانایان هەندێک کتێبیان هەر بەو ناوونیشانه داناوه: (**إنتظارُ الفَرَجِ بَعدَ الشِدَّة**)، چاوەڕێ کردنی دەروو لێکرانەوە دوای سەختیی و نارەحەتیی، خواش ﷻ هەواڵی پێداوین: ﴿فَإِنَّ مَعَ ٱلْعُسْرِ يُسْرًا ۝٥ إِنَّ مَعَ ٱلْعُسْرِ يُسْرًا ۝٦﴾ الشرح، واته: بە دڵنیایی لەگەڵ سەغڵەتییدا، ئاسانیی هەیه، گومانی تێدا نیه لەگەڵ سەغڵەتییدا ئاسانیی دێ.

پێشینانی خۆشمان گوتوویانه: {له دوای هەورازان نشێوە}، {له دوای شینان شادییه}، {له دوای ناخۆشییان خۆشییه}.

٣- بەبێ تەحەممول کردنی سەختیی و دژوارییەکانی ژیان، مرۆڤ ئیرادەی بەهێز نابێ و پەروەردە نابێ، وەک چۆن بابایەکی وەرزشکار بەبێ مەشق و ڕاهێنانی سەخت، کە خۆی ماندوو بکات و ئارەقە بکات، سەخت و قایم و پتەو نابێ، بۆیە حیکمەتی ئەوە کە خوا ﷻ ئەو بەندانەی لە خوا نزیکتر بوون، خوا سەختتر تاقیکردوونەوە، وەک چۆن کەسێک لەڕووی جەستەییەوە بیەوێ پلەی زیاتر ببڕێ و مەحکەمترو دامەزراوتر بێ، ئنجا ئەگەر کاراتەیە، ئەگەر کۆنفۆیە، ئەگەر تەواوکاریی جەستەیی **(کَمال الأَجسام)**ە، ئەگەر هەڵهێنانی شتی قورسە، زۆرانبازییە، هەتا بیەوێ پلەی زیاتر ببڕێ، دەبێ ڕاهێنان و مەشقی قورستر بکات و زیاتر خۆی ماندوو بکات، خواش ﷻ پێغەمبەرانی **(عَلَيْهِمُ الصَّلاةُ وَالسَّلام)**و، لە دوای ئەوان جێگرانی ڕەسەنی پێغەمبەران: زانایان و دۆستانی خۆی، سەختتر تاقیکردۆتەوە، لەبەر ئەوەی ویستوویەتی مەحکەمتریان بکات و چاکتریان بکات و پاکتریان بکات، تاکو باشتر بتوانن ڕۆڵی خۆیان لەسەر مەشق بوونی دینداریيدا بۆ خەڵک و کۆمەڵگای خۆیان بگێڕن.

٤- لە بەسەرهاتی ئەییووبەوە فێر دەبین کە: (خۆڕاگریی تاڵە، بەڵام بەرەکەی شیرینە)، هەمیشە خۆڕاگران لەسەر ڕێی ڕاست و هەق، سەر بەرزن وسوودمەندو براوەن، بەڵام ئەگەر ئینسان لەسەر ڕێی ناهەق بێ، خۆڕاگریش بێ جگە لە پەشێمانیی هیچی دەست ناکەوێ.

٥- هەر تاقیکردنەوەیەک کە بۆ مرۆڤ دێتە پێش، بۆ دەوروبەریشی هەر تاقیکردنەوەیە، پێویستە خۆیشی لێیان وریا بێ و ئەوانیش هۆشیار بن، یانی: ماڵێک نەخۆشێکی تێدایە، ئەگەر منداڵە، ئەگەر گەورەیە، ئەگەر پیرە، بێگومان ئەو ماڵە هەموویان بە دەستیەوە گرفتار دەبن، تاقیکردنەوەکە بەس بۆ نەخۆشەکە نیە، بۆ دەورو بەرەکەشیەتی، بۆیە جاری وایە ڕەنگە ئەو لە تاقیکردنەوەکەی خۆی دەربچێت، خۆڕاگر بێ و ناشوکریی نەکات، بەڵام دەورو بەرەکەی لە تاقیکردنەوەکەدا بکەون، وەک پێویست لەگەڵیدا باش نەبن، لەگەڵیدا هاوکار نەبن، یان نارەزایی و ناشوکریی دەرببڕن.

(ئەییوب)یش کە سوێندی لە ژنەکەی خواردوە، قەمچی لێبدات و سزای بدات، بەڵام دوایی خوا ﷻ بەوە بۆی تەئویل کردوە کە لە جیاتی ئەوەی ئەوەندە ژمارە قەمچییەی لێبدات، بەس چەپکە گیایەک بە دەستەوە بگرێ، یان چەپکە ڕیحانێک و پێی لێبدات، وادیارە لەبەر ئەوە بووە کە ئەو ژنەی کەمتەرخەمییەکی بووە، ئەییووبی پەست و تووڕە کردوە، ئەویش سوێندی لێ خواردوە کە لێی بدات، بەڵام دوایی خوا ﷻ بۆی ئاسان کردوە، بەو تەئویلەی باسمان کرد.

٦- دۆستانی خوا لە تەنگانەشدا وەک فەڕحانیی، هەر خۆڕاگرو دامەزراون، مادام خواو پاداشتەکەی دەبینن، نالەخشێن، واتە: لە فەڕحانییشدا دۆستانی خوا دامەزراون و لەخۆبایی نابن و لە کەوڵی خۆیان دەرناچن و، لە ناڕەحەتییانیشدا هەر دامەزراون و نەلەخشاون، چونکە پاداشتی خوا دەبینن و دەستی خوا دەبینن، دەزانن ئەو تاقیکردنەوەیە، لەلایەن خواوەیە.

٧- بەسەرهاتی ئەییووب دەرخەری ئەو ڕاستییەیە، کە هات و نەهات و، هەبوون و نەبوون، خۆشیی و ناخۆشیی، نابێ بکرێنە پێوەرو تەرازووی چاکیی و خراپیی لەلای خوا، یان بە پێچەوانەوە، واتە: کەسێک تووشی نەخۆشیی دێ، تووشی نەداریی دێ، تووشی دەربەدەریی دێ، تووشی گیران دێ، تووشی ناڕەحەتیی دێ، بە دەست خەڵکەوە، نابێ ئەوە بکاتە بەڵگەی ئەوە کە ڕەنگە خوا منی خۆش نەوێ، یاخود بە پێچەوانەوە: کەسێک لەشی ساغ دەبێت، هەرچی دەستی بۆ دەبات بە ئاسانیی بە دەستیەوە دێت، دەوڵەمەند دەبێ، کەیف خۆش دەبێ و هاتی دەبێ لە دنیادا، نابێ بیکاتە بەڵگەو نیشانەی ئەوە کە خوا خۆشی بوێ، چونکە خۆشیی و ناخۆشیی، هات و نەهات، هەبوون و نەبوون، هیچیان بەڵگەی ئەوە نین کە خوا ئەو مرۆڤەی خۆش دەوێ، یان خۆشی ناوێ، بەڵکو خۆشویستن و ناخۆشویستنی خوا، بە پێی ئەوەیە ئەو مرۆڤە کردەوەکەی چۆنە؟ نەک چەندەی هەیەو چەندەی نیە؟ ساغە یان نەخۆشە؟ گیراوە یاخود ئازادە؟ هەبوویە یان نەبوویە؟ بەڵکو لە زاتی خۆیدا چۆنە؟ هەڵوێستەکەی چۆنە؟ ئیمانی چەندەو تاعەتی چەندە؟ بۆ خوا صوڵحانی چەندە؟!

٨- هەم (ئەیيووب) عليه السلام هەم پێغەمبەرانی دیکەش (**عَلَيْهِمُ الصَّلاةُ وَالسَّلام**) لە قورئاندا زۆ جیاوازن، وەک لە تەورات، یان پەیمانی کۆندا، باسکراون، بۆ وێنە: کتێبی (ئەیيووب) لە پەیمانی کۆندا (٤٢) بەشە، بەڵام شتی زۆر سەیرو سەمەرەی تێدایە، وەک لە مەوسووعەی: (**الإسلام كَما يَتَجَلَّى في كِتابِ الله**)، لە کتێبی پێنجەمدا باسمان کردوە، هاتوە، گوایە: ئەیيووب گلەیی لە خوا کردوەو، لە خوا تووڕە بووە! شتی وا کە مسوڵمانێکی سادەو عەوام بەرانبەر بە خوا نایکات، لە پەیمانی کۆندا پاڵدراوەتە لای ئەیيووب، بۆیە دەبێ وریابین! ئەو ڕێزو حورمەت و پێگە بەرزەی کە خوا ﷻ لە دوایین کتێبی خۆیدا کە قورئانە، بۆ پێغەمبەرانی خستۆتەڕوو، زۆر جیایە لەو درۆو دەلەسەیەی کە لە پەیمانی کۆندا بە ناوی فەرمایشتی خواوە، لە بارەی پێغەمبەرانەوە (**عَلَيْهِمُ الصَّلاةُ وَالسَّلام**) هاتوە، ئەگەرنا بە تەئکید پێنج سیفرەکەی تەورات (**التكوين، الخروج، اللاّويين، التثنية، العدد**)و هەموو کتێبەکانی دیکەی خواش، لە ئەسڵ دا هەر بە ڕێزو حورمەتەوە باسی پێغەمبەرانیان کردوە، بەڵام دوای ئەوەی گۆڕدراون و دەستکارییکراون، شتی زۆر بێ جێیان تێخزێنراوە.

٩- دیار نیە ئەیيووب بۆچی فەرمانی پێکراوە: چەپکێک بە دەستەوە بگرێ و لە کەسێک بدات، تاکو سوێندەکەی لێ نەکەوێ؟ دیار نیە ئایا ئەو کەسە کێ بووە؟ ﴿ فَٱضْرِب بِّهِۦ ﴾، ئایا کوڕی بووە؟ کچی بووە؟ خزمەتکارێکی بووە؟ برای بووە؟ یاخود ژنی بووە؟ دیار نیە، بەڵام بە پێی قسەی زانایان، لەسەر شتێک لە هاوسەرەکەی تووڕە بووە، ئنجا ئەو شتە چی بووە؟

أ- هەندێک لە زانایان گوتوویانە: ژنەکەی کە ناوی (ڕەحمە) بووە، ڕۆژێک پارەیان نابێ، بۆ ئەوەی خواردن بۆ ئەیيووب بێنێ، یاخود دەرمان و چارەسەری بۆ بکڕێ، ناچار بووە پرچ و کەزیی خۆی ببڕێ و بیفرۆشێ!

ب- بەڵام هەندێک دەڵێن: لەسەر شتێک دوا کەوتوە، ئەیيووب کارێکی پێی بووە، بەڵام ئەو دوا کەوتوە، خۆی خافڵاندوە یان کەمتەرخەمییەکی کردوە.

ج- هەندێک دەڵێن: لەبەر ئەوە بووە کە ئیبلیس بەو هاوسەرەی ئەییووبی گوتوە: ئەگەر بێت و تۆ سەجدەم بۆ بەری و ڕێزم لێ بگری، من ئەییووبم تووشی ئەو نارەحەتییە کردوەو، نارەحەتییەکەی لێ لادەبەم، گوایە دەبێ ئەو ئافرەتەش کڕنووشی بۆ نەبردبێ، بەڵام هاتبێتەوەو بە ئەییووبی گوتبێ: کە شەیتان شتێکی وای پێگوتووم، ئنجا ئایا کڕنووشی بۆ بەرم بۆ ئەوەی ئازارەکەت لێ لابچێ؟!

بەڵام هیچ کام لەوانە پشت ڕاست نەکراونەوە بە بەڵگەیەکی نەقڵیی، کە سەنەدەکەی دیاربێ و، جێی دڵنیایی بێ، بۆیە ئێمە نازانین: ئایا کام لەو ڕیوایەتانە ڕاستەو، ئایا ئەو کەسەی (ئەییووب) لێی تووڕە بووە، ژنەکەی بووە، یاخود کەسێکی دیکەی بووە؟

بەڵام زۆبەی هەرەزۆری ڕوونکەرەوانی قورئان، ئەگەر نەڵێم هەموویان تێکڕا، هەر دەڵێن: ئەییووب سوێندی لە خێزانەکەی خواردوە، بەڵام ئەوە لە قورئاندا، دیار نیە، دەگونجێ کەسێکی دیکە بووبێ، خزمەتکارێکی بووبێ، کوڕێکی بووبێ، کچێکی بووبێ، نیزیکێکی دیکەی بووبێ؟ کەسێک بێ خزمەتی کردبێ و لەسەر شتێک لێی تووڕە بووبێ.

١٠- **(القرطبي)** [1] دەڵێ: **(وَاخْتَلَفَ الْعُلَمَاءُ فِي هَذَا الحُكْمِ هَلْ هُوَ عَامٌ أو خَاصٌ بِأَيُّوبَ؟)** واتە: زانایان کەوتوونە ڕاجیاییەوە دەربارەی ئەو حوکمە کە ئایا گشتییە، یاخود تایبەتە بە ئەییووبەوە؟!

ئەو ئاوا بە کورتیی دەیڵێ، بەڵام **(التفسير المنير)** ی (د. **وهبة الزحيلي**)[2]، وردەکاریی ڕای مەزهەبەکانی لەوبارەوە هێناوە، واتە: ئەوە کە کاتێک کەسێک سوێند دەخوات لە کەسێک، بۆ وێنە: کە دە (١٠) قەمچیی لێبدات، ئایا دروستە دە (١٠) چڵە گیایان، یان دە (١٠) چڵە ڕیحان بە دەستەوە بگرێ و پێی لێبدات،

---

(١) الجامع لأحكام القرآن: ج١٥، ص١٧٢.
(٢) ج١٢، ص(٢٣٠، ٢٣١).

بۆ ئەوەی سوێندەکەی لێ نەکەوێ، کە ئەوە بۆ ئەییووب وابووە، ئایا تایبەتە بە ئەییووبەوە، یاخود گشتییە؟

دەڵێ: (**الأَحْنَافُ وَالحَنَابِلَة يَقُولُونَ: شَرعُ مَنْ قَبْلَنَا شَرْعٌ لَنَا**)، واتە: حەنەفییەکان و حەنبەلییەکان دەڵێن: بەرنامەی ئەوانەی پێش ئێمە، بەرنامەیە بۆ ئێمەش، کەواتە: ئەو تەئویلە کە خوا ﷻ بۆ ئەییووبی کردوە، بۆ غەیری ویش دروستەو حوکمەکەی گشتییە.

شافیعییەکان دەڵێن: (**شَرْعٌ مَنْ قَبْلَنَا لَيْسَ شَرْعَاً لَنَا**)، شەرعی ئەوانەی پێش ئێمە، بۆ ئێمە شەرع نیە، دیارە دەبێ زۆربەیان وا بڵێن، ئەگەرنا هەندێکیش لە شافیعییەکان ڕایان وەک حەنەفیی و حەنبەلییەکانە، بەڵام گوتووشیانە: ئەم حوکمە لەم ئایەتەدا حوکمێکی گشتییەو، بۆ ئەوەش پشتیان بەم فەرمایشتە[1] بەستوە:

سەهلی کوڕی حونەیف خوا لێی ڕازی بێ دەگێڕێتەوە: پێغەمبەر ﷺ لە بارەی پیاوێکەوە کە زۆر نەخۆش و دەردەدار بووە، گوناهێکیشی کردوە، زینای کردوە، ئەویش فەرمانی کردوە کە سەد (١٠٠) شەمراخ، {لقی دار خورما، کە نەرم و باریکە} بە دەستەوە بگرن و بە یەکجار پێی لێبدەن، (لە جیاتی ئەوەی سەد قەمچیی لێبدەن) لەبەر ئەوەی گوتوویانە: ئەی پێغەمبەری خوا ! ﷺ ئەو کابرایە زینای کردوە، کەنیزەکی یەکێکیان بەلایدا هاتوە، ئەویش خۆی

---

(١) {عَنِ ابْنِ شِهَابٍ قَالَ أَخْبَرَنِي أَبُو أُمَامَةَ بْنُ سَهْلِ بْنِ حُنَيْفٍ أَنَّهُ أَخْبَرَهُ بَعْضُ أَصْحَابِ رَسُولِ اللَّهِ ﷺ مِنَ الأَنْصَارِ أَنَّهُ اشْتَكَى رَجُلٌ مِنْهُمْ حَتَّى أُضْنِيَ فَعَادَ جِلْدَةً عَلَى عَظْمٍ، فَدَخَلَتْ عَلَيْهِ جَارِيَةٌ لِبَعْضِهِمْ فَهَشَّ لَهَا فَوَقَعَ عَلَيْهَا، فَلَمَّا دَخَلَ عَلَيْهِ رِجَالُ قَوْمِهِ يَعُودُونَهُ أَخْبَرَهُمْ بِذَلِكَ وَقَالَ: اسْتَفْتُوا لِي رَسُولَ اللَّهِ ﷺ فَإِنِّي قَدْ وَقَعْتُ عَلَى جَارِيَةٍ دَخَلَتْ عَلَيَّ؟ فَذَكَرُوا ذَلِكَ لِرَسُولِ اللَّهِ ﷺ وَقَالُوا: مَا رَأَيْنَا بِأَحَدٍ مِنَ النَّاسِ مِنَ الضُّرِّ مِثْلَ الَّذِى هُوَ بِهِ، لَوْ حَمَلْنَاهُ إِلَيْكَ لَتَفَسَّخَتْ عِظَامُهُ، مَا هُوَ إِلاَّ جِلْدٌ عَلَى عَظْمٍ، فَأَمَرَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ أَنْ يَأْخُذُوا لَهُ مِائَةَ شِمْرَاخٍ فَيَضْرِبُوهُ بِهَا ضَرْبَةً وَاحِدَةً} أخرجه أبو داود: ٤٤٧٤، وَصَحَّحَهُ الألباني.

هەڵداوەتە سەرو زینای لەگەڵدا کردوە، بەڵام ئەگەر سەد قەمچیی لێبدەین لێکهەڵدەوەشێ، ئەویش فەموویەتی: مادام وایە، ئاواى بۆ بکەن.

ئەو گێڕراوەیە (**أبو داود**) بەژمارە: ٤٤٧٤، هێناویەتی و (**الألباني**) بەڕاست (**صحيح**)ی داناوە.

دەڵێن: کەواتە: ئەوە دروستەو ئەو حوکمە حوکمێکی گشتییە.

مالیکییەکان دەڵێن: (**شَرْع مَنْ قَبْلَنَا شَرْعٌ لَنَا**)، لەگەڵ ئەوەشدا کە دەڵێن: شەرعی پێغەمبەرانی پێشوو بەرنامەیە بۆ ئێمەش، بەڵام دەڵێن: ئەمە مۆڵەتێکی تایبەت بووە بە ئەییووب، (**ابن القيم**)یش ڕای مالیکییەکان زاڵ دەکات، لە کتێبی (**إعلام الموقعين**)داو دەڵێ: ئەمە مۆڵەتێک بووە تایبەت بووە بە ئەییووبەوە ﷶ. منیش وام دێتە بەرچاو، چاوپۆشیی لەوە بکەین کە ئایا بەرنامەی پێغەمبەرانی پێشوو بەرنامەشە، بۆ ئێمە یان نا[1]؟ بەڵام واپێدەچێ ئەوە هەر مۆڵەتێکی تایبەت بووبێ بە (ئەییووب)ەوە ﷶ ئنجا ئەوەش کە پێغەمبەر ﷺ وەک مۆڵەتێک - ئەگەر فەرمایشتە کە سەنەدەکەی ڕاست بێ - بۆ ئەو هاوەڵە بەکاری هێناوە، لەبەر ئەوەی ئەو حاڵەکەی وابووە، دەگونجێ بڵێین: ئەوە مۆڵەتێک بووە بۆ ئەییووب، بەڵام لە هەمان کاتدا دەشگونجێ بکرێتە مۆڵەت بۆ هەر کەسێکی دیکە کە حاڵی بەو شێوەیە بێ، حاڵی وەک هی ئەو پیاوە بێ کە لە فەرمایشتەکەدا هاتوە، کە زۆر دەردەدارو نەخۆش بووەو گوتوویانە: بەرگەی سزادان ناگرێ.

١١- (**القرطبي**) دەڵێ: (**اسْتَدَلَّ بَعْضُ جُهَّالِ الْمُتَزَهِّدَةِ، وَطَغَامِ الْمُتَصَوِّفَةِ، بِقَوْلِهِ تَعَالَى لِأَيُّوبَ: ﴿ ارْكُضْ بِرِجْلِكَ ﴾، عَلَى جَوَازِ الرَّقْصِ، قَالَ أَبُو الفَرْج ابن الْجَوْزِيُّ: وَهَذَا احْتِجَاجٌ بَارِدٌ، لِأَنَّهُ لَوْ كَانَ أُمِرَ بِضَرْبِ الرِّجْلِ فَرَحًا، كَانَ لَهُمْ فِيهِ شبهة، وإِنَّمَا أُمِرَ بضَرْبِ الرِّجل لِيَنْبُعَ الْمَاءُ**)[2].

---

(١) پێم وایە ڕای بەهێزتر ئەوەیە کە بەرنامە پێشووەکان بۆ ئێمەش بەرنامەی پابەندکەر (ملزم)ن، جگە لەوەی بە بەڵگەیەکی یەکلاییکەرەوە تایبەت کرابێ بەوانەوە.

(٢) ج١٥، ص١٧٢.

واتـە: لەوبـارەوە هەندێـک لـە خەڵکـی نـەزانی دنیـا بـە کەمگـرو، هەندێـک لـە ئەهـلی تەصـەووفی نەشـارەزا، قسـەی خـوای بـەرز کـە بـە ئەییـووب دەفەرمـوێ: ﴿ ٱرۡكُضۡ بِرِجۡلِكَ ﴾، پـێ بـە زەویـدا بکوتـە، بـە بەڵگەیـان هێناوەتـەوە کـە هەڵپەڕیـن و شـایی دروسـتە لـە کاتی یـادی خـوا کردنـدا، بـەڵام (**أَبُـو الفَـرْج ابـن الْجَـوْزِي**) دەڵـێ: ئەمـە بەڵگـە هێنانەوەیەکـی سـادو سـڕە، چونکـە ئەییـووب ئەگـەر بەهـۆی دڵخۆشـییەوە فەرمـانی پێکرابایـە پـێ بـە زەویـدا بکوتـێ، ئـەوە بەهـەر حاڵ (تۆزێـک ڕێـی تـێ دەچـوو)، شـوبهەیەک بـوو، بـەڵام خـوا فەمـانی بـە ئەییـووب کـردوە پـێ بـە زەویـدا بکوتـێ، بـۆ ئـەوەی کانیـاو هەڵبقوڵـێ. {نـەک شـادیی و خۆشـیی دەربـڕێ، تاکـو بیکەنـە بەڵگـە لەسـەر ڕەوایـی سـەماو هەڵپەڕیـن لـە کاتی یـادی خـوادا}.

قســەکەی (**أَبُـو الفَـرَج ابـن الْجَوْزِيِّ**)یـش زۆر بەجێیـە، یـادی خـوا دەبـێ بـە شـێوەیەکی بـە ویقـارو ڕێـزو حورمەتـەوە بکـرێ، هەڵپەڕیـن و داپەڕیـن و ڕەقـص و سـەما لەگـەڵ ئـەوەدا ناگونجـێ، هەرچەنـدە کۆمەڵـێ لـە ئەهـلی تەصەووفیـش جۆرێـک لـە شـایی و هەڵپەڕیـن و هەڵسـووڕانیان هەیـە، بـەڵام مـن پێـم وایـە ئـەوە لەگـەڵ ویقـاری یـادی خـوا کـردن و، سـام و هەیبـەتی خـوا لـە دڵـدا بـوون و، ڕێـزو خۆشەویسـتی خـوا لـە دڵـدا بـووت دا ناگونجـێ.

مەسەلەی دووەم:

مەدحکردنی خوا ﷻ بۆ ئیبراهیم و ئیسحاق و یەعقووب کە باب و کوڕو نەوەن، صەڵات و سەلامی خوایان لەسەر بێ، کە بەندەی هەڵبژێردراوی خۆی بوون، خاوەنی تواناو زانایی بوون، زۆر یادی ڕۆژی دواییان کردوە:

وەک خوا دەفەرموێ: ﴿ وَٱذۡكُرۡ عِبَٰدَنَآ إِبۡرَٰهِيمَ وَإِسۡحَٰقَ وَيَعۡقُوبَ أُوْلِي ٱلۡأَيۡدِي وَٱلۡأَبۡصَٰرِ ﴿٤٥﴾ إِنَّآ أَخۡلَصۡنَٰهُم بِخَالِصَةٖ ذِكۡرَى ٱلدَّارِ ﴿٤٦﴾ وَإِنَّهُمۡ عِندَنَا لَمِنَ ٱلۡمُصۡطَفَيۡنَ ٱلۡأَخۡيَارِ ﴿٤٧﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە چوار بڕگەدا:

١)- ﴿ وَٱذۡكُرۡ عِبَٰدَنَآ إِبۡرَٰهِيمَ وَإِسۡحَٰقَ وَيَعۡقُوبَ ﴾، هەروەها یادی بەندەکانمان ئیبراهیم و ئیسحاق و یەعقووب بکەوە، دوێندراو (**مخاطب**) پێغەمبەری خاتەمە ﷺ (و)ەکەش بۆ گێڕانەوەو بادانەوەی ئەم باس و خواسەیە بۆ سەر ئەوانی پێشێ، واتە: وێڕای ئەوانەی ڕابردن، یادی بەندەکانمان ئیبراهیم و ئیسحاق و یەعقووبیش بکەوە، کە وەک گوتم: باب و کوڕو نەوەن، ئەمە خوێندراویشەتەوە: (**وَاذْكُر عَبْدَنَا إِبْرَاهِيمَ وَإِسْحَاقَ وَيَعقُوبَ**)، بە تاک، کە هەر کام لە ئیبراهیم و ئیسحاق و یەعقووب بەندەی خوا بوون، ئایا ئەوانە چۆن بوون؟

٢)- ﴿ أُوْلِي ٱلۡأَيۡدِي وَٱلۡأَبۡصَٰرِ ﴾، خاوەنی دەستان و چاوان بوون، (**الأَيْدِي: جَمْعُ يَدٍ، بِمَعنَى القُوَّةِ فِي الدِّين، وَالأَبْصَارُ جَمْعُ البَصَر بِالمَعنَى المَجَازِيِّ، وَهُوَ النَّظَرُ الفِكرِيُّ المَعْرُوفُ بِالبَصِيرَة**)، (**الأَيْدِي**) کۆی (**يَد**)ە، واتە: دەستەکان، بەڵام لێرەدا مەبەست پێی هێزو توانایيە لە دینداریيدا، (**أَبصَار**)یش کۆی (**بَصَر**)ە، بە مانا مەجازییەکەی کە مەبەست پێی تێفکرین و سەرنج دانەو، لێرەدا مەبەست پێی بەصیرەتە، واتە: خاوەنی توانایی و زانایی بوون، یاخود خاوەنی کارایی و شارەزایی بوون، لە دینداریی و مسوڵمانەتیی و بەندایەتییدا بۆ خوا.

٣)- ﴿ إِنَّآ أَخۡلَصۡنَٰهُم ﴾، ئێمە ئەوانمان ساغ كردبۆوە، ئێمە ئەوانمان تایبەت كردبوو، هەڵبژاردبوو ﴿ بِخَالِصَةٖ ذِكۡرَى ٱلدَّارِ ﴾، بە سیفەتێكی زۆر ساغ و بێ خڵتە، كە بریتیە لە یادكردنی مەنزڵگا، واتە: مەنزڵگای كۆتایی.

ئەمە خوێندراویشەتەوە: (بِخَالِصَةِ ذِكْرَ الدَّار)، واتە: (خَالِصَة) دەبێتە پاڵدراوو ﴿ ذِكۡرَى ﴾، دەبێتە پاڵوێدراو، (مُضَاف)و (مُضَاف إِلَيه)، كە دەفەرموێ: ﴿ أَخۡلَصۡنَٰهُم ﴾، (أَي: أَخْلَصْنَاهُم وجَعَلْنَاهُم خَالِصِينَ)، ساغمان كردبوونەوە، كردبوومانن بە ساغ بووەوە، هەندێكیش گوتوویانە: ﴿ أَخۡلَصۡنَٰهُم ﴾، (أَي: خَصَّصْنَاهُمْ بِخَصْلَةٍ خَالِصَةٍ، هِيَ العَمَلُ لِلأَخِرَة وَالتِزامُ أوامرنا وَنَواهِينا لِتَذَكُّرِهِم الدَّارَ الأَخِرَةَ وَالإِيمانَ بِهَا)[1].

واتە: تایبەتمان كردبوون بە سیفەتێكی ساغ و بێ خڵتەوە، كە بریتی بوو لە كار كردن بۆ ڕۆژی دوایی و، پابەندیی بە فەرمانەكانی ئێمەوە و بە قەدەغە كراوەكانی ئێمەوە، بە هۆی یادكردنیان بۆ مەنزڵگای دوایی و ئیمان پێ بوونیان، كەواتە: ﴿ إِنَّآ أَخۡلَصۡنَٰهُم ﴾، ئێمە تایبەتمان كردبوون، ﴿ بِخَالِصَةٖ ﴾، بە سیفەتێكی ساغ، سیفەتێكی بێ خڵتە، كە بریتی بووە لە یاد كردنی مەنزڵگای ڕۆژی دوایی، یاخود تایبەتمان كردبوون بە سیفەتە ساغ بووەوەكەی یادكردنی ڕۆژی دوایی، ئەگەر (بِخَالِصَةِ ذِكْرى الدَّار) بخوێندرێتەوە: بە سیفەتە ساغ بووەوەكەی یاد كردنی ڕۆژی دوایی، یان بە سیفەتێكی ساغ بووەوەی بێ خڵتە، كە بریتی بوو لە یاد كردنی ڕۆژی دوایی.

٤)- ﴿ وَإِنَّهُمۡ عِندَنَا لَمِنَ ٱلۡمُصۡطَفَيۡنَ ٱلۡأَخۡيَارِ ﴾، بە دڵنیایی ئەوان لە لای ئێمە لە هەڵبژێردراوە چاكەكان بوون. ﴿ ٱلۡمُصۡطَفَيۡنَ ﴾، كۆی (مُصطَفَى)یە، یانی: هەڵبژێردراو، (الإِصْطِفَاءُ: أَخْذُ صَفْوَةِ الشَّيء)، واتە: خولاسەو پوختەی شتێك هەڵبژێری، پێی دەگوترێ: (إِصطِفَاء).

---

(١) التفسير المنير، ج١٢، ص٢٣٥.

(الأَخْيَارُ: المُخْتَارِينَ مِنْ أَبْنَاءِ جِنْسِهِم المَطْبُوعِينَ عَلَى فِعْلِ الخَير)، (أخيار) كۆی (خَيِّر)ە، یان كۆی (خَيْر)، بەبێ گیرە (شدّة) واتە: هەڵبژێردراوان لە نێو مرۆڤاندا كە بار هێنرابوون و سرووشتێنرابوون لەسەر ئەنجامدانی كاری باش.

دیارە ئێمە پێشتر باسمان كرد كە هەركام لە ئیبراهیم و ئیسحاق و یەعقووب (عَلَيْهِمُ الصَّلاةُ وَالسَّلام) كە سێ پێغەمبەری پایە بەرزی خوان، بەسەرهاتەكەیانمان پێشتر باس كردوە، بۆیە لێرەدا هەروا بە كورتیی و بە ئەندازەی ڕوونكردنەوەی چەمك و واتای ئایەتەكان بەسەریدا دەڕۆین.



مەسەلەی سێیەم:

فەرمانکردن بە یادکرانی ئیسماعیل و ئەلیەسەع و زەلکیفل، کە هەموویان بەندەی ئەوپەڕی پەسندو چاک بوون:

وەک خوا دەفەرمووێ: ﴿ وَٱذۡكُرۡ إِسۡمَٰعِيلَ وَٱلۡيَسَعَ وَذَا ٱلۡكِفۡلِۖ وَكُلّٞ مِّنَ ٱلۡأَخۡيَارِ  ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتە، لە دوو بڕگەدا:

١)- ﴿ وَٱذۡكُرۡ إِسۡمَٰعِيلَ وَٱلۡيَسَعَ وَذَا ٱلۡكِفۡلِۖ ﴾، هەروەها (ئەی موحەممەد!) یادی ئیسماعیل و ئەلیەسەع و زەلکیفل بکەوە (ئەو سێ پێغەمبەرە) ئێمە بەسەرهاتی ئیسماعیلمان لەگەڵ بەسەرهاتی ئیبراهیم لە سوورەتی ئیبراهیم داو، لە سوورەتی مەریەمیشدا باسکردوە.

(ئەلیەسەع) خوێندراویشەتەوە: (**أَللَّيْسَع**)، لە جیاتی بفەرمووێ: ﴿ وَٱلۡيَسَعَ ﴾، خوێندراوەتەوە: (**وَاللَّيسَع**). بەسەرهاتی هەرکام لە ئەلیەسەع و زەلکیفلیشیان لە سوورەتی (الأَنبياء)دا، باسکردوە.

٢)- ﴿ وَكُلّٞ مِّنَ ٱلۡأَخۡيَارِ ﴾ هەرکام لەوانەی لە بەندە پەسندو هەڵبژاردەکانی خوا بوون.

کە دەفەرمووێ: ﴿ وَكُلّٞ مِّنَ ٱلۡأَخۡيَارِ ﴾، تەنوینی (**كُلٌّ**) (**عِوَضٌ عَنِ المُضَافِ إِلَيهِ**)، قەرەبووی پاڵوێدراوە، لە جیاتی (**مُضَافُ إِلَيهِ**)، ئەم تەنوینە دەخرێتە سەر هەندێک ناو، واتە: لە جیاتی بفەرمووێ: (**وَكُلُّهُم**)، فەرموویەتی: ﴿ وَكُلّٞ ﴾، لە جیاتی (**كُلّ**) پاڵبدرێتە لای (**هُم**)، (**كُلُّهُم**)، فەرموویەتی: ﴿ وَكُلّٞ ﴾، یانی: (**كُلُّ وَاحِدٍ مِنْهُم**)، هەرکامێک لەوان.

﴿ ٱلۡأَخۡيَارِ ﴾، (**جَمْعُ الخَيِّرِ أَوِ الخَير**)، (**خَيِّر**)، واتە: زۆر باش، (**خَير**)یش هەر بە مانای زۆر باش، وەک (**مَيِّت**)و (**مَيْت**)، هەرکام لە: (**خَيِّر**) و (**خَير**)، هەدوو

صیغەکە دەلالەت لەسەر ئەوە دەکەن، کە ئەو وەصفە زۆر تۆخە، لەو کەسانەدا، کەواتە: هەرکام لە (ئیسماعیل) کە کوڕی ئیبراهیمە عليه السلام و لەهاجەری میصرییە، خوا لێی ڕازی بێ و، (ئەلیەسەع) کە پێشتریش باسمان کردو، ﴿وَذَا ٱلْكِفْلِ﴾یش کە هەردووکیان واپێدەچێ لە پێغەمبەرانی بەنوو ئیسرائیل بن و لە پەیمانی کۆنیشدا ناویان هاتوە، ﴿وَكُلٌّ مِّنَ ٱلْأَخْيَارِ﴾، هەرکامێک لەوانە لە بەندە چاک و پەسندو هەڵبژاردەکان بوون، خوا سبحانه وتعالى لێرەدا بەس دەفەرمویّ: یادیان بکە، بەڵام بە نسبەت (ئیسماعیل)ەوە، لە سوورەتی مەریەمدا هاتوە: ﴿وَٱذْكُرْ فِى ٱلْكِتَٰبِ إِسْمَٰعِيلَ إِنَّهُۥ كَانَ صَادِقَ ٱلْوَعْدِ وَكَانَ رَسُولًا نَّبِيًّا ﴿٥٤﴾ وَكَانَ يَأْمُرُ أَهْلَهُۥ بِٱلصَّلَوٰةِ وَٱلزَّكَوٰةِ وَكَانَ عِندَ رَبِّهِۦ مَرْضِيًّا ﴿٥٥﴾﴾مريم، یادی ئیسماعیل بکەوە لە کتێب دا، ئەو بەڵێنی ڕاست بوو، ڕەوانەکراوو پێغەمبەریش بوو، فەرمانیشی بە نیزیکانی دەکرد بە نوێژو زەکات و لەلای پەروەردگاریشی پەسندکراو بوو.

بەڵام (ئەلیەسەع) تەنیا ناوی هاتوە، لێرە لە سوورەتی (ص)و لە سوورەتی (الأنعام)یشدا، ناوی هاتوە، زەلکیفلیش بەس ناوی هاتوە لێرەو لە سوورەتی (الأنبياء)یش دا، بەڵام بەسەرهاتیان نەلێرەو نە لەوێ نەگێڕدراوەتەوە، لە سوورەتی (الأنعام)دا فەرموویەتی: ﴿وَإِسْمَٰعِيلَ وَٱلْيَسَعَ وَيُونُسَ وَلُوطًا ۚ وَكُلًّا فَضَّلْنَا عَلَى ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿٨٦﴾﴾الأنعام، لە سوورەتی (الأنبياء)یش دا خوا سبحانه وتعالى فەرموویەتی: ﴿وَإِسْمَٰعِيلَ وَإِدْرِيسَ وَذَا ٱلْكِفْلِ ۖ كُلٌّ مِّنَ ٱلصَّٰبِرِينَ ﴿٨٥﴾﴾الأنبياء، کەواتە: هەرکام لە زەلکیفل و ئەلیەسەع، دووجاران ناویان لە قورئاندا هاتوە، ئەلیەسەع لە سوورەتی (الأنعام)و لە سوورەتی (ص)یشدا، زەلکیفل لە سوورەتی (الأنبياء) لە ئایەتی (٨٥)داو، لێرەش لە سوورەتی (ص)دا، بەڵام بە تەئکید پێغەمبەری خاتەم صلى الله عليه وسلم، یان خوا سبحانه وتعالى بۆی ئیلهام کردوە بە شێوەیەک لە شێوەکان، یاخود خوا زانیویەتی کە بایی ئەوەندە زانیاری لەبارەی ئەو دوو پێغەمبەرانەوە هەیە، کە بزانێ یادی چییان بکاتەوەو، چ هەڵوێستێک و چ سیفەتێکیان یاد بکاتەوەو چۆن لێیان بەهرەمەند بێ؟ چونکە خوا سبحانه وتعالى لە سوورەتی (الأنعام)دا، دوای ئەوەی ناوی

هەژدە (١٨) لە پێغەمبەران (عَلَيْهِمُ الصَّلاةُ وَالسَّلام) دێنێ، دەفەرموێ: ﴿ أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ هَدَى ٱللَّهُۖ فَبِهُدَىٰهُمُ ٱقْتَدِهْ ...﴿٩٠﴾ ﴾الأنعام، واتە: ئەوانە کەسانێکن خوا خستوونیە سەر ڕاستەڕێ، تۆش بەدوای ڕاستەڕێی وان بکەوەو بیانکە سەر مەشق، هەروەها لە سووڕەتی (الأَنبياء)یشدا خوا هەر لە سیاقی ئەوەدا کە پێغەمبەری خاتەم ﷺ یادی ئەو پێغەمبەرانەی خوا بکاتەوەو، لەڕێ و شوێنیان و لە هەڵوێستەکانیان بەهرەمەندبێ، هەر لەو سیاقەدا باسی ئەو پێغەمبەرە پایە بەرزانە کراوە، کەواتە: بایی ئەوەندە کە پێغەمبەری خاتەم ﷺ لێیان بەهرەمەند بێ، خوا بەسەرهاتەکانیانی بۆ گێڕاونەوەو خوا شارەزایی تایبەتیی پێداوە، یاخود زانیوەتی کە پێغەمبەر ﷺ شارەزایی لەبارەیانەوە هەیە، لە سووڕەتی (الأَنبياء) یشدا دوای ئەوەی خوا باسی ئیبراهیم دەکات: ﴿ وَلَقَدْ ءَاتَيْنَآ إِبْرَٰهِيمَ رُشْدَهُۥ مِن قَبْلُ وَكُنَّا بِهِۦ عَٰلِمِينَ ﴿٥١﴾ ﴾الأنبياء، ئنجا باسی هەرکام لە: لووط و نووح و داوودو سولەیمان و ئەیووب و دەکات و، ناوی ئیسماعیل و ئیدریس و زەلکیفل دێنێ و دەفەرموێ: ﴿ ...كُلٌّ مِّنَ ٱلصَّٰبِرِينَ ﴿٨٥﴾ ﴾الأنبياء، ئنجا دوایی باسی زەننون دەکات، دوایی باسی زەکەریاو یەحیای کوڕی دەکات کە پێی بەخشیوە، دوایی باسی مەریەم و عیسای کوڕیشی دەکات.

کەواتە: لە هەموو سیاقەکان دا ئەوە وەردەگیرێ، کە خوا ﷻ باسی ئەو پێغەمبەرانە بۆ پێغەمبەری کۆتایی دەکات ﷺ ناویان دەهێنێ، بۆوەی بیانکاتە سەرمەشق.

خوا بە لوتف و کەرەمی خۆی یارمەتی ئێمەش بدات، کە وەک پێغەمبەرە پێشەوایەکەی خۆمان، سەروەری پێغەمبەران موحەممەد ﷺ لەڕێ و شوێن و هەڵوێست و ئاکارو ڕەفتاری بەرزو پەسندی ئەو پێغەمبەرانە، بەهرەمەند بین و چاویان لێبکەین و، بیانکەینە سەرمەشقی خۆمان بۆ دینداریی و دنیاداریی، تاکو لە دونیادا ژیانێکی ڕێک و ڕاستی مسوڵمانانەمان هەبێ، ژیانێکی سەربەرزانەی دوور لە عەیبداریی و گوناهبارییمان هەبێ و، لەدواڕۆژیشدا سەرفراز بین، خوا

بۆمـان بـكات بچینـه ڕیـزی ئـەو بەنـدە چاكانـەی خـواوە، لـەو پێغەمبەرانـە (عَلَيْهِمُ الصَّلاةُ وَالسَّلام) نیزیـک بیـن و، لـە خزمەتیانـدا بیـن، لـە بەهەشـتە ڕازاوە نەبـڕاوەكانی خـوادا.

سُبحَانَكَ اللّهُمّ وَبِحَمدِكَ، أَشهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إلاّ أَنتَ، أَستَغفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيكَ.



دەرسی پێنجەم




AliBapir
archive.org/details/@alibapir
AliBapir
AliBapir

پێناسەی ئەم دەرسە

ئـەم دەرسـەمان شـازدە (١٦) ئایـەت، ئایەتـەکانی: (٤٩ - ٦٤)، دەگرێتـە خـۆی، هەموویـان لـە بـارەی پاداشـتی پارێـزکاران لـە بەهەشـتداو، سـزای یاخییـان و سـەرپێچیکارانەوەن، لـە دۆزەخـدا.

پاشـان مشـتومڕی نێـوان سـەرکردەکان و شـوێنکەوتە گومڕاکانیـان لـە دۆزەخـدا، چـۆن پێکـەوە شـەڕە قسـەو دەمەقاڵێیـان دەبـێ.

هەروەهـا سەرسـوڕمان و پرسـیار کـردنی دۆزەخییـەکان، لـە بـارەی هـۆکاری نەدیتنـی کەسـانێکەوە لـە دۆزەخـدا، کـە لـە دنیـادا بـە خراپەکاریـان دادەنـان و گاڵتەیـان پـێ دەکـردن، چۆنـە لـە قیامـەت لـە دۆزەخـدا نایانبینـن؟ ئنجا ئایا ئەمـە پرسـیار کـردنی جیددییـان بـووە، یاخـود جۆرێـک لـە سەزەنشـتکردنی خۆیـان بـووە، کـە ئەهـا ئەوانـەی ئێمـە گاڵتەمـان پـێ دەکـردن، ئێسـتا لێـرەدا نایانبینیـن، لەبـەر ئـەوەی ئـەوان بەنـدەی خـوا بـوون و ئێمـە لـە خـوا یاخیـی بوویـن؟

﴿ هَٰذَا ذِكۡرٞۚ وَإِنَّ لِلۡمُتَّقِينَ لَحُسۡنَ مَـَٔابٖ ﴿٤٩﴾ جَنَّٰتِ عَدۡنٖ مُّفَتَّحَةٗ لَّهُمُ ٱلۡأَبۡوَٰبُ ﴿٥٠﴾
مُتَّكِـِٔينَ فِيهَا يَدۡعُونَ فِيهَا بِفَٰكِهَةٖ كَثِيرَةٖ وَشَرَابٖ ﴿٥١﴾ وَعِندَهُمۡ قَٰصِرَٰتُ ٱلطَّرۡفِ أَتۡرَابٌ
﴿٥٢﴾ هَٰذَا مَا تُوعَدُونَ لِيَوۡمِ ٱلۡحِسَابِ ﴿٥٣﴾ إِنَّ هَٰذَا لَرِزۡقُنَا مَا لَهُۥ مِن نَّفَادٍ ﴿٥٤﴾ هَٰذَاۚ
وَإِنَّ لِلطَّٰغِينَ لَشَرَّ مَـَٔابٖ ﴿٥٥﴾ جَهَنَّمَ يَصۡلَوۡنَهَا فَبِئۡسَ ٱلۡمِهَادُ ﴿٥٦﴾ هَٰذَا فَلۡيَذُوقُوهُ حَمِيمٞ
وَغَسَّاقٞ ﴿٥٧﴾ وَءَاخَرُ مِن شَكۡلِهِۦٓ أَزۡوَٰجٌ ﴿٥٨﴾ هَٰذَا فَوۡجٞ مُّقۡتَحِمٞ مَّعَكُمۡۖ لَا مَرۡحَبَۢا بِهِمۡۚ
إِنَّهُمۡ صَالُواْ ٱلنَّارِ ﴿٥٩﴾ قَالُواْ بَلۡ أَنتُمۡ لَا مَرۡحَبَۢا بِكُمۡۖ أَنتُمۡ قَدَّمۡتُمُوهُ لَنَاۖ فَبِئۡسَ ٱلۡقَرَارُ ﴿٦٠﴾
قَالُواْ رَبَّنَا مَن قَدَّمَ لَنَا هَٰذَا فَزِدۡهُ عَذَابٗا ضِعۡفٗا فِي ٱلنَّارِ ﴿٦١﴾ وَقَالُواْ مَا لَنَا لَا نَرَىٰ رِجَالٗا

كُنَّا نَعُدُّهُم مِّنَ ٱلۡأَشۡرَارِ ﴿٦٢﴾ أَتَّخَذۡنَٰهُمۡ سِخۡرِيًّا أَمۡ زَاغَتۡ عَنۡهُمُ ٱلۡأَبۡصَٰرُ ﴿٦٣﴾ إِنَّ ذَٰلِكَ لَحَقّٞ تَخَاصُمُ أَهۡلِ ٱلنَّارِ ﴿٦٤﴾﴾.

مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان

{ئەمە باسکردنی (ئەو پێغەمبەرانە) بوو (بە چاکەو ستایش)و، بێگومان پارێزکارانیش باشترین سەرەنجامیان هەیە ﴿٤٩﴾ باخ و بێستانە هەمیشەییەکانن، دەرگایەکانیان بەڕوودا ئاوەڵایە ﴿٥٠﴾ لەوێدا پاڵیان داوەتەوە، میوەیەکی زۆر (و جۆراو جۆر)و، خواردنەوەی (نایاب)ی تێدا داوا دەکەن ﴿٥١﴾ هەروەها (ئافرەتە) نیگای خۆ کورت هەڵێنەرەکان (لەسەر مێردیان) یان لەلان، کە هاوتەمەنیانن ﴿٥٢﴾ ئەمە ئەوەیە کە بۆ ڕۆژی لێپرسینەوە بەڵێنتان پێ دەدرێ ﴿٥٣﴾ بە دڵنیایی ئەمە بژیوی ئێمەیەو بڕانی بۆ نیە ﴿٥٤﴾ ئەمە (پاداشتی پارێزکاران)و، یاخیی و ملهوڕانیش خراپترین سەرەنجامیان هەیە ﴿٥٥﴾ (ئاگر)ی دۆزەخ، تێیدا دەبرژێنرێن، ئنجا ئەوێ خراپترین جێی تێدا ڕاکشان و پشوودانە ﴿٥٦﴾ ئەمە (حاڵی دژواری ملهوڕانە)و، با بیچێژن ئاوی داغ و کێم و زووخاو ﴿٥٧﴾ هەروەها لە شێوەی ویش چەندان جۆری دیکە لە (سزاو جەزرەبە) هەن ﴿٥٨﴾ (دۆزەخەوانەکان بە سەرانی کافرانیان گوت:) ئەمەش کۆمەڵێکن وێڕای ئێوە خۆ تێپەستەرن (لەگەڵ ئێوەدا دێنە دۆزەخەوە)، (سەرانی کوفر گوتیان:) بەخێر نەیەن، ئەوانیش هەر (دێنە نێو دۆزەخەوەو) بە ئاگرەکەی دەبرژێنرێن ﴿٥٩﴾ (شوێنکەوتووەکان) گوتیان: ئێوە بەخێر نەیەن، ئێوە ئەم (سزاو سەرەنجام)ەتان بۆ هێناینە پێش، کە خراپترین نشینگەیە ﴿٦٠﴾ (هەروەها شوێنکەوتووەکان) گوتیان: پەروەردگارمان! هەر کەس (ئەم سەرەنجام)ەی بۆ هێناوینە پێش، ئازاری بۆ دوو بەرانبەر (و چەند بەرانبەر) زێدە بکە ﴿٦١﴾ (هەروەها سەرانی کوفر) گوتیان: ئەوە چیمانە (بۆچی) پیاوانێک نابینین (لێرە لە دۆزەخدا)؟ کاتی خۆی (لە دنیادا) لە خراپەکارانمان

ئەژمار دەكردن ﴿٦٢﴾ ئایا بە گاڵتە پێكراومان گرتبوون! یان چاوەكانمان (نایانبینن و) لێیان لاداون، (ئەگەرنا هەر لە دۆزەخ دان)؟ ﴿٦٣﴾ بە دڵنیایی ئەوە ڕاست و چەسپاوە، ئەو مشت و مڕەی خەڵكی (نێو) ئاگری دۆزەخ ﴿٦٤﴾}.

شیكردنەوەی هەندێك لە وشەكان

(قَٰصِرَٰتُ ٱلطَّرۡفِ): (**قاصرات**) كۆی (**قَاصِرَة**)یە، واتە: ئافرەتێك كە چاوی خۆی حەپس كردوەو كورت كردۆتەوە.

(**طَّرْف**) بە مانای نیگاو چاو دێ، هەروەها بە مانای پێڵووی چاو دێ و بە مانای تەماشا كردن دێ، (**قاصِراتُ الطَّرْف أَي: لا يَمْدُدْنَ طَرْفَهُنَّ إلَى ما لا يَجُوز، وَالطَّرْفُ: الجَفْنُ، والنَّظَرُ**)، (**قاصِرات الطَّرْفَ**)، چاوی خۆیان نابڕنە شتێك كە بۆیان ڕەوا نیە، دروست نیە، (**طَرف**) بە مانای پێڵووی چاوڕوانین دێ، هەڵبەتە بە نسبەت دونیاوە بۆیان ڕەوا نیە، ئەگەنا لە بەهەشتدا هیچ شتێكی قەدەغەی تێدانیەو، حەڵاڵ و پاك و چاكی هێندە لێیە، كەس چاو نابڕێتە حەڕام، سروشتیشیان هێندە پاكە، كەس مەیلی بە لای شتێكی هەڵەو پەڵەدا ناچێ.

(أَتۡرَابٌ): (**جَمْعُ التِّرْب، أَي: لِداتٌ يَنْشَأْنَ مَعَاً، تَشْبِيهاً فِي التَّساوِي، وَالتَّمَاثُل بِالتَرائِبِ الَّتِي هِيَ ضُلُوعُ الصَّدرِ، أَو لِوُقُوعِهِنَّ مَعَاً عَلَى الأَرْضِ عَلَى التُّرابِ**)، (**أَتْرَاب**): واتە: پێكەوە پێدەگەن، ئەمانە چوێندراون لەوەدا كە وەك یەكن و هاوتەمەنن، بە پەراسووەكان كە بە قەدەر یەكن (پەراسووەكانی سینە)، یان لەبەر ئەوەی كە لەدایك بوون، پێكەوە كەوتوونە سەر گڵ (سەر زەوی)، بۆیە پێیان دەگوترێ: (**أَتْرَاب**) كە كۆی (**تِرْب**)ە.

(نَّفَادٍ): (**النَّفَادُ: الفَنَاءُ، أَنْفدوا أَي: فَنِيَ زَادُهُم**)، (**نَّفَاد**) بە مانای تەواو بوون و بڕانە، (**أَنفَدُوا**) واتە: زادو زەخیرەو توێشوویان نەما.

(لِلطَّٰغِينَ): (جَمْـعُ الطَّاغِـي، وَالطُّغْيَـانُ تَجَـاوُزُ الحَـدِّ فِي العِصْيَـانِ)، (طَاغِـين) كـۆی (طَاغِي)یـە، واتـە: سـەرکێش، (طُغْيَان)یـش بریتیـە لـە سـنوور تێپەڕاندن لە سـەرپێچیی کـردنی خـوادا.

(ٱلۡمِهَادُ): (المَهْـدُ وَالمِهَـادُ: المَـكَانُ المُمَهَّـدُ المُوَطَّـأُ)، شـوێنێک ئامـادە بکـرێ و خـۆش بکـرێ، مـرۆڤ تێیـدا پشـوو بـدات، پێـی دەگوتـرێ: (مَهْـد) یـان (مِهـاد).

(حَمِيمٞ): (الحَمِيمُ: المَاءُ الشَّدِيدُ الحَرَارَة)، ئاوێکی زۆر گەرم، واتە: کوڵاو و داغ.

(وَغَسَّاقٞ): (الغَسَّـاقُ: مَـا يَقْطُـرُ مِـنْ جُلُـودِ أَهْـلِ النَّـارِ)، ئـەوەی کـە لـە پێسـت و برینـی دۆزەخییـەکان دێتـە خـوار (لـە کێـم و زووخـاو).

(شَكۡلِهِۦٓ): (المُشَـاكَلَةُ فِي الهَيْئَـةِ وَالصُّـورَةِ، وَالنِـدُّ فِي الجِنْسِـيَّةِ، وَالشَّـبَهُ فِي الكَيْفِيَّـةِ)، (مُشَـاكَلَة)، (شَـكْل) لـە شـێوەو دیمـەن دایـە، (نِـدّ) لـە ماهیـەت و جەوهـەر دایـە، (شَـبَه) لـە چۆنیەتیـی دایـە، کەواتـە: ﴿وَءَاخَرُ مِن شَكۡلِهِۦٓ أَزۡوَٰجٌ﴾، واتـە: چەنـد جـۆری دیکـە لـە سـزا، لـە شـێوەی ئـەو سـزایەدا کـە باسـکرا.

(مُّقۡتَحِمٞ مَّعَكُمۡ): (الإِقتِحَـامُ: تَوَسُّـطُ شِـدَّةٍ مُخِيْفَـةٍ، وَقَحَـمَ فُـلاَنَ نَفْسَـهُ فِي كَـذَا مِـنْ غَـيْرِ رَوِيَّـةٍ)، (مُقْتَحِـمٌ مَعَكُـم) ئـاوام مانـا کـردوە: خـۆ تێپەسـتێون، لەگەڵتـان، چونکـە: (إِقْتِحَـام): بریتیـە لـەوەی ئینسـان بچێتـە نێو سـەغڵەتییەکی ترسـناکەوە، سـەختییەکی ترسـناک، و دەگوتـرێ: (قَحَـمَ فُـلاَنَ نَفسَـهُ فِي كَـذَا مِـن غَـيرِ رَوِيَّـةٍ)، واتـە: فڵانکـەس خـۆی پەسـتاوتە نێـو کارێکـەوە بـێ ئـەوەی بیـری لێبکاتـەوە.

(لَا مَرۡحَبَۢا بِهِمۡ): (الرَّحْـبُ: سَـعَةُ المَـكَانِ، وَمَرْحَبـاً وَأَهْـلاً يَعْنِـي: وُجِـدْتَ مَكَانـاً رَحْبـاً)، (رَحْـب): شـوێنی فراوانـە، کـە دەگوتـرێ: (مَرْحَبـاً وَأَهْـلاً)، واتـە: تـۆ هاتیـە شـوێنێکی فـراوان و هاتیـە لای نیزیـکانی خـۆت، کـە دەفەرمـوێ: ﴿لَا مَرۡحَبَۢا بِهِمۡ﴾، واتـە: بەخێـر نەیـەن، یـانی: پێشـوازییان لێناکەیـن.

(ضِغۡثٗا): (ضَغَثْتُ شَيْئاً وَضَاغَثْتُهُ وَأَضْغَثْتُهُ)، هەرسێكیان بە مانای: (ضَمَمْتُ إِلَيْهِ مِثْلَهُ فَصَاعِدَاً)، وێنەی خۆی، یاخود زیاترم خستە پاڵی، واتە: دووبەرانبەر، یان چەند بەرانبەرم كردەوە.

(سِخۡرِيًّا): (السُّخْرِيَّةُ وَالسِّخْرِيَّةُ: فِعْلُ السَّاخِرِ، الهُزْءُ والتَّسْخِيرُ)، (سُخْرِيَّة)و (سِخْرِيَّة)، كرداری كەسێكە كە گاڵتە دەكات، گاڵتە كردنیش بریتیە لە گەمە پێكردن و پێ ڕابواردن و بە سووك تەماشا كردن.

(زَاغَتۡ): (الزَّيْغُ: المَيْلُ عَنِ الإِسْتِقَامَةِ)، لادان لە ڕێی ڕاست.

(تَخَاصُمُ): (الخَصْمُ: مَصْدَرُ خَصَمتهُ، أَيْ: نَازَعْتُ خَصْمَاً)، (تخاصُم) لەسەر كێشی (تَفَاعُل)ە، واتە: پێكەوە ناكۆكیی و دەمەقاڵێی كردن.



ماناى گشتیى ئایەتەکان

خـوا ﷻ لـەم شـازدە (١٦) ئایەتـەدا، پاداشـتی پارێـزکاران و، دوایـی سـزای دۆزەخییـان، ئنجـا مشـت و مـڕی دۆزەخییـان بـە تایبـەت پێشـکەوتووەکان و شـوێنکەوتووەکان، واتـە: دەمڕاسـتان و لاسـاییکەرەوەکان، دەخاتـە ڕوو، خـوا ﷻ دەفەرمـوێ: ﴿ هَٰذَا ذِكْرٌ ﴾، ئەمـە باسـکردن بـوو، ئەمـە باسـکردنێک بـوو (بـاسی پێغەمبـەران) (**عَلَيْهِـمُ الصَّـلاةُ وَالسَّـلام**) کـە تێپەڕیـن ﴿ وَإِنَّ لِلْمُتَّقِينَ لَحُسْنَ مَـَٔابٍ ﴾، بـۆ پارێزکارانیـش باشـترین سـەرەنجام هەیـە، ﴿ مَـَٔابٍ ﴾، یـانی: (**مَـكَانُ الرُّجُـوع**)، (**وقـت الرجـوع**)، (**الرُّجُـوع**)، ﴿ مَـَٔابٍ ﴾، هـەم بـە نـاوی شـوێن دێ، هـەم بـە نـاوی کات دێ، هـەم بـە چاوگیـش دێ، واتـە: باشـترین شـوێنێک کـە بـۆی دەگەڕێنـەوە، باشـترین کاتی گەڕانـەوەو، باشـترین شـێوەی گەڕانـەوە بـۆ پارێـزکاران هەیـە، ئنجـا تەفسـیری دەکات، ئـەو باشـترین گەڕانـەوەو، باشـترین کات و، شـوێنی بـۆ لا گەڕانەوە، چییـە و چۆنـە؟

﴿ جَنَّٰتِ عَدْنٍ مُّفَتَّحَةً لَّهُمُ ٱلْأَبْوَٰبُ ﴾، باغـە هەمیشـەییەکانن، دەرگاکانیـان بەڕوویـان دا کـراوەن ﴿ جَنَّٰتِ ﴾، کـۆی (**جَنَّة**)ەیـە، واتـە: بـاغ و بێسـتان و گـوڵ و گوڵـزار، (**عَـدن**) بـە مانـای هەمیشـەیی، (**عَـدَنَ فِي المَكانِ أَي: أَقَـامَ وَقَطَـنَ**)، واتـە: مایـەوە لـەو شـوێنەو نیشـتەجێ بـوو، ﴿ مُّفَتَّحَةً لَّهُمُ ٱلْأَبْوَٰبُ ﴾، دەرگاکانیـان بـۆ ئـاوەڵا کـراون و بۆیـان خراونە سـەر پشـت، یـانی: بـە خۆشـحاڵییەوە پێشـوازیی دەکرێـن، چونکـە کەسـێک پێشـوازیی نەکـرێ، یـان نەویسـترێ بێتـە شـوێنێکەوە، دەرگاکـەی بـەڕوودا دادەخـرێ.

﴿ مُتَّكِـِٔينَ فِيهَا ﴾، لەوێـدا پاڵـدەرەوەن، پاڵیـان داوەتـەوە، (**إِتِّـكَاء**) بریتیـە لـە شـان دادان و پاڵدانـەوە، لـە کوێـدا؟ لـەو باغانـەدا، لـەو بـاغ و بێسـتان و شـوێنە خۆشـانەدا ﴿ يَدْعُونَ فِيهَا بِفَٰكِهَةٍ كَثِيرَةٍ وَشَرَابٍ ﴾، داوا دەکـەن لەوێـدا هـەم میـوەی زۆر، هـەم خواردنـەوەی جـۆراو جـۆر، میـوەی زۆر، واتـە: هەمـوو جـۆرەکانی

میـوەو، هەمـوو جـۆرەکانی شـلەمەنیی و خواردنـەوە، لەبـەر ئـەوەی نیعمەتـەکانی بەهەشـت زیاتـر بـۆ خۆشـیی و لـەززەت وەرگرتـن، ئەگەرنـا بـۆ لابـردنی برسـیەتیی و تینوویەتیـی نیـن، وەک جـاری دیکـەش باسـمان کـردوە.

﴿ وَعِندَهُمْ قَٰصِرَٰتُ ٱلطَّرْفِ أَتْرَابٌ ﴾، ئافرەتانێکـی نیـگای خـۆ کـورت هەڵێنـەری هاوتەمەنیـان لـەلان.﴿ قَٰصِرَٰتُ ٱلطَّرْفِ ﴾، یـانی: (**نِسـاءٌ قَـاصِراتُ الطَّـرف**)، یـان: (**زَوجَـاتٌ قَـاصِراتُ الطَّـرف**)، ئەمـە سـیفەتی وەسـفکراو (**مَوصُوف**)ێکـی قرتێـنراو (**مَحـذُوف**)ە، ئافرەتانێـک کـە نیـگای خۆیـان کـورت کردۆتـەوە لەسـەر مێردەکانیـان، واتـە: چـاو بەمـلاولادا ناگێـڕن، ئەمـە دەگونجێ مەبەسـت پێی ئەوەبێ زۆر سەرسـامن بـە مێردەکانی خۆیـان، یاخـود مەبەسـت ئەوەبـێ کـە لـە سروشـتی پیاوانـدا وایـەو، پیـاو پێـی خۆشـە ئافرەتەکـەی چـاوی لـەدوای کـەسی دیکـە نەبـێ و، چـاو لـە کـەسی دیکـە نـەکات، خوای پـەروەردگار وەک سروشـتی ئێسـتای دنیامـان کـە تێدەگەیـن، بـاسی بەهەشـتمان بـۆ دەکات، ئەگەرنـا لـە بەهەشـت دا گوناهـو تـاوانی لـێ نیـە، هیـچ شـتێکی قەدەغـەی لـێ نیـە، لەبـەر ئـەوەی سروشـتی مرۆڤـەکان پـاک و چاکـەو، کەسـیش چـاوی لـە حـەڕام و شـتی خـراپ نیـە ﴿ أَتْرَابٌ ﴾، کـۆی (**تِـرب**)ە، واتـە: هاوتەمەنـن.

﴿ هَٰذَا مَا تُوعَدُونَ لِيَوْمِ ٱلْحِسَابِ ﴾، ئەمـە ئەوەیـە کـە بەڵێنتـان پـێ دەدرێ، بـۆ ڕۆژی لـێ پرسـینەوە، واتـە: ئـەی مرۆڤـەکان! ئـەو گفـت و موژدەیەتـان پـێ دەدرێ بـۆ ڕۆژی لێپرسـینەوە، ئنجـا خۆتـان عاقـڵ بـن و دەرفـەت وەربگـرن لـە ژیـانی دنیاتان، وابکـەن ئـەو بەڵێنـەی خـوا، بۆتـان بێتـە دی.

﴿ إِنَّ هَٰذَا لَرِزْقُنَا مَا لَهُۥ مِن نَّفَادٍ ﴾، ئەمـە بژیـوی ئێمەیـەو بـڕانی بـۆ نیـە، وەک یەکێـک بـە یەکێـک دەڵـێ: ئەوشـتە لـە نەبڕانـە.

﴿ هَٰذَا ﴾ ئەمـە ئەوەیـە کـە باسـکرا ﴿ وَإِنَّ لِلطَّٰغِينَ لَشَرَّ مَـَٔابٍ ﴾، بـە دڵنیایـی بـۆ یاخییانیـش خراپتریـن جێگـەو ڕێـگاو، خراپتریـن شـوێن هەیـە، ئنجـا پێناسـەی دەکات کـە ئـەو خراپتریـن شـوێنە کوێیـە؟

﴿ جَهَنَّمَ يَصۡلَوۡنَهَا فَبِئۡسَ ٱلۡمِهَادُ ﴾، دۆزەخ دەیخرێنە نێو تێیدا دەپیشێنرێن و دەبرژێندرێن ﴿ فَبِئۡسَ ٱلۡمِهَادُ ﴾، خراپترین شوێنی پشوودان، ئەوێیە، خراپترین شوێنی ئیسراحەت ئەوێیە.

﴿ هَٰذَا فَلۡيَذُوقُوهُ ﴾، ئەمەی کە باسکرا باسکرا، با بیچێژن ﴿ حَمِيمٞ وَغَسَّاقٞ ﴾، ئاوی کوڵاوو داغ، کێم و زووخاو.

﴿ وَءَاخَرُ مِن شَكۡلِهِۦٓ أَزۡوَٰجٌ ﴾، هەروەها سزای دیکەش لە شێوەی ئەوە، بە چەندان جۆر، سزاو جەزرەبەی دیکەش بە چەندان جۆر هەیە، بۆ لە خوا یاخییان.

ئنجا دێتە سەر باسی ئەو مشت و مڕەی لە نێوان پەیڕەوان و پەیڕەویی لێکراوان، یاخود لاساییکەرەوان و سەرکردەکاندا دەبێ:

﴿ هَٰذَا فَوۡجٞ مُّقۡتَحِمٞ مَّعَكُمۡ ﴾، ئەمە یان فریشتەکان دەیڵێن، دۆزەخەوانەکان، یان: سەرانی کوفر هەندێکیان لەگەڵ هەندێکیاندا قسە دەکەن، هەردوو ئەگەرەکەی هەن، دەڵێن: ئەمە کۆمەڵێکن لەگەڵ ئێوەدا خۆ تێدەپەستێون، لەگەڵ ئێوە شانەخڕە دەکەن، کە ئەوانیش بێن، بۆ دۆزەخ، واپێدەچێ ئەمە قسەودوانی سەرانی کوفربێ، دوای ئەوەی ئەوان پێشێ دەچنە دۆزەخ، شوێنکەوتووە لاساییکەرەوە هەڵخەڵەتێندراوەکانیشیان بە دوایاندا دێن، ئنجا هەندێکیان لەگەڵ هەندێکیان دا دەدوێن دەڵێن: ئەوە کۆمەڵێکی زۆرن ئەوانیش هاتن خۆ تێپەستێون، ئەوانیش دەڵێن: ﴿ لَا مَرۡحَبَۢا بِهِمۡ ﴾، مەڕحەبایان لێ نەبێ، بەخێر نەیەن ﴿ إِنَّهُمۡ صَالُواْ ٱلنَّارِ ﴾، بۆیەش بەخێر نەیەن، چونکە ئەوانیش هەر دەچنە نێو ئاگرەوەو بە شێوەیەکی تایبەت دەسووتێنرێن.

﴿ قَالُواْ بَلۡ أَنتُمۡ لَا مَرۡحَبَۢا بِكُمۡ ﴾، ئنجا شوێنکەوتووە لاساییکەرەوەکان، وەڵام دەدەنەوەو دەڵێن: بەڵکو ئێوە بەخێر نەیەن، ئێوە شوێنێکی فراوانتان دەست نەکەوێ و بەخێر نەیەن ﴿ أَنتُمۡ قَدَّمۡتُمُوهُ لَنَا ﴾، ئێوە ئەمەتان بۆ پێشخستین،

ئێوە بوونە هۆکاری ئەوەی ئێمە تووشی ئەم ڕۆژە ببین ﴿فَبِئْسَ ٱلْقَرَارُ ﴾، ئێرەش خراپترین شوێنی نیشتەجێ بوونە.

﴿قَالُوا۟ رَبَّنَا مَن قَدَّمَ لَنَا هَٰذَا فَزِدْهُ عَذَابًا ضِعْفًا فِى ٱلنَّارِ ﴾، ئنجا شوێنکەوتووەکان هیچیان بە دەست نامێنێ، پەنا دەبەنە بەر خوا، دەڵێن: پەروەردگارمان! هەرکەسێ ئەمەی بۆ هێناوینە پێش و بۆی فەراهەم هێناوین و، تووشی ئەم سزایەی کردووین، لە سزای ئاگر بۆی دوو قات بکەوە، بۆی دوو چەندان بکەوە، یاخود بۆی چەند بەرانبەر بکەوە.

﴿وَقَالُوا۟ مَا لَنَا لَا نَرَىٰ رِجَالًا كُنَّا نَعُدُّهُم مِّنَ ٱلْأَشْرَارِ ﴾، دووبارە سەرکردەو دەمڕاستەکان گوتیان: ئەوە چیمانە! پیاوانێک نابینین کە ئێمە لە خراپانمان دانابوون، واتە: پێمان وابوو هیچ خێریان پێوەنیە هەرچیی و پەرچیین، کەڵکی هیچ ناگرن، کە مەبەستیان بڕوادارە ڕەش و ڕووتەکانن، بۆچی نایانبینین؟ چیمانە نایانبینین؟

﴿أَتَّخَذْنَٰهُمْ سِخْرِيًّا أَمْ زَاغَتْ عَنْهُمُ ٱلْأَبْصَٰرُ ﴾، ﴿أَتَّخَذْنَٰهُمْ ﴾، خوێندراویشەتەوە: (**إتَّخَذْنَاهُم**)، ئێمە گاڵتەمان پێ دەکردن، یاخود ئایا ئێمە گاڵتەمان پێ دەکردن بە ناهەق و بەهەڵەدا چووبووین؟ ﴿أَمْ زَاغَتْ عَنْهُمُ ٱلْأَبْصَٰرُ ﴾، یاخود هەر چاومان لێیان لادراوە، ئەگەرنا ئەوانیش هەر لەگەڵ ئێمە لە دۆزەخدان؟ یانی: ئایا هۆی نەبینینەکەمان ئەوەیە کە بە ناهەق گاڵتەمان پێ دەکردن، یان ئێمە کە گاڵتەمان پێ دەکردن، پێچەوانەی ئەهلی کوفر بوون و دیارە ئەوان چوونە بەهەشت؟

ئەمە - وەک دوایی باسی دەکەین - دوو ئەگەری هەن:

أ- دەگونجێ بەڕاستیی پرسیاربکەن.

ب- دەشگونجێ کە گاڵتە بەخۆیان بکەن و بە توانجەوە وابڵێن، دەڵێن: کوان ئەوانەی ئێمە بە خراپمان دادەنان؟ ئایا ئێمە بە ناهەق گاڵتەمان پێ دەکردن و ئێستا ئەوان

چوونە شوێنێکی دیکە؟ یاخود: هەر لێرەن و چاومان نایانبینێ؟! یانی: جۆرێک بە توانج لەخۆ گرتنەوە، ئەو قسانە بکەن، یاخود: بە جیددیی پرسیار بکەن.

لە کۆتایی دا خوا دەفەرموێ: ﴿إِنَّ ذَٰلِكَ لَحَقٌّ تَخَاصُمُ أَهْلِ ٱلنَّارِ﴾، بە دڵنیایی ئەوە هەقەو چەسپاوە، ئەو مشت و مڕ پێکەوە کردن و دەمەقاڵێیەی خەڵکی ئاگر، واتە: ئەوانەی کە لە دۆزەخدان، کە لە نێو ئاگری دۆزەخدا سزا دەدرێن، بەو شێوەیە پێکەوە مشت و مڕو دەمەقاڵە دەکەن.



مەسەلە گرنگەکان

مەسەلەی یەکەم:

سەرەنجامی پڕ خێرو خۆشیی پارێزکاران، بەهەشتە ڕازاوەو نەبڕاوەو دەرگا کراوەکانن، کە تێیاندا ئاسوودەن و هەرچی بیخوازن هەیە، لە میوەی جۆراوجۆرو شەڕابی نایاب و، ئافرەتانی دڵپەسند:

خوا دەفەرمووێ: ﴿ هَٰذَا ذِكْرٌ ۚ وَإِنَّ لِلْمُتَّقِينَ لَحُسْنَ مَآبٍ ﴿٤٩﴾ جَنَّاتِ عَدْنٍ مُّفَتَّحَةً لَّهُمُ الْأَبْوَابُ ﴿٥٠﴾ مُتَّكِئِينَ فِيهَا يَدْعُونَ فِيهَا بِفَاكِهَةٍ كَثِيرَةٍ وَشَرَابٍ ﴿٥١﴾ وَعِندَهُمْ قَاصِرَاتُ الطَّرْفِ أَتْرَابٌ ﴿٥٢﴾ هَٰذَا مَا تُوعَدُونَ لِيَوْمِ الْحِسَابِ ﴿٥٣﴾ إِنَّ هَٰذَا لَرِزْقُنَا مَا لَهُ مِن نَّفَادٍ ﴿٥٤﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە یازدە بڕگەدا:

١)- ﴿ هَٰذَا ذِكْرٌ ﴾، ئەمە باسکردنێك بوو، چەند واتایەکی بۆ لێکدراونەوە،

یەکەم: ئەمە باسکردن بوو بۆ ئەو پێغەمبەرانەی کە ڕابردن، بۆ ئەو نۆ پێغەمبەرە.

دووەم: ئەمە ئەم قورئانە بیرخەرەوەیە.

سێیەم: ئەمەش باسکردنی ئەوەبوو کە باسکرا.

هەندێک لە زانایان گوتوویانە: ئەمە وەک ئایەتەکانی سوورەتی (الحج) وایە کە خوا دەفەرمووێ: ﴿ ذَٰلِكَ وَمَن يُعَظِّمْ حُرُمَاتِ اللَّهِ فَهُوَ خَيْرٌ لَّهُ عِندَ رَبِّهِ ... ﴿٣٠﴾ ﴾الحج، دوایی دەفەرمووێ: ﴿ ذَٰلِكَ وَمَن يُعَظِّمْ شَعَائِرَ اللَّهِ فَإِنَّهَا مِن تَقْوَى الْقُلُوبِ ﴿٣٢﴾ ﴾الحج، کە ئەمە بۆ گواستنەوەیە لە مەبەستێک بۆ

مەبەستێکی دیکە، ﴿ ذَٰلِكَ ﴾، واتە: ئەو مەبەستە ڕۆیی، ئنجا دەگوازێتەوە بۆ مەبەستێکی دیکە.

لێرەش چەند جارێک ﴿ هَٰذَا ﴾، دووبارە بۆتەوە، وەک گواستنەوە لە باسێکەوە بۆ باسێکی دیکە.

٢)- ﴿ وَإِنَّ لِلْمُتَّقِينَ لَحُسْنَ مَـَٔابٍ ﴾، ئەم (و)ە، دەگونجێ بۆ بادانەوەو گێڕانەوە بێ، دەشگونجێ بۆ حاڵ بێ، یانی: لە حاڵێکدا کە بۆ پارێزکاران باشترین سەرەنجام هەیە.

ئنجا باشترین سەرەنجامەکە، خوا ﷻ باسی دەکات:

٣)- ﴿ جَنَّٰتِ عَدْنٍ ﴾، باغ و بێستان و گوڵ و گوڵزارە هەمیشەییەکانن، ﴿ جَنَّٰتِ عَدْنٍ ﴾، (**مَنْصُوبٌ عَلَى البَيَانِ مِنْ «لحُسْنَ مآب»**)، ﴿ جَنَّٰتِ عَدْنٍ ﴾، (منصوب)ە، چونکە ڕوونکردنەوەیە بۆ ﴿ لَحُسْنَ مَـَٔابٍ ﴾، واتە: چاکترین سەرەنجامەکە لە باخ و گوڵزارە هەمیشەییەکان دا بەرجەستەیە، ئنجا ئەو باخ و گوڵزارە بەردەوامانەش حاڵیان بەمجۆرەیە:

٤)- ﴿ مُّفَتَّحَةً لَّهُمُ ٱلْأَبْوَٰبُ ﴾، دەرگایەکانیان بۆ کراوەن (**مُفَتَّحَةً: حَالٌ مِنْ جَنَّاتِ عَدْن**)، واتە: باغەکان دەرگاکانیان کراوەن، (أل)ی سەر ﴿ ٱلْأَبْوَٰبُ ﴾یش، (**عِوَضٌ عَنِ الضَّمِيرِ، أَي: أَبْوَابُهَا**)، (أل)ی سەر ﴿ ٱلْأَبْوَٰبُ ﴾، قەرەبووی ڕاناوێکە، کە پاڵوەلادراو (**مضاف إليه**)ە، لە جیاتی بفەرموێ: (**مُفَتَّحَةً لَهُمْ أَبْوَابُهَا**)، فەرموویەتی: ﴿ مُّفَتَّحَةً لَّهُمُ ٱلْأَبْوَٰبُ ﴾، واتە: دەرگاکانیان، کەواتە: دەبێتە (أل)ی (عهد)، واتە: دەرگاکانی ئەو باغانە، کراوەن بەڕوویاندا.

٥)- ﴿ مُتَّكِـِٔينَ فِيهَا ﴾، لەوێدا پاڵدەرەوەن، یانی: شانیان داداوە، ئەمیش حاڵە لە (**المُتَّقِين**)، واتە: پارێزکارەکان لەوێدا پشوویانداوەو پاڵیان داوەتەوەو شانیان داداوە.

کە دەفەرموێ: ﴿ مُّفَتَّحَةً لَّهُمُ ٱلْأَبْوَٰبُ ﴾، (**تَفتِيحُ الأَبوَابِ كِنَايَةٌ عَنِ التَّمَكُّنِ مِنَ الإِنْتِفَاعِ بِنَعِمِهَا، لأَنَّ تَفَتُّحَ الأَبْوَابِ يَسْتَلزِمُ الإِذْنَ فِي الدُّخُولِ وَالتَّخْلِيَةِ**)، کرانەوەی دەرگاکان، دەرگاکان زۆر چاک کراونەوە، کینایەیە لەوە کە زۆر باش دەتوانن لەو بەهەشتانە بەهرەمەندبن، چونکە دەرگا کرانەوە، خوازیاری ئەوەیە کە فەرمووشیان لێبکرێ و بچنە ژوورێ.

٦)- ﴿ يَدۡعُونَ فِيهَا بِفَٰكِهَةٖ كَثِيرَةٖ وَشَرَابٖ ﴾، لەوێدا لە نێو ئەو بەهەشتەدا میوەیەكی زۆر و خواردنەوە (ی نایاب)یش داوا دەكەن. یانی: میوەی جۆراو جۆرو خواردنەوەی تایبەتی تێدا داوا دەكەن.

تەنوینی سەر: (**فَاكِهَةٍ**) و تەنوینی سەر (**شَرَاب**) بۆ مەزنییە، بۆ گەورە كردنە، واتە: میوەو خواردنەوەیەكی نایاب و پەسندو هەڵبژاردە داوا دەكەن.

٧)- ﴿ وَعِندَهُمۡ قَٰصِرَٰتُ ٱلطَّرۡفِ ﴾، لەلایان هەن ئافرەتانێك كە چاوی خۆیان كورت هەڵێناوەو، هاوتەمەنیشیانن، پێشتر باسمان كرد كە وشەی: ﴿ قَٰصِرَٰتُ ﴾، سیفەتە بۆ وەسفكراوێكی قرتێنراو (**صفة موصوفٍ مَحذُوف**)، (**أَي: نِسَاءٍ قاصِراتِ النَّظَر**)، یانی: ئافرەتانێكی چاوی خۆ كورتكەرەوە، چاو نابڕنە غەیری هاوسەرەكانی خۆیان.

٨)- ﴿ أَتۡرَابٌ ﴾، هاوتەمەنن، (**أَي: أَتْرَابٌ لِبَعْضِهِنَّ البَعْض**)، یاخود (**أَتْرَابٌ لأَزواجِهِنَّ**)، ئافرەتەكان هاوتەمەنن، یاخود ئافرەتەكان هاوتەمەنن لەگەڵ هاوسەرەكانیاندا، ئەمەش مەبەست پێی ئەوەیە كە ئافرەتانی بەهەشت، هەموویان چ حۆرییەكان كە بە تایبەت خوا دروستیان دەكات، چ ئافرەتانی دنیا، هەموویان بەو شێوەیە دەبن، ئەو سیفەتانەی كە خوا هەڵیان دەدا لە ئافرەتانی بەهەشت، هەموویان دەگرێتەوە.

٩)- ﴿ هَٰذَا مَا تُوعَدُونَ لِيَوۡمِ ٱلۡحِسَابِ ﴾، ئەمە ئەوەیە كە بەڵێنتان پێ دەدرێ بۆ ڕۆژی لێپرسینەوە، ﴿ تُوعَدُونَ ﴾، خوێندراویشەتەوە: (**يُوْعَدُونَ**)، بەڵێنیان پێ دەدرێ. بەشێوەی دواندن (**خطاب**) و بەشێوەی نادیار (**غائب**).

١٠)- ﴿ إِنَّ هَٰذَا لَرِزۡقُنَا ﴾، بە دڵنیایی ئەمە بژیوی ئێمەیە، ڕۆزیی تەرخانكراوو تایبەتی ئێمەیە {بۆ بەندە چاكەكان}.

١١)- ﴿ مَا لَهُۥ مِن نَّفَادٍ ﴾، بڕانی بۆ نیە (**أَي: زَوَالٌ وَانْقِطَاعٌ**)، بڕانی بۆ نیەو لە بەین چوونی بۆ نیە، كە خوا دەفەرموێ: ﴿ هَٰذَا مَا تُوعَدُونَ لِيَوۡمِ ٱلۡحِسَابِ ﴾، واتە: پێیان دەگوترێ: كە ئەمە ئەوەیە بۆ ڕۆژی لێپرسینەوە بەڵێنتان پێ دەدرێ، ئنجا كە خوا دەفەرموێ: ﴿ إِنَّ هَٰذَا لَرِزۡقُنَا مَا لَهُۥ مِن نَّفَادٍ ﴾، بە چوار جۆر جەختكراوەتەوە:

١- بە ﴿ إِنَّ ﴾، تەئكید كراوەتەوە.

٢- بە ﴿ هَٰذَا ﴾، كە ناوە بۆ ئاماژە، واتە: ئەم بژیوە بژیوێكی تایبەتە، بەوەش تەئكید كراوەتەوە.

٣- ﴿ لَرِزْقُنَا ﴾، بە (ل)ی جەختكردنەوە، چاكەی دیارو بەرچاوی ئێمەیە.

٤- ﴿ مَا لَهُۥ مِن نَّفَادٍ ﴾، كە لەبەین چوونی بۆ نیە.

بە چوار سیفەتان خوای بەخشەر باسی ئەو بژیوەی كردوە.

كەواتە: سەرجەم ئەو سیفەتانەی كە خوا ﷻ نیعمەتەكانی كە بۆ پاێزكارانی لە بەهەشتدا داناون، پێیان وەصف دەكات، دە (١٠) سیفەتن:

١- ﴿ لَحُسْنَ مَـَٔابٍ ﴾، باشترین سەرەنجام، باشترین سەرەنجام گشتگیرە بۆ هەموو ئەو نیعمەتانەی كە دوایی باس دەكرێن، باشترین ئاكام و سەرەنجام و، باشترین شوێن و جێگاو ڕێگا، دوایی سەرجەم موفرەدەكانی دیكە دەگرێتەوە خۆی.

٢- ﴿ جَنَّٰتِ عَدْنٍ ﴾، باغە هەمیشەییەكانن.

٣- ﴿ مُّفَتَّحَةً لَّهُمُ ٱلْأَبْوَٰبُ ﴾، دەرگاو دەروازەكانیان بەڕوویان دا كراونەوە بە هەمیشەیی.

٤- ﴿ مُتَّكِـِٔينَ فِيهَا ﴾، لەوێدا پاڵدەرەوەو شاندادەرن.

٥- ﴿ يَدْعُونَ فِيهَا بِفَٰكِهَةٍ كَثِيرَةٍ ﴾، لە وێدا زۆر میوەی تێدا داوا دەكەن، واتە: میوەی جۆراوجۆر.

٦- ﴿ وَشَرَابٍ ﴾، هەروەها خواردنەوەیەكی نایاب، كە لێرەدا خوا ﷻ نەیخستۆتەڕوو ئەو شەڕاب و خواردنەوەیە چیە، دەگونجێ مەی بێ، دەگونجێ هەنگوین بێ، دەگونجێ شیر بێ، دەگونجێ ئاو بێ، وەک لە شوێنی دیكەدا هاتوە.

٧- ﴿ وَعِندَهُمْ قَـٰصِرَٰتُ ٱلطَّرْفِ أَتْرَابٌ ﴾، هەروەها لەلایانن ئافرەتانێک کە چاوەکانی خۆیان لەسەر مێردەکانی خۆیان کورت هەڵێناوەو، هاوتەمەنیشیانن.

٨- ﴿ هَـٰذَا مَا تُوعَدُونَ لِيَوْمِ ٱلْحِسَابِ ﴾، ئەمە ئەوەیە کە بۆ ڕۆژی لێپرسینەوە بەڵێنتان پێ دەدرێ، واتە: دڵنیابن.

٩- ﴿ إِنَّ هَـٰذَا لَرِزْقُنَا ﴾، ئەمە بژیوێکی ئێمەیە، بە تایبەت دابینمان کردوەو تەرخانمان کردوە بۆ دۆستەکانمان.

١٠- ﴿ مَا لَهُۥ مِن نَّفَادٍ ﴾، کە لەبڕان نایەت و کۆتایی نایەت.



مەسەلەی دووەم:

لـە خـوا یاخییـانی ملهـوڕ خراپتریـن سـەرەنجامیان هەیـە، کـە دۆزەخـەو، تێیـدا دەبرژێنرێـن و خراپتریـن جێـی تێـدا ڕاکشـان و تێـدا پشـوودانەو، خوادنەوەیـان ئـاوی کوڵیـوو داغ و کێـم و زووخـاوەو، چەنـدان جـۆرە ئـازارو ئەشـکەنجەی دیکـەی هاوشـێوەی ئـەوەش:

خـوا دەفەرمـوێ: ﴿ هَٰذَا ۚ وَإِنَّ لِلطَّٰغِينَ لَشَرَّ مَـَٔابٍ ﴿٥٥﴾ جَهَنَّمَ يَصْلَوْنَهَا فَبِئْسَ ٱلْمِهَادُ ﴿٥٦﴾ هَٰذَا فَلْيَذُوقُوهُ حَمِيمٌ وَغَسَّاقٌ ﴿٥٧﴾ وَءَاخَرُ مِن شَكْلِهِۦٓ أَزْوَٰجٌ ﴿٥٨﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە پێنج بڕگەدا:

١)- ﴿ هَٰذَا ۚ وَإِنَّ لِلطَّٰغِينَ لَشَرَّ مَـَٔابٍ ﴾، ئەمەو بۆ یاخییان خراپترین سەرەنجام هەیە ﴿ هَٰذَا ﴾، ئەمە ناوی ئاماژە (**إسم إشارة**)یە، بەکارهێنراوە لە گواستنەوە لە بابەتێکەوە بۆ بابەتێکی دیکە، واتە: ئەوەی ڕابرد ڕابرد، ئنجا دێینە سەر بابەتێکی دیکە: بەدڵنیایی بۆ یاخییان خراپترین سەرەنجام هەیە.

٢)- ﴿ جَهَنَّمَ يَصْلَوْنَهَا فَبِئْسَ ٱلْمِهَادُ ﴾، ئنجا وەسفی ئەو خراپترین سەرەنجامە دەکات: دۆزەخ، تێیدا دەبرژێنرێن، تێیدا دەپیشێنرێن، خراپترین شوێنی پشوودان و تێدا سرەوتنە.

(**المِهـاد: الفِـرَاش**)، (**المَخْصُـوصُ بِالـذَمِّ مَحْـذُوفٌ، أَي: فَبِئْـسَ المِهَـادُ جَهَنَّـمُ**)، تایبەتکـراو بـەزەم قرتێـنراوە: خراپتریـن شـوێنی تێـدا ڕاکشـان و پشـوودان، دۆزەخـە.

٤)- ﴿ هَٰذَا فَلْيَذُوقُوهُ حَمِيمٌ وَغَسَّاقٌ ﴾، ئەمە بابیچێژن ئاوی داغ و زووخاو، دیسان ﴿ هَٰذَا ﴾، دەگونجێ بۆ گواستنەوە بێ، لە مەبەستێکەوە بۆ مەبەستێکی دیکە، واتە: ئەوەی باسکرا باسکرا، یاخود: ﴿ هَٰذَا فَلْيَذُوقُوهُ ﴾، با ئەمە بچێژن، کە ئاوی کوڵاوو داغە لەگەڵ کێم و زووخاودا، (**غَسّاق**) خوێندراویشەتەوە: (**غَسَاق**)، بەبێ گیرە (شەددە)، (**وَالغَسَّاقُ: أَو الغَسَاقُ: مَا يَغْسَقُ، أَي: يَسِيلُ مِنْ صَدِيدِ أَهْلِ النَّار**)، کێم و زووخاوی برینی

دۆزەخییانە کە دێتە خوار، ﴿ هَٰذَا فَلْيَذُوقُوهُ ﴾، با ئەو ئاوی کوڵاوو کێم و زووخاوە بچێژن، یاخود: ﴿ هَٰذَا ﴾، یانی: ئەو سزاو ئازاردانە بەو شێوەیەو با بەو شێوەیە بیچێژن.

٥)- ﴿ وَءَاخَرُ مِن شَكْلِهِۦٓ أَزْوَٰجٌ ﴾، هەروەها لە شێوەی ئەوە جۆری دیکەش هەن. خوێندراویشەتەوە: (**وَأُخَرُ**)، (**آخر**) بۆ یەکەو (**أُخَرُ**)، بۆ کۆیە، واتە: زۆر جۆرە سزای دیکەش هەن ﴿ مِن شَكْلِهِۦٓ ﴾، لە شێوەی ئەوەی ڕابرد، ﴿ أَزْوَٰجٌ ﴾، واتە: (**أَصْنَاف، أَنْوَاع**)، یانی: زۆر جۆری دیکەش هەن و بەس ئەوەندە نیە کە باسکرا، وشەی (**شكل**)، واتە: وێنەی ئەوە لە جۆریدا لە شێوەو چۆنیەتیی دا، ئەگەر (**أُخَر**)یش بێت واتە: زۆر جۆرە سزای دیکەش هەن، کەواتە: ئەو سزایەش کە بۆ لە خوا یاخییان دیارییکراوە، بە حەوت (٧) سیفەتان پێناسە کراوە:

١- ﴿ لَشَرَّ مَـَٔابٍ ﴾، خراپترین سەرەنجام، خراپترین سەرەنجامنیش هەموو شتەکانی دیکە دەگرێتەوە نێو خۆی.

٢- ﴿ جَهَنَّمَ ﴾، ناوی ناسران (**عَلَمْ**)ی دۆزەخە.

٣- ﴿ يَصْلَوْنَهَا ﴾، تێدا دەبرژێدرێن، دەپیشێنرێن.

٤- ﴿ فَبِئْسَ ٱلْمِهَادُ ﴾، خراپترین شوێنی پشوودان و تێدا سرەوتنە.

٥- ﴿ هَٰذَا فَلْيَذُوقُوهُ حَمِيمٌ ﴾، با بیچێژن ئاوی کوڵاوو داغ.

٦- ﴿ وَغَسَّاقٌ ﴾، کێم و زووخاو.

٧- ﴿ وَءَاخَرُ مِن شَكْلِهِۦٓ أَزْوَٰجٌ ﴾، ئازارو سزای دیکەش هەیە، یاخود خواردنەوەی دیکەش هەیە لە شێوەی ئەوەو ئەویش هەر جۆراو جۆرە.

بێگومان کەسانێک دۆستی خوابن، خوا ﷻ شوێنێک دروست بکات تایبەت بۆ ئیسراحەت و تێدا پشوودانی ئەوان و ژیان و گوزەرانی ئەوان، واچاوەڕێ دەکرێ خۆشترین شوێن بێ و چاکترین نازو نیعمەتی تێدابێ، هەروەک کەسانێکیش

دوژمن و ناحەزی خوابن، لە تاقیکردنەوەی دونیای خوادا کەوتبن، هەروا چاوەڕێ دەکرێ کە ئەو شوێنەی بۆیان ئامادە دەکرێ، خراپترین و پیسترین شوێن بێ و بە سەختترین سزا، سزا بدرێن.

خوا بە لوتف و کەرەمی خۆی ئێمە لە دۆستانی خۆی بگێڕێ و، بمانپارێزی لەوەی کە توخنی ئەو سیفەتانەو ئەو کردەوانە بکەوین کە لە خوامان دووردەخەنەوەو، سەرەنجام تووشی ئەو سەرەنجام و ئازارو مەینەتییەمان دەکەن، کە خوا ﷻ باسی کردوە، بۆ ئەوەی مرۆڤەکان بسڵەمنەوە بپرینگێنەوە لە گوناهو تاوان و لە کوفرو لە یاخیی بوون، هەروەک باسی بەهەشتیشمان بۆ دەکات، بۆ ئەوەی هاندەرمان بێ بۆ بەندایەتیی چاکتر بۆ خوا، هەوەها بۆ زیاتر ڕووکردنە خوا، کە سەرەنجامیش هەم لە دنیادا بە قازانجی خۆمان دەشکێتەوە، هەم لە دواڕۆژیشدا.



مەسەلەی سێیەم:

مشتو مڕی سەران و شوێنکەوتووانی بێبڕوایان لە دۆزەخدا، هەرکامیان قسە بەوی دیکە دەڵێ و، شوێنکەوتووە فریودراوەکان (کڵاو لەسەر ناوەکان)، خەتای سەرکردەو دەمڕاستەکانیان دەگرن و، داواش لە خوا دەکەن کە سزاو ئازاری ئەو سەرکردەو دەمڕاستانە دووقات، یاخود چەند قات بکات، سەرانی کوفریش بە گاڵتە بەخۆ کردنەوە، ڕەخنە لە خۆیان دەگرن، کە مامەڵەی هەڵەیان لەگەڵ مسوڵمانانی چەوساوەدا کردوە لە دنیاداو، ئێستا ئەوان لە شوێنێکی دیکەن، کە بەهەشتە، ئەمانیش (واتە: سەرانی ئەهلی کوفریش) بۆخۆیان لە دۆزەخدا دەناڵێنن:

خوا دەفەرموێ: ﴿هَٰذَا فَوْجٌ مُّقْتَحِمٌ مَّعَكُمْ ۖ لَا مَرْحَبًا بِهِمْ ۚ إِنَّهُمْ صَالُوا النَّارِ ﴿٥٩﴾
قَالُوا بَلْ أَنتُمْ لَا مَرْحَبًا بِكُمْ ۖ أَنتُمْ قَدَّمْتُمُوهُ لَنَا ۖ فَبِئْسَ الْقَرَارُ ﴿٦٠﴾ قَالُوا رَبَّنَا مَن قَدَّمَ لَنَا هَٰذَا
فَزِدْهُ عَذَابًا ضِعْفًا فِي النَّارِ ﴿٦١﴾ وَقَالُوا مَا لَنَا لَا نَرَىٰ رِجَالًا كُنَّا نَعُدُّهُم مِّنَ الْأَشْرَارِ ﴿٦٢﴾
أَتَّخَذْنَاهُمْ سِخْرِيًّا أَمْ زَاغَتْ عَنْهُمُ الْأَبْصَارُ ﴿٦٣﴾ إِنَّ ذَٰلِكَ لَحَقٌّ تَخَاصُمُ أَهْلِ النَّارِ ﴿٦٤﴾﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە چواردە بڕگەدا:

١)- ﴿هَٰذَا فَوْجٌ مُّقْتَحِمٌ مَّعَكُمْ﴾، ئەمە کۆمەڵێکی زۆرە، لەگەڵ ئێوە خۆتێپەستێون، بێگومان کە ئەمە دەگوترێ: (مَقُولُ قَوْلِ قَائِلٍ)، بێگومان گوتراوی قسەی بێژەرێکە، ئنجا ئایا ئەو بێژەرە کێیە؟ هەندێک دەڵێن: دۆزەخەوانەکان (خَزَنَةُ جَهَنَّم)ن، هەندێک دەڵێن: سەرانی لە خوا یاخیی (ئەهلی کوفرن) لە بەینی خۆیاندا ئەوە بە یەکدی دەڵێن، هەردوو ڕایەکان پێدەچن، دەگونجێ لە بەینی خۆیاندا بە یەکدی بڵێن: ئەوانەش کۆمەڵێکن، لەگەڵ ئێوەدا خۆ دەپەستنە نێو دۆزەخەوە، دەشگونجێ دۆزەخەوانەکان پێیان بڵێن.

بەڵام ئایا ئەو کۆمەڵە زۆرە کێن؟

ئـەو كۆمەڵـە زۆرە، بـە تەئكیـد شـوێنكەوتووە هەڵخەڵەتێنراوەكانیانـن، ئەوانـەن كـە سـەركردە فریـودەرەكان كڵاویـان لەسـەر نـاون، ئەوانـەی لە دنیـادا لاسـایان كردوونەوەو شـوێنیان كەوتـوون و ڕیشـیان لـە مستی ئـەوان نـاوە، عەقڵـی خۆیـان ئیجـازە داوەو بـە عەقڵـی ئـەوان بیریـان كردۆتـەوە، بـە دوای ڕێـی هەڵـەی وان كەوتـوون، ئنجـا كـە دەڵێـن: ﴿ مُّقْتَحِمٌ مَّعَكُمْ ﴾، (**إقتِحَام**): بریتیـە لـەوەی كـە كەسـێک ڕوو بكاتـە شـتێكی مەترسییدار، یاخـود بـە تۆبزیـی خـۆی لە شـوێنێكی تەنگەبـەر بپەسـتێ، یاخود بچێتـە نێـو كۆمەڵێكـەوە كـە هاوكـووفی ئـەوان نەبـێ، كـە لێـرەدا وا پێدەچـێ ئـەوان مەبەسـتیان ئەوەبـێ: ﴿ هَـٰذَا فَوْجٌ مُّقْتَحِمٌ مَّعَكُمْ ﴾، (**أي: يَدخُلُـونَ مَعَكُـمُ النَّـارَ، وَلَيسـوا كُفـأً لَكُـمْ، وَكَأَنَّهُـم يُقْحِمُـونَ أَنْفُسَـهُم إِقْحَامَـاً بَيْنَكُـم**)، لـە بەینـی خۆیانـدا بـە یەكـدی دەڵێـن: ئەوانـەش كۆمەڵێكـن ئـەوە هاتـن، لەگـەڵ ئێـوەدا خـۆ تێدەپەسـتێون و هاوتـاو هاوكـوفی ئێمـە نیـن، چونكـە ئەوانـە لـە دنیـادا شـوێنكەوتووی ئێمـە بـوون، گـوێ لـە مسـتی ئێمـە بـوون، بـەڵام ئێسـتا بـە خـۆ تێپەسـتان خـۆ تێدەپەسـتێون، بـەڵام ئەگـەر قسـەی دۆزەخەوانەنـەكان بـێ واتـە: ئەوانـەش وەک چـۆن ئێـوە خۆتـان پەسـتاوتە نێـو دۆزەخ، ئەوانـەش ئـەو كۆمەڵـە زۆرەش كـە شـوێنكەوتوانی ئێـوەن، ئەوانیـش لەگـەڵ ئێـوە خۆیـان دەخەنـە نێـو دۆزەخـەوە.

٢)- ﴿ لَا مَرْحَبًا بِهِمْ ﴾، یانی: بەخێر نەیەن، چونكە (**مَرحَباً بِكَ**) یانی: (**جِئتَ مَكاناً رَحِباً**)، هاتی بۆ شوێنێكی فراوان، لە عەڕەبییدا دەگوترێ: (**أَهْلاً وَسَهْلاً وَمَرْحَباً**)، یانی: (**نَزَلْتَ أَهْلاً، وَوَجَدْتَ مَكَانَاً سَهْلاً، وَنُرَحِّبُ بِكَ**)، یانی: هاتیە لای كەس و كارت و، شوێنی سێنات چنگ كەوتوەو، بەخێرت دێنین.

كـە دەڵێـن: ﴿ لَا مَرْحَبًا بِهِمْ ﴾، ئەمە واپێدەچێ قسـەی سـەركردەو دەمڕاسـتەكان بـێ، بـەو كۆمەڵـە دەڵێـن، ئەمـەش بەڵگەیـە لەسـەر ئـەوەی ئـەو كۆمەڵـە زۆرەش شـوێنكەوتوانی ئـەوان بـوون، بۆیـە دەڵێـن: بەخێـر نەیـەن: (**مَرحَبـاً: مِـنَ الرُّحْـبِ أَتَيْـتَ رُحْبَـاً، أَي: مَكَانَـاً ذَا رُحْـبٍ**)، هـاتی بـۆ شـوێنێكی خـاوەن فراوانیـی، كـە مەبەسـت پێـی فـراوانی مەجازییـە، واتـە: ئێمـە دڵخۆشـین بـە تـۆ و ئارەزوومەنـد بوویـن، یاخـود

تامەزرۆبووین، بۆ دیدارت، بەڵام کە دەڵێ: ﴿لَا مَرْحَبًا بِهِمْ﴾، واتە: ئێمە تامەزرۆی دیداریان نین و، خۆشییمان لێیان نایەت و چارەمان ناوێن.

بۆچی؟

٣)- ﴿إِنَّهُمْ صَالُوا۟ ٱلنَّارِ﴾، بە دڵنیایی ئەوان دەچنە نێو ئاگرەوە، پێشتریش گوتوومانە: (صَلِي): بریتیە لە جۆرە سووتانێکی تایبەت لە ئاگردا، ئەویش ئەوەیە کە لە هەموو لاوە ئەو ئاگرە تینی بۆ بێنێ و بیبرژێنێ، یان بیپیشێنێ، دەگوترێ: (شَاةٌ مَصْلِيَّة)، مەڕێک کە بەو شێوەیە دەبرژێنرێ، کە لە هەموو لاوە ئاگر لێیدەدا، بە عەرەبیی عەوامانە پێی دەڵێن: (مەگزووف).

٤)- ﴿قَالُوا۟ بَلْ أَنتُمْ لَا مَرْحَبًۢا بِكُمْ﴾، شوێنکەوتووەکانیش وەڵامی سەرکردەو دەمڕاستەکانیان دەدەنەوەو دەڵێن: بەڵکو ئێوە بەخێر نەیەن، (بَل: لِلإِضْرَابِ الإِبْطَالِي لِرَدِّ الشَّتْمِ عَلَيهِم)، (بَل) لێرەدا بۆ (إِضرابِ) یانی: لە قسەیەکەوە دەگوازیەوە بۆ قسەیەکی دیکە، بەڵام مەبەست پێی هەڵوەشاندنەوەی قسەی بەرانبەرە، بۆ ئەوەی ئەوانیش قسەکەیان پێ بڵێنەوە، چونکە کە ئەوان دەڵێن: بەخێر نەیەن، ئەوە جنێو پێدانێکە، ئەوانیش ئەو جنێوەیان پێ دەڵێنەوە: بەڵکو بۆ خۆتان بەخێر نەیەن.

٥)- ﴿أَنتُمْ قَدَّمْتُمُوهُ لَنَا﴾، ئێوە بوون ئەمەتان بۆ پێشخستین.

ئەمە وەک پاساو دانەوەی ئەوەیە کە بۆچی قسەکەیان پێ دەڵێنەوە؟ کە دەڵێن: ﴿أَنتُمْ قَدَّمْتُمُوهُ لَنَا﴾، کە ﴿أَنتُمْ﴾، لەسەرکردارەکەی پێشخراوە، ئەمە کورت هەڵێنان دەگەیەنێ، واتە: هەر ئێوە تووشی زیانتان کردین و، تووشی ئەم چارەنووسەتان کردین، نەک کەسی دیکە، ئنجا کە دەڵێن: ﴿قَدَّمْتُمُوهُ لَنَا﴾، بە ڕاناوی نێرینە دەیهێنن، واتە: ئەم واقیعە کە تێیداین، یان ئەم شوێنە کە هاتووینە نێوی، ئێوە بۆتان پێشخستین و واتان کرد کە ئێمە گرفتاربین پێیەوە، (التَّقْدِيمُ: جَعْلُ الشَّيءِ قُدَّامَ غَيرِهِ، أَي: جَعْلِهِ بِحَيثُ يَجِدُهُ قَرِيباً مِنهُ)، (تقدیم): ئەوەیە کە شتێک لە پێش کەسێک دابندرێ و وابێ کە لێینزیک بێ.

٦)- ﴿ فَبِئۡسَ ٱلۡقَرَارُ ﴾، واته: ئێره خراپترین نشینگەیه، یاخود: خراپترین مانەوەیه، (**القَرَارُ: المَكْثُ أو مَكَانُ القَرَارِ**)، (**قرار**) مانەوه یان شوێنی مانەوەیه، ئێره خراپترین نشینگەیه، یان خراپترین نیشتەجێ بوون ئەم نیشتەجێ بوونەیه، که لێرەدا نیشتەجێ بووین، (**أَي: مَا قَدَّمْتُمُوهُ لَنَا مِنَ العَذَابِ أَسْوَءُ عَذَابٍ وَأَسوَءُ مُستَقَرٍّ**)، ﴿ فَبِئۡسَ ٱلۡقَرَارُ ﴾، واته: ئێره خراپترین نشینگەیه، هەروەک تووشی خراپترین سزاش بووین، ئنجا ئێوه بەو دەردەتان بردین، که بێینه خراپترین شوێنەوەو، خراپترین سزاش بچێژین.

٧)- ﴿ قَالُواْ رَبَّنَا مَن قَدَّمَ لَنَا هَٰذَا فَزِدۡهُ عَذَابٗا ضِعۡفٗا فِي ٱلنَّارِ ﴾، شوێنکەوتووه هەڵخەڵەتێنراوەکان (کڵاو لەسەر نراوەکان)، دەست و پێوەندە لاسایی کەرەوەکان گوتیان: پەروەردگارمان! هەر کەسێک ئەمەی بۆ هێناوینه پێش و تووشی ئەم حاڵەی کردووین، سزای یان ئازاری بۆ چەند قات بکەوه له ئاگر، (**الضِّعْفُ: ضَمٌّ مِثْلُ الشَّيءِ إِلَيهِ فَصَاعِدَاً**)، (**ضِعْف**): ئەوەیه که شتێک به ئەندازەی خۆی یاخود زیاتر، دوو قات، یاخود چەند قات، بخرێته گەڵی، هەڵبەته ئەمه قسەی شوێنکەوتووەکانه، قسەی دەست و پێوەنده هەڵخەڵەتاوەکانه، که به دوای طاغووت و له خوا یاخییەکاندا ڕۆیشتوون، که هیچیان به دەست نامێنێ، ئەوەنەبێ که خوا تۆڵەیەکیان بۆ بکاتەوەو قەرەبوویان بۆ بکاتەوه، ئەویش بەوه که سزای سەرکردەکان دوو قات، یاخود چەند قاتی هی ئەو شوێنکەوتووه هەڵخەڵەتاوانه بێ.

ئەمەش له چەند شوێنێک له قورئاندا هاتووه، که شوێنکەوتووەکان به ئاوات دەخوازن، خۆزگه دەخوازن و دەپاڕێنەوه له خوا، که سزای ئەوانەی هەڵیانخەڵەتاندوون، ئەوانەی کڵاویان لەسەر ناون، دوو بەرانبەر، یاخود چەند بەرانبەر بکاتەوه، بۆ وێنه: له سوورەتی (الأعراف)دا دەفەرموێ: ﴿ ... قَالَتۡ أُخۡرَىٰهُمۡ لِأُولَىٰهُمۡ رَبَّنَا هَٰٓؤُلَآءِ أَضَلُّونَا فَـَٔاتِهِمۡ عَذَابٗا ضِعۡفٗا مِّنَ ٱلنَّارِۖ ...﴿٣٨﴾ ﴾، واته: ئەوانەی دوایی بەوانەی پێشییان گوت: {شوێنکەوتووەکان به سەرانیان گوت، بەوانەی پێشڕەو بوون، بەسەرکردەکان} پەروەردگارمان! ئەمانه ئێمەیان گومڕا کرد، بۆیه سزای دوو قات، یان چەند قاتیان بده، با سزای ئەوان دوو بەرانبەر،

یان چەند بەرانبەری ئێمە بێ! بەڵام لەوێ خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿..لِكُلٍّ ضِعۡفٌ وَلَٰكِن لَّا تَعۡلَمُونَ ﴿٣٨﴾﴾ الأعراف، بۆ هەر کامێکتان سزای دوو قات، یان چەند قات هەیە، بەڵام نازانن.

ئێمە لەوێ لە تەفسیری سوورەتی (**الأعراف**)دا، باسێکی سەربەخۆمان لەو بارەوە کردوەو هەموو ئەو ئایەتانەی، لەوبارەوە لە قورئاندا هاتوون، لە سوورەتەکانی: (**الأعراف، إبراهيم، السّبأ، غافر**)دا، هەموویانمان کۆکردۆتەوەو هێناومانن، کە وێنەیەکی تەواترمان بە دەستەوە دەدەن و لە هەموو گۆشەکانەوە، چونکە خوا ﷻ کە بابەتێک باس دەکات لە قورئاندا، جاری وایە لە سوورەتێکدا لە گۆشەیەکەوەو، لە سوورەتێکی دیکەدا لە گۆشەیەکی دیکەوەو، لە سوورەتێکی دیکەدا بوارێکی دیکەی دینێ، بەپێی ئەو ڕەوت (**سیاق**)ە کە سوورەتەکەی تێدا دابەزیوەو، بەپێی ئەو کەش و هەوایە کە دەیخوازێ، ئنجا ئەگەر بتەوێ دیمەنێکی تەواوت دەستبکەوێ لەو بابەتە، پێویستە هەموو ئایەتەکان پێکەوە کۆبکەیەوە، کە ئێمە وێڕای سوورەتی (**الأعراف**) لە سوورەتی (**السبأ**)یشدا باسی ئەو بابەتەمان کردوە.

٨)- ﴿وَقَالُواْ مَا لَنَا لَا نَرَىٰ رِجَالٗا كُنَّا نَعُدُّهُم مِّنَ ٱلۡأَشۡرَارِ﴾، گوتیشیان: چیمانە پیاوانێک نابینین، ئێمە لە خراپەکارانمان دەژماردن؟ ئەوە قسەی سەرکردەکانە، ئەوانەی خەڵکیان گومڕا کردوە، قسەی لە خوا یاخیبە گومڕاکەرەکانە، چونکە ئەوان بوون کە خەڵکیان بە کەم و خراپ تەماشا کردوە، ﴿وَقَالُواْ مَا لَنَا﴾، گوتیان: چیمانە؟ ﴿لَا نَرَىٰ رِجَالٗا﴾، پیاوانێک نابینین ﴿كُنَّا نَعُدُّهُم مِّنَ ٱلۡأَشۡرَارِ﴾، کە ئێمە کاتی خۆی (واتە: لە دنیادا) لە خراپەکارانمان لە قەڵەم دەدان، بەو واتایە کە پێمان وابوو هیچ لەباراندا نەبوون، هیچ و پووچن، هەرچیی و پەرچیین، وەک سەرانی گەلی نووح، بە نووح ﷺ دەڵێن: ﴿..وَمَا نَرَىٰكَ ٱتَّبَعَكَ إِلَّا ٱلَّذِينَ هُمۡ أَرَاذِلُنَا بَادِيَ ٱلرَّأۡيِ ...﴿٢٧﴾﴾ هود، نابینین شوێنت کەوتبن، جگە لەوانەمان کە هیچ و پووچن، سادەو سەرکێڵن، عەقڵیان بەدەرەوەیەو قووڵ نین.

٩)- ﴿ أَتَّخَذْنَٰهُمْ سِخْرِيًّا أَمْ زَاغَتْ عَنْهُمُ ٱلْأَبْصَٰرُ ﴾، ئایا بەگاڵتەجارمان گرتبوون (بەناهەق) یان چاوەکانمان لێیان لاداون (نایانبینین)؟! توێژەرەوان زۆریان قسە لە بارەی ئەم دوو ڕستەیەوە کردوە، کە بە دوو شێوە خوێنراونەوە:

أ- ﴿ أَتَّخَذْنَٰهُمْ سِخْرِيًّا ﴾؟ بە پرسیار کردن: ئایا ئێمە ئەوانمان بە گاڵتە پێکراو گرتبوو؟

ب- هەروەها خوێندراویشەتەوە: (**إتَّخَذْنَاهُم سِخْرِيّاً**)، ئێمە ئەوانمان بە گاڵتە پێکراو گرتبوو، گاڵتەمان پێ دەکردن، وەک لە مانا گشتییەکەشی دا ئاماژەمان پێدا، ئنجا ئەمە بە گشتیی دوو ئەگەری هەن:

١- ئەمە پرسیارکردنێکی ڕاستەقینە (**إستِفهامٌ حَقِيقي**) بێ و، بپرسن: بۆچی ئەوان نابینن؟ ﴿ أَتَّخَذْنَٰهُمْ سِخْرِيًّا أَمْ زَاغَتْ عَنْهُمُ ٱلْأَبْصَٰرُ ﴾؟! یانی: ئایا ئێمە بەناهەق گاڵتەمان پێیان دەکرد - بەڵام شایستە ئەوە نەبوون - یان: چاومان لێیان لایانداوە بۆیان بەدییان ناکەین لە دۆزەخ دا؟!

٢- ئەمە پرسیار کردنێکی سەرزەنشتکارانەبێ بۆ خۆیان، نەک پرسیار کردنی ڕاستەقینەبێ، چونکە دەزانن کە ئەوان لێرە نین، لە دۆزەخدا نین و لە شوێنێکی دیکەن کە بەهەشتە، ئنجا من مانای دووەمم زیاتر دەچێتە دڵەوە، کە مانایەکەی ئاوای لێدێتەوە: (**مَا لَنَا لاَ نَرَى رِجَالاً مَعَنَا فِي النَّارِ كَانُوا عِنْدَنَا أَشْرَاراً، كُنَّا نَسْخَرُ بِهِم؟ ثُمَّ أَضرَبُوا وقالُوا: بَل زَاغَت عَنْهُمُ الأَبْصَارُ، فَلاَ نَرَاهُم فِيهَا، وَإِن كَانُوا مَعَنَا، أَو زَاغَت أَبْصَارُنَا عَنْهُم وَكَلَّت أَفْهَامُنَا عَنْهُم، حَتَّى خَفِي عَلَيْنَا مَقَامُهُم**)، واتە: بۆچی پیاوانێک لە دۆزەخ دا نابینین کە ئێمە لە خراپەکارانمان دادەنان؟ {واتە: لە دنیادا پێمان وابوو هەرچیی و پەرچیین و خەڵکی بێ کەڵکن} گاڵتەمان پێ دەکردن، دوایی دەڵێن: بەڵکو ئایا لەبەر ئەوە چاومان نایانبینێ ئەگەرنا لەگەڵمانن لە دۆزەخدا، بەڵام چاومان لێیان لایانداوە؟ یان: ئایا ئێمە لە دنیادا چاومان باشی نەدەبینی و عەقڵمان باشی کار نەدەکرد، تاکو پێگەو پلەی ئەوان چاک دەرک بکەین، کە ئەوان وەک ئێمە نەبوون و شایستەی دۆزەخ نەبوون {ئەوان ئێستا لە شوێنێکی دیکەن}؟! بەڵام ئەگەر بە: ﴿ أَتَّخَذْنَٰهُمْ سِخْرِيًّا ﴾، بخوێندرێتەوە: ئایا ئێمە گاڵتەمان پێ دەکردن؟

ئەو کاتە مانایەکەی ئاوای لێ دێتەوە: **(أَتَّخَذْنَاهُم سِخْرِيّاً، وَلَمْ يَكُونُوْا كَذَلِكَ فَلَم يَدْخُلُوا مَعَنَا النَّار، فَهُم فِي الجَنَّة؟ أَمْ دَخَلُوهَا مَعَنَا، وَلَكِن مَالتْ أَبْصَارُنَا عَنْهُم فَلاَ نَرَاهُم)**[1]، واتە: ئایا ئێمە لە دونیادا گاڵتەمان پێ دەکردن و، ئەوانیش شایستەی ئەوە نەبوون بۆیە لەگەڵمان نەهاتوونە نێو ئاگرەوەو ئەوان لە بەهەشت دان، یاخود لەگەڵماندا هاتوونە نێو ئاگر، بەڵام ئێمە چاومان لێیان لایانداوەو نایان بینین؟!

تەماشای زۆربەی تەفسیرەکانم کرد، بەڵام **(إبن عجيبة)** لە هەموویان باشتر مانای ئەم دوو ڕستە قورئانییە موبارەکەی هێنا بوو، هەڵبەتە زانایانی دیکەش زۆر قسەیان لێ کردوە، بەڵام هەمووی دێتەوە سەر ئەو دووەی باسمان کردن.

١٠)- لە کۆتایی دا خوا فەرموویەتی: ﴿ إِنَّ ذَٰلِكَ لَحَقٌّ تَخَاصُمُ أَهْلِ ٱلنَّارِ ﴾، بە دڵنیایی ئەوە ڕاستەو چەسپاوە، ئەم مشت و مڕو ناکۆکییەی خەڵکی ئاگر، واتە: خاوەنانی ئاگر، ئەوانەی لە ئاگری دۆزەخدان، ئەو مشت و مڕو دەمەقاڵەیان پێکەوە دەبێ، یانی: سەران و شوێنکەوتووانیان، سەرکردەکان و پەیڕەوانیان.

سُبحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمدِكَ، أَشهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إلاَّ أَنتَ، أَستَغفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيكَ.

---

(١) البحر المديد، لابن عجيبة، ج٦، ص٢٢٩.


AliBapir
archive.org/details/@alibapir
AliBapir
AliBapir

دەرسی شەشەم


AliBapir
archive.org/details/@alibapir
AliBapir
www.alibapir.net


AliBapir
AliBapir
archive.org/details/@alibapir
AliBapir

پێناسەی ئەم دەرسە

ئـەم دەرسـەمان کـە دەرسـی کۆتاییـە، ئایەتـەکانی: (٦٥ - ٨٨) دەگرێتـە خـۆی، واتـە: (٢٤) ئایـەتی کۆتایـی، تـەوەری سـەرەکییشی دوای فەرمانکـردنی خـوا بـە ڕاگەیانـدنی هۆشـیارکەرەوەیی پێغەمبـەر ﷺو، تاکیەتیـی خـوا لـە پەسـتراوێتیی داو، هەواڵێکـی مـەزن بـوونی، قورئـان، یەکسـەر بـاسی دروسـتکرانی ئـادەم و کڕنـووشی ڕێـز لێگرتنـی فریشـتان بـۆ بـردنی و، سـەرپێچیی کـردنی ئیبلیـس لـەو کڕنـووش بردنـەی ڕێـز لێگرتنـەو، لـە ئەنجامـی ئـەوەدا نەفریـن لێکـرانی لـە لایـەن خـوای دادگـەرەوەو، دەرکـرانی لـە بەهەشـت و... هتـد.

لـە کۆتاییشـدا خـوای بـەرزو مـەزن بـە پێغەمبـەری خاتـەم موحەممـەد ﷺ دەفەرمـوێ: بـە خەڵـک ڕابگەیەنـە کـە هیـچ چاوەڕوانییەکـی لێیـان نیـەو، هیـچ بـار گرانییەکـی بۆیـان نیـە، قورئانیـش بـەس بیرخەرەوەیـە بـۆ جیهانییـان و، بـەم زووانـەش هەواڵەکـەی دەزانـن.

﴿ قُلْ إِنَّمَآ أَنَا۠ مُنذِرٌ وَمَا مِنْ إِلَٰهٍ إِلَّا ٱللَّهُ ٱلْوَٰحِدُ ٱلْقَهَّارُ ﴿٦٥﴾ رَبُّ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ
وَمَا بَيْنَهُمَا ٱلْعَزِيزُ ٱلْغَفَّٰرُ ﴿٦٦﴾ قُلْ هُوَ نَبَؤٌا۟ عَظِيمٌ ﴿٦٧﴾ أَنتُمْ عَنْهُ مُعْرِضُونَ ﴿٦٨﴾ مَا كَانَ
لِىَ مِنْ عِلْمٍۭ بِٱلْمَلَإِ ٱلْأَعْلَىٰٓ إِذْ يَخْتَصِمُونَ ﴿٦٩﴾ إِن يُوحَىٰٓ إِلَىَّ إِلَّآ أَنَّمَآ أَنَا۠ نَذِيرٌ مُّبِينٌ ﴿٧٠﴾ إِذْ قَالَ
رَبُّكَ لِلْمَلَٰٓئِكَةِ إِنِّى خَٰلِقٌۢ بَشَرًا مِّن طِينٍ ﴿٧١﴾ فَإِذَا سَوَّيْتُهُۥ وَنَفَخْتُ فِيهِ مِن رُّوحِى فَقَعُوا۟
لَهُۥ سَٰجِدِينَ ﴿٧٢﴾ فَسَجَدَ ٱلْمَلَٰٓئِكَةُ كُلُّهُمْ أَجْمَعُونَ ﴿٧٣﴾ إِلَّآ إِبْلِيسَ ٱسْتَكْبَرَ وَكَانَ مِنَ
ٱلْكَٰفِرِينَ ﴿٧٤﴾ قَالَ يَٰٓإِبْلِيسُ مَا مَنَعَكَ أَن تَسْجُدَ لِمَا خَلَقْتُ بِيَدَىَّ أَسْتَكْبَرْتَ أَمْ كُنتَ مِنَ
ٱلْعَالِينَ ﴿٧٥﴾ قَالَ أَنَا۠ خَيْرٌ مِّنْهُ خَلَقْتَنِى مِن نَّارٍ وَخَلَقْتَهُۥ مِن طِينٍ ﴿٧٦﴾ قَالَ فَٱخْرُجْ مِنْهَا فَإِنَّكَ
رَجِيمٌ ﴿٧٧﴾ وَإِنَّ عَلَيْكَ لَعْنَتِىٓ إِلَىٰ يَوْمِ ٱلدِّينِ ﴿٧٨﴾ قَالَ رَبِّ فَأَنظِرْنِىٓ إِلَىٰ يَوْمِ يُبْعَثُونَ ﴿٧٩﴾

قَالَ فَإِنَّكَ مِنَ ٱلْمُنظَرِينَ ﴿٨٠﴾ إِلَىٰ يَوْمِ ٱلْوَقْتِ ٱلْمَعْلُومِ ﴿٨١﴾ قَالَ فَبِعِزَّتِكَ لَأُغْوِيَنَّهُمْ أَجْمَعِينَ ﴿٨٢﴾ إِلَّا عِبَادَكَ مِنْهُمُ ٱلْمُخْلَصِينَ ﴿٨٣﴾ قَالَ فَٱلْحَقُّ وَٱلْحَقَّ أَقُولُ ﴿٨٤﴾ لَأَمْلَأَنَّ جَهَنَّمَ مِنكَ وَمِمَّن تَبِعَكَ مِنْهُمْ أَجْمَعِينَ ﴿٨٥﴾ قُلْ مَآ أَسْـَٔلُكُمْ عَلَيْهِ مِنْ أَجْرٍ وَمَآ أَنَا۠ مِنَ ٱلْمُتَكَلِّفِينَ ﴿٨٦﴾ إِنْ هُوَ إِلَّا ذِكْرٌ لِّلْعَٰلَمِينَ ﴿٨٧﴾ وَلَتَعْلَمُنَّ نَبَأَهُۥ بَعْدَ حِينٍۭ ﴿٨٨﴾ ﴾.

مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان

{(ئەی موحەممەد)! بڵێ: بە دڵنیایی من تەنیا وریاکەرەوەو ترسێنەرم و، جگە لە خوای تەنیای ملپێکەچکەر هیچ پەرستراوێک نیە ﴿٦٥﴾ پەروەردگاری ئاسمانەکان و زەوی و ئەوەی نێوانیان، زاڵی لێبوردەیە ﴿٦٦﴾ بڵێ: ئەوە هەواڵێکی مەزنە ﴿٦٧﴾ کە ئێوە لێی ڕوو وەرچەرخێنەرن (پشتگوێ خەرنی) ﴿٦٨﴾ من هیچ زانیەرییەکم لە بارەی کۆمەڵی باڵا (فریشتان، فریشتە زۆر لە خوا نزیکەکان) نەبوو، کاتێک کەوتبوونە مشت و مڕەوە (لە بارەی دروستکردنی ئادەمەوە)، بەڵام خوا لەڕێی سرووشەوە ئاگاداری کردمەوە ﴿٦٩﴾ ئەوەش کە بۆم سرووش دەکرێ (لە کاروباری پەنهانی فریشتان) تەنیا لەو سۆنگەوەیە کە من هۆشیارکەرەوەیەکی ڕوونم ﴿٧٠﴾ (یاد بکەوە)! کاتێک پەروەردگارت بە فریشتانی فەرموو: من بەدیهێنەری (جەستەی) مرۆڤێکم لە قوڕێ ﴿٧١﴾ ئنجا هەر کات ڕێک و پێکم کرد (جەستەکەیم ئامادە کرد بۆ گیان بەبەردا کران)و، لە گیانی خۆم (گیانێک کە دروستکراوی تایبەتیی خۆمە) فووم پێدا کرد، بۆی بە کڕنووشدا بکەون (وەک ڕێز لێنان) ﴿٧٢﴾ یەکسەر فریشتەکان تێکڕاو وێکڕا کڕنووشیان برد ﴿٧٣﴾ بێجگە لە ئیبلیس، خۆی بە زلگرت و لە بێبڕوایان بوو ﴿٧٤﴾ خوا فەرمووی: ئەی ئیبلیس! چی نەیهێشت کە کڕنووش (ی سڵاوکردن و ڕێز گرتن) بۆ کەسێک ببەی کە بە دوو دەستی خۆم (بە شێوەی تایبەت) دروستم کردوە، ئایا هەر

(لە بەرانبەر ئادەمدا) خۆت بە زلگرت، یان (پێت وایە) هەر لە باڵایانی (و لەوە بەرزتری کڕنووشی ڕێز گرتن بۆ ئادەم ببەی)؟ ﴿٧٥﴾ (ئیبلیس) گوتی: من لەو باشترم، (چونکە) منت لە ئاگر دروستکردووەو، ئەوت لە قوڕێ دروستکردووە ﴿٧٦﴾ (خوا) فەرمووی: لێی (لە بەهەشتێ) بچۆ دەرێ، بێگومان تۆ دەرکراوو دوورخراوەی (لە بەزەیی خوا) ﴿٧٧﴾ هەتا ڕۆژی سزاو پاداشت نەفرینی منت لەسەر بێ ﴿٧٨﴾ (ئیبلیس) گوتی: پەروەردگارم! هەتا ڕۆژێ کە مرۆڤەکان دوای مردنیان تێیدا زیندوو دەکرێنەوە، مۆڵەتم بدە (بمهێڵەوە لە ژیاندا) ﴿٧٩﴾ (خوا) فەرمووی: بێگومان تۆ لە مۆڵەت دراوان و هێڵدراوانی ﴿٨٠﴾ تاکو ڕۆژی کاتی زانراو (دیاریکراو) ﴿٨١﴾ (ئیبلیس) گوتی: سوێند بە عیززەتت (مرۆڤەکان) تێکڕایان سەرگەردان و بێمراد دەکەم ﴿٨٢﴾ بێجگە لە بەندە هەڵبژاردەکانت لە نێویاندا ﴿٨٣﴾ (خوا) فەرمووی: سوێند بە هەق و تەنیا هەقیش دەڵێم ﴿٨٤﴾ مسۆگەر دۆزەخ پڕ دەکەم لە تێکڕای وەچەی تۆش و، لەوانەی لەوان (وەچەی ئادەم) یش شوێنت بکەون ﴿٨٥﴾ (ئەی موحەممەد!) بڵێ: هیچ کرێیەکتان لە بەرانبەر (گەیاندنی پەیامی خوا)دا لێ داوا ناکەم و، من لە زۆر لەخۆ کەران و لاف لێدەران نیم ﴿٨٦﴾ ئەم قورئانە تەنیا بیرخەرەوەیە بۆ جیهانییان ﴿٨٧﴾ بە دڵنیاییش دوای ماوەیەکی کەم هەواڵ (ڕاستیی)ەکەی دەزانن ﴿٨٨﴾}.



شیكردنەوەی هەندێك لە وشەكان

(ٱلْقَهَّارُ): مل پێكەچكەر، (القَهْرُ: الغَلَبَةُ والتَّذْلِيلُ مَعاً)، (قَهْر): بریتیە لە زاڵبوون و زەبوون كردن پێكەوە.

(نَبَؤٌاْ): (النَّبَأُ: خَبَرٌ ذُو فَائِدَةٍ عَظِيمَةٍ يَحْصُلُ بِهِ عِلْمٌ، أَو غَلَبَةُ ظَنٍّ)، (نَبَأ): هەواڵێكی سوود بەخشی مەزنە كە بەهۆیەوە زانیاریی، یاخود گومانێكی زاڵ پەیدادەبێ.

(سَوَّيْتُهُۥ): واتە: ڕێكمخست، (السَّوِيُّ: المَصُونُ عَنِ الإِفْرَاطِ وَالتَّفْرِيطِ مِنْ حَيْثُ القَدْرِ وَالكَيْفِيَّة)، (سَوِيٌّ): پارێزراو لە تێپەڕاندن و لە كورتهێنان، لە ڕووی ئەندازەو لە ڕووی چۆنیەتییەوە.

(ٱلْعَالِينَ): (العُلُوّ: ضِدُّ السُّفْل، وَالعُلُوُّ: الإِرتِفَاعُ، وَقَد عَلَى يَعْلُو عُلُوّاً وَهُوَ عَالٍ)، (عُلُوّ): دژی (سُفْل)ە، (عُلُو) بەرزیی، (سُفْل) نزمیی، و (عُلُوّ): بە بەرزیی دەگوترێ، دەگوترێ: (عَلَى يَعلو عُلُوّاً وَهُوَ عَالٍ)، بەرز بوو، بەرز دەبێ، بەرزبوونەوە، ئەو بەرزە.

(رَجِيمٌ): (الرِّجَامُ: الحِجَارَةُ، وَالرَّجْمُ: الرَّمي بِالرِّجَامِ، يُقَالُ: رُجِمَ فَهُوَ مَرجُومٌ)، (رِجام): بە مانای بەرد دێ، (رَجْم): بریتیە لە بەرد پێدادان، دەگوترێ: (رُجِمَ فَهُوَ مَرْجُومٌ)، ئەو بەردی پێدادراو بەرد پێدادراوە، بەرد باران كراوە.

(لَعْنَتِيٓ): (اللَّعْنُ: الطَّرْدُ وَالإِبْعَادُ عَلَى سَبِيلِ السَّخَطِ)، (لَعْن): بریتیە لە دەركردن و دوورخستنەوە، بەڵام بە هۆی لێ تووڕە بوونەوە.

(فَأَنظِرْنِيٓ): (النَّظَرُ: الإِنْتِظَارُ، نَظَرتُهُ وانْتَظَرتُهُ، وَأَنظَرتُهُ: أَخَّرتُهُ)، (نَظَر): جاری وایە بە مانای چاوەڕێ كردنە، جاری واش هەیە بە مانای تەماشا كردنە، (فَأَنظِرني)

واتـە: چاوەڕێـم بکـە، مۆڵەتـم بـدە، دەگوتـرێ: (نَظَرْتُـهُ وانْتَظَرْتُـهُ وَأَنْظَرْتُهُ) هەرسـێکیای بـە واتـای: دوامخسـت و، مۆڵەتمـداو، هێشـتمەوە، دێـن.

(ٱلْمُتَكَلِّفِينَ): (التَّكَلُّـفُ: إِسـمٌ لِـمَا يُفْعَـلُ بِمَشَـقَّةٍ، أَو تَصَنُّـعٍ، أَو تَشَـبُّعٍ)، (تَكَلُّـف): نـاوە بـۆ هـەر شـتێک کـە بـە زەحمـەت بکـرێ، یـان بـە (تَصَنُّـع) بکـرێ، کەسـێک شـتێک بـکات کـە هـی خـۆی نەبـێ، (أَو تَشَبُّع): ئەویـش دیسـان ئەویـە کـە کەسـێک زۆر لـە خـۆی بـکاو کارێـک بـکات، کـە پێچەوانـەی سروشـت و عـادەتی بـێ، بۆیـە مـن (مُتَكَلِّفـِيْن) بـە زۆر لەخۆکـەران و، لاف لێـدەران، مانـام کـردوە.

(حِينِۭ): (وَقْـت بلُـوغِ شَيءٍ وَحُصُولُـهُ، وَهُـوَ مُبْهَـمُ المَعْنَـى، وَيَتَخَصَّـصُ بِالمُضَـافِ إِلَيـهِ)، (حِـيْنَ): کاتی گەیشـتنی شـتێک و پەیدابـوونی شـتێکە، لـە ئەصڵـدا (حِـيْنَ) بـە مانـای کات دێ، بـەڵام ماناکـەی نادیـارە، بەهـۆی پـاڵ وێـدراو (مُضَـافُ إِلَيهِ)ەکەیـەوە، ماناکـەی دیـار دەبـێ، ﴿حِينٌ مِّنَ ٱلدَّهْرِ ۝١﴾الإنسـان، یـانی ماوەیـەک لـە ڕۆژگار.

مانای گشتیی ئایەتەکان

خـوا ﷻ لـە کۆتایـی ئـەم سـووڕەتە موبارەکـەدا، ڕوو دەکاتـە پێغەمبـەری خاتـەم موحەممـەد ﷺ و فەرمـانی پـێ دەکات، کـە بفەرمـوێ: ﴿قُلْ إِنَّمَآ أَنَا۠ مُنذِرٌ﴾، بڵـێ: مـن تەنیـا هۆشـیارکەرەوەو ترسـێنەرو وریاکـەرەوەم، چونکـە (الإِنْـذار: إِعْـلامٌ مَـعَ تَخْويـفٍ)، (إِنْـذَار): ئـاگادار کردنەوەیـە لەگـەڵ ترسـاندن دا، بۆیـە زۆرجـار وشـەی (مُنْـذِر) بـە: وریاکـەرەوەو ترسێنەرو هۆشـیارکەرەوە، مانادەکـەم و، جـاری وا هەیـە هەرسـێکیان، جـاری وا هەیـە دووانیـان و، جـاری واهەیـە یەکێکیـان بەکاردێنـم.

(إِنـذار) ئەوەیـە کـە تـۆ لایـەنی بەرانبـەر ئـاگادار بکەیـەوە، بـەڵام ئـاگادار کردنەوەیـەک ترسـاندنی لەگەڵدابـێ، هۆشـیار کردنـەوەی لەگەڵـدا بـێ، وەک نقوڕچکەیەکـی لێبـدەی، وریابـە! ئنجـا خـوا بـە پێغەمبـەر ﷺ دەفەرمـوێ: بڵـێ: مـن

تەنیا وریاکەرەوەو ترسێنەرم، ﴿ وَمَا مِنْ إِلَٰهٍ إِلَّا ٱللَّهُ ٱلْوَٰحِدُ ٱلْقَهَّارُ ﴾، هیچ پەرستراوێک نیە (شایستەی پەرستران بێ) جگە لە خوای تاکی مل پێ کەچکەر.

﴿ رَبُّ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ وَمَا بَيْنَهُمَا ٱلْعَزِيزُ ٱلْغَفَّٰرُ ﴾، پەروەردگارو خاوەنی ئاسمانەکان و زەوی و ئەوەی نێوانیانە، زاڵی لێبوردەیە، زاڵ و باڵادەستە بۆ هەر کەسێک بیەوێ بێ فەرمانیی بکات، بەسەریەوە باڵادەستەو، زاڵە، ﴿ ٱلْغَفَّٰرُ ﴾، زۆر لێبوردەشە بۆ کەسانێک کە بۆ لای بگەڕێنەوەو، داوای لێبوردنی لێ بکەن، بۆ لای پەشێمان ببنەوە.

﴿ قُلْ هُوَ نَبَؤٌاْ عَظِيمٌ ﴾، بڵێ: ئەوە هەواڵێکی مەزنە، وەک دوایی لە مەسەلە گرنگەکاندا باسی دەکەین: زانایان گوتوویانە: ئایا ﴿ هُوَ ﴾ کە ڕاناوە، بۆ کێ و بۆچی دەچێتەوە، ئایا بۆ قورئان دەچێتەوە؟ بڵێ: قورئان هەواڵێکی مەزنە، یان بۆ ڕۆژی دوایی دەچێتەوە؟ ئەوە هەواڵێکی مەزنە، کە ڕۆژی دوایی دێ، ئنجا ڕۆژی دوایی، ئایا مەبەست پێی قۆناغی یەکەمە، کە ئاخیر زەمان و کۆتایی هاتنی ئەم ژیانە دنیاییەیە؟ یاخود مەبەست پێی قۆناغی دووەمە، قیامەت و زیندووکرانەوەو لێپرسینەوە؟ یان ئایا مەبەست لەو هەواڵە مەزنە، هەواڵی دروستکرانی ئادەمە (عَلَيْهِ السَّلام)و فەرمان کران بە فریشتان، کە ڕێزی لێ بگرن و کڕنووشی ڕێزگرتنی بۆ بەرن و، سەرپێچیی کردنی ئیبلیسە؟ یاخود هەموو ئەو شتانەیە کە لەم سووڕەتەدا باسکراون؟ یان مەبەست پێی یەکتایی خوایە ﷻ، کە لە ئایەتی پێشوودا باسی کرد؟ یان مەبەست پێی پێغەمبەرایەتیی موحەممەدە ﷺو حاڵەتی وریاکەرەوەو ترساندنی بۆ مرۆڤەکان، وەک هەڵگری دوا پەیامی خوا؟ ئەو ئەگەرانە هەموویان هەن، دواییش لە مەسەلە گرنگەکاندا ڕای خۆمان لەوبارەوە زیاتر دەخەینەڕوو، ﴿ قُلْ هُوَ نَبَؤٌاْ عَظِيمٌ ﴾، بڵێ: ئەوە هەواڵێکی مەزنە.

﴿ أَنتُمْ عَنْهُ مُعْرِضُونَ ﴾، کە ئێوە لێی ڕوو وەرچەرخێنەرن، پشتتێکەرن، چونکە (عُرْض) بە لامل دەگوترێ، (مُعْرِض) کەسێکە لامل بکاتە شتێک، ئینسان کە

ڕووی کـردە شـتێک، مانـای وایـە پەسـندیەتی و، لێـی نزیـک دەبێتـەوە، بـەڵام کـە لامـلی تێکـرد، مانـای وایـە پشـت گوێـی دەخـات.

﴿ مَا كَانَ لِىَ مِنْ عِلْمٍۭ بِٱلْمَلَإِ ٱلْأَعْلَىٰٓ إِذْ يَخْتَصِمُونَ ﴾، مـن زانیارییـم نەبـوو بـە کۆمەڵـی بـاڵا، (مَـلأ) بـە کۆمەڵێـک دەگوتـرێ: کۆمەڵـە مرۆڤێـک، کۆمەڵـە جندێـک، کۆمەڵـە فریشـتەیەک، بـەڵام لێـرەدا مەبەسـت پێـی کۆمەڵێـک فریشـتەیە، کۆمەڵـی بەرزتـر فریشـتەکانن کـە لـە ئاسـمانن، مـن زانیارییـم لـە بـارەی کۆمەڵـی بـاڵاوە نەبـوو ﴿ إِذْ يَخْتَصِمُونَ ﴾، کـە دەکەوتنـە مشـت و مـڕەوە، مشـت و مڕەکەیـان ئەوەبـوو کـە لـە سـوورەتی (البقـرة)دا خـوا بـاسی کـردوە: ﴿ وَإِذْ قَالَ رَبُّكَ لِلْمَلَٰٓئِكَةِ إِنِّى جَاعِلٌ فِى ٱلْأَرْضِ خَلِيفَةً ۖ قَالُوٓا۟ أَتَجْعَلُ فِيهَا مَن يُفْسِدُ فِيهَا وَيَسْفِكُ ٱلدِّمَآءَ وَنَحْنُ نُسَبِّحُ بِحَمْدِكَ وَنُقَدِّسُ لَكَ ۖ قَالَ إِنِّىٓ أَعْلَمُ مَا لَا تَعْلَمُونَ ﴿٣٠﴾ وَعَلَّمَ ءَادَمَ ٱلْأَسْمَآءَ كُلَّهَا ...﴿٣١﴾ ﴾.

ئـەو مشـت و مـڕو پرسـیارکردنەی فریشـتان، دەربـارەی حیکمـەتی ئـەوە کـە بۆچی خـوا ﷻ فریشـتەکان دانانـێ بـە جێنشـین لەسـەر زەوی، بـەڵام مرۆڤێـک دادەنـێ کـە دەگونجـێ خراپەکاریـی تێـدا بـکات، لێـی دەوەشـێتەوە خراپەکاریـی تێـدا بـکات و خوێنـی تێـدا بڕێـژێ، حیکمەتەکـەی چییـە؟ ﴿ يَخْتَصِمُونَ ﴾ مشـت و مـڕ دەکـەن، مەبەسـت پێـی ئەوەیـە.

دەشـگونجێ مەبەسـت لـەو دەمەقاڵێیـە، ئەوەبـێ کـە فریشـتەکان کڕنووشـیان بـرد، ئیبلیسـیش کـە هـەر لـە نێـو ئەوانـدا بـوو، بـەڵام فریشـتە نەبـوو، کڕنـووشی نەبـردو لەگـەڵ خـوای پـەروەردگاردا کەوتـە وتووێـژەوە، دەگونجـێ مەبەسـتیش پێـی ئەوەبـێ.

﴿ إِن يُوحَىٰٓ إِلَىَّ إِلَّآ أَنَّمَآ أَنَا۠ نَذِيرٌ مُّبِينٌ ﴾، هیچـم بـۆلا سرووش ناکـرێ، مەگـەر ئـەوە کـە مـن وریاکـەرەوەو ترسـێنەرێکی ڕوون و ئاشـکرام، یـان ڕوونکـەرەوەو ئاشـکراکەرم، ﴿ مُّبِينٌ ﴾، دەگونجـێ لـە (أَبَـانَ)ی (لازم)ەوە بـێ، واتـە: ڕوون و ئاشـکرا، دەشـگونجێ لـە (أَبـانَ)ی (**متعدِّي**)یـەوە بـێ، واتـە: ڕوونکـەرەوەو ئاشـکراکەر.

﴿ إِذۡ قَالَ رَبُّكَ لِلۡمَلَٰٓئِكَةِ إِنِّي خَٰلِقُۢ بَشَرٗا مِّن طِينٖ ﴾، کاتێ پەروەردگارت بە فریشتانی فەرموو: من بەدیهێنەری مرۆڤێکم لە قوڕێ، واتە: بەدیهێنەری جەستەی مرۆڤێکم، چونکە مرۆڤ وێڕای جەستەکەی، کە لە قوڕ دروست بووە، پێکهێنەرێکی دیکەشی هەیە کە ئەو ئەصڵی مرۆڤەو بریتیە لەو ڕووحە، کە بە فووێکی خوایی چۆتە بەر جەستەی مرۆڤ، واتە: بە شێوەیەکی تایبەت ئەو ڕووحە بە بەر جەستەی مرۆڤدا کراوە، ئنجا چ مرۆڤی یەکەم، کە ئادەمە، پاشان حەووای هاوسەری، چ سەرجەم مرۆڤەکان.

﴿ فَإِذَا سَوَّيۡتُهُۥ وَنَفَخۡتُ فِيهِ مِن رُّوحِي ﴾، ئنجا هەرکات ڕێکمخست، واتە: جەستەکەیم ڕێک خست و ئامادەم کرد کە ڕووحی بەبەردا بکرێ، ﴿ وَنَفَخۡتُ فِيهِ مِن رُّوحِي ﴾، لە ڕووحی خۆشم فووم بەبەردا کرد، واتە: لەو گیانەی کە دروستکراوی تایبەتی خۆمەو، لە جینس و ڕەگەزی ئەو قوڕو ماددەیە نیە، کە جەستەکەی لێ دروستکراوە، بەڵکو ئەو ڕووحە توخمێکی دیکەیەو جۆرە دروستکراوێکی دیکەیە، لە ڕەگەزی قوڕو گڵ و ئاوو ئەوانە نیە، کاتێک کە جەستەکەیم ڕێکخست و لە ڕووحی خۆم کە بە تایبەت دروستم کردوە، فووم بەبەردا کرد، ﴿ فَقَعُواْ لَهُۥ سَٰجِدِينَ ﴾، بۆی بکەونە کڕنووش.

﴿ فَسَجَدَ ٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ كُلُّهُمۡ أَجۡمَعُونَ ﴾، یەکسەر فریشتەکان تێکڕاو، وێکڕا کڕنووشیان برد، ﴿ كُلُّهُمۡ ﴾، بۆ ئەوەیە کە هیچ کامیان لێیان هەڵنەوێردرا، ﴿ أَجۡمَعُونَ ﴾یش بۆ ئەوەیە کە لە یەک کاتدا، کڕنووشیان برد، بۆیە بە تێکڕاو وێکڕا مانام کردوە، فریشتەکان واتە: هەموو ئەو فریشتانەی خوا فەرمانی پێکردن، ئنجا ئایا هەموو ئەو فریشتانەی خوا دروستی کردوون؟ یان ئەو فریشتانە، کۆمەڵە فریشتەیەکی تایبەت بوون؟ لەوەش دا هەردوو ڕایەکان هەن.

﴿ إِلَّآ إِبۡلِيسَ ٱسۡتَكۡبَرَ وَكَانَ مِنَ ٱلۡكَٰفِرِينَ ﴾، جگە لە ئیبلیس خۆی بە زلگرت و لە بێبڕوایان بوو، واتە: بەهۆی خۆ بە زلگرییەکەوە، بوو بە بێبڕوا، یاخود هەر پێشێ بێبڕوا بوو و، لە ئەنجامی بێبڕواییەکەیدا خۆی بە گەورە گرت؟

هـەردوو واتایەکـە هـەن، دەگونجـێ بڵێیـن: خـۆی بـە زلگـرت، بۆیـە بەهـۆی خـۆ بەزلگرییەکەیـەوە، پەلکێش کـرا بـەرەو بێبڕوایـی، یاخـود لـە پێشـدا بێبڕوابـوو، بۆیـە خـۆی بـە زلگـرت.

﴿ قَالَ يَٰٓإِبۡلِيسُ مَا مَنَعَكَ أَن تَسۡجُدَ لِمَا خَلَقۡتُ بِيَدَيَّۖ ﴾، (خـوا) فەرمـووی: ئـەی ئیبلیـس ! چ شـتێک ڕێگـرت بـوو کـە کڕنـووش بـەری بـۆ شـتێک کـە مـن بـە دوو دەسـتی خـۆم دروسـتم کـردوە؟ واتـە: بـە شـێوەی تایبـەت ﴿ أَسۡتَكۡبَرۡتَ أَمۡ كُنتَ مِنَ ٱلۡعَالِينَ ﴾، ئایـا خـۆت بـە زلگـرت؟ یـان هـەر لـە ئەصڵـدا تـۆ بەرزتـری لـەوەی کڕنـووش بـەری؟ واتـە: ئێسـتا خـۆت بـە زلگـرت، یـان هـەر لـە ئەصڵـدا قەناعەتـت وایـە کـە ناگونجـێ تـۆ کڕنـووش بـەری؟!

﴿ قَالَ أَنَا۠ خَيۡرٞ مِّنۡهُ ﴾، گـوتی: مـن لـەو چاکـترم، ﴿ خَلَقۡتَنِي مِن نَّارٖ وَخَلَقۡتَهُۥ مِن طِينٖ ﴾، منـت لـە ئاگـر دروسـت کـردوەو ئـەوت لـە قـوڕێ دروسـت کـردوە، ئیبلیـس تەنیـا تەماشـای جەسـتەکەی کـرد، ئنجـا جەسـتەکەش، کـێ دەڵـێ: ئاگـر لـە قـوڕ باشـترە؟ ئاگـر دەسـووتێنێ و لـە بەیـن دەبـات، بـەڵام قـوڕ دەڕوێنـێ و گەشـە پـێ دەداو بەرهـەم دێنـێ.

بـە هەرحـاڵ دروسـتکراوەکان هەموویـان هـی خـوان، ماددەکان هەموویـان هـی خـوان، خـوا ﷻ جیننـی لـە ئاگـر دروسـت کـردوەو مرۆڤـی لـە قـوڕو لـە گڵ دروسـت کـردوە، ئەگـەر هـەر کامێـک لـە ئاگـر واتـە: بڵێسـەو تیشـک و، قـوڕو گڵ، چاکـتر بـێ لـەوی دیکـە، بـەڵام هیچیـان نـە مرۆڤـەکان نـە جنـد، بـەوەی کـە خـوا لـەو ماددەیـە دروسـتی کـردوون، ئازایەتیـی خۆیـانی تێدانیـە، کەواتـە: نابـێ خۆیـان بـەوە هەڵکێشـن، ئەمـە وێـڕای ئـەوەی کـە مـرۆڤ وەک چۆن جەسـتەیەکی خاکییـە، ڕووحێکی خواییشـە.

﴿ قَالَ فَٱخۡرُجۡ مِنۡهَا فَإِنَّكَ رَجِيمٞ ﴾، (خـوا) فەمـووی: لێـی بچـۆ دەرێ، واتـە: لـە بەهەشـت بچـۆ دەرێ، واپێدەچـێ مەبەسـت پێـی بەهەشـت بـێ، ﴿ مِنۡهَا ﴾، ڕانـاوی مێینەیـە بـۆ بەهەشـت دەچێتـەوە، دەشـگونجێ بـۆ ئاسـمان بچێتـەوە، لـە ئاسـمان

بچۆ دەرێ، یان لە بەهەشت بچۆ دەرێ ﴿ فَإِنَّكَ رَجِيمٌ ﴾، بە دڵنیایی تۆ دوور خراوەی ﴿ رَجِيمٌ ﴾، (فعیل)ی بە مانای (مفعول)ە، تۆ بەردباران کراوی، وەک چۆن کەسێک بەردی پێدادەدرێ و دەر دەکرێ، تۆش ئاوا دوورخراوەی.

﴿ وَإِنَّ عَلَيْكَ لَعْنَتِيٓ إِلَىٰ يَوْمِ ٱلدِّينِ ﴾، بە دڵنیایی نەفرینی منیش لەسەر تۆ تاکو ڕۆژی سزاو پاداشت، واتە: تاکو ئەو ڕۆژەی سزاو پاداشتی تێدا وەردەگیرێنەوە، نەفرین هەر لەسەر تۆ بێ.

﴿ قَالَ رَبِّ فَأَنظِرْنِيٓ إِلَىٰ يَوْمِ يُبْعَثُونَ ﴾، (ئیبلیس) گوتی: پەروەردگارم! مۆڵەتم بدە {بمهێڵەوە لە ژیاندا} تاکو ئەو ڕۆژەی مرۆڤەکان تێیدا هەڵدەستێندرێنەوەو زیندوو دەکرێنەوە.

﴿ قَالَ فَإِنَّكَ مِنَ ٱلْمُنظَرِينَ ﴾، (خوا) فەرمووی: بە دڵنیایی تۆ لە مۆڵەت دراوانی، لە هێڵدراوانی لە ژیاندا.

﴿ إِلَىٰ يَوْمِ ٱلْوَقْتِ ٱلْمَعْلُومِ ﴾، تاکو ڕۆژی کاتی زانراو، واتە: نەک ڕۆژی تێدا زیندووکرانەوە، بەڵکو تاکو ڕۆژی کاتی زاندراو (کاتی زانراو، یانی: ئەو کاتەی تەنیا لەلای خوا زانراوە) کە بریتیە: لە هاتنی ئاخیر زەمان، واتە: تۆ تا ئەو کاتە دەمێنی، نەک تاکو ڕۆژی هەڵسانەوەو زیندوو کرانەوە.

﴿ قَالَ فَبِعِزَّتِكَ لَأُغْوِيَنَّهُمْ أَجْمَعِينَ ﴾، (ئیبلیس) گوتی: سوێند بە عیززەتی تۆ من تێکڕایان بێمراد دەکەم، تێکڕایان بێ ئاکام دەکەم، چونکە (**غاوي**) بە مانای (**ضالّ**) نیە، (**ضال**) یانی: گومڕا، بەڵام (**غاوي**) بە مانای بێمرادو بێ ئاکام و دەستخەڕۆ، یانی: هەموویان دەستخەڕۆ دەکەم و بە مەرەدی خۆمیان دەبەم.

﴿ إِلَّا عِبَادَكَ مِنْهُمُ ٱلْمُخْلَصِينَ ﴾، جگە لە بەندە هەڵبژاردەکانت لەوان، (**مُخلَصِين**) خوێندراویشەتەوە: (**مُخلِصِين**)، واتە: ئەو بەندانەی کە خۆیان بۆ تۆ ساغ کردۆتەوە.

﴿ قَالَ فَٱلْحَقُّ وَٱلْحَقَّ أَقُولُ ﴾، (خوا) فەرمووی: سوێند بە هەق و بەس هەقیش دەڵێم، هەق یانی: چەسپاو، شتێک کە پێچەوانەی واقیع نەبێ و لەگەڵ واقیعدا پڕ بە پێست بێ، واتە: سوێند بە هەق و هەر هەقیش دەڵێم.

﴿ لَأَمْلَأَنَّ جَهَنَّمَ مِنكَ وَمِمَّن تَبِعَكَ مِنْهُمْ أَجْمَعِينَ ﴾، بە دڵنیایی دۆزەخ لە تۆ، واتە: لە تۆو وەچەی شوێنکەوتووت و، لەوانەی لەوان شوێن تۆ دەکەون، دۆزەختان لێ پڕ دەکەم بە تێکڕا.

﴿ قُلْ مَآ أَسْـَٔلُكُمْ عَلَيْهِ مِنْ أَجْرٍ ﴾، لە کۆتاییدا خوا بە پێغەمبەری خاتەم دەفەرموێ ﷺ بڵێ: من هیچ ئەندازەیەک لە کرێتان لەسەری لێ داوا ناکەم، هیچ ئەندازەیەک لە پاداشتی لەسەری (واتە: لەسەر گەیاندنی پەیامی خوا) لە ئێوە داوا ناکەم ﴿وَمَآ أَنَا۠ مِنَ ٱلْمُتَكَلِّفِينَ ﴾، هەروەها من لە زۆر لە خۆکەران و لاف لێدەرانیش نیم، واتە: بارگرانیی و ئەرکتان ناخەمە سەر، من شتێکیش ناڵێم کە شایستەم نەبێ، یاخود لافێک لێنادەم کە وانەبێت.

﴿ إِنْ هُوَ إِلَّا ذِكْرٌ لِّلْعَٰلَمِينَ ﴾، ئەمە تەنیا بیرخەرەوەیە بۆ جیهانییان، ڕاناوەکەی بۆ قورئان دەچێتەوە، ئەم قورئانە تەنیا بیرخەرەوەیە بۆ جیهانییان، یاخود ئامۆژگارییەو پەندو دەرسە، یاخود شەڕەف و ڕێزو حورمەتە بۆیان، بۆ هەموو جیهانییان.

﴿ وَلَتَعْلَمُنَّ نَبَأَهُۥ بَعْدَ حِينٍۭ ﴾، بە دڵنیاییش دوای ماوەیەک هەواڵەکەی دەزانن، واتە: هەواڵەکەی دەزانن کە ئەم قورئانە حەقەو، هەواڵەکەی دەزانن کە ئەو ڕاستییانەی ئەم قورئانە پێی ڕاگەیاندوون، هەق و ڕاستن، ئەو هەواڵە زانیارییتان لەبارەیەوە پەیدادەبێ، بە دڵنیایی، ئنجا دوایی لە مەسەلە گرنگەکانیشدا باسیدەکەین کە ئەمە ئیعجازێکی هەواڵیی مێژوویی تێدایە، چونکە خوا ﷻ شتێکی فەرمووەو، زۆریش بە داکۆکیی لەسەر کردنەوە کە بە دڵنیایی هەواڵەکەی دوای ماوەیەکی کەم دەزانن، ئنجا کاتێک کە خوا وایفەرموە ﷻ:

ئەم ئیسلام و قورئانە، پێغەمبەر ﷺو، شوێنکەوتووانی لە نێو شاخ و داخی شاری مەککەدا گرفتار بووبوون، ئابلۆوقە درابوون، کافرە ملهوڕەکان پێیان وابوو کە ئیسلام هەر شتێکی ناوچەییەو دەتوانن ئەم ڕۆشناییە خەفە بکەن، پێیان وابوو کە لەو چوارچێوەیە ناچێتە دەرێ، لەو بازنە تەسکە، دەرباز نابێ، نەیاندەزانی کە ئەم ئایینە، ئەم قورئانە، ئەم کۆتا پەیامەی خوا ﷻ بۆ بەشەرییەت کە بە پێغەمبەری کۆتاییدا ناردوویەتی ﷺ، بۆ تێکڕای جیهانییانە، نەک تەنیا بۆ خەڵکی مەککەو دەوروبەری، نەک تەنیا بۆ هۆزی قورەیش و هۆزەکانی دیکەی عەرەب، نەک تەنیا بۆ کۆی گەلی عەرەب، بەڵکو بۆ تێکڕای مرۆڤەکانە، بە هەموو نەتەوەکانیانەوە، بە هەموو ڕەنگ و زمانەکانیانەوە، خوا هەواڵی داوەو فەرمووشیەتی بۆتان دەردەکەوێ کە ئەم قورئانە وەک ئێوە گومانی پێ دەبەن، بەو شێوەیە نیە، بەڵکو پەیامێکە خوا بۆ تێکڕای مرۆڤایەتیی و جند ناردوویەتی و، ئەوەش دەچەسپێ، دواییش ئەوەی خواش فەرموویەتی، هاتۆتە دی.



مەسەلە گرنگەکان

مەسەلەی یەکەم:

فەرمـان کـردنی خـوا بـە پێغەمبـەر موحەممـەد ﷺ کـە ڕاییگەیەنـێ: خـۆی تەنیـا هۆشـیارکەرەوەو ترسـێنەرە بـۆ جیهانییـان و، جگـە لـە خـوای تاکـی بـاڵا دەسـتیش، هیـچ پەرسـتراوێکی شایسـتەی پەرسـتران نیـەو، خـوا پـەروەردگارو خـاوەنی ئاسـمانەکان و زەویـی و ئـەوەی نێوانیانـەو، باڵادەسـت و لێبوردەیـە:

خـوای گـەورە دەفەرمـوێ: ﴿ قُلْ إِنَّمَآ أَنَا۠ مُنذِرٌ ۖ وَمَا مِنْ إِلَـٰهٍ إِلَّا ٱللَّهُ ٱلْوَٰحِدُ ٱلْقَهَّارُ ﴿٦٥﴾ رَبُّ ٱلسَّمَـٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ وَمَا بَيْنَهُمَا ٱلْعَزِيزُ ٱلْغَفَّـٰرُ ﴿٦٦﴾ ﴾

شیکردنەوەی ئەم دوو ئایەتە، لە چوار بڕگەدا:

١)- ﴿ قُلْ إِنَّمَآ أَنَا۠ مُنذِرٌ ﴾، بڵێ: من تەنیا وریاکەرەوەو ترسێنەرم، **(أَي: لَسْتُ إِلاَّ مُنْذِرًا)**، من تەنیا ترسێنەرو وریاکەرەوەم، پێشتریش گوتوومانە: **(الإِنْذَارُ: إِعْلَامٌ مَعَ تَخْوِيفٍ)**، **(إِنذار)** ئاگادارکردنەوەیە لەگەڵ ترساندن و بیم دانەبەردا.

ئـەوەش کـە خـوا فەرمـان بـە پێغەمبـەر ﷺ دەکات، ئـەو حەقیقەتـە ڕابگەیەنـێ کـە تەنیـا وریاکـەرەوەو ترسـێنەرو هۆشـیارکەرەوەیە، بـۆ بـەر پـەرچ دانـەوەی قسـەکانی ئەوانەیـە کـە دەیانگـوت: موحەممەد ﷺ جادووگەرە، شـێتە، شـاعیرە، کاهینـە، هەروەها بـۆ ترساندنیشـیانە کـە مـن هاتـووم وریاتـان بکەمـەوە، بتانترسـێنم و هۆشـدارییتان پـێ بـدەم، کـە دنیـا شـاری بـێ خـاوەن نیـەو، ژیـانی مـرۆڤ هـەروا شـتێکی هەوەنتـە نیـە!

٢)- ﴿ وَمَا مِنْ إِلَـٰهٍ إِلَّا ٱللَّهُ ٱلْوَٰحِدُ ٱلْقَهَّارُ ﴾، هیچ پەرستراوێک نیە شایستەی پەرستران بێ، جگە لە خوای تاکی مل پێکەچکەر، یانی: **(وَمَا مِنْ إِلَهٍ حَقٍّ)**، هیچ پەرستراوێکی هەق

و ڕاست و شایستەی پەرستران نیە، جگە لە خوای تاکی مل پێکەچکەر، واتە: هەم تاکەو هاوەڵی نیەو، هەم باڵادەستەو، ملی بە هەموو دروستکراوەکانی کەچکردوەو، هیچیان بێ فەرمانیی ناکەن، لەو نێوەدا تەنیا مرۆڤ دەتوانێ بێ فەرمانیی خوا بکات، دەتوانێ لە فەرمانی خوا دەربچێ، ئەویش خوا ﷻ خۆی ئەو ئازادییەی پێداوە، تاکو پێی تاقی بکاتەوە.

٣)- ﴿ رَبُّ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ وَمَا بَيۡنَهُمَا ﴾، پەروەردگاری ئاسمانەکان و زەویی و ئەوەی نێوانیانە، وشەی ﴿ رَبُّ ﴾، بە مانای پەروەردگار دێ، بە مانای مشوورخۆر دێ، بە مانای خاوەن دێ، بە مانای سەروەرو گەورە دێ، ئنجا خوا پەروەردگارو خاوەن و سەروەری ئاسمانەکان و زەوییە، یانی: دروستکراوەکان هەتا بۆ سەرێ دەڕۆی، هەروەها دروستکراوی هەرە خوارێ کە زەوییە، بە نسبەت ئاسمانەوە، ئەگەرنا بەپێی گەردووناسیی ئێستا، زەوی خڕۆکەیەکە لە نۆ خڕۆکەکەی خۆرو، خۆریش یەکێکە لە ئەستێرەکانی کەهکەشانی کاکێشان، کە زانایان بە مەزەننە دەڵێن: (یەک تریلیۆن) واتە: هەزار ملیار (١,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠) ئەستێرەی تێدا هەیە، وەک خۆری خۆمان و گەورەترو گچکەتر، جگە لەو کەهکەشانەی خۆشمان کە پێی دەگوترێ: ڕێی کاکێشان، یان ڕێی شیری، بە مەزەننە هەندێک دەڵێن: دوو سەد ملیار کەهکەشانی دیکەو هەندێک دەڵێن: یەک تریلیۆن، واتە: هەزار ملیار کەهکەشانی دیکەی وەک ئەوەی ئێمە یان گەورەترو گچکەتر هەیە لە گەردووندا، دیارە ئەوە هەمووی وەک نزیک خستنەوەیی و بە مەزننەیە، ئەوەی کە بە دووربینەکان دەبینرێ، ئەوەش کە دەکەوێتە نێوانیانەوە، یانی: هەرچی دەکەوێتە نێوان ئەو ئاسمانە بەرزانە، تاکو دەگاتەوە زەوی، کە تیرەی گەردوون، وەک پێشتریش باسمان کردوە: بە پازدە ملیار ساڵی تیشکیی، یاخود: بە سێزدە ملیارو حەوتسەد ملیۆن ساڵی تیشکیی، مەزەندە دەکرێ.

٤)- ﴿ ٱلۡعَزِيزُ ٱلۡغَفَّٰرُ ﴾، زاڵی لێبوردەیە، ئەو خوایەی کە خاوەنی عیززەت، واتە: باڵادەستیی و زاڵ بوون و خاوەنی ئەو پەڕی تواناو ویستی ڕەهایە، ﴿ ٱلۡغَفَّٰرُ ﴾، زۆر لێبوردەو چاو پۆش، بەرانبەر بە هەڵەو کەم و کوڕیی بەندەکانی.

مەسەلەی دووەم:

فەرمانکردنی خوا بە پێغەمبەر ﷺ کە ڕاییگەیەنێ قورئان، یان: قیامەت، یاخود: دروستکردنی خوا بۆ ئادەم و فەرمان کردنی بە فریشتەکان کە کڕنووشی ڕێزگرتنی بۆ بەرن، ئا ئەوە هەواڵێکی مەزنە، کە ئەوان لێی بێ ئاگان و، ئەو (واتە: موحەممەد ﷺ) هیچ زانیاریی بە کۆمەڵی باڵای فریشتان نیەو، تەنیا لە ڕێی سرووش بۆ کرانەوە ئاگاداری دروستکرانی ئادەم و، کڕنووش بۆ بردنی فریشتان و، یاخیی بوونی ئیبلیس، کراوەتەوە:

﴿ قُلْ هُوَ نَبَؤٌا عَظِيمٌ ﴿٦٧﴾ أَنتُمْ عَنْهُ مُعْرِضُونَ ﴿٦٨﴾ مَا كَانَ لِيَ مِنْ عِلْمٍ بِالْمَلَإِ الْأَعْلَىٰٓ إِذْ يَخْتَصِمُونَ ﴿٦٩﴾ إِن يُوحَىٰٓ إِلَيَّ إِلَّآ أَنَّمَآ أَنَا۠ نَذِيرٌ مُّبِينٌ ﴿٧٠﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە چوار بڕگەدا:

١)- ﴿ قُلْ هُوَ نَبَؤٌا عَظِيمٌ ﴾، بڵێ: ئەوە هەواڵێکی مەزنە، ئەوە: دەگونجێ مەبەست پێی دابەزێنرانی قورئان و هاتنی قورئان، بێ و، دەگونجێ مەبەست پێی ڕۆژی دوایی بێ و، دەگونجێ مەبەست پێی دروست کرانی ئادەم و فەرمان پێکرانی فریشتان بێ کە کڕنووشی بۆ بەرن و، دەگونجێ مەبەست کۆی ئەو شتانە بێ کە باسکران، ئەوە هەواڵێکی مەزنە.

بەڵام زیاتر واپێدەچێ مەبەست قورئان بێ، کە هەواڵێکی مەزنە لە خواوە ﷻ هەواڵ دەدات بە مرۆڤەکان: بۆچی دروستکراون و، چی چاوەڕێیان دەکات و، حیکمەت لە دروستکرانیان چیەو، چی بکەن و چۆن بکەن؟ ئەوە هەمووی هەواڵی خوایەو هەواڵێکی مەزنیشە، چونکە (**النَّبَأُ: خَبَرٌ ذو فَائِدَةٍ عَظِيمَةٍ يَحْصُلُ بِهِ عِلْمٌ، أَو غَلَبَةُ ظَنٍّ**)، (نَبَأ): بریتیە لە هەواڵێکی سوود بەخشی مەزن کە بەهۆیەوە زانیاریی، یاخود بەلای کەمەوە گومانێکی زاڵ پەیدادەبێ.

٢)- ﴿ أَنتُمۡ عَنۡهُ مُعۡرِضُونَ ﴾، کە ئێوە ڕوو وەرچەرخێنەرن لەو هەواڵە، کە بریتیە لە قورئان، یان بریتیە لە ڕۆژی دوایی، یان بریتیە لە دروستکرانی ئادەم، یان بریتیە لە ئیسلام، یان ئەو ڕاستییانەی کە باسکران، بەڵام زیاتر واپێدەچێ مەبەست قورئان بێ، چونکە هەرچەندە ئەوان پشتیان لە قیامەتیش کردوەو، پشتیان لە ئیسلامیش کردوە، بەڵام زیاتر وا پێ دەچێ مەبەست قورئان بێ، پشتیان لە قورئان کردوە.

٣)- ﴿ مَا كَانَ لِيَ مِنۡ عِلۡمِۭ بِٱلۡمَلَإِ ٱلۡأَعۡلَىٰٓ إِذۡ يَخۡتَصِمُونَ ﴾، هیچ زانیارییەکم نیە بە کۆمەڵی باڵا، کاتێک کە دەکەوتنە دەمەقاڵێ و مشت و مڕەوە، (**المَلأ الأَعْلَى: المَجْلِسُ الأَعْلَى لِلمَلآئِكَه**)، (**المَلأ الأَعلَى**) واتە: کۆڕی باڵای فریشتەکان، مەبەستیش لە (**يَخْتَصِمُون**) دەکەوتنە مشت و مڕەوە، هەندێک دەڵێن: مەبەست ئەوەیە کە فریشتەکان کەوتنە مشت و مڕەو پرسیار کردنەوە لە خوای بەرز، کە پرسیاریان کرد حیکمەتی خوا چییە کە ئادەم کراوە بە جێنشینی خوا لەسەر زەوی؟ یاخود: مەبەست لە مشت و مڕەکە ئەوە بوو کە خوا فەرمان دەکات بە فریشتەکان کڕنووش بەرن بۆ ئادەم و ئیبلیسیش لە نێویاندا دەبێ و، ئەو یاخیی دەبێ، بەڵام فریشتەکان تێکڕاو وێکڕا کڕنووش دەبەن، دوایی لەوبارەوە فەرمایشتێکی پێغەمبەریش دێنین ﷺ.

٤)- ﴿ إِن يُوحَىٰٓ إِلَيَّ إِلَّآ أَنَّمَآ أَنَا۠ نَذِيرٞ مُّبِينٌ ﴾، تەنیا ئەوەم بۆلا سرووش دەکرێ، کە من ترسێنەرێکی ڕوونم، یان ترسێنەرێکی ڕوونکەرەوەم، ﴿ إِلَّآ أَنَّمَآ ﴾، خوێندراویشەتەوە: (**إلاَّ إِنَّمَا أَنَا نَذِيرٌ مُبِين**)، واتە: هەم بە ژێری هەمزەکەو، هەم بە سەری هەمزەکە (**إِنَّما**) و (**أَنَّما**) خوێنراوەتەوە.

کە دەفەرموێ: ﴿ إِن يُوحَىٰٓ إِلَيَّ ﴾، (**أَي: مَا يُوحَى إِلَيَّ مِنَ الأُمُورِ الغَيبِيَّةِ الَّتِي مِنْ جُملَتِها حالُ المَلأَ الأَعلَى، إلاَّ لأَنَّمَا أَنا نَذِيرٌ مُبِينٌ مِن جِهَتِهِ تَعَالَى**)، واتە: سرووش بۆ لای من ناکرێ لەوەی کە بۆم سرووش دەکرێ لە کاروبارە پەنهانەکان، کە لە نێویاندا حاڵی فریشتە باڵاکانە، مەگەر بە هۆی ئەوەوە کە من وشیارکەرەوەو ترسێنەرێکی ڕوونکەرەوە، یاخود ڕوونم لە لایەن خوای بەرزەوە، واتە: تەنها بەهۆی ئەوەوە کە من ترسێنەرو وریاکەرەوەم، سرووشم بۆ دەکرێ.

واتایەکی دیکەی: (**ما يُوحَى إِلَيَّ إلاَّ هَذَا، وَهُوَ أَن أُنذِرَ وَأُبَلِّغَ، وَلا أُفَرِّطَ في ذَلِكَ، أَي: ما أُؤْمَرُ إلاَّ بِهَذَا الأَمرِ وَحْدَهُ، وَلَيْسَ إِلَيَّ غَيرُ ذَلِك**)، یانی تەنیا ئەوەم بۆ سرووش دەكرێ، كە من ئێوە بترسێنم و، ئاگادارتان بكەمەوەو، لەو بارەوە كەمتەرخەمیی نەكەم، تەنیا بەوە فەرمانم پێ دەكرێ و، هیچ شتێكی دیكە عایدی من نیە.

واتە: ئەگەر ئێوە بە قسەی ئاگادار كردنەوەو هۆشیار كردنەوەكەی من نەكەن و لێی بەهرەمەند نەبن، هیچ ئەركێكی دیكەم پێ نەسپێردراوە، ئەوە نەبێت، نەك ئەركی من بێ هیدایەتی ئێوە بدەم و بتانخەمە سەر ڕێی ڕاست: ﴿إِنَّكَ لَا تَهۡدِي مَنۡ أَحۡبَبۡتَ وَلَٰكِنَّ ٱللَّهَ يَهۡدِي مَن يَشَآءُۚ ﴿٥٦﴾﴾ القصص، كە مەبەست لەو هیدایەتە، خستنە سەر ڕێیە، ئەگەرنا ڕێنمایی كردن، دیارە پێغەمبەر ﷺ ڕێنمایی خەڵكی كردوە، بۆیە دەبێ وردبین لە مانای هیدایەت داو، هەمیشە دیقەت بدەین، داخۆ كام لە مانایانی هیدایەت لەگەڵ ئەو وشەیەدا دەگونجێ، لەو سیاقەدا كە تێیدا هاتوە، كەواتە: بە هۆی سرووشكردنی خواوە بۆ لای من، ئەوەی كە زانیومە، زانیومە، ئەگەرنا ئەگەر خوا بۆی سرووش نەكردبام نەمدەزانی، یاخود: ئەوەی بۆم سرووشكراوە، هەر ئەوەیە كە من ئێوە ئاگادار بكەمەوەو بتانترسێنم و كەمتەرخەم نەبم.

لەبارەی ئەوەوە كە باسم كرد، فەرمایشتێكی پێغەمبەر هەیە ﷺ لە بارەی مشت و مڕی فریشتە باڵاكانەوە، پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: {**أَتَانِي اللَّيْلَةَ رَبِّي فِي أَحْسَنِ صُورَةٍ، «أَحْسَبُهُ قَالَ فِي الْمَنَامِ»، قَالَ: يَا مُحَمَّدُ! هَلْ تَدْرِي فِيمَ يَخْتَصِمُ الْمَلَأُ الْأَعْلَى؟ قُلْتُ لَا، فَوَضَعَ يَدَهُ بَيْنَ كَتِفَيَّ حَتَّى وَجَدْتُ بَرْدَهَا بَيْنَ ثَدْيَيَّ أَوْ فِي نَحْرِي، فَعَلِمْتُ ما في السماوات وَالْأَرْضِ، ثُمَّ قَالَ لِي: يَا مُحَمَّدُ هَلْ تَدْرِي فِيمَ يَخْتَصِمُ الْمَلَأُ الْأَعْلَى؟ قُلْتُ نَعَمْ فِي الْكَفَّارَاتِ، وَالْكَفَّارَاتُ: الْمُكْثُ فِي الْمَسَاجِدِ بَعْدَ الصَّلَوَاتِ، وَالْمَشْيُ عَلَى الْأَقْدَامِ إِلَى الْجَمَاعَاتِ، وَإِبْلَاغُ الْوُضُوءِ فِي الْمَكَارِهِ**} (**أخرجه أحمد: ٢٢١٦٢، والترمذي: ٣٢٣٥، وقال: حسن صحيح، والحاكم: ١٩١٣**)، هەر بە بۆنەی

ئـەو رسـتەیەوە کـە دەفەرمـوێ: ﴿ مَا كَانَ لِيَ مِنۡ عِلۡمِۭ بِٱلۡمَلَإِ ٱلۡأَعۡلَىٰٓ إِذۡ يَخۡتَصِمُونَ ﴾، بـەو بۆنەیـەوە ئـەم فەرمایشـتەمان هێنـا.

(پێغەمبـەر ﷺ دەفەرمـوێ:) ئەمشـەو پـەروەردگارم لـە جوانتریـن وێنـەدا هاتـە لام، (ڕاوییەکـە دەڵـێ:) «پێموایـە فەرمـووی: لـە خەونـدا») گـوتی: ئـەی موحەممـەد ! دەزانی کۆمەڵـی بـاڵا لـە چیـدا مشـت و مڕیانـە؟ گوتـم: نەخێـر، ئیدی خوا ﷻ دەسـتی خسـتە سـەر دوو شـانم، تاکـو فێنکاییەکـەی لـە نێـوان دوو مەمکمـدا هەسـتم پێکـرد، یاخـود لـە سـینگمداو، هەرچـی لـە ئاسـمانەکان و زەویـدا هەیـە زانیـم، دوایـی خـوا فەرمـووی: ئـەی موحەممـەد! دەزانی کۆمەڵـی بـاڵا لەبـارەی چییـەوە مشـت و مڕیانە؟ گوتـم: بەڵـێ لەبـارەی کەففارەتانـەوە، (ئـەو شـتانەی کـە گوناهـەکان دەسـڕنەوە)، سـڕەرەوەکانی گوناهیـش بریتیـن لـە مانـەوە لـە مزگـەوت لـەدوای نوێـژەکان {دوای ئـەوەی کـە نوێـژت کـرد بمێنیـەوە}و ڕۆیشـتن بـە پێیـان بـۆ نوێـژی بـە کۆمـەڵ (نوێـژە بـە کۆمەڵـەکان)و، لـە کاتی دەسـتنوێژ گرتنـدا لـە ناڕەحەتییانـدا {ئەگـەر گەرمایـە ئەگـەر سـەرمایە ئەگـەر لەبـەر هەرچـی هەیـە} دەسـتنوێژەکە بـە تەواویـی بگـری.

بێگومـان ئەمـە تەفسـیر نیـە بـۆ ئـەم ئایەتـە موبارەکـە، بـەڵام تیشـکمان بـۆ دەخاتـە سـەر وشـەی ﴿إِذۡ يَخۡتَصِمُونَ﴾، کـە مەبەسـت پێـی مشـت و مـڕو قسـە کـردن و سـەرقاڵ بـوونی فریشـتەکانە، کـە لـە بـاڵان، واتـە: لـە ئاسـمانن.

مەسەلەی سێیەم:

ئاگادارکردنەوەی خوا ﷻ بۆ فریشتان، کە مرۆڤێک لە قوڕێ دروست دەکات، ئنجا هەر کات جەستەکەی تەواو کردو ئامادەی کرد و ڕووحی بەبەردا کرد، کڕنووشی بۆ ببەن، کڕنووش بردنی فریشتانیش و، لاملیی کردنی ئیبلیس و خۆ بە زلگرتنی و، پاساو هێنانەوەی لە وەڵامی پرسیاری خوادا، کە ئەو لە ئادەم چاکترە، چونکە لە ئاگر دروستکراوەو، ئادەم لە قوڕێ، سەرەنجام دەرکرانی لە بەهەشت و نەفرین لێکرانی و، داوای مۆڵەت کردنی ئیبلیس و مۆڵەت درانی و، هەڕەشە کردنی بە گومڕا کردنی مرۆڤەکان، جگە لە بەندە ساغکراوەکانی خواو، سوێند خواردنی خواش ﷻ کە دۆزەخ لە خۆی و شوێنکەوتوانی لە جندو مرۆڤ پڕ دەکات:

﴿ إِذْ قَالَ رَبُّكَ لِلْمَلَٰٓئِكَةِ إِنِّى خَٰلِقٌۢ بَشَرًا مِّن طِينٍ ﴿٧١﴾ فَإِذَا سَوَّيْتُهُۥ وَنَفَخْتُ فِيهِ مِن
رُّوحِى فَقَعُوا۟ لَهُۥ سَٰجِدِينَ ﴿٧٢﴾ فَسَجَدَ ٱلْمَلَٰٓئِكَةُ كُلُّهُمْ أَجْمَعُونَ ﴿٧٣﴾ إِلَّآ إِبْلِيسَ
ٱسْتَكْبَرَ وَكَانَ مِنَ ٱلْكَٰفِرِينَ ﴿٧٤﴾ قَالَ يَٰٓإِبْلِيسُ مَا مَنَعَكَ أَن تَسْجُدَ لِمَا خَلَقْتُ بِيَدَىَّ
أَسْتَكْبَرْتَ أَمْ كُنتَ مِنَ ٱلْعَالِينَ ﴿٧٥﴾ قَالَ أَنَا۠ خَيْرٌ مِّنْهُ خَلَقْتَنِى مِن نَّارٍ وَخَلَقْتَهُۥ مِن طِينٍ ﴿٧٦﴾
قَالَ فَٱخْرُجْ مِنْهَا فَإِنَّكَ رَجِيمٌ ﴿٧٧﴾ وَإِنَّ عَلَيْكَ لَعْنَتِىٓ إِلَىٰ يَوْمِ ٱلدِّينِ ﴿٧٨﴾ قَالَ رَبِّ فَأَنظِرْنِىٓ
إِلَىٰ يَوْمِ يُبْعَثُونَ ﴿٧٩﴾ قَالَ فَإِنَّكَ مِنَ ٱلْمُنظَرِينَ ﴿٨٠﴾ إِلَىٰ يَوْمِ ٱلْوَقْتِ ٱلْمَعْلُومِ ﴿٨١﴾ قَالَ
فَبِعِزَّتِكَ لَأُغْوِيَنَّهُمْ أَجْمَعِينَ ﴿٨٢﴾ إِلَّا عِبَادَكَ مِنْهُمُ ٱلْمُخْلَصِينَ ﴿٨٣﴾ قَالَ فَٱلْحَقُّ وَٱلْحَقَّ
أَقُولُ ﴿٨٤﴾ لَأَمْلَأَنَّ جَهَنَّمَ مِنكَ وَمِمَّن تَبِعَكَ مِنْهُمْ أَجْمَعِينَ ﴿٨٥﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە بیست و یەك بڕگەدا:

١)- ﴿ إِذْ قَالَ رَبُّكَ لِلْمَلَٰٓئِكَةِ إِنِّى خَٰلِقٌۢ بَشَرًا مِّن طِينٍ ﴾، یاد بکەوە کاتێک پەوەردگارت بە فریشتەکانی فەرموو: من دروستکەری بەشەرێکم لە قوڕێ! واتە: (**أُذكُر إذ قالَ رَبُّك للملائكة**)، یاد بکەوە! کاتێک پەروەردگارت بە فریشتانی فەرموو، ئەمە دەگونجێ

تەفسیرو ڕوونکردنەوەی مانای: ﴿إِذۡ یَخۡتَصِمُونَ﴾، بێت، یەکێک لە مانایەکانی ئەوە کە فریشتەکان مشت و مڕ دەکەن، واتە: ئەو مشت و مڕەی لە نێو واندا ڕوویداوە، هەڵبەتە ئەوان کڕنووشیان بردوە، بەڵام ئیبلیسیش کە لەنێو واندا بووەو، ئامادە نەبووە کڕنووش ببات، لێرەدا لە نێو ئەواندا حیساب کراوە، بۆیە ئەو کەوتۆتە دەمەقاڵێی و مشت و مڕو ناکۆکیی لەگەڵ خوای بەرزدا، ئەگەرنا فریشتەکان هەرچەندە پرسیاریان کردوە لە بارەی حیکمەتی دروستکرانی ئادەم و گێڕانی بە جێنشین لەسەر زەوی، لە حاڵێکدا کە خوا فریشتەکانیشی هەن، بەڵام دوایی کە خوا ﷻ بۆی ڕوونکردنەوە، ئەوان کۆتاییان پێ هێناو، چی خوا پێی فەرموون، جێبەجێیان کرد، بەڵام ئیبلیس ئەو حەقیقەتەی کە خوا بۆ فریشتەکانی ڕوونکردبۆوە، بە تەئکید ئەویش زانیویەتی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئامادە نەبوو فەرمانی خوا جێبەجێ بکات و ڕێز لە ئادەم بگرێ.

٢)- ﴿فَإِذَا سَوَّیۡتُهُۥ﴾، هەرکاتێک ڕێکمخست، خوا ﷻ هەم بۆ جەستەی ئادەم وشەی ڕێکخستن (تَسوِيَة)ی بەکارهێناوە، هەم بۆ جەستەی وەچەکەیشی ڕێکخستن و ئامادەکردنی بەکارهێناوە، دوایی باسی ڕووح بەبەردا کردنی کردوە ﴿فَإِذَا سَوَّیۡتُهُۥ﴾، **(أَي: جَعَلْتُ لَهُ الْمُسْتَلزَمَات الَّتِي يَحْتاجُهَا جَسَدِيًّا)**، واتە: هەموو ئەو پێداویستییانەی کە لە ڕووی جەستەییەوە پێویستیی پێینی، بۆم ئامادە کردن.

٣)- ﴿وَنَفَخۡتُ فِیهِ مِن رُّوحِی﴾، لە ڕووحی خۆشم فووم پێداکرد، یانی: لەو ڕووحەی کە دروستکراوی تایبەتی خۆمە، لە شێوەی مادده نیە، لە ڕەگەزی مادده نیە، **(الرُّوحُ: المَخلُوق الخاص الَّذِي يَشتَرِكُ فِيهِ المَلَائِكَةِ وَالإِنسِ وَالجِنّ)** {ئەمە ڕای هەندێک لە زانایانە} ڕووح ئەو دروستکراوە تایبەتییەی کە فریشتەکان و مرۆڤ و جند، تێیدا بەشدارن، فریشتەش کە جەستەکەیان لە ڕووناکیی **(نور)** دروستکراوە، دیارە ڕووحیشیان هەیە، جینێنیش کە جەستەکەیان لە بڵێسەی ئاگر دروستکراوە، بەتەئکید ئەوانیش دەبێت ڕووحیان هەبێ، وا پێدەچێ.

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە ڕووح دروستکراوێکی بەرزی تایبەتە، لە ڕەگەزو لە جۆری مادده نیە، ئایا ئادەم و وەچەکەی ئەو ڕووحەیان چۆن بەبەردا کراوە؟

ئێمە نازانین، (فخر الدين الرازي) قسەیەک دێنێ پێم چاکە لێی بخوازمەوە، لە تەفسیرەکەی خۆیدا[1]، دەڵێ:

(وَأَمَّا كَيْفِيَّةُ نَفْخِ الرُّوحِ، فَاعْلَمْ أَنَّ الْأَقْرَبَ أَنَّ جَوْهَرَ النَّفْسِ، عِبَارَةٌ عَنْ أَجْسَامٍ شَفَّافَةٍ نُورَانِيَّةٍ، عُلْوِيَّةِ الْعُنْصُرِ، قُدْسِيَّةِ الْجَوْهَرِ، وَهِيَ تَسْرِي فِي الْبَدَنِ سَرَيَانَ الضَّوْءِ فِي الْهَوَاءِ، وَسَرَيَانَ النَّارِ فِي الْفَحْمِ، فَهَذَا الْقَدْرُ مَعْلُومٌ، أَمَّا كَيْفِيَّةُ ذَلِكَ النَّفْخِ فَمِمَّا لَا يَعْلَمُهُ إِلَّا اللَّهُ تَعَالَى).

واتە: بەڵام چۆنیەتیی ڕووح بەبەردا کردن، بزانە کە ئەوەی لە هەموویەوە نیزیکترە ئەوەیە: کە چییەتی ڕووح (نَفس)، بریتیە: لە چەند ماددەیەکی ڕوونی نوورانیی بەرز، کە توخمەکەیان زۆر پاکە {کەواتە: کە وشەی (جسم) بەکار دێنێ، مەبەستی پێ ماددە نیە} کە بە جەستەدا دەڕوات وەک چۆن ڕووناکیی بەهەوادا دەڕواو، وەک چۆن ئاگر لە نێو خەڵووزدا هەیە، ئاواش ڕووح لە نێو جەستەدا هەیە، ئەو ئەندازەیە زانراوە، بەڵام چۆنیەتیی ئەو فوو پێداکردنە، جگە لە خوای بەرز کەس نایزانێ.

هەڵبەتە بەوەندەش کە فەخرەددینی ڕازیی گوتوویەتی: وە نەبێ تیشکێکی وای خستبێتە سەر ڕووح، چونکە ڕووح خوا لە بارەیەوە دەفەرموێ: ﴿ وَيَسْـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلرُّوحِۖ قُلِ ٱلرُّوحُ مِنْ أَمْرِ رَبِّى وَمَآ أُوتِيتُم مِّنَ ٱلْعِلْمِ إِلَّا قَلِيلًا ﴿٨٥﴾ ﴾الإسراء، پرسیارت لێدەکەن لە بارەی ڕووحەوە، بڵێ: ڕووح لە کاری پەروەردگارمەو، ئەندازەیەکی کەم نەبێ زانیارییتان پێ نەدراوە.

ئنجا نەک هەر ڕووح زانراو نیە، بەڵکو ژیان (حیاة)یش هەر نازانرێ، کە ژیان لە چڵە گیایەکیشدا هەیە و لە ئەمیبایەکیشدا هەیە، هەروەک لە فیل و کەرگەدەنێکیشدا هەیە، بەڵام ڕووح تەنیا لە مرۆڤدا هەیە، کە بەداخەوە زۆر کەس ئەوە نازانێ، بۆیە بە هەموو دروستکراوەکان هەر دەڵێن: گیان لەبەران،

---

(١) ج٢٦، ص٢٠٨.

یـان گیانـداران، کـە مـن ئـەوەم پـێ هەڵەیـەو دەبـێ بگوتـرێ: ژیانـداران، چونکـە مرۆڤیـش (نوتفـەی مـرۆڤ) ژیـانی تێدایـە، بـەڵام دوای چـوار مانـگ و دە شـەو، دوای ئـەوەی جەسـتەکەی لـە نێـو منداڵدانـدا تـەواو دەبـێ، وەک دەفەرمـوێ، ئنجـا خـوا ڕووحـی بەبـەردا دەکات: ﴿...ثُمَّ أَنشَأۡنَٰهُ خَلۡقًا ءَاخَرَۚ فَتَبَارَكَ ٱللَّهُ أَحۡسَنُ ٱلۡخَٰلِقِينَ ١٤﴾ المؤمنون، وەک لـە سـەرەتای سـوورەتی (المؤمنـون)دا باسـێکی درێژمـان لـەو بـارەوە کـردوە.

کەواتـە: ئـەوەی بـۆ ئێمـە دیـارە، تەنیـا مـرۆڤ ڕووحـی هەیـە، ئـەوەی دیکـە ئـاژەڵ و دڕنـدەو پـەڕەورو ڕووەک و شـیناوردو ئەوانـە، هەموویـان ژیانیـان هەیـە، ئنجـا ژیانیـش پلـە پلەیـە، کـە سـادەترین شـێوەی ژیانیـش، تاکـو ئێسـتا زانیاریـی لـە بەرانبەریـدا دەسـتەپاچەیەو، هیچـی لەبـارەوە بـۆ دەرنەکەوتـوە، وەک ئێمـە لـە دەرسـەکانی ڕابـردوودا لـەو بارەوە شـتمان باسـکردوە، لە مەوسووعەی: (درەوشاوەیی ئیـمان و پووچەڵیـی ئیلحـاد لەبـەر ڕۆشـنایی زگـماک و عەقـڵ و زانسـت و وەحیـی دا) لـەو بـارەوە، زیاتـر قسـەو باسـمان کـردوە

ئنجـا دەفەرمـوێ: ﴿ فَإِذَا سَوَّيۡتُهُۥ وَنَفَخۡتُ فِيهِ مِن رُّوحِي ﴾، ئنجـا کاتێـک جەسـتەکەیم ڕێکخسـت و لـە ڕووحـی خـۆم {لـەو ڕووحـەی دروسـتکراوی تایبـەتی خۆمـەو هـەر خـۆم دەزانـم چۆنـە} فـووم بەبـەردا کـرد.

٥)- ﴿ فَقَعُواْ لَهُۥ سَٰجِدِينَ ﴾، یەکسەر بۆی بە کڕنووشدا بکەون، (**قَعُوا**) کرداری فەرمان (**فعل الأمر**)ە، (**قَع**) یانی: بکەوە، (**قَعُوا**) یانی: بکەون، ﴿ فَقَعُواْ لَهُۥ سَٰجِدِينَ ﴾، واتە: بۆی بە کڕنووشدا بکەون.

٦)- ﴿ فَسَجَدَ ٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ كُلُّهُمۡ أَجۡمَعُونَ ﴾ ئنجا فریشتەکان تێکڕاو وێکڕا کڕنووشیان برد، (**كُلٌّ: للإحاطَةِ، وَأَجمَعُ لِلإجتِماعِ، أَي: سَجَدُوا كُلُّهُم عَن آخِرِهِم فِي وَقتٍ واحِدٍ**)، وشەی (**كُلّ**): ﴿ كُلُّهُمۡ ﴾، بۆ دەورەدانە، ﴿ أَجۡمَعُونَ ﴾یش، بۆ کۆبوونەوەیە، واتە: تێکڕا بێ ئەوەی هیچیان لێ هەڵباوێرڕێن و، وێکڕا بەبێ ئەوەی هیچیان دوا بکەون، لە یەک

کاتدا کڕنووشیان برد، کە بێگومان کڕنووشی ڕێز گرتنە، ئەگەرنا کڕنووشی پەرستن، تەنیا بۆ خوا دەبردرێ.

٧)- ﴿ فَسَجَدَ ٱلْمَلَـٰٓئِكَةُ كُلُّهُمْ أَجْمَعُونَ ﴿٧٣﴾ إِلَّآ إِبْلِيسَ ٱسْتَكْبَرَ وَكَانَ مِنَ ٱلْكَـٰفِرِينَ ﴿٧٤﴾ ﴾، فریشتەکان تێکڕاو وێکڕا کڕنووشیان برد، جگە لە ئیبلیس، ئەو خۆی بە زلگرت و، لە بێبڕوایان بوو، ئەمە دوو واتای هەن - وەک پێشتر گوتمان - :

أ- لە ئەنجامی خۆ بە زلگرتنیدا چووە ڕیزی بێبڕوایانەوە،

ب- پێشتر لە بێبڕوایان بوو، بۆیە خۆی بە زلگرت، واتە: لە بێبڕوایان بوو لە زانیاریی خوادا ﷻ.

٨)- ﴿ قَالَ يَـٰٓإِبْلِيسُ مَا مَنَعَكَ أَن تَسْجُدَ لِمَا خَلَقْتُ بِيَدَىَّ ﴾ (خوا) فەرمووی: ئەی ئیبلیس! چ شتێک ڕێگرت بوو کە کڕنووش بەری بۆ شتێک کە بە دوو دەستی خۆم دروستم کردوە؟ (**أَي: خَلْقاً خَاصّاً دُفْعَةً مُبَاشِرَةً لأَمْرِ التَّكْوِين**)، واتە: بە شێوەیەکی تایبەت دروستم کردبوو، ڕاستەوخۆ بە فەرمانی (ببە) دروستم کردبوو، بەڵام هەندێک لە زانایان گوتوویانە: (**اليَدَان**): دوو سیفەتی خوای بەرزن، هەندێکیش گوتوویانە: (**اليَدَان**): کینایەیە لە دەستەڵاتی خواو، مەبەست پێی گرنگیی پێدانی خوایە بە شێوەی دروستکردنی ئادەم (**عَلَيْهِ السَّلام**) ئەگەرنا خوا ﷻ وشەی (**يَد**)ی بەتاک (مفرد) بەکارهێناوە: ﴿ يَدُ ٱللَّهِ فَوْقَ أَيْدِيهِمْ ﴿١٠﴾ ﴾الفتح، هەروەها بە دووان (**مثنّى**) بەکاری هێناوە: ﴿ بِيَدَىَّ ﴾، کە لە قورئاندا تەنیا لێرەدا هاتووە، بە کۆش بەکاریهێناوە: (**مِمَّا خَلَقَت أَيْدِينَا**) یس - ٧١ -، دەستەکانمان، هەروەک (**عَيْن**)یشی بە تاک بەکارهێناوە، بە کۆش بەکارهێناوە: ﴿ وَلِتُصْنَعَ عَلَىٰ عَيْنِىٓ ﴿٣٩﴾ ﴾طه، ﴿ فَإِنَّكَ بِأَعْيُنِنَا ﴿٤٨﴾ ﴾الطور.

ئنجا لەمەوە دەزانین کە مەبەست لێرەدا ئەوە نیە خوا ﷻ باسی سیفەتێکی خۆی بکات، بەناوی (عَین) و (یَد)، چونکە ئەو وشانە وەک چۆن مانای ڕاستەقینەیان هەیە کە بریتیە: لە (چاو) بۆ ئێمە کە پێی دەبینین، (دەست) کە شتی پێ دەگرین، مانای مەجازییشیان هەیەو، لێرەدا مانا مەجازییەکە مەبەستە،

ئەگەر کەسێک شتێک بکات بەگرنگیی و بایەخ پێدانەوە دەڵێ: بە دەستی خۆم ئەوەم کردوە، بە دەستی خۆم تێمهاویشتوە، ئەمە وەک گرنگیی پێدان و جەختکردنەوە کە لێرەدا ئەوە مەبەستە.

٩)- ﴿ أَسْتَكْبَرْتَ أَمْ كُنتَ مِنَ ٱلْعَالِينَ ﴾، ئایا خۆت بە زلگرت، یاخود هەر پێشتر لە بەرز و لە باڵایان بووی؟ واتە: ئێستا خۆت بە زلگرت، یان هەر وابووی؟

١٠)- ﴿ قَالَ أَنَا۠ خَيْرٌ مِّنْهُ خَلَقْتَنِى مِن نَّارٍ وَخَلَقْتَهُۥ مِن طِينٍ ﴾، گوتی: من لەو چاکترم، منت لە ئاگر دروستکردوەو ئەوت لە قوڕێ دروستکردوە.



دوو هەڵوەستەی گرنگ

ئێمە کاتی خۆی لە سەرەتای سووڕەتی (الأعراف)دا، بەسەرهاتی ئادەم و حەووا (عَلَيْهِمَا السَّلام)، پاشان ئیبلیس و، هەموو ئەو بابەتانەی کە پەیوەندییان بەوانەوە هەیە، بە تەفصیل باسمان کردوون، بەڵام لێرەدا دوو هەڵوەستە دەکەین لە بەرانبەر ئەوەدا کە ئیبلیس دەڵێ: ﴿ أَنَا۠ خَيْرٌ مِّنْهُ ﴾، من لەو باشترم، بەڵگە بە چی دێنێتەوە؟ ﴿ خَلَقْتَنِي مِن نَّارٍ وَخَلَقْتَهُۥ مِن طِينٍ ﴾:

هەڵوەستەی یەکەم: بەڵگە بەوە دێنێتەوە کە ئەو کەرەستەیەی ئەوی لێ دروستبووە، ئاگرە، بەڵام کەرەستەی لێ دروستکرانی ئادەم، بریتییە لە قوڕ، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە خۆ هەڵکێشان بە ڕەچەڵەک و ڕەگەزو دەنگ و زمان و ... هتدەوە، عادەتی شەیتانە! کەسی وا هەیە دەڵێ: من کوڕی فڵانکەسم، بۆیە من لە فڵانکەس چاکترم، نەخێر، کردەوەت چۆنە؟ ئیمانت چۆنە؟ ناخت چۆنە؟ سیفەتەکانت چۆنن؟ بەوە چاک دەبی، یان خراپ دەبی، نەک بابم فڵانکەسە، وەک پێشینان دەڵێن: (کە خۆت کۆسەی، ڕیشی بابت بە تۆ چی)!، یان دەڵێن: (کەس بە مەلەی بابی ناپەڕێتەوە)!

هەڵوەستەی دووەم: ئیبلیس دوای دروستکرانی ئادەم، ئەو خۆ بەزلگریی و بێبڕواییەی تێدادەرکەوتوە، ئەمەش یاسای خوایە لە دنیای بەشەردا، کە لە ڕووداوو لە تەنگانەکاندا، ڕەوشت و ئاکارو مەعدەنی مرۆڤەکان دەردەکەون، بۆیە هەتا خەڵک ئەزموون نەکرێ، دروست و ڕاست نیە حوکمیان دیاریی بکرێ، بە چاک یان بە خراپ، هەر بۆیەش گێڕدراوەتەوە: پیاوێک مەدحی یەکێکی دیکەی کردوە لە لەلای عومەر (خوا لێی ڕازی بێ)، ئەویش گوتوویەتی: ئایا دراوسێی بووی؟ ئەدی مامەڵەت لەگەڵ کردوە؟ ئەدی سەفەرت لەگەڵ کردوە؟ کابرا

گوتوویەتی: نەخێر، گوتوویەتی: نەتناسیوە! بە دراوسێیەتیی ئینسان لە ئینسان حاڵی دەبێ، بە مامەڵەو بازرگانیی دەناسرێ و دەزانرێ: تەماعی، قەناعەتی، حەڵاڵ خۆریی، حەرام خۆریی، هەروەها بەسەفەرێ مرۆڤ دەناسرێ، (**سُمِّيَ السَّفَرُ سَفَراً، لأَنَّهُ يُسْفِرُ عَنْ أَخْلَاقِ الرِّجَال**)، سەفەر بۆیە پێی گوتراوە سەفەر، چونکە ڕەوشت و ئاکاری پیاوان دەردەخات، هەروەها لەو بارەوە شیعرێک هەیە زۆر جوانە، دەڵێ:

لا تَمْدَحَنَّ امرَءاً حَتَّى تُجَرِّبَهُ وَلا تَذُمَنَّهُ مِن قَبلِ تَجرِيبِ
إِنَّ الرِّجَالَ صَنَادِيقٌ مُقَفَّلَةٌ وَما مَفَاتِحُهَا غَيرُ التَّجارِيبِ

واتە: ستایشی کەسێک مەکە، تاکو تاقی نەکەیەوە، هەوەها سەرزەنشتیشی مەکە پێش تاقیکردنەوە،

پیاوان وەک صندووقانی داخراون و، کلیلەکانیان تەنیا ئەزموون کردنەکانن، (ئەزمووونی بکە دەیناسی).

ئنجا خوا ﷻ لە ئەنجامی ئەوەدا کە ئیبلیس بێ فەرمانیی خوا دەکات سزای دەدات:

١١)- ﴿ قَالَ فَٱخۡرُجۡ مِنۡهَا فَإِنَّكَ رَجِيمٞ ﴾، فەرمووی: لێی بچۆ دەرێ، {لە بەهەشت،} بێگومان تۆ نەفرین لێکراوی، دەرکراوی، (**الرَّجِيمُ: أَي المَرْجُوم المَطْرُودٌ**)، بەردبارانکراوو دەرکراو.

١٢)- ﴿ وَإِنَّ عَلَيۡكَ لَعۡنَتِيٓ إِلَىٰ يَوۡمِ ٱلدِّينِ ﴾، بە دڵنیایی نەفرینی منت لەسەر بێ، تاکو ڕۆژی دوایی، واتە: دوورخراوەی لە بەزەیی من.

١٣)- ﴿ قَالَ رَبِّ فَأَنظِرۡنِيٓ إِلَىٰ يَوۡمِ يُبۡعَثُونَ ﴾، گوتی: پەروەردگارم! تاکو ڕۆژی تێدا زیندوو دەکرێنەوە، مۆڵەتم بدەو دوامخە.

١٤)- ﴿ قَالَ فَإِنَّكَ مِنَ ٱلْمُنظَرِينَ ﴾، (خوا) فەرمووی: بە دڵنیایی تۆ لە مۆڵەت دراوانی (أَي: مِنَ المُمْهَلِين، المُؤَخَّرِين)، لە ژیاندا دەهێڵدرێیەوەو چاوەڕێت دەکرێ.

١٥)- ﴿ إِلَىٰ يَوْمِ ٱلْوَقْتِ ٱلْمَعْلُومِ ﴾، (بەڵام) تاکو ڕۆژی کاتی زانراو، واتە: تاکو ئەو ڕۆژەی کە خوا دیارییکردوە بۆ لەبەین بردنی دروستکراوەکان، لە دوای فووی یەکەم، نەک تاکو ڕۆژی زیندووکرانەوە، تاکو ئەو ڕۆژەی دیارییکراوە، کە ئاخیر زەمانی تێدا دێ و ئەم ژیانەی تێدا دەپێچرێتەوە، تاکو مرۆڤێک لەسەر زەوی هەبێ، تۆش هەی، بەڵام کە ئەوان نەمان، تۆش نامێنی.

١٦)- ﴿ قَالَ فَبِعِزَّتِكَ لَأُغْوِيَنَّهُمْ أَجْمَعِينَ ﴾، (ئیبلیس) گوتی: سوێند بە عیززەتی تۆ تێکڕایان بێمراد دەکەم، (**الإِغْوَاءُ: جَعْلُ الإِنْسَانِ غَاوِيَاً، أَي: شَقِيَّاً تَعِيْسَاً وَالغَوايَة: نَتِيجَةُ الضَّلَالِ، كَمَا أَنَّ الرُّشْد نَتِيجَةُ الهِدَايَةِ**) زۆر جاری دیکەش گوتوومانە: زۆر لە توێژەرەوانی قورئان (**غَوَايَة**)یان هەر بە (**ضَلَال**) لێکداوەتەوە، بەڵام وانیەو (**إِغْوَاء**) ئەوەیە کە مرۆڤ (**غاوي**) بکرێ، واتە: بێ بەخت و بێمراد و بێ ئاکام بکرێ، (**غواية**) بەرئەنجامی گومڕاییە، هەر وەک چۆن سەر ڕاستیی (**رشد**) بەرئەنجامی ڕێنماییە، ئیبلیس سوێند بە عیززەتی خوا دەخوات، کە هەموویان بێمراد دەکات، واتە: بە مەرەدی خۆییان دەبات.

١٧)- ﴿ إِلَّا عِبَادَكَ مِنْهُمُ ٱلْمُخْلَصِينَ ﴾، جگە لە بەندە هەڵبژاردەکانت، خوێنراویشەتەوە: (**المُخْلِصِين**)، واتە: بەندە خۆ ساغکەرەوەکانت.

١٨)- ﴿ قَالَ فَٱلْحَقُّ وَٱلْحَقَّ أَقُولُ ﴾، (خوا) فەرمووی: سوێند بە هەق و هەر هەقیش دەڵێم، کە خوێنراویشەتەوە: (**فَالحَقَّ، وَالحَقَّ أَقُول**)، ئنجا ئەگەر (**فَالحَقَّ**) بێ، واتە: (**إِلزَمُوا الحَقَّ، وَالحَقَّ أَقُول**) هەق بگرن و هەر هەقیش دەڵێم، بەڵام ئەگەر ﴿ فَٱلْحَقُّ ﴾، بە بۆر (**ضمة**) بێ، واتە: سوێند بە هەق، ﴿ وَٱلْحَقَّ أَقُولُ ﴾، تەنیا هەقیش دەڵێم.

١٩)- ﴿ لَأَمْلَأَنَّ جَهَنَّمَ مِنكَ وَمِمَّن تَبِعَكَ مِنْهُمْ أَجْمَعِينَ ﴾، بە دڵنیایی دۆزەخ لە تۆو {واتە: لە وەچەی تۆ، لە وەچەی ئیبلیس ئەوانەی شوێن ئیبلیس دەکەون} لەوانەی کە شوێن تۆ دەکەون لەوان (لە مرۆڤان) لە تێکڕاتان پڕ دەکەم، کەواتە: کە دەفەرموێ:

(مِنْكَ وممَّن تبعك منهم أجمعين)، (أَي: مِنْ جِنْسِكَ وَمِمَّن تَبِعَكَ مِن بَنِي آدَم)، لەوانەی کە لە تۆن، لە وەچەی تۆن و شوێن تۆ دەکەون، هەروەها لەوانەی وەچەی ئادەمن و شوێن تۆ دەکەون، دۆزەختان بە تەواویی لێ پڕ دەکەم.

کەواتە: ئەوەی کە وەچەی ئیبلیس بێ، بەڵام شوێن ئیبلیس نەکەوێ، یان وەچەی ئادەم بێ و شوێن ئیبلیس نەکەوێ، ئەوانە سەر فرازن، دیارە پێشتریش باسم کرد کە ئێمە لە سەرەتای سوورەتی (الأَعراف) ئایەتەکانی: (١٠ - ٢٥)دا بە درێژیی باسی بەسەرهاتی ئادەم (عَلَيْهِ السَّلَام) و ئیبلیسمان کردوە، هەروەها لە کتێبی یەکەمی: موسوعة: (الإِسْلَامُ كَمَا يَتَجَلَّى فِي كِتَابِ اللَّه)دا، بە درێژیی لەو بارەوە دواوین.



مەسەلەی چوارەم و كۆتایی:

فەرمـان كـردنی خـوا بـە پێغەمبـەر موحەممـەد ﷺ كـە ڕایبگەیەنـێ: هیـچ كرێیەكیـان لـێ داوا نـاكات و، هیـچ بارگرانییەكـی بۆیـان نیـەو، هیچیـش نـاكات و نالـێ كـە بـۆی لاف لێـدانی لێبـێ، قورئانیـش تەنیـا بیرخەرەوەیـە بـۆ جیهانییـان و بـەم زووانـەش هەواڵـی ڕاسـتەقینەی لەبـارەوە دەزانـن:

﴿ قُلْ مَآ أَسْـَٔلُكُمْ عَلَيْهِ مِنْ أَجْرٍ وَمَآ أَنَا۠ مِنَ ٱلْمُتَكَلِّفِينَ ﴿٨٦﴾ إِنْ هُوَ إِلَّا ذِكْرٌ لِّلْعَٰلَمِينَ ﴿٨٧﴾ وَلَتَعْلَمُنَّ نَبَأَهُۥ بَعْدَ حِينٍۭ ﴿٨٨﴾ ﴾

شیكردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە چوار بڕگەدا:

١)- ﴿ قُلْ مَآ أَسْـَٔلُكُمْ عَلَيْهِ مِنْ أَجْرٍ ﴾، بڵێ: من هیچ كرێیەكتان لەسەری، (واتە: لەسەر گەیاندنی ئەم قورئانەو گەیاندنی پەیامی خوا) لێ داوا ناكەم، هیچ كرێ و پاداشتێكم لێتان ناوێ، هیچ چاوەڕوانییەكم لێتان نیە، ئنجا چۆن دەزانین كە مەبەست پێی قورئانە؟ بە مەقام و ڕەوت (سیاق) دەزانرێ، چونكە باس باسی قورئانە ﴿ قُلْ مَآ أَسْـَٔلُكُمْ عَلَيْهِ مِنْ أَجْرٍ ﴾، لەسەر گەیاندنی ئەم قورئانە كە پێتان دەگەیەنم، هیچ كرێ و پاداشتێكم لێتان ناوێ، چونكە ئەم سوورەتە موبارەكە بە باسی قورئان دەستی پێكردو بە قورئانیش كۆتایی پێ هێنا، شارەزایان گوتوویانە: (**هَذَا رَدُّ العَجُزِ عَلَى الصَّدرِ**)، پێشێ فەرمووی: ﴿ صٓ ۚ وَٱلْقُرْءَانِ ذِى ٱلذِّكْرِ ﴿١﴾ ﴾، لێرەش دەفەرموێ: ﴿ قُلْ مَآ أَسْـَٔلُكُمْ عَلَيْهِ مِنْ أَجْرٍ ﴾، یانی: ئەو قورئانە خاوەن یادخستنەوەیە، یان ئەو قورئانە، خاوەن پلەو پایە بەرزەو، كە پێتان دەگەیەنم هیچ كرێ و پاداشتێكم لێتان ناوێ.

٢)- ﴿ وَمَآ أَنَا۠ مِنَ ٱلْمُتَكَلِّفِينَ ﴾، هەروەها من لە لاف لێدەرانیش نیم و، لە زۆر لەخۆكەران نیم، كە شتێك بڵێم وا نەبێ، یان بمەوێ كارێك بكەم كە لە توانامدا نەبێ، ئنجا كە دەفەرموێ: ﴿ وَمَآ أَنَا۠ مِنَ ٱلْمُتَكَلِّفِينَ ﴾، (**أَفَادَ انْتِفَاء جَمِيعَ التَكَلُّفِ عَنِ النَّبِيِّ ﷺ**)، ئەمە ئەوە دەگەیەنێ كە پێغەمبەری خوا ﷺ هەرچی تەكەللوفە تێیدا نەبووە، (**وَالتَّكَلُّفُ: مُزَاوَلَةُ**

الكُلْفَةِ، وَهُوَ مَا يَشُقُّ عَلَى المَرْءِ عَمَلُهُ وَالتِزَامُهُ، لِكَونِهِ يُحْرِجُهُ، أَو يَشُقُّ عَلَيهِ، وَمادَّةُ التَّفَعُّلِ لِلمَشَقَّةِ)، (تَكَلُّف): بریتیە لە ئەنجام دانی کولفە، کولفەش هەر شتێکە کە کردنی لەسەر مرۆڤ و پێوە پابەندبوونی بوێ و قورس بکەوێ، واتە: سەغڵەتی دەکات و بۆی ناکرێ، صیغەی (تفعّل)یش دەلالەت لەسەر مەشەققەت و ناڕەحەتیی دەکات، کەواتە: ﴿وَمَآ أَنَا۠ مِنَ ٱلۡمُتَكَلِّفِينَ﴾، وەک چۆن ئەوە دەگرێتەوە کە: من کارێک ناکەم، زۆر لە خۆم بکەم و پێم نەکرێ، بەهەمان شێوە ئەوەش دەگرێتەوە کە: من لافێک لێنادەم بە ناهەق و شتێک ناڵێم کە وانەبێ، کەواتە: ئەم قوڕئانە کە دەڵێم فەرمایشتی خوایە، فەرمایشتی خوایەو لەخۆوە واناڵێم و لاف لێدانێکی بۆش نیە، بەڵکو ڕاگەیاندنی هەقێکە.

٣)- ﴿إِنۡ هُوَ إِلَّا ذِكۡرٞ لِّلۡعَٰلَمِينَ﴾، ئەوەی کە دەیڵێم تەنیا بیرخستنەوەیە بۆ هەموو جیهانییان، یاخود شەڕەف و ناوبانگە بۆ هەموو جیهانییان، نە جادوویە، نە شیعرە، نە کەهانەیە، نەواشە کە لە خۆمەوە گوتبێتم و لافم لێدابێ، هیچ کرێتان لە بەرانبەریدا لێ داوا ناکەم، تەنیا بیرخەرەوەیە بۆ هەموو جیهانییان.

٤)- ﴿وَلَتَعۡلَمُنَّ نَبَأَهُۥ بَعۡدَ حِينِۭ﴾، بە دڵنیایی هەواڵەکەشی دوای ماوەیەکی کەم دەزانن، چونکە (حین) (أَي: زَمَنٍ قَصِير)، کاتێکی کورت، ئەمە بە پێی سیاق، ئەگەرنا (حین) یانی: ماوەیەک لە کات، نازانین کەمە، زۆرە، چەندە؟ بەڵام بەپێی سیاق، لێرە کە دەفەرموێ: بە دڵنیایی هەواڵەکەی دەزانن دوای ماوەیەک، واتە: دوای ماوەیەکی کەم، هەواڵ زانینەکەی قوڕئانیش یانی: دەزانن کە ئەم قوڕئانە چ بەرنامەیەکە، چ پەیامێکە، چ بیرخەرەوەیەکە بۆ هەموو جیهانییان، تەنیا بۆ ئێوە نەهاتوە ئەی کافرەکانی قوڕەیش! کافرەکانی مەککە، کافرەکانی عەڕەب، بەڵکو بۆ هەموو مرۆڤایەتیی هاتوە، بگرە بۆ هەموو جیهانییان هاتوە، لەمەودوا بۆتان دەردەکەوێ کە بۆ هەموو جیهانییان هاتوە، چونکە ئەو کاتەی ئەو ئایەتە دابەزیوە، کافرەکانی مەککە پێیان وا بووە کە ئەم قوڕئانەو، موحەممەد ﷺ شتێکی ناوچەییەو، پەیوەستە بە شاری مەککەو دەورو بەریەوە، بەڵام نا، خوا هەر لەو کاتەوە کە ئەم قوڕئانەو پێغەمبەر ﷺ لە نێو چوار چێوەی شاخەکانی مەککەدا گرفتار بوو بوون بەدەست کافرەکانەوە، هەر لەو کاتەوە خوا فەرموویەتی بۆ هەموو جیهانییانە، دواییش بۆ هەموو جیهانییان بوو، وەک خوا فەرمووی بووی.

ئنجا ئەمە ئیعجازێکی مێژوویی هەواڵییە، خوا ﷻ کە لە سەرەتاوە وایفەرمووە، زانیویەتی چی دەکات و، ئەو ئیسلامە چۆن بڵاو دەکاتەوە! ئەگەرنا کێ گرەنتیی و زەمانەتیی ئەوەی دەکرد کە هەر لەوێ بە ساوایی سەر نەنێتەوە، هەر بە نەمامی نەشکێنرێ و کۆتایی پێ نەهێنرێ، لە نێو شاخ و داخی مەککەدا، لە لایەن ئەبوو جەهل و هاووێنەکانیەوە، بەڵام هەر لەوکاتەوە خوا فەموویەتی: نەخێر لەمەودوا هەواڵەکەی دەزانن، کە ئەمە بیرخەرەوەیە بۆ هەموو جیهانییان، تەنیا بۆ ئێوە نەهاتوە، کە دەفەرموێ: ﴿نَبَأَهُۥ﴾، واتە: ئەوەی کە قورئان هەواڵی پێداوە لە ئاگادار کردنەوەو ترساندنی ئێوە، یاخود ﴿نَبَأَهُۥ﴾، یانی: ڕاستیی قورئان و تەواویی قورئان، کە مانای دووەمیان زیاتر پێدەچێ، وەک خوا ﷻ لە سوورەتی (فصلت)دا، دەفەرموێ: ﴿سَنُرِيهِمْ ءَايَٰتِنَا فِى ٱلْءَافَاقِ وَفِىٓ أَنفُسِهِمْ حَتَّىٰ يَتَبَيَّنَ لَهُمْ أَنَّهُ ٱلْحَقُّ ۗ أَوَلَمْ يَكْفِ بِرَبِّكَ أَنَّهُۥ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ شَهِيدٌ ﴿٥٣﴾﴾.

کەواتە: هەتا زانست بەرەو پێشەوە بچێت و، نیشانەکانی خوا لە ئاسۆیەکان و لە نەفسی مرۆڤیشدا زیاتر دەرکەون، ڕاستیی و تەواویی قورئان زیاتر دەردەکەوێ.

خوا بە لوتف و کەرەمی خۆی یارمەتییمان بدات زیاتر لە فەرمایشتەکەی تێبگەین و، باشتر بە هۆی فەرمایشتەکەیەوە پێبگەین، یارمەتییمان بدات کە ئەم قورئانە لە ژیانی تاکیی و، خێزانیی و، کۆمەڵایەتیی و، سیاسیی خۆماندا زیاتر ڕەنگ پێ بدەینەوە، هەم خۆمانی پێ پاک و چاک بکەین، هەم دەوروبەرمانی پێ پاکسازیی و، چاکسازیی بکەین، تاکو هەم لە دنیادا بەختەوەربین، هەم لە دواڕۆژدا سەر فرازبین و، لەسەر بوونەکەمان قەرزدار نەبینەوەو، بەمەرەدی ئەوانە نەچین کە لە ڕۆژی دوایی دا، خۆزگە دەخوازن کە گڵ بوونایە، وەک دەفەرموێ: ﴿...وَيَقُولُ ٱلْكَافِرُ يَٰلَيْتَنِى كُنتُ تُرَٰبًۢا ﴿٤٠﴾﴾النبأ.

خـوا بـە هـۆی قورئانـەوە دڵ و عەقڵـمان زیاتـر ڕۆشـنبکاتەوەو ڕەوشـتمان بەرزتـر بـکات و، یارمەتییمانبـدات چـی قورئـان دەیفەرمـوێ، ئێمـەش بـەو شـێوەیە ڕەفتار بکەیـن، هـەروەک دایکـمان عائیشـە (خـوا لێـی ڕازی بـێ) کاتێـک لـە بـارەی ڕەوشـت و ئـاکاری پێغەمبـەرەوە ﷺ پرسـیاری لێکـراوە، گوتوویـەتی: {كَانَ خُلُقُ نَبِيِّ اللهِ الْقُرْآنُ} (أخرجـه مسـلم: ١٧٧٣، وابـن حبـان: ٢٥٥١)، ڕەوشـتی پێغەمبـەری خـوا ﷺ هەڵسـوکەوتی ئـاکارەکانی بریتـی بـوون لـە قورئـان، قورئـان چـی دەفەرمـوو، پێغەمبەریـش ﷺ وایدەکـرد، خـوا یارمەتییـمان بـدات، ئێمـەش لـە قـەدەر خۆمـان بـەو شـێوەیە بیـن.

لێرەشـدا کۆتایـی بـە تەفسـیری سـوورەتی (ص)، دێنیـن، خـواش پشـتیوان بـێ لەسـەر تەفسـیر کـردنی سـوورەتەکانی قورئـان (إن شـاءالله) بـەردەوام دەبیـن تاکـو تـەواوی دەکەیـن، خـوا بۆمـان ئاسـان بـکات.

سُبحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمدِكَ، أَشهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إلاَّ أَنتَ، أَستَغفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيكَ.



تەفسیری سوورەتی

الزُّمَرِ



دەستپێک

بەڕێـــــزان!

ئەمڕۆ کە (١٢/ی صفر/ی ١٤٤١) کۆچییە، بەرانبەر (٢٠١٩/١٠/١١) زایینی، خوا پشتیوان بێت دەست دەکەین بە تەفسیرکردنی سووڕەتی **(الزمر)**.

وەک عادەتی خۆمان سەرەتا پێناسەو نێوەڕۆک و بابەتەکانی ئەم سووڕەتە موبارەکە دەخەینەڕوو، ئەویش لە حەوت بڕگەدا.

پێناسەی سووڕەتی (الزمر) و بابەتەکانی

یەکەم: ناوی:

ئەم سووڕەتە ناوی سووڕەتی (الزمر)ە، لە ڕۆژگاری پێغەمبەریشدا ﷺ هەر بەو ناوە ناسراوە، وەک لە چەند دەقێکی سوننەتدا هاتووە، بۆ نموونە:

أ)- {عَنْ عَائِشَةَ رَضِيَ اللهُ عَنْهَا، قَالَتْ: كَانَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ يَصُومُ حَتَّى نَقُولَ مَا يُرِيدُ أَنْ يُفْطِرَ، وَيُفْطِرُ حَتَّى نَقُولَ مَا يُرِيدُ أَنْ يَصُومَ، وَكَانَ يَقْرَأُ فِي كُلِّ لَيْلَةٍ بَنِي إِسْرَائِيلَ وَالزُّمَرِ} (أخرجه النسائي في التفسير: ٤٦٤، وأحمد: ٢٤٤٣٣، تعليق شعيب الأرنؤوط: حديث صحيح دون قوله: «وكان يقرأ» فحسن، والحاكم: ٣٦٢٥ وقال: إسناده صحيح، وابن خزيمة: ١١٦٣).

واتە: دایکمان عائیشە (خوا لێی ڕازی بێ)، دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ جاری وا بوو هێندە بە ڕۆژوو دەبوو، (واتە: ڕۆژووی سوننەت) هەتا دەمانگوت: نایەوێ هیچ ڕۆژان بە ڕۆژوو نەبێ، (واتە: لەسەریەک زۆر بە ڕۆژوو دەبوو)،

جاری واش هەبوو بە ڕۆژوو نەدەبوو هەتا دەمانگوت: لەوانەیە نەیەوێ هیچ ڕۆژووی سوننەت بگرێ (لەو ماوەیەدا) و، لە هەموو شەوێکدا سوورەتی: (**بني إسرائيل و الزمر**)ی دەخوێند.

ب)- {**عَنْ عَائِشَةَ رَضِيَ اللهُ عَنْهَا، قَالَتْ: كَانَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ لَا يَنَامُ حَتَّى يَقْرَأَ الزُّمَرَ وبَنِي إِسرائِيلَ**} (**أخرجه: الترمذي: ٢٩٢٠، ٣٤٠٥، وَصَحَّحَهُ الألباني**).

واتە: دایکمان عائیشە (خوا لێی ڕازی بێ)، دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ هیچ شەوێک نەدەخەوت، تاکو سوورەتی (**الزمر**)و سوورەتی (**بني إسرائيل**)، {واتە: سوورەتی (**الإسراء**)ی} نەخوێندبان.

بەڵام هەندێکیش ناوی (**سورة الغرف**)یان وێڕای سوورەتی (**الزمر**) بۆ بەکارهێناوە، لەبەر ئەوەی لەم سوورەتەدا وشەی (**غرف**)یشی تێدایە، وەک چۆن وشەی (**زمر**)ی تێدایە.

دووەم: شوێنی دابەزینی:

ئەم سوورەتە مەککەییە، هەرچەندە هەندێک ئایەتیان لێ هەڵاواردوون، وەک:

أ)- ﴿قُلۡ يَٰعِبَادِيَ ٱلَّذِينَ أَسۡرَفُواْ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمۡ لَا تَقۡنَطُواْ مِن رَّحۡمَةِ ٱللَّهِۚ إِنَّ ٱللَّهَ يَغۡفِرُ ٱلذُّنُوبَ جَمِيعًاۚ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلۡغَفُورُ ٱلرَّحِيمُ﴾.

ب)- ﴿ٱللَّهُ نَزَّلَ أَحۡسَنَ ٱلۡحَدِيثِ كِتَٰبًا مُّتَشَٰبِهًا مَّثَانِيَ تَقۡشَعِرُّ مِنۡهُ جُلُودُ ٱلَّذِينَ يَخۡشَوۡنَ رَبَّهُمۡ ثُمَّ تَلِينُ جُلُودُهُمۡ وَقُلُوبُهُمۡ إِلَىٰ ذِكۡرِ ٱللَّهِۚ ذَٰلِكَ هُدَى ٱللَّهِ يَهۡدِي بِهِۦ مَن يَشَآءُۚ وَمَن يُضۡلِلِ ٱللَّهُ فَمَا لَهُۥ مِنۡ هَادٍ﴾.

بەڵام هیچ بەڵگەیەکی دڵنیاکەر لەو بارەوە نیە، کە ئەو ئایەتانەش مەککەیی نەبن.

ئنجا بە پێی ئایەتی: ﴿ قُلْ يَـٰعِبَادِ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ٱتَّقُوا۟ رَبَّكُمْ ۚ لِلَّذِينَ أَحْسَنُوا۟ فِى هَـٰذِهِ ٱلدُّنْيَا حَسَنَةٌ ۗ وَأَرْضُ ٱللَّهِ وَٰسِعَةٌ ۗ إِنَّمَا يُوَفَّى ٱلصَّـٰبِرُونَ أَجْرَهُم بِغَيْرِ حِسَابٍ ﴾، دەبێ ئەم سوورەتە موبارەکە لە ساڵی پێنجی پێغەمبەرایەتییدا دابەزیبێ، چونکە لەو ساڵەدا ژمارەیەک لە هاوەڵان (خوا لێیان ڕازی بێ) لە پیاوان و ئافرەتان، کۆچیان کرد بۆ حەبەشە، بە ڕێنماییکردنی پێغەمبەر ﷺ، لەو ئایەتە موبارەکەشدا باسی کۆچکردنی مسوڵمانان کراوەو، یەکەم کۆچی مسوڵمانانیش لە مەککەوە بووە بۆ حەبەشەو، کۆچەکەش دوو جاران بووە، جارێکیان لە ساڵی پێنجەمداو، ئەوی دیکەشیان لە ساڵێکی دواتردا، کاتێک لە حەبەشە هەواڵیان پێ دەگات کە قورەیش مسوڵمان بوون، دەگەڕێنەوە، بەڵام کە دێنەوە، دەزانن هەواڵەکە ڕاست نیە، ئیدی دووبارە دەچنەوە بۆ حەبەشە، ئەوەش پێیگوتراوە: کۆچی دووەم.

سێیەم: ڕیزبەندیی لە موصحەف و لە دابەزین دا:

لە ڕیزبەندیی دابەزین (**ترتيب النزول**)دا، ئەم سوورەتە موبارەکە ژمارەکەی (٩٥)ە، دوای سوورەتی (**سبأ**)و پێش سوورەتی (**غافر**) دابەزیوە، لە ڕیزبەندیی موصحەفیشدا ژمارە (٣٩)یە.

چوارەم: ژمارەی ئایەتەکانی:

لە لای زانایانی کووفەیی: (٧٥) ئایەتەو، لە لای زانایانی مەدینەو مەککەو بەصرە: (٧٢) ئایەتەو، لە لای زانایانی شامیش بە (٧٣) ئایەت دانراوە، کە ژمارەی (٧٥) تەبەنیی کراوە، لەو موصحەفانەی کە ئێستا لەبەر دەستماندان.

پێنجەم: نێوەڕۆكی:

لە ڕووی نێوەڕۆكەوە، ئەم سووڕەتە موبارەكە، هەمان نێوەڕۆكی قورئانی مەككەییە، كە ئێمە لە سەرەتای تەفسیركردنی سووڕەتی (**الأنعام**)دا، لە بارەی قورئانی مەككەیی بە تایبەت و، مەدینەییەوە بە گشتیی، قسەمان كردوە، قورئانی مەككەییش تەوەرە سەرەكییەكانی كە جەختیان لەسەر دەكاتەوە، ئەمانەن:

١- بووناسیی، كە بوون (وجود) بە بەدیهێنەرو بەدیهێنراوەو، بە ئەرزو ئاسمانەوەو، بە مرۆڤ و دەوروبەریەوە، چییەو چۆنەو، بۆچی دروستكراوەو ئامانج و حیكمەت لێی چییە؟.

٢- ئیمان بە خواو، بە ڕۆژی دوایی و، ئیمان بە فریشتەكانی خواو، بە كتێبەكانی خواو، بە پێغەمبەرانی.

٣- سەرەنجامی خێری ئەهلی ئیمان و، ئاكامی شوومی ئەهلی كوفر لە دنیاو دواڕۆژدا.

٤- باسی سزای خوا لە ڕۆژی دواییدا، كە لە دۆزەخدا بەرجەستە دەبێ و، پاداشتی خوا لە ڕۆژی دوایی دا، كە لە بەهەشتدا بەرجەستە دەبێ، بەڵام لە ڕووی بایەخ پێدانی زیاترەوە، ئەم سووڕەتە موبارەكە باسی سێ بابەتی سەرەكیی تێدا كراوە:

أ)- باسی تەنیا خواپەرستیی (**تَوْحِيدُ الله**)، كە پانتاییەكی زۆری داگرتوە.

ب)- باسی قورئان لە شەش شوێندا كراوە، دووبارە بۆتەوە، هەرجارە بە شێوازێك.

ج)- باسی ڕۆژی دوایی، ئەویش دیسان پشك و بەشێكی باشی پێبڕاوە.

شەشەم: تایبەتمەندییەكانی:

١- بە ڕای زۆربەی زانایان، ئومێد بەخشترین ئایەت، لەم سووڕەتە موبارەكەدا هاتوە بۆ مرۆڤەكان بە گشتیی و، گوناهباران بە تایبەتی، كە هەموو مرۆڤەكانیش كەم و زۆر

گوناهیان هەیە، ئەویش ئایەتی ژمارە (٥٣)یە، کە خوا ﷻ دەفەرمویٚ: ﴿قُلْ يَٰعِبَادِىَ ٱلَّذِينَ أَسْرَفُوا۟ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمْ لَا تَقْنَطُوا۟ مِن رَّحْمَةِ ٱللَّهِ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ يَغْفِرُ ٱلذُّنُوبَ جَمِيعًا ۚ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلْغَفُورُ ٱلرَّحِيمُ ﴿٥٣﴾﴾.

٢- بەکارهێنانی وشەی (سِيْق)، بۆ هەر کام لە بێبڕوایان و پارێزکاران، لە ئایەتەکانی: (٧١و ٧٣)دا، تەنیا لەم سووڕەتەدا هاتوە.

٣- بەکارهێنانی تەعبیری: ﴿يُكَوِّرُ ٱلَّيْلَ عَلَى ٱلنَّهَارِ وَيُكَوِّرُ ٱلنَّهَارَ عَلَى ٱلَّيْلِ﴾، واتە: شەوگار بەسەر ڕۆژگاردا دەپێچیٚ و، ڕۆژگار بەسەر شەوگاردا دەپێچیٚ، کە ئەمیش تەنیا لەم سووڕەتە موبارەکەدا هاتوە، بەڵێ وشەی (تكوير) بەکارهاتوە: ﴿إِذَا ٱلشَّمْسُ كُوِّرَتْ ﴿١﴾﴾التكوير، بەڵام ئەو تەعبیرە (**يكوِّر**) تەنیا لێرەدا هاتوە.

٤- بەکارهێنانی تەعبیری: ﴿مَا نَعْبُدُهُمْ إِلَّا لِيُقَرِّبُونَآ إِلَى ٱللَّهِ زُلْفَىٰٓ﴾، کە هاوبەش بۆ خوا دانەرەکان بەوە پاساوی هەڵوێستی هاوبەش بۆ خوادانەرانەی خۆیان دەدایەوە، دەیانگوت: ئێمە تەنیا بۆیە دەیانپەرستین، تاکو لە خوامان نیزیک بخەنەوە.

٥- بەکارهێنانی تەعبیری: ﴿وَأَنزَلَ لَكُم مِّنَ ٱلْأَنْعَٰمِ ثَمَٰنِيَةَ أَزْوَٰجٍ﴾، ئەم تەعبیرەش تەنیا لێرەداو، لە ئایەتی ژمارە (٦)دا هاتوە، واتە: خوا ﷻ لە ئاژەڵان هەشت جووتی بۆ ناردوونە خوار، واتە: لە ڕەشە وڵاخ دووان: (نێرو مێ) گاو مانگاو، لە مەڕ دووان: بەران و مەڕو، لە بزن دووان: بزن و نێری و، لە حوشتریش دووان: (**ناقة**) و (**جمل**).

٦- بەکارهێنانی تەعبیری: ﴿ٱلَّذِينَ يَسْتَمِعُونَ ٱلْقَوْلَ فَيَتَّبِعُونَ أَحْسَنَهُۥٓ﴾، ئەوانەی گویٚ بۆ هەموو قسەیەک هەڵدەخەن، بەڵام شوێن باشترینی دەکەون، تەنیا لەم سووڕەتەدا هاتوە، لە ئایەتی ژمارە: (١٨)دا.

٧- پێناسەکردنی قوڕئان بە دە (١٠) وەسفی گەورەو گرنگ، لە یەک ئایەتدا کە خوا دەفەرمویٚ: ﴿ٱللَّهُ نَزَّلَ أَحْسَنَ ٱلْحَدِيثِ كِتَٰبًا مُّتَشَٰبِهًا مَّثَانِىَ تَقْشَعِرُّ مِنْهُ جُلُودُ ٱلَّذِينَ يَخْشَوْنَ رَبَّهُمْ ثُمَّ تَلِينُ جُلُودُهُمْ وَقُلُوبُهُمْ إِلَىٰ ذِكْرِ ٱللَّهِ ۚ ذَٰلِكَ هُدَى ٱللَّهِ

يَهْدِى بِهِۦ مَن يَشَآءُ ۚ وَمَن يُضْلِلِ ٱللَّهُ فَمَا لَهُۥ مِنْ هَادٍ ﴾، ئەمەش ئایەتی ژمارە (٢٣) یە، کە لە هەموو قورئاندا تەنیا ئایەتێک کە دە (١٠) وەسفی قورئانی گرتبنە خۆی، تەنیا ئەو ئایەتەیە.

٨)- ڕاگەیاندنی ئەوە کە موحەممەد ﷺ دەمرێ، وەک چۆن نەیارەکانیشی دەمرن، ئەویش تەنیا لەم سوورەتەدا هاتوە، لە ئایەتی ژمارە (٣٠)دا: ﴿ إِنَّكَ مَيِّتٌ وَإِنَّهُم مَّيِّتُونَ ﴿٣٠﴾ ﴾.

٩)- باسی مرێندرانی مرۆڤان لە کاتی خەوتنیاندا، لە ئایەتی ژمارە (٤٢)دا: ﴿ ٱللَّهُ يَتَوَفَّى ٱلْأَنفُسَ حِينَ مَوْتِهَا وَٱلَّتِى لَمْ تَمُتْ فِى مَنَامِهَا ﴾.

١٠)- باسی لە چەنگ گرتنی خوا بۆ زەویی و، بە دەستی ڕاست پێچانەوەی ئاسمانەکان، ئەمیش لە ئایەتی (٦٧)دا هاتوە: ﴿ وَمَا قَدَرُوا۟ ٱللَّهَ حَقَّ قَدْرِهِۦ وَٱلْأَرْضُ جَمِيعًا قَبْضَتُهُۥ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ وَٱلسَّمَٰوَٰتُ مَطْوِيَّٰتٌۢ بِيَمِينِهِۦ ۚ سُبْحَٰنَهُۥ وَتَعَٰلَىٰ عَمَّا يُشْرِكُونَ ﴾.

حەوتەم: دابەشکردنی بۆ چەند دەرسێك:

ئـەم سـوورەتەمان دابەشـکردوە بـۆ شـەش کۆمەڵـە ئایـەت، کـە هـەر کۆمەڵـە ئایەتێـک لـە دەرسـێکدا شـیی دەکەینـەوەو، واتـاو چەمکەکانیـان ڕوون دەکەینـەوە:

دەرسـی یەکـەم: ئایەتـەکانی: (١ - ٩) دەگرێتـەوە، واتـە: نۆ (٩) ئایەت و هەر سێک تەوەرەکـەی: یەکتایـی خـوا لـە پەرسـتراندا و، لـە بەدیهێنەرایەتیـی و، پەروەردگارێتیـی و، خاوەندارێتیـی دا، پاشـان پێغەمبەرایەتیـی و وەحیـی و، ڕۆژی دوایـی، لـەم نـۆ (٩) ئایەتـەی سـەرەتای ئـەم سـوورەتە موبارەکـەدا توێژراونەوە.

دەرسی دووەم: ئایەتـەکانی: (١٠ - ٢١)، واتـە: دوازدە (١٢) ئایـەت، بـاسی خـوا بەیەکگرتـن و شـیرک و، سـەرەنجامی هەردووکیـان لـە دنیـاو لـە دواڕۆژدا.

دەرسی سێیەم: ئایەتەکانی: (٢٢ - ٤٠)، واتە: نۆزدە (١٩) ئایەت، باسی قورئان و کاریگەریی و، باسی تەوحیدو پشت ئەستوور بوونی تەوحیدو تەنیا خواپەرستیی بە بەڵگەو، بێ بنەمایی و پووچەڵیی شیرک.

دەرسی چوارەم: ئایەتەکانی: (٤١ - ٥٢)، واتە: دوازدە (١٢) ئایەت، باسی قورئان و، خوا بەیەکگرتن و، سەرەنجامی شیرک و ... هتد.

دەرسی پێنجەم: ئایەتەکانی: (٥٣ - ٦٧)، واتە: پازدە (١٥) ئایەت، باسی گەڕانەوە بۆ لای خواو، ڕۆژی دوایی و، تەوحیدو، تەنیا خواپەرستیی، ئنجا باسی ئەوە کە هەر کەسێک هاوبەش بۆ خوا دابنێ، کردەوەکانی هەڵدەوەشێتەوەو، تەنانەت ئەگەر گریمان پێغەمبەری خواش بێ ﷺ کە ئەوە مەحاڵەو، دواییش باسی مەزنیی خواو، حوکمڕانێتیی ڕەهاو دەستڕۆیشتوویەتیی بێ سنووری کراوە.

دەرسی شەشەم: ئایەتەکانی: (٦٨ - ٧٥)، واتە: هەشت (٨) ئایەت، باسی ئاخیر زەمان و کۆکردنەوەو لێپرسینەوەو، بەڕێکرانی بێبڕوایان بەرەو دۆزەخ پۆل پۆل و، پارێزکارانیش دیسان بەڕێکرانیان بە حورمەت و ڕێزەوە بەرەو بەهەشت، پۆل پۆل.




AliBapir
archive.org/details/@alibapir
www.alibapir.net

دەرسی یەكەم


AliBapir/عەلی باپیر
AliBapir/عەلی باپیر
archive.org/details/@alibapir
AliBapir
www.alibapir.net



پێناسەی ئەم دەرسە

ئەم دەرسەمان لە نۆ (٩) ئایەتی سەرەتای ئەم سوورەتە پێکهاتوە، ئایەتەکانی: (١ - ٩)، کە خوا ﷻ پێناسەیەکی کورتی قورئان دەکات، دوایی فەرمان بە پێغەمبەری خاتەم ﷺ دەکات، بە پەرستنی ساغ و بێ خلتەی خوا.

پاشان ڕەخنە لە هاوبەش بۆ خوادانەران گیراوە، کە بە هیوای نیزیکخستنەوەیان لە خواوە، پەرستراوەکانیان دەپەرستن.

دوایی باسی نەگونجانی ڕۆڵە بۆ خوا کراوە، پاشان باسی ئەوە کراوە کە خوا ئاسمانەکان و زەوی بە هەق دروست کردوون و، شەوگارو ڕۆژگاریش بە دەوری یەکدا دەپێچێ.

ئنجا باسی دروستکرانی مرۆڤان لە یەک باب و دایک و، دابەزێنرانی هەشت جووت لە ئاژەڵان کراوەو، دوایی باسی نارازیبوونی خوا لە کوفرو، پەسند کردنی بۆ ئیمان و سوپاسگوزاریی بۆ مرۆڤەکان کراوە، دوایش بەراوردێک لە نێوان بابای بێبڕوای سپڵەو نەزان و، بڕواداری خواپەرست و زاناو دانادا، کراوە.

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ

﴿تَنزِيلُ الْكِتَابِ مِنَ اللَّهِ الْعَزِيزِ الْحَكِيمِ ﴿١﴾ إِنَّا أَنزَلْنَا إِلَيْكَ الْكِتَابَ بِالْحَقِّ
فَاعْبُدِ اللَّهَ مُخْلِصًا لَّهُ الدِّينَ ﴿٢﴾ أَلَا لِلَّهِ الدِّينُ الْخَالِصُ ۚ وَالَّذِينَ اتَّخَذُوا مِن دُونِهِ
أَوْلِيَاءَ مَا نَعْبُدُهُمْ إِلَّا لِيُقَرِّبُونَا إِلَى اللَّهِ زُلْفَىٰ إِنَّ اللَّهَ يَحْكُمُ بَيْنَهُمْ فِي مَا هُمْ فِيهِ
يَخْتَلِفُونَ ۗ إِنَّ اللَّهَ لَا يَهْدِي مَنْ هُوَ كَاذِبٌ كَفَّارٌ ﴿٣﴾ لَّوْ أَرَادَ اللَّهُ أَن يَتَّخِذَ
وَلَدًا لَّاصْطَفَىٰ مِمَّا يَخْلُقُ مَا يَشَاءُ ۚ سُبْحَانَهُ ۖ هُوَ اللَّهُ الْوَاحِدُ الْقَهَّارُ ﴿٤﴾ خَلَقَ

ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَ بِٱلۡحَقِّۖ يُكَوِّرُ ٱلَّيۡلَ عَلَى ٱلنَّهَارِ وَيُكَوِّرُ ٱلنَّهَارَ عَلَى ٱلَّيۡلِۖ
وَسَخَّرَ ٱلشَّمۡسَ وَٱلۡقَمَرَۖ كُلّٞ يَجۡرِي لِأَجَلٖ مُّسَمًّىۗ أَلَا هُوَ ٱلۡعَزِيزُ ٱلۡغَفَّٰرُ
﴿٥﴾ خَلَقَكُم مِّن نَّفۡسٖ وَٰحِدَةٖ ثُمَّ جَعَلَ مِنۡهَا زَوۡجَهَا وَأَنزَلَ لَكُم مِّنَ ٱلۡأَنۡعَٰمِ ثَمَٰنِيَةَ
أَزۡوَٰجٖۚ يَخۡلُقُكُمۡ فِي بُطُونِ أُمَّهَٰتِكُمۡ خَلۡقٗا مِّنۢ بَعۡدِ خَلۡقٖ فِي ظُلُمَٰتٖ ثَلَٰثٖۚ ذَٰلِكُمُ ٱللَّهُ
رَبُّكُمۡ لَهُ ٱلۡمُلۡكُۖ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَۖ فَأَنَّىٰ تُصۡرَفُونَ ﴿٦﴾ إِن تَكۡفُرُواْ فَإِنَّ ٱللَّهَ غَنِيٌّ عَنكُمۡۖ
وَلَا يَرۡضَىٰ لِعِبَادِهِ ٱلۡكُفۡرَۖ وَإِن تَشۡكُرُواْ يَرۡضَهُ لَكُمۡۗ وَلَا تَزِرُ وَازِرَةٞ وِزۡرَ أُخۡرَىٰۗ ثُمَّ إِلَىٰ
رَبِّكُم مَّرۡجِعُكُمۡ فَيُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمۡ تَعۡمَلُونَۚ إِنَّهُۥ عَلِيمُۢ بِذَاتِ ٱلصُّدُورِ ﴿٧﴾ وَإِذَا
مَسَّ ٱلۡإِنسَٰنَ ضُرّٞ دَعَا رَبَّهُۥ مُنِيبًا إِلَيۡهِ ثُمَّ إِذَا خَوَّلَهُۥ نِعۡمَةٗ مِّنۡهُ نَسِيَ مَا كَانَ يَدۡعُوٓاْ
إِلَيۡهِ مِن قَبۡلُ وَجَعَلَ لِلَّهِ أَندَادٗا لِّيُضِلَّ عَن سَبِيلِهِۦۚ قُلۡ تَمَتَّعۡ بِكُفۡرِكَ قَلِيلًاۖ إِنَّكَ مِنۡ أَصۡحَٰبِ
ٱلنَّارِ ﴿٨﴾ أَمَّنۡ هُوَ قَٰنِتٌ ءَانَآءَ ٱلَّيۡلِ سَاجِدٗا وَقَآئِمٗا يَحۡذَرُ ٱلۡأٓخِرَةَ وَيَرۡجُواْ رَحۡمَةَ رَبِّهِۦۗ
قُلۡ هَلۡ يَسۡتَوِي ٱلَّذِينَ يَعۡلَمُونَ وَٱلَّذِينَ لَا يَعۡلَمُونَۗ إِنَّمَا يَتَذَكَّرُ أُوْلُواْ ٱلۡأَلۡبَٰبِ ﴿٩﴾﴾.

مانای دەقاو دەقی ئایەتەكان

بەناوی خوای بەبەزەیی بەخشندە

{دابەزاندنی ئەم كتێبە لە خوای زاڵی كارزانەوەیە ﴿١﴾ ئێمە كتێبمان بە هەق بۆ لات دابەزاندوە، دەجا خوا بپەرستە لە حاڵێكدا كە ساغكەرەوەی گەردنكەچیی دەبی بۆی ﴿٢﴾ ئەها (ئاگاداربن!) ملكەچیی و فەرمانبەریی ساغ و بێ خلتە، تەنیا هی خوایە، (شایستەی كەسی دیكە نیە)، ئەوانەش كە جگە لەوی دۆست و سەرپەرشتیاریان گرتوون (دەڵێن:) تەنیا بۆیە دەیانپەرستین كە پێگەمان لە خوا نیزیك بخەنەوە، بە دڵنیایی لەوەدا كە تێیدا كەوتوونە

ڕاجیاییەوە، خوا دادوەرییان لە نێوان دا دەکات، بێگومان خوا کە سێک کە درۆزن و سپڵەیە ڕاستە ڕێی ناکات ﴿٣﴾ ئەگەر خوا ویستبای ڕۆڵەیەک بگرێ (بۆ خۆی دابینێ)، لەوانە کە دروستیان دەکات، هەرچییەکی ویستبایە (بۆ ئەو مەبەستە) هەڵیدەبژارد! پاکیی بۆ وی (کە ڕۆڵەی هەبێ) ئەو خوای تاکی ملپێکەچکەرە ﴿٤﴾ ئاسمانەکان و زەوی بە هەق هێناونە دی، شەوگار بەسەر ڕۆژگاردا دەپێچێ و، ڕۆژگار بەسەر شەوگاردا دەپێچێ و، خۆرو مانگی دەستەمۆو ملکەچ کردوون، هەر کامیان تاکو کاتێکی ناوبراو (دیارییکراو) دەڕوات، ئەها (وریابن!) ئەو (خوا) زاڵی لێبوردەیە ﴿٥﴾ (ئەی مرۆڤەکان! خوا) لە یەک نەفس دروستیکردوون، دوایی هاوسەرەکەشی لە خۆی دروستکردوە، هەروەها لە ئاژەڵان هەشت جووت (نێرو مێ)ی بۆ دابەزاندوون، (ئێوەش) لە سێ تارییکاییاندا لە نێو سکەکانی دایکانتاندا دروستکران دوای دروستکران (قۆناغ قۆناغ) دروستتان دەکات، ئا ئەو خوایەتان پەروەردگارتانە، حوکمڕانیی تەنیا هی ویە، جگە لەوی هیچ پەرستراوێک نیە، ئەدی بۆچی و چۆن (لە پەرستنی وی) لادەدرێن؟ ﴿٦﴾ ئەگەر بێبڕوابن (ئەی خەڵکینە!) بێگومان خوا لێتان بێ نیازەو، بێبڕواییش بۆ بەندەکانی پەسند ناکات، بەڵام ئەگەر سوپاسگوزاریی بکەن، بۆتانی پەسند دەکات (و پێی خۆشە)و، هیچ کەسێکی گوناهباریش گوناهی کەسێکی دیکە هەڵناگرێ، دواییش گەڕانەوەتان تەنیا بۆ لای پەروەردگارتانەو، هەواڵتان پێدەدات بەوەی دەتانکرد، بێگومان ئەو بە نهێنیی (خاوەنی) سینەکان زانایە ﴿٧﴾ کاتێکیش مرۆڤ (ی بێبڕوا) زیانێکی تووشبوو، بە لە ناخەوە گەڕانەوەوە بۆ لای پەروەردگاری لێی دەپاڕێتەوە، (کەچی) دوایی هەر کات چاکەیەکی لە لایەن خۆیەوە پێدا، ئەوەی پێشتر بۆی دەپاڕایەوە (لە خوا) لەبیری چووو هاوتای بۆ خوا دانان، تاکو (بەو هۆیەوە) (خەڵک) لە ڕێی وی لابدات و گومڕا بکات، بڵێ: ماوەیەکی کەم لە کوفرەکەت بەهرەمەندبە (ئەی بابای بێبڕوا)، بە دڵنیایی تۆ لە هاوەڵانی ئاگری ﴿٨﴾ (ئنجا ئایا بابایەکی وا باشترە)، یان کەسێک کە لە کاتەکانی شەوگاردا بە کڕنووش بردوویی و ڕاوەستاویی (بۆ خوا) ملکەچە،

ترس و لەرزی لە ڕۆژی دوایی هەیەو، بە هیوای بەزەیی پەروەردگاریەتی ؟ بڵێ: ئایا ئەوانەی دەزانن و ئەوانەی نازانن یەکسانن؟ بە دڵنیایی تەنیا خاوەن عەقڵان بیردەکەنەوەو پەند وەردەگرن ﴿٩﴾}.

شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان

(ٱلدِّينُ): (**الدِّيْنُ: يُقَالُ لِلطَّاعَةِ وَالجَزَاء**)، وشەی (**دِيْن**): بە مانای فەرمانبەریی و پاداشت، بە پلەی یەکەم بەکارهێنراوە لە قورئاندا، لێرەدا دەگونجێ بگوترێ: وشەی (**دِيْن**) بە مانای هەڵس و کەوت (**المُعَامَلَة**)، دێ، وەک گوتراوە: (**كَمَا تَدِيْنُ تُدَان**)، واتە: چۆن مامەڵە بکەی، ئاوا حوکمت بەسەردا دەدرێ.

هەروەها وشەی (**دِيْن**): بە مانای ملکەچیی و فەرمانبەریی و پاداشت و پەرستن، دێ.

(ٱلۡخَالِصُ): واتە: ساغ، بێ خڵتە، (**الإِخْلَاصُ الإِمْحَاضُ وَعَدَمُ الشَّوْبِ بِمُغايِرٍ**)، (**إِخْلَاص**): واتە: (**إِمْحَاض**) واتە: ساغکردنەوەو پاککردنەوە، بە شێوەیەک کە ئەو شتە شتی بێگانەو نامۆی تێدا نەبێ.

(زُلۡفَىٰٓ): (**الزُّلْفَى: مَنْزِلَةُ القُرْبِ، لِيُقَرِّبُونَا إِلى اللهِ، زُلْفَى أَي: لِيُقرِّبُوا إِلى اللهِ مَنْزِلَتَنَا**)، بۆ ئەوەی پێگەو پلەمان لە خوا نیزیک بخەنەوە، (**الزُّلْفَى: المَنْزِلَةُ وَالحَظْوَة**)، واتە: پێگەو نیزیکیی.

(يُكَوِّرُ ٱلَّيۡلَ عَلَى ٱلنَّهَارِ): واتە: شەوگار بەسەر ڕۆژگاردا دەپێچێ، (**التَّكْوِيْرُ: اللَّفُّ وَاللَّيُّ، كَوَّرَ العَمَامَةَ عَلَى رَأْسِهِ، إِذَا لَوَّاهَا وَلَفَّهَا**)، (**تكْوِيْر**): بە مانای پێچرانی شتێک دێ بە دەوری شتێکدا، یان بەسەر شتێکدا، دەگوترێ: (**كَوَّرَ العَمَامَةَ عَلَى رَأْسِهِ**) واتە: مێزەرەکەی لەسەری هاڵاند، هەر کاتێک کە لەسەری هاڵاندو بەستی.

(وَلَا يَرۡضَىٰ لِعِبَادِهِ ٱلۡكُفۡرَ): واتە: ڕازی نیە بە بێبڕوایی بۆ بەندەکانی، (**لَا يَرْضَى**:

لَا يَخْتَار) هەڵینابژێرێ و، پێی پەسند نیە، (لَا يُفَضِّلُ) واتە: هەڵینابژێرێ، (لَا يُحِبُّ) واتە: خۆشی ناوێ، (لَا يُحَبِّذُ) واتە: بە چاکی نازانێ، ئەوانە هەموویان دەچنە نێو مانای وشەی: (لَا يَرْضَى)ەوە.

(ضُرٌّ): (الضُّرّ: سُوءُ الحَالِ)، (ضُرّ): بریتیە لە حاڵ خراپیی، یان (مَا فِيْه ضَرَر) هەرچییەک کە زیانی تێدابێ، (ضَرَّهُ، ضَرّاً: جَلَبَ إليْهِ ضَرّاً) زیانێکی بۆ هێنا.

(خَوَّلَهُۥ): (التَّخْوِيلُ: الإِعْطَاءُ وَالتَّمْلِيْكُ دُونَ قَصْدِ عِوَضٍ)، (تَخْوِيل): بریتیە لە پێ بەخشین و خاوەندارکردن، بەبێ مەبەست هەبوونی وەرگرتنەوەی قەرەبوو.

(أَندَادًا): (جَمْعُ نِدّ: وَهُوَ الكُفْءُ)، (نِدّ): بە مانای کوفئە، واتە: هاوتا، کەواتە: (وَجَعَلَ لِلَّهِ أَنْدَاداً) واتە: هاوتایان بۆ خوا دادەنێ.

(قَٰنِتٌ): (أي: عَابِد وَمُطِيْع)، (قَانِت): هەم بە مانای پەرستار دێ، هەم بە مانای ملکەچ دێ، هەروەها بە مانای ڕاوەستاو دێ، لە کاتی تاعەتدا.

(ءَانَآءَ): (جَمْعُ أَنِي مِثْل أَمْعَاء جَمْعُ مَعِي، وَأَقْفَاء جَمْعُ قَفِي، وَالأَنَى: السَّاعَة)، (آنَاء) کۆی (أَنِي)ە، وەک (أَمْعَاء) واتە: ڕیخۆڵەکان، کۆی (مَعِي)ە واتە: ڕیخۆڵەیەک، (أَقْفَاء) واتە: پشتەمل کۆی (قَفِي)ە، (أَنِي) یان (أَنَى) بە مانای ماوەیەک لە کات دێ.

(يَحْذَرُ): (الحَذَرُ: احْتِرَازُ مِنْ مُخِيْفِ)، یان (خَوْفٌ مَعَ احْتِرَازٍ)، خۆپاراستنە لە شتێکی مەترسییلێکراو، یاخود ترسانە وێڕای خۆ وریابوون، دەگوترێ: (حَذَرَ حَذَراً وَحَذَّرْتُهُ: تَحْذِيْراً) واتە: وریابوو بە وریابوون، وریامکردەوەو ئاگادارو هۆشداریم پێیدا.

مانای گشتیی ئایەتەکان

خوا ﷻ لە سەرەتای سووڕەتی (الزمر)دا، چەند بابەتی زۆر گەورەو گرنگ باس دەکات، بەڵام هەموویان لە هەر سێ تەوەری: خوا بەیەکگرتن و، وەحیی و پێغەمبەرایەتیی و، ڕۆژی دوایی دا، دەسووڕێنەوە.

خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ﴾، واتە: ئەو کارە دەست پێدەکەم بە ناوی خوای بە بەزەیی بەخشندە، کاتێک مرۆڤ ئەو ڕستە موبارەکە دەڵێ، دەبێ چوار واتای بنەڕەتیی بە عەقڵ و هۆشی خۆیدا بێنێ:

١- بە ناوی خوا دەست پێ دەکەم، نەک بە ناوی خۆم یان هەر کەس و شتێکی دیکە.

٢- ئەو کارە بۆ ڕازییکردنی خوا، ئەنجام دەدەم.

٣- ئەو کارە بە پێی بەرنامەی خوا، ئەنجام دەدەم.

٤- ئەو کارە بە یارمەتیی و هاوکاریی خوا ئەنجام دەدەم، نەک بە شان و شەوکەتی خۆم.

دوایی دەفەرموێ: ﴿تَنزِيلُ ٱلۡكِتَٰبِ مِنَ ٱللَّهِ ٱلۡعَزِيزِ ٱلۡحَكِيمِ﴾، دابەزێنرانی کتێبەکە لە لایەن خوای زاڵی کارزانەوەیە، لە ڕووی ڕێزمانی عەرەبییەوە: ﴿تَنزِيلُ ٱلۡكِتَٰبِ﴾، واتە: (هَـذَا تَنْزِيلُ الكِتَابِ)، ئەو کاتە: ﴿تَنزِيلُ ٱلۡكِتَٰبِ﴾، دەبێتە گوزارە (خَبَر) و، (هَـذَا) دەبێتە نیهاد (مُبْتَدأ)، یاخود: ﴿تَنزِيلُ ٱلۡكِتَٰبِ﴾، دەبێتە نیهاد (مُبْتَدأ)، ئنجا: ﴿مِنَ ٱللَّهِ ٱلۡعَزِيزِ ٱلۡحَكِيمِ﴾، دەبێتە گوزارە (خَبَر).

بێگومان کە دەفەرموێ: ﴿ٱلۡكِتَٰبِ﴾، وەک دوایی باسی دەکەین (أل)ی سەر (الكِتَاب) بۆ ناساندنەو، لێرەشدا بۆ ناساندنی (عهد)ە، واتە: دابەزاندنی کتێبەکە، ئەو کتێبەی کە دەزانن کامەیە، کە قورئانە لەلایەن خواوەیە، خواش ﷻ دوو سیفەتی بۆ باسکراون: (العِزَّةُ وَالحِكْمَة)، کەواتە: ئەم کتێبە کە لە لایەن خوای

خاوەن ئەوپەڕی عیززەت و خاوەن ئەوپەڕی حیکمەتەوە، هاتوە، بەرجەستەکەری عیززەت و حیکمەتەو، هەر کەسێ شوێنی بکەوێ، هەم عیززەتی بۆ دەڕەخسێنێ و، هەم حیکمەتی پێ دەبەخشێ.

﴿ إِنَّآ أَنزَلۡنَآ إِلَيۡكَ ٱلۡكِتَٰبَ بِٱلۡحَقِّ ﴾، بە دڵنیایی ئێمە کتێبەکەمان بۆ لای تۆ دابەزاندوە بە هەق، واتە: ئێمە هەق بووین کە ئەو کتێبەمان بۆ تۆ دابەزاندوە، یاخود ئەو کتێبەی کە بۆ تۆمان دابەزاندوە، هەقی لە خۆی گرتوە، یاخود ئەو کتێبەمان دابەزاندوە، بۆ ئەوەی هەق بچەسپێنێ، ﴿ فَٱعۡبُدِ ٱللَّهَ مُخۡلِصٗا لَّهُ ٱلدِّينَ ﴾، دەجا خوا بپەرستە، بەندایەتیی بۆ خوا بکەو، ملکەچیی خۆتی بۆ ساغ و یەکلایی بکەوەو خڵتەی پێوە مەهێڵە، واتە: بەندایەتیی ساغ و بێ خڵتە بۆ خوا بکە، بە هۆی شوێنکەوتنی ئەو کتێبە هەقەوە، کە لەلایەن خوای خاوەن ئەوپەڕی عیززەت و ئەوپەڕی حیکمەتەوە بۆ لات دابەزێنراوە.

﴿ أَلَا لِلَّهِ ٱلدِّينُ ٱلۡخَالِصُ ﴾، ئاگاداربن! ملکەچیی ساغ و بێ خڵتە تەنیا هی خوایە، تەنیا شایستەی خوایە، ﴿ وَٱلَّذِينَ ٱتَّخَذُواْ مِن دُونِهِۦٓ أَوۡلِيَآءَ ﴾، بەڵام ئەوانەی کە جگە لە خوا دۆستانێکیان گرتوون و، سەرپەرشتیارانێکیان گرتوون، بەندایەتییان بۆ دەکەن، ﴿ مَا نَعۡبُدُهُمۡ إِلَّا لِيُقَرِّبُونَآ إِلَى ٱللَّهِ زُلۡفَىٰٓ ﴾، واتە: (**يَقُولُون**) - کە قرتێنراوە لەبەر ئەوەی بە سیاق و سەلیقە دەزانرێ - (دەڵێن:) نایانپەرستین مەگەر بۆ ئەوەی لە ڕووی پلەو پێگەوە لە خوامان نزیک بخەنەوە، ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ يَحۡكُمُ بَيۡنَهُمۡ فِي مَا هُمۡ فِيهِ يَخۡتَلِفُونَ ﴾، بە دڵنیایی خوا دادوەرییان لە بەیندا دەکات، لەوەدا کە تێیدا دەکەونە ڕاجیاییەوە، یانی: هاوبەش بۆ خوادانەرەکان لەگەڵ ئەهلی تەوحیدو ئیماندا، کە کەوتوونە ڕاجیاییەوە، خوا دادوەرییان لە نێواندا دەکات، ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَهۡدِي مَنۡ هُوَ كَٰذِبٞ كَفَّارٞ ﴾، بە دڵنیایی کەسێک کە درۆکەرەو، زۆر سپڵەیە، یاخود زۆر بێبڕوایە، خوا ڕاستە ڕێی ناکات، لێرەدا وشەی: ﴿ لَا يَهۡدِي ﴾، بە مانای: ڕێنمایی ناکات، نیە، چونکە خوا ڕێنمایی هەموو کەسێکی کردوە، بەڵام واتە: ڕاستە ڕێی ناکات، واتە: نایخاتە

سەر ڕێی ڕاست، ڕێنمایی کران قۆناغێکەو، خرانە سەر ڕێی ڕاست، قۆناغێکی دیکەیە، ڕێنمایی کران، ئەوەیە کە مرۆڤ بزانێ ئەوە ڕێیەکی ڕاستە، بەڵام خرانە سەر ڕێی ڕاست، ئەوەیە کە دڵی بۆی وەرچەرخێ و پابەندبێ بەو ڕێیە ڕاستەوە، ئنجا خوا ﷻ دەفەرموێ: کەسانێک کە درۆزن بن و، زۆر بێبڕوابن، خوا نایانخاتە سەر ڕێی ڕاست، ڕێنمایی کردوون، بەڵام گرتنی ڕێی ڕاستیان بۆ ئاسان ناکات، لەبەرچی؟ لەبەر ئەوەی درۆ کەرن و بێبڕوان.

﴿ لَّوْ أَرَادَ ٱللَّهُ أَن يَتَّخِذَ وَلَدًا لَّٱصْطَفَىٰ مِمَّا يَخْلُقُ مَا يَشَآءُ ۚ سُبْحَـٰنَهُۥ ﴾، ئەگەر خوا ویستبای ڕۆڵە بۆ خۆی بگێڕێ و، پەیدا بکات، لە نێو ئەوانەدا کە دروستیان دەکات، ئەوەی ویستبای بۆ خۆی هەڵیدەبژارد، پاکیی بۆ وی، ﴿ هُوَ ٱللَّهُ ٱلْوَٰحِدُ ٱلْقَهَّارُ ﴾، ئەو خوای تاکی ملپێکەچکەرە، واتە: ناگونجێ خوا ﷻ ڕۆڵەی هەبێت، چونکە ئەگەر گریمان یەکێک بە ناوونیشانی ڕۆڵەش بۆ خۆی بگرێ، دەبێ هەر لە نێو دروستکراوانی خۆیدا هەڵیبژێرێ، چونکە خوا ﷻ ناگونجێ ڕۆڵەی هەبێ، وەک لە سوورەتی (**الأنعام**)دا دەفەرموێ: ﴿ بَدِيعُ ٱلسَّمَـٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ۖ أَنَّىٰ يَكُونُ لَهُۥ وَلَدٌ وَلَمْ تَكُن لَّهُۥ صَـٰحِبَةٌ ۖ وَخَلَقَ كُلَّ شَىْءٍ ۖ وَهُوَ بِكُلِّ شَىْءٍ عَلِيمٌ ﴿١٠١﴾ ﴾، واتە: خوا چۆن ڕۆڵەی دەبێ، کە هاوسەری نیەو هەموو شتێکیشی وەدیهێناوەو، خوا بە هەموو شتێک زانایە.

﴿ خَلَقَ ٱلسَّمَـٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ بِٱلْحَقِّ ﴾، خوا ﷻ ئاسمانەکان و زەوی بە هەق هێناونە دی، واتە: بە حیکمەت، وشەی (**حَقّ**) بە پێی ئەو سیاقە کە تێیدا دێ، مانایەکەی دەزانرێ، لێرەدا کە دەفەرموێ: خوا ئاسمانەکان و زەوی بە هەق دروستکردوون، واتە: بە حیکمەت و ئامانجێک، بەڵام جاری وایە دەگوترێ: (**حَكَمَ فُلاَنٌ بِالحَقّ**) واتە: بە دادگەریی دادوەریی کرد، هەروەها دەگوترێ: (**قُلْتَ أَنْتَ الحَقّ**) واتە: تۆ قسەیەکی ڕاستت گوت، کەواتە: وشەی (**حَق**) بە مانای دادگەریی دێ و، بە مانای ڕاستیی دێ و، بە مانای حیکمەت دێ، بە پێی ئەو سیاقانە کە تێیاندایە، ئەسڵی وشەی (**حَق**)یش واتە: شتی چەسپاوو،

دامـەزراوو نەلەخشـاو، ﴿ يُكَوِّرُ ٱلَّيۡلَ عَلَى ٱلنَّهَارِ وَيُكَوِّرُ ٱلنَّهَارَ عَلَى ٱلَّيۡلِ ﴾، شـەوگار بەسـەر ڕۆژگاردا دەپێچـێ و، ڕۆژگاریـش بەسـەر شـەوگاردا دەپێچـێ، ئەمـە ئاماژەیەکـی زۆر ڕوونـە بـەوەی کـە زەوی هـەم مەیلـەو هێلکەیـی و خـڕەو، هەمیـش دەخولێتـەوە بـەدەوری خۆیـدا، چونکـە پێچـرانی شـەوگار بـە دەوری ڕۆژگارداو، پێچـرانی ڕۆژگار بـە دەوری شـەوگاردا، تەنیـا کاتێـک دەگونجـێ وێنـا (**تصوّر**) بکـرێ کـە زەوی خـڕ بـێ، ئنجـا شـەوگارو ڕۆژگار بـە دوای یەکدابێـن، هـەر کامێکیـان ئـەوی دیکـە داپۆشـێ و، جێـی ئـەوی دیکـە بگرێتـەوە، ﴿ وَسَخَّرَ ٱلشَّمۡسَ وَٱلۡقَمَرَۖ كُلّٞ يَجۡرِي لِأَجَلٖ مُّسَمًّىۗ ﴾، خـۆرو مانگیـشی دەسـتەمۆ و ملکـەچ کـردوون، هـەر کامێکیـان بـۆ کاتێکـی ناوبـراو دەڕوا، یـانی: کاتێـک کـە بـۆی دیارییکـراوە، ئـەو کاتـەش کـە بـۆی دیارییکـراوە، دەگونجـێ: لەسـەر ئاسـتی شـەو و ڕۆژ، یـان لەسـەر ئاسـتی مانـگ، یـان لەسـەر ئاسـتی سـاڵ، یاخـود لەسـەر ئاسـتی تەمـەنی خـۆرو مانـگ بـێ، ﴿ أَلَا هُوَ ٱلۡعَزِيزُ ٱلۡغَفَّٰرُ ﴾، ئـاگادار بـن! هـەر خـوا زاڵـی بـاڵا دەسـتی زۆر لێبوردەیـە.

﴿ خَلَقَكُم مِّن نَّفۡسٖ وَٰحِدَةٖ ﴾، ئێـوەی لـە یـەک نەفـس هێناونـە دی، کـە ئادەمـە، ﴿ ثُمَّ جَعَلَ مِنۡهَا زَوۡجَهَا ﴾، دواییـش هـەر لـە خـۆی هاوسـەرەکەشی هێنایـە دی.

وشـەی: ﴿ نَّفۡسٖ ﴾، مەبەسـت پێـی ڕووحـە، نـەک جەسـتە، واتـە: هـەر لـە هەمـان جـۆرە نەفـس و ڕووح، لـە ڕووی مەعنەوییـەوە، کـە ئـادەم دروسـتکراوە، حـەوواش لـە هەمـان جـۆرە نەفـس و ڕووح دروسـتکراوە، بـەڵام بـاسی جەسـتەکەی نەکـراوە، کـە جەسـتەکەی چـۆن هێنراوەتـە دی؟.

﴿ وَأَنزَلَ لَكُم مِّنَ ٱلۡأَنۡعَٰمِ ثَمَٰنِيَةَ أَزۡوَٰجٖ ﴾، لـە ئاژەڵانیـش هەشـت جـووتی بـۆ دابەزانـدوون، ئنجـا هەشـت جـووت بـە تێگەیشـتنی بـاوی ئێسـتا، دەکاتـە شـازدە دانـە، بـەڵام لـە بەکارهێنـانی قورئانـداو، لـە بەکارهێنـانی زمـانی عەرەبییشـدا وشـەی (**زَوْج**) بـە هـەر کام لـە نێـرو مـێ دەگوتـرێ، دەگوتـرێ: (**هَـذَا زَوْج هَـذا، وَهَـذا زَوْج هَـذا**)، یـانی: بـە هـەر کام لـە نێـرو مـێ، دەگوتـرێ: (**زَوْج**) نـەک بـە هەردووکیـان،

ئنجا پێیان بگوترێ: (زَوْج)، وەک ئێستا وەک لە زمانی عەرەبییدا باوە، کە گوتت جووت (زَوْج) واتە: نێرو مێ، بەڵام لە بەکارهێنانی قورئاندا، بە هەر کام لە نێرو مێ گوتراوە: (زَوْج)، بۆیە دەفەرموێ: ﴿ ثَمَٰنِيَةَ أَزۡوَٰجٖ ﴾، واتە: هەشت دانە لە ئاژەڵان، چواریان نێرن و چواریان مێن، ﴿ يَخۡلُقُكُمۡ فِي بُطُونِ أُمَّهَٰتِكُمۡ ﴾، لە سکەکانی دایکانتاندا دەتانهێنێتە دی، چۆن؟ ﴿ خَلۡقٗا مِّنۢ بَعۡدِ خَلۡقٖ ﴾، دروستکران، لە دوای دروستکران، واتە: قۆناغ قۆناغ، پێشێ تۆویلکە (نطفة)ن، ئنجا دەبن بە خوێنپارە (علقة)، ئنجا دەبن بە زارجوو (مُضغة)و... هتد، ﴿ فِي ظُلُمَٰتٖ ثَلَٰثٖ ﴾، لە نێو سێ تاریکاییاندا، کە تاریکایی سک و، تاریکایی مندالْدان و، تاریکایی ئاوەڵ منداڵ (مشیمة)، بە نسبەت ئاژەڵانیش: تاریکایی سکیان و، تاریکایی بەچکە دانیان و، تاریکایی پزدان، ئەوەی کە لەگەڵ بەچکەکە دێتە دەرێ، ﴿ ذَٰلِكُمُ ٱللَّهُ رَبُّكُمۡ لَهُ ٱلۡمُلۡكُۖ ﴾، ئەو خوایەتان پەروەردگارتانە، حوکمڕانیی و موڵک و دەستەڵات هەمووی هی ئەوە، ﴿ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَۖ ﴾، جگە لەو هیچ پەرستراوێک نیە، ﴿ فَأَنَّىٰ تُصۡرَفُونَ ﴾، کەواتە ئێوە بۆ کوێ لا دەدرێن؟ یاخود: چۆن لادەدرێن، کە جگە لەوی بپەرستن، لە حاڵێکدا کە ئەو پەروەردگارو بەدیهێنەرو کارسازی هەموو شتێکە؟.

﴿ إِن تَكۡفُرُواْ فَإِنَّ ٱللَّهَ غَنِيٌّ عَنكُمۡۖ ﴾، ئەگەر بێبڕوا بن، یاخود: ئەگەر سپڵە بن، وشەی (تَكْفُرُوا) هەم دەگونجێ بە مانای بێبڕوایی بێ، هەم دەگونجێ بە مانای سپڵەیی و ناسوپاسیی بێ، ئەگەر بێبڕوابن، یان سپڵە بن، ﴿ فَإِنَّ ٱللَّهَ غَنِيٌّ عَنكُمۡۖ ﴾، بە دڵنیایی خوا دەوڵەمەندە لە ئێوە، بێ نیازە لە ئێوە، ﴿ وَلَا يَرۡضَىٰ لِعِبَادِهِ ٱلۡكُفۡرَۖ ﴾، بەڵام بێبڕوایی بۆ بەندەکانی پەسند ناکات، یاخود سپڵەیی بۆ بەندەکانی پێ پەسند و چاک نیە، ﴿ وَإِن تَشۡكُرُواْ يَرۡضَهُ لَكُمۡۗ ﴾، بەڵام ئەگەر سوپاسگوزاریی بکەن (بە هۆی ئیمانەوە)، ﴿ يَرۡضَهُ لَكُمۡۗ ﴾، ئەوەتان بۆ پەسند دەکات، ﴿ وَلَا تَزِرُ وَازِرَةٞ وِزۡرَ أُخۡرَىٰۚ ﴾، هیچ قورسایی هەڵگرێکیش، قورسایی یەکێکی دیکە هەڵناگرێ، ﴿ وَلَا تَزِرُ ﴾، (وَلَا تَحْمِلُ) هەڵناگرێ، ﴿ وَازِرَةٞ ﴾،

واتــە: (آثِمَــة) نەفسـێکی گوناهبــار کــە نەفــسی گوناهبــار چوێـنراوە بــە کەسـێک، کۆڵێکــی قــورسی لــە کۆڵــە، ئنجـا دەفەرمـوێ: هیــچ کــۆڵ هەڵگرێکــی قــورس، کۆڵــی نەفسـێکی دیکــە، هەڵناگــرێ، واتــە: کــەس گوناهــی کــەس هەڵناگــرێ، ﴿ثُمَّ إِلَىٰ رَبِّكُم مَّرۡجِعُكُمۡ﴾، دوایــی شــوێنی گەڕانەوەتـان پەروەردگارتانــە، ﴿فَيُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمۡ تَعۡمَلُونَ﴾، ئنجـا هەواڵتــان پێـدەدات بــەوەی دەتانکــرد، هەواڵتــان پێـدەدات، یــانی: ئەگــەر خراپەتــان کــرد، ســزاتان دەدات و، ئەگــەر چاکەشــتان کــرد، پاداشــتان دەداتــەوە، ﴿إِنَّهُۥ عَلِيمُۢ بِذَاتِ ٱلصُّدُورِ﴾، بــە دڵنیایــی ئــەو زانایــە بــە خــاوەنی ســینەکان، (ذات) مێینــە (مُؤنـث)ی (ذو)یــە، واتــە: (صَاحِـب)، (ذَات) واتــە: (صَاحِبَـة)، ﴿ٱلصُّدُورِ﴾یــش، کــۆی (صـدر)ە، واتــە: ســینە، ئنجـا خــوا ﷻ نهێنییــەکانی کــە لــە ســینەکاندا پەنهانــن، بــە خــاوەنی ســینەکانی دانــاون، کــە ئەوەنــدە لــە نێـو ئــەو دڵ و ســینانەدا چەسـپاون، وەک بووبــن بــە خــاوەنی ئــەو دڵ و ســینانە.

﴿وَإِذَا مَسَّ ٱلۡإِنسَٰنَ ضُرّٞ دَعَا رَبَّهُۥ﴾، مــرۆڤ کاتێــک زیانێکــی تــووش دێ، لــە پــەروەردگاری دەپاڕێتــەوە، مـرۆڤ کاتــێ زیانێکــی تــووش دێ، زیانێـک لــە جەســتەیدا، لــە ماڵــی دا، لــە دەوروبەریـدا، کــە ناڕەحەتییــەک بەســەری دێ، ﴿دَعَا رَبَّهُۥ مُنِيبًا إِلَيۡهِ﴾، لــە پــەروەردگاری دەپاڕێتــەوە، بــە لــە ناخــەوە بــۆ لا گەڕانــەوەوە، (أَنَـابَ، يُنِيــبُ) واتــە: گەڕایــەوە لــە ناخــەوە، بــە دڵ گەڕایــەوەو، دەگەڕێتــەوە، ﴿ثُمَّ إِذَا خَوَّلَهُۥ نِعۡمَةٗ مِّنۡهُ﴾، ئنجـا هــەر کات خــوا لەلایــەن خۆیــەوە چاکەیەکــی پــێ بەخشــی، (تَخۡوِيـل): بریتیــە لــە بەخشــینێک کــە مــرۆڤ چاوەڕێــی قەرەبــوو و پاداشــتی لــە بەرانبەریـدا نەبێـت، کاتێـک کــە خـوا لــە لایــەن خۆیــەوە چاکەیەکــی پــێ دەدات، بــێ ئــەوەی قەرەبوویەکــی لــێ چــاوەڕێ بــکات، ﴿نَسِيَ مَا كَانَ يَدۡعُوٓاْ إِلَيۡهِ مِن قَبۡلُ﴾، ئــەو مرۆڤــە (کــە مەبەســت پێــی مرۆڤــی بێبڕوایــە)، ئــەوەی پێشــتر بــۆی لــە خــوا دەپاڕایــەوە، لەبیــری دەچــێ، یاخــود کــە پێشــتر داوای لــە خــوا ﷻ دەکــرد، ئــەو زیانــەی لــێ لابــدات، لــە بیــری دەچــێ، ﴿وَجَعَلَ لِلَّهِ أَندَادٗا﴾، هاوبەشــان بــۆ خــوا دادەنــێ، ئــەو چاکــەو نیعمەتانــە دەگێڕێتــەوە بــۆ غەیــری خــوا، ﴿لِّيُضِلَّ عَن

﴿سَبِيلِهِۦ﴾، تاكو سەرەنجام خەڵك لە ڕێی خوا لابدات، ئەم (ل)ە، (لام التعليل)ە، بەڵام لە ئەصڵدا بە مانای سەرەنجامە، ئەگەرنا ئەو كەسە بە حیسابی خۆی بۆیە هاوتایان بۆ خوا دانانێ، بڵێ: بۆ ئەوەمە كە خەڵك لە ڕێی خوا لابدەم! بەڵام مادام سەرەنجامەكەی وادەبێ، كە بەهۆی ئەو هاوتاو هاوبەشانەوە كە بۆ خوایان دادەنێن، خەڵك لە ڕێی ئیمان بە خواو خواپەرستیی لابدرێ، مادام سەرەنجامەكەی وایە، وەك لە ئەصڵدا بۆ ئەوە كردبێتی.

﴿قُلۡ تَمَتَّعۡ بِكُفۡرِكَ قَلِيلًا﴾، (ئەی پێغەمبەر! ﷺ تۆ) بفەرموو: (ئەی بابای بێبڕوا!) ماوەیەكی كەم بەهرەمەندبە بە كوفرەكەت، چونكە كوفریش جۆرێك لە بەهرە وەرگرتنی تێدایە، ڕێی گوناهو تاوان و، ڕێی ڕابواردن و لەززەتەكان، بە حەڕامیی بۆ مرۆڤ تەخت و ئاچووغ دەكات، واتە: كەمێك بەهرە وەربگرە لە كوفرەكەت مادام پێت خۆشەو پێت پەسندە، ﴿إِنَّكَ مِنۡ أَصۡحَٰبِ ٱلنَّارِ﴾، بە دڵنیایی تۆ لە هاوەڵانی ئاگری (دۆزەخی).

لە كۆتایی دا خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿أَمَّنۡ هُوَ قَٰنِتٌ ءَانَآءَ ٱلَّيۡلِ سَاجِدٗا وَقَآئِمٗا﴾، ئەمە لێرەدا خوا ﷻ بەراوردی پێ دەكات، واتە: (أَهَٰذَا خَيْرٌ) ئایا ئەمە باشترە، ﴿أَمَّنۡ هُوَ قَٰنِتٌ ءَانَآءَ ٱلَّيۡلِ﴾، ئایا ئەوەی پێشێ باسكرا، باشترە كە هەر كات زیانێكی تووش بوو، لە خوا دەپاڕێتەوەو بۆ لای دەگەڕێتەوەو، ئەگەر خۆشیشی تووش بوو، خوای لە بیردەچێتەوەو، زیانەكەشی لەبیردەچێتەوەو، هاوبەش بۆ خوا دادەنێ، كە سەرەنجام خەڵك لە ڕێی خوا لابدات، (ئایا ئەوە باشترە)، ﴿أَمَّنۡ هُوَ قَٰنِتٌ ءَانَآءَ ٱلَّيۡلِ﴾، یاخود كەسێك كە لە كاتەكانی شەوگاردا بۆ خوا ملكەچە، بەندایەتیی بۆ خوا دەكات، ﴿سَاجِدٗا وَقَآئِمٗا﴾، بە كڕنووش بردوویی و بە ڕاوەستاویی، ﴿يَحۡذَرُ ٱلۡأٓخِرَةَ﴾، وریایە لە ڕۆژی دوایی، ترس و بیمی هەیە.

(الحَذَرُ: إِحْتِرَازٌ مِنْ مُخِيفٍ): (حذر) بریتییە لە لەخۆ وریا بوون لە شتێكی ترسناك، یاخود (الحَذَرُ: هُوَ الخَوْفُ مَعَ الإِحْتِرَازِ): (حذر) ترسە لەگەڵ خۆپاراستندا،

واتە: وریایەو بیمی هەیە لە ڕۆژی دوایی، ﴿وَيَرْجُواْ رَحْمَةَ رَبِّهِۦ﴾، بە تەمای بەزەیی پەروەردگاریشیەتی، لە لایەکەوە ترس و بیمی هەیە لە ڕۆژی دوایی، (واتە: لە سزای ڕۆژی دوایی)، لە لایەکی دیکەشەوە ئومێدو هیوای هەیە بە بەزەیی پەروەردگاری.

﴿قُلْ هَلْ يَسْتَوِى ٱلَّذِينَ يَعْلَمُونَ وَٱلَّذِينَ لَا يَعْلَمُونَ﴾ بڵێ: ئایا یەکسانن ئەوانەی دەزانن و ئەوانەی نازانن؟ ئەوانەی دەزانن، ئەو خواپەرستانەن و، ئەوانەش کە نازانن، ئەو بێبڕوایانەن کە هەر ڕۆژە لەسەر حاڵێکن، لە کاتی ناخۆشییدا پەنا بۆ خوا دەبەن و، لە کاتی خۆشییدا یوغرا دەبن، بەڵام ئەوانەی زانان، لە شێنەیی و لە تەنگانەدا، لە فەرحانیی و لە نارەحەتیی دا، هەر بەندەی خوان، بۆیە خوا ﷻ دەفەرموێ: بڵێ: ئایا ئەوانەی دەزانن و ئەوانەی نازانن یەکسانن؟ ﴿إِنَّمَا يَتَذَكَّرُ أُوْلُواْ ٱلْأَلْبَٰبِ﴾، بە دڵنیایی تەنیا خاوەن عەقڵان بیر دەکەنەوەو، پەند وەردەگرن، ئەو ڕاستییانەیان دێتەوە بیر، کە خوای میهرەبان لە ناخ و زگماکیاندا دایناون.

مەسەلە گرنگەکان

مەسەلەی یەکەم:

پێناسەی قورئان و، حیکمەتی دابەزێنرانی و، فەرمانکردن بە خواپەرستیی ساغ و بێخەوش، کە خوا تەنیا ئەوەی شایستەیەو، ئەوانەش کە بەبیانووی لە خوا نیزیکخستنەوەیانەوە، جگە لە خوا دەپەرستن، خوا دادوەرییان لە نێواندا دەکات، لەوەدا کە تێیدا کەوتوونە کێشەوەو، ناشگونجێ خوا ڕۆڵەی هەبێ، چونکە هەرچی هەیە دروستکراوی خۆیەتی:

خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿تَنزِيلُ ٱلْكِتَٰبِ مِنَ ٱللَّهِ ٱلْعَزِيزِ ٱلْحَكِيمِ ﴿١﴾ إِنَّآ أَنزَلْنَآ إِلَيْكَ
ٱلْكِتَٰبَ بِٱلْحَقِّ فَٱعْبُدِ ٱللَّهَ مُخْلِصًا لَّهُ ٱلدِّينَ ﴿٢﴾ أَلَا لِلَّهِ ٱلدِّينُ ٱلْخَالِصُ ۚ وَٱلَّذِينَ
ٱتَّخَذُوا۟ مِن دُونِهِۦٓ أَوْلِيَآءَ مَا نَعْبُدُهُمْ إِلَّا لِيُقَرِّبُونَآ إِلَى ٱللَّهِ زُلْفَىٰٓ إِنَّ ٱللَّهَ يَحْكُمُ
بَيْنَهُمْ فِى مَا هُمْ فِيهِ يَخْتَلِفُونَ ۗ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَهْدِى مَنْ هُوَ كَٰذِبٌ كَفَّارٌ ﴿٣﴾
لَّوْ أَرَادَ ٱللَّهُ أَن يَتَّخِذَ وَلَدًا لَّٱصْطَفَىٰ مِمَّا يَخْلُقُ مَا يَشَآءُ ۚ سُبْحَٰنَهُۥ ۖ هُوَ ٱللَّهُ ٱلْوَٰحِدُ
ٱلْقَهَّارُ ﴿٤﴾﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە دوازدە بڕگەدا:

١)- ﴿تَنزِيلُ ٱلْكِتَٰبِ مِنَ ٱللَّهِ ٱلْعَزِيزِ ٱلْحَكِيمِ﴾، دابەزێنرانی کتێبەکە لە خوای زاڵی کارزانەوەیە، وشەی (تَنْزِيْل): (نَزَّلَ، يُنَزِّلُ، تَنْزِيْلًا) چاوگ (مصدر)ە، ﴿تَنزِيلُ ٱلْكِتَٰبِ﴾، دابەزێنرانی کتێبەکە، کە قورئانە، ﴿مِنَ ٱللَّهِ ٱلْعَزِيزِ ٱلْحَكِيمِ﴾، لە خوای زاڵی کارزانەوەیە، دەگونجێ: ﴿تَنزِيلُ ٱلْكِتَٰبِ﴾، نیهاد (مُبْتَدأ) بێ و، ﴿مِنَ ٱللَّهِ ٱلْعَزِيزِ ٱلْحَكِيمِ﴾، گوزارە (خَبَر) بێ، یاخود: ﴿تَنزِيلُ ٱلْكِتَٰبِ﴾، گوزارە (خَبَر)بێ بۆ نیهادێکی قرتێنراو

(**مُبْتَدأ مَحْذُوف**) واته: (**هَذَا تَنْزِيل الكِتَاب**)، ئەمە دابەزێنرانی کتێبەکەیە، وشەی (**الكِتَاب**) کە ناسێنراوە، ناساندنەکەی بۆ (**عهد**)ە، (**عهد**)یش لە زمانی کوردییدا، لە بەرانبەر (کە) دایە، ئەگەر گوتمان: کتێب (**کتاب**) نازانی، کام کتێبەیە؟ بەڵام کە گوترا: کتێبەکە (**الكتاب**) دەزانرێ، کام کتێبەیە، جاری واش هەیە (**أل**) بۆ تێکڕا (جینس)ە، بەڵام لێرەدا مەبەست پێی ئەو کتێبەیە کە زاندراوە کامەیە.

کە دەفەرموێ: ﴿ تَنزِيلُ ٱلْكِتَٰبِ مِنَ ٱللَّهِ ٱلْعَزِيزِ ٱلْحَكِيمِ ﴾، ئەمە بۆ خۆی ئەوەش دەگەیەنێ کە ئەو قورئانە بە بەش بەش (**مُنَجَّم**)یی دابەزێنراوە، نەک هەمووی بە یەکجار.

هەڵبەتە کە خوا ﷻ دەفەرموێ: ئەم کتێبە لەلایەن خوای زاڵی کارزانەوە دابەزێنراوە، ﴿ ٱلْعَزِيزِ ﴾، (**العزيز: صِفَةٌ مُشَبَّهَةٌ بِالفِعْل**) (**العزيز**) سیفەتێکی بەکردار چوێنراوە، بە مانای زاڵ (غالب) دێ، بە مانای کەسێک دێ کە لە ڕووی بەڵگەوە زاڵە، یاخود لە ڕووی بەخشینەوە، لەو ڕووەوە کە خاوەن چاکەو بەخششە بەسەر مرۆڤایەتییەوە، یان لە ڕووی دەستەڵاتەوە.

﴿ ٱلْحَكِيمِ ﴾، دەگونجێ بە مانای (حاکم) بێ، واتە: دەسترۆیشتوو، یاخود بە مانای (**مُتْقِنْ**) بێ، واتە: زۆر بە وردەکاریی بێژراو، یاخود بە مانای: خاوەن حیکمەت بێ.

٢)- ﴿ إِنَّآ أَنزَلْنَآ إِلَيْكَ ٱلْكِتَٰبَ بِٱلْحَقِّ ﴾، ئێمە کتێبەکەمان (کە قورئانە) بۆ لای تۆ دابەزاندوە بە هەق، کە دەفەرموێ: ﴿ بِٱلْحَقِّ ﴾، ئەمە سێ واتایان هەڵدەگرێ:

أ/ بۆ ئەوەی هەق بچەسپێنێ.

ب/ ئێمە کە قورئانمان دابەزاندوە، لەسەر هەق بووین.

ج/ قورئانمان کە دابەزاندوە هەقی لە نێوخۆیەوە گرتوە، وشەی: (**الحق**)یش بە مانای شتی چەسپاو دێ و، بە مانای شتی ئامانجدار دێ، بەڵام بە پێی ئەو سیاقە جۆراو جۆرانە کە تێیان دێ، مانایەکەی دیاریی دەکەین.

٣)- ﴿ فَٱعۡبُدِ ٱللَّهَ مُخۡلِصٗا لَّهُ ٱلدِّينَ ﴾، کەواتە: بەندایەتیی بۆ خوا ﷻ بکەو، ملکەچیی خۆتی بۆ ساغ بکەوە، واتە: دابەزێنرانی ئەم کتێبە (قورئان) نیعمەتە، کە پێویستە بە سوپاسگوزاریی پێشوازیی لێ بکرێ، سوپاسگوزارییش بۆ خوا، ئەوەیە کە بەندایەتیی بۆ خوا بکرێ، بەهۆی پەیڕەویی کردن لەو قورئانەوە.

٤)- ﴿ أَلَا لِلَّهِ ٱلدِّينُ ٱلۡخَالِصُ ﴾، ئاگادار بن! ﴿ أَلَا ﴾، لە زمانی کوردیی دا دەبێتە بەرانبەری (ئەها) واتە: ئاگادار بن! ملکەچیی ساغ و بێ خڵتە تەنیا هی خوایە، (**الخَالِصُ: السَّالِمُ مِنْ أَنْ يَشُوبَهُ تَشْرِيْكُ غَيْرِهِ فِي عِبَادَتِهِ**)، (**خَالِص**): واتە: سەلامەت لەوەی کە جگە لە خوا بەشدارکرابێ لە پەرستنی دا.

(**أَبو حامد الغزالي**) ئاوا پێناسەی ئیخلاص دەکات، دەڵێ: (**الإِخْلَاصُ: تَجْرِيْدُ قَصْدِ التَّقَرُّبِ إِلى اللهِ عَنْ جَمِيْعِ الشَّوَائِبِ**)، (**إِخْلَاص**): بریتیە لە داڕنینی مەبەستی لە خوا نیزیکبوونەوە، لە هەموو خڵتەکان، واتە: ئەو نیازو مەبەستە کە لە پشت ئەو کارەتەوەیە، یاخود هاندەری ئەو کارەتە، کە ئەنجامی دەدەی، هیچ خڵتەی جگەلە خوا پێ مەبەست بوونی پێوە نەبێ.

شایانی باسە: (**أبو حامد الغزالي**) ڕەحمەتی خوای لێ بێ، هەم لە کتێبی: (**إحياء علوم الدين**)دا، هەم لە زۆر بەرهەمی دیکەشدا، شتی باش باشی گوتوون، لە بواری ئیخلاص و شیرک و ئەوانەشدا، بەڕاستیی قسەی زۆر وردو قووڵی کردوون[1].

خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ أَلَا لِلَّهِ ٱلدِّينُ ٱلۡخَالِصُ ﴾، ئاگاداربن! دینداریی و ملکەچیی ساغ و بێ خڵتە، تەنیا هی خوایە.

٥)- ﴿ وَٱلَّذِينَ ٱتَّخَذُواْ مِن دُونِهِۦٓ أَوۡلِيَآءَ ﴾، ئەوانەش کە جگە لەو دۆستان و سەرپەرشتیارێکیان گرتوون و، پەیداکردوون.

---

(١) کەواتە: نابێ بەهۆی هەندێك قسەو بیروڕای هەڵەیەوە، خۆمان لە بیروڕا چاکەکانیشی بێبەش بکەین.

٦)- ﴿مَا نَعۡبُدُهُمۡ إِلَّا لِيُقَرِّبُونَآ إِلَى ٱللَّهِ زُلۡفَىٰٓ﴾، (**يَقُولُونَ: مَا نَعْبُدُهُم**) بۆچی (**يَقُولُونَ**) دیار نیە؟ چونکە بە سیاق و سەلیقە دەزانرێ (دەڵێن) ئێمە نایانپەرستین ئەو سەرپەرشتیارانە، مەگەر بۆ ئەوەی لە ڕووی پێگەوە لە خوامان نیزیک بخەنەوە، ﴿لِيُقَرِّبُونَآ إِلَى ٱللَّهِ زُلۡفَىٰٓ﴾، (**أي: لِيُقَرِّبُونَا إلى اللهِ تَقْرِيبًا**)، (**الزُّلْفَى: إِسْمٌ أُقِيمَ مُقَامَ المَصْدَرِ**)، (**الزلْفى**) ناوێکە لە شوێنی چاوگ دانیشتوە، تاکو بە نیزیکخستنەوە لە خوامان نیزیک بخەنەوە، دەشگونجێ (**زُلْفى**) هەر بە مانای پێگە (**منزلة**) بێ، واتە: (**لِيُقَرِّبُوا مَنْزِلَتَنَا إلى الله**)، بۆ ئەوەی پێگەمان لە خوا نیزیک بخەنەوە.

ئنجا خوا ﷻ دەفەرموێ:

٧)- ﴿إِنَّ ٱللَّهَ يَحۡكُمُ بَيۡنَهُمۡ فِي مَا هُمۡ فِيهِ يَخۡتَلِفُونَ﴾، بە دڵنیایی خوا دادوەرییان لە نێواندا دەکات، لەوەدا کە تێیدا کەوتوونە ڕاجیاییەوە.

واتە: خاوەن دینەکان، ئەو ڕاجیاییە کە لە نێوانیاندا هەیە، کە هەندێکیان ئەهلی تەنیا خواپەرستنن و، ئەوانی دیکەش ئەهلی شیرکن و، هاوبەشانی جۆراو جۆر بۆ خوا ﷻ لە پەرستنیدا دادەنێن.

٨)- ﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَهۡدِي مَنۡ هُوَ كَٰذِبٞ كَفَّارٞ﴾، بە دڵنیایی خوا ﷻ کەسێک کە درۆکەر بێ و، زۆر بێبڕوا، یان زۆر سپڵە بێ، ڕاستە ڕێی ناکات، واتە: نایخاتە سەر ڕاستە ڕێ، لێرەدا: ﴿لَا يَهۡدِي﴾، بە مانای (ڕێنمایی ناکات) نیە، چونکە خوا ﷻ ڕێنمایی هەموو کەسی کردوەو، هی ڕاست و درۆیانی کردوەو، هی چاک و خراپانی کردوە، هەموویانی ڕێنمایی کردوون، بەڵام هەمووان ناخاتە سەر ڕاستە ڕێ، کەسێک دەبێ هیدایەتی خوا قبووڵ بکات، ڕێنمایی خوا قبووڵ بکات، ئنجا شایستەی ئەوەیە کە خوا بیخاتە سەر ڕاستە ڕێ، هەروەک خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿وَٱلَّذِينَ ٱهۡتَدَوۡاْ زَادَهُمۡ هُدٗى وَءَاتَىٰهُمۡ تَقۡوَىٰهُمۡ ١٧﴾محمد، واتە: ئەوانەی هیدایەتی خوایان وەرگرتوە، خوا ﷻ هیدایەتیان بۆ زیاد دەکات، بەڵام کەسێک درۆکەر بێ و، زۆر بێبڕواو سپڵە بێ، شایستەی ئەوە نیە، خوا ڕاستە ڕێی بکات، کەواتە: ﴿لَا يَهۡدِي﴾، (**أي: لَا يُرْشِدُ وَلَا يُوَفِّقُ**) واتە: کاری بۆ ئاسان ناکات و ڕاستە ڕێی ناکات.

وشـەی: ﴿ كَـٰذِبٌ ﴾یـش نـاوی بکـەر (**إِسْم فاعِـل**)ە، واتـە: درۆکـەر، (**كَـذَّاب**) واتە: درۆزن، زۆر درۆکـەر، بـەڵام (**كَفَّـار**) کـە (**صِيْغَـة المُبَالَغَـة**)ی (**كَافِـر**)ە، واتـە: کەسـێک کـە زۆر بێبڕوابـێ، دەشـگونجێ (**صِيْغَـة المُبَالَغَـة**)ەی (**كَافِر**)بـێ، بـە مانـای کەسـێک کـە زۆر سـپڵەو ناسـوپاس بـێ، چونکـە (**كَافـر**) وەک چـۆن بـە مانـای بێبڕوایـی هاتـوە، بـە مانـای سـپڵەو ناسوپاسـیش هاتوە.

٩)- ﴿ لَّوْ أَرَادَ ٱللَّهُ أَن يَتَّخِـذَ وَلَدًا ﴾، ئەگەر خوا ویستبای ڕۆڵەیەك بۆ خۆی بگرێ، یەکێک لە هاندەرەکانی بێبڕوایەکان بۆ هاوبەش بۆ خوادانان، ئەوە بوو کە ڕۆڵەیان بۆ دادەنا، ئەگەر کچ بوون و، ئەگەر کوڕ بوون، بە خەیاڵی خۆیان دەیانگوت: شەیتانەکان کوڕانی خوان و، فریشتەکان کچانی خوان، بۆیە خوا ﷻ دەفەرموێ: ئەگەر خوا ویستبای ڕۆڵەیەک بۆ خۆی بگرێ.

١٠)- ﴿ لَّٱصْطَفَىٰ مِمَّا يَخْلُقُ مَا يَشَآءُ ﴾، لەوانەدا کە دروستیکردوون، هەڵیدەبژارد، (**أَي: لَاصْطَفَى مِنْ ضِمْنِ مَخْلُوقَاتِهِ مَا يَشَاء، إِذْ لَيْس غَيْرُهُ بِمَوجُودٍ سِوَى خَلْقِه**)، چونکە خوا جگە لە خۆی، ئەوەی هەیە هەمووی دروستکراوەکانی خۆینی، کەواتە: ئەگەر ڕۆڵەیەکیشی پەیداکردبایە، دەبوو لە نێو دروستکراوەکانی دا پەیدای بکات.

١١)- ﴿ سُبْحَـٰنَهُۥ ﴾، پاکیی بۆ وی، دووریی بۆ وی، (کە ڕۆڵەی هەبێ).

١٢)- ﴿ هُوَ ٱللَّهُ ٱلْوَٰحِدُ ٱلْقَهَّارُ ﴾، ئەو خوای تاکی ملپێکەچکەرە، ئەمە ڕوونکردنەوەی پاکێتیی خوایە، یانی: کە خوا (**ألله**)یە، واتە: خاوەنی هەموو سیفەت و ناوە بەرزە چاکەکانە، (**الوَاحِد**) مادام تاک بێ و دووەمی نەبێ و هاوبەشی نەبێ، (**القَهَّار**) هەروەها ملپێکەچکەرو باڵا دەست بێ بەسەر هەموو بووندا، خوایەکی ئاوا ناگونجێ ڕۆڵەی هەبێت، خوا ﷻ خاوەنی هەموو سیفەتە چاکەکانەو، کۆکەرەوەی هەموو سیفەتە باشەکانە، لە زاتی خۆیدا یەکتایەو، وێنەی نیەو، بۆ هەموو دروستکراوەکانیشی ملپێکەچکەر و باڵا دەستە.

پێشتریش گوتمان: وشەی (حَقّ) لە ئەصڵدا بە مانای (الثَّابِتْ والرَّاسِخ) چەسپاو و ڕۆچوو دێ، بەڵام بەپێی ئەو سیاقانەی تێیان دێ، وشەی (حَقّ) مانایەکەی دیاریی دەکرێ بۆ وێنە:

١)- ئەگەر بگوترێ: (حَكَمْتَ بِالْحَق: أي: حَكَمْتَ بِالْعَدْل)، حوکمت بە هەق کرد، واتە: بە دادگەرانە، کەواتە: لێرەدا هەق بە مانای دادگەریی دێ.

٢)- ئەگەر بگوترێ: (قُلْتَ قَوْلاً حَقّاً، أي: قُلْتَ صِدْقاً)، واتە: تۆ قسەیەکی ڕاستت کرد، کەواتە: لێرەدا وشەی (حَقّ) بە مانای ڕاستیی دێ.

٣)- ئەگەر بگوترێ: (وَفَّقْتَ بَيْنَهُمْ بِالْحَق) واتە: تۆ ئەو تەرەفە ناکۆکانەت بە هەق پێک هێنا، واتە: بە حیکمەت، هەق لێرەدا حیکمەتە.

٤)- ئەگەر گوتت: (فَعَلْتَ الحَقّ)، (أي: فَعَلْتَ مَا يُرْضِي الحَقّ)، شتێکت گوتوە هەق کە خوایە ﷻ ڕازیی دەکات.

٥)- ئەگەر بگوترێ: (خَلَقَ اللهُ الكَوْنَ بِالْحَقّ، أي: لِهَدَفٍ كَبِيْرٍ وَلِحِكْمَة جَلِيْلَة)، واتە: بۆ ئامانجێکی گەورەو، بۆ حیکمەتێک خوا گەردوونی هێناوەتە دی، کەواتە: وشەی (حَقّ) بەپێی ئەو سیاقانە کە تێیاندا دێ، مانایەکەی دیاریی دەکرێ.



مەسەلەی دووەم:

باسی دروستکرانی ئاسمانەکان و زەوی بە هەق و، پێچانی شەوگار بەسەر ڕۆژگارداو، ڕۆژگار بەسەر شەوگارداو، ڕامکرانی خۆرو مانگ، تاکو کاتێکی دیاریی‌کراوو، دروستکرانی بابی مرۆڤان لە یەک نەفس و، دروستکرانی هاوسەرەکەشی هەر لە خۆی و، دابەزێنرانی هەشت جووت لە چوار جۆرە ئاژەڵ و دروستکرانی مرۆڤ لە سکی دایکیدا، لە نێو سێ جۆرە تاریکاییاندا، قۆناغ قۆناغ، دروستکران لە دوای دروستکران:

خوا ﷻ دەفەرمووێ: ﴿خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَ بِٱلۡحَقِّۖ يُكَوِّرُ ٱلَّيۡلَ عَلَى ٱلنَّهَارِ وَيُكَوِّرُ ٱلنَّهَارَ عَلَى ٱلَّيۡلِۖ وَسَخَّرَ ٱلشَّمۡسَ وَٱلۡقَمَرَۖ كُلّٞ يَجۡرِي لِأَجَلٖ مُّسَمًّىۗ أَلَا هُوَ ٱلۡعَزِيزُ ٱلۡغَفَّٰرُ ٥ خَلَقَكُم مِّن نَّفۡسٖ وَٰحِدَةٖ ثُمَّ جَعَلَ مِنۡهَا زَوۡجَهَا وَأَنزَلَ لَكُم مِّنَ ٱلۡأَنۡعَٰمِ ثَمَٰنِيَةَ أَزۡوَٰجٖۚ يَخۡلُقُكُمۡ فِي بُطُونِ أُمَّهَٰتِكُمۡ خَلۡقٗا مِّنۢ بَعۡدِ خَلۡقٖ فِي ظُلُمَٰتٖ ثَلَٰثٖۚ ذَٰلِكُمُ ٱللَّهُ رَبُّكُمۡ لَهُ ٱلۡمُلۡكُۖ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَۖ فَأَنَّىٰ تُصۡرَفُونَ ٦﴾.

شیکردنەوەی ئەم دوو ئایەتە، لە دوازدە بڕگەدا:

١)- ﴿خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَ بِٱلۡحَقِّ﴾، واتە: خوا ئاسمانەکان و زەوی بە هەق هێناونە دی، واتە: بۆ حیکمەتێک و بۆ هێنانە دی ئامانجێک، ئێمە لە سوورەتی **(یونس)** دا، باسێکی تایبەتمان لەو بارەوە کردووە، لە هەموو ئەو ئایەتانەی کە دەوری پازدە ئایەتن لە قورئاندا، باسی ئەم بابەتە دەکەن، هێناومانن.

٢)- ﴿يُكَوِّرُ ٱلَّيۡلَ عَلَى ٱلنَّهَارِ وَيُكَوِّرُ ٱلنَّهَارَ عَلَى ٱلَّيۡلِ﴾، شەوگار بەسەر ڕۆژگاردا دەپێچێ و، ڕۆژگار بەسەر شەوگاردا دەپێچێ، **(يُكَوِّرُ: يَلُفُّ)** واتە: دەپێچێ، هەڵبەتە ئەم تەعبیرە ڕاستییەکی زانستیی گرتۆتە خۆی، کە لە کاتی دابەزێنرانی قورئاندا ئەو ڕاستییە زانستییە نەزانراوە، ئەویش ئەوەیە کە ئەم زەوییەی ئێمە لەسەری دەژین،

هەم مەیلەو خڕ هەڵکەوتوە (هێلکەیی)، نەک خڕی تەواو، هەم بە دەوری خۆشیدا دەخولێتەوە، چونکە (**تَكْوِير**) واتە: شەوگار پێچران بە دەوری ڕۆژگارداو، ڕۆژگار پێچران بەسەر شەوگاردا، کاتێک دەگونجێ وێنا (**تصوّر**) بکرێ، کە زەوی مەیلەو هێلکەیی و خڕ بێ، بە دەوری خۆشیدا بخولێتەوە.

لەو بارەوە (**الطنطاوي**) لە تەفسیرەکەی خۆیدا[1]، عیبارەتێکی جوانی هێناوە پێم چاک بوو لێی بخوازمەوە، دەڵێ:

(كَارَ العَمَامَةَ عَلَى رَأْسِهِ وَكَوَّرَهَا، وَلَا جَرَمَ أَنَّ كُلَّ وَاحِدٍ مِنَ اللَّيْلِ وَالنَهَارِ فِي تَتَابُعِهِمَا أَشْبَهُ بِتَتَابُعِ أَكْوَارِ العَمَامَةِ بَعْضِهَا عَلَى بَعْضٍ، فَالأَرْضُ كَالرَّأْسِ وَالظَّلَامُ وَالضِّيَاءُ يَتَتَابَعَانِ بِتَتَابُعَ أَكْوَارِ العَمَامَةِ، وَيَلْتَفَّانِ مُتَتَابِعَيْنِ حَوْلَهَا، وَهَذَا التَّعْبِيْرُ مِنْ أَعْجَبِ مَا يُعْلِمُ أَنَّ القُرْآنَ يُرْشِدُنَا إلى كُرَوِيَةِ الأَرْضِ أَوَّلًا، وَيُرْمِزُ إلى دَوَرَانِهَا حَوْلَ نَفْسِهَا ثَانِيَاً).

واتە: لە زمانی عەرەبییدا دەگوترێ: (**كَارَ العَمَامَةَ عَلَى رَأْسِهِ وَكَوَّرَهَا**)، مێزەرەکەی لەسەری خۆی پێچا، چونکە هەر قەفێکیان بە دەوری ئەوی دیکەدا دەپێچرێ، گومانی تێدانیە، کە هەر کام لە شەوگارو ڕۆژگار کە بە دوای یەکدا دێن، وەک بە دوای یەکدا هاتنی پێچەکانی مێزەر وایە، کە هەندێکی بەسەر هەندێکی دا دەپێچرێ، کەواتە: لێرەدا خوا ﷻ زەوی وەک سەر(ی مرۆڤ) تەماشا کردوەو، داناوە، تاریکایی و ڕووناکیی و شەوگارو ڕۆژگاریش بە دوای یەکدا دێن، وەک چۆن پێچەکانی مێزەر بە دوای یەکدا دەپێچرێن و، شەوگارو ڕۆژگاریش بەسەریەکدا دەپێچرێن بە دەوری زەویدا، (ئەگەر ئەم بلاجکتۆرە خۆر بێ و[2]، ئەمە زەوی بێ و، زەوی ئاوا دەخولێتەوە بە دەوری خۆیدا، ئەو شوێنەی ڕووی لە خۆرە دەبێتە ڕۆژو پشتەکەی دەبێتە شەو، کەواتە: بەردەوام شەو ڕۆژ ڕاودەنێ، ڕۆژیش شەو ڕاودەنێ، وەک خوا ﷻ لە سوورەتی (**الأعراف**)دا دەفەرموێ: ﴿يُغۡشِي ٱلَّيۡلَ ٱلنَّهَارَ

---

(١) الجواهر في تفسير القرآن الكريم: ج١٨، ص١٨٣.

(٢) لەکاتی دەرس گوتنەوەکەدا ئاماژەم بەگڵۆپێکی بلاجکتۆر کردوە، ئاماژەم بەشتێکی دیکە کردوە، چواندمن بە خۆر و زەوییەوە.

﴿يَطْلُبُهُۥ حَثِيثًا ﴿٥٤﴾﴾، واتە: بە شەوگار ڕۆژگار دادەپۆشێ، بە دوای دەكەوێ بە خێرایی، سووڕانەوەی زەوی بە دەوری خۆیدا، نزیكەی سی (٣٠) كیلۆمەترە لە خولەكێكدا، ئنجا بۆ ئەوەی سەعاتێكت بۆ دەركەوێ: (٣٠) جارانی (٦٠) دەكەی (٣٠ × ٦٠= ١٨٠٠كلم)، دەكاتە ئەو ماوەیەی كە زەوی لە ماوەی سەعاتێكدا دەیبڕێ بە دەوری خۆیدا، بۆیەش خوا دەفەرموێ: ﴿يَطْلُبُهُۥ حَثِيثًا﴾، بەڵام لەبەر ئەوەی زەوی زۆر گەورەیە، ئێمە زۆر هەست بەو سووڕانەوە خێرایە ناكەین، هەڵبەتە ئەگەر خێراتر سووڕابایەوە، ئەو كاتە وەك پێشتریش باسمان كردوە، حاڵ و گوزەرانی مرۆڤ لەسەر زەوی جۆرێكی دیكە بوو، یان هەر نەدەبوو)[1].

ئەم دەربڕینەش سەرسووڕهێنەرترین دەربڕینە، لەوەدا كە بزانرێ قورئان ڕێنماییمان دەكات یەكەم: زەوی مەیلەو خڕە، دووەم: ئاماژەشە بەوە كە بە دەوری خۆشیدا دەخولێتەوە.

لێرەدا ڕەنگە پرسیارێك بكرێ:

بۆچی خوا ﷻ بە تەعبیرێكی دیكە نەیهێناوە، ڕوونتر بووایە؟ واتە: هەر ڕێك فەرمووبای: زەوی خڕەو بە دەوری خۆیدا دەخولێتەوەو شەو و ڕۆژ لەوەدا پەیدادەبن؟

وەڵامەكەی ئەوەیە كە خوا ﷻ بە شێوەیەكی فەرمووە: بە كەڵكی هەموو ڕۆژگارەكان بێ، بۆیە بە ئاماژە هاتوە، ئنجا هەر ئەمەش نیەو، زۆر ڕاستیی دیكەی گەردوونیی لە قورئاندا هاتوون، كە ئەگەر خوا ﷻ وەك لە واقیعی خۆیاندا هەن، ئاوای فەرمووبانایە، بۆ خەڵك دەبوونە مەتەڵێك كە لێی تێ نەدەگەیشتن و، لە عەقڵیانەوە نەدەچوو، بەڵام بە ئاماژە فەرموونی، كە ئەوان بە جۆرێك لێیان تێ دەگەن و، دواییش كە زانست زیاتر بەرەو پێشەوە دەچێ، وەك حەقیقەتی خۆیان دەیانزانن.

---

(١) هی نێوان كەوانەكان زیادەی خۆمە.

ئنجا لە چەند شوێنی دیکەش دا، ئاماژەی پێدراوە، کە زەوی خڕو هێلکەیی هەڵکەوتوە، بۆ وێنە:

أ- ﴿ وَٱلْأَرْضَ مَدَدْنَٰهَا ﴿١٩﴾ ﴾الحجر، واتە: زەوییمان درێژ کردۆتەوە، کە کاتێک درێژ کردنەوەی زەویی و پان ڕاخستنەوەی زەوی تەسەووڕ دەکرێ، کە خڕو هێلکەیی بێ، چونکە ئەگەر چوارگۆشە یان، لاکێشە، سێگۆشە بووایە، دەبوو گۆشەی هەبوونایە، بەڵام هەر دەڕۆی و گۆشەی نین!

ب- ﴿ وَٱلْأَرْضَ بَعْدَ ذَٰلِكَ دَحَىٰهَآ ﴿٣٠﴾ ﴾النازعات، واتە: دوای ئەوە خوا ﷻ زەویی پان ڕاخستوە، یاخود مەیلەو هێلکەیی لێکردوە.

ج- ﴿ وَهُوَ ٱلَّذِى مَدَّ ٱلْأَرْضَ ﴿٣﴾ ﴾الرعد، واتە: خوا ﷻ ئەو کەسەیە کە زەویی درێژکردۆتەوەو، پان ڕاخستوە، کە ئەوانە هەموویان ئاماژەن بە خڕێتیی زەوی.

د- ﴿ يُغْشِى ٱلَّيْلَ ٱلنَّهَارَ يَطْلُبُهُۥ حَثِيثًا ... ﴾الأعراف: ٥٤، ئەمەش ئاماژەیەکی ڕوونە بە سووڕانەوەی زەوی و، بە دوای یەکداهاتنی شەوگارو ڕۆژگار لەسەر پانتایی و ڕووبەری زەوی.

٣)- ﴿ وَسَخَّرَ ٱلشَّمْسَ وَٱلْقَمَرَ كُلٌّ يَجْرِى لِأَجَلٍ مُّسَمًّى ﴾، هەروەها خوا ﷻ خۆرو مانگی ڕامکردوون، ملکەچ کردوون، هەر کامێکیان دەڕوات بۆ کاتێکی دیاریکراو.

ئەو کاتە دیاریکراوە دەگونجێ مەبەست پێی کاتی دیاریکراوی شەوگارو ڕۆژگار بێ، یان هی مانگ بێ، یان هی ساڵ بێ، یاخود هی تەمەنی مانگ و خۆر بێ، تاکو تەمەنیان دەبێت.

ئێمە لە سوورەتی (یونس)دا، باسێکی تێرو تەسەلمان لە قەدەر ئەم تەفسیرە کردوە، لە بارەی هەر کام لە خۆرو، مانگ و، زەوی، هەروەها پێشێ لە بارەی

گەردوونـەوە بـە گشـتیی[1]، هەرچەنـدە جـار جـار ئەوەنـدەی پێویسـت بـکات ئامـاژە بـە هەندێـک شـت دەکەینـەوە بـۆ وێنـە: قەبـارەی خـۆر ملیۆنێـک و سـێ سـەد هـەزار (١,٣٠٠,٠٠٠) جـار هێنـدەی قەبـارەی زەوی گەورەیـەو، نێـو جەرگـەی خـۆر شـەش ملیـۆن (٦,٠٠٠,٠٠٠) پلـەی سـەنتیگراد گەرمـە، کـە ئەگـەر زەوی ئێمـە بخرێتـە نێـو خـۆرەوە، لـە چرکەیەکـدا دەبێتـە هەڵـم، بـەڵام توێـژی دەرەوەی خـۆر بیسـت هـەزار (٢٠,٠٠٠) پلـەی سـەنتیگراد گەرمـەو، بڵێسـەی زمـانی خـۆر ملیۆنێـک (١,٠٠٠,٠٠٠) کیلۆمەتـر درێـژەو، ئەگـەر هـەر کاتێـک خـۆر بکوژێتـەوە، زەوی ئێمـە یەکسـەر (٢٧٠) پلـە دەچێتـە ژێـر سـفرەوە، واتـە: دەبێتـە سـفری موتڵـەق، بـە پێـی پلـەی کاڵفـن، ئـەو کاتـەش نـەک هیـچ جووڵەیـەک لەسـەر زەوی نامێنـێ، بگـرە گەردیلەکانیـش ڕەنگـە جووڵەیـان تێـدا نەمێنـێ.

٤)- ﴿أَلَا هُوَ ٱلۡعَزِيزُ ٱلۡغَفَّٰرُ﴾، ئاگاداربن! ئەو (خوا) زاڵی زۆر لێبوردەیە.

ئنجا خوا ﷻ دێتە سەر باسی دروستکردنی مرۆڤ و دەفەرموێ:

٥)- ﴿خَلَقَكُم مِّن نَّفۡسٖ وَٰحِدَةٖ﴾، (خوا) ئێوەی لە یەک نەفس دروستکردوە.

کە بە تەئکید مەبەست پێی ئادەمە.

٦)- ﴿ثُمَّ جَعَلَ مِنۡهَا زَوۡجَهَا﴾، دوایی هەر لە خۆی (لەو یەک نەفسە کە نەفسی ئادەمە عليه السلام) هاوسەرەکەشی دروستکرد.

بێگومـان لێـرەدا مەبەسـت لـە: ﴿ثُمَّ جَعَلَ مِنۡهَا زَوۡجَهَا﴾، ئەوەیـە کـە لـە هەمـان جـۆرە نەفـس کـە ئادەمـی لـێ دروسـت بـووە، حـەوواش لـە هەمـان جـۆرە نەفـس دروسـت بـووە، هیـچ گومـان لەوەدانیـە کـە مەبەسـت پێـی ئەوەیـە، چونکـە خـوا دەفەرمـوێ: ﴿ثُمَّ جَعَلَ مِنۡهَا زَوۡجَهَا﴾، هەروەهـا لـە سـوورەتی (النسـاء) دەفەرمـوێ: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُواْ رَبَّكُمُ ٱلَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفۡسٖ وَٰحِدَةٖ وَخَلَقَ مِنۡهَا زَوۡجَهَا

---

(١) هەروەهـا لـە تەفسـیری هـەرکام لـە سـوورەتی (فصلـت) و (الرحمـن) یـش، لەبـارەی گەردوونـەوە دواویـن.

وَبَثَّ مِنۡهُمَا رِجَالٗا كَثِيرٗا وَنِسَآءٗۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ٱلَّذِي تَسَآءَلُونَ بِهِۦ وَٱلۡأَرۡحَامَۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلَيۡكُمۡ رَقِيبٗا ﴿١﴾﴾، ڕاناوی (**منها**) لە هەردوو شوێنەکاندا بۆ نەفس دەچێتەوە، کە مێینە (**مؤنث**)یە، واتە: لەو جۆرە نەفسە حەوواشی دروستکردوە، نەک لەو جەستەیە، چونکە ئەگەر بۆ جەستە چووبایەوە، دەیفەرموو: (**خَلَق منه**)، ئنجا کە گوایە: حەووا لە پەراسووی ئادەم دروست بووە، ئەوە قسەی پەیمانی کۆنەو پێشتریش هێناومانە لە تەفسیری سووڕەتی (**النساء**)داو، لە تەفسیری سووڕەتی (**الروم**)یش دا، کە لەوێ خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿وَمِنۡ ءَايَٰتِهِۦٓ أَنۡ خَلَقَ لَكُم مِّنۡ أَنفُسِكُمۡ أَزۡوَٰجٗا لِّتَسۡكُنُوٓاْ إِلَيۡهَا وَجَعَلَ بَيۡنَكُم مَّوَدَّةٗ وَرَحۡمَةًۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَأٓيَٰتٖ لِّقَوۡمٖ يَتَفَكَّرُونَ ﴿٢١﴾﴾الروم، ئنجا ئەگەر بە پێی (**النساء: ١**) حەووا لە ئادەم جیا بووبێتەوە، دەبێ بەپێی (الروم: ٢١) جەستەی هەر ژنێکیش لە جەستەی پیاوەکەی جیابووبێتەوە! کە بە تەئکید ئەوە وانیە، بەڵکو واتە: هەموویان لە یەک جۆرە نەفسن، بەڵام ئایا جەستەی ئادەم کە لە قوڕ دروست بووەو ئەوە خوا ﷻ فەرموویەتی، جەستەی حەوواش هەر لەو قوڕە دروستبووە؟ لە هەندێ شوێنەواراندا هاتوە کە لەو قوڕەی ماوەتەوە لە جەستەی ئادەم، حەوواشی لێ دروستبووە، بەڵام لە قوڕئاندا خوای پەروەردگار باسی نەکردوە و، لە سوننەتی پێغەمبەریشدا نەهاتوە، بەڵام بە تەئکید ئەگەر نەفسەکە هەمان جۆرە نەفس بێ، دیارە جەستەکەش هەمان جۆرە جەستەیەو، ئەویش هەر لە قوڕو لە خاک دروست بووە.

٧)- ﴿وَأَنزَلَ لَكُم مِّنَ ٱلۡأَنۡعَٰمِ ثَمَٰنِيَةَ أَزۡوَٰجٖ﴾، لە ئاژەڵان هەشت جووتی بۆتان دابەزاندوون.

کە دەفەرموێ: بۆی دابەزاندوون، واتە: وایلێکردوون ئێوە بیانخەنە ژێر ڕکێفی خۆتانەوە، یاخود مەبەست ئەوەیە کە فەرمانی دروستکردنی ئاژەڵەکان، لە لایەن خواوەیە لە ئاسمانەوە دابەزیوەو، یان مەبەست پێی دابەزێنرانیانە لە کەشتیی نووح، کە کاتی خۆی لە هەر جۆرە ئاژەڵێک جووتێکی بە فەرمانی خوا لە

کەشتییەکەیدا سوار کردوە، ئەوانەش هەموویان ئەوانە بوون کە لە ئاودا خنکابن و لە کەشتییەکەدا پارێزراون و، دوایی لە کەشتییەکە هاتوونە خوار، خوا ﷻ بۆیە دەفەرموێ: ﴿وَأَنزَلَ لَكُم﴾، ئنجا (أنزل) بە هەر کام لەو واتایانە بێ، دەگونجێ.

مەبەست لە هەشت جووتەکانیش، هەشت نێرو مێیەکانی چوار جۆرە ئاژەڵەکانن، کە لە سوورەتی (الأنعام)دا، خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ثَمَٰنِيَةَ أَزْوَٰجٍ مِّنَ ٱلضَّأْنِ ٱثْنَيْنِ وَمِنَ ٱلْمَعْزِ ٱثْنَيْنِ ۗ قُلْ ءَآلذَّكَرَيْنِ حَرَّمَ أَمِ ٱلْأُنثَيَيْنِ أَمَّا ٱشْتَمَلَتْ عَلَيْهِ أَرْحَامُ ٱلْأُنثَيَيْنِ ۖ نَبِّـُٔونِى بِعِلْمٍ إِن كُنتُمْ صَٰدِقِينَ ﴿١٤٣﴾﴾. دوایی دەفەرموێ: ﴿وَمِنَ ٱلْإِبِلِ ٱثْنَيْنِ وَمِنَ ٱلْبَقَرِ ٱثْنَيْنِ ... ﴿١٤٤﴾﴾الأنعام، هەشت جووتن، [هەشت نێرو مێن، چواری نێر، چواری مێ، لە مەڕ دووان و لە بزن دووان]، دوایی دەفەرموێ: لە حوشتر دووان و، لە ڕەشە وڵاخ دووان، هی مەڕ نێرەکە پێی دەگوترێ: بەران و مێیەکە پێی دەگوترێ: مەڕ، هی بزن، نێرەکەی پێی دەگوترێ: نێریی و، مێیەکە پێی دەگوترێ: بزن، هی حوشتریش بە عەرەبیی هاتوە، چونکە لە کوردەواریی ئێمەدا نیە، تاکو وشەیەک بۆ نێرەی حوشتر دابنێین بەرانبەر مێیەی حوشتر، بەڵام بە عەرەبیی بە نێرەکەی (بعير) دەگوترێ، یاخود (جمل)، بە مێیەکەی دەگوترێ: (ناقة)، هی ڕەشە وڵاخیش نێرەکەی گایەو، مێیەکەی مانگایە، کە دیارە کەڵ و گامێشیش لە جۆری ڕەشە وڵاخن و، نێرەکە کەڵەو مێیەکە گامێشە، ئنجا باسی مرۆڤ دەکات، دەفەرموێ:

٨)- ﴿يَخْلُقُكُمْ فِى بُطُونِ أُمَّهَٰتِكُمْ﴾، لە سکی دایکتاندا دروستتان دەکات.

٩)- ﴿خَلْقًا مِّنۢ بَعْدِ خَلْقٍ﴾، دروستکران دوای دروستکران، واتە: قۆناغ قۆناغ.

١٠)- ﴿فِى ظُلُمَٰتٍ ثَلَٰثٍ﴾، لە سێ تاریکاییدا، سێ تاریکاییەکەش: تاریکایی سک و، تاریکایی منداڵدان (رحم) و، تاریکایی ئاوەڵ منداڵ (مشيمة)ن، کە بۆ ئاژەڵ پزدانی پێدەڵێن، بەڵام بۆ مرۆڤ هی ئافرەت، ئاوەڵ منداڵی پێ دەڵێن، کە لەگەڵ ئەو منداڵەدا دێتە دەرێ، بەڵام منداڵدان هەر لەوێدایە.

١١)- ﴿ذَٰلِكُمُ ٱللَّهُ رَبُّكُمۡ لَهُ ٱلۡمُلۡكُ﴾، ئا ئەو خوایەتان پەروەردگارتانە، حوكمڕانیی و دەستەڵات بەس هی ئەوە.

١٢)- ﴿لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَۖ فَأَنَّىٰ تُصۡرَفُونَ﴾ هیچ پەرستراوێک نیە، كەواتە: بەرەو كوێ لادەدرێن؟! یاخود چۆن لادەدرێن؟ مەبەست ئەوەیە كە مادام خوا ﷻ خاوەنی هەموو گەردوونەو، خاوەنی شەوگارو ڕۆژگارە، خاوەنی خۆرو مانگ و زەوییەو، ئێوەی هێناوەتە دی و، ئاژەڵی بۆ هێناونە دی، خاوەنی هەموو چاكەكانە، كەواتە: بۆچی جگە لەو دەپەرستن؟ بەندایەتیی بۆ جگە لەو دەكەن؟ وەک پێشتریش گوتوومانە: ئێمە لە سەرەتای سوورەتی (المؤمنون)دا، باسێکی باشمان لە بارەی دروستكردنی مرۆڤان كردوە، چ ئادەم و حەوواو، چ مرۆڤ و قۆناغەكانی دروست بوونی مرۆڤ، كە بە حەوت قۆناغاندا مرۆڤ تێدەپەڕێ:

١)- قۆناغی پوختەیەک لە قوڕ.

٢)- نوتفە.

٣)- عەلەقە.

٤)- موضغە.

٥)- ئێسقان.



٦)- داپۆشرانی ئێسقان بە گۆشت.

٧)- دروستكرانێكی دیكە، كە بریتیە لە ڕووح بە بەرداكران.

كورتە باسێك لە بارەی جەستەی مرۆڤەوە

لەبەر ڕۆشنایی تەفسیری: (**الجواهر في تفسير القرآن الكريم**)، ی (**طنطاوي الجوهري**)دا[1]، كە ئەو لە پەنجا (٥٠) خاڵدا باسی جەستەی مرۆڤ دەكات، بەڵام من لە پازدە (١٥) تەوەردا، ئەو پەنجا (٥٠) خاڵەی ئەو كورت دەكەمەوە، بەپێی ئەندامەكانی جەستە:

١)- جەستەی مرۆڤ: كاتێك سەرنجی جەستەی مرۆڤ دەدەین، دەبینین خوا ﷻ جەستەی مرۆڤی بەش بەش كردوە، نەك هەمووی یەك پارچە بێ، تاكو مرۆڤ بتوانێ كارەكانی خۆی بكات، سەر بە جیا، دەست بەجیا، لاق بە جیا، لە نێو سەریشدا پێنج هەستەكان، هەستی بیستن و دیتن و بۆنكردن و تامكردن و، ئنجا هەستكردن (**لمس**) كە ئەویش هەم پەیوەندیی بە سەرەوە هەیە، هەم پەیوەندیی بە ئەندامەكانی دیكەوەش هەیە.

٢)- جومگەو ئێسقان: جومگەكانی مرۆڤ و، ئێسقانەكانی، هەر كامێكیان بە شێوەیەك دانراوە كە لەگەڵ ئەو جووڵەیەدا كە بۆی پێویستە، بگونجێ، دوایی ئەم جومگانە بە چەند ژێیەك پێكەوە بەستراون و، هەر كام لە سەری ئەو ئێسقانانەش، بە شێوەیەكە بچێتە نێو ئێسقانی دیكە كە پێیەوە پەیوەست دەبێ، جگە لەوەی كە دەشچێتە نێوی لە ڕێی جومگەیەكەوە، بە ژێیەكانیش مەحكەم كراوەو بە ماسوولكەكانیش مەحكەم كراوە، ئەگەر وانەبووایە، بە تەئكید مرۆڤ ئەو جموجۆڵەی كە ئێستا دەتوانێ بە هەموو لادا سەر بسووڕێنێت، دەست بسووڕێنێ، لاق بسووڕێنێ، ئەو كاتە ئەو جموجۆڵەی نەدەبوو.

٣)- سەر: سەر لە كۆمەڵێك ئێسقان پێك هاتوە، زۆر كەس وا دەزانێ كەللەی سەر یەك ئێسقانە، بەڵام لە چەندان پارچە پێك هاتوە، ئەویش بۆ ئەوەی ئەگەر پارچەیەكیان زیانی پێگەیی، هەمووی درزنەبات و هەمووی نەشكێت و، هەر ئەو پارچەیە بێت كە

---

(١) ج٩، ص١٩٦ - ١٩٨.

زیانی پێگەیشتوەو، ئنجا ئێسقانەکانی دیکەی کە سەریان لێ پێک دێ شەویلاگەکانن، ددانەکانن، ئێسقانەکانی لووتن، گوێیەکانن، کە هەر کامێکیان قەبارەو شێوەو چۆنیەتییەکەیان، بەو شێوەیە کە لەگەڵ ئەرکەکەیاندا بگونجێ.

٤)- گەردەن: گەردنی مرۆڤ، لە حەوت بڕگە، پێک دێ، کە هەر کامێکیان دەچێتەوە نێو ئەوی دیکەو، کرۆو کروژەیەکیان لە بەیندا هەیە لەگەڵ بڕگەکانی دیکەی پشت دا تاکو خوارێ، تاکو دەگاتە کلێنجە (**عُصعُص**) هەموویان پێکەوە گونجاون، کۆی ئێسقانەکان بە پێی هەندێ سەرژمێر (٢٤٨) دوو سەدو چل و هەشت ئێسقانن، جگە لە ئێسقانە وردەکان، هەندێکیش دەڵێن: زیاترن، بەڵام جومگەکان وەک لە فەرمایشتی پێغەمبەریشدا هاتوە سێ سەدو شەست (٣٦٠) جومگەن، هەر کامێک لەو جومگانەو لەو ئێسقانانە بە وردو درشتیانەوە، لەگەڵ ئەو ئەرکەیدا کە بۆیان دیارییکراوە، گونجاون.

٥)- چاو: پێش هەموو شتێک، پێڵووی بۆ دروستکراون، ئەو پێڵووانەش وەک دەروازەو دەرگا وان، کە لە کاتی خۆیدا چاو ئەو پێڵووانە دەکاتەوەو، کاتێ ئیشی پێیان بێ، ئەگەرنا دایان دەخات، بۆ وێنە: ئەگەر هەست بە ترسێک بە ناخۆشییەک بکات، یان لە کاتی خەوداو، ئنجا ئەو پێڵووانە جوانن بۆ چاو، تۆ بێنە بەرچاوی خۆت چاو پێڵووی نەبوونایە، ئنجا برژانگەکانی چاو، کە نە کەم دەکەن و نە زیاد دەکەن، ئەگەر زیادیان کردبایەو پێویستییان بەوە بووایە ئینسان برژانگی خۆی بە مقەس بقرتێنێ، وەک چۆن مووەکانی شوێنەکانی دیکە، زۆر زەحمەت دەبوو!

ئنجا چاو ئاوێکی سوێری تێدایە، کە بەردەوام ئەو چاوە دەشوات و پاکی دەکاتەوە، هەردوو برۆیەکانیش دیسان ئارەقەیەک کە لەسەرەوە ڕا دێ، چاو دەپارێزن لەو ئارەقەیەو بەولاو بەولای برۆیەکاندا ئارەقەکە دێتە خوار، جگە لەوەی کە جوانییەکیش دەدەن بە چاو، جگە لەوەی جۆرێک لە داپۆشینیشن بۆ چاوو، مووی برۆیەکانیش وەک هی برژانگەکان کەم وا هەیە زیاد بکەن، شێوەیەکی تایبەتن لە موو، وەک مووی سەرو ڕیش و سمێڵ و ئەوانە نین.

٦)- مووەکان: مووی ڕیش و سەر بە نسبەت پیاوانەوەو، بە نسبەت ئافرەتانەوە مووی سەر، زیاد دەکەن و حەواڵەی مرۆڤ کراوە کە ڕیشی چەند بێ، بیهێڵێتەوەو نەیهێڵیتەوە، قژی سەری چەند بێ، زۆری بکات کەم بکات، بەپێی ئەو ژینگەو عادەت و نەریتەی تێیدا دەژی، بەڵام ئەگەر وابووایە کە وەک مووی برژانگ و برۆ، کەم و زیادیان نەکردبایە، جۆرێکی دیکە دەبوو، بەڵام خوا ﷻ مووی سەرو ڕیش و سمێڵی والێکردوە، زیادو کەم بکەن، بۆ ئەوەی هەر کەسە بە پێی زەوق و سەلیقەو ژینگەو عورف و عادەتی کۆمەڵگایەکەی خۆی، دەستکارییان بکات.

٧)- لێوەکان: لێوەکان جگە لەوەی مایەی داپۆشینن بۆ زارو وەک دەرگایەک وان و، لە کاتی پێویستدا مرۆڤ لێوەکانی لێک دەکاتەوە، جگە لەوەش پەردەیەکیشن بەسەر پووک و ددانەدا، با ئینسان بێنێتە بەرچاوی خۆی لێوی نەبوونایەو، هەموو دەمێ پووک و ددانی دیاربوونایە، زۆر دیمەنێکی دزێوی دەبوو!

کەواتە: لێوەکان دەرگان بۆ زارو، پەردەو پۆشاکن بۆ پووک و ددان و، جوانییەکیش دەدەن بە دەم و چاوی مرۆڤ، بە هۆی لێوەکانیشەوە مرۆڤ دەتوانێ زۆر لە پیتەکان گۆ بکات.

٨)- زمان: ئنجا با تەماشای زمان بکەین: زمان جگە لەوەی بۆ قسەکردن بەکاردێ و، بۆ دەربڕینی ئەوەی مرۆڤ لە دەروونیدایە، بۆ چێژتنی خواردنیش بەکاردێ، بۆ ساردیی و گەرمیی ئەو خواردنەوەیە، یان ئەو خواردنەی دەیخوات ئایا ساردە، گەرمە؟ سەری زمانی دەگەیەنێتێ دەزانێ داخۆ بە کەڵک دێ بخورێ، یان بخورێتەوە، یانا نا؟ هەروەها زمان بۆ هەڵگێڕو وەرگێڕکردنی خواردنیش، بەکاردێ، کە ئەو خواردنە ئەو پاروەوە بگوازێتەوە لەو ددانە بۆ ئەو ددانە، بۆ وێنە لە کەڵبەکانەوە بۆ بڕەڕەکان، لە بڕەڕەکانەوە بۆ خرێکان، بۆ ئەوەی بیهاڕن.

٩)- ددانەکان: ئنجا با تەماشای ددانەکان بکەین: ددانەکان یەک ئێسقان نین، بەڵکو هەر کامێک لە ئێمە (٣٢) ددانمان هەیەو، ئەو (٣٢) ددانە دابەش دەبن بۆ سێ جۆر، بە عەرەبی (**ثنايا، أنياب، أضراس**) واتە: (کەڵبەکان، بڕەڕەکان، خرێنەکان)، کەڵبە ئەوانەی

پێشەوەن و مرۆڤ شتیان پێ دەبڕێ، دوایی بڕەڕەکان ئەوانەی شتیان پێ قڵت قڵت دەکات، ئنجا خرێنەکان ئەوانەی پشتەوە کە شتیان پێ دەهاڕێ، پێشێ دەیبڕێ دوایی قڵت قڵتی دەکات و، دوایی قۆناغی سێیەم دەیهاڕێ، ئنجا بە کەڵک دێ قووت بدرێ، ئنجا ددانەکان وێڕای ئەوە کە بۆ خواردن و بڕین و قڵت قڵتکردن و هاڕین پێویستن، لە هەمان کاتدا بۆ جوانیی دەم و چاویش پێویستن، سپێتیی ددانەکان لەگەڵ سووریی پووکەکان و لێوەکاندا، جوانییەکی دیکە دەدا بە دەم و چاوی مرۆڤ.

سەری ددانەکانیش هەموویان ڕێکە، ئەگەر ئینسان شتێکی بچووک بچێتە بەر ددانەکانی، هەستی پێدەکات، لەبەر ئەوەی خوا ﷻ هەموویانی بە یەک ئەندازەو ئاست دروستکردوە.

١٠)- زار: ئنجا با تەماشای زار **(فم)** بکەین: هەمیشە لە نێو زاردا تەڕاییەکی هەست پێکراو هەیە، بەڵام ئەو تەڕاییە کە مەبەست پێی لیکە، لە کاتی پێویستدا وەدەردەکەوێ، ئەگەر هەمیشە ئەو لیکە لە دەمدا هاتبایە، زار پڕ دەبوو لە لیک و دەبووایە مرۆڤ هەمیشە تف فڕێ بدات، بەڵام نا، لە کاتێکدا کە مرۆڤ پێویستیی پێ بێ، ئەو لیکە دێ، دەگوترێ: ئاوی لە دەم دێ، بە تایبەت لە کاتی خواردندا، یان بیرکردنەوە لە هەندێک خواردن، ئەوەش وادەکات یەکەمین پرۆسەی هەرسکردنی خواردن لە زاردا ئەنجام بدرێ، بە هۆی ئەو لیکەوەو، پاروووەکەش نەرم و خۆش دەکات، بە کەڵکی قوتدان دێ، ئەوەی لەگەڵ پاروودا قوتدەدرێ، ئەوەی دیکەش کە دەمێنێتەوە، بۆ تەڕو باشکردنی نێو دەمەو، هەروەها بۆ ئەوەی مەڵاشوو و قوڕگ نەرم بێت، تاکو ئینسان بتوانێ قسە بکات، لە کاتێک دا مرۆڤ قوڕگی وشک دەبێ و لیکی لە دەمدا نامێنێ، قسەی بۆ ناکرێ، یەک بە یەک دەڵێ: ئاوی لە دەمدا وشک بووە، واتە: قسەی بۆ ناکرێ.

١١)- گوێ و بیستن: ئنجا با تەماشای گوێ و هێزی بیستن، بکەین: ئەو ئاوەی کە لەنێو گوێدایە، تەڕاییەکە نێو گوێ دەری دەکات و زۆر کەس پێی قەڵسە، پێی دەگوترێ: چڵکی گوێ، بەڵام ئەوە زۆر زۆر پێویستە، تاکو لە هەر زیندەوەرێکی زیانبەخش بیپارێزێ، چونکە تاڵەو دەیکوژێ.

ئنجا سەیوانی گوێ، کە لە ماددەیەکی کرۆژ کرۆژەیە، نە گۆشتەو نە ئێسقە، بۆ ئەوەی دەنگ کۆ بکاتەوەو، دوایی بیخاتە نێو گوێ، هەروەها لە نێو گوێدا مووەکان هەن، کە ئەوانیش تۆزو غوبارو شتێک کە زیانبەخش بێ دەیگێڕنەوە، هەڵبەتە پێویستیی بە باسێکی سەربەخۆ دەکات کە باسی دەزگای بیستن (**جهاز السمع**) بکەین، کە چۆن لە چەکوش و سندان و تەپڵ و نیوە کەوانەو کەوانە تەواوەکان و ... هتد پێک دێ، کە ئێمە لە مەوسووعەی: (درەوشاوەیی ئیمان و پووچەڵیی ئیلحاد)، لە باسی جەستەی مرۆڤدا، باسێکی درێژمان لەو بارەوە کردوە.

١٢)- قوڕقوڕاگە: ئنجا با تەماشای قوڕقوڕاگە بکەین: قوڕ قوڕاگە جگە لەوەی خوا ﷻ ئامادەی کردوە، دەنگی لێوە بێتەدەر، زمانیش مەیلەو بازنەییە، تاکو بتوانێ ئەو هەواو دەنگە بکات کە لە قوڕقوڕاگەوە دێ، هاوکاریی بکات و پیتەکان و وشەکان لە زاردا دروست بکات، ئنجا لە نێو قوڕقوڕاگەدا چەند شێوەیەکی تەسک و فراوان و زبرو لووس و ... هتد، هەن، بۆ ئەوەی بە پێی ئەوە مرۆڤ هەر کات بیەوێ دەنگ هەڵبڕێ، یان دەنگ نزم بکاتەوە، یان بە چپە قسە بکات، یاخود بەپێی مرۆڤەکان، دەنگی ئافرەت جۆرێکە، هی منداڵ جۆرێکە، هی پیاوی بە تەمەن جۆرێکە، شێوەی دروستکرانی قوڕقوڕاگە، ئەوانەی هەموویان تێدا ڕەچاو کراون و، جیاوازیی دەنگەکان لە جیاوازیی قوڕقوڕاگەو سندوقی دەنگەکانەوەیە، ئێمە وەک چۆن دەتوانین دوو وێنەی دوو مرۆڤان لە یەک جیا بکەینەوە، دەتوانین دوو دەنگی دوو مرۆڤانیش لە یەک جیا بکەینەوە.

١٣)- دەستەکان: ئنجا با تەماشای دەستەکان بکەین: دەست لە چەند بەشێک پێک هاتوە: لە لەپی دەست و باسک و، قۆڵ و، شان پێکهاتوە، لەپی دەستیش لە پێنج پەنجە پێک هاتوە، هەر کام لە پەنجەکان لە چەند بەشێک پێک هاتوە، پەنجەی گەورە بە دەورەی هەر چوارياندا دەسووڕێ، دەستی مرۆڤ بۆ خۆی یەکێکە لە شتە زۆر سەرسووڕهێنەرەکان، مرۆڤ دەتوانێ بە دەستی خۆی چەندان قورەکار ئەنجام بدات،

بۆ وێنە: ئەگەر پانی بکات، دەگونجێ شتی لەسەر دابنێ، ئەگەر کۆی بکاتەوە، دەگونجێ شتی تێ بکات، لە جیاتی کەوچک، ئەگەر خڕی بکاتەوە، دەتوانێ وەک ئامڕازێک بۆ لێدان بەکاری بێنێ و، دەتوانێ پەنجەکانی لێک جیابکاتەوەو وەک شەنە بەکاری بێنێ.

١٤)- نینۆکەکان: ئنجا با تەماشای نینۆکەکان بکەین کە لە کۆتایی پەنجەکان دان: هەم جوانیین بۆ دەست و پەنجەکان، هەم ئەگەر ئینسان بیهێنێتە بەرچاوی خۆی، ئەو پەنجانە کۆتاییەکانیان نینۆک نەبووانایە، دەزانن چەند ناخۆش دەبوو! جاری وا هەیە ئینسان نینۆکێکی دەکەوێ، بەو پەنجەیەی شتی پێ ناگیرێ، شتی پێ ناخورێ و، ئینسان ئەگەر بیەوێ شتێک هەڵگرێتەوە، بە هۆی نینۆکەکانیەوە کە بە پەنجەکانەوەن دەتوانێ شت هەڵگرێتەوەو، هەروەها ئینسان ئەگەر بیەوێ ئەندامێکی شوێنێکی خۆی بخورێنێ، بەهۆی نینۆکەوە دەتوانێ و، لە ڕاستییدا بە هۆی نینۆکەوەیە ئینسان دەتوانێ بزانێ داخۆ کوێی خۆی بخورێنێ؟ وەک عەرەب دەڵێن: **(ما حَكَّ ظَهْرَكَ مِثْلُ ظفركَ)**، هیچ شتێک وەک نینۆکی خۆت پشتی نەخوراندووی، ئنجا نینۆکەکان وان کە درێژو کورت بێن و، مرۆڤ بتوانێ دەستکارییان بکات، کورتیان بکات، درێژیان بکات.

١٥)- دروستکرانی لە سێ تاریکییان دا: خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ يَخْلُقُكُمْ فِي بُطُونِ أُمَّهَاتِكُمْ خَلْقًا مِّنۢ بَعْدِ خَلْقٍ فِي ظُلُمَٰتٍ ثَلَٰثٍ ذَٰلِكُمُ ٱللَّهُ رَبُّكُمْ لَهُ ٱلْمُلْكُ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ فَأَنَّىٰ تُصْرَفُونَ ﴾، ئینسان ئەگەر بهێنێتە بەرچاوی خۆی لە سێ تاریکاییدا، خوا ﷻ ئەم هەموو وردەکارییەی کە ئێمە هەروا شتێکی سادەمان لێ باسکرد، شتێکی سەرکێڵ و ڕووکەشمان لێ باسکرد، لە نێو سێ تاریکاییاندا، خوا ﷻ بۆ هەر کام لە مرۆڤەکان ئەو هەموو وردەکارییانە دەخوڵقێنێ، ئنجا هەر کامێک لە مرۆڤەکان بە شێوەیەکی تایبەت دەخوڵقێنێ، کە لە هەموو شتێکی دا جیا بێ لە ئەوانی دیکە، بۆ ئەوەی هیچ مرۆڤێک نوسخەیەکی دیکەی دووەمی نەبێ لە گەردووندا، لە ئادەمەوە تا دوا مرۆڤ، کە لەسەر زەوی دەژی، هەر مرۆڤێک بۆ خۆی نوسخەیەکی سەربەخۆیە.

مەسەلەی سێیەم:

خوا ﷻ بێنیازە لە بێبڕوایی و سپڵەیی مرۆڤەکان، بەڵام بێبڕوایی و سپڵەییانی پێ ناپەسندە، لە حاڵێکدا کە سوپاسگوزارییان و، بەندایەتییانی بۆ خۆی پێ شتێکی پەسندو چاکەو، هیچ گوناهبارێکیش گوناهی کەسی دیکە هەڵناگرێ و، گەڕانەوەش تەنها بۆ لای خوای پەروەردگارە، خوا هەواڵیان پێ دەدات بە کردەوەکانیان، چونکە بە نهێنیی نێو سینەکانیان زانایە:

خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ إِن تَكْفُرُوا فَإِنَّ اللَّهَ غَنِيٌّ عَنكُمْ وَلَا يَرْضَىٰ لِعِبَادِهِ الْكُفْرَ وَإِن تَشْكُرُوا يَرْضَهُ لَكُمْ وَلَا تَزِرُ وَازِرَةٌ وِزْرَ أُخْرَىٰ ثُمَّ إِلَىٰ رَبِّكُم مَّرْجِعُكُمْ فَيُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ إِنَّهُ عَلِيمٌ بِذَاتِ الصُّدُورِ ۝٧ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتە، لە حەوت بڕگەدا:

١)- ﴿ إِن تَكْفُرُوا فَإِنَّ اللَّهَ غَنِيٌّ عَنكُمْ ﴾، ئەگەر ئێوە بێبڕوابن، بە دڵنیایی خوا لێتان بێنیازە، ڕووی دواندن لە هاوبەش بۆ خوادانەرەکان و لە بێبڕوایەکانە، یاخود لێرەدا: ﴿ تَكْفُرُوا ﴾، بە مانای سپڵەیی و ناسوپاسییە، کوفرانی نیعمەت، واتە: ئەگەر ئێوە سپڵەیی و ناسوپاسیی بکەن، بە دڵنیایی خوا دەوڵەمەندەو، بێنیازە لە ئێوە، واتە: پێویستیی بە ئێوە نیەو، حەوجێتان نیەو، نە حەوجێی بڕواهێنانتانەو نە حەوجێی سوپاسگوزارییتانە، چونکە ئەوە ئێوەن کە پێویستییتان بەوە هەیە بەندایەتیی بۆ خوا بکەن و، ئێوەن پێویستییتان بەوە هەیە بڕوا بە خوا بێنن و، خوا بە تەنیا بپەرستن، ئێوەن کە بەهرەمەند دەبن لە بەندایەتییتان بۆ خواو، بە پێچەوانەوە زیانبار دەبن لە بەندایەتیی نەکردنتان بۆ خواو، سپڵەیی و ناسوپاسییتان بەرانبەر بە خوا.

٢)- ﴿ وَلَا يَرْضَىٰ لِعِبَادِهِ الْكُفْرَ ﴾، بەڵام خوا ﷻ بۆ بەندەکانی کوفریان بۆ پەسند ناکات، کوفری بۆ ئەوان پێ باش نیە، **(کفر)**یش یان بە مانای بێبڕوایی دێ، یان بە مانای

سپڵەیی (**كفران**)، واتە: ناسوپاسیی و سپڵەیی بۆ بەندەکانی بە پەسند نازانێ، وشەی (**لِعِبَادِهِ**) لێرەدا بە دوو واتا دێ:

أ- دەگونجێ بڵێین: خوا كوفری بۆ بەندە بڕوادارەكانی، یان كوفرانی بۆ بەندە بڕوادارەكانی پێ پەسند نیە، حەزی لێ ناكات.

ب- (**لِعِبَادِهِ**) واتە: تێكڕای مرۆڤەكان بە بڕوادارو بێبڕواوە، ئەوەش پەیوەندیی بەوەوە هەیە: ئایا مەبەست لە (**رِضَى**) ویست و خواستی خوای پەروەردگارە، یان مەبەست پێی حەز لێكردن و خۆشویستنی و پەسندكردنی خوایە بۆ شتێك، بەڵام زیاتر واپێدەچێ مەبەست لە (**رضى**) پەسندكردن و خۆشویستن بێ، كە دوایی زیاتر تیشكی دەخەینە سەر، گرنگ ئەوەیە ئەم ڕستە قورئانییە، هەردوو واتایەكان هەڵدەگرێ، دەگونجێ (**عِبَاد**) مەبەست پێی تێكڕای مرۆڤەكان بێ و، دەشگونجێ مەبەست پێی بەندە بڕوادارەكان بێ، وشەی: ﴿وَلَا يَرْضَىٰ﴾، كە دواییش دەفەرموێ: ﴿وَإِن تَشْكُرُوا يَرْضَهُ لَكُمْ﴾، ئەگەر سوپاسگوزاریی بكەن بۆتانی پەسند دەكات و، پێی خۆشە بۆتان، (**الرِّضَى: حَالَةٌ نَفْسَانِيَّةٌ تَعْقُبُ حُصُولَ مُلَائِمٍ مَعَ ابْتِهَاجٍ بِهِ، وَهُوَ غير مَعْنَى الْإِرَادَةِ، وَعَكْسُ الرِّضَى السَّخَطُ، وَعَكْسُ الْإِرَادَةِ الْإِكْرَاه، وَالرِّضَى آئِلٌ إِلَى الْمَحَبَّةِ**)، ئەوە ڕای یەكێك لە ڕوونكراوەكانی قورئانەو، منیش پێم پەسندە.

دەڵێ: (**رِضَى**) حاڵەتێكی دەروونییە كە لە ئەنجامی گونجانی شتێك لەگەڵ مرۆڤدا پەیدا دەبێ، لەگەڵ پێ شادمان بوونیداو، (**رِضَى**) جیایە لە ویست، چونكە پێچەوانەی (**رِضَى**) بریتیە لە تووڕەیی، لێی ڕازییە، پێچەوانەكەی لێی تووڕەیە، لێی پەستە، بەڵام پێچەوانەی ویست، ئەوەی ویست، یاخود ئەوەی نەویست، بەو واتایە كە بە ویستی خۆی كردی، یان بەناچاریی (**إِكْرَاهِ**) پێی كرا، ئنجا (**رِضَى**) لەگەڵ خۆشویستن و حەزلێكردندا، زۆر تێكەڵكێش و لێك نزیكە، كەواتە: كە دەفەرموێ: ﴿وَلَا يَرْضَىٰ لِعِبَادِهِ الْكُفْرَ﴾، مانای ڕاستری بە بۆچوونی من ئەوەیە، كە خوا ﷻ كوفری بۆ بەندەكانی پێ پەسند نیە، واتە: بۆ تێكڕای

بەندەكان، حەز ناكات ڕوو لە كوفرو بێبڕوایی، یان لە سپڵەیی و ناسوپاسیی بكەن.

٣)- ﴿ وَإِن تَشْكُرُواْ يَرْضَهُ لَكُمْ ﴾، (ئەی مرۆڤەكان!) ئەگەر ئێوە سوپاسگوزاریی بكەن (بۆ خوا ﷻ)، ئەوەی بۆ ئێوە حەز لێیەو پێی پەسندەو، پێی خۆشە، كەواتە: دەبێ (رِضَى) لە ویست جیا بێت، چونكە هەر شتێك خوا نەیەوێ، نایەتە دی، ئنجا كە لێرەدا دەفەرموێ: ﴿ وَلَا يَرْضَىٰ لِعِبَادِهِ ٱلْكُفْرَ ﴾، ئەگەر مەبەست: (لَا يُرِيْدُ لِعِبَادِهِ الكُفْر) بووایە، واتە: كوفری بۆ بەندەكانی ناوێ، بێگومان بەبێ ویستی خوا كوفر پەیدا نابێ، كەواتە: دەبووایە هەرگیز كوفر لە بەندەكاندا پەیدا نەبێ!! بۆیە هەندێكیان گوتوویانە: (عباد) لێرەدا مەبەست پێی بەندە بڕوادارەكانن، واتە: خوا نەیویستوە بەندە بڕوادارەكانی كوفریان تێدا پەیدابێ، یان كوفرانیان تێدا پەیدابێ، بەڵام وەك باسمانكرد (رِضَى) غەیری ویستن (إرادة)ەو، ویستنیش دوو جۆرە:

أ- ویستی هێنانە دی. ب- ویستی بەرنامەیی.

بۆ وێنە كە دەفەرموێ: ﴿ يُرِيدُ ٱللَّهُ بِكُمُ ٱلْيُسْرَ وَلَا يُرِيدُ بِكُمُ ٱلْعُسْرَ ﴿١٨٥﴾ ﴾البقرة، ئەم ئیرادەیە ئیرادەی تەشریعییە، چونكە دوای باسی مۆڵەت هەبوون بۆ بابای ڕۆژووگر لە ڕەمەزاندا، كە ئەگەر بە سەفەرچوو، یان نەخۆش بوو، بۆی هەیە بەڕۆژوو نەبێ، لەو سیاقەدا دەفەرموێ: ﴿ يُرِيدُ ٱللَّهُ بِكُمُ ٱلْيُسْرَ وَلَا يُرِيدُ بِكُمُ ٱلْعُسْرَ ﴿١٨٥﴾ ﴾البقرة، خوا ﷻ ئاسانیی بۆتان دەوێ و، زەحمەت و قورسیی بۆتان ناوێ.

ئنجا لێرەدا ئەگەر مەبەست پێی ئیرادەی كەونیی و قەدەریی بووایە، دەبووایە مرۆڤەكان هەمیشە لە خۆشیی و ئاسانیی دابوونایەو، هەرگیز تووشی زەحمەتیی نەبوونایە، بەڵام نا، مەبەست لە ویستن (إرادة) لێرەدا ئیرادەی شەرعییە، واتە: خوا لە شەرعی خۆیداو لە بەرنامەی خۆیدا، قورسیی و زەحمەتیی لەسەر ئێوە دانەناوە، بەڵكو ئاسانیی بۆ داناون، شتێك كە لە تواناتاندا هەیە، بۆیە

مانای ڕاستتر ئەوەیە کە لێرەدا (رِضَى) غەیری ئیرادەیە، واتە: پێ خۆش بوون و حەزلێکردن و پەسندکردن، کە دەفەرموێ: (لِعبادە) واتە: بۆ تێکڕای مرۆڤەکان، بەڵکو تێکڕای مرۆڤ و جند، چونکە دەفەرموێ: ﴿ وَمَا خَلَقْتُ ٱلْجِنَّ وَٱلْإِنسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ ﴿٥٦﴾ ﴾الذاریات، واتە: خوا بۆ هەموو بەندەکانی بە مرۆڤ و جندەوە ڕازیی نیەو، حەز ناکات ملی کوفر بگرن، چ بە مانای بێبڕوایی بێ، چ بە مانای سپڵەیی، ﴿ وَإِن تَشْكُرُواْ يَرْضَهُ لَكُمْ ﴾، بەڵام ئەگەر سوپاسگوزاریی بکەن، خوا بۆتان پەسند دەکات و ئەوەی بۆ ئێوە حەز لێیەو، بۆ ئێوەی هەڵدەبژێرێ.

٤)- ﴿ وَلَا تَزِرُ وَازِرَةٌ وِزْرَ أُخْرَىٰ ﴾، هیچ گوناهـ هەڵگرێک، گوناهو قورسایی کەسێکی دیکە هەڵناگرێ، واتە: هیچ نەفسێکی گوناهکار، گوناهی نەفسێکی دیکە هەڵناگرێ، **(أي: لَا تَحْمِلُ نَفْسٌ إِثْمَ نَفْسٍ أُخْرى)**.

٥)- ﴿ ثُمَّ إِلَىٰ رَبِّكُم مَّرْجِعُكُمْ ﴾، دوایی بۆ لای پەروەردگارتانە گێڕانەوەتان و گەڕانەوەتان، دەڵێ: **(ثُمَّ: للتَّرْتِيْب الرُّتْبِي، والتَّرَاخِي)** وشەی **(ثُمَّ)** لێرەدا هەم بۆ ڕیزبەندیی پلە پلەییە، هەم بۆ ڕیزبەندیی بە دواداهاتنە، ئاوای لێدێتەوە: **(أي: وَأَعْظَم مِنْ كَوْنِ الله غَنِيّاً عَنْكُمْ، أَنَّهُ أَعَدَّ لَكُمْ الجَزَاءَ عَلَى كُفْرِكُمْ وَسَتُرْجَعُون إِلَيْهِ)**، واتە: مەزنتر لەوەی خوا لە ئێوە بێ نیازە، سزاشی داناوە بۆتان لە بەرانبەر کوفرەکەتانداو، لەمەودواش دەگەڕێنەوە بۆ لای.

٦)- ﴿ فَيُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ ﴾، هەواڵتان پێدەدات بەوەی دەتانکردو ئەنجامتان دەدا، کە دەفەرموێ: هەواڵتان پێدەدا، کە ئەمە لە قورئاندا زۆر هاتوە، ئنجا ئەگەر خوا بفەرموێ: ئەوە گوناهەکەتە، مانای وایە ئەوەش سزایەکەیەتی، کەواتە: کە دەفەرموێ: ﴿ فَيُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ ﴾، هەواڵتان پێدەدا بەوەی دەتانکرد، هەر خودی هەواڵ پێدرانەکە بۆ خۆی، سزایەکی دەروونییە کە لە ڕۆژی دواییدا، خوا مرۆڤ ڕابگرێ لە بەردەم دادگای خۆیداو، بفەرموێ: ئەوە کوفرو بێبڕوایی و سپڵەیی و گوناهو تاوانەکانی تۆن!! هەر ئەوە بۆ خۆی سزایەکی دەروونییە، ئنجا دواییش بە تەئکید مادام کردەوەکان خراپ بن، سزاشیان لە بەرانبەردا هەیە.

ئەگەرنا: ﴿فَيُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ﴾، مانایەکەی ئەگەر تەماشای سیاقەکە نەکەین، واتە: هەواڵتان پێدەدا (ئەی مرۆڤەکان!) بە هەمووتان بەوەی دەتانکرد، ئنجا ئەوەی چاکەی کرد بێ، هەواڵی چاکەو، ئەوەی خراپەی کردوە، هەواڵی خراپە، بەڵام بە سەرنجدانی سیاقەکە دەزانین کە مەبەست پێی بێبڕوایان و خراپەکاران و لادرانەو سزادرانیشیانە.

٧)- ﴿إِنَّهُۥ عَلِيمُۢ بِذَاتِ ٱلصُّدُورِ﴾، بە دڵنیایی ئەو (خوا) زانایە بە خاوەنی سینەکان، لێرەدا مەبەست لە (خاوەنی سینەکان) جاری دیکەش باسمانکردوە، بەڵام زیاتر ڕوونی دەکەینەوە: وشەی (ذَات): (**مُؤنث**)ی (**ذُو**)یە، (**ذُو**): (**صاحب**) هاوەڵ، (**ذَاتِ**): (**صاحبة**)ە، ئنجا کە دەفەرموێ: ﴿إِنَّهُۥ عَلِيمُۢ بِذَاتِ ٱلصُّدُورِ﴾، ئەم (**ذَاتِ**)ە، صیفەتە بۆ وەسفکراوێکی قرتێنراو، کە بەم شێوەیە: (**إِنَّهُ عَلِيْمٌ، بذات الصدور أَيْ: بِالْأَعْمَالِ صَاحِبَةِ الصُّدُورِ، أَيْ الْمُسْتَقِرَّةِ فِي النَّوَايَا، فَعَبَّرَ بالصُّدُورِ عَمَّا يَحِلُّ بِهَا، وَالصُّدُورُ مُرَادٌ بِهَا الْقُلُوبُ الْمُعَبَّرُ بِهَا عَن بِالْعَزْمِ وَالإِرَادَة**)، (**ذَاتِ الصُّدُور**): (**ذَاتِ**) واتە: هاوەڵ، (**صُدُور**) واتە: سینەکان، ئنجا (**ذَاتِ**) لێرەدا سیفەتە بۆ وەسفکراوێکی قرتێنراو، واتە: (**الْأَعْمَالِ ذَاتِ الصُّدُور**) ئەو کردەوانەی کە هاوەڵی سینەکانن، واتە: ئەو نیازو مەبەستانەی کە لە سینەکاندا سەقامگیربوون و نیشتەجێ بوون، بە شێوەیەک وەک بووبنە هاوەڵی ئەو دڵ و سینانە، (**صدُور**)یش کە کۆی (**صدر**)ە، واتە: سینەو سینگ، مەبەست پێی ئەو دڵانەن کە لە نێو سینەکاندان، کە شوێنی بڕیاردان و جووڵانی مرۆڤن بەرەو خێر، یان بەرەو شەڕ.

وشەی (**رِضَى**) چاوگەو کردارەکەی بە (**رَضِي، يَرْضَى**) دێ، دەگوترێ: (**رَضِيَ عنه**) واتە: لێی ڕازیبوو، (**رَضِي بِه**) واتە: پەسندی کرد، (**رَضِيَ لَهُ**) واتە: بۆی پەسند کرد، (**رَضِيْتُ بِحُكْم فُلَان، أَي: أَحْبَبْتُهُ**) واتە: ئەو حوکمی فلانکەسم پێ چاک بوو، دەتوانین بڵێین: ویستن و پەسند کردن (**الإِرَادَة وَالرِّضَى**) گشتیی و تایبەتیی (**عام و خاص**)ن، ویستن (**إرادة**) گشتییە، بەڵام پەسند کردن (**رِضَى**) تایبەتییە، خوا ﷻ بە گشتیی شتەکانی ویستوون، هەموو ئەوانەی کە ویستوویەتی پەیدابن، بەڵام لە نێو ئەو شتانەدا کە ویستوونی پەیدابن، لە هەندێکیان ڕازییە، ئەویش

ئەوانەن کە بە پێی شەریعەتی خوای پەروەردگارن، هەر بۆیە ناگونجێ بڵێی: (رِضَى) لەگەڵ (إرادة) یەکن، زانایان لەو بارەوە مشتومڕێکی زۆریان بووە، کە بە بۆچوونی من هەندێ لە مشت و مڕی زانایان خوا پاداشتیان بداتەوە، لەوەوە بووە کە باش چەمک و واتای وشەکانیان دیاریی نەکردوە، ئەگەرنا خوا ﷻ وشەی ئیرادەشی بەکارهێناوە، هەم ئیرادەی کەونیی و هەم ئیرادەی شەرعیی، هەروەها وشەی (رِضَى)شی بەکارهێناوە، بۆ وێنە: بە هاوەڵان دەفەرمووێ: ﴿رَّضِيَ ٱللَّهُ عَنۡهُمۡ وَرَضُواْ عَنۡهُ ١٠٠﴾التوبة، ئنجا (رِضَى): چەمک و واتایەکی جیای هەیە لە (إرادة)، هەمیشە خوا ﷻ (رِضَى)ی خۆی بەستۆتەوە بەو شتانەوە کە موافیقی هەق و بەرژەوەندیی و چاکەن و بە پێی شەریعەتەکەینی، بۆ وێنە: ﴿وَرَضِيتُ لَكُمُ ٱلۡإِسۡلَٰمَ دِينٗاۚ ٣﴾المائدة، واتە: ئیسلامم بە بەرنامە بۆ پەسند کردوون، یان لە بارەی هاوەڵانی بەڕێزو دڵسۆزی پێغەمبەری ﷺ خاتەمەوە خوا لێیان ڕازی بێ، دەفەرمووێ: ﴿رَّضِيَ ٱللَّهُ عَنۡهُمۡ وَرَضُواْ عَنۡهُ ١٠٠﴾التوبة، خواش لەوان ڕازییەو ئەوانیش لەو ڕازیین.

ئنجا لێرە کە دەفەرمووێ: ﴿إِن تَكۡفُرُواْ فَإِنَّ ٱللَّهَ غَنِيٌّ عَنكُمۡۖ وَلَا يَرۡضَىٰ لِعِبَادِهِ ٱلۡكُفۡرَۖ وَإِن تَشۡكُرُواْ يَرۡضَهُ لَكُمۡۗ﴾، ئنجا ئەگەر (رِضَى) بە مانای ئیرادەبێ، واتە: (وَلَا يُرِيْد لِعِبَادِهِ الكُفْرَ)، ئنجا ئەگەر خوا نەیویستبایە بەندەکان بێبڕوابن، کەس بێبڕوا نەدەبوو، بەڵێ ئەگەر بگوترێ: (رِضَى) مەبەست پێی ئیرادەی شەرعییە، واتە: خوا لە شەرعەکەیدا ویستی وانەبووە کە بەندەکانی کافربن، ئەوە ڕاستە، بەڵام ئەگەر وابووایە ئەو کاتە خوا ﷻ لە جیاتی (رِضَى) وشەی (إرادة)ی بەکاردەهێنا، وەک لە سوورەتی (البقرة)دا دەفەرمووێ: ﴿يُرِيدُ ٱللَّهُ بِكُمُ ٱلۡيُسۡرَ وَلَا يُرِيدُ بِكُمُ ٱلۡعُسۡرَ ١٨٥﴾.

مەسەلەی چوارەم:

بەراوردێک لە نێوان مرۆڤێکی بێ بار، کە لە کاتی زیان و ناڕەحەتییدا، پەنا بە خوا دەبات و لێی دەپاڕێتەوەو، هەر کاتێک خوا چاکەو نیعمەتێکی پێدا، هی پێشێی لە بیردەچێ و، هاوتایان بۆ خوا دادەنێ و، سەرەنجام خەڵکی لە ڕێی خوا لادەدات، لە بەرانبەریشدا مرۆڤێکی هەمیشە بۆ خوا ملکەچی نوێژکەری دڵ پڕ ترس و ئومێد، ئایا بابای زاناو نەزان وەک یەکن؟ زانایەک کە خوا پەرستەو، بۆ خوا ملکەچە، نەزانێک کە تەنیا لە تەنگانانەدا خوای بەبیردێتەوە؟ نەخێر، بەڵام جگە لە خاوەن عەقڵان پەند وەرناگرن:

خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿وَإِذَا مَسَّ ٱلْإِنسَٰنَ ضُرٌّ دَعَا رَبَّهُۥ مُنِيبًا إِلَيْهِ ثُمَّ إِذَا خَوَّلَهُۥ نِعْمَةً مِّنْهُ نَسِىَ مَا كَانَ يَدْعُوٓا۟ إِلَيْهِ مِن قَبْلُ وَجَعَلَ لِلَّهِ أَندَادًا لِّيُضِلَّ عَن سَبِيلِهِۦ ۚ قُلْ تَمَتَّعْ بِكُفْرِكَ قَلِيلًا ۖ إِنَّكَ مِنْ أَصْحَٰبِ ٱلنَّارِ ﴿٨﴾ أَمَّنْ هُوَ قَٰنِتٌ ءَانَآءَ ٱلَّيْلِ سَاجِدًا وَقَآئِمًا يَحْذَرُ ٱلْءَاخِرَةَ وَيَرْجُوا۟ رَحْمَةَ رَبِّهِۦ ۗ قُلْ هَلْ يَسْتَوِى ٱلَّذِينَ يَعْلَمُونَ وَٱلَّذِينَ لَا يَعْلَمُونَ ۗ إِنَّمَا يَتَذَكَّرُ أُو۟لُوا۟ ٱلْأَلْبَٰبِ ﴿٩﴾﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە دوازدە بڕگەدا:

١)- ﴿وَإِذَا مَسَّ ٱلْإِنسَٰنَ ضُرٌّ دَعَا رَبَّهُۥ مُنِيبًا إِلَيْهِ﴾، هەر کاتێک مرۆڤ زیان و ناڕەحەتییەکی تووش بوو، بە گەڕانەوەوە بۆ لای پەروەردگاری لە ناخیەوە، لێی دەپاڕێتەوە.

(الضُّرُّ: سُوءُ الحَالِ)، (ضرّ) یانی: حاڵ خراپیی، ئنجا ئەو حاڵ خراپییە جاری وا هەیە نەخۆشییەو، جاری وا هەیە زیانی ماڵییەو، جاری وا هەیە گرفتێک لە دەوروبەریدایەو، جاری وا هەیە شتێکی مەعنەوییە، خەم و خەفەتە، جاری وا هەیە شتێکی ماددیی و بەرهەستە، هەمووی دەگرێتەوە.

وشەی (**الإنْسَان**) لە: ﴿ وَإِذَا مَسَّ ٱلْإِنسَٰنَ ضُرٌّ ﴾، (**ال**)ی سەر (**الإنْسَان**) بۆ ناساندنی تێکڕا (**جنس**)ە، بەڵام لێرەدا مەبەست لە تێکڕاییەکە، تێکڕاییەکی باوو عورفییەو، مەبەست پێی کۆمەڵێک لە خەڵکە، ئەوانیش هاوبەش بۆ خوادانەرانن، بۆچی؟ چونکە هەموو مرۆڤەکان لە کاتێکدا کە زیانیان تووش دەبێ، پەنا بۆ پەروەردگاریان نابەن و دواییش پشتی تێبکەن، بەڵکو تەنیا بێبڕواو هاوبەش بۆ خوادانەرەکان وان.

٢)- ﴿ ثُمَّ إِذَا خَوَّلَهُۥ نِعْمَةً مِّنْهُ ﴾، دوایی هەر کاتێک (خوا) لە لایەن خۆیەوە چاکەیەکی پێ بەخشیی، بۆچی نەیفەرمووە: (**أَعْطَاهُ**)، بەڵکو (**خَوَّلَه**)ی فەرمووە؟ (**خَوَّلَهُ: أَعْطَاهُ مِنْ غَيْرِ عِوَضٍ، وَمَلَّكَهُ إِيَّاهُ مِنْ غَيْرِ مُقَابِل**)، (**خَوَّلَهُ**): واتە: پێی بەخشیی بەبێ قەرەبوو، بە بێ ئەوەی شتێکی لە بەرانبەردا هەبێ، چونکە نیعمەتانی خوا ﷻ کە بە مرۆڤەکانی بەخشیون، لە بەرانبەردا خوا ﷻ هیچیان لێ وەرناگرێ، چونکە خوا بێ نیازە لە مرۆڤەکان، کە دەشفەرموێ: نیعمەتەکانی من لە چاکەدا بەکاربێنن، یان: سوپاسگوزارییم بۆ بکەن، ئەویش هەر بۆ بەکارهێنانی نیعمەتەکانی خوا لە ڕەزامەندیی خواداو، لە چاکەدا، سوپاسگوزاریی کردن بۆ خواش لە بەرانبەر نیعمەتەکانیدا، هەر مرۆڤەکان خۆیان لێی بەهرەمەندن.

٣)- ﴿ نَسِىَ مَا كَانَ يَدْعُوٓا۟ إِلَيْهِ مِن قَبْلُ ﴾، (ئەو مرۆڤە کاتێ خوا ﷻ چاکەیەکی لە لایەن خۆی پێدەبەخشێ)، ئەوەی کە پێشتر بۆی پاڕاوەتەوە لە بیری دەچێ، (**عُدِّيَ يَدْعُو بـ «إلى» لِتَضْمِينِه مَعْنَى الإِبْتِهَال وَالتَّضَرُّع**)، ﴿ نَسِىَ مَا كَانَ يَدْعُوٓا۟ إِلَيْهِ مِن قَبْلُ ﴾، دەیتوانی بفەرموێ: (**يَدْعُوه مِنْ قَبْل**)، یان (**يَدْعُو لَه**)، بەڵام کە دەفەرموێ: ﴿ يَدْعُوٓا۟ إِلَيْهِ ﴾، (**يَدْعُو**) کە بە (**إلى**) بەرکاری خواستوە، مانای لێپاڕانەوەو کڕووزانەوەی خراوەتە نێو، مانای پاڕانەوەکە هەر هەیەو، کڕووزانەوەو لالانەوەشی خراوەتە نێو.

وشەی (**مَا**) لە ڕستەی: ﴿ مَا كَانَ يَدْعُوٓا۟ إِلَيْهِ مِن قَبْلُ ﴾دا، زانایان سێ واتایان بۆ لێکداونەوە:

١)- ئەو زیان و ناڕەحەتییەی کە پێشتر بۆی لە خوا دەپاڕایەوە، کە لە کۆڵی بکاتەوە، ئەوەی لە بیرچۆوە.

٢)- ئەو پاڕانەوەیەی کە پێشتر پێی دەپاڕایەوە لە خوا، ئەوەی لە بیرچوو.

٣)- خوای لە بیر چوو.

کەواتـە: یـان زیانەکـەی لـە بیـر چـوو، یـان پاڕانەوەکـەی خـۆی لـە بیـر چـوو، یاخـود ئـەو خوایـەی کـە لێـی دەپاڕایـەوە لـە بیـری چـوو، هـەر سـێ واتـاکان گونجـاون.

بـەڵام زیاتـر واپێدەچـێ مەبەسـت پێـی ئـەوە بـێ، ئـەو زیـان و ناڕەحەتییـەی کـە پێشـتر بـۆی دەپاڕایـەوە لـە بیـری چـوو، دوای ئـەوەی کەوتـە فەرحانیـی، کاتی تەنگانـەو ناڕەحەتییەکـەی فەرامـۆش کـرد.

٤)- ﴿وَجَعَلَ لِلَّهِ أَندَادًا﴾، ئنجا هەر بە ئەوەندەش وازی نەهێنا کە ئەوەی پێشێی لە بیر بچێ، بەڵکو: هاوتای بۆ خوا دانان.

(أَنْـدَاد) کـۆی (نِـدّ)ە، بـە مانـای (**كُـفء**)ە واتـە: هاوتـا، شـتانێک کـە بهێنرێنـە ئاسـتی خـواو ڕێـزی خـواو، وەک خـوا ﷻ مامەڵەیـان لەگەڵـدا بکـرێ، ئنجـا بۆچـی وایکـرد؟

٥)- ﴿لِّيُضِلَّ عَن سَبِيلِهِۦ﴾، تاکو لە ڕێی خوا لابدات، خوێنراویشەتەوە: (**لِيَضلَّ**)، بۆ ئەوەی خۆی لە ڕێی خوا لابدات، ئەم (ل)ە، چ (**لِيُضِلَّ**)بێ، یان (**لِيَضِلَّ**) بێ، واتە: خەڵک لابدات، یان خۆی لابدات، پێی دەگوترێ: (**لَام التَعْلِيْل المَجَازِي**)، لامی هۆکار دۆزییە، بەڵام بە مەجاز، چونکە لە ڕاستییدا مەبەست پێی سەرەنجامە، (**لِإنَّ الإِضْلَالَ لَمّا كَانَ نَتِيْجَة الجَعْل، جَازَ تَّعْلِيْلُ الجَعْلِ بِهِ، كَأَنَّهُ هُوَ العِلَّةُ الجَاعِل**)، لەبەر ئەوەی گومڕاکردنە دەرەنجامی ئەو هاوتا بۆ خوادانانە بووەو، لە ئەنجامی ئەوەدا هاوتای بۆ خوا داناون، کە گومڕا بووە، یانی: هەر لە بناغەدا ویستوویەتی گومڕابێ، یان خەڵک گومڕا بکات، بۆیە هاوتای بۆ خوا

داناون، بەڵام لە ڕاستییدا ئەو مەبەستی ئەوە نەبووە، بەڵکو سەرەنجامەکەی وابووە بۆیە پێی دەگوترێ: (**لَامُ العَاقِبَة**)، واتە: بە ڕواڵەت (**لَامُ العِلَّة**)یە، بەڵام لە ڕاستییدا دەبێتە لامی سەرەنجام، هەروەک لە سووڕەتی (**القصص**)دا، خوا ﷻ لە بارەی (**آل فرعون**)، دەفەرموێ: ﴿ فَٱلۡتَقَطَهُۥٓ ءَالُ فِرۡعَوۡنَ لِيَكُونَ لَهُمۡ عَدُوّٗا وَحَزَنًاۗ ﴿٨﴾ ﴾القصص، واتە: بنەماڵەی فیرعەون مووسای مەلۆتکەیان (لە صندووقەکەدا) هەڵگرتەوە، تاکو سەرەنجام بۆیان ببێتە دوژمن و مایەی خەفەت و نارەحەتیی.

بە تەئکید ئەوان بۆ ئەوەیان هەڵنەگرتبۆوە، بەڵام یانی: سەرەنجام وای لێ بێ.

٦)- ﴿ قُلۡ تَمَتَّعۡ بِكُفۡرِكَ قَلِيلًا ﴾، خوا ﷻ بە پێغەمبەری خاتەم ﷺ دەفەرموێ: یان بە هەر کەسێک کە بابایەکی وا ببینێ، دەفەرموێ: تۆ بڵێ: ماوەیەکی کەم بەهرەمەندبە بە کوفرەکەت، (**التَّمَتُّعُ: الإِنْتِفَاعُ المُؤَقَّتُ**)، (**تمتع**) بەهرەمەند بوونێکی کاتییە، ئنجا ئایا ئەو بەهرەمەندبوونە لە کوفر، چۆنە؟ لە ئەنجامی کوفرو بێبڕوایی دا، مرۆڤ ڕێی گوناهی بۆ تەخت و ئاچووخ دەبێ و، هەندێ بەهرەی دنیایی وەردەگرێ.

یاخود: (**تَمَتَّعْ بِالسَّلَامَة زَمَنَ كُفْرِكَ**)، واتە: خوا ﷻ مۆڵەتت دەدات، ئەو ماوە ژیانەی کە دەیگوزەرێنی بە کوفرەوە، خوا مۆڵەتت دەدا، مۆڵەت دانەکەی خوا کە دەتهێڵێ، ئەوە بەهرە وەرگرتنێکە، یاخود: بەهۆی کوفرەکەتەوە بەهرە وەربگرە لەوەی کە تام و چێژێکی جەستەیی، یاخود مەعنەویی حەڕام، وەردەگری لە کوفرەکەتدا، بەڵام بزانە کە ئەوە شتێکی کەمە.

٧)- ﴿ إِنَّكَ مِنۡ أَصۡحَٰبِ ٱلنَّارِ ﴾، بە دڵنیایی (دوایی) تۆ لە هاوەڵانی ئاگری، پیتی (**مِنْ**) لە ڕستەی: ﴿ إِنَّكَ مِنۡ أَصۡحَٰبِ ٱلنَّارِ ﴾دا، تۆ لە هاوەڵانی ئاگری، بۆ بەشێکە، چونکە هاوبەش بۆ خوادانەرەکان، بەشێکن لە خاوەنان و هاوەڵانی ئاگر، نەک هەموو هاوەڵانی ئاگر هەر ئەوان بن.

ئنجا خوا ﷻ بەراوردێک دەکات و دەفەرموێ:

٨)- ﴿ أَمَّنۡ هُوَ قَٰنِتٌ ءَانَآءَ ٱلَّيۡلِ سَاجِدٗا وَقَآئِمٗا ﴾، یان ئایا کەسێک کە هەمیشە ملکەچە لە کاتەکانی شەوگاردا، بە کڕنووش بردووی و بە پێوە وەستاویی.

٩)- ﴿ يَحۡذَرُ ٱلۡأٓخِرَةَ ﴾، مەترسیی هەیە لە ڕۆژی دوایی.

١٠)- ﴿ وَيَرۡجُواْ رَحۡمَةَ رَبِّهِۦ ﴾، بە هیوای بەزەیی پەروەردگاریشیەتی.

لێرەدا زانایان دەڵێن: دەبێ لێرەدا شتێک قرتێنرابێ، واتە: ئایا کەسێک کە پێشتر باسکرا، کە تەنیا لە تەنگاناندا خوای بە بیر دێتەوەو، لە خۆشییاندا خوای لە بیر دەچێتەوە، دوایی سەرەنجامەکەی خۆی یان خەڵک لە ڕێی خوا لادەدات، ئایا ئەوە باشترە، یاخود کەسێک لە کاتەکانی شەوگاردا بە کڕنووش بردوویی و وەستاویی بە ملکەچیی لە خزمەتی خوادا دەمێنێتەوەو، مەترسیی ڕۆژی دوایی هەیەو، بە هیوای بەزەیی پەروەردگاریشیەتی، کامیان باشترە؟

وەڵامەکەی دیارەو، وشەی (**أَمَّنْ**) خوێنراویشەتەوە: (**أَمَن**) واتە: هەمزەی ئیستیفهام لەسەر (**مَن**)، ئەوی دیکەیان (**أَمْ مَنْ**)، بەڵام تێیدا دەغم کراوەو بۆتە (**أَمَّن**)، لە هەردوو خوێندنەوەکاندا پرسیارکردنەکە پرسیارکردنێکی نکووڵیلێکەرانەیە، واتە: بە تەئکید ئەوەی پێشێ لەگەڵ دوای ئەو، وەک یەک نین.

وشەی (**آنَاء**) کۆی (**أَنِي**)ە، وەک (**أمْعَاء**) کۆی (**مَعِي**)ە، (**أقْفَاء**) کۆی (**قَفِي**)ە، (**أَنِي**) بە مانای کات دێ و (**آنَاء**) کۆیەکەیەتی واتە: کاتەکان، وشەی (**قَانِت**) هەم بە مانای خواپەرست دێ و، هەم بە مانای ملکەچ دێ و، هەم بە مانای فەرمانبەر دێ بۆ خوا.

کە دەفەرموێ: ﴿ يَحۡذَرُ ٱلۡأٓخِرَةَ ﴾، (**الحَذَرُ: الإِحْتِرَازٌ مِنْ مُخِيْفٍ**)، (**حَذر**): بریتییە لە وریابوون لە شتێکی مەترسییلێکراو، یاخود (**خَوْفٌ مَعَ احْتِرَازٍ**) ترسە لەگەڵ لە خۆ وریابوون و خۆپاراستندا.

ئنجا لە کۆتاییدا خوا ﷻ دەفەرموێ:

١١)- ﴿قُلۡ هَلۡ يَسۡتَوِي ٱلَّذِينَ يَعۡلَمُونَ وَٱلَّذِينَ لَا يَعۡلَمُونَ﴾ بڵێ: ئایا ئەوانەی دەزانن و ئەوانەی نازانن، وەک یەکن؟ ئەمەش دیسان مەبەست پێی پرسیارکردنی نکووڵیلێکەرانەیە.

١٢)- ﴿إِنَّمَا يَتَذَكَّرُ أُوْلُواْ ٱلۡأَلۡبَٰبِ﴾، بە دڵنیایی تەنیا خاوەن عەقڵان پەند وەردەگرن، بیردەکەنەوەو، هەق دەدۆزنەوە.

لێرەدا دەپرسین: بۆچی خوا ﷻ ئەو شێوازەی بەکارنەهێناوە کە بفەرموێ: (هَلْ يَسْتَوِي هَـذَا وَذَاكَ)؟

دەگوترێ: بۆ ئەوەی هاوکات لەگەڵ ئەوەی کە خوا عزوجل پرسیار دەکات، ستاییشی کۆمەڵی دوای ئەوە بکات و، زەم و سەرزەنشتی ئەوانی پێشێش بکات.



قوڵە باسێک لە بارەی ترس و ئومێدەوە

لەو بارەوە کە خوا ﷻ باسی ئەو مرۆڤە دەکات، کە هەم ترسی هەیە، هەم ئومێدی هەیەو، هەم وریایی هەیە بەرانبەر بە ڕۆژی دوایی و مەترسیی هەیە، هەم ئومێدو هیواشی بە بەزەیی خوا هەیە، سەرەتا لەو بارەوە ئەو فەرمایشتەی پێغەمبەر ﷺ دێنین: {**عَنْ أَنَسٍ ؓ، أَنَّ النَّبِيَّ ﷺ دَخَلَ عَلَى رَجُلٍ وَهُوَ فِي الْمَوْتِ، فَقَالَ: «كَيْفَ تَجِدُكَ»؟ قَالَ: أَرْجُو اللَّهَ يَا رَسُولَ اللَّهِ وَإِنِّي أَخَافُ ذُنُوبِي، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «لَا يَجْتَمِعَانِ فِي قَلْبِ عَبْدٍ فِي مِثْلِ هَذَا الْمَوْطِنِ إِلَّا أَعْطَاهُ اللَّهُ مَا يَرْجُو وَآمَنَهُ مِمَّا يَخَافُ»**} (**أخرجه عبد بن حميد: ١٣٧٠، والترمذي: ٩٨٣، قَالَ: حَسَنٌ غَرِيب، والنسائي في الكُبْرَى: ١٠٩٠١، وابن ماجه: ٤٢٦١**).

واتە: ئەنەسی کوڕی مالیک ؓ، دەڵێ: پێغەمبەر ﷺ لە پیاوێک وەژوورکەوت کە لە حاڵەتی مەرگدا بوو، (حاڵەتی گیانەڵا)، پێی فەرموو: چۆنی؟ ئەویش گوتی: ئومێدەوارم بە خواو لە گوناهەکانیشم دەترسێم، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: ئەو دووە، (واتە: ئەو ئومێدو ترسە) لە حاڵێکی وەک ئەوەدا، لە دڵی هیچ بەندەیەکدا کۆنابنەوە، مەگەر خوا ﷻ ئەوەی کە ئومێدی دەکات، پێی دەبەخشێ و، ئەوەش کە لێی دەترسێ دڵنیای دەکاتەوە.

لە بارەی ترس و ئومێدەوە کە پێویستە ئینسانی ئیماندار هەردووکیانی هەبن و وەک زانایانی تەزکیەی نەفس و، پسپۆڕانی بواری ڕەوشت و ئاکارەکان گوتوویانە: ترس و ئومێد دەبێ بۆ مرۆڤی بەرەو خوا چوو، وەک دوو باڵ وابن، وەک چۆن مەل بە دوو باڵان دەفڕێ، دەبێ ئینسانی خوا پەرستیش، هەم ترس و وریایی هەبێ، هەم ئومێدو چاوەڕوانییشی هەبێ و، لەو بارەوە حەوت خاڵان دەخەینەڕوو:

١)- ترس و ئومێد بە زاراوەی پسپۆڕانی بواری تەزکیە، لە مەقامەکانی بەرەو خواچووان، (**مِنْ مَقَامَات السَّالِكِين**)ن، لە زاراوەی ئەهلی تەزکیەو تەصەووفدا، (حال) هەیەو (مقام) هەیە، حاڵ ئەوەیە کە دێ و دەڕوات، بەڵام مەقام ئەوەیە کە دەمێنێتەوە، بۆ وێنە: (**قَبْض وَبَسْط**) واتە: دڵ وێکهاتنەوەو دڵکرانەوە حاڵە، بەڵام ترس و ئومێد هەردووکیان مەقامن، چونکە بەردەوامن.

٢)- ئومێد، هیوا (**رَجَاء**): بریتیە لە چاوەڕوانیی کردنی شتێک کە نیعمەتێکی تێدایەو، گونجاوە لەگەڵ نەفسدا، بەڵام ترس (**خَوْف**) بریتیە لە چاوەڕوانیی شتێک کە نەفس پێی ناخۆشەو پێچەوانەی (**رَجَاء**)ە، (ئومێد) حاڵەتی ئەرێنیی هەیەو (ترس) حاڵەتی نەرێنیی.

٣)- ئومێد (**رَجَاء**) بۆ ئەوە پێویستە، کە مرۆڤ هانبدات بەرەو تاعەت و فەرمانبەرییەک کە مایەی ڕەزامەندیی خوایەو، ترس (خوف) باشییەکەی لەوەدایە کە مرۆڤ دەگێڕێتەوەو دەسڵەمێنێتەوەو دەپرینگێنێتەوە لە شتێک کە زیان و خراپیی تێدایەو، جێگای تووڕەیی خوای کارزانە، کەواتە: هەردووکیان پێویستن، مرۆڤ پێویستیی بە هاندەرێک هەیە بەرەو تاعەتێک کە جێگای ڕەزامەندیی خوایە، هەروەها پێویستیشی بە گێڕەرەوەیەک هەیە، لەو گوناهـ و تاوانانەی کە مایەی تووڕە بوونی خوای دادگەرن.

٤)- ترس و ئومێد بۆ بابای (**سالك**)، واتە: کەسێک کە ڕێی خوای گرتووەو بەرەو خوا دەچێ، وەک دوو باڵی باڵندەیەک وان، کە پێیان بەرەو خوا دەڕوات، هەردووکیان پێویستن، ئنجا هی وایە حاڵەتی ئومێدی بەسەردا زاڵ دەبێ و، هی وایە حاڵەتی ترس، بەڵام هەردووکیان هەر پێویستن کەم و زۆر.

٥)- دەبێ بزانرێ کە ئومێد واتە: ئومێد بە بەزەیی خواو، پاداشتی خوا، بەڵام ترس واتە: ترس لە سزای خوا، ئەگەرنا ترسەکەمان لە زاتی خوا نیە ﷻ، بەڵکو ترسمان هەیە لە سزای خوا، سزای خواش لە ئەنجامی کردەوە خراپەکانی خۆماندا، ئەوە زۆر گرنگە کە ئێمە بزانین، خوا ﷻ لە زاتی خۆیدا مەترسییلێکراو نیەو، ترسناک نیە، بەڵکو ئەوەی جێی مەترسییە بۆ ئێمە، سزای خوایە کە بە هۆی کردەوە خراپەکانی ئێمەوە پەیدا

دەبێ، بەڵام ئومێدو خۆشویستنی بەندە بۆ خواو بۆ زاتی خوایەو، بۆ سیفەتەکانیەتی، ئەگەر پاداشتیشی نەدابایەوە خوای پەروەردگارمان دەبووایە هەر خۆشویستبایەو، هەر ڕێزمان لێگرتبایەو، هەر بە گەورەمان گرتبایە، بەڵام ئەگەر لەبەر گوناهو خراپەکانی خۆمان نەباو، لەبەر سزاو تۆڵەی خوا نەبایە، زاتی خوا هیچ جێگای مەترسیی نیە.

٦)- کەسێک کە دەڵێ: من ئومێدەوارم و هیوام هەیە بە بەزەیی خوا، بەڵام لەسەر گوناهیش بەردەوامە، ئەوە لە ڕاستیدا پێی ناگوترێ: ئومێدەوار (**راجي**)، بەڵکو پێی دەگوترێ: خۆزگەخواز (**مُتَمَنِّي**)، لەو بارەوەش ئەوەی لە حەسەنی بەصرِیی (ڕەحمەتی خوای لێ بێ) گێڕدراوەتەوە، قسەیەکی جوانە، دەڵێ: (**لَيْسَ الإِيْمَانُ بالتَّمَنِّي وَلاَ بالتَّحَلِّي، وَلَكِنْ هُوَ مَا وَقَرَ فِي القَلْبِ، وَصَدَّقَهُ العَمَلُ**) واتە: ئیمان بە خۆزگە خواستن و قسەی شیرین کردن نیە، بەڵکو ئیمان ئەوەیە کە لە دڵدا دەچەسپێ و، کردەوەکان بەڕاستی دەزانن و، بەڕاستی دەگێڕن.

بەڵگەشمان لەسەر ئەوە کە کەسێک لەسەر گوناهان بڕوا، بۆی نیە بڵێ: من ئومێدەوارم، بەڵکو دەتوانێ بڵێ: من خۆزگە خوازم، ئەوەیە خوا لە سوورەتی (**البقرة**)دا دەفەرموێ: ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَٱلَّذِينَ هَاجَرُواْ وَجَٰهَدُواْ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ أُوْلَٰٓئِكَ يَرۡجُونَ رَحۡمَتَ ٱللَّهِۚ وَٱللَّهُ غَفُورٞ رَّحِيمٞ ﴿٢١٨﴾ ﴾، واتە: بە دڵنیاییی ئەوانەی بڕوایان هێناوەو، ئەوانەی کۆچیان کردووەو تێکۆشاون لە ڕێی خوادا، ئا ئەوانە بە هیوای بەزەیی خوان و، خوا لێبووردەی بە بەزەییە.

٧)- هەبوونی ترس و سام بەرانبەر بە خوا ﷻ، واتە: سزای خواو، هەبوونی ئومێدو هیوا بە چاکەو نیعمەتی خوا، کە لە بەهەشتدا بەرجەستەیە، هەروەک چۆن سزایەکەشی لە دۆزەخدا بەرجەستەیە، ئەمە عادەتی عەوامان نیە، وەک هەندێک لە (**أهل التصوف**) گوتوویانە: کە ئەوە خەڵکی عەوامە بە تەمای بەهەشتی خوایەو، بەهەشت لە خوا ﷻ داوا دەکات و، لە دۆزەخەکەی دەترسێ! بەڵام ئەمە ڕاست نیە، چونکە بەهەشتی خوا بەرجەستەکەری ڕەزامەندیی خوایەو، دۆزەخیش بەرجەستەکەری تووڕەیی و

پەستیی خوای پەروەردگارە، کەواتە: ئەو قسەیە ڕاست نیەو، پێغەمبەریش ﷺ لە زۆر لە پاڕانەوەکانیدا، داوای بەهەشتی لە خوا کردوەو، پەنای بە خوا گرتوە لە دۆزەخ.

وەک لەم دەقەوە دیارە: جارێک یەکێک لە هاوەڵەکان گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا! ﷺ من ئەو گرمە گرمەی تۆو موعاز نازانم، (ئەو پاڕانەوە زۆرانەتان)، من بەس دەڵێم: خوایە! داوای بەهەشتت لێ دەکەم و، لە دۆزەخ بمپارێزە، پێغەمبەریش ﷺ فەرمووی: {حَوْلَهَا نُدَنْدِنُ}[1]، واتە: ئەو گرمە گرمەی من و موعازیش هەر لەو بارەوەیە، هەر داوای بەهەشت دەکەین و، داوای پارێزران لە دۆزەخ لە خوای پەروەردگار دەکەین.



(١) {عَنْ بَعْضِ أَصْحَابِ النَّبِيِّ ﷺ قَالَ قَالَ النَّبِيُّ ﷺ لِرَجُلٍ كَيْفَ تَقُولُ فِي الصَّلَاةِ؟ قَالَ: أَتَشَهَّدُ ثُمَّ أَقُولُ اللَّهُمَّ إِنِّي أَسْأَلُكَ الْجَنَّةَ وَأَعُوذُ بِكَ مِنْ النَّارِ، أَمَا إِنِّي لَا أُحْسِنُ دَنْدَنَتَكَ وَلَا دَنْدَنَةَ مُعَاذٍ، فَقَالَ النَّبِيُّ ﷺ حَوْلَهُمَا نُدَنْدِنُ} أخرجه أحمد: ١٥٩٣٩، تعليق شعيب الأرنؤوط: إسناده صحيح على شرط الشيخين.

کورتە باسێک لە بارەی
زانیاریی و زانایان و پلەو پێگەیانەوە

ئەم کورتە باسە لە سێ بڕگە پێک دێ:

ا)- پێناسە:

أ)- زانیاریی: (**العِلْمُ: هُوَ إِدْرَاكُ الشَّيءِ عَلَى مَا هُوَ عَلَيْه، وَعَكْسُهُ أَو وَضِدُّهُ الجَهْل**)، واتە: (علم): بریتیە لە زانینی شتێک وەک ئەو شتە لە واقیعدا خۆی چۆنە ئاوا، پێچەوانەکەی یان دژی زانیاریی، بریتیە لە نەزانیی، (واتە: بێ ئاگایی و نائاشنایی بە شتێک وەک لە خودی خۆیدا هەیە).

ب)- زانایان: (**العُلَمَاءُ: هُمُ الَّذِينَ لَهُمْ عَلِمٌ فَهُمْ يُدْرِكُونَ حَقَائِقَ الْأَشْيَاءِ عَلَى مَا هِيَ عَلَيْهِ، وَتَجْرِي أَعْمَالُهُمْ عَلَى حَسْبِ عِلْمِهِمْ، وَعَكْسُهُمْ لاَ يُدْرِكُونَ الْأَشْيَاءَ عَلَى مَا هِيَ عَلَيْهِ، بَلْ تَخْتَلِطُ عَلَيْهِمُ الْحقَائِقُ وَتَجْرِي أَعْمَالُهُمْ عَلَى غَيْرِ انْتِظَامٍ، كَحَالِ الَّذِينَ تَوَهَّمُوا الْحِجَارَةَ وَغَيْرَهَا آلِهَةً**)، (زانایان): ئەوانەن کە تێگەیشتنێکیان هەیە، ڕاستیی شتەکان و چییەتی شتەکان، وەک خۆیان کە لە واقیعدا لەسەرنی دەیزانن و، کردەوەکانیشیان بە پێی زانیارییەکەیان ئەنجام دەدەن، پێچەوانەی زانایان نەزانن، ئەوانەن کە چییەتی شتەکان نازانن، بەڵکو ڕاستییەکانیان لێ تێکەڵ دەبن و، کردەوەکانیشیان بەپێی زانیاریی نین، وەک ئەوانەی کە بە وەهم و گومان پێیان وابووە بەردو پەیکەرو، شتەکانی دیکە پەرستراون (و هێناویانەنە ئاستی خوا).

لە ڕاستییدا چەمکی زانیاریی (علم) زۆر فراوانە، بەڵام دەتوانین بڵێین: زانیارییەکان بە گشتیی دەبنەوە بە دوو بەش:

أ)- **(العُلُومُ الدينية)**:

ب)- **(والعُلُومُ الدنيوية)**:

کە دەتوانین بەو شێوەیەش تەعبیریان بکەین: **(العُلُومُ النَّقْلِيَّة والعُلُومُ العَقْلِيَّة)**، دەشتوانین بڵێین: **(عِلْمُ الوَحِي الشَّرْعِي، وَعِلْمُ العَقْلِي التَّجْرِيبِي)**.

واتە:

أ- زانیارییە ئاینییەکان و، زانیارییە دنیاییەکان.

ب- زانیارییە گوازراوەکان و، زانیارییە ژیرییەکان.

ج- زانیارییەک کە لە وەحیی خواوە سەرچاوە دەگرێ و، زانیارییەک کە لە عەقڵ و ئەزموونەوە سەرچاوە دەگرێ.

ئنجا زانیاریی بە گشتیی بەو دوو چەمکە بەرانبەرەی کە بە سێ تەعبیر هێناومانن و، بە هەموو چەمکەکانی دیکەی، زانیاریی، هەمووی شتێکی پەسندو خوازراوەو داواکراوە، ئنجا کە خوا ﷻ لە سوورەتی (**طه**)دا بە پێغەمبەری خاتەم ﷺ دەفەرمویێ: ﴿ وَقُل رَّبِّ زِدْنِي عِلْمًا ﴿١١٤﴾ ﴾، واتە: بڵێ: پەروەرگارم! زانیاریم بۆ زیاد بکە، دیارە هەموو جۆرەکانی زانیاریی گرتۆتەوە، هەموو ئەو زانیاریانەی مرۆڤ پێویستی پێن، بۆ دینداریەکی ڕێک و ڕاست.

(طنطاوي جوهري) لە تەفسیرەکەی خۆیدا[1] قسەیەکی جوان دێنێ، بە پێویستم زانی کە لە بارەی زانیاریی و زانایانەوە، بیهێنم، دەڵێ:

(وَعَلَى هَذَا التَّفْسِيْر يَكُوْنُ المُسْلِمُونَ اليَوْم قَدْ تَرَكُوْا مَوَاهِبَهُمْ وَعَطَّلُوْهَا وَأَنَامُوهَا، وَهَذَا نُزُولٌ مِنَ المُقَصِّرِيْنَ عَنْهُمْ عَنْ بَعْضِ خَصَائِصِ الإنْسَانِيّةِ، لإنَّ الحَيْوَانَ لَا قُدْرَةَ لَهُ عَلَى الصِّنَاعَاتِ، وَلَا العُلُومِ، وَقَدْ سَهَّلَ اللهُ لَهُ الرِّزْقَ وَلَمْ يُجَشِّمْهُ المَشَاقَّ، فَوْقَ

---

(١) تفسير الجواهر، ج: ١٨ ص١٨٤.

طَاقَتَه، أَمَّا الإِنْسَانُ فَإِنَّهُ جَعَلَ رِزْقَهُ غَيْرَ مَيْسُوُر كَرِزْقِ الحَيْوَان، وَبَسَطَ لَهُ المَوَاهِبَ لِيَسْتَعْمِلَهَا، فَإِذَا قَصَّرَ فِيْهَا فَقَدْ تَنَزَّلَ إِلى الحَيْوَانِيَّةِ)،

شایانی باسیشە: (**طنطاوي**) تەفسیرەکەی لە سێیەکی یەکەمی سەدەی بیستدا نووسیوەو، ئەو قسانەی لە ساڵانی بیستەکاندا نووسیون و گوتوون، دەڵێ: مسوڵمانان ئەمڕۆ ئەو وزەو توانایانەی خوا پێی بەخشیون و وازیان لێ هێناون و پەکیان خستوون و، خەواندوویانن، ئەوەش بە نسبەت ئەوانەوە کە کەمتەرخەمن، دابەزینیانە لە هەندێک لە تایبەتمەندییە مرۆڤایەتییەکانیان بۆ ئاستی ئاژەڵ، چونکە ئاژەڵ ناتوانێ پیشەو پیشەسازیی و کارو کردەوەو زانیارییەکان، وە دەست بێنێ، بۆیە خوا بژیوی بۆ ئاژەڵ ئاسان کردوەو، زەحمەتی نەخستووەتە سەر زیاد لە توانای خۆی، هەروەها بە زاری خۆی دەلەوەڕێ و هەر شتێک بێ دەیخوات، بەڵام مرۆڤ خوا بژیوەکەی بۆ ئاسان نەکردوە وەک بژیوی ئاژەڵ (گیا بێ، هەرچی بێ دایبێتێ و بیخوات)، بەڵکو کۆمەڵێک توانای پێداون کە ئەو توانایانەی خۆی بەکاربێنێ (بۆ پەیداکردنی بژیوی خۆی)، ئنجا کاتێک کەمتەرخەمیی دەکات لە بەکارهێنانی تواناکانی خۆیدا، مانای وایە خۆی بردۆتەوە ئاستی ئاژەڵ.

منیش دەڵێم: بەڕاستیی قسەکەی جوانە، هەر بۆیە کاتێک کە مسوڵمانانیش لە ئەنجامی بەکارنەهێنانی تواناکانی خۆیانەوەو، لە بەهرە وەرگرتن لە نیعمەتەکانی خواوە، لەسەر زەوی دوادەکەون، دێنەوە ئاستی ئاژەڵ، ئەوەتا زلهێزانیش وەک ئاژەڵ مامەڵەیان لەگەڵدا دەکەن، ئاژەڵ چۆنی مامەڵەی لەگەڵ دا دەکرێ؟ لێیان دەخۆرن، سەریان دەبڕن، بەکاریان دێنن، باریان لێ دەنێن، ئێستا مسوڵمانان بەداخەوە لە ئاستی بەرپرسانیاندا بە تایبەت، گوێیان بە دەستی ئەمریکاو جوولەکەو ڕووسیاو چین و شەرق و غەربەوەیە، خێرو بێریان لە خزمەتی ئەواندایە، خۆشیان لە خزمەتی ئەواندان و بۆیان بوونە بارەبەر.

هەروەها ئەوەشی دەخەمە سەرو دەڵێم: ئەگەر تەماشای واقیعی ئێستای مسوڵمانان بکەین، زۆر جوان ئەوە بەرجەستە دەبێ کە لە ئەنجامی ئەوەدا، مسوڵمانان ئەو تواناو وزانەی خوا پێیداون، پەکیان خستوون و بەکاریان نەهێناون، لە بەهرە وەرگرتن لە نیعمەت و چاکەکانی خوا، دەیانبینین بۆ غەیری خۆیان، وەک ئاژەڵ مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێ و تەماشایان دەکرێ و بەکاریش دەهێنرێن بۆ بەرژەوەندیی ئەو کەسانەی خۆیان لێ کردوونە خاوەن.

٢)- پلەو ئیمتیازەکانی زانا بەسەر نەزاندا:

بۆ بابای زانا دە (١٠) پلەو ئیمتیاز هەن بەسەر بابای نەزاندا:

مەبەستمان زانایە بە گشتیی، چ لە دیندا زانابێ، چ لە ژین دا، چ بە وەحیی و پەیامی خوا زانا بێ، چ بە گەردوون و سروشت و دەوروبەرو بوونەوەر زانا بێ، واتە: چ زانیارییەکی هەبێ کە لە ڕێی وەحییەوە دەستگیری بووبێ، چ لە ڕێی عەقڵ و ئەزموونەوە دەستگیری بووبێ:

١)- زانا بە ئاسانیی پەی بە وەدەستهێنانی شتان دەبات، بەڵام نەزان، یان پەییان پێ نابات، یاخود دوای زەحمەتێکی زۆرو، بەرهەمێکی کەمیشی دەبێ، جاری واش هەیە لە جیاتی ئەوەی ئەو شتە وەدەست بێنێ، پێچەوانەی ئەو شتەی دەستگیر دەبێ، بە هۆی نەزانییەکەیەوە.

٢)- زانا لە خلیسکان و هەڵە پارێزراوە، بەڵام نەزان دەیەوێ سەلامەت بێ، کەچی دەکەوێ، پێشینانی خۆمان دەڵێن: «بەردێک نەزان بیهاوێتە گۆمێ، بە سەد زانا نایەتەوە دەرێ».

٣)- زانا بەهۆی ئاشکرابوونی خێرو شەڕانەوە، هۆگری ڕاستییان دەبێ و دڵی پێیان خۆش دەبێ، بەڵام نەزان بەهۆی نەزانییەکەیەوە، دژی ڕاستییەکان دەبێ، جاری وایە لەگەڵیشیاندا بەشەڕ دێ، دژیشییان دەوەستێ.

٤)- زانا بە هۆی زانیارییەکەیەوە، زۆر جاران لە خەڵک بێنیاز دەبێ، لە ڕووی دین و دنیاوە، بە ئەندازەی ئەوە کە زانیاریی و شارەزایی هەیە، بەڵام بابای نەزان چەندە نەزانییەکەی خەستتر بێ، هێندە زیاتر ئاتاج و نەداری ئەوانی دیکەیە.

٥)- زانا چێژ لە زانستەکەی وەردەگرێ، لە هەموو شتێکی دیکەی زیاتر، ئەو چێژەی کە ئینسانی زانا لە زانیارییەکەی خۆی وەری دەگرێ، کاتێک کە ڕاستییەکی بۆ دەردەکەوێ، کاتێ پەی بە حەقیقەتێک دەبات، ئەو چێژە مەعنەوییە، هیچ چێژێکی جەستەیی نایگاتێ.

٦)- زانا هەمیشە زیکری خێری دەکرێ لەدنیاو دواڕۆژدا، بەهۆی شوێنەوارە باشەکانیەوەو، بابای نەزانیش یان ئەوەتا هەر ناوی دەسڕێتەوە، یان ئەوەتا ئەگەر باسیشی بکرێ، بە شەڕو خراپە باسی دەکرێ.

٧)- زانا لە کتێبی دابەزێنراوی خوا بەهرەمەند دەبێ، بۆ خۆی و بۆ کۆمەڵگاکەی، بەڵام بابای نەزان لە کتێبی دابەزێنراوی خوا، لە ڕووناکیی و بەرەکەت و هیدایەتی خوا بێ بەشە، چونکە بەهۆی زانیارییەوە، ئینسان دەتوانێ لە قورئان بەهرەمەند بێ، ئنجا چ زانیاریی زمان کە پێی تێبگەی، چ زانیاریی دیکە تاکو تۆ قەدری ئەو فەرمایشتەی خوا بزانی، بۆیە خوا ﷻ لە سوورەتی (سبأ)دا دەفەرموێ: ﴿ وَيَرَى ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلْعِلْمَ ٱلَّذِىٓ أُنزِلَ إِلَيْكَ مِن رَّبِّكَ هُوَ ٱلْحَقَّ وَيَهْدِىٓ إِلَىٰ صِرَٰطِ ٱلْعَزِيزِ ٱلْحَمِيدِ ﴿٦﴾ ﴾، واتە: ئەوانەی زانیارییان پێدراوە، دەزانن کە ئەوەی بۆ تۆ دابەزێنراوە، هەقەو، خەڵک ڕێنمایی دەکات بەرەو ڕاستە شەقامی خوای زاڵی ستاییشکراو.

٨)- زانا لە کتێبی گەردوون بەهرە وەردەگرێ و، یاساکانی دەدۆزێتەوە، بەڵام نەزان زۆرجار بەهۆی گەردوون و دیاردە سروشتییەکانەوە زەرەرمەند دەبێت، چونکە ئاشنا نیە بە یاساکانی خوا، تاکو بە شێوەیەک مامەڵە لەگەڵ گەردووندا بکات، کە لە نیعمەتەکانی خوا بەهرەمەند بێ، زۆرجار باجی نەزانییەکەی خۆی دەدات، وەک چۆن کەسێک ژەهر بخوات، بە تەئکید دوایی باجەکەی دەدات، زۆرجار نەزان بە هۆی نەزانییەکەی خۆی مامەڵەیەکی هەڵە لەگەڵ گەردوون و سروشت و نیعمەتەکانی خوادا دەکات.

٩)- زانا هێزو توانایەکانی چەند بەرانبەر دەبنەوە بەهۆی زانستەکەیەوە، بە هۆی زانستەوە هێزو توانای مرۆڤ چەند بەرانبەر دەبێتەوەو، نەزانیش بە پێچەوانەوە، ئەو هێزو توانایەش کە هەیەتی زەربی سفر دەبێتەوەو لەسەری قەرزدار دەبێتەوە.

١٠)- زانایەک چەندان نەزان دەخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە، ئەگەر تەماشای واقیعی ئێستای مسوڵمانان بکەی، بەهۆی نەزانیی و دواکەوتووییانەوە، نەک هەر لە ئاستی خەڵک و جەماوەر، بەڵکو لە ئاستی بەرپرسانیان، زلهێزان بەکاریان دێنن و خێرو بێریان بە تاڵان دەبەن و، تەراتێن لە وڵاتیاندا دەکەن، لە ئەنجامی ئەوەدا کە ئەوان هەندێک زانیارییان هەیەو، زانیاریی گەردوونیی و، زانیاریی بە یاساکانی خواو، کە مسوڵمانان ئەو زانیارییەیان نیە، لە حاڵێکدا کە کتێبەکەیان لە مێژە لەسەری فەرز کردوون، کە دەبێ هەوڵبدەن تەماشای گەردوون بکەن و، تەماشای دەوروبەریان بکەن و، تەماشای خۆیان، تەماشای خواردنیان بکەن، تەماشای هەموو دیاردە سروشتییەکان بکەن و، بەهرەیان لێوەربگرن.

٣)- کەسێك زانا نەبێ لە عەقڵەکەی بەهرەمەند نەبووە:

خـوا ﷻ دەفەرمـوێ: ﴿قُلْ هَلْ يَسْتَوِي الَّذِينَ يَعْلَمُونَ وَالَّذِينَ لَا يَعْلَمُونَ ﴿٩﴾﴾ الزمـر، واتـە: بڵـێ: ئایـا ئەوانـەی دەزانـن و ئەوانـەی نازانـن، وەک یەکـن، یـان یەکسـانن؟ تەنیـا خـاوەن عەقـڵان پەنـد وەردەگـرن.

کەواتـە: تەنیـا خـاوەن عەقـڵان دەتوانـن زانیاریـی وەدەسـت بێنـن، بـە واتایەکـی دیکـە: کەسـێک زانیاریـی وەدەسـت نەهێنابـێ، لـە عەقڵەکـەی خـۆی، لـە بیـرو هۆشـەکەی خـۆی، لـە توانـا زاتییـەکانی کـە خـوا پێیـداون، بەهرەمەنـد نەبـووە.

وشـەی (**تَذَكُّر**)یـش لـە قورئانـدا، دەگونجـێ بـە پەنـد وەرگرتـن لێـک بدرێتـەوە، دەگونجێ بـە دەرککـردنی ڕاسـتییەکان، (**تَذَكُّرُ الحَقَائِق**) لێـک بدرێتـەوە، دەگونجـێ بـە بیرکرنـەوە لێـک بدرێتـەوە، خـاوەن عەقـڵان بیردەکەنـەوە، دەگونجێ بـە پابەندیی بـە فەرمانەکانـەوەو دووریـی گرتـن لـە قەدەغەکـراوەکان، لێـک بدرێــتەوە.

خوا بە لوتف و کەرەمی خۆی، ئێمە لەو کەسانە بگێڕێ کە بەو شێوەیە مەدحی کردوون، کە خاوەنی زانیارییـن و، عەقڵی خۆیان بەهرە لێ وەرگرتووە، خوا ئەو سیفەتانەمان تێدا بێنێتە دی، کە لە زانایانێکدا هەن، لە لای خوا پەسندن، ئەو زانایانەی پێش هەموو شتێک ئەو ڕاستییەیان بۆ دەرکەوتوە، کە ئەم گەردوونە خاوەنێکی هەیەو، مرۆڤیش جێنشینی خاوەنی گەردوونەو، ئەمانەتی پێسپێردراوەو، خراوەتە نێو تاقیکردنەوەو، کە بە دڵنیایی هەر کەسێک ئەو ڕاستییە دەرک نەکات، لە ڕاستییەکانی دیکە بەهرەمەند نابێت، خوا ئەو ڕاستییەمان زیاتر لە عەقڵ و دڵدا قووڵ بکاتەوە، پەروەردگاری خۆمان چاکتر بناسین و زیاتر پێی ئاشنابین و، بەندایەتییەکی ساغترو چاکتری بۆ ئەنجام بدەین.

سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ، أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إلاَّ أَنْتَ، أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ.



دەرسی دووەم


AliBapir
AliBapir

پێناسەی ئەم دەرسە

ئـەم دەرسـەمان دوازدە (١٢) ئایـەت دەگرێتـە خـۆی، ئایەتـەکانی: (١٠ - ٢١)، لـە پێنـج ئایـەتی: (١٠و ١١و ١٣و ١٤و ١٥)دا، پێنـج جـاران وشـەی (قُـل) دووبـارە بۆتـەوە، واتـە: خـوا ﷻ فەرمـان بـە پێغەمبـەر دەکات ﷺ بفەرمـوو، تـەوەری سـەرەکیی ئـەو دوازدە (١٢) ئایەتـەش بـاسی خـوا بـە یەکگرتنـەو، بـاسی شـیرکە، هەروەهـا بـاسی سـەرەنجامی خـوا بـە یەکگرتـن و هاوبەش بـۆ خـوا دانانـەو، هەندێـک لـە خەسڵەتە بنەڕەتییـەکانی تەنیا خواپەرستانی پارێزکاریـش خراونـە ڕوو.

لـە کۆتاییشـدا باسـی دیمەنێکـی سـەرنجڕاکێشی گـەردوون کـراوە، کـە هـاوکات بەڵگـەی تەنیایـی خـواو، ڕاسـتیی زینـدوو کرانـەوەی مردووانیشـە، ئەویـش دابەزێنرانی ئـاوو، ئەنبارکـرانی لـە کانیـی و سـەرچاوەکانی زەویـداو، پاشـان پـێ ڕوێـنرانی ڕووەک و دوایـی پێگەیشـتن و، سـەرەنجام وشـک بـوون و، کۆتایـی پـێ هاتنـی ڕووەک و شـینا وردەکان.

﴿ قُلْ يَـٰعِبَادِ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ٱتَّقُوا۟ رَبَّكُمْ ۚ لِلَّذِينَ أَحْسَنُوا۟ فِى هَـٰذِهِ ٱلدُّنْيَا حَسَنَةٌ ۗ
وَأَرْضُ ٱللَّهِ وَٰسِعَةٌ ۗ إِنَّمَا يُوَفَّى ٱلصَّـٰبِرُونَ أَجْرَهُم بِغَيْرِ حِسَابٍ ﴿١٠﴾ قُلْ إِنِّىٓ أُمِرْتُ أَنْ أَعْبُدَ ٱللَّهَ
مُخْلِصًا لَّهُ ٱلدِّينَ ﴿١١﴾ وَأُمِرْتُ لِأَنْ أَكُونَ أَوَّلَ ٱلْمُسْلِمِينَ ﴿١٢﴾ قُلْ إِنِّىٓ أَخَافُ إِنْ عَصَيْتُ رَبِّى
عَذَابَ يَوْمٍ عَظِيمٍ ﴿١٣﴾ قُلِ ٱللَّهَ أَعْبُدُ مُخْلِصًا لَّهُۥ دِينِى ﴿١٤﴾ فَٱعْبُدُوا۟ مَا شِئْتُم مِّن دُونِهِۦ ۗ قُلْ إِنَّ
ٱلْخَـٰسِرِينَ ٱلَّذِينَ خَسِرُوٓا۟ أَنفُسَهُمْ وَأَهْلِيهِمْ يَوْمَ ٱلْقِيَـٰمَةِ ۗ أَلَا ذَٰلِكَ هُوَ ٱلْخُسْرَانُ ٱلْمُبِينُ ﴿١٥﴾
لَهُم مِّن فَوْقِهِمْ ظُلَلٌ مِّنَ ٱلنَّارِ وَمِن تَحْتِهِمْ ظُلَلٌ ۚ ذَٰلِكَ يُخَوِّفُ ٱللَّهُ بِهِۦ عِبَادَهُۥ ۚ يَـٰعِبَادِ فَٱتَّقُونِ
﴿١٦﴾ وَٱلَّذِينَ ٱجْتَنَبُوا۟ ٱلطَّـٰغُوتَ أَن يَعْبُدُوهَا وَأَنَابُوٓا۟ إِلَى ٱللَّهِ لَهُمُ ٱلْبُشْرَىٰ ۚ فَبَشِّرْ عِبَادِ ﴿١٧﴾ ٱلَّذِينَ
يَسْتَمِعُونَ ٱلْقَوْلَ فَيَتَّبِعُونَ أَحْسَنَهُۥٓ ۚ أُو۟لَـٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ هَدَىٰهُمُ ٱللَّهُ ۖ وَأُو۟لَـٰٓئِكَ هُمْ أُو۟لُوا۟

ٱلْأَلْبَٰبِ ﴿١٨﴾ أَفَمَنْ حَقَّ عَلَيْهِ كَلِمَةُ ٱلْعَذَابِ أَفَأَنتَ تُنقِذُ مَن فِى ٱلنَّارِ ﴿١٩﴾ لَٰكِنِ ٱلَّذِينَ
ٱتَّقَوْا۟ رَبَّهُمْ لَهُمْ غُرَفٌ مِّن فَوْقِهَا غُرَفٌ مَّبْنِيَّةٌ تَجْرِى مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَٰرُ وَعْدَ ٱللَّهِ لَا يُخْلِفُ ٱللَّهُ
ٱلْمِيعَادَ ﴿٢٠﴾ أَلَمْ تَرَ أَنَّ ٱللَّهَ أَنزَلَ مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءً فَسَلَكَهُۥ يَنَٰبِيعَ فِى ٱلْأَرْضِ ثُمَّ يُخْرِجُ
بِهِۦ زَرْعًا مُّخْتَلِفًا أَلْوَٰنُهُۥ ثُمَّ يَهِيجُ فَتَرَىٰهُ مُصْفَرًّا ثُمَّ يَجْعَلُهُۥ حُطَٰمًا إِنَّ فِى ذَٰلِكَ
لَذِكْرَىٰ لِأُو۟لِى ٱلْأَلْبَٰبِ ﴿٢١﴾ ﴾.

مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان

{(ئەی موحەممەد ﷺ) بڵێ: ئەی ئەو بەندانەم کە بڕواتان هێناوە! پارێز لە پەروەردگارتان بکەن بۆ ئەوانەتان کە لەم (ژیانی) دنیادا چاکەیان کردوە، چاکەیەک (ی مەزن و ناوازە) هەیە (لە دنیاو دواڕۆژدا) سەرزەمینی خواش فراوانە (ئەگەر ڕێی چاکەکارییتان لێگیرا، کۆچ بکەن) بە دڵنیایی خۆڕاگران بەبێ ژماردن (بەبێ سنوور) پاداشتیان دەدرێتەوە، (بۆیە لەسەر نارەحەتییەکانی کۆچکردن خۆڕاگربن) ﴿١٠﴾ بڵێ: بێگومان من فەرمانم پێکراوە: کە بە ساغکەرەوەیی و گەردنکەچییەوە خوا بپەرستم ﴿١١﴾ هەروەها فەرمانم پێکراوە کە یەکەمینی ملکەچان بم (بۆ خوا) ﴿١٢﴾ بڵێ: مسۆگەر من ئەگەر سەرپێچیی لە پەروەردگارم بکەم، لە ئازاری ڕۆژێکی مەزن دەترسم ﴿١٣﴾ بڵێ: تەنیا خوا دەپەرستم و دینداریی خۆمم بۆ ساغکردۆتەوە (و خڵتەی شیرک و لادانم پێوە نەهێشتوە) ﴿١٤﴾ دەجا ئێوەش جگە لەو هەرچییەکتان دەوێ، بیپەرستن، بڵێ: بە دڵنیایی زیانباران (ی ڕاستەقینە) ئەوانەن کە لە ڕۆژی قیامەتدا خۆیان و کەس و کاریان دەدۆڕێنن، ئەها (ئاگادار بن!) ئا ئەوە زیانباریی ئاشکرایە ﴿١٥﴾ لە سەروویان ئاگرە لەسەر یەک کەڵەکە بووەکان(ی سێبەرو هەور ئاسا) هەن و، لە ژێریشیانەوە (بە هەمان شێوە) ئاگرە کەڵەکە بووەکان هەن، ئەوەش خوا بەندەکانی پێ دەترسێنێ، دەجا

بەندەکانم! پارێزم لێ بکەن ﴿١٦﴾ ئەوانەش کە لە پەرستنی تاغووت دوورە پەرێزبوون و، لە ناخەوە بەرەو لای خوا گەڕاونەوە: مژدەو دڵخۆشیی (ەکی شایستە)یان بۆ هەیە، بۆیە مژدە بدە بە بەندەکانم ﴿١٧﴾ ئەوانەی گوێ بۆ هەموو قسەیەک هەڵدەخەن، (سەرەنجام) شوێن باشترینی دەکەون، ئا ئەوانە کەسانێکن خوا ڕاستە ڕێی کردوون و، ئا ئەوانەن عاقڵمەندان ﴿١٨﴾ ئایا کەسێک کە وشەی (بڕیار)ی سزا (دران)ی بەسەردا چەسپاوە (و شایستەی چوونە نێو ئاگرە) ئایا تۆ دەربازکەری کەسێکی لە ئاگردابێ؟! ﴿١٩﴾ بەڵام ئەوانەی پارێزیان لە (سزاو جەزرەبەی دادگەرانەی) پەروەردگاریان کردوە، ئەوانە (لە بەهەشتدا) کۆشک و باڵەخانەکانیان هەن، لەسەرروویانەوە باڵەخانە بیناکراوەکان هەن، ڕووبارەکانیان بە ژێردا دەڕۆن، ئەوە بەڵێنی خوایە، (بێگومان) خواش بەڵێنی خۆی ناشکێنێ ﴿٢٠﴾ ئایا سەرنجت نەداوە کە خوا لەسەرێوە ئاوی دابەزاندوە، یەکسەر خستوویەتە نێو کانیی و سەرچاوەکانی زەمینەوە، دوایی کشتوکاڵ و شیناوردێکی ڕەنگ جۆراوجۆری پێ (لە زەوی) دەردێنێ، پاشان ئەو کشتوکاڵە هەراش دەبێ (پێدەگات)و دەیبینی زەرد هەڵگەڕاوە، دوایش دەیکاتە پووش و پەڵاشی تێکشکاو، بێگومان لەوەدا بیرخەرەوەو پەندێک(ی گەورە) هەیە بۆ خاوەن عەقڵان ﴿٢١﴾.



شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان

(يُوَفَّ): (الـوافِي: الَّـذِي بَلَـغَ التَّـمَام)، وەردەگرێتـەوە بـە تەواویـی، (وَافِي) شـتێکە کـە تێـرو تـەواو بووبـێ و، گەیبێتـە ئەنـدازەی تـەواو بـوون، (وَفَى بِعَهْـدِه، وَأَوْفَى: تَمَّـم بِعَهْـدِهِ وَلَـمْ يَنْقُـضْ حِفْظَـهُ)، (وَفَى بِعَهْـدِه، وَأَوْفَى بِعَهْـدِهِ) واتـە: پەیمانەکـەی خـۆی تـەواو کـردوەو پاراسـتنەکەی هەڵنەوەشـاندوە.

(ظُلَلٌ): (جَمْـعُ الظُّلَّـة: سَـحَابَة تُظِـلُّ كَقِطَـعِ السَّـحَابِ)، (ظُلَـل) کـۆی (ظُلَّة)یـە، بـە هەورێـک دەگوتـرێ کـە سـێبەر بـکات، واتـە: ئـەو دووکەڵـە کەڵەکـە بـووەی سـەر دۆزەخ، یـان ئـەو ئاگـرە کەڵەکـە بووانـەی نێـو دۆزەخ، وەک پارچـە هـەور وان.

(ٱلطَّٰغُوتَ): (عِبَـارَةٌ عَـنْ كُلِّ مُتَعَبَّـدٍ، وَكُلِّ مَعْبُـودٍ سِـوَى اللـهِ، وَيُسْـتَعْملُ فِي الوَاحِـدِ وَالجَمْـعِ)، وشـەی (طَاغُـوت): هـەر شـتێکە بـە پەرسـتراو گیرابـێ و، هـەر پەرسـتراوێکە جگـە لـە خـوا، وشـەی (طَاغُـوت) بـۆ تـاک و بـۆ کـۆش بـەکاردێ.

(غُرَفٌ): (جَمْـعُ غُرْفَـة: العُلِّيَّـةُ مِـنَ البِنَـاءِ، وَسُـمِّيَ مَنَـازِلُ الجَنَّـةِ: غُرَفَـاً)، (غُـرَف) کـۆی (غُرْفَة)یـە، واتـە: باڵەخانـەو کۆشـک، کـە قـات لەسـەر قاتـە، مەنزڵـگاکانی بەهەشـت بـە (غُـرَفَ) ناوبـراون، لەبـەر ئـەوەی باڵەخانـەن، چەنـد قاتـن.

(فَسَلَكَهُۥ): (السُّـلُوكُ: النَّفَـادُ فِي الطَّرِيْـق)، (سُلُوك): بریتیـە لـەوەی ئینسـان بچێتـە نێـو ڕێـگاوە، خـوا ﷻ ئـەو ئـاوەی کـە دایبەزانـدوە لـە شـێوەی بـاران و بەفـرو تـەرزەدا، خسـتوویەتە نێـو کانیـی و سـەرچاوەکانەوە.

(يَنَٰبِيعَ): (النَّبْـعُ: خُـرُوجُ المَـاءِ مِـنَ العَـيْنِ، وَاليَنْبُـوعُ: العَيْـنُ الَّـذِي يَخْـرُجُ مِنْـهُ المَـاءُ)، (نَبْع): واتـە: دەرچـوونی ئـاو لـە سـەرچاوەو کانیـی، (يَنْبُوع)یـش، واتـە: ئـەو کانیـی و سـەرچاوەیەی ئـاوی لـێ دێتـە دەرێ.

(**يَهِيجُ**): واتـە: پێـدەگات، هـەراش دەبـێ، (**هَـاجَ البَقْـلُ يَهِيْـجُ: اصْفَـرَّ وَطَـاب**)، واتـە: زەردبـوو، پێگەیشـت، (**بَقْـلُ**): هـەر شـتێک کـە لـە شـێوەی فاصۆلیـاو، کەلـوو، ماشـە سـپیی و، ماشـە ڕەش و ئەوانـە دابـێ.

(**مُصْفَرًّا**): (**ذُو اللَّوْنِ الأَصْفَر**)، (**مُصْفَرّ**): زەرد هەڵگەڕاو، واتە: خاوەن ڕەنگی زەرد.

(**حُطَامًا**): (**الحَطْـمُ: كَسْرُ الشَّيءِ، مِثْلُ الهَشْـمِ وَنَحْـوِهِ**)، (**هَشْـم**): واتـە: شـکاندن، (**حَطْـم**): واتـە: تێکشـکاندن، مانایـان لێـک نیزیکـە، بـەڵام (**هَشْـم**) زیاتـر بـۆ ئێسـقان بـەکاردێ، (**وَالحُطَـامُ: مَـا يُتَكَـسَّرُ مِـنَ اليَبِـسِ**)، (**حُطَـام**): ئەوەیـە کـە شـتێک تێـک شـکێنرابێ و وشـک هەڵگەڕابـێ، ئنجـا تێکشـکاوەکە پێـی دەگوتـرێ: (**حُطَـام**)، وەک (**فُتَـات**) واتـە: ئـەو پارچانـەی لـە شـتێک بەجـێ دەمێنـن و جیادەبنـەوە.

مانای گشتیی ئایەتەکان

وەک پێشـتریش باسـمان کـرد لـە پێنـج ئایـەتی: (١٠و ١١و ١٣و ١٤و ١٥)دا، جگـە لـە ئایـەتی ژمـارە (١٢)، خـوا ﷻ پێنـج جـاران بـە پێغەمبـەر ﷺ دەفەرمـوێ: بڵـێ: سـەرەتا دەفەرمـوێ: ﴿ قُلْ يَٰعِبَادِ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ رَبَّكُمْ ﴾، بڵـێ: ئـەی ئـەو بەندانـەم کـە بڕواتـان هێنـاوە! پارێـز لـە پەروەردگارتـان بکـەن.

دوای ئـەوەی لـە ئایەتـەکانی پێشـێ دا، خـوا ﷻ بـەراوردی نێـوان مرۆڤـی بێبـڕواو مرۆڤـی بـڕواداری کـرد، کـە مرۆڤـی بێبـڕوا نەزانـەو، دوور لـە خوایـەو، بـە هەڵپەیـەو، خۆڕانەگـرە، بـەڵام مرۆڤـی بـڕوادار سـەقامگیرەو، دامـەزراوەو، ڕاوەسـتاوەو، زانایـەو، بەرچـاو ڕوونـە، دوای ئـەوە خـوا ﷻ دەفەرمـوێ: ﴿ قُلْ يَٰعِبَادِ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ رَبَّكُمْ ﴾، بڵـێ: ئـەی ئـەو بەندانـەم کـە بڕواتـان هێنـاوە! پارێـز لـە پەروەردگارتـان بکـەن، واتـە: خۆتـان بپارێـزن لـە هـەر شـتێک کـە پەروەردگارتـان پێـی ناخـۆش بـێ،

﴿ لِلَّذِينَ أَحۡسَنُواْ فِي هَٰذِهِ ٱلدُّنۡيَا حَسَنَةٞ ﴾، بۆ ئەوانەی چاکەیان لەم ژیانی دنیایەدا کردوە، چاکەیان بۆ هەیە، واتە: پاداشتێکی چاکیان بۆ هەیە، هەم لە دنیاداو، هەم لە دوارۆژدا.

دەشگونجێ: ﴿ لِلَّذِينَ أَحۡسَنُواْ فِي هَٰذِهِ ٱلدُّنۡيَا حَسَنَةٞ ﴾، ئەوانەی کە چاکەیان کردوە لەم ژیانە دنیایەدا، لەم ژیانە دنیایەدا چاکەیان بۆ هەیە، بەڵام مانای یەکەم بەهێزترە، ئەوانەی کە لەم ژیانی دنیایەدا چاکە دەکەن و چاکەیان کردوە، ئنجا چاکە بریتیە لە ئیمان و، کردەوەی باش و، هاوکاریی خەڵک و، مشوور لێخواردنی کۆمەڵگا، کە پابەندیی بە شەریعەتی خواوە هەموویان دەگرێتەوە، ئەوانەی چاکەیان کردوە لەم ژیانە دنیایەدا، چاکەیان بۆ هەیە، ئەو چاکەیەی کە بۆیان هەیە، یانی: هەم لە دنیادا چاکەیان دێتە ڕێ و، هەم لە ڕۆژی دواییدا، ﴿ وَأَرۡضُ ٱللَّهِ وَٰسِعَةٌ ﴾، سەر زەمینی خواش فراوانە، واتە: ئەگەر ڕێی چاکە کردنتان لە شوێنێک لێگیرا، ئەوێ بەجێهێڵن زەوی خوا فراوانەو، بە زەوی خوادا بڕۆن.

﴿ إِنَّمَا يُوَفَّى ٱلصَّٰبِرُونَ أَجۡرَهُم بِغَيۡرِ حِسَابٖ ﴾، ئنجا لەبەر ئەوەی ئینسان ئەگەر کۆچ بکات لە ڕێی خوادا، تووشی نارەحەتیی دێت، ئینسان کە لە ماڵ و حاڵی خۆی و لەسەر جێگەو ڕێگەی خۆی، لە خزم و کەسی خۆی، هەڵدەقەنێ، بە تەئکید بارودۆخی دەگۆڕێ و بە جۆرێکی دیکە دەبێ، دەچێتە نێو خەڵکێک کە نایانناسێ، یان بێگانەن، یان لە ڕووی جێگاو ڕزق و ڕۆزییەوە ڕەنگە لە شوێنی خۆی باشتر دەستی بۆ جووڵابێ، لەوێ تاکو بەرچاوی ڕوون دەبێتەوەو، دەستی دەکرێتەوە، پێی دەچێ، بۆیە مرۆڤ پێویستیی بە خۆڕاگریی هەیە.

هەڵبەتە لێرەدا خوا ﷻ بە ئاشکرا نەیفەرمووە، کۆچ بکەن، بەڵام کە دەفەرمووێ: زەوی خوا فراوانە، واتە: بە زەوی خوادا بڕۆن، وەک لە سووڕەتی (النساء)دا دەفەرمووێ: ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ تَوَفَّىٰهُمُ ٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ ظَالِمِيٓ أَنفُسِهِمۡ قَالُواْ فِيمَ كُنتُمۡ

﴿قَالُوٓاْ كُنَّا مُسۡتَضۡعَفِينَ فِي ٱلۡأَرۡضِۚ قَالُوٓاْ أَلَمۡ تَكُنۡ أَرۡضُ ٱللَّهِ وَٰسِعَةٗ فَتُهَاجِرُواْ فِيهَاۚ فَأُوْلَٰٓئِكَ مَأۡوَىٰهُمۡ جَهَنَّمُۖ وَسَآءَتۡ مَصِيرًا ٩٧﴾، واتە: ئەوانەی کە فریشتەکان گیانیان دەکێشن لە کاتێکدا کە ستەمیان لە خۆیان کردوە، دەڵێن: ئێوە لە چ حاڵێکدا بوون؟ دەڵێن: ئێمە چەوسێنراوە بووین لە زەوی داو، بێ دەسەلات بووین، (بۆیە ملکەچی ئەهلی کوفر بووین، بەلام فریشتەکان ئەو پاساوەیان لێ قبووڵ ناکەن، پێیان دەڵێن:) ئایا سەر زەمینی خوا فراوان نەبوو، کۆچی تێدا بکەن؟! ئنجا دوای ئەوەی ئاماژە دەکات بە کۆچکردن، یەکسەر دەفەرموێ: ﴿إِنَّمَا يُوَفَّى ٱلصَّٰبِرُونَ أَجۡرَهُم بِغَيۡرِ حِسَابٖ﴾، بە دڵنیایی خۆڕاگران پاداشتیان دەدرێتەوە بەبێ ژماردن، واتە: بۆیان ناژمێردرێ، پاداشتەکە هێندە زۆرە، پاداشتێکی بێ ئەژمارو بێ سنووریان دەدرێتەوە.

کەواتە: دەربەست مەبن، کە تووشی ناڕەحەتییان بوون و خۆڕاگربن، چونکە پاداشتی بێ ئەژمارتان لە بەرانبەر خۆڕاگرییتاندا هەیە.

ئنجا بۆ جاری دووەم دەفەرموێ: ﴿قُلۡ إِنِّيٓ أُمِرۡتُ أَنۡ أَعۡبُدَ ٱللَّهَ مُخۡلِصٗا لَّهُ ٱلدِّينَ﴾، خوا ﷻ فەرمان بە پێغەمبەر ﷺ دەکات، کە بفەرموێ: من فەرمانم پێکراوە کە خوا بپەرستم و، ملکەچیی خۆمی بۆ ساغ بکەمەوە، ﴿مُخۡلِصٗا﴾، واتە: ساغکەرەوەبم بۆ وی، ﴿ٱلدِّينَ﴾، ملکەچیی، (دِیْن) لێرەدا بە مانای ملکەچییە، واتە: فەرمانبەریی خۆم بۆ خوا ساغ بکەمەوەو، خڵتەی شیرک و بە قسە کردنی غەیری خوا، بە ملکەچییەکەمەوە نەهێڵم.

﴿وَأُمِرۡتُ لِأَنۡ أَكُونَ أَوَّلَ ٱلۡمُسۡلِمِينَ﴾، فەرمانیشم پێکراوە کە من یەکەمینی مسوڵمانان بم، واتە: یەکەمینی مسوڵمانان لە ڕووی کاتەوە نا، لە ڕووی کاتەوە دیارە، پێغەمبەر ﷺ یەکەمینی مسوڵمانانی ئوممەتی خۆی بوو، لە ئەسڵ دا ئیسلام بۆ وی هاتوە، ئەوە شتێکی ئاشکرایە، بەلام نا، یەکەمینی مسوڵمانان واتە: لە هەموو کەس زیاتر بۆ خوا ملکەچ بم و، پابەندبم بە شەریعەت و بەرنامەی خوای پەروەردگارەوە.

﴿ قُلۡ إِنِّیٓ أَخَافُ إِنۡ عَصَیۡتُ رَبِّی عَذَابَ یَوۡمٍ عَظِیمٍ ﴾، ئنجا بۆ جاری سێیەم خوا ﷻ فەرمانی پێ دەکات کە بڵێ: من دەترسێم ئەگەر سەرپێچیی لە پەروەردگارم بکەم، لە ئازاری ڕۆژێکی مەزن، وەک گوتم: ترسی مرۆڤەکان بەرانبەر بە خوا ﷻ، ترسانیانە لە سزاو ئازاری خوا، کە ئەویش بەهۆی کردەوە خراپەکانی مرۆڤەکانەوە دێتە دی.

ئنجا بۆ جاری چوارەم خوا دەفەرمویٚ: ﴿ قُلِ ٱللَّهَ أَعۡبُدُ مُخۡلِصࣰا لَّهُۥ دِینِی ﴾، بڵێ: بەس خوا ﷻ دەپەرستم و، ملکەچیی خۆمی بۆ ساغ و یەکلایی دەکەمەوە، ساف و ساغی دەکەم و ساغیی دەکەم، خڵتەی پێوە ناهێڵم.

﴿ فَٱعۡبُدُواْ مَا شِئۡتُم مِّن دُونِهِۦ ﴾، ئێوەش جگە لەو، چی دەپەرستن، بیپەرستن، واتە: لێتان بێ منەتم، وەنەبێ خوا ﷻ پەکی لەسەر پەرستنی ئێوە کەوتبێ، ئێوە خۆتان پێویستییتان بەوە هەیە کە خوا بپەرستن، بۆیە ئەگەر خوا ﷻ ناپەرستن، ئەوە چی دەپەرستن بپەرستن، بێمنەت بن، هەم خوای پەروەردگار پێویستی بە پەرستنی ئێوە نیە، هەم منیش لە خۆتان و پەرستراوەکانتان بێباک و بێ منەتم.

ئنجا بۆ جاری پێنجەم خوا دەفەرمویٚ: ﴿ قُلۡ إِنَّ ٱلۡخَٰسِرِینَ ٱلَّذِینَ خَسِرُوٓاْ أَنفُسَهُمۡ وَأَهۡلِیهِمۡ یَوۡمَ ٱلۡقِیَٰمَةِ ﴾، بڵێ: زیانباران ئەوانەن کە لە ڕۆژی هەڵسانەوەدا، خۆیان و کەس و کاریان لە دەستداوەو، دۆڕاندوە، ﴿ أَلَا ذَٰلِكَ هُوَ ٱلۡخُسۡرَانُ ٱلۡمُبِینُ ﴾، ئاگاداربن! ئەها ئا ئەوەیە زیانباریی ڕوون و ئاشکراو، بێ پێچ و پەنا.

کە مرۆڤ هەم خۆی لە دەست بدات و، هەم کەس و کارو نزیکانیشی، ئەگەر هاوسەریەتی، ئەگەر باب و دایکیەتی، ئەگەر کوڕو کچیەتی، ئەگەر خزمی نیزیکیەتی، ئەگەر دۆست و ڕەفیقیەتی، کاتێک کە ئەو مرۆڤە دەچێتە دۆزەخ، ئەوانی دیکە چ لە دۆزەخ دابن، چ ئەوان بچنە بەهەشت، مانای وایە لێک دادەبڕێن.

﴿ لَهُم مِّن فَوۡقِهِمۡ ظُلَلࣱ مِّنَ ٱلنَّارِ وَمِن تَحۡتِهِمۡ ظُلَلࣱ ﴾، ئنجا باسی ئەو زیانبارییە ڕوون و ئاشکرایە دەکات کە چییە؟ دەفەرمویٚ: بۆ ئەوان هەیە لەسەرووپانەوە

چەند سێبەرێک لە ئاگر، ﴿ظُلَلٌ﴾ کۆی (**ظُلَّة**)یە، (**ظُلَّة**)ش هەر شتێکە سێبەرت لێ بکات، واتە: ئاگرەکە لەسەریەک کەڵەکە بووەو، سێبەری کردوە، ﴿وَمِن تَحۡتِهِمۡ ظُلَلٌ﴾، لە ژێریشیانەوە دیسان چەند پارچە ئاگرێکی کەڵەکە بوو هەن، سێبەریان کردوە، ﴿ذَٰلِكَ يُخَوِّفُ ٱللَّهُ بِهِۦ عِبَادَهُۥ﴾، ئەوەش ئەوەیە کە خوا ﷻ بەندەکانی پێ دەترسێنێ.

واتە: هۆشدارییان پێدەدات، کە ئەوەتان لە ڕێ دا هەیە، ئا ئەوە چاوەڕوانییتان دەکات، ئەگەر بێت و بێ وەفاو سپڵەبن بەرانبەر بە خوا، ئەگەر بێت و بدۆڕێن، ئەگەر بێت و لە ژیانی دنیاتاندا ئەو حیکمەتەی کە خوا بۆی خوڵقاندوون، نەیهێننە دی، کە بەندایەتییە بۆ خوا، ﴿يَٰعِبَادِ فَٱتَّقُونِ﴾، ئەی بەندەکانم! پارێزم لێ بکەن، واتە: پارێز لە سزاو ئازارەکەم بکەن، کە بە هۆی خراپەکانی خۆتانەوەو، بە هۆی کوفرو لادان و تاوانی خۆتانەوە، ئەو سزاو ئازارەتان بۆ دێتە پێش.

ئنجا لە دوای ئەوان، باسی ئیماندارانێک دەکات کە خاوەن عەقڵ و تێگەیشتوون، هۆشیارو بێدارن، دەفەرموێ: ﴿وَٱلَّذِينَ ٱجۡتَنَبُواْ ٱلطَّٰغُوتَ أَن يَعۡبُدُوهَا﴾، ئەوانەی خۆیان لە تاغووت بە دوورگرتوە کە بیپەرستن، کە لێرەدا (**طاغوت**) بە مانای کۆیەکەی بەکارهاتوە، چونکە دەفەرموێ: ﴿أَن يَعۡبُدُوهَا﴾[1]، تاغووتیش هەر کەسێکە کە لە یاخیبوون و سەرپێچیی کردن لە خوادا سنووری بەزاندبێ، ئەوانەی خۆیان دوور دەگرن لە تاغووت کە بیپەرستن، ﴿وَأَنَابُوٓاْ إِلَى ٱللَّهِ﴾، گەڕاویشنەوە بۆ لای خوا، لە ناخەوە، ﴿لَهُمُ ٱلۡبُشۡرَىٰ﴾، ئا ئەوانە شادمانیی و دڵخۆشیی و موژدەیان بۆ هەیە، چ جۆرە موژدەیەک؟! ﴿لَهُمُ ٱلۡبُشۡرَىٰ﴾، (**أل**)ی ناساندنی لەسەرە، واتە: تێکڕا (جنس)ی موژدەو، هەرچی مانای تەواوی موژدەی تێدابێت و، دڵخۆشیی تێدابێت بۆ ئەوانە، ﴿فَبَشِّرۡ عِبَادِ﴾، تۆش موژدە بدە بە بەندەکانم.

---

(١) چونکە وشەی (طاغوت) لە زماندا نێرینە (مذکر)ی مەجازییە، بۆیە کە ڕاناوی مێینە (مؤنث)ی بۆ بەکارهاتوە (أن يعبدوها)، کەواتە: (طاغوت) لێرەدا کۆ (جمع) یە نەك تاك.

﴿ ٱلَّذِينَ يَسْتَمِعُونَ ٱلْقَوْلَ فَيَتَّبِعُونَ أَحْسَنَهُۥٓ ﴾، ئەوانەی گوێ بۆ هەموو قسەیەک هەڵدەخەن، بەڵام شوێن باشترینی دەکەون، واتە: چاو ورد دەکەنەوەو، گوێ هەڵدەخەن و، سەرنج دەدەن، ئەوە نیە کە عەقڵی خۆیان بکەنە سەبەتەیەک، هەر شتێک تێی بکرێ، وەریبگرن، بەڵکو عەقڵییان کردۆتە بێژینگێک و شت لە بێژینگ دەدەن، هەڵیدەسەنگێنن لە مەحەکی دەدەن و کامەی چاکتر بێ، ئەوە تەبەننیی دەکەن و شوێنی دەکەون، ﴿ أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ هَدَىٰهُمُ ٱللَّهُ ﴾، ئا ئەوانە ئەو کەسانەن کە خوا ﷻ خستوونیە سەر ڕاستە ڕێ (نەک ڕێنمایی کردوون)، چونکە خوا ﷻ هەمووی هەر ڕێنمایی کردوون، بەڵام ئەو مرۆڤانەی خوا ڕێنماییان دەکات، بەشێکیان ڕێنماییەکەی خوا وەردەگرن و تەبەننیی دەکەن، لە ئەنجامی ئەوەدا ڕاستە ڕێ دەبن، بە ئامانج دەگەن و، بە مراد دەگەن، وەک خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿ وَأَمَّا ثَمُودُ فَهَدَيْنَٰهُمْ فَٱسْتَحَبُّواْ ٱلْعَمَىٰ عَلَى ٱلْهُدَىٰ فَأَخَذَتْهُمْ صَٰعِقَةُ ٱلْعَذَابِ ٱلْهُونِ بِمَا كَانُواْ يَكْسِبُونَ ﴿١٧﴾ ﴾ فصلت، واتە: ئێمە گەلی سەموودمان ڕێنمایی کرد بوو، بەڵام کوێرییان هەڵبژارد بەسەر بەر پێی خۆ دیتن و، بە ئامانج گەیشتن دا، بە نسبەت ئیماندارانیشەوە لە سوورەتی (**محمد**)دا دەفەرموێ: ﴿ وَٱلَّذِينَ ٱهْتَدَوْاْ زَادَهُمْ هُدًى وَءَاتَىٰهُمْ تَقْوَىٰهُمْ ﴿١٧﴾ ﴾، واتە: ئەوانەی ڕێنمایی خوایان وەرگرتبوو، خوا ﷻ بەرچاوی ڕوونیی بۆ زیاد کردن، پارێزکاریی کە بۆ ئەوان شایستەیە، پێی بەخشین.

ئنجا دەفەرموێ: ئەوانەی کە ئاوان، گوێ بۆ هەموو قسەیەک دەگرن، بەڵام شوێن باشترینی دەکەون، ﴿ أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ هَدَىٰهُمُ ٱللَّهُ وَأُوْلَٰٓئِكَ هُمْ أُوْلُواْ ٱلْأَلْبَٰبِ ﴾، ئا ئەوانە ئەو کەسانەن کە خوا ﷻ خستووینە سەر ڕاستە ڕێ و، ئا ئەوانەن خاوەن عەقڵان.

﴿ أَفَمَنْ حَقَّ عَلَيْهِ كَلِمَةُ ٱلْعَذَابِ أَفَأَنتَ تُنقِذُ مَن فِى ٱلنَّارِ ﴾، ئایا کەسێک کە وشەی سزاو ئازاری لەسەر چەسپیی بێ، ئایا تۆ کەسێک کە لە نێو ئاگردایە، دەتوانی دەربازی بکەی؟! واتە: ئەوانەی کە هیدایەتی خواو، ڕێنمایی خوا ڕەفز

دەکەن، لە ئەنجامی ڕەفزکردنیان بۆ هیدایەت و ڕێنمایی خواوە، بڕیاری خوایان لەسەر دەچەسپێ، بڕیاری خواش بریتیە لەوەی کەسێک ڕێنمایی خوا قبووڵ نەکات و پشت لە خوا بکات، دەبێ سزا بدرێ، مەبەست ئەوەیە، وشەی سزایان لەسەر چەسپیوە، واتە: بڕیاری خوا بە سزادرانیان لەسەر ئەوان چەسپیوە، لە ئەنجامی ئەوەدا کە خۆیان ڕێی ڕاستیان نەگرتوە، بۆیە دەفەرموێ: ﴿أَفَأَنتَ تُنقِذُ مَن فِي ٱلنَّارِ﴾، واتە: ئایا تۆ کەسێک کە لە نێو ئاگردایە، دەتوانی دەربازی بکەی؟ ئەوانە بەپێی خۆیان و، بە ویستی خۆیان ئەو ڕێیەیان گرتوە، کە دەیانگەیەنێ بە دۆزەخ، چۆنیان دەردێنی و چۆنیان دەرباز دەکەی؟!

﴿لَٰكِنِ ٱلَّذِينَ ٱتَّقَوۡاْ رَبَّهُمۡ﴾، بەڵام ئەوانەیان کە پارێزیان لە پەروەردگاریان کردوە، ﴿لَهُمۡ غُرَفٞ مِّن فَوۡقِهَا غُرَفٞ مَّبۡنِيَّةٞ﴾، ئەوانە چەند کۆشک و باڵەخانەیان هەن، لەسەرروویانەوە کۆشک و باڵەخانەی دیکە هەن، بینا کراون، دروستکراون، ﴿تَجۡرِي مِن تَحۡتِهَا ٱلۡأَنۡهَٰرُ﴾، ڕووباریان بە ژێردا دەڕۆن، ﴿مَّبۡنِيَّةٞ﴾، واتە: دروستکراون، بەڵام بۆچی خوا ﷻ ئەو وشەیەی لێرەدا بەکارهێناوە؟ زانایان زۆر قسەیان لەسەر کردوە، کە دوایی قسەکانیان دێنین، ﴿تَجۡرِي مِن تَحۡتِهَا ٱلۡأَنۡهَٰرُ﴾، واتە: ئەو کۆشک و باڵەخانانە، ڕووباریان بە ژێردا دەڕۆن، ﴿وَعۡدَ ٱللَّهِ﴾، ئەوە بەڵێنی خوایە، ﴿لَا يُخۡلِفُ ٱللَّهُ ٱلۡمِيعَادَ﴾، خوا بەڵێنی خۆی دوا ناخات، بەڵێنی خۆی ناشکێنێ، ﴿ٱلۡمِيعَادَ﴾، (**مِيْعَادو مَوعِدو، وَعد**) هەر سێکیان بە مانای بەڵێن و پەیمان دێن.

لە کۆتاییدا خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿أَلَمۡ تَرَ﴾، ئایا نابینی! واتە: بە چاوی سەر، دەشگونجێ مەبەست پێی چاوی عەقڵ و دڵ بێ، چونکە ئەگەر باران و بەفرو تەرزەکە دەبینین کە دێتە خوار، بەڵام دوایی خرانە نێو کانیی و سەرچاوەی ئەو ئاوە کە دادەبەزێ، پاشان پێ ڕوێنرانی شیناوردو کشتوکاڵ، نابینن، بۆیە لێرەدا: ﴿أَلَمۡ تَرَ﴾، دەگونجێ بە مانای: ئایا نابینی بێ، بۆ هەندێک لەو دیمەنانە دەبینرێن، دەشگونجێ مەبەست پێی زانین بێ، واتە:

ئایا بە چاوی عەقڵ و دڵ نابینی و نازانیی، چی نابینێ و نازانێ؟ ﴿أَنَّ ٱللَّهَ أَنزَلَ مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءً﴾، کە خوا لە سەرێوە ئاوی دابەزاندوە؟ زۆرجاران گوتوومانە: لە قورئاندا بە زۆریی خوا ﷻ باسی ئاو دەکات، بۆچی؟ چونکە لە هەندێ لە وڵاتان تەنیا باران هەیەو، لە هەندێکیان تەنیا بەفر هەیەو، وەک بەستەڵەکی باکوورو باشوور، لەوێ هەر بەفر هەیەو، لە هەندێ شوێنان ڕەنگە بەس تەرزە هەبێ، بەڵام خوا ﷻ ئەو ئاوەی لە ئاسمانێ دەینێرێتە خوارێ، بە هەر سێ حاڵەتی باران و بەفرو تەرزە هەیە، کە هەر سێکیان ئاون، بۆیە دەفەرموێ: ئاوی دابەزاندوە، ﴿فَسَلَكَهُۥ يَنَٰبِيعَ فِى ٱلْأَرْضِ﴾، (فَسَلَكَهُ) واتە: (فَأَدْخَلَهُ) خستوویەتە نێو کانیی و سەرچاوەکانی زەوییەوەو، عەمباری کردوە، دوایی بەشێوەی کانیی و سەرچاوە، ئەو ئاوە عەمبار کراوو پەزمەندە کراوە، دێتەوە دەرێ، ﴿ثُمَّ يُخْرِجُ بِهِۦ زَرْعًا مُّخْتَلِفًا أَلْوَٰنُهُۥ﴾، دوایی بەو ئاوە عەمبار کراوو پەزمەندە کراوەی نێو زەوی، کە لە ڕێی کانیی و سەرچاوەکان و کارێزو بیرەکانەوە دێتە دەرێ، کشتوکاڵێکی پێ دەڕوێنێ، پێ دەردێنێ ڕەنگی جۆراو جۆرە، ﴿ثُمَّ يَهِيجُ﴾، دوایی پێدەگات، دەورووژێ و گەشە دەکات و هەراش دەبێ، ﴿فَتَرَىٰهُ مُصْفَرًّا﴾، ئنجا دەیبینی زەرد هەڵگەڕاوە، کاتێک کە ئینسان سەرنجی پەڵە گەنمێک دەدات، پەڵە جۆیەک، پەڵە نیسکێک، نۆکێک، ماشێک، هەرزنێک، بەڵکو پەڵە مەرەزەیەک تەماشا دەکات لە کاتی گەیشتنیدا، زەرد هەڵدەگەڕێ، پێشێ سەوزە کە جارێ نەگەیشتوە، دوایی وردە وردە فەریکەو، دوایی وردە وردە زەرد هەڵدەگەڕێ و پێدەگات، ﴿ثُمَّ يَجْعَلُهُۥ حُطَٰمًا﴾، ئنجا پاش ئەوەی پێگەیشت و زەرد هەڵگەڕا، وشک دەبێ، خوا ﷻ دەیکاتە پووش و پەڵاشێکی تێکشکاو، ﴿إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَذِكْرَىٰ لِأُو۟لِى ٱلْأَلْبَٰبِ﴾، بە دڵنیایی لەوەدا بیرخەرەوە هەیە بۆ خاوەن عەقڵان، بۆچی خوا ﷻ لێرەدا ئەمەی فەرمووە؟ ئایەتەکانی دیکە هەموویان پێکەوە پەیوەست بوونیان دیارە، ئەمەیان لێرەدا زانایان دوو ئەگەریان بۆ داناون:

١)- خوا ﷻ هەر لەسەر باسی خستنەڕووی بەڵگەکانی تەنیا بەدیهێنەرایەتیی و پەروەردگارێتیی خۆی بەردەوامە، کە: تەماشا بکەن، ئەوەش یەکێکە لە بەڵگەکان.

٢)- خوا ﷻ دوای ئەوەی باسی ڕۆژی دوایی و سەرەنجامی ئەهلی ئیمان و ئەهلی کوفری کرد، ئنجا بەڵگە دێنێتەوە لەسەر ئەوە کە ئەو زیندووکرانەوەیەی ئێوە، لە لایەن خوای باڵا دەستەوە، وەک ئەوە وایە کە خوا ﷻ ئاوێک لە ئاسمان دادەبەزێنێ، دوایی دەیخاتە کانیی و سەرچاوەکانەوە، دوایی کشتوکاڵ و شیناوردێکی ڕەنگ جۆراوجۆری پێ دەڕوێ، دوایی پێدەگات و زەرد هەڵدەگەڕێ، دوایی دەبێتە پووش و پەڵاش، ژیانی ئێوەش بە هەمان شێوەیەو، ساڵانە سەر زەوی سەوز دەبێ، دوایی دەبێتە پووش و پەڵاش، دوایی جارێکی دیکە دووبارە ئەو شیناوردو کشتوکاڵە دەڕوێتەوە، ئێوەش بە هەمان شێوە دوای ئەوەی پاییزی ئاخیر زەمانتان بەسەردا دێ، جارێکی دیکە خوا ﷻ وەک چۆن سەر زەوی زیندوو دەکاتەوە بە کشتوکاڵ، ئێوەش جارێکی دیکە دەژیێنێتەوەو زیندووتان دەکاتەوە.

لە خوای پەروەردگار داواکارین بە لوتف و کەرەمی خۆی، یارمەتییمان بدات، باشتر لە فەرمایشتەکەی تێبگەین و، دەرس و پەندی لێوەربگرین و، لەو خاوەن عاقڵانە بین کە باشترین بەهرەو سوود لە فەرمایشتە بە پێزو بێ وێنەو ناوازەکەی خوا ﷻ وەردەگرن، بە شێوەیەک کە هەم ژیانی خۆمانی پێ پاک و چاک بکەین، هەم لە دنیادا بە هۆی بەهرەمەند بوون لە قورئان، ژیانێکی ڕاست و دروست دوور لە گوناهباریی و عەیبداریی، بەسەر ببەین، ژیانی تاکییمان، خێزانییمان، کۆمەڵایەتییمان، هەم لە دواڕۆژیشدا پێی سەرفرازبین و سەر بەرزبین و شایستەی ئەوەبین کە خوا ﷻ لە خزمەت پێغەمبەرەکەی ﷺ خۆی و، هاوەڵانی بەڕێزیدا خوا لێیان ڕازیبێ و، پیاوچاکانی دوای ئەواندا، بمانخاتە بەهەشتەکانی خۆیەوە.

مەسەلە گرنگەکان

مەسەلەی یەکەم:

فەرمانکردنی خوا ﷻ بە پێغەمبەرەکەی موحەممەد ﷺ، کە بانگی بەندەکانی بکات بۆ پارێز لە خوا کردن و، موژدەی پاداشتی هەرە چاک پێدانیان لە دنیاو لە دوارۆژدا لە بەرانبەر چاکەکاریی داو، ئاماژەکردنیش بە کۆچکردن بە زەوی فراوانی خواداو، لە کاتی ناچارکراندا، موژدەی پاداشتی بێ ئەژماردان بە خۆڕاگران لە پێناوی خوادا، بە تایبەت ئەوانەی لە کاتی ئاوارەیی و کۆچ و کۆچباردا خۆڕاگردەبن:

خوا ﷻ دەفەرمووێ: ﴿ قُلْ يَـٰعِبَادِ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ٱتَّقُوا۟ رَبَّكُمْ ۚ لِلَّذِينَ أَحْسَنُوا۟ فِى هَـٰذِهِ ٱلدُّنْيَا حَسَنَةٌ ۗ وَأَرْضُ ٱللَّهِ وَٰسِعَةٌ ۗ إِنَّمَا يُوَفَّى ٱلصَّـٰبِرُونَ أَجْرَهُم بِغَيْرِ حِسَابٍ ﴿١٠﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتە، لە پێنج بڕگەدا:

١)- ﴿ قُلْ يَـٰعِبَادِ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ٱتَّقُوا۟ رَبَّكُمْ ﴾، بڵێ: ئەی ئەو بەندانەم کە بڕواتان هێناوە! پارێز لە پەروەردگارتان بکەن.

ئەم دواندنە تایبەتە بە بڕوادارانەوە، دیارە ڕووی دواندن لە پێغەمبەری خاتەم موحەممەدە ﷺ، خوا ﷻ دەفەرمووێ: ئەی موحەممەد ﷺ! بڵێ: ئەی بەندانەم (واتە: ئەو بەندانەی خوا) کە بڕوایان هێناوە، واتە: بڕوایان هێناوە بە هەموو ئەو شتانەی پێویستە بڕوایان پێ بهێنرێ.

﴿ ٱتَّقُوا۟ رَبَّكُمْ ﴾، پارێز لە پەروەردگارتان بکەن، واتە: بەردەوام بن لەسەر پارێز لە خوا کردن، یاخود هەوڵبدەن بە پلەکانی پارێزکردندا بەرزتر ببنەوەو

زیاتر هەڵکشێن، چونکە وەک چۆن ئیمان پلە پلەیە، تەقواش بە هەمان شێوە پلە پلەیە.

٢)- ﴿لِلَّذِينَ أَحْسَنُواْ فِي هَٰذِهِ ٱلدُّنْيَا حَسَنَةٌ﴾، بۆ ئەوانەی کە لەم ژیانی دنیایەدا چاکەیان کردوە، چاکە هەیە، ئەمە بە دوو شێوە لێکدراوەتەوە:

یەکەم: ئەوەیە کە ئەوانەی لەو ژیانی دنیایەدا چاکەیان کردوە، چاکەیان هەیە، واتە: خوا بە چاکە پاداشتیان دەداتەوە، لە دنیاو دواڕۆژدا.

دووەم: ئەوانەی چاکەیان کردوە لەم ژیانی دنیایەدا، خوا چاکەیان دەداتەوە، لە دنیادا.

بە پێی واتای یەکەمیان ئەوانەی لەم ژیانی دنیایەدا چاکەیان کردوە، خوا پاداشتی چاکیان دەداتەوە، واتە: هەم لە دنیاداو هەم لە دواڕۆژدا، بەڵام بەپێی واتای دووەمیان بۆ ئەوانەی چاکەیان کردوە، لەم ژیانی دنیایەدا، چاکە هەیە، واتە: لەم ژیانی دنیایەدا خوا لە بەرانبەر چاکەی چاکەکاراندا، شتی باشیان بۆ دەڕەخسێنێ، وەک لەشساغیی، ناو بانگی چاک، دووریی لە عەیبداریی، بژیوی حەڵاڵ، بەختەوەریی و، هەموو ئەو شتانەی دەکەونە چوارچێوەی چاکەو باشەوە، ڕستەی: ﴿لِلَّذِينَ أَحْسَنُواْ فِي هَٰذِهِ ٱلدُّنْيَا حَسَنَةٌ﴾، تەنوینی سەر (حَسَنَة)، بۆ مەزنکردنە واتە: چاکەیەکی زۆر مەزن و ناوازەو پەسند هەیە.

٣)- ﴿وَأَرْضُ ٱللَّهِ وَٰسِعَةٌ﴾، سەر زەمینی خواش فراوانە، ئەمە ئاماژەیە بە کۆچکردن، واتە: ئەگەر ڕێی چاکەکاریی ، یان ڕێی دینداریی چاکتان لێ بەسترا، ئەوە چاو چڕ دامەگرن لەسەر ئەو شوێنەی کە تێیدان، لەسەر خانووبەرەیەک و، لەسەر هەندێک بەرژەوەندیی و، لەسەر هەندێک خەڵک و خزم و کەس، کە لەگەڵتاندا هاو ئاوازو هاودەنگ نین بۆ بەندایەتیی و بۆ خواپەرستیی، بەڵکو ڕێگرو پەرچ و لەمپەرن، چاو لەسەر ئەو شوێنە چڕ دامەگرن، زەوی خوا فراوانەو تێیدا کۆچ بکەن و ئەو شوێنە بە جێبهێڵن، کە بە ئاسوودەیی و ئارامیی ناتوانن بەندایەتیی بۆ خوا تێدا، ئەنجام بدەن.

٤)- ﴿ إِنَّمَا يُوَفَّى ٱلصَّٰبِرُونَ أَجْرَهُم بِغَيْرِ حِسَابٍ ﴾، بە دڵنیاییەوە خۆڕاگران بە بێ ژماردن، بەبێ بۆ ژمێردران، پاداشتیان دەداتەوە.

وشەی (صَبْرُ) واتە: خۆڕاگریی و ئاوا پێناسە کراوە: (**الصَّبْرُ: حَبْسُ النَّفْسِ عَلَى مَا تَكْرَه**)، (صَبْر): بریتیە لە ڕاگرتنی نەفس لەسەر شتێک کە پێی ناخۆشەو، هەست بە تاڵیی و ناڕەحەتیی دەکات، بەڵام تۆ دەبێ نەفسی خۆتی لەسەر حەپس بکەی، وەک نەکردنی گوناهو، کردنی چاکەو، دەستبەردار بوونی هەندێ بەرژەوەندیی ناشەرعیی، لە کاتێکدا کە لەگەڵ بەرنامەی خوادا تێک دەگیرێن و ... هتد، هەندێ لە زانایانیش ئاوایان پێناسە کردوە: (**الصَّبْرُ: سُكُونُ النَّفْسِ عِنْدَ حُلُولِ الآلاَمِ والمَصَائِبِ، بِأَنْ لا تَضْجُرَ ولاَ تَضْطَرِبَ لِذَلِكَ**)، بەڵام ئەمە تەنیا بەشێک لە پێناسەی (صَبْر)ە، واتە: (**صبر**) بریتیە لە ئارامیی نەفس و، داسەکنانی نەفس لە کاتی پەیدابوونی ئازارو بەڵایەکاندا، بە شێوەیەک کە بێزاریی دەرنەبڕێ و، جووڵە جووڵ نەکات.

ئنجا (**صبر**) دەبێ بە سێ بەش» صەبر لەسەر فەرمانبەریی (**طاعة**)و، صەبر لەسەر گوناهو تاوان و، صەبر لەسەر موصیبەت و بەڵا.

ئنجا لێرەدا تەنیا بەشی سێیەمیان پێناسەی کردوە، صەبر لەسەر بەڵاو گرفتارییەکان کە مرۆڤ بێزاریی و سکاڵا دەرنەبڕێ.

دیارە کە دەفەرموێ: ﴿ إِنَّمَا يُوَفَّى ٱلصَّٰبِرُونَ أَجْرَهُم ﴾، بێگومان خۆڕاگران پاداشتیان بە تەواویی دەدرێتەوە، (**التَّوْفِيَةُ: إِعْطَاءُ الشَّيْءِ وَافِيَاً أَي: تَامَّاً**)، (**تَوْفِيَة**) واتە: بەخشینی شتێک بە تەواویی، کەواتە: ﴿ إِنَّمَا يُوَفَّى ٱلصَّٰبِرُونَ أَجْرَهُم ﴾، خۆڕاگران پاداشتیان دەدرێتەوە بە تەواویی، پڕ بە پێستی کردەوەکەی خۆیان.

٥)- ﴿ بِغَيْرِ حِسَابٍ ﴾، بەبێ ژماردن، واتە: پاداشتێک کە لە ژمێرە نایەت، هەڵبەتە ئەمە کینایە بۆ زۆریی، چونکە شتی زۆر، عادەت وایە ناژمێردرێ، کەسێک بە کەسێک دەڵێ: کتێبم بۆ هێناوی، دەڵێ: چەند؟ دەڵێ: زۆر، واتە: ناژمێردرێن تاکو بڵێ: (١٠) یان (١٥)

یان (٢٠) یان (٣٠) شتی زۆر عادەت وایە ناژمێردرێ، ﴿بِغَيۡرِ حِسَابٖ﴾، (**كِنَايَةٌ عَنِ الوَفْرَةِ، وَالتَّعْظِيْمِ لأَنَّ الشَّيءَ الكَثِيْر لَا يُتَصَدَّى لِعَدِّهِ**)، (بِغَيْرِ حِسَاب): کینایەیە بۆ زۆریی و مەزنیی، چونکە شتی زۆر ڕوو لە ژماردنی ناکرێ.

وەک گوتمان: ئەم ئایەتە موبارەکە: ﴿وَأَرۡضُ ٱللَّهِ وَٰسِعَةٌ﴾، ئاماژەیە بە کۆچکردن، کە لەو سەروحەدەشدا کە سالّی پێنجەمی پێغەمبەرایەتییەو، وەک گوتمان ئەم سوورەتە لەو سالّەدا دابەزیوە، مسوڵمانان بۆ جاری یەکەم کۆچیان کرد بۆ حەبەشە، وەک لە (**السِّيْرَة النَّبَوِيَة لابن هيشام**)دا هاتوە، کە پێغەمبەر ﷺ ڕۆژێک بە هاوەڵانی بەڕێزی فەرموو: {**لَوْ خَرَجْتُمْ إِلَى أَرْضِ الْحَبَشَةِ، فَإِنَّ بِهَا مَلِكًا لَا يُظْلَمُ عِنْدَهُ أَحَدٌ، وَهِيَ أَرْضُ صِدْقٍ، حَتَّى يَجْعَلَ اللَّهُ لَكُمْ فَرَجًا مِمَّا أَنْتُمْ فِيهِ، فَخَرَجَ ثَلَاثَةٌ وَثَمَانُوْن رَجُلاً وَتِسْعَ عَشَرة امْرَأَة سِوى أَبْنَائِهِم الَّذِيْن خَرَجُوا بِهِمْ صِغَارَاً**}[1].

واتە: پێغەمبەر ﷺ ڕۆژێ بە هاوەڵانی بەڕێزی فەرموو: [کاتێک تەماشای کرد زۆر بێزار دەکرێن و ئازار دەدرێن و، نارەحەت دەکرێن و، هەندێکیان لە ژێر ئەشکەنجەدا شەهید کران، وەک (یاسرو سومەییەی هاوسەری خوا لێیان ڕازی بێ، دایک و بابی عەمار]، ئەگەر دەربچن بۆ سەر زەمینی حەبەشە حوکمڕانێکی لێیە، کە هیچ کەس لە لای وی ستەمی لێ ناکرێ، (بیستوویەتی کە دادگەرە)، تاکو خوا لەوەی کە تێیدان دەرووی خێرتان لێدەکاتەوە، (واتە: بتوانن لە وڵاتی خۆتاندا بژین)، ئیدی ئەوەبوو هەشتاو سێ پیاو لەگەڵ نۆزدە ئافرەت دا، جگە لە منداڵەکانیان کۆچیان کرد.

دیارە ئەو هەشتاو سێ پیاوە، کە نۆزدە ئافرەتیان لەگەڵدا بوون ئەو ئافرەتانە هاوسەری هەندێک لەو هەشتا و سێ پیاوە بوون، ماوەی هەشتاو سێ پیاوەکە کە دەمێننەوە، زگورتیی بوون، ئنجا بەو پێیە بێ، نۆزدەیان هاوسەرداربوون لە پیاوەکان، یاخود هەندێکیان لە ئافرەتەکان کچی گەورە بوون؟! دیار نەکراوە.

---

(١) السيرة النبوية لآبن هشام، ج١ ص ١٦٢-١٦٨.

مەسەلەی دووەم:

فەرمانکردنی خوا بە پێغەمبەر ﷺ کە بەندایەتیی ساغی خۆی بۆ خوا ڕابگەیەنێ، وێڕای ترس و بیمی لە سزای مەزنی دواڕۆژو، بێ منەتکردنی کافرەکان لە پەرستنی هەر شتێک جگە لە خواو، خستنە ڕووی سزای سەختی خوا بۆ زیانبارانێک، کە خۆیان و نیزیکانیان دەدۆڕێنن لە ڕۆژی دواییدا:

خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ قُلْ إِنِّيٓ أُمِرْتُ أَنْ أَعْبُدَ ٱللَّهَ مُخْلِصًا لَّهُ ٱلدِّينَ ﴿١١﴾ وَأُمِرْتُ لِأَنْ أَكُونَ أَوَّلَ ٱلْمُسْلِمِينَ ﴿١٢﴾ قُلْ إِنِّيٓ أَخَافُ إِنْ عَصَيْتُ رَبِّي عَذَابَ يَوْمٍ عَظِيمٍ ﴿١٣﴾ قُلِ ٱللَّهَ أَعْبُدُ مُخْلِصًا لَّهُۥ دِينِي ﴿١٤﴾ فَٱعْبُدُوا۟ مَا شِئْتُم مِّن دُونِهِۦ ۗ قُلْ إِنَّ ٱلْخَٰسِرِينَ ٱلَّذِينَ خَسِرُوٓا۟ أَنفُسَهُمْ وَأَهْلِيهِمْ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ ۗ أَلَا ذَٰلِكَ هُوَ ٱلْخُسْرَانُ ٱلْمُبِينُ ﴿١٥﴾ لَهُم مِّن فَوْقِهِمْ ظُلَلٌ مِّنَ ٱلنَّارِ وَمِن تَحْتِهِمْ ظُلَلٌ ۚ ذَٰلِكَ يُخَوِّفُ ٱللَّهُ بِهِۦ عِبَادَهُۥ ۚ يَٰعِبَادِ فَٱتَّقُونِ ﴿١٦﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە دوازدە بڕگەدا:

١)- ﴿ قُلْ إِنِّيٓ أُمِرْتُ أَنْ أَعْبُدَ ٱللَّهَ ﴾، بڵێ: من فەرمانم پێکردوە کە خوا بپەرستم، خوا ﷻ - وەک پێشتریش گوتوومانە: لە مانای گشتیی دا - لە ئایەتەکانی: (١٠و ١١و ١٣و ١٤و ١٥) لەو پێنج ئایەتەدا، پێنج جاران ڕوو لە پێغەمبەری خاتەم دەکات ﷺ پێی دەفەرموێ: بڵێ (قُلْ)، کە لە ئایەتی ژمارە (١٠)دا یەکێکیان تێپەڕی: ﴿ قُلْ يَٰعِبَادِ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ٱتَّقُوا۟ رَبَّكُمْ ﴾، بڵێ: ئەی ئەو بەندانەم! کە بڕواتان هێناوە، پارێز لە پەروەردگارتان بکەن، ﴿ لِلَّذِينَ أَحْسَنُوا۟ فِي هَٰذِهِ ٱلدُّنْيَا حَسَنَةٌ ﴾، بۆ ئەوانەی لەم ژیانی دنیایەدا چاکەیان کردوە، چاکەیان بۆ هەیە، چاکەی دنیا و چاکەی دواڕۆژ، یاخود بۆ ئەوانەی چاکەیان کردوە، کە بریتیە لە ئیمان هێنان و، بۆ خوا صوڵحان، لەم ژیانە دنیایەدا، چاکەیان بۆ هەیە، بەڵام مانای یەکەمیان گشتگیرترو لە ڕاستییەوە نزیکترە، واتە: ئەوانەی کە لەم ژیانی دنیایەدا، چاکەیان کردوە، پاداشتی چاکیان هەیە، هەم لە دنیاشداو، هەم لە دواڕۆژیشدا، ئنجا دوای ئەوە خوا ﷻ بە پێغەمبەری خاتەم ﷺ دەفەرموێ: کە ئەمە

جاری دووەمە خوا فەرمان بە پێغەمبەر دەكات ﷺ بفەرموێ: (قل): ﴿ قُلۡ إِنِّيٓ أُمِرۡتُ أَنۡ أَعۡبُدَ ٱللَّهَ ﴾، بڵێ: من فەرمانم پێكراوە بەوە كە خوا بپەرستم.

٢)- ﴿ مُخۡلِصٗا لَّهُ ٱلدِّينَ ﴾، لە حاڵێكدا ملكەچیی بۆ ساغ بكەمەوە، بە جۆرێك بۆی ملكەچبم و، جۆرێك بیپەرستم و، بە جۆرێك فەرمانبەرییبم، خڵتەی بێ فەرمانیی بە خۆمەوە نەهێڵم، ملكەچییەكەم ساغ و بێ خڵتە بێت.

٣)- ﴿ وَأُمِرۡتُ لِأَنۡ أَكُونَ أَوَّلَ ٱلۡمُسۡلِمِينَ ﴾، هەروەها فەرمانم پێكراوە كە یەكەمینی مسوڵمانان بم، (الطَّبَرِي) لە تەفسیرەكەی خۆی دا[1]، ئایەتەكەی پێشێ و ئەم ئایەتەش بەمجۆرە تەفسیر دەكات: **(قُلْ يَا مُحَمَّد ﷺ لِمُشْرِكِي قَوْمِكَ إِنَّ اللهَ أَمَرَنِي أَنْ أَعْبُدَه مُفْرِداً لَهُ الطَّاعَةَ، وَأَمَرَنِي رَبِّي جَلَّ ثَنَاؤُهُ بِذَلِكَ ، لِأَنْ أَكُون بِفِعْلِ ذَلِكَ أَوَّل مَنْ أَسْلَمَ مِنْكُمْ، فَخَضَعَ لَهُ بِالتَّوْحِيدِ، وَأَخْلَصَ لَهُ الْعِبَادَة ، وَبَرِيء مِنْ كُلِّ مَا دُونَهُ مِنْ آلِهَة).**

واتە: ئەی موحەممەد! ﷺ بە هاوبەش بۆ خوادانەرانی گەلەكەت بفەرموو: بێگومان خوا فەرمانی پێكردووم كە بیپەرستم و ملكەچیی خۆمی بۆ تاك بكەمەوەو، پەروەردگاریشم **(جَلَّ ثَنَاؤُهُ)** بۆیە بەوە فەرمانی پێكردووم، تاكو ببمە یەكەمین كەس لە ئێوە كە ملكەچ دەبم بۆ خواو، بۆی فەرمانبەر دەبم بە خوا بە یەكگرتنەوەو، ساغكردنەوەی بەندایەتییەوەو، یەكەمین كەس دەبم كە دوور دەبێ لە هەموو ئەو پەرستراوانەی جگە لەو دەپەرسترێن.

ئنجا خوا ﷻ بۆ جاری سێیەم فەرمانی پێدەكات:

٤)- ﴿ قُلۡ إِنِّيٓ أَخَافُ إِنۡ عَصَيۡتُ رَبِّي عَذَابَ يَوۡمٍ عَظِيمٖ ﴾، بفەرموو (ئەی موحەممەد! ﷺ) بە دڵنیایی ئەگەر سەرپێچیی پەروەردگارم بكەم، لە ئازاری ڕۆژێكی مەزن دەترسێم، مەترسییم لێی هەیە.

---

(١) جامع البيان: ج٢٣، ص٢٠٧.

﴿ عَذَابَ يَوۡمٍ عَظِيمٖ ﴾، (أي: يَـوْمٌ يَعْظُـم هَوْلُـه)، ڕۆژێـک کـە نارەحەتییەکـەی زۆر بێرەزایـە، هەڵبەتـە کـە دەفەرمـوێ: ﴿ وَأُمِرۡتُ لِأَنۡ أَكُونَ أَوَّلَ ٱلۡمُسۡلِمِينَ ﴾، بەپێـی لێکدانـەوەی (الطـبري) واتـە: مـن یەکەمیـن کەسـێک دەبـم لـە ئێـوە، لـە ڕووی کاتییـەوە، کـە بـۆ خـوا ملکـەچ دەبـم، بەندایەتیـی خۆمـی بـۆ سـاغ دەکەمـەوە.

بـەڵام مانایەکـی دیکـەشی هەیـە کە هەندێک لـە توێـژەرەوان ئەویان هەڵبـژاردوە، ئەویـش ئەوەیـە کـە: ﴿ أَوَّلَ ٱلۡمُسۡلِمِينَ ﴾، (أي: أَقْـوَى المُسْـلِمِيْنَ إِيْمَانَـاً)، واتـە: مـن یەکەمینـی ملکەچـان دەبـم بـۆ خـوا، واتـە: لـەو ڕووەوە کـە لـە هەمـوو کـەس زیاتـر بـۆ خـوا ملکـەچ دەبـم.

منیـش ئـەو مانایـەم زیاتـر بـە دڵـە، چونکـە هـی یەکەمیـان شـتێکی ئاشـکرایە، کـە پێغەمبـەری خاتـەم موحەممـەد ﷺو هـەر پێغەمبەرێـک بـە نسـبەت گـەل و کۆمەڵگایەکـەی خـۆی، یەکەمیـن مسـوڵمان و یەکەمیـن ملکـەچ بـووە بۆ خـوا، چونکە ئـەو ئیسـلامی هێنـاوە، کەواتـە: ئـەوە شـتێکی ئاشـکرایە، بـەڵام مەبەسـت ئەوەیـە کـە فەرمانـم پێکـراوە کـە بەهێزتریـن و چاکتریـن ملکـەچ بـم بـۆ خـوا، پێموایـە ئـەو مانایـە بەهێزتـرە، هـەروەک پێغەمبـەر ﷺ بـۆ ئـەوەی ئوممەتەکـەی حاڵیـی بـکات، فەرموویـەتی: {أَمَـا وَاللَّـهِ إِنِّي لَأَتْقَاكُـمْ لِلَّـهِ، وَأَخْشَـاكُمْ لَـهُ} (أخرجـه مسـلم: ٢٦٤٤ وغـيره).

ئنجـا لـەم دەرسـەماندا بـۆ جـاری سـێیەم، ئەگەرنـا لـە ڕیزبەندیـی ئـەو پێنـج جـارەدا بـۆ جـاری چـوارەم، خـوا فەرمـان بـە پێغەمبـەر ﷺ دەکات:

٥)- ﴿ قُلِ ٱللَّهَ أَعۡبُدُ مُخۡلِصٗا لَّهُۥ دِينِي ﴾، بڵێ: بەس خوا دەپەرستم، ملکەچیی خۆمی بۆ ساغ دەکەمەوە.

٦)- ﴿ فَٱعۡبُدُواْ مَا شِئۡتُم مِّن دُونِهِۦ ﴾، ئێوەش هەرچی جگە لەو دەپەرستن، بیپەرستن، کە دەفەرموێ: ﴿ قُلِ ٱللَّهَ أَعۡبُدُ مُخۡلِصٗا لَّهُۥ دِينِي ﴾، بڵێ: من خوا دەپەرستم، دیارە بەرکار (**مفعول به**) پێشخراوە، بۆ ئەوەی کورت هەڵهێنان (**حَصر**) بگەیەنێ، ﴿ قُلِ ٱللَّهَ أَعۡبُدُ ﴾، ئەمەش وەک: ﴿ إِيَّاكَ نَعۡبُدُ ۝٥ ﴾الفاتحة، وایە، بە تەنیا خوا دەپەرستم، ﴿ مُخۡلِصٗا

﴿لَّهُۥ دِينِي﴾، ملکەچیی خۆشمی بۆ ساغ دەکەمەوەو، دەربازی دەکەم و خڵتەی پێوە ناهێڵم، ﴿فَٱعۡبُدُواْ مَا شِئۡتُم مِّن دُونِهِۦ﴾، ئێوەش جگە لەو چی دەپەرستن و کێ دەپەرستن، بیپەرستن.

ئەمەش واتای ئەوەیە لە مەودوا سەرەنجامی ئەو پەرستنە هەڵەیەی خۆتان، کە بۆ غەیری خوا ئەنجامی دەدەن، سەرەنجامەکەی دەزانن، کەواتە: (**الأَمْرُ هُنَا بِمَعْنَى التَّخْلِيَة وَالتَّسْوِيَة، وَهِيَ كِنَايَةٌ عَنْ قِلَّةِ الإِكْتِرَاث**)، فەرمانکردن لێرەدا کە دەفەرموێ: ﴿فَٱعۡبُدُواْ مَا شِئۡتُم مِّن دُونِهِۦ﴾، مەبەست لێگەڕان و بێ منەتکردنە، واتە: ئەمە کینایەی گرنگیی و بایەخ پێ نەدانە، کەچی دەپەرستن بیپەرستن.

ئنجا بۆ جاری چوارەم لەم دەرسەمانداو، بۆ جاری پێنجەم لە کۆی ئەو پێنج جارەی لەم پێنج ئایەتەدا کە باسمانکردن هاتوە، دەفەرموێ:

٧)- ﴿قُلۡ إِنَّ ٱلۡخَٰسِرِينَ ٱلَّذِينَ خَسِرُوٓاْ أَنفُسَهُمۡ وَأَهۡلِيهِمۡ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ﴾، بڵێ: بە دڵنیایی زیانباران ئەوانەن کە خۆیان و کەس و کاریان لە دەستداوە لە ڕۆژی قیامەتدا، خۆیان و کەس و کاریان دەدۆڕێنن، ئەمە: (**تَمْثِيلٌ لِحَالِهِمْ بِحَالِ التَّاجِرِ الَّذِي عَرَّضَ مَالَهُ لِلنماءِ والرِّبْحِ، فَأُصِيبَ بِالتَّلَفِ**)، لێرەدا حاڵەتی ئەو بێبڕوایانە چوێنراوە بە حاڵی بازرگانێکەوە کە ماڵ و سامانەکەی خستۆتە دۆخێکەوە گەشەی پێ بدات و زۆری بکات، کەچی نەک هەر قازانجی نەکردوە، بەڵکو دەستمایەکەشی لە دەستداوە.

بۆیە خوا ﷻ دەفەرموێ: بڵێ: زیانبارانی ڕاستەقینە، کە پێناسەی زیانباران بە تەواویی دەیانگرێتەوە - چونکە (**أل**)ی سەر (**الخَاسِرِيْن**) بۆ ناساندنە، بەڵام لێرەدا مەبەست پێی تێکڕا زیانبارانە - کەسانێک کە بە تەواویی مانای زیانبارییان تێدا هاتۆتە دی، ئەوانەن کە لە ڕۆژی قیامەتدا، خۆیان و کەس و کاریان و ماڵ و خێزانیان لە دەست دەدەن و دەدۆڕێنن.

٨)- ﴿أَلَا ذَٰلِكَ هُوَ ٱلۡخُسۡرَانُ ٱلۡمُبِينُ﴾، ئاگاداربن! ئا ئەوە زیانبارییەکی ڕوون و ئاشکرایە، چونکە هیچیان بۆ نەماوەتەوە نە خۆیان و، نە ئەوەی کە هەیانبووە، لە کەس و کارو هەرچی کە بە دەوریانەوە بووە، ئنجا خوا ﷻ دیمەنێک لەو شێوە سزاو ئازارو ئەشکەنجەیەی کە بۆیان ئامادە کراوە لە دواڕۆژدا، دەیخاتە ڕوو، کە دیمەنێکی زۆر سامناکە، دەفەرموێ:

٩)- ﴿لَهُم مِّن فَوۡقِهِمۡ ظُلَلٞ مِّنَ ٱلنَّارِ﴾، بۆ ئەوان لە ئاگری دۆزەخدا چەند سێبەر هەن، لە سەروویانەوە.

١٠)- ﴿وَمِن تَحۡتِهِمۡ ظُلَلٞ﴾، هەروەها لە ژێریشیانەوە چەند سێبەر هەن.

١١)- ﴿ذَٰلِكَ يُخَوِّفُ ٱللَّهُ بِهِۦ عِبَادَهُۥ﴾، ئەوەش ئەوەیە کە خوا ﷻ بەندەکانی خۆی پێ دەترسێنێ.

١٢)- ﴿يَٰعِبَادِ فَٱتَّقُونِ﴾، ئنجا ئەی بەندەکانم! پارێزم لێ بکەن.

وشەی (**ظُلَّة**)، کە بە (**ظُلَل**) کۆ دەکرێتەوە، پێشتریش گوتوومانە: (**ظُلَّة**)، هەر شتێکە بەرزبێتەوە لە بینا، کەپر، هەور، هەر شتێک کە سێبەرت لێ بکات، کاتێک کەسێک دادەنیشێ شتێک لەسەر سەری بێ، پێی دەگوترێ: (**ظُلَّة**)، سەقفی خانوو بێ، سابات و کەپر بێ، هەور بێ، هەرچی بێ، ئنجا خوا ﷻ دەفەرموێ: لە سەروویانەوە چەند سێبەرێکی ئاوا هەن، لە ژێریشیانەوە هەر سێبەرەکان هەن، دۆزەخیش چین چینە، هەم لەسەروویانەوە پەڵەی ئاگرو دووکەڵ هەیە، هەم لە ژێریانەوە هەیە.

ئەمە وەک ئەو ئایەتەی سوورەتی (**الأعراف**)ە، کە دەفەرموێ: ﴿لَهُم مِّن جَهَنَّمَ مِهَادٞ وَمِن فَوۡقِهِمۡ غَوَاشٖۚ ﴿٤١﴾﴾، واتە: لە دۆزەخدا بۆ ئەوان ڕایەخ هەیەو لە سەرووشیانەوە پۆشەرەکان، واتە: هەم ئاگر دایان دەپۆشێ و هەم لەسەر ئاگریش ڕادەکشێن.

هەروەها لە سوورەتی (**العنكبوت**)دا، خوا ﷻ هەر لەو بارەوە دەفەرمووێ: ﴿ يَوۡمَ يَغۡشَىٰهُمُ ٱلۡعَذَابُ مِن فَوۡقِهِمۡ وَمِن تَحۡتِ أَرۡجُلِهِمۡ ﴿٥٥﴾ ﴾، واتە: ئەو ڕۆژە کە ئازار دایان دەپۆشێ لەسەروویانەوەو لە ژێر پێیەکانیشیانەوە، واتە: ئاگر دەوریان دەدات.

هەروەها لە سوورەتی (**الواقعة**)ش دا، خوا ﷻ ئەم شێوە سزادرانەیان زیاتر ڕوون دەکاتەوەو دەفەرمووێ: ﴿ وَأَصۡحَٰبُ ٱلشِّمَالِ مَآ أَصۡحَٰبُ ٱلشِّمَالِ ﴿٤١﴾ فِي سَمُومٖ وَحَمِيمٖ ﴿٤٢﴾ وَظِلّٖ مِّن يَحۡمُومٖ ﴿٤٣﴾ لَّا بَارِدٖ وَلَا كَرِيمٍ ﴿٤٤﴾ ﴾، واتە: هاوەڵانی دەستە چەپ، دەزانی هاوەڵانی دەستە چەپ کێن و چۆنن؟ گڕەبای گەرم و سووتێنەرو ئاوی کوڵاوو داغ و لە سێبەرێک دان سێبەرێکی ڕەش! (واتە: ئاگرەکە دووکەڵێکی ڕەشی بەرزبووەوەی هەیە)، نە فێنکایەتیی و، نە ڕێز و حورمەتی تێدایە.

دیارە قورئانیش هەندێکی، هەندێکی ڕوون دەکاتەوە، بۆیە واباشە وەک زۆرجاران گوتوومانە: لە هەر شوێنێک باسی مەبەستێک کرا، ئینسان بگەڕێ ئەو ئایەتانەی دیکە کە باسی ئەو مەبەستە دەکەن، بیانهێنێ، ئەو کاتە لە هەموو ڕووەکانەوە ئەو مەبەستە تیشکی دەخرێتە سەر.

کە دەفەرمووێ: ﴿ ذَٰلِكَ يُخَوِّفُ ٱللَّهُ بِهِۦ عِبَادَهُۥ ﴾، (**ذَلِكَ**)، (**إِشَارَةٌ إِلَى مَا ذُكِرَ بِتَأْوِيلِ المَذْكُور**)، واتە: (**ذَلِكَ المَذْكُور**) ئەو باسکراوە ئەوەیە کە خوا بەندەکانی خۆی پێ دەترسێنێ، بیمیان دەداتە بەرێ، تاکو بسڵەمنەوە لە کوفرو شیرک و، لە گوناهو تاوان و لادان، کە هەم لە دنیادا مایەی نەگبەتیی و عەیبداریی و، دەردەداریی و ناڕەحەتییانە، هەم بۆ دواڕۆژیان، مایەی شەرمەزاریی و سزاو جەزرەبەی دادگەرانەی خوایە، ﴿ يَٰعِبَادِ فَٱتَّقُونِ ﴾، ئنجا ئەی بەندەکانم! پارێزم لێ بکەن، سەرنج بدەن! خوا چەند بە میهرەبانیی و لوتفەوە بانگمان دەکات!.

هەڵبەتە لێرەدا خوا ﷻ بانگی هەموو بەندەکان دەکات، ئەی بەندەکانم! واتە: هەموو ئەوانەی ملکەچن بۆ من، لەو بەشەی ژیانتاندا کە بەدەست خۆتان

نیە، مرۆڤ بەشێکی ژیانی بەدەست خۆیەتی و دەتوانێ بۆ خوا ملکەچ بێ و، دەتوانێ ملکەچ نەبێ، لە بەشە ئیختیارییەکەیدا، بەڵام لە بەشە ئیجبارییەکەدا، ئێمە هەمووومان خوا ﷻ دروستی کردووین، بێ ئەوەی ویستی ئازادمان لە ئارادا هەبێ، خوا هەر کەسێک بە جۆرێکی خوڵقاندوە، نیوەیان ڕەگەزیان نێرەو، نیوەیان مێن بە گشتیی، هەروەها هەر کەسە لە نەتەوەیەکە، هەر کەسە لە پارچەیەکی سەر زەوی و نیشتمانێک دایەو، هەر کەسە بە بیچم و شێوەیەکە، ئنجا لە هەموو ئەوانەداو، بەو پێکهاتە جەستەیی و دەروونیی و عەقڵییەوە کە هەین، هەر کەسە خوا ﷻ بە شێوەیەک خوڵقاندوویەتی، کە تێیدا سەرپشک و ئازاد نیە، کەواتە: هەموو مرۆڤەکان لەو ڕووەوە ملکەچی خوان و بەندەی خوان، بەڵام لە ڕووە ئیختیارییەکەیانەوە، خوا فەرمانیان پێدەکات کە ئەهلی تەقوا بن و، پارێزی لێ بکەن و، بەندایەتیی بۆ خوا بکەن، بۆیە هەندێک لە زانایان گوتوویانە: (**تَنْبِيه مُشْفِقٌ مِنَ اللهِ للنَّاسِ الَّذِيْنَ هُم عِبَادُهُ اخْتِيَاراً أو إجْبَاراً**)، ئەمە ئاگادار کەرەوەیەکی زۆر بە پەرۆشانەیە لە خواوە بۆ خەڵک، ئەو خەڵکەی کە هەر بەندەی ئەون، چ بە ویستی خۆیان بەندایەتیی بۆ خوا بکەن، چ بە ویستی خۆیان بەندایەتیی بۆ خوا نەکەن، بە ناچاریی هەموویان هەر بەندەی خوان.

جێی سەرنجە کە لێرەدا دەفەرموێ: ﴿يَٰعِبَادِ فَٱتَّقُونِ﴾، بەڵام لە سووڕەتی (**البقرة**)دا، خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿وَٱتَّقُونِ يَٰٓأُوْلِي ٱلۡأَلۡبَٰبِ ١٩٧﴾، واتە: ئەی خاوەن عەقڵان! پارێزم لێ بکەن، هۆی ئەو جیاوازییە چییە؟ دەڵێن: لە سووڕەتی (**البقرة**)دا، شوێنەکە باسی تەواو کردنی کردەوەکانی حەج و عومرەیەو، توێشوو هەڵگرتنە بۆ ڕۆژی دوایی، بەڵام لێرەدا شوێنەکە شوێنی ترساندن و بیم پێدانە، بۆیە بە (**ي**)ی بانگکردن ڕستەکە هاتوە، لە سووڕەتی (**البقرة**)دا، لە نێواخنی باسی حەج و عومرەدا خوا ﷻ باس دەکات، دەفەرموێ: ﴿ٱلۡحَجُّ أَشۡهُرٞ مَّعۡلُومَٰتٞۚ فَمَن فَرَضَ فِيهِنَّ ٱلۡحَجَّ فَلَا رَفَثَ وَلَا فُسُوقَ وَلَا جِدَالَ فِي ٱلۡحَجِّۗ وَمَا

﴿... تَفۡعَلُواْ مِنۡ خَيۡرٖ يَعۡلَمۡهُ ٱللَّهُۗ وَتَزَوَّدُواْ فَإِنَّ خَيۡرَ ٱلزَّادِ ٱلتَّقۡوَىٰۖ وَٱتَّقُونِ يَٰٓأُوْلِي ٱلۡأَلۡبَٰبِ ١٩٧﴾، واتە: حەج چەند مانگێکی دیاریکراوە، هەر کەسێ حەجی تێدا لەسەرخۆی پێویست کرد (بڕیاریدا حەج بکات) با قسەی ناڕێک و، لادان نەکات و مشتومڕ نەکات لە کاتی حەجداو، هەر شتێک لە چاکە پێش بخەن، خوا دەیزانێ و، توێشوو هەڵبگرن، بێگومان باشترین توێشوو پارێزکارییەو، ئەی خاوەن عەقڵان! پارێزم لێ بکەن.

ئنجا لەوێ بۆیە بەو شێوەیە هاتوە، چونکە پەیوەست بووە بە تەواو کردنی خوا پەرستییەکانی حەج و عومرەوە، بۆیە خوا ﷻ بە خاوەن عەقڵان دواندوونی، واتە: عەقڵتان هەبێ و لە کاتێکدا کە خەریکی جێبەجێکردنی خوا پەرستییەکانی حەجن، شتێک مەکەن کە دژی خوا پەرستییەکانی حەج بێ، دژی پارێزکاریی بێ، وەک قسەی بێ جێ و، لادان و مشتومڕو شەڕە قسە، بەڵام لێرەدا باسەکە باسی ترساندنی خەڵکەو مەترسیی خستنە بەریانە بە گشتیی، بۆیە خوا ﷻ بە: ﴿يَٰعِبَادِ﴾ دواندوونیی، ئەی بەندەکانم: ﴿فَٱتَّقُونِ﴾، پارێزم لێ بکەن.



مەسەلەی سێیەم:

کەسانێک کە دوورە پەرێزییان لە پەرستنی تاغووت کردوەو، بۆ لای خوا، لە ناخەوە گەڕاونەوە، موژدەو دڵخۆشییان بۆ هەیە، کەسانێکیش کە گوێ بۆ هەر قسەیەک هەڵدەخەن و، دوایی شوێن باشترینی دەکەون، ئەوانە کەسانێکی ڕێی ڕاستگرتوون و، خاوەن عەقڵن و بەندەی موژدە پێدراوی خوان ﷻ:

خوا ﷻ دەفەرمویٚ: ﴿وَالَّذِينَ اجْتَنَبُوا الطَّاغُوتَ أَن يَعْبُدُوهَا وَأَنَابُوا إِلَى اللَّهِ لَهُمُ الْبُشْرَىٰ ۚ فَبَشِّرْ عِبَادِ ﴿١٧﴾ الَّذِينَ يَسْتَمِعُونَ الْقَوْلَ فَيَتَّبِعُونَ أَحْسَنَهُ ۚ أُولَٰئِكَ الَّذِينَ هَدَاهُمُ اللَّهُ ۖ وَأُولَٰئِكَ هُمْ أُولُو الْأَلْبَابِ ﴿١٨﴾﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە پێنج بڕگەدا:

١)- ﴿وَالَّذِينَ اجْتَنَبُوا الطَّاغُوتَ أَن يَعْبُدُوهَا وَأَنَابُوا إِلَى اللَّهِ لَهُمُ الْبُشْرَىٰ﴾، ئەوانەی کە خۆیان دوور گرتوە لە تاغووت کە بیپەرستن و لە ناخەوە بۆ لای خوا گەڕاونەوە، دڵخۆشییان بۆ هەیە.

وشەی (**طَاغُوت**) چاوگە، یاخود ناوی چاوگەو، لە (**طَغَى**)ەوە هاتوە، (**طَغَى**) واتە: لە سنوور دەرچوو، یاخیی بوو، ئنجا تاغووت لەسەر کێشی (**فَعَلُوت**)ە، وەک (**رَحَمُوت، مَلَكُوت، رَهَبُوت**)، کە ئەمە زێدەڕۆیی لە ماناکەیدا دەگەیەنێ، کەواتە: (**الطَّاغُوتُ: هُوَ القَوِيُّ فِي الكُفْرِ، أَوِ الظُّلْمِ**)، (**طَاغُوت**): بریتیە لە کەسێک کە لە کوفرو ستەم دا زۆر ڕۆچوو بێ، زۆر بەهێز بێ، کوفرو ستەمێکی خەست و خۆڵی هەبێ، لێرەدا کە دەفەرموێ: ﴿وَالَّذِينَ اجْتَنَبُوا الطَّاغُوتَ أَن يَعْبُدُوهَا﴾، ئەوانەی خۆیان دوور گرتوە لە (**طَاغُوت**) کە بیپەرستن، لێرەدا (**طَاغُوت**) بە مانای کۆ هاتوەو، کۆی مێ (**جمع مؤنث**)ە، بۆ غەیری عاقڵان، بۆیە خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿اجْتَنَبُوا الطَّاغُوتَ أَن يَعْبُدُوهَا﴾، بۆیەش دەڵێین: کۆیە چونکە بە

ڕانـاوی مێینـە هاتـوەو، ڕانـاوی مێینـەش بـۆ کـۆی غەیـری عاقـڵان بەکاردەهێـنرێ، کـە ئەگـەر بـە عاقـڵ لـە قەڵـەم درابـان، دەیفەرمـوو: (**الَّذِيْـنَ اجْتَنَبُـوا الطَّاغُـوتَ أَنْ يَعْبُدُوُهُـمْ**)، کەواتـە: لێـرەدا خـوا ﷻ تاغـووتی بـە مانـای کـۆ بەکارهێنـاوە، ئنجا وشـەی (**طَاغُـوت**) بـە مانـای تاکیـش دێ و بـە مانـای کـۆش دێ، هـەروەک لـە سـوورەتی (**البقـرة**)دا، دیسـان لەوێـش بـە مانـای کـۆ بەکارهاتـوە، کـە دەفەرمـوێ: ﴿وَٱلَّذِينَ كَفَرُوٓاْ أَوْلِيَآؤُهُمُ ٱلطَّٰغُوتُ يُخْرِجُونَهُم مِّنَ ٱلنُّورِ إِلَى ٱلظُّلُمَٰتِ ﴿٢٥٧﴾﴾، واتـە: ئەوانـەی کـە بێبـڕوان دۆسـت و پشـتیوانەکانیان تاغووتـن، کـە لـە ڕووناکیـی دەریـان دێنـن، بـەرەو تاریکاییـان دەیانبـەن.

لەوێـش تاغـووت بـە کـۆ هاتـوە، بـەڵام ڕانـاوی عاقـڵان بەکارهاتـوە، چونکـە لـە ئەسـڵدا طاغووتـەکان خـاوەن هەسـت و ویسـتن.

(تاغووت)یـش پێشـتریش گوتوومانـە هـەر پەرسـتراوێکە جگـە لـە خـوا، زانایـان گوتوویانـە: پەیکـەر بـێ، شـەیتان بـێ، هـەواو ئـارەزوو بـێ، ژیانداربـێ، بـێ ژیـان بـێ.

بـەڵام مـن زیاتـر وای تێدەگـەم: مەبەسـت (**طَاغُـوت**) ئـەو پەرسـتراوانە بـێ کـە جگـە لـە خـوا دەپەرسـترێن و خـاوەنی ئیـرادەو شـعوورن، بـەڵام لێـرەدا کـە خـوا ﷻ وەک کـۆی مێینـەی غەیـری عاقـڵان بـەکاری هێنـاوە، لەبـەر ئەوەیـە کـە ئەوانـەی جگـە لـە خـوا دەپەرسـترێن، هـەم خۆیـان لـە تـەرازووی حەقیقەتـدا، بەبـێ عەقـڵ و بـێ شـعوور دادەنرێـن، هـەم ئەوانـەش کـە دەیانپەرسـتن.

بـەڵام لـە سـوورەتی (**البقـرة**)دا، بـە کـۆی عاقـڵان تەعبیـر کـراون، چونکـە دەفەرمـوێ: ﴿يُخْرِجُونَهُم مِّنَ ٱلنُّورِ إِلَى ٱلظُّلُمَٰتِ ﴿٢٥٧﴾﴾، ئەمـەش بـە ئیعتیبـاری ئـەوە کـە طاغووتـەکان لـە ئەسـڵدا خـاوەن هەسـت و ویسـت (شـعور وإرادة)ن، یاخـود: چونکـە ئەوانـەی دەیانپەرسـتن، پێیـان عاقـڵ و خـاوەن شـعوورن و، خـوای زانـا بـە پێـی عەقڵـی ئـەوان، لەوێـدا بـە ڕانـاوی کـۆی عاقـڵان کـۆی کردوونـەوە.

خوا دەفەرموێ: ئەوانەی خۆیان لە (**طَاغُوت**) دوور دەگرن کە بیانپەرستن و لە ناخەوە بۆ لای خوا دەگەڕێنەوە، چونکە (**إنابة**): بریتیە لە گەڕانەوە دوای گەڕانەوە، یاخود گەڕانەوە لە ناخەوە، ئەوانە موژدەی تەواویان بۆ هەیە، (**البُشْرَى: البَشَارَةُ وهِيَ الإِخْبَارُ بِحُصُولِ نَفْعٍ، وَفِي تَقْدِيمِ المُسْنَدِ إِفَادَةُ الحَصْرِ**)، واتە: (**بشرى وبشارة**) هەواڵدانە بە پەیدابوونی سوودێک و کە پاڵوەلادراو ﴿ لَهُمُ ٱلْبُشْرَىٰ ﴾، (**مُسْنَدُ إِلَيْهِ**)ەکە پێش خراوە، ئەمە کورت هەڵهێنان دەگەیەنێ، واتە: هەر ئەوانە موژدەو دڵخۆشییان بۆ هەیە، چونکە (**بَشَارَة، بُشْرى**): بریتیە لە هەواڵدان بە پەیدابوونی سوودو قازانجێک، کە ببێتە هۆی ئەوەی مرۆڤ پێستی دەم و چاوی پێی بگەشێتەوە.

٢)- ﴿ فَبَشِّرْ عِبَادِ ٱلَّذِينَ يَسْتَمِعُونَ ٱلْقَوْلَ ﴾، تۆ موژدە بدە، بەو بەندانەم کە گوێ بۆ هەموو قسەیەک هەڵدەخەن و، گوێگرن و کراوەن، دەڵێ: (**التَّعْرِيْفُ فِي القَوْلِ لِلْجِنْسِ يَسْتَمِعُون القَوْلَ**)، (**القول**): (**أل**)ی ناساندنی لەسەرە، واتە: گوێ بۆ هەموو قسەیەک دەگرن و هەر لە ڕێوە قەناعەت هێنانی پێش بیرکردنەوەیان نیە، هەر لە ڕێوە بڕیاریان نەداوە کە فڵانکەس هەر گوێی بۆ ناگرم، بەڵکو گوێ بۆ هەموو قسەیەک دەگرن، نەک هەر گوێش دەگرن، بەڵکو گوێ هەڵدەخەن، چونکە (**سَمِعَ**) واتە: گوێی گرت، بەڵام (**اسْتَمَعَ**) واتە: بە گرنگیی پێدانەوە گوێی گرت، بە کوردیی دەڵێین: گوێی بۆ هەڵخست.

٣)- ﴿ فَيَتَّبِعُونَ أَحْسَنَهُۥٓ ﴾، دوای ئەوەی گوێیان بۆ هەموو قسەیەک هەڵدەخەن، هەڵیدەسەنگێنن و دوایی شوێن باشترینی دەکەون، (**أَحْسَنَهُ: إِسْمُ التَّفْضِيل لَيْسَ مُسْتَعْمَلاً فِي تَفَاوتِ المَوْصُوفِ بِهِ فِي الفَضْلِ عَلَى غَيْرِه، بَلْ لِلدَّلَالَةِ عَلَى قُوَّةِ الوَصْفِ**)، زۆرجار ڕێژگەی ناوی هەڵبژاردن (**إِسْمُ التَّفْضِيل**) بەکاردێ لە قورئاندا، بەڵام مەبەست ئەوە نیە، بەسەر شتێکی دیکەدا هەڵیبژێرێ، بۆ وێنە کە دەفەرموێ: ﴿ فَتَبَارَكَ ٱللَّهُ أَحْسَنُ ٱلْخَٰلِقِينَ ﴿١٤﴾ ﴾المؤمنون، بەرزو بە پێزە باشترین بەدیهێنەر، مانای وا نیە کە بەدیهێنەری دیکەش هەن، بەڵکو یانی: بەدیهێنەرێک کە لە خودی خۆیدا باشترینە، یاخود ئەوپەڕی سیفەتی بەدیهێنانی هەیە.

لێرەشدا کە دەفەرموێ: ﴿ فَيَتَّبِعُونَ أَحۡسَنَهُۥٓ ﴾، دوای باشترین قسە دەکەون، واتە: دوای قسەی هەرە باش دەکەون، ئەوپەڕی باش، چ قسەیەک زۆر پەسندو باش و بە کەڵکە، ئەوەیان تەبەنیی دەکەن و دوای دەکەون، بەڵام لە سەرەتاوە گوێی بۆ هەمووی دەگرن.

٤)- ﴿ أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ هَدَىٰهُمُ ٱللَّهُ ﴾، ئا ئەوانە کەسانێکن کە خوا ﷻ ڕاستە ڕێی کردوون، لێرەدا وشەی: (**هَدَاهُمْ**) بە مانا تایبەتییەکەی هیدایەتە، نەک بە مانای گشتییەکەی، مانای گشتیی (**هَدَاهُمْ**) واتە: ڕێنمایی کردوون، ئنجا خوا ﷻ هەموو کەسی ڕێنمایی کردوە، بەڵام کە دەفەرموێ: ﴿ أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ هَدَىٰهُمُ ٱللَّهُ ﴾، ئا ئەوانە کەسێکن، خوا ﷻ خستوونیە سەر ڕاستە ڕێ، ڕاستە ڕێی کردوون.

٥)- ﴿ وَأُوْلَٰٓئِكَ هُمۡ أُوْلُواْ ٱلۡأَلۡبَٰبِ ﴾، ئا ئەوانەشن کە خاوەن عەقڵن، ئەمەش دیسان مانای کورت هەڵهێنان دەگەیەنێ، چونکە هەموو کەسێک کە عەقڵی هەبێ، خاوەن عەقڵە، بەڵام لێرەدا واتە: ئەوانە خاوەن عەقڵی تێر و تەواون، ئەگەرنا هەر کەسێک کە مرۆڤەو خوا عەقڵی پێداوە، هەر بە خاوەن عەقڵ لە قەڵەم دەدرێ، کەواتە: کە دەفەرموێ: ﴿ وَأُوْلَٰٓئِكَ هُمۡ ﴾، بە ڕاناوی فەصڵ: ﴿ أُوْلُواْ ٱلۡأَلۡبَٰبِ ﴾، واتە: بەس ئەوانەن خاوەن عەقڵی تێرو تەواو، عەقڵی ڕاستەقینەن.

لەو بارەوە کە خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ لَهُمُ ٱلۡبُشۡرَىٰ ﴾، دڵخۆشیی بۆ وان هەیە، مـوژدە بۆ وان هەیە، ئەم فەرمایشتە دێنین کە فەرموودەیەکی قودسییە، واتە: پێغەمبەر ﷺ لە خواوە گێڕاویەتەوە، پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێ:

{**قَالَ اللَّهُ تَعَالَى: أَعْدَدْتُ لِعِبَادِيَّ الصَّالِحِينَ: مَا لَا عَيْنٌ رَأَتْ، وَلَا أُذُنٌ سَمِعَتْ، وَلَا خَطَرَ عَلَى قَلْبِ بَشَرٍ**} (**أخرجه البخاري: ٣٢٤٤، ومسلم: ٢٨٢٤، عَن أبي هريرة** ﷺ).

واتە: خوای بەرز دەفەرموێ: بۆ بەندە چاکەکانم ئامادەم کردوە شتێک: کە هیچ چاوێک نەیدیوەو، هیچ گوێیەک نەیبیستوەو، بەسەر دڵی هیچ مرۆڤێکدا نەهاتوە!

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ: ئەوەی خوا ﷻ بۆمان باس دەکات لە بارەی بەهەشتەوە، کەمترە لەوەی لە بەهەشت دا هەیە، چونکە خوا ﷻ بە زمانی ئێمە، ئێمەی دواندوە، ئێمەش هەر ئەو وشانەمان هەن، بەڵام ئەوەی خوا ﷻ داینـاوە لە بەهەشتدا، لە قاڵبی ئەو وشەو تەعبیرانەدا جێی نابێتەوەو، ئێمەش بەس لەوەندە حاڵیی دەبین، کە وشەو تەعبیرەکانمان هاوکارمان دەبن.

ئەمەش زۆر بە ڕوونیی ئەوە دەگەیەنێ، ئەوەی خوا ﷻ باسی کردوە لە بارەی بەهەشتەوە، بە ئەندازەی عەقڵ و تێگەیشتنی ئێمە باسی کردوە، ئەگەرنا ئەوەی لە بەهەشتدا هەیە، گەورەترەو زیاترە لەوەی خوا ﷻ باسی کردوەو، پێغەمبەر ﷺ باسی کردوە، بەڵام ئێمە بەس ئیستیعابی ئەوەندە دەکەین، زمانەکەی ئێمە تەنیا ئەوەندەی جێ تێدابێتەوە.



نۆ (٩) ڕاستیی گەورەو گرنگ لە ئایەتەكانی:

(١٧، ١٨)ەی سووڕەتی (الزمر)دا

١)- بناغەی سەرفرازیی مرۆڤ، پەرستنی خواو دووریی لە تاغووتە:

تاغووت، یان بە مانای هەر پەرستراوێكە جگە لە خوا، یان بە مانای هەموو ئەوانەیە كە لە كەوڵی خۆیان دەرچوون و، خۆیان لە خەڵك كردۆتە پەرستراوو، پەروەردگار، چ جند بن، چ مرۆڤ بن، چ تاك بن، چ كۆ بن، ئەمەش سێ بەڵگە لەو بارەوە:

أ)- لە سووڕەتی (**البقرة**)دا، خوا ﷻ ئەو ڕاستییە ڕادەگەیەنێ دەفەرموێ: ﴿ فَمَن يَكْفُرْ بِالطَّاغُوتِ وَيُؤْمِن بِاللَّهِ فَقَدِ اسْتَمْسَكَ بِالْعُرْوَةِ الْوُثْقَىٰ لَا انفِصَامَ لَهَا وَاللَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ ﴿٢٥٦﴾ ﴾، واتە: هەر كەسێك بێبڕوابێ بە تاغووت و، بڕوا بە خوا بێنێ، ئەوە دەستی بە قوڵفێكی هەرە مەحكەمەوە گرتوە، كە پچڕانی بۆ نیەو، خواش بیسەری زانایە.

ب)- لە سووڕەتی (**النحل**)یشدا بە هەمان شێوە، خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ وَلَقَدْ بَعَثْنَا فِي كُلِّ أُمَّةٍ رَّسُولًا أَنِ اعْبُدُوا اللَّهَ وَاجْتَنِبُوا الطَّاغُوتَ ﴿٣٦﴾ ﴾، واتە: لە نێو هەر كۆمەڵگایەكدا پێغەمبەرێكمان ڕەوان كردوە، كە بە خەڵك ڕابگەیەنێ بەندایەتیی بۆ خوا بكەن و، خۆتان لە تاغووت دوور بگرن.

ج)- هەروەها لە سووڕەتی (**الزمر**)یشدا، خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ وَالَّذِينَ اجْتَنَبُوا الطَّاغُوتَ أَن يَعْبُدُوهَا وَأَنَابُوا إِلَى اللَّهِ لَهُمُ الْبُشْرَىٰ فَبَشِّرْ عِبَادِ ﴿١٧﴾ ﴾، واتە: ئەوانەی خۆیان لە تاغووت دوورگرتوە كە بیانپەرستن و، گەڕاونەوە بۆ لای خوا، ئەوانە موژدەو دڵخۆشییان بۆ هەیە.

٢)- دڵخۆشییەك كە بۆ خۆ دوورگران لە تاغووتە، پێش قیامەت لە دنیادایە:

هەرچەندە ڕوونكەرەوان تەنیا باسی هی قیامەتیان كردووەو، من لە تەفسیرەكاندا نەمبینیوە ئاماژە بەوە بكەن و لە تەفسیری: ﴿ لَهُمُ الْبُشْرَىٰ ﴾ دا، هەر گوتوویانە: بە

نسبەت ڕۆژی دواییەوە، بە تەئکید دڵخۆشیی و موژدەی گەورە لە بەهەشتدا لە ڕۆژی دوایی دا دێتە دی و، دنیا لەوە بچووکترە، جێگای پاداشتی خوای ﷻ بۆ بڕواداران تێدا ببێتەوە، پاداشتی خوا لە کەوڵی دنیادا جێگای نابێتەوە، بەڵام ئەو دڵخۆشییە کە بۆ خۆ دوورگران لە تاغووت هەیە، بۆ خوا پەرستان هەیە، پێش قیامەت هەر لە دنیادا هەیە، بابای خوا پەرست بەرچاو ڕوونە، دڵنیایە، سەربەرزە، پاکە، ڕێک و ڕاستە، ساغە لەگەڵ خواو خەڵکدا، عەیبەی نایەتەوە سەر، لە گوناهباریی دوورە، لە عەیبداریی دوورە، لە دڵی خۆیدا هەست بە ئۆخژن و ئارامیی دەکات.

٣)- ئەو بەندانەی خوا، کە کراوەن بە ڕووی هەر جۆرە قسەو بیروڕایەک داو، داخراو نین، لە لای خوا پەسندن و موژدە پێدراون:

چونکە خوا ﷻ دەفەرمووێ: ﴿فَبَشِّرۡ عِبَادِ ٱلَّذِينَ يَسۡتَمِعُونَ ٱلۡقَوۡلَ فَيَتَّبِعُونَ أَحۡسَنَهُۥٓ ۝١٨﴾ الزمر، واتە: موژدە بدە بەو بەندانەم کە گوێ بۆ هەموو قسەیەک هەڵدەخەن، (بە گرنگیی پێدانەوە)، دوایی شوێن باشترینی دەکەون.

واتە بێژینگ ئاسا ئەو قسانەی وەریان دەگرن لە بێژینگیان دەدەن، وەک پێشینانی خۆمان دەڵێن: «قسە دابێژەو بیچێژە، ئنجا بیبێژە»، ئەوانەش کاتێک گوێ هەڵدەخەن بۆ قسان هەر لە ڕێوە نیەتیان نەهێناوە، گوێ بۆ کەسانێکی دیارییکراو نەگرن، بەڵکو وەک خوا ﷻ لە ئایەتەکەدا دەفەرمووێ: گوێ بۆ هەموو قسەیەک دەگرن، چونکە (ألْ)ی سەر (**القول**) وەک پێشتر گوتمان: (**ألْ**)ی ناساندنە بۆ جینس، یانی: گوێ بۆ هەموو قسەیەک دەگرن، بەڵام دوایی کام قسەی هەرە باش و پەسندو چاکە، ئەوە دەگرن و تەبەننیی دەکەن، واتە: وەک سەبەتە نین، هەر شتێکی تێیان بکرێ، وەری بگرن، بەڵکو وەک بێژینگن، ئەو قسانەی کە بە کەڵکن و سوود بەخش و باشن، لە هەر کەسێکەوە بن وەریان دەگرن، وەک عەرەب دەڵێن: (**أُنْظُر إلى مَا قِيْل، وَلَا تَنْظُر إلى مَنْ قَال**)، تەماشا بکە! چ گوتراوە، تەماشا مەکە کێ گوتوویەتی.

٤)- مرۆڤ بەبێ بە کارهێنانی عەقڵی بۆ هەڵسەنگاندنی قسەو بیروڕا جۆراو جۆرەکان، هەق و ڕاستیی بۆ دەرناکەوێ و، بەپێی بنەمای (للوَسَائِلِ حُكْم المَقَاصِد)یش، ئەوە فەرزە:

واتە: ئامرازەکان هەمان حوکمی ئامانجەکانیان هەیە، ئینسان تاکو گوێ هەڵنەخات بۆ قسان و ورد نەبێتەوەو سەرنج نەدات، هەق و ڕاستیی بۆ دەرناکەوێ، ئنجا فەرزیشە لەسەر مرۆڤ کە هەق و ڕاستیی بناسێ و بۆی دەربکەوێ، هەروەها چەوتیی و لاریی بناسێ، بۆیە گوێگرتن و کرانەوە بە ڕووی خەڵکدا، بە ڕووی قسەو بیروڕایەکانی خەڵکی جۆراو جۆردا، فەرزە، چونکە بەبێ ئەوە هەقی بۆ دەرناکەوێ و، بۆی لە ناهەق جیانابێتەوە.

٥)- ڕامان و وردبوونەوە لە قسەو بیروڕایەکان فەرزە:

ئنجا یان فەرزی عەینە، ئەگەر پەیوەندیی بە ئیمان و عەقیدەوە هەبێ، یان پەیوەندیی بەو شتانەوە بێ، کە لەسەر مرۆڤ فەرزی عەینن، وەک پێنج فەرزەی نوێژ، ڕۆژوو، زەکات لە کاتی خۆیدا، حەج و عومرە لە کاتی خۆیاندا، هەروەها ئەرکەکانی دیکەی فەرز، وەک پەیوەندیی خزمایەتیی، هەقی باب و دایک، هەقی ماڵ و منداڵ، هتد...، یاخود فەرزی کیفایەن، ئەگەر پەیوەست بێ بە بواری هەڵسوکەوتە گشتییەکانەوەو، کەسانی دیکەش هەبن لەو بوارەدا، کەواتە: گوێگرتن بۆ قسەو بۆ بیروڕایەکان هەر چۆن بێ، فەرزە، یان فەرزی عەینە، فەرزێکی خودییە، فەرزێکی تایبەتییە، یاخود فەرزێکی گشتییە، ئەگەر پەیوەست بێ بەو شتانەوە کە لەسەر مرۆڤ بە تایبەت فەرز نین و، لەسەر کۆمەڵگا بە گشتیی فەرزن.

٦)- ڕستەی: ﴿أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ هَدَىٰهُمُ ٱللَّهُ﴾، ئا ئەوانە کەسانێکن خوا ﷻ ڕاستە ڕێی کردوون، یانی: ئەوەی ڕابرد، گەیەنەری ئەو ڕاستییەیە، کە ڕاستە ڕێ کراون:

واتە: ئەوانەی خوا هیدایەتی داون و خستوونیە سەر ڕاستە ڕێ، کەسانێکن عەقڵێکی کراوەو ئازادو لێکۆڵەرەوەیان هەیەو، عەوداڵی هەق و ڕاستیی و حیکمەتن، بەبێ

سەرنجدانی سەرچاوەکەی، یانی: ئەو کەسەی قسەکەی کردوە، یان ئەو لایەنەی قسەکەی لێوە هاتوە، وەک گوتراوە: (**انْظُر إلى مَا قِيل، وَلَا تَنْظُر إلى مَنْ قَال**).

٧)- ڕستەی: ﴿وَأُوْلَٰٓئِكَ هُمۡ أُوْلُواْ ٱلۡأَلۡبَٰبِ﴾، هەر ئەوانەش خاوەن عەقڵانن، گەیەنەری ئەو ڕاستییەیە، کە ئەوەی وانەبێ، عەقڵەکەی لەلای خوا پەسند نیە:

ئەو کەسەی داخراو بێ و گوێ بۆ قسەی خەڵک نەگرێ و، هەستیاریی هەبێ بەرانبەر بە هەندێک کەس، جاری وا هەیە هەر لەنێو بازنەی ئیسلامیشدا، خاوەن مەشرەبێکی دیاریکراوە، ناوی لە خۆی ناوە سەلەفیی، یان ناوی لە خۆی ناوە صۆفیی، یان ناوی لە خۆی ناوە فڵان لایەنی ئیسلامیی، یان فڵان ڕێکخراو و دەزگا، ئنجا ئەوەی لە مەشرەبەکەی خۆیدایەو، لە ڕێچکەو مەزهەبەکەی خۆیدا هەیە، بەس گوێ بۆ ئەوە دەگرێ و بەرانبەر بەوانی دیکە، داخراوە، هەر لە نێو بازنەی ئیسلامیشدا، بەڵام ئایەتەکە دەفەرموێ: دەبێ لە دەرەوەی بازنەی ئیسلامیش، گوێ بۆ خەڵکی دیکەش بگری، وەک پێغەمبەران (**عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَام**) گوێیان گرتوە بۆ قەومەکانی خۆیان، دیالۆگیان لەگەڵدا کردوون و، وتووێژیان لەگەڵدا کردوون، بە شێوەیەکی کراوەو زۆر بە ئینسافانە.

٨)- لە کۆی ڕستەو بەڵگەکانی ئەم دوو ئایەتە وەردەگیرێ، کە لە ئەنجامی بەکارهێنانی عەقڵدا، مرۆڤ دەبێتە خواپەرستێکی دوور لە تاغووت:

چونکە ئەو خوایەی عەقڵی دروستکردوە، یاسای واشی لە عەقڵی مرۆڤدا داناون، کە خاوەنەکەیان بگەیەننە ناسینی خواو پەرستنی خوا، هەروەک ئێمە لە مەوسووعەی: (دەرەوشاوەیی ئیمان و پووچەڵیی ئیلحاد، لەبەر ڕۆشنایی زگماک و عەقڵ و زانست و وەحیی دا) ئەوەمان سەلماندوەو زۆر بە تەفصیل لەو بارەوە قسەمان کردوە.

٩)- ئەو موژدەو دڵخۆشییەش، چەمکەکەی زۆر فراوانە، کە بۆ خوا پەرستانی خۆ دوورگر لە تاغووت هەیە:

دەتوانین بڵێین لە زۆر شتدا خۆی دەبینێتەوە، بۆ نموونە ئەم دە (١٠)یە:

١)- لەوەدا کە هەستی پێ دەکەن لە ئاسوودەیی دڵ و دەروون.

٢)- لەوەدا کە لە ڕووی جەستەییەوە، دوور دەبن لەو نەخۆشیی و دەردانەی، کە بە هۆی خواردنی حەڕام و کردەوە حەڕامەکانەوە پەیدادەبن.

٣)- لەوەدا کە وەدەستی دێنن لە ڕەوشتە بەرزەکان و ئەدەبە جوانەکان و بەها بەرزەکان، کە خۆیانیان پێ دەڕازێننەوەو، سەر بەرز دەبن لە نێو کۆمەڵگادا.

٤)- بەوە کە ناوو ناوبانگی باشیان دەبێت، لەسەر ئەو کردەوە چاکانەی دەیانکەن: ڕاستگۆن، ئەمینن، پاکن، چاکن، دادگەرن، بە ڕەحمن، خەڵکیش خاوەنی ئەو سیفەتانەیان خۆش دەوێن.

٥)- کە دەچنە قۆناغی بەرزەخەوەش، ئنجا ئەگەر گۆڕیان بە نسیب بێ، کە دادەهێڵرێنە گۆڕەوە، یاخود ئەگەر گۆڕیان بە نسیب نەبێ، دەچنە قۆناغی بەرزەخەوە، لەوێش ئەوە بۆیان دەبێتە مایەی دڵخۆشیی.

٦)- هەروەها لە کاتێک دا لە گۆڕ دەهێنرێنە دەرێ، لە کاتی زیندوو کرانەوەدا، لە قیامەتدا، دیسان ئەوانە موژدەو دڵخۆشییان بۆ هەیە.

٧)- لە کاتێکدا کە ڕادەگیرێن بۆ لێپرسینەوەو سزاو پاداشت، **(عند الوقوف للحساب)** لەوێشدا دیسانەوە دڵخۆشیی و موژدەیان بۆ هەیە.

٨)- لە کاتێکدا بەسەر پردی سەرپشتی دۆزەخدا ڕەت دەبن، **(عند جواز الصراط)**، لەوێشدا ئەو دڵخۆشیی و شادمانییەیان بۆ هەیە.

٩)- لە کاتێکدا کە دەچنە نێو بەهەشت، لەو کاتەشدا ئەو دڵخۆشییەیان بۆ هەیە.

١٠)- لە کاتێکدا کە لە بەهەشتدا سەقامگیرو نیشتەجێ دەبن، دیسان دڵخۆشیی و موژدەیان بۆ هەیە.

کەواتە: کە دەفەرموێ: ﴿ لَهُمُ ٱلۡبُشۡرَىٰۚ فَبَشِّرۡ عِبَادِ ﴾، هەموو ئەوانە دەگرێتەوە، نەک بەس شتێک و دوو شتان بگرێتەوە.

مەسەلەی چوارەم:

بەراوردێک لە نێوان کەسانێکدا کە سزای خوایان بەسەردا چەسپیوە، کەسانێک کە بە هۆی پارێزکارییەوە، لە کۆشک و باڵەخانەکانی بەهەشتدا نیشتەجێن:

خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿أَفَمَنْ حَقَّ عَلَيْهِ كَلِمَةُ الْعَذَابِ أَفَأَنتَ تُنقِذُ مَن فِي النَّارِ
(١٩) لَكِنِ الَّذِينَ اتَّقَوْا رَبَّهُمْ لَهُمْ غُرَفٌ مِّن فَوْقِهَا غُرَفٌ مَّبْنِيَّةٌ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ وَعْدَ
اللَّهِ لَا يُخْلِفُ اللَّهُ الْمِيعَادَ (٢٠)﴾.

شیکردنەوەی ئەم دوو ئایەتە، لە هەشت بڕگەدا:

١)- ﴿أَفَمَنْ حَقَّ عَلَيْهِ كَلِمَةُ الْعَذَابِ أَفَأَنتَ تُنقِذُ مَن فِي النَّارِ﴾، ئایا کەسێک کە وشەی ئازاری بەسەردا چەسپیوە، ئایا تۆ کەسێک کە لە ئاگردایە دەربازی دەکەی؟! دیارە هەر لە سوورەتی (**الزمر**)دا، لە ئایەتی ژمارە: (٧١)دا، هاتوە: ﴿حَقَّتْ كَلِمَةُ الْعَذَابِ عَلَى الْكَافِرِينَ﴾، لەوێ بە (**مُؤَنَّث**) هاتوە، بەڵام لێرەدا: ﴿أَفَمَنْ حَقَّ عَلَيْهِ كَلِمَةُ الْعَذَابِ﴾، هۆکارەکەشی ئەوەیە کە لە ڕووی ڕێزمانی عەرەبییەوە، کاتێک شتێک کەوتە نێوان کردارەکەو، ئەو شتەی وەسفکراوە، ئەو کاتە دەگونجێ چ بە (**مُذَكَّر**) بهێنرێ، چ بە (**مُؤَنَّث**) بهێنرێ، (**حَقَّتْ**) واتە: (**وَجَبَت**)، کە وشەکە بە تەئکید مەبەست پێی بڕیاری خوایە، لەبەر ئەوەی ئێمە عادەتمان وایە، بڕیارەکانمان دەخەینە دوو توێی وشەو تەعبیرەکانەوە، خوای پەروەردگاریش بە پێی عەقڵی ئێمە، دەماندوێنێ، واتە: بڕیاری ئازاردران لە لایەن خوایان لەسەر چەسپیوە.

یەکێک بۆی هەیە بڵێ: بۆچی خوا ﷻ ئەو بڕیارەی بۆ داون؟

دەڵێین: لێرەدا خوا ﷻ باسی یاساکانی خۆی دەکات، واتە: بەپێی یاساکانی خوا، کەسێک ڕوو لە کوفر بکات، کەسێک لادان و تاوان و خراپەکاریی بکات، خوا ﷻ سزای دەدات، ئەوانەش وایان کردوە، بۆیە بڕیاری خوایان بەسەردا چەسپیوە.

بەڵام خوا ﷻ ئەو هەموو وردەکارییە هەمووو جارێ باس ناکاتەوەو، هەر دیارە خوا کێ سزا دەدات؟ خوا ﷻ ئەوانە سزا دەدات کە ڕوو لە کوفر و زوڵم دەکەن، ڕوو لە خراپە دەکەن، لادان و تاوان دەکەن، خوا ئەوانە سزا دەدات، بەپێی یاساکانی خۆی کە دایناون.

﴿ أَفَأَنتَ تُنقِذُ مَن فِي ٱلنَّارِ ﴾، ئایا تۆ کەسێک دەرباز دەکەی کە لە ئاگردایە! دوای ئەوەی ئەوانە سزای خوایان لەسەر چەسپیوە، بە پێی یاسای خوا، ئەوانە تازە ئەهلی دۆزەخن، ئنجا کەسێک چووبێتە نێو دۆزەخ، چۆنی ڕزگار دەکەی؟

٢)- ﴿ لَٰكِنِ ٱلَّذِينَ ٱتَّقَوۡاْ رَبَّهُمۡ لَهُمۡ غُرَفٞ مِّن فَوۡقِهَا غُرَفٞ مَّبۡنِيَّةٞ ﴾، بەڵام ئەوانەی پارێزیان لە پەروەردگاریان کردوە، ژووری بەرزیان هەن، لە سەروویانەوە ژووری بەرز هەن، دروستکراون.

وشەی: (**لَكِن**) بە عەرەبیی بۆ (**إِسْتِدْرَاكِ**)و لە کوردییدا دەبێتە بەڵام، لێرەدا تەنیا بۆ هەست پێکردنی ئەوەیە کە ئەو دوو حاڵەتە، دژی یەکن، کە ئەوانەی بڕیاری سزادرانیان لەسەر چەسپاوە، دژو پێچەوانەی ئەوانەن کە پارێزیان لە پەروەردگاریان کردوە، ئەوانە چۆنن؟.

﴿ لَهُمۡ غُرَفٞ مِّن فَوۡقِهَا غُرَفٞ مَّبۡنِيَّةٞ ﴾، ئەوانە ژووری بەرزیان هەن، لە سەروویانەوە ژووری بەرز هەن، دروستکراون، کە بە کوردیی پێی دەگوترێ: باڵەخانەو کۆشک، (**غُرَف**) کۆی (**غُرْفَةٍ**)یە، (**الْغُرْفَةُ: هِيَ الْبَيْتُ الْمُرْتَكِزُ عَلَى بَيْتٍ آخَرَ، وَتُسَمَّى عُلِّيَّة**)، (**غُرَف**) کە بە (**غُرْفَة**) کۆدەکرێتەوە خانوویەکە لەسەر پشتی خانوویەکی دیکە چەسپا بێت، لەسەر خانوویەکی دیکە بنیاتنرابێ، بە عەرەبیی (**عُلِّية**)ی پێ دەگوترێ، بە کوردیی پێی دەڵێن: باڵەخانەو کۆشک.

﴿ مَّبۡنِيَّةٞ ﴾، (**الْمَبْنِيَّةُ: الْمَسْمُوكَةُ الْجُدْرَانِ بِحَجَرٍ أو جَصٍّ أو غَيْرِهِمَا**)، (**مَبْنِيَّة**) واتە: دیوارەکانی دروستکراون لە بەرد، یان لە گەچ، یان لەو کەرەستەو ماددانە کە خانوویان لێ دروست دەکرێ، بە نسبەت تێگەیشتنی ئێمەوە (**مَبْنِيَّةٌ**) بەوە

دەگوترێ، ئەگەرنا بێگومان کۆشک و خانووەکانی بەهەشت کەرستەکەیان جیایە لە هی دنیا، کە لەوێشدا پێغەمبەر ﷺ بە پێی عەقڵی ئێمە دەفەرموێ: خشتێک لە زێڕەو، خشتێک لە زیوە، یان دەفەرموێ: یاقووت و گەوهەرەو لەو ماددە گرانبەهایانەن.

٣)- ﴿ تَجۡرِي مِن تَحۡتِهَا ٱلۡأَنۡهَٰرُ ﴾، کۆشکەکان ڕووباریان بە ژێردا دەڕۆن، یانی: ڕووبار بە ژێر کۆشک و درەختەکانی کە لە دەوری کۆشک و باڵەخانەکاندان، دەڕۆن.

٤)- ﴿ وَعۡدَ ٱللَّهِ ﴾، بەڵێنی خوایە، (**مَفْعُولٌ مُطْلَقٌ مُؤَكِّدٌ لِنَفْسِهِ، وَهُوَ مَصْدَرٌ مَنْصُوبٌ أَصْلاً: وَعَدَ اللهُ وَعْدَاً**)، ئەمە بەرکارێکی ڕەهایە کە جەختکەرەوەی خۆیەتی، لە ئەصڵدا وەعد چاوگەو، مەنصووبە لەسەر چاوگیی.

٥)- ﴿ لَا يُخۡلِفُ ٱللَّهُ ٱلۡمِيعَادَ ﴾، خوا بەڵێنی خۆی زایە ناکات، یاخود: لە بەڵێنی خۆی پاشگەز نابێتەوە، یان: بەڵێنی خۆی ناشکێنێ.

وشەی (**مَبْنِيَّة**) زانایان بە چەند جۆرێک مانایان کردوە، (**مَبْنِيّة**) واتە: بیناکراو، دروستکراو، بەڵام بۆچی خوا ﷻ دەفەرموێ: دروستکراو، دیارە کۆشک و باڵەخانە هەر دەبێ دروست بکرێ؟!

١)- هەندێک گوتوویانە: (**لِيُعْلَمَ أَنَّهَا غُرَفٌ حَقِيقِيَّةٌ، لَا أَشْيَاءَ مُشَابِهَةٌ لِلغُرَفِ**)، بۆ ئەوەی بزانرێ کە ئەوانە کۆشک و باڵەخانەی ڕاستەقینەن، نەک شتانێک بن لە شێوەی کۆشک و باڵەخانەدا.

٢)- هەندێک گوتوویانە: (**مِثْلُ الْمَنَازِلِ اللَّاصِقَةِ لِلْأَرْضِ لِجَرَيَانِ الأَنْهار من تَحْتِهَا**)، ئەو باڵەخانە بەرزانە هەروەک ئەو خانووانەن کە بە زەوییەوە چەسپاون، ڕووباریان بە ژێردا دەڕۆن.

٣)- (أَيْ: مَبْنِيَّةٌ بِنَاءً بَالِغًا الْغَايَةَ فِي نَوْعِهِ، كَقَوْلِهِمْ: لَيْلٌ أَلْيَل، وَظِلٌّ ظَلِيلٌ)، بۆیە دەفەرموێ: (مَبْنِيَّة) واتە: بینایەک کە گەیشتۆتە ئەوپەڕی لە چاکییداو، لە بیناکراوییدا، وەک دەگوترێ: (لَيْلٌ أَلْيَل) شەوێکی شەو، (ظِلٌّ ظَلِيلٌ) سێبەرێکی زۆر خەست.

٤)- هەندێکی دیکە گوتوویانە: (مَبْنِيَّة) واتە: ئێستا ئامادەیە (مُهَيَّأٌ الآن)، بە هەر کام لەو واتایانەش لێک بدرێتەوە، هەر گونجاوە.



مەسەلەی پێنجەم و کۆتایی:

سەرنجڕاکێشانی خوا بۆ مرۆڤان، کە لە سەرێوە ئاوی دابەزاندوەو، خستوویەتە نێو زەوییەوەو، لە شێوەی کانیی و سەرچاواندا، هەڵیقوڵاندوەو، کشت و کاڵی ڕەنگ جۆراوجۆری پێ ڕواندوە، کە پاش پێگەیشتن و زەرد هەڵگەڕانی، کردوویەتە پووش و پەڵاشێکی وردو خاش، لەوەشدا بیرخەرەوەیەکی گرنگ و گەورە بۆ عاقڵمەندان هەیە:

خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ أَلَمْ تَرَ أَنَّ اللَّهَ أَنزَلَ مِنَ السَّمَاءِ مَاءً فَسَلَكَهُ يَنَابِيعَ فِي الْأَرْضِ ثُمَّ يُخْرِجُ بِهِ زَرْعًا مُّخْتَلِفًا أَلْوَانُهُ ثُمَّ يَهِيجُ فَتَرَاهُ مُصْفَرًّا ثُمَّ يَجْعَلُهُ حُطَامًا إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَذِكْرَىٰ لِأُولِي الْأَلْبَابِ ﴿٢١﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتە، لە هەشت بڕگەدا:

١)- ﴿ أَلَمْ تَرَ أَنَّ اللَّهَ أَنزَلَ مِنَ السَّمَاءِ مَاءً ﴾، ئایا نابینی کە خوا ﷻ لەسەرێوە، لە ئاسمانەوە ئاوی دابەزاندوە! ﴿ أَلَمْ تَرَ ﴾، (**الإِسْتِفَهَامُ للتقْرِيْر**) پرسیارکردن بۆ چەسپاندنە، واتە: وا دەبینی، نەک بۆ پرسیارکردنێکی نکوولّییلێکەرانە بێ، بەڵکو بۆ چەسپاندنە، واتە: ئەوە دەیبینی، ئنجا (**تَرَ**) دەیبینی، ئایا مەبەست پێی چاوی سەرە؟ کە بە تەئکید بە چاوی سەریش دەیبینین، یاخود مەبەست پێی چاوی عەقڵ و دڵە؟ ئێمە بە چاوی عەقڵ و دڵ دەزانین، خوا ئەو ئاوەی لەسەرێوە دایدەبەزێنێ، هەر ئەو ئاوەیە دەچێتە نێو ناخی زەوییەوەو، دوایی بە شێوەی کانیی و سەرچاوە دێتەدەرو، کشتوکاڵ و شیناوردی پێ دەڕوێنرێ، کە دەفەرموێ: ﴿ مَاءً ﴾ ئاوێک، نەزانراو کردن (**تنكير**)ەکەی بۆ مەزنکردن (**تَعْظِيْم**)ە، یانی: ئاوێکی زۆر بەرەکەتدارو بە پێز، ئەو ئاوەش دەبێتەوە بە سێ جۆر: باران و، بەفرو، تەرزە.

٢)- ﴿ فَسَلَكَهُ يَنَابِيعَ فِي الْأَرْضِ ﴾، ئنجا خستوویەتە نێو سەرچاوەکانی زەوییەوە، (**يَنابِيعَ جَمْعُ يَنْبُوعٍ وَهُوَ الْعَيْنُ مِنَ الْمَاءِ**)، (**يَنابِيعَ**) کۆی (**يَنْبُوع**)ە، کە بە سەرچاوەو کانیی دەگوترێ، (**سَلَكَهُ: أَدْخَلَهُ، أَيْ جَعَلَهُ سَالِكًا، أَيْ دَاخِلًا**)، واتە: ئاوەکەی خستۆتە نێو زەوی،

بەڵام كە دەفەرموێ: ﴿فَسَلَكَهُۥ يَنَٰبِيعَ﴾، واتە: خستوویەتە نێو زەوی و لە نێو زەویدا عەمباری كردوە، دوایی لە ڕێی كانیی و سەرچاوەكان و بیرەكانەوە، چ بیری ئاسایی، چ بیری ئیرتیوازیی، جارێكی دیكە هەڵدەقوڵێت و دێتەوەدەر.

٣)- ﴿ثُمَّ يُخۡرِجُ بِهِۦ زَرۡعًا﴾، دوایی كشتوكاڵێكی پێ دەردێنێ، (**زَرْع**) چاوگە، مەبەست پێی بەركار (**مَفْعُول به**)ە، واتە: (**مَزْرُوع**)، (**الزَّرْعِ: مَصْدَرٌ وَيقْصد بهِ المَزْرُوع**)، واتە: ئەوەی دەچێنرێ و دەڕوێنرێ.

٤)- ﴿مُّخۡتَلِفًا أَلۡوَٰنُهُۥ﴾، ڕەنگەكانی جۆراو جۆرن، (**أَلْوَان**) كۆی (**لَوْن**)ە، واتە: ڕەنگ حاڵەتێكە كە لەسەر ڕواڵەتی جەستەكان و تەنە مادديیەكان، لەبەر ڕۆشناییدا دەردەكەوێ.

٥)- ﴿ثُمَّ يَهِيجُ﴾، دوایی گەشە دەكات و هەراش دەبێ، (**أَي: يَغْلُظُ وَيَرْتَفِعُ**) واتە: قەبە دەبێ و بەرز دەبێتەوە، (**وَحَقِيقَةُ الْهِيَاجِ: ثَوْرَةُ الْإِنْسَانِ أَوِ الْحَيَوَانِ، وَيُسْتَعَارُ الْهِيَاجُ لِشِدَّةِ الشَّيْءِ مِنْ غَيْرِ الْحَيَوَانِ يُقَالُ: هَاجَتْ رِيحٌ، وَمِنْهُ هِيَاجُ الزَّرْعِ فِي الْآيَةِ، لِأَنَّ الزَّرْعَ تَطُولُ سُوقُهُ وَسَنَابِلُهُ**)، واتە: (**هِيَاج**) بۆ مرۆڤ و ئاژەڵ بەكاردێ، لە كاتێكدا كە مرۆڤ ڕادەپەڕێ و تووڕە دەبێ، یان ئاژەڵ بەلەسەو پەست دەبێ، بەڵام دوایی (**هِيَاج**) خوازراوەتەوە بۆ هەر شتێكی دیكە، كە لە غەیری حەیوانیشدا بێتە دی، دەگوترێ: (**هَاجَتْ رِيحٌ**) بایەك هەڵیكردو، هەروەها دەگوترێ: (**هاج الزَّرْعَ**)، یانی: كشت و كاڵەكە گەشەی كرد، ئەویش ئەوەیە كە قەدەكەی بەرزدەبێتەوەو، گوڵەكانی گەشە دەكەن و هەراش دەبێ.

٦)- ﴿فَتَرَىٰهُ مُصۡفَرًّا﴾، تۆ دەیبینی زەرد هەڵگەڕاوە، (**المُصْفَرُّ: ذُو اللَّوْنِ الأَصْفَر**) واتە: خاوەن ڕەنگی زەرد، كە واپێدەچێ زیاتر مەبەست پێی حاڵەتی گەیشتن بێ، واتە: گەنم و، جۆ و، نیسك و، نۆك و، ماش و، مەرەزەو، هەرزن و، گەنمەشامیی، هەموو ئەوانە كاتێك پێ دەگەن، زەرد دەبن و، ئەوە نیشانەی پێگەیشتنیانەو، ئەوەش حیكمەتی گەورە خوای تێدایە، چونكە ئەوانە تێكڕا كە دەگەن، زەرد دەبن، بۆ ئەوەی بزانرێ ئەو شتە گەیشتوە.

٧)- ﴿ثُمَّ يَجۡعَلُهُۥ حُطَٰمًا﴾، دوایی (خوا ﷻ) دەیكاتە پووش و پەڵاشێكی تێكشكاو، (**الْحُطَامُ: الْمَحْطُومُ، أَيِ الْمَكْسُورُ الْمَفْتُوتُ**)، (**حُطَام**): بریتیە لە تێكشكێنراو، وردو خاش

کراو، دوای ئەوەی دەبێتە پووش و پەڵاش و دەبێتە پەرێز، دیارە وشک دەبێت و وردو خاش دەبێت.

٨)- ﴿إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَذِكْرَىٰ لِأُولِي الْأَلْبَابِ﴾، بە ڕاستیی لەوەدا بیرخەرەوە هەیە، پەند هەیە بۆ خاوەن عەقڵان.

چۆنیەتی پەیوەست بوونەوەی ئەم ئایەتە موبارەکە بە ئایەتەکانی پێشەوە، بەدڵنیایی ئایەتەکانی قورئان هەموویان وەک ئاڵقەکانی زنجیرێک بە ئاشکرا دیارە کە هەموویان پێکەوە پەیوەستن، بەڵام هەندێک لە ئایەتەکانی قورئان، دەبێ وردتر سەرنج بدرێ، ئنجا چۆنیەتیی پێکەوە پەیوەست بوونیان ڕوون دەبێتەوە، بۆ چۆنییەتی پەیوەست بوونەوەی ئەم ئایەتەش بەئایەتەکانی پێشووەوە:

یەکەم: هەندێک لە زانایان گوتوویانە: ئەمە سەرنج ڕاکێشانە بۆ پێگەی بەرزی قورئان و، ئەو هیدایەت و ڕێنماییەی کە گرتوویەتە نێو خۆی و، هیدایەتێک کە لە قورئاندا هەیە، تەشبیهکراوە بە حاڵی دابەزێنرانی ئاو لەسەرێوەو، ڕووەک پێ ڕووانی، ئەو هیدایەتەش کە لە قورئاندا هەیە، هیدایەتی خوایە دابەزێنراوەو، دەگونجێ نەمامی کەسانی بڕواداری پارێزکاری پێ بڕوێنێ لەسەر زەوی.

دووەم: ئەمە گەڕانەوەیە بۆ دووبارە بەڵگە هێنانەوە لەسەر یەکتایی خواو، تەنیا پەرستراوێتیی خوا، کە بەس ئەو بپەرسترێ، بە بەڵگەی ئەوەی دروستکراوەکانی خوا، خەڵک بەردەوام دەیانبینن، بۆ وێنە: ئەم دیمەنی ئاو دابەزێنران لەسەرێوەو پێ ڕوێنرانی کشتوکاڵ و شیناوردو ڕووەک بە گشتیی، کە تەنیا خوا ئەوەی پێدەکرێ، بۆیە دەبێ بەس خواش بپەرسترێ سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ.

سێیەم: وشك هەڵگەڕانی ڕووەك و كشتوكاڵ و ڕاماڵینی بەهۆی بایەكانەوە، وەك دیمەنی ئاخیر زەمان و كۆتایی پێهاتنی ژیانی دینایە، كەواتە: خەڵكینە! خۆتان بۆ ئەو ڕۆژە ساز بكەن و تێشوو بۆ ئەو سەفەرەتان ئامادە بكەن و بپێچنەوە!

حەوت (٧) ڕاستیی کە لەم ئایەتەدا بەرجەستە کراون:

١)- دابەزێنرانی ئاو لەسەرێوە، بە شێوەی باران و بەفرو تەرزە.

٢)- ئەو ئاوە خراوەتە نێو زەوی، چونکە دەگونجا ئاو بێتە خوار، بەڵام زەوی وا نەبێ وەخۆی بگرێ، ئێستا لەبەر ئەوەی باران و بەفرو تەرزە دەبارێ و دەچێتە نێو ناخی زەوی و، لەوێدا عەمبار دەکرێ، پێمان شتێکی سادەو ئاساییە، بەڵام بیهێنە بەرچاوی خۆت: توێخی زەوی بەو شێوەیە نەبووایە کە ئێستا هەیەو، هەمووی بەردبووایە، یان ماددەی کلسیی بووایە، کە ئاو لە خۆیدا کۆ ناکاتەوە، چی لێدەهات؟ ئەو ئاوە هەمووی هەر دەڕۆیی، یان هەمووی لەسەری کۆدەبووە، بەڵام ئێستا خوا ﷻ ئەو زەوییەی وا دروستکردوە، ئەو ئاوە لە نێو خۆیدا کۆ بکاتەوەو عەمباری بکات.

٣)- دەگونجا ئەو ئاوە لە نێو زەویدا کۆبێتەوە، بەڵام نەیەتەدەر، بەڵام خوا ﷻ وای لێکردوەو ئاوەکە لە نێو زەوی دا، دوایی فشارێکی لێ بکرێ و دەربقوڵێ، وەک سەرچاوەی زەڵم، سەرچاوەکان ئاوەکەیان ئەوەندە بەهێز دێتە دەر، ئاوەکە سپییە، چونکە زۆر بە زەخت و فشار هاتۆتە دەرێ، چونکە عەمبارکرانی ئاوەکە لە نێو هەندێک شوێنی زەویدا، دەبێتە گۆمێکی زۆر گەورە، ئنجا هەندێکی ئاستی زۆر بەرزەو فشارێکی زۆر دەکات تاکو ئەو ئاوە دەربقوڵێ، کە دەگونجا بەو شێوەیە نەبێت، بەڵام خوای پەروەردگار شێوەیەکی وای بۆ زەوی هەڵخستوە کە ئەو ئاوە لە خۆیدا کۆ بکاتەوەو، دواییش دەربقوڵێ، ئەگەرنا کێ دەیتوانی بیهێنێتەوەدەر؟ دەبووایە هەموو جارێک بیر لێ بدرێ، تاکو بێتە دەرێ.

٤)- هەروەها دەرهێنران و ڕوێنرانی کشتوکاڵ، کە وشەی (زَرْع) دەگونجێ هەر مەبەست پێی ئەو کشتوکاڵە بێ کە مرۆڤ دەیکات، دەشگونجێ مەبەست پێی کۆی ئەو ڕووەکە بێ کە لەسەر زەوی دەڕوێ، ئنجا بە شێوەی دارو درەختە، بە شێوەی دانەوێڵەیە،

بە شێوەی سەوزەیە، بە شێوەی تەڕەکارە (زرع)، هەموو ئەو شتانەن کە دەڕوێن، چ دەستی مرۆڤیان تێدابێ، چ دەستی مرۆڤیان تێدانەبێ.

٥)- ئەو کشتوکاڵ و شیناوردو ڕووەکەش، ڕەنگی جیاجیایە، بەهۆی ڕەنگ جیاییەوە دەزانی کە ئەوە گەنمە، ئەوە جۆیە، ئەوە نیسکە، ئەوە نۆکە، هەروەها لە دارو درەختان دا، ئەوە فڵان میوەیەو ئەوە فڵان میوەیە.

٦)- زەرد هەڵگەڕانی ئەو کشتوکاڵەش، چ مرۆڤ کردبێ، وەک جۆرەکانی دانەوێڵە، جۆرەکانی دارو درەخت و تەڕەکارو میوە، یاخود خوا کرد بێ، کە هەمووشی هەر هی خوایە، بەڵام هەندێکی مرۆڤ دەستی تێدەخات، هەندێکی خوا ﷻ ڕاستەوخۆ دروستی دەکات، هەمووی حاڵەتی پێگەیشتنەکەی دیارە، بە هۆی ڕەنگەکەیەوە کە زەرد دەبێ.

٧)- ڕاستیی حەوتەم کە لێرەدا خوا ﷻ باسیکردوە، بریتیە لە وشک هەڵگەڕان و دوایی تێکشکانی ئەوەی کە تاکو دوێنێ سەوز بووەو، دیمەنێکی دیکەی بووە، دوایی وشک دەبێ و، زەرد هەڵدەگەڕێ و دەبێتە پووش و پەڵاش و با ڕایدەماڵێ.

ئنجا ئەمەش جۆرێکی دیکەی پەیوەستکردنی ئەم ئایەتە موبارەکەیە، بە ئەوانەی پێشەوە، کە ئێوە بزانن ئەی مرۆڤەکان! سەرەنجامی ژیانی دنیای ئێوەش هەر ئاوایە، کەواتە: بزانن ڕۆژێک هەیە، تێیدا بە دیداری خوا دەگەنەوەو، ئەو ژیانی دنیایە هەمووی دەپێچرێتەوەو کۆتایی پێ دێ و دەچنەوە بەردەستی خوا.

سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ، أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ، أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ.

www.alibapir.com

دەرسی سێیەم





پێناسەی ئەم دەرسە

ئەم دەرسەمان لە نۆزدە (١٩) ئایەت پێک دێ، ئایەتەکانی: (٢٢ - ٤٠)، تەوەری سەرەکییان باسی قورئانەو، باسی خوا بەیەکگرتن و، هاوبەش بۆ خوادانانەو، پشت ئەستوور بوونی ئیمان و خوا بە یەکگرتنە، بە بەڵگەی زگماک و عەقڵ و وەحیی و، پووچەڵیی و بێ بنەمایی کوفرو شیرکە، ئەمانە تەوەرە سەرەکییەکانی ئەو نۆزدە ئایەتەن.

بەڵام وێڕای ئەو تەوەرە سەرەکییانە، چەندان مەسەلەی دیکەی گەورەو گرنگیش نێواخن کراون، لەگەڵ ئەو تەوەرە سەرەکییانەدا، کە ئەم دە (١٠)یە گرنگترینیانن:

١)- سینە گوشادیی و دڵڕەقیی لە بەرانبەر یادی خوادا.

٢)- پێناسەی قورئان بە چاکترین فەرمایشت.

٣)- حاڵ خراپیی بێبڕوایانی ستەمکار لە قیامەتێ دا.

٤)- وەسفی قورئان بەوە کە لە هەموو وێنەیەکی تێدا باسکراوە، بۆ تێگەیاندنی مرۆڤەکان لە ڕاستییە مەعنەوییەکان.

٥)- وێنە هێنانەوە بۆ بابای هاوبەش دانەرو، بابای خوا بە یەکگرو تەنیا خواپەرست.

٦)- ڕاگەیاندنی ئەو ڕاستییە کە موحەممەد ﷺو، نەیارانی هەموویان هەر دەمرن و، لە قیامەتیش مشت و مڕیان دەبێ لە خزمەت خوای پەروەردگاریاندا.

٧)- بەراوردی نێوان بێبڕوایان و بڕواداران.

٨)- بەس (**كَافٍ**) بوونی خوا بۆ پاراستنی بەندەی خۆی.

٩)- تەسلیم بوونی هاوبەشدانەران بەو ڕاستییە، کە جگە لە خوا هیچ بەدیهێنەرێک نیە.

١٠)- بێباکیی دەربڕینی پێغەمبەری خوا ﷺ لە نەیارانی.

﴿أَفَمَن شَرَحَ ٱللَّهُ صَدۡرَهُۥ لِلۡإِسۡلَٰمِ فَهُوَ عَلَىٰ نُورٖ مِّن رَّبِّهِۦۚ فَوَيۡلٞ لِّلۡقَٰسِيَةِ قُلُوبُهُم
مِّن ذِكۡرِ ٱللَّهِۚ أُوْلَٰٓئِكَ فِي ضَلَٰلٖ مُّبِينٍ ﴿٢٢﴾ ٱللَّهُ نَزَّلَ أَحۡسَنَ ٱلۡحَدِيثِ كِتَٰبٗا مُّتَشَٰبِهٗا
مَّثَانِيَ تَقۡشَعِرُّ مِنۡهُ جُلُودُ ٱلَّذِينَ يَخۡشَوۡنَ رَبَّهُمۡ ثُمَّ تَلِينُ جُلُودُهُمۡ وَقُلُوبُهُمۡ إِلَىٰ
ذِكۡرِ ٱللَّهِۚ ذَٰلِكَ هُدَى ٱللَّهِ يَهۡدِي بِهِۦ مَن يَشَآءُۚ وَمَن يُضۡلِلِ ٱللَّهُ فَمَا لَهُۥ مِنۡ هَادٍ
﴿٢٣﴾ أَفَمَن يَتَّقِي بِوَجۡهِهِۦ سُوٓءَ ٱلۡعَذَابِ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِۚ وَقِيلَ لِلظَّٰلِمِينَ ذُوقُواْ مَا كُنتُمۡ
تَكۡسِبُونَ ﴿٢٤﴾ كَذَّبَ ٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِهِمۡ فَأَتَىٰهُمُ ٱلۡعَذَابُ مِنۡ حَيۡثُ لَا يَشۡعُرُونَ ﴿٢٥﴾
فَأَذَاقَهُمُ ٱللَّهُ ٱلۡخِزۡيَ فِي ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَاۖ وَلَعَذَابُ ٱلۡأٓخِرَةِ أَكۡبَرُۚ لَوۡ كَانُواْ يَعۡلَمُونَ ﴿٢٦﴾ وَلَقَدۡ
ضَرَبۡنَا لِلنَّاسِ فِي هَٰذَا ٱلۡقُرۡءَانِ مِن كُلِّ مَثَلٖ لَّعَلَّهُمۡ يَتَذَكَّرُونَ ﴿٢٧﴾ قُرۡءَانًا عَرَبِيًّا غَيۡرَ
ذِي عِوَجٖ لَّعَلَّهُمۡ يَتَّقُونَ ﴿٢٨﴾ ضَرَبَ ٱللَّهُ مَثَلٗا رَّجُلٗا فِيهِ شُرَكَآءُ مُتَشَٰكِسُونَ وَرَجُلٗا
سَلَمٗا لِّرَجُلٍ هَلۡ يَسۡتَوِيَانِ مَثَلًاۚ ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِۚ بَلۡ أَكۡثَرُهُمۡ لَا يَعۡلَمُونَ ﴿٢٩﴾ إِنَّكَ مَيِّتٞ
وَإِنَّهُم مَّيِّتُونَ ﴿٣٠﴾ ثُمَّ إِنَّكُمۡ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ عِندَ رَبِّكُمۡ تَخۡتَصِمُونَ ﴿٣١﴾ ۞ فَمَنۡ
أَظۡلَمُ مِمَّن كَذَبَ عَلَى ٱللَّهِ وَكَذَّبَ بِٱلصِّدۡقِ إِذۡ جَآءَهُۥٓۚ أَلَيۡسَ فِي جَهَنَّمَ مَثۡوٗى
لِّلۡكَٰفِرِينَ ﴿٣٢﴾ وَٱلَّذِي جَآءَ بِٱلصِّدۡقِ وَصَدَّقَ بِهِۦٓ أُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡمُتَّقُونَ ﴿٣٣﴾
لَهُم مَّا يَشَآءُونَ عِندَ رَبِّهِمۡۚ ذَٰلِكَ جَزَآءُ ٱلۡمُحۡسِنِينَ ﴿٣٤﴾ لِيُكَفِّرَ ٱللَّهُ عَنۡهُمۡ
أَسۡوَأَ ٱلَّذِي عَمِلُواْ وَيَجۡزِيَهُمۡ أَجۡرَهُم بِأَحۡسَنِ ٱلَّذِي كَانُواْ يَعۡمَلُونَ ﴿٣٥﴾ أَلَيۡسَ
ٱللَّهُ بِكَافٍ عَبۡدَهُۥۖ وَيُخَوِّفُونَكَ بِٱلَّذِينَ مِن دُونِهِۦۚ وَمَن يُضۡلِلِ ٱللَّهُ فَمَا لَهُۥ
مِنۡ هَادٖ ﴿٣٦﴾ وَمَن يَهۡدِ ٱللَّهُ فَمَا لَهُۥ مِن مُّضِلٍّۗ أَلَيۡسَ ٱللَّهُ بِعَزِيزٖ ذِي ٱنتِقَامٖ ﴿٣٧﴾
وَلَئِن سَأَلۡتَهُم مَّنۡ خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَ لَيَقُولُنَّ ٱللَّهُۚ قُلۡ أَفَرَءَيۡتُم مَّا تَدۡعُونَ
مِن دُونِ ٱللَّهِ إِنۡ أَرَادَنِيَ ٱللَّهُ بِضُرٍّ هَلۡ هُنَّ كَٰشِفَٰتُ ضُرِّهِۦٓ أَوۡ أَرَادَنِي بِرَحۡمَةٍ
هَلۡ هُنَّ مُمۡسِكَٰتُ رَحۡمَتِهِۦۚ قُلۡ حَسۡبِيَ ٱللَّهُۖ عَلَيۡهِ يَتَوَكَّلُ ٱلۡمُتَوَكِّلُونَ ﴿٣٨﴾ قُلۡ

يَٰقَوْمِ ٱعْمَلُوا۟ عَلَىٰ مَكَانَتِكُمْ إِنِّى عَٰمِلٌ ۖ فَسَوْفَ تَعْلَمُونَ ﴿٣٩﴾ مَن يَأْتِيهِ عَذَابٌ يُخْزِيهِ وَيَحِلُّ عَلَيْهِ عَذَابٌ مُّقِيمٌ ﴿٤٠﴾.

مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان

{ئایا کەسێک کە خوا سینەی گوشاد کردوە بۆ ئیسلام، ئنجا کەوتۆتە سەر ڕووناکییەک لە پەروەردگاریەوە (وەک کەسێکە کە دڵی داخراوەو کەوتۆتە تاریکاییان؟)، سزای سەخت بۆ دڵڕەقان لە ئاست یادی خوادا، ئەوانە لە گومڕاییەکی ئاشکرادان ﴿٢٢﴾ خوا باشترین فەرمایشتی دابەزاندوە، کتێبێک (کە لە ڕووی بەش و بابەتەکانیەوە) وێکچوویەو دووپاتکراوەیە، ئەوانەی بە مەزنگرتن و سامیان بۆ پەروەردگاریان هەیە، بە هۆیەوە (مچوڕکەیان پێدادێ و) پێستەکانیان گرژ دەبن، دوایی پێستەکانیان و دڵەکانیان بەرەو لای یادی خوا نەرم دەبن، ئەوە ڕێنمایی خوایە، هەر کەسێکی بوێ بە هۆیەوە ڕاستە ڕێی دەکات و، هەر کەسێکیش خوا گومڕای بکات، هیچ ڕاستە ڕێکەرێکی نیە ﴿٢٣﴾ ئایا کەسێک کە لە ڕۆژی قیامەتدا، بە ڕووی، خۆی لە ئازاری سەخت و خراپ دەپارێزێ (وەک کەسێکە کە سەلامەت و بێ مزەڕەتە؟) بە ستەمکارانیش گوترا: بیچێژن (سزای) ئەوەی وەدەستتان دەهێنا (لە کاری بەدو ڕەفتاری قێزەون) ﴿٢٤﴾ ئەوانەی لە پێش وانیشەوە بوون (لە گەلانی بێبڕوا)، (پەیامی خوایان ڕەتکردەوەو) بە درۆیان دانا، ئنجا ئازارو سزا (ی خوا)یان لە لایەکەوە (و بە شێوەیەک) بۆ هات کە بە بیریان دا نەدەهات ﴿٢٥﴾ سەرەنجام خوا سزای ڕیسوایی لە ژیانی دنیادا پێ چێژتن و، ئەگەر بشزانن ئازارو سزای (قۆناغی) کۆتایی گەورەتریشە ﴿٢٦﴾ بە دڵنیایی لەم قورئانەشدا لە هەموو وێنەیەکمان بۆ خەڵکی هێناوەتەوە، بەڵکو بیر بکەنەوەو پەند وەربگرن ﴿٢٧﴾ (ئەم کتێبە) قورئانێکی عەرەبییە، خاوەنی

هیچ جۆرە لاریی و نارێکییەک نیە (دامانبەزاندوە)، بەڵکو (مرۆڤەکان) پارێز بکەن ﴿٢٨﴾ خوا پیاوێکی بە وێنە هێناوەتەوە: چەند خاوەنێکی پێکەوە ناکۆک و ناتەبا تێیدا هاوبەشن و، پیاوێکیش کە ساغ و یەکلابۆتەوە بۆ پیاوێک، ئایا حاڵیان یەکسانە؟ ستاییش بۆ خوا (لەسەر دەرخستنی هەق و ڕاستیی)، بەڵکو زۆربەیان نازانن، (بۆیە جیاوازیی ئەو دوو کەسە ناکەن) ﴿٢٩﴾ بە دڵنیایی (ئەی موحەممەد! کاتێک دێ:) تۆش مردووی و ئەوانیش مردوون ﴿٣٠﴾ دوایی مسۆگەر ئێوە لە ڕۆژی قیامەتدا لەلای پەروەردگارتان مشت و مڕ دەمەقاڵێ دەکەن ﴿٣١﴾ ئنجا ئایا کێ لەو کەسە ستەمکارترە، کە درۆی بە خواوە کردوە (هاوبەشی بۆ هەڵبەستوە)و، ئەو ڕاستییەی بۆی هاتوە بە درۆی داناوە! ئایا لە دۆزەخدا جێ بۆ بێبڕوایان نیە؟ ﴿٣٢﴾ ئەو کەسەش کە ڕاستیی هێناوەو بەڕاستیشی داناوە، ئا ئەوانەن پارێزکاران ﴿٣٣﴾ هەرچی بیانەوێ (لە نازو نیعمەت) لە لای پەروەردگاریان (لە ڕۆژی دواییدا) هەیانە، ئەوەش پاداشتی چاکەکارانە ﴿٣٤﴾ (خوا بەڵێنی هەرە چاکی پێداون)، تاکو خراپترین کردەوە کە کردوویانە، لێیان بسڕێتەوەو، بەپێی باشترین کردەوەشیان پاداشتیان بداتەوە ﴿٣٥﴾ ئایا خوا بۆ (پاراستن و سەرخستنی) بەندەکەی بەس نیە! کەچی ئەوان بەو (پەرستراو)انەی جگە لەوی (دەیانپەرستن) دەتترسێنن! هەر کەسێکیش خوا سەرگەردانی بکات، هیچ ڕاستە ڕێ کەرێکی چنگ ناکەوێ ﴿٣٦﴾ هەروەها هەر کەسێکیش خوا ڕاستە ڕێی بکات، هیچ گومڕاکەرێکی نابێ، ئایا خوا زاڵی خاوەن تۆڵەستاندن نیە؟! ﴿٣٧﴾ ئەگەر لێشیان بپرسی: کێ ئاسمانەکان و زەوی دروستکردوون؟ بە جەختکردنەوەوە دەڵێن: خوا، بڵێ: ئایا ئەوانەتان دیون کە لە جیاتی خوا لێیان دەپاڕێنەوە، ئایا ئەگەر خوا زیانێکی بۆم بوێ: ئەوان لابەری زیانەکەینی؟ یان ئەگەر بەزەییەکی بۆم بوێ، ئایا ئەوان گیرەوەو ڕێگری بەزەییەکەینی؟ بڵێ: خوام بەسە، پشت بەستووان تەنیا پشت بەو دەبەستن (و منیش پشتم بەو قایمە) ﴿٣٨﴾ بڵێ: ئەی گەلەکەم! هەرچی پێتان دەکرێ (لە دژم) بیکەن، منیش

بکەرم (بۆ ئەرکی خۆم)، بێگومان لەمەودوا دەزانن ﴿٣٩﴾ کێ ئازارێکی بۆ دێ، ڕیسواو زەبوونی دەکات و، ئازارو سزایەکی بەردەوام و نەبڕاوەی بەسەردا دەچەسپێ ﴿٤٠﴾}.

شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان

(شَرَحَ): (**أَصْلُ الشَّرْحِ: بَسْطُ اللَّحْمِ وَنَحْوِهِ، وَشَرْحُ الصَّدْرِ: بَسْطُهُ بِنُوْرٍ إِلَهِيٍّ وَسَكِيْنَةٍ**)، وشەی (**شَرْح**): بریتیە لە پان ڕاخستنی گۆشت، یاخود یەکلاکردنەوەی، هەروەها شێوەی گۆشت، (**وَشَرْحُ الصَّدْرِ**)یش مەبەست پێی فراوانکردنی سینەی مرۆڤە، بە هۆی ڕووناکییەکی خوایی و، بە هۆی ئارامیی و هێمنییەک کە لە خواوە دێتە دی.

(لِّلْقَٰسِيَةِ): (**القَسْوَةُ: غِلَظُ القَلْبِ، وَأَصْلُهُ مِنْ الحَجَرِ القَاسِي**)، وشەی (**قَسْوَة**): بە پتەویی و ڕەقیی دڵ دەگوترێ، لە ڕیشەشدا وشەی (**قَسْوَة**): لە (**الحَجَرِ القَاسِي**)ەوە هاتوە، واتە: بەردی ڕەق، (**قَاسِيَة**)ش کۆی (**قَاسِي**)یە، (**حَجَرٌ قَاسِي، وأَحْجَارٌ قَاسِيَة**)، بەردی ڕەق و بەردە ڕەقەکان.

(مَّثَانِيَ): (**لأَنَّهَا تُثَنَّى أَي: تُكَرَّرُ عَلَى مُرُورِ الأَوْقَاتِ، وَالثُّنَى مَا يُعَادُ مَرَّتَيْنِ، وَيَصِحُّ أَنْ يَكُونَ مِنَ الثَّنَاءِ**)، (**مَثَانِي**) کۆی (**مُثَنَّى**)یە، چونکە ئایەتەکان دووبارە دەبنەوە بەپێی دووبارە بوونەوەی کاتەکان، (**الثُّنَى**) هەر شتێکە کە دووبارە ببێتەوە، دەشگونجێ (**مَثَانِي**) لە (**ثَنَاء**)ەوە هاتبێ، لەبەر ئەوەی ستاییشی خوایان پێدەکرێ.

(تَقْشَعِرُّ): (**تَعْلُوهَا قَشْعَرِيْرَة**)، (**قَشْعَرِيْرَة**): بە مانای تەزوو، مچووڕکە دێ، کە پێست ڕێک دێ لە کاتی سەرمادا، یان لە کاتێک دا ئینسان ترسێکی بۆ دێ، یاخود حاڵەتێکی عاتیفیی بەهێز ڕووی تێدەکات، مچووڕکەی پێ دادێ، تەزووی پێ دادێ، ئەوە پێی دەگوترێ: (**قَشْعَرِيْرَة**).

(ٱلْخِزْیَ): (خَزِيَ الرَّجُلُ: لَحِقَهُ انْكِسَارٌ إِمَّا مِنْ نَفْسِهِ، أَو إِمَّا مِنْ غَيْرِهِ)، (خَزِيَ الرَّجُلُ) واتە: بە خۆدا شکانەوەی تووشبوو، یان لە زاتی خۆیدا، یان بە هۆی کەسێکی دیکەوە تەریق کرابێتەوە.

(ذِی عِوَجٍ): خاوەن لاریی، (العَوْجُ: العَطْفُ عَلَى حَالِ الإِنْتِصَابِ)، (عَوْج): بریتیە لە شتێک کە پێشێ ڕاست بێت، دوایی بنووشتێتەوە، (عَوَج: يُدْرَكُ بِالبَصَرِ، وَعِوَج: يُدْرَكُ بِالبَصِيْرَة)، وشەی (عَوَج) لارییەکە بە چاو ببینرێ، دەگونجێ بڵێی: (هَذَا العُودُ بِهِ عَوَج)، ئەم دارە لاریی تێدایە، بەڵام (عِوَج) ئەوەیە کە بە عەقڵ و دڵ دەرک بکرێ، بۆیە دەفەرموێ: ﴿غَيْرَ ذِي عِوَجٍ﴾، لە ڕووی مەعنەوییەوەو لە ڕووی واتایەوە قورئان لاریی و ناڕوونیی تێدانیە.

(مُتَشَٰكِسُونَ): (الشَّكِسُ: السَّيِّءُ الخُلُق، وَمُتَشَاكِسُونَ أي: مُتَشَاجِرُونَ لِشَكَاسَةِ خُلُقِهِمْ)، (شَكِسْ) واتە: ڕەوشت دزێو، ڕەوشت خراپ، شڕو دڕ، (مُتَشَاكِسُون: مُتَشَاجِرُونَ)، بە دەمەقاڵە هاتوو، لەبەر ئەوەی ڕەوشتیان پێکەوە ناڕێکە، هەمیشە پێکەوە خەریکی دەمەقاڵێ و مشت و مڕو دەمبەدمەن.

(سَلَمًا): (السَّلْمُ وَالسَّلَامَة: التَعَرِّي مِنَ الآفَاتِ الظَّاهِرَةِ وَالبَاطِنَة)، وشەی (سَلْمُ وَسَلَامَة): بریتیە لە دارنران لە دەردە ڕواڵەتیی و پەنهانەکان، واتە: بێ بەڵایی و سەلامەتیی.

(بِكَافٍ): (الكِفَايَةُ: مَا فِيْهِ سَدُّ الخَلَّةِ وَبُلُوغُ المُرَادِ فِي الأَمْرِ)، (كِفَايَة): بریتیە لە شتێک کە ببێتە هۆی کەلێن پڕکردنەوەو، گەیشتن بە ئامانج لە کارێکدا.

کەواتە: (أليس الله بِكَافٍ عبده)، ئایا خوا ﷻ بۆ بەندەکەی بەس نیە، تەواو نیە؟ یانی: خوا بۆ تۆ بەسە، بۆ پاراستنت، بۆ سەرخستنت، بۆ ڕێنمایی کردنت، بۆ خستنە سەر ڕێگای ڕاستت.

(ذِی ٱنتِقَامٍ): خاوەن تۆڵەستاندن، (نَقَمْتُ الشَّيءَ، وَنَقِمْتُهُ، إِذَا أَنْكَرْتَهُ إِمَّا بِاللِّسَانِ، وَإِمَّا بِالعُقُوبَةِ)، (نَقَمَ و نَقِمَ): بە مانای (عَابَ)ە، (نَقَمْتُ الشَّيءَ وَنَقَمْتُهُ) ئەو شتە ڕەخنەم لێگرت، نکووڵییم لێکرد، چ بە زمان، چ بە سزادان.

(مَكَانَتِكُمْ): (مَكَّنْتُه فَتَمَكَّنَ) واتە: توانام پێداو، بوو بە خاوەن توانا، یاخود جێگیرم کرد، نیشتەجێم کرد، (مَكَانَتِكُم) واتە: چی لە تواناتاندا هەیە بیکەن.

(وَيَحِلُّ عَلَيْهِ): سزایەکی بەردەوام دێتە سەری، (حَلَلْتُ: نَزَلْتُ، أَصْلُهُ مِنْ حَلِّ الأَحْمَالِ عِنْدَ النُّزُول)، (حَلَّ عَلَيْهِ ضَيْفًا) واتە: دابەزیە لای، (حَلَّ: نَزَلَ)، (حَلَلْتُ) دابەزیم، لە چییەوە هاتوە؟ لەوە هاتوە کاتێ خۆی بارو سواریان هەبووە، وڵاخیان پێ بووە، ئنجا کە دابەزیون، وڵاخەکانیان ڕاگرتوون و بارەکانیان کردوونەوە، ئەوە پێی گوتراوە: (حَلُّ الأَحْمَال) واتە: بارەکانیان کردوونەوە، بارەکانیان داگرتوون، دوایی بوون بە میوان و لە لای خانە خوێیەکە دابەزیون.



مانای گشتیی ئایەتەكان

خـوا ﷻ لـەو ئایەتانـەدا كـە ئێمـە كردوومانـن بـە دەرسـی سـێیەم، لـەو نـۆزدە ئایەتـەدا، سـەرەتا بـاس و بـەراوردی دوو جـۆرە كـەس دەكات: كەسـێك كـە دڵ و سینەی ئـاوەڵاو گوشـاد بـووە بـۆ ڕووناكیـی هیدایـەتی خـواو، جـۆرە كەسـێكی دیكەش كـە دڵیـان ڕەقـە لـە ئاسـت یـادی خـوادا، دوایـی خـوا ﷻ بـاسی قورئـان دەكات كـە بەباشـترین فەرمـووە ﴿ أَحۡسَنَ ٱلۡحَدِيثِ ﴾، پێناسـەی دەكات و چەنـد سـیفەت و چەنـد شـوێنەوارێكی قورئـان بـاس دەكات.

دوایـی خـوا ﷻ بـاسی ئـاكام و سـەرەنجامی شـووم و خراپـی بێبڕوایـانی ستەمكار دەكات، دواتـر دێتـە سـەر بـاسی وێنـە هێنانـەوە لـە قورئانـدا، پاشـان جارێكـی دیكـە وەسـفی قورئـان دەكات، بـەوە كـە هیـچ لاریـی و ناڕێكییەكـی تێـدا نیـە، دوایـی خـوا ﷻ وێنـە دێنێتـەوە بـۆ كەسـێك كـە وێـڕای خـوا ﷻ، یاخـود جگـە لـە خـوا، پەرسـتراوانێكی دیكـە دەپەرسـتێ، كەسـێكیش كـە خـۆی سـاغ و یەكلاكردۆتـەوە بـۆ خـوا، بـەو شـێوەیە خـوا ﷻ كۆمەڵێـك بابـەت لـەم نـۆزدە ئایەتـەدا دەخاتـەڕوو، كە كاتی خـۆی لـە پێناسـەی ئـەم دەرسـەدا، ئێمـە لـە دە (١٠) بابەتـدا خسـتماننەڕوو.

ئنجـا ئەگـەر تەماشـای قورئـان بكەیـن، وەك پێشـتریش گوتوومانـە: هەندێكـی بـە ڕوونیـی چۆنیـەتی پێكـەوە پەیوەسـت بـوونی ئایەتـەكانی دیـارە، هـەر كامێكیـان وەك ئاڵقـەكانی زنجیرێـك ئـەوی دیكـە دەگـرێ، بـەڵام هەندێـك جـار پێویسـتیی بـە لێوردبوونـەوەی زیاتـر دەكات، هەڵبەتـە تاكـو مـرۆڤ زیاتـر لـە قورئـان وردبێتـەوە، نهێنیـی زیاتـری بـۆ دەردەكـەون و، ڕاسـتیی زیاتـری دەسـتگیر دەبـن، لێـرەدا خـوا ﷻ ئـاوا دەسـت پێـدەكات:

﴿ أَفَمَن شَرَحَ ٱللَّهُ صَدۡرَهُۥ لِلۡإِسۡلَٰمِ فَهُوَ عَلَىٰ نُورٖ مِّن رَّبِّهِۦۚ ﴾، ئایـا كەسـێك كـە خـوا سـینەی گوشـاد كـردوە بـۆ ئیسـلام، بـۆ ملكەچیـی، چونكـە ئیسـلام لـە ئەسـڵدا

بە مانای ملکەچیی و گەردنکەچیی بۆ خوا ﷻ، دێ، دواییش وەک شتێکی باو و عورفیی بۆتە ناو، بۆ دوایین پەیامی خوا، ئایا کەسێک کە خوا سینەی گوشاد کردوە بۆ ئیسلام و بۆ پەیامی خۆی، ﴿فَهُوَ عَلَىٰ نُورٍ مِّن رَّبِّهِۦ﴾، لە ئەنجامی ئەوەدا کەوتۆتە سەر ڕووناکییەک لە پەروەردگاریەوە، چاوەڕێ دەکرێ کە بگوترێ: ئایا وەک کەسێک وایە کە دڵ و سینەی داخراوە بەرانبەر بە هیدایەت و پەیامی خوا؟ بەڵام خوا ﷻ بە تەعبیرێکی دیکە دەیهێنێ، دەفەرموێ: ﴿فَوَيۡلٞ لِّلۡقَٰسِيَةِ قُلُوبُهُم مِّن ذِكۡرِ ٱللَّهِ﴾، سزای سەخت، یاخود هاوار بۆ ئەوانەی دڵیان ڕەقە لە بەرانبەر یادی خوادا، واتە: کەسانێک کە دڵی خۆیان ئاوەڵا کردۆتەوە، دەروازەی دڵ و سینەی خۆیان کردۆتەوە بۆ هیدایەت و پەیامی خواو، پێشوازییان لێ کردوە، زۆر جیان لە کەسێک کە دڵی ڕەق و سەختە، لە بەرانبەر یادی خوادا، شتی سەخت و ڕەقیش، شتی دیکەی ناچێتە نێو، ﴿أُوْلَٰٓئِكَ فِي ضَلَٰلٖ مُّبِينٍ﴾، ئا ئەوانە لە گومڕاییەکی ڕوون و ئاشکرادان.

ئنجا خوا ﷻ ئەو هیدایەت و ڕۆشناییەی کە کەسانی بڕوادار، دڵ و سینەی خۆیانی بۆ دەکەنەوەو، بە دڵ پەسندی دەکەن، دەروازەکانی دڵی خۆیانی بۆ دەکەنەوە، پێناسە دەکات و دەفەرموێ: ﴿ٱللَّهُ نَزَّلَ أَحۡسَنَ ٱلۡحَدِيثِ﴾، خوا باشترین فەرمایشتی دابەزاندوەو، پلە پلەش دایبەزاندوە، چونکە وشەی (نَزَّلَ)، کە چاوگەکەی (**تَنْزِيل**)ە، (**نَزَّلَ، يُنَزِّل، تَنْزِيلاً**)، بریتیە لە دابەزاندنی شتێک کە پلە پلەو بەش بەشە، بە پێچەوانەی (**إنزال**)ە، (**أنزل، يُنزِل، إنزالاً**)، (**إنزال**) بریتیە لە دابەزاندنی یەکسەر، قورئان لە ماوەی (٢٣) ساڵدا بۆ سەر دڵ و سینەی موبارەکی پێغەمبەری خاتەم ﷺ دابەزیوەو، ئەویش هەوڵیداوە لە عەقڵ و دڵی بڕوادارانـدا نیشتەجێی بکات.

ئنجا دوای ئەوەی خوا قورئان بە باشترین فەرمایشت پێناسە دەکات، دەفەرموێ: ﴿كِتَٰبٗا مُّتَشَٰبِهٗا مَّثَانِيَ﴾، کتێبێکە، واتە: نووسراوەیەکە، ﴿مُّتَشَٰبِهٗا﴾، وێکچوویە، بەشەکانی و ئایەتەکانی وێک دەچن، ﴿مَّثَانِيَ﴾، کۆی (**مُثَنَّى**)یە، واتە: دووبارە

کراوەیە، بابەتەکان لە قورئاندا دووبارە دەبنەوە، بەڵام نەک دووبارە بوونەوەی ڕووت، بەڵکو بۆ جەختکردنەوەو، هەرجارێک هەر بابەتێک لە قورئاندا لە جارێک زیاتر، دوو سێ تاکو چەند جار دووبارە بێتەوە، جگە لە چەند شوێنێکی هەڵاوێردراو، کە بە دەق دووبارە دەبنەوە، وەک خۆیان، ئەگەرنا ئەوی دیکە هەمووی جیایە، هەر جارێک کە دێ، بەشێوەیەکی دیکە دێ، بە تام و چێژێکی دیکەوە، بۆ کەسانێک کە ورد سەرنجی قورئان بدەن و لێی وردبنەوە، بۆیان دەردەکەوێ بابەتێک هەر جارێک کە دێ، نهێنییەکی دیکەی هەڵگرتوە، یاخود گۆشەیەکی دیکە لەو بابەتە کە دەویسترێ باس بکرێ، لەو جاری دووەم و سێیەم و چوارەمدا، کە هاتوە، گۆشەیەکی دیکە خراوەتە ڕوو، ﴿مَّثَانِيَ﴾، هەم دەگونجێ کۆی (مُثَنَّى) بێ، واتە: دووان، دووبارە، هەم دەشگونجێ کۆی (مَثْنى) بێ، لە (ثَناءْ)ەوە شتێک کە سەنا و ستاییشی **خوای** پێ بکرێ، ﴿نَقۡشَعِرُّ مِنۡهُ جُلُودُ ٱلَّذِينَ يَخۡشَوۡنَ رَبَّهُمۡ﴾، پێستی ئەوانە ڕێک دێ و مچوڕکەی پێدا دێ، کە ترس و بیمیان لە بەرانبەر پەروەردگاریاندا هەیە، سام و هەیبەتیان هەیە، چونکە وشەی (خَشْية) لەگەڵ (خَوْف) جیاوازییەکەیان ئەوەیە (خَوْف) واتە: ترسان، بەڵام (خَشْية) بریتیە لە لێترسان و سام لێ کردن بە مەزنگرتنەوە، ئەوانەی سام و هەیبەتیان بەرانبەر بە پەروەردگاریان هەیە، پێستیان تەزووی پێ دادێ، مچوڕکەی پێ دادێ، چونکە ﴿نَقۡشَعِرُّ﴾، واتە: (تَأۡخُذُهَا القَشْعَرِيْرَة)، واتە: مچوڕکەی دەیگرێ.

﴿ثُمَّ تَلِينُ جُلُودُهُمۡ وَقُلُوبُهُمۡ إِلَىٰ ذِكۡرِ ٱللَّهِ﴾، لە سەرەتاوە مچوڕکە بە پێستیاندا دێ، تەزووی پێ دادێ، پێستیان ڕێک دێ، بەڵام دوایی پێستەکانیان و دڵەکانیان بەرەو یادی خوا نەرم دەبن، لە سەرەتاوە گرژ دەبن، دوایی وردە وردە دڵ و پێستیشیان نەرم دەبێ بۆ ئەو هیدایەتەی خوا، ﴿ذَٰلِكَ هُدَى ٱللَّهِ يَهۡدِي بِهِۦ مَن يَشَآءُ﴾، ئا ئەو حاڵە کە باسکرا، ڕێنمایی خوایەو هەر کەسێک خوا بیەوێ پێی ڕاستە ڕێ دەکات، ﴿وَمَن يُضۡلِلِ ٱللَّهُ فَمَا لَهُۥ مِنۡ هَادٍ﴾،

هەر کەسێکیش خوا گومڕای بکات، هیچ ڕاستە ڕێکەرێکی نابێ، ﴿يَهْدِى بِهِۦ﴾، واتە: پێی ڕاستە ڕێ دەکات، وشەی (**هداية**) لە: ﴿يَهْدِى﴾دا، جیایە لە واتایەکەی لە: ﴿هُدَى﴾دا، کە لە ڕستەی پێشێ دا هاتوە: ﴿ذَٰلِكَ هُدَى ٱللَّهِ﴾، ئا ئەوە ڕێنمایی خوایە، بەڵام: ﴿يَهْدِى بِهِۦ﴾، بە مانای ڕێنمایی دەکات، نیە، بەڵکو یانی: ڕاستە ڕێ دەکات، ئەگەرنا خوا هیدایەتی خۆی بۆ هەمووان ناردوەو هەمووی ڕێنمایی کردوون، بەڵام ئەوانەیان ڕاستە ڕێ دەکات، کە هیدایەتەکەی خوا ﷻ قبووڵ دەکەن و وەری دەگرن، بەڵام هەر کەسێک خوا گومڕای بکات، لەبەر ئەوەی هیدایەتی خوای قبووڵ نەکردوە، هیچ ڕاستە ڕێ کەرێک بۆ وی چنگ ناکەوێ.

ئنجا خوا ﷻ باسی سەرەنجامی شووم و خراپی ئەوانە دەکات، کە پشت لە هیدایەتی خوا دەکەن، دەفەرموێ: ﴿أَفَمَن يَتَّقِى بِوَجْهِهِۦ سُوٓءَ ٱلْعَذَابِ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ﴾، ئایا کەسێک کە بەهۆی ڕوویەوە، خۆی لە سزاو ئازاری خراپی ڕۆژی قیامەت دەپارێزێ، واتە: ڕوو (**وجه**)ی دەکاتە پارێزەری خۆی، واتە: ئایا کەسێک کە ئاوایە، - بەرانبەرەکەی دیسان باس نەکراوە - وەک کەسێک وایە کە دڵنیاو سەلامەت و، بێ مزەڕەتە؟ ﴿وَقِيلَ لِلظَّٰلِمِينَ ذُوقُوا۟ مَا كُنتُمْ تَكْسِبُونَ﴾، بە ستەمکارانیش گوترا: بیچێژن ئەوەی وەدەستتان دەهێنا، واتە: سزای ئەوەی وەدەستتان دەهێنا، کە دەفەرموێ: بەڕووی خۆی خۆی دەپارێزێ، مرۆڤ سروشتی وایە دەم و چاوو ڕووی، لە هەموو شوێنێکی دیکەی لەلا گرنگترە، ئەگەر زەبرێکی بۆ بێ، دەست بە دەم و چاویەوە دەگرێ، بەڵام ئەوانە مەگەر بە ڕوویان و بە دەم و چاویان خۆیان لە ئاگر بپارێزن، ئەگەرنا هیچ هۆکارو ئامرازێکی دیکەیان نیە، خۆیانی پێ لە سزای خراپ و سەختی ڕۆژی دوایی و ڕۆژی قیامەت بپارێزن.

هەندێک لە زانایانیش گوتوویانە: بۆیە وا دەفەرموێ: چونکە ئەوانە دەستیان کەلەپچە کراوە لە پشتەوەو، یان لە پێشەوە، مەجالیان نیە کە دەست هەڵێنن و بە دەم و چاوی خۆیانەوە بیگرن.

﴿ كَذَّبَ ٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِهِمۡ ﴾، ئەوانەی پێش وانیش بە درۆیان دانا، چییان بە درۆیان دانا؟ پێغەمبەرانیان بە درۆ دانان و پەیامەکانی خوایان بە درۆ دانان، ﴿ فَأَتَىٰهُمُ ٱلۡعَذَابُ مِنۡ حَيۡثُ لَا يَشۡعُرُونَ ﴾، ئنجا ئازارو سزایان بۆ هات لەلایەکەوە، بە شێوەیەک کە هەستیان پێ نەدەکرد.

﴿ فَأَذَاقَهُمُ ٱللَّهُ ٱلۡخِزۡيَ فِي ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا ﴾، ئیدی خوا (سزای) سەرشۆڕیی و زەبوونیی پێ چێژتن لە ژیانی دنیادا، یانی: هەر لە ژیانی دنیادا بەهۆی پشتکردنە هیدایەتی خواو، بە درۆ دانانی پەیامی خواو پێغەمبەرانی خواوە (**عَلَيْهِمُ الصَّلاَةُ وَالسَّلاَم**)، خوا زەبوونیی و سەرشۆڕیی بۆ کردن بە سزایەک و، پێی چێژتن لە ژیانی دنیادا، ﴿ وَلَعَذَابُ ٱلۡأٓخِرَةِ أَكۡبَرُۚ لَوۡ كَانُواْ يَعۡلَمُونَ ﴾، ئازارو سزای ڕۆژی دوایی و مەنزڵگای کۆتایی، گەورەتریشە ئەگەر بزانن، واتە: ئەگەر بزانن بۆیان دەردەکەوێ کە سزای ڕۆژی دوایی، زۆر گەورەترە لەوەی دنیا، کە لە ئەنجامی بێبڕوایی دا دووچاری دەبن.

﴿ وَلَقَدۡ ضَرَبۡنَا لِلنَّاسِ فِي هَٰذَا ٱلۡقُرۡءَانِ مِن كُلِّ مَثَلٖ لَّعَلَّهُمۡ يَتَذَكَّرُونَ ﴾، بە دڵنیایی بۆ خەڵک لەم قورئانەدا لە هەموو وێنەیەکمان هێناوەتەوە، بەڵکو پەند وەربگرن، بیریان بکەوێتەوە، تێبگەن، چونکە وشەی (**تَذَكُّر**): بە هەموو ئەو واتایانە دێ، بە مانای: بیرکەوتنەوە دێ، بە مانای پەند وەرگرتن دێ، بە مانای تێگەیشتن دێ، بە مانای خۆ ڕاست کردنەوە دێ، کە دەفەرموێ: لە هەموو وێنەیەکمان هێناوەتەوە، واتە: لە هەموو وێنەیەک کە بۆ ئەوان پێویست بێ، تاکو ڕاستییەکانیان بۆ دەربکەون، لە قاڵب و بۆتەیەکی وادا، کە بتوانن بە چاوی خەیاڵ تەماشایان بکەن، چونکە بابەتە مەعنەوییەکان وەختێک کە دەخرێنە نێو دوو توێی وێنە هێنانەوەوە، ئەو کاتە مرۆڤ باشتر لێیان تێ دەگات، چونکە ئەو کاتە بە چاوی خەیاڵیش دەگونجێ سەرنجیان بدات، وەک دوایی خوا ﷻ وێنەیەک دێنێتەوە.

﴿ قُرۡءَانًا عَرَبِيًّا غَيۡرَ ذِي عِوَجٖ لَّعَلَّهُمۡ يَتَّقُونَ ﴾، ئەم قورئانە قورئانێکی عەرەبییە، واتە: ڕۆشنە، ﴿ غَيۡرَ ذِي عِوَجٖ ﴾، لە ڕووی بێژەکەیەوەو لە ڕووی پاراوییەوە ڕۆشنە، لە ڕووی ماناکەشیەوە هیچ نارێکیی و لارییەکی تێدانییە، ﴿لَّعَلَّهُمۡ يَتَّقُونَ ﴾، خوا ﷻ دایبەزاندوە بەڵکو پارێز بکەن.

ئنجا کە خوا ﷻ دەفەرموێ: لە هەموو وێنەیەکمان بۆ خەڵک هێناوەتەوە، بەڵکو پەند وەربگرن، یەکێک لە وێنەکان دەفەرموێ: ﴿ ضَرَبَ ٱللَّهُ مَثَلٗا رَّجُلٗا فِيهِ شُرَكَآءُ مُتَشَٰكِسُونَ وَرَجُلٗا سَلَمٗا لِّرَجُلٍ ﴾، خوا ﷻ وێنەی هێناوەتەوە بە پیاوێک کە چەند هاوبەشێکی پێکەوە ناکۆک و ناتەبا خاوەنینی و، وێنەیەکیشی هێناوەتەوە بە پیاوێک کە تایبەتە بە پیاوێکەوە، واتە: عایدی یەک کەسە، یەک کەس فەرمانی پێدەکات، ئنجا چ مەبەست پێی ئەوەبێ: ئەوەی دیکە چەند خاوەنێکی هەن، واتە: کۆیلەیە، یاخود مەبەست ئەوە بێ: کارمەندێکەو لە چەند بەڕێوەبەرێکەوە فەرمانی بۆ دەچێ، بەڵام ئەوی دیکە، بەس یەک کەس فەرمانی پێ دەکات، یەک مرۆڤ ئاراستەی دەکات، ﴿ هَلۡ يَسۡتَوِيَانِ مَثَلًاۚ ﴾، ئایا حاڵیان یاخود، سیفەتیان وەک یەکە؟! ئەوە پرسیارکردنی نکووڵییلێکەرانەیە، یانی: وەک یەک نین، ﴿ ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِۚ ﴾، ستاییش بۆ خوا، ﴿ بَلۡ أَكۡثَرُهُمۡ لَا يَعۡلَمُونَ ﴾، (وەک یەک نین)، بەڵام زۆربەیان نازانن، واتە: لەبەر ئەوەی زانیارییان نیە، بۆیە جیاوازیی لە نێوان تەنیا خواپەرستیی و هاوبەش پەرستییدا ناکەن، کە بابای هاوبەش پەرست، وەک کەسێکە کۆمەڵێک خاوەنی هەبن، نەزانێ بە قسەی کامەیان بکات، کۆمەڵە خاوەنەکەش پێکەوە ناکۆک و ناتەبابن، یەکیان بڵێ: بەو لاوە بڕۆ، یەکیان بڵێ: بەملاوە بڕۆ، یەکیان بڵێ: وابکە، یەکیان بڵێ: نەخێر وابکە، کابرا سەری لێ دەشێوێ، بەڵام بابای خواپەرست وەک کەسێکە کە یەک کەس، یەک پیاو، یەک خاوەنیەتی، یان یەک بەڕێوەبەر فەرمانی پێدەکات و دەڵێ: فڵان کارە ئەنجام بدە! ئەویش دەزانێ چی بکات و چۆن بکات!

دوایی خوا ﷻ ڕوو دەکاتە پێغەمبەری خاتەم ﷺ دەفەرموێ: ﴿ إِنَّكَ مَيِّتٌ وَإِنَّهُم مَّيِّتُونَ ﴾، بە دڵنیایی تۆ مردووی و، ئەوانیش مردوون، هەندێ لە زانایان گوتوویانە: (مَيِّت) ئەگەر بە گیرە (شَدَّة) بێ، واتە: کەسێک کە لە داهاتوودا دەمرێ، بەڵام ئەگەر (مَيْت) بێ، واتە: مردووەو لێ بۆتەوە، هەندێکیش گوتوویانە: (مَيِّت) و (مَيْت) هەر یەک واتایان هەیە، بەڵام بە دڵنیایی ئەو کاتەی خوا ﷻ ئەم ئایەتانەی بۆ پێغەمبەری خاتەم ﷺ دابەزاندوون، زیندوو بووە، کەواتە: یانی: تۆ لە داهاتوودا دەمری، بەڵام چونکە لە داهاتوودا بە مسۆگەریی دەمری، وەک ئێستا مرد بێ وایە، ﴿ وَإِنَّهُم مَّيِّتُونَ ﴾، ئەوانیش بە دڵنیایی هەر دەمرن.

ئنجا وەک توێژەرەوانی قورئان گوتوویانە: ئەمە وەڵامی بێبڕوایەکانە کە خوا لە بارەیانەوە فەرموویەتی: ﴿ أَمْ يَقُولُونَ شَاعِرٌ نَّتَرَبَّصُ بِهِۦ رَيْبَ ٱلْمَنُونِ ﴿٣٠﴾ ﴾الطور، واتە: یان دەڵێن: شاعیرێکە چاوەڕێ دەکەین، داخۆ کەی مردنی دەگاتێ، مەرگی بەسەر دادێ (و قوتار دەبین لە دەستی)، خوا ﷻ دەفەرموێ: تۆش دەمری و ئەوانیش دەمرن.

﴿ ثُمَّ إِنَّكُمْ يَوْمَ ٱلْقِيَـٰمَةِ عِندَ رَبِّكُمْ تَخْتَصِمُونَ ﴾، دوایی بە دڵنیایی ئێوە لە ڕۆژی قیامەتدا لەلای پەروەردگارتان، دەکەونە دەمەقاڵێی و مشت و مڕو ناکۆکییەوە، واتە: خوا دادوەرییتان لە نێواندا دەکات، کە تۆ بانگت کردوون بۆ پەیامی خوا، بۆ بەندایەتیی بۆ خوا، کە مایەی سەربەرزیی دنیاو دواڕۆژەو، مایەی کۆک بوون و تەبابوونی مرۆڤە لەگەڵ خۆیداو، لەگەڵ دەوروبەریدا، وێڕای ئەوەی لەگەڵ خوای پەروەردگاریشی دا، بانگت دەکردن کە خۆیان لە هاوبەش بۆ خوا دانەران بپارێزن، کە هاوبەش بۆ خوا دانان دەبێتە هۆی ئەوەی مرۆڤ لەگەڵ خۆیشی دا بەشەڕ بێ، لەگەڵ دەوروبەریشی دا تێک بگیرێ و، خوای پەروەردگاریشی لێ نارازیی بێ و، لە دنیاو دواڕۆژدا مایەی شەرمەزاریی بێ.

دوایی خوا ﷻ هەر لەو سیاقەدا دەفەرموێ: ﴿فَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّن كَذَبَ عَلَى ٱللَّهِ وَكَذَّبَ بِٱلصِّدْقِ إِذْ جَآءَهُۥٓ﴾، ئایا کێ ستەمکارترە لە کەسێک کە درۆ بۆ خوا هەڵدەبەستێ؟ درۆ لەسەر خوا دەکات؟ واتە: کە دەڵێ: خوا هاوبەشی هەیەو ڕۆڵەی هەیە، ئەوە درۆکردنە لەسەر خوا، کێ لەو کەسە ستەمکارترە؟ ﴿وَكَذَّبَ بِٱلصِّدْقِ إِذْ جَآءَهُۥٓ﴾، هەروەها کێ ستەمکارترە لەو کەسەی بێبڕوا دەبێ بە ڕاستیی، دوای ئەوەی بۆی هاتوە، خوا ﷻ قورئان و پەیامی خۆی ناو ناوە: (صدق)، چونکە ڕاستیی گرتۆتە نێو خۆی، بە مانای تەواوی وشەی ڕاستیی، ﴿فَمَنْ أَظْلَمُ﴾، پرسیارکردنەکە پرسیاری نکووڵییلێکەرانەیە، واتە: هیچ کەسێک ستەمکارتر نیە لەو کەسەی کە درۆ بۆ خوا هەڵدەبەستێ و ڕاستییەکیش کە بۆی دێ، لە خواوە بە درۆی دادەنێ، بۆیە دەفەرموێ: ﴿أَلَيْسَ فِى جَهَنَّمَ مَثْوًى لِّلْكَٰفِرِينَ﴾، ئایا لە دۆزەخدا شوێنی حەوانەوە نیە بۆ بێبڕوایان؟ بە تەئکید با.

﴿وَٱلَّذِى جَآءَ بِٱلصِّدْقِ وَصَدَّقَ بِهِۦٓ ۙ أُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْمُتَّقُونَ﴾، ئەو کەسەش کە کە ڕاستیی هێناوەو بەڕاستیشی داناوە، واتە: ئەو ڕاستییەی بە ڕاست داناوەو، پەسندی کردوە، ئا ئەوانەن پارێزکاران.

﴿لَهُم مَّا يَشَآءُونَ عِندَ رَبِّهِمْ﴾، هەرچی بیانەوێ لە خزمەت پەروەردگاریاندا هەیانە، هەموو شتێکیان هەیە، ﴿ذَٰلِكَ جَزَآءُ ٱلْمُحْسِنِينَ﴾، ئەوەش پاداشتی چاکەکارانە، کە هەرچی دڵیان بیخوازێ و داوای بکەن لە خزمەت پەروەردگاریانداو، لە ڕۆژی دواییدا، هەیانە، وەک خوا ﷻ لە سوورەتی (ق)دا دەفەرموێ: ﴿لَهُم مَّا يَشَآءُونَ فِيهَا وَلَدَيْنَا مَزِيدٌ ﴿٣٥﴾﴾، واتە: هەرچی بیانەوێ لەوێدا بۆیان هەیەو، زیادەشمان لەلایە.

﴿لِيُكَفِّرَ ٱللَّهُ عَنْهُمْ أَسْوَأَ ٱلَّذِى عَمِلُوا۟ وَيَجْزِيَهُمْ أَجْرَهُم بِأَحْسَنِ ٱلَّذِى كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ﴾، تاکو سەرەنجام خوا ﷻ خراپترینی ئەوەی کردوویانە، لێیان

بسڕێتەوەو، پاداشتیشیان بداتەوە بە پێی باشترینی ئەوەی ئەنجامیان داوە، واتە: کردەوە خراپەکانیان لێ دەسڕێتەوەو، چاکەکانیشیان بەپێی باشترین کردەوەی باشیان، پاداشتیان دەداتەوە، ئەو چاکەکارانە سەرەنجامەکەیان ئاوایە، (ل)ی سەر: ﴿لِيُكَفِّرَ ٱللَّهُ عَنْهُمْ﴾، بە ڕواڵەت بۆ تەعلیلە، بەڵام لە ڕاستییدا (ل) ی سەرەنجامە، واتە: سەرەنجامیان ئاوا دەبێ.

﴿أَلَيْسَ ٱللَّهُ بِكَافٍ عَبْدَهُۥ﴾، ئنجا لە وەڵامی ئەوەدا کە بێبڕوایەکان پێغەمبەری خوایان ﷺ دەترساندو دەیانگوت: پەرستراوەکانمان زیانت پێ دەگەیەنن، دەفەرموێ: ئایا خوا ﷻ بەس نیە بۆ بەندەی خۆی! بەس نیە کە بیپارێزێ، هیدایەتی بدات، ئاگای لێ بێ، مشووری بخوات؟ بە تەئکید بەسە، ﴿وَيُخَوِّفُونَكَ بِٱلَّذِينَ مِن دُونِهِۦ﴾، بەوانەش کە لە خوار خواوەن، یاخود جگە لە خوان ﷻ، دەتترسێنن، ﴿وَمَن يُضْلِلِ ٱللَّهُ فَمَا لَهُۥ مِنْ هَادٍ﴾، هەر کەسێکیش خوا گومڕای بکات، هیچ ڕێنماییکارو، یاخود هیچ کەسێکی نیە کە بیخاتە سەر ڕێ، هیچ ڕاستەڕێکەڕێکی نیە.

﴿وَمَن يَهْدِ ٱللَّهُ فَمَا لَهُۥ مِن مُّضِلٍّ﴾، هەروەها هەر کەسێکیش خوا ﷻ بیخاتە سەر ڕاستە ڕێ، هیچ گومڕاکەرێکی نابێ، هیچ کەس ناتوانێ گومڕایی بکات و سەری لێ تێک بدات، ﴿أَلَيْسَ ٱللَّهُ بِعَزِيزٍ ذِى ٱنتِقَامٍ﴾، ئایا خوا زاڵی خاوەن تۆڵە نیە؟ بە تەئکید خوا باڵا دەستەو، خاوەن تۆڵەشە.

﴿وَلَئِن سَأَلْتَهُم مَّنْ خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ لَيَقُولُنَّ ٱللَّهُ﴾، ئەگەر پرسیاریان لێ بکەی: کێ ئاسمانەکان و زەوی دروستکردوون؟ زۆر بە جەختکردنەوە دەڵێن: خوا ﷻ، ﴿قُلْ أَفَرَءَيْتُم مَّا تَدْعُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ﴾، بڵێ: ئایا بینیوتانن (بە چاوی عەقڵ و دڵ، یاخود بە چاوی سەر)، ئەوانەی کە لە جیاتی خوا دەیانپەرستن و لێیان دەپاڕێنەوە، ﴿إِنْ أَرَادَنِىَ ٱللَّهُ بِضُرٍّ﴾، ئەگەر خوا ﷻ زیانێکی بۆم بوێ، ﴿هَلْ هُنَّ كَٰشِفَٰتُ ضُرِّهِۦٓ﴾، ئایا ئەو پەرستراوانەی ئێوە لابەری ئەو زیانە

دەبـن، کـە خـوا بـۆ منـی دەوێ؟ ﴿أَوۡ أَرَادَنِي بِرَحۡمَةٍ﴾، یـان ئەگـەر (خـوا ﷻ) بەزەییەکـی بـۆ مـن بـوێ، چاکـەو خێرێکـی بـۆ مـن بـوێ، ﴿هَلۡ هُنَّ مُمۡسِكَٰتُ رَحۡمَتِهِۦ﴾، ئایا ئـەو پەرسـتراوانە، گێڕەرەوەی بەزەیـی خوا دەبـن، بەرپەرچـدەرەوەی دەبـن، دەتوانـن بەزەیـی خـوا بگرن و نەهێڵـن بـۆم بـێ؟ ﴿قُلۡ حَسۡبِيَ ٱللَّهُۖ﴾، بڵـێ: خـوام بەسـە، ﴿عَلَيۡهِ يَتَوَكَّلُ ٱلۡمُتَوَكِّلُونَ﴾، پشـت بەسـتووان هـەر پشـت بـەو دەبەسـتن، واتـە: پشـت بەسـتووانێک کـە عاقڵمەنـدن، تێگەیشـتوون، تەنیا پشـت بـە خـوا دەبەسـتن، بـە تەمـای لوتـف و مەرحەمـەتی جگـە لـەو نیـن، تەنیـا چاویـان لـە بەزەیـی و لوتـف و کەرەمـی ئـەوە.

﴿قُلۡ يَٰقَوۡمِ ٱعۡمَلُواْ عَلَىٰ مَكَانَتِكُمۡ﴾، بڵـێ: ئـەی خەڵکەکـەم! ئـەی گەلەکـەم! ئـەوەی لـە تواناتانـدا هەیـە بیکـەن، یـان لـە شـوێنی خۆتانـەوە چیتـان پێدەکـرێ بیکـەن، ﴿إِنِّي عَٰمِلٞۖ﴾، منیـش ئەنجامـدەرم، واتـە: ئەنجامـدەرم بـۆ ئەوەی فەرمانـم پێکـراوە، ئەرکـی خـۆم جێبەجـێ دەکـەم، ئێـوە ئـەوەی پێتـان چاکـە بیکـەن، منیـش ئـەوەی فەرمانـم پێکـراوە، ئەنجامـی دەدەم، ﴿فَسَوۡفَ تَعۡلَمُونَ﴾، لەمـەودوا دەزانـن (ئێـوە سـەرەنجامتان چـۆن دەبـێ، منیـش سـەرەنجامم چـۆن دەبـێ، لـە مـەودوا دەزانـن کـە کارەکـەی ئێـوە چـی لـێ هەڵـدەوەرێ، چ بەرهەمێکـی دەبـێ، کارو ئەرکەکـەی بـە منیـش سـپێردراوە، چ بەرهەمێکـی دەبـێ؟)، ئێسـتا ئێمـە زۆر چـاک دەزانیـن چـۆن بـوو، ئەوانـەی دژو نەیـاری پێغەمبـەری خـوا ﷺ بـوون، فڕێدرانـە نێـو زبڵـدانی مێـژووەوە، نـە ناویـان مـاوە، نـە ڕێبازیـان مـاوە، نـە شـوێنەواریان مـاوە، هیـچ شـتێکیان نەمـاوە، مەگـەر وەک پەنـدو عیبـرەت بـاس بکرێـن، (**أبـو جهـل، نـضر بـن الحـارث، أميـة بـن خلـف** و ... هتـد)، پێغەمبەریـش ﷺ ئـەوە دیـارە نـاوو ناوبانگـی و، خێـرو بەرەکـەتی پەیامەکـەی بـە دنیـادا بڵاوبۆتـەوە.

ئنجـا بۆیـە دەفەرمـوێ: لـە مـەودوا دەزانـن، ﴿مَن يَأۡتِيهِ عَذَابٞ يُخۡزِيهِ﴾، کـێ ئـازارو سـزایەکی بـۆ دێ، زەبـوون و سەرشـۆڕی دەکات، ﴿وَيَحِلُّ عَلَيۡهِ عَذَابٞ مُّقِيمٌ﴾، ئازارێکـی نیشـتەجێ، یەخـەی دەگـرێ، ئازارێکـی نەبـڕاوەو نەپساوە دێتـە

سەری، ﴿وَيَحِلُّ عَلَيْهِ﴾، (يَقَعُ عَلَيْهِ و يَثْبُتُ عَلَيْهِ)، وەک پێشتریش باسمانکرد، (حَلّ، يَحِلُّ) لەوەوە هاتوە، کە کاتێ خۆی کەسێک چۆتە ماڵی خانە خوێیەک بە میوانیی، ئەگەر وڵاخی پێ بووبێ و بارگەیەکی پێ بوو بێ، بارەکەی کردۆتەوەو، بارەکەی خستوە، لەوەوە هاتوە، کەواتە: (حَلَّ عَلَيْهِ، يَحِلُّ) واتە: (وَقَعَ عَلَيْهِ) یان (نَزَلَ عَلَيْهِ) دابەزیە لای و کەوتە سەری.

ئەمەش هەڕەشەیەکی گەورەو گرنگە، بەڵام باسی ئەوەی نەکردوە، کە ئەو (محمد) سەرەنجامی چۆن دەبێ؟ چونکە پێشتر باسکراوە.



مەسەلە گرنگەکان

مەسەلەی یەکەم:

کەسێک خوا ﷻ سینەی ئاوەڵا کردبێ بۆ ئیسلام، بۆ ملکەچیی بۆ خواو، وەرگرتنی پەیامی خوا، جیاوازەو، پێچەوانەی کەسێکە کە دڵی لە ئاست یادی خوادا، سەخت و ڕەق و داخراوە:

خوا ﷻ دەفەرمووێ: ﴿أَفَمَن شَرَحَ ٱللَّهُ صَدۡرَهُۥ لِلۡإِسۡلَٰمِ فَهُوَ عَلَىٰ نُورٖ مِّن رَّبِّهِۦۚ فَوَيۡلٞ لِّلۡقَٰسِيَةِ قُلُوبُهُم مِّن ذِكۡرِ ٱللَّهِۚ أُوْلَٰٓئِكَ فِي ضَلَٰلٖ مُّبِينٍ ﴿٢٢﴾﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتە، لە چوار بڕگەدا:

١)- ﴿أَفَمَن شَرَحَ ٱللَّهُ صَدۡرَهُۥ لِلۡإِسۡلَٰمِ﴾، ئایا کەسێک کە خوا ﷻ سینەی ئاوەڵا کردۆتەوە بۆ ئیسلام، (**الشَّرْحُ: شَقُّ اللَّحْمِ**): (شرح) بریتیە لە لەتکردن و ئاوەڵا کردنی گۆشت، کە دەفەرمووێ: ﴿أَفَمَن شَرَحَ ٱللَّهُ صَدۡرَهُۥ﴾، (**صَدْر**): یانی: سینە، بەڵام بە تەئکید مەبەست پێی دڵێکە لەنێو سینەدا هەیەو، ئەویش دیسان مەبەست پێی دڵی مەعنەویی و نابەرهەستە، نەک دڵی گۆشتین، ئاوەڵا کردنیش مەبەست پێی ئەوەیە کە دڵی وا لێکردوە ملکەچیی بۆ خواو، بۆ پەیامی خوا، ئیسلامی بچێتە نێو، کە دەفەرمووێ: ﴿أَفَمَن شَرَحَ ٱللَّهُ صَدۡرَهُۥ لِلۡإِسۡلَٰمِ﴾، ئەم (ل)ی (للإسلام)، یانی: (**لأَجْلِ الإِسْلَامِ**)، لەبەر خاتری ئیسلام و ملکەچیی بۆ خوا، دڵی یەکاڵاو یەکلاکردۆتەوە.

٢)- ﴿فَهُوَ عَلَىٰ نُورٖ مِّن رَّبِّهِۦ﴾، سەرەنجام ئەو کەسە کەوتۆتە سەر ڕووناکییەک لە پەروەردگاریەوە، وشەی (عَلَى) کە دەفەرمووێ: ﴿فَهُوَ عَلَىٰ﴾، (**عَلَى: لِلْتَمَكُّنِ مِنَ النُّورُ**)، بۆ ئەوەیە کە ئەو کەسە، چاک دەستی لە ڕووناکیی پەروەردگاری گیر بووە، (**النُّورُ: مُسْتَعَارٌ**

لِلْهُدَى وَوُضُوحِ الْحَقِّ، لِأَنَّ النُّورَ تَنْجَلِي بِهِ الْأَشْيَاءُ)، (**نُور**): خوازراوەتەوە بۆ ڕێنمایی خواو، بۆ ڕوونیی ئەو هەقە، کە لە خواوە هاتوە، چونکە بە هۆی ڕووناکییەوە شتەکان دەردەکەون.

٣)- ﴿فَوَيْلٌ لِّلْقَٰسِيَةِ قُلُوبُهُم مِّن ذِكْرِ ٱللَّهِ﴾، وەک لە مانای گشتییەکەی دا، گوتمان: لێرەدا خوا ﷻ کە بە پرسیارکردنی نکووڵیلێکەرانە دەپرسێ (**أَفَمَن**)؟ چونکە هەمزەکە بۆ پرسیاری نکووڵیلێکردنە، ئایا کەسێک کە خوا ﷻ سینەی گوشاد کردوە بۆ ئیسلام، سەرەنجام کەوتۆتە سەر ڕووناکییەک لە پەروەردگاریەوە، وا چاوەڕێ دەکرا بفەرموێ: وەک کەسێک وایە کە دڵ و سینەی داخراوە، بەرانبەر بە هیدایەتی خواو، کەوتۆتە نێو تاریکایی؟! بەڵام لە جیاتی ئەوە دەفەرموێ: ﴿فَوَيْلٌ لِّلْقَٰسِيَةِ قُلُوبُهُم مِّن ذِكْرِ ٱللَّهِ﴾، واتە: کەسێک کە خوا سینەی گوشاد کردوە بۆ ئیسلام و کەوتۆتە سەر ڕووناکیی لە پەروەردگاریەوە، وەک کەسێک نیە کە دڵی ڕەق و سەختە لە بەرانبەر هیدایەتی خوادا، ئنجا سزای سەخت بۆ دڵڕەقان لە بەرانبەر یادی خواو بەرنامەی خوادا، یانی: خوا ﷻ بە بەراوردکردنی ئاسایی بەراوردی نەکردوەو وێڕای باسکردنی بەرانبەرەکە، کە بابایەکی دڵ داخراو و سینە تەنگە بەرانبەر بە هیدایەتی خوا، باسی سزایەکەشی بکات، ﴿فَوَيْلٌ لِّلْقَٰسِيَةِ قُلُوبُهُم مِّن ذِكْرِ ٱللَّهِ﴾، سزای سەخت بۆ دڵڕەقان لە بەرانبەر یادی خوادا، وشەی: (**الْقَاسِي: الْمُتَّصِفُ بِالْقَسَاوَةِ فِي الْحَالِ، وَحَقِيقَةُ الْقَسَاوَةِ: الْغِلَظُ وَالصَّلَابَةُ فِي الْأَجْسَامِ**)، وشەی (**قَاسِي**): کەسێکە کە ئێستا دڵی سەخت و ڕەق بێ، چییەتی (**قَسَاوَة**)یش بریتیە لە زبریی و، سەختیی و، ڕەقیی لە جیسمەکاندا (لەو شتانەدا کە ماددیین)، بەڵام لێرەدا خوازراوەتەوە بۆ دڵڕەقیی و، دڵداخراویی لە بەرانبەر هیدایەت و یادی خوادا.

٤)- ﴿أُوْلَٰٓئِكَ فِي ضَلَٰلٖ مُّبِينٍ﴾، ئا ئەوانە لە گومڕاییەکی ئاشکرادان، (**الْمُبِينُ: الشَّدِيدُ الْبَيَانِ، الَّذِي لَا يَخْفَى لِشِدَّتِهِ**)، لە گومڕاییەک دان کە هێندە ڕوونە، هیچ پەنهان نیە، واتە: هەر کەسێک تەماشای بکات، دەزانێ کە ئەوە زۆر گومڕاییە.

(الطبري) لە تەفسیرەکەی خۆیدا[1] دەڵێ: **(وَجَوَابُ الإِسْتِفْهَام اِجْتِزَاءٌ بِمَعْرِفَةِ السَّامِعِينَ الْمُرَاد مِنَ الْكَلَام، إِذْ ذُكِرَ أَحَدُ الصِّنْفَيْنِ، وَجَعَلَ مَكَانَ ذِكْرِ الصِّنْف الْآخَر الْخَبَر عَنْهُ بِقَوْلِهِ:** ﴿فَوَيْلٌ لِّلْقَٰسِيَةِ قُلُوبُهُم مِّن ذِكْرِ ٱللَّهِ﴾).

واتە: وەڵامی پرسیارکردنەکە کە دەفەرمووێ: ﴿أَفَمَن شَرَحَ ٱللَّهُ صَدْرَهُۥ لِلْإِسْلَٰمِ﴾، - کە وەک گوتمان: پرسیارکردنی نکووڵییلێکەرانەیە - بەوە ئیکتیفا کراوە کە بیسەرەکان دەزانن مەبەست لەو قسەیە چییە؟ چونکە یەکێک لە دوو شتان باسکراوەو، لە شوێنی شتی دووەمدا هەواڵی لە بارەوە داوە بەوە کە دەفەرمووێ: ﴿فَوَيْلٌ لِّلْقَٰسِيَةِ قُلُوبُهُم مِّن ذِكْرِ ٱللَّهِ﴾، سزای سەخت بۆ دڵڕەقان لە ئاست یادی خوادا.

کە دەفەرمووێ: ﴿مِّن ذِكْرِ ٱللَّهِ﴾، ئەمە دوو واتای هەیە:

١)- یان (**مِنْ**) بە مانای (**عَنْ**)ە، واتە: (**عَنْ ذِكْرِ الله**)، ئەویش بەوە کە وشەی (**قَاسِيَة**) مانای (**المُعْرِضَة وَالنَّافِرَة**) واتە: پشت هەڵکردوو و سڵەمیوەوەی خراوەتە نێو، واتە: سزای سەخت بۆ ئەوانەی کە لە ئاست یادی خوادا دڵیان ڕەقەو، پشتیان لە یادی خوا کردوەو، لێی سڵەمیونەوەو لێی دوور کەوتوونەوە.

٢)- یاخود: ﴿مِّن ذِكْرِ ٱللَّهِ﴾، (**مِنْ**) بە مانای: (**مِنْ أَجْلِ ذِكْرِ اللَّهَ، أَي: حَصَلَتْ قَسَاوَةُ قُلُوبِهِمْ مِنْ أَجْلِ أَنْ يُذْكَرَ اللَّهُ**)، ڕەقیی و زبریی لە دڵەکانیاندا پەیدابووە بەهۆی یادی خواوە، کە بە تەئکید مەبەست لە: ﴿مِّن ذِكْرِ ٱللَّهِ﴾، قورئانە، کە زیکری تایبەتە، یاخود بە گشتیی بە مانای یادی خواو، خوا لە بیر بوون و، پەیامی خواو، ئایین و بەرنامەی خوایە.

لە سوورەتی (**التوبة**)دا خوا ﷻ بەو شێوەیە تەعبیر لەوە دەکات کە لێرەدا هاتووە، دەفەرمووێ: ﴿وَإِذَا مَآ أُنزِلَتْ سُورَةٌ فَمِنْهُم مَّن يَقُولُ أَيُّكُمْ زَادَتْهُ هَٰذِهِۦٓ إِيمَٰنًا ۚ فَأَمَّا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ فَزَادَتْهُمْ إِيمَٰنًا وَهُمْ يَسْتَبْشِرُونَ ﴿١٢٤﴾ وَأَمَّا ٱلَّذِينَ فِى

---

(١) جامع البيان: ج٢٣، ص٢١٢.

قُلُوبِهِم مَّرَضٌ فَزَادَتۡهُمۡ رِجۡسًا إِلَىٰ رِجۡسِهِمۡ وَمَاتُواْ وَهُمۡ كَٰفِرُونَ ﴿١٢٥﴾، واتە: کاتێک سوورەتێک دادەبەزێ، هەیانە دەڵێ: (واتە لە دڵ نەخۆش و دەغەڵەکان) کامەتان ئەم سوورەتە بڕوای بۆ زیادکردن؟ (خوا ﷻ دەفەرموێ:) بەڵام ئەوانەی بڕوایان هێناوە، ئەو سوورەتە ئیمانی بۆ زیادکردن و ئەوان دڵخۆشن (بەوەی کە سوورەتێکی دیکەش بەشێوەی دیکە، لە فەرمایشتی خوادا دابەزیوە). بەڵام ئەوانەی کە دڵیان نەخۆشیی تێدایە، (نەخۆشیی گومان و دوو دڵیی و نیفاق)، ئەو سوورەتە پیسیی بۆ گەڵ پیسیەك کە لە دڵیاندا هەیە زیادی دەکات و بە بێبڕواییش دەمرن.

ئەمەش ڕێک وەک ئەوە وایە کە بارانێک یان بەفرو تەرزەیەک دابارێتە سەر دوو شوێن، شوێنێکیان پارچە زەوییەکی بە پیتی بەرەکەتدارە، کە لە ئەنجامی ئەو ئاوەدا کە دەبارێ، بە شێوەی باران و بەفرو تەرزە، دانەوێڵە دەڕوێ، جۆو، گەنم و، نیسک و، هەرزن و، یان درەختی میوە، یان سەوزەو، تەرەکار دەڕوێ، واتە: شتێکی لێ دەڕوێ کە خەڵک لێی بەهرەمەندن، زەوییەکی دیکەش، هەر هەمان ئاو دابەزیوەتە سەری، بەڵام هەمووی زیخ و بەردە، یان هیچ سەوز ناکات، یاخود دڕک و داڵ سەوز دەکات، هەر یەک جۆرە ئاوە، بەڵام بەپێی سروشت و جیاوازیی زەوییەکان، بەرهەمیان و ئەوەی کە لێیان پەیدا دەبێ، زۆر جیاوازە، دژو پێچەوانەی یەکدییە، قورئانیش هەر یەک قورئانەو، بۆ ئیمانداران دەبێتە هۆی زیادبوونی ئیمانیان و دڵخۆش بوونیان، بەڵام بۆ دڵ نەخۆشان دەبێتە هۆی زیاتر دڵنەخۆش بوونیان، چونکە پێشێ بێبڕوابوون بە بەشێک لە فەرمایشتی خوا، ئنجا کە بەشێکی دیکە لە فەرمایشتی خوا دادەبەزێ، بەوەش هەر بێبڕوا دەبن، کەواتە: بێبڕواییەکەیان تۆختر دەبێتەوەو نەخۆشییەکەیان زیاتر دەبێ، یان کۆمەڵێک ڕاستیی دیکە دادەبەزن، ئەوانیش نکوولییان لە ڕاستییەکانی پێشێ کردوە، ئنجا لەوانەش هەر نکوولیی دەکەن، ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوە کە کوفرو نەخۆشیی دڵ و دەروونیان سەختترو خەستتر بێتەوە.

لەو بارەوە ئەو فەرمایشتەی پێغەمبەر ﷺ ئەم دەقەی سوننەت دێنین، هەرچەندە هەندێک لە زانایان لە بارەی سەنەدەکەیەوە، مشت و مڕیان هەیە، چەند دەقێکیش لەو بارەوە هەن و، من ئەوەیانم هێنا کە لەڕووی سەنەدەوە، ئەگەر ڕاستیش نەبێ، لە چاکییەوە نزیکتربێ و، بێگومان مانایەکەشی ڕاستە:

{مِنْ حَدِيثِ ابْنِ عُمَرَ: أَنَّ رَجُلًا قَالَ يَا رَسُولَ اللَّهِ ﷺ: أَيُّ الْمُؤْمِنِينَ أَكْيَسُ؟ قَالَ:» أَكْثَرُهُمْ لِلْمَوْتِ ذِكْرًا، وَأَحْسَنُهُمْ لَهُ اسْتِعْدَادًا، وَإِذَا دَخَلَ النُّورُ فِي الْقَلْبِ انْفَسَحَ وَاسْتَوْسَعَ، قَالُوا: فَمَا آيَةُ ذَلِكَ يَا نَبِيَّ اللَّهِ؟ قَالَ: الْإِنَابَةُ إِلَى دَارِ الْخُلُودِ، وَالتَّجَافِي عَنْ دَارِ الْغُرُورِ، وَالِاسْتِعْدَادُ لِلْمَوْتِ قَبْلَ نُزُولِ الْمَوْتِ}[١].

واتە: عەبدوڵڵای کوڕی عومەر (خوا لە خۆی و بابی ڕازی بێ)، دەڵێ: پیاوێک گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا! ﷺ کام لە بڕواداران عاقڵترو بەهۆشترە؟ فەرمووی: ئەوەیان کە زیاتر یادی مردن دەکات و، ئەوەیان کە باشتر خۆی بۆ ئامادە دەکات، کاتێک ڕووناکیی (هیدایەتی خوا) چووە نێو دڵی، ئەو دڵە فراوان دەبێ و لێک دەکشێتەوە، گوتیان: ئەی پێغەمبەری خوا! ﷺ نیشانەی ئەوە چییە؟ (سێ شتی هەڵدان وەک نیشانە بۆ نیشتەجێ بوون و سەقامگیربوونی ئەو ڕووناکییەی هیدایەتی خوا لە دڵدا) فەرمووی: گەڕانەوە بۆ مەنزڵگای نەبڕاوە، (واتە: یادکردنی ڕۆژی دوایی و، هەمیشە لەبەرچاو بوونی ڕۆژی دوایی)، دوورە پەرێزیی لە مەنزڵگای فریودەر (دوورە پەرێزیی بەو واتایە نا کە هیچی تێدا نەکات، بەڵکو بەو واتایە کە باوەشی پێدانەکات)، خۆ ئامادەکردن بۆ مردن، پێش دابەزینی مردن.

ئەو سێ نیشانەیە، نیشانەی ئەوەن کە ئەو دڵە هیدایەتی خوایی و ڕووناکیی ئیمانی تێدا نیشتەجێ بووە.

---

(١) أخرجه الحكيم الترمذي في نوادر الأصول ص١٢٥، وغيره، وضعفه الألباني في «الضعيفة»: ٩٦٥.

مەسەلەی دووەم:

پێناسەی قورئان بە دە (١٠) لە سیفەت و شوێنەوارەکانی و، هۆکاری پێ ڕاستە ڕێی بوونی و، سەرگەردان و بێ مراد بوونی لێ لادەرانی:

خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿اللَّهُ نَزَّلَ أَحْسَنَ الْحَدِيثِ كِتَابًا مُّتَشَابِهًا مَّثَانِيَ تَقْشَعِرُّ مِنْهُ جُلُودُ الَّذِينَ يَخْشَوْنَ رَبَّهُمْ ثُمَّ تَلِينُ جُلُودُهُمْ وَقُلُوبُهُمْ إِلَىٰ ذِكْرِ اللَّهِ ۚ ذَٰلِكَ هُدَى اللَّهِ يَهْدِي بِهِ مَن يَشَاءُ ۚ وَمَن يُضْلِلِ اللَّهُ فَمَا لَهُ مِنْ هَادٍ ﴿٢٣﴾﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتە، لە حەوت بڕگەدا:

١)- ﴿اللَّهُ نَزَّلَ أَحْسَنَ الْحَدِيثِ﴾، خوا ﷻ باشترین فەرمایشتی دابەزاندوە، وشەی (**نَزَّلَ**) ئەوە دەگەیەنێ کە قورئان پلە پلە دابەزیوە، وەک زانایانی شارەزاو پسپۆڕانی قورئان دەڵێن: (**نَزَّلَ مُنَجَّماً**)، واتە: بەش بەش و پلە پلە دابەزیوە، کە ئەوە ڕاستەو قورئان لە ماوەی (٢٣) ساڵدا دابەزیوەتە سەر دڵی موبارەکی پێغەمبەر ﷺ.

﴿أَحْسَنَ الْحَدِيثِ﴾، دیارە (**أل**)ی سەر (**الحَدِيْث**) بۆ ناساندنەو، مەبەست لە ناساندنەکە لێرەدا بۆ تێکڕا (جنس)یە، واتە: باشترین فەرمایشتە بە ڕەهایی، چونکە ئەم قورئانە باشترین هەواڵەکانی پێغەمبەرانەو، باشترین ماناو مەبەستە سوود بەخشەکان و، کۆکەرەوەترین ماناو مەبەستەکانی گرتوونە خۆی.

٢)- ﴿كِتَابًا مُّتَشَابِهًا﴾، کتێبێکە وێکچوویە، (**الطَّبَرِي**) دەڵێ: (**يُشْبِهُ بَعْضُهُ بَعْضًا، لَا اخْتِلَافَ فِيهِ، وَلَا تَضَادَّ**)، هەندێکی بە هەندێکی دەچێ و، هیچ ناکۆکیی و دژایەتیی تێدانیە.

٣)- ﴿مَّثَانِيَ﴾، دووپاتکراوەکانە، یان کۆی (**مُثَنَّى**)یە، یانی: دووان، یاخود کۆی (**مَثْنَى**)یە، کە (**مَثْنَى**)اش دیسان ناوە بۆ ئەوە کە شتێکی ژمێردراو بکرێتە جووت، وەک: (**مثنى وثلاث ورُباع**)، کەواتە: ئەگەر کۆی (**مُثَنَّى**) بێ، یان کۆی (**مَثْنَى**) بێ، واتە: مەبەستەکان تێیدا دووبارە دەکرێنەوە.

یاخود (مثاني) کۆی (مثْنى)یە بە مانای (ثناء) یانی: پێهەڵگوتن، مەبەست ئەوەیە کە ئەم قورئانە مەدح و ستایش و سەنای خوای پێ دەکرێ.

٤)- ﴿ تَقْشَعِرُّ مِنْهُ جُلُودُ ٱلَّذِينَ يَخْشَوْنَ رَبَّهُمْ ﴾، ئەوانەی سام و هەیبەتیان بەرانبەر بە پەروەردگاریان هەیە، پێستیان بە هۆیەوە ڕێک دێ، پێستیان مچووڕکەو، تەزووی پێ دادێ، (اقْشَعَرَّ الجِلْدُ، إذَا تَقَبَّضَ تَقَبُّضاً شَدِيداً كَالَّذِي يَحْصُلُ عِنْدَ شِدَّةِ بَرْدِ الجَسَدِ ورِعْدَتِهِ)، (اقْشَعَرَّ الجِلْدُ) واتە: پێست هاتەوە یەک، ڕێک هات، گرژ بوو، وەک ئەوەی کە لە حاڵەتی سەرمایەکی زۆردا، مرۆڤ پێستی ڕێک دێ، پێست کونەکانی خۆی دادەخات، تاکو ئەو گەرمایەی لە نێو جەستەدا هەیە نەچێتە دەر، بە پێچەوانەی کاتی گەرما بوونەوەیە، کە پێست کونەکانی خۆی دەکاتەوە بە فەرمانی مێشک، خوای کاربەجێ وایداناوە کە گەرمای نێو جەستە بچێتە دەرێ، لە ڕێی ئارەقە کردنەوە.

٥)- ﴿ ثُمَّ تَلِينُ جُلُودُهُمْ وَقُلُوبُهُمْ إِلَىٰ ذِكْرِ ٱللَّهِ ﴾، دوایی پێستەکانیشیان و، دڵەکانیشیان، بەرەو یادی خوا نەرم دەبن، (واللِّيْنُ: مُسْتَعَارٌ لِلْقَبُولِ، والسُّرُورِ، وَهُوَ ضِدٌّ لِلْقَسَاوَةِ)، وشەی: (لِيْن) خوازراوەتەوە بۆ پەسند کردن و دڵخۆشیی و (لِيْن) پێچەوانەی سەختیی و ڕەقییە.

٦)- ﴿ ذَٰلِكَ هُدَى ٱللَّهِ يَهْدِى بِهِۦ مَن يَشَآءُ ﴾، ئا ئەوە ڕێنمایی خوایە، ڕاستە ڕێ دەکات بەهۆی (ئەو ڕێنمایی)ەوە، هەر کەسێک کە بیەوێ.

٧)- ﴿ وَمَن يُضْلِلِ ٱللَّهُ فَمَا لَهُۥ مِنْ هَادٍ ﴾، هەر کەسێک خوا گومڕای بکات هیچ ڕێنمایی کارێک، یاخود هیچ ڕاستە ڕێکەرێکی دەست ناکەوێ، لە شوێنی دیکە دەفەرموێ: ﴿ قُلْ إِنَّ هُدَى ٱللَّهِ هُوَ ٱلْهُدَىٰ ﴿١٢٠﴾ ﴾البقرة، بڵێ: ڕێنمایی تەنیا ڕێنمایی خوایە، تەنیا خوا ﷻ دەزانێ ڕێنمایی ڕاست چۆنەو، بە کوێ دایەو، خەڵکی بۆ ڕێنمایی دەکات؟

کورتە باسێک لە بارەی
دە (١٠) لە سیفەتەکانی قورئان و خوێنەرەکانیەوە

لەبەر ڕۆشنایی ئایەتی (٢٣) سوورەتی (**الزمر**)دا:

کە ئەمە دەقەکەیەتی: ﴿ٱللَّهُ نَزَّلَ أَحْسَنَ ٱلْحَدِيثِ كِتَٰبًا مُّتَشَٰبِهًا مَّثَانِىَ تَقْشَعِرُّ مِنْهُ جُلُودُ ٱلَّذِينَ يَخْشَوْنَ رَبَّهُمْ ثُمَّ تَلِينُ جُلُودُهُمْ وَقُلُوبُهُمْ إِلَىٰ ذِكْرِ ٱللَّهِ ۚ ذَٰلِكَ هُدَى ٱللَّهِ يَهْدِى بِهِۦ مَن يَشَآءُ ۚ وَمَن يُضْلِلِ ٱللَّهُ فَمَا لَهُۥ مِنْ هَادٍ﴾، لەم ئایەتە بەرزو بەپێزەدا، خوای بەرزی مەزن بە دە (١٠) سیفەتان پێناسەی قورئان و کاریگەرییەکانی قورئانی کردوە، لەسەر کەسانێک کە دەیخوێننەوە، ئەمەش هەڵهێنجانی خۆمە، بەڵێ تەفسیرەکان زۆر شتیان باسکردوە، بەڵام نەمبینیوە بەم شێوەیە، لەم ئایەتە موبارەکەدا، ئەو خەسڵەتە بۆ قورئان و، خوێنەرانی قورئان و، کاریگەرییەکانی قورئان خرابنە ڕوو:

١)- (أَللَّه) خوا ﷻ سەرچاوەی قورئانە، چونکە دەفەرموێ: ﴿ٱللَّهُ نَزَّلَ أَحْسَنَ ٱلْحَدِيثِ﴾، کەواتە: (**أَللَّه**) خوا ﷻ سەرچاوەی قورئانەو، خواش ﷻ خاوەنی سەرجەم ناوو سیفەتە بەرزەکانە، چونکە خوا (**اللَّه**)، خاوەنی سەرجەم ناوو سیفەتەکانەو، ناوی (**أللە**) کۆکەرەوەی هەموو سیفەتەکانە لە نێویشیاندا پەروەردگارێتیی و، بەدیهێنەرایەتیی و، خاوەندارێتیی و، حکومڕانێتیی، ... هتد، ئنجا کە خوا ﷻ سەرچاوەی قورئانە، مانای وایە ئەو قورئانە خوا ﷻ سیفەتەکانی خۆی تێدا درەوشاندوونەوە، بۆیە یەکێک لە خواناسان دەڵێ: (**لَقَدْ تَجَلَّى اللَّهُ فِي كِتَابِهِ لِلناس**)، بە دڵنیایی خوا لە کتێبی خۆیدا درەوشاوەتەوە بۆ خەڵک، هەڵبەتە بۆ کەسانێک، کە باش سەرنجی بدەن و، لەگەڵی ئاوێتە بن و، قەدری بزانن.

٢)- (نَزَّلَ): کەواتە: قورئان بە پلە پلەو لە ماوەی (٢٣) ساڵاندا دابەزیوە، کە هەر ئەوە بۆ خۆی - کە قورئان لە ماوەی (٢٣) ساڵاندا دابەزیوە - موعجیزەیەکی سەربەخۆیە، چونکە ئێمە دەبینین مرۆڤەکان ئەمڕۆ قسەیەک دەکەن سبەینێ هەڵیدەوەشێننەوە، بەڵام ئەم قورئانە مەزنە فەرمایشتی خوایە، لە ماوەی (٢٣) ساڵان دا، ئنجا قسەیەک کە لە سەرەتای (٢٣) ساڵەکەدا کردوویەتی، لەگەڵ ئەوەدا کە لە کۆتایی (٢٣) ساڵەکەدا کردوویەتی، هەمووی وەک ئاڵقەکانی زنجیر یەکدی دەبەستنەوە، بێجگە لە خواش ﷻ هیچ کەسێکی دیکە توانای ئەوەی نیە، بەو شێوەیە فەرمایشت بفەرمویٚ.

٣)- ﴿أَحْسَنَ ٱلْحَدِيثِ﴾: خوا قورئانی بە: ﴿أَحْسَنَ ٱلْحَدِيثِ﴾، باشترین فەرموودە وەسفکردوە، (**حديث**) بە مانای هەواڵەو بە مانای قسەیە، (**الحَدِيْث: الخَبَرُ، الكَلَام**)، ئنجا ئایا قورئان لە چ ڕوویەکەوە باشترین فەرمایشتە؟ دەڵێین: هەم لە ڕووی واتاو نێوەڕۆکیەوە، هەم لە ڕووی بێژەکانیەوە، هەم لە ڕووی پێکهاتەی پیت و وشەو بڕگەکانیەوە، واتە: قورئان باشترین فەرمایشتە: أ- لە ڕووی پاراویی و ڕوونییەوەو، ب- لە ڕووی ڕەوانبێژییەوەو، ج- لە ڕووی ماناو نێوەڕۆکیشیەوە.

٤)- ﴿كِتَٰبًا﴾: قورئان وێڕای ئەوەی کە فەرمایشتەو دەبیسترێ و دەخوێنرێتەوەو، دەگوترێ، کتێبیشە (**كتاب**) واتە: نووسراوە، هەم بەشێوەی خوێنراوە (**مقروء**) قورئان لەبەر دەستی ئێمەدا هەیە، کە لە ڕێی قورئان خوێنەکانەوە بە تەواتور بە ئێمە گەیشتوەو، هەم بە نووسراوییش لەبەر دەستی ئێمەدا هەیە، واتە: ئەو باشترین فەرمایشتەی خوا، هەم قورئانەو، هەم کتێبە، هەم خوێنراوەیەو هەم نووسراوە، هەم خوێنراوەیەو دەبیسترێ، هەم نووسراوەو دەخوێنرێتەوە.

٥)- ﴿مُّتَشَٰبِهًا﴾: قورئان، وێکچووە، هەندێکی بە هەندێکی دەچێ، (**أَي: مَعَانِيه مُتَشَابِهَةٌ فِي صِحَّتِهَا وَأَحْكَامِهَا وَابْتِنَائِهَا عَلَى الْحَقِّ وَالصِّدْقِ، وَأَلْفَاظُهُ مُتَمَاثِلَةٌ فِي الشَّرَفِ وَالْفَصَاحَةِ وَالْإِصَابَةِ لِلْأَغْرَاضِ مِنَ الْمَعَانِي**)، هەندێک لە ڕوونکەرەوانی قورئان ئاوایان وشەی (**مُتَشَابِه**) شیکردۆتەوە.

واتە: واتاکانی وێکدەچن لە ڕووی ڕاستییەوەو، یاساکانی لەو ڕووەوە کە لەسەر هەق بنیاتنراون، بێژەکانی وێکدەچن لە ڕووی شەڕەف و ڕوونیی و پاراوییەوەو، لەو ڕووەوە کە مانایەکان دەپێکن، بۆیە خوا ﷻ لە سوورەتی (النساء)دا دەفەرمووێ: ﴿أَفَلَا يَتَدَبَّرُونَ ٱلْقُرْءَانَ وَلَوْ كَانَ مِنْ عِندِ غَيْرِ ٱللَّهِ لَوَجَدُوا۟ فِيهِ ٱخْتِلَٰفًا كَثِيرًا ﴿٨٢﴾﴾، واتە: ئایا لە قورئانەوە ڕانامێنن، ئەگەر لەلای جگە لە خواوە بووایە، نارێکیی و ناکۆکیی زۆریان تێدا دەبینی.

بەڵام لێرەدا دەبێ وریابین، (مُتَشَابِهاً) کە لێرەدا هاتوە، مانایەکەی جیایە لە وشەی (**مُتَشَابِهَات**) کە لە سوورەتی (**آل عمران**)دا هاتوە، کە دەفەرمووێ: ﴿مِنْهُ ءَايَٰتٌ مُّحْكَمَٰتٌ هُنَّ أُمُّ ٱلْكِتَٰبِ وَأُخَرُ مُتَشَٰبِهَٰتٌ ﴿٧﴾﴾، واتە: لە قورئان ئایەتانێکی موحکەم هەن و هەندێکیشیان (**مُتَشَابِهَات**)ن، زۆربەی زانایان مانای (**مُحْكَمَات**) یان ئاوا لێکداوەتەوە: (**وَاضِحَاتِ المَعْنَى**) مانایەکەیان ڕۆشنە، بەڵام (**مُتَشَابِهَات**)یان بەوە لێکداوەتەوە، کە زیاتر لە واتایەک هەڵدەگرن، یاخود واتای وێکچوویان هەن.

لێرەدا کە دەفەرمووێ: ﴿مُّتَشَٰبِهًا﴾، مەبەست پێی ئەوەیە کە قورئان، هەم واتایەکانی، هەم بێژەکانی پێکدەچن، هەندێکی بە هەندێکی دەچێ لە ڕووی ڕاستیی و تەواویی و، لە ڕووی لە ئامانجدان و، لە ڕووی ڕەوانبێژییەوە.

بەڵام لە سوورەتی (**آل عمران**)دا، خوا عزوجل بەشێوەیەکی دیکە باسی قورئان دەکات، دەفەرمووێ: ﴿ءَايَٰتٌ مُّحْكَمَٰتٌ ﴿٧﴾﴾آل عمران، (**مُحْكَمَات**) کۆی (**محكم**)ە، واتە: قاییم و پتەو، بێ درزو کەلێن، یانی: ئایەتانێکی مانا ڕۆشنن، بەڵام هەندێکیان لە ئایەتەکان (**مُتَشَابِهَات**)ن، واتە: مانای وێکچوویان هەن، یاخود زیاتر لە واتایەک هەڵدەگرن.

٦)- ﴿مَّثَانِىَ﴾: وەک پێشتر باسمانکرد، یان کۆی (**مُثَنَّى**)یە، یاخود کۆی (**مَثْنَى**)یە، (**مُثَنَّى**) واتە: دووان، (**مَثنى**) واتە: (**إِثْنَيْنِ إِثْنَيْن**) دووان دووان، وەک خوا ﷻ دەفەرمووێ:

﴿ مَثۡنَىٰ وَثُلَٰثَ وَرُبَٰعَ ﴿٣﴾ ﴾النساء، واتە: دوو دوو و سێ سێ و چوار چوار، کەواتە: (مَثَانِي) چ کۆی (مُثَنَّى) بێت، واتە: دووان، چ کۆی (مَثْنَى) بێت، واتە: دوو دوو، هەردووکیان مەبەست پێیان پێ دووبارە بوونەوەیە، واتە: ئایەتەکانی قورئان دووبارە دەبنەوە، واتاو مەبەستەکانیان تێدا دووبارە دەبنەوە، بەڵام هەرجارە بە تام و چێژێک، وەک لە سوورەتی (الحجر)دا، خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ وَلَقَدۡ ءَاتَيۡنَٰكَ سَبۡعٗا مِّنَ ٱلۡمَثَانِي وَٱلۡقُرۡءَانَ ٱلۡعَظِيمَ ﴿٨٧﴾ ﴾، واتە: بە دڵنیایی بە تۆمان داوە حەوت لە (مَثَانِي)، (حەوت لەو ئایەتانەی کە دووبارە دەبنەوە)و، قورئانی مەزنیشمان بە تۆ داوە.

(مَثَانِي) وێڕای ئەوە کە دەگونجێ کۆی (مُثَنَّى) بێت، یان کۆی (مَثْنَى) بێت، بە مانای: دوو دوو، دەشگونجێ مەبەست پێی دوو دوو نەبێ، بەڵکو مەبەست پێی (ثناء) بێ، یانی: سەناو مەدح و ستاییشی خوا ﷻ لە میانی قورئاندا هەیە.

ئنجا ئایا بۆچی خوا ﷻ قورئانی وا دابەزاندوە، کە مەبەستەکانی تێدا دووبارە ببنەوە؟

چونکە دووبارە بوونەوە زۆرجاران مانایەکە زیاتر ڕۆدەچوێنێ و زیاتری دادەمەزرێنێ لە دڵ و عەقڵی مرۆڤدا، هەروەک دایکمان عائیشە (خوا لێی ڕازی بێ) لە وەسفی قسەکردنی پێغەمبەردا ﷺ گوتوویەتی: پێغەمبەری خوا ﷺ کە قسەیەکی دەکرد، سێ جاران دووبارەی دەکردەوە.

هەڵبەتە هەموو قسەیەکی سێ جاران دووبارە نەکردۆتەوە، بەڵام هەندێک جار کە مەبەستی بوو بێ، سێ جاران قسەیەکی دووبارە کردۆتەوە، بۆ ئەوەی چاک لێی تێبگەن، لە چەند فەرموودەیەکیشدا هاتوە دەڵێ: پێغەمبەر ﷺ سێ جاران وایفەرموو.

٧)- ﴿ تَقۡشَعِرُّ مِنۡهُ جُلُودُ ٱلَّذِينَ يَخۡشَوۡنَ رَبَّهُمۡ ﴾، ئەوانەی سام و هەیبەتیان بەرانبەر بە پەروەردگاریان هەیە، یاخود لە پەروەردگاریان دەترسێن بە مەزن گرتنەوە، پێستیان مچووڕکەی پێدادێ بە هۆی قورئانەوەو، تەزووی پێدادێ، (**تَقْشَعِرُّ: أَي تَأْخُذُهَا الْقَشْعَرِيْرَة**)،

(قَشْعَرِيْرَة) بە كوردیی بە مانای مچووڕكەو تەزوویە، یانی: ڕێک هاتن و گرژ بوون، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ كە مرۆڤ هەتا زیاتر خوا ﷻ بناسێ، زیاتر لە فەرمایشتەكەی تێدەگات و زیاتر قەدری فەرمایشتەكەی دەزانێ، چونكە دەفەرمووێ: ﴿تَقۡشَعِرُّ مِنۡهُ جُلُودُ ٱلَّذِينَ يَخۡشَوۡنَ رَبَّهُمۡ﴾، ئەوانەی ترس و سام و هەیبەتیان بەرانبەر بە پەروەردگاریان هەیە، بە هۆی قورئانەوە، پێستیان ڕێک دێ و مچووڕكەی پێدادێ.

٨)- ﴿ثُمَّ تَلِينُ جُلُودُهُمۡ وَقُلُوبُهُمۡ إِلَىٰ ذِكۡرِ ٱللَّهِ﴾، دوایی پێستەكانیشیان و دڵەكانیشیان بەرەو یادی خوا نەرم دەبن.

٩)- ﴿إِلَىٰ ذِكۡرِ ٱللَّهِ﴾، ئەمەش سیفەتێكی دیكەیە، كە خوا ناوی لە قورئان ناوە: ﴿ذِكۡرِ ٱللَّهِ﴾، یادی خواو، باسی خوا، لێرەدا دەگونجێ بڵێین: لە كاتێكدا ئەوانەی قورئان دەخوێنن، باسی سزای خوا دەكرێ، باسی دادگەریی خوا دەكرێ، باسی مەزنیی و بەرزیی خوا دەكرێ، ئەوانە مچووڕكەیان پێدادێ و، پێستیان ڕێک دێ و گرژ دەبێ، بەڵام كاتێ باسی بەزەیی خواو، پاداشتی خواو، میهرەبانیی خوا، دەكرێ، دڵیان نەرم دەبێ و پێستیشیان نەرم دەبێ.

(فخر الدين الرازي) قسەیەكی جوانی لەو بارەوە هەیە لە تەفسیرەكەیدا[1]، دەڵێ: (قَالَ الْمُحَقِّقُونَ مِنَ الْعَارِفِينَ قَالُوا: السَّائِرُونَ فِي مَبْدَأ إِجْلَالِ اللَّهِ، إِنْ نَظَرُوا إِلَى عَالَمِ الْجَلَالِ طَاشُوا، وَإِنْ لَاحَ لَهُمْ أَثَرٌ مِنْ عَالَمِ الْجَمَالِ عَاشُوا).

واتە: لێكۆڵەرەوان لە خواناسان گوتوویانە: ئەوانەی كە بەرەو خوا دەچن، لە سەرەتای بە مەزنگرتنی خواوە، كاتێک كە تەماشای جەلال و هەیبەتی خوا دەكەن، هۆشیان سەرسام دەبێ، بەڵام كاتێک كە شوێنەوارێک لە جوانیی و میهرەبانیی خوایان بۆ دەردەكەوێ، بەوە زیندوو دەبنەوەو دەژیێنەوە.

١٠)- ﴿ذَٰلِكَ هُدَى ٱللَّهِ يَهۡدِي بِهِۦ مَن يَشَآءُ﴾، ئەمە ڕێنمایی خوایە، (قورئان ڕێنمایی خوایە)، خوا بە هۆی ئەو ڕێنماییەوە، هەر كەسێ بیەوێ، ڕاستە ڕێی دەكات

---

(١) ج٢٦، ص٢٤٩.

واتە: بە ئامانجی دەگەیەنێ و بە مرادی دەگەیەنێ، دوایی دەفەرموێ: ﴿وَمَن يُضۡلِلِ ٱللَّهُ فَمَا لَهُۥ مِنۡ هَادٍ﴾، هەر کەسێ خوا گومڕای بکات بە پێی ئەو یاسایانەی کە لە ژیانی مرۆڤدا داینەون، ئەوانەی کە بەرەو هیدایەتی خوا دێن، هیدایەتی خوا قبووڵ دەکەن، خوا هیدایەتیان بۆ زیاد دەکات و ڕاستە ڕێیان دەکات: ﴿وَٱلَّذِينَ ٱهۡتَدَوۡاْ زَادَهُمۡ هُدٗى وَءَاتَىٰهُمۡ تَقۡوَىٰهُمۡ ١٧﴾ محمد، واتە: ئەوانەی ڕێی ڕاستیان گرتوە، ڕێنماییان بۆ زیاد دەکات، یاخود ڕاستە ڕێیان دەکات، هێدایەتیان بۆ زیاد دەکات، ئەو هیدایەتەش کە زیاد دەکرێ، بریتیە لەبەر چاو ڕوونکردنەوەیان و دڵ دامەزرانیان لەسەر هیدایەتی خواو، ڕاستە ڕێی بوونیان، هەروەها پارێزکارییشیان پێدەبەخشێ، بەڵام هەر بەپێی یاسای خوا: ئەوانەی پشت لە یادی خوا دەکەن، گومڕا دەبن، خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿وَأَمَّا ثَمُودُ فَهَدَيۡنَٰهُمۡ فَٱسۡتَحَبُّواْ ٱلۡعَمَىٰ عَلَى ٱلۡهُدَىٰ فَأَخَذَتۡهُمۡ صَٰعِقَةُ ٱلۡعَذَابِ ٱلۡهُونِ بِمَا كَانُواْ يَكۡسِبُونَ ١٧﴾ فصلت، واتە: گەلی سەموودمان ڕێنمایی کردن، بەڵام ئەوان کوێرییان بەسەر ڕێنمایی (خوا)دا هەڵبژارد.

ئێستاش حەوت دەقان دێنین کە تیشکی زیاترمان بۆ دەخەنە سەر هەندێک لە بڕگەو وشەکانی ئەم ئایەتە موبارەکە، کە وەک گوتمان: دە (١٠) خەسڵەت و سیفەتی قورئان و هەڵگرانی قورئان و، خوێنەرانی قورئان دەخاتە ڕوو، شوێنەوارەکانی قورئان لە کەسانێکدا کە دەیخوێنن و لەگەڵیدا کارلێک دەکەن:

١)- خوا ﷻ لە سوورەتی (**الحشر**)دا، ئاوا قورئانمان بۆ وێنا دەکات دەفەرموێ: ﴿لَوۡ أَنزَلۡنَا هَٰذَا ٱلۡقُرۡءَانَ عَلَىٰ جَبَلٖ لَّرَأَيۡتَهُۥ خَٰشِعٗا مُّتَصَدِّعٗا مِّنۡ خَشۡيَةِ ٱللَّهِۚ وَتِلۡكَ ٱلۡأَمۡثَٰلُ نَضۡرِبُهَا لِلنَّاسِ لَعَلَّهُمۡ يَتَفَكَّرُونَ ٢١﴾، واتە: ئەگەر ئەو قورئانەمان دابەزاندبایە سەر چیایەک، کێوێک، ئەو کێوەت دەبینی: بە ترس و لەرز دەبوو و پارچە پارچە دەبوو، لێک دەبۆوە، لە سام و هەیبەتی خواو، ئەو وێنانە بۆ خەڵکی دێنینەوە، بەڵکو بیر بکەنەوە.

بیر بکەنەوە کە ئەم قورئانە فەرمایشتی خوایەو، ئەو فەرمایشتی خوایە، ئەگەر خوا دایبەزاندبایە سەر چیایەکی سەخت دەترساو، پارچە پارچە دەبوو!

٢)- هەر لە بارەی کاریگەریی قورئانەوە ئەم دەقەش دێنین: {**عَنْ جُبَيْرِ بْنِ مُطْعِمٍ عَنْ أَبِيهِ ﵁، قَالَ: سَمِعْتُ النَّبِيَّ ﷺ يَقْرَأُ فِي الْمَغْرِبِ بِالطُّورِ، فَلَمَّا بَلَغَ هَذِهِ الْآيَةَ: ﴿أَمْ خُلِقُوا مِنْ غَيْرِ شَيْءٍ أَمْ هُمُ الْخَالِقُونَ﴾، (أَمْ خَلَقُوا السَّمَوَاتِ وَالْأَرْضَ بَلْ لَا يُوقِنُونَ، أَمْ عِنْدَهُمْ خَزَائِنُ رَبِّكَ أَمْ هُمُ الْمُسَيْطِرُونَ)، قَالَ: كَادَ قَلْبِي أَنْ يَطِيرَ، وَذَلِكَ أَوَّلُ مَا وَقَرَ الْإِسْلَامُ فِي قَلْبِي**}، (**أَخْرَجَهُ الْبُخَارِي: ٤٥٧٣، وإبن ماجه: ٨٣٢ وغيرهما**).

واتە: جوبەیری کوڕی موتعیم لە بابی دەگێڕێتەوە گوتوویەتی: گوێم لە پێغەمبەری خوا ﷺ بوو لە نوێژی شێواندا سوورەتی (**الطور**)ی دەخوێند: ﴿وَالطُّورِ ۞ وَكِتَابٍ مَسْطُورٍ ۞ فِي رَقٍّ مَنْشُورٍ ۞ وَالْبَيْتِ الْمَعْمُورِ ۞ وَالسَّقْفِ الْمَرْفُوعِ ۞ وَالْبَحْرِ الْمَسْجُورِ ... ﴾، تاکو دەگاتە ئەو شوێنەی کە دەفەرموێ: ﴿أَمْ خُلِقُوا مِنْ غَيْرِ شَيْءٍ أَمْ هُمُ الْخَالِقُونَ ۞﴾، واتە: ئایا ئەوانە بە بێ شت دروستکراون، بەبێ بەدیهێنەر پەیدا کراون، یاخود خۆیان بەدیهێنەری خۆیانن؟ (کە هەردووکیان مەحاڵن، مەحاڵە شتێک پەیدا بکرێ و پەیداکەری نەبێ، مەحاڵیشە شتێک خۆی خۆی پەیدا کرد بێ، کەواتە: ئەگەرێکی دیکە هەیە کە ئەویش خوا بەدیهێنەرە)، هەتا دەگاتە (**مُسَيْطِرُون**)، دەڵێ: خەریک بوو دڵم بفڕێ (ئەوەندە کاریگەر بوو ئەو قورئانخوێندنەی پێغەمبەر ﷺ)، ئەوە یەکەمجار بوو کە ئیسلام چووە نێو دڵمەوەو خوا هیدایەتی دام.

٣)- یەکێک لە زانایان قسەیەکی جوان دەکات دەڵێ: (**لَقَدْ تَجَلَّى اللَّهُ فِي كِتَابِه للناس**)، بە دڵنیایی خوا لە کتێبی خۆیدا بۆ خەڵک درەوشاوەتەوە، چونکە قسەی هەر کەسێک دەرخەری چییەتی ئەو کەسەیە، فەرمایشتی خواش سیفەتەکانی خوای تێدان، زانیاریی خوا، حیکمەتی خوا، بەزەیی خوا، میهرەبانیی خوا، مەزنیی خوا، بەرزیی خوا، سیفەتەکانی خوا، لە فەرمایشتی خوادا درەوشاونەوە.

٤)- هەر لەو بارەوە دەقێکی دیکە دێنین کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: {**إِذَا اقْشَعَرَّ جِلْدُ الْعَبْدِ مِنْ مَخَافَةِ اللَّهِ، تَحَاتَّتْ عَنْهُ خَطَايَاهُ كَمَا يَتَحَاتُّ عَنِ الشَّجَرَةِ البَالِيَة وَرَقُهَا**}

(ذكره الحكيم: (٣٩٥/١)، والبزّار: ١٣٢٢)، قال الهيثمي (٣١٠/١٠): فيه أم كلثوم بنت العباس، ولم أعرفها، وبقية رجاله ثقات، وأورده الألباني في السلسلة الضعيفة (٢٣٤٢/٥)).

واتە: کاتێک مرۆڤی بڕوادار لە ترس و سام و هەیبەتی خوا، پێستی ڕێک دێ، تەزووی پێدادێ، گوناهەکانی لێی هەڵدەوەرن، وەک چۆن درەختێکی شڕبوو، (واتە: درەختێک کە کەوتۆتە گەڵاڕێزان) گەڵایەکانی لێ دەکەونە خوار.

٥)- ئەمەش دەقێکی دیکەیە: **(عَنْ ثَابِتٍ الْبُنَانِيِّ قَالَ: قَالَ فُلَانٌ: إِنِّي لَأَعْلَمُ مَتَى يُسْتَجَابُ لِي! قَالُوا: وَمِنْ أَيْنَ تَعْلَمُ ذَلِكَ؟ قَالَ: إِذَا اقْشَعَرَّ جِلْدِي، وَوَجِلَ قَلْبِي، وَفَاضَتْ عَيْنَايَ، فَذَلِكَ حِينَ يُسْتَجَابُ لِي)**[1].

واتە: سابیتی بونانیی گوتوویەتی: فڵانکەس گوتوویەتی: (واتە: لە زانایەکەوە لە خوا ناسێکەوە هێناویەتی)، من دەزانم کەی وەڵامم دەدرێتەوە؟ (کاتێ دوعا دەکەم، کەی دوعاکەم گیرا دەبێ!) گوتیان: چۆن دەزانی؟ گوتی: هەر کاتێک پێستم مچووڕکەو تەزووی پێداهات و، دڵم جووڵاو لەرزی و، چاوەکانم فرمێسکیان پێداهات، ئەوە ئەو کاتەیە کە دەزانم وەڵام دەدرێمەوە.

ئەوەی ئەو گوتوویەتی: بەلای منیشەوە شتێکی ئەزمونکراوو جەڕبێنراوەو، بەندەش ئەو حاڵەتەم بۆ دەرکەوتوە، ئەو کاتانەی دەزانی پارانەوەکەت قبووڵ دەبێت، هەست بە ئارامیی و ئۆخژنێک و دڵ فەڕاحییەک و شادمانییەک دەکەی کە وەسف ناکرێ.

٦)- **(فخرالدين الرازي)** لە تەفسیرەکەی خۆیدا[2] ئەم دەقەی هێناوە: **(قَالَ: قَتَادَةُ: الْقُرْآنُ دَلَّ عَلَى أَنَّ أَوْلِيَاءَ اللَّهِ مَوْصُوفُونَ بِأَنَّهُمْ عِنْدَ الْمُكَاشَفَاتِ وَالْمُشَاهَدَاتِ، تَارَةً تَقْشَعِرُّ جُلُودُهُمْ، وَأُخْرَى تَلِينُ جُلُودُهُمْ وَقُلُوبُهُمْ إِلَى ذِكْرِ اللَّهِ، وَلَيْسَ فِيهِ أَنَّ عُقُولَهُمْ تَزُولُ، وَأَنَّ أَعْضَاءَهُمْ تَضْطَرِبُ، فَدَلَّ هَذَا عَلَى أَنَّ تِلْكَ الْأَحْوَالَ لَوْ حَصَلَتْ لَكَانَتْ مِنَ الشَّيْطَانِ).**

---

(١) جامع البيان: ج٢٣، ص١٩٩.

(٢) مفاتيح الغيب ج٢٦، ص٢٥٠.

واتـە: قەتـادە دەڵـێ: قورئـان ئـەوە دەگەیەنـێ کـە دۆسـتانی خـوا لـە کاتێـک دا هەندێـک شـتیان بـۆ دەردەکـەوێ و هەندێـک شـت دەبینـن، جـاری وا هەیە پێسـتیان ڕێـک دێ و مچوڕکەیـان پێـدادێ، جـاری واش هەیـە پێسـت و دڵیـان نـەرم دەبـێ بـەرەو یـادی خـواو، بـەڵام لـە قورئانـدا بـاس نەکـراوە کـە دۆسـتانی خـوا عەقڵیـان لـە لای خۆیـان نامێنـێ و بێهـۆش دەبـن و، ئەندامەکانیشـیان جموجۆڵێکـی خـراپ دەکـەن، کەواتـە: ئـەو حاڵانـە کـە پەیدابـوون، مانـای وایـە لـە شـەیتانەوەن.

ئـەو بەڕەهایـی گوتوویـەتی: بـەڵام مـن پێموایـە کـە بـەو ڕەهایـی قسـە کردنـەش بـاش نیـە، چونکـە هەیـە دڵەکـەی تەحەممـولی ئـەوە نـاکات کـە لـە خـواوە بـۆی دادەبـەزێ، واتـە: مـەرج نیـە لـە شـەیتانەوە بـێ، مـەرج نیـە بـۆ خـۆ نوانـدن (**تمثيـل**) وابـکات، چونکـە هەیـە دەنگێکـی لێـدێ و، چریکەیـەک دەکات، یاخود بێهـۆش دەبێ، یـان حاڵەتێکـی بەسـەر دادێ، ناگونجـێ بـە ڕەهایـی بڵێیـن: ئەوانـە هەموویـان لـە شـەیتانەوەن، بەڵکـو جـاری واش هەیـە لەوەوەیـە دڵەکـەی تەحەممـولی ئـەوە نـاکات کـە دادەبەزێتـە سـەری، کـە خـوا ﷻ لـە زانیاریـی و ئیلهامـی خێـر دایدەبەزێنێتـە سـەر دڵـی.

٧)- (**فخر الدين الرازي**) هەر لە سەرچاوەی پێشوودا، دەڵێ: (**الشيخ أبو حامد الغزالي**) لە کتێبی (**إحياء علوم الدين**)ەکەی خۆی لە باسی (**سَمَاع**)دا، باسی ئەوە دەکات کە هەندێک لەوانەی ئەهلی تەزکیەو تەصەووفن، کاتێک هەندێک شیعریان بۆ دەخوێنرێنەوە، جاری وا هەیە حاڵەتێکی نائاساییان بۆ دروست دەبێ، بێهۆش دەبن، یان دەکەونە حاڵەتێکی نائاسایی، بەڵام لە کاتی گوێگرتن لە قورئاندا، ئەو حاڵەتەیان بۆ دروست نابێ.

(**فخـر الديـن الـرازي**) وەک قسـە کـردن لەسـەر ئـەو قسـەیەی (**الغـزالي**)دا دەڵـێ: (**إِنِّي خُلِقْـتُ مَحْرُومًـا عَـنْ هَـذَا الْمَعْنَـى، فَـإِنِّي كُلَّـمَا تَأَمَّلْـتُ فِي أَسْرَارِ الْقُـرْآنِ، اقْشَـعَرَّ جِلْـدِي، وَقَـفَّ شَـعْرِي، وَحَصَلَـتْ فِي قَلْبِـي دَهْشَـةٌ وَرَوْعَـةٌ، وَكُلَّـمَا سَـمِعْتُ تِلْـكَ الْأَشْـعَارِ، غَلَـبَ الْهَـزْلُ عَـلَيَّ، وَمَـا وَجَـدْتُ اَلْبَتَّـةَ فِي نَفْـسِي مِنْهَـا أَثَـرًا**)، واتـە: مـن بێبەشـم لـەو

حاڵەتـە، لـەو واتایـە، بـەڵام هـەر کاتێـک کـە لـە نهێنییـەکانی قورئـان ورد دەبمـەوە، پێسـتم ڕێـک دێ، (واتـە: تـەزووی پێـدادێ)، مووەکانـم دەوەسـتن و، سەرسـامیی و خۆشـحاڵییەک لـە دڵمـدا پەیدادەبـێ، بـەڵام هـەر کاتێـک ئـەو شـیعرانە دەبیسـتم، حاڵەتێکـی گاڵتەپێکـردن لـە منـدا پەیدادەبێ، بـە هیـچ شـێوەیەک ئـەو شـوێنەوارەی کـە بـە هـۆی قورئـان خوێندنـەوە لـە دڵمـدا پەیدادەبـێ، بـە هـۆی بیسـتنی ئـەو شـیعرانەوە لێـم پەیدانابـێ.

منیـش بـە گشـتیی قسـەکەی **(فخـر الديـن الـرازي)** پشـتگیر دەکەم و پشـت ڕاسـتی دەکەمـەوە، قسـەکەی ڕاسـتە، بـەڵام دەبـێ ئـەوەش بزانـرێ کـە هەمـوو کەسـیش وەک **(فخـر الديـن الـرازي)** لـە قورئـان تێنـاگات، تاکـو ئـاوا پێـی کارتێکـراو بـێ، بۆیـە لەوانەیـە هەبـێ لـە شـیعرەکە باشـتر تێبـگات و حاڵەتێکـی ڕووحیـی بـۆ پەیدابـێ کـە بـە هـۆی بیسـتنی قورئانـەوە، بـۆی پەیـدا نەبـێ، لەبـەر ئـەوەی لـە قورئانەکـە تێنـاگات.

بـەڵام بـە گشـتیی ڕاسـتە، ئـەوەی دەبـێ مـرۆڤ پێـی کارتێکـراو بـێ، دەبـێ فەرمایشـتی خـوا بـێ، بـەو ئەندازەیـەی بـە فەرمایشـتی خـوا کارتێکـراو دەبـێ و، بەهرەمەنـد دەبـێ، نابـێ بـە هیـچ شـتێکی دیکـە ئـاوا بەهرەمەنـد بـێ، ئەگـەر حاڵەتێکـی تەندروسـتی هەبـێ، بۆیـە جـار جـار بـە تەئکیـد شـەیتان لـەو ڕێیانـەوە زەفـەری بـە هەندێـک لـە ئەهـلی تەصـەووف بـردوە، ناڵێـم ئەوانەیـان کـە دامـەزراوو نەلەخشـاو بەرچـاو ڕوون بـوون، ئەوانـە بـۆ خۆیـان ئەهـلی قورئـان و سـوننەت بوون، بەڵکـو هەندێـک لەوانـەی کـە جـاری وا هەیـە چوونەتـە نێـو ئـەو ڕێبازانـەوە، بـەڵام ئـەو شایسـتەییەیان نەبـووە، هەشـبووە وەک بـۆ خۆشـیان دەڵێـن: صۆفیـی نەبـووەو موتەصەوویـف بـووەو، ئەهـلی حەقیقـەت نەبـووە، بەڵکـو ئەهـلی ئیددیعـاو لاف لێـدان بـووە.

مەسەلەی سێیەم:

باسی سەرەنجامی شوومی بێبڕوایانی ستەمكاری بە درۆ دانەری پەیامی خوا، كە بەدەم و چاویان ئازاری ئاگر لە خۆیان وەدوور دەخەن و، سەربارى زەبوونیی ژیانی دنیا، ئازاری گەورەو بێڕەزاتری ڕۆژی دواییش چاوەڕێیانە:

خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ أَفَمَن يَتَّقِي بِوَجْهِهِۦ سُوٓءَ ٱلْعَذَابِ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ ۚ وَقِيلَ لِلظَّٰلِمِينَ ذُوقُوا۟ مَا كُنتُمْ تَكْسِبُونَ ﴿٢٤﴾ كَذَّبَ ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ فَأَتَىٰهُمُ ٱلْعَذَابُ مِنْ حَيْثُ لَا يَشْعُرُونَ ﴿٢٥﴾ فَأَذَاقَهُمُ ٱللَّهُ ٱلْخِزْىَ فِى ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا ۖ وَلَعَذَابُ ٱلْءَاخِرَةِ أَكْبَرُ ۚ لَوْ كَانُوا۟ يَعْلَمُونَ ﴿٢٦﴾ ﴾.

شیكردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە شەش بڕگەدا:

١)- ﴿ أَفَمَن يَتَّقِي بِوَجْهِهِۦ سُوٓءَ ٱلْعَذَابِ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ ﴾، پرسیاركرنەكە پرسیاركردنی نكوولْیلێكەرانەیە، ئایا كەسێك كە بە ڕووی، خۆی دەپارێزێ لە ئازاری خراپی ڕۆژی قیامەت، واتە: ئایا كەسێك كە ئاوایە، وەك كەسێكە كە لە خۆشیی و شادمانیی و سەلامەتیی و دڵنیایی دایە؟ بەڵام خوا ﷻ بەرانبەرەكەی نەخستۆتە ڕوو، چونكە بەرانبەرەكەی دیارە، بە سیاق و سەلیقە دەزانرێ، ئەگەر من گوتم: ئایا كەسێك كە درۆزنەو، دوایی عەیبدارو شەرمەزار دەبێ، دوایی بێ دەنگ بووم، بە عەقڵ و سەلیقە دەزانرێ، واتە: ئایا وەك كەسێكە كە ڕاستگۆیەو، هەمیشە سەر بەرزو بێ باك و بێ منەتە، لە نێو خەڵكدا؟ واتە: جارێ وایە باسی شتێك دەكرێ، بەرانبەرەكەشی لێی دەفامرێتەوە، وەك زۆرجار گوتوومانە: یەكێك لە ڕووە هەرە گرنگەكانی ڕەوانبێژیی لە قورئاندا بریتیە لە كورتیی (إيجاز)، كورت و پوخت، قسەكردنیش ئەوەیە شتێك كە بە عەقڵ و سەلیقە دەزانرێ، باس نەكرێ، بۆیەش خوا لە سوورەتی (**النحل**)دا دەفەرموێ: ﴿ سَرَٰبِيلَ تَقِيكُمُ ٱلْحَرَّ وَسَرَٰبِيلَ تَقِيكُم بَأْسَكُمْ ﴿٨١﴾ ﴾، واتە: (خوا) پۆشاكێكی بۆ ڕەخساندوون كە لە گەرما دەتانپارێزێ، پۆشاكێكیش كە لە كاتی جەنگدا دەتانپارێزێ.

یانی: لە گەرما دەتانپارێزێ، هەروەها لە سەرماش، بەڵام سەرمایەکەی باس نەکردوە، دیسان لە جەنگدا دەتانپارێزێ، هەروەها لە حاڵەتی ئاشتییشدا عەیب و عەورەتتان دەپۆشێ، واتە: ئەوەی کە بە عەقڵ و سەلیقە دەزانرێ، خوای کاربەجێ زۆرجار باسی ناکات.

٢)- ﴿وَقِيلَ لِلظَّـٰلِمِينَ ذُوقُواْ مَا كُنتُمۡ تَكۡسِبُونَ﴾، بە ستەمکارانیش گوترا: بیچێژن ئەوەی وەدەستتان دەهێنا، واتە: بیچێژن سزای ئەوەی کە دەتانکردو وەدەستتان دەهێنا، ئەمە لە شوێنی ئەو بەرانبەرەیە کە خوا ﷻ باسی نەکردوە، کە ئایا کەسێک بە دەم و چاوی، خۆی دەپارێزێ لە سزای خراپی ڕۆژی قیامەت و، بەوانە کە ستەمکارن گوترا: بیچێژن سزای ئەوەی کە وەدەستتان دەهێنا، کە دیارە ئەمە هەر باسی ئەوانە، بەڵام بەرانبەرەکەیان باس نەکراوە، لەبەر ئەوەی بە سیاق و سەلیقە دەزانرێ.

بەرانبەرەکەی ئەوەیە، دەگونجێ بگوترێ: (**كَمَنْ أَمِنَ العَذَابَ؟**)، یان (**كَمَنْ هُوَ فِي النَّعِيْمِ؟**)، ئایا کەسێک کە هیچ ئامرازێکی دیکەی نیە خۆی پێ لە سزای خراپی ڕۆژی قیامەت بپارێزێ، جگە لە دەم و چاوی، کە مرۆڤ بە هەموو ئەندامەکانی بەرگریی لە ڕووی دەکات و، پێشگیریی دەکات لەوە کە دەم و چاوی سەلامەت بێ، کەچی ئەو بە ڕووی، خۆی لە سزای خوا ﷻ دەپارێزێ، ئایا وەک کەسێک وایە کە دڵنیایە لە سزاو ئازار، یاخود: کەسێک کە لە نازو نیعمەت دایە؟ هەروەک پێشتر گوتمان: ﴿أَفَمَن شَرَحَ ٱللَّهُ صَدۡرَهُۥ لِلۡإِسۡلَـٰمِ﴾، واتە: (**كَمَنْ قَسَى قَلْبُهُ عَنْ ذِكْرِ اللهِ**)، وەک کەسێکە دڵی لە ئاست یادی خوادا ڕەقە؟ هەروەها هەر لەم سوورەتەدا هاتوە: ﴿أَفَمَنۡ حَقَّ عَلَيۡهِ كَلِمَةُ ٱلۡعَذَابِ﴾، واتە: ئایا کەسێک کە وشەو بڕیاری سزای بەسەردا چەسپیوە، بەرانبەرەکەی باس نەکراوە، یانی: وەک کەسێکە کە بڕیاری خۆشبەختیی بۆ دراوە؟ بە تەئکید نەخێر.

کە دەفەرموێ: ﴿وَقِيلَ لِلظَّـٰلِمِينَ ذُوقُواْ مَا كُنتُمۡ تَكۡسِبُونَ﴾، دەگونجا خوا ﷻ فەرمووبای: (**وَقِيْلَ لَهُم**)، چونکە ئەوەی کە بە دەم و چاوی، خۆی لە سزای خراپی ڕۆژی دوایی دەپارێزێ، بێبڕوایەکانن و قسە هەر لە بارەی ئەوانەوەیە،

بۆیـە دەگونجـا فەرمووبـای: (**وَقِيْـلَ لَهُـم**)، ئنجـا ئـەوە پێـی دەگوتـرێ: (**إِظْهَـارٌ بَـدَلَ الإِضْـمَار**)، دەرخســتنە لــە جیــاتی پەنهانکــردن، تاکــو بــەم ســیفەتی ســتەمکارییەش مۆریــان بــە نێــو چاوانــەوە بنــێ، کــە ئەوانــە بــەس ئــەوە نەبــووە بێبڕوابــن، بەڵکــو ســتەمکاریش بــوون.

لێــرەدا کــە دەفەرمــوێ: ﴿ أَفَمَن يَتَّقِى بِوَجْهِهِۦ سُوٓءَ ٱلْعَذَابِ يَوْمَ ٱلْقِيَـٰمَةِ ﴾، واتــە: ئایــا کەســێک کــە بــە دەم و چــاوی، خــۆی دەپارێــزێ لــە ســزای خراپــی ڕۆژی قیامــەت! ئەمــە کینایەیــە لــە خــۆ نەپاراســتن، بــەڵام بــە شــیوەیەکی گاڵتەپێکــردن، یاخــود بــە شــێوەیەکی ئامــاژە، وەک گوتــرا بــێ: کەســێک کــە دەیــەوێ ڕووی خــۆی بپارێــزێ لــە ئاگــر، بــەڵام هیــچ شــتێکی دەســت ناکــەوێ ڕووی خــۆی پــێ بپارێــزێ، جگــە لــە ڕووی خــۆی.

٣)- ﴿ كَذَّبَ ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ ﴾، ئەوانەی پێش وانیش بە درۆیان دانا، ئایا چییان بە درۆ دانا؟ (**مَفْعُولُ كَذَّبَ مَحْذُوفٌ، أَي: كَذَّبُوا الرُّسلَ، كَذَّبوا الكُتُب وكَذَّبوا الشَّرَائِعَ**)، ئەوانەی پێش وانیش پێغەمبەرانیان (**عَلَيْهِمُ الصَّلاَةُ وَالسَّلاَمُ**) بە درۆ دانان، کتێبەکانی خواو بەرنامەکانی خوایان بە درۆ دانان.

٤)- ﴿ فَأَتَىٰهُمُ ٱلْعَذَابُ مِنْ حَيْثُ لَا يَشْعُرُونَ ﴾، بەڵام ئازارو سزایان بۆ هات بە شێوەیەک کە هەستیان پێ نەدەکرد، وشەی (**حَيْثُ**) جاری وایە بۆ شوێنە (**ظَرْفُ مَكَان**) و جاری وایە بۆ کاتەو، جاری وایە بۆ حاڵەتە: (**أَي: جَاءَ العَذَابُ الَّذِيْن مِنْ قَبْلِهِمْ مِنْ مَكَانٍ أو زمان أو حال لا يَشْعِرُون به**)، واتە: ئەوانەی پێشووان سزاو ئازاریان بۆ هات لە شوێنێکەوە کە هەستیان پێ نەدەکرد، یان لە کاتێک دا یان بە شێوەیەک کە هەستیان پێ نەدەکرد، چونکە وشەی (**حَيْثُ**) جاری وا هەیە ناوی شوێنەو، جاری وا هەیە بۆ کاتەو، جاری وا هەیە بۆ حاڵەتە، وەک: پێغەمبەری خوا ﷺ بە ئەبوو زەڕ ؓ دەفەرموێ: {**اتَّقِ اللَّهَ حَيْثُمَا كُنْتَ**} (**أخرجه أحمد: ٢١٣٩٢، والترمذي: ١٩٨٧، وقال: حسن صحيح، والدارمي: ٢٧٩١، والحاكم: ١٧٨، وقال: صحيح على شرط الشيخين، ووافقه الذهبي**)، واتە: لە هەر حاڵێک و

کاتێک و شوێنێک دای، پارێز لە خوا بکە، وشەی (**حَيْثُ**) زەڕفێکە مانایەکەی نادیارە، دواییەکەی دەریدەخات.

٥)- ﴿ فَأَذَاقَهُمُ ٱللَّهُ ٱلْخِزْيَ فِي ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا ﴾، خوا ﷻ سزای زەبوونیی پێ چێژتن لە ژیانی دنیادا، واتە: خوا ﷻ خودی زەبوونیی وەک سزایەک پێی چێژتن لە ژیانی دنیادا.

٦)- ﴿ وَلَعَذَابُ ٱلْـَٔاخِرَةِ أَكْبَرُ لَوْ كَانُوا۟ يَعْلَمُونَ ﴾، سزاو ئازاری مەنزڵگای کۆتایی گەورەتریشە، ئەگەر بزانن، ئەوانەی پێش وان واتە: کۆمەڵگاکانی پێغەمبەران (**عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَامُ**)، بۆ وێنە: لە سوورەتی (**الأحقاف**)دا خوا ﷻ لە بارەی گەلی (عاد)ەوە فەرموویەتی: ﴿ وَٱذْكُرْ أَخَا عَادٍ إِذْ أَنذَرَ قَوْمَهُۥ بِٱلْأَحْقَافِ وَقَدْ خَلَتِ ٱلنُّذُرُ مِنۢ بَيْنِ يَدَيْهِ وَمِنْ خَلْفِهِۦٓ أَلَّا تَعْبُدُوٓا۟ إِلَّا ٱللَّهَ إِنِّيٓ أَخَافُ عَلَيْكُمْ عَذَابَ يَوْمٍ عَظِيمٍ ﴿٢١﴾ ﴾، دوایی لە درێژەی ئایەتەکاندا دەفەرموێ: ﴿ فَلَمَّا رَأَوْهُ عَارِضًا مُّسْتَقْبِلَ أَوْدِيَتِهِمْ قَالُوا۟ هَٰذَا عَارِضٌ مُّمْطِرُنَا ۚ بَلْ هُوَ مَا ٱسْتَعْجَلْتُم بِهِۦ ۖ رِيحٌ فِيهَا عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴿٢٤﴾ تُدَمِّرُ كُلَّ شَىْءٍۭ بِأَمْرِ رَبِّهَا فَأَصْبَحُوا۟ لَا يُرَىٰٓ إِلَّا مَسَٰكِنُهُمْ ۚ كَذَٰلِكَ نَجْزِى ٱلْقَوْمَ ٱلْمُجْرِمِينَ ﴿٢٥﴾ ﴾الأحقاف، دەفەرموێ: گەلی عاد کاتێک بینییان هەورێک ڕووی لە دۆڵ و شیوەکانیان کرد بوو، (ئەو دۆڵ و شیوانەی کە چادرو خێوەتەکانیان، یاخود خانووبەرەکانیانی تێدابوون، کە ماوەیەک بوو بارانیان بۆ نەباریبوو)، ﴿ قَالُوا۟ هَٰذَا عَارِضٌ مُّمْطِرُنَا ﴾، گوتیان: ئەمە هەورێکە بارانمان بۆ دەبارێنێ، خواش ﷻ دەفەرموێ: ﴿ بَلْ هُوَ مَا ٱسْتَعْجَلْتُم بِهِۦ ﴾، بەڵکو ئەوە ئەو سزایەیە کە پەلەتان لێدەکرد، ﴿ رِيحٌ فِيهَا عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴾، بایەکە ئازارێکی بە ئێشی تێدایە: ﴿ تُدَمِّرُ كُلَّ شَىْءٍۭ بِأَمْرِ رَبِّهَا ﴾، بە فەرمانی پەروەردگاری هەرشتێکی بیگاتێ وێرانی دەکات و تەختی دەکات، ﴿ فَأَصْبَحُوا۟ لَا يُرَىٰٓ إِلَّا مَسَٰكِنُهُمْ ﴾، ئنجا وایان لێهات تەنیا خانووبەرەکانیان دەبینران، جێ و ڕێیەکانیان دەبینران، ﴿ كَذَٰلِكَ نَجْزِى ٱلْقَوْمَ ٱلْمُجْرِمِينَ ﴾، ئاوا کۆمەڵی تاوانباران سزا دەدەین.

کە دەفەرموێ: ﴿ وَلَعَذَابُ ٱلْـَٔاخِرَةِ أَكْبَرُ ﴾، سزای مەنزڵگای کۆتایی گەورەترە، گەورەتر مەبەست پێی سەختترو خراپترو بێ ڕەزاترە، بەڵام وشەی گەورەتر

خوازراوەتەوە بۆ توندترو سەختترو بێڕەزاتر، وەک لە شوێنی دیکەش دا دەفەرموێ: ﴿وَلَنُذِيقَنَّهُم مِّنَ ٱلۡعَذَابِ ٱلۡأَدۡنَىٰ دُونَ ٱلۡعَذَابِ ٱلۡأَكۡبَرِ لَعَلَّهُمۡ يَرۡجِعُونَ ﴿٢١﴾﴾ السجدة، لە سزای کەمتریان پێدەچێژن، پێش سزای گەورەتر، بەڵکو بگەڕێنەوە، سزای گەورەتر لە ڕۆژی دوایی دایە، ﴿وَلَعَذَابُ ٱلۡأٓخِرَةِ أَكۡبَرُ﴾، سزای مەنزڵگای کۆتایی گەورەترە، واتە: بێ ڕەزاترو سەختترو توندترە.

﴿لَوۡ كَانُواْ يَعۡلَمُونَ﴾، ئەگەر بزانن، چی بزانن؟ دەڵێ: (**مَفْعُولُ «يَعْلَمُونَ» دَلَّ عَلَيْهِ الكَلَام المُتَقَدِّم: أَنَّ اللَّهَ أَذَاقَ الأَخَرِيْنَ الخِزِيَ بِسَبَبِ تَكْذِيْبَهُمْ للرُّسُول وَجَوابُ «لَوْ» مَحْذُوفٌ تَقْدِيْرُه: لَوْ كَانُوا يَعْلَمُونَ أَنَّ مَا حَلَّ بِهِمْ سَبَبُهُ تَكْذِيْبُهُمْ رُسُلَهُم، لَمَا كَذَّبَ هَؤُلَاء مُحَمَّدَاً** ﷺ)، کە دەفەرموێ: ﴿لَوۡ كَانُواْ يَعۡلَمُونَ﴾، دیارە بەرکار (**مَفْعُول بە**)ەکەی باس نەکراوە، چونکە ئەو قسەیەی لە پێشێ دا هاتوە، دەیگەیەنێ، ئەویش ئەوەیە کە خوا ﷻ بە ئەوانی پێشتر سزای زەبوونیی پێ چێژتوون، بەهۆی بەدرۆ دانانی پێغەمبەرانەوە (**عَلَيْهِمُ الصَّلاَةُ وَالسَّلاَمُ**)، هەروەها بە هۆی درۆ دانانی پەیامەکانی خواو کتێبەکانی خواوە.

(لَوْ) وەڵامەکەی قرتێنراوە، واتە: ئەگەر زانیبایان کە ئەوانی پێش وان بە هۆی بەدرۆ دانانی پێغەمبەرانیانەوە (**عَلَيْهِمُ الصَّلاَةُ وَالسَّلاَمُ**)و، بە هۆی بە درۆ دانانی کتێبەکانی خواوە، وایان بەسەرهاتوە، ئەم خەڵک و کۆمەڵگایە موحەممەدیان ﷺ بە درۆ دانەدەنا.

مەسەلەی چوارەم:

خـوای میهرەبـان بـە مەبەسـتی بیرهاتنـەوەو پارێزکـردنی خەڵکـی، لـە هـەر جـۆرە وێنەیەکـی لـە قورئانـدا هێناوەتـەوەو، قورئانیـش زۆر ڕۆشـنەو، هیـچ جـۆرە نارێکییەکـی تێدانیـە، لـە ڕووی بێژەکانیـەوە ڕۆشـنەو، لـە ڕووی زمانپاراویـی و لـە ڕووی ڕەوانبێژییـەوەو لـە ڕووی واتاکانیشـیەوە هیـچ نارێکییەکـی تێدانیـە:

خـوا ﷻ دەفەرمـوێ: ﴿ وَلَقَدْ ضَرَبْنَا لِلنَّاسِ فِي هَٰذَا الْقُرْآنِ مِن كُلِّ مَثَلٍ لَّعَلَّهُمْ يَتَذَكَّرُونَ ﴿٢٧﴾ قُرْآنًا عَرَبِيًّا غَيْرَ ذِي عِوَجٍ لَّعَلَّهُمْ يَتَّقُونَ ﴿٢٨﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم دوو ئایەتە لە پێنج بڕگەدا:

١)- ﴿ وَلَقَدْ ضَرَبْنَا لِلنَّاسِ فِي هَٰذَا الْقُرْآنِ مِن كُلِّ مَثَلٍ ﴾، بە دڵنیایی بۆ خەڵک لەم قورئانەدا لە هەموو وێنەیەکمان هێناوەتەوە، کە دەفەرموێ: ﴿ لِلنَّاسِ ﴾، وشەی (**النَّاس**) (**أل**)ی ناساندنی لەسەرە، واتە: بۆ تێکڕای خەڵک، مانای (**جنس**) دەگەیەنێ، واتە: بۆ هەموویان، بەبێ هەڵاواردن.

﴿ مِن كُلِّ مَثَلٍ ﴾، تەنوینـی سـەر (**مَثَـلٍ**) بـۆ مەزنیـی و گەورەییـە، یـانی: لـە هەمـوو وێنەیەکـی زۆر مـەزن و گـەورەو ناوازەمـان هێناوەتـەوە، کـە دەفەرمـوێ: ﴿ مِن كُلِّ مَثَلٍ ﴾، واتـە: لـە هـەر وێنەیـەک کـە خەڵـک پێویسـتیانە بـۆ تێگەیشـتنی ڕاسـتییەکان، کـە تەنیـا لەمیـانی وێنـە هێنانەوەکانـدا لێیـان حاڵیـی دەبـن، یاخـود چاکـتر لێیـان تێدەگـەن، ئەمـە وەک ئـەو ئایەتـەی ژمـارە (٨٩)یـە، لـە سـوورەتی (**النحـل**)دا، کـە دەفەرمـوێ: ﴿ تِبْيَانًا لِّكُلِّ شَيْءٍ ﴿٨٩﴾ ﴾، واتـە: ڕوونکەرەوەیـە بـۆ هەمـوو شـتێک، واتـە: بـۆ هەمـوو شـتێک کـە مرۆڤـەکان پێویسـتییان پێیـەتی، بـۆ هەمـوو شـتێک کـە مرۆڤـەکان پەکیـان لەسـەری کەوتـوە، کـە لـە ڕێـی وەحییـەوە بۆیـان ڕوون بێتـەوە، چونکـە لـە ڕووی عەقـڵ و ئەزمـوونی خۆیانـەوە پێـی ناگـەن، نـەک هەمـوو شـتێک بـە ڕەهایـی.

٢)- ﴿ لَعَلَّهُمْ يَتَذَكَّرُونَ ﴾، بەڵكو بیریان بێتەوەو، ڕامێنن و، تێبگەن، (**تَذَكُّر**) بریتیە لە ڕامان و بیرکردنەوە، تاکو ئەوەی ئەوان لێی بێئاگان، بۆیان دەرکەوێ، ئنجا چ زانیبیان و لە بیریان چووبێتەوە، چ جارێ هەر فێری نەبووبن و بۆ ئەوەی فێری بن، هەڵبەتە کە دەفەرموێ: ﴿ وَلَقَدْ ضَرَبْنَا ﴾، کە خوا ﷻ بە (لَ)ی سوێند خواردن و بە (قد) ی ساغکردنەوە (**تحقيق**) ئەوە جەخت دەکاتەوە، ئەوە حاڵی دوێنراوەکان لەبەر چاو گیراوە، حاڵی ئەوانەی بێبڕوابوون.

ئنجا خوا ﷻ پێناسەی قوڕئان دەکات و دەفەرموێ:

٣)- ﴿ قُرْءَانًا عَرَبِيًّا ﴾، قوڕئانێکی عەڕەبییە، لە حاڵێکدا کە قوڕئانێکی عەڕەبییە، عەڕەبیی بە مانای ڕۆشن دێ، واتە: بێژەکانی ڕۆشنن، چونکە زۆر کەس وادەزانێ عەڕەبیی، واتە: زمانی گەلێکی دیارییکراو، کە بە تەئکید ئەو واتایەی هەیە، بەڵام بۆچی بەو زمانە گوتراوە عەڕەبیی؟

لەبەر ئەوەی نەتەوەو گەلی عەڕەب، ئەو زمانەی خۆیان زۆر پێ ڕۆشن بووەو، بێژەکانی ڕۆشن بوون، لێیان تێگەیشتوون، لە عەڕەبییدا دەڵێ: (**أَعْرَبَ عَنْ رَأْيِهِ**) واتە: ڕای خۆی ڕوون کردەوە، هەروەها (**إِعْرَاب**) واتە: ڕۆشن کردنەوەی ئەو ڕستەیە، کامی بکەرەو کامی بەرکارەو، کامی پیتەو، کامی کردارەو، کامی ناوە؟ کەواتە: ئەم قوڕئانە ڕۆشنە، لە ڕووی بێژەکانیەوە.

٤)- ﴿ غَيْرَ ذِي عِوَجٍ ﴾، خاوەنی لاریی نیە، لە ڕووی واتاکانیەوە، (**العَوَجُ: والعِوَجُ: الإِخْتِلَال**)، هەندێک لە زانایانی زمانی عەڕەبیی دەڵێن: (**عَوَجٌ وعِوَج**) هەردووکیان بە مانای نارێکیی دێن، بەڵام هەندێک گوتوویانە: (**عَوَج**) بۆ شتێکی بەرهەستە، دەگوترێ: (**هَذَا العُودُ عَوَجٌ، أَو بِهِ عِوَج**)، ئەم دارە لاریی تێدایە، چونکە دار بەرهەستە، بەڵام (**عِوَج**) بۆ شتی مەعنەوییە، ﴿ غَيْرَ ذِي عِوَجٍ ﴾، واتە: نارێکیی تێدانیە لە ڕووی واتاکانیەوە، کەواتە: ئەم قوڕئانە لە ڕووی بێژەکانیەوەو ڕۆشنەو، لە ڕووی ماناکانیشیەوە ڕێکە، هیچ نارێکییەکی تێدانیە.

٥)- ﴿ لَّعَلَّهُمْ يَتَّقُونَ ﴾، (بۆیە خوا ﷻ دایبەزاندوە) بەڵکو پارێز بکەن، پارێزکردنیش ئەنجامی بیرکەوتنەوەو ڕامان و تێفکرینە.

ئنجا بۆچی خوا ﷻ لە جیاتی ئەوەی بفەرموێ: ﴿ قُرْءَانًا عَرَبِيًّا غَيْرَ ذِى عِوَجٍ ﴾، نەیفەرمووە: (قُرْآناً عَرَبِيَاً مُسْتَقِيْمَاً؟)، (محمد الطاهر) گوتوویەتی: (ووَجْهُ العُدُولِ عَنْ وصْفِهِ بِالإسْتِقامَةِ إلى وصْفِهِ بِانْتِفاءِ العِوَجِ عَنْهُ، التَّوَسُّلُ إلى إيْقَاعِ «عِوَجٍ» وَهُوَ نَكِرَةٌ فِي سِيَاقِ مَا هُوَ بِمَعْنى النَّفْيِ، وَهُوَ كَلِمَةُ «غَيْرَ» فَيُفِيدُ انْتِفاءَ جِنْسِ العِوَجِ عَلى وجْهِ عُمُومِ النَّفْيِ، أيْ: لَيْسَ فِيهِ عِوَجٌ قَطُّ، ولِأنَّ لَفْظَ «عِوَجٍ» مُخْتَصٌّ بِاخْتِلالِ المَعانِي، فَيَكُونُ الكَلامُ نَصًّا فِي اسْتِقامَةِ مَعانِي القُرْآنِ، لِأنَّ الدَّلالَةَ عَلى اسْتِقامَةِ ألْفاظِهِ ونَظْمِهِ، قَدِ اسْتُفِيدَتْ مِنْ وصْفِهِ بِكَوْنِهِ عَرَبِيّاً)[1]، قسەکەی زۆر جوانە، هەرچەندە زیاتر ئەوانەی شارەزای زمانی عەرەبیی و ڕێزمانی عەرەبیین تێی دەگەن.

دەڵێ: لە جیاتی ئەوەی خوا بفەرموێ: ئەم قورئانە ڕێک و ڕاست (مستقیم)ە، بەوە وەسفی کردوە کە لاریی ﴿ عِوَجٍ ﴾ی تێدا نیە، ئەوەش بۆ ئەوەیە وشەی (عِوَج) کە وشەیەکی نەناسراو (نكرة)ە، بچێتە ڕەوتێکەوە کە بە مانای لابردن (نفي)ە، بەهۆی وشەی: ﴿ غَيْرَ ﴾ەوە، ﴿ غَيْرَ ذِى عِوَجٍ ﴾، ئەو کاتەش ئەوە دەگەیەنێ کە هەرچی لارییە لە قورئاندا نیە، وشەی: ﴿ عِوَجٍ ﴾یش تایبەتە بە نارێکیی لە واتاکاندا، بۆیە کە دەفەرموێ: ﴿ غَيْرَ ذِى عِوَجٍ ﴾، واتە: ماناکانی قورئان هیچ نارێکییەکیان تێدانیە، ڕاستیی و ڕێکیی قورئانیش لە ڕووی بێژەکانیەوەو، لە ڕووی ڕستەسازییەوە، پێشتر زانراوە لە سۆنگەی ئەوەوە کە قورئان بە عەرەبیی وەسفکراوە.

واتە: کە دەفەرموێ: ﴿ قُرْءَانًا عَرَبِيًّا ﴾، یانی: لە ڕووی بێژەو دارشتنیەوە، ڕێک و ڕاستە، کە دەشفەرموێ: ﴿ غَيْرَ ذِى عِوَجٍ ﴾، واتە: هیچ جۆرە نارێکییەک لە ڕووی واتاکانیەوە لە قورئاندا نیە.

---

(١) التحرير والتنوير: ج٢٣، ص٣٩٨.

خـوا بـە لوتـف و کەرەمـی خـۆی یارمەتییـمان بـدات، زیاتـر لـە قورئـان تێبگەیـن و لێیـی ورد بینـەوەو لێـی بەهرەمەنـد بیـن، بـە تەئکیدیـش ئەوانـە زیاتـر لـە قورئـان بەهرەمەنـد دەبـن، کـە زیاتـر تێیـڕا دەمێنـن و لێـی ورد دەبنـەوە، مرۆڤیـش تاکو دوای شـارەزایی لـە زمانـی عەرەبیـی، زیاتـر خاوەنـی قورئـان و بێـژەری قورئـان بناسـێ، کـە خوایـە ﷻ، بـە دڵنیایـی زیاتـر لـە فەرمایشـتەکەشـی تێدەگات، خـوا لـەو کەسانەمان بگێـڕێ کـە زیاتـر بـە خـوا ئاشـنا دەبـن و، زیاتـر لـە فەرمایشـتەکەی تێدەگـەن و، زیاتـر لێـی بەهرەمەنـد دەبـن.



مەسەلەی پێنجەم:

وێنەهێنانەوە بە بابایەکی بەردەستی خاوەنانی پێکەوە ناتەباو ناکۆک و، بابایەکی یەکلابووەوە بۆ یەک خاوەن، کە بێگومان یەکسان نین:

خوا ﷻ دەفەرمووێ: ﴿ ضَرَبَ ٱللَّهُ مَثَلًا رَّجُلًا فِيهِ شُرَكَآءُ مُتَشَٰكِسُونَ وَرَجُلًا سَلَمًا لِّرَجُلٍ هَلْ يَسْتَوِيَانِ مَثَلًا ۚ ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ ۚ بَلْ أَكْثَرُهُمْ لَا يَعْلَمُونَ ﴿٢٩﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتە، لە پێنج بڕگەدا:

١)- ﴿ ضَرَبَ ٱللَّهُ مَثَلًا رَّجُلًا فِيهِ شُرَكَآءُ مُتَشَٰكِسُونَ ﴾، خوا ﷻ وێنەیەکی هێناوەتەوە: پیاوێک، (یاخود: پیاوێکی بە وێنە هێناوەتەوە)، هی هاوبەشانی ناتەباو ناکۆکە.

لە ڕووی ڕێزمانی عەرەبییەوە (مَثَلًا) دەگونجێ بەرکار (**مَفْعُول بِهِ**)ی یەکەم بێ و ﴿ رَّجُلًا ﴾، دەبێتە بەرکاری دووەم (**مَفْعُول بِهِ الثاني**)، یاخود بە پێچەوانەوە، ﴿ ضَرَبَ ٱللَّهُ مَثَلًا رَّجُلًا ﴾، (**رَجُلًا**) بەرکاری یەکەمەو دواکەوتووەو، (**مَثَلًا**) بەرکاری دووەمەو پێشکەوتوە، واتایەکەشیان ئاوایە: خوا ﷻ وێنەیەکی هێناوەتەوە بە پیاوێک، یاخود: خوا پیاوێکی بە وێنە هێناوەتەوە، ئەو وێنەیە چۆنە؟ ﴿ فِيهِ شُرَكَآءُ مُتَشَٰكِسُونَ ﴾، چەند هاوبەشێکی هەن، پێکەوە ناکۆکن، (**التَّشَاكُسُ: التَّخَالُفُ، وَالتَّعَاسُرُ، وَالشَّكِسُ: السَّيِّءُ الخُلُق**)، (**تَشَاكُسُ**) بە مانای پێکەوە ناکۆک، یان پێکەوە دژ، کە هەڵسوکەوتیان پێکەوە نەگونجاو بێ، چونکە وشەی (**شَكِس**) واتە: مرۆڤێک هەڵسوکەوت و ڕەوشتی نارێک بێ، واتە: پیاوێک کە چەند خاوەنێکی هەن، لەبەر دەستی چەند کەسێک دایە فەرمانی پێدەکەن، ئەو چەند کەسە لەگەڵ یەکدا ناکۆک و ناتەبان، دیارە هەر کامێکیان دەیەوێ بە دڵی وی بجووڵێتەوە، هەر کامێکیان دەیەوێ فەرمانی ئەو جێبەجێ بکات، ئەویش لەو نێوانەدا سەراسیمەو سەرگەردان دەبێ.

٢)- ﴿ وَرَجُلًا سَلَمًا لِّرَجُلٍ ﴾، واتە: هەروەها خوا ﷻ وێنەیەکی هێناوەتەوە بە پیاوێک، یان: پیاوێکی بە وێنە هێناوەتەوە، یەکلابۆتەوەو ساغ بۆتەوە بۆ پیاوێک، واتە: پیاوێک کە لەبەر دەستی یەک پیاودایە، یەک خاوەنی هەیە، یاخود یەک فەرمانکەری هەیە.

یەکێک بۆی هەیە بپرسێ: بۆچی خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ ضَرَبَ ٱللَّهُ مَثَلًا رَّجُلًا ﴾، بۆ وێنەی یەکەم، وێنەی دووەمیشی دەفەرموێ: ﴿ وَرَجُلًا سَلَمًا لِّرَجُلٍ ﴾، هەر باسی پیاو دەکات؟

گوتراوە: (**ذُكِرَ الرَّجُلَ لِأَنَّ الرَّجُلُ هُوَ الَّذِي يَسْبِقُ إِلَى أَذْهَانِ النَّاسِ فِي الْمُخَاطَبَاتِ وَالْحِكَايَاتِ، وَلِأَنَّ مَا يُرَادُ مِنَ الْأَعْمَالِ أَكْثَرُ مِمَّا يُرَادُ مِنَ الْمَرْأَةِ وَالطِفِل**)، واتە: بۆیە باسی پیاو کراوە، چونکە لە کاتی قسانداو، لەبەرو مەجلیساندا، ئەوەی کە زۆرتر دێتە زەینەوە، پیاوە، هەروەها پیاو لە ژن و منداڵ پتر بە ئامانج دەگیرێ، بۆ ئیش و کار پێ سپاردن.

٣)- ﴿ هَلْ يَسْتَوِيَانِ مَثَلًا ﴾، ئایا سیفەت و حاڵیان وەک یەکە؟! (**مَثَلْ**) لێرەدا بە مانای سیفەت دێ، یان بە مانای حاڵ دێ، ئایا حاڵ و بارودۆخیان وەک یەکە، ئەو دوو کەسە؟! یەکێکیان چەند خاوەنێکی پێکەوە ناکۆک و ناتەبای هەن، ئەوەی دیکەش یەک خاوەنی هەیە بۆی یەکلابۆتەوە، ئایا حاڵ و سیفەتیان وەک یەکە؟ ئەم پرسیارکردنە پرسیارکردنی نکوولییلێکەرانەیە واتە: بە تەئکید وەک یەک نین و یەکسان نین.

٤)- ﴿ ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ ﴾، ستاییش بۆ خوا، خوا ستاییشی خۆی دەکات لەسەر ئەوە کە ئەو ڕاستییانە بەو شێوەیە ڕوون دەکاتەوە، یاخود: (**إِيذَانٌ لِلْمُوَحِّدِيْنَ بِأَنَّهُمْ بِتَوْحِيدِهِمْ فِي نِعْمَةٍ عَظِيْمَةٍ تَسْتَحِقُّ الحَمْدَللَّهِ تَعَالَى، أَو هُوَ جَوَابٌ للإِسْتِفْهَام التَّقْرِيْرِي**)، یان ئاگادار کردنەوەیە بۆ یەکتا پەرستان کە بە هۆی خوا بەیەکگرتن و تەنیا خواپەرستنیانەوە، لە چاکەو خێرو خۆشییەکی مەزندان، کە شایستەی ئەوەیە ستاییشی خوای بەرزی لەسەر بکرێ، یاخود: کە دەفەرموێ: ﴿ ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ ﴾، ئەمە وەڵامە بۆ پرسیارکردنەکەی

پێشێ، کە ئەو پرسیارکردنەی پێشێ دەگونجێ پرسیارکردنی چەسپاندن (**تقرير**) بێ، نەک پرسیارکردنی نکووڵییلێکردن، ﴿هَلْ يَسْتَوِيَانِ مَثَلًا﴾، واتە: ئەی دوێنراو! ئایا وەک یەکن؟ ﴿ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ﴾، ستاییش بۆ خوا، کە وەک یەک نین.

٥)- ﴿بَلْ أَكْثَرُهُمْ لَا يَعْلَمُونَ﴾، بەڵکو زۆربەیان نازانن، واتە: (**لَا يَعْلَمُونَ عَدَمَ اسْتِوَاءِ الحَالَتَيْنِ، وَلَوْ عَلِمُوا لاخْتَارُوا لِأَنْفُسِهِمُ الحُسْنى**)، نازانن کە حاڵی ئەو دوو کەسانە یەکسان نیە، ئەگەر زانیبایان ئەوەی باشترە ئەوەیان هەڵدەبژارد.

کـە دەفەرمـوێ: ﴿بَلْ أَكْثَرُهُمْ﴾، نافەرمـوێ: (**كُلُّهُـمْ**)، لـە زۆر شـوێنی قورئانـدا، خـوا ﷻ وشـەی زۆربـە (**كَثِـيْر، أَكْـثَر**) بەکاردەهێنـێ، بۆچـی؟ (**أَكْثَرُهُـم: وَهُـمْ الأَتْبَـاعُ المَخْدُعُـون لَكِـن الرُّؤَسَـاء الأَقَلِيَّـة كَانُـوْا يَعْلَمُـون**)، واتە: شـوێنکەوتووە، کڵاو لەسـەرنراوو، هەڵخەڵەتێـنراوەکان، نەیانزانیـوە کـە تەوحیـدو، شـیرک، وەک یـەک نیـن، بـەڵام سـەرکردە زۆر زانـاکان کـە کەمینـە بوونـە، ئـەوان زانیویانـە، بۆیە خـوا ﷻ دەفەرموێ: زۆربەیـان نازانـن، واتـە: زۆربـەی ئەهـلی شـیرک و ئەهـلی کوفـر ئـەو ڕاستییە نازانـن و کەمێکیـان دەیزانـن، بـەڵام بەرژەوەندییـان لـە کوفـرو شـیرکدایە، بـۆ ئـەوەی بـازاڕی خۆیـان بـەو خەڵکـە نـەزان و نەفامـە قەڵەباڵـغ بکـەن و، بەکاریـان بێنـن بـۆ مـەدار سـازکردنی ناشـەرعییانەی خۆیـان، کـە خەڵکەکـە ئەگـەر بێـت و هۆشـیار بـن و، چاویـان بکرێتـەوە، چیدیکـە ئامـادە نابـن بـاری ئـەو خۆسـەپێن و سـتەمکارانەیان لەسـەر پشـتێ بـێ.

لێـرەدا ئـەم فەرمایشـتەی پێغەمبـەری خـوا ﷺ دێنیـن، کـە دەفەرمـوێ: {**مَـنْ كَانَـتِ الدُّنْيَـا هَمَّـهُ، فَـرَّقَ اللَّـهُ عَلَيْـهِ أَمْـرَهُ، وَجَعَـلَ فَقْـرَهُ بَـيْنَ عَيْنَيْـهِ، وَلَـمْ يَأْتِـهِ مِـنَ الدُّنْيَـا إِلَّا مَـا كُتِـبَ لَـهُ، وَمَـنْ كَانَـتِ الْآخِـرَةُ نِيَّتَـهُ، جَمَـعَ اللَّـهُ لَـهُ أَمْـرَهُ، وَجَعَـلَ غِنَـاهُ فِي قَلْبِـهِ، وَأَتَتْـهُ الدُّنْيَـا وَهِـيَ رَاغِمَـةٌ**} (**أخرجـه الترمـذي: ٢٤٦٥، وابـن ماجـه: ٤١٠٥، قـال الألبـاني: صحيـح**).

واتـە: هـەر کەسـێک مەبەسـتی دنیـا بـێ (ئـەوەی کـە زۆر لێـی دەخەفتـێ ژیـانی دنیـا بـێ)، خـوا کاروبارەکـەی لـێ بـڵاو دەکات و هەژاریـی دەخاتـە نێـو چـاوانی و

(واتە: هەمیشە خۆی بە هەژار دەبینێ و دەزانێ)، تەنیا ئەوەندەشی لە دنیا بۆ دێ، کە بۆی نووسراوە، بەڵام هەر کەسێک ڕۆژی دوایی و مەنزڵگای کۆتایی مەبەست و ئامانجی بێ، خوا ﷻ کاروبارەکەی بۆ کۆ دەکاتەوە سەریەک (پەرش و بڵاو نابێ)و دەوڵەمەندیی و بێ نیازیی دەخاتە نێو دڵی و، دنیاش دێتە بەردەستی بە ملکەچیی.



مەسەلەی شەشەم:

ڕاگەیاندنی ئەو ڕاستییە کە هەر کام لە پێغەمبەر موحەممەد ﷺو، بێبڕوایەکانیش سەرەنجام دەمرن و، لە قیامەتیش لە خزمەت خوادا، مشت و مڕو دەمەقاڵێیان دەبێ، لە کاتی دادگایی کرانیان و دادوەریی کردنی خوای دادگەر لە نێوانیاندا:

خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ إِنَّكَ مَيِّتٌ وَإِنَّهُم مَّيِّتُونَ ﴿٣٠﴾ ثُمَّ إِنَّكُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ عِندَ رَبِّكُمْ تَخْتَصِمُونَ ﴿٣١﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم دوو ئایەتە: لە سێ بڕگەدا:

١)- ﴿ إِنَّكَ مَيِّتٌ ﴾، بە دڵنیایی تۆ (ئەی موحەممەد ﷺ)مردووی، ﴿ إِنَّكَ مَيِّتٌ ﴾، خوێنراویشەتەوە: (إِنَّكَ مَائِتٌ)، (مَيِّتٌ) لەگەڵ (مَائِتٌ) هەردووکیان بە مانای مردوون، هەڵبەتە ئەو کاتە کە خوا ﷻ ئەو ئایەتەی بۆ پێغەمبەری خاتەم ﷺ ناردوە، زیندوو بووە، بەڵام واتە: تۆ بە مسۆگەریی دوایی دەمری، نەک ئێستا مردووی.

٢)- ﴿ وَإِنَّهُم مَّيِّتُونَ ﴾، بە دڵنیایی ئەوانیش هەر مردوون، هەروەها ئاواش خوێنراوەتەوە: (**وَإِنَّهُم مَائِتُونَ**)، هەندێک لە شارەزایانی زمانی عەرەبیی گوتوویانە: (**مَيِّت: مَنْ لَمْ يَمُتْ، وَمَيت: مَنْ مَاتَ، وَالصَّحِيْحُ، أَنَّهُ لَا فَرْقَ بَيْنَهُمَا**)، هەندێک گوتوویانە: (**مَيِّت**) واتە: کەسێک کە جارێ نەمردوە، بەڵام (**مَيْت**) بەبێ گیرە (**شَدَّة**)، واتە: کەسێک کە مردوە، بەڵام ڕای ڕاست ئەوەیە کە جیاواز نین و، لە قورئانیشدا بە هەردوو خوێندنەوەکان هاتوون، بۆیە یەک واتایان هەیە، بەڵام کە دەفەرموێ: ﴿ إِنَّكَ مَيِّتٌ ﴾، واتە: لە داهاتوودا تۆ دەمری، ﴿ وَإِنَّهُم مَّيِّتُونَ ﴾، یان (**مَائِتُون**) و بە دڵنیایی ئەوانیش لە داهاتوودا دەمرن.

ئەمە بەرپەرچدانەوەی هاوبەش بۆ خوا دانەرەکانە، کە دەیانگوت: ﴿ أَمْ يَقُولُونَ شَاعِرٌ نَّتَرَبَّصُ بِهِ رَيْبَ الْمَنُونِ ﴿٣٠﴾ ﴾الطور، یان دەڵێن: شاعیرە بەڵای مردنی

بـۆ چاوەڕێ دەکەیـن، بەڵایـەکانی ژیـان و گـوزەرانی بـۆ بێـن، بمـرێ و لـە کۆڵـمان بێتـەوە، ئنجـا لێـرەدا خـوا ﷻ دەفەرمـوێ: تـۆش دەمـری بـە دڵنیایـی و ئەوانیـش دەمـرن.

٣)- ﴿ ثُمَّ إِنَّكُمۡ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ عِندَ رَبِّكُمۡ تَخۡتَصِمُونَ ﴾، دوایی بە دڵنیایی ئێوە لە ڕۆژی هەڵسانەوەدا (و لەو ڕۆژەدا کە خەڵک زیندوو دەکرێنەوەو، هەڵدەسێنرێنەوە بۆ سزاو پاداشت)، لە لای پەروەردگارتان و لە خزمەت پەروەردگارتاندا دەکەونە دەمەقاڵێیەوە.

کـە دەفەرمـوێ: ﴿ عِندَ رَبِّكُمۡ تَخۡتَصِمُونَ ﴾، لـە خزمـەت پەروەردگارتانـدا، دەکەونـە دەمەقاڵێـوە، لەبـەر ئەوەیـە کـە پـەروەردگار دادوەرییـان لـە نێوانـدا دەکات و دادگاییـان دەکات، بـەو شـێوەیە کـە بـەس خـوا ﷻ بـۆ خـۆی دەزانـێ چۆنـە؟

ئەمـە بەرپەرچدانـەوەی هاوبـەش بـۆ خوادانەرەکانیشـە، لـەوەدا کـە نکووڵییـان دەکـرد لـە زینـدوو کرانـەوەو لێپرسینەوەو سـزاو پاداشـت، خـوا ﷻ دەفەرمـوێ: ئـەی موحەممـەد ﷺ! تـۆش دەمـری و، ئەوانیـش بـە دڵنیایـی دەمـرن، دوایـی ئێـوە لـە ڕۆژی هەڵسـانەوەدا لـە خزمـەت پەروەردگارتانـدا، دەکەونـە دەمەقاڵـێ و ناکۆکیـی و مشـتومڕەوە، واتـە: زینـدووش دەکرێنـەوەو لێشـتان دەپرسـێتەوەو دادگاییـش دەکرێـن.

لەو بارەوە ئەم دەقە دێنین:

{عَـنِ الزُّبَـيْرِ بْـنِ الْعَـوَّامِ ﷺ، قَـالَ: «لَـمَّا نَزَلَـتْ: ﴿ إِنَّكَ مَيِّتٌ وَإِنَّهُم مَّيِّتُونَ ۝٣٠ ثُمَّ إِنَّكُمۡ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ عِندَ رَبِّكُمۡ تَخۡتَصِمُونَ ۝٣١ ﴾، قُلْـتُ: يَـا رَسُـولَ اللَّـهِ أَيُكَـرَّرُ عَلَيْنَـا مَـا يَكُـونُ بَيْنَنَـا فِي الدُّنْيَـا مَـعَ خَـوَاصِّ الذُّنُـوبِ؟ قَـالَ: نَعَـمْ، لَيُكَـرَّرَنَّ عَلَيْكُـمْ، ذَلِـكَ حَتَّـى يُـؤَدَّى إِلَى كُلِّ ذِي حَـقٍّ حَقَّـهُ. قَـالَ الزُّبَـيْرُ: فَـوَ اللـهِ إِنَّ الْأَمْـرَ لَشَـدِيدٌ} (أَخْرَجَـهُ الحاكـم: ٢٩٨١، وَقَـالَ: هَـذَا حَدِيـثٌ صَحِيـحِ الْإِسْـنَادِ، وَلَـمْ يُخْرِجَـاه، تعليـق الذهبـي في التلخيـص: صحيـح).

واتە: زوبەیری کوڕی عەووام ﷺ دەڵێ: کاتێک ئەم دوو ئایەتە موبارەکە هاتنە خوارێ: ﴿ إِنَّكَ مَيِّتٌ وَإِنَّهُم مَّيِّتُونَ ﴿٣٠﴾ ثُمَّ إِنَّكُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ عِندَ رَبِّكُمْ تَخْتَصِمُونَ ﴿٣١﴾ ﴾، گوتم: ئەی پێغەمبەری خوا! ﷺ ئایا گوناهە تایبەتییەکان کە لە نێوانماندا دەبن، پێمان دەگوترێنەوەو بۆمان دووبارە دەکرێنەوە؟ فەرمووی: بەڵێ، ئەو گوناهانەتان دەخرێنەوە بەرچاو، هەتا هەر خاوەن مافێک مافی خۆی پێ دەدرێ، زوبەیر گوتی: بە خوا کارەکە زۆر سەختە.

واتە: ئەگەر ئەوەی لە نێوان مسوڵمانان خۆشیاندا دەبێ، ئەوەش بخرێتەوە بەرچاویان، کارەکە سەختە، یانی: باسی یەکدی کردنە، تۆمەت بۆ یەکدی هەڵبەستنە، دڵی یەکدی ئێشاندنە، گومانی خراپ بە یەکدی بردنە ... هتد، ئەوانەش دێنەوە ڕێ، دیارە لە حاڵێکدا کە لە دنیادا مرۆڤ تەوبەیەکی ساغ و ڕاستی لێ نەکردبن و، مافی خاوەن مافانی نەگێڕابێتەوە.



مەسەلەی حەوتەم:

بەراوردی نێوان بە درۆ دانەرانی پەیامی ڕاست و دروستی خوا، کە سەرەنجامیان دۆزەخ و، بە ڕاستدانەرانی پەیامی ڕاستی خواو، سەرەنجامی دڵپەسندانەیان و پاککرانەوەیان لە خراپەکانیان:

خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ فَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّن كَذَبَ عَلَى ٱللَّهِ وَكَذَّبَ بِٱلصِّدْقِ إِذْ جَآءَهُۥٓ ۚ أَلَيْسَ فِى جَهَنَّمَ مَثْوًى لِّلْكَٰفِرِينَ ﴿٣٢﴾ وَٱلَّذِى جَآءَ بِٱلصِّدْقِ وَصَدَّقَ بِهِۦٓ ۙ أُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْمُتَّقُونَ ﴿٣٣﴾ لَهُم مَّا يَشَآءُونَ عِندَ رَبِّهِمْ ۚ ذَٰلِكَ جَزَآءُ ٱلْمُحْسِنِينَ ﴿٣٤﴾ لِيُكَفِّرَ ٱللَّهُ عَنْهُمْ أَسْوَأَ ٱلَّذِى عَمِلُوا۟ وَيَجْزِيَهُمْ أَجْرَهُم بِأَحْسَنِ ٱلَّذِى كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ﴿٣٥﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە نۆ بڕگەدا:

١)- ﴿ فَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّن كَذَبَ عَلَى ٱللَّهِ ﴾، ئایا کێ ستەمکارترە لە کەسێک کە درۆ بۆ خوا هەڵدەبەستێ! پیتی (ف) لە (فَمَنْ)دا، (**فَاء التَّفْرِيع عَلَى مَا قَبْلَهَا وَهُوَ الإِخْتِصَام**)، ئەم (**ف**)یە پەیوەست دەبێتەوە بە مەسەلەی پێشێوە، کە دەفەرموێ: لە خزمەت پەروەردگارتاندا دەکەونە مشت و مڕەوە، ئنجا دەفەرموێ: کێ ستەمکاترە لە کەسێک کە درۆ بۆ خوا هەڵدەبەستێ، مەبەست لە درۆ بۆ خوا هەڵبەستن، ئەوەیە کە گوتوویانە: خوا ﷻ هاوبەشی هەیە، خوا ڕۆڵەی هەیە...هتد، ئەو بیرۆکە ئەفسانەیی و پووچ و بۆشانە، وشەی (مَنْ)یش بۆ پرسیارکردنە، ئەویش یان پرسیارکردنی چەسپاندن و دان پێداهێنانە، یاخود بۆ نکووڵییکردنە، بۆ هەردووکیان دەشێ، واتە: (**لَا أَحَدٌ أَظْلَمُ مِنْ هَذَا المُفْتَرِي المكَذِّبِ**)، هیچ کەسێک لەو درۆ هەڵبەستەرە بە ناوی خواوەو، بە درۆ دانەرە بۆ ڕاستیی پەیامی خوا ستەمکارتر نیە، ﴿ فَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّن كَذَبَ عَلَى ٱللَّهِ ﴾، کێ ستەمکارترە لە کەسێک کە درۆ بە ناوی خواوە دەکات و درۆی بۆ هەڵدەبەستێ!

٢)- ﴿ وَكَذَّبَ بِٱلصِّدۡقِ إِذۡ جَآءَهُۥٓ ﴾، هەروەها ئەو ڕاستییەی کە بۆی هاتوە، بە درۆی دادەنێ، هیچ کەسێک لە کەسێک کە درۆ بۆ خوا ﷻ هەڵدەبەستێ و، ڕاستییەک کە لە خواوە هاتبێ بە درۆی دادەنێ ستەمکارتر نیە، مەبەست لە (صِدْق) لێرەدا: (**القُرْآن الَّذِي هُوَ مُجَسَّمٌ الصِّدْق مِنْ كُلِّ الجَوَانِب**)، مەبەست لە: (صِدْق) ڕاستیی، ئەو قورئانەیە کە لە ڕاستییدا لە هەموو ڕوویەکەوە ڕاستیی و هەقی تێدا بەرجەستە بووە.

٣)- ﴿ أَلَيۡسَ فِي جَهَنَّمَ مَثۡوٗى لِّلۡكَٰفِرِينَ ﴾، ئایا لە دۆزەخدا جێگەو ڕێگەی حەوانەوە بۆ بێبڕوایان نیە! ئەم پرسیارکردنە، پرسیارکردنی نکووڵییلێکەرانەیە، واتە: بە دڵنیایی لە دۆزەخدا جێی حەوانەوەو، تێدا نیشتەجێ بوون بۆ بێبڕوایان هەیە، چونکە (**المَثْوَى: إِسْمُ مَكَانِ الثَّوَاءِ، وَهُوَ القَرَارُ، فَالمَثْوَى: المَقَرّ**)، (**مَثْوَى**): ناوی شوێنە لە وشەی (**ثَوَاء**)ەوە هاتوە، (**ثَوَاء**) بریتیە لە نیشتەجێ بوون، کەواتە: (**مَثْوَى**) یانی: شوێنی نیشتەجێ بوون، لە ڕستەی پێشێ کە دەفەرموێ: ﴿ وَكَذَّبَ بِٱلصِّدۡقِ إِذۡ جَآءَهُۥٓ ﴾، ئەو پەیامە ڕاستەی بۆی هاتوە یەکسەر بە درۆی داناوە، بێ ئەوەی بیری لێ بکاتەوەو، تێوەی ڕابمێنێ، ئەوانە خوا ﷻ دەفەرموێ: ئایا بۆ بێبڕوایان جێگەو ڕێگە لە دۆزەخدا نیە! واتە: بە تەئکید ئەوانە بێبڕوان و، جێگەو ڕێگەشیان لە دۆزەخدایە.

٤)- ﴿ وَٱلَّذِي جَآءَ بِٱلصِّدۡقِ وَصَدَّقَ بِهِۦٓ أُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡمُتَّقُونَ ﴾، بەڵام کەسێک کە ڕاستیی هێناوەو، بەڕاستیشی داناوە، ئا ئەوانەن پارێزکاران.

﴿ وَصَدَّقَ بِهِۦٓ ﴾: هەر خۆشی دڵنیا بووەو بە ڕاستدانەری خۆی و پەیامەکەی بووە، یاخود ئەوانەش کە بە ڕاستیان داناوە کە هاوەڵاننی، خوا لێیان ڕازی بێ، کە دەفەرموێ: ﴿ وَصَدَّقَ بِهِۦٓ ﴾، (هـ)ی سەر (بِهِۦٓ) یان دەگەڕێتەوە بۆ (**الصدق**)، (**صَدَّق بِالصِّدقِ**)، واتە: ئەو پەیامە ڕاستەی کە بۆی هاتوە، بە ڕاستی دادەنێ، یاخود دەگەڕێتەوە بۆ (**الَّذِي**) واتە: ئەو کەسەی پەیامە ڕاستەکەی هێناوە، بە ڕاستی دەزانێ کە موحەممەدە ﷺ، واتە: قورئان بە ڕاست دەزانێ، یان موحەممەد ﷺ کە هێنەری قورئانە لە خواوە، بە ڕاستی دادەنێ.

کـە دەفەرمـوێ: ﴿ أُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْمُتَّقُونَ ﴾، ئـا ئەوانـەن پارێـزکاران، ئەمـە شـێوازێکی کورتهەڵێنانـە، واتـە: پارێـزکاران ئەگـەر هەبـن تەنیـا ئەوانـەن، بێگومـان لێـرەدا مەبەسـت لەوانـەش هـاوەڵانی بەڕێـزی پێغەمبـەرە ﷺ بـە پلـەی یەکـەم، چونکـە کاتێـک موحەممـەد ﷺ ئـەو پەیامـە ڕاسـتەی خـوای هێنـا، یەکەمیـن کەسـانێک کـە بڕوایـان پـێ هێنـان، هـاوەڵانی بەڕێـزی بـوون، خـوا لێیـان ڕازی بـێ، لـە پێـش هەمووشـیانەوە، ئەوانـەی کـە لـە پێشـەوە بـوون بـە تایبـەتی **(أبـو بكـر الصديـق)**، ئنجـا دوایـی ئـەوانی دیکـەش خـوا لـە هەموویـان ڕازی بـێ.

بێگومـان ئـەوەش بەرزیـی پێگـەو پایـەی هـاوەڵانی بەڕێـزی پێغەمبـەر ﷺ دەگەیەنـێ، چونکـە خـوا ﷻ بـە کۆمەڵێـک سـیفەتی گـەورە ستاییشـیان دەکات و دواییـش پاداشـتێکیان بـۆ ڕادەگەیەنـێ کـە هـەر شایسـتەی ئەوانـە، خـوا هـاوکار بـێ دوایـی لـە تەفسـیری سـووڕەتی **(الفتـح)**دا، کـە لـە چەنـد شـوێنێکدا مـەدح و سـتاییشی زۆری هـاوەڵانی بەڕێـزی پێغەمبـەری ﷺ تێـدا کـراوە، خـوا پشـتیوان بـێ بـاسی پێگـەو پایـەی بـەرزی هـاوەڵانی بەڕێـزی پێغەمبـەر ﷺ دەکەیـن، هـەروەک لـە کتێبـی حەوتەمـی مەوسـووعەی: **(الإسـلام كـما يتجـلى في كتـاب اللـه)** کـە لـە ژێـر ناوونیشـانی: **(خاتـم النَّبيـين محمَّـد ﷺ: موجـز سـيرته، وبراهـين نبوتـه، ومقامـه الرَّفيـع، وواجبنـا اتجاهـه)**، لەوێـدا بـاسی پێگـەو پلـەی بـەرزو نـاوازەی هـاوەڵانی بەڕێـزی پێغەمبـەر ﷺو، پۆلیـن کردنیـان بـۆ چەنـد بەشـێکمان، کـردوە.

هـۆکاری چییـە؟ کـە دەفەرمـوێ: ﴿ وَٱلَّذِى جَآءَ بِٱلصِّدْقِ وَصَدَّقَ بِهِۦٓ أُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْمُتَّقُونَ ﴾، ﴿ أُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْمُتَّقُونَ ﴾، بـە کـۆ **(جمـع)** دەیهێنـێ، هـەر ئەوانـەن پارێـزکاران، لـە حاڵێـکدا کـە **(الَّـذِي)** بـۆ تاکـە: ﴿ وَٱلَّذِى جَآءَ بِٱلصِّدْقِ ﴾، هەروەهـا: ﴿ وَصَدَّقَ بِهِۦٓ ﴾، ئەویـش هـەر بـۆ تاکـە؟

دەڵێیـن: ئـەوە لەبـەر ڕەچـاو کـردنی وشـەی **(الَّـذِي)** بـووە، کـە دوایـی دەفەرمـوێ: ﴿ وَصَدَّقَ بِهِۦٓ ﴾، ئەگەرنـا لـە ڕاسـتییدا مەبەسـت پێـی کۆیـە، چونکـە دوایـی

هەموو ڕاناوەکان بە کۆ دێنێ: ﴿ أُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْمُتَّقُونَ (٣٣) لَهُم مَّا يَشَآءُونَ عِندَ رَبِّهِمْۚ ذَٰلِكَ جَزَآءُ ٱلْمُحْسِنِينَ (٣٤) لِيُكَفِّرَ ٱللَّهُ عَنْهُمْ أَسْوَأَ ٱلَّذِى عَمِلُواْ وَيَجْزِيَهُمْ أَجْرَهُم بِأَحْسَنِ ٱلَّذِى كَانُواْ يَعْمَلُونَ (٣٥) ﴾، کە زیاتر لە دە (١٠) ئاماژەی کۆ هاتوون، کەواتە: کە دەفەرموێ: ﴿ وَٱلَّذِى جَآءَ بِٱلصِّدْقِ ﴾، بە دڵنیاییی مەبەست پێی موحەممەدە ﷺ، ئەو کەسەی ڕاستیی هێناوە، پەیامی ڕاستیی هێناوە، بەڵام ئەوی دیکە: ﴿ وَصَدَّقَ بِهِۦٓ ﴾، هەروەها ئەو کەسەی کە ئەو پەیامە ڕاستەی، یاخود ئەو هێنەری پەیامە ڕاستەی بەڕاست داناوە، واتە: قورئانی بەڕاست داناوە، کە پەیامە ڕاستەکەیە، یان هێنەرەکەی ئەو پەیامە کە موحەممەدە ﷺ بەڕاست داناوە، ﴿ وَصَدَّقَ بِهِۦٓ ﴾، هەرچەندە بە تاک هاتوە، بەڵام مەبەست پێی کۆیە، چونکە دوایی دەفەرموێ: هەر ئەوانەن پارێزکاران.

٦)- ﴿ لَهُم مَّا يَشَآءُونَ عِندَ رَبِّهِمْ ﴾، هەرچی بیانەوێ لە لای پەروەردگاریان هەیانە، (أَي: لَهُمْ كُلُّ مَا يَتَمَنَّوْنَهُ وَيُعْطَوْنَهُ)، هەرچی کە بە خۆزگەی دەخوازن بۆیان هەیەو پێیان دەبەخشرێ.

٧)- ﴿ ذَٰلِكَ جَزَآءُ ٱلْمُحْسِنِينَ ﴾، ئا ئەوەش پاداشتی چاکەکارانە، کەواتە: خوا ﷻ هەم بە پارێزکاران پێناسەی کردوون، هەم بە چاکەکاران، دەشیتوانی بفەرموێ: (ذَٰلِكَ جَزَاؤُهُمْ)، بەڵام کە دەفەرموێ: ﴿ ذَٰلِكَ جَزَآءُ ٱلْمُحْسِنِينَ ﴾، ئەمە: (إِظْهَارٌ فِي مَقَامِ الإِضْمَارِ، لِإِفَادَةِ الثَّنَاء عَلَيْهِم بَأَنَّهُمْ مُحْسِنُون)، ئەمە دەرخستنە لە شوێنی شاردنەوە، بۆ ئەوەی ستاییشان بکات، بەوەی کە وێڕای ئەوەی پارێزکارن، چاکەکاریشن.

٨)- ﴿ لِيُكَفِّرَ ٱللَّهُ عَنْهُمْ أَسْوَأَ ٱلَّذِى عَمِلُواْ ﴾، تاکو خوا ﷻ لێیان بسڕێتەوە، خراپترین شتێک کە کردوویانە، خراپترین کردەوەکانیان بسڕێتەوە.

(ل)ی سەر (لِيُكَفِّر)، (ل)ی هۆکارە: (اللَّامُ لِلتَّعْلِيلِ وَهِيَ تَتَعَلَّقُ بِفِعْلٍ مَحْذُوفٍ دَلَّ عَلَيْهِ قَوْلُهُ: ﴿ لَهُم مَّا يَشَآءُونَ عِندَ رَبِّهِمْ ﴾، وَالتَّقْدِيرُ: وَعَدَهُمُ اللَّهُ بِذَلِكَ، وَالْتَزَمَ لَهُمْ ذَلِكَ، لِيُكَفِّرَ عَنْهُمْ أَسْوَأَ الَّذِي عَمِلُوا)، واتە: (ل) بۆ هۆکار دۆزییەو پەیوەستە

بـە کردارێکـی قرتێـنراوەوە، کـە (لَهُم مَّا يَشَآءُونَ عِندَ رَبِّهِمْ) دەیگەیەنێ و ئـاوا مەزەنئـە دەکـرێ: بۆیـە خـوا ﷻ ئـەو بەڵێنـەی پێـداون، کـە هەرچـی بیانـەوێ هەیانـە، تاکـو خراپترینـی کردەوەکانیـان کـە ئەنجامیانـداون، لێیـان بسـڕێتەوەو پاکیـان بکاتـەوە.

٩)- ﴿وَيَجْزِيَهُمْ أَجْرَهُم بِأَحْسَنِ ٱلَّذِى كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ﴾، پاداشتەکەشیان بداتەوە، بە پێی باشترینی کردەوەکانیان کە ئەنجامیانداون.

پرسـیار لـە پێغەمبـەری خـوا ﷺ کـراوە: چ گوناهێـک گەورەتـرە؟ فەرموویـەتی: {**أَنْ تَدْعُوَ لِلَّهِ نِدًّا وَهُوَ خَلَقَكَ**} (**أخرجه أحمد: ٤١٣١، والبخاري: ٤٢٠٧، ومسلم: ٨٦، وأبو داود: ٢٣١٠، والترمذي: ٣١٨٢، والنسائي: ٤٠١٣**) واتـە: (گەورەتریـن گونـاح ئەوەیـە) کـە تـۆ هاوتایـەک بـۆ خـوا بانـگ بکـەی، لـە حاڵێکـدا ئـەو (خـوا) بەدیهێنـەری تۆیـە.

کـە دەفەرمـوێ: ﴿لِيُكَفِّرَ ٱللَّهُ عَنْهُمْ أَسْوَأَ ٱلَّذِى عَمِلُوا۟﴾، وشـەی (أَسْوَأَ) یـانی: خراپتریـن، بـەڵام (**الأَسْوَأُ مَسْلُوبَ الْمُفَاضَلَةِ، أي: العَمَلِ الشَّدِيْد السُّوءِ**)، لێـرەدا مەبەسـت پێـی خراپتریـن کردەوەیـان لـە فـڵان کردەوەیان، نیـە، چونکـە بەرانبەرەکەی قرتێـنراوەو، لەبـەر چـاو ناگیـرێ، بەڵکـو مەبەسـت پێـی هـەر کردەوەیەکـی زۆر خراپـە لـە خـودی خۆیـدا، هەروەهـا ئـەوی دیکەشـیان کـە دەفەرمـوێ: ﴿بِأَحْسَنِ ٱلَّذِى كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ﴾، بـە هەمـان شـێوە، واتـە: ئـەو کـردەوە زۆر باشـەی کـە کردوویانـە، ئـەوە دەکرێتـە پێوانـە بـۆ پاداشـتدانەوەیان، سـەرەنجام مانایەکـەی دەبێتـە ئـەم دووە:

١)- (**يَجْزِيهِمْ بِمَحَاسِنِ أَعْمَالِهِمْ دُونَ مَسَاوِئِهَا**)، خوا پاداشتی کردەوە باشەکانیان دەداتەوە، بەڵام خراپەکانیان لێ دەسڕێتەوەو لەسەریان سزایان نادات.

٢)- (**يَجْعَلُ مَحَاسِنَ أَعْمَالِهِمْ مِثْلَ أَحْسَنِهَا فِي الأَجْرِ**)، سەرجەم کردەوە باشەکانیان، وەک کردەوە هەرە باشەکانیان دادەنێ لە پاداشت درانەوەدا، واتە: کردەوە هەرە باشەکانیان

دەكرێنە پێوەرو تەرازوو بۆ پاداشت دانەوەیان و، بە پێی باشترین كردەوەیان پاداشتیان دەدرێتەوە.

بۆ وێنە: كەسێك كە نوێژكەرە، هەندێك لە نوێژەكانی زۆر بە ڕێك و پێكیی دەكات، چ لە ڕووی نێوەڕۆكیانەوەو، چ لە ڕووی ڕووالەتیانەوە، ئنجا خوا ﷻ ئەو نوێژە هەرە باشانە، دەكاتە پێوەر بۆ پاداشت دانەوەی لەسەر سەرجەم نوێژەكان، هەروەها ڕۆژوو گرتنەكەو، هەروەها خێرو چاكەكان، هەروەها هەموو كردەوەكانی دیكەش هەر بەو شێوەیەو، دیارە بەخشش و كەرەمی خواش ﷻ سنووری نیە.



مەسەلەی هەشتەم و كۆتایی:

بێبڕوایەكان پێغەمبەریان ﷺ بە پەرستراوەكانیان دەترساند، بەڵام خوا ﷻ بەسە بۆ بەندەی خۆی كە بیپارێزێ و پشتی بگرێ و سەری بخات، نەگومڕاكراوی خواش ڕاستە ڕێكەری هەیەو، نە ڕاستە ڕێكراویشی گومڕاكەری هەیەو، لە حاڵێكیشدا كە بێبڕوایەكان دان بە بەدیهێنەرایەتیی خوا ﷻ و، هیچ لە دەست نەهاتوویی پەرستراوەكانیان لە بەرانبەر خوادا دێنن، هیچ لۆژیك نیە بیانپەرستن، بۆیە خوا ﷻ فەرمان بە پێغەمبەر ﷺ دەكات كە بێ منەتیان بكات و، دڵنیاشیان بكات كە زەبوون و تێشكاو دەبن:

خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ أَلَيْسَ ٱللَّهُ بِكَافٍ عَبْدَهُۥ ۖ وَيُخَوِّفُونَكَ بِٱلَّذِينَ مِن دُونِهِۦ ۚ وَمَن يُضْلِلِ ٱللَّهُ فَمَا لَهُۥ مِنْ هَادٍ ﴿٣٦﴾ وَمَن يَهْدِ ٱللَّهُ فَمَا لَهُۥ مِن مُّضِلٍّ ۗ أَلَيْسَ ٱللَّهُ بِعَزِيزٍ ذِى ٱنتِقَامٍ ﴿٣٧﴾ وَلَئِن سَأَلْتَهُم مَّنْ خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ لَيَقُولُنَّ ٱللَّهُ ۚ قُلْ أَفَرَءَيْتُم مَّا تَدْعُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ إِنْ أَرَادَنِىَ ٱللَّهُ بِضُرٍّ هَلْ هُنَّ كَٰشِفَٰتُ ضُرِّهِۦٓ أَوْ أَرَادَنِى بِرَحْمَةٍ هَلْ هُنَّ مُمْسِكَٰتُ رَحْمَتِهِۦ ۚ قُلْ حَسْبِىَ ٱللَّهُ ۖ عَلَيْهِ يَتَوَكَّلُ ٱلْمُتَوَكِّلُونَ ﴿٣٨﴾ قُلْ يَٰقَوْمِ ٱعْمَلُوا۟ عَلَىٰ مَكَانَتِكُمْ إِنِّى عَٰمِلٌ ۖ فَسَوْفَ تَعْلَمُونَ ﴿٣٩﴾ مَن يَأْتِيهِ عَذَابٌ يُخْزِيهِ وَيَحِلُّ عَلَيْهِ عَذَابٌ مُّقِيمٌ ﴿٤٠﴾ ﴾.

شیكردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە چواردە بڕگەدا:

١)- ﴿ أَلَيْسَ ٱللَّهُ بِكَافٍ عَبْدَهُۥ ۖ وَيُخَوِّفُونَكَ بِٱلَّذِينَ مِن دُونِهِۦ ﴾، ئایا خوا ﷻ بەس نیە، بۆ بەندەی خۆی! بەوانەی جگە لەو (خوا)یش دەتترسێنن! (عَبْدَه) خوێنراویشەتەوە: (عِبَادَه)، (أَلَيْسَ اللهُ بِكَافٍ عِبَادَه) واتە: ئایا خوا ﷻ بۆ بەندەكانی خۆی بەس نیە! ئەمە لە ئەسڵدا بەو شێوەیە بووە: (وَيُخَوِّفُونَكَ بِالَّذِيْنَ مِنْ دُونِ اللهِ، وَاللهُ كَافِيْكَ)، ئەوان بە جگە لە خوا دەتترسێنن، بەو پەرستراوانەی كە لە جیاتی خوا یان لە وێڕای خوا دەیانپەرستن، تۆ دەترسێنن و دەڵێن: زیانت پێ دەگەیەنن، بەڵام خوا ﷻ بۆ

تۆ بەسە، بەڵام بۆیە خوا ﷻ تەعبیرەکەی ئاوا داڕشتوە: ﴿ أَلَيْسَ ٱللَّهُ بِكَافٍ عَبْدَهُۥ[1] وَيُخَوِّفُونَكَ بِٱلَّذِينَ مِن دُونِهِۦ ﴾، تاکو ئەوەی کافرەکان پێیان ناخۆشەو ئەوەش کە مایەی دڵخۆشیی پێغەمبەرە ﷺ پێش بخرێ، کە بریتیە لە: ﴿ أَلَيْسَ ٱللَّهُ بِكَافٍ عَبْدَهُۥ ﴾، ئەمە جێی دڵخۆشییە بۆ پێغەمبەر ﷺ، کە ئایا خوا ﷻ بەس نیە بۆ بەندەی خۆی؟ هەروەها ئەمە جێی دڵناڕەحەتیی و ناخۆشییە بۆ بێبڕوایەکان، مادام خوا بەس بێ بۆ بەندەی خۆی.

کەواتە: ترسێنرانی ئەو بەندەیەی خوا، یان بەندەکانی خوا، ئەگەر بە (عِبَادَه) بخوێنرێتەوە، بت و صەنەمەکان و پەرستراوە ساختەو پووچەکان، شتێکی بێ جێیە.

﴿ وَيُخَوِّفُونَكَ بِٱلَّذِينَ مِن دُونِهِۦ ﴾، ئەمە ئاوڕدانەوەیە لە شێوەی نادیارەوە بۆ شێوەی ئامادە (**إِلْتِفَاتٌ مِنْ الغَائِب إِلى الحَاضِر**)، تاکو نێوەڕۆکی ئەم ڕستەیە تایبەت بکرێ بە پێغەمبەرەوە ﷺو بۆ ئەو ساغ و یەکلابکرێتەوە، ئەوان تۆ دەترسێنن بەو شتانەی کە لە خوار خواوەن و لە جیاتی خواوە دەیانپەرستن، بە بت و صەنەمەکانیان، دەیانگوت: ئەی موحەممەد! ﷺ قسە بە بتەکانمان، مەڵێ، - بێگومان پێغەمبەریش ﷺ تەعبیرو وشەی ناشایستەی بەکارنەهێناون، بەس دەیفەرموو: ئەوانە هیچ نین، ئەو پەیکەرو بت و صەنەمانەی کە دەیانپەرستن، هیچ لە دەست نەهاتوون، هیچیان پێ ناکرێ، ئایەتەکانی خوا هەر ئەو جۆرە تەعبیرانەیان تێدایە، ئەوان ئەوەیان بە قسە پێ گوتن و جنێو دادەنا - دەیانگوت: قسە بە پەرستراوەکانمان مەڵێ، زیانت پێ دەگەیەنن، بۆیە خوا ﷻ دەفەرموێ: ئایا خوا بۆ بەندەی خۆی بەس نیە؟، یان بۆ بەندەکانی

---

(١) هەرجارێك ئەم ئایەتە بەپێزە دەخوێنمەوە، ئەو ڕۆژەم دێتەوە یاد، کە دوای ماوەیەك ئازار و ئەشکەنجە لە زیندانی ئەمریکا دا لە (کرووپەر) چەند ڕۆژێك بێ هەواڵ بوون و، ڕۆژێك لە خوێندنی قورئاندا لە نوێژەکانمدا، ڕێك گەیشتبوومە ئەو ئایەتە: ﴿ أَلَيْسَ ٱللَّهُ بِكَافٍ عَبْدَهُۥ... ﴾. لە دەرگایاندا بۆ لێکۆڵینەوەو دادگایی (تحقیق و محاکمة) و، خوێندنی ئایەتەکە لەوکاتەدا، هۆکاری هێمنی و ئارامیم بوو! ئەو ڕۆژەش دەوری: ٢٠٠٣/٧/٣٠ ز بوو، چونکە (٢٠) ڕۆژ دوای دەستگیرکرانم بوو.

خۆی، بەس نیە، بیانپارێزێ و سەریان بخات؟ ئەوانیش تۆ دەترسێنن بەو شتانە کە لە خوار خواوەن و لە جیاتی خوا دەیانپەرستن!

٢)- ﴿وَمَن يُضۡلِلِ ٱللَّهُ فَمَا لَهُۥ مِنۡ هَادٖ﴾، کەسێکیش خوا ڕێی لێ تێک بدات، یان لە ڕێ ونی بکات، هیچ ڕاستە ڕێکەرێکی بۆ نیە، نەک ڕێنماییکار، چونکە خوا ڕێنمایی هەموو کەسێکی کردوە، بەڵام ئەوانەی کە خوا ڕێنماییان دەکات، هەیە ڕێنمایی خوا قبووڵ دەکات و، خواش ڕاستە ڕێی دەکات، هەشە ڕێنمایی خوا ڕەفز دەکات و، خواش سەری لێ دەشێوێنێ و سەرگەردان دەبێ، بەهۆی ئەوەوە کە ڕێنمایی خوای ڕەتکردۆتەوە.

٣)- ﴿وَمَن يَهۡدِ ٱللَّهُ فَمَا لَهُۥ مِن مُّضِلٍّ﴾، هەروەها هەر کەسێکیش خوا ڕاستە ڕێی بکات، هیچ گومڕاکەرێک و هیچ سەرلێشێوێنەرێکی بۆ پەیدا نابێ.

ئەمە لە لایەکەوە دڵخۆشییە بۆ پێغەمبەر ﷺو بۆ بڕواداران، کە مادام خوا ﷻ ڕاستە ڕێی کردوون، هیچ کەس ناتوانێ ڕێیان لێ تێک بدات و ڕێیان لێ بشێوێنێ، لە لایەکی دیکەشەوە نائومێدکردنە بۆ هاوبەش بۆ خوا دانەرە گومڕایەکان، کە مادام بەپێی بڕیاری خواو، بە پێی یاسای خوا، ئێوە گومڕا بوون، لە ئەنجامی ئەوەدا کە ڕێنمایی خواتان قبووڵ نەکردوە، تازە ڕێ نابیننەوەو، هەرگیزیش ڕاستە ڕێ نابن.

٤)- ﴿أَلَيۡسَ ٱللَّهُ بِعَزِيزٖ ذِي ٱنتِقَامٖ﴾، ئایا خوا زاڵ و باڵا دەستی خاوەن تۆڵە نیە؟ (**الإِسْتِفْهَامُ تَقْرِيْرِيٌّ، لأَنَّ العِلْمَ بِعِزَّةِ اللهِ مُتَقَرِّرٌ فِي النُّفُوسِ**)، لێرەدا ئەم پرسیارکردنە پرسیارکردنی چەسپاندنە، چونکە زانیاریی هەبوون بە عیززەت و باڵا دەستیی خوا، چەسپاوە لە هەموو عەقڵ و دڵەکان دا.

کە دەفەرموێ: ﴿أَلَيۡسَ ٱللَّهُ بِعَزِيزٖ ذِي ٱنتِقَامٖ﴾، (**العَزِيْزُ: صِفَةٌ مُشَبَّهَةٌ مُشْتَقَّةٌ مِنَ الْعِزِّ، أَي: المَنَعَة**)، واتە: (عَزِيْز): ئاوەڵناوی چوێنراوە (بە کردار) - لە ڕووی ڕێزمانییەوە - لە وشەی (عِزّ)ەوە هاتوە، (عِزّ)یش ئەوەیە کەسێک حاڵەتێکی هەبێ کە بەرانبەرەکانی پێی نەوێرن و زەفەرەی پێ نەبەن.

کە دەفەرموێ: ﴿ ذِى ٱنتِقَامٍ ﴾، خاوەن تۆڵەستاندن، (**الإِنْتِقَامُ: الْمُكَافَأَةُ عَلَى الشَّرِّ بِشَرٍّ، وَهُوَ مُشْتَقٌّ مِنَ النَّقْمِ وَهُوَ الْغَضَبُ**)، (**إِنْتِقَام**) لە (**نَقْم**)ەوە هاتووە، واتە: تووڕەیی، ئنجا: ﴿ ذِى ٱنتِقَامٍ ﴾، واتە: خاوەن تۆڵە، چونكە (**إِنْتِقَام**) بریتیە لە سزادانەوەی خراپە بە خراپە، واتە: خوا هەم باڵا دەستەو هەم خاوەنی تۆڵەستاندنیشە بۆ كەسانێک كە شایستەی ئەوەن، خوا سزایان بدات و تۆڵەیان لێ بستێنێ.

کە دەفەرموێ: ﴿ وَمَن يُضْلِلِ ٱللَّهُ فَمَا لَهُۥ مِنْ هَادٍ وَمَن يَهْدِ ٱللَّهُ فَمَا لَهُۥ مِن مُّضِلٍّ ﴾، لە سوورەتی (**الأعراف**)دا، خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ مَن يُضْلِلِ ٱللَّهُ فَلَا هَادِىَ لَهُۥ ۚ وَيَذَرُهُمْ فِى طُغْيَٰنِهِمْ يَعْمَهُونَ ﴿١٨٦﴾ ﴾الأعراف، واتە: هەر كەسێک خوا گومڕای بكات، ڕاستە ڕێ كەری بۆ نابێ و، لێیان دەگەڕێ لەسەر كێشیی خۆیان دا سەراسیمەو سەرگەردان بن، بەڵام لێرەدا دەفەرموێ: ﴿ وَمَن يَهْدِ ٱللَّهُ فَمَا لَهُۥ مِن مُّضِلٍّ ﴾، یان: ﴿ وَمَن يُضْلِلِ ٱللَّهُ فَمَا لَهُۥ مِنْ هَادٍ ﴾، (**مِن**)ی بۆ زیاد كراوە: ﴿ وَمَن يُضْلِلِ ٱللَّهُ فَمَا لَهُۥ مِنْ هَادٍ ﴾، ئنجا (**مِن**)، بۆیە لێرەدا زیاد كراوە، تاكو دەق بێ لەسەر ئەوەی كە جینسی ڕێنماییكارو ڕاستەڕێكەریان نابێت، بەڵام لە سوورەتی (**الأعراف**)دا، كە دەفەرموێ: ﴿ فَلَا هَادِىَ لَهُۥ ﴾، لەبەر ئەوەی (لا) كە لە پێشەوەیەتی پێی دەگوترێ: (**لَا النَّافِيَة للجِنْس**)، واتە: جینسی ڕاستە ڕێكەری نابێ، كەواتە: ئەمە هونەر نواندنە لە دەربڕیندا، ئەگەرنا ماناكەیان هەریەكە، چونكە هی سوورەتی (**الزمر**)، (**مِن**) خراوەتە سەر: ﴿ فَمَا لَهُۥ مِنْ هَادٍ ﴾، واتە: كەسێک خوا گومڕای بكات، هەرچی ڕاستە ڕێكەرە نایبێ، لە سەرەتاوە تاكو كۆتایی، لە سوورەتی (**الأعراف**)یشدا: ﴿ فَلَا هَادِىَ لَهُۥ ﴾، بە (لا)ی لابەری تێكڕا (جنس) یانی: جینسی ڕاستە ڕێكەری نابێ.

٥)- ﴿ وَلَئِن سَأَلْتَهُم مَّنْ خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ لَيَقُولُنَّ ٱللَّهُ ﴾، ئەگەر لێشیان بپرسی: كێ ئاسمانەكان و زەوی هێناونە دی؟ زۆر بە جەختكردنەوەوە دەڵێن: خوا ﷻ.

ئەمە زەمینە خۆشکردنە بۆ ئەوەی لە دوایی دا دێ:

٦)- ﴿ قُلْ أَفَرَءَيْتُم مَّا تَدْعُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ ﴾، بڵێ: ئایا ئەوانەتان دیونە کە لە جیاتی خوا لێیان دەپاڕێنەوە!

یانی: مادام بەس خوا بەدیهێنەرە، دەبێ هەر ئەویش داوالێکراوو پەرستراو بێ، واتە: شتێک کە جێگای مشت و مڕ نیە، کە بەدیهێنەرایەتیی و خاوەندارێتیی و پەروەردگارێتیی خوایە بۆ گەردوون و، بۆ بوون بەسەرو خواریەوە، ئاسمانەکان و زەوی، ئەوە کە هیچ مشت و مڕێکی تێدانیە، ئەوەی کردوە بە زەمینە خۆشکردن و بناغە) تاکو دوایی پابەندیان بکات بەوە کە دەبێ تەنیا خواش بپەرستن و تەنیا داوا لەو بکەن، کە دەفەرموێ: ﴿ أَفَرَءَيْتُم ﴾، دەگونجێ دیتن، بینینی چاویی بێ، چونکە ئەوانەی پەرستوویانن، بە چاوی سەریان بینیویانن، دەشگونجێ مەبەست بینینی عەقڵیی بێ، واتە: ئایا عەقڵ و هۆشتان نیە ئەو شتانەی کە لە جیاتی خوا لێیان دەپاڕێنەوە، هیچ نین و شایستەی ئەوە نین؟ هەمزەکەش بۆ پرسیارکردنەو پرسیارکردنی نکووڵیلێکەرانەیە، ﴿ قُلْ أَفَرَءَيْتُم مَّا تَدْعُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ ﴾، بڵێ: ئایا ئەوانە دەبینن (بە چاوی عەقڵ و دڵ، یان بە چاوی سەر) کە لە جیاتی خوا لێیان دەپاڕێنەوە!

٧)- ﴿ إِنْ أَرَادَنِيَ ٱللَّهُ بِضُرٍّ هَلْ هُنَّ كَـٰشِفَـٰتُ ضُرِّهِۦٓ ﴾، ئەگەر خوا ﷻ زیانێکی بۆ من بوێ، ئایا ئەوان لابەری زیانەکەینی؟ (**الضُّرُّ: مَا يَسُوءُ الإِنْسَانَ فِي نَفْسِهِ وَمَالِهِ وَمَا حَوْلَهُ**)، (**ضرّ**) هەر شتێکە کە مرۆڤ پێی ناخۆش بێ لە جەستەیداو لە ماڵ و سامانیداو لە دەوروبەریدا، ﴿ هَلْ هُنَّ كَـٰشِفَـٰتُ ضُرِّهِۦٓ ﴾، ئەوانەی ئێوە لە جیاتی خوا لێیان دەپاڕێنەوەو دەیانپەرستن، ئایا زیانەکەی لادەدەن؟ ئایا لابەری ئەو زیانەن؟ وشەی (**كَاشِفَاتُ**) بە پاڵدراو (**مُضَاف**) بۆ لای (**ضُر**) خوێنراوەتەوە: ﴿ هَلْ هُنَّ كَـٰشِفَـٰتُ ضُرِّهِۦٓ ﴾، ئایا ئەوان لابەری زیانەکەینی؟! ئەو زیانەی کە خوا ﷻ بۆ منی بوێ، هەروەها بە تەنوینی (**كاشفاتٌ**)یش خوێنراویشەتەوە: (**كَاشِفَاتٌ ضُرَّه**)، ئایا ئەوان لابەرن بۆ ئەو

زیانەی کە خوا ﷻ بۆ منی دەوێ؟ (**وَالْكَاشِفَاتُ: الْمُزِيلَاتُ**) لابەرەکان، (**فَالْكَشْفُ مُسْتَعَارٌ لِلْإِزَالَةِ بِتَشْبِيهِ الْمَعْقُولِ وَهُوَ الضُّرُّ بِشَيْءٍ مُسْتَتِرٍ، وَتَشْبِيهُ إِزَالَتِهِ بِكَشْفِ الشَّيْءِ الْمَسْتُورِ، أَيْ: إِخْرَاجِهِ**)، لێرەدا کە دەفەرموێ: (**كَاشِفَاتٌ ضُرَّه**) یان (**كاشِفاتُ ضُرِّهِ**) هەردوو شێوەی خوێندنەوەکە هاتوون، واتە: ئایا ئەو پەرستراوانەی ئێوە، لابەری ئەو زیانەن، کە خوا ﷻ بۆ منی دەوێ؟! وشەی (**كَشْف**) خوازراوەتەوە بۆ لابردن، چونکە زیانەکە چوێنراوە بە شتێکی پەنهانەوەو، لابردنەکەشی چوێنراوە بە دەرخستنی ئەو شتە پەنهانەو پەردە لەسەر لادانیەوە.

٨)- ﴿أَوۡ أَرَادَنِي بِرَحۡمَةٍ هَلۡ هُنَّ مُمۡسِكَٰتُ رَحۡمَتِهِۦ﴾، یان ئەگەر خوا ﷻ بەزەییەکی بۆ من بوێ، خێرو خۆشییەکی بۆ من بوێ، ئایا ئەوان گێڕەرەوەی ئەو بەزەییەی وین؟ (**مُمْسِكاتُ رحمتِهِ**)، خوێنراویشەتەوە: (**مُمْسِكاتٌ رَحْمَتَهُ**)، ئایا ئەوان گێڕەرەوەی ئەو بەزەییەی خوان کە خوا بۆ منی بوێ.

٩)- ﴿قُلۡ حَسۡبِيَ ٱللَّهُ﴾، بڵێ: خوام بەسە، هەموو پرسیارکردنەکان پرسیارکردنی نکووڵییلێکەرانەن، واتە: ئەگەر خوا ﷻ بیەوێ زیانێکم لێ بدات، ناتوانن زیانەکەم لێ دووربخەنەوەو، ئەگەر خوا ﷻ بیەوێ خێرو خۆشییەکم تووش بکات و بەزەییەکم لەگەڵ بنوێنێ، ناتوانن ئەو بەزەییە بگێڕنەوە، کەواتە: ئەو پەرستراوانەی ئێوە هیچ کارە نین، ﴿قُلۡ حَسۡبِيَ ٱللَّهُ﴾، بڵێ: خوام بەسە، واتە: خوام بەسە، بۆ هەموو شتێک و لە هەموو حاڵاندا، خوا بۆ من بەسە، کە پشتی پێ ببەستم و مشوورم لێ بخوات و سەرم بخات.

١٠)- ﴿عَلَيۡهِ يَتَوَكَّلُ ٱلۡمُتَوَكِّلُونَ﴾، پشت بەستووان تەنیا پشت بەو دەبەستن، واتە: پشت بەستووانێک کە عەقڵ و هۆشیان هەبێ، تەنیا پشت بە خوا دەبەستن، تەنیا ئەو دەکەنە کارپێ سپێردراوی خۆیان.

لێرەدا کە دەفەرموێ: ﴿إِنۡ أَرَادَنِيَ ٱللَّهُ بِضُرٍّ﴾، یان: ﴿أَوۡ أَرَادَنِي بِرَحۡمَةٍ﴾، (**عُدِلَ عَنْ عِبَارَةِ: إِنْ أَرَادَ ضُرِّي، أَوْ أَرَادَ رَحْمَتِي، إلى مَا نَرَاهُ، لِقَصْدِ الإِهْتِمَامَ بِالْمُرَادِ**

بِـهِ لِإِيصَـالِ الْمُـرَادِ إِلَيْـهِ، حَتَّـى كَأَنَّ ذَاتَـهُ هِـيَ الْمُـرَادُ لِمَـنْ يُرِيـدُ إِيصَـالَ شَيْءٍ إِلَيْـهِ، وَهَـذَا مِـنْ تَعْلِيـقِ الْأَحْـكَامِ بِالـذَّوَاتِ، وَالْمُـرَادُ أَحْـوَالُ الـذَّوَاتِ مِثْـلَ: ﴿ حُرِّمَتْ عَلَيْكُمُ ٱلْمَيْتَةُ ﴿٣﴾ ﴾[الْمَائِـدَة: ٣] ، أَيْ أَكْلُهَـا).

جار جار له ڕووی ڕەوانبێژیی و ڕێزمانییەوە ئاماژە دەکەین بە هەندێ شتی ورد.

کـە دەفەرمـوێ: ﴿ إِنْ أَرَادَنِىَ ٱللَّهُ بِضُرٍّ ﴾، یـان: ﴿ أَوْ أَرَادَنِى بِرَحْمَةٍ ﴾، بۆچـی خـوا ﷻ نەیفەرمـووە: ئەگـەر خـوا ﷻ بیـەوێ زیانـم لـێ بـدات، یـان بیـەوێ بەزەییـم لەگـەڵ بنوێنـێ؟ بۆیـە ئـەو تەعبیرە بەو شـێوەیە گـۆڕاوە، تاکـو بایەخ پێـدان دەربخرێ بـۆ ئـەوەی دەویسـترێ، ویسـتراوەکەی پـێ بگەیەنـرێ، (کـە بریتیـە لـە زیانەکـە، یـان لـە ڕەحمەتەکـە)، وەک خـودی ئـەو کەسـە (کـە پێغەمبـەرە ﷺ) ویسـتراوەکەبێ، کـە بابـای ویسـتەر دەیـەوێ شـتەکەی پـێ بگەیەنـێ (ئـەو زیانـەی بـۆی دەویسـترێ و، ئـەو بەزەییـەی بـۆی دەویسـترێ)، ئنجـا ئەمـە لـە ڕووی ڕەوانبێژییـەوە پێـی دەگوترێ: (تَعْلِيـقُ الْأَحْـكَامِ بِالـذَّوَاتِ) واتـە: پەیوەسـتکردنی حوکمـەکان بـە خودەکانـەوە، کـە مەبەسـت پێـی حاڵـی ئـەو خودانەیـە، وەک خـوا ﷻ دەفەرمـوێ: ﴿ حُرِّمَتْ عَلَيْكُمُ ٱلْمَيْتَةُ ﴿٣﴾ ﴾المائـدة، واتـە: مردارتـان لـێ قەدەغـە کـراوە، واتـە: خـواردنی مـردار، ئەگەرنـا مـردار لـە چ ڕوویەکـەوە قەدەغەیـە؟ کـە لێـی بخۆیـن.

١١)- ﴿ قُلْ يَٰقَوْمِ ٱعْمَلُوا۟ عَلَىٰ مَكَانَتِكُمْ إِنِّى عَٰمِلٌ ﴾، بڵێ: ئەی گەلەکەم! ئێوە لە شوێنی خۆتانەوە کاری خۆتان بکەن، منیش کاری خۆم دەکەم، واتە: منیش ئەنجامدەری ئەو ئەرکەم کە پێم سپێردراوە.

١٢)- ﴿ فَسَوْفَ تَعْلَمُونَ ﴾، لە مەودوا دەزانن، چی دەزانن؟!

١٣)- ﴿ مَن يَأْتِيهِ عَذَابٌ يُخْزِيهِ ﴾، کێ ئازارێکی بۆ دێ، زەبوون و ڕیسوای دەکات.

١٤)- ﴿ وَيَحِلُّ عَلَيْهِ عَذَابٌ مُّقِيمٌ ﴾، ئازارێکی بەردەوامیشی دێتە سەرێ، واتە: دەزانن کێ لە دنیادا خوا سزایەکی بۆ دەنێرێ، زەبوون و شەرمەزاری بکات و، لە دواڕۆژیشدا سزایەکی بەردەوام دادەبەزێتە سەری و ملی دەگرێ.

کـە دەفەرمـوێ: ﴿ قُلۡ حَسۡبِيَ ٱللَّهُۖ عَلَيۡهِ يَتَوَكَّلُ ٱلۡمُتَوَكِّلُونَ ﴾، واتـە: بڵـێ: خـوام بەسـە، پشـت بەسـتووان بـەس پشـت بـەو دەبەسـتن، ئەمـە مەبەسـت پێـی ئەوەیە کە مـن قەناعـەت و بـڕوام وایـە، هەروەهـا مەبەسـت پێـی ئەوەیـە کـە مـن ئـەوەم لـە یـادە کـە دەبـێ پشـت تەنیـا بـە خـوا ببەسـترێ، دیسـان ڕاگەیانـدنی ئـەو ڕاسـتییە بـۆ ئەوەیـە کـە مسـوڵمانان و خەڵـک بەگشـتیی فێـر بـن کـە دەبـێ تەنیـا پشـت بـە خـوا ﷻ ببەسـترێ.

کـە دەفەرمـوێ: ﴿ قُلۡ يَٰقَوۡمِ ٱعۡمَلُواْ عَلَىٰ مَكَانَتِكُمۡ ﴾، بڵـێ: ئـەی گەلەکـەم! ئەمـە جۆرێکـە لـە دڵ نەرمکـردنی دوێنراوەکان بـۆ ئـەوەی بـاش گوێـی بـۆ بگـرن، واتـە: منیش یەکێکم لە خۆتـان، ﴿ قُلۡ يَٰقَوۡمِ ٱعۡمَلُواْ عَلَىٰ مَكَانَتِكُمۡ ﴾، دەڵـێ: (**الْمَكَانَـةُ: الْمَـكَانُ، وَتَأْنِيثُـهُ رُوعِـيَ فِيـهِ مَعْنَـى الْبُقْعَـةِ، واسْـتُعِيرَ لِلْحَالَـةِ الْمُحِيطَـةِ بِصَاحِبِهَـا إِحَاطَـةَ الْمَـكَانِ بِالْكَائِـنِ فِيـهِ**)، (**مَكَانَـةُ**) بـە مانـای شـوێنە، بـەڵام بۆچـی کـراوە بـە مێینـە، مێینـەی مەجازیـی؟ لەبـەر ئـەوەی مانـای پارچـە زەوی (**بُقْعَـةِ**)ی تێـدا ڕەچـاو کـراوە، (**بُقْعَـة**)ەش مێینـەی مەجازییـە، وشـەی (**مَكَانَة**)یـش خوازراوەتـەوە بـۆ ئـەو حاڵەتـەی کـە دەوری مـرۆڤ دەدات، وەک چـۆن ئـەو شـوێنەی کـە کەسـێک لێیـەتی، یـان شـتێک لێیـەتی، دەوری ئـەو کـەس و ئـەو شـتە دەدات، وشـەی (**مَكَانَتِكُم**) بـە کـۆ (**جمـع**) خوێنراوەتـەوەش: (**مَكَانَاتِكُـم**).

کـە دەفەرمـوێ: ﴿ إِنِّي عَٰمِلٞ ﴾، منیـش ئەنجامـدەری ئـەوەم کـە فەرمانـم پێکـراوە، یـانی: مـن ئەرکـی خـۆم ئەنجـام دەدەم و، ئێـوەش چیتـان پـێ چاکـەو لـە تواناتـدا هەیـە، بیکـەن، کـە بێگومـان ئەمـە بـێ منەتکـردن و، بـێ باکیـی دەربڕینـە لـە هاوبـەش بـۆ خوادانـەرەکان، چونکـە ئـەوان خۆیـان بـە پەرسـتراوەکانی خۆیـان هەڵدەدایـەوەو، گەفیـان لـە پێغەمبـەری خـوا ﷺ دەکـرد، ئنجـا بـۆ ئـەوەی بۆیـان دەربخـات: ئـەو خـوا بـە یەکگرتنـەی لـە دڵـی موحەممەد دایـە ﷺ هێنـدە ڕۆچوویەو، ئـەو هێنـدە پشـتی بـە پـەروەردگار و پەرسـتراوی ڕاسـتەقینەی خـۆی قایمـەو، بـێ منەتـە لـەو شـڕو شـاڵاتەی ئـەوان دەیپەرسـتن و هەڕەشـەی پـێ لـەو دەکـەن.

کە دەفەرمویٚ: ﴿ فَسَوْفَ تَعْلَمُونَ ﴾، ئەمە بۆ جەختکردنەوەیە لەسەر ئەوە کە بە تەئکید لەمەودوا دەزانن، بە دڵنیاییەوەش: تەنیا خوا ﷻ دەتوانێ شتێکی وا بفەرمویٚ، بفەرمویٚ: مسۆگەر لە مەودوا دەزانن و بۆتان دەردەکەویٚ، هەروەها بەس خوا دەتوانێ بفەرمویٚ: ﴿ مَن يَأْتِيهِ عَذَابٌ يُخْزِيهِ ﴾، واتە: دەزانن کێ ئازارێکی بۆ دیٚ، زەبوون و سەرشۆڕی بکات لە دنیاداو، ﴿ وَيَحِلُّ عَلَيْهِ عَذَابٌ مُّقِيمٌ ﴾، سزایەکی بەردەوامیشی بێتە سەریٚ، کە مەبەست پێی سزای ڕۆژی دواییە، یاخود ئەمانە هەردووک مەبەست پێیان ڕۆژی دواییە، واتە: سزایەکی بۆ دیٚ، زەبوون و سەرشۆڕی دەکات لە ڕۆژی دوایی داو، سزایەکی بۆ دیٚ کە بەردەوام بێ و لە کۆڵی نەبێتەوە.

وشەی (يحَلُّ)، پێشتریش باسمانکرد کە کاتی خۆی کەسێک چووە بۆ سەردانی کەسێک، بۆ لای خانە خوێیەک، وڵاخی پێ بووەو باری پێ بووە، ئیدی بارەکەی خستوەو لەوەڕا هاتوە.

هەڵبەتە ئەو تەعبیرەش ئیعجازێکی مێژوویی تێدایە، هەرچەندە نەمبینیوە لە تەفسیرەکاندا ئاماژەی بۆ کرابێ، چونکە کەسێک دەتوانێ بڵێ: بە دڵنیایی لەمەودوا دەزانن کێ زەبوون دەبێ و، کێ لە دنیادا زەبوون و سەرشۆڕ دەبێ و، لە دواڕۆژیشدا ئازارو سزایەکی بەردەوامی بە مل دادیٚ، کەسێک دەتوانێ بە ڕەهایی ئەوە بڵێ، کە خاوەنی گەردوون و خاوەنی دنیاو قیامەت بێ!.

سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ، أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ، أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ.

دەرسی چوارەم





پێناسەی ئەم دەرسە

ئەم دەرسەمان دوازدە (١٢) ئایەت دەگرێتە خۆی، ئایەتەکانی: (٤١ - ٥٢)، لەو دوازدە (١٢) ئایەتەدا، خوا ﷻ چەند بابەتێکی جۆراو جۆر دەخاتە ڕوو، کە سەرجەم هەشت بابەتی سەرەکیین:

١- دابەزێنرانی کتێب بۆ لای (محمد ﷺ) بە هەق، بۆ ڕێنمایی کردن و ڕاستە ڕێ کردنی خەڵکی.

٢- گیان کێشانی خوا بۆ مرۆڤان، لە حاڵەتی مردن و خەوتندا.

٣- بە هەڵەداچوونی هاوبەش بۆ خوادانەران لە بواری شەفاعەتدا، کە پێیان وابووە پەرستراوەکانیان، تکاو ڕەجایان لە لای خوا ﷻ بۆ دەکەن.

٤- دڵ تێکچوونی کافران و، دڵ بێزار بوونیان بە یادی خواو، دڵ خۆشبوونیان بە باسی پەرستراوەکانیان.

٥- فەرمانکردنی خوا بە پێغەمبەرەکەی موحەممەد ﷺ بە لێ پاڕانەوەیەکی کورتی ناوازە.

٦- حاڵ خراپیی بێبڕوایان لە قیامەتدا، بە شێوەیەک کە چاوەڕوانییان نەدەکرد.

٧- لە خۆبایی بوونی مرۆڤی خوانەناس، لە کاتی هات و لە کاتی خێرو خۆشیی داو، خستنە ڕووی خوای کارزان بۆ ئەو ڕاستییەی کە پێشووانیشیان هەروا بوون، کاتێک خۆشییەکیان بۆ دەهات لە کەوڵی خۆیان دەردەچوون و زۆر شادمان دەبوون، هەتاکو سزای خوایان بۆ هاتوەو، سزایان چێژتوە.

٨- ڕاگەیاندنی ئەو ڕاستییە کە بژیو بە دەست خوایەو، فراوان و تەسکی دەکات، واتە: زۆرو کەمی دەکات، بۆ هەر کەسێک کە بیەوێ، هەڵبەتە نەک لە گۆترە بەڵکو بەپێی حیکمەتی بێ سنووری خۆی و، بە پێی ئەو یاسایانەی لە ژیانی مرۆڤدا دایناون.

﴿إِنَّآ أَنزَلۡنَا عَلَيۡكَ ٱلۡكِتَٰبَ لِلنَّاسِ بِٱلۡحَقِّۖ فَمَنِ ٱهۡتَدَىٰ فَلِنَفۡسِهِۦۖ وَمَن
ضَلَّ فَإِنَّمَا يَضِلُّ عَلَيۡهَاۖ وَمَآ أَنتَ عَلَيۡهِم بِوَكِيلٍ (٤١) ٱللَّهُ يَتَوَفَّى ٱلۡأَنفُسَ
حِينَ مَوۡتِهَا وَٱلَّتِي لَمۡ تَمُتۡ فِي مَنَامِهَاۖ فَيُمۡسِكُ ٱلَّتِي قَضَىٰ عَلَيۡهَا ٱلۡمَوۡتَ
وَيُرۡسِلُ ٱلۡأُخۡرَىٰٓ إِلَىٰٓ أَجَلٖ مُّسَمًّىۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَأٓيَٰتٖ لِّقَوۡمٖ يَتَفَكَّرُونَ (٤٢)
أَمِ ٱتَّخَذُواْ مِن دُونِ ٱللَّهِ شُفَعَآءَۚ قُلۡ أَوَلَوۡ كَانُواْ لَا يَمۡلِكُونَ شَيۡـٔٗا وَلَا يَعۡقِلُونَ
(٤٣) قُل لِّلَّهِ ٱلشَّفَٰعَةُ جَمِيعٗاۖ لَّهُۥ مُلۡكُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِۖ ثُمَّ إِلَيۡهِ تُرۡجَعُونَ
(٤٤) وَإِذَا ذُكِرَ ٱللَّهُ وَحۡدَهُ ٱشۡمَأَزَّتۡ قُلُوبُ ٱلَّذِينَ لَا يُؤۡمِنُونَ بِٱلۡأٓخِرَةِۖ وَإِذَا
ذُكِرَ ٱلَّذِينَ مِن دُونِهِۦٓ إِذَا هُمۡ يَسۡتَبۡشِرُونَ (٤٥) قُلِ ٱللَّهُمَّ فَاطِرَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ
عَٰلِمَ ٱلۡغَيۡبِ وَٱلشَّهَٰدَةِ أَنتَ تَحۡكُمُ بَيۡنَ عِبَادِكَ فِي مَا كَانُواْ فِيهِ يَخۡتَلِفُونَ (٤٦)
وَلَوۡ أَنَّ لِلَّذِينَ ظَلَمُواْ مَا فِي ٱلۡأَرۡضِ جَمِيعٗا وَمِثۡلَهُۥ مَعَهُۥ لَٱفۡتَدَوۡاْ بِهِۦ مِن سُوٓءِ ٱلۡعَذَابِ
يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِۚ وَبَدَا لَهُم مِّنَ ٱللَّهِ مَا لَمۡ يَكُونُواْ يَحۡتَسِبُونَ (٤٧) وَبَدَا لَهُمۡ سَيِّـَٔاتُ مَا
كَسَبُواْ وَحَاقَ بِهِم مَّا كَانُواْ بِهِۦ يَسۡتَهۡزِءُونَ (٤٨) فَإِذَا مَسَّ ٱلۡإِنسَٰنَ ضُرّٞ دَعَانَا
ثُمَّ إِذَا خَوَّلۡنَٰهُ نِعۡمَةٗ مِّنَّا قَالَ إِنَّمَآ أُوتِيتُهُۥ عَلَىٰ عِلۡمِۭۚ بَلۡ هِيَ فِتۡنَةٞ وَلَٰكِنَّ أَكۡثَرَهُمۡ
لَا يَعۡلَمُونَ (٤٩) قَدۡ قَالَهَا ٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِهِمۡ فَمَآ أَغۡنَىٰ عَنۡهُم مَّا كَانُواْ يَكۡسِبُونَ (٥٠)
فَأَصَابَهُمۡ سَيِّـَٔاتُ مَا كَسَبُواْۚ وَٱلَّذِينَ ظَلَمُواْ مِنۡ هَٰٓؤُلَآءِ سَيُصِيبُهُمۡ سَيِّـَٔاتُ مَا كَسَبُواْ
وَمَا هُم بِمُعۡجِزِينَ (٥١) أَوَلَمۡ يَعۡلَمُوٓاْ أَنَّ ٱللَّهَ يَبۡسُطُ ٱلرِّزۡقَ لِمَن يَشَآءُ وَيَقۡدِرُۚ إِنَّ فِي
ذَٰلِكَ لَأٓيَٰتٖ لِّقَوۡمٖ يُؤۡمِنُونَ (٥٢)﴾.

مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان

{بـە دڵنیایـی ئێمـە (ئـەی موحەممـەد!) بـە هـەق کتێبـمان دابەزاندۆتـە سـەر تـۆ، بـۆ خەڵـک، ئنجا هـەر کـەس ڕێـی ڕاستی گـرت، بـە سـوودی خۆیـەتی و، هـەر کەسیش گومـڕا بـوو، تەنیا بـە زیـانی خـۆی گومـڕا دەبـێ و، تـۆ چاودێـرو پارێزەرنـی بەسـەریانەوە (کـە نەهێڵـی گومڕابـن) ﴿٤١﴾ خـوا لـە کاتی مردنـدا گیانـەکان وەردەگرێ (دەکێشـێ)و، ئەوانـەی نەشـمردبن لـە (کاتی) خەوتنیانـدا، گیانەکانیـان وەردەگـرێ، ئنجا ئـەوەی مـردنی بـۆ بڕیاردابـن (لـە لای خـۆی) دەیانهێڵێتـەوەو، ئەوانـەی دیکـەش تاکـو کاتێکـی ناوبـراو دەنێرێتـەوە (نێـو جەسـتەکانیان)، بێگومـان لـەوەدا نیشـانە هـەن بـۆ کۆمەڵێـک بیربکەنـەوەو ڕامێنـن ﴿٤٢﴾ (ئایا ئەوانـە لـە سـزای خـوا بێباکـن!) یـان جگـە لـە خـوا تکاکارانێکیـان گرتـوون (کـە لـە قیامەتـدا تکایـان لـەلای خـوا بـۆ بکـەن)؟ بڵـێ: ئایـا ئەگـەر ئەوانـە هیـچ شـتێکیان بەدەسـت نەبـێ و نەشـفامن (چـۆن تکاتـان بـۆ دەکـەن)؟! ﴿٤٣﴾ بڵـێ: تکاکـردن تێکـڕای تەنیـا هـی خوایـە (و بەدەسـت ویـە)، حوکمڕانیـی ئاسـمانەکان و زەوی هـی ویـەو، دواییـش هـەر بـۆ لای وی دەگێڕدرێنـەوە ﴿٤٤﴾ کاتێکیـش خـوا بـە تەنیـا بـاس بکـرێ، ئەوانـەی بڕوایـان بـە (مەنزڵـگای) کۆتایـی نیـە، دڵەکانیـان دەسـڵەمنەوە (و دەگووشرێـن)، کەچـی کـە باسی ئەوانـەی جگـە لـەوی (پەرسـتراوەکان) بکـرێ، یەکسـەر ئـەوان دڵخـۆش و شـادمان دەبـن ﴿٤٥﴾ بڵـێ: ئـەی خوایـە! داهێنـەری ئاسـمانەکان و زەوی، زانـای پەنهـان و ئاشـکرا، تەنیـا تـۆ دادوەریـی لـە نێـوان بەندەکانتـدا دەکـەی، لـەوەدا کـە تێیـدا کەوتبوونـە ڕاجیایـی و مشـت و مـڕەوە (لـە ژیـانی دنیـادا) ﴿٤٦﴾ ئەگـەر هاتبـاو (لـە ڕۆژی دوایـی دا) ئەوانـەی ستەمیان کـردوە (تـووشی کوفـرو شـیرک بـوون) هەرچـی لـە زەویدایـەو، وێنـەی خۆیشـی لەگەڵیـدا هەیانبووایـە، دەیانکـردە بـەڵا گێـڕەوە (و قەرەبوویـان بـۆ قوتاربـوون) لـە ئـازاری سـەخت و بێـڕەزای ڕۆژی قیامـەت و، ئـەوەی

کە چاوەڕێیان نەدەکرد لە لایەن خواوە بۆیان دەرکەوت ﴿٤٧﴾ هەروەها ئەو (کردەوە) خراپانەش کە (لە دنیادا) وە دەستیان هێنابوون، بۆیان دەرکەوتن و (سزای) ئەوەی گاڵتەیان پێدەکرد گەمارۆی دان ﴿٤٨﴾ (جێی سەرسوڕمانە) کاتێک مرۆڤ (ی بێبڕوا) زیانێکی تووش دەبێ، بانگمان دەکات (لێمان دەپاڕێتەوە کە لێی لابەرین)، دوایی کاتێک لەلایەن خۆمانەوە چاکەیەکی پێدەبەخشین، دەڵێ: تەنیا بەهۆی زانیارییەوە پێمدراوە (و وەدەستم هێناوە) ڕاست نیە، بەڵکو ئەوە تاقیکردنەوەیە، بەڵام زۆربەیان نازانن ﴿٤٩﴾ ئەوانەی پێش وانیش ئەو قسەیان گوت: کەچی ئەوەی وەدەستیان هێنابوو (لە سامان و ماڵ) هیچ دادی نەدان (و سوودی پێ نەگەیاندن) ﴿٥٠﴾ سەرەنجام (بە هۆی ئەو هەڵویستەیانەوە) سزای (کردەوە) خراپەکانیان کە وەدەستیان هێنابوون، تووشیان بوو، هەروەها ئەوانەش کە ستەمیان کردوە لەمانە سزای ئەو (کردەوە) خراپانەی وەدەستیان هێناون، لەمەودوا تووشیان دێ و، دەستەوسانکەریش نین (لە سزای خوا قوتاربن) ﴿٥١﴾ ئایا نازانن کە خوا ﷻ هەر کەس بیەوێ، بژیوی بۆ فراوان دەکات، هەروەها وە تەنگی دێنێ (و کەمی دەکات)! بە دڵنیایی لەوەدا نیشانە هەن بۆ کۆمەڵێک بڕوابێنن ﴿٥٢﴾}.



شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان

(بِوَكِيلٍ): (الوَكِيلُ: فَعِيلٌ بِمَعْنَى المَفْعُول (وَكَفَى بِاللهِ وَكِيلًا) أي: اكْتَفِ بِهِ أَنْ يَتَوَلَّى الله أَمْرَكَ: ﴿ وَمَآ أَنتَ عَلَيۡهِم بِوَكِيلٍ ﴾، أي بِمُوكَّلٍ عَلَيْهِمْ وَحَافِظٍ لَهُمْ)، (وَكِيل): لەسەر کێشی (فعيل)ە، بەڵام بە مانای (مفعول)ە، واتە: (مَوْكُولٌ إِلَيْهِ) کار پێ سپێردراو، کە دەفەرمووێ: ﴿ وَكَفَىٰ بِٱللَّهِ وَكِيلًا ﴿١٣٢﴾ ﴾النساء، واتە: تۆ ئیکتیفا بکە بەوە خوا سەرپەرشتیاریی کاروبارت بکات و کاری خۆت بەو بسپێرە، ﴿ وَمَآ أَنتَ عَلَيۡهِم بِوَكِيلٍ ﴾، تۆ کار پێ سپێردراو نی بۆ ئەوان، پارێزەر نی بەسەر وانەوە.

(يَتَوَفَّى): وەردەگرێ، دەمرێنێ، (عُبِّرَ عَنِ المَوْتِ وَالنَّوْمِ بِالتَّوَفِّي) واتە: هەر کام لە مردن و خەوتن بە وشەی (تَوَفِّي) تەعبیریان لێکراوە، لەبەر ئەوەی لە کاتی مردندا، ڕووحی مرۆڤ لە جەستەی وەردەگیرێ بە تەواویی، بەڵام لە کاتی خەوتندا، بەشێوەیەکی ناتەواو ڕووحەکە وەردەگیرێ نەک بە تەواویی، ئەگەر بە تەواویی وەربگیرێ و لێی جیابێتەوە، مردن ڕوودەدات.

(ٱلۡأَنفُسَ): کۆی (نَفْس)ە، (نفس)یش بە مانای ڕووحە، هەتا لە جەستە دایە (نەفس)و، لە دەرەوەی جەستەش (ڕووح)ی پێدەگوترێ.

(ٱشۡمَأَزَّتۡ): (أي: نَفَرَتْ وَانْقَبَضَت)، سڵەمیەوەو گووشرا، دڵیان گووشراو، تەنگ بوو، (إِشْمِئْزَاز) واتە: (انْقِبَاض) وەتەنگ هاتن و ناڕەحەت بوون و بێزاربوون.

(يَحۡتَسِبُونَ): (يَتَوَقَّعُون) بە شێوەیەک کە چاوەڕوانییان نەدەکرد: ﴿ مِنۡ حَيۡثُ لَا يَحۡتَسِبُ ﴿٣﴾ ﴾الطلاق، واتە: لەلایەکەوە بە شێوەیەک کە چاوەڕوانییان نەدەکردو حیسابیان بۆ نەکرد بوو.

(وَحَاقَ بِهِم): (نَزَلَ بِهِمْ، أَصَابَهُم)، واتە: دابەزییە سەریان و، تووشیان بوو.

(فِتْنَةٌ): بە مانای تاقیکردنەوەو جەڕباندن دێ، لەم سیاقەدا: ﴿بَلْ هِىَ فِتْنَةٌ﴾، ئەمە تاقیکردنەوەیە، ئەو ماڵ و سامانە کە پێتان دراوە، ئەگەرنا (فتنة) بە پێی سیاقە جۆراو جۆرەکان، مانایەکەی دەگۆڕێ.

(يَبْسُطُ ٱلرِّزْقَ): (يَبْسُطُ) پانی دەکات و، درێژی دەکات، (رِزْق) بژیو: ﴿يَبْسُطُ ٱلرِّزْقَ﴾، (يُوَسِّعُ) فراوانی دەکات، مەبەستی پێ (يُكْثِرُ) زۆری دەکات.

(وَيَقْدِرُ): (أَي: يُضَيِّق) وەتەنگی دێنێ، (يُضَيِّقُ) بە مانای (يُقَلِّلُ) بژیو کەم و تەنگ دەکاتەوە.

مانای گشتیی ئایەتەکان

خوا ﷻ لەم ڕەوتەدا ڕوو لە پێغەمبەری خاتەم ﷺ دەکات، کە وەک لە پێناسەی ئەم دەرسەدا گوتمان: هەشت بابەتی گەورەو گرنگ لەم دوازدە (١٢) ئایەتەدا خراونە ڕوو، بەڵکو دەگونجێ بگوترێ: زیاتریشن، یاخود ئەو هەشت بابەتەش هەندێکیان بچنە نێو هەندێکیان، بەڵام من بۆ زیاتر ڕوون بوونەوەی چەمک و واتای ئایەتەکان لە پێناسەی دەرسەکەدا، کردوومن بە هەشت بابەت.

ئنجا یەکێک لەو بابەتانە باسی قوڕئانە، دەفەرموێ: ﴿إِنَّآ أَنزَلْنَا عَلَيْكَ ٱلْكِتَـٰبَ لِلنَّاسِ بِٱلْحَقِّ﴾، بە دڵنیایی ئێمە کتێبمان بە هەق دابەزاندۆتە سەر تۆ بۆ خەڵکی، دوێنراو (مُخَاطَب) موحەممەدە ﷺ، کە خوا ﷻ قوڕئانی دابەزاندۆتە سەر دڵی پاک و موبارەکی، وشەی (إِنَّا)ش بۆ جەختکردنەوەیە: ﴿إِنَّآ أَنزَلْنَا عَلَيْكَ ٱلْكِتَـٰبَ لِلنَّاسِ بِٱلْحَقِّ﴾، ئەمەش بەرپەرچدانەوەی قسەو پڕوپاگەندەی بێبڕواو هاوبەش بۆ خوادانەرەکانە کە دەیانگوت:

أ- موحەممەد ﷺ شەیتانێک فێری دەکات.

ب- بۆ خۆی هەڵیبەستوە.

ج- لە کەسێکی دیکە فێری بووە، ئەو تۆمەتانە هەموویان گوتراون، خوا ﷻ بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەو قسانە هەموویان دەفەرموێ: بە دڵنیایی ئێمە قورئانمان بە هەق دابەزاندۆتە سەر تۆ بۆ خەڵک، کە دەفەرموێ: ﴿بِٱلۡحَقِّ﴾، واتە:

١- ئێمە هەق بووین کە قورئانمان بۆ تۆ ناردوە.

٢- یاخود بە شێوازێکی هەق بۆ تۆمان دابەزاندوە.

٣- یاخود قورئانمان دابەزاندوەو هەقی لە نێو خۆیەوە گرتوە.

﴿فَمَنِ ٱهۡتَدَىٰ فَلِنَفۡسِهِۦ﴾، ئنجا هەر کەسێک ڕێی ڕاستی گرت، ئەوە سوودەکەی بۆ خۆیەتی، ﴿وَمَن ضَلَّ فَإِنَّمَا يَضِلُّ عَلَيۡهَا﴾، هەر کەسێکیش گومڕا بوو لە ڕێی لاداو، لە ڕێ ون بوو، گومڕا بوونەکەی بە زیانی خۆیەتی، خۆی لە گومڕا بوونەکەی زەرەرمەندە، هەروەک تەنیا خۆی لە ڕێی ڕاستگرتنەکەی بەهرەمەندە، ﴿وَمَآ أَنتَ عَلَيۡهِم بِوَكِيلٍ﴾، تۆ بەسەر ئەوانەوە کار پێ سپێردراوو سەرپەرشتیارنی، چاودێرو پارێزەر نی، نەهێڵی لابدەن، ئەمە بابەتی یەکەم.

ئنجا خوا ﷻ دێتە سەر بابەتێکی دیکە، کە یەکێک لەو هەقانەی ئەم قورئانە گرتوونیە خۆی، بریتیە لەوەی ڕووحەکان هەموویان بەدەست خوان و بێگومان لە کاتی مردندا، ئەو ڕووحانە وەردەگرێ و بەو شێوەیە خوا ﷻ مردنیان بەسەردا دێنێ، ئەوەی نەشمردبێ، لە کاتی خەوتندا، واتە: هەم لە کاتی خەوتندا، هەم لە کاتی مردندا، ڕووحەکان لەبەر دەستی خوان و خوا دەیانباتەوە لای خۆی، ئەوەی کە بە مراندنیش ڕووحی وەرنەگرێتەوە، لە کاتی خەوتندا ڕووحەکەی وەردەگرێتەوە.

﴿ ٱللَّهُ يَتَوَفَّى ٱلۡأَنفُسَ حِينَ مَوۡتِهَا ﴾، خوا ﷻ نەفسەكان وەردەگرێ بە تەواویی لە كاتی مردنیاندا، ﴿ وَٱلَّتِي لَمۡ تَمُتۡ فِي مَنَامِهَا ﴾، ئەوانەش كە نە مرد بن، لە كاتی خەوتنیاندا نەفسەكان وەردەگرێ، دوایی باس دەكەین بۆچی خوا ﷻ وشەی نەفسەكان ﴿ ٱلۡأَنفُسَ ﴾ی بەكارهێناوە، كە كۆی نەفسەو، وشەی ڕووحەكان (أَرْوَاح)ی بەكارنەهێناوە، دواتر لەو بارەوە باسێكی تایبەت دەكەین، ﴿ فَيُمۡسِكُ ٱلَّتِي قَضَىٰ عَلَيۡهَا ٱلۡمَوۡتَ ﴾، ئنجا خوا ﷻ ئەوەی كە مردنی بۆ بڕیار دابێ، لەو نەفسانەی وەریگرتوون لە كاتی خەوتنیاندا، لە لای خۆی دەیهێڵێتەوە لەو شوێنەی كە بەس خۆی دەزانێ، ئایا لە مەنزڵگای بەهەشتدایە، یان لە مەنزڵگای دۆزەخدا، ئەوانە دەهێڵێتەوە؟! یان لە شوێنێكی دیكەی وەك بەهەشت و دۆزەخ، ﴿ وَيُرۡسِلُ ٱلۡأُخۡرَىٰٓ إِلَىٰٓ أَجَلٖ مُّسَمًّى ﴾، ئەوانی دیكەش دەنێرێتەوە، تاكو كاتی ناوبراو، واتە: هەر كامیان لەو ڕووحانە دەینێرێتەوە بۆ نێو جەستە، تاكو ئەوەندە ماوە ژیانەی ماویەتی لە دنیادا، تەواوی دەكات، ﴿ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَأٓيَٰتٖ لِّقَوۡمٖ يَتَفَكَّرُونَ ﴾، بە ڕاستیی لەوەدا نیشانە هەن بۆ كۆمەڵێك بیر بكەنەوە، ڕامێنن و تێبفكرن.

كە دوایی ئێمە تۆزێك تێدەفكرین و ڕادەمێنین لە دیاردەی خەوتن و چۆنیەتی جیابوونەوەو دوور كەوتنەوەیەكەی نەفس لە جەستە، كە لە حاڵەتی خەوتندا ڕوودەدات.

ئنجا خوا ﷻ دێتە سەر بابەتێكی دیكە، هەر لەو چوارچێوەیەی هەمەكارەبوونی خوا ﷻ لە دنیاو دواڕۆژدا، كە ئەوەتا كتێبی بە هەق بۆ تۆ دابەزاندووەو، بۆ ئەوەی خەڵك ڕێ ڕاست بگرێ، ئەگەر ڕێی ڕاست بگرن، قازانجی خۆیانەو، ئەگەر ڕێی چەوت بگرن و لابدەن، بە زیانی خۆیان تەواو دەبێ، تۆشمان نەناردوە كە نەهێڵی لابدەن، تۆ تەنیا پەیامی خۆیانی پێدەگەیەنی.

ئەوەتا خوا ﷻ چ لە كاتی مردنداو، چ لە كاتی خەوتندا، ڕووحەكان وەردەگرێتەوە، ئنجا ئەوانەیان كە لە كاتی خەوتندا ڕووحەكانیان وەردەگرێ، ئەگەر مردنی بۆ

بڕیار دابن یەکجاریی ئەو ڕووحەی وەریگرتوە، نایگێڕێتەوە نێو جەستە، ئەو کەسە خەوتووەو بە خەبەر نایەت و لە قیامەتێ لە عالەمی بەرزەخدا بە خەبەر دێ، ئەوی دیکەش دەنێرێتەوە تاکو کاتی دیارییکراو.

بابەتی سێیەمیش ئەوەیە کە هاوبەش بۆ خوا دانەرەکان بە تەمابوون بت و سەنەمە پەرستراوەکانیان شەفاعەت و تکایان لە لای خوا بۆ بکەن، هەروەک بەداخەوە هەندێک لە ئۆممەتی موحەممەدیش ﷺ کە تووشی شیرک بوون بە هۆی هەندێک لەوانەوە، کە بە پیاو چاکیان داناون، ئنجا لە زیندووان، یان لە مردووان، ئەوانیش تووشی جۆرێک لە شیرک بوون، پێغەمبەر ﷺ زۆر بە ڕوونیی و، بە تۆخیی هۆشداریی داوە بە ئۆممەتی کە تووشی شیرک نەبن، بۆ وێنە: لە یەکێک لە فەرمایشتەکانی دا دەفەرموێ: {**لَا تُطْرُونِي كَمَا أَطْرَتْ النَّصَارَى ابْنَ مَرْيَمَ، فَإِنَّمَا أَنَا عَبْدُهُ، فَقُولُوا عَبْدُ اللَّهِ وَرَسُولُهُ**} (**أخرجه أحمد: ١٥٤، والدارمي: ٢٧٨٤، والبخاري: ٣٢٦١**)، واتە: بە من هەڵمەڵێن و تێمەپەڕێنن لە مەدح کردنمدا، وەک چۆن نەصڕانییەکان لە عیسای کوڕی مەریەمدا تێیان پەڕاند (و کردیان بە کوڕی خواو کردیان بە بەشێک لە خوا)، من بەس بەندەی ویم، ئنجا بڵێن: بەندەی خواو ڕەوانەکراوەکەی.

هەروەها زۆر شتی دیکەی لەو بارەوە فەرمووە کە ئێمە لە باسێکی سەربەخۆ لە کۆتایی سوورەتی (یوسف)دا، لە ژێر ڕۆشنایی ئەم ئایەتەدا کە دەفەرموێ: ﴿ وَمَا يُؤْمِنُ أَكْثَرُهُم بِاللَّهِ إِلَّا وَهُم مُّشْرِكُونَ ﴿١٠٦﴾ ﴾ یوسف، باسێکی خەست و خۆڵمان لەو بارەوە کردوە.

بەڵێ یەکێک لە عەقیدەو عادەتەکانی هاوبەش بۆ خوادانەرەکان، بریتی بوو لەوەی بەتەما بوون پەرستراوەکانیان تکاو ڕجایان بۆ بکەن، کە لە نێو شیعەدا بەگشتیی و هەندێک لە ئەهلی تەصەووف و خەڵکی عەوامدا، ئەو حاڵەتی چاوەڕێکردنی کار بۆ کرانە بە شێوەی ناشەرعییانە، لەلایەن هەندێک لەوانەوە کە پێیان بڕوادارن لە شێخ و پیاو چاک و مەزارگەکانیان ئەو حاڵەتە هەیە، لە شیعرێکدا هاتوە دەڵێ:

بۆیە لە دنیا دەستم گرت وەتۆ ... تاکو لە قیامەت نەبم ڕەنجەڕۆ

یانی: لە دنیادا بۆیە دەستم پێگرتی، تاکو لە قیامەتدا ڕەنجەڕۆ نەبم و تۆ شەفاعەتم بۆ بکەی! هەڵبەتە ئێمە باسێکی سەربەخۆمان لە بارەی شەفاعەت و تکاوە کردوە، لە تەفسیری سوورەتی (**یونس**)دا، جارێکی دیکە باسی ناکەین، بەڵام گرنگ ئەوەیە ئەم مەسەلەی تکا بۆ کران و تکا بۆ کردنە، یەکێکە لەو هۆکارانەی کە خەڵکێک بە هۆیەوە تووشی شیرک بووە.

لێرەدا خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ أَمِ ٱتَّخَذُواْ مِن دُونِ ٱللَّهِ شُفَعَآءَ ﴾، بێگومان ئەمە دەبێ پەیوەست بێتەوە بە ڕستەیەکەوە کە لە پێش ویدا بووە، بەڵام بە عەقڵ و سەلیقە دەزانرێ، واتە: ئایا ئەوان لە سزای خوا بێ باکن! یاخود جگە لە خوا تکا کارانێکیان بۆ خۆیان گرتوە، تکایان بۆ بکەن؟ ﴿ قُلْ أَوَلَوْ كَانُواْ لَا يَمْلِكُونَ شَيْـًٔا وَلَا يَعْقِلُونَ ﴾، بڵێ: ئایا ئەگەر ئەوانە هیچیان بەدەست نەبێ و نەشفامن (ئەو پەرستراوانە)، ئایا دەتوانن تکا بکەن؟!

﴿ قُل لِّلَّهِ ٱلشَّفَـٰعَةُ جَمِيعًا ﴾، بڵێ: تکاکردن هەمووی تێکڕا هی خوایەو، کەسی دیکە خاوەنی تکاکردن نیە، دەبێ ئەو مۆڵەت بداو، بۆ کەسێکیش کە لێی ڕازییە، وەک دەفەرموێ: ﴿ مَن ذَا ٱلَّذِى يَشْفَعُ عِندَهُۥٓ إِلَّا بِإِذْنِهِۦ ﴿٢٥٥﴾ ﴾البقرة، واتە: کێ لە لای وی تکا دەکات، مەگەر بە مۆڵەتی ئەو، هەروەها دەبێ تکا بۆ کراویش خوا ڕازیی بێ تکای بۆ بکرێ، وەک دەفەرموێ: ﴿ وَلَا يَشْفَعُونَ إِلَّا لِمَنِ ٱرْتَضَىٰ وَهُم مِّنْ خَشْيَتِهِۦ مُشْفِقُونَ ﴿٢٨﴾ ﴾الأنبياء، واتە: فریشتەکان تکا ناکەن، مەگەر بۆ کەسێک خوا لێی ڕازی بێ، تکای بۆ بکرێ، ئەوانیش لە سام و هەیبەتی بۆ خۆیان بە پەرۆشن.

﴿ لَّهُۥ مُلْكُ ٱلسَّمَـٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ۖ ثُمَّ إِلَيْهِ تُرْجَعُونَ ﴾، موڵکی ئاسمانەکان و زەوی، حوکمڕانیی لە ئاسمانەکان و زەویدا هی ویە، ﴿ ثُمَّ إِلَيْهِ تُرْجَعُونَ ﴾، دواییش بۆ لای وی دەگێڕدرێنەوە.

ئنجا باسی بابەتێکی دیکەی چوارەم دەکات:

﴿ وَإِذَا ذُكِرَ ٱللَّهُ وَحْدَهُ ٱشْمَأَزَّتْ قُلُوبُ ٱلَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ بِٱلْءَاخِرَةِ ﴾، ئەمە باسی بابەتێکی دیکەیە کە بریتیە لە هەڵوێستی نەفامانەو نەزانانەی هاوبەش بۆ خوادانەرەکان لە بەرانبەر خوادا، کە کاتێک باسی خوا ﷻ دەکرا، دڵیان ڕێک دەهات و دەگووشرا، بەڵام کە باسی بت و صەنەمەکانیان کرابایە، دڵیان خۆش دەبوو، کەیفیان دەهات، لە حاڵێکدا زانیویشیانەو گوتووشیانەو دانیشیان پێداهێنانەوە، کە بەدیهێنان هەمووی هی خوایە، پەروەردگارێتیی هەر هی خوایە، خاوەندارێتیی تەنیا هی خوایە، کەچی دڵیان بەبت و سەنەمەکانیان خۆشتر بووە!.

﴿ وَإِذَا ذُكِرَ ٱللَّهُ وَحْدَهُ ٱشْمَأَزَّتْ قُلُوبُ ٱلَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ بِٱلْءَاخِرَةِ ﴾، لە کاتێکدا تەنیا باسی خوا ﷻ بکرێ، ئەوانەی بڕوایان بە مەنزڵگای کۆتایی نیە، دڵیان ڕێک دێ و دەگووشرێ، ﴿ وَإِذَا ذُكِرَ ٱلَّذِينَ مِن دُونِهِۦٓ ﴾، بەڵام کاتێک ئەوانی دیکەی جگە لەو، واتە: ئەو پەرستراوە ساختانەی کە وێڕای خوا، یان لە جیاتی خوا دەپەرسترێن، باس بکرێن: ﴿ إِذَا هُمْ يَسْتَبْشِرُونَ ﴾، کت و پڕ دڵیان خۆش دەبێ، کەیف و شادمانییان بۆ دێ، کە ئەمەش دیسان ئەو دڵخۆشبوونە بە جگە لە خوا، زیاتر لە خوا، دڵخۆش بوون بە بەرنامەی جگە لە خوا، زیاتر لە هی خواو، بە پاداشتی جگە لە خوا، زیاتر لە پاداشتی خواو، ترسان لە سزای جگە لە خوا، زیاتر لە سزای خوا، ئەمەش کەم و زۆر لە نێو مسوڵمانانێکی لادەرو ڕێ لێ تێکچوودا هەیە، کە ئەوەش بێگومان چەند جۆرێکن لە شیرک، چونکە مرۆڤی تەنیا خوا پەرست و خوا بە یەکگر، ئەو کەسەیە کە ئەوپەڕی دڵخۆشیی و شادمانیی، تەنیا بە خواو پاداشتی خواو بە بەزەیی خوا بێ و، ئەوپەڕی سام و ترسیشی، تەنیا لە بەرانبەر سزای خواو هەڕەشەی خوا بێ، چونکە خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ قُلْ بِفَضْلِ ٱللَّهِ وَبِرَحْمَتِهِۦ فَبِذَٰلِكَ فَلْيَفْرَحُوا۟ هُوَ خَيْرٌ مِّمَّا يَجْمَعُونَ ﴿٥٨﴾ ﴾یونس، واتە: بڵێ: بە بەخششی خواو بە بەزەیی، با بەس

بەوە زۆر دڵ خۆش بن، چونکە وشەی (فرح) واتە: ئەوپەڕی دڵخۆشیی، (أَشَدُّ السُّرُور)، هەروەها بە نسبەت ترسیشەوە، دەفەرموێ: ﴿ إِنَّمَا ذَٰلِكُمُ ٱلشَّيْطَٰنُ يُخَوِّفُ أَوْلِيَآءَهُۥ فَلَا تَخَافُوهُمْ وَخَافُونِ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ ﴿١٧٥﴾ ﴾آل عمران، واتە: ئەوە شەیتانە لە دۆستانی خۆی دەتانترسێنێ، لەوان مەترسێن و لە من بترسێن، ئەگەر بڕوادارن، واتە: ئەو ترسەی بەرانبەر بە سزای من هەتانە، بەرانبەر بە هیچ شتێکی دیکە نەتانبێ.

ئنجا دێتە سەر بابەتێکی دیکەی پێنجەم: خوا ﷻ فەرمان بە پێغەمبەری خاتەم ﷺ دەکات، دەفەرموێ: ﴿ قُلِ ٱللَّهُمَّ فَاطِرَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ﴾، بڵێ: ئەی خوایە! داهێنەرو پەیداکەری ئاسمانەکان و زەوی، ﴿ عَٰلِمَ ٱلْغَيْبِ وَٱلشَّهَٰدَةِ ﴾، زانای پەنهان و ئاشکرا، ﴿ أَنتَ تَحْكُمُ بَيْنَ عِبَادِكَ فِى مَا كَانُوا۟ فِيهِ يَخْتَلِفُونَ ﴾، بەس تۆ دادوەریی دەکەی لە نێوان بەندەکانتدا، لەوەدا کە تێیدا کەوتوونە ڕاجیایی و مشت و مڕەوە، یانی: بەس تۆ دادوەریی دەکەی لە ڕۆژی دواییدا.

شایانی باسە: ئەو بابەتانەش هەموویان وەک ئاڵقەکانی زنجیرێک یەکدی دەبەستنەوە، ئەوەی پێشێ فەرمووی: ئەوانەی بڕوایان بە مەنزڵگای کۆتایی نیە، ئەگەر بە تەنیا باسی خوا بکرێ، دڵیان ڕادەگووشرێ، دڵیان تێکدەچێ، بەڵام ئەگەر باسی پەرستراوەکانی دیکەی جگە لەو بکرێ، دڵیان خۆش دەبێ، خواش ﷻ فەرمووی: ﴿ قُلِ ٱللَّهُمَّ فَاطِرَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ﴾، (ئەی موحەممەد! ﷺ) بڵێ: ئەی خوایە! پەیداکەرو داهێنەری ئاسمانەکان و زەوی، زانای پەنهان و ئاشکرا، هەر تۆ دادوەریی دەکەی لە نێوان بەندەکانتدا، لەوەدا کە تێیدا کەوتوونە ڕاجیاییەوە، کە خوا بەیەکگران تەنیا دڵیان بە خوا خۆشەو، پەرستراوەکانی دیکە، نەک هەر دڵیان پێیان خۆش نیە، بگرە دڵیان پێیان نارەحەتە، کەچی هاوبەش بۆ خوادانەرەکان، دڵیان بە پەرستراوەکانیان خۆشەو، دڵیان بە یادی خوا دەگووشرێ، لە حاڵێک تەنیا باسی خوا بکرێ، هەروەها ئەوانەی خوا پەرستن و بە ڕێی بەرنامەی خوادا دەڕۆن، دڵیان بە بەرنامەی خوا خۆشە، بەڵام دڵزەدەو

دڵ نارەحەتن، بە ڕێچکەو کوێرەڕێیەکان، کەچی ئەوانەی کوێرە ڕێ و ڕێچکەکان دەگرن، دڵیان بە کوێرە ڕێیەکانی خۆیان خۆشە، بەڵام دڵ نارەحەتن و بێزارن لە ڕاستە شەقامی خوا، ئنجا ئەمە هەمووی ڕاجیایی و ناکۆکییەو، تەنیا خوا لە نێوان بەندەکانیدا لە ڕۆژی دواییدا، دادوەریی لە بارەوە دەکات و، ئەو هەق و ناهەقیان بۆ لێک جیادەکاتەوە.

ئنجا دێتە سەر بابەتی شەشەم و باسی سەرەنجامی بێبڕوایان و هاوبەش بۆ خوادانەران دەکات و دەفەرمووێ: ﴿ وَلَوْ أَنَّ لِلَّذِينَ ظَلَمُوا۟ مَا فِى ٱلْأَرْضِ جَمِيعًا وَمِثْلَهُۥ مَعَهُۥ ﴾، ئەگەر ئەوانەی ستەمیان کردوە -مەبەستی پێ هاوبەش بۆ خوادانەرەکان و بێبڕوایەکانن، بەڵام بۆیە بە وشەی (**ظَلَمُوا**) دەیهێنێ، واتە: وێڕای ئەوەی کە ئەهلی کوفرو شیرکن، ئەهلی زوڵمیشن، یاخود کوفرو شیرکەکەیان لە خۆیدا ستەم و لادانە- ﴿ مَا فِى ٱلْأَرْضِ جَمِيعًا وَمِثْلَهُۥ مَعَهُۥ ﴾، لە ڕۆژی دواییدا هەرچی لە زەویدایەو، وێنەی خۆشی لەگەڵیدا هەیانبێ: ﴿ لَٱفْتَدَوْا۟ بِهِۦ مِن سُوٓءِ ٱلْعَذَابِ يَوْمَ ٱلْقِيَـٰمَةِ ﴾، دەیکەنە بەلاگێڕی خۆیان و قەرەبوویان، لە سزای خراپی ڕۆژی هەڵسانەوە، ﴿ وَبَدَا لَهُم مِّنَ ٱللَّهِ مَا لَمْ يَكُونُوا۟ يَحْتَسِبُونَ ﴾، لە لایەن خواوەش شتێکیان بۆ دەرکەوت کە چاوەڕوانییان نەدەکرد، یانی: پێیان وانەبوو خوا ﷻ بەو جۆرە مامەڵەیان لەگەڵدا بکات، وەک دوایی لە مەسەلە گرنگەکاندا باس دەکەین، من پێم وایە ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو خەیاڵ پڵاوانەی هەموو ئەوانەی بەشێوەیەکی هەڵە، خوا دەپەرستن، ئنجا چ خواناسن و، هاوبەشی بۆ پەیدا دەکەن، چ بە حیساب هاوبەشی بۆ پەیدا ناکەن، بەڵام بە دوای هەندێ ئەفسانەو قسەی پڕوپووچ کەوتبن، کە فڵانکەس شەفاعەتیان بۆ دەکات و، فڵانکەس لەوانەیە دەربازیان بکات، یان ڕەنگە بەهۆی فڵانکەسەوە دەرباز ببن، یان لەبەر ئەوەی کە کوڕی فڵانکەسە، یان بە شەجەرەو ڕەچەڵەک دەچنەوە سەر پێغەمبەر ﷺ، یاخود لەبەر ئەوەی کە مەلازادەن، یان شێخ زادەن و، سەید زادەن، یان بەگزادەن، یان چی زادەن، دەربازیان بێ، ئەوانە

بە جۆرێک بیردەکەنەوە کە لە قیامەتێ بۆیان دەردەکەوێ، بیرکردنەوەکەیان هەڵە بووە، وەک گوتراوە: (ئیمانێ بە نیسکێ دەسپێرێ)، هەیە بە تەمای ئەوە لێگەڕاوە کە بە ڕەچەڵەک دەچێتەوە سەر فڵان پیاو چاکە، یان فڵانکەسە، بەڵام تەماشا دەکات لە قیامەتێ ئەو حیساب و کیتابە لە گۆڕێدا نیە، وەک خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ فَإِذَا نُفِخَ فِي ٱلصُّورِ فَلَآ أَنسَابَ بَيۡنَهُمۡ يَوۡمَئِذٖ وَلَا يَتَسَآءَلُونَ ﴿١٠١﴾ ﴾ المؤمنون، واتە: ئەگەر فوو بە کەڕەنادا کرا، لەو ڕۆژە دا، نە ڕەچەڵەکیان لە بەیندا هەن و نە لە یەکدی دەپرسن، بۆچی لە یەکدی ناپرسن و داوا ناکەن؟ چونکە دەزانن بێ سوودە، دەزانن کەس بە فریای کەس ناکەوێ، ئنجا لەوێ شتێکیان بۆ دەردەکەوێ لە لایەن خواوە، کە حیسابیان بۆ نەکرد بوو و چاوەڕوانییان نەدەکردو لەبەرچاویان نەگرتبوو، ﴿ وَبَدَا لَهُم مِّنَ ٱللَّهِ مَا لَمۡ يَكُونُواْ يَحۡتَسِبُونَ ﴾.

﴿ وَبَدَا لَهُمۡ سَيِّـَٔاتُ مَا كَسَبُواْ ﴾، هەروەها بۆیان دەرکەوت خراپەی ئەوەی کردبوویان واتە: سزای ئەو کردەوە خراپانەی ئەنجامیان دابوون، بۆیان دەرکەوت، ﴿ وَحَاقَ بِهِم مَّا كَانُواْ بِهِۦ يَسۡتَهۡزِءُونَ ﴾، سزای ئەوەش کە گاڵتەیان پێ دەکرد دەوری دان، ئابڵووقەو گەمارۆی دان.

ئنجا دێتە سەر بابەتی حەوتەم: کە ئەویش دیسان هەر باسی بابای هاوبەش بۆ خوادانەرو، بابای چاک خوانەناسە کە لەگەڵ خوادایە، بەڵام بە مەرجی خێرو خۆشیی و قازانج و سوود، بەڵام کاتێک زیان و ئازار ڕووی تێدەکات، پشت لە خوا دەکات و پەنا بۆ غەیری خوا دەبات، خوا دەفەرموێ:

﴿ فَإِذَا مَسَّ ٱلۡإِنسَٰنَ ضُرّٞ دَعَانَا ﴾، مرۆڤ، مرۆڤی بێبڕوا، یان مرۆڤێک کە گیرۆدەی هاوبەش بۆ خوادانان بووە، کاتێک زیانێکی تووش دێ، ﴿ دَعَانَا ﴾، لێمان دەپاڕێتەوە، لە کاتی نەهاتدا ڕوومان تێدەکات و لێمان دەپاڕێتەوە، پەنامان پێدێنێ، ﴿ ثُمَّ إِذَا خَوَّلۡنَٰهُ نِعۡمَةٗ مِّنَّا ﴾، بەڵام هەر کاتێک ئێمە لە لایەن خۆمانەوە، چاکەیەکمان پێداو، پێ بەخشیی بەبێ بەرانبەر، بەبێ چاوەڕوانیی

و قەرەبـوو، ﴿ قَالَ إِنَّمَآ أُوتِيتُهُۥ عَلَىٰ عِلۡمٍۭ ﴾، دەڵـێ: مـن ئـەو خێـرو خۆشـیی و چاکەیـەم بـە هـۆی زانیارییـەوە پێـدراوە، واتـە: خـوا ﷻ زانیویـەتی شایسـتەم، یاخـود: بەهـۆی ئـەوەوە کـە مـن شـارەزایی و زانیارییـم هەیـە، پێمـدراوە، یاخـود: مـن دەزانم کـە شایسـتەی ئـەوەم و لـە قیامەتیشـدا هەمـان پشـک و بـەشی چاکـەم هەیـە، خـوا ﷻ دەفەرمـوێ: ﴿ بَلۡ هِيَ فِتۡنَةٞ ﴾، بەڵکـو ئـەوە تاقیکردنەوەیـە، ئـەو نیعمەتـە، ئـەو خێـرو خۆشـیی و چاکەیـە کـە پێتـدراوە، تاقیکردنەوەیـە، ﴿ وَلَٰكِنَّ أَكۡثَرَهُمۡ لَا يَعۡلَمُونَ ﴾، بـەڵام زۆربەیـان نازانـن، بـە هـۆی نەزانینیانـەوە، ئـەو خێـرو خۆشـیی و چاکەیـە کـە دێتـە دەسـتیان، دەیگێڕنـەوە بـۆ شـان و شـەوکەتی خۆیـان، بـۆ هـەوڵ و ڕەنـج و زانیاریـی خۆیـان، لـە تەنگانانـدا پەنـا بـۆ خـوا دەبـەن و، لـە خۆشیانیشـدا خوایـان لـە بیـر دەچـێ.

﴿ قَدۡ قَالَهَا ٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِهِمۡ ﴾، ئـەو قسـەیە، ئـەوانی پێـش وانیـش هـەر گوتیـان، یـانی: کـە خێـرو خۆشـییمان تـووش دەکـردن، دەیانگـوت: بـۆ خۆمـان ئەوەمـان وەدەسـت هێنـاوەو دەسـتەبەر کـردوە.

﴿ فَمَآ أَغۡنَىٰ عَنۡهُم مَّا كَانُواْ يَكۡسِبُونَ ﴾، بـەڵام ئـەوەی وەدەسـتیان دەهێنـا لـە مـاڵ و سـامان، هیـچ سـوودی پـێ نەگەیانـدن، (مَا) دەگونجـێ (مـا)ی لابـەرە (مَا النَّافِيَـة) بـێ، واتـە: هیـچ سـوودی پـێ نەگەیاندن، دەشـگونجێ (مـا)ی پرسـیارکردن (ما الإِسـتِفْهَامِيَّة) بـێ، (فَـمَا أَغْنَـى عَنْهُـم مَـا كَانُـوا يَكْسِـبُون؟)، چ سـوودێکی پـێ گەیانـدن ئـەوەی وەدەسـتیان دەهێنا؟ لـە کاتێـک دا کـە بـەڵای خـوا ﷻ مـلی گرتـن و، مـاڵ و سـامان و سـەروەتیان کـە وەدەسـتیان هێنابـوو، چ سـوودێکی پـێ گەیانـدن؟! هیـچ.

﴿ فَأَصَابَهُمۡ سَيِّـَٔاتُ مَا كَسَبُواْ ﴾، خراپـەی ئـەوەی وەدەسـتیان هێنابـوو، تووشـیان بـوو، واتـە: سـزای ئـەو کـردەوە خراپانـەی کـە بەدەسـتیان دەهێنـان، ئـەو گەلانـە تووشـیان بـوو، مـلی گرتـن، ﴿ وَٱلَّذِينَ ظَلَمُواْ مِنۡ هَٰٓؤُلَآءِ ﴾، ئەوانـەش کـە سـتەمیان کـردوە لەوانـە، لەوانـەی ڕۆژگاری تـۆ (ئـەی موحەممـەد ﷺ!) یاخـود:

لەوانـەی ئۆممـەتی تـۆ، چ لـە ڕۆژگاری خۆتـداو، چ لـە ڕۆژگارەکانی دیکـەدا، تاکـو دنیـا بـە کۆتـا دێ، چونکـە هەموویـان لەسـەر میلاکـی موحەممـەدن ﷺ، ئەوانـەی ستەمیشـیان کـردوە، لەوانـەی تـۆ بـۆ لایـان ڕەوانـە کـراوی، ﴿ سَيُصِيبُهُمْ سَيِّئَاتُ مَا كَسَبُوا ﴾، بـە دڵنیایـی خراپـەی ئـەوەی وەدەسـتیان هێنـاوە، تووشـیان دێ، واتـە: سـزای خراپـی کـردەوە خراپەکانیـان، تووشـیان دێ و یەخەیـان دەگـرێ، ﴿ وَمَا هُم بِمُعْجِزِينَ ﴾، ئەوانیـش دەستەوسـتانکەر نیـن، واتـە: ناتوانـن خـوا ﷻ بـێ توانـا بکـەن و ڕابکـەن لـە دەسـەڵاتی خـواو، دەربـاز بـن لـە سـزای خـوا.

لـە کۆتاییـدا خـوا بابەتی هەشـتەم و کۆتایـی لـەم دوازدە ئایەتە موبارەکـەدا دەخاتە ڕوو، کـە لـە چەنـد شـوێنی دیکـەی قورئانیشـدا ئـەو ڕاسـتییە هاتـوە، دەفەرمـوێ: ﴿ أَوَلَمْ يَعْلَمُوا أَنَّ اللَّهَ يَبْسُطُ الرِّزْقَ لِمَن يَشَاءُ وَيَقْدِرُ ﴾، ئایـا نەیانزانیـوە کـە خـوا ﷻ بژیـو بـۆ هـەر کەسـێک بیـەوێ فـراوان دەکات، ﴿ وَيَقْدِرُ ﴾، هەروەهـا وەتەنگیـش دێنـێ، ﴿ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَآيَاتٍ لِّقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ ﴾، بەڕاسـتیی لـەوەدا نیشـانە هـەن بـۆ کۆمەڵێـک بڕوابێنـن، کـە دەفەرمـوێ: ﴿ أَوَلَمْ يَعْلَمُوا ﴾، ئایـا نەیانزانیـوە کـە خـوا ﷻ بژیـو فـراوان دەکات بـۆ هـەر کەسـێک بیـەوێ و وەتەنـگ دێنـێ، واتـە: بـۆ هەندێکیـان فـراوان دەکات و بـۆ هەندێکیـان وەتەنـگ دێنـێ، یاخـود بـۆ هـەر کامێکیـان هەندێـک جـاران بژیـوی بـۆ فـراوان و زۆر دەکات و، هەندێـک جاریـش لێـی وەتەنـگ دێنـێ و لێـی کـەم دەکات، بۆچـی؟ تاکـو تاقییـان بکاتـەوە: ئایـا کـە خـوا ﷻ بژیـوو سـەروەت و سـامانی بـۆ زۆر دەکات، شـوکرانە بژێرەو بـە نیعمـەتی خـوای دەزانـێ؟ هەروەهـا کاتێـک خـوا بـە نەداریـی و هەژاریـی تاقـی دەکاتـەوە، خۆڕاگـرەو دەزانـێ تاقیکردنـەوەی خوایـە؟ یـان دەسـت دەکات بـە ناشـوکریی و نارەزایـی دەربڕیـن؟ ﴿ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَآيَاتٍ لِّقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ ﴾، بەڕاسـتیی لـەوەدا نیشـانە هـەن بۆ کەسـانێک بـڕوا بێنـن، ئینسـان کـە ئیمانی هەبـوو، دەسـتی خـوا دەبینـێ لـە کارەکانـداو، کاتێـک کـە بژیـوی بـۆ فـراوان دەکـرێ، دەسـتی خـوای تێـدا دەبینـێ و، کاتێـک بژێـوی لێـی وەتەنـگ دێ، خـوا بـە نەداریـی و هەژاریـی و

تەنگ دەستیی تاقیی دەکاتەوە، دیسان دەستی خوای بەرزو کاربەجێ دەبینێ، لە کاتێکدا هاتیی دەبێ، سوپاسگوزار دەبێ، بەڵام کە نەهاتیی دەبێ، خۆڕاگر دەبێ.

خوا لەو کەسانەمان بگێڕێ بە لوتف و کەرەمی خۆی، کە چاکەو نیعمەتەکانی خوا بە سوپاسگوزاریی و شوکرانە بژێریی پێشوازیی بکەین و، ناڕەحەتیی و گرفتارییەکانیش لەو ڕووەوە کە لە لای خوای پەروەردگارەوەن، بە خۆڕاگریی و بە پشوو درێژیی، پێشوازیی لێ بکەین، لە هەردوو حاڵاندا تەنیا بەندەی خوابین و، بەو شێوەیە بن کە ڕەزامەندیی خوا وەدەست بێنین.



مەسەلە گرنگەکان

مەسەلەی یەکەم:

ڕاگەیاندنی ئەو ڕاستییە کە خوا کتێبی خۆی بە هەق بۆ خەڵک دابەزاندۆتە سەر موحەممەد ﷺو، هەر کەسێک ڕاستە ڕێ بێ بە هۆی قوڕئانەوەو لێی بەهرەمەند بێ، ئەوە بە سوودی خۆی ڕاستە ڕێ بووەو، هەر کەسێکیش لابداو گومڕابێ، بێگومان بە زیانی خۆی تەواو دەبێ:

خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿إِنَّآ أَنزَلۡنَا عَلَيۡكَ ٱلۡكِتَٰبَ لِلنَّاسِ بِٱلۡحَقِّۖ فَمَنِ ٱهۡتَدَىٰ فَلِنَفۡسِهِۦۖ وَمَن ضَلَّ فَإِنَّمَا يَضِلُّ عَلَيۡهَاۖ وَمَآ أَنتَ عَلَيۡهِم بِوَكِيلٍ ٤١﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتە، لە شەش بڕگەدا:

١)- ﴿إِنَّآ أَنزَلۡنَا عَلَيۡكَ ٱلۡكِتَٰبَ﴾، ئێمە کتێبمان دابەزاندۆتە سەر تۆ، لێرەدا خوا ﷻ بە ڕاناوی: خۆ بەمەزنگر (**مُعَظِّمٌ لِنَفْسِهِ**) کەسێک کە خۆی بە مەزن دەگرێ، کە بێگومان مەزنیی و گەورەیی ڕەها، تەنیا هی خوایە ﷻ، دەفەرموێ: ئێمە دامان بەزاندۆتە سەر تۆ کتێبەکە، چونکە (**الكِتَاب**) (**أل**)ی ناساندنی لەسەرەو لێرەدا ناساندنەکە بۆ (**عهد**)ە، لە ڕووی ڕێزمانی عەرەبییەوە، (**عَهْد**)یش واتە: ئەو شتەی زانراو (**معهود**)ە، وەک جاری دیکەش باسمان کردوە (**أل**)ی (**عهد**) لە زمانی کوردییدا دەبێتەوە بە (کە)، ئەگەر گوتم: کتێبم بۆ بێنە، نازانی کام کتێبە؟ بەڵام کە گوتم: کتێبەکە، دیارە چ کتێبێکە! لێرەدا خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿إِنَّآ أَنزَلۡنَا عَلَيۡكَ ٱلۡكِتَٰبَ﴾، واتە: کتێبەکەمان دابەزاندۆتە سەر تۆ، ئەو کتێبەی کە دەزانی، کە قوڕئانی بەرزو بەپێزە، ئنجا ئەو کتێبە بۆ کێ دابەزێنراوە؟

٢)- ﴿لِلنَّاسِ﴾، ئەو کتێبە بۆ خەڵک دابەزێنراوە، (ل) سەر (لِلنَّاس)، لامی هۆکار (لَام العِلَّة)ی پێ دەڵێن، واتە: (لأَجْلِ النَّاس)، لە پێناوی خەڵکدا، بۆ خاتری خەڵک دامانبەزاندوە، ئنجا خوا ﷻ ڕوونی نەکردۆتەوە، بۆچی لە پێناوی خەڵک دایەو، بۆچی بۆ خەڵکە؟ واتە: بۆ ڕاستە ڕێکردنی خەڵک، بۆ بەهرەمەندکردنی خەڵک، بۆ ئەوەی عەقڵ و دڵیان ڕوون بێتەوە، بۆ ئەوەی ژیانی تاکییان بەو شێوەیە بگوزەرێنن کە شایستەی مرۆڤە، هەروەها شایستەی ژیانی خێزانییان و، ژیانی کۆمەڵایەتییان و، ژیانی سیاسییان، هەمووی دەگرێتەوە.

٣)- ﴿بِٱلۡحَقِّ﴾، بە هەقیش دامان بەزاندوە، واتە:

أ- (مُتَلَبِّساً بَالْحَقِّ)، قورئانمان دابەزاندوە، هەقی تێدایەو هەقی گرتۆتەوە نێو خۆی، قورئان خۆی لەگەڵ هەقدا ئاوێتەیەو، هەقی گرتۆتە نێو خۆی.

ب- (مُتَلَبِّسِيْنَ بَالْحَقِّ) ئێمە لە کاتێکدا قورئانمان دابەزاندوە، هەق بووین، واتە: شتێکی هەق و ڕاست و چاکمان کردوە، کە قورئانمان دابەزاندوە.

ج- بە شێوازێکی هەق و لە کات و شوێنی خۆیشی دا، هەر ئایەتەو هەر سوورەتەمان دابەزاندوە، کەواتە: ١- هەم قورئان هەقە، ٢- هەقی گرتۆتە نێو خۆی، ٣- هەم بە شێوازێکی هەق دابەزیوە، ٤- هەم ئێمەش هەق بووین، شتێکی هەق و ڕاست و چاکمان کردوە کە قورئانمان دابەزاندوە.

٤)- ﴿فَمَنِ ٱهۡتَدَىٰ فَلِنَفۡسِهِۦ﴾، هەر کەسێک ڕێی ڕاست بگرێ، سوودەکەی بۆ خۆیەتی.

(فمن) لێرەدا، («مَنْ» شَرْطِيَّةٌ، أَيْ: مَنْ حَصَلَ مِنْهُ الإهْتِدَاءُ فِي الْمُسْتَقْبَلِ: فَإِنَّ اهْتِدَاءَهُ لِفَائِدَةِ نَفْسِهِ فَحَسْبُ)، (مَن) بۆ مەرجە، هەر کەسێک لە داهاتوودا، ڕێی ڕاست گرتنی بۆ پەیدابێ، سوودەکەی تەنیا بۆ خۆیەتی.

٥)- ﴿وَمَن ضَلَّ فَإِنَّمَا يَضِلُّ عَلَيۡهَا﴾، هەر کەسێکیش ون بوو، گومڕا بوو، بێگومان بە زیانی خۆی گومڕا دەبێ، (كَذَلِكَ الضَّلَالُ وَبَالُهُ عَلَى صَاحِبِهِ الضَّال فَقَط)، واتە: گومڕاییش خراپییەکەی تەنیا بۆ خاوەنە گومڕایەکەیەتی.

٦)- ﴿ وَمَآ أَنتَ عَلَيۡهِم بِوَكِيلٍ ﴾، تۆش بەسەریانەوە کار پێ سپێردراو نی، (**أَي: لَسْتَ مَأْمُوْرَاً بِإِرْغَامِهِمْ عَلَى الإِهْتِدَاءِ**)، (ئەوە یەکێکە لە واتاکانی): تۆ فەرمانت پێنەکراوە ناچاریان بکەی ڕێی ڕاست بگرن، یاخود تۆ پارێزەر نی بەسەریانەوە، نەهێڵی گومڕابن، یاخود: ڕاستە ڕێکردنی ئەوان بە تۆ نەسپێردراوە، چونکە وەک لە چەند شوێنی دیکەدا خوا ﷻ فەرموویەتی: تۆ بەس گەیاندنی پەیامی خوای پەروەردگارت لەسەرە، ﴿ إِنۡ عَلَيۡكَ إِلَّا ٱلۡبَلَٰغُۗ ﴾الشوری - ٤٨ -.

شایانی باسە: شێوەی ئەم تەعبیرە لە سوورەتی (**یونس**)یشدا هاتووەو، لە سوورەتی (**النمل**)یشدا هاتووە:

١- لە سوورەتی (**یونس**)دا خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ قُلۡ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ قَدۡ جَآءَكُمُ ٱلۡحَقُّ مِن رَّبِّكُمۡۖ فَمَنِ ٱهۡتَدَىٰ فَإِنَّمَا يَهۡتَدِي لِنَفۡسِهِۦۖ وَمَن ضَلَّ فَإِنَّمَا يَضِلُّ عَلَيۡهَاۖ وَمَآ أَنَا۠ عَلَيۡكُم بِوَكِيلٖ ١٠٨ ﴾، واتە: بڵێ: ئەی خەڵکینە! هەقتان لە پەروەردگارتانەوە بۆ هاتوە، ئنجا هەر کەسێک ڕێی ڕاست بگرێ، بە سوودی خۆی ڕێی ڕاست دەگرێ و، هەر کەسێک گومڕا بێ، بە زیانی خۆی گومڕا دەبێ و، من بەسەرتانەوە پارێزەرو کارپێ سپێردراو نیم.

٢- لە سوورەتی (**النمل**)دا، خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ وَأَنۡ أَتۡلُوَاْ ٱلۡقُرۡءَانَۖ فَمَنِ ٱهۡتَدَىٰ فَإِنَّمَا يَهۡتَدِي لِنَفۡسِهِۦۖ وَمَن ضَلَّ فَقُلۡ إِنَّمَآ أَنَا۠ مِنَ ٱلۡمُنذِرِينَ ٩٢ ﴾، واتە: هەروەها فەرمانم پێکراوە کە قورئان بخوێنمەوە، ئنجا هەر کەسێک ڕێی ڕاستی گرت، بە سوودی خۆی ڕێی ڕاستی گرتووەو، هەر کەسێکیش گومڕابێ، ئەوە بڵێ: من تەنیا لە ترسێنەران و وریاکەرەوانم.

بۆ حیکمەتی ئەو جیاوازییەی نێوان ئایەتی (٤١)ی سوورەتی (**الزمر**)و، لەگەڵ ئایەتی (١٠٨) سوورەتی (**یونس**)و، ئایەتی (٩٢)ی سوورەتی (**النمل**)دا: (**محمد الطاهر بن عاشور**) لە تەفسیرەکەی خۆیدا[1] دەڵێ:

(جِيءَ قَصْرُ الإِهْتِدَاءِ عَلَى نَفْسِ الْمُهْتَدِي فِي تَيْنَكَ الْآيَتَيْنِ، وَتُرِكَ ذَلِكَ فِي هَذِهِ السُّورَةِ، ووجهُ ذلك أَنَّ تَيْنَكَ الْأَيَتَيْنِ وَارِدَتَانِ بِالْأَمْرِ بِمُخَاطَبَةِ الْمُشْرِكِينَ، فَكَانَ الْمَقَامُ

---

(١) التحرير والتنوير: ج٢٤، ص٢٢.

فِيهِمَا مُنَاسِبًا لِإِفَادَةِ أَنَّ فَائِدَةَ اهْتِدَائِهِمْ لَا تَعُودُ إِلَّا لِأَنْفُسِهِمْ، خِلَافًا لِهَذِهِ الْآيَةِ فَإِنَّهَا خِطَابٌ مُوَجَّهٌ مِنَ اللَّهِ إِلَى رَسُولِهِ ﷺ لَكِنَ اتَّحَدَتِ الْآيَاتُ الثَّلَاثُ فِي قَصْرِ ضَلَالِهِمْ عَلَيْهِم).

واتە: حیکمەتی ئەو جیاوازییە کە لەو دوو ئایەتەی سوورەتی (**یونس**)و سوورەتی (**النمل**)دا، ڕێی ڕاستگرتن کورت هەڵهێنراوە لەسەر بابای ڕێی ڕاستگرتوو، بەڵام لەم سوورەتەدا، ئەوە نەهێنراوە، حیکمەتەکەی ئەوەیە کە لە سوورەتی (**یونس**)و لە سوورەتی (**النمل**)دا، ڕووی دواندن لە هاوبەش بۆ خوادانەرانە، بۆیە مەقامەکە وایخواستوە کە سوودی ئەو ڕێی ڕاستگرتنە، بخرێتە ڕوو کە تەنیا بۆ خۆیانەو بۆ غەیری خۆیان ناچێ، بەڵام ئەم ئایەتەی سوورەتی (**الزمر**): ﴿ فَمَنِ ٱهْتَدَىٰ فَلِنَفْسِهِۦ ﴾، لێرەدا دواندن لە خوای پەروەردگارەوە ڕووی کردۆتە پێغەمبەرەکەی ﷺ بۆیە پێویستیی بە کورت هەڵهێنانی سوودی ڕێی ڕاستگرتن، لەسەر دوێنراو (**مخاطَب**) نەبووە، چونکە دیارە پێغەمبەری خوا ﷺ خوا حاڵیی کردوە و لەوسەری هاتۆتەوە، بەڵام لە هەر سێکیاندا (واتە: هەم لە سوورەتی (**الزمر**)دا کە دەفەرموێ: ﴿ وَمَن ضَلَّ فَإِنَّمَا يَضِلُّ عَلَيْهَا ﴿٤١﴾ ﴾، هەروەها لە سوورەتی (**یونس**)دا: ﴿ وَمَن ضَلَّ فَإِنَّمَا يَضِلُّ عَلَيْهَا ﴿١٠٨﴾ ﴾، هەروەها لە سوورەتی (**النمل**)دا: ﴿ وَمَن ضَلَّ فَقُلْ إِنَّمَآ أَنَا۠ مِنَ ٱلْمُنذِرِينَ ﴿٩٢﴾ ﴾، کە هەمان واتای دوو ئایەتەکەی پێشێی هەیە، لە هەر سێ ئایەتەکەدا)، زیانی گومڕایی بە کورت هەڵهێنانەوە ڕووی پێکراوەتە بابای دوێنراو.

نهێنییەکانی قورئان بێ سنوورن و، زانایان چ لە ڕووی ڕەوانبێژییەوەو، چ لە ڕووی ڕێزمانییەوە، چ لە ڕووی زانستە گەردوونییەکانەوە، چ لە ڕووی زانستی کۆمەڵناسییەوە، چ لە ڕووی دەروونناسییەوە، لە هەر ڕوویەکەوە کە لە قورئان ورد دەبنەوە، هەر کەسێ لە بواری پسپۆڕیی و شارەزایی خۆیدا، کۆمەڵێک نهێنیی دەست دەکەون، کە ڕەنگە زانایانی دیکە ئەو نهێنییانەیان نەکەوتبنە بەرچاو، لەبەر ئەوەی لەو بوارەدا، ئەو شارەزاییەیان نەبووە.

مەسەلەی دووەم:

باسی وەرگرتنی خوا بۆ ڕووحەکان، لە کاتی مردن و خەوتن داو، گێڕانەوەی ئەوانەی مردنی بۆ بڕیار نەداون بۆ نێو جەستەکانیان، تاکو کاتی دیاریکراو:

خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ ٱللَّهُ يَتَوَفَّى ٱلْأَنفُسَ حِينَ مَوْتِهَا وَٱلَّتِي لَمْ تَمُتْ فِي مَنَامِهَا ۖ فَيُمْسِكُ ٱلَّتِي قَضَىٰ عَلَيْهَا ٱلْمَوْتَ وَيُرْسِلُ ٱلْأُخْرَىٰٓ إِلَىٰٓ أَجَلٍ مُّسَمًّى ۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَأَيَٰتٍ لِّقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ ﴿٤٢﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتە، لە پێنج بڕگەدا:

١)- ﴿ ٱللَّهُ يَتَوَفَّى ٱلْأَنفُسَ حِينَ مَوْتِهَا ﴾، خوا ﷻ نەفسەکان وەردەگرێ لە کاتی مردنیاندا، (يَتَوَفَّى)، (**التَّوَفِّي: الْإِمَاتَةُ وَالَّذِي يُمِيْتُه اللهُ، فَقَدْ توفّاه أَجله فَاللهُ الْمُتَوَفِّي، وَالْمَيِّتُ: الْمُتَوَفَّى**)، کە دەفەرموێ: خوا ﷻ نەفسەکان لە کاتی مردنیاندا وەردەگرێ، وشەی (**تَوَفِّي**) بە مانای مراندن دێ، کەسێک کە خوا ﷻ دەیمرێنێ، یانی خوا ﷻ وەفاتی پێ کردوە، کاتەکەی تەواو کردوە (کاتی ژیانەکەی تەواو کردوە)، بۆیە خوا تەواوکار (**مُتَوَفِّي**)و، بابای مردووش تەواوکراو (**مُتَوَفَّى**)یە، یاخود: خوا ﷻ وەرگرە بۆ ڕووحەکان و، بابای مردووش وەرگیراوە، ڕووحەکەی لێ وەرگیراوە.

دوایی لە کورتە باسێکدا زیاتر تیشک دەخەینە سەری، کە ڕووح و نەفس هەردووکیان دوو بێژەن، بۆ یەک حەقیقەت بە ئیعتیباری جیا.

دوایی دەفەرموێ:

٢)- ﴿ وَٱلَّتِي لَمْ تَمُتْ فِي مَنَامِهَا ﴾، ئەوانەش کە نەمردوون لە کاتی خەوتنیان دا (وەریاندەگرێ).

واتـە: (وَيَتَـوَفَّى الْأَنْفُـسَ الَّتِـي لَـمْ تَمُـتْ فِي مَنَامِهَـا)، ئـەو ڕووحانـەش کـە نەمـردوون لـە کاتی خەوتنیـان دا، خـوا ﷻ وەریـان دەگـرێ، هەڵبەتـە لـە کاتی خەوتنـدا بـە شـێوەیەکی دیکـەی جگـە لـە مرانـدن، ئـەو ڕووحانـە وەردەگـرێ.

٣)- ﴿ فَيُمۡسِكُ ٱلَّتِي قَضَىٰ عَلَيۡهَا ٱلۡمَوۡتَ ﴾، ئنجا ئەوانەی مردنی بۆ بڕیار دابن، ڕووحەکان دەگرێ لە لای خۆی، یانی: خوای بەرز دوای ئەوەی وەریگرتوون، لە لای خۆی گلیان دەداتەوە، ئنجا کە نەشچوونەوە نێو جەستەکانیان، مانای وایە تەواو بوون.

(وَالْإِمْسَاكُ: الشَّدُّ بِالْيَدِ)، (إمساك) توند گرتنە بە دەست.

٤)- ﴿ وَيُرۡسِلُ ٱلۡأُخۡرَىٰٓ إِلَىٰٓ أَجَلٖ مُّسَمًّى ﴾، ئەوانی دیکەش (ئەو ڕووح و نەفسانەی دیکەش)، دەنێرێتەوە، (دەیان نێرێتەوەو بەرهەڵدایان دەکات، بۆ نێو جەستەکانیان بچنەوە)، هەتاکو کاتی دیارییکراو.

(وَالْإِرْسَـالُ: الْإِطْـلَاقُ وَالتَّمْكِـينُ مِـنْ مُبَارَحَـةِ الْمَـكَانِ لِلرُّجُـوعِ إِلَى مَـا كَانَ)، (إِرْسَـالُ) بریتیـە لـە بەرهەڵداکـردن و توانـا پێـدان، بـەوەی ئـەو شـوێنە بەجـێ بهێڵـێ و بگەڕێتـەوە شـوێنی پێشـووی.

ڕسـتەی: ﴿ قَضَىٰ عَلَيۡهَا ٱلۡمَوۡتَ ﴾، بـە جۆرێکـی دیکـەش خوێنراوەتـەوە: (قُـضِيَ عَلَيْهَـا الْمَـوْتُ)، مـردنی لەسـەر بڕیـادراوە.

٥)- ﴿ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَأٓيَٰتٖ لِّقَوۡمٖ يَتَفَكَّرُونَ ﴾، بە دڵنیایی لەوەدا نیشانە هەن، بۆ کۆمەڵێک بیر بکەنەوە.

کـە دەفەرمـوێ: ﴿ إِلَىٰٓ أَجَلٖ مُّسَمًّى ﴾، بـۆ کاتێکـی ناوبـراو، واتـە: کاتێکـی دیارییکـراو.

کـە دەفەرمـوێ: ﴿ لِّقَوۡمٖ يَتَفَكَّرُونَ ﴾، (تَفَكُّـر) لەسـەر کێـشی (تَفَعُّـلْ)ە، (التَّفَكُّرُ: تَكَلُّـفُ الفِكْـرَةِ)، (تفكّـر) ئەوەیـە مـرۆڤ بیـر بخاتـە مێشـکی خۆیـەوەو، عەقڵی خـۆی بجووڵێنـێ بـە ئاڕاسـتەی بیـر لێکردنـەوەی شـتێک و، تێوەڕامـانی.

ئەو ڕاستییە کە خوا ﷻ لە کاتی خەوتندا نەفسەکان وەردەگرێ، لە سووڕەتی (**الأنعام**)یشدا لە ئایەتی ژمارە (٦٠)دا هاتووەو، تەنیا لەوێشدا هاتووە، پێم شک نایەت لە هەموو قورئاندا، جگە لەم ئایەتی (٤٢) سووڕەتی (**الزمر**)و ئایەتی ژمارە (٦٠)ی (**الأنعام**)دا، لە هیچ شوێنێکی دیکەدا هەبێ، لە سووڕەتی (**الأنعام**)دا دەفەرموێ: ﴿وَهُوَ ٱلَّذِي يَتَوَفَّىٰكُم بِٱلَّيۡلِ وَيَعۡلَمُ مَا جَرَحۡتُم بِٱلنَّهَارِ ثُمَّ يَبۡعَثُكُمۡ فِيهِ لِيُقۡضَىٰٓ أَجَلٞ مُّسَمّٗىۖ ثُمَّ إِلَيۡهِ مَرۡجِعُكُمۡ ثُمَّ يُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمۡ تَعۡمَلُونَ ٦٠﴾، واتە: خوا ئەو زاتەیە کە بە شەوگار وەفاتتان پێدەکات، (ڕووحەکانتان وەردەگرێ)، دەشزانێ بە ڕۆژێ چی دەکەن، دوایی لە ڕۆژگاردا بێدارتان دەکاتەوە، (زیندووتان دەکاتەوە) تاکو کاتی ناوبراو، (تەمەنتان کە دیارییکراوە) تەواو بێ، دوایی گەڕانەوەتان بۆ لای ویە، دوایی هەواڵتان پێدەدات بەوەی کە ئەنجامتان دەداو دەتانکرد.

شایانی باسە: زانایان و ڕوونکەرەوانی قورئان زۆر قسەیان کردوە لە بارەی چۆنیەتی پەیوەست بوونی ئەم ئایەتە موبارەکە، بە ئایەتەکانی پێش خۆیەوەو دەگونجێ بە زۆر شێوە قسەی لێ بکرێ، بەڵام پێموایە چۆنیەتی پێکەوە پەیوەست بوونیان ئەوەیە کە: ئەمە هەر گەڕانەوەیە بۆ دووبارە خستنە ڕووی بەڵگەکان لەسەر ئەوەی تەنیا خوا ﷻ هەمەکارەی گەردوون و زەوی و ژیان و مرۆڤە، کەواتە: مادام هەر خوا ﷻ هەمەکارەبێ، تەنانەت لە کاتی خەوتنیشدا خوا ﷻ ڕووحەکان وەردەگرێ و، ئەگەر کەسێک خوا ﷻ بیەوێ ژیانی بەردەوام بکات، ڕووحەکەی دەنێرێتەوە نێو جەستەی و، ئەگەر بیەوێ تەواوی بکات، ڕووحەکەی نانێرێتەوەو لە لای خۆی لەو شوێنەی کە بۆ خۆی دەیزانێ، گلی دەداتەوەو، مانای وایە مردنی بەسەر دادێ، کەواتە: خوایەک ﷻ بە شەوو ڕۆژ، لە کاتی خەوتن و، لە کاتی بێدارییدا، بەس ئەو تەصەڕڕوف بکات لە ژیانتانداو، هەموو شتێکتان بە دەست ئەو بێ، عەقڵ و لۆژیک وادەخوازن کە تەنیا ئەویش بپەرسترێ و بەندایەتیی بۆ بکرێ.

کورتە باسێک لە بارەی
(نووستن) و وەرگرتنی ڕووحەکانەوە لە کاتی خەوتندا

ئەم کورتە باسە لە چوار تەوەردا دەخەینە ڕوو:

ا)- پێناسەی خەوتن:

ئایا خەوتن چییە؟ بەپێی ئایەتەکە، نووستن مردنێکی بێهێزەو، مردن خەولێکەوتنێکی بەهێزە، هەر بۆیش لە فەرمایشتی پێغەمبەردا ﷺ هاتووە: {النَّوْمُ أَخُو الْمَوْتِ} (**أخرجه البيهقي في شعب الإيمان: ٤٧٤٥، والديلمي: ٦٩٠٧، وَصَحَّحَهُ الألباني في صحيح الجامع: ٦٨٠٨**)، واتە: نووستن برای مردنە، چونکە پرسیاری لێکراوە: ئایا لە بەهەشتدا خەوتن هەیە؟ فەرموویەتی: نەخێر، چونکە نووستن برای مردنە، یانی: زۆری لێوە نیزیکە، بەپێی ئایەتەکەش خەوتن و مردن لێک نیزیکن، یەک جیاوازییان هەیە، ئەویش ئەوەیە لە کاتی مردندا ڕووح بە تەواویی لە جەستەدا دوور دەکەوێتەوەو، وەردەگیرێ، بەڵام لە کاتی خەوتندا بە تەواویی وەرناگیرێ، دواییش دەخرێتەوە نێو جەستە، هەڵبەتە زانایانی دەروونزان، هەروەها زانایانی توێکاریی کە لە جەستەی مرۆڤ دەکۆڵنەوەو، فەیلەسووفەکان، زۆر قسەیان لەو بارەوە کردوە کە هۆکاری خەوتن چییە؟

أ)- بۆ وێنە هەندێکیان دەڵێن: هۆکاری خەوتن هۆکارێکی فیزیکییە، ئەویش ئەوەیە کە خوێن بە ئەندازەی پێویست ناچێ بۆ مێشک و، کە مێشک کاری نەکرد تەعلیمات نانێرێ بۆ هەندێک لە کۆئەندامەکان، ئەو ئەندامانەی کە بە شێوەی ویستیی (**إرادي**) کار دەکەن، نەک نەویستیی (لاإرادي)، بۆیە حاڵەتی خەوتن ڕوودەدات.

ب)- هەندێکیان گوتوویانە: نەخێر هۆکاری خەوتن، هۆکارێکی کیمیاییە کە لە ئەنجامی ماندوو بووندا، چەند ماددەیەکی ژەهریی پەیدادەبن و، فشار لەسەر کۆئەندامی دەمار دەکەن، وای لێدەکەن شل ببێ و ماندوو ببێ و بە ناچاریی مرۆڤ خەوی بەسەر دادێ.

ج)- هەندێکی دیکە گوتوویانە: بەڵکو هۆکاری خەولێکەوتن، دەماریی (**عصبي**)یە، کە لە ئەنجامی ماندوو بوونی کۆئەندامی مێشک و دەماردا، حاڵەتی پشوودان و ئیسڕاحەت کردن بە خۆی دەدات.

بەڵام وەک گوتمان: بەپێی ئایەتەکە، هۆکاری سەرەکیی خەو پەیوەندیی نێوان جەستەو ڕووحەو، لە کاتی خەوتندا پەیوەندییەکە سست و بێهێز دەبێ.

با زانیاریی پتر لێی بکۆڵێتەوە، هەمیشە سەرەتای وەحیی کۆتایی زانستە، زانست با بڕوا لێی بکۆڵێتەوە، دوایی هەر دێتەوە سەر ئەوەی وەحیی خوا ﷻ فەرموویەتی، هیچ گومانی تێدانیە، چونکە لە ئەنجامی ئەوەدا کە ڕووح بە شێوەیەکی بەشیی (**جزئي**) لە جەستە دوور دەکەوێتەوە، خەوتن ڕوودەدات و، ئەوانەی دیکە هەموویان دەرهاویشتەن، حاڵەتی فیزیکی کە خوێن کەم دەچێ، یان حاڵەتی کیمیایی، یان حاڵەتی دەماریی، ئەوانە هەموویان دەرهاویشتەن و دەگونجێ شتی دیکەش باس بکرێن، بەڵام ئەسڵەکەی ئەوەیە کە خوا ﷻ فەرموویەتی: ڕووح ئەو پەیوەندییە توندو تۆڵەی کە لە حاڵەتی بێدارییدا لەگەڵ جەستەدا هەیەتی، ئەو پەیوەندییە توندو تۆڵەی نامێنێ، پەیوەندییەکە سست و بێهێز دەبێ و، حاڵەتی خەو بەسەر مرۆڤدا دێ.

شایانی باسە: کە ئەمە دەبێ پسپۆڕان و شارەزایانی بواری توێکاریی و دەروونزانیی زیاتر قسەی لێ بکەن، بەڵام بە هەرحاڵ بۆ ئێمەی مسوڵمان ئەوەیە کە خوا ﷻ دەیفەرموێ و لە هەر ڕوویەکەوە، خوا ﷻ شتێک بفەرموێ: ئێمە سەدا سەد لێی دڵنیاین، زانیاریی با ئێستا جارێ لێشی تێنەگەیبێ، یان بۆشی دەرنەکەوتبێ، بەڵام دوای ئەوەی زۆر بەرەو پێشەوە دەچێ - چونکە هەمیشە

سـەرەتای وەحیـی کۆتایـی زانسـتە - زانسـت لـە کۆتایـی دا دەگاتـە ئـەوەی وەحیـی لەسـەرەتاوە فەرموویـەتی، چونکـە وەحیـی زانیاریـی خوایـە، خـواش ﷻ بـۆ خـۆی ڕووح و جەسـتە و گـەردوون و، پەنهـان و، ئاشـکراو، هەمـوو شـتێکی دروسـتکردوە، خـۆی دەزانـێ هـۆکاری خەوتـن چییـە؟ تەنیـا خـوا ﷻ وەک پێویسـت دەزانـێ، دیـارە توانـای دەرککردنیـشی بـە مرۆڤـەکان داوە بـۆ هەندێـک لـە ڕاسـتییەکان، نـەک بـۆ هەموویـان، چونکـە مرۆڤـەکان پێویسـتییان بـەوە نیـە هەمـوو ڕاسـتییەکان بزانـن، خـوا ﷻ بـەس ئەوەنـدە توانایـەی داوە بـە مرۆڤـان، ئەوەنـدە ڕاسـتییانەی پـێ بزانـن، کـە ژیـانی دنیایـان پێویسـتیی پێیـەتی، خۆشـیان لـە توانایـان دا هەیـە.

٢)- ڕووح و نەفس یەك شتن:

لـەو بـارەوە زانایـان زۆریـان قسـە کـردوە، کـە ئایـا ڕووح چییـەو، نەفـس چییـە؟ هەڵبەتـە خـوا ﷻ لـە قورئانـدا بـە زۆریـی بـاسی نەفسـی کـردوە، بـەڵام بـاسی ڕووحیـشی کـردوە، تەنیـا لـە یـەک ئایـەتی قورئـان، لـە سـوورەتی **(الإسراء)**دا، خـوا ﷻ بـاسی ڕووح دەکات، ڕووح وەک ڕووحـی مـرۆڤ، ئەگەرنـا وەک جیبریـل کـە نـاوی لێنـاوە (روح)، هەروەهـا وەک وەحیـی خـۆی کـە بـە (روح)ی نـاو بـردوە، لـە چەنـد شـوێنێک دا هاتـوە، بـۆ نموونـە:

١- ﴿ نَزَلَ بِهِ ٱلرُّوحُ ٱلْأَمِينُ ﴿١٩٣﴾ ﴾الشعراء.

٢- ﴿ تَنَزَّلُ ٱلْمَلَـٰٓئِكَةُ وَٱلرُّوحُ فِيهَا بِإِذْنِ رَبِّهِم مِّن كُلِّ أَمْرٍ ﴿٤﴾ ﴾القدر.

٣- ﴿ وَكَذَٰلِكَ أَوْحَيْنَآ إِلَيْكَ رُوحًا مِّنْ أَمْرِنَا ﴿٥٢﴾ ﴾الشورى.

٤- ﴿ يُنَزِّلُ ٱلْمَلَـٰٓئِكَةَ بِٱلرُّوحِ مِنْ أَمْرِهِۦ عَلَىٰ مَن يَشَآءُ مِنْ عِبَادِهِۦٓ أَنْ أَنذِرُوٓا۟ أَنَّهُۥ لَآ إِلَـٰهَ إِلَّآ أَنَا۠ فَٱتَّقُونِ ﴿٢﴾ ﴾النحل.

بەڵام ڕووح کە بگونجێ مەبەست پێی ڕووحی بەشەر بێ، تەنیا ئەو ئایەتەی سووڕەتی (**الإسراء**)ە، کە دەفەرمووێ: ﴿ وَيَسْـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلرُّوحِ قُلِ ٱلرُّوحُ مِنْ أَمْرِ رَبِّى وَمَآ أُوتِيتُم مِّنَ ٱلْعِلْمِ إِلَّا قَلِيلًا ﴿٨٥﴾ ﴾، واتە: لە بارەی ڕووحەوە لێت دەپرسن، بڵێ: ڕووح لە کاری پەروەردگارمەو، ئەندازەیەکی کەمیش نەبێ زانیارییتان پێ نەدراوە.

بەو ئەندازە کەمە زانیارییەش ناتوانن چییەتی ڕووح دەرک بکەن، وەک لە مەوسووعەی: (درەوشاوەیی ئیمان و پووچەڵیی ئیلحاد، لەبەر تیشکی زگماک و عەقڵ و زانست و وەحیی)دا، لەو بارەوە وردەکاریی زۆرمان باسکردوە.

ئنجا ئەوەی کە ئایەتەکان و فەرمایشتەکانی پێغەمبەر ﷺ دەیگەیەنن، ئەوەیە کە ڕووح و نەفس یەک شتن، هەرچەندە هەندێک لە زانایان گوتوویانە: نەخێر دوو شتن، بەڵام ڕایەکەیان ڕاست نیەو، هیچ بەڵگەیەکیان لەو بارەوە نیەو ڕووح و نەفس یەک شتن و، بە دوو ئیعتیباری جیاواز ئەو دوو ناوەی بۆ بەکارهێنراون کە دوایی باسیان دەکەین.

سەرەتا با سەرنجی ئەم دەقە بدەین:

سەعیدی کوڕی جوبەیر ڕەحمەتی خوای لێ بێ دەڵێ: (**إِنَّ اللَّـهَ يَقْبِضُ أَرْوَاحَ الْأَمْوَاتِ إِذَا مَاتُوا، وَأَرْوَاحَ الْأَحْيَاءِ إِذَا نَامُوا، فَتَتَعَارَفُ مَا شَاءَاللَّهُ أَنْ تَتَعَارَفَ**): ﴿ فَيُمْسِكُ ٱلَّتِى قَضَىٰ عَلَيْهَا ٱلْمَوْتَ وَيُرْسِلُ ٱلْأُخْرَىٰٓ إِلَىٰٓ أَجَلٍ مُّسَمًّى ﴾، (**أَيْ: يُعِيدُهَا إلى أَجْسَادِهَا**)[1].

سەعیدی کوڕی جوبەیر دیارە هەر لەبەر ڕۆشنایی ئایەتەکەدا دەڵێ: خوا سبحانه وتعالى ڕووحی مردووەکان وەردەگرێ، کاتێک دەمرن و، ڕووحی زیندووەکان وەردەگرێ و کاتێک دەخەون، ئنجا ئەو ڕووحانە هی مردووان و هی زیندووان، (هی مردووان کە وەرگیراون و، هی زیندووان کە لە کاتی خەوتن دا، وەرگیراون)،

(١) التحرير والتنوير: ج١٥، ص٢٠٧.

یەکدی دەناسن و پێک ئاشنا دەبن، ئەوەندەی خوا ﷻ بیەوێ، دوایی خوا ﷻ ئەوەی کە مردنی بۆ بڕیار دابێ، دەیهێڵێتەوە، ئەوی دیکەش بەرهەڵدادەکات، واتە: دەیگێڕێتەوە بۆ نێو جەستەی، (بۆ ئەوەی ئەو مرۆڤە بێدار بێتەوەو جارێکی دیکە دەست بە ژیان بکاتەوە).

بەڵێ ڕووح و نەفس یەک شتن و، لەو بارەوە دەتوانین زۆر بەڵگان بێنینەوە، چونکە لە هەندێ دەقاندا هاتوە کە پاڵدراونە لای عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس و هەندێکی دیکە لە هاوەڵان و زانایانی تابیعین، کە گوتوویانە: مرۆڤ لە کاتی خەوتن دا نەفسەکەی دەمێنێ، بەس ڕووحەکەی دەنێرێ، یان ڕووحەکەی دەمێنێ، بەڵام نەفسەکەی دەچێتە دەرەوەی جەستە، بەڵام ئەو ڕایەم پێ ڕاست نیەو، پێشم وانیە عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس (خوا لە خۆی و بابی ڕازی بێ)، وای گوتبێ، بەڵکو لە ڕاستییدا ڕووح و نەفس هەر یەک شتن و، تەعبیر دەکەن لە یەک حەقیقەت.

(إمام فخرالدين الرازي) لە تەفسیرەکەی خۆیدا **(مفاتيح الغيب)** کە بە **(التفسير الكبير)**یش ناودارە،[1] چۆنیەتی پەیوەندیی نەفس و ڕووح لەگەڵ جەستەدا، ڕوون دەکاتەوەو ڕوونکردنەوەکەیم پێ جوانە، دەڵێ:

(تَعَلُّقَ جَوْهَرِ النَّفْسِ بِالْبَدَنِ عَلَى ثَلَاثَةِ أَوْجُهٍ:

أَحَدُهَا: أَنْ يَقَعَ ضَوْءُ النَّفْسِ عَلَى جَمِيعِ أَجْزَاءِ الْبَدَنِ ظَاهِرِهِ وَبَاطِنِهِ، وَذَلِكَ الْيَقَظَةُ.

وَثَانِيهَا: أَنْ يَرْتَفِعَ ضَوْءُ النَّفْسِ عَنْ ظَاهِرِ الْبَدَنِ مِنْ بَعْضِ الْوُجُوهِ دُونَ بَاطِنِهِ، وَذَلِكَ هُوَ النَّوْمُ.

وَثَالِثُهَا: أَنْ يَرْتَفِعَ ضَوْءُ النَّفْسِ عَنِ الْبَدَنِ بِالْكُلِّيَّةِ وَهُوَ الْمَوْتُ، فَثَبَتَ أَنَّ الْمَوْتَ وَالنَّوْمَ يَشْتَرِكَانِ فِي كَوْنِ كُلِّ وَاحِدٍ مِنْهُمَا تَوَفِّيًا لِلنَّفْسِ).

---

(١) ج٢٦، ص٢٦٠.

بە ڕاستیی (**فخرالدین الرَّازي**) وەک جار جار لێی دەخوازینەوە، هەندێک تێگەیشتنی وردی هەن بۆ هەندێک ئایەتان، لێرەشدا دەڵێ:

پەیوەست بوونی جەوهەری نەفس (واتە: ڕووح) بە جەستەوە بە سێ شێوەیە:

یەکەمیان: ئەوەیە کە ڕۆشنایی نەفس (واتە: ڕۆشنایی ڕووح) بکەوێتە سەر هەموو بەشەکانی جەستە، ئاشکرای جەستەو، پەنهانی جەستە، ئەوەش حاڵەتی بێدارییە.

دووەمیان: ئەوەیە کە ڕۆشنایی نەفس، (یان کاریگەریی نەفس)، لەسەر ڕواڵەتی جەستە لابچێ لە هەندێک ڕووەوە، بەڵام لەسەر دیوی نێوەوەو پەنهانی جەستە بمێنێت، (واتە: لەسەر ڕواڵەتەکەی لادەچێ، بەڵام لەسەر دیوی پەنهانی دەمێنێ)، کە ئەوەش خەوە.

(دەڵێم: دەتوانین بڵێین: ئەو بەشەی کە پەیوەستە بە هۆشی مرۆڤ و ویستی مرۆڤەوە، لە کاتی خەوتن دا، ڕووح ئەو بەشە ڕادەگرێ، مرۆڤ قسە ناکات، ناخوات، ناخواتەوە، ناڕوات، دەست ناجووڵێنێ، بیرناکاتەوە، نابینێ، نابیستێ، ئەوانەی نامێنن، چونکە ئەوانە هەموویان پەیوەستن بە ویستی مرۆڤەوە، بەڵام ئەو کارانەی پەیوەست نین بە ویستی مرۆڤەوەو ناویستیین، وەک لێدانی دڵ و، کارکردنی کۆئەندامی هەناسەو، کارکردنی گورچیلەکان و، کارکردنی جگەرو پەنکریاس و، گەدەو ڕیخۆڵەکان، ئەوانە ئەگەر لە کار بکەون، مانای وایە مرۆڤ دەمرێ، ڕووح ئەوانە هەر دەهێڵێتەوە، بەڵام کردەوە ویستەنییەکان (**الأعمال الإرادية**) ڕادەگرێ)[1].

سێیەمیان: تیشکی نەفس بە تەواویی لەسەر جەستە لادەچێ، کە بریتیە لە مردن، کەواتە: چەسپا کە مردن و نووستن، هەردووکیان هاوبەشن لەوەدا کە بریتین لە وەرگرتنی نەفس.

لە مردندا بە شێوەی یەکجارەکیی نەفسەکە پەیوەندیی دەپچڕێنێ لەگەڵ جەستەدا، بەڵام لە حاڵەتی نووستن دا، پەیوەندیی لەگەڵ ڕواڵەتی جەستەدا دەپچڕێ، بەڵام پەیوەندیی لەگەڵ دیوی نێوەوەو پەنهانی جەستەدا هەر دەمێنێ.

(١) نێوان کەوانەکان زیادەی خۆمە.

ئێمە ئەگەر تەماشای چەند دەقێک بکەین - من پێنج دەقم هێناون - بۆمان دەردەکەوێ کە ڕووح و نەفس یەک شتن، بۆیەش تۆزێک گرنگییم بەو خاڵە داوە، چونکە زانایان زۆر مشتومڕیان کردوە، هەڵبەتە نەک هەر ئێستاش وابڵێم، بەڵکو لە کتێبی: (ڕێگای صاڵح بوون و بەرەو خوا چوون)، و (لە کتێبی ژیانی گیان، یان گیانی ژیان)و لە مەوسووعەی: (بیرکردنەوەی ئیسلامیی لە نێوان وەحیی و واقیعدا)، و لە مەوسووعەی: (ئیمان و عەقیدەی ئیسلامیی)و، لە (ڕوونکردنەوەی عەقیدەی **طه حاویی**) دا باسم کردوە، کە ڕووح و نەفس دوو ناون بۆ یەک شت، ئنجا با تەماشای ئەو دەقانە بکەین:

١)- {عَنْ أُمِّ سَلَمَةَ رضي الله عَنْهَا، قَالَتْ: دَخَلَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ عَلَى أَبِي سَلَمَةَ وَقَدْ شُقَّ بَصَرُهُ فَأَغْمَضَهُ، ثُمَّ قَالَ: إِنَّ الرُّوحَ إِذَا قُبِضَ تَبِعَهُ الْبَصَرُ} (أخرجه مسلم: ٩٢٠، وأبو داود: ٣١١٨، والنسائي: ٨٢٨٥، وإبن ماجه: ١٤٥٤).

واتە: ئوممو سەلەمە دایکی بڕواداران ﵂، دەگێڕێتەوە: دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ لە ئەبوو سەلەمە وەژوورکەوت، لە حاڵێکدا کە چاوی ئەبڵەق بوو بوون، (واتە: گیانی دابوو)، پێغەمبەر ﷺ چاوەکانی نووقاندن، (پێڵوە چاوەکانی خستنە سەریەک)، دوایی فەرمووی: ڕووح کە وەرگیراو کێشرا، چاو شوێنی دەکەوێ، (بۆیە چاوی ئەبڵەق بوون)، دیارە چاو تەماشای ڕووحەکە دەکات، تاکو لە حوکمی چاودایەو هەتا توانای هەیە.

لێرەدا تەماشا دەکەین پێغەمبەری خوا ﷺ بە ڕووح ناوی ئەو نەفسەی هێناوە، کە دەکێشرێ، خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ ٱللَّهُ يَتَوَفَّى ٱلۡأَنفُسَ حِينَ مَوۡتِهَا وَٱلَّتِي لَمۡ تَمُتۡ فِي مَنَامِهَا ﴾.

٢)- هەروەها پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێ: **{أَلَمْ تَرَوْا الإِنْسَانَ إِذَا مَاتَ شَخَصَ بَصَرُهُ! قَالُوا بَلَى، قَالَ: فَذَلِكَ حِينَ يَتْبَعُ بَصَرُهُ نَفْسَهُ} (أخرجه مسلم: ٢١٧١)**، واتە: ئایا تەماشای مرۆڤ ناکەن کاتێک چاوی ئەبڵەق دەبێ! گوتیان: با، فەرمووی: ئەوە بە هۆی ئەوەوەیە کە چاوی دەخاتە شوێن نەفسەکەی.

لە دەقی پێشیدا فەرمووی: (**روح**)، بەڵام لێرەدا دەفەرمووێ: (**نفس**)، کەواتە: نەفس و ڕووح هەریەکن.

٣)- {**إِذَا خَرَجَتْ رُوحُ الْمُؤْمِنِ، تَلَقَّاهَا مَلَكَانِ يُصْعِدَانِهَا**} (**أخرجه مسلم: ٢٨٧٢**) واته: کاتێک ڕووحی بڕوادار دەردەچێ، دوو فریشته وەریدەگرن و، پێشوازیی لێدەکەن و، بەرزی دەکەنەوە.

لێرەشدا بە ڕووح ناوی هێناوە.

٤)- لە فەرمایشتێکی دیکەدا پێغەمبەر ﷺ دەفەرمووێ: {**الْمَيِّتُ تَحْضُرُهُ الْمَلَائِكَةُ فَإِذَا كَانَ الرَّجُلُ صَالِحًا قَالُوا: اخْرُجِي أَيَّتُهَا النَّفْسُ الطَّيِّبَةُ! كَانَتْ فِي الْجَسَدِ الطَّيِّبِ، اخْرُجِي حَمِيدَةً وَأَبْشِرِي بِرَوْحٍ وَرَيْحَانٍ وَرَبٍّ غَيْرِ غَضْبَانَ، فَلَا يَزَالُ يُقَالُ لَهَا ذَلِكَ، حَتَّى تَخْرُجَ ثُمَّ يُعْرَجُ بِهَا إِلَى السَّمَاءِ فَيُفْتَحُ لَهَا**} (**أخرجه النسائي في الكبرى: ١١٤٤٢، وابن ماجه: ٤٢٦٢، وأحمد: ٢٥١٣٣، تعليق شعيب الأرنؤوط : إسناده صحيح على شرط الشيخين**).

ئەم دەقەش هەر بەشێکە لەو فەرموودەیەی کە پێشتریش هێنامان و فەرموودەیەکی درێژە.

پێغەمبەر ﷺ دەفەرمووێ: فریشتەکان ئامادە دەبن، ئەگەر ئەو پیاوە صاڵح بێ، (دیارە بۆنەکە کۆچکردنی پیاوێک بووە، ئەگەرنا بۆ ئافرەتیش هەروایە)، فریشتەکان پێی دەڵێن: ئەی نەفسی پاک و چاک! وەرە دەرێ، کە لە جەستەیەکی پاک دا بووی، دەربچۆ بە ستاییشکراویی و، موژدەت لێ بێ بە ڕەوح و ڕەیحان، (ڕەوح: دەگونجێ بە مانای دەروو لێ کرانەوە، یان بە مانای ڕەحمەت و بەزەیی خوا، بێ، ڕەیحان: واتە: بژیوێکی چاک، یاخود: بۆنی خۆش بێ)[1]، موژدەت لێ بێ: پەروەردگارت لێت ڕازییەو لێت تووڕە نیە، بەردەوام ئەو قسەیەی لەگەڵدا دەکرێ، هەتا لە جەستە دەچێتە دەر، دواییی بەرز دەکرێتەوە بۆ ئاسمان.

---

(١) نێوان کەوانەکان زیادەی خۆمە.

واتە: لە کاتی گیان کێشاندا، فریشتەکان ئاوا موژدەی پێ دەدەن و دڵی خۆش دەکەن.

ئنجا هەر لە دەقی هەمان فەرمایشتدا هاتوە، کە بە پێچەوانەوە: ئینسانی بێبڕواو خراپەکار، فریشتەکان تێوەی دەخوڕن و، دەڵێن: ئەی ڕووحی پیس! لە جەستەیەکی پیس داو، هەڕەشەت لێبی کە تووشی حاڵێکی خراپ دەبی، هەر ئەوەی پێ دەگوترێ: تاکو ڕووحەکەی بەرز دەکرێتەوە بۆ ئەو شوێنەی خوا ﷻ دیارییکردوە.

٥)- لە فەرمایشتێکی دیکەدا کە ئەویش بەسەرهاتێکی لەسەرەو، من تەنیا جێی مەبەستم هێناوە، پوختەکەی ئەوەیە کە پێغەمبەر ﷺ لەگەڵ هاوەڵانی دا جارێک لە سەفەرێک دا خەویان لێ دەکەوێ، بۆ نوێژی بەیانی خەبەریان نابێتەوەو، مەگەر دوای خۆرهەڵات، کە یەکێک لە هاوەڵانی داناوە خەبەریان بکاتەوە، ئنجا کە ڕووی تێدەکات دەفەرموێ: قەرار نەبوو بێدارمان بکەیەوە؟ دەڵێ: ئەی پێغەمبەری خوا! ﷺ ئەوەی کە ڕووحەکەی منی وەرگرتبوو و نەیناردەوە بۆ جەستەم، کە بێدار ببمەوە، هەر ئەوەبوو کە ڕووحی تۆشی وەرگرتبوو، واتە: منیش هەمان خەوم بە مل داهات، ئنجا من شوێنی مەبەستم هێناوە کە پێغەمبەر دەفەرموێ ﷺ: **{يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّ اللَّهَ قَبَضَ أَرْوَاحَنَا، وَلَوْ شَاءَ لَرَدَّهَا إِلَيْنَا فِي حِينٍ غَيْرِ هَذَا}**[1]. واتە: ئەی خەڵکینە! خوا ڕووحەکانی ئێمەی وەرگرتبوون و، ئەگەر ویستبای ڕووحەکانی بۆ دەگێڕاینەوە لە جگە لەم کاتەدا.

واتە: نەک دوای خۆرهەڵاتن، بەڵکو پێشتر ڕووحەکەی بۆ دەگێڕاینەوەو نوێژی بەیانییمان دەکرد، بەڵام دیارە خوای پەروەردگار ئێستا ڕووحەکەی گێڕاوەتە نێو جەستەمان، یانی: گێڕانەوەی تەواو کە ببێتە هۆی حاڵەتی بێداریی.

ئنجا لە هەندێک لەو کتێبانەدا کە ئاماژەم پێدان، بە تایبەت: (ڕێگای صاڵح بوون و بەرەو خوا چوون)دا، باسم کردوە کە ڕووح و نەفس یەک شتن،

---

(١) أخرجه مالك في الموطأ (٢٥) فذكره، وقال الزرقاني في شرح الموطأ (٥٤/١) مرسلًا باتفاق رواة الموطأ، وجاء معناه متصلاً من وجوه صحاح ، قاله أبو عمر.

بەڵام ڕووح بە ئیعتیباری هەقیقەتە ڕووتەکەی خۆی، بە ئیعتیباری ئەوەی کە مرۆڤ بە ڕووحەوە مرۆڤە، پێی دەگوترێ: ڕووح، بەڵام بە ئیعتیباری تێکەڵ بوونی لەگەڵ جەستەداو، هەڵسانی بە چالاکییەکان و جێبەجێکردنی داخوازییە جەستەییەکان، وەک تێرکردنی غەریزەکان و هەتا دوایی، پێی دەگوترێ: نەفس، بەڵگەم چییە لەسەر ئەوە؟

بەڵگەم لەسەر ئەمە ئەوەیە: کە خوا ﷻ کاتێک باسی پێکهاتەی ئادەم دەکات، هەروەها حەوواش سەلامی خوایان لێ بێ، هەروەها باسی پێکهاتەی وەچەکەیان دەکات، هی مرۆڤەکان، تەنیا باسی دوو شتان دەکات: جەستەیەکی خاکیی، لەگەڵ ڕووحێکی خوایی، واتە: تەنیا ڕووحێک کە خوا ﷻ دەزانێ چییە؟ یان ڕووحێک کە لەسەرووی ئاستی ماددەوەیە، بۆ وێنە: با تەماشای سووڕەتی **(السجدة)** بکەین کە چۆن خوا ﷻ زۆر بە ڕوونیی بۆ هەردووکیان (ئادەم و وەچەکەی)، تەنیا ئەو دوو پێکهاتەیە باس دەکات دەفەرموێ:

﴿ ٱلَّذِىٓ أَحْسَنَ كُلَّ شَىْءٍ خَلَقَهُۥ ۖ وَبَدَأَ خَلْقَ ٱلْإِنسَٰنِ مِن طِينٍ ﴿٧﴾ ﴾السجدة، واتە: خوا ئەو زاتەیە کە هەموو شتێکی چاک دروستکردووەو، دەستپێکی دروستکردنی مرۆڤیشی لە قوڕێوە هێناوە، (یانی: جەستەکەی)، ﴿ ثُمَّ جَعَلَ نَسْلَهُۥ مِن سُلَٰلَةٍ مِّن مَّآءٍ مَّهِينٍ ﴿٨﴾ ﴾السجدة، واتە: وەچەکەشی گێڕاوە لە پوختەیەک لە ئاوێکی قێزەون (کە مەبەست پێی تۆوە، تۆوی پیاو و ئافرەت کە تێکەڵ دەبێ، وەچەکەشی لەوە پەیدا کردوە).

ئنجا دوایی دێتەوە سەر باسی دروستکردنی ئادەم، هەروەک دەشگونجێ باسی تەواوکردنی دروستکرانی وەچەی ئادەم بێ: ﴿ ثُمَّ سَوَّىٰهُ وَنَفَخَ فِيهِ مِن رُّوحِهِۦ ﴿٩﴾ ﴾السجدة، واتە: دوایی (خوا ﷻ جەستەی ئادەمی کە لە قوڕێ دروست کرد بوو، یان هی وەچەکەی کە لە پوختەی قوڕێ بوو)، ڕێکیخست و لە ڕووحی خۆی فووی بە بەردا کرد.

کەواتە: وەک چۆن جەستەی ئادەم ڕاستەوخۆ لە قوڕ دروستکراوە، بەهەمان شێوە وەچەی ئادەمیش ئەوانیش جەستەکانیان لە پوختەیەک لە ئاوێکی قێزەون دروست بووە، پێکهاتەی دووەمیشیان ئەوەیە کە خوا ﷻ لە ڕووحی خۆی، واتە: ڕووحێک کە دروستکراوێکی تایبەتی خۆیەتی، فووی بە بەردا کردوە.

کەواتە: ڕووح بەو ئیعتیبارەی کە دروستکراوێکی تایبەتە بەر لەوەی بچێتە نێو جەستەو، دوای ئەوەی لە جەستە دێتەدەرێ، پێی دەگوترێ: ڕووح، بەڵام هەتا لە نێو جەستەدایە، پێی دەگوترێ: نەفس، بۆیەش خوا ﷻ لە یەک شوێنیش لە قورئاندا مەدح و زەمی ڕووحی نەکردوە، بەڵام نەفس لە قورئان دا هەم زەمکراوە، هەم ستاییشکراوە، زەمکراوە ئەگەر بێبڕوابێ و، خراپەکار بێ و، ستاییشکراوەو مەدحکراوە، ئەگەر بڕوادارو چاکەکار بێ، با تەماشا بکەین:

١- خوای پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿وَنَفْسٍ وَمَا سَوَّىٰهَا ﴿٧﴾ فَأَلْهَمَهَا فُجُورَهَا وَتَقْوَىٰهَا ﴿٨﴾ قَدْ أَفْلَحَ مَن زَكَّىٰهَا ﴿٩﴾ وَقَدْ خَابَ مَن دَسَّىٰهَا ﴿١٠﴾﴾الشمس، کەواتە: نەفس دەگونجێ پاک و چاک بکرێ و، دەشگونجێ پیس و پۆخەڵ بکرێ، ئەگەر پاک و چاک بکرێ، سەرفرازەو، ئەگەر پیس و پۆخەڵ بکرێ، بەدبەخت و پەشێمان و بێبەش و سەربەهەشە.

٢- هەروەها خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿لَآ أُقْسِمُ بِيَوْمِ ٱلْقِيَـٰمَةِ ﴿١﴾ وَلَآ أُقْسِمُ بِٱلنَّفْسِ ٱللَّوَّامَةِ ﴿٢﴾﴾القيامة، خوا ﷻ سوێند دەخوات بە نەفسێک کە ڕەخنەگرە، واتە: ڕەخنە لە خاوەنەکەی دەگرێ، کە بۆچی وام پێدەکەی و، ئەو کردەوە خراپانەم پێ دەکەی؟

٣- دیسان خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿وَمَآ أُبَرِّئُ نَفْسِىٓ ۚ إِنَّ ٱلنَّفْسَ لَأَمَّارَةٌۢ بِٱلسُّوٓءِ إِلَّا مَا رَحِمَ رَبِّىٓ ۚ إِنَّ رَبِّى غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿٥٣﴾﴾يوسف، کەواتە: بە دڵنیایی نەفس زۆر فەرمان دەکات بە خراپەو، نەفس ئەگەر لێی بگەڕێی و پاک و چاکی نەکەی و، دەستکاریی نەکەی، بۆ خۆی زۆر حەز بە خراپە دەکات، بەڵام ئایا هەر وا دەبێ؟ نا، ئەگەر کاری لەسەر بکەی لەسەر خەتی ڕاست دەوەستێ و ئارام دەگرێ: ﴿يَـٰٓأَيَّتُهَا ٱلنَّفْسُ ٱلْمُطْمَئِنَّةُ

﴿ ٢٧ ٱرۡجِعِيٓ إِلَىٰ رَبِّكِ رَاضِيَةً مَّرۡضِيَّةً ٢٨ فَٱدۡخُلِي فِي عِبَٰدِي ٢٩ وَٱدۡخُلِي جَنَّتِي ٣٠ ﴾الفجر، واتە: ئەی نەفسی هێمن و داسەکناو ئۆقرە گرتوو! بۆ لای پەروەردگارت بگەڕێوە، تۆش ڕازیی و پەروەردگاریشت لێت ڕازییە، کەواتە: نەفس دەگونجێ حاڵەتی: زۆر فەرمانکەر بە خراپە (**أَمَّارَة بالسوء**)ی هەبێ و، هەر خەریکی فەرمان کردن بێ بە خراپەو، دەگونجێ حاڵەتی: خۆ سەرکۆنە کردن (**لَوَّامَة**)ی هەبێ واتە: بێدار بێتەوەو، لۆمەو سەرکۆنەی خۆی بکات لەسەر خراپەو، دەشگونجێ حاڵەتی ئارامگرتن (**إطمئنان**)ی هەبێ و ئۆقرە گرتوو و دامەزراو بێ لەسەر چاکەکاریی.

٣- ڕووح، یان نەفس دروستکراوێکی نا ماددیی مەعنەوییە:

ماددە ئەوەیە کە ئێمە بە پێنج هەستەکان مامەڵەی لەگەڵدا دەکەین، دەیبینین، یان بۆنی دەکەین، یان تامی دەکەین، یان دەستی لێ دەکوتین، یان دەنگی دەبیستین، بەڵام ڕووح بە هیچ کام لەم پێنج هەستانە، مامەڵەی لەگەڵدا ناکرێ، لەو ڕووەوە دەڵێین: دروستکراوێکی ناماددیی مەعنەوییە.

(**القرطبي**) دەربارەی ڕووح دەڵێ:

(وَالصَّحِيحُ فِيهِ أَنَّهُ جِسْمٌ لَطِيفٌ مُشَابِكٌ لِلْأَجْسَامِ الْمَحْسُوسَةِ، يُجْذَبُ وَيُخْرَجُ، وَفِي أَكْفَانِهِ يُلَفُّ وَيُدْرَجُ، وَبِهِ إِلَى السَّمَاءِ يُعْرَجُ، لَا يَمُوتُ وَلَا يَفْنَى، وَهُوَ مِمَّا لَهُ أَوَّلٌ وَلَيْسَ لَهُ آخِرٌ، وَهُوَ بِعَيْنَيْنِ وَيَدَيْنِ، وَأَنَّهُ ذُو رِيحٍ طَيِّبَةٍ وَخَبِيثَةٍ، كَمَا فِي حَدِيثِ أَبِي هُرَيْرَةَ)[1].

دەڵێ: ڕای ڕاست لە بارەی ڕووحەوە (یان لە بارەی نەفسەوە) ئەوەیە کە جیسمێکی (ئەوان مەبەستیان لە جیسم ئەوە بووە کە شتێکی هەبوویە، بەڵام بە پێنج هەستەکان هەستی پێ ناکرێ)، پەنهان (**لطيف**)ی تێکەڵە، لەگەڵ ئەو جەستە بەرهەستانەداو، ڕادەکێشرێ و دەردەچێ و، لە کفنەوە دەپێچرێ و، بەرز دەکرێتەوە بۆ ئاسمان، نامرێ و لە بەین ناچێ، سەرەتای هەیە بەڵام کۆتایی

---

(١) الجامع لأحكام القرآن ج١٥، ص٢٠٨.

نیە، ڕووح دوو چاوی هەن و دوو دەستی هەن، بۆنی خۆشی هەیە، یاخود بۆنی ناخۆشی هەیە، (بە پێی کردەوەکانی) وەک لەو فەرموودەیەدا هاتوە کە ئەبوو هورەیرە خوا ﷺ هێناویەتی.

کە پێشتر ئاماژەیەکمان پێداو لە ڕوونکردنەوەی (عەقیدەی تەحاویی)دا، فەرموودەکەم بە تەفسیل هێناوە، هەروەها لە مەوسووعەی: (ئیمان و عەقیدەی ئیسلامیی)دا لەوێش لە بەرگی پێنج دا، هێناومانە.

باشترین بەڵگەی نەقلییش لەسەر ئەوە کە ڕووح دروستکراوێکی نابەرهەستی خاوەن شوێنەواری جۆراو جۆرە، ئەم ئایەتانەن لە سوورەتی (**الواقعة**)دا، کە دەفەرمووێ: ﴿ فَلَوْلَآ إِذَا بَلَغَتِ ٱلْحُلْقُومَ ﴿٨٣﴾ وَأَنتُمْ حِينَئِذٍ تَنظُرُونَ ﴿٨٤﴾ وَنَحْنُ أَقْرَبُ إِلَيْهِ مِنكُمْ وَلَٰكِن لَّا تُبْصِرُونَ ﴿٨٥﴾ فَلَوْلَآ إِن كُنتُمْ غَيْرَ مَدِينِينَ ﴿٨٦﴾ تَرْجِعُونَهَآ إِن كُنتُمْ صَٰدِقِينَ ﴿٨٧﴾ ﴾، واتە: دەبووایە کاتێک دەگاتە گەروو، [چی دەگاتە گەروو؟ بە سیاق دەزانرێ کە مەبەست پێی ڕووحەو، ڕاناوی مێینەشی بۆ بەکارهێناوەو، چ بگوترێ نەفس و، چ بگوترێ ڕووح، هەردووکیان بە مێینەی مەجازیی (**المؤنث المجازي**) دانراون]، ئێوە لەو کاتەدا تەماشا دەکەن و ئێمە لە ئێوە لێی نزیکترین، بەڵام ئێوە نابینن، (فریشتەکانمان لێوەی نزیکترن)، ئنجا ئەگەر ئێوە ملکەچ نین بۆ خواو لەبەر دەستی خوادا نین، بۆچی نایگێڕنەوە ئەگەر ڕاست دەکەن!

واتە: ئەو ڕووحە کە لە نووکی پێ تاکو دەگاتە گەروو دەکێشرێ، ئەگەر ڕاست دەکەن، مەهێڵن لە گەروو دەربچێ و جەستە بەجێ بهێڵێ و، بیگێڕنەوە بۆ نێو جەستە، کە بێگومان لێرەدا بە ڕوونیی دیارەو بە ڕاشکاویی ڕاگەیەنراوە کە ڕووح لە نێو جەستەدایەو، دەردەچێ و ئەو حاڵەتانەی هەن کە (**القرطبي**) باسی کردوون و لە فەرمایشتەکانیش وەریگرتوون.

کۆتا قسە لەم تەوەری سێیەمدا، ئەو قسەیەی (القرطبي)[1] دێنین لە تەفسیرەکەی دا، دەڵێ: گوێم لە (الأصمعي) بووە، گوتوویەتی: گوێم لە (معتمر) بووە کە ئەویش یەکێکە لە زانایان، گوتوویەتی: (**رُوحُ الْإِنْسَانِ مِثْلُ كُبَّةِ الْغَزْلِ، فَتُرْسَلُ الرُّوحُ، فَيَمْضِي، ثُمَّ تَمْضِي، ثُمَّ تُطْوَى فَتَجِيءُ فَتَدْخُلُ، فَمَعْنَى الْآيَةِ أَنَّهُ يُرْسَلُ مِنَ الرُّوحِ شَيْءٌ فِي حَالِ النَّوْمِ وَمُعْظَمُهَا فِي الْبَدَنِ مُتَّصِلٌ بِمَا يَخْرُجُ مِنْهَا اتِّصَالًا خَفِيًّا، فَإِذَا اسْتَيْقَظَ الْمَرْءُ جَذَبَ مُعْظَمُ رُوحِهِ مَا انْبَسَطَ مِنْهَا فَعَادَ**).

ئاوا بۆمان وێنا دەکات، دەڵێ: ڕووحی مرۆڤ وەک گلۆڵەیەکی چنراو وایە، کە ڕووح هەندێکی دەنێرێ، دەڕوا دەڕوا دوایی دێتەوە نێو جەستە، مانای ئایەتەکە ئەوەیە کە بەشێک لە ڕووح دەنێردرێ لە کاتی خەوتن دا، بەڵام زۆربەی هەر لە جەستەدا ماوەو، ئەوەش کە دەنێردرێ دەچێتەدەر، بەوەوە کە لە نێو جەستەدا ماوە، بە شێوەیەکی پەنهان پێکەوە پەیوەستن و، کاتێک مرۆڤ بێدار دەبێتەوە، ئەوەی کە ناردوویەتی وەک گلۆڵەیەک، جارێکی دیکە ڕایدەکێشێتەوە بۆ نێو جەستە.

ئەو ئاوا بۆمان وێنا دەکات، ئەگەرنا ڕووح حاڵەتێکی جەستەیی نیەو ماددیی نیە، بەڵام مەبەستی ئەوەیە کە لە کاتی خەوتن دا، ڕووح پەیوەندییەکی پەنهانی لەگەڵ جەستەدا هەردەمێنێ، بەڵام ئەو پەیوەندییە نیە کە ببێتە هۆی بێداریی.

٤)- چەند ئەدەبێکی خەوتن و لە خەو هەڵسان:

خەو (نووستن)، لە ئیسلامدا گرنگیی پێدراوە، کە مرۆڤ چۆن بخەوێ و، چۆن بچێتە سەر جێگاو، پاشان کە بێدار دەبێتەوە، چی بڵێ و چۆن بکات؟ چەند ئەدەبێکی بۆ دانراون، هەوڵ دەدەم بە پوختیی بیانهێنم، ئەویش لەبەر ڕۆشنایی سێ دەقی سوننەتدا:

---

(١) الجامع لأحكام القرآن ج١٥، ص٢١٠.

١- {عَنْ حُذَيْفَةَ ﷺ، قَالَ: كَانَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ إِذَا أَخَذَ مَضْجَعَهُ مِنَ اللَّيْلِ، وَضَعَ يَدَهُ تَحْتَ خَدِّهِ، ثُمَّ يَقُولُ: (أَللَّهُمَّ بِاسْمِكَ أَمُوتُ وَأَحْيَا) وَإِذَا اسْتَيْقَظَ قَالَ:(الْحَمْدُ لِلَّهِ الَّذِي أَحْيَانَا بَعْدَ مَا أَمَاتَنَا وَإِلَيْهِ النُّشُورُ)} (أخرجه البخاري: ٦٣١٢، وَأَبُو داود: ٥٠٤٩، والترمذي: ٣٤١٧، وابن حبان: ٥٥٣٢، وغيرهم).

واتـە: حوزەیفـە ﷺ، دەڵـێ: پێغەمبـەری خـوا ﷺ عـادەتی وابـوو کـە بـە شـەوێ دەچـووە سـەر جێـگای بـۆ خەوتـن، دەسـتی دەخسـتە ژێـر ڕوومەتی، (دەسـتی ڕاسـتی دەخسـتە ژێـر ڕوومـەتی ڕاسـتی)، دوایـی دەیفەرمـوو: ئـەی خوایـە! بـە نـاوی تـۆ دەمـرم و دەژیـم، کاتـێ بێداریـش دەبوویـەوە دەیفەرمـوو: سـتاییش بـۆ ئـەو خوایـەی دوای ئـەوەی مراندبووینـی، زینـدووی کردینـەوەو، هـەر بـۆ لای ویـش دەگەڕێینـەوە.

٢- {عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﷺ، أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ قَالَ: إِذَا أَوَى أَحَدُكُمْ إِلَى فِرَاشِهِ، فَلْيَأْخُذْ دَاخِلَةَ إِزَارِهِ فَلْيَنْفُضْ بِهَا فِرَاشَهُ، وَلْيُسَمِّ اللَّهَ، فَإِنَّهُ لَا يَعْلَمُ مَا خَلَفَهُ بَعْدُ عَلَى فِرَاشِهِ، فَإِذَا أَرَادَ أَنْ يَضْطَجِعَ، فَلْيَضْطَجِعْ عَلَى شِقِّهِ الْأَيْمَنِ، وَلْيَقُلْ: سُبْحَانَكَ رَبِّي، وَضَعْتُ جَنْبِي، وَبِكَ أَرْفَعُهُ، إِنْ أَمْسَكْتَ نَفْسِي فَاغْفِرْ لَهَا.» وَقَالَ الْبُخَارِيُّ وَابْنُ مَاجَهْ وَالتِّرْمِذِيُّ: (فَارْحَمْهَا) بَدَلَ (فَاغْفِرْ لَهَا) وَإِنْ أَرْسَلْتَهَا فَاحْفَظْهَا بِمَا تَحْفَظُ بِهِ عِبَادَكَ الصَّالِحِينَ» زَادَ التِّرْمِذِيُّ (وَإِذَا اسْتَيْقَظَ فَلْيَقُلِ: الْحَمْدُ لِلَّهِ الَّذِي عَافَانِي فِي جَسَدِي، وَرَدَّ عَلَيَّ رُوحِي، وَأَذِنَ لِي بِذِكْرِهِ)} (أخرجه ابن أبي شيبة: ٢٦٥٢٥، والبخاري: ٥٩٦١، ومسلم: ٢٧١٤، وأبو داود: ٥٠٥٠).

واتـە: ئەبـوو هوڕەیـرە ﷺ، دەڵـێ: پێغەمبـەر ﷺ فەرموویـەتی: هـەر کات یەکێـک لـە ئێـوە بـەلای جێگاکەیـەوە چـوو، پەنـای بـرد بـۆ جێگاکـەی بـۆ ئـەوەی بخـەوێ، بـا نێـوی پۆشـاکەکەی بگـرێ و، بـە سـەر جێگەکەیـدا بێنـێ (جێگاکـەی خـۆی پـێ بسـڕێتەوە)و، بـا نـاوی خـوا بێنـێ، چونکـە نازانـێ لـە دوای خـۆی کـە شـوێنەکەی جێهێشـتوە، چ شـتێک چۆتـە شـوێنی، (ڕەنگـە دوو پشـکێک، مارێـک چـوو بێتـە شـوێنەکەی)، هـەر کاتێـک ویسـتی ڕاکشـێ، بـا لەسـەر لای ڕاسـتی ڕابکشـێ و بڵـێ: پاکیـی بـۆ تـۆ پـەروەردگارم، تەنیشـتی خـۆم دانـا لەسـەر جێـگاو هـەر بـە هـۆی تـۆوە

تەنیشتی خۆم بەرز دەکەمەوە(و بێدار دەبم)، ئەگەر ڕووحەکەت وەرگرتم، لێی ببوورە، (یاخود: بەزەییت پێی دابێ) و ئەگەر ناردیشتەوە بۆ نێو جەستەکەم، بیپارێزە بەوەی بەندە چاکەکانی خۆتی پێ دەپارێزی (واتە: لە گوناهو تاوان و لادان)، (الترمذي) لە (سنن)ی خۆیدا ئەوەشی زیاد کردوە، کاتێک کە بێداریش بۆوە با بڵێ: ستاییش بۆ ئەو خوایەی کە لە جەستەمدا سەلامەتی کردووم و، ڕووحەکەی بۆ گێراومەوەو، مۆڵەتی داوم کە یادی بکەم.

٣- پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: هەر کامێک لە ئێوە کە دەچێتە سەر جێیەکەی با ئەو وشانە بڵێ، ئەگەر بمرێ لەسەر زگماکی پاک و چاک و بەندایەتیی بۆ خوا دەمرێ، ئەویش ئەوەیە کە بڵێ: {**أَللَّهُمَّ أَسْلَمْتُ نَفْسِي إِلَيْكَ، وَوَجَّهْتُ وَجْهِي إِلَيْكَ، وَفَوَّضْتُ أَمْرِي إِلَيْكَ، وَأَلْجَأْتُ ظَهْرِي إِلَيْكَ، رَغْبَةً وَرَهْبَةً إِلَيْكَ، لاَ مَلْجَأَ وَلاَ مَنْجَى مِنْكَ إِلاَّ إِلَيْكَ، آمَنْتُ بِكِتَابِكَ الَّذِي أَنْزَلْتَ، وَبِنَبِيِّكَ الَّذِي أَرْسَلْتَ**} (**أخرجه أحمد: ١٨٥٨٤، والبخاري: ٢٤٤، ومسلم: ٢٧١٠، وأبو داود: ٥٠٤٦، والترمذي: ٣٣٩٤**).

واتە: ئەی خوایە! نەفسی خۆم بە تۆ سپاردو، ڕووی خۆم لە تۆ کردو، پشتی خۆم بە تۆ بەست و، کاری خۆم عایدی تۆ کردو، لە ڕووی ئارەزووەوە، لە ڕووی سام لێکردنەوە ڕووم لە تۆ کرد، هیچ پەنا نیەو هیچ شوێنی دەرباز بوون نیە، لە سزای تۆ، مەگەر بۆ لای تۆ بێینەوە، بڕوام بەو کتێبەت هێناوە کە داتبەزاندوە، بڕواشم بەو پێغەمبەرەت ﷺ کردوە کە ڕەوانەت کردوە (کە موحەممەدە ﷺ).

پێغەمبەر ﷺ کە وایفەرمووە لەبەر ئەوەیە کە ئینسان دەخەوێ، جۆرێک لە مردن و بێ ئاگایی و بێ هۆشیی بەسەر دادێ و، نازانێ چی بەسەردێ لەو خەوەیدا، خەڵکی واش هەبووە کە خەوتووە، بێدار نەبۆتەوەو کە چاوی هەڵهێناون، ئەوە عالەمی بەرزەخە!، واتە: لە کاتی خەوتندا گیانی کێشراوە.

مەسەلەی سێیەم:

بەرپەرچدانەوەو پووچەڵكردنەوەی بیرۆكەی بە تكاكار دانانی پەرستراوە ساختەكان، كە هیچ كارەو بێ شعووریشن! لە حاڵێكدا كە هەمەكارەی ئاسمانەكان و زەوی و خاوەنی تكا، تەنیا خوایە ﷻ:

خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ أَمِ ٱتَّخَذُواْ مِن دُونِ ٱللَّهِ شُفَعَآءَۚ قُلۡ أَوَلَوۡ كَانُواْ لَا يَمۡلِكُونَ شَيۡـٔٗا وَلَا يَعۡقِلُونَ ﴿٤٣﴾ قُل لِّلَّهِ ٱلشَّفَٰعَةُ جَمِيعٗاۖ لَّهُۥ مُلۡكُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِۖ ثُمَّ إِلَيۡهِ تُرۡجَعُونَ ﴿٤٤﴾ ﴾.

شیكردنەوەی ئەم دوو ئایەتە، لە پێنج بڕگەدا:

١)- ﴿ أَمِ ٱتَّخَذُواْ مِن دُونِ ٱللَّهِ شُفَعَآءَ ﴾، یان ئایا جگە لە خوا ﷻ تكا كارانێكیان گرتوون، وەک لە مانای گشتییەكەشدا باسمان كرد، ئەمە وادێتە بەرچاو و بە سیاق و سەلیقە دەزانرێ، كە قسەیەكی دیكە، پێش ئەم ڕستەیە هەبووەو قرتێنراوە، واتە: ئایا لە سزای خوا بێ باكن؟ ئایا لە خوا ﷻ بێمنەتن كە ناپەرستن؟ یاخود جگە لە خوا تكا كارانێكیان بۆ خۆیان پەیدا كردوون، تكایان بۆ لە لای خوا بكەن؟ (**أَمْ: لِلْإِضْرَابِ الإِنْتِقالِيِّ انْتِقالًا مِن تَشْنِيعِ إِشْراكِهِمْ إلى إِبْطَالِ مَعاذِيرِهِمْ فِي شِرْكِهِمْ**)[1]، لێرەدا (**أَمْ**) بۆ گواستنەوەیە لە بە ناشیرین دانانی هاوبەش بۆ خوادانانیان، بۆ پووچەڵكردنەوەی بیانووەكانی هاوبەش بۆ خوادانانیان، ﴿ أَمِ ٱتَّخَذُواْ مِن دُونِ ٱللَّهِ شُفَعَآءَ ﴾، واتە: ئایا جگە لە خوا كەسانێكیان كردوون بە تكا كاری خۆیان؟.

٢)- ﴿ قُلۡ أَوَلَوۡ كَانُواْ لَا يَمۡلِكُونَ شَيۡـٔٗا وَلَا يَعۡقِلُونَ ﴾، بڵێ: ئایا ئەگەر هیچیان بەدەست نەبێ و نەشفامن، ئەو پەرستراوانەی كە ئێوە بەتەمان تكاتان بۆ بكەن لە لای خوا؟

---

(١) (أم) بریتیە: لە (بل أ)، كە پرسیاركردنەكەش بۆ نكوولێلێكردن و سەرزەنشتە.

﴿وَلَا يَعۡقِلُونَ﴾، نەشفامن، شعووریشیان نەبێ، چونکە ئەوان هەر بەپێی عەقیدەی خۆشیان، پەیکەرو بتەکان نە عەقڵیان هەبووەو نە هەستیان هەبووەو، زانیویانە ئەوە تەنیا پەیکەرێکە بە تایبەتی بتپەرستەکانی قورەیش و عەرەب لەسەردەمی نەفامییدا، ئەگەرنا سەرجەم ئەوانەی دەپەرسترێن، مەرج نیە، هەموویان تەنیا پەیکەر بووبن، ئاژەڵیش پەرستراون و بە خەیاڵی خۆیان فریشتەشیان پەرستوون، شەیتانیشیان پەرستوون، مانگ و خۆریشیان پەرستوون، مرۆڤیشیان پەرستوون کە تاغووتەکانن، بەڵام بە نسبەت کە ئەوانەوە کە ئەوان پەرستوویانن، بڵێ: ئایا ئەگەر هیچیان بەدەست نەبێ و نەشفامن؟

٣)- ﴿قُل لِّلَّهِ ٱلشَّفَٰعَةُ جَمِيعٗا﴾، بڵێ: تکا کردن هەمووی هی خوایە.

٤)- ﴿لَّهُۥ مُلۡكُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ﴾، حوکمڕانیی و خاوەندارێتیی ئاسمان و زەوی هەر هی ئەوە.

٥)- ﴿ثُمَّ إِلَيۡهِ تُرۡجَعُونَ﴾، دوایی هەر بۆ لای ویش دەگێڕدرێنەوە.



چوار كورته سه‌رنج

١- كه ده‌فه‌رمووێ: ﴿أَمِ ٱتَّخَذُواْ مِن دُونِ ٱللَّهِ شُفَعَآءَ﴾، ئایا جگه له خوا تكا كارانێكیان په‌یداكردووه؟ ئێمه له سه‌ره‌تای ته‌فسیری سووره‌تی (یونس)دا، باسێكی سه‌ربه‌خۆمان كرد، له باره‌ی شه‌فاعه‌ته‌وه، بۆیه لێره‌دا ناچینه نێو ورده‌كارییه‌كانی و ئه‌وه‌نده ده‌ڵێین: به دڵنیایی، تكاكردن (شفاعة) هه‌یه له لای خوا، بۆ پێغه‌مبه‌ران، بۆ فریشته‌كان، بۆ زانایان، بۆ شه‌هیدان، ده‌قه‌كانی قورئان و سوننه‌ت ئه‌وه ده‌گه‌یه‌نن، به‌ڵام دیاره شه‌فاعه‌ت كردن و شه‌فاعه‌ت بۆ كران چه‌ند مه‌رجێكی هه‌ن:

یه‌كه‌م: ده‌بێ به مۆڵه‌تی خوا بێ، وه‌ك خوا ﷻ ده‌فه‌رمووێ: ﴿مَن ذَا ٱلَّذِي يَشۡفَعُ عِندَهُۥٓ إِلَّا بِإِذۡنِهِۦۚ ﴿٢٥٥﴾﴾البقرة، كێیه تكا له لای خوا بكات، مه‌گه‌ر به مۆڵه‌تی خوا ﷻ، كه‌واته: به‌بێ مۆڵه‌تی خوا، تكا ناكرێ بۆ كه‌س.

دووه‌م: تكاكردنیش چ هی فریشته‌كان و، چ هی پێغه‌مبه‌ران (عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَامِ)و، چ شه‌هیدان و زانایان، ته‌نیا تكا بۆ كه‌سێك ده‌كرێ، خوا لێی ڕازی بێ: ﴿وَلَا يَشۡفَعُونَ إِلَّا لِمَنِ ٱرۡتَضَىٰ وَهُم مِّنۡ خَشۡيَتِهِۦ مُشۡفِقُونَ ﴿٢٨﴾﴾الأنبياء، واته: تكا ناكه‌ن مه‌گه‌ر بۆ كه‌سێك (خوا) په‌سندی بێت، (ڕازی بێت شه‌فاعه‌ت و تكای بۆ بكرێ)و فریشته‌كان له سام و هه‌یبه‌تی وی (خوا) دڵ پڕ ترس و له‌رزو په‌رۆشن.

سێیه‌م: له سووره‌تی (النجم)یش له سیاقێكدا كه باسی فریشته‌كان ده‌كرێ، خوا ﷻ ده‌فه‌رمووێ: ﴿وَكَم مِّن مَّلَكٖ فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ لَا تُغۡنِي شَفَٰعَتُهُمۡ شَيۡـًٔا إِلَّا مِنۢ بَعۡدِ أَن يَأۡذَنَ ٱللَّهُ لِمَن يَشَآءُ وَيَرۡضَىٰٓ ﴿٢٦﴾﴾النجم، واته: زۆر فریشته هه‌ن، له ئاسمانان تكا كردنه‌كه‌یان هیچ سوود ناگه‌یه‌نێ، مه‌گه‌ر دوای ئه‌وه‌ی خوا مۆڵه‌ت ده‌دات بۆ كه‌سێك كه بیه‌وێ و، بۆ كه‌سێكیش كه لێی ڕازی بێ، واته: ده‌بێ خوا ﷻ بیه‌وێ ئه‌و كه‌سه تكا بكات و، ئه‌و كه‌سه‌ش كه تكای بۆ ده‌كرێ په‌سند كراو بێ.

بەو سێ مەرجەوە تکاکردن دەبێ: یەکەم: بە مۆڵەتی خوا، دووەم: کە سێک کە خوا بیەوێ تکا بکات، سێیەم: کەسێکیش کە خوا ڕازی بێت تکای بۆ بکرێ.

٢- کە دەفەرموێ: ﴿قُلْ أَوَلَوْ كَانُواْ لَا يَمْلِكُونَ شَيْـًٔا وَلَا يَعْقِلُونَ﴾، ئەوە زیاتر بۆ ئەو پەیکەرو صەنەمانەیە کە پەرستوویانن، بە نسبەت ڕستەی: ﴿لَا يَمْلِكُونَ شَيْـًٔا﴾، هیچ شتێکیان بەدەست نیە، بە تەئکید جگە لە بت و صەنەمەکانیش، تاغووتەکانیش و هەموو پەرستراوەکانی دیکەش، هیچیان بەدەست نیە، هەروەها ڕستەی: ﴿وَلَا يَعْقِلُونَ﴾، ئەگەر مەبەست پێی ئەوە بێ، هیچ نافامن و نازانن، دیارە مەبەست پێی پەیکەرەکانە، بەڵام ئەگەر مەبەست ئەوە بێ کە هەموو نهێنییەکانی ئاسمان و زەوی تێناگەن و نازانن و، دەبێ خوا ئاگاداریان بکاتەوە، دیسان ئەوەش هەموو پەرستراوەکان دەگرێتەوە.

٣- کە دەفەرموێ: ﴿قُل لِّلَّهِ ٱلشَّفَـٰعَةُ جَمِيعًا﴾، لێرەدا: (**تَقْدِيمُ الخَبَرِ المَجْرُورِ عَلَى المُبْتَدأ لإِفَادَةِ الحَصرِ**)، پێشخستنی گوزارەی ژێردارکراو (**الخبر المجرور**) لەسەر نیهاد (**مبتدأ**) مانای کورتهەڵێنان دەگەیەنێ (چونکە ڕستەکە لە ئەسڵ دا ئاوایە: (**الشفاعة لله جميعاً**))، واتە: تکا کردن تێکڕای هەمووی بەس هی خوایە، وشەی (**جَمِيْعَاً: حَالَة مِنَ الشَّفَاعَة**)، (**جميعاً**) حاڵی (**شفاعة**)ە، یانی: هیچ بەشێک لە بەشەکانی شەفاعەت هەڵناوێردرێ، لەو شەفاعەتەی کە هی خوایەو، هەمووی لە دەستی خوای پەروەردگاردا کورت هەڵهاتوە.

٤- کە دەفەرموێ: ﴿لَّهُۥ مُلْكُ ٱلسَّمَـٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ﴾، حوکمڕانیی و دەسەڵات لە ئاسمانەکان و زەویدا هەر هی ئەوە، ئەم گشتاندنە کە خوا ﷻ تەنیا خۆی هەمەکارەی گەردوونە، بۆ ئەوەیە کە تکاکردن تەنیا بەدەست ئەوە، چونکە خاوەنی گەردوون بەس خۆیەتی، بۆیە هەر چاوەڕوانییەکتان هەبێ لە جگە لە ئەو، بە هەڵەداچوون.

﴿ثُمَّ إِلَيْهِ تُرْجَعُونَ﴾، (**ثُمَّ: للتَّرْتِيْب الرُّتْبِي**)، (**ثم**) بۆ ڕیزبەندیی پلە پلەییە، واتە: ئێستا حوکمڕانیی و دەسەڵات هەمووی هی ئەوە، دواییش هەر بۆ لای ئەویش دەگێڕدرێنەوە، کە مەبەست پێی ڕۆژی دواییە.

مەسەلەی چوارەم:

بێبڕوایان بە ڕۆژی دوایی، هەر کات ناوی خوا بهێنرێ، دڵ و دەروونیان دەگووشرێ، کەچی باسکرانی پەرستراوانی جگە لە خوا، مایەی شادمانییانە:

خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ وَإِذَا ذُكِرَ ٱللَّهُ وَحْدَهُ ٱشْمَأَزَّتْ قُلُوبُ ٱلَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ بِٱلْـَٔاخِرَةِ ۖ وَإِذَا ذُكِرَ ٱلَّذِينَ مِن دُونِهِۦٓ إِذَا هُمْ يَسْتَبْشِرُونَ ﴿٤٥﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتە، لە چوار بڕگەدا:

١)- ﴿ وَإِذَا ذُكِرَ ٱللَّهُ وَحْدَهُ ﴾، هەر کاتێک بە تەنیا باسی خوا ﷻ کرا، واتە: بەبێ ئەوەی پەرستراوەکانی دیکەی لەگەڵدا باس بکرێن، لەو پەرستراوانەی هاوبەش بۆ خوادانەران لاف لێدەدەن: ئەوانیش هاوبەشی خوان لە پەرستراندا، هەر کاتێ تەنیا باسی خوا کرا.

٢)- ﴿ ٱشْمَأَزَّتْ قُلُوبُ ٱلَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ بِٱلْـَٔاخِرَةِ ﴾، ئەوانەی بڕوایان بە ڕۆژی دوایی نیە، دڵیان دەگووشرێ، (**الإِشْمِئْزَازُ: شِدَّةُ الكَرَاهِيَةِ وَالنُّفُور**)، (**إشمئزاز**) زۆر ڕق لێبوونەوەو زۆر لێ سڵەمینەوەیە، (**الإِشْمِئْزَاز: أَنْ يَمْتَلِئَ قَلْبُه غَمَّاً حَتَّى يَظْهَر الإِنْقِبَاضُ فِي أَدِيْمِ وَجْهِهِ**) (**إِشْمِئْزَاز**) ئەوەیە کە مرۆڤ دڵی پڕ بێ لە خەم، هەتاکو پێستی دەم و چاوی کە ڕێک دێ و گرژ دەبێ، پێوەی دیار بێ.

٣)- ﴿ وَإِذَا ذُكِرَ ٱلَّذِينَ مِن دُونِهِۦٓ ﴾، بەڵام کاتێک کە ئەوانەی دیکەی جگە لەو باس بکرێن، واتە: پەرستراوەکان کە لە خوار خواوەن، جگە لە خوا.

٤)- ﴿ إِذَا هُمْ يَسْتَبْشِرُونَ ﴾، یەکسەر ئەوان دڵخۆش و شادمان دەبن، (**الإِسْتِبْشَارُ: شِدَّةُ الفَرَحِ حَتَّى يَظْهَرَ أَثَرُ ذَلِكَ عَلَى بَشْرَةِ الوَجْهِ**)، (**اسْتِبْشار**): بریتیە لە زۆر دڵ خۆش بوون، هەتا شوێنەواری ئەوە لەسەر پێستی دەم و چاوی دەردەکەوێ.

کە دەفەرموێ: ﴿إِذَا هُمْ يَسْتَبْشِرُونَ﴾، یەکسەر ئەوان دەبینی دڵخۆش دەبن، بە کرداری بەردەوام (فِعْل المُضَارِع) هێناویەتی، چونکە دڵخۆشییەکەیان جار بۆ جار تازە دەبێتەوە.

لێرەدا وەک دەبینین: سێ جاران وشەی (إِذَا) بەکارهاتوە: ﴿وَإِذَا ذُكِرَ ٱللَّهُ وَحْدَهُ ٱشْمَأَزَّتْ قُلُوبُ ٱلَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ بِٱلْآخِرَةِ ۖ وَإِذَا ذُكِرَ ٱلَّذِينَ مِن دُونِهِۦٓ إِذَا هُمْ يَسْتَبْشِرُونَ﴾، پسپۆڕانی زمان گوتوویانە: (إِذَا)ی یەکەم، هەروەها (إذا)ی دووەم، دوو (ظرف)ن، کە مانای مەرجیان تێخراوە، یانی: بە مەرجێک خوا ﷻ بەتەنیا باس بکرێ، ئەوانەی بڕوایان بە ڕۆژی دوایی نیە، دڵیان پێی دەگووشرێ و، بە مەرجێک ئەوانەی جگە لە خوا، باس بکرێن، ئەوان شادمان و دڵخۆش دەبن، بەڵام (إِذَا)ی سێیەم: ﴿إِذَا هُمْ يَسْتَبْشِرُونَ﴾، ئەم (إِذَا)یە بۆ (مُفَاجَأَةِ) کت و پڕە، یانی: کاتێک کە جگە لە خوا باس دەکرێ، باسی بت و صەنەمەکانیان دەکرێ، یەکسەرو بە پەلەو کت و پڕ دڵخۆشیی ڕوویان تێدەکات.

هەڵوەستەیەکی پێویست:

لێرەدا دەبێ ئاگاداری ئەوەبین، کە ژمارەیەکی زۆریش لەوانەی لەسەر ئیسلام حیساب دەکرێن، بەڵام شوێن ڕێچکەو کوێرە ڕێیەکان دەکەون، هەمان حاڵەتی کە ئەو هاوبەش بۆ خوا دانەرانە کاتی خۆی هەیانبووە، هەیانە، ئەگەر باسی ئیسلام بکەی، دڵیان دەگووشرێ، یان دیاردەیەکی دینداریی و ئیسلامەتیی ببینن، دڵیان پێ دەگووشرێ، ئافرەتێک بە سەرپۆشەوە ببینن، گەنجێک بە ڕیشەوە ببینن، یان گوێیان لە بانگ بێ، یان کەسێک کە باسی خوا ﷻ بکات، دڵیان دەگووشرێ، بەڵام کاتێک باسی ڕێچکەو کوێرە ڕێیەکانی خۆیان بکرێ، دڵیان فەرەحنایی بۆ دێ، یان باسی بەرپرسێکی جگە لە حیزبەکەی خۆیان بکرێ، دڵیان دەگووشرێ، بە تایبەتی ئەگەر ئەهلی ئیسلام و ئیمان بێ، هەیە هەر چاوی هەڵنایەت تەماشا بکات، هەیە هەر تەحەممول ناکات گوێ لە قسەی بگرێ،

بەڵام کاتێک کە باسی بەرپرسەکانی خۆیان، یان سەرکردەکانی خۆیان دەکرێ، با هیچ پەیوەندییەکیان بە خواو پێغەمبەرەوەش ﷺ نەبێ، شادمان و دڵخۆش دەبن، کەچی خۆشیان بە مسوڵمان دەزانن! کە بە تەئکید هەر کەسێک بە خوا دڵخۆش نەبێ، بە ئەهلی خوا دڵخۆش نەبێ، بەوانەی بەندایەتیی بۆ خوا دەکەن و، بە دوای ڕێبازی پێغەمبەری خوا ﷺ دەکەون و، کتێبی خوایان بە دەستەوەیەو لە باوەش گرتوەو، لەسەر سەری خۆیانی دادەنێن، دەیانەوێ شەریعەتی خوا پیادە بکرێ لە ژیانی تایبەتیی و، خێزانیی و، کۆمەیەڵاتیی و، سیاسیی دا، هەر کەسێک دڵی بەوانەوە خۆش نەبێ، کەیفی بەوانە نەیەت، مانای وایە هەر هەمان عادەتی موشریکەکانی هەیە، چونکە کە دڵی بەوانە خۆش نابێ، بە پێچەوانەوە دڵی بە بەرپرسێکی خۆی خۆش دەبێ، کە ڕەنگە وەک کوردەواریی دەڵێن: (نیو تەنەکە شەڕاب لە گەدەیدابێ)، ئەهلی قومار بێ و، داوێن پیس بێ، ئەهلی قەتڵ بێ، حەرامخۆر بێ، کەچی دڵی بەو خۆشە، بەڵام دڵی بە مسوڵمانێکی پاک و چاک و ڕاست و ساغ و دادگەرو بە ڕەحم خۆش نیە، لەبەر ئەوەی لە حیزبەکەی خۆی نیە، ئنجا ئایا ئەوە فەرقی چییە لەگەڵ عادەتی هەمان ئەو هاوبەش بۆ خوادانەرانەی، کە لەسەردەمی نەفامییدا بوون و، دژایەتیی پێغەمبەری خواو ﷺ ئایین و پەیامەکەیان کردوە، کە زانیویانە ئەگەر ئەو پەیامە خواییە، بچەسپێ و، ئەو پێغەمبەرە ﷺ ئەگەر ڕێبازەکەی ببێتە بەرنامەی ژیان و، پەیامی قورئان بچەسپێ، ئەو زلە زلە خۆسەپێنانەو، ئەو قۆرخکارانەو، ئەو گەندەڵکارانە بازاڕەکەیان لێ تێکدەچێ؟!.

مەسەلەی پێنجەم:

فەرمانكردنی خوا ﷻ بە پێغەمبەرەكەی موحەممەد ﷺ كە بە ناوی داهێنەری ئاسمانەكان و زەوی، زانای پەنهان و ئاشكرا یادی بكات و، داوای لێبكات: دادوەریی بكات لە نێوان بەندەكانیدا، بۆ ئەكلاییكردنەوەی ئەو شتانەی تێیاندا كەوتوونەتە ڕاجیایی و مشت و مڕەوە:

خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ قُلِ ٱللَّهُمَّ فَاطِرَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ عَٰلِمَ ٱلۡغَيۡبِ وَٱلشَّهَٰدَةِ أَنتَ تَحۡكُمُ بَيۡنَ عِبَادِكَ فِي مَا كَانُواْ فِيهِ يَخۡتَلِفُونَ ﴿٤٦﴾ ﴾.

شیكردنەوەی ئەم ئایەتە، لە سێ بڕگەدا:

١)- ﴿ قُلِ ٱللَّهُمَّ فَاطِرَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ ﴾، بڵێ: ئەی خوایە! داهێنەرو پەیداكەری ئاسمانەكان و زەوی.

٢)- ﴿ عَٰلِمَ ٱلۡغَيۡبِ وَٱلشَّهَٰدَةِ ﴾، زانای پەنهان و ئاشكرا.

٣)- ﴿ أَنتَ تَحۡكُمُ بَيۡنَ عِبَادِكَ فِي مَا كَانُواْ فِيهِ يَخۡتَلِفُونَ ﴾، هەر تۆ دادوەریی دەكەی لە نێوان بەندەكانتدا، لەوەدا كە تێیدا كەوتوونەتە ڕاجیایی و مشت و مڕەوە.

لە بارەی ئەم ئایەتە موبارەكەوە، ئەم دەقەی سوننەت دێنین:

{عَنْ عائشَةَ رَضِيَ اللهُ عَنْهَا، قَالَتْ: كَانَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: إِذَا قَامَ مِنَ اللَّيْلِ يَفْتَتِحُ صَلاَتَهُ: «أَللَّهُمَّ رَبَّ جِبْرِيلَ وَمِيكَائِيلَ وَإِسْرَافِيلَ، فَاطِرَ السَّمَوَاتِ وَالأَرْضِ، عَالِمَ الْغَيْبِ وَالشَّهَادَةِ، أَنْتَ تَحْكُمُ بَيْنَ عِبَادِكَ فِيمَا كَانُوا فِيهِ يَخْتَلِفُونَ، اهْدِنِي لِمَا اخْتَلَفُوا فِيهِ مِنَ الْحَقِّ بِإِذْنِكَ، إِنَّكَ تَهْدِي مَنْ تَشَاءُ إِلَى صِرَاطٍ مُسْتَقِيمٍ} (أخرجه البخاري: ٦٧٠، ومُسْلِمٌ: ٧٦٧، والترمذي: ٣٠٤٢٠، وابن ماجه: ١٣٥٧).

واتە: دایکمان عائیشە خوا لێی ڕازی بێ، دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ کاتێک بە شەوێ هەڵدەستا، (واتە: بۆ شەو نوێژ)، نوێژی دەست پێ دەکرد، (پێش ئەوەی نوێژەکەی دەست پێبکات، یاخود لە نوێژەکەیدا لە جیاتی دوعای ئیستیفتاح) دەیفەرموو: ئەی خوایە! پەروەردگاری جیبریل و میکائیل و ئیسڕافیل، پەیداکەرو داهێنەری ئاسمانەکان و زەوی، زانای پەنهان و ئاشکرا، هەر تۆ دادوەریی دەکەی لە نێوان بەندەکانتدا، لەوەدا کە تێیدا کەوتوونەتە مشتومڕو ڕاجیاییەوە، ڕێنماییم بکە بۆ ئەو هەقەی کە ئەوان تێیدا کەوتوونە ڕاجیایی، بە دڵنیایی هەر تۆ هەر کەسێ بتەوێ ڕێنمایی دەکەی بۆ ڕێی ڕاست.



سێ کورتە سەرنج

١- کە دەفەرموێ: ﴿ قُلِ ٱللَّهُمَّ فَاطِرَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ ﴾، وشەی (**فَاطِر**) پێشتریش باسمان کردوە بە تایبەتی لە سەرەتای سوورەتی (**فَاطِر**)دا، کە (**فَاطِر**) لە (**فَطْر**) هاتوەو بە مانای لەتکردنە، (**فَاطِر**) واتە: داهێنەرو، پەیداکەر لە نوێ، کەسێک شتێک دروست بکات کە پێشینەی نەبووبێ.

٢- کە دەفەرموێ: ﴿ عَٰلِمَ ٱلۡغَيۡبِ وَٱلشَّهَٰدَةِ ﴾، (**الغَيْبُ: مَا خَفِيَ وَغَابَ عَنْ عِلْمِ النَّاس**)، (**غَيْب**): ئەوەیە کە پەنهانە، واتە: شێردراوەیە لە زانینی خەڵک، (**الشَّهَادَةُ: ما يَعْلَمُهُ النَّاسُ مِمَّا يَدْخُلُ تَحْتَ الإِحْسَاسِ**)، (**شَهَادَة**) واتە: بینراو، ئەوەیە کە خەڵک دەیبینێ و، بە پێنج هەستەکانیان پەی پێ دەبەن.

٣- کە دەفەرموێ: ﴿ أَنتَ تَحۡكُمُ بَيۡنَ عِبَادِكَ فِي مَا كَانُواْ فِيهِ يَخۡتَلِفُونَ ﴾، ئەمە هەواڵێکە لە سەرەتای پاڕانەوەکەوە، ﴿ أَنتَ تَحۡكُمُ بَيۡنَ عِبَادِكَ ﴾، هەرتۆ دادوەریی دەکەی لە نێوان بەندەکانتدا، ئنجا کە وشەی (**أَنْتَ**) پاڵوەلادراو (**مُسْنَدٌ إِلَيْهِ**)یە، پێشخراوە، (**لإِفَادَةِ الإِخْتِصَاص**)، بۆ ئەوەیە کە تایبەتمەندیی بگەیەنێ، یانی: تەنیا تۆ دادوەریی دەکەی لە نێوان بەندەکانتدا، ﴿ فِي مَا كَانُواْ فِيهِ يَخۡتَلِفُونَ ﴾، (**مَا: مَوْصُولَةٌ وَكَوْنُ خَبَرِ (كَانَ) مُضَارِعاً لإِفَادَة تَجدّد الإخْتِلَاف**)، (**ما**) بە مانای (**الذي**)یە، واتە: (**فِي الَّذِي كَانُوا فِيْهِ يَخْتَلِفُون**)، لەوەدا کە تێیدا ڕاجیابوونە، بۆیەش گوزارەی (کان) بە کرداری بەردەوام (**فعل المُضَارِع**) هاتوە، چونکە ئەو ڕاجیایی و کەوتنە مشتومڕەی خەڵک، تازە دەبێتەوەو بەردەوامە.

مەسەلەی شەشەم:

بێبڕوایانی ستەمکار ئەگەر گریمان لە ڕۆژی دواییدا، پڕی زەوی و هێندەی دیکەش سامان و ماڵیان هەبێ، دەیکەنە بەلاگێڕەوەو قەرەبوویان لە سزای خراپ و سەخت و، شتانێکیان لە لایەن خواوە بۆ دەردەرکەون، کە بە خەیاڵیاندا نەهاتوون، سزای کردەوە خراپەکانیان بۆ ئاشکرا دەبێ، سزای ئەوەی گاڵتەیان پێدەکرد، گەمارۆ و ئابڵووقەیان دەدات:

خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ وَلَوْ أَنَّ لِلَّذِينَ ظَلَمُوا مَا فِي الْأَرْضِ جَمِيعًا وَمِثْلَهُ مَعَهُ لَافْتَدَوْا بِهِ مِن سُوءِ الْعَذَابِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ ۚ وَبَدَا لَهُم مِّنَ اللَّهِ مَا لَمْ يَكُونُوا يَحْتَسِبُونَ ﴿٤٧﴾ وَبَدَا لَهُمْ سَيِّئَاتُ مَا كَسَبُوا وَحَاقَ بِهِم مَّا كَانُوا بِهِ يَسْتَهْزِئُونَ ﴿٤٨﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم دوو ئایەتە، لە شەش بڕگەدا:

١)- ﴿ وَلَوْ أَنَّ لِلَّذِينَ ظَلَمُوا مَا فِي الْأَرْضِ جَمِيعًا وَمِثْلَهُ مَعَهُ ﴾، ئەگەر ئەوانەی ستەمیان کردوە هەیانبووایە، هەرچی لە زەویدا هەمووی تێکڕاو، وێنەی خۆیشی لەگەڵیدا، واتە: ئەوەی لە زەویدا هەیە، لە سەروەت و سامان و هێندەی دیکەشی خرابایە گەڵ لە ڕۆژی قیامەت دا، دەیانکردە قەرەبوویان، (أي: **لَوْ أن ذَلِكَ مُلْكٌ لَهُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ، لَافْتَدَوْا بِهِ يَوْمَئِذٍ**).

٢)- ﴿ لَافْتَدَوْا بِهِ ﴾، دەیانکردە قەرەبوویان و بەلا گێڕەوەیان، (**الإِفْتِدَاءُ بِالشَّيءِ: جعل فدية**)، (**إفتداء**) یانی: کردنە بەلا گێڕەوەو قەرەبوو، یانی: شتێک ببەخشی تاکو ئەو شتەت لە کۆڵ بێتەوە کە جێگای مەترسییە، یانی: ئەگەر ئەوانە لە ڕۆژی قیامەتدا، گریمان پڕی هەموو دنیا سەروەت و سامانیان هەبێ و هێندەی دیکەشی لەگەڵدابێ، لە ڕۆژی قیامەتدا هەمووی دەکەنە بەلاگێڕو قەرەبووی خۆیان، بەس دەربازیان بێ لە سزای خوا.

٣)- ﴿مِن سُوٓءِ ٱلۡعَذَابِ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ﴾، لە ئازاری خراپ لە ڕۆژی قیامەت دا، (مِنْ)، دەگونجێ بە دوو واتایان بێ:

أ- یان بۆ (بَدَل)ە، (أَي: بَدَلًا عَن سُوءِ العَذَاب)، واتە: (مِنْ) بە مانای جێدار دێ، یانی: بێتە جێگرەوەی سزای خراپ لە ڕۆژی قیامەت دا.

ب- یاخود (مِنْ) لێرەدا بە مانای (ل)ی (من أجل)ە: (لَافْتَدَوْا بِهِ لِأَجْلِ العَذَابِ السَّيِّءِ الَّذِي شَاهَدُوهُ)، یانی: دەیانکردە بەلاگێڕی خۆیان لە پێناوی دوورخستنەوەی ئەو ئازارە خراپەدا کە بینیویانە.

٤)- ﴿وَبَدَا لَهُم مِّنَ ٱللَّهِ مَا لَمۡ يَكُونُواْ يَحۡتَسِبُونَ﴾، لە لایەن خواوە شتێکیان بۆ دەرکەوت، کە بە خەیاڵیان دا نەدەهات.

(مَا) (موصولة)یەو، مانای شتی نەزانراو (مبهم) دەگەیەنێ، واتە: شتێکیان بۆ دەرکەوت کە حیسابیان بۆ نەکردو چاوەڕوانییان نەدەکرد، وشەی (بَدَا)، یانی: دەرکەوت (ظَهَرَ)، (وَبَدَا لَهُمْ مِنْ الله مِنْ إبْتِدائِيَّةٌ أي: مِنْ جِهَةِ الله)، لە لایەن خواوە بۆیان دەرکەوت.

﴿مَا لَمۡ يَكُونُواْ يَحۡتَسِبُونَ﴾، شتێکە کە بە خەیاڵیان دا نەدەهات و چاوەڕوانییان نەدەکرد، (الإحْتِسَابُ: مُبَالَغَةٌ فِي الحِسَابِ بِمَعْنَى الظَّن)، (إحتساب) زێدەڕۆییە لە حیساب کردن یانی: گومان دا، واتە: پێیان وانەبوو ئەوەیان بۆ بێت، کە ئێستا بۆیان دەرکەوتوە.

٥)- ﴿وَبَدَا لَهُمۡ سَيِّـَٔاتُ مَا كَسَبُواْ﴾، خراپەی ئەوەی وەدەستیان هێنا بوو، بۆیان دەرکەوت، هەڵبەتە لێرەدا شتێک قرتێنراوە، واتە: (بَدَا لَهُمْ عِقَابُ سَيِّئات مَا كَسَبُوا)، واتە: سزای کردەوە خراپەکانی کە وە دەستیان هێناون، بۆیان دەرکەوت، (سَيِّئَات) کۆی (سَيِّئَة)یە، (وَهُوَ وَصْفٌ أُضِيفَ إِلَى مَوْصُوفِهِ، وَهُوَ الْمَوْصُولُ، مَا كَسَبُوا، أَيْ: بَدَا لَهُمْ مَكْسُوبَاتُهُمْ السَّيِّئَاتِ)، وەدەستهێنراوە خراپەکانیان بۆیان دەرکەوتن، یاخود: سزای وەدەستهێنراوە

خراپەکانیان، بۆیان دەرکەوت، چونکە ﴿سَيِّـَٔاتُ مَا كَسَبُواْ﴾، وەسفێکە پاڵدراوەتە لای وەسفکراوەکەی کە (ما)یە، واتە: (مَكْسُوبَاتهمُ السَّيِّئَات)، هەڵبەتە کە دەفەرمووێ: ﴿وَبَدَا لَهُمْ سَيِّـَٔاتُ مَا كَسَبُواْ﴾، (بَدَا لَهُمْ جَزَاءُ مَكْسُوبَاتِهِمُ السَّيِّئَات) واتە: سزای تۆڵەی وەدەستهێنراوە خراپەکانیان، بۆ دەرکەوت.

٦)- ﴿وَحَاقَ بِهِم مَّا كَانُواْ بِهِۦ يَسْتَهْزِءُونَ﴾، ئەوەی گاڵتەشیان پێدەکرد دابەزیە سەریان و دەوری دان.

(حَاقَ: أي نَزَلَ، ثَبَتَ، أَحَاطَ)، واتە: دابەزیی، چەسپا، گەمارۆیدا، واتە: سزای ئەوەی گاڵتەیان پێدەکرد، دەوری دان، ئەگەرنا خودی گاڵتەپێکراوەکە دەوری نەداون، بەڵکو یانی: سزایەکەیان بۆ دەرکەوت، یاخود مەبەست ئەوەیە: ئەوان گاڵتەیان بە ئازارو سزای خوا کردوە، ئنجا ئەو ئازارو سزایەش دەوری داون، (أي: عَذَابُ اللهِ الْمُسْتَهْزَءُ بِهِ مِنْ قِبَلِهِم)، سزاو ئازاری خوای کە لە لایەن وانەوە گاڵتە پێکراو بوو، ئەوە دەوری دان.

(سفیان الثوري) ڕەحمەتی خوای لێ بێ، کە یەکێکە لە زانایانی تابیعین، واتە: شوێنکەوتەی هاوەڵان کە بە دوای ئەواندا هاتوون، لە بارەی ئەم ئایەتەوە گوتوویەتی: (وَيْلٌ لِأَهْلِ الرِّيَاءِ، وَيْلٌ لِأَهْلِ الرِّيَاءِ، هَـذِهِ آيَتُهُمْ وَقِصَّتُهُمْ)[1]، واتە: سزای سەخت بۆ ڕیا بازان، سزای سەخت بۆ ڕیابازان، ئەمە ئایەتەکەیانەو، ئەمەش بەسەرهاتەکەیانە، کە دەفەرمووێ: ﴿وَبَدَا لَهُم مِّنَ ٱللَّهِ مَا لَمْ يَكُونُواْ يَحْتَسِبُونَ﴾، چونکە بە حیسابی خۆیان: نوێژیان کردوەو، ڕۆژوویان گرتوەو مزگەوتیان دروست کردوە، چیی و چییان کردوە، وتاریان داوە، زانیارییان بڵاوکردۆتەوە، بەڵام ئەوەی پاڵی پێوەناون ئەو شتانە بکەن، ئەوە نەبووە کە خوا ﷻ لە خۆیان ڕازیی بکەن، بەڵکو بریتی بووە لە سەرنجڕاکێشانی خەڵک بەلای خۆیاندا، بۆیە لەوێ دەبنە سەپانی پووشێ، وەک خوا ﷻ دەفەرمووێ: ﴿وَقَدِمْنَآ إِلَىٰ مَا عَمِلُواْ مِنْ عَمَلٍ

---

(١) الجامع لأحكام القرآن: ج١٥، ص٢١١.

﴿فَجَعَلۡنَٰهُ هَبَآءٗ مَّنثُورًا ﴿٢٣﴾﴾ الفرقان، واتە: ڕوومانکردە ئەوەی ئەنجامیان دابوو، کردمان بە تۆزو خۆڵ و گەردێکی بڵاوبووەوە.

خوا بە لوتف و کەڕەمی خۆی بمانپارێزێ، لەو ڕۆژەدا کە نهێنییەکان ئاشکرا دەبن و، خوا ﷻ یارمەتییمان بدات، کاری وابکەین کە هەر نهێنیی باشمان ئاشکرا بێن، وەک لە سوورەتی (الطارق)دا، خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿يَوۡمَ تُبۡلَى ٱلسَّرَآئِرُ ﴿٩﴾﴾ الطارق، واتە: ئەو ڕۆژە کە نهێنییەکان ئاشکرا دەبن، هەروەها لە سوورەتی (الحاقة)دا، دەفەرموێ: ﴿يَوۡمَئِذٖ تُعۡرَضُونَ لَا تَخۡفَىٰ مِنكُمۡ خَافِيَةٞ ﴿١٨﴾﴾ لەو ڕۆژەدا ڕادەنوێنرێن، هیچ شتێک لە ئێوە پەنهان نابێ، هیچ شتێکی ئێوە پەنهان نابێ لە خوای پەروەردگارو لە فریشتەکان.



مەسەلەی حەوتەم:

لە خوا پاڕانەوەی بابای بێبڕوا لە کاتی گرفتارییداو، یاخیی و بوغڕابوونی لە کاتی هاتداو، بێ ئاگابوون لەوەی پێی تاقی دەکرێتەوە، هەروەها بێ خەبەربوونی لە مێژووی ڕابردوو کە بێبڕوایان هەروایان گوتوە، بەڵام بێ ئەوەی هیچیان لە دەست بێ، سزای خراپەکانیان چێژتوەو، دەبووایە بشزانن کە ئەوە خوایە بژیو زیادو کەم دەکات و، لەوەشدا نیشانەی زۆر هەن بۆ بڕواداران:

خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ فَإِذَا مَسَّ ٱلْإِنسَـٰنَ ضُرٌّ دَعَانَا ثُمَّ إِذَا خَوَّلْنَـٰهُ نِعْمَةً مِّنَّا قَالَ إِنَّمَآ أُوتِيتُهُۥ عَلَىٰ عِلْمٍۭ ۚ بَلْ هِىَ فِتْنَةٌ وَلَـٰكِنَّ أَكْثَرَهُمْ لَا يَعْلَمُونَ ﴿٤٩﴾ قَدْ قَالَهَا ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ فَمَآ أَغْنَىٰ عَنْهُم مَّا كَانُوا۟ يَكْسِبُونَ ﴿٥٠﴾ فَأَصَابَهُمْ سَيِّـَٔاتُ مَا كَسَبُوا۟ ۚ وَٱلَّذِينَ ظَلَمُوا۟ مِنْ هَـٰٓؤُلَآءِ سَيُصِيبُهُمْ سَيِّـَٔاتُ مَا كَسَبُوا۟ وَمَا هُم بِمُعْجِزِينَ ﴿٥١﴾ أَوَلَمْ يَعْلَمُوٓا۟ أَنَّ ٱللَّهَ يَبْسُطُ ٱلرِّزْقَ لِمَن يَشَآءُ وَيَقْدِرُ ۚ إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَـَٔايَـٰتٍ لِّقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ ﴿٥٢﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە یازدە بڕگەدا:

١)- ﴿ فَإِذَا مَسَّ ٱلْإِنسَـٰنَ ضُرٌّ دَعَانَا ﴾، هەر کات مرۆڤ زیانی تووش بوو، ئازارێکی تووش بوو، لێمان دەپاڕێتەوە، (**الإنْسَانُ: تَعْرِيفٌ للجِنْسِ، والمُرادُ جَمَاعَةٌ مِنَ النَّاسِ، وَهُمْ أَهْلُ الشِّرْكِ فَهُوَ للإسْتِغْراقِ العُرْفِيِّ**)، کە دەفەرموێ: (**إنْسَان**) ناساندنەکەی بۆ جینسە، واتە: کۆی مرۆڤ، لێرەدا مەبەست کۆمەڵە مرۆڤێکی تایبەتن، کە لە هاوبەش بۆ خوادانەرانن، مانای وایە ئەو (**أل**)ی بۆ جینسەو مانای (**اِسْتِغْراق**) گشتگرتن دەگەیەنێ، گشتگرتنێکی عورفییە، نەک تێکڕای مرۆڤان، چونکە مرۆڤە بڕوادارەکان وانین.

٢)- ﴿ ثُمَّ إِذَا خَوَّلْنَـٰهُ نِعْمَةً مِّنَّا قَالَ إِنَّمَآ أُوتِيتُهُۥ عَلَىٰ عِلْمٍۭ ﴾، دوایی هەر کات لەلایەن خۆمانەوە چاکەمان پێ بەخشی، دەڵێ: تەنیا بەهۆی زانیارییەوە پێم دراوە، ئەو چاکەو نیعمەتە.

زانایان چوار واتایان بۆ ئەوە لێکداونەوە:

یەکەم: (**عَلَى عِلْمٍ عِنْدِي بِالْكَسْبِ**)، بە هۆی ئەوەوە کە زانیومە کەسابەت بکەم، بۆیە ئەو سەروەت و سامانەم هاتۆتە دەست، ئەو نیعمەتە.

دووەم: (**عَلَى عِلْمٍ مِنَ الله بِفَضْلِي**)، بە هۆی زانیاریی خواوە بە من، کە من خاوەن چاکەم و شایستەی ئەوەم.

سێیەم: (**بِعِلْمٍ عَلَّمَنِي الله إيَاه**)، بە زانیارییەک کە خوا منی فێر کردوە، ئەم کەسابەتەی پێ بکەم.

چوارەم: (**قَدْ عَلِمْتُ أنْ لِي خَيْرَاً مِن هَذَا فِي الأخِرَة**)، من دەزانم کە لەمە باشترم هەیە لە ڕۆژی دواییدا.

خوا ﷻ دەفەرموێ:

٣)- ﴿ بَلْ هِىَ فِتْنَةٌ ﴾، بەڵکو ئەو (چاکەو نیعمەتە کە پێی دراو)ە، تاقیکردنەوەیە.

٤)- ﴿ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَهُمْ لَا يَعْلَمُونَ ﴾، بەڵام زۆربەیان نازانن، واتە: زۆربەیان نازانن کە بە ماڵ و سامانەکانیان و بە نیعمەتەکان تاقی دەکرێنەوەو، دەجەڕبێنرێن، کە دەفەرموێ: ﴿ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَهُمْ لَا يَعْلَمُونَ ﴾، (**أَي: أَكْثَرَ النَّاسِ المَفْهُوم مِنَ السِّيَاقِ، وَإِنْ لَمْ يَجِر لَهُمْ ذِكْرٌ، وَالأَكْثَرُهم: أَهْلُ الكُفْرِ وَالشِّرْكُ**)، یانی: زۆربەی خەڵک کە ئەوە بەپێی سیاق دەزانرێ هەرچەندە باسیشیان نەکرابێ، کە مەبەست ئەهلی کوفرو شیرکە، زۆربەی مرۆڤەکانیش لێرەدا مەبەست پێیان بێبڕواو هاوبەش بۆ خوادانەرەکانن، ئەوانە زۆربەیان نازانن، ئەگەر زانیبایان قسەی وایان نەدەکرد.

٥)- ﴿ قَدْ قَالَهَا ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ ﴾، ئەم قسەیە ئەوانی پێشووشیان کردیان، ڕاناوی (ها) لە (**قالها**)دا، (**أي: تِلْكَ الكَلِمَة**) ڕاناوەکە بۆ ئەو قسەیە دەچێتەوە: (**قَدْ قَالَ تِلْكَ الكَلِمَة**)، ئەو قسەیەی گوت و کرد، ﴿ ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ ﴾، ئەوانەی کە لە پێش وانیشەوە بوون،

لە بێبڕوایان ئەوانیش خۆیان هەڵدەکێشا بە ماڵ و سامانەوەو دەیانگوت: بە شان و شەوکەتی خۆمان وەدەستمان هێناوە.

٦)- ﴿فَمَآ أَغۡنَىٰ عَنۡهُم مَّا كَانُواْ يَكۡسِبُونَ﴾، بەڵام هیچ سوودی پێنەگەیاندن ئەوەی وەدەستیان هێنا، ئەگەر (مَا) لابەرە (**نافية**) بێ، ﴿فَمَآ أَغۡنَىٰ عَنۡهُم﴾، ئەوەی وەدەستیان دەهێنا، سوودی پێ نەگەیاندن، لە کاتێکدا خوا ﷻ ویستی سزایان بدات، یاخود: (ما) بۆ پرسیارکردن (**إسْتِفْهَامِيَة**)ە، ﴿فَمَآ أَغۡنَىٰ عَنۡهُم مَّا كَانُواْ يَكۡسِبُونَ﴾، ئنجا ئایا ئەوەی وەدەستیان هێنا، چ سوودێکی پێ گەیاندن؟ ئەمە پرسیارکردنی نکووڵیلێکەرانەیە.

٧)- ﴿فَأَصَابَهُمۡ سَيِّـَٔاتُ مَا كَسَبُواْ﴾، کردەوە خراپەکان کە وەدەستیان هێنابوون، تووشیان بوون، واتە: سزایەکەیان، (**أي: عِقَاب مَكْسُوبَاتِهِمُ السَّيِّئَاتِ**)، سزای وەدەستهێنراوە خراپەکانیان بەسەرهات، تووش بوو.

٨)- ﴿وَٱلَّذِينَ ظَلَمُواْ مِنۡ هَٰٓؤُلَآءِ سَيُصِيبُهُمۡ سَيِّـَٔاتُ مَا كَسَبُواْ﴾، ئەوانەش کە ستەمیان کردوە لەوانە، خراپەی ئەوەی کردوویانە، تووشیان دەبێ، واتە: سزایەکەی.

یانی: لەوانەی ڕۆژگاری تۆ ئەی پێغەمبەری خاتەم! ﷺ تاکو خەڵکی دنیا بە کۆتا دێ، چونکە هەم ئەهلی مەککەو عەڕەبەکانی ئەو کاتە دەگرێتەوە، کۆمەڵگای پێغەمبەر ﷺ، هەم ئەوانی دیکەش هەموویان ئۆممەتی پێغەمبەرن و ﷺ بۆ لای هەموویان نێردراوە.

کەواتە: ئەو یاسایە گشتگیرە بۆ هەموو لایەک.

٩)- ﴿وَمَا هُم بِمُعۡجِزِينَ﴾، ئەوان دەستە وسانکەریش نین، یانی: دەستەوسانکەری ئێمە نین، بەڵام بەرکاری ناوی بکەر (**مَفْعُول بِه إسْمُ فَاعِل**)ەکە قرتێنراوە، چونکە ڕەوتەکە دەیگەیەنێ، واتە: (**وَمَا هُمْ بِمُعْجِزِينا**)، یاخود: (**وَمَا هُمْ بِمُعْجِزِيْن لَنَا**) دەستەوسانکەری ئێمە نین، ئەگەر بمانەوێ سزایان بدەین لە دەستمان دەربازبن.

١٠)- ﴿ أَوَلَمۡ يَعۡلَمُوٓاْ أَنَّ ٱللَّهَ يَبۡسُطُ ٱلرِّزۡقَ لِمَن يَشَآءُ وَيَقۡدِرُ ﴾، ئایا نەیانزانیوە کە خوا ﷻ بژیو بۆ هەر کەسێک بیەوێ فراوان دەکات و، وەتەنگ دێنێ، واتە: زۆر دەکات و کەم دەکات، ئەم پرسیارکردنەش پرسیارکردنی نکوولّییلێکەرانەیە، کە بۆچی نازانن؟ نکوولّییلێکردنەکەش لە نەزانینەکەیان نیە، بەڵکو لەوەیە کە کارێکیان کردوە نەزانن، بە هۆی بێ ئیمانییەوە، ئەگەر ئیمانیان هێنابایە، دەیانزانی، ئەگەر ئینسان پەیوەندیی لەگەڵ خوادا هەبێ، لە کارەکانی خوا تێدەگات و دەستی خوا دەبینێ لە شتەکاندا، یاساکانی خوا دەبینێ، نهێنییەکانی حوکمڕانیی خوا دەبینێ، بەڵام کە خوای نەناسیی، دەیگێڕێتەوە بۆ شتی دیکە، بۆ شانس و بەخت و، ڕێکەوت و سروشت و، ئەو شتە ئەفسانەییانە.

١١)- ﴿ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَأٓيَٰتٖ لِّقَوۡمٖ يُؤۡمِنُونَ ﴾، بە دڵنیایی لەوەدا نیشانە هەن، بۆ کۆمەڵێک بڕوابێنن.

واتە: نیشانە هەن کە دەستوەردان و دەستکاریی کردن لە گەردووندا بە گشتیی و لە ژیانی بەشەردا بە تایبەتیی، تەنیا هی خوای بەرزە، بۆیە پێویستە هەر ئەویش بپەرستن، لەو نیشانانەش ئەوەیە کە خوا ﷻ بەهێزەو، هەر کەسێکیشی بوێ، بەهێزی دەکات و، هەر کەسێکیش بیەوێ، بێهێزی دەکات، هەروەها خوا ﷻ هەر خۆی چاکە دەکات و چاکەکەی پەکی لەسەر تکاکردن و ڕەجای کەس نەکەوتوە، ئەگەر ئێمە ئێستا لە خوا دەپاڕێینەوە، خوایە! فڵان شتم دەوێ و، فڵان شتە لە زیان لا ببەو، فڵان سوودم بۆ بێنە، بەڵام خوا ﷻ ئێمەی هەمووومان لە منداڵدانی دایکمان دا دروست کردوەو، هەموو ئەندامەکانی پێداوین، هەموو پێداویستییەکانی بۆ دابینکردووین، بەر لەوەی هیچ داوامان لە خوا کرد بێ! پاشان خوا ﷻ بە زاتی خۆی ئەنجامدەری هەر شتێکە کە بیەوێ بیکات، ئەنجامدانی کارەکانی، پەکی لەسەر هیچ هۆکارێک نەکەوتوە، خوا هەر شتێک بیەوێ ئەنجامی دەدات، بەڵام بە دڵنیایی خوا ﷻ یاسای وایە کارەکانی خۆی لە میانی هۆکارەکانداو، لە میانی یاساکاندا جێبەجێ دەکات.

خوا بە لوتف و کەرەمی خۆی یارمەتییمان بدات، زیاتر لە فەرمایشتی خوا تێبگەین و، زیاتر پێوەی پابەندبین و، ئەو ڕاستییانەی قورئان دەیانفەرموێ، زیاتر لە عەقڵ و دڵماندا بیانچەسپێنین، بۆ ئەوەی هەم ژیانی دنیامان ژیانێکی بەختەوەرانەو سەربەرزانەو، هەم لە دوارۆژیشدا سەربەرزو سەرفرازبین و شایستەی ئەوە بین بڵێین: خوایە! بەندەی تۆ بووین و، شوێنکەوتووی پەیامبەری تۆ بووین ﷺ.

سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ، أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ، أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ.




AliBapir

دەرسی پێنجەم




AliBapir
AliBapir

پێناسەی ئەم دەرسە

ئـەم دەرسـەمان پـازدە (١٥) ئایـەت دەگرێتـە خـۆی، ئایەتـەکانی: (٥٣ - ٦٧)، تـەوەری سـەرەکییان بـاسی گەڕانـەوەی بەنـدە لادەرو لارەکانـە بـەرەو لای خـوا ﷻو، هاندانیانـە لـە لایـەن خـوای میهرەبانـەوەو، بـاسی چۆنیەتیـی گەڕانەوەیانـە.

هەروەهـا خسـتنە ڕووی ئاکامـی شـووم و پـڕ شـەرمەزاریی ئـەو مرۆڤانەیـە، کـە بـەرەو لای خـوای بەخشـندە ناگەڕێنـەوە، دوای تـاوان و لادان.

پاشـان بـاسی تەنیـا بەدیهێنەرایەتیـی و سەرپەرشـتیارێتیی خوایـە، بـۆ گـەردوون و ژیـان و مـرۆڤ.

دوایـی بـاسی یەکتایـی خوایـە لـە پەرسـتراندا، وەک ئەنجامێکـی سرووشـتیی تەنیـا بەدیهێنـەرو سەرپەرشـتیاربوونی خـوا.

لـە کۆتاییشـدا ئاماژەیەکـی گـەورەو مـەزن، بـە پایـەی بـەرزو بـێ وێنـەی خـوا ﷻ کـراوە، کـە گـەردوون بەسـەرو خواریـەوە، لـە ژێـر ڕکێـف و دەسـتەڵاتی ئەودایـە.

﴿قُلْ يَٰعِبَادِىَ ٱلَّذِينَ أَسْرَفُوا۟ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمْ لَا تَقْنَطُوا۟ مِن رَّحْمَةِ ٱللَّهِ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ يَغْفِرُ
ٱلذُّنُوبَ جَمِيعًا ۚ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلْغَفُورُ ٱلرَّحِيمُ ﴿٥٣﴾ وَأَنِيبُوٓا۟ إِلَىٰ رَبِّكُمْ وَأَسْلِمُوا۟ لَهُۥ مِن قَبْلِ
أَن يَأْتِيَكُمُ ٱلْعَذَابُ ثُمَّ لَا تُنصَرُونَ ﴿٥٤﴾ وَٱتَّبِعُوٓا۟ أَحْسَنَ مَآ أُنزِلَ إِلَيْكُم مِّن
رَّبِّكُم مِّن قَبْلِ أَن يَأْتِيَكُمُ ٱلْعَذَابُ بَغْتَةً وَأَنتُمْ لَا تَشْعُرُونَ ﴿٥٥﴾ أَن
تَقُولَ نَفْسٌ يَٰحَسْرَتَىٰ عَلَىٰ مَا فَرَّطتُ فِى جَنۢبِ ٱللَّهِ وَإِن كُنتُ لَمِنَ ٱلسَّٰخِرِينَ ﴿٥٦﴾ أَوْ
تَقُولَ لَوْ أَنَّ ٱللَّهَ هَدَىٰنِى لَكُنتُ مِنَ ٱلْمُتَّقِينَ ﴿٥٧﴾ أَوْ تَقُولَ حِينَ تَرَى ٱلْعَذَابَ
لَوْ أَنَّ لِى كَرَّةً فَأَكُونَ مِنَ ٱلْمُحْسِنِينَ ﴿٥٨﴾ بَلَىٰ قَدْ جَآءَتْكَ ءَايَٰتِى فَكَذَّبْتَ

بِهَا وَٱسۡتَكۡبَرۡتَ وَكُنتَ مِنَ ٱلۡكَٰفِرِينَ ﴿٥٩﴾ وَيَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ تَرَى ٱلَّذِينَ كَذَبُواْ
عَلَى ٱللَّهِ وُجُوهُهُم مُّسۡوَدَّةٌۚ أَلَيۡسَ فِي جَهَنَّمَ مَثۡوٗى لِّلۡمُتَكَبِّرِينَ ﴿٦٠﴾ وَيُنَجِّي ٱللَّهُ
ٱلَّذِينَ ٱتَّقَوۡاْ بِمَفَازَتِهِمۡ لَا يَمَسُّهُمُ ٱلسُّوٓءُ وَلَا هُمۡ يَحۡزَنُونَ ﴿٦١﴾ ٱللَّهُ خَٰلِقُ كُلِّ
شَيۡءٖۖ وَهُوَ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ وَكِيلٞ ﴿٦٢﴾ لَّهُۥ مَقَالِيدُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِۗ وَٱلَّذِينَ كَفَرُواْ
بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِ أُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡخَٰسِرُونَ ﴿٦٣﴾ قُلۡ أَفَغَيۡرَ ٱللَّهِ تَأۡمُرُوٓنِّيٓ أَعۡبُدُ أَيُّهَا
ٱلۡجَٰهِلُونَ ﴿٦٤﴾ وَلَقَدۡ أُوحِيَ إِلَيۡكَ وَإِلَى ٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِكَ لَئِنۡ أَشۡرَكۡتَ لَيَحۡبَطَنَّ عَمَلُكَ
وَلَتَكُونَنَّ مِنَ ٱلۡخَٰسِرِينَ ﴿٦٥﴾ بَلِ ٱللَّهَ فَٱعۡبُدۡ وَكُن مِّنَ ٱلشَّٰكِرِينَ ﴿٦٦﴾ وَمَا قَدَرُواْ
ٱللَّهَ حَقَّ قَدۡرِهِۦ وَٱلۡأَرۡضُ جَمِيعٗا قَبۡضَتُهُۥ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ وَٱلسَّمَٰوَٰتُ مَطۡوِيَّٰتُۢ
بِيَمِينِهِۦۚ سُبۡحَٰنَهُۥ وَتَعَٰلَىٰ عَمَّا يُشۡرِكُونَ ﴿٦٧﴾﴾.

مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان

{بڵێ: ئەی ئەو بەندانەم! کە دژی خۆیان زێدەڕۆییان کردوە (خۆیان گوناهبار کردوە!) لە بەزەیی خوا نائومێد مەبن، بە دڵنیایی خوا وێکڕا لە تێکڕای گوناهان دەبووڕێ، چونکە بێگومان تەنیا ئەو لێبووردەی بە بەزەییە ﴿٥٣﴾ هەروەها لە ناخەوە بۆ لای پەروەردگارتان بگەڕێنەوەو بۆی ملکەچ بن، بەر لەوەی (سزاو) ئازار (ی خوا)تان بۆ بێ، ئنجا پشتیوانییشتان لێ نەکرێ ﴿٥٤﴾ هەروەها شوێن باشترینی ئەو (پەیام)ە، بکەون کە لە پەروەردگارتانەوە بۆ لاتان دابەزێنراوە، بەر لەوەی (سزاو) ئازاری کت و پڕ (لە ناکاو) (ی دادگەرانەی خوا)تان بۆ بێ، لە حاڵێکدا کە ئێوە هەست ناکەن ﴿٥٥﴾ (بگەڕێنەوە بۆ لای خوا) نەوەک کەسێک بڵێ: ئەی خەفەت و پەشێمانیی بۆ من، لەسەر ئەوەی ئەو کەمتەرخەمییەم کرد لە بەرانبەر خوادا، هەروەها من لە گاڵتەکەرانیش بووم ﴿٥٦﴾ یان بڵێ: ئەگەر خوا ڕێنمایی کردبام، مسۆگەر لە پارێزکاران دەبووم

﴿٥٧﴾ یان کاتێک (سزاو) ئازار(ی خوا) دەبینێ، بڵێ: ئەگەر گەڕانەوەیەکم (بۆ دنیا) هەبێ (بگەڕێمەوە بۆ لای خواو سەرەنجام) لە چاکەکاران بم (بە ئامانج دەگەم) ﴿٥٨﴾ با (ڕاست نیە کە ڕێنمایی خوات بۆ نەهاتبێ) بە دڵنیایی ئایەتەکانمت بۆ هاتن، کەچی بە درۆت دانان و خۆت بەزلگرت و لە بێبڕوایان بووی ﴿٥٩﴾ ڕۆژی قیامەتیش ئەوانەی درۆیان بە خواوە هەڵبەستوە (گوایە هاوبەشی هەن، یان ڕۆڵەی هەن)، دەیانبینی ڕووەکانیان ڕەشهەڵگەڕاون، ئایا لە دۆزەخدا جێگا بۆ خۆ بەزلگران نیە؟! ﴿٦٠﴾ ئەوانەش کە پارێزیان کردوە، خوا بە هۆی سەرفرازییانەوە ڕزگاریان دەکات، نەخراپەیان تووش دێ و، نە پەژارەیان دەبێ ﴿٦١﴾ خوا بەدیهێنەری هەموو شتێکەو، پارێزەرو سەرپەرشتیارە بەسەر هەموو شتێکەوە ﴿٦٢﴾ کلیلەکانی ئاسمانەکان و زەوی هی وین و، ئەوانەش کە بێبڕوابوون بە ئایەتەکانی خوا، هەر ئەوان زیانبارن ﴿٦٣﴾ (ئەی موحەممەد! ﷺ) بڵێ: ئەی نەفامینە! ئایا فەرمانم پێدەکەن کە جگە لە خوا بپەرستم؟ ﴿٦٤﴾ بە دڵنیاییش سرووشت بۆ لا کراوەو، بۆ لای ئەو (پێغەمبەر)انەی پێش تۆش (کە) ئەگەر هاوبەش (بۆ خوا) دابنێی، مسۆگەر کردەوەکەت هەڵدەوەشێتەوەو، بێگومان لە زیانبارانیش دەبی ﴿٦٥﴾ (هاوبەش بۆ خوا دامەنێ) بەڵکو تەنیا خوا بپەرستەو، لە سوپاسگوزارانیش بە ﴿٦٦﴾ بێبڕوایان وەک شایستەی پایە(ی بێوێنە)ی خوایە، ڕێزیان نەگرت، لە حاڵێکدا کە لە ڕۆژی قیامەتدا زەوی بە چەنگییەوەیەو، ئاسمانەکانیش بە پێچراوەیی بە (دەستی) ڕاستیەوەن! (خوا) پاکەو بەرزە لەوەی دەیکەنە هاوبەشی ﴿٦٧﴾}.

شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان

(أَسْرَفُواْ): (السَّرَفُ: تَجَاوزُ الحَدِّ فِي كُلِّ فِعْلٍ يَفْعَلُهُ الإِنْسَانُ، وَإِنْ كَانَ ذَلِكَ فِي الإِنْفَاقِ أَشْهَرُ، المُسْرِفُون، المُتَجَاوِزُونَ الحَدَّ فِي أُمُورِهِم)، وشەی (سَرَفُ): بریتیە لە سنووربەزاندن لە هەر کردەوەیەکدا کە مرۆڤ دەیکات، هەرچەندە لە ماڵ خەرجکردندا باوترە، (مُسْرِفُون) واتە: ئەوانەی سنوور دەبەزێنن لە کاروباری خۆیاندا.

(لَا تَقْنَطُواْ): واتە: نائومێد مەبن، بێ هیوا مەبن، (القُنُوطُ: اليَأْسُ مِنَ الخَيْرِ)، (قُنُوط): نائومێدبوونە لە چاکە.

(وَأَنِيبُوٓاْ): (النَّوْبُ: رُجُوعُ الشَّيءِ مَرَّةً بَعْدَ أُخْرَى، الإِنَابَةُ إِلى اللَّهِ، الرُّجُوعِ إِلى اللَّهِ بِالتَّوْبَةِ وَإِخْلَاصِ العَمْلِ)، وشەی (أَنِيبُوا) لە (نوب)ەوە هاتوە، (نَوْب): بریتیە لە گەڕانەوە لە شتێک، جار لە دوای جار، (الإِنَابَة إلى اللَّه) گەڕانەوەیە بۆ لای خوا بە کردەوەو بە ساغکردنەوەی کردەوەکانەوە بۆ خوا ﷻ، کە خڵتەی شیرک و ڕیایان پێوە نەمێنێ.

(بَغْتَةً): واتە: کت و پڕ، لە ناکاو، (البَغْتُ: مُفَاجَأَةُ الشَّيءِ مِنْ حَيْثُ لَا يُحْتَسَب)، (بَغْتَة): بریتیە لەوەی شتێک کتوپڕ بێ، بە شێوەیەک کە چاوەڕوان نەکراوبێ.

(يَٰحَسۡرَتَىٰ): واتە: هەی داخ و خەفەت بۆ من، (الحَسْرَةُ: الغَمُّ عَلَى مَا فَاتَهُ وَالنَّدَمُ عَلَيْهِ)، (حَسْرَة): بریتیە لە خەفەت خواردن لە شتێک کە لە دەست چووەو، بۆ پەشێمان بوونەوەی.

(فَرَّطتُ): (مَا فَرَّطْتُ فِي كَذَا: مَا قَصَّرْتُ)، (الإِفْرَاطُ: الإِسْرَافُ فِي التَّقَدُّمِ، وَالتَّفْرِيطُ: التَّقْصِيرُ فِي الفَرْطِ)، (مَا فَرَّطْتُ فِي كَذَا) واتە: کەمتەرخەمییم نەکردوە، (إِفْرَاط):

بریتیە لە تێپەڕاندن لە پێشکەوتنەوەدا، بەڵام (تَفْرِيْط)، کورتهێنانە لەوەدا کە مرۆڤ لە پێشەوە بێ، واتە: دواکەوتن و کەمتەرخەمیی و بە زایەدان.

(جَنۢبِ): (أَصْلُ الجَنْبِ: الجَارِحَةُ، ثُمَّ يُسْتَعَارُ لِلناحِيَةِ والجِهَةِ الَّتِي تَلِيهَا)، وشەی (جَنْب) لە ئەصڵدا بە ئەندامی لاتەنیشت دەگوترێ، بەڵام دوایی خوازراوەتەوە بۆ ئەو لایەی کە لەولا تەنیشتەوەیە، کەواتە: (فِي جَنْبِ الله) واتە: لە بەرانبەر خواداو، لە ئاست خوادا.

(لَمِنَ ٱلسَّٰخِرِينَ): لە گاڵتە پێکەران، (سَخِرْتُ مِنْهُ: وَاسْتَسَرْتُ، هَزَأْتُ وَاسْتَهْزَأْتُ)، گاڵتەم پێکرد، هەم بە (سَخِرْتُ) دێ، هەم بە (اسْتَسْخَرْتُ) کە ئەوە زێدەڕۆییە، وەک (هَزَأْتُ وَاسْتَهْزَأْتُ) هەردووکیان بە مانای گاڵتەپێکردن و گەمە پێکردنن بە شتێک.

(كَرَّةً): (الكَرُّ: العَطْفُ عَلَى الشَّيْءِ بِالذَّاتِ، أَو بِالْفِعْلِ، وَالكَرَّةُ: الرَّجْعَةُ)، (كَرّ): بریتیە لە بادانەوە بۆ لای شتێک بە خودی خۆ، یان بە کردەوە، (كَرَّة): جارێکە لە (كَرّ)، وەک (مُرُوْر) واتە: ڕۆیشتن، بەڵام (مَرَّة) واتە: یەکجار ڕۆیشتن.

(مُّسۡوَدَّةٌ): ڕەشهەڵگەڕاوان، دەگوترێ: (إِسْوَدَّ وَجْهُهُ) ڕووی ڕەشهەڵگەڕا.

(بِمَفَازَتِهِمۡ): (الفَوْزُ: الظَفَرُ بِالْخَيْرِ مَعَ حُصُولِ السَّلَامَة)، (فَوْزُ): بریتیە لە وەدەستهێنانی خێرو چاکە، وێڕای سەلامەتیی و بێ مزەرەتیی.

(لَيَحۡبَطَنَّ): (الحَبْطُ مِنَ الحَبَطِ: هُوَ أَنْ تُكْثِرَ الدَّابةُ أَكلًا حَتَّى يَنْتَفِخَ بَطْنُهَا، وَالحَبَطُ: البُطْلَانُ)، وشەی (حبط) لە (حَبَطْ)ەوە هاتوە، (حَبَطْ)یش ئەوەیە کە ئاژەڵێک زۆر لەوەڕ بخوات، هەتا ورگی دەئاوسێ و، تەندروستیی تێکدەچێ، ئنجا (حَبْط): بریتیە لە هەڵوەشانەوەو بەتاڵ بوونەوە.

(وَمَا قَدَرُواْ ٱللَّهَ حَقَّ قَدۡرِهِۦٓ): واتە: وەک بۆ خواش شایستەیە بە مەزنیان نەگرت، (القَدَرُ وَالتَّقْدِيْرُ: تَبيينُ كَمِيَّةِ الشَّيْءِ)، (قَدَرُ تَقْدِيْر): بریتیە لە ڕوونکردنەوەی ئەندازەی شتێک.

(قَبۡضَتُهُۥ): (القَبْض: تَنَاوُلُ الشَّيء بِجَمِيْع الكَفِّ)، (قَبْض): ئەوەیە شتێک بە کۆی دەست و پەنجەکان بگیرێ (قَبْضَة) واتە: چەنگ، (وَالأَرْضُ جَمِيْعَاً قَبْضَتُهُ)، خوا ﷻ هەموو زەوی لە چەنگ دەگرێ، وەک بۆ خوا ﷻ شایستەیە، (أي: فِي حَوْزِهِ مِن حَيْثُ لَا تَمْلِيْكَ لأحَدٍ)، لێرەدا مەبەست ئەوەیە کە هەموو زەوی لە ژێر کۆنترۆڵی خوادایەو، هیچ کەسی دیکە بەشی پێوە نابێت.

(مَطۡوِيَّٰتُۢ): پێچراوە، (طَوَيْتُ الشَّيء طَيّاً، وَالطَّيُّ: رَدٌّ وَلَفٌّ بَعْضِ شُقَقِ الثَّوْبِ، أَو الوَرِقِ عَلَى بَعْضٍ، بَعْدَ أَنْ كَانَتْ مَبْسُوطَةً مُنْتَشِرَةً)، (طَيّ): بریتیە لە پێچرانەوەو هێنانەوەی هەندێک لە پۆشاک بەسەر هەندێکی دیکەدا، پۆشاک یان کاغەز کە دەپێچرێتەوەو ڕێک دەنووشترێ، دوای ئەوەی بڵاو کراوەو ڕاخراوە.

هۆی هاتنەخوارەوەی ئایەتەکان

هۆی هاتنە خوارەوەی ئەم ئایەتە موبارەکانە، کە دەفەرموێ: ﴿قُلۡ يَٰعِبَادِيَ ٱلَّذِينَ أَسۡرَفُواْ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمۡ لَا تَقۡنَطُواْ مِن رَّحۡمَةِ ٱللَّهِۚ إِنَّ ٱللَّهَ يَغۡفِرُ ٱلذُّنُوبَ جَمِيعًاۚ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلۡغَفُورُ ٱلرَّحِيمُ﴾، تاکو چەند ئایەتێک، لەو بارەوە چەند شتێک باسکراون، کە ئێمە دووانیان دێنین، کە لە ڕووی سەنەدەوە ڕاستترن، یاخود لە ڕاستییەوە نیزیکن:

أ)- {عَنْ عُمَرَ بْن الْخَطَّابِ ﷺ، قَالَ: لَمَّا اجْتَمَعْنَا لِلْهِجْرَةِ اتَّعَدْتُ أَنَا وَعَيَّاشُ بْنُ أَبِي رَبِيعَةَ وَهِشَامُ بْنُ الْعَاصِ بْنِ وَائِلٍ، وَقُلْنَا: الْمِيعَادُ بَيْنَنَا التَّنَاضِبُ مِنْ أَضَاةِ بَنِي غِفَارٍ، فَمَنْ أَصْبَحَ مِنْكُمْ لَمْ يَأْتِهَا فَقَدْ حُبِسَ فَلْيَمْضِ صَاحِبَاهُ، فَأَصْبَحْتُ عِنْدَهُ أَنَا وَعَيَّاشُ بْنُ أَبِي رَبِيعَةَ، وَحُبِسَ عَنَّا هِشَامٌ وَفُتِنَ فَافْتُتِنَ، فَكُنَّا نَقُولُ بِالْمَدِينَةِ: مَا اللهُ بِقَابِلٍ مِنْ هَؤُلَاءِ تَوْبَةً، قَوْمٌ عَرَفُوا اللهَ وَآمَنُوا بِهِ، وَصَدَّقُوا رَسُولَهُ، ثُمَّ رَجَعُوا عَنْ ذَلِكَ لِبَلَاءٍ أَصَابَهُمْ مِنَ الدُّنْيَا، وَكَانُوا يَقُولُونَ لِأَنْفُسِهِمْ، فَأَنْزَلَ اللهُ عَزَّ وَجَلَّ فِيهِمْ: ﴿قُلۡ يَٰعِبَادِيَ ٱلَّذِينَ أَسۡرَفُواْ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمۡ لَا تَقۡنَطُواْ مِن رَّحۡمَةِ ٱللَّهِ

﴿٥٣﴾ الزمر، إِلَى قَوْلِهِ: ﴿مَثْوَى لِلْمُتَكَبِّرِينَ ﴿٦٠﴾﴾ الزمر، قَالَ عُمَرُ رَضِيَ اللهُ عَنْهُ: فَكَتَبْتُهَا بِيَدِي كِتَابًا، ثُمَّ بَعَثْتُ بِهَا إِلَى هِشَامٍ، فَقَالَ هِشَامُ بْنُ الْعَاصِ: فَلَمَّا قَدِمَتْ عَلَيَّ، خَرَجْتُ بِهَا إِلَى ذِي طُوًى، فَجَعَلْتُ أَصْعَدُ بِهَا وَأُصَوِّبُ لِأَفْهَمَهَا، فَقُلْتُ: أَللهُمَّ فَهِّمْنِيهَا، وَعلمتُ إِنَّمَا أُنْزِلَتْ فِينَا، لِمَا كُنَّا نَقُولُ فِي أَنْفُسِنَا، وَيُقَالُ فِينَا، فَرَجَعْتُ فَجَلَسْتُ عَلَى بَعِيرِي فَلَحِقْتُ رَسُولَ اللهِ ﷺ}(١).

واتە: عومەری کوڕی خەتتاب ﷛، دەڵێ: کاتێک کە بڕیارماندا کۆچ بکەین، (واتە: لە مەککەوە بۆ مەدینە)، من و عەییاشی کوڕی ئەبی ڕەبیعەو هیشامی کوڕی ئەلعاصی کوڕی وائیلی سەهمیی، ڕێککەوتین و گوتمان: ژوانگەمان (التَّنَاضِبُ مِنْ أَضَاةِ بَنِي غِفَار) بێ (کە شوێنێکە)، لە نێوان خۆماندا گوتمان: هەر کامێکمان نەهات، ئەوە دیارە ڕێی لێگیراوەو، با هاوەڵەکەی بڕوات، دەڵێ: من و عەییاشی کوڕی ئەبوو ڕەبیعە بەیانییمان کردەوە، بەڵام هیشام ڕێی لێگیراو، ئازاردراو هەڵگەڕایەوە، (یاخود ئەو وای لێ حاڵیی بووە کە هەڵگەڕاوەتەوە)، ئێمە لە مەدینەدا دەمانگوت: ئەوانە خوایان ناسیوەو بڕوایان بە پێغەمبەرکەی ﷺ هێناوەو، دواییش بەهۆی نارەحەتییەکەوە کە تووشیان بووە، هەڵگەڕاونەوە، پێمان وانیە کە پەشێمان بوونەوەیان بۆ هەبێ، هەروەها بۆ خۆشیان لە دڵی خۆیاندا هەروایان دەگوت، بەڵام خوا ﷻ دەربارەیان ئەو ئایەتانەی دابەزاندن: ﴿قُلْ يَٰعِبَادِيَ ٱلَّذِينَ أَسْرَفُواْ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمْ لَا تَقْنَطُواْ مِن رَّحْمَةِ ٱللَّهِ ﴿٥٣﴾﴾ الزمر، تاکو دەگاتە: ﴿مَثْوَى لِلْمُتَكَبِّرِينَ ﴿٦٠﴾﴾ الزمر، عومەر ﷛ دەڵێ: بە دەستی خۆم نووسیم و بۆ هیشامم نارد، هیشامیش دەڵێ: کاتێک ئەو نامەیەم بۆ هات، ئەو ئایەتانەی تێدابوون، لەگەڵ خۆم بردن بۆ (ذِي طُوًى) (کە شوێنێکی چۆڵ بووە، بۆ ئەوەی لەوێ بیانخوێنێتەوەو تێیانەوە ڕابمێنێ)، ئیدی تەماشام کردن و تێیانەوە ڕامام، گوتم: ئەی خوایە! تێمبگەیەنە مەبەست لەم ئایەتانە

---

(١) أخرجه البيهقي في الكبرى: ١٧٧٥٦، والهيثمي في المجمع (ج٦، ص٦١) وقال: رواه البزار، ورجاله ثقات.

چیە؟ دوایی بۆم دەرکەوت کە ئەو ئایەتانە لە بارەی ئێمەوە دابەزیون، کە خۆشمان لە بارەی خۆمانەوە دەمانگوت و لە بارەشمانەوە دەگوترا (خوا لێمان نابووریّ)، ئیدی گەڕامەوەو، سواری حوشترەکەم بووم و بە پێغەمبەری خواوە ﷺ پەیوەست بووم (واتە: چووم بۆ مەدینە).

ئەم بەسەرهاتە هاتوە، بەڵام ئیشکالی تێدایە، مەگەر بگوترێ: ئەم ئایەتە پێشتر لە ساڵی پێنجی پێغەمبەرایەتییدا دابەزیوە ﷺ بەڵام عومەر ﷺ ئەو کاتە ئایەتەکەی بۆ ناردوە، ئەگەرنا پێشتر دابەزیوە.

ژمارەیەک لە هۆی هاتنە خوارەوەکانیش بەو شێوەیەن، وەک جاری دیکەش باسمانکردوە، ئایەتێک پێشتر دابەزیوە، بەڵام دوایی ڕوودداوێک ڕوویداوە، یەکێک لە هاوەڵان ئەو ئایەتەی کە پێشتر دابەزیوە، چەسپاندوویەتی بەسەر ئەو ڕووداوەدا کە دواتر ڕوویداوە، ئەگەرنا مەرج نیە ئەو ئایەتە، ئەو کاتە دابەزیبێ، چونکە ئەگەر ئەو ئایەتە ئەو کاتە دابەزیبێ، دەبێ ئایەتێکی مەدینەیی بێ، وەک هەندێک لە زانایان لەبەر ئەوە وایانگوتوە، بەڵام لە ڕاستییدا ئایەتەکان هەموویان پێکەوە دابەزیون، لە ساڵی پێنجەمی پێغەمبەرایەتیی دا، بەڵام دوایی بەسەر ڕووداوێکدا کە لە کاتی کۆچکردنی مسوڵمانان لە مەککەوە بۆ مەدینە هاتۆتە پێش، بەسەر ئەو ڕووداوەدا چەسپاندوویانە.

ب)- {عَنْ سَعِيدِ بْنِ جُبَيْرٍ عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ رَضِيَ اللهُ عَنْهُمَا، قَالَ: كَانَ قَوْمٌ مِنَ الْمُشْرِكِينَ قَتَلُوا فَأَكْثَرُوا، وَزَنَوْا فَأَكْثَرُوا، فَقَالُوا لِلنَّبِيِّ ﷺ أَوْ بَعَثُوا إِلَيْهِ: إِنَّ مَا تَدْعُو إِلَيْهِ لَحَسَنٌ لَو تُخْبِرُنَا أَنَّ لَنَا تَوْبَةً؟ فَأَنْزَلَ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ هَذِهِ الآيَةَ: ﴿قُلْ يَـٰعِبَادِىَ ٱلَّذِينَ أَسْرَفُوا۟ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمْ ﴿٥٣﴾﴾} (ذَكَرَهُ الْبُخَارِيُّ بِمَعْنَاهُ).

واتە: سەعیدی کوڕی جوبەیر لە عەبدوڵڵای کوڕی عەبباسەوە (خوا لە خۆی و بابی ڕازی بێ) گێڕاویەتەوە، کە گوتوویەتی: کۆمەڵێک لە هاوبەش بۆ خوا دانەرەکان زۆریان خەڵک کوشتبوو و، زۆریان زینا کرد بوو، بە پێغەمبەریان ﷺ

گـوت، یاخـود کەسێکیان نـاردە لای: ئـەوەی تـۆ بانگـەوازی بـۆ دەکـەی باشـە، بـەڵام ئەگـەر هەواڵـمان پـێ بـدەی، ئایـا دەتوانیـن بگەڕێینـەوەو پەشـێمان بینـەوە؟ خـوا ﷻ لـە گوناهەکانمـان خـۆش دەبـێ؟ ئیـدی خـوا ﷻ ئـەو ئایەتانـەی دابەزانـدن.

کـە ئەمـە لەگـەڵ سـیاقی ئایەتەکانـدا گونجاوتـرە لـە ڕووی کاتـەوە، دەگونجـێ هـەر ئـەو کاتـە هاوبـەش بـۆ خوادانـەرەکانی مەککـە، هەندێکیـان ئـەو گوناهـو تاوانانـەی کردوویانـن، بووبێتـە بەربەسـتێک لـە بەردەمیانـدا، ئیـدی کـە خـوا ﷻ ئـەو ئایەتانـەی دابەزانـدوون، ئـەو بەربەسـتەیان لـە بەردەمـدا لاچـووە کـە دەڵێـن: خـوا ﷻ لـە هەمـوو گوناهێـک دەبـوورێ و، بـا گوناهکـردنی پێشـوو و لادان و تـاوان نەبێتـە بەرپـەرچ و ڕێگـر لـە بـەردەم مسـوڵمان بوونـدا، چونکـە مسـوڵمانەتیی پێـش خـۆی دەسـڕێتەوەو، تەوبـە پێش خـۆی دەسـڕێتەوە، وەک لـە فەرمایشـتی پێغەمبەردا هاتـووە ﷺ: {**الإِسْـلَامُ يَجُـبُّ مَـا قَبْلَـهُ**}[1]، واتـە: ئیسـلام پێـش خـۆی دەسـڕێتەوە، واتـە: گوناهـەکانی پێـش خـۆی، گەڕانـەوەش بـۆ لای خـوا پێـش خـۆی دەسـڕێتەوەو گوناهـەکان لەسـەر بابـای بـۆ لای خـوا گـەڕاوە، لادەبـات و پاکـی دەکاتـەوە لێیـان.

---

(١) {عَـنْ عمـرو بـن العـاص رضي اللـه عنهـما، أَنَّ النَّبـيّ ﷺ قـَالَ: «الإسـلام يَجُـبُّ مَـا قَبْلَـهُ»} رواه أحمـد والطـبراني والبيهقـي، جـزء مـن قصـة طويلـة أحمـد (١٩٨/٤، ٢٠٤، ٢٠٥) ، البيهقـي (١٢٣/٩) ، وهـو لمسـلم (١١٢/١) مـن حديثـه بلفـظ: «أمـا علمـت أن الإسـلام يهـدم مـا كان قبلـه، وأن الهجـرة تهـدم مـا كان قبلهـا، وأن الحـج يهـدم مـا كان قبلـه».

ماناى گشتيى ئايەتەكان

خـوا ﷻ لێـرەدا ڕوو دەكاتـە پێغەمبـەری خاتـەم ﷺ، دوای ئـەو ڕاسـتییانەی ڕابردن لـە (٥٢) ئایـەتی ڕابـردوودا، كـە ئێمـە لە چـوار دەرسـدا خسـتماننەڕوو.

ئنجـا ئێسـتا زەمینـە خـۆش بـووە، بۆ هـەر كەسـێك بیەوێ بـۆ لای خـوا بگەڕێتەوە، هەرچەنـدە ئەهـلی شـیرك بـێ، ئەهـلی كوفـر بـێ، هەرچەنـدە گوناهـو تـاوان و لادانی زۆر بـێ، بۆیـە دەفەرمـوێ: ﴿ قُلْ ﴾، ئـەی موحەممـەد ﷺ بڵـێ: ﴿ يَٰعِبَادِىَ ٱلَّذِينَ أَسْرَفُوا۟ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمْ ﴾، ئـەی ئـەو بەندانـەم! كـە بەرانبـەر بـە خۆیـان زێدەڕۆییـان كـردوە، واتـە: ئـەی ئـەو بەندانـەی خـوا، بـەڵام خـوای پـەروەردگار پێغەمبـەری خـوا ﷺ ڕادەسـپێرێ كـە هـەر بـە نـاوی خۆیـەوە بانگیـان بـكات، ئـەی ئـەو بەندانـەم، خـوا ﷻ دەفەرمـوێ: ئـەی ئـەو بەندانـەم! كـە بەرانبـەر بـە خۆیـان زێدەڕۆییـان كـردوە، بـە زیـانی خۆیـان گوناهـو تـاوان و لادانیـان كـردوە، ﴿ لَا تَقْنَطُوا۟ مِن رَّحْمَةِ ٱللَّهِ ﴾، لـە بەزەیـی خـوا نائومێـد مەبـن، پێتـان وانەبـێ، بەزەیـی خـوا بـەشی ئێـوە نـاكات، بـەشی داپۆشـین و لابـردنی گوناهـو تاوانەكانتـان نـاكات، ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ يَغْفِرُ ٱلذُّنُوبَ جَمِيعًا ﴾، ئەمـە بەڵگـەی ئـەوەی پێشـەوەیە، یاخـود هـۆكاری ئـەو قسـەی پێشـەوەیە: بۆیـە نائومێـد مەبـن، چونكـە بـە دڵنیایـی خـوا لـە تێكـڕای گوناهـان و وێكـڕا دەبـوورێ، ﴿ يَغْفِرُ ٱلذُّنُوبَ جَمِيعًا ﴾، واتـە: لـە تێكـڕای گوناهـان دەبـوورێ، ﴿ جَمِيعًا ﴾، وێكـڕا، واتـە: پێكـەوە هەموویـان، ﴿ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلْغَفُورُ ٱلرَّحِيمُ ﴾، ئەمـەش بەڵگـەی ئەوەیـە كـە لـە ڕابـردوودا باسـكرا، بۆچـی خـوا ﷻ لـە تێكـڕای گوناهـان و وێكـڕا لـە هەموویـان دەبـوورێ و دەیانپۆشـێ؟ چونكـە بـە دڵنیایـی هـەر ئـەو زۆر لێبـوردەی زۆر بـە بەزەیـی و میهرەبانـە.

﴿ وَأَنِيبُوٓا۟ إِلَىٰ رَبِّكُمْ وَأَسْلِمُوا۟ لَهُۥ ﴾، لـە ناخـەوەش بگەڕێنـەوە بـۆ لای پەروەردگارتـان، بـۆی ملكـەچ بن، بۆی تەسـلیم بـن، ﴿ مِن قَبْلِ أَن يَأْتِيَكُمُ ٱلْعَذَابُ

﴿ ثُمَّ لَا تُنصَرُونَ ﴾، بەر لەوەی سزاو ئازارتان بۆ بێ و، دواییش پشتیوانتان نەبێ و سەرنەخرێن، ﴿ وَٱتَّبِعُوٓاْ أَحۡسَنَ مَآ أُنزِلَ إِلَيۡكُم مِّن رَّبِّكُم ﴾، دوای ئەوەی خوا ﷻ هانی دان کە بگەڕێنەوە بۆ لای خواو، گوناهو تاوان و لادان و زێدەڕۆیی کردنیان کە زیانی بۆ خۆیان بووە، نەبێتە ڕێگرو پەرچ لە بەردەمیاندا، کە نەتوانن بگەڕێنەوە بۆ لای خواو، دوای ئەوەی هانی دان: چ پەروەردگارو خاوەنێکی زۆر میهرەبان و بە بەزەیی و لێبوردەیان هەیە، ئەو جار چۆنیەتی گەڕانەوەکەیانی پێگوتن کە بریتیە لەوەی: لە ناخەوە بگەڕێنەوە، لە دەروونەوە بگەڕێنەوە بۆ لای خواو، بە ڕواڵەتیش ملکەچ بن، بەرلەوەی ئازارو سزایەکتان بۆ بێ، دواییش پشتیوانییتان لێ نەکرێ.

ئنجا ڕێبازی گەڕانەوەکەیان پێ دەڵێ: ﴿ وَٱتَّبِعُوٓاْ أَحۡسَنَ مَآ أُنزِلَ إِلَيۡكُم مِّن رَّبِّكُم ﴾، بکەونە شوێن باشترین شتێک کە لە پەروەردگارتانە بۆتان دابەزێنراوە، کە بریتیە لە قورئان، بریتیە لە پەیام و بەرنامەی خوا، دوا پەیامی خوا کە بە پێغەمبەری کۆتایی خۆی موحەممەد دا ﷺ ڕەوانی کردوە، دەفەرموێ: ﴿ مِّن قَبۡلِ أَن يَأۡتِيَكُمُ ٱلۡعَذَابُ بَغۡتَةٗ وَأَنتُمۡ لَا تَشۡعُرُونَ ﴾، بەرلەوەی ئازارو سزاتان لە ناکاو و کتوپڕ بۆ بێ، بێ ئەوەی هەستی پێ بکەن، لە حاڵێکدا کە هەستی پێ ناکەن، لە لایەکەوەو بە شێوەیەک کە ئێوە حیسابتان بۆ نەکردوەو، ئەگەرتان بۆ دانەناوە، ئنجا ئەوەی بە ڕووداو دەچێ، بە تایبەتی لەم ڕۆژگارەی ئێستاماندا خەڵکێکی بە ڕووداوی هاتووچۆ دەچێ، ئەوەی بە نەخۆشییە کتوپڕەکانی وەک جەڵتەو سەکتە، دەچێ، ئەوەی بە نەخۆشییەکانی دیکەی وەک شێرپەنجەو نەخۆشییەکانی دیکە دەچێ، بەبێ ئەوەی حیسابی بۆ کردبێ و لەبەرچاوی گرتبێ.

﴿ أَن تَقُولَ نَفۡسٞ يَٰحَسۡرَتَىٰ عَلَىٰ مَا فَرَّطتُ فِي جَنۢبِ ٱللَّهِ ﴾، نەبادا کەسێک لە ئەنجامی ئەوەدا کە مردنی کتوپڕی دەگاتێ، بڵێ: هەی داخ و خەفەت بۆ من، بە هۆی ئەوەوە کە لە خزمەت خواداو، لە ئاستی خوادا کەمتەرخەمییم کرد،

﴿ وَإِن كُنتُ لَمِنَ ٱلسَّٰخِرِينَ ﴾، هەروەها داخ و خەفەت و پەشیمانیی بۆ من، کە لە گاڵتەپێکەران بووم، گاڵتەم بە ئایین و پەیامی خوا دەکرد، یاخود بە شێوەیەک مامەڵەم لەگەڵدا دەکرد، وەک گاڵتەپێکردن بوو، وەک من لە کتێبی: (خواناسیی، ئایین، ئیمان)دا - کە لە چاپی سێیەمیدا ناوەکەمان گۆڕیوە بۆ (درەوشاوەیی ئیسلام و پووچەڵیی ڕێچکان) - باسمکردوە کە جاری وا هەیە ئایین بازرگانیی پێوە دەکرێ و، جاری وا هەیە گاڵتەی پێدەکرێ و دەکرێتە مەسخەرە، نەک هەر لە لایەن کەسانێکەوە کە دژو نەیارینی، بەڵکو جاری وا هەیە لە لایەن هەندێ لە شوێنکەوتووانیەوە، بە شێوەیەک مامەڵەی لەگەڵ ئایینی خوادا دەکرێ، وەک گاڵتەپێکردن وایە، بۆ وێنە: کەسێک کە باسی ئیسلام دەکات، بەڵام کردەوەکانی، شێوەی ژیانی، هەڵوێستەکانی، پێچەوانەی ئیسلامن، لە ڕاستییدا ئەوە جۆرێکە لە گاڵتەکردن بە ئایین و بەرنامەی خوا.

﴿ أَوْ تَقُولَ لَوْ أَنَّ ٱللَّهَ هَدَىٰنِى لَكُنتُ مِنَ ٱلْمُتَّقِينَ ﴾، هەروەها نەوەک یەکێک، بڵێ: ئەگەر خوا ﷻ منی ڕێنمایی کردبایە، من لە پارێزکاران دەبووم، واتە: بگەڕێنەوە، نەوەک کەسێک دوایی لەسەرە مەرگ دا، یاخود لە ڕۆژی قیامەتدا، ئاوا بڵێ.

﴿ أَوْ تَقُولَ حِينَ تَرَى ٱلْعَذَابَ ﴾، هەروەها نەوەک کەسێک لە کاتێکدا سزاو ئازاری خوا دەبینێ، بڵێ: ﴿ لَوْ أَنَّ لِى كَرَّةً فَأَكُونَ مِنَ ٱلْمُحْسِنِينَ ﴾، ئەگەر یەکجار گەڕانەوەم بۆ هەبووایە، لە قیامەتەوە گەڕابامەوە دنیا، جارێکی دیکە تاقیکرابامەوە، ﴿ فَأَكُونَ مِنَ ٱلْمُحْسِنِينَ ﴾، ئنجا لە چاکەکاران دەبووم، ئەگەر وابووایە ئەو کاتە من بە ئامانج دەگەیشتم و زۆر خۆشحاڵ دەبووم، ئنجا بۆ ئەوەی ئەو قسانە نەکات و، ئەو خەیاڵ پڵاوانە نەکات، ئێستا با بگەڕێتەوە، ئنجا لە وەڵامی ئەوەدا کە دەڵێ: ﴿ لَوْ أَنَّ ٱللَّهَ هَدَىٰنِى ﴾، ئەگەر خوا ﷻ منی ڕێنمایی کردبایە، ﴿ لَكُنتُ مِنَ ٱلْمُتَّقِينَ ﴾، ئەوە من لە پارێزکاران دەبووم، خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ بَلَىٰ قَدْ جَآءَتْكَ ءَايَٰتِى ﴾، ڕاست ناکەی کە

خـوا ﷻ تـۆی ڕێنمایـی نەکـردوە، بـا ڕێنمایـی کـردی، ئایەتـەکانی منـت بـۆ هاتـن، ﴿ فَكَذَّبْتَ بِهَا ﴾، تـۆش بـە درۆت دانـان، ﴿ وَٱسْتَكْبَرْتَ ﴾، خۆشـت بەزلگـرت لـە بەرانبەریانـداو، لـە بەرانبـەر ئـەو کەسـەدا کـە ئایەتـەکانی بـۆ خوێندیـەوە، کـە پێغەمبـەری خاتەمـە ﷺ یاخـود جێگـران و جێنشـینانی پێغەمبـەری خاتەمـن ﷺ لـە زانایـان و پێشـەوایان، ﴿ وَكُنتَ مِنَ ٱلْكَـٰفِرِينَ ﴾، تـۆ لـە بێبڕوایـان بـووی، یاخـود تـۆ لـە سـپڵەو نـا سوپاسـان بـووی، کافـر دەگونجـێ لـە (**کفـر**)، بێبڕوایيـەوە هاتبـێ، دەشـگونجێ لـە (**کفـران**) بـە واتـای سـپڵەیی و ناسوپاسـییەوە هاتبـێ.

﴿ وَيَوْمَ ٱلْقِيَـٰمَةِ تَرَى ٱلَّذِينَ كَذَبُوا۟ عَلَى ٱللَّهِ وُجُوهُهُم مُّسْوَدَّةٌ ﴾، لـە ڕۆژی هەڵسانەوەشـدا، ئەوانـەی درۆیـان بـۆ خـوا ﷻ هەڵبەسـتوە، گوتوویانـە: هاوبـەشی هەیـە، ڕۆڵـەی هەیـە، ئـەو بیرۆکـە ئەفسـانەییانەیان هەڵگرتـوون، کـە دەچنـە چوارچێـوەی درۆ بـۆ خـوا هەڵبەسـتن، دەیانبینـی، ﴿ وُجُوهُهُم مُّسْوَدَّةٌ ﴾، ڕوویـان ڕەشـهەڵگەڕاوە، ﴿ أَلَيْسَ فِى جَهَنَّمَ مَثْوًى لِّلْمُتَكَبِّرِينَ ﴾، ئایـا لـە دۆزەخـدا جێگـەی حەوانـەوە بـۆ خـۆ بەزلگـران نیـە! واتـە: دۆزەخ شـوێنی حەوانـەوەو تێـدا پشـوودانی خـۆ بەزلگرانـە، ئەگـەر شـوێنێک هەبـێ ئـەوان تێدا پشـوو بـدەن، دۆزەخە.

﴿ وَيُنَجِّى ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ٱتَّقَوْا۟ بِمَفَازَتِهِمْ ﴾، خـوا ﷻ ئەوانـەی پارێزیـان کـردوە بـە هـۆی سـەرفرازییانەوە دەربازیـان دەکات، ﴿ لَا يَمَسُّهُمُ ٱلسُّوٓءُ ﴾، زیـان و ناڕەحەتییـان تـووش نابـێ، ﴿ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ ﴾، خەفـەت و پـەژارەش داناگـرن.

ئنجـا ئـەو خوایـەی ﷻ کـە دەفەرمـوێ: بگەڕێنـەوە، بـۆ لای پەشـێمان ببنـەوەو لەگەڵـی ئاشـت ببنـەوە، بۆمـان پێناسـە دەکات و دەفەرمـوێ: ﴿ ٱللَّهُ خَـٰلِقُ كُلِّ شَىْءٍ ﴾، خـوا بەدیهێنـەری هەمـوو شـتێکە، هـەر شـتێک کـە بەدیهاتبـێ، خـوا ﷻ هێناویەتـە دی و، هـەر شـتێک کـە بەدیبـێ، خـوا دەیخوڵقێنـێ و پەیـدای دەکات، ﴿ وَهُوَ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ وَكِيلٌ ﴾، ئـەو (خـوا ﷻ)یـش بەسـەر هەمـوو شـتێکەوە سەرپەرشـتیارە، مشـوورخۆر و پارێـزەرە، ﴿ لَّهُۥ مَقَالِيدُ ٱلسَّمَـٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ﴾،

(مقالیـد) کـۆی (مقـلاد) یـان (إقليـد)ە، بـە مانـای کلیـل، کلیلـەکانی ئاسـمانەکان و زەوی هــی ئــەون، ﴿ وَٱلَّذِينَ كَفَرُواْ بِـَٔايَـٰتِ ٱللَّهِ أُوْلَـٰٓئِكَ هُمُ ٱلْخَـٰسِرُونَ ﴾، ئەوانـەش کـە بیبڕوابـوون بـە ئایەتـەکانی خـوا، هـەر ئەوانـەن زیانبـاران، دەسـخەڕۆو زیانبـارو دۆڕاوی ڕاسـتەقینە هـەر ئەوانـەن.

ئنجـا بـە پێغەمبەری خاتـەم ﷺ دەفەرمـوێ: ﴿ قُلْ أَفَغَيْرَ ٱللَّهِ تَأْمُرُوٓنِّىٓ أَعْبُدُ أَيُّهَا ٱلْجَـٰهِلُونَ ﴾، بڵـێ: ئایـا فەرمانـم پێدەکـەن، جگـە لـە خـوا بپەرسـتم، ئـەی نەفامەکان! (جَاهِلُـون) کـۆی (جَاهِـل)ە، کەسـێکە شـتێک نەزانـێ، واتـە: ئـەی ئـەو کەسانەی خـوا ناناسـن! یـان: ئـەو کەسـانەی کـە شـارەزای پەیامـی خوانیـن، واتـە: لێـرەدا ئـەم وشـەو تەعبیـرە بەپێـی عـورف و بـاوی زمانی عەرەبیـی، ئـەو کاتـە، بـە جنێوو قسـەی سـووک لـە قەڵـەم نـادرێ، چونکـە هەمـوو قورئـان وشـەیەکی ناشـیرینی تێدانیـە، خـوا ﷻ بـە پێغەمبەرێـک ﷺ بفەرمـوێ: ﴿ وَإِنَّكَ لَعَلَىٰ خُلُقٍ عَظِيمٍ ﴿٤﴾ ﴾القلـم، فەرمـانی پـێ نـاکات تەعبیـرو وشـەیەک بەکاربێنـێ، دەلالـەت لەسـەر جنێوو مانـای ناشـیرین بـکات، چونکـە خـوا بـۆ خـۆی لـە سـووڕەتی (الأنعـام)دا، فەرموویـەتی: ﴿ وَلَا تَسُبُّواْ ٱلَّذِينَ يَدْعُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ فَيَسُبُّواْ ٱللَّهَ عَدْوًۢا بِغَيْرِ عِلْمٍ كَذَٰلِكَ زَيَّنَّا لِكُلِّ أُمَّةٍ عَمَلَهُمْ ثُمَّ إِلَىٰ رَبِّهِم مَّرْجِعُهُمْ فَيُنَبِّئُهُم بِمَا كَانُواْ يَعْمَلُونَ ﴿١٠٨﴾ ﴾، واتــە: ئەوانــەی لـە جیـاتی خـوا ﷻ دەیانپەرسـتن، جنێویـان پێمەڵێـن، کـە سـەرەنجام ئەوانیـش قسـە بـە خـوا ﷻ بڵێـن و بـێ ئەدەبیـی بەرانبـەر بـە خـوا بکـەن، کەواتـە: لێـرەدا کـە خـوا ﷻ دەفەرمـوێ: ﴿ قُلْ أَفَغَيْرَ ٱللَّهِ تَأْمُرُوٓنِّىٓ أَعْبُدُ أَيُّهَا ٱلْجَـٰهِلُونَ ﴾، بـە پرسـیارکردنی نکووڵیلێکەرانـە بڵـێ: ئایـا فەرمانـم پێدەکـەن، کـە جگـە لـە خـوا بپەرسـتم، ئـەی نەفامـەکان! یـانی: ئـەی نەزانـەکان و بـێ ئاگایـەکان لـە بەرنامـەی خـوا.

﴿ وَلَقَدْ أُوحِىَ إِلَيْكَ وَإِلَى ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِكَ ﴾، بـە دڵنیایـی سرووشـکراوە بـۆ لای تـۆ، بـۆ لای ئەوانـەی کـە لـە پێـش تـۆش دابـوون، واتـە: بـۆ پێغەمبـەران (عَلَيْهِـمُ الصَّـلاَةُ وَالسَّـلاَم)، چـی سرووشـکراوەو چییـان پێڕاگەیەنـراوە؟ ﴿ لَئِنْ أَشْرَكْتَ لَيَحْبَطَنَّ عَمَلُكَ ﴾، ئەگـەر هاوبـەش دابنێـی کردەوەکـەت هەڵدەوەشـێتەوە، ﴿ وَلَتَكُونَنَّ

﴿مِنَ ٱلۡخَـٰسِرِينَ ﴾، بـە مسـۆگەرییش لـە زیانبـاران دەبـی، کردەوەکـەت واتـە: هـەم ئیـمان و عەقیدەکـەت، هـەم پەرسـتنەکانت، هـەم تاعـەت و فەرمانبەرییـت، هەمـوو کـردەوە چاکەکانـت هەڵدەوەشـێنەوەو، بـە دڵنیایـی تـۆ لـە زیانبـاران دەبـی.

﴿ بَلِ ٱللَّهَ فَٱعۡبُدۡ وَكُن مِّنَ ٱلشَّـٰكِرِينَ ﴾، (هاوبـەش بـۆ خـوا دەمەنـێ)، بەڵکـو بـەس خـوا ﷻ بپەرسـتە و، لـە سوپاسـگوزاران بـە بـۆ خـوا.

لـە کۆتایـی دا خـوا ﷻ دەفەرمـوێ: ﴿ وَمَا قَدَرُواْ ٱللَّهَ حَقَّ قَدۡرِهِۦ ﴾، وەک بـۆ خـوا ﷻ پێویسـت و شایسـتەیە، قـەدری خوایـان نـەزانی، پێگـەو پایـەی بـەرزی خوایـان نـەزانی، واتـە: بـەو شـێوەیە مامەڵەیـان لەگـەڵ خـوادا نەکـرد، کـە بـۆ خـوا شایسـتەیە، مەبەسـت پێـی ئەوەیـە، قـەدری خوایـان نەگـرت، یـانی: بـەو شـێوەیە مامەڵەیـان لەگـەڵ خـوادا نەکـرد، کـە بـۆ خـوا ﷻ شایسـتەیەو، بـۆ مەقامـی بـەرزو بـێ وێنـەی پێویسـتە.

ئنجـا دوو دیمەنـمان دەخاتـە بەرچـاو، وەک بەڵگـە لەسـەر پایـەی بـەرزو، نـاوازەو، بـێ وێنـەی خـوا ﷻ دەفەرمـوێ: ﴿ وَٱلۡأَرۡضُ جَمِيعٗا قَبۡضَتُهُۥ يَوۡمَ ٱلۡقِيَـٰمَةِ ﴾، ئـەم (و)ە، بـۆ حاڵـە، یـانی: لـە حاڵێکـدا کـە زەوی لـە ڕۆژی قیامەتـدا هەمـووی لـە چنگـی خوادایـە، (قَبْض) ئەوەیـە کـە ئینسـان شـتێک بـە دەسـتی و بـە پەنجـەکانی بگـرێ، ئنجـا وەک دوایـی بـاسی دەکەیـن -لـە مەسـەلە گرنگەکانـدا- خـوا لێـرەدا دەیـەوێ ئەوەمـان بـۆ وێنـا بـکات، کـە ئـەم زەوییـەی ئێمـەی لەسـەری دەژیـن و، ئـەم دنیایـە تێکـڕای لـە بەرانبـەر خـواو دەسـەڵاتی خـوادا، وێنـەی ئەوەیـە کـە ئێمـە شـتێک لـە چنـگ بگریـن و بـە دەسـتمانەوەبێ، ئـاواش ئـەم زەوییـە بەدەسـت خـوای پەروەردگارەوەیـەو، لـە ژێـر ڕکێـف و هەیمەنـەو ویسـتی و دەسـەڵات و، توانـای بـێ سـنووری خوادایـە ﷻ، ئەگەرنـا مەبەسـت ئـەوە نیـە چنـگ و دەسـت و پەنجـە بـۆ خـوای پـەروەردگار دابنـرێ، هەرچەنـدە هـەر وشـەیەک خـوا ﷻ بـۆ خـۆی بـەکاری هێنابـێ، ئەگـەر بزانیـن مەبەسـت پێـی سـیفەتێکە بـۆ خـوا ﷻ، ئێمـە لەسـەر

سـەری دادەنێیـن، وەک زانایـانی پێشـین گوتوویانـە: (**أَمِرُّوهَـا كَمَا جَـاءَت**)، بیڕۆێنـن وەک هاتـوە، بـەڵام دەڵێیـن: بـە شـێوەیەک کـە بـۆ خـوا شایسـتەیە، بـە دڵنیایـی هەمـوو ئـەو مانایانـەی دێنـە بیـرو زەینـی ئێمـەوە، لـە کاتێکـدا وشـەکانی وەک: (**یـد، عـین، وجـه، قبضـة**)، بەکاردێـن، دەبـێ بڵێیـن: وەک بـۆ خـوا ﷻ شایسـتەیە، نـەک بـەو چەمـک و واتایانـەی دێنـە زەینـی ئێمـەوە، چونکـە زەینـی ئێمـە تەنیا دەتوانـێ وێنـەی دیـاردە ماددییـەکان بحەجمێنـێ و لـە خۆیـدا کۆیکاتـەوە، بـەڵام خـوا ﷻ لـە دەرەوەی جیهـانی ماددەیـەو، جیایـە لـە دروسـتکراوەکانی لـە هەمـوو ڕوویەکـەوە، وەک دەفەرمـوێ: ﴿لَيۡسَ كَمِثۡلِهِۦ شَيۡءٞۖ وَهُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلۡبَصِيرُ ١١﴾ الشـوری، واتـە: هیـچ شـتێک وەک خـوا ﷻ نیـە، ئـەو بیسـەری بینـەرە، نـە لـە زاتی داو، نـە لـە سـیفەتیداو، نـە لـە کردەوەکانیـدا، هیـچ شـتێک وەک وی نیـە، کەواتـە: کـە لێـرەدا دەفەرمـوێ: ﴿وَمَا قَدَرُواْ ٱللَّهَ حَقَّ قَدۡرِهِۦ وَٱلۡأَرۡضُ جَمِيعٗا قَبۡضَتُهُۥ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ وَٱلسَّمَٰوَٰتُ مَطۡوِيَّٰتُۢ بِيَمِينِهِۦ﴾، ئەمـە هەمـووی پێکـەوە پەیوەسـتە، وەک بـۆ خـوا ﷻ شایسـتەیە، قـەدری خوایـان نەگـرت، کـە هاوبەشـیان بـۆ دانـاو گوتیـان: ڕۆڵـەی هەیـەو، بـە دروسـتکراوەکانیان چوواندوەو، دروسـتکراوەکانیان هێناونـە ڕێزی وی، وەک پێویسـت قـەدری خوایـان نەگـرت: ﴿وَٱلۡأَرۡضُ جَمِيعٗا قَبۡضَتُهُۥ﴾، لـە حاڵێکـدا کـە لـە ڕۆژی قیامەتـدا زەوی هەمـووی بـە چنگـی خواوەیـە، ﷻ بـە دەسـتی خواوەیـە، ﴿وَٱلسَّمَٰوَٰتُ مَطۡوِيَّٰتُۢ بِيَمِينِهِۦ﴾، ئاسـمانەکانیش پێچـراوەن بـە دەسـتی ڕاسـتیەوە، ﴿سُبۡحَٰنَهُۥ وَتَعَٰلَىٰ عَمَّا يُشۡرِكُونَ﴾، پاکیـی و بەرزیـی بـۆ وی، لـەوەی ئـەوان دەیکەنـە هاوبـەشی، واتـە: خـوا زۆر پـاک و بـەرزە، لـەو بیرۆکـە پـووچ و ئەفسـانەییانەی کـە عەقـڵ و دڵـی هاوبـەش بـۆ خـوا دانـەرەکان هەڵیانگرتـوون، کـە هەندێـک لـە دروسـتکراوەکان دێننـە ڕیـزی خـواو، دەیانکەنـە هاوبـەشی خـوا، چ لـە بەدیهێنەرایەتییـدا، چ لـە پەروەردگارێتیـی و خاوەندارێتییـدا، چ لـە هەندێـک لـە نـاوو سـیفەتەکانیدا، چ لـە پەرسـتراوێتییدا، خـوا پـاک و بـەرزە لـەوەی ئـەوان دەیکەنـە هاوبـەشی.

کەواتە: مەبەستی خوای بێ وێنە لەم ئایەتە موبارەکەدا، ئەوەیە کە ڕەخنە دەگرێ لە هاوبەش بۆ خوادانەرەکان، کە وەک بۆ خوا شایستەیە مەقامی بەرزی خوایان نەزانیوەو، وەک بۆ خوا شیاوە، مامەڵەیان لەگەڵ خوادا نەکردوە، کە ڕۆڵەو هاوبەشی بۆ پەیدا دەکەن، لە حاڵێکدا لە ڕۆژی دوایی دا، خوا ﷻ ئەم زەوییە بە بەرگە هەوایەوەو بە بەرگە ئاوییەوە، وەک ئێستا هەیە، ئەم خڕۆکەی زەوییە هەمووی بە دەستیەوە دەگرێ، وەک چۆن ئێمە قەڵەمێک، یان شتێکی بچووک لە چنگ دەگرین، زەوییش لە بەرانبەر دەسەڵاتی خواو هەیمەنەو ڕکێفی خوادا، بەو شێوەیە، خوا ﷻ لە عەقڵی ئێمەی نزیک دەخاتەوە، کە وەک چۆن ئێوە شتێک لە چنگ دەگرن، خوای زاناو تواناش خڕۆکەی زەوی و دنیا لە بەرانبەر دەسەڵاتیدا، بەو شێوەیە، ﴿وَالسَّمَوَاتُ مَطْوِيَّتُ بِيَمِينِهِ﴾، ئاسمانەکانیش (واتە: گەردوون هەمووی)، هەموویان پێچراوەن بە دەستی ڕاستییەوە، بۆیە دەفەرموێ: ﴿سُبْحَانَهُ وَتَعَالَى عَمَّا يُشْرِكُونَ﴾، پاکیی و بەرزیی بۆ وی، لەوەی دەیکەنە هاوبەشی، ئەگەر وەک پێویست خوا بناسن، هاوبەشی بۆ پەیدا ناکەن، بۆیە من مەوسووعەی: (**الإسلام كما يتجلى في كتاب الله**)[1]، کتێبی یەکەمیم هەمووی تەرخانکردوە بۆ (بووناسیی)، کە پێی دەگوترێ: {ئۆنتۆلۆجیی - ontology - (**علم الوجود**)}[2]، بۆچی؟ چونکە لە ڕاستییدا هەموو ئەوانەی تووشی شیرک و لادان بوون، لەبەر ئەوەیە کە خوایان وەک پێویست نەناسیوە، هەر بۆیەش کە تەماشای قورئانی مەککەیی دەکەین، پانتاییەکی زۆر لە قورئانی مەککەیی تەرخانکراوە بۆ ناساندنی خواو، باسکردنی ناوو سیفەتەکانی خوا، بەرزیی و مەزنیی خوا، کردەوەکانی خوا، بۆ ئەوەی خەڵک وەک پێویست خوا بناسێ، ئنجا کە چاکیان ناسیی، ئەو کات بە شێوەیەکی ڕاست و دروستیش مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن، هەروەها لە مەوسووعەی: (بیرکردنەوەی ئیسلامیی لە نێوان

---

(١) کە لە چاپی دووەمی دا دوازدە کتێبە.

(٢) بە ناوونیشانی: (الإسلام: معرفة صحيحة بالخالق والخلق)

وەحیی و واقیعدا)، لە کتێبی چوارەمدا[١] بەشێکی سەربەخۆمان تەرخانکردوە بۆ بابەتی بووناسیی، کە بەداخەوە لە کتێبەکانی عەقیدەی ئیسلامییدا، ئەو کتێبانەی کە لەبەر دەستمانن، کەمتر وابووە گرنگیی بەو بابەتە بدرێ، هەموو کتێبەکانی ئیمان و عەقیدە، ڕێک بە بڕوا بە خوابوون، ئنجا بڕوا بوون بە فریشتەکانی خواو، بە کتێبەکانی خوا، دوایی بە پێغەمبەران و بە وەحیی خوا، پاشان بە ڕۆژی دوایی و بە قەدەر، دەستیان پێ کردوە، لە حاڵێکدا کە ئەگەر وەک پلە پلەیی ژێربێژیی (**التدرُّج المنطقي**) بێ و، ئەگەر لە ڕووی قوڕئانیشەوە، تەماشا بکەین، قوڕئان بەر لەوەی باسی پایەکانی ئیمان بکات، باسی خواناسیی کردوەو، باسی بووناسیی کردوە، ئەم گەردوونە چییە؟ کێ خاوەنیەتی؟ کێ هێناویەتە دی؟ مرۆڤ چییە؟ شوێنی لە ئیعڕابی بووندا چییە؟ مرۆڤ دەبێ چی بکات و چۆن بکات؟ ژیانی دنیا چییە؟ ژیانی ڕۆژی دوایی چییە؟ تا کۆتایی، کە ئەو بابەتانە موفرەدەکانی بووناسیی پێک دێنن، شایانی باسیشە: وێڕای کتێبی یەکەمی مەوسووعەی: (**الإسلام كما يتجلى في كتاب الله**)، کە هەموویم بۆ ئەو بابەتە تەرخانکردوە، هەروەها بەشێک لە کتێبی چوارەمی: مەوسووعەی: (بیرکردنەوەی ئیسلامیی لە نێوان وەحیی و واقیعدا)، لە کتێبی: (تەوژمی ئیسلامیی و عەلمانیی) یش دا، هەروەها لە مەوسووعەی: (درەوشاوەیی ئیمان و پووچەڵیی ئیلحاد لەبەر ڕۆشنایی زگماک و عەقڵ و زانست و وەحیی دا)، دیسان باسی ئەو بابەتە گەورەو گرنگەم کردوە.

---

(١) بە ناوونیشانی: (پایەکانی بووناسیی).

مەسەلە گرنگەکان

مەسەلەی یەکەم:

فەرمانکردنی خوا ﷻ بە پێغەمبەرەکەی موحەممەد ﷺ کە ئەو بەندانەی، ئەو مرۆڤانەی بەرانبەر بە خوا، تووشی گوناهو لادان بوون، بانگ بکات بۆ گەڕانەوە بۆ لای خواو، موژدەیان پێبدات کە لە تێکڕای گوناهانیان دەبووری، ئنجا ڕوونکردنەوەی چۆنیەتیی گەڕانەوە بۆ لای خوا، پاشان خستنەڕووی مەترسیی نەگەڕانەوەو، ئەو پەشێمانیی و ئاکام خراپییەی، چاوەڕێی کەسانی مکوڕ لەسەر گوناهو کوفرو خۆ بەزلگریی دەکات:

خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿قُلْ يَٰعِبَادِيَ ٱلَّذِينَ أَسْرَفُواْ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمْ لَا تَقْنَطُواْ مِن رَّحْمَةِ ٱللَّهِۚ إِنَّ ٱللَّهَ يَغْفِرُ ٱلذُّنُوبَ جَمِيعًاۚ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلْغَفُورُ ٱلرَّحِيمُ ﴿٥٣﴾ وَأَنِيبُوٓاْ إِلَىٰ رَبِّكُمْ وَأَسْلِمُواْ لَهُۥ مِن قَبْلِ أَن يَأْتِيَكُمُ ٱلْعَذَابُ ثُمَّ لَا تُنصَرُونَ ﴿٥٤﴾ وَٱتَّبِعُوٓاْ أَحْسَنَ مَآ أُنزِلَ إِلَيْكُم مِّن رَّبِّكُم مِّن قَبْلِ أَن يَأْتِيَكُمُ ٱلْعَذَابُ بَغْتَةً وَأَنتُمْ لَا تَشْعُرُونَ ﴿٥٥﴾ أَن تَقُولَ نَفْسٌ يَٰحَسْرَتَىٰ عَلَىٰ مَا فَرَّطتُ فِي جَنۢبِ ٱللَّهِ وَإِن كُنتُ لَمِنَ ٱلسَّٰخِرِينَ ﴿٥٦﴾ أَوْ تَقُولَ لَوْ أَنَّ ٱللَّهَ هَدَىٰنِي لَكُنتُ مِنَ ٱلْمُتَّقِينَ ﴿٥٧﴾ أَوْ تَقُولَ حِينَ تَرَى ٱلْعَذَابَ لَوْ أَنَّ لِي كَرَّةً فَأَكُونَ مِنَ ٱلْمُحْسِنِينَ ﴿٥٨﴾ بَلَىٰ قَدْ جَآءَتْكَ ءَايَٰتِي فَكَذَّبْتَ بِهَا وَٱسْتَكْبَرْتَ وَكُنتَ مِنَ ٱلْكَٰفِرِينَ ﴿٥٩﴾﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە پازدە بڕگەدا:

١)- ﴿قُلْ يَٰعِبَادِيَ ٱلَّذِينَ أَسْرَفُواْ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمْ﴾، بڵێ: ئەی ئەو بەندانەم کە بەرانبەر بە خۆیان زێدەڕۆییان کردوە! (يَا عِبَادِي) خوێنراویشەتەوە: (قُلْ يَا عِبَادِ الَّذِيْن)، بە بێ

(ي)، بە دڵنیاییش ئەو بەندانەی بەرانبەر بە خۆیان زێدەڕۆییان کردوەو، لە دژی خۆیان تێپەڕاندنیان کردوون، مەبەست پێیان ئەهلی شیرک و کوفرە، بە بەڵگەی ئەو ئایەتانەی دوایی دێن، کە خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ وَأَنِيبُوٓاْ إِلَىٰ رَبِّكُمْ وَأَسْلِمُواْ لَهُۥ مِن قَبْلِ أَن يَأْتِيَكُمُ ٱلْعَذَابُ ثُمَّ لَا تُنصَرُونَ ﴿٥٤﴾ وَٱتَّبِعُوٓاْ أَحْسَنَ مَآ أُنزِلَ إِلَيْكُم مِّن رَّبِّكُم مِّن قَبْلِ أَن يَأْتِيَكُمُ ٱلْعَذَابُ بَغْتَةً وَأَنتُمْ لَا تَشْعُرُونَ ﴿٥٥﴾ ﴾، تا کۆتایی، ئەوە دیارە هەمووی حاڵ و باڵی مرۆڤی بێبڕواو خوا نەناسە، هەڵبەتە ئێمە دوایی کورتە باسێک لەبارەی ئایەتی ژمارە (٥٣)وە دەکەین، بۆیە ئێستا تۆزێک بەخێرایی بەسەر بڕگەکانیدا دەڕۆین.

٢)- ﴿ لَا تَقْنَطُواْ مِن رَّحْمَةِ ٱللَّهِ ﴾، (بڵێ: ئەی ئەو بەندانەم کە بەرانبەر بە خۆیان زێدەڕۆییان کردوە!) لە بەزەیی خوا نائومێد مەبن، (**القُنُوطُ: اليَأْسُ مِنَ الخَيْرِ**)، (**قُنُوطُ**) و (**يَأْس**) جیاوازییان ئەوەیە کە (**يَأْس**) بریتیە لە نائومێدیی بەڕەهایی، بەڵام (**قُنُوط**): بریتیە لە نائومێدیی لە چاکە، بەڵام (**يَأْسُ**) جاری وا هەیە بریتیە لە نائومێدیی لە دەرباز بوون، لە خراپەیەک کە ڕووی تێدەکات، هەروەها بۆ نائومێدیی لە چاکەش بەکاردێ و چەمکەکەی فراوان و گشتییە.

٣)- ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ يَغْفِرُ ٱلذُّنُوبَ جَمِيعًا ﴾، (ئەمە وەک بەڵگەی ڕستەی پێشێ وایە، کە دەفەرموێ: نائومێد مەبن لە بەزەیی خوا، لەبەرچی؟) چونکە بە دڵنیایی خوا لە تێکڕای گوناهان و وێکڕا دەبووری، وشەی (**الذُّنُوب**) (**أل**)ی ناساندنی لەسەرە کە مانای جینس دەگەیەنێ، واتە: تێکڕای گوناهان، (**جَمِيعَاً**) واتە: وێکڕا، لە تێکڕای گوناهان دەبووری وێکڕا، نەک ئەمڕۆ لە گوناهێک ببووری و سبەینێ لە یەکی دیکە، بەڵکو وێکڕاو پێکەوە لە هەموو گوناهەکان دەبووری.

٤)- ﴿ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلْغَفُورُ ٱلرَّحِيمُ ﴾، بەدڵنیایی ئەو بەس خۆی لێبوردەی بەبەزەییە، وەک چۆن ڕستەی پێشێ کە دەفەرموێ: ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ يَغْفِرُ ٱلذُّنُوبَ جَمِيعًا ﴾، هۆکارو پاساو هێنانەوە بوو، بۆ ئەوە کە نابێ لە بەزەیی خوا نائومێدبن، ئەمەش: ﴿ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلْغَفُورُ ٱلرَّحِيمُ ﴾، بە دڵنیایی هەر خوا زۆر لێبوردەی میهرەبانە، ئەمەش بەڵگە هێنانەوەیە بۆ

ڕستەی پێشێ كە دەفەرموێ: لە هەموو گوناهان وێكڕاو تێكڕا دەبووڕێ، چونكە هەر ئەو زۆر لێبوردەی بە بەزەییە، ئنجا لە ئایەتی دواتردا، واتە: ئایەتی (٥٤)دا، چۆنیەتی گەڕانەوە بۆ لای خوا باس دەكات:

٥)- ﴿ وَأَنِيبُوٓاْ إِلَىٰ رَبِّكُمۡ ﴾، لە ناخەوەش بگەڕێنەوە لای پەروەردگارتان، (إِنَابَة) واتە: گەڕانەوەی دوای گەڕانەوە، (**التَّوْبَةُ إِلى اللهِ نَوْبَةٌ بَعْدَ نَوْبَة**)، ئەوە واتایەكی، واتایەكی دیكەی: گەڕانەوە بۆ لای خوا لە ناخەوە، كە من ئەم مانایەم پێ ڕاسترە، واتە: لە ناخەوەو لە دڵەوە بۆ لای پەروەردگارتان بگەڕێنەوە.

٦)- ﴿ وَأَسۡلِمُواْ لَهُۥ ﴾، بۆیشی ملكەچ بن، یانی: بە ڕواڵەتیش بۆی تەسلیم و ملكەچ بن، لە دەروونەوە واز لە كوفرو شیرك بێنن، بگەڕێنەوە بۆ لای خواو تەنیا خوا بە خاوەن و بەدیهێنەرو پەروەردگاری خۆتان بزانن، بۆیە بەس ئەویش بپەرستن، هەروەها وەك ڕواڵەت و بەرچاویش بۆی ملكەچ بن، پابەندبن بە بەرنامەو شەریعەتەكەیەوە.

٧)- ﴿ مِن قَبۡلِ أَن يَأۡتِيَكُمُ ٱلۡعَذَابُ ثُمَّ لَا تُنصَرُونَ ﴾، بەر لەوەی سزاو ئازارتان بۆ بێ و دوایی ئێوە سەرنەخرێن و پشتیوانییتان نەكرێ، وشەی (**العَذَاب**) كە (**أل**)ی ناساندنی لەسەرە، دیسان بۆ جینسە، واتە: بەر لەوەی سزاو ئازارێكتان بۆ بێ، بە مانای ئازارو سزاو پڕ بە پێستی ئەو پێناسەیە، یاخود (**أل**) بۆ (**عهد**)ە، یانی: بەرلەوەی سزاو ئازارەكەتان بۆبێ، واتە: ئەو سزاو ئازارەی كە پێشتر باسكراوەو دەزانن چییەو چۆنە؟.

﴿ ثُمَّ لَا تُنصَرُونَ ﴾، دوایی ئێوە سەرنەخرێن و، پشتیوانییتان لێ نەكرێ، (**النَّصْرُ: الإعَانَةُ عَلَى الغَلَبَة**)، (**نصر**) یارمەتییدانە بۆ زاڵبوون، ئنجا لە ئایەتی ژمارە (٥٥)دا، بەرنامەو ڕێبازی گەڕانەوە بۆ لای خوا ڕوونكراوەتەوە.

٨)- ﴿ وَٱتَّبِعُوٓاْ أَحۡسَنَ مَآ أُنزِلَ إِلَيۡكُم مِّن رَّبِّكُم ﴾، هەروەها بكەونە شوێن باشترین شتێك كە لە پەروەردگارتانەوە بۆتان دابەزیوە، لێرەدا: (**أَحْسَنَ: إسْمُ تَفْضِيْل مُسْتَعْمَل فِي مَعْنَى (كَامِلِ الحُسْنِ)**، بە دوای باشترین شتێك بكەون، كە لە پەروەردگارتانەوە بۆتان دابەزیوە، لێرەدا (**أَحْسَنَ**) ناوی باشتر ناوی هەڵبژاردن (**إسْم تَفْضِيْل**)ە، بەكارهێنراوە

بۆ مانای ئەوەی ئەوپەڕی چاکەیە، نەک چاکترە لە فڵان شت، واتە: بەراوردی پێ نەکراوە لەگەڵ شتێکی دیکەدا، وەک خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿فَتَبَارَكَ ٱللَّهُ أَحۡسَنُ ٱلۡخَٰلِقِينَ ۝١٤﴾المؤمنون، یان: ﴿أَلَيۡسَ ٱللَّهُ بِأَحۡكَمِ ٱلۡحَٰكِمِينَ ۝٨﴾التين، لە هەموو ئەو حاڵەتانەدا، ئەو وشەیە کە بەڕواڵەت بۆ هەڵبژاردن (**مُفَاضَلَة**)یە، بەڵام لە حەقیقەتدا مەبەست پێی مانای تەواوی ئەو وشەیە کە بەکارهاتوە.

٩)- ﴿مِّن قَبۡلِ أَن يَأۡتِيَكُمُ ٱلۡعَذَابُ بَغۡتَةٗ وَأَنتُمۡ لَا تَشۡعُرُونَ﴾، بەر لەوەی کتوپڕ ئازارو سزاتان بۆ بێ، لە حاڵێک دا کە هەستی پێناکەن.

کە دەفەرموێ: ﴿مِّن قَبۡلِ أَن يَأۡتِيَكُمُ ٱلۡعَذَابُ﴾، (أل)ی سەر (**العَذَاب**) وەک ئەوەی پێشێ:

أ- دەگونجێ بۆ عەهد بێ: سزاو ئازارەکەتان بۆبێ، ئەوەی کە پێشتر باسکراوە.

ب- یاخود: سزاو ئازارێکتان بۆ بێ، کە مانای تەواوی سزاو ئازار هەر لەودا هاتۆتە دی، ئنجا ئەویش دیسان دەگونجێ مەبەست پێی ئازارو سزای دنیا بێ، یاخود سزاو ئازاری ڕۆژی دوایی بێ، یان هەردووکیان بێ، سزاو ئازاری دنیاش، ئەو بەڵاو موسیبەتانە بن، کە بەسەر ئینساندا دێن، یاخود حاڵەتی مەرگ و گیانەڵا، یاخود دەردو نەخۆشیی، هەروەها تێشکان و ئازارو گرفتاریی، بە نسبەت ئەوانەوە کە لەسەر کوفرو شیرک بەردەوام بوون بە دەستی ئەهلی ئیسلام لە کاتی جەنگ دا، سزای دواڕۆژیش لە قۆناغی بەرزەخەوە دەست پێدەکات و تاکو لە قیامەتیش بەردەوام دەبێت.

﴿وَأَنتُمۡ لَا تَشۡعُرُونَ﴾، ئەم (و)ە، بۆ حاڵە، لە حاڵێکدا کە ئێوە هەست پێ ناکەن، (**مِنْ غَيْرِ أَنْ تَحُسُّوا بِهِ**)، بەبێ ئەوەی هەستی پێ بکەن و بزانن لە کوێوە بۆتان دێ، تاکو بتوانن خۆتانی لێ بپارێزن.

١٠)- ﴿أَن تَقُولَ نَفۡسٞ يَٰحَسۡرَتَىٰ عَلَىٰ مَا فَرَّطتُ فِي جَنۢبِ ٱللَّهِ﴾، نەبادا کەسێک بڵێ: هەی داخ و خەفەتەکەم (وەرە ئێستا کاتیەتی) لەسەر ئەوەی کەمتەرخەمییم کرد لە تەنیشت خوادا، لە بەرانبەر خوادا.

وشەی (أَن) زانایان بە دوو واتایان لێکیان داوەتەوە:

أ- (**لأَنْ لَا تَقُول نَفْسٌ**)، بۆ ئەوەی نەفسێک، کەسێک نەڵێ: ئەی داخ و خەفەت بۆ من، لەسەر ئەوەی لە ئاست خواداو لە بەرانبەر خوادا، کەمتەرخەمییم کرد.

ب- یاخود: ﴿ أَن تَقُولَ نَفۡسٌ ﴾، (**كَرَاهَةَ أَنْ تَقُولَ نَفْسٌ**)، نەبادا کەسێک بڵێ، بۆ ئەوەی کەسێک نەڵێ: ئەی داخ و خەفەت بۆ من، ﴿ يَٰحَسۡرَتَىٰ ﴾، مانایەکەی ئاوایە: (**أَيَّتُهَا الحَسْرَةُ! هَذَا أَوَانُكِ فَاحْضرِي**)، ئەی داخ و خەفەت! ئێستا کاتەکەی خۆتە وەرە، ئەی داخ و خەفەت بۆ من وەرە، ئێستا کاتیەتی، (**حسرة**)یش واتە: خەفەت و دڵتەنگیی و پەشێمانیی لەسەر شتێک کە لە دەست چووەو ناگەڕێتەوە.

﴿ عَلَىٰ مَا فَرَّطتُ فِي جَنۢبِ ٱللَّهِ ﴾، لەسەر ئەوەی کەمتەرخەمییم کرد لە تەنیشت خوادا، (**الجَنْبُ وَالجَانِب: النَّاحِيَة وَالجِهَة، وَيُسْتَعَارُ الجَنْبُ للحَقِّ وَالشَّأْنِ**)، (**جنب و جانب**) یانی: لایەن و لا، دەشخوازرێتەوە بۆ ماف و پێگە، واتە: مافی خوام بە زایەدا، یان: لە بەرانبەر پێگەی بەرزی خوادا کەمتەرخەمییم کرد، لە ئاست خوادا کەمتەرخەم و بەزایە دەربووم.

﴿ عَلَىٰ مَا فَرَّطتُ ﴾، (**مَا: مَصْدَرِيَّة**)، مانایەکەی ئاوای لێ دێتەوە: (**عَلَى تَضِيِيْعِي وَتَفْرِيْطِي فِي جَنْبِ الله**)، بە هۆی بەزایەدانم و کەمتەرخەمییمەوە لە ئاستی خوادا ﷻ.

١١)- ﴿ وَإِن كُنتُ لَمِنَ ٱلسَّٰخِرِينَ ﴾، (**إنْ: مُخَفَّفَةٌ مِنَ المُثَقَّلَة**)، واتە: بە دڵنیایی من لە گاڵتەکەرانیش بووم، جیاوازیی ئەم (**إِن**)ە و، (**إِن النَّافِيَة**) چۆن دەزانی ئەم (**إن**)ە، سووککراوە (**مُخَفَّفَة**)یە لە قورسکراو (**مُثَقَّلَة**) و، بۆ تەئکید کردنەوەیە نەک بۆ لابردن؟ بەهۆی ئەو (ل)وە، ﴿ وَإِن كُنتُ لَمِنَ ٱلسَّٰخِرِينَ ﴾، ئەو (ل)ە کە دەچێتە سەر وشەی دوایی، بەوە دەزانین کە (**إن**)ەکەش بۆ تەئکیدەو (**ل**)ەمەکەش بۆ تەئکیدە، ئنجا ئەمە مانایەکەی ئاوای لێ دێتەوە: (**أَي: فَرَطْتُ تَفْرِيْطَ السَّاخِرِ لَا تَفْرِيْط الغَافِل**) واتە: من کەمتەرخەم بووم و بەزایەدەربووم، بەزایەدەرو کەمتەرخەمی گاڵتەپێکەر، نەک بێ ئاگاو نەشارەزا.

١٢)- ﴿أَوْ تَقُولَ لَوْ أَنَّ ٱللَّهَ هَدَىٰنِى لَكُنتُ مِنَ ٱلْمُتَّقِينَ﴾ یان بڵێ: ئەگەر خوا ڕاستەڕێی کردبام بێگومان لە پارێزکاران دەبووم، ئەمەش بادەدرێتەوە، سەر ئەوەی پێشەوە، واتە: (كَرَاهَةَ أَنْ تَقُولَ)، یان: (لأَنْ لَا تَقُولَ)، تاکو نەبادا بڵێ، یاخود: بۆ ئەوەی نەڵێ: ﴿لَوْ أَنَّ ٱللَّهَ هَدَىٰنِى﴾، ئەگەر خوا ﷻ ڕێنمایی کردبامایە، بە دڵنیایی من لە پارێزکاران دەبووم، ئنجا ئەم ڕستەیە: ﴿لَوْ أَنَّ ٱللَّهَ هَدَىٰنِى﴾، ئەگەر خوا ﷻ هیدایەتی دابام، دوو واتایان هەڵدەگرێ:

١- (أَنْزَلَ لِي الهِدَايَةَ)، ئەگەر خوا ﷻ ڕێنمایی بۆ دابەزاندبام.

٢- ئەگەر خوا ﷻ منی ڕاستە ڕێ کردبایە، یانی: خوا هیدایەتەکەی دابەزاند بوو، بەڵام ئەگەر خوا ﷻ منی ڕستە ڕێ کردبایە، بە دڵنیایی من لە پارێزکاران دەبووم.

(التَّقْوَى هُنَا هُوَ المُتَمَنَّى)، خۆزگە پێ خواستراوەکە تەقوایە، واتە: بۆ ئەوەی نەفسیک نەڵێ، یاخود نەبادا کەسێک بڵێ: ئەگەر خوا ﷻ منی ڕاستە ڕێ کردبایە، من لە پارێزکاران دەبووم، وەڵامی (لو)یش قرتێنراوە، واتە: ئەو کاتە بە ئامانج و ئاکام دەگەیشتم و، بەختەوەر دەبووم، بۆ ئەوەی کەسێک وانەڵێ، با ئێستا بگەڕێتەوە، نەوەک لە ڕۆژی دواییدا ئەو خۆزگەو بریایانە بڵێ، کە درەختی خۆزگەو بریا بۆ کەس بەری نەگرتووەو بەریش ناگرێ.

١٣)- ﴿أَوْ تَقُولَ حِينَ تَرَى ٱلْعَذَابَ لَوْ أَنَّ لِى كَرَّةً فَأَكُونَ مِنَ ٱلْمُحْسِنِينَ﴾، هەروەها بۆ ئەوەی کەسێک کاتێک کە سزاو ئازار دەبینێ، نەڵێ: ئەگەر جارێکم ببووایە (جارێک گەڕانەوە بۆ دنیا) ئنجا لە چاکەکاران بوومایە (ئاواتم دەهاتە دی).

(أل)ی سەر (العَذَاب) بۆ (عهد)ە، واتە: کەسێک کاتێک سزاو ئازارەکە دەبینێ، کە پێشتر باسکراوەو سزاو ئازاری دۆزەخە، ﴿لَوْ أَنَّ لِى كَرَّةً﴾، ئەگەر من جارێکم بۆ ببووایە، واتە: جارێک گەڕانەوەم ببووایە بۆ دنیا، (كَرَّةً: أي رَجْعَةً)، ﴿فَأَكُونَ مِنَ ٱلْمُحْسِنِينَ﴾، ئنجا لە چاکەکاران بوومایە، واتە: زیاد لە پارێزکردن، لە چاکەکارانیش بوومایە، یاخود چاکەم کردبایە لە جیاتی خراپە، ئەو کاتە ئاواتی من دەهاتە دی، کە دیارە وەڵامەکە قرتێنراوە، لەبەر ئەوەی بە سیاق و سەلیقە دیارە، خوا ﷻ دەفەرموێ:

١٤)- ﴿ بَلَىٰ قَدۡ جَآءَتۡكَ ءَايَٰتِي ﴾، با به دڵنیایی ئایەتەکانمت بۆ هاتن، (بَلَى) یانی: با، بەداخەوە هەندێک لەوانەی تەفسیری قورئانیان کردوە بە کوردیی (بَلَى)یان لەگەڵ (نَعَم)دا لێ تێکەڵ بووە، (نَعَم) بە کوردیی (بەڵێ)یە، بەڵام (بَلَى) لە کوردییدا (با)یە، ئەگەر یەکێک بە تۆ بڵێ: ئایا فلان ڕۆژە نەهاتم بۆ لات؟ ئەگەر هاتبێت دەڵێی: با ئەگەر بڵێی: بەڵێ، واتە: نەهاتووی، بەڵام کە گوتت: با، واتە: پشتگیریی دەکەی واتە: هاتووی، (**بَلَى: حَرْفٌ لإِبْطَالِ مَنْفِيٍّ، أَو مَا فِيْهِ رَائِحَةُ النَّفْيِ لِقَصْدِ إِثْبَاتِ مَا نُفِي قَبْلَهُ**)، (بَلَى): پیتێکە بۆ هەڵوەشاندنەوەی شتێکی لابراو، یاخود شتێک کە بۆنی لابردنی تێدا بێ، بە مەبەستی چەسپاندنی ئەو شتەی کە پێشتر لابراوە، واتە: ئەو مرۆڤە تاوانبارە، دەڵێ: ئەگەر خوا ﷻ ڕێنمایی کردبام، یان خوا ﷻ ڕاستە ڕێی کردبام، بە دڵنیایی لە پارێزکاران دەبووم، یان دوای ئەوەی سزا دەبینێ دەڵێ: ئەگەر گەڕانەوەیەکم بۆ هەبووایە، بێگومان لە چاکەکاران دەبووم، خوا ﷻ وەڵامی قسەی پێشێ دەداتەوەو دەفەرموێ: ﴿ بَلَىٰ قَدۡ جَآءَتۡكَ ءَايَٰتِي ﴾ با، ئایەتەکانی منت بۆ هاتن، ئەمە هەڵوەشاندنەوەی ئەو قسەیەتی کە دەڵێ: ﴿ لَوۡ أَنَّ ٱللَّهَ هَدَىٰنِي ﴾، ئەگەر خوا منی ڕێنمایی کردبایە، واتە: ڕاست ناکەی کە خۆزگە دەخوازی، ڕێنمایی خوات بۆ هاتبایە لە دنیادا، با! ئایەتەکانی منت بۆ هاتن، بەڵام:

١٥)- ﴿ فَكَذَّبۡتَ بِهَا وَٱسۡتَكۡبَرۡتَ وَكُنتَ مِنَ ٱلۡكَٰفِرِينَ ﴾، بە درۆت دانان و خۆت بە زلگرت و لە بێبڕوایان بووی، یانی: بە هۆی بە درۆ دانان و خۆ بەزلگرتنەوە، شایستەی ئەوە نەبووی خوا ﷻ ڕاستە ڕێت بکات، ئەگەرنا هیدایەت و ڕێنماییەکە لەبەر دەستتدا بوو، بەڵام خوا ڕاستە ڕێی نەکردی، کەواتە: ئەوەت ڕاست نیە، کە هیدایەتت بۆ نەهاتبێ، ڕێنماییت بۆ هاتوە، ئەوەش کە خوا ﷻ ڕاستە ڕێی نەکردووی ڕاستە، بەڵام لەبەر ئەوە ڕاستە ڕێی نەکردووی، چونکە تۆ ئایەتەکانت بە درۆ دانان و خۆت لە ئاستیاندا بە زلگرت، کەواتە: خەتای خۆت بوو ڕێی ڕاستگرتنت لە خۆت گرت، بۆ خۆت پەرچ و لەمپەرت لەبەردەم ڕێی ڕاست گرتنتی خۆتدا دانا.

﴿ وَكُنتَ مِنَ ٱلۡكَٰفِرِينَ ﴾، لە بێبڕوایانیش بووی، یاخود لە سپڵەو ناسپاسان بووی.

کورتە باسێک لە بارەی ئایەتی (٥٣)ەوە
کە ئومێد بەخشترین ئایەتە

سەرەتا دەڵێین:

لە تەفسیری سوورەتی (النساء)دا، لە کاتی تەفسیر کردنی ئایەتەکانی: (١٧ و ١٨)دا، باسێکی تارادەیەک تێروتەسەلمان لە بارەی (**توبة**)وە کردوە، هەروەها لە کتێبی :(گەڕانەوە بۆ لای خوا)دا، کە تاکو ئێستا شەش جاران چاپ کراوە، بە درێژیی لە بارەی گەڕانەوە بۆ لای خواو، لە بارەی ئەم ئایەتی ژمارە (٥٣)وەو حەوت هەشت ئایەتەکانی دواییشی، باسێکی تێرو تەسەلمان کردوە، چونکە ئەو ئایەتانە هەموویان پێکەوە پەیوەستن، بۆیە کەسێ بیەوێ لە بارەی گەڕانەوە بۆ لای خواوە، زیاتر بەرچاو ڕوون بێ، دەتوانێ بگەڕێتەوە بۆ ئەو سەرچاوانەی باسمان کردن، هەروەها لە هەر کام لە کتێبی: (ڕێگای صاڵح بوون و بەرەو خوا چوون)[1]و، لە کتێبی (گیانی ژیان)یشدا لە بارەی گەڕانەوە بۆ لای خواوە، قسەمان کردوە.

لە دوو تەوەریش دا لە بارەی ئەم ئایەتە موبارەکەوە، دەدوێین:

تەوەری یەکەم: ئومێد بەخشترین ئایەت لە قورئان دا:

ئایەتی ژمارە (٥٣) کە دەقەکەی ئەمەیە: ﴿ قُلۡ يَـٰعِبَادِيَ ٱلَّذِينَ أَسۡرَفُواْ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمۡ لَا تَقۡنَطُواْ مِن رَّحۡمَةِ ٱللَّهِۚ إِنَّ ٱللَّهَ يَغۡفِرُ ٱلذُّنُوبَ جَمِيعًاۚ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلۡغَفُورُ ٱلرَّحِيمُ ٥٣ ﴾الزمر، ئەم ئایەتە لە لای زۆربەی هەرە زۆری زانایان، بە ئومێد بەخشترین ئایەت لە قورئاندا (**أَرْجَى أَيَةٍ فِي القُرآن**) دانراوە، لەو بارەوەش زانایان زۆر

---

(١) بڕوانە: چاپی شەشەمی: ٢٠٢١ز.

قسەیان كردوە، هەڵبەتە ئایەتی ئومێد بەخش بۆ تاوانبارن و لادەران و گوناهباران زۆرن، بەڵام ئەم ئایەتە زۆربەی زانایان بە ئومێد بەخشترین و دڵخۆشكەرترین فەرمایشتی خوایان داناوە لە قورئاندا، بۆ گوناهباران و تاوانباران و، كەسانێك كە دەیانەوێ بۆ لای خوا بگەڕێنەوە، لەو بارەوە گێڕدراوە (رواية)یەك هەیە، هەرچەندە سەنەدەكەی بەهێز نیە، بەڵام تیشك دەخاتە سەر چەمك و واتای ئەم ئایەتەو، زۆربەی تەفسیرەكانیش هێناویانە، منیش بە باشم زانی بیهێنم:

كە ئەمە دەقەكەیەتی: {أَتَى وَحْشِيٌّ إِلَى النَّبِيِّ ﷺ، فَقَالَ: يَا مُحَمَّدُ! أَتَيْتُكَ مُسْتَجِيراً، فَأَجِرْنِي حَتَّى أَسْمَعَ كَلَامَ اللَّهِ، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «قَدْ كُنْتُ أُحِبُّ أَنْ أَرَاكَ عَلَى غَيْرِ جِوَارٍ، فَأَمَّا إِذْ أَتَيْتَنِي مُسْتَجِيراً فَأَنْتَ فِي جِوَارِي، حَتَّى تَسْمَعَ كَلَامَ اللَّهِ» قَالَ: فَإِنِّي أَشْرَكْتُ بِاللَّهِ، وَقَتَلْتُ النَّفْسَ الَّتِي حَرَّمَ اللَّهُ وَزَنَيْتُ، هَلْ يَقْبَلُ اللهُ مِنِّي تَوْبَةً؟ فَصَمَتَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ حَتَّى نَزَلَتْ: ﴿وَٱلَّذِينَ لَا يَدْعُونَ مَعَ ٱللَّهِ إِلَٰهًا ءَاخَرَ وَلَا يَقْتُلُونَ ٱلنَّفْسَ ٱلَّتِي حَرَّمَ ٱللَّهُ إِلَّا بِٱلْحَقِّ وَلَا يَزْنُونَ ۚ وَمَن يَفْعَلْ ذَٰلِكَ يَلْقَ أَثَامًا ﴿٦٨﴾﴾ الفرقان، إِلَى آخِرِ الْآيَةِ، فَتَلَاهَا عَلَيْهِ، فَقَالَ: أَرَى شَرْطاً فَلَعَلِّي لَا أَعْمَلُ صَالِحاً، أَنَا فِي جِوَارِكَ حَتَّى أَسْمَعَ كَلَامَ اللَّهِ. فَنَزَلَتْ: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَغْفِرُ أَن يُشْرَكَ بِهِۦ وَيَغْفِرُ مَا دُونَ ذَٰلِكَ لِمَن يَشَآءُ ﴿٤٨﴾﴾ النساء، فَدَعَا بِهِ فَتَلَا عَلَيْهِ، قَالَ: فَلَعَلِّي مِمَّنْ لَا يَشَاءُ، أَنَا فِي جِوَارِكَ حَتَّى أَسْمَعَ كَلَامَ اللَّهِ، فَنَزَلَتْ: ﴿يَٰعِبَادِيَ ٱلَّذِينَ أَسْرَفُوا۟ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمْ لَا تَقْنَطُوا۟ مِن رَّحْمَةِ ٱللَّهِ ﴿٥٣﴾﴾ فَقَالَ: نَعَمِ الْآنَ لَا أَرَى شَرْطاً فَأَسْلَمَ} (أَخْرَجَهُ الْبَيْهَقِيُّ: ٧١٤٠ ، وَذَكَرَهُ الْهَيْثَمِي فِي المجمع: ج٧، ص١٠٠ و ١٠١، وَقَالَ: رَوَاهُ الطَّبراني فِي الأوسط وفيه (أبين بن سفين) ضَعَّفه الذهبي).

واتە: وەحشیی هات بۆ لای پێغەمبەر ﷺ گوتی: ئەی موحەممەد! هاتووم پەنام پێ بردووی، {هاتوومە پەناتەوە، لە نێو عەرەباندا عادەتێك هەبووە پێی گوتراوە: (جِوَار) پەنام بە تۆ هێناوەو پەنام بدە}، بۆ ئەوەی گوێم لە فەرمایشتی خوا بێ، {لە سوورەتی (التوبة)دا، خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿وَإِنْ أَحَدٌ

مِّنَ ٱلۡمُشۡرِكِينَ ٱسۡتَجَارَكَ فَأَجِرۡهُ حَتَّىٰ يَسۡمَعَ كَلَٰمَ ٱللَّهِ ثُمَّ أَبۡلِغۡهُ مَأۡمَنَهُۥۚ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمۡ قَوۡمٞ لَّا يَعۡلَمُونَ ﴿٦﴾، واتە: ئەگەر یەكێک لە هاوبەش بۆ خوادانەران، داوای پەنای لێ كردی، پەنای بدە، تاكو گوێبیستی فەرمایشتی خوا دەبێ، دوایی بیگێڕەوە بۆ شوێنی، جێی دڵنیایی خۆی، ئەویش بەهۆی ئەوەوە كە نایزانن، كە لە تەفسیری سوورەتی (التوبة)دا، لەو بارەوە بە تەفسیل قسەمان كردوە}، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: من حەزم دەكرد كە بەبێ پەنادان خواستن تۆ ببینم، بەڵام ئێستا كە وەک پەنابەر هاتووی، تۆ لە پەنای مندای، (لە سێبەری ئێمەدای)، هەتاكو گوێت لە فەرمایشتی خوا دەبێ.

وەحشیی گوتی: من هاوبەشم بۆ خوا داناوەو، ئەو نەفسەی خوا قەدەغەی كردوە، كوشتوومە، (بە تایبەت بكوژی حەمزەی مامی پێغەمبەر بووە ﷺ)، هەروەها زیناشم كردوە، ئایا خوا ﷻ گەڕانەوەم لێ وەردەگرێ؟ پێغەمبەری خوا ﷺ بێ دەنگ بوو، هەتا ئەم ئایەتە دابەزی لە سوورەتی (الفرقان)دا كە خوا ﷻ دەفەرمووێ: ﴿وَٱلَّذِينَ لَا يَدۡعُونَ مَعَ ٱللَّهِ إِلَٰهًا ءَاخَرَ وَلَا يَقۡتُلُونَ ٱلنَّفۡسَ ٱلَّتِي حَرَّمَ ٱللَّهُ إِلَّا بِٱلۡحَقِّ وَلَا يَزۡنُونَۚ وَمَن يَفۡعَلۡ ذَٰلِكَ يَلۡقَ أَثَامٗا ﴿٦٨﴾﴾، تا كۆتایی، پێغەمبەر ﷺ بە سەریدا خوێندەوە، وەحشیی گوتی: مەرجێک دەبینم، ڕەنگە نەگونجێ كردەوەی باش بكەم، (چونكە دوای ئەوە دەفەرمووێ: ﴿إِلَّا مَن تَابَ وَءَامَنَ وَعَمِلَ عَمَلٗا صَٰلِحٗا فَأُوْلَٰٓئِكَ يُبَدِّلُ ٱللَّهُ سَيِّـَٔاتِهِمۡ حَسَنَٰتٖۗ وَكَانَ ٱللَّهُ غَفُورٗا رَّحِيمٗا ﴿٧٠﴾﴾الفرقان)، بۆیە گوتی: من هەر لە پەنای تۆدامە، هەتا گوێم لە فەرمایشتی خوا دەبێت، (واتە: تاكو ئایەتێک دەبیستم كە قەناعەتم پێ بێ كە بگەڕێمەوە).

ئنجا ئەو ئایەتەی ژمارە (٤٨)ی سوورەتی (النساء) دابەزی، كە دەفەرمووێ: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَغۡفِرُ أَن يُشۡرَكَ بِهِۦ وَيَغۡفِرُ مَا دُونَ ذَٰلِكَ لِمَن يَشَآءُۚ وَمَن يُشۡرِكۡ بِٱللَّهِ فَقَدِ ٱفۡتَرَىٰٓ إِثۡمًا عَظِيمًا ﴿٤٨﴾﴾، {بێگومان خوا ﷻ لەوە نابوورێ هاوبەشی بۆ دابنرێ، بەڵام جگە لەوە لە هەر كەسێک دەبوورێ، كە بیەوێ، هەر كەسێكیش هاوبەش

بۆ خوا دابنێ، ئەوە درۆیەكی مەزنی بۆ خوا هەڵبەستوە}، پێغەمبەریش بانگی كردو ئایەتەكەی بەسەردا خوێندەوە، وەحشیی گوتی: ڕەنگە من ئەو كەسە بم، كە خوا ﷻ نایەوێ لە من خۆش بێ، بۆیە من هەر لە پەنای تۆدام، هەتا گوێم لە فەرمایشتی خوا دەبێ.

ئنجا ئەم ئایەتە دابەزی: ﴿قُلْ يَٰعِبَادِىَ ٱلَّذِينَ أَسْرَفُوا۟ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمْ لَا تَقْنَطُوا۟ مِن رَّحْمَةِ ٱللَّهِ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ يَغْفِرُ ٱلذُّنُوبَ جَمِيعًا ۚ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلْغَفُورُ ٱلرَّحِيمُ ﴿٥٣﴾﴾ الزمر، ئیدی وەحشیی گوتی: بەڵێ ئێستا هیچ مەرجێک نابینم و مسوڵمان بوو.

وەک گوتم: ئەم گێڕدراوەیە تیشكی زیاتر دەخاتە سەر چەمك و واتای ئەم ئایەتە موبارەكەو، زیاتر دەبێتە بەڵگە، كە ئەم ئایەتە موبارەكە ئومێد بەخشترین ئایەتە لە قورئاندا، بۆ كەسانێک كە بگەڕێنەوە بۆ لای خوا ﷻ هەمووشمان پێویستییمان بە گەڕانەوە بۆ لای خوا هەیە، وەک لە كتێبی: (گەڕانەوە بۆ لای خوا)دا، باسم كردوە، كە گەڕانەوە بۆ لای خوا ﷻ بەگشتیی سیفەتی بڕوادارانە، بەڵكو پێغەمبەران لە هەموو كەس زیاتر گەڕاونەوە بۆ لای خوا، گەڕانەوەش بۆ لای خوا، تەنیا ئەوە نیە كە لە گوناهەوە بۆ فەرمانبەریی بگەڕێیەوە، بەڵكو گەڕانەوە بۆ لای خوا، جاری وایە لە كوفرو شیركەوەیە بۆ ئیمان و خوا بەیەكگرتن و، جاری وایە لە نیفاقەوەیە، نیفاق و موخەننەتیی بۆ مسوڵمانەتیی ساغ و ڕاست و، جاری وایە لە ئیلحادەوە هەیە بۆ خواناسیی و، جاری واش هەیە لە گوناهو تاوانەوەیە بۆ فەرمانبەریی و، جاری واش هەیە لە فەرمانبەرییەكی كەمەوەیە بۆ فەرمانبەرییەكی باشترو، جاری واش هەیە، لە فەرمانبەرییەكی زۆر باشیشەوەیە، بەڵام گەڕانەوە بۆ لای خوایە، كە بڵێی: خوایە! ئەو تاعەت و فەرمانبەرییەی من ئەنجامی دەدەم، ئەگەر زۆر زۆر باشیش بێ، بەڵام شایانی تۆ نیەو، شایستەی مەقامی بەرزی تۆ نیە، كە پێغەمبەران بەو جۆرە گەڕانەوەیە بۆ لای خوا گەڕاونەوە.

تەوەری دووەم: دە (١٠) بەڵگە لەسەر ئومێد بەخشترین بوونی ئەم ئایەتە:

٢)- (**فخر الدين الرازي**) ڕەحمەتی خوای لێ بێ لە تەفسیرەکەی خۆیدا: (**مفاتيح الغيب**)[1]، کە بە (**التفسير الكبير**)یش ناسراوە، بە دە (١٠) بەڵگە ئەم ئایەتە شیی دەکاتەوە، کە ئومێد بەخشترین ئایەتە لە قورئاندا، ئێمەش بە تەعبیرو دارشتنەوەی خۆمان و کەم و زیاد کردنەوە لێی دەخوازینەوە:

١- دەڵێ: (**سَمَّى الْمُذْنِبَ بِالْعَبْدِ**)، ﴿قُلْ يَـٰعِبَادِىَ﴾، گوناهباری بە بەندەی خۆی پێناسەی کردوە، ئنجا مادام بەندەی خۆی بێ، ئەوە مەدحە، یاخود بە لای کەمەوە ئومێد پێ بەخشینی تێدایە، کە تۆ هەر بەندەی خوای، ئەگەر گوناهباریش بی و، بگرە بێ ئیمانیش بی، هەر بەندەی خوای.

٢- (**أَضَافَهُمْ إِلَى نَفْسِهِ**)، ﴿يَـٰعِبَادِىَ ٱلَّذِينَ﴾، پاڵیداونە لای خۆی: بەندەکانی من، ئەوەش بەڵگەیەکی دیکەیە کە ئەو ئایەتە جێی دڵخۆشیی و ئومێدە.

٣- کە فەرموویەتی: ﴿أَسْرَفُوا۟ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمْ﴾، (**فَسَمَّى الذَّنْبَ إِسْرَافًا**)، گوناهەکەی ناو ناوە زێدەڕۆیی، ئنجا فەرمووشیەتی: (**عَلَى أَنفُسِهِم**) واتە: زێدەڕۆییتان کردوە لە دژی خۆتان، واتە: گوناهو تاوانەکە بە زیانی خۆتانە، ئەگەرنا هیچ زیانێکی بە خوا نەگەیاندوە.

٤- کە فەرموویەتی: ﴿لَا تَقْنَطُوا۟ مِن رَّحْمَةِ ٱللَّهِ﴾، کەواتە: بە هیوای بەزەیی خوابن، چونکە فەرموویەتی: لە بەزەیی خوا نائومێد مەبن، کەواتە: ئومێدەواربن بە بەزەیی خوا.

٥- کە فەرموویەتی: ﴿مِن رَّحْمَةِ ٱللَّهِ﴾، نەیفەرمووە: (**مِنْ رَحْمَتِي**) بەڵکو فەرموویەتی: (**مِن رَحْمَةِ اللَّهِ**)، ئنجا ڕەحمەتێک پاڵبدرێتە لای خوا، کە خوا ﷻ خاوەنی هەموو ئەو سیفەت و خەسڵەتە بەرزو پەسندانەیە، کە هیچیان سنووریان نیە، نە بەزەیی خوا ﷻ سنووری هەیە، نە لێ خۆشبوونەکەی، نە کەرەم و بەخشینی، نە حیکمەتی، هیچکام لەو سیفەتانەی خوا ﷻ سنووریان نیە.

---

(١) ج: ٢٧، ص: ٥٠٤.

٦- کە دەفەرموێ: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ يَغۡفِرُ﴾، بە دڵنیایی خوا دەپۆشێ، دەبوورێ، نەیفەرمووە: (إِنَّهُ يَغْفِرُ)، (إِنَّ ٱللَّهَ يَغۡفِرُ﴾، کە باسی خوا ﷻ دەکات، ناوی خوا (ألله) دەهێنێ، مانای وایە خوا ﷻ بە هەموو سیفەتەکانیەوە باسی دەکرێ.

٧- کە دەفەرموێ: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ يَغۡفِرُ ٱلذُّنُوبَ جَمِيعًا﴾، واتە: لە تێکڕای گوناهان دەبوورێ، وێکڕا، واتە: پێکەوە لە هەموو گوناهەکان دەبوورێ، ئەگەر تەوبەیەکی ڕاست و چاک بکرێ.

٨- کە دەفەرموێ: ﴿إِنَّهُۥ هُوَ ٱلۡغَفُورُ﴾، بە دڵنیایی هەر ئەو زۆر لێبوردەیە، وەسفی خۆی کردوە بە لێبوردن و لێبوردنیشی لە خۆیدا کورت هەڵێناوە، ﴿إِنَّهُۥ هُوَ ٱلۡغَفُورُ﴾، بە دڵنیایی هەر ئەو زۆر لێبوردەیە.

٩- هەروەها خوا عزوجل بە بەزەییش خۆی پێناسە کردوە: ﴿إِنَّهُۥ هُوَ ٱلۡغَفُورُ ٱلرَّحِيمُ﴾، واتە: لە گوناهەکانیش دەبوورێ و بەزەییش دەنوێنێ.

١٠- بە شێوازی کورتهەڵێنان خۆی بە لێبوردەو بە بەزەیی پێناسە کردوە: ﴿إِنَّهُۥ هُوَ ٱلۡغَفُورُ ٱلرَّحِيمُ﴾، بە هۆی ڕاناوی جیاکردنەوە (ضَمِيْر الفَصْل)ەوە، جارێ بە هۆی (إِنَّ)ە، کە ئامرازی جەختکرنەوەیەو، پاشان (هُوَ) کە پێی دەگوترێ: ڕاناوی جیا کردنەوە (ضَمِيْر الفَصْل) واتە: بەس ئەو زۆر لێبوردەیەو، زۆریش میهرەبان و بە بەزەییە.

لە کۆتایی ئەم کورتە باسەدا، ئەم فەرمایشتەی پێغەمبەریش ﷺ دێنین:

{عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﷺ، قَالَ: خَرَجَ النَّبِيُّ ﷺ عَلَى رَهْطٍ مِنْ أَصْحَابِهِ يَضْحَكُونَ وَيَتَحَدَّثُونَ، فَقَالَ: وَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ، لَوْ تَعْلَمُونَ مَا أَعْلَمُ لَضَحِكْتُمْ قَلِيلًا، وَلَبَكَيْتُمْ كَثِيراً، ثُمَّ انْصَرَفَ وَأَبْكَى الْقَوْمَ، وَأَوْحَى اللَّهُ إِلَيْهِ: يَا مُحَمَّدُ، لِمَ تُقَنِّطُ عِبَادِي؟ فَرَجَعَ النَّبِيُّ ﷺ فَقَالَ: أَبْشِرُوا، وَسَدِّدُوا، وَقَارِبُوا} (أخرجه البخاري في الأدب المفرد: ٢٥٤، وإسناده حسن).

واتە: ئەبوو هورەیرە ﷺ دەگێڕێتەوە، دەڵێ: ڕۆژێک پێغەمبەر ﷺ چووە لای کۆمەڵێک لە هاوەڵانی، لەو کاتەدا قسەیان دەکردو پێدەکەنین، ئەویش فەرمووی: سوێند بەو زاتەی گیانی منی بە دەستە، ئەگەر ئەوەی من دەیزانم، ئێوە زانیباتان، کەم پێدەکەنین و زۆر دەگریان، دوایی ڕۆیشت، خەڵکەکەی گریاند، خوا ﷻ سرووشی بۆ کرد، ئەی موحەممەد! بۆچی بەندەکانی من نائومێد دەکەی؟ ئیدی پێغەمبەر گەڕایەوە بۆ لایان و فەرمووی: موژدەتان لێ بێ و هەوڵبدەن ڕێی ئێوە ڕاست بگرن، خۆتان نزیک بخەنەوە.

واتە: ئەگەر نەتانتوانی ڕێک بە ڕێدا بڕۆن، خۆتان نزیک بخەنەوە، ئەوەندەی بۆتان دەگونجێ لە خەتی ئێوە ڕاست و لە پێکانی ئامانج، بخەفتێن.



مەسەلەی دووەم:

لە ڕۆژی قیامەتدا، ئەوانەی درۆیان بۆ خوا ﷻ هەڵبەستوە (گوتوویانە: هاوبەشی هەن، یان ڕۆڵەی هەن)، ڕوویان ڕەش هەڵدەگەڕێ و دۆزەخیش جێگایانە، ئەوانەش کە پارێزیان کردوە، خوا ﷻ بەهۆی سەرفرازییانەوە، دەربازیان دەکات و، هیچ زیان و دڵتەنگییان تووش نابێ:

خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ وَيَوْمَ الْقِيَامَةِ تَرَى الَّذِينَ كَذَبُوا عَلَى اللَّهِ وُجُوهُهُم مُّسْوَدَّةٌ ۚ أَلَيْسَ فِي جَهَنَّمَ مَثْوًى لِّلْمُتَكَبِّرِينَ ﴿٦٠﴾ وَيُنَجِّي اللَّهُ الَّذِينَ اتَّقَوْا بِمَفَازَتِهِمْ لَا يَمَسُّهُمُ السُّوءُ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ ﴿٦١﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم دوو ئایەتە، لە پێنج بڕگەدا:

١)- ﴿ وَيَوْمَ الْقِيَامَةِ تَرَى الَّذِينَ كَذَبُوا عَلَى اللَّهِ وُجُوهُهُم مُّسْوَدَّةٌ ﴾، هەروەها لە ڕۆژی هەڵسانەوەدا، (بێگومان (و)ەکە بۆ بادانەوەو گێڕانەوەیە، ئەم ڕستەیە دەیگێڕێتەوە بۆ یەکێک لە ڕستە پێشووەکان)، ئەوانەی درۆیان بۆ خوا ﷻ هەڵبەستوە، دەیانبینی ڕوویان ڕەشهەڵگەڕاوە، (**كَذَبُوا عَلَى اللَّه: نَسَبُوا إِلَيْهِ مَا هُوَ مُنَزَّهٌ عَنْهُ**)، درۆیان بە ناوی خواوە هەڵبەستوە، واتە: شتێکیان پاڵداتەوە لای خوا ﷻ، کە خوا لەوە پاک و دوورە، کە دەفەرموێ: ﴿ وُجُوهُهُم مُّسْوَدَّةٌ ﴾، ئەمە وەک ئەو ئایەتەی سوورەتی (آل **عمران**)ە، کە دەفەرموێ: ﴿ يَوْمَ تَبْيَضُّ وُجُوهٌ وَتَسْوَدُّ وُجُوهٌ ﴿١٠٦﴾ ﴾، واتە: ئەو ڕۆژەی کە هەندێک ڕوو سپیی و درەوشاوە دەبن و، هەندێک ڕوو ڕەش و تڵخ دەبن، کە بە تەئکید ڕووی ئەهلی ئیمان سپیی و گەش و درەوشاوە دەبن، ڕووی ئەهلی کوفرو تاوان، ڕەش و تڵخ دەبن، ئنجا خوا ﷻ دەفەرموێ:

٢)- ﴿ أَلَيْسَ فِي جَهَنَّمَ مَثْوًى لِّلْمُتَكَبِّرِينَ ﴾، ئایا لە دۆزەخدا جێگای حەوانەوە بۆ خۆ بەزلگران نیە؟! ئەوانە خۆ بەزلگربوون لە بەرانبەر پەیامی خواو، لە بەرانبەر

پێغەمبەری خوادا ﷺ بۆیە جێگەی حەوانەوەیان، ئەگەر هەبێ، شوێنێک کە تێیدا پشوو بدەن، بریتیە لە دۆزەخ، چونکە (مَثْوَى) ناوی شوێنە، (ثَوَاء) بە مانای پشوودان و ئیسراحەت کردنە، کە ئەمە بە توانجەوە خوا ﷻ دەیفەرموێ، ئەگەرنا بۆ ئەهلی دۆزەخ، پشوودان و ئیسراحەت و سرەوتن نیە.

لە بارەی خۆ بەزلگرییەوە کە سیفەتێکی زۆر خراپە، خوا ﷻ لە چەند شوێندا لە قورئاندا بێبڕوایانی ناحەزی خۆی بەو سیفەتە دزێوە پێناسە کردوە، لەو بارەوەش ئەو فەرمایشتەی پێغەمبەر ﷺ دێنین، کە دەفەرموێ:

{يُحْشَرُ الْمُتَكَبِّرُونَ يَوْمَ الْقِيَامَةِ، أَمْثَالَ الذَّرِّ، فِي صُوَرِ النَّاسِ، يَعْلُوهُمْ كُلُّ شَيْءٍ مِنَ الصَّغَارِ، حَتَّى يَدْخُلُوا سِجْنًا فِي جَهَنَّمَ} (أخرجه أحمد: ٦٦٧٧، تعليق شعيب الأرنؤوط: إسناده حسن).

واتە: خۆ بەزلگرەکان لە ڕۆژی قیامەتدا، وەک مێرووی گچکە کۆدەکرێنەوە، لە شێوەی مرۆڤدا، زەبوونیی و گچکەیی پێیانەوە پەیوەست دەبێ، تاکو دەخرێنە نێو زیندانێک لە دۆزەخدا.

خوا پەنامان بدات، ئنجا ئەگەر ئەوە حاڵی کەسانێکە کە درۆیان بۆ خوا هەڵبەستوەو، لە بەرانبەر پەیامی خوا ﷻو پێغەمبەری خوادا ﷺ خۆیان بە گەورە گرتوە، با بزانین ئەهلی ئیمان چۆنن؟

٣)- ﴿وَيُنَجِّي ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ٱتَّقَوْاْ بِمَفَازَتِهِمْ﴾، خوا ﷻ ئەوانەی پارێزیان کردوە، بەهۆی سەرفرازییانەوە، قوتاریان دەکات، (**مَفَازَة**) خوێندراویشەتەوە: (**مَفَازَات**)، (**لِمَفَازَاتِهِمْ**)، (**المَفَازَةُ: مَصْدَرُ مِيْمِيٌّ لِلْفَوْزِ، أو إِسْمٌ لِلفَلَاةِ لأَنَّهَا مَكَانُ الفَوْزِ**)، (**مَفَازَة**) یان چاوگێکی میمییە لە وشەی (**فَوْز**)، (**فَوْز**)یش یانی: سەرفرازیی و ڕزگاربوون، دەرباز بوون، یاخود (**مفازة**) ناوە بۆ دەشت، لەبەر ئەوەی مرۆڤ ئەگەر بکەوێتە دەشت، مانای وایە دەربازی بووە، لە دەریا دەربازی بووەو، لە چیاییەک کە لێی عاسێ بووە، ئەگەر بێتە خوارێ، دەربازی بووە، خوا ﷻ ئەوانەی کە پارێزیان کردوە، بە هۆی سەرفرازییانەوە،

ئەو سەرفرازییەی کە ئەنجامی تەقواو کردەوەی باشیانە، دەربازو قوتاریان دەکات لە سزای دۆزەخ.

٤)- ﴿ لَا يَمَسُّهُمُ ٱلسُّوٓءُ ﴾، زیانیان تووش نابێ، ناڕەحەتییان تووش نابێ.

٥)- ﴿ وَلَا هُمۡ يَحۡزَنُونَ ﴾، خەفەتیش داناگرن، واتە: نە لە ڕووی جەستەییەوە زیان و ناڕەحەتییان تووش دێ، نە لە ڕووی دەروونییشەوە، خەم و پەژارە دادەگرن.

ئنجا: ﴿ لَا يَمَسُّهُمُ ٱلسُّوٓءُ وَلَا هُمۡ يَحۡزَنُونَ ﴾، ئەمە ڕوونکەرەوەی ڕستەی پێشێیە، کە دەفەرموێ: ﴿ وَيُنَجِّى ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ٱتَّقَوۡاْ بِمَفَازَتِهِمۡ ﴾، خوا ﷻ ئەوانەی پارێزیان کردوە بە هۆی سەرفرازییانەوە، دەربازیان دەکات، ئنجا ڕوونی دەکاتەوە دەربازکردنەکەی خوا ﷻ بۆ ئەوان چییە؟ ئەوەیە کە ناڕەحەتیی و زیانیان تووش نابێ، لە ڕووی جەستەییەوە، هەروەها لە ڕووی دەروونییشەوە خەم و پەژارە داناگرن.

پسپۆڕانی زمان گوتوویانە: (**جَاءَ نَفِيُ السُّوءِ بِالْجُمْلَةِ الفِعْلِيَّةِ، إِذْ أَهْلُ النَّارِ فِي حَالَةِ مَسِّ سُوءٍ مُتَجَدِّدٍ، وَجَاءَ نَفِيُ الحُزْنِ بِالْجُمْلَةِ الإِسْمِيَّةِ**): ﴿ لَا يَمَسُّهُمُ ٱلسُّوٓءُ وَلَا هُمۡ يَحۡزَنُونَ ﴾، واتە: لابردنی خراپەو زیان بە ڕستەی کرداریی هاتوە، ﴿ لَا يَمَسُّهُمُ ٱلسُّوٓءُ ﴾، بۆیەش بە ڕستەی کردارییە، چونکە خەڵکی نێو ئاگر هەمیشە لە حاڵەتی تازە بوونەوەی زیان و ئازارو ئەشکەنجەدان، بەڵام لابردنی خەم و خەفەت بە ڕستەی ناویی هاتوە، ﴿ وَلَا هُمۡ يَحۡزَنُونَ ﴾، هەروەها ئەوان پەژارە داناگرن، (**وَذَلِكَ لِإِنَّ شَأْنَ الأَسْوَاءِ الْجَسَدِيَّةِ تَجَدُّدُ آلآمِهَا، وَشَأْنُ الْأَكْدَارِ الْقَلْبِيَّةِ دَوَامُ الْإِحْسَاسِ بِهَا**)، بەڕاستیی شیکردنەوەیەکی جوانە.

واتە: لەبەر ئەوەی ئازارە جەستەییەکان حاڵەتیان وایە، کە دووبارە دەبنەوە، بەڵام حاڵەتە دەروونییەکان، بەردەوام مرۆڤ هەستیان پێ دەکات، بۆیە پێویستی نەکردوە باسی تازە بوونەوەیان بکرێ.

مەسەلەی سێیەم:

ڕاگەیاندنی ئەو ڕاستییە کە خوا ﷻ بەدیهێنەری هەموو شتێکەو سەرپەرشتیاریەتی و، کلیلەکانی ئاسمانەکان و زەویش تەنیا بە دەست وین، ئەوانەی بێبڕواشن بە ئایەتەکانی خوا، ئەوانەن زیانباران و ڕەنجەڕۆیانی ڕاستەقینەن:

خوا ﷻ دەفەرمویٚ: ﴿ٱللَّهُ خَٰلِقُ كُلِّ شَيۡءٖۖ وَهُوَ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ وَكِيلٞ ٦٢ لَّهُۥ مَقَالِيدُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِۗ وَٱلَّذِينَ كَفَرُواْ بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِ أُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡخَٰسِرُونَ ٦٣﴾.

شیکردنەوەی ئەم دوو ئایەتە، لە پێنج بڕگەدا:

١)- ﴿ٱللَّهُ خَٰلِقُ كُلِّ شَيۡءٖ﴾، خوا بەدیهێنەری هەموو شتێکە، واتە: هەر شتێک کە دروستکراو و وەدیهێندراو بێ، خوا ﷻ بەدیهێنەرو پەیداکەریەتی، بەڵام ئەو شتانەی سیفەتی مەخلووقیان بەسەردا ناچەسپێ، پەکیان لەسەر بەدیهێنەر (خالق) نەکەوتوە، بەڵام هەر شتێک کە مەخلووق بێ و بەدیهاتبێ و بەدیهێنرابێ، بە تەئکید بەدیهێنەرەکەی و پەیداکەرەکەی خوایە ﷻ چونکە هیچ پەیدابوویەک بەبێ پەیداکەر نابێ، تەنیا خواش ﷻ توانای وەدیهێنانی شتەکانی هەیە لە نەبوونەوە.

٢)- ﴿وَهُوَ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ وَكِيلٞ﴾، ئەو (خوا ﷻ)یش بەسەر هەموو شتێکەوە سەرپەرشتیارە، (**وَكِيْل**) لە ئەصڵدا (**فَعِيْل بِمَعْنَى مَفْعُول**)ە، واتە: (**مَوْكُول إِلَيْهِ**) کار پێ سپێردراو، خوا ﷻ بەسەر هەموو شتێکەوە کار پێ سپێردراوە، واتە: چارەنووس و کاروباری هەر شتێک بە دەست خوایە ﷻ، (**الوَكِيْلُ: المُتَصَرِّفُ فِي شَيء بِدُونِ تَعْقِيْبٍ**)، (وكيل): بریتیە لە کەسێک دەستوەردان لە شتێکدا دەکات و دەستکاریی دەکات، بێ ئەوەی کەس بە دوایدا بچێ، یان کەسێک بتوانێ بڵێ: بۆچی واتکردو بۆ واتنەکرد؟!

٣)- ﴿لَّهُۥ مَقَالِيدُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ﴾، کلیلەکانی ئاسمانەکان و زەوی هی وین، بە دەست وین، (**مَقَالِيْد**) کۆی (**إِقْلِيْد**)ە، هەندێک گوتوویانە: (**إِقْلِيْد**)یش لە فارسییەوە

بە عەرەبیی کراوە، لە (كِلِيْد)ی فارسییەوەیە کە بە کوردییش دەڵێین: کلیل، زۆریش پێدەچێ وابێ، چونکە دوایی کە دەگەڕێین بۆ ڕیشەی (مَقَالِيْد) لە زمانی عەرەبییدا، نایبینینەوە، کەواتە: وەک چۆن (**سُنْدُس، إِسْتَبْرَق، زَرَابِيِّ، سَجِّيل**)، ئەوانە لە ئەسڵەکە یان ڕۆمیین، یان فارسیین، ئەوانیش لەوانەیە بگەڕێنەوە بۆ کوردیی، بۆ وێنە: (**زَرَابِيِ**) کە کۆی (**زربِيّ**)یە، لە ئەسڵدا لە (ژێر پێ)وە هاتوە، (**سِجِّيل**) کە (**سنج جلَ**)ە، لە سەنگی گڵەوەیە، واتە: بەردی قوڕ، ئەوانە ئەسڵەکەیان فارسییەو فارسییش لەگەڵ کوردیی دا ڕیشەکەیان یەکە، هەروەها لەگەڵ زمانەکانی دیکەی (ئوردو هیندیی)و هەموویان ڕیشەیان یەکە، کە زمانە (هیندو ئورووپییەکان)یان پێ دەڵێن، ئنجا (**مَقَالِيْد**) کۆی (**إِقْلِيْد**)ە، (**إِقْلِيْد**) واپێدەچێ لە کلیدی فارسییەوە هاتبێ، واتە: کلیل، کە بە (**مَقَالِيْد**) کۆ دەکرێتەوە، خوا ﷻ کە دەفەرموێ: کلیلەکانی ئاسمانەکان و زەوی بە دەست وین، واتە: کلیلی خەزێنەکان و کلیلی دەروازەی نهێنییەکان، تەنیا بەدەست خوای پەروەردگارەوەن، هەڵبەتە ڕایەکی دیکەش هەیە کە وشەی (**مَقَالِيْد**) کۆی (**إِقْلِيْد**)بێ، کە لە (**إِقْلِيْدِس**)ەوە هاتوەو وشەیەکی ڕۆمییە، ئەویش بە مانای کلیلە.

ئنجا دوای ئەوەی خوا ﷻ خۆی بەو سێ وەسفە سەرەکییە پێناسە کرد، بەدیهێنەری هەموو شتێکە، سەرپەرشتیارو کارپێ سپێردراوو پارێزەری هەموو شتێکە، کلیلی ئاسمانەکان و زەوی بەدەستە، ئنجا دەفەرموێ:

٤)- ﴿ وَٱلَّذِينَ كَفَرُواْ بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِ ﴾، ئەوانەش بێبڕوان بە ئایەتەکانی خوا.

٥)- ﴿ أُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْخَٰسِرُونَ ﴾، ئا ئەوانەن زیانبارانی ڕاستەقینە.

کەواتە: ئەو سێ ڕستەیەی پێشێ، کە خوا ﷻ فەرمووی: ﴿ ٱللَّهُ خَٰلِقُ كُلِّ شَىْءٍ وَهُوَ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ وَكِيلٌ ﴿٦٢﴾ لَّهُۥ مَقَالِيدُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ﴿٦٣﴾ ﴾، ئەم سێیە، هەموویان ڕێخۆشکەرن بۆ ئەوەی دوایی دێ، کە بریتییە لەوەی دەفەرموێ: ئەوانەی بێبڕوان هەر ئەوانەن زیانبار: ﴿ وَٱلَّذِينَ كَفَرُواْ بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِ ﴾، ئەوانەی بێبڕوان بە ئایەتەکانی خوا، ئنجا ئایەتەکانی خواش دەگونجێ

مەبەست پێیان ئایەتە خوێنراوەکان بن، کە فەرمایشتی خوان، دەشگونجێ ئایەتە بینراوەکان بن، دیاردە سرووشتییەکان، کە خوا ﷻ دوو کتێبی خستوونە بەر دەستی بەشەر: کتێبێک کە دەخوێنرێتەوەو، ئەو کتێبەی کە دەبینرێ، ئەو کتێبەی کە دەخوێنرێ قورئانەو، ئەو کتێبەی دەبیندرێ گەردوونەو، خوا بڕگەکانی هەر کام لەو دوو کتێبەی ناوناون ئایەت، هەم ڕستەکانی قورئانی ناوناون ئایەت، هەم دیاردە سرووشتییەکانیشی ناوناون ئایەت، چونکە هەر کامیان نیشانەن و، ئێمە هەم بە ڕستەکانی قورئان دەزانین، کە ئەوە فەرمایشتی خوایە، هەم ئەگەر تەماشای گەردوونیش بکەین، دەزانین دروستکراوی خوایە، قورئان بێژراوی خوایە، گەردوونیش دروستکراوی خوایە، ئنجا ئێمە هەم لە ڕێی وتە بێژراوەکانیەوە، هەم لە ڕێی دروستکراوەکانیەوە، خوای پەروەردگار دەناسین، کە دەفەرموێ: ﴿ أُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡخَٰسِرُونَ ﴾، ڕاناوی (هُمْ): کە پێی دەگوترێ: ڕاناوی جیاکردنەوە (ضَمِيْر الفَصْل)، کورتهەڵێنان دەگەیەنێ، واتە: هەر ئەوانەن زیانباران و ڕەنجەڕۆیانی ڕاستەقینە، ئنجا ئەو سێ ڕستەی پێشێ: ﴿ ٱللَّهُ خَٰلِقُ كُلِّ شَيۡءٖۖ وَهُوَ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ وَكِيلٞ ﴿٦٢﴾ لَّهُۥ مَقَالِيدُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ ﴿٦٣﴾ ﴾، زەمینە خۆشکەربوون بۆ ئەوەی کە دوایی دێ، کە دەفەرموێ: ئەوانەی بێبڕوان بە ئایەتەکانی خوا، ئەوانە ڕەنجەڕۆ و زیانبارانی ڕاستەقینەن، دیسان ئەوەش هەمووی دەبێتەوە بە ڕێخۆشکردن، بۆ ئەوەی کە دوایی دێ، کە لە مەسەلەی چوارەمدا باسی دەکەین و، بریتیە لە تەنیا پەرستنی خواو هاوبەش بۆ دانەنانی.

مەسەلەی چوارەم:

فەرمانکردنی خوا ﷻ بە پێغەمبەرەکەی موحەممەد ﷺ کە پرسیاری سەرزەنشتکەرانە لە هاوبەش بۆ خوا دانەرەکان بکات: ئایا ئەی نەفامینە! فەرمانم پێدەکەن، جگە لە خوا بپەرستم؟! دوایی پێڕاگەیاندنی ئەو ڕاستییەی کە سەرجەم پێغەمبەران (عَلَيْهِمُ الصَّلاَةُ وَالسَّلاَم)، سرووشیان بۆ کراوە، کە ئەگەر هاوبەش بۆ خوا دابنێن، کردەوەکەیان هەڵدەوەشێتەوەو لە زیانباران دەبن، بۆیە پێویستە موحەممەدیش تەنیا خوا بپەرستێ و لە سوپاسگوزارانیش بێ، وەک تێکڕای پێغەمبەران (عَلَيْهِمُ الصَّلاَةُ وَالسَّلاَم):

خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ قُلْ أَفَغَيْرَ ٱللَّهِ تَأْمُرُوٓنِّىٓ أَعْبُدُ أَيُّهَا ٱلْجَٰهِلُونَ ﴿٦٤﴾ وَلَقَدْ أُوحِىَ إِلَيْكَ وَإِلَى ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِكَ لَئِنْ أَشْرَكْتَ لَيَحْبَطَنَّ عَمَلُكَ وَلَتَكُونَنَّ مِنَ ٱلْخَٰسِرِينَ ﴿٦٥﴾ بَلِ ٱللَّهَ فَٱعْبُدْ وَكُن مِّنَ ٱلشَّٰكِرِينَ ﴿٦٦﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە چوار بڕگەدا:

١)- ﴿ قُلْ أَفَغَيْرَ ٱللَّهِ تَأْمُرُوٓنِّىٓ أَعْبُدُ أَيُّهَا ٱلْجَٰهِلُونَ ﴾، بڵێ: ئایا فەرمانم پێدەکەن، جگە لە خوا بپەرستم، ئەی نەفامینە! ﴿ تَأْمُرُوٓنِّىٓ ﴾، هەم بەو شێوەیە خوێنراوەتەوە کە درێژ کردنەوەی قورسکراو (**المَدُّ المُثَقَّل**)ی پێ دەڵێن، پێنج شەش جووڵە (**حركة**) درێژ دەکرێتەوەو، هەم خوێنراویشەتەوە: (**تَأْمُرُونِي**)، هەردوو خوێندنەوەکانیش هەر یەک واتایان هەیە، ئایا فەرمانم پێدەکەن کە جگە لە خوا بپەرستم! ئەمە پرسیارکردنی نکووڵیلیکەرانەی سەرزەنشتکارانەیە، ئنجا کە خوا ﷻ دەفەرموێ: (**قُل**) بڵێ: ئایا فەرمانم پێدەکەن جگە لە خوا بپەرستم؟ ئەمە بۆ ئەوەیە کە قسەکانی پێشێ شێوەی نادیار (**غائب**) بوون، خوا ﷻ ویستوویەتی ئەمجارە بیکات بە شێوەی دواندن (**خِطَاب**)و بەو (**قُل**)ە، ئەو شێوە قسەکردنەی پێشێ، لە حاڵەتی نادیارەوە گۆڕا بۆ حاڵەتی ڕووبەڕوو و دواندن.

﴿ أَيُّهَا ٱلْجَٰهِلُونَ ﴾، ئـەی نەفامینـە! وشـەی (**جَاهِلـوْن**) کـۆی (**جَاهِـل**)ە، کـە لـە (**جَهـل**)ەوە هاتـوە، (**جَهْـل**) پێچەوانـەی زانیارییـە (**ضِـدُّ العِلْـم**)، واتـە: ئـەی ئـەو کەسانەی نازانـن، کەواتـە: وشـەی (**جَاهِلـون**)، لێـرەدا لـەم ڕەوتـەدا بـە مانـای جنێـو و قسـەی پـێ گوتـن نیـە، بەڵکـو بـە مانـای بەیـانی حاڵـە، واتـە: ئـەی ئەوانـەی کـە نازانـن، قـەدری خـوا ﷻ نازانـن، پێگـەو پایـەی بـەرزو بـێ وێنـەی خـوا نازانـن، بۆیـە پێـم دەڵێـن: جگـە لـە خـوا بپەرسـتم!

٢)- ﴿ وَلَقَدْ أُوحِىَ إِلَيْكَ وَإِلَى ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِكَ لَئِنْ أَشْرَكْتَ لَيَحْبَطَنَّ عَمَلُكَ ﴾، بە دڵنیایی سرووش بۆ لای تۆ و بۆ لای ئەوانەی پێش تۆش کراوە، ئەگەر هاوبەش دابنێی (بۆ خوا) کردەوەکەت هەڵدەوەشێتەوە.

(**الوَحِـيُ: الإِعْـلَامُ مِـنَ اللـهِ بِوَاسِـطَةِ مَلَـك**)، واتـە: وەحیـی ئاگادارکردنەوەیـە لـە خـواوە بـە هـۆی فریشـتەیەکەوە، بـەڵام لـە ئەسـڵی زمانـدا (**الوَحِـي: الـكَلَامُ الخَفِـيُّ أَو الإِعْـلَامُ الخَفِـيُّ**)، وەحیـی قسـەیەک یاخـود ئاگادارکردنەوەیەکـی پەنهانـە، بـەڵام مانـای زاراوەیـی وەحیـی: {بریتیـە لـە ناردنی خـوا ﷻ پەیامێکـی خـۆی بـە فریشـتەیەک دا بـۆ یەکێـک لـە پێغەمبـەرانی (**عَلَيْهِـمُ الصَّـلَاةُ وَالسَّـلَام**)}، خـوا ﷻ دەفەرمـوێ: بـە دڵنیایـی سرووش بـۆ لای تـۆ و، بـۆ لای ئەوانـەی پێـش تـۆش کـراوە: ئەگـەر هاوبـەش دابنێـی، کردەوەکـەت هەڵدەوەشـێتەوە، ئەگـەر هاوبـەش دابنێـی بـۆ خـوا ﷻ، کـە دەفەرمـوێ: ﴿ لَئِنْ أَشْرَكْتَ ﴾، ئـەم (**تَـاء الخِطَـاب**)ی دوانـدن بـۆ هـەر کەسـێکە کـە وەحیـی بـۆ نێـردراوەو، نێوەڕۆکـی ئـەو پەیامـە نێـردراوەش ئـەوە بـووە: ئەگـەر هاوبـەش بـۆ خـوا دابنێـی، کردەوەکـەت هەڵدەوەشـێتەوە.

(ل)ی سـەر وشـەی: ﴿ لَئِنْ ﴾، پسـپۆڕان گوتوویانـە: (**الـلَّامُ: فِي (لَـئِنْ) مُوَطِّئَـةٌ لِلْقَسَـمِ المَحْـذُوفِ الدَّالَـةِ عَلَيْـهِ**)، لام زەمینـە خۆشـکەرە بـۆ سـوێندێک کـە قرتێـنراوە، بـەڵام لامەکـە دەلالـەتی لەسـەر دەکات و دەیگەیەنـێ، واتـە: (**وَاللـهِ لَـئِنْ أَشْرَكْـتَ لَيَحْبَطَـنَّ عَمَلُـكَ**)، بـە خـوا ئەگـەر هاوبـەش دابنێـی، کردەوەکـەت هەڵدەوەشـێتەوە.

هەروەها کە دەفەرموێ: ﴿ لَيَحۡبَطَنَّ عَمَلُكَ ﴾، (ل)ی سەر (لَيَحۡبَطَنَّ)، (**لَامُ جَوابِ القَسَمِ، وَالحَبْطُ: البُطْلَانُ وَالدَحْضُ**)، ئەو (ل)ش، لامێکە بۆ وەڵامی سوێند، (**حَبْط**)یش بە مانای زایەبوون و هەڵوەشانەوەو لە بەین چوونە.

٣)- ﴿ وَلَتَكُونَنَّ مِنَ ٱلۡخَٰسِرِينَ ﴾، بە دڵنیایی لە زیانبارانیش دەبی، ئەو لام و نوون (ل، ن)ی سەر (**لَتَكُونَنَّ**)ش دیسان بۆ تۆخکردنەوەو بەهێزکردنی واتایەکەن، واتە: هەم (ل)، هەم (ن) هەردووکیان جەختکەرەوە (**مُؤَكِّدة**)ن، یانی: بە دڵنیایی بێگومان تۆ لە زیانباران دەبی، ئەگەر هاوبەش بۆ خوا دابنێی.

٤)- ﴿ بَلِ ٱللَّهَ فَٱعۡبُدۡ وَكُن مِّنَ ٱلشَّٰكِرِينَ ﴾، بەڵکو بەس خوا بپەرستەو لە سوپاسگوزاران بە، ﴿ بَلِ ٱللَّهَ فَٱعۡبُدۡ ﴾، (**تَقْدِيْم المَفْعُولِ لِإِفَادَةِ الحَصْرِ**)، لە جیاتی بفەرموێ: (**بَلْ فَاعْبُدِ الله**)، فەرموویەتی: ﴿ بَلِ ٱللَّهَ فَٱعۡبُدۡ ﴾، وەک (**إِيَّاكَ نَعْبُدُ**)، هەر کاتێک بەرکار (**مَفْعُول به**) پێش کارو بکەر (**فعل وفاعل**)ی بکەوێ، لە زمانی عەرەبییدا هەروەک لە کوردییشدا وایە، کورت هەڵێنان دەگەیەنێ، لە کوردییدا بڵێ: تۆ دەپەرستین، جیایە لەوەی بڵێی: بەس تۆ دەپەرستین، ئەو شێوازە کورت هەڵێنان دەگەیەنێ واتە: بێجگە لە تۆ ناپەرستین، بەڵام ڕستەی: (تۆ دەپەرستین)، دەگونجێ شتی دیکەشی بدەیە پاڵ، تۆ دەپەرستین و فلان شتیش، بەڵام ئەگەر گوتت: هەر تۆ دەپەرستین، بەس تۆ دەپەرستین، تازە بوار نیە شتی دیکەی بخرێتە پاڵ.

کە دەفەرموێ: ﴿ بَلِ ٱللَّهَ فَٱعۡبُدۡ ﴾، (**بَـلْ: لِإِبْطَالِ مَضْمُونِ جُمْلَةِ**: ﴿ لَئِنۡ أَشۡرَكۡتَ ﴾، **أَيْ: بَلْ لا تُشْرِكْ، أَوْ لِإِبْطَالِ مَضْمُونِ جُمْلَةِ**: ﴿ أَفَغَيۡرَ ٱللَّهِ تَأۡمُرُوٓنِّيٓ أَعۡبُدُ ﴾)، واتە: ئەو ڕستەیە بۆ هەڵوەشاندنەوەی نێوەڕۆکی ڕستەی: ﴿ لَئِنۡ أَشۡرَكۡتَ ﴾یە، کە دەفەرموێ: ﴿ بَلِ ٱللَّهَ فَٱعۡبُدۡ ﴾، واتە: (**بَلْ لَا تُشْرِكْ**) بەڵکو هاوبەشی بۆ دامەنێ، یاخود بۆ هەڵوەشاندنەوەی نێوەڕۆکی ڕستەی: ﴿ أَفَغَيۡرَ ٱللَّهِ تَأۡمُرُوٓنِّيٓ أَعۡبُدُ ﴾، ئایا فەرمانم پێدەکەن کە جگە لە خوا بپەرستم؟ خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ بَلِ ٱللَّهَ فَٱعۡبُدۡ ﴾، بەڵکو بەس خواپەرستەو هاوبەشی بۆ دامەنێ.

﴿ وَكُن مِّنَ ٱلشَّٰكِرِينَ ﴾، لە سوپاسگوزارانیش بە، جاری دیکەش باسمان کردوە، ئەم جۆرە دەربڕینە کە دەفەرموێ: ﴿ وَكُن مِّنَ ٱلشَّٰكِرِينَ ﴾، لە جیاتی بفەرموێ: (وَٱشْكُرْ) یان بفەرموێ: (وَكُنْ شَاكِرًا)، مانایەکەی بەهێزترە، واتە: هێندە سوپاسگوزاربە، کە بچیە نێو قووڵایی سوپاسگوزارانەوە بۆ خوا.

ئەمەی لێی وەردەگیرێ: هەر کەسێک هاوبەش بۆ خوا دابنێ، بەرانبەر بە خوا سپڵەو ناسوپاس و بێ ئەمەگە، هەروەها بەندایەتیی بۆ خوا، مایەی سوپاسگوزارییە بۆ خوا، هەر بۆیەش پێغەمبەری خاتەم موحەممەد ﷺ دایکمان عائیشە خوا لێی ڕازی بێ، لێی دەگێڕێتەوە: شەوانە هەڵدەستا ئەوەندە شەو نوێژی دەکرد، تاکو پاژنە پێی دەقەڵشین، دەڵێ: منیش گوتم: ئەی پێغەمبەری خوا! ﷺ زۆر خۆت ئەزیەت دەدەی، خوا ﷻ لە هەموو شتێکت خۆش بووە، فەرمووی: {أَفَلَا أَكُونُ عَبْدًا شَكُورًا}[1]، واتە: ئەدی بەندەیەکی سوپاسگوزار نەبم بۆ خوا، کەواتە: خواپەرستیی و بەندایەتیی بۆ خوا، کاکڵی سوپاسگوزارییە بۆ خوا.



---

(١) {عَنْ عُرْوَةَ بْنِ الزُّبَيْرِ، عَنْ عَائِشَةَ رضي الله عنها، قَالَتْ: كَانَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ إِذَا صَلَّى قَامَ حَتَّى تَفَطَّرَ رِجْلَاهُ، قَالَتْ: عَائِشَةُ يَا رَسُولَ اللَّهِ! أَتَصْنَعُ هَذَا، وَقَدْ غُفِرَ لَكَ مَا تَقَدَّمَ مِنْ ذَنْبِكَ وَمَا تَأَخَّرَ؟ فَقَالَ: «يَا عَائِشَةُ! أَفَلَا أَكُونُ عَبْدًا شَكُورًا»} متفق عليه، البخاري: ١١٢٧، مسلم: ٧٧٥.

مەسەلەی پێنجەم و کۆتایی:

ڕەخنەگرتن لەوانەی جگە لە خوا دەپەرستن و، هاوبەشی بۆ دادەنێن، کە وەک بۆ خوا شایستەیەو لێی دەوەشێتەوە، بەرزیی و ڕێزو مەزنییان بۆ خوا دانەناوە، لە حاڵێکدا لە ڕۆژی قیامەتدا زەمین چەنگێکیەتی و، ئاسمانەکانیش بە دەستی ڕاستیەوە پێچراوەو ڕێک نووشتراو دەبن:

خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿وَمَا قَدَرُوا۟ ٱللَّهَ حَقَّ قَدْرِهِۦ وَٱلْأَرْضُ جَمِيعًا قَبْضَتُهُۥ يَوْمَ ٱلْقِيَـٰمَةِ وَٱلسَّمَـٰوَٰتُ مَطْوِيَّـٰتٌۢ بِيَمِينِهِۦ ۚ سُبْحَـٰنَهُۥ وَتَعَـٰلَىٰ عَمَّا يُشْرِكُونَ ﴿٦٧﴾﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتە، لە پێنج بڕگەدا:

١)- ﴿وَمَا قَدَرُوا۟ ٱللَّهَ حَقَّ قَدْرِهِۦ﴾، وەک بۆ مەزنیی خوا شایستەیە، ئاوا خوایان بە مەزن نەگرت.

شارەزایانی زمانی عەرەبیی دەڵێن: (**هذا مِنْ إضَافَةِ الصِّفَةِ إلى المَوْصُوف**)، ئەمە (لە جیاتی وەسفکراو پاڵبدرێتە لای سیفەت)، لێرەدا سیفەت پاڵدراوەتە لای وەسفکراو، کە دەفەرموێ: ﴿وَمَا قَدَرُوا۟ ٱللَّهَ حَقَّ قَدْرِهِۦ﴾، واتە: (**مَا قَدَرُوْا اللهَ قَدْرَهُ الحَقَّ**)، بەو ئەندازەیەی کە بۆ خوا پێویست و شایستەیە، ڕێزی خوایان نەگرت و خوایان بە مەزن نەگرت.

٢)- ﴿وَٱلْأَرْضُ جَمِيعًا قَبْضَتُهُۥ يَوْمَ ٱلْقِيَـٰمَةِ﴾، لە حاڵێک دا لە ڕۆژی قیامەتدا تێکڕای زەوی چەنگێکیەتی.

کە دەفەرموێ: وەک پێویست ڕێزی خوایان نەگرت و مەزنیی خوایان دەرک نەکرد، وەک بۆ پێگەی بێ وێنەی خوا شایستەیە، ئاوا هەڵسوکەوت و مامەڵەیان نەکرد، مەبەست پێی هاوبەش بۆ خوا دانەرەکانە، ئەوانەی هاوبەشی

بـۆ دادەنێـن، ئەگـەر خوایـان وەک پێویسـت ناسـیبایە، هاوبەشـیان بـۆ دانـە دەنـا، ئاخـر دروسـتکراو چییـە بهێنرێتـە ڕیـزی خـوا؟ کـە لـە چرکەیەکـدا، لـە قـەدەر تەمـەنی گـەردوون، ئـەو دروسـتکراوە دەژی، بـەڵام لـە قـەدەر ئـەزەل و ئەبـەد هـەر هیـچ حیسـابێکی بـۆ ناکـرێ، ئنجـا لـە ڕووی قەبـارەوەش هـەر کام لـە دروسـتکراوەکان لـە چـاو فراوانیـی گـەردوون، چ جـای لـە چـاو بەرزیـی و مەزنیـی بـێ سـنووری خـوا، لـە چـاو فراوانیـی و زەبەلاحیـی گـەردوون، کـە سنوورداریشـە، شـتێکی زۆر بچووکـە، لـە ڕووی تەمەنـەوەو، لـە ڕووی قەبارەشـەوە، هـەر کامێـک لـە دروسـتکراوان تەماشـایان بکـەی زۆر بچووکـن، کەواتـە: چـۆن دەبـێ بهێنرێنـە ڕیـزی خـوا ﷻو، ئـەو مامەڵەیەی کـە لەگـەڵ خـوادا دەکـرێ، لەگـەڵ ئەوانـدا بکـرێ، کـە پێشکەشـکردنی دروشـمەکانە بۆیـان و، وەرگرتنـی بەرنامەکانـە لێیـان و، وەرگرتنـی بووناسـیی و تێڕامـان و بۆچوونەکانـە لێیـان! نەخێـر ئەوانـە دەبـێ تایبـەت بـن بـە خـوای پـەروەردگارەوە.

﴿ وَٱلۡأَرۡضُ جَمِيعٗا قَبۡضَتُهُۥ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ ﴾، ئـەم (و)ە، **(واو الحَالِيَّـة)**ی پـێ دەڵێـن، واتـە: وەک شایسـتەیە بـۆ خـوا، مەزنییـان دەرنەبڕیـوە، لـە حاڵێکـدا هەمـوو زەوی چەنگێکیـەتی لـە ڕۆژی قیامەتـدا، **(القَبْضَـةُ فِي اللُّغَـة: مَـا قَبَضْـتَ عَلَيْـهِ بِجَمِيْـعِ كَفِّـكَ)**، **(قَبْضَـة)** لـە زمـانی عەرەبییـدا ئەوەیـە کـە تـۆ بـە چەنگـت دەیگـری، یـانی: لەپـە دەسـت و پێنـج پەنجەکانـت دەیگـری.

٣)- ﴿ وَٱلسَّمَٰوَٰتُ مَطۡوِيَّٰتُۢ بِيَمِينِهِۦٓۚ ﴾، هەروەها ئاسمانەکانیش لە ڕۆژی قیامەتدا بە دەستی ڕاستییەوە پێچراوەن، ڕێک نووشتراون.

(طَيٌّ): بریتیـە لە پێچانەوەی شـتێک، ڕێکنووشـتنی شـتێک دوای ئـەوەی بڵاوبۆتەوە، کـۆی بکەیـەوە سـەریەک و ڕێکیبنووشـتی، ئـەوە پێـی دەگوترێ: (طَـيّ)، کـە دەفەرموێ: (بِيَمِينِـهِ: **ذِكْـرُ اليَمِـينِ لِلْمُبَالَغَـةِ فِي كَمَالِ القُـدْرَةِ كَمَا يَطْـوِي الوَاحِـدُ مِنَّـا الـشَّيْءَ المَقْـدُورَ لَـهُ، طَيَّـهُ بِيَمِينِـهِ**)، واتـە: بـاسی (دەسـتە ڕاسـت) بـۆ خسـتنە ڕووی زێدەڕۆییـە لـە تەواویـی هێـزو دەسـتەڵات دا، وەک چـۆن یەکێـک لـە ئێمـە شـتێک کـە لەبـەر دەسـتی بـێ،

دەپێچێتەوە بە ئاسانیی، وەک خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ لَأَخَذۡنَا مِنۡهُ بِٱلۡيَمِينِ ﴿٤٥﴾ ثُمَّ لَقَطَعۡنَا مِنۡهُ ٱلۡوَتِينَ ﴿٤٦﴾ ﴾ الحاقة، ﴿ لَأَخَذۡنَا مِنۡهُ بِٱلۡيَمِينِ ﴾، (أي: بِالْقُوَّة)، بەهێز، یاخود (يمين) بە (يَمِيْن)ی وی -ئەو کەسەی دەگیرێ-، مانا دەکرێ، کە دەستە ڕاستیەتی، ئنجا کەسێک دەستی ڕاستی بگیرێ، دەستەوکەری بۆ ناکرێ.

٤)- ﴿ سُبۡحَٰنَهُۥ وَتَعَٰلَىٰ عَمَّا يُشۡرِكُونَ ﴾، پاکیی و بەرزیی بۆ وی لەوەی دەیکەنە هاوبەش، واتە: دەیکەنە هاوبەشی خوا ﷻ.

چەند سەرنجێک لەبارەی لەچەنگ گرتنی خوا بۆ زەوی و، پێچرانەوەی ئاسمانەکان بەڕاستی

کە دەفەرموێ: ﴿ وَٱلۡأَرۡضُ جَمِيعٗا قَبۡضَتُهُۥ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ ﴾، هەروەها: ﴿ وَٱلسَّمَٰوَٰتُ مَطۡوِيَّٰتُۢ بِيَمِينِهِۦۚ ﴾، هەردوو (و)ەکانی (**والأَرض**)و (**والسَّموات**)، (**فِي مَحَلِّ النَّصْبِ عَلَى الحَال**)، یانی: لە حاڵێکدا کە زەوی چەنگێکی خوایە لە ڕۆژی قیامەتداو، ئاسمانەکانیش بە دەستی ڕاستیەوە پێچراونەوە، پاکیی و بەرزیی بۆ وی، لەوەی دەیکەن بە هاوبەشی، لێرەدا زانایان زۆر مشت و مڕیان بووە لە بارەی ئەو دوو تەعبیرەوە، کە خوا دەفەرموێ:

زەوی پڕی چەنگی خوایە، ئاسمانەکانیش بە دەستی ڕاستیەوە پێچراوەن، ڕێکنووشتراون:

یەک: هەندێک لە زانایان گوتوویانە: خوا ﷻ چۆنی فەرمووە، دەبێ وا بڵێین، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کە دەڵێین خوا ﷻ، چەنگ (**قَبْضَة**)ەی هەیەو ڕاستە (**يَمِيْن**)ی هەیە، زەوی بە چنگی خۆی دەگرێ و، ئاسمانەکانیش بە دەستی ڕاستی دەپێچێتەوەو ڕێکیان دەنووشتێ، دەڵێین: وەک بۆ خوا شایستەیە.

دوو: بەڵام زۆربەی ئەوانەی لێکۆڵەرەوەو ساغکەرەوەن و، دەچنە بنج و بناوانی وشەکانەوەو، چاو چڕ داناگرن لەسەر ڕواڵەتی وشەکان و، نێوەڕۆک و جەوهەرو چییەتیان تەماشا دەکەن، گوتوویانە: لێرەدا خوا ﷻ مەبەستی ئەوە نیە، باسی ئەوە بکات، کە سیفەتێکی هەیە بە ناوی چنگ (قَبْضَة)و، ئاسمانەکانیش بە دەستی ڕاستیەوەن و، ڕێکیان دەنووشتێ و دەیانپێچێتەوە، وەک چۆن کەسێک شتێک دەنووشتێنێتەوەو، لە بن قۆڵی ڕاستی دەنێ، بەڵکو مەبەست پێشاندانی بەرزیی و مەزنیی خوایە ﷻ، ئەگەرنا مەبەست ئەوە نیە خوا ﷻ بیەوێ باسی چنگ (قَبْضَة)ی خۆی بکات و، باسی ڕاستە (يَمِيْن)ی خۆی بکات، بەڵکو ئەوەش هەروەک ئەو ئایەتانەی دیکەیە، بۆ وێنە:

أ- خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ يَدُ ٱللَّهِ فَوۡقَ أَيۡدِيهِمۡ ﴿١٠﴾ ﴾، لێرەدا خوا ﷻ مەبەستی ئەوە نیە، باسی دەست (يَد)ی خۆی بکات، بەڵکو واتە: چاکەی خوا بەسەرچاکەی ئەوانەوەیە، یاخود: دەسەڵاتی خوا بەسەر دەسەڵاتی ئەوانەوەیە.

ب- خوا دەفەرموێ: ﴿ فَإِنَّكَ بِأَعۡيُنِنَا ﴿٤٨﴾ ﴾الطور، مەبەستی ئەوە نیە باسی چاوەکانی خۆی بکات، بەڵکو واتە: تۆ لە ژێر چاودێریی ئێمە دای، چونکە خوا ﷻ بە تاک (**مفرد**) باسی (عَيْن) دەکات: ﴿ وَلِتُصۡنَعَ عَلَىٰ عَيۡنِيٓ ﴿٣٩﴾ ﴾طه.

هەروەها باسی چاوەکان (أَعْيُن)یش دەکات، هەروەها بە تاک (مفرد) باسی دەست (يَـد) دەکات: ﴿ يَدُ ٱللَّهِ فَوۡقَ أَيۡدِيهِمۡ ﴾ الفتح: ١٠ ، هەروەها بە دووان (مثنى)ش: ﴿ قَالَ يَٰٓإِبۡلِيسُ مَا مَنَعَكَ أَن تَسۡجُدَ لِمَا خَلَقۡتُ بِيَدَيَّۖ ﴿٧٥﴾ ﴾ص.

دیسان بەکۆ (جمع)ش باسی دەستەکان (أيدي) دەکات: ﴿ أَوَلَمۡ يَرَوۡاْ أَنَّا خَلَقۡنَا لَهُم مِّمَّا عَمِلَتۡ أَيۡدِينَآ أَنۡعَٰمٗا فَهُمۡ لَهَا مَٰلِكُونَ ﴿٧١﴾ ﴾یس، (لەوەی دەستەکانمان کردوویانە)، بەڵێ هیچ کام لەو ئایەتانە مەبەست لێیان باسکردنی سیفەتەکانی خوا نیە، بەڵکو هەق ئەوەیە کە خوا ﷻ بەپێی عەقڵمان ئێمە دەدوێنێ، ئێمە بە چاو دەبینین و، بە دەست کارەکانمان دەکەین و، شتێک زۆر بەسەریدا زاڵ بین دەڵێین: بە چنگیەوە دەگرم، بە دوو پیتکان دەیگرم، لەبەر ئەوەی ئەو

تەعبیرانە ئێمە بەکاریان دێنین و، ئێمە لەوە حاڵیی دەبین، خوای پەروەردگاریش ویستوویەتی لە میانی ئەو تەعبیرانەدا کە ئێمە بەکاریان دێنین، ئێمە حاڵیی بکات، ئەگەرنا پایەی خواو مەقامی خوا زۆر لەوە بەرزترە، کە ئەوانە باسی سیفەتەکانی خوای بەرزو مەزن و بێ وێنە بن.

ئنجا هەرچۆن بێ، چ ئەوانەی کە وەک بنچینەیەک دایانناوە: (**أَمِرُّوهَا كَمَا جَاءَتْ**) بیانڕۆێنن، وەک هاتوون، دەڵێن و، چ ئەوانەی دیکە کە لە چوار چێوەی زمانی عەرەبیی دا مانایەکی گونجاویان بۆ دادەنێن، هەموو لایەک لەسەر بە پاکگرتنی خواو بۆ چەسپاندنی ناوو سیفەتەکانی یەکدەنگن، بەڵام بە داخەوە هەندێک لەوانەی سەر بە قوتابخانەی (**حَنَابِلة**)ن، کە زۆر جەختیان کردۆتەوە لە سەر سیفەتە خەبەرییەکان، ئەویش لە کاردانەوەی ئەوانەدا کە خوایان لە سیفەتەکانی خۆی پەک خستوە، هەندێکجار (**حَنَابِلة**) سەریان کێشاوە بۆ جەستاندن و وێچواندن (**تَجْسِيم وَتَشْبِيه**)، وەک من لە مەوسووعەی: (بیرکردنەوەی ئیسلامیی لە نێوان وەحیی و واقیعدا)، لە کتێبی سێیەمدا کە باسی قوتابخانە فکرییەکانی مێژووی مسوڵمانان کردوە، لەوێدا باسمان کردوە، هەر بە ئیعتیرافی هەندێک لە زانایانی (**حَنَابِلة**)، خۆیان وەک (**إبن الجوزي وإبن عقيل**)، کە (**حنابلة**) زۆر تێیان پەڕاندوە لەوەدا، کە ئەو وشەو تەعبیرانەی دەلالەت دەکەن لەسەر بەرزیی و مەزنیی خوا ﷻ، ئەوان هەڵساون، ئەوانەشیان کردوونە سیفەتی خوا ﷻ، ئنجا هەیانبووە زۆریش قووڵ نەبۆتەوە لە بە پاکگرتنی خوادا، بەڵکو هەر بە ڕووکەشیی واتاکاتی بۆ داناون، هەیانبووە لە بەغداد چۆتە سەر مینبەرو دانیشتوەو، گوتوویەتی: وەک چۆن من ئێستا لەسەر ئەم مینبەرە دانیشتووم، خواش ﷻ ئاوا لەسەر عەرشی خۆی دانیشتوە! کە ئەوەش جەستاندنی خوا بووەو، وێکچواندنی خوا بووە بە دروستکراوەکانی، لە حاڵێکدا خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿لَيۡسَ كَمِثۡلِهِۦ شَيۡءٞۖ ١١﴾ الشوری، هەروەها دەفەرموێ: ﴿وَلَا يُحِيطُونَ بِهِۦ عِلۡمٗا ١١٠﴾ طـە، زانیاریی ئەوان دەوری خوا ﷻ نادات.

لێرەدا با ئەم فەرموودەیە بێنین:

{عَنْ عَبْدِ اللهِ ﷺ، قَالَ: جَاءَ رَجُلٌ مِنْ أَهْلِ الْكِتَابِ إِلَى رَسُولِ اللَّهِ ﷺ، فَقَالَ: يَا أَبَا الْقَاسِمِ! إِنَّ اللَّهَ يُمْسِكُ السَّمَاوَاتِ عَلَى إِصْبَعٍ، وَالْأَرَضِينَ عَلَى إِصْبَعٍ، وَالشَّجَرَ وَالثَّرَى عَلَى إِصْبَعٍ، وَالْخَلَائِقَ عَلَى إِصْبَعٍ، ثُمَّ يَقُولُ: أَنَا الْمَلِكُ، أَنَا الْمَلِكُ، قَالَ: فَرَأَيْتُ النَّبِيَّ ﷺ ضَحِكَ حَتَّى بَدَتْ نَوَاجِذُهُ، ثُمَّ قَرَأَ: ﴿وَمَا قَدَرُوا۟ ٱللَّهَ حَقَّ قَدْرِهِۦ﴾} (أخرجه البخاري: ٧٤١٥، ومسلم: ٢٧٨٦، والترمذي: ٣٢٤٨، والنسائي في الكبرى: ١١٠٤٥٢، وابن حبان: ٧٣٢٦).

واتە: عەبدوڵڵای کوڕی مەسعوود ﷺ دەڵێ: پیاوێک لە خاوەن کتێبان هاتە لای پێغەمبەری خوا ﷺ گوتی: ئەی بابی قاسم! بێگومان خوا ئاسمانەکان لەسەر یەک پەنجەی دادەنێ و، زەوییەکان لەسەر یەک پەنجەی دادەنێ و، درەختەکان و خۆڵەکان لەسەر پەنجەکی دیکەی دادەنێ و، هەموو دروستکراوەکانی دیکەی لەسەر یەک پەنجەی دادەنێ، دوایی دەفەرموێ: بەس من حوکمڕانم، هەر من باڵا دەستم، گوتی: بینیم پێغەمبەریش ﷺ پێکەنیی، تاکو کەڵبەکانی دەرکەوتن، (نەک ددانی پێشێی، ئەوانی دیکەشی دەرکەوتن)، دوایی ئەم ئایەتەی خوێندەوە: ﴿وَمَا قَدَرُوا۟ ٱللَّهَ حَقَّ قَدْرِهِۦ﴾، وەک بۆ خوا ﷻ شایستەیە، مەزنیی خوایان دەرک نەکرد، ڕێزی خوایان نەگرت.

زانایانی کە فەرمایشتەکانی پێغەمبەر ﷺ ڕوون دەکەنەوە، دوو هەڵوێستیان هەن لە بەرانبەر ئەو تەعبیرەی پێغەمبەردا، هەندێکیان گوتوویانە: پشتگیریی جوولەکەکەی کردوە، کە خوا ﷻ ئەوەندە بە دەسەڵاتە، هەموو ئاسمانەکان دەتوانێ لەسەر یەک پەنجەو، دروستکراوەکانی دیکەش لەسەر یەک پەنجەی دابنێ.

هەندێکیش گوتوویانە: پێغەمبەر ﷺ بۆیە پێکەنیوە، پێکەنینێکی بە توانجەوە بووە، یاخود پێکەنیوە بەو واتایە پێی سەیر بووە کە جوولەکەکان، ئاوا خوا ﷻ وێنا (تصوّر) بکەن، کە خوا ﷻ پەنجەی هەیەو، ئاسمانەکان لەسەر پەنجەیەک

و، دروستكراوەكان لەسەر یەك پەنجەی دادەنێ، بۆیە فەرمووشیەتی: ﴿ وَمَا قَدَرُواْ ٱللَّهَ حَقَّ قَدْرِهِۦ ﴾، وەك بۆ خوا شایستەیە ڕێزیان نەگرت، كە ئاوا خوایان ﷻ لە شێوەی مرۆڤێكدا كە پەنجەی هەن، وێنا كردوە.

ئنجا با قسەیەكی (**محمد الطاهر بن عاشور**) بێنین لە تەفسیرەكەی خۆیدا[1]:

دەڵێ: (**وَالمَقْصُودُ مِنْ هَاتَيْنِ الجُمْلَتَيْنِ، تَمْثِيلُ عَظَمَةِ اللَّهِ تَعالى بِحالِ مَنْ أَخَذَ الأَرْضَ فِي قَبْضَتِهِ، ومَنْ كانَتِ السَّمَاوَاتُ مَطْوِيَّةً، أَفْلاكُهَا وآفَاقُهَا بِيَدِهِ، تَشْبِيهَ المَعْقُولِ بِالمُتَخَيَّلِ، وهِيَ تَمْثِيلِيَّةٌ تَنْحَلُّ أَجْزاؤُهَا إِلى اسْتِعارَتَيْنِ، وفِيهَا دَلالَةٌ عَلَى أَنَّ الأَرْضَ والسَّماواتِ باقِيَةٌ غَيْرُ مُضْمَحِلَّةٍ، ولَكِنَّ نِظَامَها المَعْهُودَ اعْتَرَاهُ تَعْطِيلٌ**).

واتە: ئەمە نواندنی مەزنیی خوای بەرزە بە حاڵی كەسێكەوە، كە زەوی بە چنگەوە دەگرێ و، ئاسمانەكانیش بە سووڕگەكانیانەوەو بە ئاسۆیەكانیانەوە بە دەستەوە دەگرێ، ئەمەش وێچواندنی شتێكی مەعقووڵە بە شتێكی خەیاڵكراو، كە ئەوەش وێكچواندنێكە دەگونجێ پێكهاتەكانی بگێڕدرێنەوە بۆ دوو ئیستیعارە، {(**إستعارة**) خواستنەوەی شتێكە بۆ مانایەك كە لە ئەسڵدا، ئەو وشەیە ئەو مانایەی نیە}، ئەمە ئەوەش دەگەیەنێ كە ئاسمانەكان و زەوی لە ڕۆژی دواییدا لە بەین ناچن، بەڵام سیستمی ئێستایان پەك دەخرێ و، بە جۆرێكی دیكە دروست دەكرێنەوە.

منیش دەڵێم: خوا ﷻ لە سوورەتی (**إبراهيم**)دا دەفەرمووێ: ﴿ يَوْمَ تُبَدَّلُ ٱلْأَرْضُ غَيْرَ ٱلْأَرْضِ وَٱلسَّمَٰوَٰتُ ۖ وَبَرَزُواْ لِلَّهِ ٱلْوَٰحِدِ ٱلْقَهَّارِ ﴿٤٨﴾ ﴾، واتە: ئەو ڕۆژەی كە زەوی وەك ئێستا نامێنێ و، ئاسمانەكانیش وەك ئێستا نامێنن و، هەموویان بۆ خوای تاكی ملپێكەچكەر دێنە گۆڕێ.

كەواتە: بەڵگە هێنانەوەكەی (إبن عاشور) لەسەر تێكنەچوونی ئاسمانەكان و زەوی، لە جێی خۆیدا نیەو، پێچەوانەی دەقی قورئانە.

---

(١) ج٢٤، ص٦٣.

(سید قطب)یش ڕەحمەتی خوای لێ بێ لە (فِي ظِلاَل)ەكەی خۆیدا، هەروەها گەلێكی دیكەش لە زانایان، ئەوانەی لێكۆڵەرەوە بوون، هەر ئاوایان گوتوەو گوتوویانە: لێرەدا هەمووی مەبەست دەرخستنی مەزنیی خوای پەروەردگارە، نەك باسی ئەوە كە خوا زەوی لە چنگ دەگرێ و، ئاسمانەكانیش لە بن قۆڵی ڕاستیی دا دەپێچێتەوە!!

مەسەلەكە هەر ئەوەیە كە لە عەقڵی ئێمەی وەنیزیك بخات، وەك چۆن ئێمە ئەگەر شتێك بە دەستەوە بگرین و، شتێكی دیكە لە بن هەنگڵی ڕاستمان بنێین، مانای وایە زۆر بەسەریدا زاڵ و باڵادەستین، دەسەڵاتی خوای پەروەردگاریش بۆ خستنە ژێر ڕكێفی خۆیەوە بۆ گەردوون بەو شێوەیە.

سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ، أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ، أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ.



دەرسی شەشەم





پێناسەی ئەم دەرسە

ئـەم دەرسـەمان هەشـت (٨) ئایـەتی کۆتایـی سـوورەتی (الزمر)ن، ئایەتـەکانی: (٦٨ - ٧٥)، کـە تێیانـدا بـاسی ڕۆژی دوایـی کـراوە، بـە هـەردووک قۆناغـی ئاخیـر زەمـان و زینـدوو کرانـەوە (السَّـاعَة، وَالقِيَامَـة)وە، کـە لـە ئەنجامـی فـوو پێداکـردنی یەکـەم و دووەم بـە کەڕەنـا (صـور)دا، لـە لایـەن ئیسـرافیلەوە، دێنـەدی.

هەروەهـا باسـی لێپرسـینەوەو دادوەریـی لـە نێوانـدا کـران و، هـەر کەسـە بەپێـی کـردەوەی خـۆی، سـزا یـان پاداشـت درانەوەیـان، کـراوە.

پاشـان بـاسی بـە ڕێکـرانی هـەر کام لـە: بێبڕوایـانی خـۆ بەزلگـر، پـۆل پـۆل بـەرەو دۆزەخ و، پارێـزکارانی پـاک و چـاک، پـۆل پـۆل بـەرەو بەهەشـت، کراوە، کە سـەرەنجام بێبڕوایـانی خۆبەزلگـر سەرزەنشـت دەکرێـن لـە لایـەنی فریشـتەکانەوەو، ئەوانیـش پەشـێمانیی دەکێشـن، بـەڵام پارێـزکارانی بـە مراد گەیشـتوو، سـوپاس و سـتاییشی خوای پـەروەردگار دەکـەن و لـە لایـەن فریشـتە پـاک و چاکەکانـەوەش سـتاییش دەکرێـن، خۆشـیان دوایـی زۆر سـوپاس و سـتاییشی خـوا دەکـەن، کـە بـەو مەقـام و مەنزڵگایـەی گەیانـدوون، دواییـش لـە لایـەن هـەر کام لـە فریشـتەکان و، بەهەشـتییەکان و، هـەر دروسـتکراوێکی دیکـەی خـواوە ﷻ کـە بـەس خـۆی دەزانـێ چـی و چیین! سـوپاس و سـتاییشی خـوای پـەروەردگاری جیهانییـان دەکـرێ، چونکـە کـە دەفەرمـوێ: ﴿ وَقِيلَ ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ﴾، گوتـرا: سـتاییش بـۆ خـوای پـەروەردگاری جیهانییـان، ئێمـە دەزانیـن ئەهـلی بەهەشـت و فریشـتەکانن، ئەهـلی بەهەشـتیش دیـارە بـە مـرۆڤ و جنـدەوە، بـەڵام هـەر خـوا ﷻ دەزانـێ چ دروسـتکراوێکی دیکـەش هەیـە، کـە هەموویـان پێکـەوە سـوپاس و سـتاییشی خـوای پـەروەردگار دەکـەن.

﴿وَنُفِخَ فِي ٱلصُّورِ فَصَعِقَ مَن فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَن فِي ٱلۡأَرۡضِ إِلَّا مَن شَآءَ ٱللَّهُۖ
ثُمَّ نُفِخَ فِيهِ أُخۡرَىٰ فَإِذَا هُمۡ قِيَامٞ يَنظُرُونَ ﴿٦٨﴾ وَأَشۡرَقَتِ ٱلۡأَرۡضُ بِنُورِ رَبِّهَا وَوُضِعَ
ٱلۡكِتَٰبُ وَجِاْيٓءَ بِٱلنَّبِيِّـۧنَ وَٱلشُّهَدَآءِ وَقُضِيَ بَيۡنَهُم بِٱلۡحَقِّ وَهُمۡ لَا يُظۡلَمُونَ ﴿٦٩﴾
وَوُفِّيَتۡ كُلُّ نَفۡسٖ مَّا عَمِلَتۡ وَهُوَ أَعۡلَمُ بِمَا يَفۡعَلُونَ ﴿٧٠﴾ وَسِيقَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓاْ إِلَىٰ
جَهَنَّمَ زُمَرًاۖ حَتَّىٰٓ إِذَا جَآءُوهَا فُتِحَتۡ أَبۡوَٰبُهَا وَقَالَ لَهُمۡ خَزَنَتُهَآ أَلَمۡ يَأۡتِكُمۡ رُسُلٞ مِّنكُمۡ
يَتۡلُونَ عَلَيۡكُمۡ ءَايَٰتِ رَبِّكُمۡ وَيُنذِرُونَكُمۡ لِقَآءَ يَوۡمِكُمۡ هَٰذَاۚ قَالُواْ بَلَىٰ وَلَٰكِنۡ حَقَّتۡ
كَلِمَةُ ٱلۡعَذَابِ عَلَى ٱلۡكَٰفِرِينَ ﴿٧١﴾ قِيلَ ٱدۡخُلُوٓاْ أَبۡوَٰبَ جَهَنَّمَ خَٰلِدِينَ فِيهَاۖ فَبِئۡسَ
مَثۡوَى ٱلۡمُتَكَبِّرِينَ ﴿٧٢﴾ وَسِيقَ ٱلَّذِينَ ٱتَّقَوۡاْ رَبَّهُمۡ إِلَى ٱلۡجَنَّةِ زُمَرًاۖ حَتَّىٰٓ
إِذَا جَآءُوهَا وَفُتِحَتۡ أَبۡوَٰبُهَا وَقَالَ لَهُمۡ خَزَنَتُهَا سَلَٰمٌ عَلَيۡكُمۡ طِبۡتُمۡ فَٱدۡخُلُوهَا
خَٰلِدِينَ ﴿٧٣﴾ وَقَالُواْ ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ ٱلَّذِي صَدَقَنَا وَعۡدَهُۥ وَأَوۡرَثَنَا ٱلۡأَرۡضَ نَتَبَوَّأُ مِنَ
ٱلۡجَنَّةِ حَيۡثُ نَشَآءُۖ فَنِعۡمَ أَجۡرُ ٱلۡعَٰمِلِينَ ﴿٧٤﴾ وَتَرَى ٱلۡمَلَٰٓئِكَةَ حَآفِّينَ مِنۡ حَوۡلِ
ٱلۡعَرۡشِ يُسَبِّحُونَ بِحَمۡدِ رَبِّهِمۡۖ وَقُضِيَ بَيۡنَهُم بِٱلۡحَقِّ وَقِيلَ ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ﴿٧٥﴾﴾.

مانای دەقاو دەقی ئایەتەكان

{هەروەها فوو بە كەڕەنادا كرا (لە ئەنجامدا) یەكسەر هەر كەس كە لە ئاسمانەكان و، هەر كەس كە لە زەویدایە بیهۆش بوون (مردن)، جگە لەو كەسانەی خوا بیەوێ (بمێنن)، دوایی فووێكی دیكەی پێداكرا، یەكسەر ئەوان (كە لە ئاسمانەكان و لە زەویدان) هەڵساوە بوون دەیانڕوانی ﴿٦٨﴾ سەر زەمینیش بە ڕووناكیی پەروەردگاری ڕۆشن بۆوەو نووسراو (لیستی كردەوان)یش دانران و، پێغەمبەران و شایەدەكانیش هێنران و، بە هەق و (دادگەریی) دادوەرییان لە نێواندا كرا، لە حاڵێكدا ئەوان هیچ ستەمیان لێ ناكرێ ﴿٦٩﴾ هەر كەسەش

چـی کـردوه (بـە گوێـرەی ئـەوە) سـزاو پاداشـتی پـڕ بـە پێسـتی درایـەوەو، ئەویـش (واتـە: خـوا) زاناتـرە بـەوەی دەیانکـرد ﴿٧٠﴾ ئەوانـەی بێبـڕواش بـوون، کۆمـەڵ کۆمەڵ بـەرەو دۆزەخـێ بەڕێکـران (پـاڵ ئەسـتۆ دران)، هەتـا کاتێـک هاتنـە لای، دەرگایـەکانی کرانـەوەو، پاسـەوانەکانی دۆزەخ پێیـان گوتـن: ئـەی بێبڕوایـەکان! ئایـا لـە خۆتـان نێردراوانێکتـان نەهاتنـەلا، ئایەتـەکانی پەروەردگارتانیـان بەسـەردا دەخوێندنـەوەو، لـەم دیـدارەی ئەمڕۆتـان دەیانترسـاندن و وریایـان دەکردنـەوە؟ گوتیـان: بـا، بـەڵام وشـە (بڕیـار)ی ئـازاردران بەسـەر بێبڕوایانـدا چەسـپیوە ﴿٧١﴾ گوتـرا: بچنـە دەرگاکانی دۆزەخـەوە بـە هەمیشـەیی تێیـدا دەبـن، (دۆزەخ) خراپتریـن جێـگای خـۆ بەزلگرانـە ﴿٧٢﴾ هەروەهـا ئەوانـەی پارێزیشـیان لـە پەروەردگاریـان کـرد بـوو، کۆمـەڵ کۆمـەڵ بـە ڕێـزو حورمەتـەوە بـەرەو بەهەشـتێ بـەڕێ کـران، هەتـا کاتێـک هاتنـە لای و دەرگایـەکانی کرابوونـەوەو، دەرگاوانـەکانی بەهەشـت پێیـان گوتـن: سـەلامتان لەسـەر بـێ (ئێـوە) چـاک و پـاک بوونـەوە، بـە هەمیشـەیی بچنـە نێـوی (بچنـە نێـو بەهەشـتەوە) ﴿٧٣﴾ ئەوانیـش گوتیـان: سـتاییش بـۆ ئـەو خوایـەی کـە بەڵێنـی خـۆی لەگەڵـدا ڕاسـت بردینـە سـەرو، زەوی (بەهەشـتی) کـردە میراتمـان، هـەر شـوێنێکی بەهەشـتمان بـوێ، تێیـدا نیشـتەجێ دەبیـن (ئەمـەش پاداشـتی کەسـانێکە بـۆ خـوا کاریـان کـردوەو بەهەشـت) باشـترین پاداشـتی کارکەرانـە (بـۆ خـوا) ﴿٧٤﴾ فریشـتەکانیش دەبینـی بـە دەوری عەرشـەوە بازنەیـان بەسـتوە، بـە ستاییشـکردنەوە پەروەردگاریـان بـە پـاک دەگـرن و، بـە هـەق دادوەرییـان لـە نێوانـدا کـراو، لـە لایـەن هەمـوو لایەکـەوە گوتـرا: سـتاییش بـۆ خـوا پـەروەردگاری جیهانییـان ﴿٧٥﴾}.

شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان

(ٱلصُّورِ): (الصُّور: قِيْلَ هُوَ مِثْلُ قَرْنٍ يُنْفَخُ فِيْهِ، فَيَجْعَلُ اللهُ سُبْحَانَهُ وَتَعَالَى ذَلِكَ سَبَبَاً لِعَوْدِ الصُّوَرِ وَالأَرْوَاحِ إلى أَجْسَادِهَا)، (صُور) گوتراوە: وەک قۆچ و شاخی ئاژەڵ وایە، فووی پێدا دەکرێ، خوای بەرز ئەوە دەکاتە هۆکاری گەڕانەوە ڕووحەکان بۆ نێو لاشەکان، (صُور) دەگونجێ بە کەڕەنا - وەک من وام هێناوە - هەروەها بە شەیپوور (بوقي) ئەوەی کە فووی پێدا دەکرێ، بۆ کۆکردنەوەی خەڵک، مانا بکرێ.

(فَصَعِقَ): واتە: بێهۆش بوو، یان مرد، دەڵێ: (الصَّاعِقَةُ: عَلَى ثَلَاثَةِ أَوْجَهٍ: ١- المَوْتُ، ٢- والعَذَابُ، ٣- والنَّار) وشەی (صَاعِقَة): بە سێ جۆر مانا کراوە، مردن و ئازاردان و ئاگر، (وَالصَّاعِقَةُ: هِيَ الصَّوْتُ الشَّدِيدُ مِنَ الجَوّ، ثُمَّ يَكُوْنُ مِنْهَا نَارٌ أَو عَذَابٌ، أو صَوْتٌ، وَهِيَ فِي ذَاتِهَا شَيءٌ وَاحِدٌ وَهَذِهِ الأَشْيَاءُ تَأْثِيْرَاتٌ لَهَا)، (صَاعِقَة): لە ئەصڵدا بریتیە لەو دەنگە بەهێزەی لە ئاسمانەوە دەبێ، ئنجا دوایی جاری وا هەیە بڵێسەی ئاگری لەگەڵ دەبێ، ئازاری لەگەڵ دەبێ، یاخود دەنگێکی بەهێز، کە لە خودی خۆیدا یەک شتە، بەڵام ئەو شتانەی دیکە دەرهاویشتەو شوێنەوارەکانی.

(وَأَشْرَقَتِ ٱلْأَرْضُ): واتە: زەوی ڕوونبۆوە، دەگوترێ: (شَرَقَتِ الشَّمْسُ، أي: طَلَعَت، وَأَشْرَقَت، أي: أَضَاءَت)، (شَرَقَتِ الشَّمْسُ) واتە: خۆرەکە هەڵات، بەڵام (أَشْرَقَتِ الأَرْضُ) واتە: ڕوون بۆوە، کەواتە: خۆر هەڵدێ، بەڵام زەوی دوای ئەوەی خۆر هەڵهاتوەو ڕۆشن بۆتەوە، ڕووناک دەبێتەوە.

(وَوُفِّيَتْ كُلُّ نَفْسٍ): هەر کەسە بە تەواویی پاداشت، یان سزای درایەوە، دەڵێ: (تَوْفِيَةُ الشَّيءِ: بَذْلُهُ وَافِيَاً وَاسْتِيفَاؤُهُ: تَنَاوُلُهُ وَافِيَاً)، (تَوْفِية) بە مانای

ئەوەیە شتێک بە تەواویی بدرێ، بەڵام (**إِسْتِيفَاء**) واتە: بە تەواویی وەربگیرێ، کەواتە: (وَوُفِّيَتۡ كُلُّ نَفۡسٖ): واتە: هەر کەسێک بە تەواویی سزا، یان پاداشتی کردەوەکانی خۆی درایەوە.

(وَسِيقَ): واتە: ڕۆێنرا، پاڵپێوەنرا، بە ڕێکرا، (**سَوْقُ الإِبْلِ: جَلْبُهَا وَطَرْدُهَا**)، ئەوەیە کە حوشترەکان بهێنرێن و دەربکرێن بەرەو شوێنێک، (**سِيْقَ: ذُهِبَ بِهِ**)، واتە: بردرا بۆ ئەو شوێنە، دیارە سەوقی بێبڕوایان لە قەدەر خۆیانەو، سەوقی بەهەشتییانیش لە قەدەر خۆیانە، وەک دوایی باسی دەکەین.

(زُمَرًا): (**الزُّمَرُ: جَمْعُ زُمْرَةَ: الجَمَاعَةُ القَلِيْلَة**)، (**زُمَرَ**) کۆی (**زُمْرَة**)یەو بە مانای کۆمەڵێکی کەم دێ، دەڵێم: مەرج نیە کۆمەڵی کەم بێ، بەڵام هەندێک لە سەرچاوەکان وادەڵێن، دەنا (**زُمْرَة**) واتە: کۆمەڵێک، کەم بن یان زۆر بن.

(خَزَنَتُهَآ): (**الخَزَنَةُ: جَمْعُ خَازِن، أَي: حَافِظٌ، وَبَوَّاب، وحَارِس**)، (**خَزَنَة**) کۆی (**خَازِن**)ە واتە: خڕکەرەوەو کۆکەرەوە، کە بە مانای پارێزەر دێ، بە مانای دەرگاوان دێ، بە مانای پاسەوانیش دێ.

(طِبۡتُمۡ): واتە: پاک و چاکبوون، (**طَابَ الشَّيءُ يَطِيْبُ فَهُوَ طَيِّبٌ، وَأَصْلُ الطَّيِّبِ مَا تَسْتَلِّذهُ الحَوَاسُّ وَالنَّفْسُ**)، واتە: شتەکە پاک و چاکبوو، پاک و چاک دەبێ، چاک و چاکە، وشەی (**طَيِّب**) لە بنەڕەتدا شتێکە کە هەستەوەرەکان چێژی لێ ببینن و، نەفسی مرۆڤیش چێژی لێ ببینێ.

(نَتَبَوَّأُ): نیشتەجێ دەبین، دەڵێ: (**بَوَّأْتُ لَهُ مَكَانَاً: سَوَّيْتُ لَهُ**)، شوێنەکەم بۆ تەخت کرد، بۆم خۆشکرد، (**بَوَّأْتُ الرَّمْحَ: هَيَّأْتُ لَهُ مَكَانَاً**)، کەسێک کە ڕم داوێ، ئەگەر نیشانەکەی بۆ دیاریی بکاو لێی ڕاست بکات، دەڵێ: (**بَوَّأْتُ الرَّمْحَ**) واتە: شوێنم بۆ دیارییکرد، ئەو ئامانجەی تێی دەگرم.

(حَيۡثُ): (**حَيْثُ: عِبَارَةٌ عَنْ مَكَانٍ مُبْهَمٍ، يُشْرَحُ بِالجُمْلَةِ الَّتِي بَعْدُه**)، (**حَيْثُ**): شوێنێکی نادیارە، بەو ڕستەی کە لە دوایەوە دێ ڕوون دەبێتەوە، مەبەست پێی

چییە، وەک: {اتَّقِ اللَّهَ حَيْثُمَا كُنْتَ}[1]، واتە: پارێز لە خوا بکە لە هەر شوێنێک بووی.

(حَآفِّينَ): (مُطِيْفِيْنَ بِحَفَافَيْهِ، أَي: جَانِبَيْهِ، «إِنَّ طَالِبَ الْعِلْمِ لَتَحُفُّهُ الْمَلاَئِكَةُ بِأَجْنِحَتِهَا»[2])، کەواتە: (حَافِّيْن) واتە: دەورەیان داوەو بازنەیان بەستوە لە هەردوو لایەوە، لە ڕاستییدا واتە: لە چواردەوری بازنەیان بەستوە، دەگوترێ: {إِنَّ طَالِبَ الْعِلْمِ لَتَحُفُّهُ الْمَلاَئِكَةُ بِأَجْنِحَتِهَا} وەک لە فەرمایشتی پێغەمبەردا ﷺ هاتوە: بابای بە دوای زانستدا ڕۆیشتوو، فریشتەکان بە باڵەکانی دەوری دەدەن، واتە: ڕێزی لێ دەگرن و بە دەوریدا دێن و دەچن، وەک چۆن پەپوولە بە دەوری چرادا دێن و دەچن، حەزیان لە ڕووناکییەکەیەتی، کەسێکیش بە دوای زانستدا بگەڕێ، فریشتەکان حەز بە دیداری دەکەن و، بە دەوریدا دێن و دەچن.



---

(١) أخرجه أحمد: ٢١٣٩٢، والترمذي: ١٩٨٧، وقال: حسن صحيح، والدارمي: ٢٧٩١، والحاكم: ١٧٨، وقال: صحيح على شرط الشيخين، ووافقه الذهبي.

(٢) أخرجه الطبراني: ٧٣٤٧، قال الهيثمي: رجاله رجال الصحيح، وحسنه الألباني.

مانای گشتیی ئایەتەكان

خـوا ﷻ لـە كۆتایـی ئـەم سـوورەتە موبارەكـەدا، بـاسی ڕۆژی دوایـی دەكات، بـە هـەردوو قۆناغـی ئاخیـر زەمـان و هەڵسـانەوەوە، واتـە: كۆتایـی پێهاتنـی ژیـانی مـرۆڤ لەسـەر زەوی و، پێچرانـەوەی بارگـەو بنـەی ئـەم گەردوونـە، قۆناغـی یەكـەم، قۆناغـی دووەمیـش: زینـدوو كرانـەوەی مرۆڤـەكان و، هێنرانـە پێشـی لێپرسـینەوەو سـزاو پاداشـت بـۆ مـرۆڤ و بـۆ جنـد، خـوا ﷻ دەفەرمـوێ: ﴿وَنُفِخَ فِي ٱلصُّورِ﴾، فـوو بـە كەڕەنـادا كـرا، (صـور) واتـە: كەڕەنـا كـە لەلایـەن ئیسـڕافیلەوە (عَلَيْـهِ الصَّلَاةُ وَالسَّلَام) وەک لـە هەندێـک دەقـی سـوننەتدا هاتـوە، دوو جـاران فـووی پێـدا دەكات: جـاری یەكەمیـان دەرهاویشـتەو ئەنجامەكـەی ئەوەیـە: هـەر كـەس لـە ئاسـمانەكان و زەویـدا هەیـە، دەمرن: ﴿فَصَعِقَ مَن فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَن فِي ٱلْأَرْضِ﴾، هەر كەسێک كـە لـە ئاسـماندا هەیـەو، هـەر كەسێک كـە لـە زەویـدا هەیـە، بیهـۆش بـوو، ئنجـا ئـەو بێهـۆش بوونـە بـەس بـە مانـای بیهـۆش بوونـە، یـان بـە مانـای مردنـە؟ هـەردوو واتایەكـە گونجـاون، ﴿إِلَّا مَن شَآءَ ٱللَّهُ﴾، مەگـەر كەسێك خـوا ﷻ بیـەوێ نەمـرێ، یـان بێهـۆش نەبـێ، ﴿ثُمَّ نُفِخَ فِيهِ أُخْرَىٰ﴾، دوایـی فوویەكـی دیكـەی پێداكـرا بـۆ جـاری دووەم، لەلایـەن ئیسـڕافیلەوە، ﴿فَإِذَا هُمْ قِيَامٌ يَنظُرُونَ﴾، یەكسـەر كتوپـڕ ئـەوان هەڵسـابوونە پـێ، دەیانـڕوانی، واتـە: مرۆڤـەكان و جندەكان هەموویـان زیندوو كرانـەوەو هەڵسـێنرانەوە، بۆیـەش ئـەو قۆناغـە پێـی دەگوترێ: (قیامة) هەڵسـانەوە.

﴿وَأَشْرَقَتِ ٱلْأَرْضُ بِنُورِ رَبِّهَا﴾، زەوییـش بـە ڕووناكیـی پـەروەردگاری ڕوون بـۆوە، ڕۆشـن بـۆوە، ڕووناكیـی خـوا ﷻ كـە سـیفەتێكی خوایـە، وەک هەمـوو سـیفەتەكانی و نازانیـن چۆنـە، نـەک ئـەو ڕووناكییـە كـە دەیبینیـن، یاخـود ڕووناكییەک كـە خـوا لـە ڕۆژی دواییـدا دەیخوڵقێنـێ و پەیـدای دەكات، كەواتـە: ﴿بِنُورِ رَبِّهَا﴾، سـیفەتێكی تایبەتیـی خوایـەو نازانیـن چۆنە؟ یاخود دروسـتكراوێكی تایبەتیـی خوایەو،

جۆرێکـە لـە ڕووناکیـی بـۆ ئـەو ڕۆژە دروسـتی دەکات، هـەردووک واتایەکـە گونجـاون، ﴿وَوُضِعَ ٱلۡكِتَٰبُ﴾، کتێبیـش دانـرا، واتـە: نـووسراوەکان دانـران، کە مەبەسـت لیسـتی کـردەوەی مرۆڤەکانـن، کەواتـە: (**الكتـاب**)، کـە (أل)ی ناسـاندنی لەسـەرە، مانـای جینـس دەگەیەنـێ، واتـە: جینـسی نـووسراوەکان، کـە کـردەوەی مرۆڤەکانیـان تێـدا لیسـت کراون و نووسراونـەوەو تۆمـار کـراون، دانـدران، ﴿وَجِاْيٓءَ بِٱلنَّبِيِّـۧنَ وَٱلشُّهَدَآءِ﴾، پێغەمبـەران (**عَلَيْهِـمُ الصَّـلاَةُ وَالسَّـلاَم**) و شـایەدەکانیش، ئەوانـەی شـایەدیی دەدەن، لـە فریشـتان و لـە غەیـری فریشـتان، هەموویـان هێـنران، ﴿وَقُضِيَ بَيۡنَهُم بِٱلۡحَقِّ﴾، دادوەرییـان لـە نێـوان دا کـرا بـە دادگەریـی و بـە هـەق، ﴿وَهُمۡ لَا يُظۡلَمُونَ﴾، لـە حاڵێکـدا کـە ئـەوان ستەمیان لـێ ناکـرێ.

﴿وَوُفِّيَتۡ كُلُّ نَفۡسٖ مَّا عَمِلَتۡ﴾، هـەر کەسـە بەپێـی ئـەوەی کردوویـەتی، سـزا یـان پاداشـتی درایـەوە، ﴿وَهُوَ أَعۡلَمُ بِمَا يَفۡعَلُونَ﴾، خـواش ﷻ زاناتـرە بـەوەی دەیانکـرد، بگـرە لـە خۆشـیان پێیـان زاناتـرە، ئنجـا دوای ئـەوەی دادگایـی کـران و دادوەرییـان بـە دادگەرانـە لـە نێوانـدا کـرا، دەبنـە دوو بـەشی سـەرەکیی: بەشـێکیان بـەرەو دۆزەخ بـە ڕێ دەکرێـن، خـوا پەنامـان بـدات، بەشێکیشـیان بـەرەو بەهەشـت بـە ڕێ دەکرێـن، پێشـێ بـاسی ئەوانەیـە کـە بـەرەو دۆزەخ بـە ڕێ دەکرێـن، کـە بێبڕوایەکانـن.

﴿وَسِيقَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓاْ إِلَىٰ جَهَنَّمَ زُمَرًا﴾، ئەوانـەی بێبـڕوان کۆمـەڵ کۆمەڵ، تاقـم تاقـم بـەرەو دۆزەخ بـە ڕێ کـران، بـەڵام بـە ڕێ کرانێـک کـە شایسـتەی خۆیانـە، واتـە: پاڵەسـتۆ دران و بـە شـێوەیەکی بـێ ڕێزانـە بـە ڕێ کـران، ﴿حَتَّىٰٓ إِذَا جَآءُوهَا فُتِحَتۡ أَبۡوَٰبُهَا﴾، هەتـا کاتێـک گەیشـتنە لای و هاتنـە لای، کتوپـڕ دەروازەکانی دۆزەخیـان لـێ کرانـەوە، ﴿وَقَالَ لَهُمۡ خَزَنَتُهَآ﴾، دەرگاوانـەکانی (دۆزەخەوانـەکان لـە فریشـتەکان) پێیـان گوتـن: ﴿أَلَمۡ يَأۡتِكُمۡ رُسُلٞ مِّنكُمۡ﴾، ئایـا لـە خۆتـان ڕەوانەکراوانێکتـان بـۆ نەهاتـن! ئـەم پرسـیارکردنە پرسـیارکردنی سەرزەنشـتکارانەی

ئایەتـەکانی ﴿ يَتۡلُونَ عَلَيۡكُمۡ ءَايَٰتِ رَبِّكُمۡ ﴾، نکووڵیلێکەرانەیـە، پەروەردگارتانیـان بەسـەردا دەخوێندنـەوە؟ ﴿ وَيُنذِرُونَكُمۡ لِقَآءَ يَوۡمِكُمۡ هَٰذَاۚ ﴾، دەشـیان ترسـاندن و وریاشـیان دەکردنـەوە لـەم دیـدارەی ئەمڕۆتـان؟ ﴿ قَالُواْ بَلَىٰ ﴾، گوتیـان: بـا، ﴿ وَلَٰكِنۡ حَقَّتۡ كَلِمَةُ ٱلۡعَذَابِ عَلَى ٱلۡكَٰفِرِينَ ﴾، بـەڵام وشـەی سـزا لەسـەر بێبڕوایـان پێویسـت بـوو بـوو، واتـە: ئێمـە بۆیـە هاتینـە ئێـرە لەبـەر ئـەوەی بڕیـاری خوامـان لەسـەر پێویسـت بـوو، کـە لەمیـانی وشـەکانیدا بڕیـارەکان دەردەچـن، وەک چـۆن کاتـێ بڕیـار دەردەچـێ بـۆ بابایەکـی تاوانبـار، کـە سـزا بـدرێ، بـە نووسـین بـۆی دەردەکـرێ، لێـرەدا مەبەسـت پێـی ئەوەیـە، بڕیاریـان لـە لایـەن خـواوە بـۆ دەرچـوو، چونکـە بێبـڕوا (کافـر) بـوون، (**کافـر**) لەسـەر کێـشی (**فاعـل**)ە، واتـە: هەقێـک کـە بۆیـان هاتبـوو، شـاردبوویانەوەو ڕەفزیـان کـرد بـوو.

﴿ قِيلَ ٱدۡخُلُوٓاْ أَبۡوَٰبَ جَهَنَّمَ خَٰلِدِينَ فِيهَاۖ ﴾، پێیـان گوتـرا: بچنە نێو دەروازەکانی دۆزەخـەوە بـە هەمیشـەیی تێیـدا دەمێننـەوە، ﴿ فَبِئۡسَ مَثۡوَى ٱلۡمُتَكَبِّرِينَ ﴾، خراپتریـن جێـگاش بـۆ تێـدا حەوانـەوە دۆزەخـە، بـۆ خـۆ بەزلگـران، واتـە: ئێـوە خـۆ بەزلگربـوون لـە بەرانبـەر کتێبـەکانی خـواو پێغەمبـەرانی خـوادا ﷺ بۆیـە ڕۆژتـان ئـەم ڕۆژەیـەو بـەم مـەرەدە چـوون.

ئنجا دێتە سەر باسی کۆمەڵی دووەم:

﴿ وَسِيقَ ٱلَّذِينَ ٱتَّقَوۡاْ رَبَّهُمۡ إِلَى ٱلۡجَنَّةِ زُمَرًاۖ ﴾، هەروەهـا ئەوانـەی پارێزیـان لـە پەروەردگاریـان کـرد بـوو، بـەرەو بەهەشـتێ کۆمـەڵ کۆمـەڵ بـە ڕێ کـران، ئەوانیـش بـە بـە ڕێ کردنێـک کـە شایسـتەی خۆیانـە، بـە ڕێـزو حورمەتـەوە، وەک لـە سـوورەتی (**مریـم**)دا، خـوا ﷻ دەفەرمـوێ: ﴿ يَوۡمَ نَحۡشُرُ ٱلۡمُتَّقِينَ إِلَى ٱلرَّحۡمَٰنِ وَفۡدًا ٨٥ وَنَسُوقُ ٱلۡمُجۡرِمِينَ إِلَىٰ جَهَنَّمَ وِرۡدًا ٨٦ ﴾مریـم، واتـە: ئـەو ڕۆژە کـە تاوانبـاران بـەرەو دۆزەخ لـێ دەخورێـن بـە تینوویەتیـی (وەک چـۆن ئاژەڵـی تینـوو بـۆ سـەر ئاویـان دەبـەی، ڕەپێچەکیـان دەدەی و لێیـان دەخوڕیـی)، بـەڵام پارێـزکاران بـە

شێوەی شاندو نوێنەر (کە پێشوازیی دەکرێن) ئاوا بەرەو خوای خاوەن بەزەیی بەڕێیان دەکەین، ﴿ حَتَّىٰٓ إِذَا جَآءُوهَا وَفُتِحَتۡ أَبۡوَٰبُهَا ﴾، هەتا کاتێک گەیشتنە لای بەهەشت و، پێشتر دەروازەکانی کرابوونەوە، بە نسبەت دۆزەخییەکان دەفەرموێ: ﴿ حَتَّىٰٓ إِذَا جَآءُوهَا فُتِحَتۡ أَبۡوَٰبُهَا ﴾، تاکو گەیشتنە لای دۆزەخ، ئنجا دەرگاکان کتوپڕ کرانەوە، بەڵام لێرەدا بە نسبەت پارێزکاران، دەفەرموێ: ﴿ حَتَّىٰٓ إِذَا جَآءُوهَا وَفُتِحَتۡ أَبۡوَٰبُهَا ﴾، هەتا کاتێک گەیشتنە لای بەهەشت، پێشتریش دەروازەکان کرابوونەوە، چونکە بەهەشتییەکان کە دەچنە بەهەشت، ئەگەر پێشتر دەروازەکانیان بۆ بکرێنەوە، هەر لە دوور ڕا، بۆن و بەرامەی بەهەشتیان بۆ دێ و، دیمەنە جوانەکانی بەهەشت دەبینن و دڵخۆش دەبن، بەڵام بە نسبەت تاوانبارانەوە، وا سامی زیاترە، کە کتوپڕ دەروازەکانیان بۆ بکرێنەوەو لە ناکاو بەسەریدا بکەون، نەک لە دوور ڕا ببینن و ترسیان لێی بشکێ، چونکە کاتێک ئینسان بە شوێنێکدا دەڕوات، ئەگەر مارێک، دڕندەیەکی لێ دەرپەڕێ کتوپڕ، زۆر سامی زیاترە، وەک لەوەی لە دوور ڕا ببینێ و بە چاوی بنگێوێ، وردە وردە بۆی دەچێ و دوور بینیی خۆی وەردەگرێ، ﴿ وَقَالَ لَهُمۡ خَزَنَتُهَا سَلَٰمٌ عَلَيۡكُمۡ ﴾، دەرگاوانەکان بەهەشتەوانەکان، فریشتەکان، کە پاسەوانەکانی بەهەشتن، پێیان گوتن: ئاشتییتان لەسەر بێ، سەلامتان لێ بێ، ﴿ طِبۡتُمۡ ﴾، ئێوە پاک و چاک بوون، ﴿ فَٱدۡخُلُوهَا خَٰلِدِينَ ﴾، دەجا بچنە نێو بەهەشتەوە بە هەمیشەیی، واتە: لە ئەنجامی ئەوەدا کە پاک و چاکن، شایستەی چوونە بەهەشتن.

﴿ وَقَالُواْ ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ ٱلَّذِي صَدَقَنَا وَعۡدَهُۥ ﴾، ئەوانیش گوتیان: ستاییش بۆ ئەو خوایەی کە بەڵێنی لەگەڵ بردینە سەر، ﴿ وَأَوۡرَثَنَا ٱلۡأَرۡضَ ﴾، سەر زەمینیشی کردە میراتمان واتە: سەر زەمینی بەهەشتی دا بە ئێمە، بە ئێمەی بەخشیی، وەک چۆن میراتێک بە ئینسان دەگات، بەبێ زەحمەت، ئەو سەر زەمینەشی کردە خەڵاتی ئێمە، چونکە ئەو بەهەشتە بەڵێ ئیمانداران زەحمەتیان کێشاوە لە دنیادا، بەڵام کردەوە چاکەکانیان و زەحمەت کێشانەکەیان بایی بەهەشتەکە نیە،

بۆیە دەفەرمووێ: بەهەشتی کردە میراتمان، ﴿ نَتَبَوَّأُ مِنَ ٱلْجَنَّةِ حَيْثُ نَشَآءُ ﴾، ئێمە لە بەهەشتدا، لە هەر شوێنێک بمانەوێ، مەنزڵ دادەنێین، نیشتەجێ دەبین، بەهەشتێکی فراوانە، ﴿ فَنِعْمَ أَجْرُ ٱلْعَٰمِلِينَ ﴾، باشترین پاداشت پاداشتی کارکەرانە، ئیشکەرانە، ئەوانەی ئیشیان بۆ خوا کردوە.

﴿ وَتَرَى ٱلْمَلَٰٓئِكَةَ حَآفِّينَ مِنْ حَوْلِ ٱلْعَرْشِ ﴾، فریشتەکانیش دەبینی (لە ڕۆژی دواییدا)، بازنەیان بەستوە بە دەوری عەرش و بارەگای خواوە، وەک لە سووڕەتی (**الحاقة**)دا، دەفەرمووێ: ﴿ وَٱلْمَلَكُ عَلَىٰٓ أَرْجَآئِهَآ ۚ وَيَحْمِلُ عَرْشَ رَبِّكَ فَوْقَهُمْ يَوْمَئِذٍ ثَمَٰنِيَةٌ ﴿١٧﴾ ﴾الحاقة، فریشتەکان بە دەوری ئاسمانەکانەوەن، (ئەو گەردوونە کە خوا ﷻ دووبارە دروستی دەکاتەوە لەو ڕۆژەدا)، هەشت عەرشی خوا هەڵدەگرن، هەشت لە فریشتان و لە کۆمەڵە فریشتەکان، لێرەشدا دەفەرمووێ: فریشتەکان دەبینی بازنەیان بەستوە، بە دەوری عەرشەوە، ﴿ يُسَبِّحُونَ بِحَمْدِ رَبِّهِمْ ﴾، بە ستاییشکردنەوە پەروەردگاریان بە پاک دەگرن، واتە: هەم ستاییشی دەکەن و هەم بە پاکی دەگرن، هەم بە سیفەتە بەرزەکانی وەسفی دەکەن، هەم هەرچی کەم و کوڕیی و پەڵەو لەکەیە، لێی دوور دەخەنەوە، چونکە خوا ﷻ وایە، خوا ﷻ ڕازاوەیە بە هەرچی سیفەتی بەرزو پەسندەو، دووریشە لە هەرچی لە کەو کەم و کوڕییە، ﴿ وَقُضِىَ بَيْنَهُم بِٱلْحَقِّ ﴾، بە هەق و دادگەرانەش دادوەرییان لە نێوان دا کرا، واتە: لە نێوان مرۆڤەکان و لە نێوان جندا، ﴿ وَقِيلَ ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴾، گوتراش: ستاییش بۆ خوای پەروەردگاری جیهانییان، لەلایەن کێ وە گوترا؟ لەلایەن هەموانەوە گوترا، خوا ﷻ بێژەرەکەی دیاریی نەکردوە، بۆ ئەوەی بۆ هەموان بچێتەوەو هەموویان بگرێتەوە.

مەسەلە گرنگەکان

مەسەلەی یەکەم:

دوای فووی یەکەم بە کەڕەنادا، هەموو ئەوانەی لە ئاسمانەکان و لە زەویدان، بێهۆش دەبن و دەمرن، جگە لەوەی خوا بیەوێ نەمرێ، دوای فووی دووەمیش هەموویان هەڵدەستنەوەو تەماشا دەکەن، زەمینیش بە ڕووناکیی خوا ڕۆشن دەبێتەوەو، نامەکانی کردەوانیش دادەنرێن، پێغەمبەران و شایەدەکانیش دەهێنرێن، بە دادگەریی دادوەریی دەکرێ لە نێوانیاندا، هەر کەس سزاو پاداشتی تەواو و پڕ بە پێستی خۆی پێدەدرێ:

خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿وَنُفِخَ فِي ٱلصُّورِ فَصَعِقَ مَن فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَن فِي ٱلْأَرْضِ إِلَّا مَن شَآءَ ٱللَّهُ ثُمَّ نُفِخَ فِيهِ أُخْرَىٰ فَإِذَا هُمْ قِيَامٌ يَنظُرُونَ ﴿٦٨﴾ وَأَشْرَقَتِ ٱلْأَرْضُ بِنُورِ رَبِّهَا وَوُضِعَ ٱلْكِتَٰبُ وَجِاْىٓءَ بِٱلنَّبِيِّـۧنَ وَٱلشُّهَدَآءِ وَقُضِيَ بَيْنَهُم بِٱلْحَقِّ وَهُمْ لَا يُظْلَمُونَ ﴿٦٩﴾ وَوُفِّيَتْ كُلُّ نَفْسٍ مَّا عَمِلَتْ وَهُوَ أَعْلَمُ بِمَا يَفْعَلُونَ ﴿٧٠﴾﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە دوازدە بڕگەدا:

١)- ﴿وَنُفِخَ فِي ٱلصُّورِ﴾، فوو بە کەڕەنادا کرا، پێشتر باسمان کرد **(صور)** شتێکی گەورەیە لە شێوەی قۆچ (شاخ)ی ئاژەڵ دا، لەلایەن ئیسرافیلەوە فووی پێدادەکرێ، دەنگێکی زۆر بێڕەزاو هاڕژنێکی زۆر گەورەیە، دەبێتە هۆی ئەوەی گەردوون تێک بچێ، دوای فووی یەکەم، بۆیە دەفەرموێ:

٢)- ﴿فَصَعِقَ مَن فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَن فِي ٱلْأَرْضِ﴾، هەر کەسێک کە لە ئاسمانەکاندا هەیەو، هەر کەسێک کە لە زەویدا هەیە، هەموویان بێهۆش کەوتن، یاخود هەموویان

مردن، لە سوورەتی (**النمل**)دا، لەو بارەوە دەفەرمویٚ: ﴿ وَيَوْمَ يُنفَخُ فِي ٱلصُّورِ فَفَزِعَ مَن فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَن فِي ٱلْأَرْضِ إِلَّا مَن شَآءَ ٱللَّهُ وَكُلٌّ أَتَوْهُ دَٰخِرِينَ ﴿٨٧﴾ ﴾، واتە: ئەو ڕۆژە کە فوو بە سووردا دەکریٚ، هەرچی لە ئاسمانەکان و هەرچی لە زەویدا هەیە، هەموویان ترسیان ڕیٚ دەنیشیٚ و ڕادەچڵەکن، دادەچڵەکن، مەگەر ئەوەی خوا بیەویٚ (دانەچڵەکیٚ)و، هەموویان بە ملکەچیی دیٚن بۆ لای (خوا ﷻ، بۆ ئەو شویٚنەی خوا ﷻ بۆی دیارییکردوون).

(**فَصَعِق**)، (**صَعْق**) دەگونجیٚ بە مانای داچڵەکین و لە هۆش خۆ چوون بیٚ و، دەشگونجیٚ بە مانای مردن بیٚ.

٣)- ﴿ إِلَّا مَن شَآءَ ٱللَّهُ ﴾، مەگەر کەسیٚك خوا بیەویٚ، هەر کەسیٚک خوا بیەویٚ نەمریٚ، لەو ڕۆژەدا، یان دانەچڵەکیٚ، یاخود بیٚهۆش نەبیٚ، هەندیٚک گوتوویانە: زۆر لە زانایان گوتوویانە: چوار لە فریشتەکانن، کە خوا ﷻ هەڵیبواردوون لە مردن، ئەوانیش: (جیبریل و میکائیل و ئیسرافیل و فریشتەی مەرگ (**ملك الموت**))ن، (**عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَام**) ئەمە لە (**قتادة**)وە هاتوە[1].

٤)- ﴿ ثُمَّ نُفِخَ فِيهِ أُخْرَىٰ ﴾، دوایی فوویٚکی دیکەی پیٚداکرا، بۆ جاری دووەم، فووی پیٚداکرا، کە دەفەرمویٚ: ﴿ ثُمَّ نُفِخَ فِيهِ أُخْرَىٰ ﴾، (**أُخْرَى: صِفَةُ مَوْصُوفٍ مَحْذُوفٍ، أَي: نُفِخَ فِيهِ نَفْخَةٌ أُخْرَى**)، (**أُخرى**): سیفەتی وەسفکراویٚکی قرتیٚنراوە، یانی: فوویٚکی دیکەی پیٚداکرا، فووی دووەم.

٥)- ﴿ فَإِذَا هُمْ قِيَامٌ يَنظُرُونَ ﴾، یەکسەر ئەوان هەڵساو بوون، تەماشایان دەکرد.

(**إذا**) بۆ کت و پڕیی (**مفاجأة**)یە، یانی: کە فووی دووەمی پیٚداکرا، کت و پڕ هەڵسان، (**يَنْظُرون**) تەماشایان دەکرد، ئنجا (**يَنْظُرون**) دوو واتای هەن، یان بە مانای (**يُبْصِرُون**) تەماشایان دەکرد، یان بە مانای (**يَنْتَظِرون**) چاوەڕیٚیان دەکرد، کە خوا ﷻ چ بڕیاریٚکیان بۆ دەدات.

---

(١) زاد المسير في علم التفسير، لابن الجوزي، ص ١٠٥٥.

ئایا (هـم) لـه (فَـإِذَا هُـمْ)دا، ڕاناوەکـه بـۆ کـێ دەچێتـەوە؟ هەموویان هەڵسـابوون تەماشـایان دەکـرد، یـان چاوەڕێیـان دەکـرد، ڕوونکەرەوانـی قورئـان گوتوویانـه: (الخَلْقُ كُلُّهُـمْ قِيَـامٌ عَلَـى أَرْجُلِهِـمْ يَنْتَظِـرُونَ مَـاذَا يقَـالُ لَهُـمْ؟)، خەڵـک هەمـووی مـرۆڤ و جنـد بـه پێـوە ڕاوەسـتاون و چـاوەڕێ دەکـەن، یاخـود دەڕوانـن: چییـان پـێ دەگوتـرێ و چییـان بـۆ بڕیـار دەدرێ؟!.

٦)- ﴿ وَأَشْرَقَتِ ٱلْأَرْضُ بِنُورِ رَبِّهَا ﴾، سەر زەوییش بە ڕووناکیی پەروەردگاری ڕۆشن بۆوە، (إِشْرَاق) بە مانای ڕوونبوونەوە دێ، (شَرَقَتِ الشَّمْسُ) واتە: خۆرەکە هەڵات، بەڵام (أَشْرَقَتِ الأَرْضُ)، واتە: زەوییەکە ڕووناک بۆوە، ئنجا ئایا ڕووناکیی پەروەردگار، مەبەست پێی چییە؟ کە زەوی ڕۆشن دەبێتەوە بە ڕووناکیی پەروەردگاری، وەک لە مانای گشتییەکەیدا باسمان کرد:

أ- دەگونجێ مەبەست پێی ڕووناکیی خوا ﷻ بێ، کە ڕووناکیی خوا ﷻ سیفەتێکی خوایە، وەک زانیاریی خوا، دەسەڵاتی خوا، حیکمەتی خوا، ڕووناکیی خواش سیفەتێکە لە سیفەتەکان، کە بە تەئکید مەبەست پێی ڕووناکیی ماددیی نیە، کە بەرهەستەو چاو دەیبینێ، بەڵکو وەک هەموو سیفەتەکانی دیکەی خوا ﷻ، ئەویش سیفەتێکی خوایە.

ب- دەشگونجێ ڕووناکیی خوا ﷻ، مەبەست پێی ڕووناکییەکی تایبەت بێ، کە لەو ڕۆژەدا بە تایبەت خوا ﷻ دروستی دەکات، بۆ ئەوەی سەر زەوی پێ ڕۆشن بکاتەوە.

ج- هەندێک لە زانایانیش گوتوویانە: ﴿ وَأَشْرَقَتِ ٱلْأَرْضُ بِنُورِ رَبِّهَا ﴾، (نور) لێردا مەبەست پێی دادگەرییە، چونکە لە فەرمایشتی پێغەمبەردا هاتوە: {اتَّقُوا الظُّلْمَ، فَإِنَّ الظُّلْمَ ظُلُمَاتٌ يَوْمَ الْقِيَامَةِ} (أخرجه البخاري: ٢٤٤٧، ومسلم: ٢٥٧٩)، واتە: خۆتان لە ستەم بپارێزن، چونکە ستەم تاریکییەکانی ڕۆژی قیامەتە.

ئنجـا ئەگـەر سـتەم تاریکیـی بـێ، مانـای وایـە دادگەریـی ڕووناکییـە، کەواتـە: بـە دادگەریـی خـوا، سـەر زەوی ڕۆشـن دەبێتەوە، لـەو ڕۆژەدا کە ڕۆژی دادگایـی و دادوەریی کرانـە، لـە نێـوان مـرۆڤ و جندداو، کـەس تۆزقاڵێـک زوڵمـی لـێ ناکرێ، دادگەریـی خوا هەمـوو سـەر زەوی و مەیـدانی کۆکردنـەوەی لێپرسینەوە، ڕۆشـن دەکاتـەوە.

٧)- ﴿ وَوُضِعَ ٱلْكِتَٰبُ ﴾، کتێبیش دانرا، (أل)ی سەر (**الكِتَاب**) بۆ ناساندنە، ناساندنەکەش، لێرەدا مەبەست پێی:

أ- (**عهد**)ە، کتێبەکە دانرا، کە دەگونجێ مەبەست پێی:

١- (**لوح محفوظ**)بێ، ئەوەی کە خوا ﷻ هەموو زانیارییەکانی تێدا تۆمار کردوون.

٢- مەبەست پێی کتێبەکانی پێغەمبەران (**عَلَيْهِمُ الصَّلاَةُ وَالسَّلاَم**) بن، کە بەرنامەکانی پێغەمبەرانیان تێدان، تاکو بەپێی ئەو کتێبانە لێپرسینەوە لەگەڵ هەموو ئۆممەتاندا بکرێ.

٣- مەبەست پێی نامەکانی کردەوەکان بێ.

ب- (**الكِتَاب**) (ال)کەی بۆ تێکڕا (جنس)یە:

١- جینسی لیست و نووسراوی کردەوەکانی مرۆڤەکان، دادەنرێ.

٢- نووسراوی تایبەت بە لێپرسینەوەو سزاو پاداشت، دادەنرێ.

٨)- ﴿ وَجِاْىٓءَ بِٱلنَّبِيِّـۧنَ وَٱلشُّهَدَآءِ ﴾، پێغەمبەرانیش و شایەدەکانیش هێنران، پێغەمبەران (**عَلَيْهِمُ الصَّلاَةُ وَالسَّلاَم**) ئەوە دیارن و، شایەدەکانیش ئەو فریشتانەن کە کردەوەکانی مرۆڤەکانیان پاراستوون، وەک خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ وَجَآءَتْ كُلُّ نَفْسٍ مَّعَهَا سَآئِقٌ وَشَهِيدٌ ﴿٢١﴾ ﴾ق، واتە: هەر کەسێک هات لێخوڕێک و شایەدێکی لەگەڵ دایە، دوو فریشتەی لەگەڵ دانە، یەکێکیان پێش خۆی دەدات و، ئەوی دیکەشیان شایەدیی لەسەر دەدات.

٩)- ﴿ وَقُضِىَ بَيْنَهُم بِٱلْحَقِّ ﴾، بە هەق دادوەرییان لە نێواندا کرا، پێشتریش گوتوومانە: وشەی هەق بە پێی ئەو سیاقانە کە تێیاندا دێ، مانایەکەی دەگۆڕێ، لێرەدا: ﴿ وَقُضِىَ بَيْنَهُم بِٱلْحَقِّ ﴾، واتە: بە دادگەرانە دادوەرییان لە نێواندا کرا، جاری وایە وشەی هەق بە مانای حیکمەتە، جاری وایە بە مانای قسەی ڕاستە، وەک: (**قُلْتَ الحَقّ**) تۆ ڕاستییت گوت.

١٠)- ﴿ وَهُمْ لَا يُظْلَمُونَ ﴾، ئەوان ستەمیان لێ ناکرێ، (**و**)ەکە بۆ حاڵە، واتە: لە حاڵێکدا کە هیچ کام لەوانە تۆزقاڵێک ستەمی لێ ناکرێ، وەک خوا ﷻ لە شوێنی دیکەدا دەفەرموێ:

﴿ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَظْلِمُ ٱلنَّاسَ شَيْـًٔا وَلَـٰكِنَّ ٱلنَّاسَ أَنفُسَهُمْ يَظْلِمُونَ ﴿٤٤﴾ ﴾يونس، واتە: خوا ﷻ هیچ تۆزێک ستەم لە کەس ناکات، بەڵام خەڵک خۆیان ستەم لە خۆیان دەکەن.

١١)- ﴿ وَوُفِّيَتْ كُلُّ نَفْسٍ مَّا عَمِلَتْ ﴾، هەر کەسە چی کرد بوو بەپێی ئەوە، پاداشت و سزای درایەوە.

١٢)- ﴿ وَهُوَ أَعْلَمُ بِمَا يَفْعَلُونَ ﴾، ئەو (خوا ﷻ)یش زاناترە بەوەی دەیانکرد، (**وُفِّيَت: التَّوْفِيَةُ: إِعْطَاءُ الشَّيءِ وَافِيَاً لَا نَقْصَ فِيْه**)، (**تَوْفِيَة**): بریتیە لەوەی شتێک بە تەواویی بدرێ، کەم و کورتیی تێدا نەبێ، کە دەفەرموێ: ﴿ وَوُفِّيَتْ كُلُّ نَفْسٍ مَّا عَمِلَتْ ﴾، واتە: (**جَزَاءَ مَا عَمِلَتْ**)، هەر کەسە سزاو پاداشتی ئەوەی کرد بووی، بە تەواویی درایەوە.

﴿ وَهُوَ أَعْلَمُ بِمَا يَفْعَلُونَ ﴾، ئەو (خوا ﷻ)یش زاناترە بەوەی دەیانکرد، خۆیان ئەگەر لە بیریشیان چوو بێ، خوا ﷻ هەمووی تۆمار کردوە لە ڕێی فریشتەکانەوەو، خۆشی بە زانیاریی بێ سنووری، هەموو شتێک دەزانێ، کەواتە: (**مَا عَمِلَتْ: أَي جَزَاءَ مَا عَمِلَتْ، لأَنَّ الإِنْسَانَ يُوفَّى الجَزَاء لَا العَمَل**)، چونکە مرۆڤ پاداشت و سزایەکەی دەدرێتەوە، نەک خودی کردەوەکان، کە دەفەرموێ: ﴿ وَهُوَ أَعْلَمُ بِمَا يَفْعَلُونَ ﴾، لێرەداو لە زۆر شوێنی دیکەش کە (**صِيْغَة التَفْضِيْل**) دێ، خوا ﷻ زاناترە، واتە: تەواوی زانیاریی لە لایە، لێرەدا مەبەست ئەوە نیە کە بەرانبەر بە زانیاریی خوا، زانیارییەکی دیکە هەیە، تاکو بگوترێ هی خوا زیاترە، بەڵکو یانی: خوا زانیاریی هەرە تەواوی لە لایە، لە بارەی ئەوەوە کە ئەنجامیان دەدا.

لە بارەی ئەو ڕستەیەوە کە دەفەرموێ: ﴿ وَنُفِخَ فِى ٱلصُّورِ فَصَعِقَ مَن فِى ٱلسَّمَـٰوَٰتِ وَمَن فِى ٱلْأَرْضِ إِلَّا مَن شَآءَ ٱللَّهُ ﴾.

ئەم دوو دەقە دێنین:

١)- {**عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﷺ، قَالَ: قَالَ رَجُلٌ مِنَ الْيَهُودِ بِسُوقِ الْمَدِينَةِ، وَالَّذِي اصْطَفَى مُوسَى عَلَى الْبَشَرِ، فَرَفَعَ رَجُلٌ مِنَ الْأَنْصَارِ يَدَهُ فَلَطَمَهُ، فَقَالَ: أَتَقُولُ هَذَا وَفِينَا رَسُولُ اللَّهِ ﷺ؟ فَذُكِرَ ذَلِكَ**

لِرَسُولِ اللَّهِ ﷺ فَقَالَ: قَالَ اللَّهُ: وَنُفِخَ فِي الصُّورِ فَصَعِقَ مَنْ فِي السَّمَاوَاتِ وَمَنْ فِي الْأَرْضِ، إِلَّا مَنْ شَاءَ اللَّهُ، فَأَكُونُ أَوَّلَ مَنْ يَرْفَعَ رَأْسَهُ، فَإِذَا أَنَا بِمُوسى آخِذٌ بِقَائِمَةٍ مِنْ قَوَائِمِ الْعَرْشِ، فَلَا أَدْرِي أَرَفَعَ رَأْسَهُ قَبْلِي، أَوْ كَانَ مِمَّنْ اسْتَثْنَى اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ} (أخرجه البخاري: ٤٨٢٠، ومسلم: ٢١٤٨).

واتە: ئەبوو هوڕەیرە خوا ﷺ، دەڵێ: پیاوێک لە جوولەکەکان لە بازاڕی مەدینە، گوتی: سوێند بەو کەسەی مووسای بەسەر هەموو مرۆڤاندا هەڵبژاردوە، پیاوێک لە پشتیوانەکان دەستی بەرز کردەوەو چەپەوانەیەکی لە دەم و چاویدا، گوتی: چۆن شتی وا دەڵێی لە حاڵێکدا کە پێغەمبەری خوا (محمد) ﷺ لە نێو ئێمەدا هەیە؟ ئەوە بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ گێڕدرایەوە، ئەویش فەرمووی: خوا ﷻ دەفەرموێ: (ئایەتەکەی خوێندەوە) کە فوو بە کەڕەنادا کرا، هەر کەسێک کە لە ئاسمانەکان و زەویدا هەیە، لە هۆش خۆی چووە، مەگەر ئەوەی خوا ﷻ بیەوێ نەمرێ، ئنجا من یەکەم کەس دەبم سەر بەرز دەکەمەوە، کە تەماشا دەکەم، ئەوە مووسا ﷺ یەکێک لە پێچکەکانی عەرشی گرتوە، نازانم ئایا لە پێش مندا سەری بەرز کردۆتەوە، یاخود لەوانەیە کە خوا ﷻ هەڵیواردوەو نەیمراندوە، (لە جیاتی ئەوەی کاتی خۆی داوایکرد خوای پەروەردگار ببینێ، ئەو برووسکە **(صاعقة)**یەی ئەو کاتە بۆی وەبری هی ئێستای کەوتوە).

٢)- لە نێوان دوو فوو بە کەڕەنادا کردنەکاندا، چەندە ماوە هەیە؟ لەو بارەوەش ئەم دەقە دێنین:

{عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﷺ، قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «مَا بَيْنَ النَّفْخَتَيْنِ أَرْبَعُونَ»، قَالُوا: يَا أَبَا هُرَيْرَةَ أَرْبَعُونَ يَوْمًا؟ قَالَ: أَبَيْتُ. قَالُوا: أَرْبَعُونَ شَهْرًا؟ قَالَ: أَبَيْتُ. قَالُوا: أَرْبَعُونَ سَنَةً، قَالَ: أَبَيْتُ، «ثُمَّ يُنْزِلُ اللَّهُ مِنَ السَّمَاءِ مَاءً فَيَنْبُتُونَ كَمَا يَنْبُتُ الْبَقْلُ»، قَالَ: «وَلَيْسَ مِنَ الإِنْسَانِ شَيْءٌ إِلاَّ يَبْلَى إِلاَّ عَظْمًا وَاحِدًا، وَهُوَ عَجْبُ الذَّنَبِ، وَمِنْهُ يُرَكَّبُ الْخَلْقُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ»} (أخرجه البخاري: ٤٨١٤ ، ومسلم: ٢٩٥٥)

واتە: ئەبوو هورەیرە ﷺ، دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: نێوان دوو فوو پێداکردنەکان چلە، (ئەو هەر ئەوەندەی فەرمووە، ئنجا ئەبوو هورەیرە کە فەرموودەکەی گێڕاوەتەوە، هاوەڵان لێیان پرسی:) ئەی ئەبوو هورەیرە! مەبەستی چل ڕۆژ بوو؟ گوتی: ناڵێم: ئەوەیە، گوتیان: چل مانگ؟ گوتی: ئەوەش ناڵێم، گوتیان: چل ساڵ؟ گوتی: ئەوەش ناڵێم، (واتە: من نازانم، مەبەست لە قسەی پێغەمبەر ﷺ کە فەرموویەتی: چل، چییە؟)، دوایی خوا لە سەرێوە ئاوێک دادەبەزێنێ مرۆڤەکان وەک چۆن ڕووەک و دانەوێڵە دەڕوێ، ئاوا دەڕوێنەوە، مرۆڤ هەموو شتێکی لێ دەڕزێ، جگە لە یەک ئێسقان کە پێی دەگوترێ: (عَجْبُ الذَّنَبِ) واتە: ئێسکی کلێنجە، کە مرۆڤەکان لە ڕۆژی قیامەتدا لەوێوە دروست دەکرێنەوە، (وەک دەنکە تۆیەکە).



مەسەلەی دووەم:

پۆل پۆل بە ڕێ کرانی بێبڕوایان بەرەو دۆزەخ و، پرسیارکردنی سەرزەنشتکارانەی فریشتە دۆزەخەوانەکان، کە ئایا پێغەمبەرانتان بۆ نەهاتن لە خۆتان و ئایەتەکانی خوایان بەسەردا نەخوێندنەوەو، لەم دیدارەتان نەیانترساندن و هۆشدارییان پێ نەدان؟ وەڵامدانەوەی وانیش بە: با، بەڵام بڕیاری ئازاردران لەسەر بێبڕوایان چەسپاوە!:

خوا ﷻ دەفەرمووێ: ﴿وَسِيقَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓاْ إِلَىٰ جَهَنَّمَ زُمَرًاۖ حَتَّىٰٓ إِذَا جَآءُوهَا فُتِحَتۡ أَبۡوَٰبُهَا وَقَالَ لَهُمۡ خَزَنَتُهَآ أَلَمۡ يَأۡتِكُمۡ رُسُلٞ مِّنكُمۡ يَتۡلُونَ عَلَيۡكُمۡ ءَايَٰتِ رَبِّكُمۡ وَيُنذِرُونَكُمۡ لِقَآءَ يَوۡمِكُمۡ هَٰذَاۚ قَالُواْ بَلَىٰ وَلَٰكِنۡ حَقَّتۡ كَلِمَةُ ٱلۡعَذَابِ عَلَى ٱلۡكَٰفِرِينَ ٧١ قِيلَ ٱدۡخُلُوٓاْ أَبۡوَٰبَ جَهَنَّمَ خَٰلِدِينَ فِيهَاۖ فَبِئۡسَ مَثۡوَى ٱلۡمُتَكَبِّرِينَ ٧٢﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە دە (١٠) بڕگەدا:

١)- ﴿وَسِيقَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓاْ إِلَىٰ جَهَنَّمَ زُمَرًا﴾، ئەوانەی بێبڕوابوون بەرەو دۆزەخ پۆل پۆل بە ڕێ کران، (**زُمَراً، أي: جَمَاعَاتٍ**)، کۆمەڵ کۆمەڵ بە ڕێ کران، کە دەفەرمووێ: ﴿ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓاْ﴾، واتە: ئەوانەی هەقیان داپۆشیوەو ڕەفز کردوە.

کە دەفەرمووێ: (**وَسِيْقَ**) بە ڕێ کران، دەڵێ: (**السَوْقُ: جَعْلُ المَاشِي مَاشِيَاً آخرَ يَسِيْرُ أمَامَهُ، وَضِدّه: القَوْد**)ن، (**سَوْقُ**) ئەوەیە کە شتێک ناچار بکەی لە پێشتەوە بڕوات، دژی (**سوق**)یش (**قَوْد**)ە، (**سَوْقُ**) ئەوەیە وەپێش خۆتی بدەی و تۆ لە پشتیەوە بڕۆی، (**قَوْد**)یش ئەوەیە کە تۆ پێشبکەوی و ئەویش لە دوای خۆتەوە ڕاکێشی[1].

---

(١) التحرير والتنوير: ج٢٤، ص٦٩.

بـە ڕێ کـردنی بێبڕوایـان بـەرەو دۆزەخ کۆمـەڵ کۆمـەڵ، دیـارە چۆنـە، وەک لـە سـوورەتی (**مریـم**)دا دەفەرمـوێ: ﴿ وَنَسُوقُ ٱلْمُجْرِمِينَ إِلَىٰ جَهَنَّمَ وِرْدًا ﴿٨٦﴾ ﴾، ئـەو ڕۆژە کـە تاوانبـاران بـەرەو دۆزەخ بـە تینوویەتیـی (وەک چـۆن ئاژەڵێـک ئـاو دەدەی بـۆ سـەر ئـاو دەیبـەی)، بـە ڕێیـان دەکەیـن، بـە حاڵێکـی شـپرزو ناخـۆش!

٢)- ﴿ حَتَّىٰٓ إِذَا جَآءُوهَا فُتِحَتْ أَبْوَٰبُهَا ﴾، هەتا کاتێک چوون بۆ لای، (چوون بۆ لای دۆزەخ)، کتوپڕ دەروازەکانی کرانەوە.

ئەگـەر مـرۆڤ کتوپـڕ شـتێکی سـامناک ببینـێ، دایدەچڵەکێنـێ و تـرس و بیمـی دەخاتـە دڵ، کـە دەفەرمـوێ: (**فُتِحَـت**) خوێندراویشـەتەوە: (**فُتِّحَـت**)، (**فُتِحَـت**) واتـە: کرانـەوە، بـەڵام (**فُتِّحَـت**) واتـە: زۆر چـاک دەرگاکان کرانـەوە، مانایەکـەی بەهێزتـر دەکات، ئنجـا ئایـا کاتێـک بـەرەو دۆزەخ دەچـن، دۆزەخ چۆنـە؟ خـوا ﷻ لـە سـوورەتی (**الحجـر**)، لـە ئایەتـەکانی: (٤٣ و ٤٤)دا، بەیـانی کـردوە کـە دۆزەخ حـەوت دەروازەی هـەن: ﴿ وَإِنَّ جَهَنَّمَ لَمَوْعِدُهُمْ أَجْمَعِينَ ﴿٤٣﴾ لَهَا سَبْعَةُ أَبْوَٰبٍ لِّكُلِّ بَابٍ مِّنْهُمْ جُزْءٌ مَّقْسُومٌ ﴿٤٤﴾ ﴾، بـە دڵنیایـی بەڵێنگـەی هەموویـان دۆزەخـە، (ئەوانـەی کـە شـوێنی ئیبلیـس دەکـەون، تێکڕایـان، بەڵێنگەکەیـان و ژوانگەکەیـان دۆزەخە)، حـەوت دەرگای هـەن، بـۆ هـەر دەرگایـەک بەشـێکی دیاریکراویـان هەیـە، (لـە شـوێنکەوتووانی ئیبلیـس کـە لێـوەی بچنـە ژوور).

٣)- ﴿ وَقَالَ لَهُمْ خَزَنَتُهَآ ﴾، کۆکەرەوەکانی وی (دۆزەخ) پێیان گوتن.

(**خَزَنَـة**) کـۆی (**خَـازِن**)ە، وەک (**سَـدَنَة**) کـۆی (**سَـادِن**)ە، (**خَزَنَة**) تاکەکـەی (**خَـازِن**)ە، واتە: کۆکـەرەوە، وەک (**سَـدَنَة**) تاکەکـەی (**سَـادِن**)ە، واتـە: بتـەوان، یاخـود: مەزارگـەوان، (**خزنـة**) کۆکـەرەوەکانی دۆزەخ، واتـە: ئەوانـەی خەڵـک لـە دۆزەخـدا کـۆ دەکەنـەوە، پێیـان گوتـن:

٤)- ﴿ أَلَمْ يَأْتِكُمْ رُسُلٌ مِّنكُمْ هَـٰذَا ﴾، ئایا لە خۆتان ڕەوانەکراوانێکتان بۆ نەهاتبوون؟!

٥)- ﴿ يَتْلُونَ عَلَيْكُمْ ءَايَـٰتِ رَبِّكُمْ ﴾، کە ئایەتەکانی پەروەردگارتانیان بەسەردا دەخوێندنەوە.

٦)- ﴿ وَيُنذِرُونَكُمْ لِقَآءَ يَوْمِكُمْ ﴾، لە دیداری ئەمڕۆشتان دەیانترساندن و وریایان دەکردنەوە؟.

٧)- ﴿ قَالُواْ بَلَىٰ ﴾، گوتیان: با، (بۆمان هاتن، دانیان پێدا هێنا).

٨)- ﴿ وَلَٰكِنْ حَقَّتْ كَلِمَةُ ٱلْعَذَابِ عَلَى ٱلْكَٰفِرِينَ ﴾، بەڵام وشەی سزاو ئازار پێویست بوو لەسەر بێبڕوایان، واتە: بەڵام ئێمە خۆمان بەزلگرت و عینادییمان کرد، بۆیە بڕیاری سزا بەسەر ئێمەی بێبڕوادا چەسپی، (**كَافِرِيْن**) ئەوانەی هەق دادەپۆشن و ڕەفزی دەکەن و قبووڵی ناکەن.

٩)- ﴿ قِيلَ ٱدْخُلُوٓاْ أَبْوَٰبَ جَهَنَّمَ خَٰلِدِينَ فِيهَا ﴾، گوترا: بچنە نێو دەروازەکانی دۆزەخەوە، بە هەمیشەیی لە دۆزەخدا بمێننەوە.

١٠)- ﴿ فَبِئْسَ مَثْوَى ٱلْمُتَكَبِّرِينَ ﴾، خراپترین نشینگە نشینگەی خۆبەزلگرانە (کە دۆزەخە)، (**المَثْوَى: مَكَانُ الثَّوَاءِ، وَهُوَ الإِقَامَةُ، والمَخْصُوص بِالذم مَحْذُوف: فَبِئْسَ مَثْوَى المُتَكَبِّرِيْن جَهَنَّمُ**)، (**مَثْوَى**) بە مانای شوێنی (**ثَوَاء**)ە، ئەویش بە مانای نیشتەجێ بوونە، ئنجا لێرەدا ئەوەی کە تایبەتکراوە بە زەم، قرتێندراوەو ئاوای لێ دێتەوە: (**فَبِئْسَ مَثْوَى المُتَكَبِّرِيْن جَهَنَّمُ**) خراپترین جێگەی تێدا نیشتەجێ بوونی خۆبەزلگران، دۆزەخە.

بە ڕێکرانی بێبڕوایان بە هەموو جۆرەکانیانەوە، هاوبەش بۆ خوادانەران، مولحیدەکان، هەڵگەڕاوەکان، خاوەن کتێبەکان، هەموو ئەوانەی بێبڕوابوون کۆمەڵ کۆمەڵ، لە زۆر شوێنی قورئاندا باسکراوە:

١)- بۆ وێنە: لە سوورەتی (**الملك**)دا بە وشەی: (**فوج**) هاتوە، وەک دەفەرمویٚ: ﴿ كُلَّمَآ أُلْقِيَ فِيهَا فَوْجٌ سَأَلَهُمْ خَزَنَتُهَآ أَلَمْ يَأْتِكُمْ نَذِيرٌ ۝٨ ﴾، هەر کاتێ کۆمەڵێک فڕێدرانە نێو دۆزەخەوە، دۆزەخەوانەکان لێیان پرسین: ئایا وریاکەرەوەتان بۆ نەهاتبوو؟.

٢)- لە سوورەتی (**الأعراف**)دا، بە وشەی (**أُمم**) هاتوە: ﴿ قَالَ ٱدْخُلُواْ فِيٓ أُمَمٍ قَدْ خَلَتْ مِن قَبْلِكُم مِّنَ ٱلْجِنِّ وَٱلْإِنسِ فِي ٱلنَّارِ ۝٣٨ ﴾، واتە: خوا فەرمووی: بچنە نێو کۆمەڵانێکەوە کە لە پێش ئێوەدا تێپەڕیون لە جندو مرۆڤ.

٣)- هەروەها لە سوورەتی (**فصلت**)دا، دیسان بە وشەی: (**أمَم**) هاتوە: ﴿ وَحَقَّ عَلَيۡهِمُ ٱلۡقَوۡلُ فِيٓ أُمَمٖ قَدۡ خَلَتۡ مِن قَبۡلِهِم مِّنَ ٱلۡجِنِّ وَٱلۡإِنسِۖ إِنَّهُمۡ كَانُواْ خَٰسِرِينَ ﴿٢٥﴾ ﴾، واتە: فەرمایشتیان لەسەر پێویست بوو، بڕیاریان لەسەر پێویست بوو، (کە سزابدرێن) لە نێو کۆمەڵانێکدا کە لە پێش واندا تێپەڕی بوون لە جندو مرۆڤ، بەڕاستیی هەر ئەوان زیانباربوون.

٤)- هەروەها لە سوورەتی (**ص**)دا بە وشەی: (فوج) هاتوە: ﴿ هَٰذَا فَوۡجٞ مُّقۡتَحِمٞ مَّعَكُمۡ ﴿٥٩﴾ ﴾ص، ئەوانە کۆمەڵێکن لەگەڵ ئێوەدا خۆ تێپەستێون بۆ نێو دۆزەخ، خۆیانی تێ دەتریجێنن.

کە دەفەرموێ: ﴿ يَتۡلُونَ عَلَيۡكُمۡ ءَايَٰتِ رَبِّكُمۡ ﴾، بە دڵنیاییی مەبەست پێی فەرمایشتی خوایە کە لە کتێبەکانیدایە، دیارە ئەوانیش دان پێدادێنن، ئەوەش کە هەندێک لە توێژەرەوان گوتوویانە یانی: با ئێمە پێغەمبەرانمان بۆ هاتن و ئایەتەکانیان بەسەردا خوێندینەوەو لەم ڕۆژەیان ترساندین، بەڵام خوا ﷻ بڕیاری بۆ دابووین.

ئەوە وانیەو ئەو مانایە هەڵەیە، خوا ﷻ بڕیاری بۆ نەداون، کە بڕیاری خواو قەدەری خوا ملیان پێ بسوورێنێ بەرەو کوفرو دوایی تووشی دۆزەخ بن! یان: لەبەر ئەوەی خوا بڕیاری دۆزەخی بۆ داون، وابکەن، نا! بەڵکو لەبەر ئەوەی بێبڕوابوون، خوا ﷻ بڕیاری دۆزەخی بۆ داون، نەک لەبەر ئەوەی خوا بڕیاری بۆ داون، بێبڕوابووبن، بەڵکو چونکە بێبڕوابوون و خوا ﷻ زانیویەتی بێبڕوا دەبن، بە ویستی ئازادی خۆیان، بۆیە بڕیاری دۆزەخی بۆ داون، ئەوەتا بۆ خۆشیان دەڵێن: ﴿ وَلَٰكِنۡ حَقَّتۡ كَلِمَةُ ٱلۡعَذَابِ عَلَى ٱلۡكَٰفِرِينَ ﴾، (**كَافِرِيْن**) کۆی (**كَافِر**)ەو، ئەویش ناوی بکەر (**إِسْمُ فَاعِل**)ە، واتە: داپۆشەر، ڕەفزکەر، ئنجا فریشتەکانیش پێیان دەڵێن: ﴿ فَبِئۡسَ مَثۡوَى ٱلۡمُتَكَبِّرِينَ ﴾، (**مُتَكَبِّر**)یش دیسان ناوی بکەر (**إِسْمُ فَاعِل**)ە، واتە: ئەوانەی خۆیان بەزلگرتوە، کەواتە: لە سۆنگەی ئەوەوە کە بە ویستی ئازادی خۆیان بێبڕواو خۆ بەزلگر بوون، بەو مەرەدە چوون.

مەسەلەی سێیەم و كۆتایی:

بـە ڕێ كـرانی پارێـزكاران كۆمـەڵ كۆمـەڵ بـەرەو بەهەشـت، دوای گەیشـتنیان بـە نزیكـی، كرانـەوەی دەروازەكانی و، سڵاولێكردنی فریشـتەكان و ستاییشـكردنیان و فەرموولێكردنیـان بـۆ چوونـە بەهەشـت و ستاییشـكردنیان بـۆ خـوا، كـە بەهەشـتی پێبەخشـیون، سـەرەنجام بازنـە بەسـتنی فریشـتان لـە دەوری عەرش و، ستاییشـكردن و بـە پاكگرتنـی خـواو، دادوەریـی لـە نێوانـدا كرانیـان بە هـەق و، گوتـرانی: ﴿ ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴾ لـە لایـەن هەمـوو لایەكـەوە:

خـوا ﷻ دەفەرمـوێ: ﴿ وَسِيقَ ٱلَّذِينَ ٱتَّقَوْا۟ رَبَّهُمْ إِلَى ٱلْجَنَّةِ زُمَرًا ۖ حَتَّىٰٓ إِذَا جَآءُوهَا وَفُتِحَتْ أَبْوَٰبُهَا وَقَالَ لَهُمْ خَزَنَتُهَا سَلَٰمٌ عَلَيْكُمْ طِبْتُمْ فَٱدْخُلُوهَا خَٰلِدِينَ ﴿٧٣﴾ وَقَالُوا۟ ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ ٱلَّذِى صَدَقَنَا وَعْدَهُۥ وَأَوْرَثَنَا ٱلْأَرْضَ نَتَبَوَّأُ مِنَ ٱلْجَنَّةِ حَيْثُ نَشَآءُ ۖ فَنِعْمَ أَجْرُ ٱلْعَٰمِلِينَ ﴿٧٤﴾ وَتَرَى ٱلْمَلَٰٓئِكَةَ حَآفِّينَ مِنْ حَوْلِ ٱلْعَرْشِ يُسَبِّحُونَ بِحَمْدِ رَبِّهِمْ ۖ وَقُضِىَ بَيْنَهُم بِٱلْحَقِّ وَقِيلَ ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿٧٥﴾ ﴾.

شیكردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە دوازدە بڕگەدا:

١)- ﴿ وَسِيقَ ٱلَّذِينَ ٱتَّقَوْا۟ رَبَّهُمْ إِلَى ٱلْجَنَّةِ زُمَرًا ﴾، ئەوانەی پارێزیان لە پەروەردگاریان كرد بوو، كۆمەڵ كۆمەڵ بەرەو بەهەشتێ بە ڕێ كران، ئەمە وەک زانایان دەڵێن: بەشێوەی (**مشاكلة**) بۆ ئەوانیش گوتراوە: (سِيْقَ)، ئەگەرنا لە سوورەتی (**مريم**) دا هاتوە: ﴿ يَوْمَ نَحْشُرُ ٱلْمُتَّقِينَ إِلَى ٱلرَّحْمَٰنِ وَفْدًا ﴿٨٥﴾ وَنَسُوقُ ٱلْمُجْرِمِينَ إِلَىٰ جَهَنَّمَ وِرْدًا ﴿٨٦﴾ ﴾، ئەو ڕۆژە كە تاوانباران بەرەو دۆزەخێ بە تینوویەتیی لێدەخوڕین، بەڵام پارێزكاران وەک شاندو نوێنەر بە حورمەت و ڕێزەوە بەرەو بەهەشت دەبەین.

٢)- ﴿ حَتَّىٰٓ إِذَا جَآءُوهَا ﴾، هەتا كاتێک كە چوونە لای بەهەشت.

٣)- ﴿ وَفُتِحَتۡ أَبۡوَٰبُهَا ﴾، دەروازەکانی کرابوونەوە، خوێندراویشەتەوە: (**فُتِّحَت**)، دەروازەکانی زۆر کرابوونەوە، واتە: پێش ئەوەی بگەنە لای، دەروازەکانی کرابوونەوە، بە پێچەوانەی دۆزەخییەکانەوە، کە دەگەنە بەردەمی دۆزەخ، دەروازەکانی دەکرێنەوە، تاکو دابچڵەکێن و بترسێن، بەڵام بەهەشتییەکان هەر لە دوور ڕا دەروازەکانیان بۆ خراونە سەر پشت، بە دڵنیاییش زیاتر ڕێزو حورمەت لێگرتن، لەوەدایە کە میوانێک دەچێ بۆ شوێنێک، پێشێ دەرگاکەی بۆ بکرێتەوە، نەک بە کوتە کوت و تەقە تەق لە دەرگا بدا، یان چەند جارێک جەڕەس لێ بدات، ئنجا بە دێرو ژووانەوە، خانە خوێ دێ، یان نایەت! ئەوە جۆرێکە لە ڕێز لێنەگرتن، ڕێزلێگرتن ئەوەیە کە لە دوورەوە دەرگاکە ئاوەڵا بکرێتەوە، بۆیە لە سووڕەتی (**ص**)دا، خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ جَنَّٰتِ عَدۡنٖ مُّفَتَّحَةٗ لَّهُمُ ٱلۡأَبۡوَٰبُ ٥٠ ﴾، واتە: بەهەشتانێکی جێی تێدا مانەوەی هەمیشەیی، دەرگاکانیان هەمیشە ئاوەڵاو کراوەن.

کەواتە: لێرەدا کە دەفەرموێ: ﴿ حَتَّىٰٓ إِذَا جَآءُوهَا وَفُتِحَتۡ أَبۡوَٰبُهَا ﴾، واتە: (**حَتَّى إِذَا جَاءُوهَا وَأَبْوَابُهَا مُفَتَّحَةٌ**)، هەتا کاتێک کە چوونە لای بەهەشت، دەرگاکانیشی کرابوونەوەو ئاوەڵا کرابوون.

٤)- ﴿ وَقَالَ لَهُمۡ خَزَنَتُهَا سَلَٰمٌ عَلَيۡكُمۡ ﴾، بەهەشتەوانەکان، پاسەوانەکانی بەهەشت پێیان گوتن: سەلامتان لێ بێ، ئاشتیی لەسەر ئێوە بێ و سەلامەتیی بۆ ئێوە.

٥)- ﴿ طِبۡتُمۡ فَٱدۡخُلُوهَا خَٰلِدِينَ ﴾، ئێوە پاک و چاک بوون، (لە دنیادا خۆتان پاک و چاک کردوە، بە هۆی شوێنکەوتنی شەریعەتی خواوە، خۆتان بژار کردوە لە سیفەتە خراپەکان و، خۆتان ڕازاندۆتەوە بە سیفەتە باشەکان)، ئێستاش بە هەمیشەیی بچنە نێو بەهەشتەوە، وەک زانایان دەڵێن: (**طَابَ قَلْبُكُم بِالإِيْمَانِ وَالتَّوْحِيْد، وَلِسَانُكُمْ بِذِكْرِ الله، وَجَوَارِحكُم بِالطَّاعَة**)، دڵتان بە هۆی ئیمان و خوا بە یەکگرتنەوە پاک بووەو، زمانتان بە هۆی یادی خواوە پاک بووە، ئەندامەکانیشتان بە هۆی فەرمانبەریی بۆ خواوە، پاک بوون.

٦)- ﴿ وَقَالُواْ ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ ٱلَّذِی صَدَقَنَا وَعۡدَهُۥ وَأَوۡرَثَنَا ٱلۡأَرۡضَ ﴾، گوتیان: ستاییش بۆ ئەو خوایەی بەڵێنەکەی لەگەڵمان دا ڕاستکردو، زەمینی کردە میراتی ئێمە، (واتە: سەر زەمینی بەهەشت، یاخود (أَرْضَ) بە مانای شوێنی تێدا نیشتەجێ بوونە، واتە: شوێنێکی کردە میرات و بە ئێمەی بەخشیی کە تێیدا نیشتەجێ ببین).

﴿ وَأَوۡرَثَنَا ٱلۡأَرۡضَ ﴾، سەر زەمینیشی کردە میراتمان، (**أَوْرَثَنَا: أَعْطَانَا كَمَا نَأخُذُ المِيْرَاثَ الَّذِي لَا يُطَالِبُ بِهِ أَحَدٌ، أَو كَمَا يَأْتِي المِيْرَاثُ أَحَدَاً بِدِوُن تَعَبٍ**)، بەهەشتی دا بە ئێمە وەک چۆن کەسێک میرات وەردەگرێ، دوایی کەسی دیکە داوای ئەو بەشە ناکات، لەبەر ئەوەی هەقی خۆیەتی، یاخود بۆیە وشەی (**أَوْرَثَنَا**)ی بەکارهێناوە، وەک چۆن کەسێ میرات دەگرێ، بێ ئەوەی پێوەی ماندووببێ، ئاوا لە قەدەر ئەو بەهەشتەش کردەوە باشەکانی ئێمە لە دنیادا هیچ نەبوون، ماندوو بوونیان تێدا نەبووە.

٧)- ﴿ نَتَبَوَّأُ مِنَ ٱلۡجَنَّةِ حَيۡثُ نَشَآءُ ﴾، ئێمە لە هەر شوێنێک بمانەوێ لە بەهەشتدا نیشتەجێ دەبین، (**التَّبُوُّأُ: السُّكْنَى وَالحُلُول، وَالمَعْنَى: يَنْتَقِلُونَ فِي الغُرَفِ وَالبَسَاتِيْنَ تَفَنُّناً فِي النَّعَم**)، (**تَبُوّأ**) بە مانای نیشتەجێ بوون و دامەزران و سەقامگیربوونە، بەڵام لێرەدا مەبەست ئەوەیە کە لە کۆشک و باڵەخانەو باغ و بێستانەکانی بەهەشتدا، بۆ ئەملاولا دەچن، شوێنێکی دیارییکراوییان نیە، بەڵکو بە کەیفی خۆیان دێن و دەچن، هەر جارە لە شوێنێکدا نیشتەجێ دەبن، بە مەبەستی ڕابواردنی جۆراو جۆر.

٨)- ﴿ فَنِعۡمَ أَجۡرُ ٱلۡعَٰمِلِينَ ﴾، باشترین پاداشت پاداشتی کارکەرانە، واتە: ئەوانەی بەگوێرەی بەرنامەی خوا کاریان کردوە بۆ وەدەستهێنانی ڕەزامەندیی خوا.

٩)- ﴿ وَتَرَى ٱلۡمَلَٰٓئِكَةَ حَآفِّينَ مِنۡ حَوۡلِ ٱلۡعَرۡشِ ﴾، فریشتەکانیش دەبینی لە دەوری عەرش بازنەیان بەستوە، دەوری عەرشیان داوە.

١٠)- ﴿ يُسَبِّحُونَ بِحَمۡدِ رَبِّهِمۡ ﴾، بە ستاییشکردنەوە پەروەردگاریان بە پاک دەگرن، واتە: دەڵێن: (**الحَمْدُ للهِ، سُبْحَانَ الله**) یان (**سُبْحَانَ اللهِ وَبِحَمْدِهِ**) هەم بە پاکی دەگرن و هەم ستاییشی دەکەن.

١١)- ﴿ وَقُضِىَ بَيْنَهُم بِٱلْحَقِّ ﴾، بە هەق و دادگەرانەش دادوەریی کرا لە نێوان هەموو لایەکیاندا.

١٢)- ﴿ وَقِيلَ ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴾، گوتراش: ستاییش بۆ خوای پەروەردگاری جیهانییان، واتە: لەلایەن هەموو لایەکەوە گوترا، لەلایەن فریشتەکانەوە، لەلایەن پێغەمبەرانەوە (**عَلَيْهِمُ الصَّلاَةُ وَالسَّلاَم**)، بە تایبەت لەلایەن ئەهلی بەهەشتەوە بە گشتیی، بە مرۆڤ و جندەکانەوە.

(**الزَّمَخْشَرِي**) قسەیەکی جوان دەکات لەو بارەوە، کە خوای کاربەجێ بۆ هەر کام لە بەهەشتییەکان و دۆزەخییەکان، وشەی (**سِيْقَ**)ی بەکارهێناوە، هەروەها خاوەنی: (**إعراب القرآن**)، (**محي الدين درويش**)[1]، لە تەفسیرەکەی خۆیدا، هەم قسەکەی ئەو دێنێ، هەم خۆشی ڕوونکردنەوەی لەسەر دەدات، دەڵێ:

وشەی (**سِيْقَ**)، کە بۆ بەهەشتییان و دۆزەخییان بەکارهێنراوە، ئەوە کە یەک بێژە بەکاربهێنرێ بۆ دوو حاڵەتی دژ بەیەک و لێک جیا، جۆرێکە لە ڕەوانبێژیی، بەڵام بۆ هەر کامیان، بەو شێوەیەی لێی دەوەشێتەوە، چونکە بێگومان بێبڕوا دۆزەخییەکان ئەو شێوەیەی شایستەیانە، بریتیە لەوەی بە بێ ڕێزیی و توندوتیژیی وەک چۆن ئەوانەی کە یاخیی دەبن لە حوکمڕان، پاڵەستۆ دەدرێن، ئاوا بە ڕێ دەکرێن، بەڵام ئەهلی بەهەشت: بە سواریی و بە ڕێزو حورمەتەوە، بەرەو ئەو شوێنەی کە جێگای ڕەزامەندیی خوای پەروەردگارە دەبرێن، هەروەک چۆن ئاوا مامەڵە دەکرێ لەگەڵ میوانێکدا، کە بابای خانە خوێ بیەوێ ڕێزی لێ بگرێ، هەڵبەتە خوا ﷻو، فریشتەکانی خواش، بەو شێوەیە مامەڵە دەکەن لەگەڵ میوانەکانی خوادا ﷻ بەهەشتییەکانیش میوانی خوان، بەڵام ئەهلی دۆزەخ ئەوانەن کە لە خوا یاخییبوون، بۆیە وەک دیل و کەسانێکی یاخیی کە دەگیرێنەوەو دەهێنرێن بۆ سزادان، ئاوا پاڵەستۆ دەدرێن و پەلکێش دەکرێن.

---

(١) ج٨، ص٤٥١.

چوار فەرموودە لە بارەی

بەهەشت و بەهەشتییەکانەوە

١)- پێغەمبەر ﷺ دەفەرمویٚ: {**فِي الْجَنَّةِ ثَمَانِيَةُ أَبْوَابٍ، مِنْهَا بَابٌ يُسَمَّى الرَّيَّانَ، لا يَدْخُلُهُ إِلاَّ الصَّائِمُونَ**} (**أَخْرَجَهُ البخاري: ٣٥٥٨، مُسْلِمٌ: ١١٥٢، عن سهل بن سعد**).

واتە: بەهەشت هەشت دەروازەی هەن، دەرگایەکیان پێی دەگوترێ: (**الرَّيَّان**) تەنیا ئەوانەی ڕۆژوو گربوون (واتە: ڕۆژووی سوننەتیان گرتوون) لەو دەرگایەوە دەچنە ژوور.

٢)- پێغەمبەر ﷺ دەفەرمویٚ: {«**مَا مِنْ مُسْلِمٍ يَتَوَضَّأُ فَيُحْسِنُ وُضُوءَهُ، ثُمَّ يَقُولُ: أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ، وَأَنَّ مُحَمَّدًا عَبْدُ اللَّهِ وَرَسُولُهُ، إِلاَّ فُتِحَتْ لَهُ أَبْوَابُ الْجَنَّةِ الثَّمَانِيَةُ يَدْخُلُ مِنْ أَيِّهَا شَاءَ**»} (**أَخْرَجَهُ مُسْلِمٌ: ٢٣٤، وابو داود: ١٦٩، ١٧٠، والترمذي: ٥٥، وابن ماجه: ٤٧٠**).

واتە: هیچ کام لە ئێوە نیە، دەستنوێژ بگرێ، دەستنوێژەکەی بە تەواویی بگرێ، دوایی لە کۆتایی دەستنوێژەکەی دا بڵێ: (**أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ، وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدًا عَبْدُ اللَّهِ وَرَسُولُهُ**)، واتە: شایەدیی دەدەم کە جگە لە خوا هیچ پەرستراوێک نیەو، موحەممەد ﷺ بەندەی خواو ڕەوانەکراوی خوایە، هەر کەسێ وابکات، هەشت دەرگاکەی بەهەشت بۆی دەکرێنەوەو، لە هەر کامێکیانەوە بیەوێ دەچێتە ژوور، (مادام خاوەنی دەستنوێژ بێ، دیارە ئەهلی نوێژو تاعەتیشە).

٣)- هەروەها پێغەمبەر ﷺ لە فەرمایشتی دیکەدا دەفەرموێ: {**إِنَّ أَوَّلَ زُمْرَةٍ يَدْخُلُونَ الْجَنَّةَ عَلَى صُورَةِ الْقَمَرِ لَيْلَةَ الْبَدْرِ، ثُمَّ الَّذِينَ يَلُونَهُمْ عَلَى أَشَدِّ كَوْكَبٍ دُرِّيٍّ فِي السَّمَاءِ إِضَاءَةً**} (**أَخْرَجَهُ البُخَارِيُّ: ٣١٤٩ ، ومُسْلِمٌ: ٢٢٣٤، واللَّفْظُ لِلْبُخَارِيِّ، عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ**)، واتە: یەکەمین کۆمەڵێک کە دەچنە بەهەشت، لەسەر شێوەی مانگن لە شەوی بەدردا، (شەوی چواردەو پازدە کە زۆر بە شۆقە)، ئنجا ئەوانەی دوای وان، لەسەر شێوەی ئەستێرەیەکی

گەوهەریین (زۆر بە شۆقە بە نسبەت ئێمەوە)، پڕ ڕووناکییە لە ئاسماندا، (بەو شێوەیە دەچنە نێو بەهەشتەوە).

٤)- هەروەها پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێ: **{يُخَلَّصُ الْمُؤْمِنُونَ مِنَ النَّارِ، فَيُحْبَسُونَ عَلَى قَنْطَرَةٍ بَيْنَ الْجَنَّةِ وَالنَّارِ ، فَيُقْتَصُّ لِبَعْضٍ مِنْ بَعْضٍ مَظَالِمُ كَانَتْ بَيْنَهُمْ فِي الدُّنْيَا، حَتَّى إِذَا هُذِّبُوا وَنُقُّوا، أُذِنَ لَهُمْ فِي دُخُولِ الْجَنَّةِ، فَوَالَّذِي نَفْسُ مُحَمَّدٍ بِيَدِهِ، لأَحَدُهُمْ أَهْدَى بِمَنْزِلِهِ فِي الْجَنَّةِ مِنْهُ بِمَنْزِلِهِ كَانَ فِي الدُّنْيَا} (أَخْرَجَهُ البخاري: ٢٤٤٠، وابن حبان: ٧٤٣٤، والحاكم: ٣٣٤٩، ٨٧٦٠، وأبو يعلى: ١١٨٦).**

واتە: بڕواداران لە ئاگر دەرباز دەکرێن، (بەسەر پردی سەر پشتی دۆزەخدا دەپەڕنەوەو دەرباز دەبن) لە شوێنێک ڕادەگیرێن لە نێوان بەهەشت و دۆزەخدا، هەتا هەندێک ستەم و ماف کە لە دنیادا نێوانیاندا هەبوون، تۆڵە لە هەندێکیان بۆ هەندێکیان وەردەگیرێتەوە، هەتا کاتێک کە پاککرانەوەو خاوێنکرانەوە، ئنجا مۆڵەت دەدرێ بچنە بەهەشتەوە، (دەفەرموێ:) سوێند بەو کەسەی گیانی موحەممەدی بە دەستە، یەکێکیان شارەزاترە بە جێگاو ڕێگای خۆی لە بەهەشتدا، لە شارەزایی بە ماڵی خۆی لە دنیادا.

واتە: چۆن وەک بە ماڵی خۆی دەزانێتەوە لە دنیادا، باشتر لەوە لە بەهەشتدا بە شوێن و ماڵی خۆی دەزانێ، پێغەمبەریش ﷺ بۆیە وا دەفەرموێ، چونکە بەهەشت جیهانێکی زۆر گەورەو فراوانە.

خوا بە لوتف و کەرەمی خۆی ئێمە لەو کەسانە بگێڕێ، کە بە پاکی و چاکی فریشتەکان پێشوازییان لێ دەکەن و، سەلامیان لێ دەکەن و، لەو کەسانەمان بگێڕێ کە دەچنە بەهەشتەکانی خوای پەروەردگارەوەو، خوای پەروەردگار لێیان ڕازیی دەبێ و، لە خزمەت پێغەمبەرانی خوا ﷺ بەندە پاک و چاکەکانی خوادا دەبن.

لێرەشدا کۆتایی بە تەفسیری سوورەتی (الزمر) دێنین.

سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ، أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إلاَّ أَنْتَ، أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ.

تەفسیری سوورەتی

غَافِر


AliBapir
AliBapir/

دەستپێک

بەڕێـــــزان!

خـوا پشـتیوان بـێ، ئەمـڕۆ (٨/ **ربيـع الثـاني**/ ١٤٤١) کۆچیـی، بەرانبـەر (٥/ ١٢ / **٢٠١٩**)ی زایینـی، دەسـت دەکەیـن بـە تەفسـیرکردنی سـوورەتی (**غافـر**).

پێناسەی سوورەتی (غافر) و بابەتەکانی

یەکەم: ناوی ئەم سوورەتە:

ئـەم سـوورەتە زیاتـر نـاوی سـوورەتی (**غافـر**)ی، بـۆ بەکارهاتـوە، بـەڵام وێـڕای (**غافـر**) سـوورەتی (**المؤمنين**)یشی، بـۆ بەکارهاتـوە، دیسـان (**حـم الـمُؤْمِن**)، هەروەهـا هەندێکیـش سـوورەتی (**الطَّوْل**)یـان بـۆ بەکارهێنـاوە، بـەڵام کەمـتر، لـەو بـارەوە کـە نـاوی (**حـم المُؤْمِـن**) یەکێکـە لـە نـاوەکانی ئـەم سـوورەتە، ئـەم دەقـە هاتـوە:

{**عَـنْ أَبِي هُرَيْـرَةَ رضي اللـه عنـه، قَـالَ: قَـالَ رَسُـولُ اللَّـهِ ﷺ: مَـنْ قَـرَأَ حـم المُؤْمِـنَ إِلَى:** ﴿إِلَيۡهِ ٱلۡمَصِيرُ ٣﴾ غافـر، **وَآيَـةَ الكُـرْسِيِّ حِـينَ يُصْبِـحُ، حُفِـظَ بِهِـمَا حَتَّـى يُـمْسِيَ، وَمَـنْ قَرَأَهُـمَا حِـينَ يُـمْسِـي حُفِـظَ بِهِـمَا حَتَّـى يُصْبِـحَ**} (**أخرجـه الترمـذي: ٢٨٧٩، والبيهقـي فِي شـعب الإيمـان: ٢٤٧٣، وَضَعَّفَـهُ الترمـذي بقولـه: هَـذَا حَدِيـثٌ غَرِيـبٌ، والحديـث قـد صَـحَّ فِي آيَـةَ الكُـرْسِيِّ وحدهـا مـن وجـوه**).

واتـە: ئەبـوو هورەیـرە (خـوا لێـی ڕازیبێ) دەڵـێ: پێغەمبـەری خـوا ﷺ فەرموویەتی: هـەر کەسـێک (**حـم المُؤْمِـنَ**) ﴿حمٓ﴾ تاکـو ﴿إِلَيۡهِ ٱلۡمَصِيرُ ٣﴾[1] غافـر،

(١) ﴿حمٓ ١ تَنزِيلُ ٱلۡكِتَٰبِ مِنَ ٱللَّهِ ٱلۡعَزِيزِ ٱلۡعَلِيمِ ٢ غَافِرِ ٱلذَّنۢبِ وَقَابِلِ ٱلتَّوۡبِ شَدِيدِ ٱلۡعِقَابِ ذِي ٱلطَّوۡلِۖ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَۖ إِلَيۡهِ ٱلۡمَصِيرُ ٣﴾ غافـر.

بخوێنێ، هەروەها (**آيَـةَ الكُـرْسِيِّ**) بخوێنێ، ئەگەر کاتێک ڕۆژ دەکاتەوە ئەو دووانە بخوێنێ، بە هۆیانەوە پارێزراو دەبێ تاکو ئێوارەو، ئەگەر کاتێک ئێوارەی لێ دادێ، بیانخوێنێ، بە هۆیانەوە پارێزراو دەبێ تاکو بەیانیی دەکاتەوە.

بەڵام هەندێک لە زانایان لە بارەی سەنەدی ئەم دەقەوە مشتومڕێکیان هەیە بۆ وێنە: (**الترمذي**) بە (**غريب**)ی داناوە، کە ئەوەش زاراوەیەکی فەرموودەناسانە، بەڵام بە نسبەت (**آيَـةَ الكُرْسِيِّ**)یەوە، لە چەند ڕێیەکەوە چەسپاوە کە ڕاستەو فەرمایشتی پێغەمبەرە ﷺ.

دووەم: شوێنی دابەزینی:

ئەم سووڕەتە مەککەییە، بە یەکدەنگیی هەموو زانایان، ئەم سووڕەتە وێڕای شەش سووڕەتی دیکە، کە هەموویان بە (**حـم**) دەست پێدەکەن، هەموویان مەککەیین کە بریتین: لە (**غافر، فصلت، الشورى، الزخرف، الدخان، الجاثية، الأحقاف**)، کە زانایان وشەی (**الحواميم**) و (**آل حم**)یان بۆ ئەم سووڕەتانە بەکارهێناوە، واتە: هەم (**الحواميم**)، هەم (**آل حم**)یان بۆ ئەم حەوت سووڕەتە بەکارهێناوە، لەو بارەوەش چەند دەقێک هاتوون، یەکێکیان ئەوەیە کە پاڵدراوەتە لای پێغەمبەر ﷺ و فەرموویەتی:

١- {لِكُلِّ شَيءٍ ثَمَرَةٌ، وَإِنَّ ثَمَرَةُ القُرآنِ ذَوَاتُ حَم، هُنَّ رَوْضَاتٍ حَسَنَاتٍ مُحَصَّنَاتٍ مُتَجَاوِرَاتٍ، فَمَنْ أَحَبَّ أَنْ يَرْتَعَ فِي رِيَاضِ الجَنَّةِ، فَلْيَقْرَأْ الحَوَامِيمَ}، (أخرجه إبنُ الضُّرَيْسِ عن إسحاق بن عبدالله كما في «الدر المنثور» ج٧، ص ٢٦٩- ٢٧٠).

واتە: هەموو شتێک میوەو بەرهەمی هەیە، میوەو بەرهەمی قوڕئانیش ئەو سووڕەتانەن کە بە (**حـم**) دەست پێدەکەن، ئەو حەوت سووڕەتە چەند باغ و گوڵزارێکی جوانن، زۆر بەرەکەتدارن، دراوسێی یەکن، (بەسەریەکەوەن) هەر کەسێک حەز دەکات کە لە باخچەو گوڵزارەکانی بەهەشتدا بێت و بچێ و پیاسە

بکات (یان چێژ وەربگرێ) با (حَوَامِيمَ) بخوێنێ، واتە: ئەو حەوت سووڕەتە موبارەکە.

هەروەها لەو بارەوە ئەو دوو دەقەش هاتوون:

٢- {عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ رضي الله عنهما، قَالَ: أُنْزِلَتِ الْحَوَامِيمُ السَّبْعُ بِمَكَّةَ} (أَخْرَجَه: ابْنُ الضُّرَيْسِ، وَالنَّحَّاسُ، وَالْبَيْهَقِيُّ فِي الدَّلَائِلِ، فتح القدير: ج٤، ص٥٧٧)،

واتە: ئیبنو عەبباس (خوا لێیان ڕازیبێ) دەڵێ: حەوت (حَامِيم)ەکان لە مەککە دابەزێنراون.

٣- {عَنْ سَمُرَةَ بْنِ جُنْدَبٍ قَالَ: نَزَلَتِ الْحَوَامِيمُ جَمِيعاً بِمَكَّةَ} (وَأَخْرَجَه: ابْنُ مَرْدَوَيْهِ، وَالدَّيْلَمِيُّ، فتح القدير: ج٤، ص٥٧٧)، واتە: سەمورەی کوڕی جوندوب (ئەویش هەمان قسەکەی عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس دەکات)، دەڵێ: حەوت (حَامِيم)ەکان تێکڕا لە مەککە دابەزیون.

سێیەم: ڕیزبەندیی لە موصحەف و لە دابەزینی دا:

ڕیزبەندیی ئەم سووڕەتە لە (مصحف)دا ژمارە (٤٠)ە، واتە: (٣٩) سووڕەت لە پێش (غافر)ەوە هەن، ئەگەر لە (الفاتحة)ەوە دەست پێبکەین، لە لای ڕاستەوە، بەڵام لە ڕیزبەندیی دابەزیندا، ژمارە (٦٠)ە، لە دوای (الزمر) هاتووەو، پێش (فصلت)، ئنجا سووڕەتی (غافر) یان (المؤمن) یەکەمین سووڕەتی حەوت سووڕەتەکانە کە بە (حم) دەست پێدەکات واتە: یەکەمی (حواميم)ە.

چوارەم: ژمارەی ئایەتەکانی:

سووڕەتی (غافر)، یان سووڕەتی (حم المؤمن)، هەشتاو پێنج (٨٥) ئایەتە، بەڵام هەندێکیش بە: (٨٢، ٨٣، ٨٤)یان داناون، بەڵام زۆربەیان لەسەر ئەوە ڕێککەوتوون

کـە (٨٥) ئایەتـن، چەنـد جـاری دیکـەش باسـمانکردوە، بـەڵام هـەر بـۆ جەختکردنـەوە دەڵێیـن: تاکـو کەسـێک کـە ئەم قسـەیەی گـوێ لێدەبـێ، یان ئـەوەی دەکەوێتـە بەرچاو، کـە فڵان سـوورەتە، هەندێکیـان گوتوویانـە: (٨٥) ئایەتـەو، هەندێکیان گوتوویانـە: (٨٢) ئایەتـە، ئیشـکالێکی بـۆ دروسـت نەبـێ، کەواتـە: ئەوانـەی دەڵێـن: (٨٢)یـە، مانـای وایـە سـێ ئایـەت، یـان سـێ ڕسـتەیان لـەم سـوورەتەدا بـە قورئـان دانەنـاون!! تاکـو وانەزانـێ بۆیـە دووبـارە دەکەینـەوە کـە: مەبەسـت لـە ژمـارەی ئایەتـەکان کـە کەمیـی و زۆرییـان بـۆ کـردوون، دەگەڕێتـەوە بـۆ درێژیـی و کورتیـی ڕسـتەکان، جـاری وا هەیـە هەندێکیان ڕسـتەیەکیان کـردوە بـە دوو ئایـەت و، هەندێکیـان کردوویانـە بـە ئایەتێک، ئنجـا لێرەوە ژماردنـەکانی ئایەتـەکانی قورئـان جیاوازییـان تێکەوتوە.

پێنجەم: نێوەڕۆکی:

نێوەڕۆکـی ئـەم سـوورەتە هەمـان نێوەڕۆکـی سـوورەتە مەککەییەکانـە، بـەڵام بـە پلـەی یەکـەم لـەم سـوورەتەدا بـاسی خـوا بـە یەکگرتـن (**توحیـد اللـه**)و، بـاسی ڕۆژی دوایـی کـراوە، چەنـد ئاماژەیەکیـش بـەڵام بـە کورتیـی بـە پێغەمبـەران (**عَلَيْهِـمُ الصَّـلاَةُ وَالسَّـلاَم**)، وەحیـی خـوای بـەرزی مـەزن کـە بـۆ پێغەمبـەرانی (**عَلَيْهِـمُ الصَّـلاَةُ وَالسَّـلاَم**) نـاردوە، کـراوە.

شەشەم: تایبەتمەندییەکانی:

تایبەتمەندیـی یەکـەم: ئـەم سـوورەتە یەکەمینـی (**حوامیـم**)ە، واتـە: یەکەمیـن سـوورەتە لـە حـەوت سـوورەتەکان کـە بـە (**حـم**) دەسـت پێدەکـەن.

تایبەتمەندیـی دووەم: تەنیـا لـەم سـوورەتەدا بـاسی ئـەوە کـراوە کـە هەڵگـرانی عـەرشی خـواو ئەوانـەی بـە دەوری عەرشـەوەن، داوای لێبـوردن بـۆ بـڕواداران دەکەن، ئەمـە لـە ئایەتـەکانی: (٧ و ٨ و ٩)دا هاتـوە.

تایبەتمەندیی سێیەم: تەنیا لەم سوورەتەدا باسی ئەوە کراوە لەسەر زمانی کافران کە گوتوویانە: خوایە! ئێمەت دوو جاران مراندووە، دوو جارانیش ژیانت پێداوین: ﴿قَالُواْ رَبَّنَآ أَمَتَّنَا ٱثۡنَتَيۡنِ وَأَحۡيَيۡتَنَا ٱثۡنَتَيۡنِ فَٱعۡتَرَفۡنَا بِذُنُوبِنَا فَهَلۡ إِلَىٰ خُرُوجٖ مِّن سَبِيلٖ ﴿١١﴾﴾ غافر، لە هەموو قورئاندا ئەم تەعبیرە تەنیا لێرەدا هاتوە.

تایبەتمەندیی چوارەم: تەنیا لەم سوورەتەدا خوا خۆی بە (**رفيعُ الدَّرَجَات**) واتە: پلەکانی بەرزن، وەسف کردوە، لە ئایەتی ژمارە (١٥)دا.

تایبەتمەندیی پێنجەم: بەرگرییکردنی پیاوێکی بڕوادار لە دارو دەستەی فیرعەون، لە مووسا عليه السلام لە هەموو قورئاندا تەنیا لێرەدا هاتوەو، یەک لەسەر چواری ئەم سوورەتەی بۆ تەرخانکراوە، کە نۆزدە (١٩) ئایەتن: ئایەتەکانی: (٢٨ - ٤٦).

تایبەتمەندیی شەشەم: تەنیا لەم سوورەتەدا ئەم تەعبیرە هاتوە: ﴿لَخَلۡقُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ أَكۡبَرُ مِنۡ خَلۡقِ ٱلنَّاسِ وَلَٰكِنَّ أَكۡثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَعۡلَمُونَ ﴿٥٧﴾﴾ غافر، واتە: دروستکرانی ئاسمانەکان و زەوی گەورەترە لە دروسکرانی خەڵک واتە: قورسترو گەورەترو مەزنترە، بە پێودانگی مرۆڤەکان، ئەگەرنا بۆ خوا قورس و ئاسان نیەو هەمووی وەک یەکە.

تایبەتمەندیی حەوتەم: تەنیا لەم سوورەتەدا باسی لە خۆبایی بوونی هەندێک لە گەلانی پێشوو کراوە، بە زانیارییەکەیان و گوێ نەدانیان بە پێغەمبەران (**عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَام**)، ئەو وەحیی و پەیامەی لە خواوە بۆیان هاتوەو، بوغڕابوون بەو تۆزە زانیارییەی لە لایەن بووە.

تایبەتمەندیی هەشتەم: چەند وشەیەک لەم سوورەتەدا هاتوون، تایبەتن بەم سوورەتەوە:

١- وشەی: (**ذي الطول**) کە لە ئایەتی ژمارە (٣)دا هاتوە واتە: خاوەنی بەخششی فراوان.

٢- وشەی: (**يوم التلاق**) واتە: ڕۆژی دیدار، یان ڕۆژی پێکگەیشتن، لە ئایەتی ژمارە (١٥) دا هاتوە.

٣- وشەی: (**يوم الآزفة**) واتە: ئەو ڕۆژەی کە نیزیکە، لە ئایەتی ژمارە (١٨)دا هاتوە.

٤- وشەی: (**خَائِنَةُ الأعين**) واتە: ناپاکیی چاوەکان یان: چاوە ناپاکەکان، لە ئایەتی ژمارە (١٩)دا هاتوە.

٥- وشەی: (**ذروني**) لێمگەڕێن، وازم لێبێنن، ئەویش قسەی فیرعەونە: ﴿وَقَالَ فِرْعَوْنُ ذَرُونِيٓ أَقْتُلْ مُوسَىٰ وَلْيَدْعُ رَبَّهُۥٓ...﴿٢٦﴾﴾ غافر، واتە: فیرعەونیش گوتی: لێمگەڕێن، دەستم مەگرن، با مووسا بکوژم و، با ئەویش لە پەروەردگاری بپاڕێتەوە.

٦- وشەی: (**يوم التناد**) واتە: ڕۆژی یەکدی بانگکردن، کە لە ئایەتی ژمارە (٣٢)دا هاتوە.

٧- تەعبیری: (وأفوض أمري إلى الله) کاری خۆم بە خوا دەسپێرم، لە ئایەتی ژمارە (٤٤) دا هاتوە.

٨- وشەی: (**تمرحون**) واتە: شانازیی دەکەن، یان بە فیزو کەشخە بە ڕێدا دەڕۆن، (**مرح**) یش ئەنجامی (**فرح**)ە، واتە: زۆر دڵخۆش بوون و شادمان بوون، وا لە مرۆڤ دەکات کە بە فیزو کەشخە بەڕێدا بڕوات، کە لە ئایەتی ژمارە (٧٥)دا هاتوە.

حەوتەم: دابەشکردنی بۆ چەند دەرسێك:

ئەم سوورەتەمان دابەش کردوە بۆ شەش دەرس، بەم شێوەیەی خوارێ:

سەرەتا دەڵێین:

پێشتریش گوتوومانە: هەمیشە دابەشکردنی ئایەتەکانی سوورەتەکان، هەر سوورەتێک بۆ چەند دەرسێک، بە ئیجتیهادو بۆچوونی خۆمە، زۆر سەرنجی

ئایەتـەکان دەدەم، کام کۆمەڵـە ئایـەت پێکـەوە پەیوەسـتن؟ چونکـە ناگونجـێ سـوورەتێکی درێـژ هەمـووی بەیەکـەوە تەفسـیر بکەیـن، مـن وام پـێ باشـە ئایەتـەکان کۆمـەڵ کۆمـەڵ بکەیـن، هـەر لـە سـەرەتای ئـەم تەفسـیرە موبارەکـەوە وامـان هێنـاوە، ئنجـا بـە بۆچـوونی خـۆم، ئـەم سـوورەتە موبارەکـەم دابـەش کـردوە بـۆ شـەش کۆمەڵـە ئایـەت، کـە زیاتـر پێکـەوە پەیوەسـتن واتـە: کردوومـە بـە شـەش دەرس:

دەرسـی یەکـەم: نـۆ (٩) ئایـەتی سـەرەتا دەگرێتـە خـۆی، ئایەتـەکانی: (١ - ٩)، کـە وەک پێشـەکیی وان بـۆ کـۆی سـوورەتی (**غافر**)، ئـەو نـۆ ئایەتـە موبارەکـە هەرسـێک تـەوەری ئیـمان و عەقیـدەی ئیسـلامییان گرتوونـە خۆیـان واتـە: بـاسی خـوا بەیەکگرتن و، ڕۆژی دوایـی و، پێغەمبەرایەتیـی و، وەحیـی و پەیامێـک، کـە خـوا بـۆ پێغەمبـەرانی (**عَلَيْهِـمُ الصَّلاَةُ وَالسَّـلاَم**) نـاردوە.

دەرسـی دووەم: ئایەتـەکانی: (١٠ - ٢٠) دەگرێتـەوە، واتـە: یـازدە (١١) ئایەتـە، کـە لـەو یـازدە ئایەتـەدا خـوا بـاسی سـەرەنجامی شـوومی کافـران و تاوانبـاران دەکات و، کۆمەڵێـک ڕاسـتیی دیکـەی گـەورەو مەزنیـشی نێواخـن کـردوون، لـە بـارەی ناسـاندنی خـواو، سـیفەت و کـردەوە بـەرزو نـاوازەکانی بـە تایبـەت.

دەرسـی سـێیەم: ئایەتـەکانی: (٢١ - ٤٦) واتـە (٢٦) ئایـەت دەگرێتـە خـۆی، کـە درێژتریـن دەرسـە لـە تەفسـیری ئـەم سـوورەتەدا و، سـەرەتا لـە دوو ئایـەتی: (٢١ و ٢٢)دا ئاماژەیـەک بـە مێـژووی گـەلان کـراوە، ئەوانـەی پێغەمبـەرانی خوایـان (**عَلَيْهِـمُ الصَّلاَةُ وَالسَّـلاَم**) بـە درۆ دانـاوەو دژایەتییـان کـردوون و بڕوایـان پـێ نەهێنـاون، کـە چـۆن خـوا سـزای داون و، سـەرەنجامێکی شـوومیان هەبـووە، دوایـی (٢٤) ئایەتەکـەی دیکـە، هەمـووی بەسـەرهاتی مووسـایە، لـە بەرانبەریـدا فیرعـەن و قـارون و هامـان، ئـەوە بـە گشـتیی و بـە تایبـەت بـاسی بەرگرییکـردنی پیاوێکـی بـڕوادار لـە دارو دەسـتەکەی فیرعـەون، کـە ئیمانەکـەی خـۆی شـاردۆتەوە، لـە مووسـا عليه السلام، کـە یـەک لەسـەر چـواری ئـەم سـوورەتە زیاتـر دەگرێتـە خـۆی.

دەرسی چوارەم: ئایەتەکانی: (٤٧ - ٦٠) دەگرێتە خۆی، واتە: چواردە (١٤) ئایەت، کە تێیان دا باسی قیامەت و، خواناسیی و، چەند ڕاستییەکی گەورەو، چەند ڕێنماییەک بۆ پێغەمبەری خاتەم (محمد) ﷺ، کراوە.

دەرسی پێنجەم: ئایەتەکانی: (٦١ - ٧٦) دەگرێتە خۆی، واتە: شازدە (١٦) ئایەتە، کە باسی خوناسیی و، خوا بەیەکگرتن و، پاشان قیامەت و، ڕۆژی دوایی و، سەرەنجامی شوومی بێبڕوایان و، ئەو سزا سەختەی خوا، کە پێوەی گرفتار دەبن.

دەرسی شەشەم: ئایەتەکانی: (٧٧ - ٨٥) دەگرێتە خۆی، واتە: نۆ (٩) ئایەتی کۆتایی ئەم سوورەتە، لەو نۆ ئایەتەدا خوا فەرمان بە پێغەمبەر دەکات ﷺ بۆ جاری دووەم لەم سوورەتەدا، کە خۆڕاگرو پشوو درێژ بێ، پاشان ئاماژەیەک دەکات بە پێغەمبەران (عَلَيْهِمُ الصَّلاَةُ وَالسَّلاَم) کە بەسەرهاتی هەندێکیانی بۆ پێغەمبەر ﷺ گێڕاوەتەوە، بەڵام هی هەندێکیانی نەگێڕاوەتەوە، پاشان باسی مێژووی ڕابردوو، ئنجا باسی سەرەنجامی شوومی بێبڕوایان کراوە.



دەرسی یەکەم


AliBapir
AliBapir
archive.org/details/@alibapir
AliBapir
www.alibapir.net


AliBapir

پێناسەی ئەم دەرسە

ئـەم دەرسـەمان نـۆ (٩) ئایـەتی سـەرەتای (غافـر) دەگرێتـە خـۆی، ئایەتـەکانی: (١ - ٩)، لـەو نـۆ ئایەتـەدا خـوا بـاسی کۆمەڵێـک بابـەتی کـردوە، بـەڵام هەمـوو ئـەو بابەتانـە لـە سـوورەگەی: ناسـاندنی خـواو، بـە یەکگرتنـی خـواو، بەندایەتیـی بـۆ کـران و پەرسـترانیداو، سـەرەنجامی شـوومی بێبڕوایـان، ئەوانـەی کـە ملیـان نـەداوە بـۆ یەکگرتنـی خـواو، تەنیـا خـوا پەرسـتن، ئـەو سـەرەنجامە شـوومە لـە دنیـاو دواڕۆژداو، سـەرەنجامی پـڕ خێـرو خۆشیی بـڕواداران لـە ڕۆژی دواییـداو، پاڕانـەوەی فریشـتەکانی هەڵگـری عـەرشی خـوا بۆیانـدا، دەخولێنـەوە.

ئەوانە ئەو بابەتانەن، کە لەم نۆ (٩) ئایەتە موبارەکەدا، خراونە ڕوو.

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ

﴿حمٓ ﴿١﴾ تَنزِيلُ ٱلۡكِتَٰبِ مِنَ ٱللَّهِ ٱلۡعَزِيزِ ٱلۡعَلِيمِ ﴿٢﴾ غَافِرِ ٱلذَّنۢبِ وَقَابِلِ ٱلتَّوۡبِ
شَدِيدِ ٱلۡعِقَابِ ذِي ٱلطَّوۡلِۖ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَۖ إِلَيۡهِ ٱلۡمَصِيرُ ﴿٣﴾ مَا يُجَٰدِلُ فِيٓ ءَايَٰتِ ٱللَّهِ إِلَّا
ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ فَلَا يَغۡرُرۡكَ تَقَلُّبُهُمۡ فِي ٱلۡبِلَٰدِ ﴿٤﴾ كَذَّبَتۡ قَبۡلَهُمۡ قَوۡمُ نُوحٖ وَٱلۡأَحۡزَابُ
مِنۢ بَعۡدِهِمۡۖ وَهَمَّتۡ كُلُّ أُمَّةِۭ بِرَسُولِهِمۡ لِيَأۡخُذُوهُۖ وَجَٰدَلُواْ بِٱلۡبَٰطِلِ لِيُدۡحِضُواْ
بِهِ ٱلۡحَقَّ فَأَخَذۡتُهُمۡۖ فَكَيۡفَ كَانَ عِقَابِ ﴿٥﴾ وَكَذَٰلِكَ حَقَّتۡ كَلِمَتُ رَبِّكَ عَلَى ٱلَّذِينَ
كَفَرُوٓاْ أَنَّهُمۡ أَصۡحَٰبُ ٱلنَّارِ ﴿٦﴾ ٱلَّذِينَ يَحۡمِلُونَ ٱلۡعَرۡشَ وَمَنۡ حَوۡلَهُۥ يُسَبِّحُونَ بِحَمۡدِ
رَبِّهِمۡ وَيُؤۡمِنُونَ بِهِۦ وَيَسۡتَغۡفِرُونَ لِلَّذِينَ ءَامَنُواْ رَبَّنَا وَسِعۡتَ كُلَّ شَيۡءٖ رَّحۡمَةٗ
وَعِلۡمٗا فَٱغۡفِرۡ لِلَّذِينَ تَابُواْ وَٱتَّبَعُواْ سَبِيلَكَ وَقِهِمۡ عَذَابَ ٱلۡجَحِيمِ ﴿٧﴾ رَبَّنَا وَأَدۡخِلۡهُمۡ
جَنَّٰتِ عَدۡنٍ ٱلَّتِي وَعَدتَّهُمۡ وَمَن صَلَحَ مِنۡ ءَابَآئِهِمۡ وَأَزۡوَٰجِهِمۡ وَذُرِّيَّٰتِهِمۡۚ إِنَّكَ

أَنتَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْحَكِيمُ ﴿٨﴾ وَقِهِمُ ٱلسَّيِّـَٔاتِ ۚ وَمَن تَقِ ٱلسَّيِّـَٔاتِ يَوْمَئِذٍ فَقَدْ رَحِمْتَهُۥ ۚ وَذَٰلِكَ هُوَ ٱلْفَوْزُ ٱلْعَظِيمُ ﴿٩﴾﴾.

مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان

{بە ناوی خوای بە بەزەیی بەخشندە. حا میم ﴿١﴾ دابەزاندنی ئەم کتێبە لە لایەن خوای زاڵی زاناوەیە ﴿٢﴾ لێبوردەی گوناهو وەرگری تۆبە، تۆڵە توند، خاوەن بەخشش، جگە لەو هیچ پەرستراوێک نیە، گەڕانەوە تەنیا بۆ لای ویە ﴿٣﴾ تەنیا ئەوانەی بێبڕوان مشتومڕ لە دژی ئایەتەکانی خوا دەکەن، ئنجا با هاتن و چوون (و خۆ بادان)ی ئەوانەی بێبڕوان لە وڵاتان دا، فریوت نەدات (پێت وابێ هەمەکارەو هەموو شت لە دەست هاتوون!) ﴿٤﴾ لە پێش واندا گەلی نووح و کۆمەڵە (بێبڕوایە)کانی دوای وان (پەیامی خوایان) بە درۆ داناو، هەر کۆمەڵێک ویستی پێغەمبەرەکەی بگرێ و، مشتومڕی بە ناهەقیشیان کرد تاکو هەقی پێ لابەرن (پووچەڵ بیخەنە بەرچاو)، منیش گرتمن، ئایا تۆڵەکەم چۆن بووا ﴿٥﴾ هەر بەو شێوەیەش وشە (بڕیارە)کانی پەروەردگارت لەسەر ئەوانە چەسپان کە بێبڕوابوون، کە ئەوانە هاوەڵی ئاگرن ﴿٦﴾ ئەو (فریشت)انەی عەرشیان هەڵگرتووەو، ئەوانەی بە دەوریشیەوەن، بە ستایشکردنەوە پەروەردگاریان بە پاک دەگرن و، بڕوای پێدێنن و، داوای لێبوردنیش بۆ ئەوانە دەکەن کە بڕوایان هێناوە (دەڵێن:) پەروەردگارمان! بەزەیی و زانیارییت هەموو شتێکی گرتۆتەوە، دەجا لەوانە ببوورە کە بڕوایان هێناوەو شوێن ڕێبازەکەت کەوتوون و، لە ئازاری کڵپە (ی ئاگر) بیانپارێزە ﴿٧﴾ (هەروەها) پەروەردگارمان! بیانخە ئەو بەهەشتە هەمیشەییانەوە کە گفتت پێداون، هەروەها هەموو ئەوانەی شایستەن لە باب و دایکیان و هاوسەرانیان و وەچەکانیان، لەگەڵیان بیانخە بەهەشتەوە، بە دڵنیایی هەر تۆی زاڵی کارزان ﴿٨﴾ (پەروەردگارمان!)

لە (سزا) خراپەكانیش بیانپارێزەو، هەر كەسیش لەو ڕۆژەدا لە (سزا) خراپەكانی بپارێزی، بە دڵنیایی بەزەییت پێیدا هاتوەو، ئا ئەوەش بردنەوەو سەرفرازیی مەزنە ﴿٩﴾}.

شیكردنەوەی هەندێك لە وشەكان

(ذِى ٱلطَّوْلِ): (**الطَّوْلُ: خُصَّ بِهِ الفَضْلُ وَالـمَنُّ**)، وشەی (**طَوْل**): تایبەتكراوە بە بەخشش و چاكەی خواوە، كە لەگەڵ بەندەكانیدا دەیكات، كەواتە: (**ذِي الطَّوْل**) واتە: (**صَاحِبُ الفَضْل**) خاوەن بەخشش و چاكەی فراوان.

(وَهَمَّتْ): (**الهَمُّ: مَا هَمَمْتَ بِهِ فِي نَفْسِكَ، أَهَمَّنِي كَذَا: حَمَلَنِي عَلَى أَنْ أَهَمَّ بِهِ**)، (**هَمّ**): بریتیە لەوەی لە دڵی خۆتدا بڕیاری دەدەی، دەگوترێ: (**أَهَمَّنِي كَذَا**) واتە: ئەو شتە وای لێكردم گرنگیی پێبدەم و خەمی لێ بخۆم، كەواتە: ﴿وَهَمَّتْ كُلُّ أُمَّةٍ بِرَسُولِهِمْ﴾، هەر كۆمەڵەیەك لە كۆمەڵە كافرەكان، بە دڵی داهات و ویستی كە پێغەمبەرەكەی خۆی بگرێ، بۆ سزادان، یاخود بۆ كوشتن.

(لِيُدْحِضُوا): بۆ ئەوەی هەقی پێ لابدەن، یان هەقی پێ پووچەڵ بخەنە بەرچاو، وشەی (**دَاحِضَة: أي: بَاطِلَة، زَائِلَة**) كە دەفەرموێ: ﴿حُجَّتُهُمْ دَاحِضَةٌ عِندَ رَبِّهِمْ وَعَلَيْهِمْ غَضَبٌ وَلَهُمْ عَذَابٌ شَدِيدٌ ﴿١٦﴾﴾الشورى، واتە: بەڵگەكەیان پووچەڵە لە لایەن پەروەردگاریان، (**وَأَصْلُهُ مِنْ دَحْضِ الرِّجْلِ**) وشەی (**إِدْحَاض**): لە بنچینەدا لە (**دَحَضَتِ القَدَمُ**)ە واتە: پێیەكە خلیسكا، (**دَحْضُ الرِّجْل**) لاق كە بخلیسكێ، وای پێدەگوترێ، ئنجا (**إِدْحَاض**) واتە: خلیسكاندن و لابردن و، پووچەڵكردنی ئەو شتەی دەویسترێ، پووچەڵ بكرێ.

(ٱلْعَرْشَ): تەخت، بارەگا، واتە: شوێنی حوكمڕانیی، (**العَرْشُ فِي الأَصْلِ: شَيءٌ مُسَقَّفٌ، وَمِنْهُ قِيلَ: عَرَشْتُ الكَرْمَ، وَعَرَّشْتُهُ، إِذَا جَعَلْتَ لَهُ كَهَيْئَةِ السَّقْفِ**)، (**عَرْش**):

لـە بنچینـەدا شـتێکە سـەقف و سـەربانێکی هەبـێ، کـە بـە (**عُـرُوْش**) کۆدەکرێتـەوە، دەگوتـرێ: (**عَرَشْـتُ الكَـرْمَ وَعَرَّشْـتُهُ**) واتـە: کـە پـرم بـۆ مێوەکـە کـرد، ئەگـەر کەپرێکـی بـۆ بکـەی وەک سـەقفێک مێوەکـە بەسـەریدا بـڵاو بێتـەوە، وشـەی (**عَرْش**)یـش بـۆ خـوای بـەرز بەکارهاتـوە، (**عَـرْشُ الرَّحْمَـن**) وەک دوایـی باسـیدەکەین، کـە مەبەسـت پێـی کورسـیی و تەختـە، دیـارە بـە پێـی عەقڵـی ئێمـە ئەوانـەی حکومڕانییـان کـردوە، عـەرش ئـەو شـوێنەیە کـە لەسـەری دانیشـتوون، کـە دیـارە کورسـیی بـەس شـوێنی تاکێکـە، بـەڵام عـەرش کـە حوکمڕانـان لەسـەری دانیشـتوون، هـەم بەرزتـر بـووە لـە کورسـیی و پێچکـەی هەبـوون، پایـەی هەبـوون، هـەم فراوانتریـش بـووە لـە کورسـیی ئـەوە بـە نسـبەت ئـەوەوە کـە بـۆ ئێمـە زانـراوە، بـەڵام کـە بـۆ خـوای پـەروەردگار بەکاردەهێـنرێ، زۆربـەی زانایـان دەڵێـن: عـەرش مەخلووقێکـە دەوری هەمـوو گـەردوونی داوەو گەورەتریـن دروسـتکراوی خـوای بـێ وێنەیـە.

بـەڵام هەندێـک گوتوویانـە: (عـرش) ڕەمـزی حوکمڕانیـی و دەسـەڵاتی خوایـە کـە ئـەو مانایـە بـە لەبەرچاوگرتنـی کـۆی ئایەتـەکان، بێهێـزەو دواییـش باسـی دەکەیـن.

(**عَدۡنٍ**): (**العَـدْنُ: الإِسْـتِقْرَارُ والثَّبَـات**)، (**عـدْن**) بـە مانـای نیشـتەجێبوون و چەسـپان دێ، دەگوتـرێ: (**عَـدَنَ بِالمَـكَانِ: اسْـتَقرَّ**) لـە شـوێنەکە چەسـپا، قـەراری گـرت.

(**ٱلسَّيِّـَٔاتِ**): کـۆی (السَّـيْئَة)یە، (**السُّـوءُ كُلُّ مَـا يَغُـمُّ الإِنْسَـانَ مِـنَ الأُمُـورِ الدُّنْيَوِيَّـةِ وَالأُخْرَوِيَّـةِ، وَمِـنَ الأَحْـوَالِ النَّفْسِـيَّةِ وَالبَدَنِيَّـةِ وَالخَارِجِيَّـةِ، والسَّـيئَةُ: الفِعْلَـةُ القَبِيْحَـةُ**)، (**سُـوء**): هـەر شـتێکە کـە مـرۆڤ خەفەتبـار بکات لـە کاروبـاری دنیایی، یـان دوارِۆژیی و، لـە حاڵەتـە دەروونییـەکان و حاڵەتـە جەسـتەییەکان و حاڵەتـە دەرەکییـەکان، (**سَـيئة**)ش بریتیـە لـە کردەوەیەکـی ناقـۆڵا، بـەڵام بـە پێـی سـیاق دەبـێ سـەرنجی چەمـک و واتـای ئـەو وشـەیە بـدرێ، کـە دەفەرمـوێ: ﴿ وَمَن تَقِ ٱلسَّيِّـَٔاتِ ﴾، واتە: هـەر کەسـێک تـۆ بیپارێـزی لـە خراپـەکان واتـە: لـە سـزا خراپـەکان، یاخـود لـە سـزای خراپـەکان.

مانای گشتیی ئایەتەکان

وەک پێشتر باسمکرد: ئەم نۆ (٩) ئایەتە وەک پێشەکیی و دەستپێک وان، بۆ کۆی بابەتەکانی کە لەم (٨٥) ئایەتەی ئەم سوورەتەدا هاتوون، سەرەتا خوا ﷻ دەفەرموێ:

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ

بە ناوی خوای بە بەزەیی بەخشندە.

واتە:

دەستپێکردنم بە ناوی خوایە، کە ئەوەش مەبەستی ئەوەیە:

١- ئەم کارە تەنها بۆ خوا دەکەم.

٢- بە پێی شەرعی خوا دەیکەم.

٣ - بە تواناو یارمەتیی خوای پەروەردگار دەیکەم، نەک بە شان و شەوکەت و توانای خۆم.

٤ - بۆ هێنانەدی ڕەزامەندیی خوا ئەنجامی دەدەم.

بێگومان ئەم سوورەتە، یەکێکە لەو حەوت سوورەتانەی هەموویان بە (حَوامِیم) یان (آل حم) ناسراون، ئەم سوورەتەش یەکەمین سوورەتە لە (حَوامِیم) لە حامیمەکان.

﴿حمٓ﴾، ئەمانە دوو پیتن، بەڵام لەبەر ئەوەی ئێمە لە سەرەتای سوورەتی (یونس)دا، باسێکی دوورو درێژمان لە بارەی ئەو پیتە پچڕ پچڕانەوە کردوە، هەروەها لە سەرەتای هەندێ لە سوورەتانی دیکەش، هەندێ شتی دیکەی وردو تایبەتمان باسکردوە، بۆیە لێرە ناگەڕێینەوە سەری، تەنیا ئەوەندە دەڵێین: پیتە پچڕ پچڕەکان (**الحروف المقطعَّة**) لە پێش بیست و نۆ (٢٩) سوورەتی قورئاندا

هاتـوون، واپێدەچـێ لـە هاتنیـان ئـەوە مەبەسـت بـێ: خەڵکینـە! ئـەو قورئانـەی لەبـەر دەسـتتانە! سـوورەت و ئایەتـەکانی هـەر لـەو پیتانـە پێکهاتـوون، کـە ئێـوە پێیـان دەنووسـن، ئـەو پیـت و دەنگانـەی ئێـوە قسـەیان پێدەکـەن، کـە لەبـەر دەسـتی ئێوەشـدا هـەن، ئنجـا کـە نەتانتـوانی نـەک قورئانێکـی وەک ئـەم قورئانـەو وێنـەی ئـەم قورئانـە، بەڵکـو نەتانتـوانی وێنـەی دە (١٠) سـوورەتیشی بێنـن، بەڵکـو نەتانتـوانی وێنـەی سـوورەتێکیشی بێنـن، لـە حاڵێکـدا ئـەو پیـت و دەنگانـەی قورئانیان لێپێکهاتـوە، لەبـەر دەسـتی ئێوەشـدان وەک کەرەسـتەی خـاو، کەواتـە: بزانـن: ئـەو زاتـەی لـەو کەرەسـتە خـاوەی لەبـەر دەسـتی ئێوەشـدا هەیـە، ئـەم قورئانـەی پێکهێنـاوە، ئـەوە خـوای بـەرزە، هـەروەک چـۆن مـاددە لەبـەر دەسـتی ئێوەشـدا هەیـە، بـەڵام خـوا ژیانـدارانی لـێ دروسـت دەکات، گـوڵ و گیـای لێ دروسـت دەکات، پـەڕەورو باڵنـدەی لـێ دروسـت دەکات، ئـاژەڵ و زینـدەوەرانی لـێ دروسـت دەکات، ئێـوەش مەگـەر خشـت و کەلوپـەلی بـێ ژیـان و تەکنۆلۆژیـای بـێ ژیـانی لـێ دروسـت بکـەن! کەواتـە: بزانـن کـە ئـەو قورئانـە لـە لایـەن خـواوە ﷻ هاتـوە.

﴿ تَنزِيلُ ٱلْكِتَٰبِ مِنَ ٱللَّهِ ٱلْعَزِيزِ ٱلْعَلِيمِ ﴾، دابەزانـدنی کتێـب لـە لایـەن خـوای زاڵـی زاناوەیـە، وشـەی (**الكتـاب**) کـە (أل)ی ناسـاندنی لەسـەرە، دەگونجـێ مەبەسـت پێـی جینـسی کتێبـان بـێ واتـە: دابەزانـدنی کتێبـەکان، هەمـوو کتێبـەکان لـە لایـەن خـوای کارزانەوەیـە، دەشـگونجێ ئـەم (أل)ی ناسـاندنە بـۆ (**عهـد**) بێ واتـە: دابەزاندنی کتێبەکـە ئـەو کتێبـەی دەزانـن و لەبـەر دەسـتتان دایـە، لـە لایـەن خـوای زاڵـی زاناوەیـە، ئنجـا خـوا ﷻ خـۆی لێرەدا بـە چەنـد سـیفەتێک پێناسـە دەکات: یەکەمیـان (**ألله**) خـوا، لـە لایـەن خواوەیـە ﷻ ئـەو خوایـەش ﷻ (**العزیـز**) واتـە: باڵادەسـت و زاڵـە، (**العلیـم**) واتـە: هەمـوو شـتێک دەزانـێ.

ئنجـا دوایـی خـوا بـە چەنـد سـیفەتێکی دیکـەش خـۆی پێناسـە دەکات، وەک سـەرچاوەی قورئـان و دابەزێنـەری قورئـان و دەفەرمـوێ: ﴿ غَافِرِ ٱلذَّنۢبِ ﴾، لێبـوردە لـە گونـاح، ئـەوەش سـیفەتێکی دیکەیـەتی، کـە لـە گوناهـان دەبـوورێ، (**الذنـب**)

یـش دیسـان (أل)ی ناسـاندنی لەسـەرەو لێـرەدا بـۆ جینسـە، یـانی: تێکـڕای گوناحـان دەبـووریٚ و دەبەخشـێ، هـەر کەسـێک لێیـان بگەڕێتـەوەو، دەسـتبەرداریان بـێ و تۆبەیـان لێبـکات، ﴿وَقَابِلِ ٱلتَّوۡبِ﴾، هەروەهـا وەرگـری گەڕانەوەشـە، کەسـێک بگەڕێتـەوە بـۆ لای خـوا، خـوا گەڕانـەوە، پۆزشـەکەی لێوەردەگـرێ، ﴿شَدِيدِ ٱلۡعِقَابِ﴾، تۆڵـە توندە، کەسـێک شایسـتەی سـزادان بـێ، خـوا سـزای دەدات، سـزای خـواش زۆر سـەختە، ﴿ذِي ٱلطَّوۡلِ﴾، هەروەهـا خـوا خـاوەن بەخشـشی فراوانـە.

ئنجـا سـیفەتێکی دیکـەی: ﴿لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ﴾، جگـە لـەو هیـچ پەرسـتراوێک نیـە واتـە: هیـچ پەرسـتراوێک نیـە کـە شایسـتەی پەرسـتران بـێ، ئەگەرنـا پەرسـتراوی سـاختەو پـووچ زۆرن، بـەڵام پەرسـتراوێک کـە شایسـتەی پەرسـتران بـێ و، ئـەو پەرستشـەی بـۆی ئەنجـام دەدرێ، جێـی خـۆی بگـرێ، تەنیـا یەکێکـە کـە خوایـە، ﴿إِلَيۡهِ ٱلۡمَصِيرُ﴾، سـەرەنجام و گەڕانـەوەش تەنیـا بـۆ لای ئـەوە.

کەواتـە: کـۆی ئـەو سـیفەتانە کـە لێـرەدا خـوا ﷻ وەک دابەزێنـەری ئـەم کتێبـە، خۆیـان پـێ پێناسـە دەکات نـۆن: (**ألله، العزیـز، العلیـم، غافـر الذنـب، قابـل التـوب، شـدید العقـاب، ذي الطـول، لا إلـه إلا هـو، إلیـه المصیر**) بـە نـۆ سـیفەت خـوا ﷻ خـۆی پێناسـە دەکات.

﴿مَا يُجَٰدِلُ فِيٓ ءَايَٰتِ ٱللَّهِ إِلَّا ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ﴾، لـە دژی ئایەتـەکانی خـوا هیـچ کـەس شـەڕە قسـەو مشـتومڕ نـاکات، مەگـەر ئەوانـەی بێبـڕوان، ئـەوان لـە دژی ئایەتـەکانی خـوا دەمبەدمەو، شـەڕە قسـەو، مشـتومڕ دەکـەن، ﴿فَلَا يَغۡرُرۡكَ تَقَلُّبُهُمۡ فِي ٱلۡبِلَٰدِ﴾، ئنجـا بـا هاتـن و چـوونی ئـەوان، ڕۆیشـتنیان و گـەڕان و سـووڕانیان لـە وڵاتانـدا، تـۆ فریـو نـەدات، واتـە: ئـەی موحەممـەد! ﷺ یاخـود: هـەر کەسـێک کـە قورئـان دەخوێنـێ! بـە هاتـن و چـوون و خـۆ بـادان و خۆڕانـانی بێبڕوایـان لـە وڵاتانـدا، کـە دێـن و دەچـن، فریـو مەخـۆ، هەڵمەخەڵەتـێ، وا بـزانی هەمـوو شـتێکیان لـە دەسـت دێ و، هەرچـی بیانـەوێ پێیـان دەکـرێ! وەک ئێسـتا[1] زلهێنـانی ڕۆژهـەڵات و ڕۆژئـاوا،

---

(١) ئێستا: ٥ ڕەمەزانی ١٤٤٢ک، بەرانبەر: ٢٠٢١/٤/١٧ز یە.

خۆیان بادەدەن و خۆیان ڕادەنێن، نەخێر زۆر شتیان دەوێ، بۆیان ناکرێ و زۆر شتیان ناوێ، بەسەریان دێ، وەک (یەکێتی سۆڤیەتی) پێشوومان بینی، هەڵوەشا، هەروەها هەموو ئەو دەوڵەت و ئیمپراتۆرانەی کە لە مێژووی بەشەردا بوو ون، وەک ئەو هەموو حوکمڕانە خۆسەپێن و خۆبادەرو بە فیزو کەشخە جووڵاوانەی کە بوو ون، بە درێژایی مێژوو، هەموویان چوونە بن خاک، خوای پەروەردگار هەر کەسە لە کاتی خۆیداو، هەر وڵاتە لە کاتی دیارییکراوی خۆیدا، لە بەینی بردوون.

﴿ كَذَّبَتْ قَبْلَهُمْ قَوْمُ نُوحٍ وَٱلْأَحْزَابُ مِنۢ بَعْدِهِمْ ﴾، لە پێش واندا واتە: لە پێش بێبڕوایەکانی ڕۆژگاری تۆدا، ئەی موحەممەد! ﷺ گەلی نووحیش بێبڕوابوون، هەروەها کۆمەڵەکانی کە لە دواشیان بوون، بێبڕوابوون، (**أحزاب**) کۆی (**حزب**)ە، (**حزب**) کۆمەڵە خەڵکێکن کە لە شتێکدا وەک یەک بن، لە ڕووی نەتەوەییەوە، لە ڕووی کارو پیشەیەکەوە، لە ڕووی دینێکەوە، لە ڕووی عادەتێکەوە، لە ڕووی خوێن و گۆشتێکەوە و لەسەر شتێک کۆ ببنەوە، پێیان دەگوترێ: (**حِزْب**)، ئنجا خوا دەفەرموێ: هەم گەلی نووح، هەم ئەو کۆمەڵانەی کە لە دوایان بوون، بە درۆیان دانان، چییان بە درۆ دانان؟ پەیامەکانی خواو پێغەمبەرانی خوایان (**عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَامُ**) بە درۆ دانان، بەڵکو هەر بەوەندەش ئیکتیفایان نەکرد، کە پەیامەکانی خواو پێغەمبەرانیان بە درۆ دانان، ﴿ وَهَمَّتْ كُلُّ أُمَّةٍۭ بِرَسُولِهِمْ لِيَأْخُذُوهُ ﴾، هەر کامێک لەو کۆمەڵانە، ویستی پێغەمبەرەکەی بگرێ، واتە: ویستیان پێغەمبەرەکەیان بگرن بۆ کوشتن، بۆ سزادان و لە کۆڵ خۆ کردنەوە، ﴿ وَجَٰدَلُواْ بِٱلْبَٰطِلِ ﴾، بە ناهەقیش شەڕە قسەیان کرد، دمبەدمەی ناهەق و ناڕاستیان کرد، وتووێژیان کرد بە ناهەق، ﴿ لِيُدْحِضُواْ بِهِ ٱلْحَقَّ ﴾، بۆ ئەوەی هەقی پێ لابەرن، هەقی پێ بخلیسکێنن و دووری بخەنەوە، پووچەڵ بیخەنە بەرچاو، ئەوان بەو شێوەیان کرد، ﴿ فَأَخَذْتُهُمْ ﴾، منیش گرتمن، ﴿ فَكَيْفَ كَانَ عِقَابِ ﴾، (**كَيْف**) لە ئەسڵ دا یانی: چۆن و بۆ پرسیارکردنە، بەڵام لێرەدا

مەبەست پێی سەرسوڕماندنه (**الإسْتِفْهَامُ للتَعْجِيْب**) پرسیارکردن بۆ سەرسوڕماندنە، سزاو تۆڵەکەم چۆن بوو! ﴿ فَكَيْفَ كَانَ عِقَابِ ﴾، وشەی (**عقاب**) بە ژێر (**كسرة**) هاتوه، بەڵام ئەصڵی خۆی (**عقابي**)یەو، لەبەر لەسەر زمان سووک بوون (**ي**) لاچووەو، کەسرە لە شوێنی دانیشتوه، سزادانەکەی من بۆ ئەوان چۆن بوو! واتە: جێی ئەوە بووە کە خەڵک زۆری تێرامێنێ و پەندی لێوەربگرێ.

﴿ وَكَذَٰلِكَ حَقَّتْ كَلِمَتُ رَبِّكَ عَلَى ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓاْ ﴾، واتە: هەر بەو شێوەیەش کە گەلی نووح و، ئەو حیزب و پێڕانەی کافرەکانی سزادا، هەر بەو شێوەیە فەرمایشتی پەروەردگارت، بڕیاری پەروەردگارت کە لە فەرمایشتیدا بەرجەستە بووە، چەسپا لەسەر ئەوانەی کە بێبڕوان، کە بریتی بوو لە چی؟ ﴿ أَنَّهُمْ أَصْحَٰبُ ٱلنَّارِ ﴾، کە ئەوانە هاوەڵی ئاگری دۆزەخن: واتە: وا دەچنە نێو ئاگرەوە کە دەبنە هاوەڵی و لێی جیا نابنەوە.

ئنجا خوا ﷻ دوای ئەو ڕاستییانەی خستنیە ڕوو، باسی بابەتێکی دیکە دەکات، کە بریتیە لە هەڵوێستی ئەو فریشتە پاک و بۆ خوا صوڵحاوانەی، عەرشی خوایان هەڵگرتوە، هەروەها ئەوانەش کە بە دەوری عەرشەوەن، کە خوا ﷻ لە سوورەتی (**النساء**)دا باسی (**الملائكة المقربون**) (فریشتە زۆر نیزیک خراوەکان) دەکات و، وا دیارە ئەو فریشتانەن کە خوا هەڵگرتنی عەرشی پێ سپاردوون، ئەوانەش کە بە دەوری عەرشەوەن، کە بەس خوا ژمارەیان دەزانێ، ئەوەندە هەیە بۆ ڕۆژی قیامەت خوا دەفەرموێ: ﴿ وَٱلْمَلَكُ عَلَىٰٓ أَرْجَآئِهَاۚ وَيَحْمِلُ عَرْشَ رَبِّكَ فَوْقَهُمْ يَوْمَئِذٍ ثَمَٰنِيَةٌ ﴿١٧﴾ ﴾الحاقة، واتە: لەو ڕۆژەدا عەرشی پەروەردگارت (تەختی پەروەردگارت) هەشت هەڵی دەگرن، ئنجا ئایا هەشت کۆمەڵە فریشتەن، یان هەشت فریشتەن؟ هەروەها ئایا ئێستا چەند هەڵیانگرتوەو، چەند فریشتە بە دەوری عەرشی خواوەن؟ بەس خوا دەیزانێ، گرنگ ئەوەیە خوا دەفەرموێ: ﴿ ٱلَّذِينَ يَحْمِلُونَ ٱلْعَرْشَ وَمَنْ حَوْلَهُۥ ﴾، ئەوانەی عەرشیان هەڵگرتوەو، ئەوانەش کە بە دەوری عەرشەوەن، مانای وایە: ئەو فریشتانە، زۆر لە خواوە نیزیکن و، زۆر

لە لای خوا موعتەبەرن، زیاتر فریشتە ئاساییەکان، ئنجا ئایا ئەوانە چی دەکەن؟ ﴿ يُسَبِّحُونَ بِحَمْدِ رَبِّهِمْ ﴾، بە ستایشکردنەوە بۆ پەروەردگاریان بە پاکی دەگرن، ﴿ وَيُؤْمِنُونَ بِهِۦ ﴾، هەروەها بڕواشی پێدێنن، ئنجا وەک توێژەرەوانی قورئان دەڵێن: شتێکی زانراوە کە فریشتەکان خوا بە پاک دەگرن و ستایشی دەکەن، لە پێش ئەوەشدا شتێکی زانراوە، کە بڕوا بە خوا دێنن، بەڵام بۆچی لێرە خوا ﷻ باسی ئیمانی فریشتەکان دەکات؟! واتە: ئەی مرۆڤەکان! ئێوە بزانن کە بە هۆی ئیمان هێنانەوەو، بە هۆی بە پاکگرتن و ستاییشکردنەوە بۆ خوا ﷻ، ئێوەش دەچنە ڕیزی ئەو فریشتانەوەی عەرشی خوایان هەڵگرتووەو، دەوری عەرشی خوایان گرتووەو بە دەوریەوەن! هەروەها هەڵگرانی عەرشی خواو دەوروەدەرانی عەرشی خوا لە فریشتەکان، وێڕای بە پاکگرتن و ستایشکردن و بڕواهێنان بە خوا، ﴿ وَيَسْتَغْفِرُونَ لِلَّذِينَ ءَامَنُواْ ﴾، داوای لێبوردنیش بۆ ئەوانە دەکەن کە بڕوایان هێناوە، واتە: بڕوایان هێناوە بە هەموو ئەو شتانەی پێویستە بڕوایان پێبهێنرێ، داوای لێبوردنیان بۆ دەکەن، ئنجا ئایا داوای لێبوردنەکە چۆنە؟

دەڵێن: ﴿ رَبَّنَا وَسِعْتَ كُلَّ شَيْءٍ رَّحْمَةً وَعِلْمًا ﴾، پەروەردگارمان! بەزەیی تۆو، زانیاریی تۆ، هەموو شتێکی گرتۆتەوە، واتە: تۆ بەزەییەکەت گشتگیرە بۆ هەموو شتێک و، هەموو شتێکیش دەزانی، بەڵێ زانیاریی و بەزەیی خوا هەموو شتێکیان گرتۆتەوە، چونکە هەر شتێک کە پەیدابووەو هەیەو، بەڕێوەدەچێ، دیارە بە هۆی زانیاریی و بەزەیی خواوە بەڕێوە دەچێ، ﴿ فَٱغْفِرْ لِلَّذِينَ تَابُواْ وَٱتَّبَعُواْ سَبِيلَكَ ﴾، دەجا لەوانە ببوورە، کە گەڕاونەوەو، شوێن ڕێبازەکەت کەوتوون، ﴿ وَقِهِمْ عَذَابَ ٱلْجَحِيمِ ﴾، هەروەها چەپاڵەیان بدەو، بیانپارێزە لە ئازاری کڵپە، کڵپەی ئاگری دۆزەخ.

ئنجا ئەو فریشتانەی هەڵگرانی عەرشی خواو، دەوروەدەرانی عەرشی خوا، هەر بەردەوام دەبن لەسەر پاڕانەوەیان بۆ بڕواداران و دەڵێن: ﴿ رَبَّنَا وَأَدْخِلْهُمْ جَنَّٰتِ عَدْنٍ ٱلَّتِي وَعَدتَّهُمْ ﴾، پەروەردگارمان! هەروەها بیانخە نێو باغە هەمیشەییەکانی

کـە بەڵێنـت پێـداون، گفتـت پێـداون، ﴿ وَمَن صَلَحَ مِنْ ءَابَآئِهِمْ وَأَزْوَٰجِهِمْ وَذُرِّيَّٰتِهِمْ ﴾، هەروەهـا ئەوانـەی کـە شایسـتەن و چاکـن لـە بـاب و باپیرانیـان واتـە: بابیـان و دایکیـان، باپیریـان و نەنکیـان و بـەو شـێوەیە، ﴿ وَأَزْوَٰجِهِمْ ﴾، هەروەهـا هاوسـەرانیان، ﴿ وَذُرِّيَّٰتِهِمْ ﴾، دیسـان وەچەکانیـان، لـە کـوڕان و کچـان و نەوەکانیـان، هـەر کەسـێک کـە شایسـتەیە، لەگەڵیـان بیخـە ئـەو بەهەشـتە هەمیشـەییانەوە، کـە بەڵێنـت پێـداون، ﴿ إِنَّكَ أَنتَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْحَكِيمُ ﴾، بـە دڵنیایـی هـەر تـۆی زاڵـی کارزان.

﴿ وَقِهِمُ ٱلسَّيِّـَٔاتِ ﴾، لـە خراپەکانیـش بیانپارێـزە، کـە بـە تەئکیـد سـزای خـوا ﷻ خراپـە لـە ڕۆژی دواییـدا بـۆ بێبڕوایـان و تاوانبـاران، یاخـود: ﴿ وَقِهِمُ ٱلسَّيِّـَٔاتِ ﴾، واتـە: (**وَقِهِـمْ عِقَـابَ السَّـيِّئَات**) بیانپارێـزە لـە سـزای ئـەو خراپانـەی کردوویانـن، واتـە: بـە هـۆی خراپەکانیانـەوە کـە لـە دنیـادا کردوویانـن، سـزایان مەدە، لـە سـزای ئـەو خراپانـە بیانپارێـزەو چەپاڵەیـان بـدە، یاخـود: لـەو حاڵـە خراپانـەی کـە لـە ڕۆژی دواییـدا هـەن و بـۆ تاوانبـاران خراپـن، لـەو حاڵـە خراپانـە بیانپارێـزەو چەپاڵەیـان بـدە، ﴿ وَمَن تَقِ ٱلسَّيِّـَٔاتِ يَوْمَئِذٍ ﴾، هـەر کەسـێکیش تـۆ لـەو ڕۆژەدا چەپاڵـەی بـدەی لـە خراپـەکان، واتـە: لـە سـزا خراپـەکان، یاخـود: لـەو مەینەتیـی و خراپانـەی کـە هـەن، یـان: لـە سـزای کـردەوە خراپـەکان، ﴿ فَقَدْ رَحِمْتَهُۥ ﴾، ئـەوە بـە دڵنیایـی تـۆ بەزەییـت پێـدا هاتۆتـەوەو ڕەحمـەتی تـۆ گرتوویەتـەوە، ﴿ وَذَٰلِكَ هُوَ ٱلْفَوْزُ ٱلْعَظِيمُ ﴾، تەنیـا ئـا ئـەوەش بردنـەوەی مەزنـەو، ئـەوەش سـەرفرازیی مەزنـە، کـە هـەر کەسـێک لـەو ڕۆژەدا چەپاڵـە بـدرێ لـە سـزای خـوا، مانـای وایـە خـوای پـەروەردگار بەزەیـی پێـدا هاتۆتـەوە، چونکـە هـەر کەسـێک لـەو ڕۆژەدا نەچێتـە دۆزەخ کەواتـە: چۆتـە بەهەشـت، تەنیـا دوو شـوێنی هـەن خـوای بـەرز، بەڵـێ ئەعرافیـش هەیـە لـە نێـوان بەهەشـت و دۆزەخ دا، بـەڵام -- وەک زۆربـەی زانایـان گوتوویانـەو ئێمـەش لـە تەفسـیری سـوورەتی (**الأعـراف**)دا بـە تەفصیـل باسـمانکردوە -- سـەرەنجام ئەهلـی ئەعرافیـش وا پێدەچـێ زیاتـر بـەرەو بەهەشـت

بچن، کەواتە: هەر کەسێک لە ڕۆژی دواییدا لە سزای خوا چەپاڵە بدرێ و بپارێزرێ و، لە مەینەتییەکانی ڕۆژی دوایی بپارێزرێ، مانای وایە نەچۆتە دۆزەخ، کەواتە: بە دڵنیایی چۆتە بەهەشت و سەرفرازو بە مراد گەیشتوویە.



مەسەلە گرنگەکان

مەسەلەی یەکەم:

قورئـان دابەزێنرانیـی خـوای زاڵـی زانـای تۆبـە وەرگـری، تۆڵـە تونـدی، خـاوەن چاکـەی فـراوانی، پەرسـتراوی ڕاسـتەقینەی، تاکـە سـەرەنجام بـە دەسـتە:

خـوا دەفەرمـوێ: ﴿حمٓ ۝١ تَنزِيلُ ٱلۡكِتَٰبِ مِنَ ٱللَّهِ ٱلۡعَزِيزِ ٱلۡعَلِيمِ ۝٢ غَافِرِ ٱلذَّنۢبِ وَقَابِلِ ٱلتَّوۡبِ شَدِيدِ ٱلۡعِقَابِ ذِي ٱلطَّوۡلِۖ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَۖ إِلَيۡهِ ٱلۡمَصِيرُ ۝٣﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە هەشت بڕگەدا:

١)- ﴿حمٓ﴾، **حا، میم**، ئەوانە دوو پیتن، پیتی (ح) لەگەڵ پیتی (م) کە لە ڕووی تەجویدەوە دەبێ (ح)یەکە هەروەک خۆی (**حا**) بە دوو جووڵە (**حركة**) بێ، بەڵام (**م**) دەبێ شەش (٦) جووڵە (**حركة**) درێژ بکرێتەوە: (**حا**)، (**میییییم**)، پێشتر گوتمان: کە لە سەرەتای بیست و نۆ لە سووڕەتەکانی قورئاندا، خوا ﷻ ئەو پیتانەی هێناون، کە پێیان دەگوترێ: پیتە لێکدابڕاوەکان، یان پیتە پچڕپچڕەکان، (**الحروف المقَطَّعَة**) واتە: نابێ بەسەریەکەوە بخوێنرێنەوە، لێرەدا ناگوترێ: (**حم**) حەم، یان بۆ (**ألم**) ناگوترێ: ئەلەم، بەڵکو دەبێ جیا جیا بخوێنرێنەوە، باشترین ماناش کە تاکو ئێستا ئێمە قەناعەتمان پێی هەبێ، ئەوەیە: کە خوا ﷻ لە ڕێی ئەو پەیامەوە، دەیەوێ بە مرۆڤەکان بڵێ: ئەو قورئانە کە لەبەر دەستی ئێوەدایەو، ئێوە لە بەرانبەریدا دەستەوسانن، هەر لەو پیتانە کە لەبەر دەستی خۆتاندان، وەک کەرستەیەکی خاوو قسەیان پێدەکەن، لەو پیت و دەنگانە پێکهاتوە، بەڵام خوایەک لەو پیت و دەنگانەی کە لەبەر دەستی ئێوەشدا هەن، ئەو فەرمایشتەی پێکهێناوەو فەرمووە، کەواتە: بزانن ئەو زاتە خوای پەروەردگارە، ئەگەرنا مرۆڤەکان دەتوانن لاسایی یەکدی بکەنەوە، بەڵام کەس ناتوانێ فەرمایشتێک کە خوا فەرموویەتی، وەک ئەو قسە بکات.

٢)- ﴿ تَنزِيلُ ٱلۡكِتَٰبِ مِنَ ٱللَّهِ ٱلۡعَزِيزِ ٱلۡعَلِيمِ ﴾، دابەزێنرانی کتێبەکە لە لایەن خوای زاڵی زاناوەیە، وشەی: ﴿ تَنزِيلُ ٱلۡكِتَٰبِ ﴾، دەگونجێ: بڵێین: ﴿ تَنزِيلُ ٱلۡكِتَٰبِ ﴾، نیهاد (**مُبْتَدَأ**)ەو، ﴿ مِنَ ٱللَّهِ ٱلۡعَزِيزِ ٱلۡعَلِيمِ ﴾، گوزارە (**خبر**)یە، دەشگونجێ بە پێچەوانەوە بگوترێ: ﴿ تَنزِيلُ ٱلۡكِتَٰبِ ﴾، گوزارە (**خبر**)یە: (**هَذَا تَنْزِيْلُ الكِتَابِ**)، ئەمە دابەزاندنی کتێبەکەیە لە لایەن خوای زاڵی زاناوە، وشەی (**ٱلۡكِتَٰبِ**)یش مادام (أل)ی ناساندنی لەسەرە، یان (**أل**) بۆ تێکڕا (**جنس**)یەو، مەبەست هەموو کتێبەکانە، واتە: هەرچی کتێبێک کە دابەزێنراوە لە ئاسمانەوە، هەمووی لە لایەن خوای زاڵی زاناوەیە، یاخود (أل)ی (عهد)ەو، مەبەست پێی ئەوەیە: دابەزاندنی کتێبەکە، ئەو کتێبەی کە مەعهوودەو زاندراوەو ناسراوە، لە لاتان کە قورئانە، لە لایەن خوای زاڵی زاناوەیە.

کەواتە: ئەم قورئانە سیفەتەکانی خوای ﷻ لە خۆیدا درەوشاندوونەوە، ئەم قورئانە هەم عەزیزە، وەک خوا ﷻ خۆی وا وەسفکردوە، هەم کتێبێکی عەلیمە، هەروەها کتێبێکی حەکیمەو کتێبێکی کەریمە، چونکە سیفەتەکانی خوا لە قورئاندا دەدرەوشێنەوە، ئنجا خوا ﷻ لەسەر پێناسەکردنی خۆی زیاتر بەردەوام دەبێ، تاکو بزانرێ ئەو قورئانە لە لایەن کێوە هاتووە؟

٣)- ﴿ غَافِرِ ٱلذَّنۢبِ ﴾، لێبوردەی گوناح، ئەمە تەماع وەبەرنانە بۆ بێبڕوایەکان، بێبڕوا سەرپێچییکەرەکان، کە ئەگەر بگەڕێنەوە بۆ لای خوا ﷻ لە گوناحتان دەبوورێ.

٤)- ﴿ وَقَابِلِ ٱلتَّوۡبِ ﴾، هەروەها تۆبە وەرگرە، گەڕانەوە قبووڵ دەکات و وەردەگرێ، (**التَّوْبُ: مَصْدَرُ تَابَ، أو جَمْعُ تَوْبَة مِثْلُ دَوْمَة: جَمْعُ دَوْم، عَزْمَة: جَمْعُ عَزْم**)، واتە: (**عَزْم، عَزْمَة**)، (**دَوْم، دَوْمَة**)، (**تَوْب، تَوْبَة**)، کەواتە: ﴿ وَقَابِلِ ٱلتَّوۡبِ ﴾، (**ٱلتَّوۡبِ**) یان چاوگە، واتە: خوا وەرگری گەڕانەوەیە، یان: (**التوب**) کۆی (**توبة**)یە، یانی: خوا وەرگری گەڕانەوەکانە، خوا هەر کەسێ بۆ لای بگەڕێتەوەو، گەڕانەوەکەی لێوەردەگرێ و قبووڵی دەکات.

٥)- ﴿ شَدِيدِ ٱلۡعِقَابِ ﴾، تۆڵەو سزایەکەی توندە، (**الشَّدِيدُ: صِفَةٌ مُشَبَّهَةٌ بِالْفِعْلِ مُضَافَةٌ إِلى فَاعِلِهَا**)، (**شَدِيد**): سیفەتی چوێنراوە بە کردارەوەو، پاڵدراوەتە لای بکەرەکەی، کە وشەی (**عقاب**)ە، ﴿ شَدِيدِ ٱلۡعِقَابِ ﴾، تۆڵە توندە.

٦)- ﴿ذِى ٱلطَّوۡلِ﴾، خاوەن بەخششی فراوانە، یان: خاوەن توانای دەستەڵاتی فراوانە.

(ذي) واتە: (صاحب)، (**الطَّوْلُ: سَعَةُ الفَضْلِ، وَسَعَةُ المَالِ، وَيُطْلَقُ عَلَى القُدْرَةِ، أي: ذِي المَنِّ**)، ﴿ذِى ٱلطَّوۡلِ﴾، (**طَوْل**) هەم بە فراوانیی لە بەخششداو، فراوانیی لە ماڵ و سامان داو، فراوانیی لە دەستەڵاتدا، دەگوترێ: لێرەدا: ﴿ذِى ٱلطَّوۡلِ﴾، زیاتر وا پێدەچێ یانی: خاوەن بەخششی فراوانە، یان: خاوەن دەستەڵاتی فراوانە.

٧)- ﴿لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ﴾، بێجگە لەو هیچ پەرستراوێک نیە.

٨)- ﴿إِلَيۡهِ ٱلۡمَصِيرُ﴾، سەرەنجام تەنیا بۆ لای ئەوە، ئەصڵی خۆی ئاوایە: (**المَصِيْرُ إليَهِ**)، گەڕانەوە بۆ لای ویە، بەڵام: ﴿إِلَيۡهِ ٱلۡمَصِيرُ﴾، ئەمە کە (**الجّار والمجرور**) پێشخراون، بۆ گرنگیی پێدانە واتە: گەڕانەوە تەنیا بۆ لای ئەوە.

لە بارەی ئەم ئایەتە موبارەکانەوە (**أبو نُعَيم**)[1]، بەسەرهاتێک دەگێڕێتەوە:

عومەری کوڕی خەتتاب (خوا لێی ڕازیبێ) برادەرێکی هەبووە خەڵکی شام بووە، پیاوێکی ئازاو جەربەزە بووە، وەختێک هەواڵێکی پێدەگات کە ملی داوەتە مەیخۆریی، (مرۆڤیش کە ملی دایە مەیخۆریی، مانای وایە ڕووی لە گوناهو تاوان کردوەو، پشتی لە تاعەت و خواپەرستیی کردوە)، عومەر (خوا لێی ڕازیبێ) کە ئەو کاتە خەلیفەی مسوڵمانان دەبێ، نامەیەکی بۆ دەنێرێ دەڵێ: لە بەندەی خواوە عومەری کوڕی خەتتاب بۆ فلانکەس! یەکسەر ئەم ئایەتانەی بۆ دەنووسێ: ﴿حمٓ ١ تَنزِيلُ ٱلۡكِتَٰبِ مِنَ ٱللَّهِ ٱلۡعَزِيزِ ٱلۡعَلِيمِ ٢ غَافِرِ ٱلذَّنۢبِ وَقَابِلِ ٱلتَّوۡبِ شَدِيدِ ٱلۡعِقَابِ ذِى ٱلطَّوۡلِۖ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَۖ إِلَيۡهِ ٱلۡمَصِيرُ ٣﴾و، بۆی دەخاتە نامەیەکەوەو بۆی دەنێرێ.

عومەر خوا لێی ڕازیبێ ئەو کەسەی کە نامەکەی پێیدا دەنێرێ دەڵێ: کاتێک زانیت سەرخۆشیی بەریداوەو لەسەر حاڵە، ئەو کاتە نامەکەی وێبدە، نەک لە

---

(١) حلية الأولياء: ج٤، ص٩٧.

کاتی سەرخۆشیی دا بێ، کابرا (ئەو کابرایە دوایی گێڕاویەتەوە)، گوتوویەتی: کە نامەکەی عومەرم پێگەیشت (خوا لێی ڕازی بێ) تێینەگەیشتم، هەر تەماشام دەکردو لێی حاڵیی نەدەبووم، دوایی چوومە دەشتێک هەر تەماشام کردو لێی وردبوومەوەو لێی وردبوومەوە، هەتا خوا ﷻ دڵمی بۆی پشکواند [چونکە ئینسان وەختێک بە گوناهو تاواندا دەچێتە خوار، عەقڵ و دڵیشی باش کار ناکات و پەردەی گوناهان عەقڵ و دڵی دادەپۆشێ، بۆیە گوتوویەتی: چوومە دەشتێک، دەبێ لە خوا پاڕابێتەوە: خوایە! لێم حاڵیبکە داخۆ ئەم ئایەتانە -- زانیویەتی ئایەتەکانی خوای پەروەردگارن -- مەبەست لێیان چییە؟] ئەوجار تێیان گەیشتم و وازم لە شەڕاب خۆریی هێنا، عومەر (خوا لێی ڕازی بێ)یش هەواڵەکەی پێدەگاتەوە، دوایی عومەری کوڕی خەتتاب دەڵێ: {**هَكَذَا فَاصْنَعُوا، إِذَا رَأَيْتُمْ أَخَاكُمْ زَلَّ زَلَّةً، فَسَدِّدُوهُ وَوَفِّقُوهُ، وَادْعُوا اللَّهَ لَهُ أَنْ يَتُوبَ عَلَيْهِ، وَلَا تَكُونُوا أَعْوَانًا لِلشَّيْطَانِ عَلَيْهِ**}.

واتە: هەر کاتێک برایەکتان بینی خلیسکاوە، ئاوا بکەن، ڕاستی بکەنەوەو، بۆی لە خوا بپاڕێنەوە، کە خوا لێی خۆش بێ و هاوکارانی شەیتان نەبن لە دژی برایەکەتان، (کە زەم و سەرزەنشتی بکەن و، پشتگوێی بخەن و وازی لێبێنن، شەیتان زیاتر زەفەری پێبەرێ).

کورتە باسێک

نۆ لە هۆیەکانی لێخۆشبوونی خوا لە مرۆڤ

لێرەدا بە پێویستی دەزانم لەم کورتە باسەدا ئاماژە بکەم، بە نۆ لە هۆیەکانی لێخۆشبوونی خوا لە مرۆڤ، کە خوا دەفەرمووێ: ﴿غَافِرِ ٱلذَّنۢبِ﴾، لێبووردەی گوناح، (**غافر**) لەسەر کێشی (**فاعل**)ەو ناوی بکەر (**إسم فاعل**)ە، واتە: لێبووردە، (**الذنب**)یش (**أل**)ی (ناساندن)ی لەسەرە واتە: هەر جۆرە گوناحێک، کەواتە: خوا ﷻ لە هەموو جۆرە گوناهێک دەبووورێ، بەڵام ئایا هەر لە گۆترەو لە خۆڕا، یاخود بە پێی بەرنامەو سیستەم (**نظام**)ێک کە دایناوە؟

لە ڕاستییدا دەبێ هۆکارەکانی لێبوردنی گوناح، ئینسان لە خۆیدا بیانهێنێتە دی، ئەوجار شایستەی ئەوە دەبێ کە خوا لە گوناهی ببووڕێ، ئنجا من نۆ هۆکارم کەوتوونە بەرچاو، لەو شتانەی دەبنە مایەی ئەوە کە خوا لە گوناهی مرۆڤ ببووڕێ:

١)- تەوبە کردن: خوا لە سووڕەتی (**التحريم**)دا دەفەرمووێ: ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ تُوبُوٓا۟ إِلَى ٱللَّهِ تَوْبَةً نَّصُوحًا عَسَىٰ رَبُّكُمْ أَن يُكَفِّرَ عَنكُمْ سَيِّـَٔاتِكُمْ وَيُدْخِلَكُمْ جَنَّـٰتٍ تَجْرِى مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَـٰرُ يَوْمَ لَا يُخْزِى ٱللَّهُ ٱلنَّبِىَّ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ مَعَهُۥ ﴿٨﴾﴾، واتە: ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە! بە گەڕانەوەیەکی ساغ بگەڕێنەوە بۆ لای خوا، نیزیکە خراپەکانتان لێ بسڕێتەوەو بتانخاتە بەهەشتەکانەوە، لەو ڕۆژەدا کە خوا پێغەمبەرو ﷺ ئەو (ئیماندار)انەی لەگەڵیدان، زەبوونیان ناکات.

کەواتە: یەکەمین هۆکار بۆ ئەوەی خوا لە گوناحی مرۆڤ ببووڕێ بریتیە: لە گەڕانەوە، بەڵام گەڕانەوەیەکی ساغ، (نَّصُوحًا) واتە: تەوبەیەک کە ساغ و پاک و بێ خلّتەو ڕاستەقینە بێ.

٢)- ئیمان و کردەوەی چاک: خوا لە سوورەتی (**محمد**)دا دەفەرمووێ: ﴿ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ وَءَامَنُواْ بِمَا نُزِّلَ عَلَىٰ مُحَمَّدٖ وَهُوَ ٱلۡحَقُّ مِن رَّبِّهِمۡ كَفَّرَ عَنۡهُمۡ سَيِّـَٔاتِهِمۡ وَأَصۡلَحَ بَالَهُمۡ ٢ ﴾، واتە: ئەوانەی بڕوایان هێناوەو کردەوە باشەکانیان کردوون، بڕوایان بەوە هێناوە کە دابەزێنراوەتە سەر موحەممەد ﷺ کە هەق و ڕاستەو لە پەروەردگاریانەوەیە، (خوا) خراپەکانیان لێ دەسڕێتەوەو، حاڵ و باڵیشیان باش دەکات.

٣)- پارێزکاریی: خوا لە سوورەتی (**الأنفال**)دا دەفەرمووێ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِن تَتَّقُواْ ٱللَّهَ يَجۡعَل لَّكُمۡ فُرۡقَانٗا وَيُكَفِّرۡ عَنكُمۡ سَيِّـَٔاتِكُمۡ وَيَغۡفِرۡ لَكُمۡۗ وَٱللَّهُ ذُو ٱلۡفَضۡلِ ٱلۡعَظِيمِ ٢٩ ﴾، واتە: ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە! ئەگەر پارێز لە خوا بکەن، خوا جیاکەرەوەتان پێ دەبەخشێ، (جیاکەرەوە لە نێوان هەق و ناهەق، حەڵاڵ و حەڕام، چاک و خراپ، ڕاست و چەوتدا) و خراپەکانتان لێ دەسڕێتەوەو، لێشتان دەبووریّ، خوا خاوەنی بەخششی مەزنە.

٤)- کۆچکردن لە پێناوی خواو، جەنگکردن لە پێناوی خوادا: وەک خوا لە سوورەتی (**آل عمران**)دا دەفەرمووێ: ﴿ فَٱلَّذِينَ هَاجَرُواْ وَأُخۡرِجُواْ مِن دِيَٰرِهِمۡ وَأُوذُواْ فِي سَبِيلِي وَقَٰتَلُواْ وَقُتِلُواْ لَأُكَفِّرَنَّ عَنۡهُمۡ سَيِّـَٔاتِهِمۡ ١٩٥ ﴾، واتە: ئەوانەی کە کۆچیان کردوە لە پێناوی منداو، لە ماڵ و حاڵی خۆیان وەدەرنران و ئازاردراون و، جەنگیان کردوەو، کوژراون، ئەوانە بە دڵنیایی من خراپەکانیان لێ دەسڕمەوە.

٥)- ماڵ بەخشین بە شێوەی پەنهان: وەک لە سوورەتی (**البقرة**)دا خوای بەخشندە، دەفەرمووێ: ﴿ إِن تُبۡدُواْ ٱلصَّدَقَٰتِ فَنِعِمَّا هِيَۖ وَإِن تُخۡفُوهَا وَتُؤۡتُوهَا ٱلۡفُقَرَآءَ فَهُوَ خَيۡرٞ لَّكُمۡۚ وَيُكَفِّرُ عَنكُم مِّن سَيِّـَٔاتِكُمۡۗ وَٱللَّهُ بِمَا تَعۡمَلُونَ خَبِيرٞ ٢٧١ ﴾، واتە: ئەگەر ماڵ بەخشینەکانتان ئاشکرا بکەن، ئەوە باشترین

شـتە، (بـەڵام لـە شـوێن و کاتی خۆیـدا، لـە کاتێکـدا کـە ئـەو مـاڵ بەخشـینە واجبـە، بـۆ ئـەوەی بزانـرێ تـۆ ئـەو واجبـە جێبەجـێ دەکـەی، یاخـود لـە کاتێکـدا بـەو مـاڵ بەخشـینە ببیـە سـەر مەشـق بـۆ خەڵکێکـی دیکـە، تاکـو تەماشـات بکـەن، وا باشـە دەریخـەی لـەو کاتـەدا)، بـەڵام ئەگـەر پەنهانی بکـەن و، بیـدەن بـە هـەژاران، ئـەوە بۆ ئێـوە باشـترەو، خـوا خراپەکانیشـتان لـێ دەسـڕێتەوەو، خـوا بـەوەی دەیکەن شـارەزایە.

کەواتـە: مەسـەلەی بەخشـینی مـاڵ، ئایـا بـە پەنهانیـی بـێ، یـان بـە ئاشـکرا؟ بـە پێـی حاڵـەکان دەگـۆڕێ، نـەک هـەر یـەک حاڵـەتی هەبـێ، بۆیـە خـوای پـەروەردگار هـەردوو حاڵـەکانی وا باسـکردوون کـە هەردووکیـان زۆر باشـن، بـەڵام هـەر کامێکیـان بـۆ شـوێنی خـۆی، کـە ئێمـە لـە سـووڕەتی **(البقـرة)**دا بـە تەفصیـڵ لـەو بـارەوە باسـمانکردوە، دوایـی لـە نامیلەکەیەکیشـدا (چۆنیـەتی مـاڵ بەخشـین) چاپکـراوە.

٦)- قـەرزی چـاک، واتـە: مـاڵ پێـدان بـە کەسـێک بەبـێ بەرانبـەر: وەک خـوا دەفەرموێ: ﴿ إِن تُقْرِضُوا۟ ٱللَّهَ قَرْضًا حَسَنًا يُضَٰعِفْهُ لَكُمْ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ﴿١٧﴾ ﴾التغابن، واتـە: ئەگـەر قـەرزی بـاش لەگـەڵ خـوادا بکـەن، (واتـە: هاوکاریـی خەڵـک بکـەن، بەبـێ بەرانبـەر، ئنجـا چ دوایـی وەریبگرنـەوە، دوای ئـەوەی هاوکارییتـان کـرد بـە قـەرز پێـدان، لێـی وەربگرنـەوە، بـەڵام بەبـێ زیـادە، یاخـود هـەر پێـی ببەخشـن، ئـەوە قەرزێکـەو لەگـەڵ خـوادا کردووتـە)، بـە دڵنیایـی خـوا پاداشـتەکەتان بـۆ چەنـد قـات دەکاتـەوەو لێشـتان دەبـووری.

٧)- خـۆ دوورگرتـن لـە گوناهـە گـەورەکان: وەک لـە سـووڕەتی **(النسـاء)**دا خـوا دەفەرمـوێ: ﴿ إِن تَجْتَنِبُوا۟ كَبَآئِرَ مَا تُنْهَوْنَ عَنْهُ نُكَفِّرْ عَنكُمْ سَيِّـَٔاتِكُمْ وَنُدْخِلْكُم مُّدْخَلًا كَرِيمًا ﴿٣١﴾ ﴾، واتـە: ئەگـەر خۆتـان لـەو گوناهە گەورانەی کـە لێتـان قەدەغـە کـراون، بپارێـزن، خراپەکانتـان لـێ دەسـڕینەوە، (گوناهـەکانی دیکـە، کـە لـە گوناهـە گـەورەکان نیـن، ڕاسـتەوخۆ لێتـان دەسـڕینەوە، ئەگـەر خۆتـان لـە گوناهـە گـەورەکان بپارێـزن) و دەشـتانخەینە نشـینگەیەکی هـەرە باشـەوە.

٨)- داوای لێبوردنکردن لە خوا: وەک خوا لە سوورەتی (**النساء**)دا دەفەرمووێ: ﴿ وَمَن يَعۡمَلۡ سُوٓءًا أَوۡ يَظۡلِمۡ نَفۡسَهُۥ ثُمَّ يَسۡتَغۡفِرِ ٱللَّهَ يَجِدِ ٱللَّهَ غَفُورٗا رَّحِيمٗا ﴿١١٠﴾ ﴾، واتە: هەر کەسێک خراپەکەیەک بکات، یاخود ستەم لە خۆی بکات، (خراپەیەک بکات لەگەڵ خەڵکدا، یان ستەم لە خۆی بکات، لە نێوان خۆی و خوادا)، دوایی داوای لێبوردن لە خوا بکات، دەبینێ خوا لێبوردەی بە بەزەییە.

٩)- داوای لێبوردن کردنی پێغەمبەر ﷺ بۆ بڕواداران: وەک خوا ﷻ لە سوورەتی (**النساء**)دا دەفەرمووێ: ﴿ وَلَوۡ أَنَّهُمۡ إِذ ظَّلَمُوٓاْ أَنفُسَهُمۡ جَآءُوكَ فَٱسۡتَغۡفَرُواْ ٱللَّهَ وَٱسۡتَغۡفَرَ لَهُمُ ٱلرَّسُولُ لَوَجَدُواْ ٱللَّهَ تَوَّابٗا رَّحِيمٗا ﴿٦٤﴾ ﴾، واتە: ئەوانە کاتێک کە ستەمیان لە خۆیان دەکرد، ئەگەر هاتبان بۆ لات، (بۆ لای پێغەمبەر ﷺ) و داوای لێبوردنیان لە خوا کردبایەو، پێغەمبەر ﷺ داوای لێبوردنی بۆ کردبان، خوایان دەبینی: زۆر تۆبە وەرگرەو، زۆریش میهرەبان و بە بەزەییە.

ئنجا ئێستا پێغەمبەر ﷺ لە ژیان دا نەماوە، بچینە خزمەتی، بەڵام با لە خزمەت ڕێبازەکەی دابین، مانای وایە لە خزمەت ئەو داین و، بە دڵنیایی بە ئەندازەی ئەوە کە بۆ خوا سوڵحاو دەبین و لە خزمەت پێغەمبەردا ﷺ دەبین، بە ئەندازەی ئەوە کە پابەندی ڕێبازەکەی دەبین و لە خزمەتیدا دەبین، شایستەی ئەوەش دەبین کە پێغەمبەری خوا ﷺ داوای لێبوردنمان بۆ لە خوا بکات.

ئەمە نۆ هۆکار کە دەگونجێ هی دیکەش باسبکرێن، بەڵام من ئەو نۆیەم کەوتوونە بەرچاو، لە هۆکارەکانی ئەوە، کە خوا چۆن لە مرۆڤ دەبوورێ و، چۆن گوناهەکانی لێ دەسڕێتەوە؟.

ئنجا با جارێکی دیکەش تەماشای ئەم دوو ئایەتە موبارەکە بکەینەوە:

﴿حمٓ ﴿١﴾ تَنزِيلُ ٱلۡكِتَٰبِ مِنَ ٱللَّهِ ٱلۡعَزِيزِ ٱلۡعَلِيمِ ﴿٢﴾ غَافِرِ ٱلذَّنۢبِ وَقَابِلِ ٱلتَّوۡبِ شَدِيدِ ٱلۡعِقَابِ ذِي ٱلطَّوۡلِۖ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَۖ إِلَيۡهِ ٱلۡمَصِيرُ ﴿٣﴾﴾:

وەک دەبینین: دابەزێنەری قورئان ﷻ بە نۆ سیفەت پێناسە کراوە، هەڵبەتە لێرەو، لە زۆر جێگای دیکەی قورئاندا، کاتێک خوا باسی دابەزاندنی قورئان دەکات، باسی خۆی دەکات بە کۆمەڵێک لەو سیفەتە بەرزو بێ وێنانەی هەینی، تاکو بزانین: ئەو قورئانە لە کوێوە هاتووەو، سەرچاوەکەی کێیەو، خاوەنی چ سیفەتێکە، ئەو پەروەردگارەی ئەو فەرمایشتەی فەرمووە، کە بە تەئکید هەر بێژەرێک سیفەتەکانی لە بێژراوەکەیدا ڕەنگ دەدەنەوە، سیفەتەکانی خواش لە قورئاندا ڕەنگیان داوەتەوە، بۆیە هەندێک لە زانایانی پێشینان گوتوویانە: (**لَقَدْ تَجَلَّى اللهُ لِلنَّاسِ فِي كِتَابِهِ لَوْ كَانُوا يَعْلَمُون**)، واتە: خوا لە کتێبەکەیدا بۆ خەڵک درەوشاوەتەوە، ئەگەر بزانن، ئەو نۆ سیفەتەش کە خوا ﷻ وەک دابەزێنەری قورئان لێرەدا خۆییان پێ دەناسێنێ، ئەمانەن:

١- ﴿ٱللَّهِ﴾: واتە: خوا، کە دابەزێنەری کتێبەکەیە.

٢- ﴿ٱلۡعَزِيزِ﴾: واتە: زاڵ.

٣- ﴿ٱلۡعَلِيمِ﴾: واتە: زانا.

٤- ﴿غَافِرِ ٱلذَّنۢبِ﴾: واتە: لێبوردە لە گوناح.

٥- ﴿وَقَابِلِ ٱلتَّوۡبِ﴾: واتە: تۆبە وەرگر.

٦- ﴿شَدِيدِ ٱلۡعِقَابِ﴾: واتە: تۆڵە توند.

٧- ﴿ذِي ٱلطَّوۡلِ﴾: واتە: خاوەن بەخششی فراوان.

٨- ﴿لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ﴾: واتە: بێجگە لەو، هیچ پەرستراوێک نیەو تاکە پەرستراوە.

٩- ﴿إِلَيۡهِ ٱلۡمَصِيرُ﴾: واتە: سەرەنجام گەڕانەوە بۆ لای ویە.

مەسەلەی دووەم:

جگە لە بێبڕوایان هیچ کەس شەڕە قسە دژی ئایەتەکانی خوا ناکات، بەڵام نابێ بە خۆ بادانیان فریو بخۆن، ئەی بڕوادارینە! چونکە لە پێش وانیشدا گەلی نووح و، گەلە کافرەکانی دوای وانیش، پەیامی خوایان و پێغەمبەرانی خوایان (عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَام) بە درۆ دانان و، ویستیان پەلاماری پێغەمبەران (عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَام) بدەن و، هەوڵی پووچەڵ خستنە بەرچاوی هەقیاندا، بەڵام سەرەنجام خوا سزای سەختی دان و، بڕیاری سزادانی خواش لەسەر هەموو بێبڕوایان چەسپاوە، کە دەبێ هاوەڵی ئاگربن، واتە: بچنە نێو ئاگری دۆزەخەوەو، ببنە هاودەم و هاوڕازی و لێی نەیەنە دەرو لێی جیانەبنەوە:

خوا دەفەرموێ: ﴿ مَا يُجَٰدِلُ فِيٓ ءَايَٰتِ ٱللَّهِ إِلَّا ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ فَلَا يَغۡرُرۡكَ تَقَلُّبُهُمۡ فِي ٱلۡبِلَٰدِ ﴿٤﴾ كَذَّبَتۡ قَبۡلَهُمۡ قَوۡمُ نُوحٖ وَٱلۡأَحۡزَابُ مِنۢ بَعۡدِهِمۡۖ وَهَمَّتۡ كُلُّ أُمَّةِۭ بِرَسُولِهِمۡ لِيَأۡخُذُوهُۖ وَجَٰدَلُواْ بِٱلۡبَٰطِلِ لِيُدۡحِضُواْ بِهِ ٱلۡحَقَّ فَأَخَذۡتُهُمۡۖ فَكَيۡفَ كَانَ عِقَابِ ﴿٥﴾ وَكَذَٰلِكَ حَقَّتۡ كَلِمَتُ رَبِّكَ عَلَى ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓاْ أَنَّهُمۡ أَصۡحَٰبُ ٱلنَّارِ ﴿٦﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە یازدە بڕگەدا:

١)- ﴿ مَا يُجَٰدِلُ فِيٓ ءَايَٰتِ ٱللَّهِ إِلَّا ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ ﴾، جگە لەوانەی بێبڕوا بوون، هیچکەس مشتومڕو شەڕە قسە ناکات لە دژی ئایەتەکانی خوا.

زانایان ئاوایان لێکداوەتەوە: (**مَا يُخَاصِمُ فِي حُجَجِ اللَّهِ وَأَدِلَّتِهِ عَلَى وَحْدَانِيَّتِهِ بِالْإِنْكَارِ لَهَا، إِلَّا الَّذِينَ جَحَدُوا تَوْحِيدَهُ**)، واتە: مشتومڕو، شەڕەقسەو، دمبەدمە، لە دژی ئایەتەکانی خوا ناکات، لە دژی بەڵگەکانی یەکتایی خوا، بەوە کە نکووڵییان لێبکات و قبووڵییان نەکات، بێجگە لەوانەی نکووڵیی دەکەن لە بەیەکگرتنی.

وشەی (ءَايَٰتِ) لە قورئاندا بە چەند واتایەک هاتووەو، پێشتریش چەند جارێک باسمانکردووە:

(آیـــــــــات):

أ- هەم بە مانای ڕستەکانی فەرمایشتی خوا دێن.

ب- هەم بە مانای موعجیزەکانی پێغەمبەران (عَلَيْهِمُ الصَّلاَةُ وَالسَّلاَم) دێن.

ج- هەم بە مانای دیاردە سروشتییەکان دێن، دیاردەو دیمەنەکانی گەردوون و دەوروبەر.

د- هەم بە مانای ئەو بەڵاو مەینەتیيانەی کە خوا بەسەر گەلە کافرەکانی هێناون، هەموویان بە (ءَايَٰتِ) ناوبراون، بەڵام بە پێی سیاق دیاریی دەکرێ مەبەست لە (ءَايَٰتِ) چییە؟ لێرەدا بێگومان مەبەست پێی ڕستەکانی فەرمایشتی خوایە.

﴿إِلَّا ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ﴾، جگـە لەوانـەی بێبـڕوان، واتـە: بێبـڕوان بـە خـوا ﷻ، کەسێک کـە بـڕوای بـە خـوا نیـە، ئنجـا ئایەتـەکانی ڕەفـز دەکات و گوێیـان بـۆ ناگـرێ.

٢)- ﴿فَلَا يَغۡرُرۡكَ تَقَلُّبُهُمۡ فِي ٱلۡبِلَٰدِ﴾، (فَلَا يَغۡرُرۡكَ) خوێنراویشتەوە: (فَلَا يَغُرَّكَ)، با فریوت نەداو هەڵتنەخەڵەتێنێ هاتن و چوونی وان لە وڵاتاندا، واتە: (فَلَا يَخْدَعُكَ يَا مُحَمَّدُ تَصَرُّفُهُمْ فِي الْبِلَادِ وَبَقَاؤُهُمْ وَمَكْثُهُمْ فِيهَا، فَتَحْسَبُ أَنَّهُمْ أُمْهِلُوا فإِنَّمَا أَمَهَلْنَاهُمْ، لِيَبْلغَ الْكِتَابُ أَجَلَهُ)، واتە: ئەی موحەممەد! ﷺ هەڵمەخەڵەتێ و فریو مەخۆ، بەوە کە بێبڕوایان دەستڕۆیشتوون لە وڵاتانداو ماونەوەو تێیدا بەردەوامن، پێت وابێ کە ئەوە مۆڵەت دراون و وازیان لێهێنراوە، نەخێر، بەڵام بۆیە مۆڵەتمان داون تاکو بڕیار دەگاتە کاتی خۆی.

واتـە: تاکـو بەپێـی ئـەو سیسـتەمەی خـوا دایناوە ﷻ، هـەر کەسـە بگاتـە ئـەو مەودایـەی کـە بـۆی دیارییکـراوە، ئەگەرنا ئـەوە نیـە کـە خـوا ﷻ وازی لێهێنابـن و پشـتگوێی خسـتبن.

ئنجـا خـوا ﷻ وەک بەڵگـە هێنانـەوەو سـەلماندنی ئـەو ڕاسـتییەی باسـیکرد، کـە دەفەرمـوێ: ﴿فَلَا يَغۡرُرۡكَ تَقَلُّبُهُمۡ فِي ٱلۡبِلَٰدِ﴾، [بـا هاتـن و چـوونی ئـەوان بـە وڵاتاندا (بـە دەڤـەرەکان دا) فریـوت نـەدا]، وەک بەڵگـە لەسـەر ئیسـپاتی ئـەو ڕاسـتییە کـە خـوا لێیـان نەگـەڕاوەو وازی لێنەهێنـاون، دەفەرمـوێ:

٣)- ﴿ كَذَّبَتْ قَبْلَهُمْ قَوْمُ نُوحٍ ﴾، لە پێش واندا گەلی نووح بە درۆیان دانا، واتە: (كَذَّبَتْ كِتَابَ الله)، یان (كَذَّبَتْ رَسُول اللهِ نُوحاً)، گەلی نووح کتێبی خوایان بە درۆ دانا، یان پێغەمبەری خوایان بە درۆ دانا.

٤)- ﴿ وَالْأَحْزَابُ مِنْ بَعْدِهِمْ ﴾، هەروەها کۆمەڵەکان لە دوای گەلی نووحیش، ئەوانیش بە هەمان شێوە پێغەمبەرانی خوایان (عَلَيْهِمُ الصَّلاَةُ وَالسَّلاَم)و، پەیامەکانی خوایان بە درۆ دانان، (الأَحْزَاب: الأُمَمُ المَتحزِّبَة ضِدّ الأَنْبِيَاء) واتە: ئەو کۆمەڵانەی کە یەکیان گرتبوو لە دژی پێغەمبەران (عَلَيْهِمُ الصَّلاَةُ وَالسَّلاَم)، وشەی (حِزْب: وَهُوَ اسْمٌ لِلْجَمَاعَةِ الَّذِينَ هُمْ سَوَاءٌ فِي شَأْنٍ: مِن اعْتِقَادٍ أَوْ عَمَلٍ أَوْ عَادَةٍ)، (حِزب): بریتیە لە کۆمەڵە خەڵکێک کە یەکن، یەکسانن لە شتێکدا، بۆ وێنە لە عەقیدەدا، لە بیرو بۆچووندا، لە کردەوەیەکدا، لە پیشەیەکدا، لە کارێکدا، ئەوانە پێیان دەگوترێ: (حِزب) واتە: کۆمەڵە خەڵکێکی یەکگرتوو لەسەر شتێک.

٥)- ﴿ وَهَمَّتْ كُلُّ أُمَّةٍ بِرَسُولِهِمْ لِيَأْخُذُوهُ ﴾، هەر کۆمەڵێک لەو (کۆمەڵە کافر) انە نیازیان بوو لە دژی پێغەمبەرەکەیان کە بیگرن، واتە: بیگرن تاکو بیکوژن، یان سزای بدەن، (الهَمّ: العَزْمُ)، (هَمّ) بریتیە: لە عەزم جەزمکردن بۆ بڕیاردان لە دڵدا، کە دیارە ئەم (هَمّ)ە، نازانرێ چییە؟ بەڵام بە تەعبیری دوایی دەزانرێ: ﴿ وَهَمَّتْ كُلُّ أُمَّةٍ بِرَسُولِهِمْ لِيَأْخُذُوهُ ﴾، کەواتە: ئەوەی بە دڵیاندا هاتوە، ئەوە بووە کە بیگرن، گرتنەکەش بۆ ئەوە بووە سجنی بکەن، یاخود ئەشکەنجەی بدەن، یاخود بیکوژن.

٦)- ﴿ وَجَادَلُوا بِالْبَاطِلِ ﴾، هەروەها بە ناهەق موناقەشەو مشتومڕیان کرد.

٧)- ﴿ لِيُدْحِضُوا بِهِ الْحَقَّ ﴾، بۆ ئەوەی هەقی پێ پووچەڵ بکەنەوە، هەقی پێ بپووچێننەوە، هەندێک لە زانایان ئاوایان لێکداوەتەوە (أَنَّهُمْ زَوَّرُوا الْبَاطِلَ فِي صُورَةِ الْحَقِّ، وَرَوَّجُوهُ بِالسَّفْسَطَةِ فِي صُورَةِ الْحُجَّةِ)، واتە: ئەو بیرۆکە ناهەقەی لە لایانبووە، لە شێوەی هەقدا ڕایان نواندوەو ڕازاندوویانەتەوە بە سەفسەتەو قسەی بۆش لە شێوەی بەڵگەدا، تاکو هەقی پێ بپووچێننەوە، (إِدْحَاض) واتە: لابردن و بە مانای دوورخستنەوەش دێ و، لە ئەسڵدا لە (دَحْض)ەوە هاتوە، واتە: خلیسکان.

٨)- ﴿فَأَخَذۡتُهُمۡ﴾، بەڵام سەرەنجام گرتمن، (**الأَخْذُ: يُسْتَعْمَلُ مَجَازاً فِي التَّصَرُّفِ فِي الشَّيء بِالقَتْلِ وَالتَّعْذِيْب**)، وشەی (**أَخْذُ**) بەکارهێنراوە لێرەدا بۆ تەصەڕڕوف کردن لە شتێکدا بە کوشتن و ئەشکەنجەدان و ئازاردان.

٩)- ﴿فَكَيۡفَ كَانَ عِقَابِ﴾، ئنجا ئایا سزای من چۆن بوو؟ (**كَيْفَ**) بۆ پرسیارکردنە، بەڵام: (**الإِسْتِفْهَامُ مُسْتَعْمَلُ فِي التَّعْجِيْب**)، پرسیار کردن بۆ سەرسوڕماندنە، واتە: سزادانەکەی من چۆن بوو! زۆر جێی سەرسوڕمان بوو!

(**عقاب**) لە ئەسڵدا (**عقابي**) یەو (**ي**) کە قرتێنراوە.

١٠)- ﴿وَكَذَٰلِكَ حَقَّتۡ كَلِمَتُ رَبِّكَ عَلَى ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓاْ﴾، هەر بەو شێوەیە فەرموودەی پەروەردگارت چەسپاوە لەسەر ئەوانەی بێبڕوان، واتە: وەک چۆن بێبڕوایانی پێشوو بەو شێوەیە سزادران، بە شێوەیەکی زۆر سەرسوڕهێنەر، بە هەمان شێوەش هەموو ئەوانەی بێبڕوان لە سەردەمی تۆدا، ئەی موحەممەد ﷺ! لە دوای تۆش دیسان بڕیاری خوا بۆ ئەوانیش هەر لە بۆسەدایەو، بەسەر وانیشدا دەچەسپێ.

کە دەفەرموێ: ﴿وَكَذَٰلِكَ﴾، واتە: (**أَيْ: مِثْلُ ذَلِكَ الحَقِّ حَقَّتْ كَلِمَةُ رَبِّكَ**)، واتە: بەو شێوە چەسپانە، سەرسوڕهێنەرە، فەرمایشتی پەروەردگارت، یانی: بڕیاری پەروەردگارت چەسپا.

وشەی: ﴿كَلِمَتُ رَبِّكَ﴾، خوێنراویشتەوە: (**كَلِمَاتُ رَبِّكَ**)، وشەکانی پەروەردگارت.

١١)- ﴿أَنَّهُمۡ أَصۡحَٰبُ ٱلنَّارِ﴾، کە ئەوانە دەبنە هاوەڵی ئاگر.

کە دەفەرموێ: ﴿أَنَّهُمۡ أَصۡحَٰبُ ٱلنَّارِ﴾، ئەمە دوو واتای هەن:

أ- بۆیە بڕیاری پەروەردگارتیان لەسەر چەسپی، چونکە خاوەنی یاخود هاوەڵی ئاگرن.

ب- بڕیاری پەروەردگارتیان لەسەر چەسپی، وشەی پەروەردگارتیان لەسەر چەسپی، تاکو ببنە هاوەڵی ئاگر.

ئەگەر یەکەمیان بێ، واتە: بەهۆی بیروباوەڕ بڕیاری پەروەردگارتیان لەسەر چەسپی، ئەگەر مانای دووەمیان بێ، واتە: بڕیاری پەروەردگارتیان لەسەر چەسپی، تاکو ببنە هاوەڵی ئاگر، ڕەفیقی دۆزەخ، بەڵام بێگومان بەهۆی بیروباوەڕەکەیانەوە.

وشەی: ﴿ وَجَٰدَلُوا۟ ﴾، (جدل) کە لەم سوورەتە موبارەکەدا پێنج جاران دووبارە بۆتەوە، با بزانین وشەی (جدال) مانای چییە؟ (**الْجِدَالُ: الْمُفَاوَضَةُ عَلَى سَبِيلِ الْمُنَازَعَةِ وَالْمُغَالَبَةِ، وَأَصْلُهُ مِنْ جَدَلْتُ الْحَبْلَ، إِذَا أَحْكَمْتُ فَتْلَهُ، فَكَأَنَّ الْمُتَجَادِلَيْنِ يَفْتِلُ كُلُّ وَاحِدٍ الْآخَرَ عَلَى رَأْيِهِ، وَقِيلَ: الْأَصْلُ فِي الْجِدَالِ الصِّرَاعُ وَإِسْقَاطُ الْإِنْسَانِ صَاحِبَهُ عَلَى الْجَدَالَةِ، وَهِيَ الْأَرْضُ الصُّلْبَةُ**).

(**راغب الأصفاني**) لە کتێبە ناودارەکەی خۆی[1]دا دەڵێ: وشەی (**الْجِدَالُ**) بریتیە: لە قسە لەگەڵ یەکدی دا کردن بە شێوەی ناکۆکیی و مشتومڕو دەمەقاڵێ، ئەصڵەکەشی لە (**جَدَلْتُ الْحَبْلَ**)وە هاتوە، واتە: پەتەکەم هۆنیەوە، وەک ئەوەی هەردوو لایەنی کە پێکەوە شەڕە قسە دەکەن، هەر کامێکیان بیەوێ ئەوی دیکە لە ڕای خۆی بادات و بۆ لای خۆی بیهێنێ، هەندێکیش گوتوویانە: (**جِدَال**) واتە: (**صِرَاع**) زۆران گرتن، کە هەر کامێک لە دوو کەسەکان بیەوێ هاوەڵەکەی خۆی بخاتە سەر زەوی و، ئەویش (**الْجَدَالَةِ**)ی پێ دەڵێن، (**الْجَدَالَةِ**) زەوی سەخت و چڕ.

وەک گوتمان: وشەی (**جدال**) لەم سوورەتە موبارەکەدا پێنج جاران هاتوە، لە ئایەتەکانی: (٤ و ٥ و ٣٥ و ٥٦ و ٦٩)دا هاتوە، شایانی باسە: سێ وشە لە قورئاندا هاتوون، مانایان لێک نیزیکە: (**جدال، مراء، مخاصمة**):

١- (**جدال**) واتە: شەڕە قسەو مشت و مڕ.

٢- (**مراء**) کە بە: (**يمارون ويمترون**) هاتوە، لەگەڵ (**جدال**)دا جیاوازییەکەیان ئەوەیە کە (**مِراء**)، ئەوەیە: کەسێک شەڕە قسە لە بارەی شتێکەوە بکات کە لێی دووڵە.

---

(١) مفردات ألفاظ القُرآن: ص١٩٠.

٣- (مخاصمة)ش بە (خصام وخصم) هاتوە: ﴿هَٰذَانِ خَصۡمَانِ ٱخۡتَصَمُواْ فِي رَبِّهِمۡ ١٩﴾، (مُخَاصَمَة)ش ئەوەیە کە دوو لا، دوو کەس هەر کەسە یەخەی ئەویدیکە بگرێ، (خُصْم) واتە: یەخە.

وشەی (جِدَال) لە قورئاندا کەم وایە بۆ چاکە هاتبێ، بە زۆریی بۆ حاڵەتێک هاتوە کە کەسێک هەق ڕەت بکاتەوەو، بە ناهەق قسە بکات و بیەوێ هەقی پێ بپووچێنێتەوە، بۆیە بە زۆریی (جِدَال) لە قورئاندا زەم کراوەو، بۆیەش خوا فەرمانی کردوە کە کاتێ (جِدَال)مان کرد، بە باشترین شێوە بیکەین: ﴿وَجَٰدِلۡهُم بِٱلَّتِي هِيَ أَحۡسَنُ ١٢٥﴾النحل، واتە: بە باشترین شێوە شەڕە قسەیان لەگەڵ بکە، ﴿وَلَا تُجَٰدِلُوٓاْ أَهۡلَ ٱلۡكِتَٰبِ إِلَّا بِٱلَّتِي هِيَ أَحۡسَنُ إِلَّا ٱلَّذِينَ ظَلَمُواْ مِنۡهُمۡ ٤٦﴾العنكبوت، واتە: شەڕە قسە لەگەڵ خاوەن کتێبەکان دا مەکەن، مەگەر بە باشترین شێوە، جگە لەوانەیان کە ستەمیان کردوە.



مەسەلەی سێیەم و کۆتایی:

فریشـتە هەڵگـرەکانی عـەرش و دەورەدەرەکانیـشی بـە پاکگرتنـەوە سـتاییشی دەکـەن و، بـڕوای پـێ دێنـن و داوای لێبـوردن لـە خـوا دەکـەن بـۆ بڕوادارانـی ڕێبازی خـوا گرتـوو و، داوای لێدەکـەن کـە خۆیـان و بـاب و دایـک و هاوسـەرو وەچـە شایسـتەکانیان بخاتـە بەهەشـتەوەو، لـە مەینەتییـەکانی ڕۆژی دوایـی چەپاڵەیـان بـدات:

خـوا دەفەرمـوێ: ﴿ ٱلَّذِينَ يَحۡمِلُونَ ٱلۡعَرۡشَ وَمَنۡ حَوۡلَهُۥ يُسَبِّحُونَ بِحَمۡدِ رَبِّهِمۡ وَيُؤۡمِنُونَ بِهِۦ وَيَسۡتَغۡفِرُونَ لِلَّذِينَ ءَامَنُواْ رَبَّنَا وَسِعۡتَ كُلَّ شَيۡءٖ رَّحۡمَةٗ وَعِلۡمٗا فَٱغۡفِرۡ لِلَّذِينَ تَابُواْ وَٱتَّبَعُواْ سَبِيلَكَ وَقِهِمۡ عَذَابَ ٱلۡجَحِيمِ ﴿٧﴾ رَبَّنَا وَأَدۡخِلۡهُمۡ جَنَّٰتِ عَدۡنٍ ٱلَّتِي وَعَدتَّهُمۡ وَمَن صَلَحَ مِنۡ ءَابَآئِهِمۡ وَأَزۡوَٰجِهِمۡ وَذُرِّيَّٰتِهِمۡۚ إِنَّكَ أَنتَ ٱلۡعَزِيزُ ٱلۡحَكِيمُ ﴿٨﴾ وَقِهِمُ ٱلسَّيِّـَٔاتِۚ وَمَن تَقِ ٱلسَّيِّـَٔاتِ يَوۡمَئِذٖ فَقَدۡ رَحِمۡتَهُۥۚ وَذَٰلِكَ هُوَ ٱلۡفَوۡزُ ٱلۡعَظِيمُ ﴿٩﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە لە دوازدە بڕگەدا:

١)- ﴿ ٱلَّذِينَ يَحۡمِلُونَ ٱلۡعَرۡشَ وَمَنۡ حَوۡلَهُۥ يُسَبِّحُونَ بِحَمۡدِ رَبِّهِمۡ ﴾، ئەوانەی کە عەرش هەڵدەگرن و ئەوانەش کە بە دەوریەوەن، بە ستاییشکردنەوە پەروەردگاریان بە پاک دەگرن.

وەک لـە سـووڕەتی (الحاقـة)دا خـوا دەفەرمـوێ: ﴿ وَٱلۡمَلَكُ عَلَىٰٓ أَرۡجَآئِهَاۚ وَيَحۡمِلُ عَرۡشَ رَبِّكَ فَوۡقَهُمۡ يَوۡمَئِذٖ ثَمَٰنِيَةٞ ﴿١٧﴾ ﴾الحاقـة، واتـە: فریشـتەکان بە دەوری ئاسـمانەکانەوەن، لـەو ڕۆژەشـدا عـەرشی پـەروەردگارت هەشـت هەڵیدەگرن.

٢)- ﴿ وَيُؤۡمِنُونَ بِهِۦ ﴾، هەروەها بڕواشی پێ دێنن، کە دەفەرموێ: ﴿ وَيُؤۡمِنُونَ بِهِۦ ﴾، ئەمە -- وەک پێشتریش ئاماژەم پێکرد -- بۆ هەڵنان و هاندانی مرۆڤەکانە کە ئیمان شتێکی

زۆر گەورەیە، ئەوەتا ئەو فریشتە زۆر لەو نیزیکانەی کە عەرشی خوایان هەڵگرتووە، ئەوانەی کە بە دەوری عەرشەوەن، دەوری عەرشیان داوە، ئەوانەش ئەهلی ئیمانن، بەڵام لێرەدا بە پێویستم زانی ئاماژە بکەم بەوە کە **(فخر الدين الرازي)** لە تەفسیرەکەی خۆیدا[1]، قسەیەک لە زەمەخشەریی خاوەنی تەفسیری **(الكشاف)**ەوە دێنێ و پشتگیریی دەکات و پێی سەرسام **(مُعْجَبْ)**ە، ئەویش ئەوەیە کە لێرە خوا دەفەرموێ: ﴿ وَيُؤْمِنُونَ بِهِۦ ﴾، فریشتەکان بڕوا بە خوا دینن، ئەمە بەڵگەیە لەسەرئەوەی کە خوا لەسەر عەرش نیە، ئەگەرنا ئەگەر خوا لەسەر عەرش باو، فریشتەکان بینیبایان، ئازایەتیی نەبوو ئیمانی پێبێنن!!

بەڵام لە ڕاستییدا ئەو قسەیەی **(فخر الدين الرازي)** کە پشتگیریی ڕایەکەی زەمەخشەریی دەکات، نەڕایەکەی زەمەخشەریی ڕاستەو، نە پشتگیرییەکەی **(فخرالدين الرازي)**یش، بۆچی؟

چونکە ئیمان بەس ئەوە نیە کە ئایا شتێک دەبینی، یان نابینی؟ بەڵکو ئیمان بریتیە: لە بە ڕاست دانان (تصديق) بەڵام وێڕای ئەوەش: دانپێداهێنانی بە زمان و، بە دڵ و دەروون پەسندکردن و، جێ بەجێکردن و بە قسەکردن، هەموو ئەوانە دەگرێتە نێو خۆی، کەواتە: ئیمان هێنانی فریشتەکان بە خوا ﷻ، بەس ئەوە نیە ئیمان بە بوونەکەی بێنن، وەک بەدیهێنەر، بەڵکو بۆی تەسلیمن و، خۆشیان دەوێ و ئەوپەڕی خۆشویستنیان بۆی هەیەو، ملکەچییان بۆی هەیە، فەرمانبەرینی، ئیمان هەموو ئەوانە دەگرێتە نێو خۆی، ئنجا ئەوە نابێتە بەڵگەش لەسەر ئەوە کە لەبەر ئەوەی خوا فەرموویەتی: ئیمان بە خوا دێنن، کەواتە: خوا لەسەر عەرش نیە! خوا لەسەر عەرشە، بەڵام بەو شێوەیەی بۆ خوا شایستەیە، نەک بەو شێوەیە کە ئێمە لێی حاڵیین و، ئیمان هێنانی فریشتانیش بە خوا ﷻ مانای وانیە کە نایبینن، بەڵکو فریشتەکان خواش دەبینن، بەو شێوەیە کە بۆ خوا شایستەیە، واپێدەچێ فریشتەکان خوا ببینن و،

---

(١) التفسير الكبير: ج٢٧، ص٣١،٣٠.

ئەهلی بەهەشتیش لە بەهەشتدا خوای پەروەردگار دەبینن و، هاوکاتیش بینینی خوا ﷻ لەگەڵ بڕواپێهێنانیدا دژ ناوەستێ.

٣)- ﴿ وَيَسْتَغْفِرُونَ لِلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ﴾، فریشتەکانی هەڵگری عەرش و، دەورەدەرانی عەرش داوای لێبوردن (لە خوا) دەکەن بۆ بڕواداران، وەک لە سوورەتی (**محمد**) دا، خوا بە پێغەمبەری خاتەم ﷺ دەفەرموێ: ﴿ وَٱسْتَغْفِرْ لِذَنۢبِكَ وَلِلْمُؤْمِنِينَ وَٱلْمُؤْمِنَٰتِ ﴿١٩﴾ ﴾، واتە: داوای لێبوردن بۆ گوناهی خۆت و بۆ بڕوادارانی پیاوو ئافرەت بکە، لێرەش ئەو فریشتانە داوای لێبوردن بۆ ئەوانە دەکەن کە بڕوایان هێناوە، دەڵێن: چی؟

٤)- ﴿ رَبَّنَا وَسِعْتَ كُلَّ شَىْءٍ رَّحْمَةً وَعِلْمًا ﴾، پەروەردگارمان! بەزەیی و زانیاریی تۆ هەموو شتێکی گرتۆتەوە، واتە: هەر شتێک کە هەیە بە هۆی بەزەیی تۆوە هەیەو، هەر شتێک کە هەیە زانیاریی تۆ دەوری داوە.

٥)- ﴿ فَٱغْفِرْ لِلَّذِينَ تَابُوا۟ وَٱتَّبَعُوا۟ سَبِيلَكَ ﴾، ئنجا لەوانە ببوورە کە گەڕاونەوەو شوێن ڕێبازەکەت کەوتوون، گەڕاونەوە، یانی: گەڕاونەوە بۆ لای خواو، شوێن ڕێبازەکەت کەوتوون یانی: فەرمانبەرو ملکەچن، بۆ ئایین و بەرنامەی تۆ.

٦)- ﴿ وَقِهِمْ عَذَابَ ٱلْجَحِيمِ ﴾، هەروەها لە سزاو ئازاری کڵپەی دۆزەخ بیانپارێزە، (**الجَحِيْمُ: شِدَّةُ النَّارِ المُتَأَجِّجَة**)، ئاگر کە بڵیسە دەداو بڵێسە سەوزەکەی و کڵپەکەی پێی دەگوترێ: (**الجَحِيْمُ**) لە ئازاری کڵپەی دۆزەخ بیانپارێزە.

٧)- ﴿ رَبَّنَا وَأَدْخِلْهُمْ جَنَّٰتِ عَدْنٍ ٱلَّتِى وَعَدتَّهُمْ ﴾، پەروەردگارمان! هەروەها بیانخە نێو ئەو بەهەشتە هەمیشەییانەوە، کە بەڵێنت پێداون.

٨)- ﴿ وَمَن صَلَحَ مِنْ ءَابَآئِهِمْ وَأَزْوَٰجِهِمْ وَذُرِّيَّٰتِهِمْ ﴾، هەروەها هەر کەسێک کە شایستەیە لە باب و باپیرانیان (واتە: دایک و نەنکیشیان) و لە هاوسەرانیان و لە وەچەکانیشیان.

ئەمە لە سووڕەتەکانی: (**الطور**) و (**الرعد**)یش دا هاتوە:

أ- لە سووڕەتی (**الطور**)دا دەفەرموێ: ﴿وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَٱتَّبَعَتۡهُمۡ ذُرِّيَّتُهُم بِإِيمَٰنٍ أَلۡحَقۡنَا بِهِمۡ ذُرِّيَّتَهُمۡ وَمَآ أَلَتۡنَٰهُم مِّنۡ عَمَلِهِم مِّن شَيۡءٖۚ كُلُّ ٱمۡرِيِٕۭ بِمَا كَسَبَ رَهِينٞ ﴿٢١﴾﴾، واتە: ئەوانەی بڕوایان هێناوەو وەچەکەشیان بە ئیمانەوە شوێنیان کەوتوون، وەچەکانیان بەوان دەگەیەنین و، هیچ لە کردەوەکەشیان کەم ناکەینەوە (کە بیخەینە سەر هی وەچەکەیان، تاکو وەچەکانیان بگەنە ئاستی ئەوانە، ئەگەر ئاستی ئەوان لە بەهەشتدا بەرزتر بێ، جاری واش هەیە ئاستی ئەو وەچەو ڕۆڵەیە بەرزترە لە هی باب و دایکیان و، ئەمان دەبرێن بۆ لای ئەوان)، هەر مرۆڤە بارمتەی کردەوەی خۆیەتی.

ب- لە سووڕەتی (**الرعد**)دا دەفەرموێ: ﴿جَنَّٰتُ عَدۡنٖ يَدۡخُلُونَهَا وَمَن صَلَحَ مِنۡ ءَابَآئِهِمۡ وَأَزۡوَٰجِهِمۡ وَذُرِّيَّٰتِهِمۡۖ وَٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ يَدۡخُلُونَ عَلَيۡهِم مِّن كُلِّ بَابٖ ﴿٢٣﴾ سَلَٰمٌ عَلَيۡكُم بِمَا صَبَرۡتُمۡۚ فَنِعۡمَ عُقۡبَى ٱلدَّارِ ﴿٢٤﴾﴾، واتە: چەند بەهەشتێکی هەمیشەیی دەیانچنەتێ، هەر کەسێک کە شایستە بێ لە باب و باپیرانیان (باب و دایک و باپیرو نەنک و هتد) و لە هاوسەرانیان و، لە ڕۆڵەکانیان.

کەواتە: لە سێ شوێنی قورئاندا هاتوە، کە خوا ﷻ ئەهلی ئیمان بنەچەکەکان (أصول) و لقەکان (فروع) یان پێکەوە کۆ دەکاتەوە، بەڵام هەر کەسە بە شێوەی خۆی و، گرنگ ئەوەیە لێک نیزیک دەبن و، بە دەم یەکەوە دەبن.

٩)- ﴿إِنَّكَ أَنتَ ٱلۡعَزِيزُ ٱلۡحَكِيمُ﴾، بە دڵنیایی پەروەردگارمان! هەر تۆی زاڵی کارزان.

١٠)- ﴿وَقِهِمُ ٱلسَّيِّـَٔاتِ﴾، هەروەها لە خراپەکان بیانپارێزە، واتە:

أ- بیانپارێزە لە دنیادا لە هەر شتێک کە بۆوان خراپە.

ب- یاخود بیانپارێزە لە مەینەتییەکانی ڕۆژی دوایی، کە خراپن.

ج- یاخود بیانپارێزە لە سزای خراپەکان کە لە دنیادا کردوویانن.

(أي: قِهِمْ مَايَسُوؤهم) هەر شتێک بۆ وان خراپە، چەپاڵەیان بدە، ئەوەی بۆ وانیش خراپە، ئەوەیە کە سزای خراپەکانیان بدرێ، یاخود ئەو مەینەتییە خراپانەی لە ڕۆژی دواییدا هەن، پێیانەوە گرفتاربن، خوایە! لەوە بیانپارێزە.

١١)- ﴿وَمَن تَقِ ٱلسَّيِّـَٔاتِ يَوۡمَئِذٖ فَقَدۡ رَحِمۡتَهُۥ﴾، هەر کەسێکیش لەو ڕۆژەدا تۆ لە خراپەکان بیپارێزێ و، چەپاڵەی بدەی، بە دڵنیایی بەزەییت پێیداهاتوەو، بەزەییت لەگەڵ نواندوە، واتە: هەر کەسێک لە سزای خراپەکان، یاخود: لە مەینەتییە خراپەکانی ئەو ڕۆژە بیپارێزی، یاخود هەر کەسێک لە گوناح و خراپەو تاوانەکانی دنیا بیپارێزی، بۆ ئەوەی لە ڕۆژی دواییدا دووچاری سزا نەبێ، ئەوە تۆ بەزەییت پێیدا هاتوە.

١٢)- ﴿وَذَٰلِكَ هُوَ ٱلۡفَوۡزُ ٱلۡعَظِيمُ﴾، تەنیا ئا ئەوەش سەرکەوتن و بردنەوەی مەزنە، واتە: ئەو پارێزرانە لە گوناهو تاوانەکانی دنیادا، یاخود: لە سزای گوناهو تاوانەکان لە ڕۆژی دواییدا، یاخود: لە مەینەتیی و ناڕەحەتییەکانیی ڕۆژی دوایی، ئا ئەو پارێزرانە، سەرکەوتنی مەزنە.

خوا بە لوتف و کەرەمی بێ سنووری، ئێمەش لە ڕیزی ئەو پارێزراوە بە مرادو ئاکام گەیشتووانەدا حیساب بکات.



کورتە باسێک لە بارەی (عرش)ەوە

لە بارەی عەرشی خواوە ﷻ زانایان بە گشتیی دوو ڕایان هەن:

ڕای یەکەم: کە ڕای زۆربەی زانایانەو بەهێزترە، بەندەش هەر ئەو ڕایەی پێ پەسندە، ئەوەیە: عەرش دروستکراوێکی مەزنی خوایە، لە سەرووی دروستکراوەکانیەوەیە.

ڕای دووەم: هی هەندێك لە زانایانە دەڵێن: (عەرش) وشەیەکە خوا بەکاری هێناوە، وەک ڕەمزو هێما بۆ حکومڕانیی و دەسەڵات و باڵادەستیی خۆی، بەسەر بوون و گەردووندا.

بەڵام ئەو ڕایەی گوتمان ڕای زۆرینەی زانایانە، دەتوانین بە کۆمەڵێک بەڵگەی بەهێز پشگیریی بکەین و، بیسەلمێنین کە هەر ئەو ڕایە ڕاستە:

بەڵگەی یەکەم: خوا ﷻ لە حەوت سوورەت لە قورئاندا واتە: لە حەوت ئایەتاندا کە هەر کام لەو ئایەتانە لە سوورەتێکدایە، لە قورئاندا، باسی چوونە سەر عەرشی خۆی کردوە: ﴿ثُمَّ ٱسْتَوَىٰ عَلَى ٱلْعَرْشِ﴾، کە شوێنەکان بە پێی ڕیزبەندیی سوورەتەکانی قورئان کە لە (**مصحف**)دا هاتوون، بەو شێوەیەن:

١- دەفەرموێ: ﴿إِنَّ رَبَّكُمُ ٱللَّهُ ٱلَّذِى خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ فِى سِتَّةِ أَيَّامٍ ثُمَّ ٱسْتَوَىٰ عَلَى ٱلْعَرْشِ ﴿٥٤﴾﴾ الأعراف.

٢- دەفەرموێ: ﴿إِنَّ رَبَّكُمُ ٱللَّهُ ٱلَّذِى خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ فِى سِتَّةِ أَيَّامٍ ثُمَّ ٱسْتَوَىٰ عَلَى ٱلْعَرْشِ ﴿٣﴾﴾ يونس.

٣- دەفەرموێ: ﴿ٱللَّهُ ٱلَّذِى رَفَعَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ بِغَيْرِ عَمَدٍ تَرَوْنَهَا ثُمَّ ٱسْتَوَىٰ عَلَى ٱلْعَرْشِ ﴿٢﴾﴾ الرعد.

٤- دەفەرموێ: ﴿ٱلرَّحۡمَٰنُ عَلَى ٱلۡعَرۡشِ ٱسۡتَوَىٰ ۝٥﴾ طه.

٥- دەفەرموێ: ﴿ٱلَّذِي خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَ وَمَا بَيۡنَهُمَا فِي سِتَّةِ أَيَّامٖ ثُمَّ ٱسۡتَوَىٰ عَلَى ٱلۡعَرۡشِۚ ۝٥٩﴾ الفرقان.

٦- دەفەرموێ: ﴿ٱللَّهُ ٱلَّذِي خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَ وَمَا بَيۡنَهُمَا فِي سِتَّةِ أَيَّامٖ ثُمَّ ٱسۡتَوَىٰ عَلَى ٱلۡعَرۡشِۖ ۝٤﴾ السجدة.

٧- دەفەرموێ: ﴿هُوَ ٱلَّذِي خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَ فِي سِتَّةِ أَيَّامٖ ثُمَّ ٱسۡتَوَىٰ عَلَى ٱلۡعَرۡشِۚ ۝٤﴾ الحديد.

هەڵبەتە ڕاستییەک لە یەک ئایەتیشدا هاتبێ، لە یەک سوورەتی قورئانیشدا، بەڵکو لە یەک ڕستەشیدا، بەسە کە ئەو ڕاستییە بسەلمێنرێ، بەڵام ئەوە کە خوا ﷻ عەرشێکی هەیەو، ئیستیوای کردوە بۆ سەر ئەو عەرشە، بەو شێوەیە کە بۆ خوا شایستەیە، لە حەوت شوێنی قورئاندا هاتوە.

بەڵگەی دووەم: خوا ﷻ لە سوورەتی (**هود**)دا باسی ئەوە دەکات، کە بەر لەوەی خوا ئاسمانەکان و زەوی بخوڵقێنێ، عەرشی خوا لەسەر ئاو بووە، دەفەرموێ: ﴿وَهُوَ ٱلَّذِي خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَ فِي سِتَّةِ أَيَّامٖ وَكَانَ عَرۡشُهُۥ عَلَى ٱلۡمَآءِ لِيَبۡلُوَكُمۡ أَيُّكُمۡ أَحۡسَنُ عَمَلٗاۗ ۝٧﴾.

کەواتە: وەک چۆن ئاو دروستکراوێکی خوایە، عەرشیش دروستکراوێکی خوایەو، بەرلەوەی خوا ئاسمانەکان و زەوی بخوڵقێنێ، عەرشی خوا لەسەر ئاو بووە.

بەڵگەی سێیەم: خوا ﷻ لە سوورەتی (**الحاقة**)دا باسی ئەوە دەکات، لە ڕۆژی دواییدا هەشت لە دروستکراوانی خوا عەرشی خوا هەڵدەگرن، واتە: هەشت فریشتە، وەک دەفەرموێ: ﴿وَٱلۡمَلَكُ عَلَىٰٓ أَرۡجَآئِهَاۚ وَيَحۡمِلُ عَرۡشَ رَبِّكَ فَوۡقَهُمۡ يَوۡمَئِذٖ ثَمَٰنِيَةٞ ۝١٧﴾، واتە: فریشتەکان بە قەراغی ئاسمانەکانەوەن، (قەراغی گەردوونەوەو)،

لـەو ڕۆژەدا عـەڕشی پـەروەردگارت هەشـت (واتـە: هەشـت فریشـتە) هەڵیدەگـرن، هـەر لـەم سـوورەتی (**غافـر**)دا، کـە ئێسـتا خەریکـی تەفسـیر کردنـی، خـوا دەفەرمـوێ: ﴿ ٱلَّذِينَ يَحۡمِلُونَ ٱلۡعَرۡشَ وَمَنۡ حَوۡلَهُۥ يُسَبِّحُونَ بِحَمۡدِ رَبِّهِمۡ وَيُؤۡمِنُونَ بِهِۦ وَيَسۡتَغۡفِرُونَ لِلَّذِينَ ءَامَنُواْ ﴿٧﴾ ﴾، واتـە: ئەوانـەی عەڕشـیان هەڵگرتـووە، ئەوانـەش کـە بـە دەوری عەڕشـەوەن، پەروەردگاریـان بـە پـاک دەگـرن و، سـتایشی دەکـەن و، بـڕوای پێدێنـن و، داوای لێبـوردن بـۆ بـڕواداران دەکـەن.

بەڵگـەی چـوارەم: خـوا ﷻ لـە کۆتایـی سـوورەتی (**الزمـر**)دا، کـە پێشـتر تەفسـیرمان کـردوە، دەفەرمـوێ: ﴿ وَتَرَى ٱلۡمَلَٰٓئِكَةَ حَآفِّينَ مِنۡ حَوۡلِ ٱلۡعَرۡشِ يُسَبِّحُونَ بِحَمۡدِ رَبِّهِمۡۚ وَقُضِيَ بَيۡنَهُم بِٱلۡحَقِّ وَقِيلَ ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ﴿٧٥﴾ ﴾، (دیـارە بـاس بـاسی ڕۆژی دواییـە) واتـە: فریشـتەکانیش دەبینـی دەوری عەڕشـیان داوە، (لـە دەوری عـەڕش دەسـووڕێن) پەروەردگاریـان بـە ستایشـکردنەوە بـە پـاک دەگـرن.

ئنجـا ئەمانـە هەموویـان بەڵگـەن لەسـەر ئـەوە کـە عـەڕش دروسـتکراوێکەو، فریشـتەکان هەڵیدەگـرن و، فریشـتەکان بـە دەوریـەوەن و، پێـش ئـەوەی خـوا گـەردوون بخوڵقێنـێ، عـەڕش لەسـەر ئـاو بـووە، ئەوانـە هەموویـان بەڵگـەن لەسـەر ئـەوە کـە عـەڕش مەخلووقێکـەو، ئـەوە نیـە کـە ڕەمـزو هێـما بـێ بـۆ دەسـتەڵات و هەیمەنـەی خـوا ﷻ بەسـەر دروسـتکراوەکانی دا.

بەڵگـەی پێنجـەم: پێغەمبـەری خـوا ﷺ دەفەرمـوێ: {**إِذَا سَـأَلْتُمُ اللـهَ، فَاسْـأَلُوهُ الْفِرْدَوْسَ، فَإِنَّـهُ أَوْسَـطُ الْجَنَّـةِ، وَأَعْـلَى الْجَنَّـةِ، وَفَوْقَـهُ عَـرْشُ الرَّحْمَـنِ، وَمِنْـهُ تُفَجَّـرُ أَنْهَـارُ الْجَنَّـةِ**}[1]، واتـە: ئەگـەر داواتـان لـە خـوا کـرد، فیـردەوسی لـێ داوا بکـەن، چونکـە نێوەڕاسـتی بەهەشـتەو، بەرزتریـن شـوێنی بەهەشـتەو، لـە سـەرووی فیردەوسـەوە:

---

(١) حديـث أبي هريـرة: أخرجـه أحمـد: ٨٤٠٠، والبخـاري : ٦٩٨٧، مطـولًا، ومـن حديـث معـاذ: أخرجـه ابـن ماجـه: ٤٣٣١، ومـن حديـث عبـادة بـن الصامـت: أخرجـه الحاكـم برقـم ٢٦٩، وأخرجـه أيضًـا: الترمـذي: ٢٥٣١.

عـەرشی خـوای خـاوەن بەزەییـەو، لە فیردەوسـەوە ڕووبـارەکانی بەهەشت هەڵدەقوڵن و دێنـە خـوار.

کەواتــە: وەک چــۆن بەهەشــت شــوێنێکەو دروســتکراوێکە، عەرشــیش کــە لەســەرووی بەهەشــتەوە، بــە تایبــەت لەســەرووی فیردەوســەوەیە، کــە بەرزتریــن شــوێنی بەهەشــتە، ئەویــش بــە هەمــان شــێوە دروســتکراوێکی مــەزنی خوایــە ﷻ.

بەڵگـەی شەشـەم: فەرمایشـتی پێغەمبـەر ﷺ کـە دەفەرمـوێ: {**أُذِنَ لِي أَنْ أُحَـدِّثَ، عَـنْ مَلَـكٍ مِـنَ الْمَلائِكَـةِ مِـنْ حَمَلَـةِ الْعَـرْشِ، مَـا بَـيْنَ شَـحْمَةِ أُذُنِـهِ إِلَى عَاتِقِـهِ، مَسِيرَةُ سَـبْعِمِائَةِ عَـامٍ**}[1].

پێغەمبـەر ﷺ فەرموویـەتی: مۆڵەتـم دراوە لـە بـارەی فریشـتەیەک لـە فریشـتەکانی خـواوە، کـە هەڵگـری عەرشـن، بدوێـم، کـە لـە نێـوان نەرمـەی گوێیـدا تاکـو مـلی، حەوتســەد (٧٠٠) ســاڵ ڕێیـە.

واتــە یەکجــار زۆر زەبــەلاح و گەورەیــە، ئــەو فریشــتەیەی کــە یەکێکــە لــە فریشــتەکانی هەڵگــرانی عــەرشی خــوای پــەروەردگار.

وشــەی (**عَـرْش**) پێشــتریش باســمانکرد، (**العَـرْشُ: سَرِيْـر المَلِـك**) تەختــی حوکمڕانــە، کاتی خـۆی عـادەت وابـووەو، وەک ئێسـتا نەبـووە کـە هەموویـان لەسـەر کورسـیی وەک یـەک دابنیشـن، بەڵکـو حوکمـڕان لەسـەر تەختێـک دانیشـتووەو ئـەو تەختـە چـوار پایـەی هەبـوون، یـان زیاتـر، چـوار لاقـی هەبـوون یاخـود زیاتـرو بەرزتـر بـووە لـە ئاستی مەجلیـس، ئـەو کەسـەی کـە حوکمـڕان بـووە لەسـەر ئـەو تەختـە دانیشـتووە، فەرقـی بەینـی عـەرش، یاخـود تەختـی حوکمـڕان و کورسـیی ئەوەیـە، کـە

---

(١) أخرجـه أبـو داود: ٤٧٢٧، وأخرجـه أيضـاً: ابْـنُ أبي حاتـم كـما فِي تفسـير ابـن كثـير ج٤، ص٤١٥، قـال ابـن كثـير: هـذا إسـناد جيـد رجالـه كلهم ثقـات، وأبـو الشـيخ: ٤٧٦، قـال الحافـظ فِي الفتـح ج٨، ص٦٦٥: إسـناده عـلى شرط الصحيـح، وَصَحَّحَـهُ الألبـاني في «الصحيحـة: ١٥١.

کورسی تەنیا شوێنی کەسێکە، بەڵام تەخت (عرش) شوێنی زیاتر لە کەسێک دەبێ و، شوێنی ڕاکشانیش دەبێ و، بەرزتریشە لە ئاستی کۆڕ (**مجلس**)ەکە.

کاتی خۆی عەرشی مرۆڤەکان کە حوکمڕان بوون، بەو شێوەیە بووە، خواش ﷻ ئەو وشەیەی بەکارهێناوە، ئایا خوا چۆن ئێمە حاڵیی بکات؟ دیارە دەبێ هەر بەو تەعبیرو وشانەی کە ئێمە بەکاریان دێنین ئێمە بدوێنێ، بەڵام وەختێک سیفەتەکانی خواو کردەوەکانی خوا باس دەکرێن، با بخرێنە نێو دووتوێی ئەو وشەو تەعبیرانەشەوە کە ئێمە تێیان دەگەین، بەڵام نێوەڕۆک و مانایەکەیان، بێگومان بەو شێوەیە کە بۆ خوا شایستەیە، هەر بۆیە زانایان هەموویان لەسەرئەوە ڕێککەوتوون، کە وەختێک وشەیەک بۆ خوا بەکاردێ لە قورئاندا، بۆ تێگەیاندنی ئێمە، نابێ واتایەکەی بەو شێوەیە لێکبدرێتەوە کە ئێمە لێی تێدەگەین، بۆ وێنە: کە دەفەرموێ: ﴿وَيَبْقَىٰ وَجْهُ رَبِّكَ ذُو الْجَلَالِ وَالْإِكْرَامِ ﴿٢٧﴾﴾ الرحمن، یان، ﴿يَدُ اللَّهِ فَوْقَ أَيْدِيهِمْ ﴿١٠﴾﴾ الفتح، یان هەموو ئەو وشانە، بۆ وێنە: کە باسی زانیاریی خوا دەکەن، زانیاریی خوا وەک هی ئێمە نیە، زانیاریی ئێمە لە ئەنجامی بەکارهێنانی پێنج هەستەکان و، بیرکردنەوەو لێکدان و کۆکردنەوەوە، بۆمان دروست دەبێ و لە مێشکماندا خەزن دەبێ، بەڵام زانیاریی خوا، جۆرێکی دیکەیە، هەروەها دیتنی خواو، بیستنی خواو، هەموو سیفەتەکانی خوا بەو شێوەیەن، کە بۆ خوا شایستەیە، بە هیچ جۆرێک نابێ ئێمە قیاسی سیفەتەکانی خوا بکەین ﷻ بۆ سەر خۆمان، ئەگەر نا تووشی وێکچواندن (**تشبیه**) دەبین، هەروەک نابێ بە بەڵگەی، یان بە بیانووی ئەوەی سیفەتەکانی خوا، وەک هی ئێمە نین، سیفەتەکان لە خوا دابڕنین، ئەگەرنا تووشی پەکخستن (**تعطیل**) دەبین، بۆیە زانایانی پێشین گوتوویانە: (**إِثْبَاتٌ مَعَ تَنْزِيهٍ، وَتَنْزِيهٌ بِلَا تَعْطِيل**)، چەسپاندنی سیفەتەکان بۆ خوا، لەگەڵ بە پاکگرتنی خوا، (کە وەک دروستکراوانی بچێ) و، بە پاکگرتنی خوا لەگەڵ چەسپاندنی سیفەتەکانی دا، بەبێ پەکخستنی خوا، لە سیفەتەکانی.

سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ، أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ، أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ.


AliBapir
AliBapir

دەرسی دووەم


AliBapir
AliBapir
archive.org/details/@alibapir
www.alibapir.net


AliBapir
AliBapir

پێناسەی ئەم دەرسە

ئەم دەرسەمان ئایەتەكانی: (١٠ - ٢٠) واتە: یازدە (١١) ئایەت دەگرێتە خۆی، كە تەوەری سەرەكییان باسی بێبڕوایانەو، سەرچەنگ دان و سەرزەنشتكرنیانەو، پەشێمانیی كێشان و دان بە تاوانی خۆداهێنان و، پۆزش هێنانەوەی بێ سوودیانەو، ڕاگەیاندنی خوای دادگەرە بۆ ئەو ڕاستییە، كە ئەو چۆرتمەی بێبڕوایان تووشی بوون و، ئەو دەردەی پێوەی گرفتار بوون، كردەی دەستی خۆیانەو، تازەش كاتی تاقیكرانەوە تێپەڕیوەو، ئێستا قۆناغێكی دیكە هاتۆتە پێش و، خوای كاربەجێ بڕیاری داوەو بڕاوەتەوە.

بەڵام وێڕای ئەوە، چەند سیفەت و كردەوەیەكی دیكەی خوای بەرزی بێ وێنەش خراونەڕوو، هەروەها ئاماژەیەكیش بۆ ڕۆژی دوایی و، شپرزەیی بێبڕوایان لەو ڕۆژەدا، كراوە.

﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ يُنَادَوْنَ لَمَقْتُ ٱللَّهِ أَكْبَرُ مِن مَّقْتِكُمْ أَنفُسَكُمْ
إِذْ تُدْعَوْنَ إِلَى ٱلْإِيمَٰنِ فَتَكْفُرُونَ ﴿١٠﴾ قَالُواْ رَبَّنَآ أَمَتَّنَا ٱثْنَتَيْنِ وَأَحْيَيْتَنَا ٱثْنَتَيْنِ
فَٱعْتَرَفْنَا بِذُنُوبِنَا فَهَلْ إِلَىٰ خُرُوجٍ مِّن سَبِيلٍ ﴿١١﴾ ذَٰلِكُم بِأَنَّهُۥٓ إِذَا دُعِىَ ٱللَّهُ
وَحْدَهُۥ كَفَرْتُمْ ۖ وَإِن يُشْرَكْ بِهِۦ تُؤْمِنُواْ ۚ فَٱلْحُكْمُ لِلَّهِ ٱلْعَلِىِّ ٱلْكَبِيرِ ﴿١٢﴾ هُوَ
ٱلَّذِى يُرِيكُمْ ءَايَٰتِهِۦ وَيُنَزِّلُ لَكُم مِّنَ ٱلسَّمَآءِ رِزْقًا ۚ وَمَا يَتَذَكَّرُ إِلَّا مَن يُنِيبُ
﴿١٣﴾ فَٱدْعُواْ ٱللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ ٱلدِّينَ وَلَوْ كَرِهَ ٱلْكَٰفِرُونَ ﴿١٤﴾ رَفِيعُ ٱلدَّرَجَٰتِ ذُو
ٱلْعَرْشِ يُلْقِى ٱلرُّوحَ مِنْ أَمْرِهِۦ عَلَىٰ مَن يَشَآءُ مِنْ عِبَادِهِۦ لِيُنذِرَ يَوْمَ ٱلتَّلَاقِ ﴿١٥﴾ يَوْمَ هُم
بَٰرِزُونَ ۖ لَا يَخْفَىٰ عَلَى ٱللَّهِ مِنْهُمْ شَىْءٌ ۚ لِّمَنِ ٱلْمُلْكُ ٱلْيَوْمَ ۖ لِلَّهِ ٱلْوَٰحِدِ ٱلْقَهَّارِ ﴿١٦﴾ ٱلْيَوْمَ تُجْزَىٰ
كُلُّ نَفْسٍۭ بِمَا كَسَبَتْ ۚ لَا ظُلْمَ ٱلْيَوْمَ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ سَرِيعُ ٱلْحِسَابِ ﴿١٧﴾ وَأَنذِرْهُمْ يَوْمَ

ٱلْأَزِفَةِ إِذِ ٱلْقُلُوبُ لَدَى ٱلْحَنَاجِرِ كَٰظِمِينَ ۚ مَا لِلظَّٰلِمِينَ مِنْ حَمِيمٍ وَلَا شَفِيعٍ يُطَاعُ
﴿١٨﴾ يَعْلَمُ خَآئِنَةَ ٱلْأَعْيُنِ وَمَا تُخْفِى ٱلصُّدُورُ ﴿١٩﴾ وَٱللَّهُ يَقْضِى بِٱلْحَقِّ ۖ وَٱلَّذِينَ
يَدْعُونَ مِن دُونِهِۦ لَا يَقْضُونَ بِشَىْءٍ ۗ إِنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلْبَصِيرُ ﴿٢٠﴾ ﴾.

مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان

{بە دڵنیایی (لە ڕۆژی دوایی دا) ئەوانەی بێبڕوان بانگ دەکرێن: بێگومان تووڕەیی و بێزاریی خوا لە تووڕەییتان لە خۆتان و بێزارییتان لە خۆتان گەورەتر بوو، لە کاتێک دا بانگهێشتی بڕواهێنان دەکران، کەچی بێبڕوا دەبوون (و نکووڵییتان دەکرد) ﴿١٠﴾ (بێبڕوایەکان) گوتیان: پەروەردگارمان! دوو جاران مراندتین و دوو کەڕەتانیش ژیاندتین، (ئێستاش) دانمان بە گوناهەکانمان داهێنا، ئنجا ئایا هیچ ڕێی دەرچوونمان هەیە (لە ئاگری دۆزەخ)؟! ﴿١١﴾ (پێیان دەگوترێ: نەخێر هیچ ڕێی دەربازبوونتان نیە) ئەو (سزایە)ەشتان بە هۆی ئەوەوەیە کە (لە دنیادا) ئەگەر بە تەنیا بانگی خوا کرابایە، بێبڕوا دەبوون، بەڵام ئەگەر هاوبەشی بۆ دانرابایە، بڕواتان (پێ) دەهێنا، ئێستاش بڕیار تەنیا هی خوای بەرزی گەورەیە ﴿١٢﴾ (خوا) ئەو کەسەیە کە نیشانەکانیتان پێشان دەدات و لە ئاسمانەوە بژیوتان بۆ دادەبەزێنێ و، تەنیا کەسێکیش کە (لە ناخەوە بۆ لای خوا) دەگەڕێتەوە، پەند وەردەگرێ و بیردەکاتەوە ﴿١٣﴾ دەجا بە ملکەچیی ساغکردنەوەوە لە خوا بپاڕێنەوە، هەرچەندە بێبڕوایانیش پێیان ناخۆش بێ ﴿١٤﴾ (خوا) پلەکانی بڵندن، خاوەنی عەرشە، ڕووح (وەحیی) لە فەرمانی خۆیەوە دەنێرێتە سەر هەر کام لە بەندەکانی کە بیەوێ، تاکو (خەڵک) لە ڕۆژی دیدار بترسێنن ﴿١٥﴾ ئەو ڕۆژە کە (مرۆڤەکان) دێنە گۆڕێ، هیچ شتێکیان لە خوا پەنهان نابێ (دەگوترێ:) ئەمڕۆ حوکم و دەسەڵات هی کێیە؟ هی خوای

تاکی ملپێکەچکەرە ﴿١٦﴾ ئەمڕۆ هەر کەسە بەپێی ئەوەی وەدەستیهێناوە، سزاو پاداشت دەدرێتەوە، ئەمڕۆ هیچ جۆرە ستەمێک نیە، بە دڵنیایی خوا لێپرسینەوەی خێرایە ﴿١٧﴾ هەروەها لە ڕۆژی (ڕووداوی) نیزیککەوتوو بیانترسێنە لە کاتێکدا کە دڵەکان دەگەنە گەرووان، قوتدەرەوەن (بۆ تووڕەیی و خەفەتێک کە دەروونی داگرتوون) ستەمکاران هیچ دۆست و نیزیک و تکاکارێکی بە قسەکراوو قسە لێوەرگیراویانیان نیە ﴿١٨﴾ (خوا) ناپاکیی (ڕوانینی) چاوەکان و ئەوەی سینەکانیان دەیشارنەوە، دەیزانێ ﴿١٩﴾ بەس خواش بە هەق دادوەریی دەکات و، ئەوانەی جگە لەوی لێیان دەپاڕێنەوە، هیچ بڕیاریان بە دەست نیە، بێگومان خوا بەس خۆی بیسەری بینەرە ﴿٢٠﴾}.

شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان

(لَمَقۡتُ ٱللَّهِ): واتە: بە دڵنیایی تووڕەیی خوا، بێزاریی خوا، (**المَقْتُ: البُغْضُ الشَّدِيْدُ لِمَنْ تَرَاهُ تَعَاطَى القَبِيْحَ**)، (**مَقْت**): بریتیە لە ڕق لێبوونەوەی زۆر بۆ کەسێک کە دەیبینی کارێکی ناقۆڵا دەکات، یان قسەیەکی ناقۆڵا دەکات، (**مَقِيْت، مَمْقُوت**) کەسێکە کە بوغزێنراوەو، ڕق و بێزاریی زۆری بەرانبەرەکەی ئاڕاستە کراوە.

(يُنِيبُ): (**الإِنَابَةُ إلى اللهِ تَعَالَى: الرُّجُوعُ إِلَيْهِ بالتَّوْبَةِ وَالإِخْلَاص**)، (**إِنَابَة**): بۆ لای خوای بەرز گەڕانەوەیە بۆ لای، بە پەشێمان بوونەوەو بادانەوە بە دڵسۆزیی.

(ٱلتَّلَاقِ): ڕۆژی دیدار، یان ڕۆژی پێکگەیشتن، یەکێکیشە لە ناوەکانی ڕۆژی دوایی، بۆیەش ئەو ناوەی لێنراوە: (**يَوْمَ التَّلاقِ: وَتَخْصِيْصُهُ بِذَلِكَ لاَلْتِقَاءِ مَنْ تَقَدَّمَ، وَمَنْ تَأَخَّرَ، وَالتَقَاءِ أَهْلِ السَّمَاءِ، وَالأَرْض، ومُلَاقَاةِ كُلُّ أَحَدٍ بَعَمَلِه**)، (**يَوْمَ التَّلاق**): یان ڕۆژی دیدار، ڕۆژی پێکگەیشتن، بۆیە تایبەتکراوە بۆی، چونکە ئەوانەی پێشێ کە

ڕابـردوون و تێپەڕیـون، لەگـەڵ ئەوانـەی دوایـی هاتـوون، هەموویـان پێکدەگەنـەوە، هەروەهـا خەڵکـی ئاسـمان و زەوی پێکدەگـەن، هەروەهـا هـەر کەسـەو بـە کردەوەکـەی خـۆی دەگات.

(بَٰرِزُونَ): واتـە: ئاشـکران، هاتوونـە گـۆڕێ، (**وَاضِحَـةٌ ظَوَاهِرُهُـمْ وَبَواطِنُهُـم**) هـەم ڕواڵەتەکانیـان، هـەم دەروونەکانیـان ئاشـکراو بەرچـاون.

(ٱلْأَزِفَةِ): ئەویـش یەکێکـە لـە نـاوەکانی ڕۆژی دوایـی، (**آزِفَـةِ**) واتـە: نیزیـک، (**أَزِفَ الْأَمْـرُ: أَيِ قَـرُبَ**)، نیزیـک کەوتـەوە، (**الْآزِفَـةُ: اسْـمُ فَاعِـلٍ مُشْـتَقٌّ مِـنْ فِعْـلِ أَزِفَ الْأَمْـرُ، إِذَا قَـرُبَ، فَالْآزِفَـةُ صِفَـةٌ لِمَوْصُـوفٍ مَحْـذُوفٍ تَقْدِيـرُهُ: السَّـاعَةُ الْآزِفَـةُ، أَوِ الْقِيَامَـةُ الْآزِفَـةُ**)، وشـەی (**آزِفَـةِ**): نـاوی بکـەرە داتـاشراوە لـە کـرداری (**أَزِفَ الْأَمْـرُ إِذا قَـرُبَ**) کارەکـە نیزیـک کەوتـەوە، (**آزِفَـةِ**) سیفەتە بـۆ ئاوەڵناوێکـی قرتێـنراو، وەک: (**الساعة الْآزِفَـةِ**) واتـە: ئاخیـر زەمـانی نیزیـک بـوەوە، یاخـود (**الْقِيَامَـةُ الْآزِفَـةُ**) ڕۆژی دوایـی، یـان هەڵسـانەوەی نیزیـک بـۆوە.

(ٱلْحَنَاجِرِ): (**جَمْـعُ حُنْجَـرَةٍ: الْحُلْقُـومُ**)، (**حَنَاجِـر**) کـۆی (**حُنْجُرَةٍ**)یـە، ئەویـش بـە (**حُلْقُـوم**) گـەروو، قوڕقوڕاگـە دەگوتـرێ.

(كَٰظِمِينَ): (**الكَاظِـمُ: اسْـمُ فَاعِـلٍ، مِـنْ كَظَـمَ كُظُومًـا، إِذَا حبَـسَ نَفَسَـهُ، وكَظَـمَ شَـيْئًا: سَـدَّ مَجْـرَاهُ أَي: كَاظِمِينَهَـا، أَيْ: كَاظِمِـينَ حَنَاجِرَهُـمْ إِشْـفَاقًا مِـنْ أَنْ تَخْـرُجَ مِنْهَـا قُلُوبُهُـمْ مِـنْ شِـدَّةِ الإِضْطِـرَابِ**)، (**كَظْـم**): بـە مانـای حەپسـکردن و ڕاگرتـن و کپکردنـەوە دێ، (**وَالكَاظِمِـينَ الغَيْـظ**) ئەوانـەی توورەیـی و پەسـتیی خۆیـان قووتدەدەنـەوەو ناهێڵـن بێتـە دەرێ، (**وكَظَـمَ شَـيْئًا**) واتـە: ڕێـی لێگـرت کـە بێتـە دەرێ، بـۆ نموونـە: ئەگـەر کەسـێک سـەری مەشـکەیەک کوندەیـەک ببەسـتێ بـۆ ئـەوەی ئاوەکـەی لـێ نـەڕژێ، یـان شـیرەکە، یـان دۆیەکـە، هەرچـی تێیدایـە، کەواتـە: لێـرەدا کـە دەفەرمـوێ: (**كَاظِمِـينَ: أَيْ كَاظِمِـينَ حَنَاجِرَهُـمْ**) ئەوانـە قوڕگـی خۆیـان تونـد گرتـوە، نـەوەک دڵیـان لەبـەر زۆر لێـدان بـە قوڕگیانـدا بێتـە دەرێ.

هەڵبەتە دڵ جێی نابێتەوە بە قوڕگدا بێتەدەر، بەڵام مەبەست ئەوەیە کە دڵیان ئەوەندە دێت و دەچێ، دەبێ ئاگایان لە خۆیان بێ نەبادا دڵیان بەرەو لای قوڕگیان بێت.

(خَآئِنَةَ ٱلۡأَعۡيُنِ): واتە: چاوە ناپاکەکان، یاخود ناپاکیی چاوەکان، هەردوو مانای هاتوون، (**وَحَقِيقَةُ الْخِيَانَةِ: عَمَلُ مَنِ اؤْتُمِنَ عَلَى شَيْءٍ بِضِدِّ مَا اؤْتُمِنَ لِأَجْلِهِ، بِدُونِ عِلْمِ صَاحِبِ الْأَمَانَةِ**)، واتە: چییەتی خیانەت ئەوەیە: کە کەسێک سپاردەیەکی پێ سپێردراوە، بە پێچەوانەوەو دژی ئەوەی پێی سپێردراوە ڕەفتار دەکات، بەبێ زانیاریی خاوەن سپاردەکە، واتە: دەستکاریی ئەو ئەمانەتە بکات و زایەی بکات و نەیپارێزێ، ئەوە پێی دەگوترێ: خیانەت، لێرەدا کە دەفەرموێ: (خَآئِنَةَ ٱلۡأَعۡيُنِ)، دوو واتایان بۆ لێکداوەتەوە: (**أي: خِيَانَةُ النَّظَرِ**)، یان (**الأعْيُنِ الخَائِنَةِ**)، یان بە مانای خیانەتی چاوەکانە، ناپاکیی چاوەکان، یاخود بە مانای چاوە ناپاکەکانە.

مانای گشتیی ئایەتەکان

خوا ﷻ لەم یازدە ئایەتەدا، بە زۆریی باسی بێبڕوایان دەکات: پەشێمانییان و، مەینەتییان و، ئەو سزایەی کە لە ڕۆژی دواییدا چاوەڕێیان دەکات، کە چەند نارەحەت دەبن، لەمیانی ئەوەشدا خوا ﷻ چەند سیفەت و چەند کردەوەیەکی بەرزی بێ وێنەی خۆی دەخاتەڕوو، تاکو بێبڕوایی بێبڕوایەکان ناقۆڵاتر دەربکەوێ، کە ئەوانە بێبڕوابوون بەرانبەر بە خوایەکی خاوەن ئەو سیفەتانەو، خاوەنی ئەو کردەوانەو، خاوەنی ئەو پایە بڵندو بەرزانە ﷻ، کە هەر شایستەی خۆینی، دەفەرموێ: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ يُنَادَوۡنَ﴾، بە دڵنیایی ئەوانەی بێبڕوابوون واتە: بێبڕوابوون بە خواو بە فریشتەکانی و بە ڕۆژی دوایی و بە کتێبەکانی و بە پێغەمبەرانی، بە هەموو ئەو شتانەی کە پێویست بوو بڕوایان پێبێنن،

بێبڕوابـوون، ئەوانـەی بێبڕوابـوون بانـگ دەکرێـن، بـە دڵنیایـی لێرەدا مەبەسـت پێـی ڕۆژی دواییـە، کـە لـە ڕۆژی دوایـی دا بانـگ دەکرێـن، لـە لایـەن فریشـتەکانیەوە بانـگ دەکرێـن، ئەگەرنـا شایسـتەیی ئەوەیـان نیـە خـوا بانگیـان بـکات و بیاندوێنـێ، وەک لـە چەنـد شـوێناندا خـوا دەفەرمـوێ: ﴿ لَا يُكَلِّمُهُمْ وَلَا يَهْدِيهِمْ ﴿١٤٨﴾ ﴾الأعـراف، واتـە: خـوا نـە دەیاندوێنـێ و نـە پـاک و چاکیـان دەکات، بەڵکـو فریشـتەکان بانگیـان دەکـەن، بانگکـردنی فریشـتەکانیش ئاشـکرایە سـڵاو دەکـەن لـە ئەهـلی ئیـمان، بـە نەرمیـی و ڕێـزو بـە ڕووی خـۆش و بـە وشـەو تەعبیـری جـوان، بـەڵام کـە بانگـی بێبڕوایـان دەکـەن، بـە شـێوەیەک بانگیـان دەکـەن، شایسـتەی ئەوانـە، بانگیـان دەکـەن دەڵێـن: ﴿ لَمَقْتُ ٱللَّهِ أَكْبَرُ مِن مَّقْتِكُمْ أَنفُسَكُمْ ﴾، تووڕەیـی و بێزاریـی خـوا گەورەتـر بـوو لـە تووڕەیـی خۆتـان، لـە خۆتـان، واتـە: ئێسـتا کـە لـە خۆتـان تـووڕەن و لـە خۆتـان بێـزارن، کاتێ خـۆی کـە لـە دنیـادا بێبـڕوا دەبـوون، ئـەو کاتـە تووڕەیـی خـوا، لـەو تووڕەیـی ئێسـتاتان لـە خۆتـان، گەورەتـر بـوو، ﴿ إِذْ تُدْعَوْنَ إِلَى ٱلْإِيمَٰنِ فَتَكْفُرُونَ ﴾، یـاد بکەنـەوە کاتێـک کـە بانگدەکـران بـۆ ئیـمان و بڕواهێنـان، کەچـی ئێـوە بێبـڕوا دەبـوون.

دەشـگونجێ ئەمـە مانایەکـەی ئاوابـێ: تووڕەیـی و بێزاریـی خـوا ئێسـتا لـە بەرانبـەر ئێـوەدا، گەورەتـرە لـە تووڕەیـی خۆتـان لـە خۆتـان، یـاد بکەنـەوە کاتێـک کە بانگدەکـران بـۆ ئیـمان، بـەڵام ئێـوە بێبـڕوا دەبـوون، کەواتـە: ئـەم (إِذْ)ە دەگونجـێ بـۆ یادکردنەوەبـێ، دەشـگونجێ مەبەسـت ئەوەبـێ ئـەو کاتـە تووڕەیـی خـوا لـە تووڕەیـی ئێـوە زیاتربـوو، کـە بانگدەکـران بـۆ ئیـمان، بـەڵام ئێـوە بێبـڕوا دەبـوون، ﴿ قَالُوا۟ رَبَّنَآ أَمَتَّنَا ٱثْنَتَيْنِ وَأَحْيَيْتَنَا ٱثْنَتَيْنِ ﴾، گوتیـان: پەروەردگارمـان! دوو جـاران مراندتیـن و دوو جارانیـش ژیاندتیـن، ﴿ فَٱعْتَرَفْنَا بِذُنُوبِنَا ﴾، ئێسـتا ئێمـە دانمـان بـە گوناهـەکانی خۆمـان دا هێنـا، ﴿ فَهَلْ إِلَىٰ خُرُوجٍ مِّن سَبِيلٍ ﴾، ئایـا بـۆ دەرچـوون هیـچ ڕێ هـەن؟ بـۆ دەرچـوون لـە سـزای تـۆ، لـەو ئاگـری دۆزەخـە؟

لەو بارەوە كە گوتوویانە: دووجاران مراندتین و دوو جاران ژیاندتین، هەرچەندە دوایی وردتر قسەی لێدەكەین، بەڵام ئەو مانایە زیاتر پەسندەو وێدەچێ، كە مەبەست لە مراندنی یەكەم، ئەوە بووە كە ژیانیان نەبووەو خوا ژیانی پێ بەخشیون، مراندنی دووەمیش ئەوەبووە، كە دوای ئەوەی ژیانیان هەبووە، ژیانی لێوەرگرتوونەوەو ڕووحی كێشاون، ئەوەش دووەم مردن، كەواتە: پێشێ مردووبوون و خوا زیندووی كردوون و ژیانی پێداون، ئنجا دوای ئەوەی خاوەن ژیانبوون، مراندوونی، ئەوەش دووەم مردن.

بە نسبەت دوو ژیانەكانیشەوە: جاری یەكەم: مردووبوون و خوا ژیانی پێداون، ئەوە جاری یەكەم، جاری دووەم: كە مردوون دوای ئەوەی خاوەن ژیان بوون، جارێكی دیكە خوا زیندووی كردوونەوە لە ڕۆژی دوایی دا، ئەوەش دوو ژیان، ﴿ ذَٰلِكُم بِأَنَّهُۥٓ إِذَا دُعِيَ ٱللَّهُ وَحۡدَهُۥ كَفَرۡتُمۡ ﴾، پێیان دەگوترێ: ئەوەتان بە هۆی ئەوەوەیە كە كاتێك بە تەنیا بانگی خوا دەكرا، بە تەنیا پاڕانەوە دەكرا لە خوا، ئێوە بێبڕوا دەبوون، ﴿ وَإِن يُشۡرَكۡ بِهِۦ تُؤۡمِنُواْ ﴾، بەڵام ئەگەر هاوبەشی بۆ دانرابایە، بڕواتان دەهێنا، ﴿ فَٱلۡحُكۡمُ لِلَّهِ ٱلۡعَلِيِّ ٱلۡكَبِيرِ ﴾، بڕیارو دادوەریی هی خوای بەرزی گەورەیە، واتە: كەسی دیكە لە ڕۆژی دواییدا، خاوەن بڕیارو حوكم نیە، وەك دنیا نیە خوا ﷻ بۆ تاقیكردنەوە دەستی مرۆڤەكانی ئاوەڵا كردبێ، داخۆ چی دەكەن و چۆن دەكەن؟ لەوێ حوكم و بڕیار تەنیا هی خوایە.

﴿ هُوَ ٱلَّذِي يُرِيكُمۡ ءَايَٰتِهِۦ ﴾، (خوا) ئەو كەسەیە كە نیشانەكانی خۆیتان پیشان دەدات، كە دەفەرمووێ: نیشانەكانی خۆیتان پیشان دەدات، كەواتە: ئەو نیشانان (**آیات**)ە، لێرەدا مەبەست پێیان ڕستەكانی قورئان نیە، ڕستەكانی قورئان بەسەردا دەخوێنرێنەوەو دەبیستێنرێن، بەڵام ئەو نیشانانەی كە خوا پیشانی ئێمەی داون و وایكردوە ئێمە بیانبینین، مەبەست پێیان موعجیزەكانی پێغەمبەرانن (**عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَام**)، یاخود دیاردەو دیمەنەكانی گەردوونن،

﴿ وَيُنَزِّلُ لَكُم مِّنَ ٱلسَّمَآءِ رِزۡقًا ﴾، لەسەرێوەش بژیوتان بۆ دادەبەزێنێ، ئەو بژیوەش کە لە سەرێوە دادەبەزێ، وەک زۆرجاری دیکە باسمانکردوە: دەگونجێ پێش هەموو شتێ مەبەست پێی تیشکی خۆرو، تیشکەکانی دیکەی ئەستێرەکان بێ و، ڕووناکیی مانگ بێ لە شەوگاردا، هەروەها دەگونجێ مەبەست پێی ئەو ئاوەبێ کە لەسەرەوە دادەبەزێ، بە شێوەی باران و بەفرو تەرزەو ئاوونگ و شەونم، ئەوە وەک بژیوی ماددیی.

دەشگونجێ مەبەست لە بژیوی مەعنەویی ئەو وەحیی و پەیامەی خوا بێ کە دادەبەزێ، ﴿ وَمَا يَتَذَكَّرُ إِلَّا مَن يُنِيبُ ﴾، تەنیا کەسێک کە بگەڕێتەوە لە ناخەوە بۆ لای خوا، پەند وەردەگرێ و بیر دەکاتەوە.

﴿ فَٱدۡعُواْ ٱللَّهَ مُخۡلِصِينَ لَهُ ٱلدِّينَ ﴾، دەجا ئێوە لە خوا بپاڕێنەوە، ملکەچیی خۆتانی بۆ ساغ و بێ خەوش بکەن، واتە: کاتێک کە لە خوا دەپاڕێنەوە، با هیچ شتی دیکە لە زەینتان دا نەبێ و، بە تەمای هیچ شتی هیچ کەسی دیکە مەبن، ملکەچیی خۆتان و بەندایەتیی خۆتان بۆ خوا ساغ بکەنەوە، ﴿ وَلَوۡ كَرِهَ ٱلۡكَٰفِرُونَ ﴾، هەرچەندە ئەوانەش کە بێبڕوان پێی قەڵس و تووڕە بن، گوێ مەدەنە قەڵسیی و تووڕەیی ئەوان، پاڕانەوەی خۆتان بۆ خوا ساغ بکەنەوەو پاڕانەوەش بریتیە لە گەورەترین و گرنگترینی بەشی پەرستن و بەندایەتیی، وەک پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: {الدُّعَاءُ هُوَ العِبَادَةُ} **(أخرجه أبو داود: ١٤٧٩، والترمذي: ٣٢٤٧، وقال: هذا حديث حسن صحيح، عَنِ النُّعْمَانِ بْنِ بَشِيرٍ رَضِيَ اللهُ عَنْهُمَا)**، واتە: پاڕانەوە بریتیە لە پەرستن.

ئنجا خوا ﷻ بە چەند وەسفێکی دیکە خۆی دەناسێنێ و دەفەرموێ: ﴿ رَفِيعُ ٱلدَّرَجَٰتِ ﴾، (خوا) پلەکانی بەرزن، پایەکانی بڵندو بالان، ﴿ ذُو ٱلۡعَرۡشِ ﴾، خاوەنی عەڕش و تەختی حکومڕانییە، بە شێوەیەک کە بۆ خوا شایستەیە، ﴿ يُلۡقِي ٱلرُّوحَ مِنۡ أَمۡرِهِۦ عَلَىٰ مَن يَشَآءُ مِنۡ عِبَادِهِۦ ﴾، ڕووح فڕێدەدا لە فەرمانی خۆیەوە بۆ

سـەر هـەر کـەس بیـەوێ لـە بەنـدکانی، بـە دڵنیایـی مەبەسـت لـە ڕووح وەحیـی و پەیامـی پێغەمبەرایەتییـە، ﴿لِيُنذِرَ يَوْمَ التَّلَاقِ﴾، تاکـو خەڵـک بترسـێنێ و وریـا بکاتـەوە لـە ڕۆژی دیـدار، لـە ڕۆژی پێکگەیشـتنەکان، کـە ئەهـلی ئاسـمان و زەوی پێـک دەگـەن، مـرۆڤ بـە کـردەوەکانی خـۆی دەگات، مـرۆڤ بـە خـوای پـەروەردگار دەگات، بـە فریشـتەکان دەگات، هەروەهـا ڕووح و جەسـتە پێـک دەگەنـەوە، ئـەو ڕۆژە ڕۆژی پێکگەیشـتنەکانە، ﴿يَوْمَ هُم بَارِزُونَ﴾، ئـەو ڕۆژە هەموویـان هاتوونـە گـۆڕێ، بەرچـاون و دیـارن، واتـە: نـەک هـەر ڕواڵەتیـان بەڵکـو دەروونیشـیان دیـارەو هاتۆتـە گـۆڕێ، ﴿لَا يَخْفَىٰ عَلَى اللَّهِ مِنْهُمْ شَيْءٌ﴾، هیـچ شـتێکیان لـە خـوا شـێردراوەو پەنهـان نیـە، وەک لـە شـوێنی دیکـە دەفەرمـوێ: ﴿يَوْمَ تُبْلَى السَّرَائِرُ ﴿٩﴾﴾الطـارق، ئـەو ڕۆژە کـە نهێنییـەکان دەردەکـەون، ئەوانـەی لـە سـینەکاندا شـێردراونەوە، یـان دەفەرمـوێ: ﴿يَوْمَئِذٍ تُعْرَضُونَ لَا تَخْفَىٰ مِنكُمْ خَافِيَةٌ ﴿١٨﴾﴾الحاقـة، ئـەو ڕۆژە ڕادەنوێنرێـن، هیـچ شـتێکتان پەنهـان نابـێ، هیـچ شـتێک لـە ئێـوە پەنهـان نابـێ، کـە نەیبینـن، هەروەهـا هیـچ شـتێکی ئێـوە پەنهـان نابـێ لـە خـوا و لـە فریشـتەکان، کـە نەبینـرێ، ئنجا دەفەرمـوێ: ﴿لِّمَنِ الْمُلْكُ الْيَوْمَ﴾، ئەمـڕۆ حکومڕانیـی و دەسـەڵات هـی کێیـە؟ ﴿لِلَّهِ الْوَاحِدِ الْقَهَّارِ﴾، هـی خـوای تاکـی ملپێکەچکـەرە، لـەو ڕۆژەدا حوکـم و دەسـەڵات بـەس هـی خوایـە ﷻ.

﴿الْيَوْمَ تُجْزَىٰ كُلُّ نَفْسٍ بِمَا كَسَبَتْ﴾، خـوا دەفەرمـوێ: ئەمـڕۆ هـەر کەسـە بـە پێـی ئـەوەی کردوویـەتی، سزاو پاداشـت دەدرێتـەوە، ﴿لَا ظُلْمَ الْيَوْمَ﴾، ئەمـڕۆ هیـچ جـۆرە سـتەمێک نیـە، ﴿إِنَّ اللَّهَ سَرِيعُ الْحِسَابِ﴾، بـە دڵنیایـی خـوا لێپرسـینەوەی خێرایـە، ئـەم تەعبیـرە لـە قوڕئـان دا زۆر هاتـوە لەبـەر ئـەوەی مـرۆڤ ئەگـەر بیهێنێتـە بەرچـاوی خـۆی، هەشـت ملیـار بەشـەر ئێسـتا لەسـەر زەوی هـەن، پێشـتر چەنـد ملیـار ڕۆیشـتوون، چەنـد ملیـاری دیکـەش بەدوایانـدا دێـن، هەمـوو ئەوانـە کۆدەبنـەوە بـە تەئکیـد لێپرسـینەوەیان کاتی دەوێ، بۆیـە هەمیشـە خـوا دەفەرمـوێ: لێپرسـینەوەی خـوا خێرایـە، لێپرسـینەوەی خـوا لـە جـۆری ئـەو حیسـاب و

وردەکارییانە نیە کە بە کۆمپیوتەرەکانی ئێستا دەکرێن، بە زەبەلاحترین کۆمپیوتەر کە هەیە، کە لە چرکەیەکدا هەزاران هاوکێشەی ماتماتیکیی لێکدەداتەوە، نا، لێپرسینەوەی خوا خێرایە، شایستەی خوایە، مرۆڤ بتوانێ کۆمپیوتەرێکی وا دروست بکات، کە لە چرکەیەکدا چەندان حیساب و کیتاب بکات، دەبێ خوا ﷻ چۆنی بکات!

﴿ وَأَنذِرۡهُمۡ يَوۡمَ ٱلۡأٓزِفَةِ ﴾، هەروەها بیانترسێنە لەو ڕۆژەی نیزیکە (ٱلۡأٓزِفَةِ) سیفەتی وەسفکراوێکی قرتێنراوە، واتە: (**وأَنْذِرْهُمْ يَوْمَ القِيَامَةِ الأزِفَةِ**)، لە قیامەتی نیزیککەوتوو بیانترسێنە، یان (**السَّاعَةِ الأزِفَةِ**)، ئاخیر زەمانی نیزیککەوتوو، (**الأزِفَة**) واتە: نیزیک کەوتوو، لە (**أزِفَ**)وە هاتووە واتە: (**قَرُب**)، ﴿ إِذِ ٱلۡقُلُوبُ لَدَى ٱلۡحَنَاجِرِ ﴾، کاتێک کە دڵەکان لە لای گەرووانن، ئینسان کاتێک ترس و حەژمەت و سام و هەیبەتێکی زۆری لێبنیشێ، دڵی زۆر جووڵە جووڵ دەکات، ئەوانەش دڵیان هێندە دێت و دەچێ، خەریکە دەگاتە گەروو، ﴿ كَٰظِمِينَ ﴾، ئەوانە تووڕەیی و ترس و خەفەت و مەینەتیی خۆیان کپکردۆتەوە، یاخود: دڵەکانی خۆیان کپ دەکەنەوە، وەک چۆن سەری توورەکەیەک، مەشکەیەک، کوندەیەک بە بەن و دەزوو توند دەکرێ، بۆ ئەوەی ئەو شلەمەنییەی تێیاندایە، نەڕژێ، ئەوانەش گەرووی خۆیان کپکردوەو گرتووە، تاکو دڵیان نەیەتە دەرێ، ﴿ مَا لِلظَّٰلِمِينَ مِنۡ حَمِيمٖ وَلَا شَفِيعٖ يُطَاعُ ﴾، ستەمکاران هیچ دۆستێکی نیزیکیان نیە، هەروەها هیچ تکا کارێک کە بە قسەی بکرێ و فەرمانبەریی بکرێ، چنگیان ناکەوێ، ﴿ يَعۡلَمُ خَآئِنَةَ ٱلۡأَعۡيُنِ وَمَا تُخۡفِي ٱلصُّدُورُ ﴾، خوا ناپاکیی چاوەکان دەزانێ، یاخود چاوە ناپاکەکان دەزانێ، ﴿ وَمَا تُخۡفِي ٱلصُّدُورُ ﴾، هەروەها ئەوەش کە سینەکان پەنهانی دەکەن، ئەوەش دەزانێ.

لە کۆتاییدا خوا دەفەرموێ: ﴿ وَٱللَّهُ يَقۡضِي بِٱلۡحَقِّۖ ﴾، خوا بە هەق دادوەریی دەکات، ﴿ وَٱلَّذِينَ يَدۡعُونَ مِن دُونِهِۦ لَا يَقۡضُونَ بِشَيۡءٍۗ ﴾، بەڵام ئەوانەی لە جیاتی خوا لێیان دەپاڕێنەوە، یان جگە لە خوا لێیان دەپاڕێنەوە، هیچ بڕیار نادەن

و هیچ شتێکیان بە دەست نیە، ﴿إِنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلْبَصِيرُ﴾، بە دڵنیایی هەر خوا خۆی بیسەری بینەرە، بۆ خۆی هەموو شتێک دەبیستێ و هەموو شتێکیش دەبینێ، بڕیاریش تەنیا بڕیاری خوایە، کەواتە: خۆتان بۆ ئەو ڕۆژە باش ئامادە بکەن کە خوا قازیی و دادوەرە، هەموو شتێکیشی بیستوە، هەموو شتێکیشی بینیوە، ئاگای لە هەموو شتێکە: ئەوەی سینەکان دەیشارنەوە، ئەوەی چاوەکان بە سیلەی چاو ئەنجامیانداوە، لە موخەننەتیی و ناپاکیی، هەمووی دەزانێ، خۆتان بۆ ئەو ڕۆژە باش ئامادە بکەن.



مەسەلە گرنگەکان

مەسەلەی یەکەم:

بانگکرانی کافران کە تووڕەیی و بێزاریی خوا لە بەرانبەرتاندا، لە هی خۆتان زیاتر بوو، کاتێک کە بۆ ئیمان بانگدەکران، ئێوەش نکوولّییتان دەکردو، دان بە تاوانی خۆیاندا هێنانیان و، ڕوونکردنەوەی خوا ﷻ بۆ هۆکاری ئەو حالّە خراپەیان، کە ئەهلی شیرک و کوفر بوون و، بەهۆی ئەوەوە تووشی ئەو ئازارو مەینەتییە بوون:

خوا دەفەرمووێ: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ يُنَادَوْنَ لَمَقْتُ ٱللَّهِ أَكْبَرُ مِن مَّقْتِكُمْ أَنفُسَكُمْ إِذْ تُدْعَوْنَ إِلَى ٱلْإِيمَٰنِ فَتَكْفُرُونَ ﴿١٠﴾ قَالُواْ رَبَّنَآ أَمَتَّنَا ٱثْنَتَيْنِ وَأَحْيَيْتَنَا ٱثْنَتَيْنِ فَٱعْتَرَفْنَا بِذُنُوبِنَا فَهَلْ إِلَىٰ خُرُوجٍ مِّن سَبِيلٍ ﴿١١﴾ ذَٰلِكُم بِأَنَّهُۥٓ إِذَا دُعِىَ ٱللَّهُ وَحْدَهُۥ كَفَرْتُمْ وَإِن يُشْرَكْ بِهِۦ تُؤْمِنُواْ فَٱلْحُكْمُ لِلَّهِ ٱلْعَلِىِّ ٱلْكَبِيرِ ﴿١٢﴾﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە هەشت بڕگەدا:

١)- ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ يُنَادَوْنَ لَمَقْتُ ٱللَّهِ أَكْبَرُ مِن مَّقْتِكُمْ أَنفُسَكُمْ﴾، بە دڵنیایی ئەوانەی بێبڕوابوون، بانگ دەکرێن تووڕەیی خوا (بەرانبەرتان) لە تووڕەیی خۆتان بەرانبەر بە خۆتان گەورەترە، وەک چۆن (**أَمَنُوا**) بەرکار (**مَفْعُولٌ بِهِ**)کەی هەمیشە قرتێنراوە لە قورئاندا، بە هەمان شێوە (**كَفَرُواْ**)ش دیسان بە زۆریی وایە کە بەرکارەکەی دەقرتێنرێ، واتە: (**كَفَرُوا بِاللهِ وَمَلائِكَتِهِ وَكُتُبِهِ وَرُسُلِهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ والقَدَرِ خَيْرِهِ وَشَرِّهِ ...**) واتە: بێبڕوابوون بە هەموو ئەو شتانەی کە پێویست بووە بڕوایان پێبێنن، ئەوانەی بێبڕوابوون،

وشەی (كَفَرُوٓاْ)ش لە (كَفْر)ەوە هاتوە، (كَفْر) واتە: (سَتْر)، (كَافِر) واتە: داپۆشەر، ئەو کەسەی هەقی پێدەگاو دایدەپۆشێ، وەک جاری دیکەش گوتوومانە، کەواتە: کەسێک پەیامی خوای بەڕاستیی پێنەگەیبێ و ڕەفزی نەکردبێ، بە کافر لە قەڵەم نادرێ، بۆیە وشەی نا مسوڵمانان کافریش دەگرێتەوە، کافرەکان بە هەموو جۆرەکانیانەوە، ئەوانەی هەقیان پێگەیشتوەو ڕەتیان کردۆتەوە، هەروەها غەیری کافریش دەگرێتەوە، کەسێک کە پەیامی خوای پێنەگەیشتوە، کە دەگونجێ وشەی (فَتْرِي)ی بۆ بەکاربهێنرێ، واتە: ئەوانەی لە کات و شوێنێکدا ژیاون، پەیام و بانگەوازی خواو پێغەمبەرانی خوایان پێنەگەیشتوە، بەڵێ پێغەمبەری کۆتایی ﷺ هاتوەو پەیامەکەی پەیامێکی جیهانییە، بەڵام بۆ کەسێک کە پێی نەگەیشتبێ، وەک پێغەمبەر ﷺی بۆ نەهاتبێ وایە، خوای بەرزیش دەفەرموێ: ﴿وَمَا كُنَّا مُعَذِّبِينَ حَتَّىٰ نَبۡعَثَ رَسُولٗا ١٥﴾، واتە: ئێمە سزادەرنین تاکو پێغەمبەر نەنێرین، نە لە دنیادا خوا گەلەکان سزا دەدات و، نە لە ڕۆژی دواییشدا سزایان دەدات، لە دنیادا سزایان نادات، لەسەر ئەوەی بڕوایان بە پێغەمبەرێک نەهێناوە کە نایناسن و پەیامەکەییان پێنەگەشتوەو، لە دواڕۆژیشدا سزایان نادات، لەسەر شتێک کە نەیانزانیوەو، لەسەر شوێن نەکەوتنی پەیام و بەرنامەیەک کە پێیان نەگەیشتوەو لێی حاڵیی نەبوون، یاخود پێیان گەیشتوە، بەڵام بە هەڵگێڕدراوەیی و بە سەرەوبنیی پێیان گەیشتوە، یاخود بە شێوێنراویی پێیان گەیشتوە، ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ﴾، ئەوانەی بێبڕوابوون واتە: هەقیان پێگەیشتوەو بێبڕوابوون و ڕەفزیان کردوە.

﴿يُنَادَوۡنَ لَمَقۡتُ ٱللَّهِ أَكۡبَرُ مِن مَّقۡتِكُمۡ أَنفُسَكُمۡ﴾، بانگدەکرێـن: بـە دڵنیایـی تووڕەیـی خـوا، لـە ڕقلێبوونـەوەی خۆتـان لێتـان گەورەتـرە.

(المَقْـتُ: أَشَـدُّ البُغْـضِ) واتـە: ڕق لـێ هەڵسـانێکی زۆر، ڕق لێبوونەوەیەکـی زۆر، واتـە: ڕق لێبوونـەوەی خـوا ﷻ بـۆ ئێـوە گەورەتـرە لـە ڕق لێبوونـەوەی خۆتـان لـە خۆتـان، ئنجـا ئایـا ئـەوان چـۆن ڕقیـان لـە خۆیـان دەبێتـەوە؟:

یەکەم: لە ڕۆژی دواییدا کە تەماشا دەکەن تووشی ئەو چارەنووسە تاڵ و ناخۆشە دێن، ڕقیان لە خۆیان هەڵدەستێ، بۆچی وایانکرد؟.

دووەم: (**لأنَّهُمْ فَعَلُوا لأَنْفُسِهِمْ مَا يُشْبِهُ المَقْتَ، إذ حَرَمُوُها مِنَ الإِيْمَان**)، چونکە ئەوان کارێکیان بە خۆیان کردوە، وەک زۆر ڕقیان لە خۆیان بووبێتەوە، کە خۆیان بێبەش کردوە لە ئیمان و هیدایەت، واتە: کارێکیان بە خۆتان کردوە، شێوەی ئەوە بووە کە ڕقیان لە خۆیان هەڵسێ.

ڕقلێبوونەوەی خوا لە ئێوە، گەورەترە لە ڕق بوونەوەی خۆتان لە خۆتان، بۆچی؟

٢)- ﴿إِذْ تُدْعَوْنَ إِلَى ٱلْإِيمَـٰنِ فَتَكْفُرُونَ﴾، کاتێک کە بانگ دەکران بۆ ئیمان بەڵام بێبڕوادەبوون، (**إذْ: ظَرْفٌ للزّمَانِ المَاضِي**)، (**إذْ**): دیارە زەڕفە بۆ کاتی تێپەڕیو، کاتێک کە بانگدەکران لە لایەن کێوە؟ لە لایەن پێغەمبەرەوە ﷺ بۆ ئیمان بانگدەکران، ئەمەش دوو واتای هەن:

أ- یاد بکەنەوە کە ئەمڕۆتان بەرهەمی ئەو کاتەتانە.

ب- تووڕەیی خوا لەو کاتەدا کە بانگدەکران بۆ ئیمان و بێبڕوا دەبوون، گەورەتر بوو لە تووڕەیی خۆتان و بێزاریی خۆتان لە ئێستاتاندا لە خۆتان.

(**الطبري**) لە تەفسیرەکەیدا[1] دەڵێ: (**لَمَقْتُ اللهِ إِيَّاكُمْ أَيُّهَا الْقَوْمِ فِي الدُّنْيَا، إِذْ تُدْعَوْنَ فِيهَا لِلْإِيمَانِ بِاللهِ، فَتَكْفُرُونَ، أَكْبَرُ مِنْ مَقْتِكُمْ الْيَوْم أَنْفُسكُمْ لِمَا حَلَّ بِكُمْ مِنْ سَخطِ اللهِ عَلَيْكُمْ**)، واتە: تووڕەیی خوا ئەی خەڵکینە! لە دنیادا بەرانبەر بە ئێوە، لە کاتێکدا کە بانگدەکران بۆ ئیمان بە خوا، ئێوەش بێبڕوا دەبوون، گەورەتر بوو لە تووڕەیی خۆتان ئەمڕۆ لە خۆتان، بە هۆی ئەوەوە کە تووڕەیی خواتان دابەزیوەتە سەر.

---

(١) جامع البيان: ج٢٤، ص٤٤.

کـە دەفەرمـوێ: ﴿ يُنَادَوْنَ ﴾، واتـە: ئەوانـەی بێبڕوابـوون، خـوا ڕقـی لێیـان هەڵدەستێ، بانگدەکرێـن: تووڕەیـی خـوا بەرانبەرتـان، گەورەتـرە لـە تووڕەیـی خۆتان بەرانبـەر بـە خۆتـان.

٣)- ﴿ قَالُواْ رَبَّنَآ أَمَتَّنَا ٱثۡنَتَيۡنِ وَأَحۡيَيۡتَنَا ٱثۡنَتَيۡنِ ﴾، گوتیان: پەروەردگارمان! دوو جاران مراندتین و دوو جارانیش ژیاندتین، ئەمە زانایان زۆریان قسە لێکردوە، بەڵام ڕای ڕاست ئەوەیە کە مردنی یەکەم پێش ئەوەی دروستبکرێ و، مردنی دووەم بریتیە لەو مردنەی لە ژیانی دنیادا بەسەریان دێ و، ڕووحیان لە جەستەیان جیا دەبێتەوە.

هەروەهـا ژیـانی یەکـەم، بریتیـە لـەوەی دوای ئـەوەی دروسـتدەکرێن، ڕووح دەخرێتـە بـەر جەسـتەیان و، ژیـانی دووەمیـش ڕۆژی دواییـە کـە زینـدوو دەکرێنـەوە، ئائـەوە ڕایەکـە، هیـچ گـرێ و گۆڵـی تێـدا نیـە.

بـەڵام هەندێـک لـە سـەر لێشـێواوان ئەوەیـان کردۆتـە بەڵگـە لەسـەر دۆنـە دۆن (**تناسـخ الأرواح**) کـە ئـەوە قسـەو بیرۆکەیەکـی ئەفسـانەییە، لـە هیندسـتان و لـە ڕۆژهـەڵاتی ئاسـیا هەیـە، بـەڵام هیـچ بنەمایەکـی نیـەو، لـە ڕاسـتییدا هەمـوو مرۆڤێـک ڕووحێکـی تایبـەتی خـۆی هەیـە، خـوا بـە بـەر جەسـتەکەیدا دەکات، دوایـی لـە جەسـتەکەی دەری دێنـێ و، دەبێتـە هـۆی مـردنی و، لـە ڕۆژی دواییـدا خـوا ئـەو ڕووحـە لەگـەڵ ئـەو جەسـتەیە پێکـەوە جـووت دەکاتـەوە، بـەو شـێوەیەی کـە بـەس خـوا خـۆی دەزانـێ چۆنـە؟

کـە دەفەرمـوێ: ﴿ رَبَّنَآ أَمَتَّنَا ٱثۡنَتَيۡنِ وَأَحۡيَيۡتَنَا ٱثۡنَتَيۡنِ ﴾، هـەر کام لـە (ٱثۡنَتَيۡنِ): (**صِفَـةٌ لِمَفْعُـول مَحْـذُوفٍ**) واتـە: (**رَبَّنَـا أَمَتَّنَـا مَوْتَتَـيْنِ اثْنَتَـيْنِ، وَأَحْيَيْتَنَـا حَيَاتَـيْنِ اثْنَتَـيْنِ**)، واتـە: خوایـە دوو مـردن مراندتیـن و دوو ژیـان ژیاندتیـن.

بەڵگـەش لەسـەر ئـەوە کـە مەبەسـت لـە مـردن ئـەو حاڵەتـە بـووە، کـە ژیانیـان نەبـووە، ئەوەیـە کـە خـوا لە سـوورەتی (**البقـرة**)دا فەرموویـەتی: ﴿ كَيۡفَ تَكۡفُرُونَ بِٱللَّهِ وَكُنتُمۡ أَمۡوَٰتٗا فَأَحۡيَٰكُمۡۖ ثُمَّ يُمِيتُكُمۡ ثُمَّ يُحۡيِيكُمۡ ﴿٢٨﴾ ﴾، واتـە: چۆن

بێبڕوا دەبن بە خوا لە حاڵێكدا كە ئێوە مردوو بوون، ژیانی پێدان، (ژیانتان نەبوو ژیانی پێدان)، دوایی دەتانمرێنێ، دواییش جارێكی دیكە ژیانتان پێدەدات و زیندووتان دەكاتەوە لە ڕۆژی دواییدا، چەمك و واتای ئایەتەكەی سوورەتی (**البقرة**)، لەگەڵ چەمك و واتای ئەم ئایەتەی سوورەتی (**غافر**)دا یەكن، جا بێبڕوایان دەڵێن:

٤)- ﴿فَٱعۡتَرَفۡنَا بِذُنُوبِنَا﴾، ئێستا دانمان بە گوناحەكانی خۆمان دا هێنا، بۆمان دەركەوت كە هەڵەبووین، پێی لێدەنێین.

٥)- ﴿فَهَلۡ إِلَىٰ خُرُوجٖ مِّن سَبِيلٖ﴾، ئنجا ئایا هیچ ڕێگەیەك هەیە بۆ دەرچوون و دەربازبوون؟ (**الإِسْتِفْهامُ مُسْتَعْمَلٌ فِي الإِسْتِعْطَافِ**) لێرەدا پرسیاركردنەكە بۆ پەرۆش و بەزەیی جووڵاندنی لایەنی بەرانبەرە، واتە: ئایا ناگونجێ پەروەردگارمان بەزەییمان لەگەڵدا بنوێنێ و لەم حاڵە دەرباز بین، هیچ ڕێیەك نیە؟ وشەی (سَبِيلٖ): واتە: ڕێگا، بەڵام لێرەدا خوازراوەتەوە بۆ ئەو ئامڕازەی كە شتێك كە ئارەزوو دەكرێ و ئارەزوو كراوە، پێی وە دەستبهێنرێ.

٦)- ﴿ذَٰلِكُم بِأَنَّهُۥٓ إِذَا دُعِيَ ٱللَّهُ وَحۡدَهُۥ كَفَرۡتُمۡ﴾، (پێیان دەگوترێ:) ئا ئەم حاڵەتان بەهۆی ئەوەوەیە كە كاتێك خوا بە تەنیا بانگكرابایە، پاڕانەوەی لێكرابایە، ئێوە بێبڕوا دەبوون، ئەگەر خوا بە تەنیا پەرسترابایە بەبێ هاوبەش بۆ دانان، ئێوە بێبڕوا دەبوون.

٧)- ﴿وَإِن يُشۡرَكۡ بِهِۦ تُؤۡمِنُواْ﴾، بەڵام ئەگەر هاوبەشی بۆ دانرابایە، ئێوە بڕواتان دەهێنا.

٨)- ﴿فَٱلۡحُكۡمُ لِلَّهِ ٱلۡعَلِيِّ ٱلۡكَبِيرِ﴾، ئێستاش بڕیار هی خوای بەرزی گەورەیە.

لێرەدا كە ئەوان پرسیار دەكەن، خوا ﷻ وەڵامیان ناداتەوەو، لە جیاتی وەڵام، ئەو حاڵەتەی تووشی بوون، هۆكارەكەی دەخاتە ڕوو، هۆكاری ئەوە، كە چوونە نێو ئەو سزایە چییە؟ ئەوە بوو كە سەریان بۆ كوفرو شیرك دەخوراو، كەیفیان بە ئیمان و خوا بەیەكگرتن نەدەهات.

کـە دەفەرمـوێ: ﴿فَٱلۡحُكۡمُ لِلَّهِ ٱلۡعَلِيِّ ٱلۡكَبِيرِ﴾، لێـرەدا مەبەسـت کـورت هەڵهێنـانی بڕیـارو حوکمڕانییـە لـە خـوای بـەرزدا، واتـە: حوکـم تەنیـا هـی ئـەوە، کاتی خـۆی (خَـوارِج) یەکێـک لـەو ئایەتانـەی کـە بەڵگەیـان پێهێناونـەوە، لەسـەرئەوە کـە دەبێـت بڕیـار ڕاسـتەوخۆ خـوا بیـدات و، مـرۆڤ بـۆی نیـە بڕیـار بـدات لـە بەرانبـەر (علـي بـن أبي طالـب)دا (خـوا لێـی ڕازی بـێ) ئـەم ئایەتـە بـووە، بۆیـە عـەلی (خـوا لێـی ڕازی بـێ) لـە وەڵامیانـدا گـوتی: (كَلِمَـةُ حَـقٍّ يُـرَادُ بِهَا بَاطِـلٌ)، واتـە: ئەمـە قسـەیەکی هەقـە (کـە حوکـم تەنیا هـی خـوای بـەرزی گەورەیە)، بـەڵام مەبەسـتێکی ناهەقـی لـە پشـتەوەیە، ئـەوان مەبەسـتیان ئەوەبـوو، کـە عـەلی (خـوا لێـی ڕازیبـێ) وەک حوکمڕانێـک بـۆی نیـە هیـچ بڕیارێـک دەربـکات، مەگـەر دەقێکـی ئایەتـی بەدەسـتەوەبێ، عـەلی (خـوا لێـی ڕازی بـێ) گـوتی: بەڵـێ حوکـم حوکمـی خوایـە، بـەڵام حوکمـی خـوا دەبـێ بـە دەسـت مرۆڤەکانـەوە بـێ، کات و شـوێن و ژینگـەی گونجـاوی بـۆ بڕەخسـێنن و تێیـدا جێبەجێـی بکـەن.



مەسەلەی دووەم:

خستنەڕووی چەند کردەوەو سیفەتێکی بێ وێنەی خواو، فەرمانکردن بە پەرستنی بە ساغیی و، باسێکی ڕۆژی قیامەت کە لەو ڕۆژەدا، هەر کەسە سزاو پاداشتی پڕ بە پێست وەردەگرێتەوەو، هیچ کەس هیچ ئەندازەیەک ستەمی لێناکرێ:

خوا دەفەرموێ: ﴿ هُوَ ٱلَّذِى يُرِيكُمْ ءَايَٰتِهِۦ وَيُنَزِّلُ لَكُم مِّنَ ٱلسَّمَآءِ رِزْقًاۚ وَمَا
يَتَذَكَّرُ إِلَّا مَن يُنِيبُ ﴿١٣﴾ فَٱدْعُوا۟ ٱللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ ٱلدِّينَ وَلَوْ كَرِهَ ٱلْكَٰفِرُونَ
﴿١٤﴾ رَفِيعُ ٱلدَّرَجَٰتِ ذُو ٱلْعَرْشِ يُلْقِى ٱلرُّوحَ مِنْ أَمْرِهِۦ عَلَىٰ مَن يَشَآءُ مِنْ عِبَادِهِۦ لِيُنذِرَ
يَوْمَ ٱلتَّلَاقِ ﴿١٥﴾ يَوْمَ هُم بَٰرِزُونَۖ لَا يَخْفَىٰ عَلَى ٱللَّهِ مِنْهُمْ شَىْءٌۚ لِّمَنِ ٱلْمُلْكُ ٱلْيَوْمَۖ لِلَّهِ ٱلْوَٰحِدِ
ٱلْقَهَّارِ ﴿١٦﴾ ٱلْيَوْمَ تُجْزَىٰ كُلُّ نَفْسٍۭ بِمَا كَسَبَتْۚ لَا ظُلْمَ ٱلْيَوْمَۚ إِنَّ ٱللَّهَ سَرِيعُ
ٱلْحِسَابِ ﴿١٧﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە پازدە بڕگەدا:

١)- ﴿ هُوَ ٱلَّذِى يُرِيكُمْ ءَايَٰتِهِۦ ﴾، ئەو (خوا) کەسێکە نیشانەکانی خۆیتان پێشاندەدات، بۆیە بە کرداری ئێستا (**مُضَارِع**) هێناویەتی، چونکە خوا بەردەوام نیشانەکانی خۆی پێشانی ئێمە دەدا، بە دڵنیایی مەبەست لە (ءَايَٰتِهِۦ)، یان موعجیزەکانی پێغەمبەرانە (**عَلَيْهِمُ الصَّلاَةُ وَالسَّلاَمُ**)، یاخود دیارەدەو دیمەنە سەرنجڕاکێشەکانی دەوروبەرو بوونەوەرن.

٢)- ﴿ وَيُنَزِّلُ لَكُم مِّنَ ٱلسَّمَآءِ رِزْقًا ﴾، لەسەرێوەش بژیوتان بۆ دادەبەزێنێ، ﴿ لَكُم ﴾، پێشخراوە بۆ ئەوەی چاکەکردنی خوا لەگەڵ مرۆڤەکاندا، زیاتر دەربخرێ ﴿ وَيُنَزِّلُ لَكُم ﴾، دادەبەزێنێ بۆ ئێوە ﴿ رِزْقًا ﴾، بژیو، کە بەزانراو (**نكرة**) هاتوە، واتە: بژیوێکی گەورەو گرنگ، ئەو بژیوەش زۆر شت دەگرێتەوە، ئەوەی تاکو ئێستا بۆ ئێمە دەرکەوتوە:

١- تیشکی خۆرە.

٢- ڕووناکی مانگە.

٣- تیشکەکانی دیکەن.

٤- دابەزێنرانی ئاوە بە شێوەی بەفرو باران و تەرزەو شەونم و ئاوونگ.

بەس خواش ﷻ خۆی دەزانێ چیدیکەمان بۆ دادەبەزێنێ و، چیدیکەی دابەزاندوەو بۆتە هۆی بەڕێوەچوونی ژیانی ئێمە لەسەر زەوی، کە هەتا زانیاریی پتر بەرەو پێشەوە بچێ، نیعمەتەکانی خوا زیاتر دەردەکەون و پەردەیان لەسەر لادەچێ.

٣)- ﴿وَمَا يَتَذَكَّرُ إِلَّا مَن يُنِيبُ﴾، مەگەر کەسێک لە ناخەوە بەرەو خوا بگەڕێتەوە، ئەگەرنا بیرناکاتەوەو پەند وەرناگرێ، (**التَذَكُّرُ**): یانی: بیرهاتنەوەیە، پەند وەرگرتن، زانین و تێگەیشتن، هەموو ئەو واتایانە دەگرێتەوە، کەسێک لە ناخەوە بۆ لای خوا نەگەڕێتەوە، کاتێک سەرنجی نیعمەتەکانی خوا دەدات، سەرنجی دیاردەو دیمەنەکانی گەردوون دەدات، دەستی خوایان لە پشتەوە نابینێ، وەک چۆن کەسێک ئەگەر بە چاوی ڕووت، تەماشای دڵۆپە ئاوێک بکات، بەس دڵۆپێک ئاو دەبینێ، بەڵام ئەگەر بە میکرۆسکۆبێک تەماشای بکات، دنیایەک لە دورستکراوانی خوا لەو دڵۆپە ئاوەدا دەبینێ، هەروەها خانەیەکی جەستەی مرۆڤ، کە بە چاوی تەنیا تەماشای دەکەی، هەر نابینرێ، بەڵام کاتێک بە میکرۆسکۆب تەماشای دەکەی، هەر کام لە خانەکانی جەستەی مرۆڤ جیهانێکی سەربەخۆیە، ئنجا بە هەمان شێوەش ئەگەر ئینسان بە چاوی ئیمان تەماشای خۆی و، تەماشای دەوروبەرو بوونەوەر بکات، بە جۆرێکی دیکە خۆی و، بوونەوەرو دەوروبەری دێتە بەرچاو، کاتێک کە نیعمەتەکانی خوا بە چاوی ئیمانەوە تەماشا بکرێن، بە جۆرێکی دیکە مرۆڤ دەیانبینێ.

٤)- ﴿فَٱدْعُوا۟ ٱللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ ٱلدِّينَ﴾، دە جا لە خوا بپاڕێنەوە، بە گەردەنکەچیی بۆ ساغکەرەوانەوە.

(ٱلدِّينَ) لێرەدا بە مانای تاعەت و فەرمانبەرییە، واتە: کاتێک لە خوا دەپاڕێنەوە، گەردنکەچیی خۆشتان بۆ خوا ساغ بکەنەوەو، چاوەڕوانییتان لە هیچ شتێکی دیکەو، لە هیچ کەسێکی دیکە نەبێت.

٥)- ﴿وَلَوۡ كَرِهَ ٱلۡكَٰفِرُونَ﴾، هەرچەندە بێبڕوایەکانیش پێیان ناخۆشبێ، لەبەر ئەوەی ئەوان (بێبڕوایان) دەسەڵاتداربوون ئەو کاتە، واتە: با ئەوانیش پێیان ناخۆش بێ و پێی ناڕەحەت بن، بەڵام ئێوە کە لە خوا دەپاڕێنەوە، پاڕانەوەی خۆتان و بەندایەتیی و ملکەچیی خۆتان، بۆ خوا ساغ بکەنەوە، خڵتەی شیرکی تێکەڵ مەکەن.

ئنجا خوا ﷻ بەردەوام دەبێ لەسەر خستنەرووی چەند سیفەتێکی دیکەی و، چەند کردەوەیەکی دیکەی:

٦)- ﴿رَفِيعُ ٱلدَّرَجَٰتِ﴾، پلەکانی بەرزن، پایەکانی (خوا ﷻ) بڵندن، وشەی (ٱلدَّرَجَٰتِ): کە (أل)ی ناساندنی لەسەرە (**عِوَضٌ عَنْ المُضَافِ إليهِ: أي رَفِيْعَةٌ دَرَجَاتُه**)، (أل) قەرەبوو پاڵوەلادراوە، یانی: پلەکانی خوا بەرزن.

وشەی (**رَفِيْع**): (**صِفَة مُشَبَّهَة بالفعل**)، سیفەتێکە دەشوبهێتە کردارەوەو کاری کردار دەکات، یاخود: (**رَفِيْع الدَّرَجَات: أي كَثِيْرُ رَفْعِ الدَّرَجَات لِمَنْ يَشَاء**)، خوا زۆر پلان بەرز دەکاتەوە بۆ هەر کەسێک بیەوێ.

٧)- ﴿ذُو ٱلۡعَرۡشِ﴾، خاوەنی عەرشە، یانی: خاوەنی تەختی حوکمڕانییە، وەک پێشتریش باسمانکرد: عەرش مەخلووقێکی خوایە لەسەرووی هەموو دروستکراوەکانەوەو، دەوری هەموو دروستکراوەکانی داوەو، ئەوپەڕی پەسندو ئەوپەڕی مەزنە، وەک خۆی دەفەرموێ: ﴿رَبُّ ٱلۡعَرۡشِ ٱلۡكَرِيمِ ۝١١٦﴾المؤمنون، ﴿رَبُّ ٱلۡعَرۡشِ ٱلۡعَظِيمِ ۝١٢٩﴾التوبة.

٨)- ﴿يُلۡقِي ٱلرُّوحَ مِنۡ أَمۡرِهِۦ عَلَىٰ مَن يَشَآءُ مِنۡ عِبَادِهِۦ﴾، ڕووح فڕێدەدا (دەنێرێ) بۆ سەر هەر کام لە بەندەکانی کە بیەوێ، وشەی (ٱلرُّوحَ): هەم لێرە، هەم لە زۆر شوێنی دیکەش بە مانای وەحیی هاتوە، بۆ وێنە: لە سووڕەتی (**الشورى**)دا خوا دەفەرموێ:

﴿ وَكَذَٰلِكَ أَوۡحَيۡنَآ إِلَيۡكَ رُوحٗا مِّنۡ أَمۡرِنَا ﴿٥٢﴾ ﴾الشورى، هەر بەو شێوەیە ڕووحێكمان لە كاری خۆمانەوە بۆ تۆ نارد، بێگومان مەبەست لە ڕووح پەیامی خواو وەحیی خوایە، كە بۆ پێغەمبەرانی ناردوە (عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَام).

كـە دەفەرمـوێ: ﴿ يُلۡقِى ٱلرُّوحَ مِنۡ أَمۡرِهِۦ عَلَىٰ مَن يَشَآءُ مِنۡ عِبَادِهِۦ ﴾، وشـەی (مِنۡ) دەگونجێ بـۆ دەسـتپێك بـێ (مِـنْ إبْتِدَائِيَـة)، یاخـود بـۆ بەشـێك بـێ (أو لِلْتَبْعِيْـض)، كەواتـە: ﴿ يُلۡقِى ٱلرُّوحَ مِنۡ أَمۡرِهِۦ ﴾، واتـە: لـە دەسـتپێكەوە بـە فەرمـانی خـۆی، خـوا ڕووحەكـە دەنێـرێ، یاخـود: ئـەوەی بـە فەرمـانی خـۆی دەینێـرێ، كـە پەیامێكـە خـوا بـۆ هـەر كام لـە پێغەمبـەرانی نـاردوە، ئـەوە بەشـێك بـووە لـە ئایینەكـەی، ئنجـا بۆچـی دەینێـرێ؟

٩)- ﴿ لِيُنذِرَ يَوۡمَ ٱلتَّلَاقِ ﴾، تاكو خەڵك بترسێنێ و وریا بكاتەوە لە ڕۆژی پێكگەیشتنەكان، ئەو ڕۆژەی تێیدا: ڕووحەكان بە جەستەكان دەگەنەوە، مرۆڤ بە كردەوەی خۆی دەگاتەوە، ئەهلی ئاسمان بە ئەهلی زەوی دەگەن، مرۆڤ و فریشتەكان پێكدەگەن، بەندەكان بە دیداری خوا دەگەن، ڕۆژی پێكگەیشتنە، بە مانای فراوانی پێكگەیشتن، وشەی (يُلۡقِى): یانی: فڕێدەدات (الإِلْقَاءُ: رَمِي الشِّيءِ مِنَ اليَدِ إلى الأَرْضِ)، (إلقَاء): بریتیە لەوەی شتێك كە بە دەستتەوەیە، فڕێبدەیە سەر زەوی، بەڵام خوازراوەتەوە بۆ بەخشین و پێدان.

١٠)- ﴿ يَوۡمَ هُم بَٰرِزُونَۖ لَا يَخۡفَىٰ عَلَى ٱللَّهِ مِنۡهُمۡ شَيۡءٞۚ ﴾، ئەمە پێناسەی (يَوْمُ التَّلَاق)ە، ڕۆژی پێكگەیشتنەكان ئەو ڕۆژەیە كە ئەوان ئاشكران و هاتوونە گۆڕێ، هیچ شتێكیان لە خوا پەنهان و شێردراوە نیە.

ئـەم ڕسـتەیەش تەفسـیرو ڕوونكردنـەوەی وشـەی (بَٰرِزُونَ)ە، واتـە: دێنـە گـۆڕێ، بـە جۆرێـك كـە هیـچ شـتێكیان لـە خـوا پەنهـان و شـێردراوە نیـە، نـە لـە ڕووی جەسـتەییەوە، نـە ڕووی كردەوەكانـەوە، كـە بـە ئەندامـەكانی جەسـتە كردوویانـن و تەعبیـرەكانی زمانیـان، نـە لـە ڕووی نیـازو مەبەسـتەكانیانەوە، كـە لـە دڵ و دەروونیاندا پەنهانیـان كـردوون.

١١)- ﴿لِّمَنِ ٱلْمُلْكُ ٱلْيَوْمَ﴾، ئەمڕۆ حوکمڕانیی، دەسەڵات هی کێیە؟ ئەمە: (**مَقُولٌ لِقَولٍ مَحْذُوفٍ**) گوتراوی قسەیەکە، قرتێنراوە واتە: (**يُقَالُ لِمَنِ المُلْكُ اليَوْم**)، دەگوترێ: ئەمڕۆ حوکمڕانیی هی کێیە؟ (ٱلْيَوْمَ) لە ﴿لِّمَنِ ٱلْمُلْكُ ٱلْيَوْمَ﴾دا، (أل)کەی کە بۆ ناساندنە، مەبەست پێی ئەمڕۆژەیە کە ئێستا ئامادەیە.

١٢)- ﴿لِلَّهِ ٱلْوَٰحِدِ ٱلْقَهَّارِ﴾، (وەڵام دەدرێتەوە کە ئەمڕۆ حوکمڕانیی) تەنیا هی خوای تاکی ملپێکەچکەرە.

١٣)- ﴿ٱلْيَوْمَ تُجْزَىٰ كُلُّ نَفْسٍۭ بِمَا كَسَبَتْ﴾، ئەمڕۆ هەر کەسە بە پێی ئەوەی کردوویەتی، سزاو پاداشت دەدرێتەوە، وشەی (**جَزَاء**) لە زمانی عەرەبییدا هەم بۆ سزا (**عِقَاب**) بەکاردێ، هەم بۆ پاداشت (**ثَوَاب**)، لە زمانی کوردییدا تاکو ئێستا وشەیەکم پێ شک نایەت پڕ بە پێستی مانای (**جَزَاء**) بێ، ئەگەر (**ثَوَاب**) بێ دەڵێین: پاداشت و ئەگەر (**عِقَاب**) بێ دەڵێین: سزا، بەڵام وشەیەکمان نیە وەک (**جَزَاء**)، مانایەکی گشتگیری هەبێ بۆ سزاو پاداشت.

ئەمـڕۆ هـەر کەسـە بـە پێـی ئـەوەی کردوویـەتی، بەرانبەرەکـەی دەدرێتـەوە، سـزایە یـان پاداشـتە، واتـە: سـزایەک، یـان پاداشـتێکی پـڕ بـە پێسـتی کردەوەکـەی خـۆی دەدرێتـەوە.

١٤)- ﴿لَا ظُلْمَ ٱلْيَوْمَ﴾، ئەمڕۆ هیچ جۆرە ستەمێک نیە، (لَا) لێرەدا کە (ظُلْمَ)ی پێ (منصوب) کراوە، بۆ لابردنی تێکڕا (**نفي الجنس**)یە، یانی: هیچ جۆرە ستەمێک ئەمڕۆ لە ئارادا نیە، نە کەم، نە زۆر، وەک لە سوورەتی (**النساء**)دا دەفەرموێ: ﴿لَا يَظْلِمُ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ ﴿٤٠﴾﴾، واتە: بە قەدەر گرانایی گەردێک ستەم لە کەس ناکات.

١٥)- ﴿إِنَّ ٱللَّهَ سَرِيعُ ٱلْحِسَابِ﴾، بە دڵنیایی خوا لێپرسینەوەی خێرایە، پێشتریش باسمکرد، کە ئەم تەعبیرە لە قورئان دا زۆر هاتوە، لە سوورەتی (**النور**)دا هاتوەو لە ژمارەیەک لە سوورەتەکان دا، ئەم تەعبیرە هاتوەو، نەمبینیوە توێژەرەوانی قورئان هەڵوەستەیان لە بەرانبەر ئەم تەعبیرەدا کردبێ، بەڵام من وایتێدەگەم: خوا ﷻ

بۆیە زۆری بەکارهێناوە: (خوا لێپرسینەوەی خێرایە) بۆ لابردنی ئیشکالێک و، وەڵامی پرسیارێک کە: ئایا خوا ﷻ چۆن لە ڕۆژی دواییدا، ئەو هەموو ملیار ملیار مرۆڤانە هەروەها جندیش، لێپرسینەوەیان لەگەڵدا دەکات، ئەوەی کە شایستەی سزابێ سزا دەدرێ و ئەوەی شایستەی پاداشت بێ، پاداشتی دەدرێتەوە، دەبێ چەندی پێ بچێ؟

ئنجا بۆ وەڵامی ئەو پرسیارو لابردنی ئەو ئیشکالە، خوا ﷻ ئەم تەعبیرەی بەکارهێناوە: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ سَرِيعُ ٱلْحِسَابِ﴾، بە دڵنیایی خوا لێپرسینەوەی خێرایە، ئێستا بەشەر توانیویەتی کۆمپیوتەر دروست بکات و ئامێری وا دروست بکات، بۆ وێنە: کەسێک بە سەفەر دەچێ بۆ وڵاتێک، ئەگەر بیانەوێ لەو وڵاتە کونیەی ئەو کەسە دەربێنن، چەند سەفەری کردوون؟ بۆ کوێ و کوێ؟ چی کردوەو چۆنی کردوە؟ دەگونجێ هەمووی بە یەک دوگمە بێتە بەرچاو: تۆ فلانکەسی و ئەوەندە سەفەرت کردوون، ئاوات کردوەو ئاوا چووی و ئاوابووی، ئنجا ئەگەر مرۆڤ بتوانێ بە چەند چرکەیەک دەست بە دوگمەیەک دابێنێ، هەموو نهێنییەکان و هەڵسوکەوتەکانی مرۆڤێک بخاتەڕوو، دەبێ خوا ﷻ چەند بە خێرایی ئەو پرۆسەی لێپرسینەوەو سزاو پاداشت دانەوەیە ئەنجام بدات! واتە: ئەی مرۆڤەکان! خوا ﷻ لێپرسینەوەی وەک هی ئێوە نیە، چونکە ئەگەر وابێ، ملیۆنان ساڵی پێدەچێت، هەتا لێپرسینەوەی ئەو هەموو خەڵکە تەواو دەبێ.



مەسەلەی سێیەم و کۆتایی:

ترساندنی بەندەکان بە تایبەت بێبڕوایان لە ڕۆژی قیامەت، کە زۆر نیزیکەو، کاتێک دێ بێبڕوایان لە ترسان دڵیان دێتە لای گەروویان، خواش ﷻ خیانەتی چاوان و نهێنیی دڵان دەزانێ و، بڕیاری دادوەرییش تەنیا هی خوایە، ئەوانی دیکەش هیچیان لە دەست نایەت:

خوا دەفەرموێ: ﴿ وَأَنذِرْهُمْ يَوْمَ ٱلْـَٔازِفَةِ إِذِ ٱلْقُلُوبُ لَدَى ٱلْحَنَاجِرِ كَٰظِمِينَ ۚ مَا
لِلظَّٰلِمِينَ مِنْ حَمِيمٍ وَلَا شَفِيعٍ يُطَاعُ ﴿١٨﴾ يَعْلَمُ خَآئِنَةَ ٱلْأَعْيُنِ وَمَا تُخْفِى ٱلصُّدُورُ
﴿١٩﴾ وَٱللَّهُ يَقْضِى بِٱلْحَقِّ ۖ وَٱلَّذِينَ يَدْعُونَ مِن دُونِهِۦ لَا يَقْضُونَ بِشَىْءٍ ۗ إِنَّ ٱللَّهَ هُوَ
ٱلسَّمِيعُ ٱلْبَصِيرُ ﴿٢٠﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە نۆ بڕگەدا:

١)- ﴿ وَأَنذِرْهُمْ يَوْمَ ٱلْـَٔازِفَةِ ﴾، بیانترسێنەو، وریایان بکەوە، بەرانبەر بە ڕۆژی نیزیک، (يَوْمَ) واتە: ڕۆژ، (ٱلْـَٔازِفَةِ) واتە: وەنیزیک کەوتوو، (ٱلْـَٔازِفَةِ) لە (أَزِفَ)وە هاتوە، واتە: (**قَرُب**) نیزیک کەوتۆتەوە، (ٱلْـَٔازِفَةِ) واتە: شتێک کە نیزیکە، کە (ٱلْـَٔازِفَةِ) سیفەتی وەسفکراوێکی قرتێنراوە، واتە: (**وَأَنذِرْهُمْ يَوْمَ السَّاعَةِ الأَزِفَة**)، یان (**القِيَامَةِ الأَزِفَة**)، ئاخیر زەمانی نیزیک، یاخود قیامەت و هەڵسانەوەی وەنیزیک کەوتوو، (**وَأَنْذِرْهُم: الإِنْذَار: إِعْلَامٌ مَعَ تَحْذِيْر وَتَخْوِيْفٍ**) واتە: (**إِنذار**) ئاگادارکردنەوەیە لە گەڵ ترساندن و هۆشداریی پێداندا، (**أَزِفَة**)ش ناوی بکەر (**إِسْم فاعل**)ەو، بە مێیینە هاتوە، داتاشراوە لە کرداری (**أَزِفَ الأَمْرُ، أي قَرُب**)، یانی: کارەکە نیزیک بۆوە.

٢)- ﴿ إِذِ ٱلْقُلُوبُ لَدَى ٱلْحَنَاجِرِ ﴾، کاتێک کە دڵەکان لە لای گەرووەکانن، (**إِذْ: بَدَلٌ مِنْ يَوْم: إِسْمُ زَمَانٍ، وَمَنْصُوبٌ عَلَى المَفْعُول بِه، مُضَاف إِلى جُمْلَة**: ﴿ إِذِ ٱلْقُلُوبُ لَدَى ٱلْحَنَاجِرِ ﴾)، واتە: (**إِذ**) لە جێی (**يَوم**) دانیشتوەو دەبێتە زەرف بۆ کات، (منصوب)ە لەسەر حاڵەتی بەرکار (**مفْعُول بِه**) کە پاڵدراوەتە لای وشەی: ﴿ لَدَى ٱلْحَنَاجِرِ ﴾، لە لای گەرووەکان.

٣)- ﴿ كَٰظِمِينَ ﴾، كپكەرەوەن، ئەمە حاڵەو كۆی (كَاظِم)ە، واتە: كپكەرەوە، واتە: ئەوانە گەروویان توند گرتوەو كپیان كردۆتەوە، تاكو دڵیان كە لە حاڵەتی لێدانێكی زۆر بە قوەت دایە، لە ڕێی گەرووییانەوە نەیەتە دەرێ، واتە: (كَاظِمِيْنَ لِحَنَاجِرِهِمْ) یان (كَاظِمِيْنَهَا) واتە: ئەوان گەروویانیان كپكردوەو گرتوویانە، تاكو دڵیان لێوەی نەیەتە دەرێ.

٤)- ﴿ مَا لِلظَّٰلِمِينَ مِنۡ حَمِيمٖ وَلَا شَفِيعٖ يُطَاعُ ﴾، ستەمكاران هیچ دۆست و نیزیكێكیان نیەو، هیچ تكاكارێكیش كە بە قسەی بكرێ، نیانە، (شَفِيعٖ)، واتە: تكاكار، (يُطَاعُ)، واتە: بە قسەكراو، (حَمِيمٖ)یش واتە: دۆست و نیزیك.

٥)- ﴿ يَعۡلَمُ خَآئِنَةَ ٱلۡأَعۡيُنِ وَمَا تُخۡفِي ٱلصُّدُورُ ﴾، (خوا) ناپاكیی چاوەكان دەزانێ، ئەوەی سینەكانیش پەنهانیان كردوە، هەر دەیزانێ، خیانەتی چاوەكان یانی: كەسێك لە دنیادا بە تیلە چاوێك، بە سیلە چاوێك، بە برۆ هەڵتەكاندنێك، ئاماژەیەكی خراپی كردوە، یاخود ڕوانینێكی حەرامی كردوە، یان بە چاوی سیخوڕیی كرد بێ، یان هەڕەشەی كردبێ، یان بە جۆرێكی خراپ سەرنجی كەسێكی دابێ، خوای پەروەردگار خیانەت و ناپاكیی ئەو چاوە دەزانێ، ﴿ وَمَا تُخۡفِي ٱلصُّدُورُ ﴾، نەك هەر هی چاوەكان، بەڵكو ئەوەش كە سینەكانیش پەنهانیان كردوە، ئەوەش دەزانێ.

وشەی (خائنة) لە: ﴿ خَآئِنَةَ ٱلۡأَعۡيُنِ ﴾، دوو حاڵەتی هەن:

أ- بە مانای خیانەتەو، چاوگەو پاڵدراوەتە لای بكەرەكەی، وەك (العَافِيَة) كە بۆ (مُعَافَاة) بەكاردێ و (الكَاذِبَة) بۆ (الكَذِب) بەكاردێ، كەواتە: ﴿ خَآئِنَةَ ٱلۡأَعۡيُنِ ﴾، واتە: ناپاكیی چاوەكان (خِيَانَةُ الأَعْيُنِ).

ب- یاخود: ﴿ خَآئِنَةَ ٱلۡأَعۡيُنِ ﴾، ناوی بكەر (إسم فاعل)ەو سیفەتی وەسفكراوێكی قرتێنراوە، كە وشەی (ٱلۡأَعۡيُنِ): دەلالەتی لەسەر دەكات (أي: نَظْرَةُ الأَعْيُنِ الخَائِنَة)، واتە: ڕووانینی چاوە ناپاكەكان.

لێرەدا ئەم دەقە بێنین باشە، كە چەمك و واتای ناپاكیی چاوەكان، یان چاوە ناپاكەكانمان زیاتر بۆ ڕوون دەكاتەوە:

{عَنْ سَعْدٍ رضي الله عنه، قَالَ لَمَّا كَانَ يَوْمُ فَتْحِ مَكَّةَ، اخْتَبَأَ عَبْدُ اللهِ بْنُ سَعْدِ بْنِ أَبِي سَرْحٍ عِنْدَ عُثْمَانَ بْنِ عَفَّانَ، فَجَاءَ بِهِ حَتَّى أَوْقَفَهُ عَلَى النَّبِيِّ ﷺ فقال: يَا رَسُولَ اللهِ! بَايِعْ عَبْدَ اللهِ، فَرَفَعَ رَأْسَهُ فَنَظَرَ إِلَيْهِ ثلاَثًا كُلُّ ذَلِكَ يَأْبَى، فَبَايَعَهُ بَعْدَ ثلاَثٍ، ثُمَّ أَقْبَلَ عَلَى أَصْحَابِهِ فَقَالَ: «أَمَا كَانَ فِيكُمْ رَجُلٌ رَشِيدٌ يَقُومُ إِلَى هَذَا، حَيْثُ رَآنِي كَفَفْتُ يَدِي عَنْ بَيْعَتِهِ، فَيَقْتُلَهُ»؟ فَقَالُوا: مَا نَدْرِي يَا رَسُولَ اللهِ مَا فِي نَفْسِكَ، أَلا أَوْمَأْتَ إِلَيْنَا بِعَيْنِكَ، قَالَ: «إِنَّهُ لاَ يَنْبَغِي لِنَبِيٍّ أَنْ تَكُونَ لَهُ خَائِنَةُ الأَعْيُنِ»} (أخرجه أبو داود: ٢٦٨٣، والنسائي في الكبرى: ٣٥٣٠، وأبو يعلى: ٧٥٧، وصَحَّحَهُ الألباني).

واتە: سەعد (خوا لێی ڕازیبێ) دەڵێ: عەبدوڵڵای کوڕی سەعد کوڕی ئەبی سەرح لە کاتی ئازادکردنی مەککەدا خۆی لە لای عوسمان (خوا لێی ڕازی بێ) پەنهان کردبوو، ئەویش هێنای بۆ لای پێغەمبەر ﷺ لە بەردەمیدا وەستاندی، (کە پەنای بدات هێنای بۆ خزمەت پێغەمبەر ﷺ)، گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا! پەیمانی لێوەربگرە، (پێغەمبەر) سەری بەرز کردەوە سێ جاران تەماشای کردو، ئامادە نەبوو پەیمانی لێوەربگری، پاش ئەو سێ جارە، پەیمانی لێوەرگرت، دوایی پێغەمبەری خوا ﷺ ڕووی لە هاوەڵانی کردو فەرمووی: ئایا پیاوێکی ئازاو سەر ڕاستتان تێدا نەبوو، هەڵسێ بۆ ئەمە، دوای ئەوەی منی بینی دەستم گرتەوە (لەوەی پەیمانی لێوەربگرم)، بیکوشتابە! گوتیان: نەمانزانی ئەی پێغەمبەری خوا! چ لە ناختدا هەیە، هەر ئاماژەیەکت بۆ کردبایە بە چاوت، (پێغەمبەری خوا ﷺ) فەرمووی: بێگومان ناگونجێ و شایستە نیە بۆ هیچ پێغەمبەرێک، ناپاکیی چاوی هەبێ (نابێت نیگایەکی هەبێ ناپاکیی تێدابێ، با بەرانبەر بە کەسێکی شایستەش بێ).

٦)- ﴿وَٱللَّهُ يَقۡضِي بِٱلۡحَقِّۖ﴾، خواش ﷻ بە هەق دادوەریی دەکات، دادگەرانە دادوەریی دەکات.

٧)- ﴿وَٱلَّذِينَ يَدۡعُونَ مِن دُونِهِۦ لَا يَقۡضُونَ بِشَيۡءٍۗ﴾، ئەوانەش کە جگە لەو لێیان دەپاڕێنەوە، هیچ بڕیارێک نادەن.

خوێنراویشـەتەوە: (**تَدْعُـونَ مِنْ دُونِهِ**)، بـە شـێوەی دوێـنران (**خطـاب**)و، (**يَدْعُـون**)ش بـە شـێوەی نادیـار (**غیـاب**)، کـە ئێـوە لـە جیاتی خـوا لێیـان دەپاڕێنـەوە.

﴿لَا يَقْضُونَ بِشَيْءٍ﴾، هیـچ بڕیارێـک نـادەن، هیـچ شـتێکیان لـە بڕیـار بـە دەسـت نیـە، واتـە: لـەو ڕۆژەدا بڕیـار تەنیـا بڕیـاری خوایـە، حوکـم تەنیـا حوکمـی خوایـەو تەنیـا خـوا دادوەرو بڕیـاردەرە.

٨)- ﴿إِنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلْبَصِيرُ﴾، بە دڵنیایی هەر ئەویش بیسەری بینەرە.

ئەمـە هیـچ گومـانی تێدانیـە، بـۆ ئەوەیـە کـە مرۆڤـەکان خۆیـان ئامـادە بکـەن، بزانـن دەچنـەوە بـەردەم کـێ و، وریـا بـن ئـەم ژیـانی دنیایـە چـۆنی دەگوزەرێنـن!

با سەرنجێکی وشەی ﴿كَٰظِمِينَ﴾، بدەینەوە:

وشـەی: ﴿كَٰظِمِينَ﴾، کـۆی (**كَاظِـمْ**)ە، ئەویـش لـە (**كَظْـم**)ەوە هاتـوە، (**الكَظْـمُ: سَـدُّ مَجْـرَى شَيء**)، (**كَظْـم**): بریتیـە لـە گرتنـی دەرگای شـتێک، ڕێـگای شـتێک بگیـرێ کـە لێـوەی نەجووڵـێ، یـان دەرنەچـێ، لێـرە کـە دەفەرمـوێ: ﴿كَٰظِمِينَ﴾، (**كظـم**) یـان بـە حاڵـەتی (لازم) هاتـوە، یـان بـە (**متعـدِّي**)، ئەگـەر بـە (لازم) بـێ، ئـەو کاتـە پێویسـتیی بە بەرکار نابـێ: ﴿كَٰظِمِينَ﴾، واتـە: کپکـەرەوەن، ئەگـەر بـە تێپەڕکـەر (**مُتعَـدِّي**) بـێ و بـەرکار (**مفعـول بـه**) بخـوازێ، (**أي كَاظِمِـيْنَ حَنَاجِرَهِـمْ إشْـفَاقاً مِـنْ أَنْ تَخْـرُج مِنْهَـا قُلُوبُهُـمْ**)، ئـەو کاتـە: ﴿كَٰظِمِينَ﴾، یـانی: (**كَاظِمِيْنَهَـا**)، کپکـەرەوەن بۆیـان، واتـە: قوڕقوڕاگـەکانی خۆیـان، گرتـوون، لـە تـرسی ئـەوە کـە دڵیـان لێوەیـان دەربچـێ.

لـە خـوای پـەروەردگار دەپاڕێینـەوە کـە بـە لوتـف و کـەرەمـی خـۆی یارمەتییـمان بـدات، بـە شـێوەیەک ئـەم ژیـانی دنیایەمـان بگوزەرێنیـن، کـە شایسـتەی پایـەو مەقامـی بـەرزو بـێ وێنـەی خـوای بـێ، کـە خاوەنی ئـەو هەمـوو سیفەتە بـەرزو ئـەو هەمـوو کردەوانەیـەو، خـاوەنی ئـەو هەمـوو چاکـەو نیعمەتانەیـە لـە ژیانمانـداو

بــە دیهێنــەرو پــەروەردگارو مشــوورخۆرو هەمــەکارەی کــەون و کائیناتــە، خــوا یارمەتییــمان بــدات کــە ژیانەکەمــان ژیانێکــی پــاک و چــاک بــێ، بــە شــێوەیەک بــێ کــە لــە ڕۆژی قیامەتــدا دەهێنرێینــە گــۆڕێ، هیــچ شــتێکمان نەبــێ پێــی عەیبــدار بیــن، خــوا بمانپارێــزێ لــەوەی نیەتێکــمان هەبــێ، قســەیەکمان هەبــێ، هەڵســوکەوتێکمان هەبــێ، کــە لــە ڕۆژی قیامەتــدا ئابڕوومــان پێــوەی بچــێ.

خــوا بــە لوتــف و کەڕەمــی خــۆی دەروونیشــمان جــوان بــکات، دەریشــمان جــوان بــکات، وەک پێغەمبــەر ﷺ هــەر جارێــک تەماشــای ئاوێنــەی دەکــرد، دەیفەرمــوو: **{اَللَّهُـمَّ كَـمَا أَحْسَـنْتَ خَلْقِـي، فَحَسِّـنْ خُلُقِـي} (أخرجـه أحمـد: ٢٤٤٣٧، عَـنِ ابْـنِ مَسْـعُودٍ رضي اللـه عنـه، تعليـق شـعيب الأرنـؤوط: إسـناده حسـن).**

واتــە: خوایــە! وەک چــۆن جەســتەت جــوان کردووم، ڕەوشتیشــم جوان بکــە، ئێمەش لــە خــوا دەپاڕێینــەوە: خوایــە! یارمەتییــمان بــدە، هــەم کــردەوە ڕواڵەتییەکانمــان چــاک و جــوان و پەســندو شــەرعیی بــن، هــەم کــردەوە پەنهانەکانیشــمان، کــە گرنگــترن لــە کــردەوە ڕواڵــەت و بەرچــاوەکان، نیــازەکانی نێــو دڵــمان، خولیایــەکانی نێــو مێشــکمان، ئــەو کردەوانــە کــە بــە پەنهانیــی دەیانکەیــن، ئــەو نیــازو مەبەســتانە کــە لــە دڵمانــدا هــەن، خوایــە ئەوانەمــان پــاک و جــوان و چــاک بــن، بــۆ ئــەوەی لــە ڕۆژی دوایــی دا ڕۆژێــک کــە نهێنییــەکان ئاشــکرا دەبــن و، دەهێنرێنــە گــۆڕێ، عەیبــدارو شــەرمەزار نەبیــن.

سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ، أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ، أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ.

دەرسی سێیەم


AliBapir
archive.org/details/@alibapir
AliBapir
www.alibapir.net


AliBapir
AliBapir

پێناسەی ئەم دەرسە

ئەم دەرسەمان بیست و شەش (٢٦) ئایەت دەگرێتە خۆی، کە بریتین لە ئایەتەکانی: (٢١ - ٤٦)، لە بیست و شەش ئایەتەدا، خوا ﷻ سەرەتا ئاماژەیەک بە مێژووی گەلانی لە خوا یاخیی و ملهوڕ دەکات، کە لە پێش ئوممەتی پێغەمبەری کۆتایی موحەممەددا ﷺ ڕابردوون و، زۆریش خاوەن تواناو هێز بوون، بەڵام کاتێک کە بەڵای خواو سزای خوایان بۆ هاتوە، بەهۆی ملهوڕیی و یاخیبوونیانەوە، ئەو تواناو هێزەیان دادی نەداون.

دوایی پێنج ئایەت ئایەتەکانی: (٢٣ - ٢٧) بۆ بەسەرهاتی مووسا ؑ، لە بەرانبەریشیدا فیرعەون و هامان و قاڕوون، تەرخانکراون.

دواییش نۆزدە (١٩) ئایەتەکەی کە دەمێننەوە، ئایەتەکانی: (٢٨ - ٤٦) هەموویان بۆ بەسەرهاتی پیاوێکی بڕواداری ئیمانی خۆ پەنهانکەر لە دارو دەستەی فیرعەون، تەرخانکراون: ﴿ وَقَالَ رَجُلٌ مُّؤْمِنٌ مِّنْ ءَالِ فِرْعَوْنَ يَكْتُمُ إِيمَٰنَهُۥٓ ﴾!

کە ئەو پیاوە لە کاتێکی زۆر ناسک و دژواردا ڕادەپەڕێ و بەرگرییەکی جوامێرانەی سەخت لە مووسا ؑ دەکات، لە بەرانبەر فیرعەون و دارو دەستەکەی و هەڕەشەو گوڕەشەکانیانداو، لە هەموو قوڕئاندا، ئێرە تاکە شوێنە کە ئەو بەسەرهاتەی تێدا هاتوەو، شایانی باسە: ئەو پیاوە بڕوادارەش لە بەرگرییکردنەکەیدا گەلێک ئامۆژگاریی گەورەو گرنگ و ڕاستی مەزن دەخاتەڕوو، دوو جاریش فیرعەون دێتە قسە لە مەیدانی بەرگرییکردنەکەی ویداو، فیرعەون وەک قسە بڕین قسەی پێ دەبڕێ، بەڵام سەرەنجام خوا ﷻ ئەو پیاوە لە ئازارو هەڕەشەو گوڕەشەی فیرعەون و دارودەستەکەی چەپاڵە دەدات و دەیپارێزێ، ئەو ئەرکی سەرشانی خۆی جێبەجێ دەکات، خوای میهرەبانیش ئەو لە بەڵاو سزای ئەوان دەپارێزێ.

﴿ أَوَلَمْ يَسِيرُوا۟ فِى ٱلْأَرْضِ فَيَنظُرُوا۟ كَيْفَ كَانَ عَـٰقِبَةُ ٱلَّذِينَ كَانُوا۟ مِن قَبْلِهِمْ ۚ كَانُوا۟
هُمْ أَشَدَّ مِنْهُمْ قُوَّةً وَءَاثَارًا فِى ٱلْأَرْضِ فَأَخَذَهُمُ ٱللَّهُ بِذُنُوبِهِمْ وَمَا كَانَ لَهُم مِّنَ ٱللَّهِ
مِن وَاقٍ ﴿٢١﴾ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ كَانَت تَّأْتِيهِمْ رُسُلُهُم بِٱلْبَيِّنَـٰتِ فَكَفَرُوا۟ فَأَخَذَهُمُ ٱللَّهُ ۚ
إِنَّهُۥ قَوِىٌّ شَدِيدُ ٱلْعِقَابِ ﴿٢٢﴾ وَلَقَدْ أَرْسَلْنَا مُوسَىٰ بِـَٔايَـٰتِنَا وَسُلْطَـٰنٍ مُّبِينٍ
﴿٢٣﴾ إِلَىٰ فِرْعَوْنَ وَهَـٰمَـٰنَ وَقَـٰرُونَ فَقَالُوا۟ سَـٰحِرٌ كَذَّابٌ ﴿٢٤﴾ فَلَمَّا جَآءَهُم
بِٱلْحَقِّ مِنْ عِندِنَا قَالُوا۟ ٱقْتُلُوٓا۟ أَبْنَآءَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ مَعَهُۥ وَٱسْتَحْيُوا۟ نِسَآءَهُمْ ۚ
وَمَا كَيْدُ ٱلْكَـٰفِرِينَ إِلَّا فِى ضَلَـٰلٍ ﴿٢٥﴾ وَقَالَ فِرْعَوْنُ ذَرُونِىٓ أَقْتُلْ مُوسَىٰ
وَلْيَدْعُ رَبَّهُۥٓ ۖ إِنِّىٓ أَخَافُ أَن يُبَدِّلَ دِينَكُمْ أَوْ أَن يُظْهِرَ فِى ٱلْأَرْضِ ٱلْفَسَادَ ﴿٢٦﴾
وَقَالَ مُوسَىٰٓ إِنِّى عُذْتُ بِرَبِّى وَرَبِّكُم مِّن كُلِّ مُتَكَبِّرٍ لَّا يُؤْمِنُ بِيَوْمِ ٱلْحِسَابِ
﴿٢٧﴾ وَقَالَ رَجُلٌ مُّؤْمِنٌ مِّنْ ءَالِ فِرْعَوْنَ يَكْتُمُ إِيمَـٰنَهُۥٓ أَتَقْتُلُونَ رَجُلًا أَن يَقُولَ
رَبِّىَ ٱللَّهُ وَقَدْ جَآءَكُم بِٱلْبَيِّنَـٰتِ مِن رَّبِّكُمْ ۖ وَإِن يَكُ كَـٰذِبًا فَعَلَيْهِ كَذِبُهُۥ ۖ وَإِن
يَكُ صَـٰدِقًا يُصِبْكُم بَعْضُ ٱلَّذِى يَعِدُكُمْ ۖ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَهْدِى مَنْ هُوَ مُسْرِفٌ كَذَّابٌ
﴿٢٨﴾ يَـٰقَوْمِ لَكُمُ ٱلْمُلْكُ ٱلْيَوْمَ ظَـٰهِرِينَ فِى ٱلْأَرْضِ فَمَن يَنصُرُنَا مِنۢ بَأْسِ ٱللَّهِ إِن
جَآءَنَا ۚ قَالَ فِرْعَوْنُ مَآ أُرِيكُمْ إِلَّا مَآ أَرَىٰ وَمَآ أَهْدِيكُمْ إِلَّا سَبِيلَ ٱلرَّشَادِ ﴿٢٩﴾ وَقَالَ
ٱلَّذِىٓ ءَامَنَ يَـٰقَوْمِ إِنِّىٓ أَخَافُ عَلَيْكُم مِّثْلَ يَوْمِ ٱلْأَحْزَابِ ﴿٣٠﴾ مِثْلَ دَأْبِ قَوْمِ نُوحٍ
وَعَادٍ وَثَمُودَ وَٱلَّذِينَ مِنۢ بَعْدِهِمْ ۚ وَمَا ٱللَّهُ يُرِيدُ ظُلْمًا لِّلْعِبَادِ ﴿٣١﴾ وَيَـٰقَوْمِ إِنِّىٓ أَخَافُ عَلَيْكُمْ
يَوْمَ ٱلتَّنَادِ ﴿٣٢﴾ يَوْمَ تُوَلُّونَ مُدْبِرِينَ مَا لَكُم مِّنَ ٱللَّهِ مِنْ عَاصِمٍ ۗ وَمَن يُضْلِلِ ٱللَّهُ فَمَا لَهُۥ مِنْ
هَادٍ ﴿٣٣﴾ وَلَقَدْ جَآءَكُمْ يُوسُفُ مِن قَبْلُ بِٱلْبَيِّنَـٰتِ فَمَا زِلْتُمْ فِى شَكٍّ مِّمَّا جَآءَكُم
بِهِۦ ۖ حَتَّىٰٓ إِذَا هَلَكَ قُلْتُمْ لَن يَبْعَثَ ٱللَّهُ مِنۢ بَعْدِهِۦ رَسُولًا ۚ كَذَٰلِكَ يُضِلُّ ٱللَّهُ
مَنْ هُوَ مُسْرِفٌ مُّرْتَابٌ ﴿٣٤﴾ ٱلَّذِينَ يُجَـٰدِلُونَ فِىٓ ءَايَـٰتِ ٱللَّهِ بِغَيْرِ سُلْطَـٰنٍ أَتَىٰهُمْ ۖ
كَبُرَ مَقْتًا عِندَ ٱللَّهِ وَعِندَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ۚ كَذَٰلِكَ يَطْبَعُ ٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ قَلْبِ
مُتَكَبِّرٍ جَبَّارٍ ﴿٣٥﴾ وَقَالَ فِرْعَوْنُ يَـٰهَـٰمَـٰنُ ٱبْنِ لِى صَرْحًا لَّعَلِّىٓ أَبْلُغُ ٱلْأَسْبَـٰبَ ﴿٣٦﴾

أَسْبَٰبَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ فَأَطَّلِعَ إِلَىٰٓ إِلَٰهِ مُوسَىٰ وَإِنِّى لَأَظُنُّهُۥ كَٰذِبًا ۚ وَكَذَٰلِكَ زُيِّنَ
لِفِرْعَوْنَ سُوٓءُ عَمَلِهِۦ وَصُدَّ عَنِ ٱلسَّبِيلِ ۚ وَمَا كَيْدُ فِرْعَوْنَ إِلَّا فِى تَبَابٍ ﴿٣٧﴾
وَقَالَ ٱلَّذِىٓ ءَامَنَ يَٰقَوْمِ ٱتَّبِعُونِ أَهْدِكُمْ سَبِيلَ ٱلرَّشَادِ ﴿٣٨﴾ يَٰقَوْمِ إِنَّمَا
هَٰذِهِ ٱلْحَيَوٰةُ ٱلدُّنْيَا مَتَٰعٌ وَإِنَّ ٱلْءَاخِرَةَ هِىَ دَارُ ٱلْقَرَارِ ﴿٣٩﴾ مَنْ عَمِلَ سَيِّئَةً
فَلَا يُجْزَىٰٓ إِلَّا مِثْلَهَا ۖ وَمَنْ عَمِلَ صَٰلِحًا مِّن ذَكَرٍ أَوْ أُنثَىٰ وَهُوَ مُؤْمِنٌ
فَأُو۟لَٰٓئِكَ يَدْخُلُونَ ٱلْجَنَّةَ يُرْزَقُونَ فِيهَا بِغَيْرِ حِسَابٍ ﴿٤٠﴾ وَيَٰقَوْمِ مَا لِىٓ أَدْعُوكُمْ
إِلَى ٱلنَّجَوٰةِ وَتَدْعُونَنِىٓ إِلَى ٱلنَّارِ ﴿٤١﴾ تَدْعُونَنِى لِأَكْفُرَ بِٱللَّهِ وَأُشْرِكَ بِهِۦ مَا
لَيْسَ لِى بِهِۦ عِلْمٌ وَأَنَا۠ أَدْعُوكُمْ إِلَى ٱلْعَزِيزِ ٱلْغَفَّٰرِ ﴿٤٢﴾ لَا جَرَمَ أَنَّمَا تَدْعُونَنِىٓ إِلَيْهِ
لَيْسَ لَهُۥ دَعْوَةٌ فِى ٱلدُّنْيَا وَلَا فِى ٱلْءَاخِرَةِ وَأَنَّ مَرَدَّنَآ إِلَى ٱللَّهِ وَأَنَّ ٱلْمُسْرِفِينَ هُمْ
أَصْحَٰبُ ٱلنَّارِ ﴿٤٣﴾ فَسَتَذْكُرُونَ مَآ أَقُولُ لَكُمْ ۚ وَأُفَوِّضُ أَمْرِىٓ إِلَى ٱللَّهِ ۚ إِنَّ
ٱللَّهَ بَصِيرٌۢ بِٱلْعِبَادِ ﴿٤٤﴾ فَوَقَىٰهُ ٱللَّهُ سَيِّـَٔاتِ مَا مَكَرُوا۟ ۖ وَحَاقَ بِـَٔالِ فِرْعَوْنَ
سُوٓءُ ٱلْعَذَابِ ﴿٤٥﴾ ٱلنَّارُ يُعْرَضُونَ عَلَيْهَا غُدُوًّا وَعَشِيًّا ۖ وَيَوْمَ تَقُومُ ٱلسَّاعَةُ أَدْخِلُوٓا۟
ءَالَ فِرْعَوْنَ أَشَدَّ ٱلْعَذَابِ ﴿٤٦﴾

مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان

{ئایا بە زەویدا نەڕۆیشتوون سەرنج بدەن! سەرەنجامی ئەوانە چۆن بوو، کە لە پێش ئەواندا بوون، لە حاڵێکدا کە هێزو توانایان لەوان سەختترو شوێنەوارەکانیان (لە هی ئەوان) دیارترن، کەچی خوا بەهۆی گوناهەکانیانەوە گرتنی (و سزای دان)و، هیچ پارێزەرێکیشیان لە (سزای) خوا نەبوو ﴿٢١﴾ ئەوەش لە سۆنگەی ئەوەوە، کە پێغەمبەرانیان بەڵگە ڕۆشنەکانیان بۆ هێنان، بەڵام ئەوان بێبڕوابوون (پێیان)، ئیدی خواش گرتنی (و سزای دان)، بە دڵنیایی ئەو بەهێزەو تۆڵەی سەخت و توندە ﴿٢٢﴾ بێگومان مووساشمان بە نیشانەکانمانەوە، هەروەها بە بەڵگەیەکی ڕوونەوە ڕەوانکرد ﴿٢٣﴾ بۆ لای فیرعەون و هامان و قاڕوون کەچی گوتیان: جادووگەرێکی درۆزنە! ﴿٢٤﴾ ئنجا کاتێک (مووسا) لە لایەن ئێمەوە هەقی بۆ بردن، گوتیان: ئەوانەی بڕوایان لەگەڵی هێناوە، کوڕەکانیان بکوژن و، ئافرەتەکانیشیان زیندوو بهێڵنەوە! پیلان و نەخشەی بێبڕوایانیش هەر لە ونبوون (و سەر بە فەتارەت چوون) دایە ﴿٢٥﴾ فیرعەونیش گوتی: لێم گەڕێن با مووسا بکوژم و با ئەویش لە پەروەردگاری وەپاڕێ، چونکە من دەترسم ئایین و بەرنامەکەتان بگۆڕێ، یان خراپەو ئاشووب لە زەوی (میسر)دا پەیدابکات ﴿٢٦﴾ مووساش گوتی: من پەنا دەگرم بە پەروەردگاری خۆم و، پەروەردگاری ئێوەش لە هەر خۆبەزلگرێک کە بڕوای بە ڕۆژی لێپرسینەوە نیە ﴿٢٧﴾ پیاوێکی بڕواداریش لە شوێنکەوتووان (و دەستەو دارە)ی فیرعەون کە بڕوایەکەی خۆی دەشاردەوە گوتی: ئایا پیاوێک دەکوژن (تەنیا) لەبەر ئەوەی دەڵێ: پەروەردگارم خوایەو، بە دڵنیایی لە پەروەردگاریشیەوە بەڵگە ڕۆشنەکانی بۆ هێناون؟! ئنجا (گریمان) ئەگەر درۆش بکات، درۆیەکەی زیانی بۆ خۆیەتی و، ئەگەر ڕاستیش بکات (لانی کەم) هەندێک لەوەی بەڵێنتان پێدەدا (هەڕەشەتان پێی لێتان دەکات) بەسەرتان

دێ! بێگومـان خـوا هـەر کەسێکی زێدەڕۆییکاریـی درۆزن، ڕاسـتە ڕێ نـاکات (٢٨) ئـەی خەڵکەکـەم! ئەمـڕۆ حوکمڕانیـی و باڵادەسـتییتان لـە زەویـدا هەیـە (پێـی لـە خۆتـان بایـی مەبـن) ئایا کـێ (لـە بەرانبـەر) سـزاو تۆڵـەی خـوادا، پشـتمان دەگـرێ و دەربازمـان دەکات، ئەگـەر بۆمـان هـات؟! فیرعـەون گـوتی: تەنیـا ئەوەتـان پێشـان دەدەم کـە خـۆم دەیزانـم (ڕاسـت و دروسـتە)و بـۆ جگـە لەسـەر ڕاسـتییش ڕێنماییتان ناکـەم (٢٩) ئـەو کەسـەش کـە بـڕوای هێنابـوو گـوتی: ئـەی خەڵکەکـەم! مـن مەترسییم لێتـان هەیـە (ڕۆژێکتـان بەسـەربێ) (٣٠) وێنـەی ڕۆژی (تێـدا فەوتێـران) ی کۆمـەڵ و تاقمـە (کافـرە)کان وێنـەی عـادەتی (خـوا لـە فەوتانـدنی) خەڵکـی نـووح و (گەلـی) عـادو (گەلـی) سـەموودو، ئەوانـەی دوای وانیـش،، خـواش نایـەوێ سـتەم لـە بەنـدەکانی بـکات (٣١) هەروەهـا ئـەی خەڵکەکـەم! مـن لـە ڕۆژی یەکـدی بانگکـردن (لـە قیامەتـدا) ترسـم لێتـان هەیـە (٣٢) ڕۆژێـک کـە بـە پشـتتێکردنەوە هەڵدێـن، هیـچ پارێزەرێکتـان لـە (سـزای) خـوا نابـێ و، هـەر کەسێکیش خـوا گومـڕای بـکات، هیـچ کـەس ڕاسـتەڕێکاری نابـێ (٣٣) بێگومـان پێشـتریش یوسـووف بەڵگە ڕۆشـنەکانی بـۆ هێنـان، کەچـی هـەر لـە دوو دڵیـی دابـوون، لـە بـارەی ئـەو (پەیـام)ەوە کـە بـۆی هێنابـوون، هەتـا کاتێـک مـرد، گوتیـان: خـوا لـە دوای وی هیـچ ڕەوانەکراوێـک نانێـرێ، بـەو جـۆرە خـوا هـەر کەسێک زێدەڕۆییکاریـی دوودڵ بـێ، گومـڕای دەکات (٣٤) ئەوانـەی بەبـێ بەڵگەیـەک کـە (لـە لایـەن خـواوە) بۆیـان هاتبـێ، شەڕەقسـە لـە دژی ئایەتـەکانی خـوا دەکـەن، ئـەوە مایـەی تووڕەیـی و بێزارییـە لـە لای خـواو، لـە لای ئەوانـەی بڕوایـان هێنـاوە، بـەو شـێوەیە خـوا هـەر دڵێکـی خۆبەزلگـری خۆسـەپێن مـۆر دەکات (٣٥) فیرعەونیـش گـوتی: ئـەی هامـان! خانووێکـی بـەرزم بـۆ دروسـت بکـە، بەڵکـو (بەهۆیـەوە) بگەمـە ڕێیـەکان (٣٦) ڕێیـەکانی ئاسـمانەکان و، تەماشـای پەرسـتراوی مووسـا بکـەم، هەرچەنـدە پێشـم وایـە درۆکارە! (پەرسـتراوەکەی بـوونی نیـە) بـەو شـێوەیەش فیرعـەون کـردەوە خراپەکـەی خـۆی بـۆ ڕازێنرابـۆوەو، لـە ڕێ (ی ڕاسـتی خـوا) لادرابـوو، فێـڵ و پیـلانی فیرعەونیـش هـەر لـە نابوودیـی

دابـوو ﴿٣٧﴾ ئـەو کەسـەش کـە بـڕوای هێنابـوو گـوتی: ئـەی خەڵکەکـەم! شـوێنم بکـەون بـەرەو ڕێـی سـەر ڕاسـتیی ڕێنماییتـان دەکـەم ﴿٣٨﴾ ئـەی خەڵکەکـەم! ئـەم ژیـانی دنیایـە تەنیـا ڕابواردنێکـی کاتییـەو، (ژیـانی) کۆتایـی مەنزڵـگای سـەقامگیریی و نیشـتەجێ بوونـە ﴿٣٩﴾ هـەر کەسـێکیش خراپەیـەک بـکات، بـە جگـە لـە وێنـەی خـۆی سـزانادرێ و، هـەر کەسـێکیش بڕواداربـێ لـە نێـر یـان مـێ و کـردەوەی چـاک بـکات، ئەوانـە دەچنـە بەهەشـتەوەو بەبـێ ئەژمـار تێیـدا بژیویـان دەدرێتـێ ﴿٤٠﴾ هەروەهـا ئـەی خەڵکەکـەم! ئـەوە چیمـە مـن بانگتـان دەکـەم بـۆ ڕزگاریـی و، ئێوەش بـەرەو ئاگـر (ی دۆزەخ) بانگهێشـتم دەکـەن؟! ﴿٤١﴾ بانگهێشـتم دەکـەن کـە بێبـڕوا بـم بـە خـواو، شـتێک بکەمـە هاوبـەشی خـوا کـە زانیارییـم پێـی نیـە (بـوونی نیـە)، لـە حاڵێکـدا منیـش بـەرەو لای (خـوای) زاڵـی لێبـوردە بانگتـان دەکـەم!! ﴿٤٢﴾ مسـۆگەر ئـەوەی ئێـوە منـی بـۆ لا بانـگ دەکـەن لـە دنیـاو دواڕۆژدا، هیـچ پاڕانەوەیەکـی نیـە (کـە وەڵامـی بداتـەوە)و، بـە دڵنیاییـش گەڕانەوەمـان تەنیـا بـۆ لای خوایـەو، بێگومانیـش زێدەڕۆییـکاران هـاوەڵانی ئاگـر(ی دۆزەخ)ن ﴿٤٣﴾ لەمـەودوا ئـەوەی پێتـان دەڵێـم یـادی دەکەنـەوەو، منیـش کاری خـۆم حەواڵـەی خـوا دەکـەم، بێگومـان خـوا بینـەری (حـاڵ و باڵـی) بەندەکانـە ﴿٤٤﴾ ئیـدی خـوا لـە پیلانـە خراپەکانیـان پاراسـتی و، ئـازاری هـەرە خراپیـش دەوری فیرعـەون و شـوێنکەوتووانیدا ﴿٤٥﴾ (ئـەو سـزا سـەختەش وێـڕای خنکێـنران لـە دەریـادا بریتیـە لـە) ئاگـر، بەیانیـان و ئێـواران لەسـەری ڕادەنوێـنرن و، ئـەو ڕۆژەش کـە کاتی قیامـەت دێ (دەگوتـرێ) فیرعـەون و دارودەسـتەکەی بخەنـە (نێـو) توندتریـن سـزاو ئـازارەوە ﴿٤٦﴾}.

شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان

(ضَلَٰلٍ): (أي: ضِيَاعْ، ضَلَّ: فُقِدَ وَضَاعَ)، زایە بوو، یانی: فێڵ و پیلانی بێبڕوایان فەوتاوەو بێئاکامە، چونکە (ضَلَّ)، واتە: نەما، ون بوو، بزر بوو.

(ذَرُونِيٓ): (أي: دَعُوْنِي) واتە: لێمگەڕێن، وازم لێبێنن، وەک خوا ﷻ لە سوورەتی (الذاريات)دا دەفەرموێ: ﴿ مَا تَذَرُ مِن شَيۡءٍ أَتَتۡ عَلَيۡهِ إِلَّا جَعَلَتۡهُ كَٱلرَّمِيمِ ﴿٤٢﴾ ﴾، (مَا تَذَرُ) (أي: مَا تَدَعُ)، واتە: هیچ شتێکی بەجێ نەدەهێشت کە نەیکاتە خۆڵەمێش.

(مُسۡرِفٌ): واتە: زێدەڕۆییکار، تێپەڕێنەر، (السَّرَفُ: تَجَاوُزُ الحَدِّ فِي كُلِّ فِعْلٍ يَفْعَلُهُ الإِنْسَانُ، وَإِنْ كَانَ فِي الإِنْفَاقِ أَشْهَر)، (سَرَف): بریتییە لە سنوور بەزاندن لە هەر کارێکدا کە مرۆڤ دەیکات، هەرچەندە ئەوە لە ماڵ خەرجکردندا باوترە.

(ٱلرَّشَادِ): (الرَّشَدُ وَالرُّشْدُ: خِلَافُ الغَيِّ)، (رَشَدو، رُشدو، رَشَاد) پێچەوانەی (غَيِّ) ین، واتە: بێمرادیی کە بەرهەمی گومڕاییە، هەروەک (رُشْدُو، رَشَد) سەر ڕاستیی، بەرهەمی ڕێی ڕاستگرتنە، بەرهەمی هیدایەتە.

(ٱلتَّنَادِ): (التَنَادِي: اليَوْمُ الَّذِي يَتَنَادَى فِيْهِ النَّاس)، واتە: ئەو ڕۆژەی کە تێیدا خەڵک بانگی یەکدی دەکەن.

(عَاصِمٍ): (أي: المَانِعُ وَالحَافِظُ)، واتە: پارێزەرو بەرگرییکەر.

(مُّرۡتَابٌ): لە (رَيْب)ەوە هاتووە، (أي: شَدِيْدُ الرَّيْبِ وَالشَّكِّ)، واتە: زۆر بە خەستیی کەسێک دوو دڵ بێ لە بارەی شتێکەوە.

(صَرۡحًا): (الصَّرْحُ: بَيْتٌ عَالٍ مُزَوَّقٌ، سُمِّيَ بِذَلِكَ اعْتِبَارًا لِكَوْنِهِ صَرْحاً مِنَ الشَّوْبِ، أي: خَالِصاً)، واتە: (صَرْح)، خانوویەکی بەرزە کە ڕازێنرابێتەوە، یان سواغ کرابێ،

بۆیەش بەو شێوەیە ناونراوە بە ئیعتیباری ئەوە کە دیوارەکانی سواغ کراون و هیچ خڵتەی پێوە نیە، گەچکارییە، لەبغە هەرچی هەیە.

(ٱلۡأَسۡبَٰبَ): (جَمْعُ سَبَب: الحَبْلُ الَّذِي يُصْعَدُ بِه النَّخَل)، (أَسْبَاب) کۆی (سَبَب)ە، کە لە ئەصڵدا ئەو پەتە بووە پێی سەرکەوتوون بۆ دارخورما، بۆ ئەوەی متوربەی بکەن، یاخود بۆ ئەوەی بیچنن، بەڵام دوایی خوازراوەتەوە بۆ هەر هۆکارێک کە پێی دەگەی بە شتێک، پاشان خوازراویشتەوە بۆ ڕێگا، ڕێگایەک کە ئینسان پێی بە ئامانجی دەگات.

(فَأَطَّلِعَ): تەماشا بکەم، (طَلَعَ عَلَيْنَا فُلَانٌ، وَاطَّلَعَ: شَاهَدَ وَنَظَرَ)، فڵانکەس تەماشای کردو ڕوانی، لە زمانی عەرەبییدا دەڵێ: (طَلَعَ وَاطَّلَعَ) هەردووکیان بە مانای: تەماشای کردوو ڕوانیی، دێن.

(تَبَابٖ): (التَّبَابُ: الخُسْرَانُ وَالهَلَاكُ، قَالَ تَعَالَى: ﴿تَبَّتۡ يَدَآ أَبِي لَهَبٖ وَتَبَّ ١﴾المسد)، (تَبَاب): بریتیە لە زیانباریی و فەوتان، وەک خوا ﷻ لە سوورەتی (المسدّ)دا دەفەرموێ: ﴿تَبَّتۡ يَدَآ أَبِي لَهَبٖ وَتَبَّ ١﴾المسد، هەردووک دەستی (أبو لهب) لە بەین بچن و لە بەینیش چوون.

(لَا جَرَمَ): یان وشەیەکی لێکدراوە لە (لَا)و (جَرَم)، (لَا) واتە: نەخێر، (جَرَم) واتە: بە مانای بڕین (قَطْع) دێ، یاخود هەمووی یەک وشەیە، بە مانای بێگومان، بە دڵنیایی، یاخود (لَا) بۆ بەرپەرچدانەوەی قسەیەکە کە پێشتر کراوە واتە: وانیە وەک ئێوە دەڵێن، (جَرَم) واتە: بە دڵنیایی و بە هەڵبڕینەوە.

(مَرَدَّنَآ): واتە: (مُنْقَلَبَنَا وَمَرْجِعَنَا)، واتە: شوێن و کاتی بۆ لا گەڕانەوەمان، ئەو کات و شوێنەی بۆی دەچینەوە.

(فَسَتَذۡكُرُونَ): واتە: وەبیرتان دێتەوە، (مُشْتَق مِنَ الذُّكْرِ وَهُوَ ضِدُّ النِّسْيَانِ)، لە وشەی (ذُكْر)ەوە داتاشراوە، واتە: لە بیربوون کە دژی لە بیر چوونەوەیە،

نەک لە (ذِکر)ەوە داتاشرابێ، بەڵکو لە (ذُكْر)ەوەیە، (ذُكْر) واتە: لە بیربوونی شتێک، بەڵام (ذِکر) واتە: باسکردنی شتێک و (ذُكر) پێچەوانەی (نِسْيَان)ە، واتە: لە بیرچوونەوە، کە دەفەرمووێ: ﴿ فَسَتَذْكُرُونَ مَآ أَقُولُ لَكُمْ ﴾، واتە: ئەوەی پێتان دەڵێم، کاتێک دێ بیرتان دێتەوە.

(وَأُفَوِّضُ): (أي: أُسَلِّمُ)، کاری خۆم دەسپێرم: ﴿ وَأُفَوِّضُ أَمْرِيٓ إِلَى ٱللَّهِ ﴾، دەڵێ: کاری خۆم بە خوا دەسپێرم و حەواڵەی وی دەکەم.

(يُعْرَضُونَ): ڕادەنوێنرێن، (**العَرْضُ: إِظْهَارُ شَيْءٍ لِمَنْ يَرَاهُ لِتَرْغِيْبٍ أو تَحْذِيرٍ**)، (**عَرْض**): بریتییە لە دەرخستنی شتێک بۆ کەسێک کە ببینێ، چ بۆ ئارەزوومەند کردنی، چ بۆ لێترساندنی، (**مَعْرَض**): پێشانگا، ئەو شوێنەیە کە شتی لێ ڕادەنوێنرێ.

مانای گشتیی ئایەتەکان

وەک لە پێناسەی دەرسەکەشدا باسمانکرد: سەرەتا خوا ﷻ بە گشتیی سەرنجی مرۆڤەکان ڕادەکێشێ بۆ مێژوو، مێژووی گەلانی لە خوا یاخیی، مێژووی گەلانی سەر بە فەتارەت چوو، بە هۆی یاخیی بوون و، ملهوڕییانەوە بەرانبەر بە خوا.

دەفەرمووێ: ﴿ أَوَلَمْ يَسِيرُواْ فِى ٱلْأَرْضِ ﴾، هەمزە (أَوَلَمْ)، بۆ پرسیارکردنە، پرسیارکردنی نکووڵیلێکردنە، ئایا بە زەویدا نەڕۆیشتوون؟ واتە: دەبوو ڕۆیشتبانایە، ﴿ فَيَنظُرُواْ كَيْفَ كَانَ عَٰقِبَةُ ٱلَّذِينَ كَانُواْ مِن قَبْلِهِمْ ﴾، سەرنج بدەن سەرەنجامی ئەوانەی پێش ئەوان چۆن بوو، ئایا بەزەویدا نەڕۆیشتوون و مێژوویان نەپشکنیوە؟ ئەو ڕۆیشتنەش دەگونجێ مەبەست پێی ڕۆیشتنی جەستەیی (**السَّير الجسدي**) بێ، واتە، بڕۆن بە شوێنەوارەکاندا بگەڕێن، گەشت و گەڕان بکەن، شوێنەوارەکان سەرنج بدەن، دەشگونجێ مەبەست ڕۆیشتنی مەعنەویی (**السَّير المعنوي**) بێ، واتە: بە بیرلێکردنەوەو موتاڵاکردن و، بە هێنانە بەر ئاوێنەی خەیاڵی مێژووی

گـەلانی ڕابـردوو، کـە سـەرەنجامیان چـۆن بـوو؟ ﴿كَانُوٓاْ هُمۡ أَشَدَّ مِنۡهُمۡ قُوَّةٗ﴾، کـە ئـەوان لـەوان بەهێزتـر بـوون، ﴿وَءَاثَارٗا فِي ٱلۡأَرۡضِ﴾، شوێنەوارەکانیشـیان سـەختتر بـوون و، بەرچاوتـر بـوون، لـە زەویـدا، ئـەوان لـەوان، واتـە: ڕابـردووەکان لـەو بێبڕوایانـەی ڕۆژگاری تـۆ ئـەی پێغەمبـەر! ﷺ هەروەهـا ڕۆژگاری دوای تـۆش، لـە زۆرێکیـان بەهێزتـر بـوون لـە ڕووی هێـزی ماددیـی و هێـزی بەشـەرییەوە، ﴿وَءَاثَارٗا فِي ٱلۡأَرۡضِ﴾، هەروەهـاش شوێنەوارەکانیشـیان بەرچاوتـرن و زیاتـرن، ئێسـتاش لەگـەڵ دابـێ هەڕەمـەکانی فیرعەونـەکان، خانووبـەرەکانی شـوێنی عـادو سـەموود، هەروەهـا هەیکەلـەکانی (بـووذا) کـە کاتی خـۆی لـە ڕۆژهـەڵاتی ئاسـیادا هەبـوون و، ئێسـتاش هـەر هـەن و گەلێـک لـە شـوێنەوارەکانی دیکـەش، وەک دوایـی بـاس دەکەیـن، گەلـە پێشـووەکان شـوێنەواری وایـان بەجێهێشـتوون، مرۆڤـەکانی ئێسـتا ناتوانـن وەک ئـەو شـوێنەوارانە دروسـت بکـەن، ﴿فَأَخَذَهُمُ ٱللَّهُ بِذُنُوبِهِمۡ﴾، خـوا بەهـۆی گوناهەکانیانـەوە گرتنـی، سـزای دان، ﴿وَمَا كَانَ لَهُم مِّنَ ٱللَّهِ مِن وَاقٖ﴾، هیـچ پارێزەرێکیشـیان نەبـوو لـە سـزای خـوا، واتـە: هیـچ کەسـێک نەبـوو بیانپارێـزێ لـە سـزای خـوا، کاتێـک بۆیـان هـات بـە هـۆی تـاوان و خراپەکانیانـەوە، بـەڵام ئایـا خـوا ﷻ بۆچـی گرتنـی؟ هەڵبەتـە پێشـێش ئامـاژەی پێکـردوە، بـەڵام لێرەدا زیاتـر ڕوونی دەکاتـەوە، ئەگەرنـا پێشـێش دەفەرمـوێ: ﴿فَأَخَذَهُمُ ٱللَّهُ بِذُنُوبِهِمۡ﴾، خـوا بەهـۆی گوناحەکانیانـەوە گرتـوونی، خـوا لـە گۆتـرە کـەس سـزا نـادات و ئەوپـەڕی دادگەریـی و میهرەبانیـی هەیـە، سیفەتە بـەرزەکانی هەموویـان لـەو پەڕیـدان.

﴿ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمۡ كَانَت تَّأۡتِيهِمۡ رُسُلُهُم بِٱلۡبَيِّنَٰتِ﴾، ئـەوەش بـە هـۆی ئەوەوە بـوو کـە پێغەمبەرەکانیـان (**عَلَيْهِـمُ الصَّـلاَةُ وَالسَّـلاَم**) بەڵگـە ڕۆشـنەکانیان بـۆ دەهێنـان، بەڵگـە ڕۆشـن و ڕوون و بـێ چەنـدو چوونەکانیـان بـۆ دەهێنـان، بـۆ ئیسـپات و سـەلماندنی ئـەوە، کـە لـە لایـەن خـواوە ڕەوانکـراون و ئـەو پەیامـەی پێیانـە، پەیامـی خوایـەو قسـەی گیرفـانی خۆیـان نیـە، ﴿فَكَفَرُواْ﴾، کەچـی ئـەوان بێبڕوابـوون، بێبڕوابـوون بـە پێغەمبـەران (**عَلَيْهِـمُ الصَّـلاَةُ وَالسَّـلاَم**)، هەروەهـا بـەو پەیامـەش کـە

پێغەمبەران (عَلَيْهِمُ الصَّلاَةُ وَالسَّلاَم) لە خواوە پێیاندا نێردراوە، پێی بێبڕوابوون و دایانپۆشیی و ڕەتیانکردەوە، ﴿فَأَخَذَهُمُ ٱللَّهُ﴾، خواش گرتنی، سزای دان، ﴿إِنَّهُۥ قَوِيٌّ شَدِيدُ ٱلْعِقَابِ﴾، بەدڵنیایی خوا بەهێزەو، تۆڵەو سزاشی توندە، (ٱلْعِقَابِ)، واتە: سزادان، سزا هەر سزای خوایە، وەک لە سووڕەتی (الفجر)دا خوا دەفەرموێ: ﴿فَيَوْمَئِذٍ لَّا يُعَذِّبُ عَذَابَهُۥٓ أَحَدٌ ﴿٢٥﴾ وَلَا يُوثِقُ وَثَاقَهُۥٓ أَحَدٌ ﴿٢٦﴾﴾الفجر، واتە: لەو ڕۆژەدا هیچ کەس وەک خوا سزا نادات و، هیچ کەسیش وەک خوا کەلەپچە ناکات، دەست و پێ و گەردنی تاوانباران ناخاتە زنجیرو کۆت و پێوەندەوە.

ئەمە هەمووی زەمینە خۆشکردن و ڕێ خۆشکردن بوو، بۆ بەسەرهاتی مووسا، کە لێرەدا تەنیا باسی مووسا کراوە، باسی هاڕوونی برای (عَلَيْهِمَا الصَّلاَةُ وَالسَّلاَم) نەکراوە، ئەگەرنا هەر بەیەکەوە چوون، کە مووسا داوای لە خوا کردوە، هاڕوونیش بکاتە وەزیر لەگەڵیدا، خوای پەروەردگار لە سووڕەتی (مریم) دا دەفەرموێ: ﴿وَٱذْكُرْ فِى ٱلْكِتَٰبِ مُوسَىٰٓ ۚ إِنَّهُۥ كَانَ مُخْلَصًا وَكَانَ رَسُولًا نَّبِيًّا ﴿٥١﴾ وَنَٰدَيْنَٰهُ مِن جَانِبِ ٱلطُّورِ ٱلْأَيْمَنِ وَقَرَّبْنَٰهُ نَجِيًّا ﴿٥٢﴾ وَوَهَبْنَا لَهُۥ مِن رَّحْمَتِنَآ أَخَاهُ هَٰرُونَ نَبِيًّا ﴿٥٣﴾﴾، کەواتە: هاڕوون لەسەر داوا و تەکلیفی مووسا، خوا ﷻ کردوویەتی بە پێغەمبەر، مووسا زۆر پایە بەرز بووە، وەک لە سووڕەتی (الأحزاب)دا دەفەرموێ: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ لَا تَكُونُوا۟ كَٱلَّذِينَ ءَاذَوْا۟ مُوسَىٰ فَبَرَّأَهُ ٱللَّهُ مِمَّا قَالُوا۟ ۚ وَكَانَ عِندَ ٱللَّهِ وَجِيهًا ﴿٦٩﴾﴾الأحزاب، (وجيه) واتە: خاوەن پێگەو خاوەن ڕوو، بەڵێ مووسا پایەیەکی بەرزی هەبووە صەڵات و سەلامی خوا لەسەر ئەویش و لەسەر پێغەمبەری خاتەمیش و ﷺ لەسەر هەموو پێغەمبەرانیش بێ.

لێرەدا تەنیا باسی مووسا کراوەو لەگەڵ شوێنی دیکەشدا، هەرچەندە هاڕوونیشی لەگەڵدابووە، بەڵام خوا ﷻ بۆ کورتکردنەوە، ئەوەی کە لە شوێنەکانی دیکە باسیکردوە، جاری وا هەیە کە لە شوێنێک دەیهێنێ، باسی ناکاتەوە، ﴿وَلَقَدْ أَرْسَلْنَا مُوسَىٰ بِـَٔايَٰتِنَا وَسُلْطَٰنٍ مُّبِينٍ﴾، بە دڵنیایی

مووسـامان بـە نیشـانەکانەوەو، بـە بەڵگەیەکـی ڕوون و ئاشـکراوە، نـارد، یاخـود، ﴿بِـَٔايَـٰتِنَـا﴾، (آيات) جـاری وا هەیـە مەبەسـت پێیـان فەرمایشـتی خوایـە، بـەڵام لێرەدا مەبەسـت پێیـان موعجیـزەکانی مووسـان ، جـاری واشـە (آيات) مەبەسـت پێیـان دیـاردەو دیمەنـەکانی دەوروبـەرو بوونـەوەرن، ئـەو شـتانەی خـوا خوڵقانـدوونی، ئـەوەش بـە پێـی سـیاق دیاریـی دەکـرێ، کامیـان مەبەسـتە؟ لێرەدا دەگونجـێ هـەم مەبەسـت پێیـان فەرمایشـتی خـوا بـێ، ئایەتـە خوێنراوەکان، دەشـگونجێ مەبەسـت پێیـان موعجیـزەکان بـن کـە بـە مووسـا دراون، وەک خـوا دەفەرمـوێ: ﴿ وَلَقَدْ ءَاتَيْنَا مُوسَىٰ تِسْعَ ءَايَـٰتٍۭ ﴿١٠١﴾﴾الإسراء، واتـە: نـۆ نیشـانەی ڕۆشـنمان بـە مووسـا دابـوون، نـۆ موعجیـزە، ﴿وَسُلْطَـٰنٍ مُّبِينٍ﴾، دەگونجـێ مەبەسـت ئـەو شـێوە وتووێـژە لۆژێکیـی و بەهێـزەی مووسـا بـێ، کـە فیرعـەونی پـێ دوانـدوەو بۆڕیـداوەو بێدەنگـی کـردوە، خـوا مووسـای بـە نیشـانەکان و بـە بەڵگەیەکـی ڕوون و ئاشـکراوە بـۆ کوێـی نـارد؟

﴿ إِلَىٰ فِرْعَوْنَ وَهَـٰمَـٰنَ وَقَـٰرُونَ فَقَالُوا۟ سَـٰحِرٌ كَذَّابٌ ﴾، ناردمـان بـۆ لای فیرعـەون و هامـان و قـاڕوون (ئـەو سـێ کوچکە شـوومە)، هـەر یەکسـەر گوتیان: ئـەوە جادووگەرێکـی درۆزنـە، ئەصڵەکـە فیرعـەون بـووە، هامـان وەزیـری بـووەو قاڕوونیـش بابایەکـی سـەرمایەداربووە، لـە پەنـای فیرعەونـدا پێگەیشـتوە، جـاری وایـە خـوا هەرسـێکیان پێکـەوە دێنـێ، وەک ئێـرەو جـاری وا هەیـە دووانیـان دێنـێ، بـۆ وێنـە بـاسی: فیرعـەون و قـاڕوون دەکات، یـان هـەر بـاسی فیرعـەون و هامـان دەکات، وەک لـە سـوورەتی (القصـص)دا دەفەرمـوێ: ﴿إِنَّ فِرْعَوْنَ وَهَـٰمَـٰنَ وَجُنُودَهُمَا كَانُوا۟ خَـٰطِـِٔينَ ﴿٨﴾﴾القصص، چونکـە ئەسـڵەکە فیرعـەون بـووەو هامانیـش وەزیـری بـووە، قاڕوونیـش کـە لـە ئەصڵـدا لـە گـەلی مووسـا بـووە: ﴿إِنَّ قَـٰرُونَ كَانَ مِن قَوْمِ مُوسَىٰ فَبَغَىٰ عَلَيْهِمْ ﴿٧٦﴾﴾القصص، واتـە: قـاڕوون لـە گـەلی مووسـا بـووە، لێیـان هەڵگەڕایـەوە، بەهـۆی ئـەو تەمـاع و سـەروەت و سامانەوە کـە چـاوی تێبڕیبـووەو، وەدەسـتی دەهێنـا لـە پەنـای حوکمـی فیرعەونـدا، لـە خەڵکەکـەی خـۆی

هەڵگەڕابـۆوە، ﴿ فَلَمَّا جَآءَهُم بِٱلْحَقِّ مِنْ عِندِنَا ﴾، کاتێـک مووسـا هەقـی لـە لایـەن ئێمـەوە بـۆ بـردن، ﴿ قَالُواْ ٱقْتُلُوٓاْ أَبْنَآءَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مَعَهُۥ ﴾، (فیرعـەون و هامـان و قـارِوون) گوتیـان: کـوڕەکانی ئەوانـەی بڕوایـان لەگەڵیـدا هێنـاوە، بیانکـوژن، ﴿ وَٱسْتَحْيُواْ نِسَآءَهُمْ ﴾، ئافرەتەکانیشـیان بـە زیندوویـی بهێڵنـەوە، ﴿ وَمَا كَيْدُ ٱلْكَٰفِرِينَ إِلَّا فِى ضَلَٰلٍ ﴾، پیلان و فێڵـی بێبڕوایانیـش هـەر لـە گومڕایـی و بـێ ئاکامییدایـە.

﴿ وَقَالَ فِرْعَوْنُ ذَرُونِىٓ أَقْتُلْ مُوسَىٰ ﴾، فیرعەونیـش گـوتی: لێمگەڕێـن بـا مووسـا بکـوژم.

وەک خەڵـک دەسـتی گرتبـێ، بـەڵام لـە ڕاسـتییدا نەوێـراوە دەسـتی بـۆ بـەرێ، کەچـی وای خـۆ پێشـانداوەو خـۆی ڕاپسـکاندوە، کـە دەتوانـێ مووسـا بکـوژێ، ئـەو هەڵویسـتەشی بـۆ خـۆ ئـازا پێشـاندان و فریـودانی خەڵکەکـە بـووە، تاکـو خەڵـک وا نەزانـێ: فیرعـەون لـە بەرانبـەر مووسـادا عليه السلام بـێ دەسـتەڵاتە!

دوایـی دەڵـێ: ﴿ وَلْيَدْعُ رَبَّهُۥٓ ﴾، لێمگەڕێـن بـا مووسـا بکـوژم، ئنجـا بـا ئەویـش لـە پـەروەردگاری بپاڕێتـەوە، بزانـم ئـەو پـەروەردگارەی ئـەو پێـی دەخـوڕێ و دەڵـێ: مـن نوێنـەری ئـەوم، چـی بـۆ دەکات؟ ﴿ إِنِّىٓ أَخَافُ أَن يُبَدِّلَ دِينَكُمْ أَوْ أَن يُظْهِرَ فِى ٱلْأَرْضِ ٱلْفَسَادَ ﴾، فیرعـەون دوو پاسـاوان دێنێتـەوە بـۆ کوشـتنی مووسـاو، ئـەو هەڕەشـەیەی کـە لـە مووسـای دەکات: مـن دەترسـێم ئایینەکەتـان بگـۆڕێ، یاخـود خراپەکاریـی و ئاشـووب لـە زەویـدا بـڵاو بکاتـەوە: واتـە: دەترسـێم دینتـان تێکبـدات، یـان ژینتـان تێکبـدات، ئنجـا هـەر فیرعەونێـک ئێسـتاش کـە هەڕەشـە دەکات، لەوانـەی کـە وەک مووسـا پەیامـی هـەق دەگەیەنـن، نالـێ فڵانکـەس ئینسـانێکی باشـەو دەیکـوژم، هـەر دەڵـێ: دەترسـێم دینتـان تێکبـدات، یـان ژینتـان تێکبـدات، حەتمـەن دەبـێ تۆمەتێکـی خراپـی بـۆ بـکات، بـۆ چەواشـەکردنی خەڵکەکـە.

﴿وَقَالَ مُوسَىٰٓ إِنِّي عُذۡتُ بِرَبِّي وَرَبِّكُم مِّن كُلِّ مُتَكَبِّرٖ لَّا يُؤۡمِنُ بِيَوۡمِ ٱلۡحِسَابِ﴾، واتە: مووساش ﷺ (لە بەرانبەر ئەو هەڕەشەیەی فیرعەوندا) گوتی: من پەنادەگرم بە پەروەردگاری خۆم و پەروەردگاری ئێوەش، لە هەر خۆ بەزلگرێک کە بڕوای بە ڕۆژی لێپرسینەوە نیە، کەواتە: ئەو فیرعەونە پەروەردگارو خاوەنتان نیە، مشوورخۆرتان نیە، بەڵکو پەروەردگارێک هەیە، هی منیشەو هی ئێوەشە، فیرعەونیش هیچ نیە، من پەنا بەو دەگرم، لە خراپەی هەر خۆبەزلگرێک کە بڕوای بە ڕۆژی دوایی نیە، کە مەبەست پێی فیرعەونە.

ئنجا دەست دەکات بە باسکردنی بەرگرییکردنی ئەو پیاوە بڕوادارەی دارو دەستەی فیرعەون، شوێنکەوتەی فیرعەون، کە تاکو ئێستا ئیمانەکەی خۆی شاردۆتەوەو هەستیان پێ نەکردوە، وا پێدەچێ زۆر نیزیک بووبێ لە فیرعەون، ئەگەرنا چۆن لە کۆڕو مەجلیسی فیرعەوندا دەبێت، چۆن فیرعەون ڕێی دەدا ئەو هەموو قسانە بکات! ئنجا ئێمە لێرە بە خێرایی بەسەریدا دەڕۆین، چونکە دوایی لە مەسەلە گرنگەکان دا، توێژینەوەی زۆر لەسەر بڕگەکانی دەکەین.

﴿وَقَالَ رَجُلٞ مُّؤۡمِنٞ مِّنۡ ءَالِ فِرۡعَوۡنَ يَكۡتُمُ إِيمَٰنَهُۥٓ﴾، پیاوێکی بڕوادار لە دارو دەستەی فیرعەون، کە بڕوایەکەی خۆی دەشاردەوە، گوتی: ﴿أَتَقۡتُلُونَ رَجُلًا أَن يَقُولَ رَبِّيَ ٱللَّهُ﴾، ئایا پیاوێک هەر لەسەر ئەوە دەکوژن کە بڵێ پەروەردگارم خوایە! ﴿وَقَدۡ جَآءَكُم بِٱلۡبَيِّنَٰتِ مِن رَّبِّكُمۡ﴾، لە حاڵێکدا کە بەڵگە ڕۆشنەکانیشی لە پەروەردگاریەوە بۆ هێناون، ﴿وَإِن يَكُ كَٰذِبٗا فَعَلَيۡهِ كَذِبُهُۥ﴾، ئنجا ئەگەر (گریمان) درۆش بکات، درۆیەکەی زیانی بۆ خۆی هەیە، ﴿وَإِن يَكُ صَادِقٗا يُصِبۡكُم بَعۡضُ ٱلَّذِي يَعِدُكُمۡ﴾، ئەگەر ڕاستگۆش بێ، بە لای کەمەوە هەندێک لەوەی کە گفتتان پێدەدا و هەڕەشەتان پێ لێدەکات، تووشتان دەبێ، ﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَهۡدِي مَنۡ هُوَ مُسۡرِفٞ كَذَّابٞ﴾، بە دڵنیایی خوا کەسێک زێدەڕۆییکارێکی زۆر درۆزن بێ، ڕاستە ڕێی ناکات.

کە ئەمە دەبەرڕاهاویشتنەو پلارێکە لە فیرعەونی دەگرێ، چونکە هەموو کەس دەزانێ: مووسا عليه السلام نە زێدەڕۆییکارەو نە درۆزنیشە، بەڵام جارێ لەو سەرەتایەوە بە ڕوونیی نایڵێ، تاکو فیرعەون ئیستیفزاز نەکات و، نەیوروژێنێ و، سەرەنجام قسەی پێ نەبڕێ، ﴿ يَٰقَوۡمِ لَكُمُ ٱلۡمُلۡكُ ٱلۡيَوۡمَ ظَٰهِرِينَ فِي ٱلۡأَرۡضِ ﴾، ئەی خەڵکەکەم! ئەمڕۆ ئێوە حوکمڕانییتان بە دەستەوەیە، دەسەڵاتتان هەیە لە زەویدا، بە ئاشکرا، یاخود: دیارە کە ئێوە زاڵن لە زەوییداو حوکمڕانییتان بەدەستەوەیە، ﴿ فَمَن يَنصُرُنَا مِنۢ بَأۡسِ ٱللَّهِ إِن جَآءَنَا ﴾، ئنجا ئایا کێ لە سزای خوا دەمانپارێزێ، ئەگەر بۆمان هات؟ واتە: بەڵێ: حوکمڕانن و دەستەڵاتتان هەیەو باڵا دەستن، بەڵام ئەگەر خوا سزای داین، کێ لەو سزایەی خوا دەمانپارێزێ؟ ﴿ قَالَ فِرۡعَوۡنُ مَآ أُرِيكُمۡ إِلَّا مَآ أَرَىٰ ﴾، فیرعەون (قسەی پێ بڕی) گوتی: هەر ئەوەتان پێ دەڵێم کە بۆ خۆم دەیبینم، ﴿ وَمَآ أَهۡدِيكُمۡ إِلَّا سَبِيلَ ٱلرَّشَادِ ﴾، ئەوەی منیش ئێوەی بۆ ڕێنمایی دەکەم هەر ڕێی ڕاستە، ڕێی سەر ڕاستیی و بە ئامانج گەیشتنە.

﴿ وَقَالَ ٱلَّذِيٓ ءَامَنَ يَٰقَوۡمِ إِنِّيٓ أَخَافُ عَلَيۡكُم مِّثۡلَ يَوۡمِ ٱلۡأَحۡزَابِ ﴾، ئەو کەسەی بڕوای هێنابوو گوتی: ئەی خەڵکەکەم! من مەترسیی وێنەی ڕۆژی حیزبەکانم لێتان هەیە، (ئەو کۆمەڵانەی کە یاخیبوون لە پێغەمبەرانی خوا (عَلَيْهِم الصَّلاَةُ وَالسَّلاَمُ)و خوا سزای دان)، ئنجا نموونە دێنێتەوە، ﴿ مِثۡلَ دَأۡبِ قَوۡمِ نُوحٖ وَعَادٖ وَثَمُودَ وَٱلَّذِينَ مِنۢ بَعۡدِهِمۡ ﴾، وەک عادەتی گەلی نووح، هەروەها عادو سەموود، گەلی نووح نووحیان بە پێغەمبەر عليه السلام بۆ ڕەوانەکرابوو، عادیش هوود عليه السلام، سەموودیش صاڵح عليه السلام، ﴿ وَٱلَّذِينَ مِنۢ بَعۡدِهِمۡ ﴾، هەروەها ئەوانەی دوای وانیش، ﴿ وَمَا ٱللَّهُ يُرِيدُ ظُلۡمٗا لِّلۡعِبَادِ ﴾، خواش ستەمی ناوێ بۆ بەندەکانی، کە ئەوانەی لە بەین بردوون بۆ خۆیان، ستەمیان لە خۆیان کردووە، دژی پێغەمبەران (عَلَيْهِم الصَّلاَةُ وَالسَّلاَمُ)، دژی پەیامەکانی خوابوون.

﴿ وَيَٰقَوۡمِ إِنِّيٓ أَخَافُ عَلَيۡكُمۡ يَوۡمَ ٱلتَّنَادِ ﴾، هەروەها ئەی خەڵکەکەم! من لە ڕۆژی یەکدی بانگکردنێ مەترسییم لێتان هەیە، واتە: ڕۆژی قیامەت کە خەڵک یەکدی بانگ دەکات، باب بانگی ڕۆڵە دەکات، ڕۆڵە بانگی باب و دایکی دەکات، ئەو بانگی وی دەکات، یاخود فریشتەکان بانگ دەکەن، ﴿ يَوۡمَ تُوَلُّونَ مُدۡبِرِينَ مَا لَكُم مِّنَ ٱللَّهِ مِنۡ عَاصِمٖ ﴾، ئەو ڕۆژە کە بە پشتتێکردنەوە ڕادەکەن، لە لایەن خواوەش هیچ پارێزەرێکتان نیە، واتە: هیچ کەسێکتان نیە لە سزای خوا بتانپارێزێ، ﴿ وَمَن يُضۡلِلِ ٱللَّهُ فَمَا لَهُۥ مِنۡ هَادٖ ﴾، هەر کەسێک خواش ڕێی لێ تێکبدات، (چونکە شایستەی ئەوەیە)، هیچ ڕێنماییکارێکی نابێ.

ئنجا وەبیریان دێنێتەوە کە پێشتریش یوسوف ﷺ وەک پێغەمبەرێک بۆ لایان چووە، ﴿ وَلَقَدۡ جَآءَكُمۡ يُوسُفُ مِن قَبۡلُ بِٱلۡبَيِّنَٰتِ ﴾، پێشتریش یوسوف بەڵگە ڕۆشنەکانی بۆ هێنان، ﴿ فَمَا زِلۡتُمۡ فِي شَكّٖ مِّمَّا جَآءَكُم بِهِۦ ﴾، بەڵام ئێوە بەردەوام هەر لە دوو دڵیی دابوون، لە بارەی ئەو (پەیام)ەوە کە بۆی هێنابوون، ﴿ حَتَّىٰٓ إِذَا هَلَكَ قُلۡتُمۡ لَن يَبۡعَثَ ٱللَّهُ مِنۢ بَعۡدِهِۦ رَسُولٗاۚ ﴾، هەتا کاتێک کە مرد، گوتتان: لە دوای وی خوا هیچ ڕەوانەکراوێک نانێرێ، واتە: ئەگەر گریمان یوسوفیش ڕەوانەکراوی خوابووبێ، لە مەودوا ئەوە کۆتایی هات، دەشگونجێ ئەوە توانج بووبێ واتە: لە مەودوا کەسی دیکە نایەت بڵێ: من پێغەمبەرم، ﴿ كَذَٰلِكَ يُضِلُّ ٱللَّهُ مَنۡ هُوَ مُسۡرِفٞ مُّرۡتَابٌ ﴾، هەر بەو شێوەیە خوا هەر کەسێک زێدەڕۆییکاری دوو دڵ بێ، گومڕای دەکات و، سەری لێ تێکدەدات، لەبەر ئەوەی لە هەق ناخەفتێ و بۆی ناگەڕێ و سۆراغی ناکات.

﴿ ٱلَّذِينَ يُجَٰدِلُونَ فِيٓ ءَايَٰتِ ٱللَّهِ بِغَيۡرِ سُلۡطَٰنٍ أَتَىٰهُمۡۖ ﴾، ئەوانەی شەڕە قسە دەکەن لە بارەی ئایەتەکانی خواوە، بەبێ ئەوەی بەڵگەیەکیان لە خواوە بۆ هاتبێ، بەبێ ئەوەی بەڵگەیەکی ڕۆشنیان بە دەستەوە بێ، ئەوانە: ﴿ كَبُرَ مَقۡتًا عِندَ ٱللَّهِ وَعِندَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْۚ ﴾، شەڕە قسە کردنە لە دژی ئایەتەکانی خوا، گەورەترین هۆکاری بوغزێنراوییە لە لای خواو، لە لای ئەوانەش کە بڕوایان

هێناوە، ﴿كَذَٰلِكَ يَطْبَعُ ٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ قَلْبِ مُتَكَبِّرٍ جَبَّارٍ﴾، ئاوا بەو شێوەیە، خوا مۆر بەسەر هەر دڵێکی خۆ بەزلگری خەڵک تێشکێن و خۆسەپێنەوە دەنێ، دڵی مۆر دەکات.

دووبارە فیرعەون دێتەوە قسە: ﴿وَقَالَ فِرْعَوْنُ يَٰهَٰمَٰنُ ٱبْنِ لِى صَرْحًا لَّعَلِّىٓ أَبْلُغُ ٱلْأَسْبَٰبَ﴾، فیرعەون گوتی: ئەی هامان! کۆشکێکم بۆ دروست بکە، بینایەکی بەرزم بۆ دروست بکە، بەڵکو بچمە سەری و لەوێوە بگەمە ڕێیەکان، ﴿أَسْبَٰبَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ فَأَطَّلِعَ إِلَىٰٓ إِلَٰهِ مُوسَىٰ﴾، ڕێیەکانی ئاسمانەکان، لەوێوە تەماشای پەرستراوی مووسا بکەم، ﴿وَإِنِّى لَأَظُنُّهُۥ كَٰذِبًا﴾، پێشم وایە درۆکەرە، واتە: ئەو پەرستراوەی مووسا دەڵێ هەیەو ئەو ناردوویەتی، ڕاست نیەو بوونی نیە.

﴿وَكَذَٰلِكَ زُيِّنَ لِفِرْعَوْنَ سُوٓءُ عَمَلِهِۦ﴾، بەو شێوەیە کردەوە خراپەکەی فیرعەون، بۆی ڕازێنرابۆوە، ﴿وَصُدَّ عَنِ ٱلسَّبِيلِ﴾، لە ڕێی ڕاستیش لادرابوو، ویستی ئازادی خۆی لەدەست دابوو، ڕێشمەی کەوتبووە دەستی شەیتان، ﴿وَمَا كَيْدُ فِرْعَوْنَ إِلَّا فِى تَبَابٍ﴾، پیلان و نەخشەی فیرعەونیش، تەنیا لە فەوتان و سەر بە فەتارەت چوون دابوو.

کەواتە: ئەو قسەیەی کردوویەتی، فێڵێک بووە بۆ چەواشەکردنی خەڵک، نەک بەڕاستیی مەبەستی بووبێ کۆشکێکی بۆ دروست بکەن، ئەویش بچێتە سەرێ و لەوێوە تەماشا بکات: داخۆ خوا ﷻ لە کوێیە؟ بەڵکو بۆ چەواشەکاریی خەڵک بووە، بۆیە خوا ناوی لێناوە (**کید**) پیلان و فێڵ، وەک دوایی زیاتر باسی دەکەین.

دووبارە بڕوادارەکە دێتەوە قسە: ﴿وَقَالَ ٱلَّذِىٓ ءَامَنَ يَٰقَوْمِ ٱتَّبِعُونِ أَهْدِكُمْ سَبِيلَ ٱلرَّشَادِ﴾، ئەو کەسەی بڕوای هێنابوو گوتی: ئەی خەڵکەکەم! شوێنم بکەون بەرەو ڕاستە ڕێ، بەرەو سەر ڕاستیی، ڕێنماییتان دەکەم، ﴿يَٰقَوْمِ إِنَّمَا هَٰذِهِ ٱلْحَيَوٰةُ ٱلدُّنْيَا مَتَٰعٌ﴾، ئەی خەڵکەکەم! ئەم ژیانی دنیایە ڕابواردنێکی کەمە، ﴿وَإِنَّ ٱلْءَاخِرَةَ هِىَ دَارُ ٱلْقَرَارِ﴾، بێگومان مەنزڵگای کۆتایی شوێنی

تێدا نیشتەجێبوون و سەقامگیربوونە، ﴿ مَنۡ عَمِلَ سَيِّئَةٗ فَلَا يُجۡزَىٰٓ إِلَّا مِثۡلَهَاۖ ﴾، هەر کەسێک خراپە بکات، تەنیا بە ئەندازەی خۆی سزای دەدرێ، ﴿ وَمَنۡ عَمِلَ صَٰلِحٗا مِّن ذَكَرٍ أَوۡ أُنثَىٰ وَهُوَ مُؤۡمِنٞ ﴾، هەر کەسێکیش چاکە بکات، لە نێر یان مێ و بڕواداریش بێ، ﴿ فَأُوْلَٰٓئِكَ يَدۡخُلُونَ ٱلۡجَنَّةَ يُرۡزَقُونَ فِيهَا بِغَيۡرِ حِسَابٖ ﴾، ئا ئەوانە دەچنە بەهەشت، بەبێ ئەژمار بژێویان دەدرێتێ، واتە: بۆیان ناژمێردرێ هێندە زۆرە، ﴿ وَيَٰقَوۡمِ مَا لِيٓ أَدۡعُوكُمۡ إِلَى ٱلنَّجَوٰةِ وَتَدۡعُونَنِيٓ إِلَى ٱلنَّارِ ﴾، هەروەها ئەی خەڵکەکەم! ئەوە چیمە من ئێوە بەرەو ڕزگاریی بانگ دەکەم، کەچی ئێوە من بەرەو ئاگر بانگ دەکەن؟ ﴿ تَدۡعُونَنِي لِأَكۡفُرَ بِٱللَّهِ ﴾، بانگم دەکەن کە بێبڕوابم بە خوا، ﴿ وَأُشۡرِكَ بِهِۦ مَا لَيۡسَ لِي بِهِۦ عِلۡمٞ ﴾، هەروەها شتێک بکەمە هاوبەشی کە زانیاریم پێی نیە، واتە: بوونی نیە، بۆیە زانیاریم پێی نیە، ﴿ وَأَنَا۠ أَدۡعُوكُمۡ إِلَى ٱلۡعَزِيزِ ٱلۡغَفَّٰرِ ﴾، لە حاڵێکدا کە منیش بانگتان دەکەم بەرەو لای خوای زاڵی زۆر لێبوردە.

﴿ لَا جَرَمَ أَنَّمَا تَدۡعُونَنِيٓ إِلَيۡهِ لَيۡسَ لَهُۥ دَعۡوَةٞ فِي ٱلدُّنۡيَا وَلَا فِي ٱلۡأٓخِرَةِ ﴾، بە دڵنیایی بێگومان ئەوەی ئێوە منی بۆ لا بانگ دەکەن، هیچ بانگهێشتێکی نیە، نە لە دنیاو نە لە دواڕۆژدا (کە وەڵامی بداتەوە)، واتە: هەرچەندە خەڵک بانگیان بکات، ئەو پەرستراوە ساختانە وەڵامی بانگکراوەکان نادەنەوەو لە فریایان نایەن، ﴿ وَأَنَّ مَرَدَّنَآ إِلَى ٱللَّهِ ﴾، بێگومان گەڕانەوەشمان تەنیا بۆ لای خوایە، ﴿ وَأَنَّ ٱلۡمُسۡرِفِينَ هُمۡ أَصۡحَٰبُ ٱلنَّارِ ﴾، مسۆگەر زێدەڕۆییکارانیش (ئەوانەی تێدەپەڕێنن) هاوەڵانی ئاگری دۆزەخن، ﴿ فَسَتَذۡكُرُونَ مَآ أَقُولُ لَكُمۡۚ ﴾، بە دڵنیایی وەبیرتان دێتەوە، ئەوەی ئێستا پێتان دەڵێم، کاتێک دێ بیرتان دێتەوە، بەڵام دادتان نادات، ﴿ وَأُفَوِّضُ أَمۡرِيٓ إِلَى ٱللَّهِۚ ﴾، کاری خۆشم حەواڵەی خوا دەکەم (چونکە هەڕەشەیان لێکردوە)، ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ بَصِيرُۢ بِٱلۡعِبَادِ ﴾، بە دڵنیایی خوا بینەری بەندەکانیەتی، دەزانێ حاڵ و باڵی من چۆنەو من بێ دەستەڵاتم، کاری خۆم حەواڵەی خوا دەکەم.

﴿ فَوَقَىٰهُ ٱللَّهُ سَيِّـَٔاتِ مَا مَكَرُوا۟ ﴾، خـواش پاراسـتی لـە خراپـەی ئـەو پیلانـەی دەیانگێڕا، لـە سزادانی ئەوان و لـە خراپـەی نەخشـەو پیلانەکانیـان پاراسـتی، ﴿وَحَاقَ بِـَٔالِ فِرْعَوْنَ سُوٓءُ ٱلْعَذَابِ ﴾، سـزایەکی خراپیـش دەوری دارو دەسـتەی فیرعەونیـدا، کـە بریتـی بـوو لـەوەی لـە دەریـای سـووردا خنـکان، ئـەوە لـە دنیـادا، ﴿ ٱلنَّارُ يُعْرَضُونَ عَلَيْهَا غُدُوًّا وَعَشِيًّا ﴾، لـە جیهـان و قۆناغـی بەرزەخیشـدا: ئاگرێـک کـە بەیانیـان و ئێـواران لەسـەری ڕادەنوێنرێـن، ﴿وَيَوْمَ تَقُومُ ٱلسَّاعَةُ ﴾، قۆناغـی سـێیەمیش کـە کاتەکـە (سـاعة) دێ (ڕۆژی دوایـی)، لەوێـش سـزایان هەیـەو دەگوتـرێ: ﴿أَدْخِلُوٓا۟ ءَالَ فِرْعَوْنَ أَشَدَّ ٱلْعَذَابِ ﴾، دارو دەسـتەی فیرعـەون بخەنـە نێـو سـەختترین سـزاوە، کەواتـە سـێ سـزان:

أ- خنکێنران لە دەریای سووردا.

ب- لە جیهانیی بەرزەخدا بەیانیان و ئێواران دەسوتێنرێن.

ج- لە ڕۆژی دواییشدا سەخترین سزا چاوەڕێیان دەکات.



مەسەلە گرنگەكان

مەسەلەی یەكەم:

سەرنجڕاكێشانی خوا ﷻ بۆ مرۆڤەكان بەرەو مێژوو و تێوەڕامانی سەرەنجامی شوومی گەلانی سەركێشی ڕابردوو، كە خوای دادگەر بەهۆی گوناهەكانیانەوە سزای داون، هەرچەندە زۆریش بەهێزتربوون و، پاشماوەو شوێنەوارەكانیان دیارترن، بەڵام بەهۆی ئەوەوە كە بڕوایان بە پێغەمبەرەكانیان (عَلَيْهِمُ الصَّلاَةُ وَالسَّلَام) نەهێناوەو، پەیامی خوایان كە پێیاندا ڕەوانە كراوە، قبووڵیان نەكردوە، هەرچەندە پێغەمبەران (عَلَيْهِمُ الصَّلاَةُ وَالسَّلَام) بەڵگەو موعجیزەی ڕۆشنیشیان بۆ ئیسپاتی داوای خۆیان پێ بوون، خوا سزای داون:

خوا دەفەرموێ: ﴿أَوَلَمْ يَسِيرُوا فِي الْأَرْضِ فَيَنظُرُوا كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الَّذِينَ كَانُوا مِن قَبْلِهِمْ ۚ كَانُوا هُمْ أَشَدَّ مِنْهُمْ قُوَّةً وَآثَارًا فِي الْأَرْضِ فَأَخَذَهُمُ اللَّهُ بِذُنُوبِهِمْ وَمَا كَانَ لَهُم مِّنَ اللَّهِ مِن وَاقٍ ﴿٢١﴾ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ كَانَت تَّأْتِيهِمْ رُسُلُهُم بِالْبَيِّنَاتِ فَكَفَرُوا فَأَخَذَهُمُ اللَّهُ ۚ إِنَّهُ قَوِيٌّ شَدِيدُ الْعِقَابِ ﴿٢٢﴾﴾.

شیكردنەوەی ئەم دوو ئایەتە، لە هەشت بڕگەدا:

١)- ﴿أَوَلَمْ يَسِيرُوا فِي الْأَرْضِ﴾، ئایا بە زەویدا نەڕۆیشتوون؟ ئەم پرسیارە دەگونجێ پرسیاركردنی نكووڵیلێكردن بێ، واتە: بۆچی بە زەویدا نەڕۆیشتوون؟ دەبوو بە زەویدا بڕۆن، دەشگونجێ پرسیاركردنی چەسپاندن بێ، واتە: بە زەویدا بڕۆن و سەرنج بدەن، ئنجا بە زەویی دا ڕۆیشتنەكەش، دوو واتای هەن:

أ- ڕۆیشتنی کردەیی بە جەستە، کە مرۆڤ سەفەر بکات و بڕواو، بێ و بچێ و، تەماشای شوێنەوارەکان بکات.

ب- ڕۆیشتنی مەعنەویی، واتە: کتێب بخوێننەوە، بپرسن، سەرنج بدەن، ڕامێنن، مێژوو بێننە بەر ئاوێنەی خەیاڵی خۆتان، بە زەویدا بڕۆن، چ ڕۆیشتنی جەستەیی، چ ڕۆیشتنی فیکریی.

٢)- ﴿ فَيَنظُرُواْ كَيْفَ كَانَ عَٰقِبَةُ ٱلَّذِينَ كَانُواْ مِن قَبْلِهِمْ ﴾، تەماشا بکەن! سەرەنجامی ئەوانەی لە پێش واندابوون، چۆن بوو؟ (مِن قَبْلِهِمْ) خوێنراویشتەوە: (مِنْ قَبْلِكُمْ) بە شێوەی دواندن (خِطَاب)، ئەوی دیکەش بە شێوەی نادیار (غائب)، هەردووکیشیان یەک واتایان هەیە.

٣)- ﴿ كَانُواْ هُمْ أَشَدَّ مِنْهُمْ قُوَّةً وَءَاثَارًا فِى ٱلْأَرْضِ ﴾، ئەوان هێزیان زیاتر بوو و، شوێنەواریشیان بەهێزتربوو لە زەویدا، وشەی (آثَار: **جَمْعُ أَثَرٍ، وَهُوَ شَكْلٌ يَرْسُمُهُ فِعْلُ شَيْءٍ آخَر**)، (آثَار) کۆی (أَثَرْ)ە کە بریتیە لە وێنەیەک کە کردەوەی شتێکی دیکە بەجێیدەهێڵێ، بۆ وێنە: کەسێک بە ڕێیەکدا دەڕواو شوێن پێیەکان (**آثَارُ الأَقْدَام**)ی دەردەچن، هەروەها کەسێک پردێکی دروستکردوە، کەسێک مزگەوتێکی دروستکردوە، کەسێک قەڵایەکی دروستکردوە، لە دوای خۆی دەمێنێتەوە، بە کوردیی دەڵێین: شوێنەوار، ئێستا زانستێکی تایبەت هەیە بە ناوی (**عِلْمُ الآثَار**) شوێنەوارناسیی (ئارکیۆلۆژیی)، لە شوێنەوارە کۆنەکان دەکۆڵێتەوە، کە گەلانی ڕابردوو بە جێیان هێشتوون، کە دەفەرموێ: ﴿ كَانُواْ هُمْ أَشَدَّ مِنْهُمْ قُوَّةً وَءَاثَارًا فِى ٱلْأَرْضِ ﴾، ڕاناوی (هُمْ)، (**ضَمِيْرُ الفَصْلِ، وَهُوَ هُنَا لِمُجَرَّدِ التَّأْكِيْد**)، ڕاناوی جیاکردنەوەیەو تەنیا بۆ جەختکردنەوەیە، دەشگونجێ بۆ کورت هەڵهێنان بێ، جاری وایە ڕاناوی (فَصْلِ) (**هُمْ ، هُوَ**) بۆ کورتهەڵێنانە، بەڵام لێرەدا مەبەست کورتهەڵێنان نیە، چونکە مەبەست ئەوە نیە کە بەهێزییەکەی ئەوان، لەواندا کورتهەڵبهێنرێ، واتە: هەر ئەوان لە هەموو کەس بەهێزتر بوون، بەڵکو مەبەست، تەنیا جەختکردنەوەیە کە ئەوانە بەهێزبوون، نەک تەنیا ئەوان بەهێزبوون و، تەنیا ئەوانیش شوێنەواریان بووبێ،

خەڵکی دیکەش شوێنەواریان بووە، بەڵام ئەوان هێزیشیان زۆربووەو، شوێنەوارەکانیشیان لە هی کافرانی ڕۆژگاری پێغەمبەر ﷺ زیاتر بوون.

٤)- ﴿ فَأَخَذَهُمُ ٱللَّهُ بِذُنُوبِهِمْ ﴾، خوا بە هۆی گوناهەکانیەوە گرتنی و سزای دان، ﴿كَانُوٓاْ هُمْ أَشَدَّ مِنْهُمْ قُوَّةً وَءَاثَارًا فِى ٱلْأَرْضِ ﴾، وشەی (ٱلْأَرْضِ)، کە (أل)ی ناساندنی لەسەرە، ناساندنەکە بۆ (عهد)ە، واتە: سەر زەمینەکەی خۆیان، سەرزەمینی خەڵکەکەی خۆیان، سەرزەمینە ناسراوەکە.

٥)- ﴿ وَمَا كَانَ لَهُم مِّنَ ٱللَّهِ مِن وَاقٍ ﴾، لە لایەن خواوەش هیچ پارێزەرێکیان نەبوو.

﴿ وَمَا كَانَ لَهُم مِّنَ ٱللَّهِ ﴾، (مِن)ی یەکەم بۆ دەستپێکردنە (مِـنْ إبْتِدَائِيَة)یە، واتە: لە لایەن خواوە، ﴿ مِن وَاقٍ ﴾، ئەم (مِـن)ی دووەم، بۆ جەختکردنەوەیە، هیچ جۆرە پارێزەرێکیان نەبوون، نە کەم نە زۆر، واتە: لە بەرانبەر سزای خوادا، هیچ شتێک نەیپاراستن، هیچ پارێزەرێک نەیتوانی چەپاڵەیان بداو، لە بن باڵی خۆییان بگرێ و بیانپارێزێ، ئنجا دووبارە خوا ﷻ هۆکاری ئەوە کە بۆچی فەوتاندوونی؟ ڕوون دەکاتەوە، هەرچەندە پێشتریش هەر ئاماژەی فەرمووە کە دەفەرموێ: ﴿ بِذُنُوبِهِمْ ﴾، دەفەرموێ:

٦)- ﴿ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ كَانَت تَّأْتِيهِمْ رُسُلُهُم بِٱلْبَيِّنَٰتِ فَكَفَرُواْ ﴾، ئەوەش بە هۆی ئەوەوە، کە پێغەمبەرەکانیان بەڵگە ڕۆشنەکانیان بۆ هێنان، ئەوانیش بێبڕوابوون.

ئەمە ڕوونکەرەوەی گوناهەکانیانە کە پێشێ دەفەرموێ: ﴿ فَأَخَذَهُمُ ٱللَّهُ بِذُنُوبِهِمْ ﴾، بەهۆی گوناهەکانیانەوە گرتنی، بەڵام نازانین گوناهەکانیان چی بوون؟ بەڵام لە ئایەتی دواتردا ڕوونی دەکاتەوە: (ذَٰلِكَ) واتە: ئەو سزادانەی خواو ئەو گرتنەی خوا بە هۆی ئەوە بووە: ﴿ بِأَنَّهُمْ كَانَت تَّأْتِيهِمْ رُسُلُهُم بِٱلْبَيِّنَٰتِ ﴾، کە ئەوان پێغەمبەرەکانیان (عَلَيْهِمُ الصَّلاَةُ وَالسَّلاَم) بەڵگە ڕوون و ئاشکراکانیان بۆ دەهێنان، بۆ سەلماندنی ڕاستیی خۆیان.

﴿ فَكَفَرُوا۟ ﴾، بەڵام ئەوان بێبڕوابوون، بەچی بێبڕوابوون؟ هەم بە پێغەمبەران (عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَامِ) بێبڕوابوون، هەم بە بەڵگە ڕۆشنەکان کە هێنایانن، هەم بە پەیامی خوا کە خوا پێیدا ناردبوون.

٧)- ﴿ فَأَخَذَهُمُ ٱللَّهُ ﴾، خواش گرتنی، کەواتە: سزادانی بۆیان لە گۆترە نەبووەو بێ هۆکار نەبووە، ئەو گوناهانەش کە خوا بە هۆیانەوە سزای داون، لەوەدا بەرجەستە بوون، کە بێبڕوابوون بە بەڵگە ڕۆشنەکانی پێغەمبەران و، بە پێغەمبەران (عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَامِ) خۆیان، کە خۆشیان لە زاتی خۆیاندا بەڵگەی ڕۆشن بوون و، بەو پەیامەش کە خوا پێیدا ناردوون و، بەو خوایەش کە ناردوونی ﷻ کە خواش (جَلَّ شَأْنُهُ) تێکڕای گەردوون و هەموو شتێک بەڵگەو شایەدیەتی، وەک گوتراوە:

(وَفِي كُلِّ شَيْءٍ لَهُ آيَةٌ ... تَدُلُّ عَلَى أَنَّهُ وَاحِدٌ)

کەچی ئەوان هەموو ئەو بەڵگە ڕۆشنانەیان ڕەفز کردوون، گوێیان نە بۆ بانگکردنی زگماک و ناخی خۆیان گرتوە، نە بۆ عەقڵ، نە بۆ نەقڵیش کە پێغەمبەران (عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَامِ) لە خواوە پەیامیان بۆ هێناون، بۆیە خوا سزای داون.

٨)- ﴿ إِنَّهُۥ قَوِىٌّ شَدِيدُ ٱلْعِقَابِ ﴾، بە دڵنیایی خوا بەهێزەو، سزاشی توندە.



سەرنجدان لە چەند شوێنەوارێکی گەلە پێشووەکان

کە دەفەرموێ: ﴿كَانُوٓاْ هُمۡ أَشَدَّ مِنۡهُمۡ قُوَّةٗ وَءَاثَارٗا فِي ٱلۡأَرۡضِ﴾، دەتوانین وەک نموونە: باسی هەندێک لەو شوێنەوارانە بکەین، کە ئێستاش هەن:

١- هەرەمەکان (**أَهْرَام**)، هەندێکیش بە (**الأَهْرَامَات**)یان کۆ دەکەنەوە:

أ/ هەرەمەکانی میسر کە ئێستاش هەن، لە شوێنێکی بیابان دروستکراون، کە هەمووی لەو هیچ بەردو شاخ و چیای لێ نیە، کەچی هەر بەردێک لەو بەردانەی کە ئەو هەرەمانەیان لێ دروسکراون، نیزیکەی پێنج تەنە، واتە: پێنج هەزار کیلۆ قورسە، وەک بلۆک کە چل (٤٠) چل کیلۆ قورسە، یان کەمتر، ئێستا بلۆکی بۆش کەمتریش قورسە، ئنجا ئەوان هەڵساون لەو بەردە گەورانە ئەو هەرەمەیان دروستکردوە، کە هەر کام لەو بەردانە پێنج تەن قورسە، نەک چل کیلۆ، بەڵکو (٥٠٠٠) پێنج هەزار کیلۆ! ئایا چۆن ئەو بەردانە خراونە سەریەک و، بە چ شتێک بردوویاننە سەریەک و، ئاوا دایانناون بە ڕیز؟!

ب/ هەوای نێوان بەردەکان بەتاڵکراوە، بەجۆرێک کە بەردەکان پێکەوە نووساون و پێکەوە لکاون، وەک هەر لە ئەسڵدا پێکەوەبووبن، هەردوو شتێک کە لە پەنای یەک دادەنرێن، ئەگەر بۆشایی نێوانیان نەهێڵدرێ، پێکەوە چەسپ دەبن.

ج/ لە هەموو ڕۆژەکانی ساڵدا، تەنیا لە یەک ڕۆژدا، تیشکی خۆر دەچێتە نێو ئەو هەرەمە، ئەویش ئەو ڕۆژەیە کە ئەو فیرعەونە، ئەو هەرەمەی بۆ کراوەتە گۆڕو تێیدا نێژراوە، واتە: لە نێو هەموو ڕۆژەکانی ساڵ دا، تیشکی خۆر لە ڕۆژێکدا، بە جۆرێک دەسووڕێ کە بێتە نێو هەرەمەکان، ئەویش ئەو ڕۆژەیە کە ئەو فیرعەونە تێیدا مردوە، ئەوە وردەکارییە! کە پێموایە بە زەحمەت مرۆڤ دەتوانێ ئێستا شتێکی وا دروست بکات.

٢- مۆمیاکردن (**التَّحْنِیْط**): کە هەندێک لە فیرعەونەکان چوار هەزار (٤٠٠٠) ساڵ، پێنج هەزار (٥٠٠٠) ساڵ لەمەو پێش، بەڵکو ڕەنگە هەیانبێ زیاتریش، مۆمیا کراون، جاری وا بووە خواردنەکانیشیان و کەلوپەلەکانیشیان هەر مۆمیاکردوون و، ئەوانیش ماون وەک خۆیان، کە ئێستا لە مۆزەخانەکاندا هەن و پێشان دەدرێن، مۆمیاکردنیش ئەوەیە کە جەستەی مرۆڤێک بە جۆرێک لێبکەی و ماددەیەکی تێبکەی، بمێنێتەوەو نەگۆڕێ.

٣)- شوێنەواری (**الأنْبَاط**): کە لە وڵاتی ئوردنەو، شارێکیان بە تەواویی لە چیادا داتاشیوە، شارێکی شەش پاڵوویە، بە شێوەیەکی ئەندازەیی زۆر ورد، ئێستاش خەڵک دەچێت تەماشای دەکات.

٤)- شوێنەوارێکی دیکە لە (**بَعْلَبَك**) هەیە، شەش بەردیان لەسەریەک داناون، هەر کام لەو بەردانە کێشەکەی دوو سەد (٢٠٠) تەنە، واتە: دوو سەد هەزار (٢٠٠٠٠٠) کیلۆ، کە پێم وانیە ئێستا بەشەر هیچ بلدۆزەر و ڕافیعەیەکی وای هەبێ، بتوانێ دوو سەد تەنی پێ بەرزبکاتەوە[١].

٥)- خۆشم لە شاری (**أصفهان**) چەند شوێنەوارێکم دیون، یەکێکیان باس دەکەم، هەڵبەتە لە زۆر لە شارەکانی دنیادا شوێنەواری سەرسوڕهێنەر هەن، بەڵام لە شاری ئەسفەهانی ئێران مزگەوتێکی لێیە، لە حەوشەی مزگەوتەکەدا شوێنێکی بازنەیی هەیە، بە قەدەر بێژینگێکە، ئەگەر لەوێ بوەستی و قسە بکەی، لە هەموو مزگەوتەکەدا دەنگ دەداتەوە، وەک دەنگ گەورەکەر (**مكبِّرة**)ە، بەڵام لەوێ لابچۆ و یەک پێ لەوێ دوور بکەوەوە، دەنگەکە ئاساییە، کەچی لەوێ بوەستە، وەک (**مكبِّرة**) دەنگ دەداتەوە کە ئەوەش شتێکی زۆر سەرسوڕهێنەرە.

لێرەوە دەمەوێ بگەم بە ئەنجامێک، کەواتە: هێشتنەوەی شوێنەوارەکان لە ئامانجەکانی شەریعەتە، بۆیەش وا دەڵێم: چونکە کاتی خۆی تاڵیبان لە ئەفغانستان پەیکەرەکانی (**بووذا**)یان فەوتاندن، کە ئەوە جگە لە خراپەکردن

---

(١) تفسير النابلسي: ج٨، ص١٣٦.

لەگەڵ دەوری دوو ملیار بەشەر، کە (بوودا) بە شێوەیەک لە شێوەکان بە پیرۆز دەزانن، هیچ سوودێکی نەبوو، خوای بەرزیش دەفەرموێ: ﴿وَلَا تَسُبُّوا۟ ٱلَّذِينَ يَدْعُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ فَيَسُبُّوا۟ ٱللَّهَ عَدْوًۢا بِغَيْرِ عِلْمٍ ﴿١٠٨﴾﴾ الأنعام، ئەو شتانەی لە جیاتی خوا دەیانپەرستن، قسەیان پێ مەڵێن، نەبادا ئەوانیش سنوور شکێنانە بە بێ زانیاریی قسە بە خوا بڵێن، ئنجا ئەگەر قسە پێ گوتن قەدەغە بێ، تێکشکاندن و تێکدان بە تەئکید قەدەغەترە، هەروەها (داعش) یش زۆر دژی شوێنەواران بوون، شوێنەوارەکانیش وە نەبێ فەوتاندبایان ئەوەی زانیبایان پارە دەکات، دەیانفرۆشت و بازرگانییان دەکرد!! هەندێ خەڵکی ئاوا تەبیعەت وشک و ناحاڵیی هەیە، پێی وایە لەبەر ئەوەی بۆ وێنە: هەرەمەکان هی فیرعەونەکان بوون، یان فڵان شوێن، هی گەلی عادو سەموود بووە، کە کافر بوون، یان فڵان شوێن دەریاچەی مردوو هی گەلی لووط بووە، نابێ بمێنن، نەخێر! خوای پەروەردگار بۆ خۆی فەرموویەتی و فەرمانمان پێدەکات: ﴿أَوَلَمْ يَسِيرُوا۟ فِى ٱلْأَرْضِ فَيَنظُرُوا۟ كَيْفَ كَانَ عَـٰقِبَةُ ٱلَّذِينَ كَانُوا۟ مِن قَبْلِهِمْ ۚ كَانُوا۟ هُمْ أَشَدَّ مِنْهُمْ قُوَّةً وَءَاثَارًا فِى ٱلْأَرْضِ فَأَخَذَهُمُ ٱللَّهُ بِذُنُوبِهِمْ وَمَا كَانَ لَهُم مِّنَ ٱللَّهِ مِن وَاقٍ﴾ ئنجا چۆن بزانین شوێنەواریان زیاتر بوون، ئەگەر شوێنەوارەکان نەمێنن؟ کەواتە: هێشتنەوەی شوێنەواری پێشینان و پارێزگاریی لێکردنیان، لە ئامانجەکانی شەریعەتەو، تەماشاکردنی شوێنەوارەکانیش جێبەجێکردنی فەرمانی خوای پەروەردگارە کە دەفەرموێ: بە زەویدا بڕۆن و شوێنەوارەکان ببینن.



مەسەلەی دووەم:

ڕەوانەکرانی مووسا ﷺ بە نیشانەکان و بە بەڵگەوە، بۆ لای فیرعەون و هامان و قارِوون، لە کاردانەوەدا بڕیاردانی فیرعەون و داروودەستەکەی بۆ کوشتنی نێرەوەزەکانی بەنوو ئیسرائیل و، هێشتنەوەی ئافرەتەکان و، هەڕەشەکردنی فیرعەون بە کوشتنی مووسا ﷺ بە بیانووی تێکدانی ئایین و ئاشووب نانەوە لە وڵات داو، پەناگرتنی مووسا ﷺ بە پەروەردگاری لە هەر خۆبەزلگرێکی بێبڕوا بە ڕۆژی لێپرسینەوە:

خوا دەفەرمووێ: ﴿وَلَقَدْ أَرْسَلْنَا مُوسَىٰ بِآيَاتِنَا وَسُلْطَانٍ مُّبِينٍ ﴿٢٣﴾ إِلَىٰ فِرْعَوْنَ وَهَامَانَ وَقَارُونَ فَقَالُوا سَاحِرٌ كَذَّابٌ ﴿٢٤﴾ فَلَمَّا جَاءَهُم بِالْحَقِّ مِنْ عِندِنَا قَالُوا اقْتُلُوا أَبْنَاءَ الَّذِينَ آمَنُوا مَعَهُ وَاسْتَحْيُوا نِسَاءَهُمْ ۚ وَمَا كَيْدُ الْكَافِرِينَ إِلَّا فِي ضَلَالٍ ﴿٢٥﴾ وَقَالَ فِرْعَوْنُ ذَرُونِي أَقْتُلْ مُوسَىٰ وَلْيَدْعُ رَبَّهُ ۖ إِنِّي أَخَافُ أَن يُبَدِّلَ دِينَكُمْ أَوْ أَن يُظْهِرَ فِي الْأَرْضِ الْفَسَادَ ﴿٢٦﴾ وَقَالَ مُوسَىٰ إِنِّي عُذْتُ بِرَبِّي وَرَبِّكُم مِّن كُلِّ مُتَكَبِّرٍ لَّا يُؤْمِنُ بِيَوْمِ الْحِسَابِ ﴿٢٧﴾﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە سێزدە بڕگەدا:

١)- ﴿وَلَقَدْ أَرْسَلْنَا مُوسَىٰ بِآيَاتِنَا وَسُلْطَانٍ مُّبِينٍ﴾، بە دڵنیایی ئێمە مووسامان ڕەوانکرد بە نیشانەکانمانەوەو، بە بەڵگەیەکی ڕوون و ئاشکراشەوە، کە دەفەرمووێ: ئایەتەکانمان بە مووسادا ناردن، (آيَات) کۆی (آيَة)یە، واتە: نیشانە (عَلَامَة)، زۆرجار گوتوومانە بەپێی سیاق مانایەکەی دیارییدەکرێ، ئەگەرنا لە ئەسڵدا بە مانای نیشانە (علامة) دێ و دەتوانین بڵێین:

(آيات) لە بەکارهێنانی قورئان دا، بە چوار واتایان هاتوون:

یەک: دیاردە گەردوونییەکان: ﴿وَجَعَلْنَا اللَّيْلَ وَالنَّهَارَ آيَتَيْنِ ﴿١٢﴾﴾الإسراء، خۆرو مانگمان کردوون بە دوو ئایەت، دوو نیشانە.

دوو: ڕستەکانی فەرمایشتی خوا: ﴿ إِذَا تُتْلَىٰ عَلَيْهِمْ ءَايَٰتُ ﴿٥٨﴾ ﴾مريم.

سێ: موعجیزەکانی پێغەمبەران: ﴿ وَلَقَدْ ءَاتَيْنَا مُوسَىٰ تِسْعَ ءَايَٰتٍۭ بَيِّنَٰتٍ ﴿١٠١﴾ ﴾الإسراء.

چوار: هەروەها ئەو بەڵایانەش کە خوا گەلە یاخییە پێشووەکانی پێ فەوتاندوون، هەندێ جار ئەوانیش بە ئایەت ناوبراون، بەڵام بەپێی سیاق دەزانرێ کامیان مەبەستە.

لێرەدا کە دەفەرموێ: ﴿ وَلَقَدْ أَرْسَلْنَا مُوسَىٰ بِـَٔايَٰتِنَا وَسُلْطَٰنٍ مُّبِينٍ ﴾، ئایەت هەم دەگونجێ مەبەست پێی ئەو فەرمایشتانە بێ کە خوا ناردوونی بۆ مووسا، بۆی وەحیی کردوون، هەم دەشگونجێ مەبەست پێی نۆ موعجیزەکەی بن، وەک لە سوورەتی (**الإسراء**)دا دەفەرموێ: ﴿ وَلَقَدْ ءَاتَيْنَا مُوسَىٰ تِسْعَ ءَايَٰتٍۭ بَيِّنَٰتٍ فَسْـَٔلْ بَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ إِذْ جَآءَهُمْ فَقَالَ لَهُۥ فِرْعَوْنُ إِنِّى لَأَظُنُّكَ يَٰمُوسَىٰ مَسْحُورًا ﴿١٠١﴾ ﴾.

بەڵام: (**سُلطَانٍ مُّبِين**) دەگونجێ مەبەست ئەو شێوە وتووێژو قسەکردنەی مووسا عليه السلام بێ لەگەڵ فیرعەوندا، کە زۆر ڕوون و ئاشکرا بووە، دەشگونجێ مەبەست پێی کۆی نۆ ئایەتەکەو حاڵ و باڵی مووسا بێ، کە خۆی لە خۆیدا نیشانەو بەڵگەیەکی ڕوون و ئاشکرا بووە، لەسەر ڕاستیی مووسا عليه السلام.

هەندێکیش گوتوویانە: (**سُلطَانٍ مُّبِين**)، مەبەست پێی گۆچانەکەیەتی، بەڵام وا پێدەچێ مەبەست زیاتر ئەو شێوە وتووێژو ئاخاوتنە بێ کە مووسا لەگەڵ فیرعەوندا، کردوویەتی و بەڵگەکانی زۆر ڕوون و ئاشکرابوون، بۆ وێنە: ﴿ قَالَ فَمَن رَّبُّكُمَا يَٰمُوسَىٰ ﴿٤٩﴾ قَالَ رَبُّنَا ٱلَّذِىٓ أَعْطَىٰ كُلَّ شَىْءٍ خَلْقَهُۥ ثُمَّ هَدَىٰ ﴿٥٠﴾ ﴾طه، (فیرعەون) گوتی: ئەی مووسا! پەروەردگارتان کێیە (هی تۆو هاڕوون)؟ گوتی: پەروەردگارمان ئەو زاتەیە کە بوونی بە هەر شتێکداوە، دوایی ڕێنماییشی کردوە، کە ئەوە بەڵگەیەکی زۆر زۆر بەهێزە لەسەر بەدیهێنەرایەتیی و پەروەردگارێتیی خوا، چونکە هەموو شتێک بوونی پێدراوە، دواییش ڕێکخراوەو ڕێنمایی کراوە، کە ئەوە ئاماژەیە بە هەردوو یاسای عەقڵیی: هۆکاریی و، ڕێک و پێکیی (**السَّببيَّة وَالنِّظَام**).

خوا سبحانه وتعالى مووسای نارد بە نیشانەکانەوەو، بە بەڵگەیەکی ڕوون و ئاشکراوە:

٢)- ﴿ إِلَىٰ فِرْعَوْنَ وَهَٰمَٰنَ وَقَٰرُونَ ﴾، بۆ لای فیرعەون و هامان و قارووون، پێشتریش باسمانکرد، ئەسڵەکە فیرعەون بووە، بەڵام هامان وەزیری بووە، یان ڕاوێژکاری بووە، قاڕوونیش بابایەکی هەڵگەڕاوە بووە لە گەلی بەنوو ئیسرائیل: ﴿ إِنَّ قَٰرُونَ كَانَ مِن قَوْمِ مُوسَىٰ فَبَغَىٰ عَلَيْهِمْ ﴿٧٦﴾ ﴾القصص، بەهۆی ئەو سەروەت و سامانەوە کە بە حەڕامیی بەسەریەکەوەی ناوە، وەک چۆن ئێستا هەندێک لەو دەوڵەمەندە مشەخۆرانەی کە لە پەنای دەستەڵاتدارە حیساب بۆ خواو خەڵک نەکەرەکاندا، دەوڵەمەند دەبن و دەبنە ملیاردێر، ئێستاش هەر وایەو، کاتی خۆی قاڕوونیش لە پەنای فیرعەوندا بۆتە سەروەتمەندو، ساماندار، ئەگەرنا قاڕوون لە ئەصڵدا لە قیبتییەکان نەبووە.

ئـەو سـێ کوچکـە شـوومەش: فیرعـەون و هامـان و قـاڕوون، لـە قورئانـدا زۆر باسـکراون، لەبەرئـەوەی فیرعـەون، ڕەمـزو هێـمای خـۆ سـەپاندنی سیاسـییەو، هامـان ڕەمـزو هێـمای هەڵخەڵەتانـدن و چەواشـەکاریی ڕاگەیاندنـەو، قاڕوونیـش ڕەمـزی چەوسـاندنەوەی ئابوورییـە، کەواتـە: فیرعـەون بەرجەسـتەکەرو ڕەمـزی زوڵمـی سیاسـییەو، قـاڕوون بەرجەسـتەکەرو ڕەمـزی چەوسـاندنەوەی ئابوریـیەو، هامانیـش ڕەمـزی چەواشـەکاریی ڕاگەیاندنـە.

٣)- ﴿ فَقَالُوا۟ سَٰحِرٌ كَذَّابٌ ﴾، (یەکسەر کە مووسا چوو بۆ لایان) گوتیان: ئەوە جادووگەرێکی درۆزنە.

٤)- ﴿ فَلَمَّا جَآءَهُم بِٱلْحَقِّ مِنْ عِندِنَا ﴾، کاتێک هەقی لە لایەن ئێمەوە بۆ بردن.

٥)- ﴿ قَالُوا۟ ٱقْتُلُوٓا۟ أَبْنَآءَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ مَعَهُۥ ﴾، گوتیان: کوڕانی ئەوانەی کە بڕوایان لەگەڵدا هێناوە، بیانکوژن.

٦)- ﴿ وَٱسْتَحْيُوا۟ نِسَآءَهُمْ ﴾، ئافرەتەکانیشیان بهێڵنەوە لە ژیاندا.

٧)- ﴿ وَمَا كَيْدُ ٱلْكَٰفِرِينَ إِلَّا فِى ضَلَٰلٍ ﴾، بەڵام فێڵی بێبڕوایان هەر فەوتاو و ونبوویە، بێ بەرهەمە، واتە: فێڵەکەیان ئامانجەکەی نەپێکاوە، کە بریتی بوو: لەوەی

مووسا ﷺ لەبەین بەرن و پەیامەکەی خەفە بکەن، ئنجا مادام ئامانجەکەیان نەهاتۆتە دی، بەڵێ خەڵکیان ئەزیەتداوەو، توانییان نێرینەکانی بەنوو ئیسرائیل سەر ببڕن و ئافرەتەکان بهێڵنەوە، بەڵام مەبەستیان ئەوەبوو کە مووسا ﷺ ئامانجەکەی نەپێکێ و، نەتوانێ گەلەکەی دەرباز بکات لە ژێر چنگی فیرعەون، کەچی ئەو فێڵ و پیلانەیان بێ ئاکام بوو و، مووساش ئامانجەکەی خۆی هێنایە دی.

ئێمە بەسەرهاتی مووساو فیرعەونمان لە سووڕتی (**الأعراف**)و، لە سووڕەتی (**القصص**)دا بە درێژی باسکردوە، هەروەها لە هەر کام لە سووڕەتەکانی (**یونس**) و (**طه**)و (**الشعراء**)و (**النمل**)یشدا تاڕاددەیەک قسەمان لەبارەوە کردوە، بۆیە لێرە هەروا بە خێرایی بەسەریدا دەڕۆین و ناچینە نێو وردەکارییەکانەوە.

٨)- ﴿وَقَالَ فِرۡعَوۡنُ ذَرُونِيٓ أَقۡتُلۡ مُوسَىٰ﴾، فیرعەون گوتی: لێمگەڕێن با مووسا بکوژم، (ذَرُونِيٓ) واتە: (**خَلُّونِي**) یان (**دَعُونِي**) یان (**أتركُونِي**) لێمگەڕێن، ئەمەش ئەوەی لێوەردەگیرێ کە خەڵکێک دەستیان گرتبێ و نەیهێڵن، مووسا بکوژێ، بێگومان کەس دەستی فیرعەونی نەگرتوەو، کەسیش دەستی فیرعەونی بۆ نەگیراوە، بەڵام وەک چۆن کەسێک لە بەرانبەر کەسێکدا هەڕەشە دەکات و، خۆی ڕادەپسکێنێ و دەڵێ: مەمگرن، هەرچەندە هیچی پێ لەگەڵ ناکرێ و، دەیەوێ بەرانبەرەکەی بترسێنێ، یان خەڵک وا چەواشە بکات کە لە بەرانبەریدا دەستە پاچەو، بێ دەستەڵات نیە، ئەگەر بێت و نەیگرن، وادەکات کە وابچێ!.

٩)- ﴿وَلۡيَدۡعُ رَبَّهُۥٓ﴾، با ئەویش لە پەروەردگاری وەپاڕێ، ئەم (ل)ەی (وَلۡيَدۡعُ) (**لَامُ الأمْر**)ە، بۆ فەرمانکردنە، کە لێرەدا بەکارهێنراوە لە یەکسان کردن و گرنگیی پێنەدان دا، واتە: لێمگەڕێن با بیکوژم، ئنجا با ئەویش یەکسەر لە پەروەردگاری بپاڕێتەوە، تاکو خوا ئەو پەروەردگارەی مووسا دەیپەرستێ و، دەیەوێ ئێمەش هەر ئەو بپەرستین و، من ناپەرستێ وەک پەروەردگاری ئێوە، بزانین داخۆ چی بۆ دەکات؟ ئنجا دوایی فیرعەون پاساوی هەڵوێستەکەی خۆی دەداتەوە، کە بۆچی دەیەوێ مووسا بکوژێ؟ بۆچی دەیەوێ دەستی بە خوێنی مووسا سوور بێ؟

١٠)- ﴿إِنِّيٓ أَخَافُ أَن يُبَدِّلَ دِينَكُمۡ﴾، من دەترسێم ئایین و بەرنامەکەتان بگۆڕێ.

١١)- ﴿أَوۡ أَن يُظۡهِرَ فِي ٱلۡأَرۡضِ ٱلۡفَسَادَ﴾، یان: لە زەویدا (واتە: سەر زەوی میسڕدا) ئاشووب و ئاژاوە دەربخات و بەرپا بکات، (أل)ی (**ٱلۡأَرۡضِ**) بۆ ناساندن (**تعريف**)ەو ناساندنەکەش بۆ (**عهد**)ە واتە: دەترسێم کە لەسەر زەمینەکەدا کە سەر زەمینی میسڕە، ئاشووب و ئاژاوە بەرپا بکات، کە دەڵێ: ﴿إِنِّيٓ أَخَافُ﴾، (**الخَوْف هُنَا: الإشْفَاق**) واتە: من مەترسییم هەیەو پەرۆشی ئێوەمە کە دینەکەتان لێ تێکبدات، ئەگەرنا ترس (**خوف**) لێرەدا بە مانای ترسی ڕاستەقینە نیە، واتە: من پەرۆشی ئێوەمە کە ئایینەکەتان لێ تێکبدات، یاخود ژینتان تێکبدات، (**تَبْدِيْل**)یش کە دەفەرموێ: ﴿أَن يُبَدِّلَ دِينَكُمۡ﴾، (**تَعْوِيْضُ الشَّيء بِغَيْرِهِ**) ئەوەیە کە شتێک لابەری و شتێکی دیکە لە جێی دابنێی، قەرەبوویەکی دیکەی لە جێ دابنێی.

وشەی: ﴿أَوۡ أَن يُظۡهِرَ﴾، خوێنراویشەتەوە: (**أو أَنْ يَظْهَرَ**) کە ئەو کاتە دەبێ ئاوابێ، (**أو أَنْ يَظْهَرَ فِي الأَرْضِ الفَسَادُ**)، یاخود خراپەو ئاشووب لە زەویدا دەربکەوێ، بەهۆی ئەو ئایینەوە کە مووسا عليه السلام هێناویەتی، کەواتە: فیرعەون دوو پاساو دێنێتەوە بۆ کوشتنی مووسا:

یەکەم: کە پەرۆشی خەڵکەکەیەتی دینەکەیان لێ تێکبچێ و، بە دینێکی دیکە بگۆڕرێ، دینەکەشیان بریتیی بووە لە فیرعەون پەرستیی!

دووەم: یاخود ژینەکەیان تێکبدات و ئاشووب و ئاژاوەو خراپەی تێدا پەیدا بکات، لەسەر زەوی، ژینەکەشیان بریتی بووە لە کۆیلایەتیی.

ئنجا هەموو فیرعەونەکانی سەر زەوی لە ڕابردووداو ئێستاو لە داهاتووشدا، کاتێک دەیانەوێ سزای ئەوانە بدەن و پەلاماری ئەوانە بدەن، کە بانگی هەق لە خواوە بە گوێی خەڵکدا دەدەن، هەڕەشەکەی خۆیان و زەبر و زەنگەکەی خۆیان هەر بەوە پاساو دەدەنەوە کە خەڵکینە! ئێمە پەرۆشی دینی ئێوەمانەو پەرۆشی ژینی ئێوەمانە! کە لەڕاستییدا ئەو خەڵکەی لە بن دەستی فیرعەونەکان دایە، نە دینی

هەیەو، نە ژینی هەیە، ئایینیان نیە بە مانا باوو عورفییەکەی کە خوا بپەرستن، چونکە دەبێ فیرعەون بپەرستن، نەژینیشیان هەیە، چونکە ژینیان کۆیلایەتییە، دینیشیان بت پەرستیی و فیرعەون پەرستیی و شت پەرستییە، بەڵام فیرعەون ناڵێ: من مووسا دەکوژم لەبەر ئەوەی پەیامی هەقی بۆ هێناون و، هاتوە ئێوە ڕزگارو دەرباز بکات لە ژێر چەکمەو پۆستاڵی من! ناچێ ئاوا بڵێ، هەر دەڵێ: بۆیە مووسا دەکوژم، چونکە ئەگەر بانگەوازەکەی ئەو سەر بگرێ، دینەکەشتان تێکدەچێ و ژینەکەشتان تێکدەچێ، بۆ ئەوەی خەڵکی لە دژ بورووژێنێ!

ئنجا ئەوە عادەتی هەموو فیرعەونەکانە، ئێستاش تەماشا بکە، بەڵێ جار جار خەڵکێکی مسوڵمان، ئەوانەی کار بۆ ئیسلام دەکەن، تێدەپەڕێنن و کورتی دێنن و، هەڵەو پەڵەیان هەیە، بەڵام لە ڕاستییدا هەموو ئەوانەی دەیانەوێ خەڵک بێننەوە بۆ باوەشی ئیسلام، هیچ کامیان نایەوێ دینی خەڵک تێکبدات و، ژینی خەڵک تێکبدات، بەڵکو ئەوانەی دین و ژینی خەڵکیان تێکداوە، ئەو حوکمڕانە خۆسەپێنانەن کە خەڵک بە کۆیلەی خۆیان دەزانن، بەڵام ئەو کەسەی دەڵێ: وەرن خەڵکینە! با هەموومان بەندەی خوابین و پێکەوە براو تەبا بین، ئایا ژین بۆچی بەوە تێکدەچێ! هەروەها ئەوە دینی ڕاستەقینەیە کە هەموومان خواپەرست بین و، هەموومان بەندەی خوا بین، پێکەوە براو تەبا بین.

١٢)- ﴿ وَقَالَ مُوسَىٰٓ إِنِّي عُذۡتُ بِرَبِّي وَرَبِّكُم مِّن كُلِّ مُتَكَبِّرٖ ﴾، مووساش گوتی: من پەنادەگرم بە پەروەردگاری خۆم و پەروەرگاری ئێوەش، لە هەر خۆ بەزلگرێک.

١٣)- ﴿ لَّا يُؤۡمِنُ بِيَوۡمِ ٱلۡحِسَابِ ﴾، کە بڕوای بە ڕۆژی لێپرسینەوە نیە، کەواتە: خۆ بەزلگرییەکەی هەڵقوڵاوی بێ ئیمانییەکەیەتی، لەبەر ئەوەی بڕوای بە ڕۆژی لێپرسینەوە نیە، بڕوای بەو ڕۆژە نیە، کە بچێتەوە خزمەت خواو خوا لێی بپرسێتەوە، ئنجا یان بڕوای بە خواش هەر نیە، یان بەس بڕوای بە ڕۆژی دوایی و، لێپرسینەوەو سزاو پاداشت نیە، بۆیە خۆ بە زلگرن.

مەسەلەی سێیەم:

بەرگرییکردنێکی جوامێرانەو مەردانەی پیاوێکی بڕواداری ئیمانی خۆشێرەوە، لە مووسا، (بەرگرییکردنی لە مووسا ﷺ)، کە چۆن پیاوێک دەکوژن هەر لەبەرئەوەی خوا بە پەروەردگاری خۆی دەزانێ! بەڵگە ڕۆشنەکانیشی بۆ هێناون؟ هەروەها ئامۆژگاریی کردنی خەڵکەکەی، کە بە باڵادەستییان بوغرا نەبن و، لە کەوڵی خۆیان دەرنەچن، بەڵام قسە پێبڕینی فیرعەون، فیرعەون قسەی پێدەبڕێ و دەشڵێ: جگە لە قسەی خۆی بواری هیچ کەسی دیکە نادات و، هەرچی ئەویش دەیڵێ، هەمووی هەر سەر ڕاستییەو، هەمووی هەر مایەی بە مراد گەیشتن و بە ئامانج گەیشتنە:

خوا دەفەرمووێ: ﴿وَقَالَ رَجُلٌ مُّؤْمِنٌ مِّنْ ءَالِ فِرْعَوْنَ يَكْتُمُ إِيمَٰنَهُۥٓ أَتَقْتُلُونَ رَجُلًا أَن يَقُولَ رَبِّىَ ٱللَّهُ وَقَدْ جَآءَكُم بِٱلْبَيِّنَٰتِ مِن رَّبِّكُمْ ۖ وَإِن يَكُ كَٰذِبًا فَعَلَيْهِ كَذِبُهُۥ ۖ وَإِن يَكُ صَادِقًا يُصِبْكُم بَعْضُ ٱلَّذِى يَعِدُكُمْ ۖ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَهْدِى مَنْ هُوَ مُسْرِفٌ كَذَّابٌ ﴿٢٨﴾ يَٰقَوْمِ لَكُمُ ٱلْمُلْكُ ٱلْيَوْمَ ظَٰهِرِينَ فِى ٱلْأَرْضِ فَمَن يَنصُرُنَا مِنۢ بَأْسِ ٱللَّهِ إِن جَآءَنَا ۚ قَالَ فِرْعَوْنُ مَآ أُرِيكُمْ إِلَّا مَآ أَرَىٰ وَمَآ أَهْدِيكُمْ إِلَّا سَبِيلَ ٱلرَّشَادِ ﴿٢٩﴾﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە نۆ بڕگەدا:

١)- ﴿وَقَالَ رَجُلٌ مُّؤْمِنٌ مِّنْ ءَالِ فِرْعَوْنَ يَكْتُمُ إِيمَٰنَهُۥٓ﴾، پیاوێکی بڕوادار لە شوێنکەوتووانی فیرعەون، دەستەو دایەرەی فیرعەون، کە بڕوایەکەی خۆی دەشاردەوە واتە: تەقییەی دەکرد، کە ئەمە یەکێکە لە بەڵگەکانی تەقییە، لە شوێنی خۆیدا.

ئنجا ئایا ئەو پیاوە بڕوادارەی لە دەست و دایەرەی فیرعەون، کە ئیمانەکەی خۆی دەشاردەوە، کێ بووە؟ هەندێک گوتوویانە: ناوی (حَزْقِيل) بووە، هەندێک

گوتوویانە: ناوی (حَبِيْب) بووە، بەڵام لە ڕاستییدا هیچ بەڵگەیەکی دڵنیاکەر لەو بارەوە نیە، شایانی باسە: کە ئەم بەسەرهاتە لە (پەیمانی کۆن)دا نەهاتوە.

لێرە خوا ﷻ بە چوار سیفەتان، ئەو پیاوە پێناسە دەکات:

﴿ رَجُلٌ مُّؤْمِنٌ مِّنْ ءَالِ فِرْعَوْنَ يَكْتُمُ إِيمَـٰنَهُۥٓ ﴾:

١- پیاو بووەو ئافرەت نەبووە.

٢- بڕوادار بووە.

٣- لە دەستەو دایەرەی فیرعەون و شوێنکەوتووانی فیرعەون بووە.

٤- ئیمانەکەی خۆیشی پەنهان کردوەو، تاکو ئەو کاتە نەیانزانیوە، بڕوادارە، بەڵام وەک گوتراوە: «تیغی ڕەسەن خۆی لە کالاندا ڕاناگرێ»، لە کاتێکدا ئەوان خەریکن مووسا بکوژن، ئەگەر ئێستا ئیمانەکەی خۆی ئاشکرا نەکات و، کارێکی خێری کە لە دەست دێت بەرگرییەک کە دەیتوانێ لە مووسای نەکات، ئەدی کەی ئیمانەکەی خۆی ئاشکرا دەکات؟ دوای کوشتنی مووسا ؑ گریمان، ئەگەر هەڕەشەکەی فیرعەون سەری گرتبایە، چی دەکرێ؟ ئۆممەت ئەگەر ئیمامی نەما، وەک جەستەیە کە سەری نامێنێ و هیچی پێناکرێ! بۆیە دێتە قسە دەڵێ:

٢)- ﴿ أَتَقْتُلُونَ رَجُلًا أَن يَقُولَ رَبِّىَ ٱللَّهُ ﴾، ئایا پیاوێک دەکوژن هەر لەبەر ئەوەی دەڵێ: پەروەردگارم خوایە! ﴿ أَن يَقُولَ رَبِّىَ ٱللَّهُ ﴾، واتە: (لأَنْ يَقُوْل) بەهۆی ئەوەوە کە دەڵێ: پەروەردگارم خوایە، هەر لەسەر ئەوە دەیکوژن! واتە: تەنیا خوا پەروەردگارە، ئایا لەسەر ئەو قسە هەقە دەیکوژن؟ کارەکەتان زۆر کارێکی بێ جێیە، چونکە پرسیارکردنەکەی کە دەڵێ: ﴿ أَتَقْتُلُونَ رَجُلًا أَن يَقُولَ رَبِّىَ ٱللَّهُ ﴾، پرسیارکردنی نکووڵیلێکەرانەیە، واتە: شتێکی زۆر بێ جێ دەکەن، ڕەخنەیان لێ دەگرێ.

٣)- ﴿ وَقَدْ جَآءَكُم بِٱلْبَيِّنَـٰتِ مِن رَّبِّكُمْ ﴾، بەڵگە ڕۆشنەکانیشی لە پەروەردگاریەوە بۆ هێناون، (البَيِّنَات) کۆی (بيِّنة)یە، واتە: بەڵگەیەکی ڕوون و ئاشکرا، کە مەبەست پێی

نۆ موعجیزەکانن: ﴿ وَلَقَدْ ءَاتَيْنَا مُوسَىٰ تِسْعَ ءَايَٰتٍۭ بَيِّنَٰتٍ ﴿١٠١﴾ ﴾الإسراء، دەشگونجێ مەبەست پێی ئەو ئاخاوتن و وتوێژە بێ، کە مووسا ﷺ زۆر بە بەڵگەی بەهێزەوە لەگەڵ فیرعەوندا قسەی کردوە.

٤)- ﴿ وَإِن يَكُ كَٰذِبًا فَعَلَيْهِ كَذِبُهُۥ ﴾، ئەگەر (گریمان) درۆکاریش بێ، زیانی درۆیەکەی بۆ خۆیەتی.

ئەو پیاوە بڕوادارە دێنێ بۆیان شیدەکاتەوەو دەڵێ: ئەگەر مووسا ﷺ هەر لەبەر ئەوەی دەڵێ: پەروەردگارم خوایە، بیکوژن، لە حاڵێک کە بەڵگە ڕۆشنەکانیشی بۆ هێناون، حاڵی لە دوو ئەگەر بەدەر نیە:

أ- ئەگەر درۆ بکات، ئەوە درۆیەکەی بە زیانی خۆی تەواو دەبێ، واتە: ئەگەر درۆ بکات دوایی درۆیەکەی لێ کەشف دەبێ، مەیدانی درۆ کورتە، لێی گەڕێن و مۆڵەتی بدەن، بزانین داخۆ چی دەڵێ؟

٥)- ﴿ وَإِن يَكُ صَادِقًا يُصِبْكُم بَعْضُ ٱلَّذِى يَعِدُكُمْ ﴾،

ب- ئەگەر ڕاستگۆش بێ (درۆکەر نەبێ، بەڵکو ڕاست بێ و ڕاست بکات)، بەلای کەمەوە هەندێک لەوەی کە گفتتان پێدەداو، هەڕەشەتان پێی لێدەکات، تووشتان دێ، ئەگەر هەمووشتان تووش نەیەت، هەندێکتان تووش دێ، واتە: لە سەرەتاوە هەندێکی دەبینن، ئەگەر هەمووشی نەبینن، یانی: ئەگەر درۆ بکات، ئەوە هیچ زیانێکتان پێ ناگات و هەر بۆ خۆی زیانبار دەبێ، ئەگەر ڕاستیش بکات، ئێوە زیانێکی زۆر گەورە دەکەن، ئەگەر ڕاست بکات، پێغەمبەری خوا بێ، کە دەڵێ: ئەگەر بڕوا نەهێنن، خوا تووشی بەڵاتان دەکات، ئەگەر بەڵایەکە کە هەڕەشەتان پێ لێدەکات، هەموویشی نەبینن، بە لای کەمەوە سەرەتایەکەی دەبینن بۆیەش دەفەرموێ: هەندێکی (بَعْضُ ٱلَّذِى يَعِدُكُمْ) لەبەر ئەوە نیە لە گوماندابێ لە مووسا ﷺ، بەڵام ئەو هەڕەشەیەی کە مووسا کردوویەتی لە فیرعەون و دارو دەستەکەی، هەموو هەڕەشەکەیان نەبینیوە، بەڵکو سەرەتایەکەیان بینیوە، کە خنکانە لە دەریای سووردا، دواییش لە جیهانی بەرزەخدا سزا دەدرێن و، دوایی لە قیامەتیش هەر سزا دەدرێن، بۆیە فەرموویەتی: هەندێکی.

هەڵبەتە بۆیەش هەردوو ئەگەرەكەی هێناون، (درۆ بكات، یان ڕاست بكات) تاكو گومانی ئەوەی پێ نەبەن كە بڕوای هێناوە، چونكە جارێ نایەوێ بە بڕوادار دەربكەوێ، جارێ دەیەوێ بڵێ: منیش هەر لە خۆتانم، چونكە ئیمانەكەی شاردۆتەوە، منیش هەر لە خۆتانم، بەڵام وەرن با بە ئینصافەوە تەماشا بكەین، ئەو كابرایە دەڵێ: من نوێنەری خوام، ئنجا ئایا بەس لەبەر ئەوەی دەڵێ: پەروەردگارم خوایە، دەیكوژن؟ واتە: لەسەر ئازادی بیروڕا دەیكوژن؟ پاشان چەندان بەڵگەشی بۆ هێناون، دواییش حاڵی لە دوو ئەگەران بەدەر نیە، یان ڕاست دەكات، یان درۆ دەكات، ئەگەر درۆ بكات، خۆی زیانبارەو، ئەگەر ڕاستیش بكات، زۆر خەتەرە، ئەگەر قسەكانی ڕاست بن، ئێوە زەرەرێكی گەورە دەكەن كەواتە: مەیكوژن و لێی گەڕێن، مەبەستی ئەوە بووە.

٦)- ﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَهۡدِي مَنۡ هُوَ مُسۡرِفٞ كَذَّابٞ﴾، بە دڵنیایی خوا ڕێنمایی كەسێك ناكات، یاخود كەسێك ڕاستە ڕێ ناكات، كە زێدەڕۆییكاری زۆر درۆزن بێت، ئەم قسەیەش دوو ڕووی هەن، واتە: ئەگەر مووسا بڵێ: نوێنەرو پێغەمبەری خوام و ئەویش نەبێ، مانای وایە زۆر درۆزنەو، زۆری تێپەڕاندوە، خواش ڕاستە ڕێی ناكات، قسەكەی ئەو ڕووەی هەیە، هەروەها ئەو ڕووەشی هەیە كە: ئەی فیرعەون! تۆ كە هەر لە خۆڕا خەڵكی بكوژی، لەسەر ئەوەی دەڵێ: پەروەردگارم خوایە، ئنجا بە درۆی دابنێی، مانای وایە: زۆر زێدەڕۆییكاری و زۆریش درۆزنی، خواش ڕاستەڕێت ناكات، قسەكەی هەردووك ڕووی هەن.

٧)- ﴿يَٰقَوۡمِ لَكُمُ ٱلۡمُلۡكُ ٱلۡيَوۡمَ ظَٰهِرِينَ فِي ٱلۡأَرۡضِ﴾، ئەی خەڵكەكەم! ئەمڕۆ ئێوە حوكمڕانییتان هەیەو دەستڕۆیشتوون لە زەویداو باڵا دەستن، بەڵام بەوە بوغڕا مەبن و لە خۆتان بایی مەبن.

٨)- ﴿فَمَن يَنصُرُنَا مِنۢ بَأۡسِ ٱللَّهِ إِن جَآءَنَا﴾، ئایا كێ لە سزای خوا دەربازمان دەكات، ئەگەر سزای خوامان بۆ هات؟ كە دەفەرموێ: ﴿يَنصُرُنَا مِنۢ بَأۡسِ ٱللَّهِ﴾، (**يَنْصُرُنَا**)

مانای (يُنْقِذُنَا)، (دەربازمان دەكات، قوتارمان دەكات)ی خراوەتە نێو، چونكە بە پیتی (مِنْ) بەركاری خواستوە، ئایا كێ دەربازمان دەكات لە سزای خوا، لە تۆڵەی خوا؟.

٩)- ﴿ قَالَ فِرۡعَوۡنُ مَآ أُرِيكُمۡ إِلَّا مَآ أَرَىٰ وَمَآ أَهۡدِيكُمۡ إِلَّا سَبِيلَ ٱلرَّشَادِ ﴾، فیرعەون (قسەی پێبڕی) گوتی: هەر ئەوەتان پێ دەڵێم: كە خۆم بەڕاستی دەزانم، هەرچی كە منیش ئێوەی بۆ ڕێنمایی دەكەم هەر سەر ڕاستییەو بە ئاكام و مراد گەیشتنە، ﴿ مَآ أُرِيكُمۡ إِلَّا مَآ أَرَىٰ ﴾، (مَا أَجْعَلُكُمْ رَائِينَ إِلَّا مَا أَرَاهُ لِنَفْسِي، أَيْ: مَا أُشِيرُ عَلَيْكُمْ بِأَنْ تَعْتَقِدُوا إِلَّا مَا أَعْتَقِدُهُ)، واتە: واتان لێناكەم ببینن، جگە لەوەی كە خۆم بۆ خۆمی دەبینم، واتە: هیچ شتێكتان پێ ناڵێم كە بڕوای پێبێنن، جگە لەوەی كە من بڕوام پێیەتی.

ئا ئەوە لۆژیكی فیرعەونانەیە! كە دەبێ تەنیا وەک من بیر بكەنەوە، ئەوەی من بە چاكی دەزانم، ئێوەش ئەوە بە چاك بزانن، من چی دەبینم، ئێوەش هەر ئەوە ببینن، هەرچیش دەیڵێم، هەمووی ڕاستە، نەیگوتوە: دەگونجێ ڕاست بێ، دەگونجێ بیپێكم یان نەیپێكم، نا، هەرچی من دەیڵێم: هەمووی ڕاستەو هەمووی ئەوپەڕی سەر ڕاستیی تێدایە!!

كە دیارە ئەمە قسە پێبڕینی فیرعەونە بەو پیاوە بڕوادارە، بە بەڵگەی ئەوە كە بە (و)ی بادانەوە (عطف) بانەدراوەتەوەو یەكسەر: ﴿ قَالَ فِرۡعَوۡنُ ﴾، بەڵام ئەگەر فیرعەون لە نۆرەی خۆیدا قسەی كردبایە، خوا دەیفەرموو: (وَقَالَ فِرْعَوْن)، بەڵام لێرەدا دەڵێ: ﴿ قَالَ فِرۡعَوۡنُ ﴾، واتە: لە نێو قسەكانی ئەودا، قسەكەی كردوە.

لە كۆتایی ئەم مەسەلەیەدا، با ئەو دەقە ببینین:

{عَنْ عُرْوَةَ بْنِ الزُّبَيْرِ، قَالَ: قِيلَ لِعَبْدِ اللهِ بْنِ عَمْرِو بْنِ الْعَاصِ أَخْبِرْنَا بِأَشَدِّ شَيْءٍ صَنَعَهُ الْمُشْرِكُونَ بِرَسُولِ اللهِ ﷺ، قَالَ: بَيْنَا رَسُولُ اللهِ ﷺ يُصَلِّي بِفِنَاءِ الْكَعْبَةِ، إِذْ أَقْبَلَ عُقْبَةُ بْنُ أَبِي مُعَيْطٍ، فَأَخَذَ بِمَنْكِبِ رَسُولِ اللهِ ﷺ وَلَوَى ثَوْبَهُ فِي عُنُقِهِ فَخَنَقَهُ خَنْقًا شَدِيدًا، فَأَقْبَلَ أَبُو بَكْرٍ فَأَخَذَ بِمَنْكِبَيْهِ، وَدَفَعَهُ عَنِ النَّبِيِّ ﷺ، ثُمَّ قَالَ: ﴿ أَتَقۡتُلُونَ

رَجُلًا أَن يَقُولَ رَبِّيَ ٱللَّهُ وَقَدْ جَآءَكُم بِٱلْبَيِّنَٰتِ مِن رَّبِّكُمْ ﴾} (أخرجه البُخـاري: ٤٨١٥).

واتـه: عـوڕوەی کـوڕی زوبەیـر دەڵـێ: بـە عەبدوڵـڵای کـوڕی عەمـری کـوڕی عـاص (خـوا لـە هەموویـان ڕازیبـێ) گوتـرا: هەواڵـمان پێبـدە بـە سـەختترین شـت کـە هاوبـەش بـۆ خـوا دانـەرەکان بـە پێغەمبـەری خۆیـان کردبـێ ﷺ لـە مەککـە، قورسـترین شـت چـی بـوو؟ گـوتی: ڕۆژێـک پێغەمبـەری خـوا ﷺ لـە حەوشـەی کەعبـەدا (لـە پەنـای کەعبـەدا) نوێـژی دەکـرد، عوقبـەی کـوڕی موعەیـط هـات شـانی پێغەمبـەری گـرت ﷺ و عەبایەکـەی کـە لەسـەری بـوو، زۆر لـە ملـی توند کـردو بـە توندیـی پشـووی پـێ تەنـگ کـرد، ئەبـوو بەکریـش لـەوێ بـوو (خـوا لێـی ڕازی بـێ) هـات هـەردوو شـانی عوقبـەی گرتـن و پاڵـی پێوەنـاو لـە پێغەمبـەری دوور خسـتەوە ﷺ ئنجـا گـوتی: ﴿ أَتَقْتُلُونَ رَجُلًا أَن يَقُولَ رَبِّيَ ٱللَّهُ وَقَدْ جَآءَكُم بِٱلْبَيِّنَٰتِ مِن رَّبِّكُمْ ﴾، ئایـا پیاوێـک دەکـوژن هـەر لەبـەر ئـەوەی دەڵـێ: پـەروەردگارم خوایـە؟

بۆیـە لـە هەندێـک شـوێنەواراندا هاتـوە، گوتـراوە: ئەبووبەکـر (خـوا لێـی ڕازی بـێ) لـە چەنـدان پیـاوی وەک ئـەو پیـاوە بـڕوادارە، کـە ئیمانەکـەی خـۆی شاردۆتەوە، پلەکـەی گەورەتـرە، ئـەو ئیمانەکـەی خـۆی شـاردۆتەوەو بـەس قسـەی کـردوە، بـەڵام ئەبـوو بەکـر بـە کـردەوە چـووە کابـرای پـاڵ پێوەنـاوەو ئیمانەکـەی خـۆشی نەشـاردۆتەوە، هەمـوو کـەس دەزانـێ، کـە ئەبـوو بەکـری صیددیـق هاوەڵێـک و بڕوادارێکـی زۆر دڵسـۆز بـووە لـە خزمـەت پێغەمبـەری خـوادا ﷺ .

مەسەلەی چوارەم:

هۆشـداریی دانی پیـاوە بڕوادارەکـە بـە گەلەکـەی، بـەوە کـە مەترسـیی هەمـان چارەنـووسی شـوومی گەلـەکانی نـووح و گـەلی عـادو گـەلی سـەموودو .. هتـد، هەروەهـا مەترسـیی ڕۆژی یەکـدی بانگکـردنی مرۆڤـەکانی، لێیـان هەیـە کـە ڕۆژی قیامەتـە:

خوا دەفەرموێ: ﴿ وَقَالَ ٱلَّذِيٓ ءَامَنَ يَٰقَوۡمِ إِنِّيٓ أَخَافُ عَلَيۡكُم مِّثۡلَ يَوۡمِ ٱلۡأَحۡزَابِ
٣٠ مِثۡلَ دَأۡبِ قَوۡمِ نُوحٖ وَعَادٖ وَثَمُودَ وَٱلَّذِينَ مِنۢ بَعۡدِهِمۡۚ وَمَا ٱللَّهُ يُرِيدُ ظُلۡمٗا لِّلۡعِبَادِ ٣١
وَيَٰقَوۡمِ إِنِّيٓ أَخَافُ عَلَيۡكُمۡ يَوۡمَ ٱلتَّنَادِ ٣٢ يَوۡمَ تُوَلُّونَ مُدۡبِرِينَ مَا لَكُم مِّنَ ٱللَّهِ مِنۡ عَاصِمٖۗ
وَمَن يُضۡلِلِ ٱللَّهُ فَمَا لَهُۥ مِنۡ هَادٖ ٣٣ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە دە بڕگەدا:

١)- ﴿ وَقَالَ ٱلَّذِيٓ ءَامَنَ ﴾، ئەو کەسەی بڕوای هێنابوو گوتی: هەر لەسەر بەرگرییکردنەکەی لە مووسا ﷺ بەردەوام دەبێ و، کە فیرعەونیش قسەی پێ دەبڕێ: ﴿ قَالَ فِرۡعَوۡنُ مَآ أُرِيكُمۡ إِلَّا مَآ أَرَىٰ وَمَآ أَهۡدِيكُمۡ إِلَّا سَبِيلَ ٱلرَّشَادِ ﴾، وەک پێشێ باسمانکرد، ئەو پیاوە بڕوادارە ئاوڕ لە قسەکەی فیرعەون ناداتەوەو، گوێی پێنادات، قسەی لەسەر بکات، بەڵکو وەک ئەو قسەیە هەر نەکرابێ، لەسەر قسەی خۆی بەردەوام دەبێ و دەڵێ:

٢)- ﴿ يَٰقَوۡمِ إِنِّيٓ أَخَافُ عَلَيۡكُم مِّثۡلَ يَوۡمِ ٱلۡأَحۡزَابِ ﴾، ئەی گەلەکەم! ئەی خەڵکەکەم! من مەترسیی وێنەی ڕۆژی کۆمەڵەکانم لێتان هەیە، واتە: ڕۆژێک کە پێڕو تاقمە کافرەکان تێیدا فەوتاون، وێنەی ڕۆژێکی ئاوا بۆ ئێوە پێشبینیی دەکەم، مەترسییم هەیە هەمان بەڵا کە تووشی گەلە پێشووەکان و گەلە فەوتاوە سەر بە فەتارەت چووەکان بووە، گەلە یاخیی و هەڵگەڕاوەکان لە خوا ﷻو، لە پێغەمبەرانی خوا (عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَامُ)

و پەیامەکانی خوا، دەترسێم هەمان بەڵاتان بەسەر بێ، لەبەر ئەوەی هەمان هەڵوێستی ئەوان دەنوێنن.

(**يَوْمَ الأَحْزَاب: جِنْسُ اليَوْمَ الَّذِي هَلَكَ فِيْهِ الفِئَاتُ الكَافِرَة**)، واتە: (**يَوْم الأَحْزَاب**) مەبەست پێی کۆی ئەو ڕۆژانەیە کە کۆمەڵەکانی کافران تێیاندا فەوتاون، دوایی چەند وێنەیەک دێنێتەوە، لەو گەلە فەوتاوانە.

٣)- ﴿ مِثْلَ دَأْبِ قَوْمِ نُوحٍ وَعَادٍ وَثَمُودَ ﴾، وەک عادەتی گەلی نووح و، عادو، سەموود، (**الدَّأْبُ: العَادَةُ وَالعَمَلُ الَّذِي يَدْأَبُ عَلَيْهِ عَامِلُهُ**)، (**دَأب**) نەریتێک و کردەوەیەکە، بکەرەکەی لە سەری بەردەوام دەبێت، واتە: وەک نەرێتی گەلی نووح کە بێبڕوابوون بە نووح ﷺو، گەلی عاد، کە بێبڕوابوون بە هوود ﷺو، گەلی سەموود، کە بێبڕوابوون بە ساڵیح ﷺ.

٤)- ﴿ وَالَّذِينَ مِنْ بَعْدِهِمْ ﴾، هەروەها گەلانی دیکە دوای ئەوان، کە بێبڕوابوون بە پێغەمبەرەکانیان (**عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَام**)، عادەت و نەرێتی ئەوان چۆن بوو؟ ئەوەبوو کە سەر کەش و ملهوڕ و یاخیبوون، سەرەنجام تووشی سزادران بوون، من مەترسیی ئەوەم هەیە، ئێوەش لەسەر هەمان ڕێچکەو نەرێتی ئەوان بڕۆن و، هەمان سزاو بەڵاشتان بە ملدابێ، کە بە ملی ئەواندا هاتوە.

٥)- ﴿ وَمَا اللَّهُ يُرِيدُ ظُلْمًا لِلْعِبَادِ ﴾، بە دڵنیایی خواش هیچ جۆرە ستەمێکی بۆ بەندەکانی ناوێ، بەڵکو بە دادگەریی بێ سنووری خۆی ﷻ، مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات، کەواتە: ئەوانەی بەو شێوەیە سزادراون و سەریان بە فەتارەت چووە، خۆیان ستەمیان لە خۆیان کردوە، وەک دەفەرموێ: ﴿ فَمَا كَانَ اللَّهُ لِيَظْلِمَهُمْ وَلَٰكِنْ كَانُوا أَنْفُسَهُمْ يَظْلِمُونَ ﴿٧٠﴾ ﴾التوبة، واتە: خوا ستەمی لێنەدەکردن، بەڵکو خۆیان ستەمیان لە خۆیان کرد.

کە دەفەرموێ: ﴿ وَمَا اللَّهُ يُرِيدُ ظُلْمًا لِلْعِبَادِ ﴾، (**قَصرَ نَفيِ إرَادَةِ الظُّلْمِ عَلَى الله**)، (خوا ﷻ هیچ جۆرە ستەمێک لە بەندەکانی ناکات)، لێرەدا لابردنی ویستنی

ستەم لە خوادا كورت هەڵێنراوە، واتە: بەس خوایە كە هیچ جۆرە ستەمێكی بۆ بەندەكانی ناوێ، ئنجا ئەگەر نەیەوێ، دیارە ناشیكات.

ئنجا دووبارەی دەكاتەوە:

٦)- دووبارەی دەكاتەوە: ﴿وَيَٰقَوۡمِ إِنِّيٓ أَخَافُ عَلَيۡكُمۡ يَوۡمَ ٱلتَّنَادِ﴾، هەروەها ئەی خەڵكەكەم! من مەترسیی ڕۆژی یەكدی بانگكردنم لێتان هەیە، (يَوۡمَ ٱلتَّنَادِ)، خوێنراویشەتەوە: (**يَوْمَ التَّنَادِي**)، بە (ي)ش خوێنراوەتەوەو بە ژێر (كسرة)یش خوێنراوەتەوە، جێی سەرنج ئەوەیە كە لێرەدا ئەو پیاوە بڕوادارە چەند جارێك (وَيَٰقَوۡمِ)ی دووبارە دەكاتەوە، ئەی گەلەكەم، ئەی خەڵكەكەم، ئەی كۆمەڵەكەم، واتە، منیش یەكێكم لە خۆتان، بەرژەوەندیی ئێوە هی منیشە، زیان و خراپەی ئێوە هی منیشە، كە دەفەرموێ: من مەترسیی ڕۆژی یەكدی بانگكردنم لێتان هەیە، یەكێك لە ناوەكانی ڕۆژی دوایی: (يَوۡمَ ٱلتَّنَادِ)، یان (**يَوْمَ التَّنَادِي**)یە، ڕۆژی یەكدی بانگكردن، لەبەر ئەوەی تێیدا خەڵك بانگی یەكدی دەكات و فریشتەكان بانگی مرۆڤەكان دەكەن، ئنجا ئەهلی بەهەشت بانگی ئەهلی دۆزەخ دەكەن، ئەهلی دۆزەخ بانگی ئەهلی بەهەشت دەكەن، ئەهلی ئەعراف قسە لەگەڵ هەردووك لایاندا دەكەن، ڕۆژێكە زۆر یەكدی بانگكردنی تێدا هەیە، بۆیەش یەكێكە لە ناوەكانی، ئنجا كە لێرە دەفەرموێ: من لە ڕۆژی یەكدی بانگكردن مەترسییم لێتان هەیە كەواتە: ئێوە ئێستا وەڵامی بانگكردنی من بدەنەوە، نەوەك ڕۆژی یەكدی بانگكردن پەشێمان ببنەوە.

٧)- ﴿يَوۡمَ تُوَلُّونَ مُدۡبِرِينَ﴾، ئەو ڕۆژەی بە پشتتێكردنەوە ڕادەكەن، (تُوَلُّونَ) ڕادەكەن، (مُدۡبِرِينَ) پشتتێكردنانە، پشت هەڵكردنانە، یان: هەردووكیان یەك واتان، بۆیە گوتراوە: (**مُدْبِرِيْنَ: حَالٌ مُؤَكِّدَةٌ لِعَامِلِهَا**)، ﴿يَوۡمَ تُوَلُّونَ مُدۡبِرِينَ﴾، ڕا دەكەن، ڕوو وەردەگێڕن لە حاڵێكدا كە پشتتان كردۆتە ئەوەی لێی ڕادەكەن، واتە: لێی ڕادەكەن بە پشتتێكردنەوە، یاخود: (**أَي: تُعْرِضُونَ وَتَهْرُبُونَ مِنْ دُونِ اِلتِفَاتٍ بَلْ قَهْقَرِيّاً**)، ئەوەش واتایەكی دیكەیە: كاتێك مەترسییەكی گەورەت ڕووبەڕوو دەبێ، كە تۆ بەرەو ڕووی دەچی و ئەو مەترسییە بەرەو ڕووت دێ، ئەگەر زۆر بە پەلە ڕابكەی ئاوڕ نادەیەوە، پشت بكەیە مەترسییەكە

ئنجا ڕابکەی، بەڵکو هەر پاشەو پاش دەکشێیەوە، ئەوە پێی دەگوترێ: **(الرُّجُوعُ قَهْقَرِيّاً)** واتە: کاتێک پاشەو پاش بکشێتەوە، نەک ڕوو وەرسووڕێنێ، پشت بکاتە مەترسییەکە، ئنجا ڕابکات، بەڵکو هەر ڕێک دەکشێتەوە لە شوێنی خۆیەوە پاشەو پاش.

٨)- ﴿مَا لَكُم مِّنَ ٱللَّهِ مِنْ عَاصِمٍ﴾، لەو ڕۆژەدا لە لایەن خواوە، هیچ پارێزەرێکتان نیە، یاخود هیچ پارێزەرێکتان نیە لە سزای خوا، ﴿مِّنَ ٱللَّهِ﴾، واتە: **(مِنْ عِقَابِ اللهِ مِنْ عَاصِمٍ)**، **(العَاصِمِ: المَانِعُ وَالحَافِظُ)**، دیارە: ﴿مَا لَكُم مِّنَ ٱللَّهِ﴾، (مِّنَ)ی یەکەم پێی دەگوترێ: (مِّنَ)ی دەستپێک، **(مِنْ الإِبْتِدَائِيَّة)**، واتە: لە بەرانبەر سزای خوادا نیتانە: ﴿مِنْ عَاصِمٍ﴾، هیچ جۆرە پارێزەرێک (مِنْ)ی دووەم زیادکراوە بۆ جەخت کردنەوەی لابردن **(مَزِيْدَةٌ لتَأْكِيدِ النَّفِي)** واتە: هیچ جۆرە پارێزەرێک نە کەم نە زۆر چنگتان ناکەوێ، کە سزاو جەزرەبەی خوای پەروەردگارتان لێ دوربخاتەوەو بتانپارێزێ.

٩)- ﴿وَمَن يُضْلِلِ ٱللَّهُ فَمَا لَهُۥ مِنْ هَادٍ﴾، هەر کەسێکیش خوا سەرگەردان و گومڕای بکات، هیچ جۆرە ڕێنماییکارێکی نیە.

﴿فَمَا لَهُۥ مِنْ هَادٍ﴾، ﴿مِنْ هَادٍ﴾، دیسان ئەم (مِنْ)ە، زیاد کراوە بۆ جەختکردنەوە، ئەگەرنا دەیتوانی بفەرموێ: (مَا لَهُ هَاد)، بەڵام ﴿فَمَا لَهُۥ مِنْ هَادٍ﴾، واتە: هیچ جۆرە ڕێنماییکارێکی نیە، هەر لە سەرەتای ڕێنماییکارییەوە تاکو کۆتایی.

لێرە دیارە چەند قسەیەک کە بە سیاق و سەلیقە دەزانرێن، قرتێنراون، کە دەفەرموێ: ﴿وَمَن يُضْلِلِ ٱللَّهُ فَمَا لَهُۥ مِنْ هَادٍ﴾، **(أي: هَذَا إِرْشَادٌ لَكُمْ، فَإِنَّ هَدَاكُمُ اللهُ، عَمِلْتُمْ بِهِ، وَإِنْ أَعْرَضْتُمْ عَنْهُ، فَذَلِكَ لِأَنَّ اللهَ أَضَلَّكُم، وَمَن يُضْلِلِ ٱللَّهُ فَمَا لَهُۥ مِنْ هَادٍ)**، واتە: ئەمە ڕێنمایی خوایە، ئنجا ئەگەر خوا ڕاستە ڕێی کردن بۆ ڕێنمایی خۆی و، خستنیە سەر ئەو ڕاستە ڕێیە کە پێشانتان دەدات، ئێوەش کارتان پێی کرد، (ئەوە خۆشبەختن)، بەڵام ئەگەر پشتتان تێکرد، ئەوە بە هۆی ئەوەوەیە خوا گومڕای کردوون، کەسێکیش خوا گومڕای بکات، کەس ناتوانێ ڕێنمایی بکات.

هەڵبەتە وەک جاری دیکەش گوتوومانە: خوا ﷻ نە لە گۆترە کەس گومڕا دەکات، نە لە گۆترەش کەس دەخاتە سەر ڕاستە ڕێ، بێگومان خوا ڕێنمایی مرۆڤەکان هەمووان دەکات، بەڵام ئەوانەی ڕێنمایی خوا وەرناگرن، خۆیان دەبنە هۆی سەرگەردانییان، بەڵام بۆیە خوا ﷻ پاڵیدەداتە لای خۆی، چونکە بە پێی سیستمێک کە خوا دایناوە، ئەو پڕۆسەیە دێتە دی.

پاشان کەسێکیش کە ڕێنمایی خوا قبووڵ دەکات و وەریدەگرێ، ئەوە مانای وایە ڕاستە ڕێ دەبێ، دیارە ئەویش هەر بە ویستی ڕەهای خوایە، بەڵام ئەو مرۆڤە خۆی ماناو ڕێنمایی خوای هەڵبژاردوە، هەر بۆیە خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿وَيُضِلُّ ٱللَّهُ ٱلظَّٰلِمِينَ ۝٢٧﴾ إبراهيم، واتە: خوا ستەمکاران گومڕا دەکات، ئەدی کێ هیدایەت دەدات؟ لە شوێنی دیکە دەفەرموێ: ﴿وَيَهۡدِيٓ إِلَيۡهِ مَنۡ أَنَابَ ۝٢٧﴾ الرعد، کەسێک کە لە ناخەوە بۆ لای خوا دەگەڕێتەوە، خوا ئەوانە ڕاستەڕێ دەکات، ئەگەرنا وەک ڕێنمایی گشتیی، خوا ڕێنمایی هەموویانی کردوە، وەک دەفەرموێ: ﴿وَأَمَّا ثَمُودُ فَهَدَيۡنَٰهُمۡ ۝١٧﴾ فصلت، واتە: ئێمە ڕێنمایی گەلی سەموودمان کرد بوو: ﴿فَٱسۡتَحَبُّواْ ٱلۡعَمَىٰ عَلَى ٱلۡهُدَىٰ ۝١٧﴾ فصلت، بەڵام کوێرییان بەسەر ڕێنماییدا هەڵبژارد، مانای وایە خوا ڕێنمایەکەی بۆ هەمووان خستۆتە ڕوو، بەڵام ڕاستەڕێ کردنەکە، تایبەتە بەوانەوە کە ڕێنماییەکەی خوا وەردەگرن، ئەوەی ڕێنمایی خوا وەرنەگرێ و قبووڵی نەکات و، ڕەتی بکاتەوە، دیارە سەرگەردان و گومڕا دەبێ، بە پێی سیستمێک کە خوا دایناوە، لە ژیانی بەشەردا.

مەسەلەی پێنجەم:

بیرخستنەوەیان لە لایەن پیاوە بڕوادارەکەوە، کە پێشتریش یوسوف ﷺیان وەک پێغەمبەر بۆ لا هاتوە، بەڵام هەر لەبارەیەوە دوو دڵ بوون، دوای مردنیشی پێیان وابووە هیچ پێغەمبەری دیکە نایەن و، سەرزەنشتکردنی کەسانی شەڕەقسەکەر دژی ئایەتەکانی خوا، کە خوا دڵیان مۆر دەکات و، لێیان تووڕەو پەستە:

خوا دەفەرموێ: ﴿وَلَقَدْ جَآءَكُمْ يُوسُفُ مِن قَبْلُ بِٱلْبَيِّنَٰتِ فَمَا زِلْتُمْ فِى شَكٍّ مِّمَّا جَآءَكُم بِهِۦ ۖ حَتَّىٰٓ إِذَا هَلَكَ قُلْتُمْ لَن يَبْعَثَ ٱللَّهُ مِنۢ بَعْدِهِۦ رَسُولًا ۚ كَذَٰلِكَ يُضِلُّ ٱللَّهُ مَنْ هُوَ مُسْرِفٌ مُّرْتَابٌ ﴿٣٤﴾ ٱلَّذِينَ يُجَٰدِلُونَ فِىٓ ءَايَٰتِ ٱللَّهِ بِغَيْرِ سُلْطَٰنٍ أَتَىٰهُمْ ۖ كَبُرَ مَقْتًا عِندَ ٱللَّهِ وَعِندَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ۚ كَذَٰلِكَ يَطْبَعُ ٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ قَلْبِ مُتَكَبِّرٍ جَبَّارٍ ﴿٣٥﴾﴾.

شیکردنەوەی ئەم دوو ئایەتە لە دە برگەدا:

١)- ﴿وَلَقَدْ جَآءَكُمْ يُوسُفُ مِن قَبْلُ بِٱلْبَيِّنَٰتِ﴾، بە دڵنیایی یوسوفیش پێشتر بەڵگە ڕۆشنەکانی بۆ هێنان، ڕاستە مانایەکەی ئاوایە: یوسوف بە بەڵگە ڕۆشنەکانەوە هاتە لاتان، بەڵام مەبەست ئەوەیە یوسوف بەڵگە ڕۆشنەکانی بۆ هێنان.

بۆچی دەفەرموێ: (وَلَقَدْ)؟ دیارە (و)ەکە بۆ بادانەوەو گێڕانەوەی ئەم قسەیە بۆ سەر قسەکانی پێشێ، بەڵام (لَقَدْ) بۆ جەختکردنەوەیە، چونکە هەم (ل)ەکە (ل)ـی سوێند پێ خواردنەو، هەم (قَدْ)یش بۆ ساغکردنەوەو دڵنیاکردنەوەیە، لەبەر ئەوەی ئەوان مەزەندەی بە درۆدانیان لێکراوەو، وا پێدەچێ بڕوایان بە یوسوف ﷺ نەبوو بێ، بەڵێ: لە ڕووی کاروباری دنیاییەوە لە تواناکانی زۆر بەهرەمەندبوون، بە تایبەت لە ڕووی ئابوورییەوە، بەڵام وا پێدەچێ وەک

پێغەمبەری خوا بڕوایان پێ نەبووبێ، بۆیە دەفەرمووێ: ﴿ وَلَقَدْ جَآءَكُمْ يُوسُفُ مِن قَبْلُ بِٱلْبَيِّنَٰتِ ﴾، پێشتر یوسوف ﷺ بەڵگە ڕۆشنەکانی بۆ هێناون.

٢)- ﴿ فَمَا زِلْتُمْ فِى شَكٍّ مِّمَّا جَآءَكُم بِهِۦ ﴾، کەچی ئێوە هەر لە دوو دڵییدابوون بەرانبەر بەوەی بۆی هێنا بوون، ئەمە ئەوەی لێوەردەگیرێ، کە یوسوفیان وەک پێغەمبەری خوا قبووڵ نەکردوە، مەگەر کەمێکیان.

دیارە یوسوف ﷺ، وەک هەموو پێغەمبەرانی خوا بەڵگە ڕۆشنەکانی هێناون، بەرنامەو ڕێبازێکی ڕۆشن و گەش و سپیی پێبووە، وەک لەو بارەوە ئەم فەرموودەیە هاتوە: {**عَنِ الْعِرْبَاضِ بْنَ سَارِيَةَ رضي الله عنه: قَالَ: قَالَ رَسُول الله ﷺ قَدْ تَرَكْتُكُمْ عَلَى الْبَيْضَاء لَيْلُهَا كَنَهَارِهَا لَا يَزِيغُ عَنْهَا بَعْدِي إِلَّا هَالِكٌ، وَمَنْ يَعِشْ مِنْكُمْ فَسَيَرَى اخْتِلَافًا كَثِيرًا، فَعَلَيْكُمْ بِمَا عَرَفْتُمْ مِنْ سُنَّتِي وَسُنَّةِ الْخُلَفَاءِ الرَّاشِدِينَ الْمَهْدِيِّينَ} (أخرجه أحمد: ١٧١٨٢، وابن ماجه: ٤٣، والحاكم: ٣٣١).**

واتە: عیرباضی کوڕی سارییە (خوا لێی ڕازی بێ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: من ئێوەم لەسەر ڕێیەکی سپیی و ڕوون بەجێهێشتوە، شەوەکەیشی وەک ڕۆژەکەی وایە، لە دوای من مەگەر کەسێک فەوتاو بێ، ئەگەرنا لێی لانادات، هەر کەسێک لە ئێوە بژی (تەمەنی هەبێ لە دوای من) ڕاجیایی و کێشەو مشت و مڕی زۆر دەبینێ، بەڵام ئێوە ئەو ڕێبازەی من کە ناسیوتانە بیگرن و، ڕێبازی جێنشینە سەر ڕاستە هیدایەتدراوەکانم بگرن.

هەڵبەتە مەبەست لە ڕێباز (**سنة**) لێرەدا وەک زۆرجاری دیکە گوتوومانە: واتە: بەرنامەو ڕێبازی پێغەمبەر ﷺ، نەک بەو چەمک و واتایە کە سوننەت یانی: ئەو شتانە ئەگەر مرۆڤ بیانکات، خێری دەگات و پاداشتی هەیەو ئەگەر نەیانکات، خێرێکی لە دەست چووە! لێرەدا ڕێباز، هەروەها لە هەموو قورئانیشدا کە خوا باسی (**سنة**)و (**سنن**) دەکات هەر بە مانای یاساکانی خوا، ڕێبازی خوا،

هەروەها پێغەمبەریش ﷺ وشەی (**سنة**)ی بە مانای ڕێبازی خۆی بەکارهێناوە، کە هەناوو هەوێن و جەوهەری ڕێبازی پێغەمبەریش ﷺ کتێبی خوایە.

٣)- ﴿ حَتَّىٰٓ إِذَا هَلَكَ ﴾، هەتا کاتێک کە یوسوف مرد، کۆچی دوایی کرد.

٤)- ﴿ قُلْتُمْ لَن يَبْعَثَ ٱللَّهُ مِنۢ بَعْدِهِۦ رَسُولًا ﴾، گوتتان: لە دوای وی خـــوا هیچ ڕەوانەکراوێک نانێرێ، هیچ پێغەمبەرێک نانێرێ، ئەمە دوو واتای هەن:

أ- یان مەبەستیان ئەوە بووە کە تازە لە دوای یوسوف، خوا هیچ پێغەمبەرێک نانێرێ.

ب- یان مەبەستیان ئەوە بووە کە یوسوفیش هەر پێغەمبەر نەبووە، واتە: بە توانجەوە گوتوویانە: لەمەودوا کەسی دیکە نایەت بڵێت پێغەمبەرم، ئەگەرنا بڕوایان نەبووە کە یوسوف پێغەمبەرەو خوا ناردوویەتی، بەڵکو مەبەستیان ئەوە بووە کە هیچ ڕێی تێناچێ لە داهاتوودا پێغەمبەرێک بێ، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کە ئەویان بە پێغەمبەر دانابێ، واتە: نە ئەویش پێغەمبەرەو نە کەسێکی دیکەش دێ، بە ناوونیشانی پێغەمبەر خۆی بە ئێمە بناسێنێ.

٥)- ﴿ كَذَٰلِكَ يُضِلُّ ٱللَّهُ مَنْ هُوَ مُسْرِفٌ مُّرْتَابٌ ﴾، هەر بەو شێوە خوا هەر کەسێک زێدەڕۆییکاری، دڵ پڕ لە گومان بێ، گومڕای دەکات.

خوا ئەوانە گومڕا دەکات، کە زێدەڕۆییکار بن و دڵ پڕ لە گومان بن بەرانبەر بە پەیامی خواو بەرانبەر بە خوا ﷻ، ئەوانە شەیتان زەفەریان پێدەبات، لە ڕێی گوناهو تاوان و لادانەکانی مرۆڤەوە، شەیتان زەفەر بە مرۆڤ دەبات، دڵ و دەروونی داگیر دەکات و، پڕی دەکات لە گومان و دوو دڵیی.

کە لێرەدا دەفەرمـوێ: ﴿ كَذَٰلِكَ يُضِلُّ ٱللَّهُ مَنْ هُوَ مُسْرِفٌ مُّرْتَابٌ ﴾، بەو شێوەیە خوا کەسێک کە زێدەڕۆییکاری دڵ لە پڕ لە گومان و دوو دڵ بێ، گومڕای دەکات، لەگەڵ ئەوەی دوایی دێ، تا کۆتایی ئەم ئایەتانە، دەگونجێ هەمووی قسەی پیاوە بڕوادارەکە بێ، دەشگونجێ فەرمایشتی خوای بەرز بێ،

نێواخنی کردوە، لەگەڵ قسەی ئەو پیاوە بڕوادارەدا، چونکە دوایی بەردەوام دەبێ دەفەرموێ:

٦)- ﴿ ٱلَّذِينَ يُجَٰدِلُونَ فِيٓ ءَايَٰتِ ٱللَّهِ ﴾، ئەوانەی مشتومڕ و شەڕە قسە دەکەن، لە دژی ئایەتەکانی خوا.

٧)- ﴿ بِغَيۡرِ سُلۡطَٰنٍ أَتَىٰهُمۡ ﴾، بەبێ بەڵگەیەکی بەهێز کە بۆیان هاتبێ، واتە: بەبێ بەڵگەیەکی نەقڵیی، بەبێ بەڵگەیەک کە لە خواوە هاتبێ، لە دژی ئایەتەکانی خوا قسە دەکەن، ئەوانەی بەو شێوەیەن:

٨)- ﴿ كَبُرَ مَقۡتًا عِندَ ٱللَّهِ وَعِندَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ﴾، ئەوە زۆر بوغزێنراوە لەلای خواو لەلای ئەوانەی بڕوایان هێناوە (**كَبُرَ: مِثْلُ سَاءَ وَبِئْسَ، مَقْتاً تَمِييز، أي: كَبُرَ مَقْتُ جِدَالِهِمْ**)، (**كَبُر**) وەک (**ساء**) و (**بئس**)وایەو (**مقتاً**) تەمیزە، یانی: بوغزێنراویی شەڕە قسەکەیان زۆر زلە.

واتە: شەڕە قسە کردنەکەیان زۆر بوغزێنراوە لە لایەن خوا، لە لایەن ئەوانەی کە بڕوایان هێناوە، واتە: بوغزێنراوییەکەی زۆر گەورەیەو خوا زۆر ڕقی لێ هەڵدەستێ، لەو شەڕە قسەو دم بە دمەیان لە دژی ئایەتەکانی خوا، بەبێ ئەوەی شەڕە قسەکەیان پشت ئەستووربێ بە بەڵگەیەک کە لە خواوە بۆیان هاتبێ، (**المَقْتُ: أَشَدُّ الغَضَبِ، وَهُوَ كِنَايَةٌ عن شِدَّةِ العِقَاب**)، (**مَقْت**) واتە: زۆر تووڕە بوون، زۆر ڕق لێ هەڵسان، کە لێرەدا کینایەیە لە سزای سەخت، کە دەفەرموێ: ﴿ كَبُرَ مَقۡتًا عِندَ ٱللَّهِ وَعِندَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ﴾، واتە: ئەو شەڕە قسەیان لە دژی ئایەتەکانی خوا، هۆکاری سزایەکی زۆر سەختە لە لایەن خواوە ﷻ، هەروەک هۆکاری ڕق لێبوونەوەیەکی زۆر گەورەیە لە لایەن بڕوادارانەوە.

٩)- ﴿ كَذَٰلِكَ يَطۡبَعُ ٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ قَلۡبِ مُتَكَبِّرٖ جَبَّارٖ ﴾، بەو شێوەیە خوا مۆر بەسەر هەر دڵێکی خۆ بەزلگری خۆسەپێنی خەڵک تێکشکێنەرەوە دەنێ.

﴿ عَلَىٰ كُلِّ قَلۡبِ مُتَكَبِّرٖ جَبَّارٖ ﴾، خوێنراویشەتەوە: (**عَلَى كُلِّ قَلْبٍ مُتَكَبِّرٍ جَبَّارٍ**)، بەسەر هەر دڵێک کە خۆبەزلگرەو، تێکشکێنەرە.

چونکە دڵەکە خۆ بەزلگرییەکەی تێدایە، دڵەکە نیەتی تێکشکاندن و خۆ سەپاندنەکەی تێدایە، بەڵام لە خۆ بەزلگرتنەکەدا لەسەر جەستە دەردەکەوێ و، تێکشکاندنی خەڵک و خۆسەپاندن بەسەریانیشدا، دیسان لەسەر جەستە دەردەکەوێ، بەڵام سەرچاوەکەی دڵە، بۆیە خوا ﷻ ئاوا هەر دڵێکی بەو شێوەیەبێ و خۆ بەزلگریی و خۆسەپێنی تێدابێ، مۆری پێوەدەنێ کە هیدایەتی نەچێتە نێو.

دەڵێ: (**الجَبَّارُ: مُبَالَغَةٌ فِي الجَبْرِ، وَهُوَ الإكْرَاهُ فَالْجَبَّارُ: المُكْرِهُ النَّاسَ عَلَى عَمَلِ مَا لَا يُحِبُّونَهُ**)، (**جَبَّار**) زێدەڕۆییە لە (**جَبر**)، ئەویش بریتیە لە زۆر لێکردن و سەپاندن، کەواتە: (**جَبَّار**) ئەوەیە خەڵک ناچار بکات لەسەر کردەوەیەک کە حەزی لێناکەن و پێیان ناخۆشە.

لەو بارەوە ئەم فەرمایشتە هەیە:

{**عَنْ عَبْدِ اللهِ بْنِ مَسْعُودٍ رضي الله عنه، عَنِ النَّبِيِّ ﷺ قَالَ: «لاَ يَدْخُلُ الْجَنَّةَ مَنْ كَانَ فِي قَلْبِهِ مِثْقَالُ ذَرَّةٍ مِنْ كِبْرٍ»، قَالَ رَجُلٌ: إِنَّ الرَّجُلَ يُحِبُّ أَنْ يَكُونَ ثَوْبُهُ حَسَناً وَنَعْلُهُ حَسَناً؟ قَالَ: «إِنَّ اللهَ جَمِيلٌ يُحِبُّ الْجَمَالَ، الْكِبْرُ بَطَرُ الْحَقِّ وَغَمْطُ النَّاسِ»**} (**أخرجه مسلم: ٩١، والترمذي: ١٩٩٩**).

واتە: عەبدوڵڵای کوڕی مەسعوود (خوا لێی ڕازیبێ) دەڵێ: پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: کەسێک گرانایی گەردێک خۆ بەزلگریی لە دڵدا هەبێ، ناچێتە بەهەشت، پیاوێک گوتی: پیاو هەیە پێی خۆشە پۆشاکەکەی جوان بێ و پێڵاوەکەی جوان بێ؟ (پێغەمبەر ﷺ) فەرمووی: خوا جوانەو جوانییشی خۆش دەوێ، خۆ بەزلگریی بریتیە لە ڕەتکردنەوەی هەق و، بە کەم تەماشاکردنی خەڵک.

مەسەلەی شەشەم:

فەرمانکردنی فیرعەون بە هامان کە بینایەکی بەرزی بۆ دروست بکات، تاکو لێیەوە بگاتە ڕێیەکانی ئاسمان و، لەوێوە تەماشای پەرستراوی مووسا ﷺ بکات، سەرەتاش گومانی خستۆتە سەر بوونی پەرستراوی مووسا ﷺ، کە ئەوەش ڕازێنرانەوەی کردەوەی خراپی فیرعەون بووە بۆی و، پیلانەکەیشی بێ ئاکام بووە:

خوا دەفەرموێ: ﴿ وَقَالَ فِرْعَوْنُ يَٰهَٰمَٰنُ ٱبْنِ لِى صَرْحًا لَّعَلِّىٓ أَبْلُغُ ٱلْأَسْبَٰبَ ﴿٣٦﴾ أَسْبَٰبَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ فَأَطَّلِعَ إِلَىٰٓ إِلَٰهِ مُوسَىٰ وَإِنِّى لَأَظُنُّهُۥ كَٰذِبًا ۚ وَكَذَٰلِكَ زُيِّنَ لِفِرْعَوْنَ سُوٓءُ عَمَلِهِۦ وَصُدَّ عَنِ ٱلسَّبِيلِ ۚ وَمَا كَيْدُ فِرْعَوْنَ إِلَّا فِى تَبَابٍ ﴿٣٧﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم دوو ئایەتە لە هەشت بڕگەدا:

١)- ﴿ وَقَالَ فِرْعَوْنُ يَٰهَٰمَٰنُ ٱبْنِ لِى صَرْحًا ﴾، فیرعەون گوتی: ئەی هامان! کۆشکێکی بەرزم بۆ دروست بکە، هامان کە وەک لێرەو، لە شوێنەکانی دیکەشدا دەردەکەوێ، وا پێدەچێ وەزیرێک بووبێ لەبەر دەستی فیرعەونداو، کەسێک بووبێ کارەکانی فیرعەونی ڕاپەڕاندبن و، سەرپەرشتیی کارەکانی بۆ کرد بێ، ﴿ وَقَالَ فِرْعَوْنُ يَٰهَٰمَٰنُ ﴾، فیرعەون نازناوی پادشایەتیی میسرە لە سەردەمێکدا، ئنجا ئایا ئەم فیرعەونە ناوی کەسیی خۆی چی بووە؟ هەندێک دەڵێن: ناوی (خۆفۆ) بووە، هەندێک گوتویانە: ناوی (ڕەعەمسیس) بووە، گرنگ ئەوەیە فیرعەون نازناوی پادشایەتیی بووە، هەروەها هامانیش ئایا ناوی شەخسیی کەسەکە بووە، ناوی تایبەتیی خۆی بووە، یاخود ناوی پۆستەکەی بووە؟ وەک سەرۆک وەزیران، یان وەزیر؟ دیار نیە، گرنگ ئەوەیە فیرعەون فەرمان بە هامان دەکات و دەڵێ:

﴿أَبۡنِ لِي صَرۡحٗا﴾، کۆشکێکی بەرزم بۆ دروست بکە، (الصَّرْحُ: القَصْرُ العَالِي المَشِيْد)، (صَّرْح) بریتیە لە کۆشکێکی بەرزی سواغدراو، یاخود گەچکاریی کراو و لووس.

٢)- ﴿لَّعَلِّيٓ أَبۡلُغُ ٱلۡأَسۡبَٰبَ﴾، بەڵکو بگەمە هۆکارەکان، یان بگەمە ڕێیەکان، یان بگەمە دەروازەکان، کام دەروازانە؟ لە ئایەتی دواییدا باس دەکات.

٣)- ﴿أَسۡبَٰبَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ﴾، بگەمە دەروازەکانی ئاسمانەکان، یان ڕێیەکانی ئاسمانەکان، بۆچی بگاتە ئەوێ؟

٤)- ﴿فَأَطَّلِعَ إِلَىٰٓ إِلَٰهِ مُوسَىٰ﴾، ئنجا لە وێوە تەماشای پەرستراوی مووسا بکەم، ﴿فَأَطَّلِعَ﴾، خوێنراویشەتەوە: (فَأَطَّلِعُ) بە سەر (فتحة) یان بە بۆر (ضمة) هەردووکیان هاتوون، واتە: کۆشکێکی بەرزم بۆ دروست بکە، کە بیچمە سەرێو، لەوێوە بگەمە دەروازەکانی ئاسمانەکان، یاخود ڕێگەکانی ئاسمانەکان، ئنجا لەوێوە تەماشای پەرستراوی مووسا ﷺ بکەم، بزانم لە کوێیە؟

٥)- ﴿وَإِنِّي لَأَظُنُّهُۥ كَٰذِبٗا﴾، من بە درۆکاریشی دەزانم، واتە: پێموایە مووسا ڕاست ناکات و درۆ دەکات، کە دەڵێ: پەرستراوێکم هەیە لەسەرەوەی تێکڕای دروستکراوەکانیەتی.

ئنجا کە فیرعەون دەڵێ: (کە خوا لەسەر زمانی وی کە گێڕاویەتەوە)، ﴿وَإِنِّي لَأَظُنُّهُۥ كَٰذِبٗا﴾، (الظَنُّ: بِمَعْنَى اليَقِيْنِ أو الظَنّ)، لێرەدا وشەی (ظَن) دەگونجێ بە مانای دڵنیایی بێ واتە: من دڵنیام درۆ دەکات، یاخود: بە مانای گومان بێ واتە: گومانم هەیە لە قسەکەیدا، چونکە وشەی (ظَنّ) وەک پێشتریش گوتوومانە: بە پێی ئەو سیاقانە کە تێیاندا دێ، مانایەکەی دیارییدەکرێ، جاری وایە بە مانای زانیارییەو، جاری وایە بە مانای دڵنیاییەو، جاری واشە بە مانای گومانێکی زاڵە، خوا دەفەرموێ:

٦)- ﴿ وَكَذَٰلِكَ زُيِّنَ لِفِرْعَوْنَ سُوٓءُ عَمَلِهِۦ ﴾، ئاوا بەو شێوەیە، کردەوە خراپەکەی فیرعەون بۆ فیرعەون ڕازێنرابۆوە، بۆ دژایەتییکردنی مووسا ؈، کە دەست بۆ هەموو پچکان بەرێ و، هەموو پیلان و فێڵێک ڕەچاو بکات.

٧)- ﴿ وَصُدَّ عَنِ ٱلسَّبِيلِ ﴾، بەو شێوەیەش لەڕێ لادرا، (صُدَّ) خوێنراویشەتەوە: (وَصَدَّ عَنِ السَّبيل)، ئەگەر (صُدّ)بێ، یانی: لادرا لە ڕێ، بەڵام ئەگەر (صَدّ) بێ یانی: خەڵکی لە ڕێ لادا، یاخود خۆی لادەربوو لە ڕێ، چونکە وشەی (صَدَّ) هەم مانای (لازم)ی هاتوە، کە بەرکار (**مفعول به**) نەخوازێ، (**صَدَّ عَنِ السَّبِيْل، أي انْحَرَفَ عَنِ السَّبِيْل**)، واتە: خۆی لە ڕێ لایدا، هەم مانای (**متعدّي**)یش هاتوە، کە بەرکار بخوازێ (**صَدَّ عَنِ السَبِيْل: أي صَدَّ غَيْرَهُ عَنِ السَّبِيْل**)، وشەی (ٱلسَّبِيلِ)یش کە (أل)ی ناساندنی لەسەرە، بۆ (**عهد**)ە واتە: خەڵکی یان خۆی، لە ڕاستە شەقامی خوا ﷻ، ئەو ڕێیە کە زانراوە، لادا.

٨)- ﴿ وَمَا كَيْدُ فِرْعَوْنَ إِلَّا فِى تَبَابٍ ﴾، پیلان و نەخشەی فیرعەونیش تەنیا لە زایەبوون و سەر بە فەتارەت چوون دابوو، (**تَبَاب: أَي هَلَاك**) لە بەین چوون، وەک لە سووڕەتی (**هود**)دا خوا دەفەرموێ: ﴿ وَمَا زَادُوهُمْ غَيْرَ تَتْبِيبٍ ﴿١٠١﴾ ﴾، واتە: هەر سەر بە فەتارەت چوونیان بۆ زیادکردن، یان لە سووڕەتی (**المسد**)دا دەفەرموێ: ﴿ تَبَّتْ يَدَآ أَبِى لَهَبٍ وَتَبَّ ﴿١﴾ ﴾، واتە: هەردوو دەستی ئەبوو لەهەب لە بەین بچن و، لە بەینیش چوو.

لێرە بەو شێوەیە خوا ﷻ ئەو بەسەرهاتە دەگێڕێتەوەو، لە سووڕەتی (**القصص**)دا هەمان بەسەرهات هاتوە، بەڵام بە تەعبیرێکی دیکە، خوا دەفەرموێ: ﴿ وَقَالَ فِرْعَوْنُ يَٰٓأَيُّهَا ٱلْمَلَأُ مَا عَلِمْتُ لَكُم مِّنْ إِلَٰهٍ غَيْرِى فَأَوْقِدْ لِى يَٰهَٰمَٰنُ عَلَى ٱلطِّينِ فَٱجْعَل لِّى صَرْحًا لَّعَلِّىٓ أَطَّلِعُ إِلَىٰٓ إِلَٰهِ مُوسَىٰ وَإِنِّى لَأَظُنُّهُۥ مِنَ ٱلْكَٰذِبِينَ ﴿٣٨﴾ ﴾، واتە: فیرعەون گوتی: ئەی پیاو ماقووڵان! (ئەی کۆڕو مەجلیسی ڕاوێژکاران، یان بڕیار بە دەستان!)، جگە لە خۆم پەرستراوێکی دیکەم بۆ ئێوە پێ شک نایەت، (واتە: بەس خۆم پەرستراوتانم)، ئنجا ئەی

هامان! ئاگرم بۆ بدە بەر قوڕێ، (خشتی سوورم بۆ دروست بکە)، دەیتوانی بڵێ: (إصنَعْ لِيَ اللَّبِنْ) واتە: خشتی سوورم بۆ دروست بکە، بەڵام بۆچی خوا لەسەر زمانی فیرعەون، دەفەرمووێ: ﴿فَأَوْقِدْ لِي يَٰهَٰمَٰنُ عَلَى ٱلطِّينِ فَٱجْعَل لِّي صَرْحًا﴾؟ ئاگرم بۆ بدە بەر قووڕو، کۆشکێکم بۆ دروست بکە؟ تاکو بزانرێ کە خشتی سوور وا دروست دەبێ کە لە کوورەدا بسووتێنرێ، ئنجا ئەو خشتە سوور دەبێتەوەو دوایی ئاو کاری تێناکات، واتە: چۆنیەتی دروستکردنی خشت، لەم ئایەتە موبارەکەدا هەیە.

ئەوەش بۆچی؟ ﴿لَّعَلِّيٓ أَطَّلِعُ إِلَىٰٓ إِلَٰهِ مُوسَىٰ وَإِنِّي لَأَظُنُّهُۥ مِنَ ٱلْكَٰذِبِينَ﴾، بەڵکو لە سەر ئەو کۆشکەوە بڕوانمە پەرستراوی مووساو، پێشم وایە لە درۆزنانە، واتە: پێموانیە ڕاست بکات، پەرستراوی مووسا لەسەرەوەی دروستکراوانیشەوە هەبێ.

ئەم ئایەتانە ئەوەی کە لێرەدا لە سوورەتی (غافر)دا هاتووەو، ئەوەی لە سوورەتی (القصص)یشدا هاتوە، لێیان وەردەگیرێ کە فیرعەون مولحید بووبێ و بڕوای بە خوای پەروەردگار نەبووبێ، ئنجا گوتوویەتی: خوا لەسەر زەوی دیار نیە، کەواتە: با تەماشای ئاسمانێ بکەم، هامان! کۆشکێکم بۆ دروست بکە، با تەماشای بکەم، پێشم وایە لەوێش هەر نیەو مووسا درۆ دەکات، حاشای مووسا عَلَيْهِ السَّلَامُ.

پرسیارێک و وەڵامەکەی

لێرەدا پرسیارێک دەکەین: ئایا فیرعەون بە جیددیی فەرمانی کردوە کە ئەو کۆشکەی بۆ دروست بکرێ؟ یاخود هەر سەفسەتەو چاو بەستەکێی کردوە؟

پاشان ئەگەر بە جیددییشی بووبێ، ئایا بینایەکەی بۆ دروستکراوە، یان نەخێر؟

لە وەڵام دا دەڵێین:

هەموو ئەگەرەکان هەن، دەگونجێ بە جیددیی بووبێ، بۆ چەواشەکردنی خەڵک، کۆشکیشی بۆ دروستکرابێ، دەشگونجێ نەخێر هەر سەفسەتەو چاو بەستەکێیەک بووبێ لە خەڵک، کە ئەگەر بێت و کۆشکێکیشم بۆ دروستکەن و بچمە سەریشی و، تەماشاش بکەم، هیچ لە ئارادا نیە.

بەڵام من وای تێدەگەم، کە ئەوە هەمووی چەواشەکاریی بووەو، نە فیرعەون بە جیددیی بووە کە هامان کۆشکی بۆ دروست بکات و، نە کۆشکەکەشی بۆ دروستکراوەو، نەچۆتە سەریشی و تەماشاشی کردوە، بە بەڵگەی چی؟ بە بەڵگەی ئەوە کە خوا دوایی دەفەرموێ: ﴿وَمَا كَيْدُ فِرْعَوْنَ إِلَّا فِي تَبَابٍ ﴿٣٧﴾﴾ غافر، واتە: پیلانی فیرعەون هەر لە زایەبوون و لەسەر بە فەتارەت چوون و لە دۆڕاندابوو، کەواتە: ئەوە هەمووی چەواشەکاریی بووە، پیلانێک بووە بۆ کڵاو لەسەرنانی خەڵک، کە دوایی بڵێن: فیرعەون چی بکات تاکو ئەو پەروەردگارو پەرستراوەی کە مووسا دەڵێ: ئەو ناردوومی بە پەیامەوە، بڕوای پێبێنێ، فیرعەون چی بکات بیدۆزێتەوە؟ ئەوەتا بە تەمابوو کۆشکیش دروستبکات و بچێتە سەر کۆشکەکەش، بەڵام ئەگەر چووبایە سەریشی و هەڵیشکشیبایە، خوای هەر نەدەبینی، کەواتە: دیارە ئەو پەرستراوەی مووسا

ﷺو ئـەو پـەروەردگارەی مووسا ئیددیعا دەكات ناردوویـەتی و پەیامـی پێدا ناردوە، بـوونی نیـە! پێموایـە ئـەو ڕستەیەی دوایـی، ئـەوە پشـت ڕاسـت دەكاتـەوەو ئـەوە دەسـەلمێنێ، كـە هەمـوو هەوڵەكەی فیرعـەون و قسـەكانی هەموویان چەواشـەكاریی بـووەو، مەبەسـتی ئـەوە بـووە بڵـێ: ئـەو پـەروەردگارو پەرسـتراوەی مووسـا ﷺ لەسـەر زەوی نیـە، ئەوەتـا وەرن بگەڕێـن داخـۆ دەیبینـن؟ نەخێـر، كەواتـە: دەبـێ لـە ئاسـمان بـێ، ئنجـا ئەگـەر كۆشكێكیشـم بـۆ دروسـت بكـەن و بچمـە سـەریشی و لەوێـش تەماشـا بكـەم، هـەر دیـار نیـە، كەواتـە: بـوونی نیـە.

بـەڵام **(الطـبري)** لـە تەفسـیرەكەیدا[1] ئـەو مانایـە پەسـند دەكات، كـە كۆشـكێكیان بـۆ دروسـتكردوە، ئنجـا هەندێـك گوتوویانـە: چۆتـە سـەر كۆشـكەكەش و لەوێـوە تەماشـای كـردوە، دەڵـێ: **(لأنَـهُ ذَهَبَـتْ نَفَقَتُـهُ الَّتِـي أَنْفَقَهَـا عَـلَى الصَّرْح بَاطِـلًا)**، كـە خـوا دەفەرمـوێ: ﴿وَمَا كَيۡدُ فِرۡعَوۡنَ إِلَّا فِي تَبَابٖ﴾، پیـلانی فیرعـەون هـەر لـە زیانباریـی و لـە فەوتاندابـوو، طەبەریـی دەڵـێ: چونكـە ئـەو مەسـڕەفەی كـە كردبـووی لـە دروسـتكردنی كۆشـكەكەدا، مەسـڕەفەكەی چـۆ خۆڕایـی و هیچـی دەسـتگیر نەبـوو.

بـەڵام ئـەو مانایـەی ئێمـە هەڵـمان بـژارد بەهێزتـرە، چونكـە بەپێـی لێكدانـەوەی **(الطـبري)** مەبەسـت لـە: ﴿وَمَا كَيۡدُ فِرۡعَوۡنَ إِلَّا فِي تَبَابٖ﴾، ئەوەیـە كـە مەسـڕەفەكەی چـۆوە هیچـێ و زەرەری مـاڵ خەرجكردنەكـەی لێكـەوت! بـەڵام ئـەو مانایـە بەهێـز نیـەو وا باشـترە بگوتـرێ: كـۆی قسـەكانی فیرعـەون خـوای پـەروەردگار بـە پیلانـی دانـاوەو، كـۆی پیلانەكـەشی بـێ ئـاكام و بـێ ئەنجـام بـووە، چونكـە ئـەو ویسـتی بـە خەڵـك بسـەلمێنێ، لەبـەر ئـەوەی خـوا بەرهەسـت نیـە، كەواتـە: بـوونی نیـە، بـەڵام بـوونی خـوا ﷻ لـە زگـماك **(فطـرة)**ی مرۆڤەكانـداو لـە عەقڵیـان دایـەو، ئیـمان بـە بـوونی خـوا، شـتێكی ڕیشـەدارو ڕۆچوویـە، بۆیـە ئـەوە وای نەكـرد، كـە خەڵـك ئـەوە بـە بەڵـگە لـە فیرعـەون بسـەلمێنێ، گوایـە خـوای پـەروەردگار بـوونی نیـە، لەبـەر ئـەوەی بەرهەسـت نیـە.

---

(١) جامع البيان: ج٢٤، ص٦٤.

(محمد الطاهر بن عاشور)یش لە تەفسیرەکەی خۆیدا[1] دەڵێ: (أَرَادَ بِهِ إِيْهَامَ قَوْمِهِ كَذِبَ مُوسَى ﷺ)، واتە: بەو قسانە فیرعەون ویستی خەڵکەکەی وا حاڵیی بکات، وایان ئیخفاڵ بکات: کە مووسا ﷺ ڕاست ناکات، بۆیە ئەو قسانەی کردوون، ئەگەرنا نە ئەوە بووە کۆشک دروست بکرێ و، نە ئەوەش بووە فیرعەون بچێتە سەری و، لەوێوە تەماشا بکات.



---

(١) التحرير والتنوير، ج٢٤، ص١٤٨.

مەسەلەی حەوتەم:

دووبـارە قسـەکردنەوەی پیـاوە بڕوادارەکـە لەگـەڵ خەڵکەکەیـدا، کـە شـوێنی بکـەون بـە ڕێـی ڕاسـتداو، ژیـانی دنیـا گوزەرانێکـی زوو تێپـەڕەو، دوارۆژ مەنزڵگای سـەقامگیر بوونـەو، ڕوونکردنـەوەی سـەرەنجامی خراپـەکاران و چاکـەکاران:

خـوا دەفەرمـوێ: ﴿ وَقَالَ ٱلَّذِىٓ ءَامَنَ يَـٰقَوْمِ ٱتَّبِعُونِ أَهْدِكُمْ سَبِيلَ ٱلرَّشَادِ ﴿٣٨﴾ يَـٰقَوْمِ إِنَّمَا هَـٰذِهِ ٱلْحَيَوٰةُ ٱلدُّنْيَا مَتَـٰعٌ وَإِنَّ ٱلْـَٔاخِرَةَ هِىَ دَارُ ٱلْقَرَارِ ﴿٣٩﴾ مَنْ عَمِلَ سَيِّئَةً فَلَا يُجْزَىٰٓ إِلَّا مِثْلَهَا ۖ وَمَنْ عَمِلَ صَـٰلِحًا مِّن ذَكَرٍ أَوْ أُنثَىٰ وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَأُو۟لَـٰٓئِكَ يَدْخُلُونَ ٱلْجَنَّةَ يُرْزَقُونَ فِيهَا بِغَيْرِ حِسَابٍ ﴿٤٠﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە هەشت بڕگەدا:

١)- ﴿ وَقَالَ ٱلَّذِىٓ ءَامَنَ يَـٰقَوْمِ ٱتَّبِعُونِ ﴾، ئەو کەسەی بڕوای هێنابوو (ئەو پیاوە بڕوای هێنابوو)، گوتی: ئەی خەڵکەکەم! شوێنم بکەون.

هەمـوو جـارێ کـە دەفەرمـوێ: (ئـەو پیـاوەی بـڕوای هێنابـوو گـوتی:) واتـە: بـا بزانـرێ کـە زەقتریـن سـیفەت لـەو پیـاوەدا ئیمانەکـەی بـوو، لـە ڕاسـتییدا بڕوایەکـەی بـووە کـە ئـەو هەمـوو غیـرەت و ئازایەتیـی و بوێرییـەی پێـداوە، کـە ڕووبـەڕووی فیرعـەون و دەسـتەو دایەرەکـەی و سـوپاو هێزەکـەی ببێتـەوە، بێمنەتانـە ئـەو بەرگرییـە بـکات، لـە مووسـا ﵇و لـەو پەیامـەی کـە خـوا بـە مووسـادا ناردوویـەتی،

﴿ يَـٰقَوْمِ ٱتَّبِعُونِ ﴾، ئـەی خەڵکەکـەم، ئـەی گەلەکـەم! شـوێنم بکـەون پەیڕەوییم لێبکـەن، لێـرەدا بـە یەکجاریـی ئـەو پیـاوە بـڕوادارە فـووی پێـدا دەکات و بـە ئاشـکرا جـاڕ دەدات، ڕایدەگەیەنـێ کـە ئـەو مووسـا بـە ڕاسـت دەزانـێ و، بـڕوای پێیـەتی، بانگـی خەڵکەکـەش دەکات دەڵـێ: شـوێنم بکـەون بـا هەمووـمـان بـە دوای مووسـاو پەیامەکـەی بکەویـن.

٢)- ﴿ أَهۡدِكُمۡ سَبِيلَ ٱلرَّشَادِ ﴾، (شوێنم بکەون) ڕێنماییتان دەکەم بەرەو ڕێی سەر ڕاستیی، (سَبِيلَ) واتە: ڕێ، (ٱلرَّشَادِ) واتە: سەر ڕاستیی و بە مراد گەیشتن.

٣)- ﴿ يَٰقَوۡمِ إِنَّمَا هَٰذِهِ ٱلۡحَيَوٰةُ ٱلدُّنۡيَا مَتَٰعٌ ﴾، ئەی خەڵکەکەم! بە دڵنیایی ئەم ژیانی دنیاییە ڕابواردنێکی کەمە، (مَتَاع: أي: تَمْتِيْعُ قَلِيْل، مَا يُنْتَفَعُ بِهِ انْتِفَاعاً مُؤَقتاً)، (مَتَاع): واتە: گوزەرانێکی کەم، ڕابواردنێکی کەم، شتێک کە ماوەیەکی کەم بەهرەی لێ وەردەگیرێ، کە دەفەرموێ: ﴿إِنَّمَا هَٰذِهِ ٱلۡحَيَوٰةُ ٱلدُّنۡيَا مَتَٰعٌ ﴾، ئەمە بۆ کورت هەڵێنانە واتە: ئەم ژیانە دنیایە تەنیا ڕابواردنێک و گوزەرانێکی کەمە.

٤)- ﴿ وَإِنَّ ٱلۡأٓخِرَةَ هِيَ دَارُ ٱلۡقَرَارِ ﴾، مەنزڵگای کۆتاییش هەر ئەوێیە مەنزڵگای تێدا نیشتەجێبوون، مەنزڵگای کۆتایی کە لە کۆتایی دا دێ، لە کۆتایی ئەم ژیانە دنیاییەوە دێ، هەر ئەوێیە مەنزڵگای تێدا نیشتەجێبوون، (هِيَ: ضَمِيْرُ الفَصْلِ)، واتە: (هِيَ) ڕاناوی لێک جیاکردنەوەیە بۆ کورت هەڵهێنان، یانی: هەر ئەوێیە مەنزڵگای تێدا نیشتەجێبوون، (القَرَار: الدَّوَامُ فِي المَكَان)، (قَرَار): واتە: بەردەوام بوون لە شوێنێک، واتە: هەر ئەوێیە ئەو نشینگەیە کە خەڵک تێیدا سەقامگیر دەبێ و ناجووڵێ، بەڵام ئێرە ژیانێکی کاتیی و زوو تێپەڕەو بەسەر دەچێ.

٥)- ﴿ مَنۡ عَمِلَ سَيِّئَةٗ فَلَا يُجۡزَىٰٓ إِلَّا مِثۡلَهَا ﴾، هەر کەسێک خراپەیەک بکات، تەنیا بە ئەندازەی خراپەکە سزای دەدرێتەوە.

﴿فَلَا يُجۡزَىٰٓ إِلَّا مِثۡلَهَا ﴾، ئەمە دوو واتای هەن:

أ- کەسێک خراپە بکات، هەروەک خراپە سزای دەدرێ و، لە بەرانبەر خراپەکردنەکەیدا پاداشتی نادرێتەوە، وەک چاکە مامەڵە لە خراپەکەیدا ناکرێ.

ب- یاخود: ﴿ مَنۡ عَمِلَ سَيِّئَةٗ فَلَا يُجۡزَىٰٓ إِلَّا مِثۡلَهَا ﴾، هەر کەسێک خراپە بکات، تەنیا بە ئەندازەی خراپەکەی سزا دەدرێ، زیاد لە خراپەکەی خۆی سزا نادرێ، ﴿إِلَّا مِثۡلَهَا ﴾، واتە: تەنیا بە ئەندازەی خراپەکەی سزا دەدرێ، یاخود: ﴿إِلَّا مِثۡلَهَا ﴾، واتە:

وەک خراپە مامەڵەی لەگەڵ دادەکرێ و سزا دەدرێ، نەک لە بەرانبەر خراپەکەیدا، پاداشت بدرێتەوە!

٦)- ﴿وَمَنْ عَمِلَ صَٰلِحًا مِّن ذَكَرٍ أَوْ أُنثَىٰ وَهُوَ مُؤْمِنٌ﴾، هەر کەسێکیش کردەوەی باش بکات لە نێرو مێ و بڕواداریش بێ.

٧)- ﴿فَأُوْلَٰٓئِكَ يَدْخُلُونَ ٱلْجَنَّةَ﴾، ئا ئەوانە دەچنە بەهەشتەوە، (يَدْخُلُونَ) خوێنراویشەتەوە: (يُدْخَلُونَ)، واتە: دەخرێنە بەهەشتەوە.

٨)- ﴿يُرْزَقُونَ فِيهَا بِغَيْرِ حِسَابٍ﴾، لەوێدا بژیویان دەدرێتێ بەبێ ئەژمار، واتە: بۆیان ناژمێردرێ هێندە زۆرە، ﴿فَأُوْلَٰٓئِكَ﴾، بۆ کۆیە، بەڵام (مَنْ) لە: ﴿وَمَنْ عَمِلَ صَٰلِحًا﴾دا، هەم بۆ تاک، هەم بۆ دووان، هەم بۆ کۆش بەکاردێ، بۆیە پێشێ وەک تاک باس دەکرێ، بەڵام دوایی کردوویەتی بە کۆ.

لەو بارەوە کە ژیانی دنیا ڕابواردنێکی کەمە، ئەم فەرمایشتەی پێغەمبەر ﷺ دێنین: {عَنْ عَبْدِ اللهِ بْنِ عَمْرو رضي الله عنهما، أَنَّ رَسُولَ اللهِ ﷺ قَالَ: **إِنَّمَا الدُّنْيَا مَتَاعٌ، وَلَيْسَ مِنْ مَتَاعِ الدُّنْيَا شَيْءٌ أَفْضَلَ مِنْ الْمَرْأَةِ الصَّالِحَةِ**} **(أخرجه ابن ماجه: ١٨٥٥، وصححه الألباني).**

واتە: عەبدوڵڵای کوڕی عەمرِ (خوا لێیان ڕازی بێ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: ژیانی دنیا ڕابواردنێکی کەمەو، هیچ شتێک لە ڕابواردنەکەی ژیانی دنیا، باشتر نیە لە ئافرەتی چاک.

مەسەلەی هەشتەم:

زیاتر خستنە ڕووی بەرنامەی خوا لە لایەن پیاوە بڕوادارەکەوە، کە مایەی ڕزگارییەو، کوفرو شیرکیش هۆکاری چوونە دۆزەخن و، باسی ئەوە کە جگە لە خوا لە دنیاو قیامەتدا، هیچ کارەیەو سەرەنجام تەنیا بۆ لای خوایەو، لە داهاتووشدا ڕاستییەکانی وەحیی کە ئەو پیاوە بڕوادارە پێیان ڕادەگەیەنێ، دەردەکەون:

خوا دەفەرموێ: ﴿ وَيَٰقَوۡمِ مَا لِيٓ أَدۡعُوكُمۡ إِلَى ٱلنَّجَوٰةِ وَتَدۡعُونَنِيٓ إِلَى ٱلنَّارِ ﴿٤١﴾ تَدۡعُونَنِي لِأَكۡفُرَ بِٱللَّهِ وَأُشۡرِكَ بِهِۦ مَا لَيۡسَ لِي بِهِۦ عِلۡمٞ وَأَنَا۠ أَدۡعُوكُمۡ إِلَى ٱلۡعَزِيزِ ٱلۡغَفَّٰرِ ﴿٤٢﴾ لَا جَرَمَ أَنَّمَا تَدۡعُونَنِيٓ إِلَيۡهِ لَيۡسَ لَهُۥ دَعۡوَةٞ فِي ٱلدُّنۡيَا وَلَا فِي ٱلۡأٓخِرَةِ وَأَنَّ مَرَدَّنَآ إِلَى ٱللَّهِ وَأَنَّ ٱلۡمُسۡرِفِينَ هُمۡ أَصۡحَٰبُ ٱلنَّارِ ﴿٤٣﴾ فَسَتَذۡكُرُونَ مَآ أَقُولُ لَكُمۡۚ وَأُفَوِّضُ أَمۡرِيٓ إِلَى ٱللَّهِۚ إِنَّ ٱللَّهَ بَصِيرُۢ بِٱلۡعِبَادِ ﴿٤٤﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە دە بڕگەدا:

١)- ﴿ وَيَٰقَوۡمِ مَا لِيٓ أَدۡعُوكُمۡ إِلَى ٱلنَّجَوٰةِ وَتَدۡعُونَنِيٓ إِلَى ٱلنَّارِ ﴾، (جارێکی دیکە بانگیان دەکاتەوە)، ئەی خەڵکەکەم، ئەی گەلەکەم! ئەوە چیمە! بانگتان دەکەم بۆ ڕزگاریی و ئێوەش بەرەو ئاگر (ی دۆزەخ) بانگم دەکەن!! (مَا لِيٓ)، ئەوە من چیمە! **(مَا: اسْمُ اسْتِفْهَامٍ مُبْتَدَأٌ وَلِي: خَبَرُهُ، وَالإِسْتِفْهَامُ تَعْجِيبِيٌّ، وَهَذَا التَّرْكِيبُ كَتَرْكِيبِ: هَلْ لَكَ)**، ﴿ مَا لِيٓ ﴾، ئەوە چیمە؟ (مَا) ناوی پرسیارکردنەو نیهاد (مبْتَدأ)ە، (لِي): دەبێتە گوزارە (خَبَر)و، پرسیارکردنەکە پرسیارکردنی سەرسوڕماندنە، (ئەوە چیمە! بۆچی و چۆن دەبێ وابێ؟!)، ئەم پێکهاتەیەش وەک پێکهاتەی (**هل لك**)یە، ئایا ئامادەی؟

﴿ أَدۡعُوكُمۡ إِلَى ٱلنَّجَوٰةِ ﴾، مـن ئێـوە بانـگ دەکـەم بـۆ سـەرفرازیی، بـۆ ڕزگاریـی، بـۆ دەربازبـوون، لـە دنیـادا لـە کۆیلایەتیـی بـۆ مرۆڤـەکان، لـە دڵەڕاوکـەو

دوو دڵیی، لە بێبڕوایی، لە سەرگەردانیی و هەڵوەدایی، لە بێ ئاکامیی، لە دواڕۆژیشدا لە تووڕەیی و سزای خوا، لە دۆزەخی خوا، بانگتان دەکەم بۆ ڕزگاریی، بە مانای وشە لە دنیاو دواڕۆژدا.

﴿وَتَدۡعُونَنِيٓ إِلَى ٱلنَّارِ﴾، کەچی ئێوە بانگم دەکەن بەرەو ئاگری دۆزەخ، بەڵکو هەر لە دنیاش دا کە بە ئاگری ستەمکاران بسووتێم و بمکەنە خۆڵەمێش و قەرەبرووتێک بوونم نەبێ، کەسایەتییم وردو خاش بکەن، ببمە سووتەمەنی بۆ ئەوان، لە دواڕۆژیشدا بە ئاگری تووڕەیی و تۆڵەی دادگەرانەی خوا بسووتێم، وشەی (إلى) هەردووکیان لە هەردووك ڕستەی: ﴿أَدۡعُوكُمۡ إِلَى ٱلنَّجَوٰةِ وَتَدۡعُونَنِيٓ إِلَى ٱلنَّارِ﴾ دا، (إلى: **حَرْفٌ لِلإِنْتِهَاء إلى غَايَة**)، (إلى): پیتێکە بۆ گەیشتن بە ئامانجێک بە کاردەهێنرێ، دەگوترێ: (**سَافَرْتُ مِنْ السُّلَيْمَانِيَة إلى أَرْبِيْل أو إلى دهُوك**)، کەواتە: لە سولەیمانییەوە سەفەرەکە چووەو، کۆتایی ئامانجەکە لە هەولێر یان لە دهۆک بووە.

٢)- ﴿تَدۡعُونَنِي لِأَكۡفُرَ بِٱللَّهِ﴾، بانگم دەکەن کە بە خوا بێبڕوابم، سەرەتا دەفەرموێ: ﴿وَتَدۡعُونَنِيٓ إِلَى ٱلنَّارِ﴾، دوایی شیدەکاتەوەو ڕوونی دەکاتەوەو دەڵێ: ئێوە بانگم دەکەن تاکو من بێبڕوابم بە خوا، (ل)ی ﴿لِأَكۡفُرَ﴾، (**لَامٌ للتَعْلِيل**)، ﴿تَدۡعُونَنِي لِأَكۡفُرَ بِٱللَّهِ﴾، بانگم دەکەن بۆچی؟ بۆ ئەوەی بە خوا بێبڕوابم.

٣)- ﴿وَأُشۡرِكَ بِهِۦ مَا لَيۡسَ لِي بِهِۦ عِلۡمٞ﴾، هەروەها شتێک بکەم بە هاوبەشی کە من زانیاریم لە بارەیەوە نیە، واتە: بوونی نیە، (**أي: هُوَ مَنْفِيُّ الوُجُودِ فَلَا يَتَعَلَّق بِهِ عِلْمٌ**)، لە قورئان دا ئەم تەعبیرە زۆر هاتوە، ﴿مَا لَيۡسَ لِي بِهِۦ عِلۡمٞ﴾، واتە: زانیارییم لە بارەیەوە نیە، یانی: نیە، چونکە شتێک هەبێ، دەبێ زانراوبێ و بزانرێ، زانیاریی پێوەی پەیوەست بێ.

٤)- ﴿وَأَنَا۠ أَدۡعُوكُمۡ إِلَى ٱلۡعَزِيزِ ٱلۡغَفَّٰرِ﴾، منیش ئێوە بانگ دەکەم بۆ لای زاڵی لێبوردە، (کە خوایە ﷻ)، لێرەدا چوار جار وشەی (إلى) هاتوە، یەکجاریش (ل) هاتوە:

أ- ﴿ أَدْعُوكُمْ إِلَى ٱلنَّجَوٰةِ ﴾.

ب- ﴿ وَتَدْعُونَنِيٓ إِلَى ٱلنَّارِ ﴾، ﴿ تَدْعُونَنِي لِأَكْفُرَ بِٱللَّهِ ﴾، ئەوە (ل)یە لێرە هاتوە.

ج- ﴿ وَأَنَا۠ أَدْعُوكُمْ إِلَى ٱلْعَزِيزِ ٱلْغَفَّٰرِ ﴾.

د- ﴿ لَا جَرَمَ أَنَّمَا تَدْعُونَنِيٓ إِلَيْهِ ﴾.

٥)- ﴿ لَا جَرَمَ أَنَّمَا تَدْعُونَنِيٓ إِلَيْهِ ﴾، واتە: بە دڵنیایی ئەوەی ئێوە منی بۆ لا بانگ دەکەن، (**لَاجَرَمَ: أي قَطْعَاً، لَابُدَّ، لَا شَكَّ**)، واتە: بە دڵنیایی، بێگومان، کە هەندێک لە زانایان ئاوایان لێکداوەتەوە: (**لا**): (**للنَّفْيِ لِشَيءٍ سَابِقٍ**)، (**لا**) بۆ لابردنی شتێکی پێشوویە، واتە: وانیە وەک ئێوە دەڵێن، (**جَرَم**): (**قَطْعَاً وَثَابِتَاً**) واتە: بە هەڵبڕاویی و بە چەسپاویی، دەشگونجێ (**لَاجَرَم**) هەمووی یەک وشە بێ، نەک بگوترێ: (**لا**) بۆ واتایەکەو (**جرم**)یش بۆ واتایەکە، بەڵکو (**لَاجَرَم**) هەمووی یەک وشەیە، واتە: بە دڵنیایی، بێگومان، ئەوەی کە ئێوە منی بۆ لا بانگ دەکەن.

٦)- ﴿ لَيْسَ لَهُۥ دَعْوَةٌ فِى ٱلدُّنْيَا وَلَا فِى ٱلْءَاخِرَةِ ﴾، هیچ بانگەوازێکی نیە نە لە دنیاداو، نە لە دوارۆژدا، بانگەوازێکی نیە، دوو مانای هەن:

أ)- واتە: (**لَا تَدْعُو أَحَدَاً لِعِبَادَةِ نَفْسِهَا**) یانی: ئەو شتانەی ئێوە منیان بۆ لا بانگ دەکەن، هیچ بانگەوازیان نیە، واتە: کەس بانگ ناکەن بۆ پەرستنی خۆیان، صەنەم و پەیکەرەکان، کوا کێ بانگ دەکەن! مانگ و خۆرو ئەستێرەکان و، ئەو شتانەی جگە لە خوا دەپەرسترێن لە بێژیانەکان، کوا کێ بانگ دەکەن؟!

ب)- واتە: (**لَا اسْتِجَابَةَ لَهُ بِاسْتِعْمَالِ أَحَدِ الْمُتَضَايِفَيْنِ بَدَل الأَخَر**)، یانی: هیچ وەڵامدانەوەکیان نیە، بۆ ئەوانەی لێیان دەپاڕێنەوە، نە لە دنیاو، نە لە دوارۆژدا، (**دَعْوَةٌ**) بە مانای بانگهێشتە، بەڵام لێرەدا دوو شت کە پاڵدەدرێنە لای یەکدی (**الإِسْتِجَابَة، الدَّعْوَةُ**)، یەکیان لە جیاتی ئەوی دیکە بەکارهاتوە، لێرەدا (**دعوة**) لە جیاتی (**إِسْتِجَابَة**) بەکارهاتوە، ئنجا ئەگەر وابێ، ئەو کاتە: ﴿ لَيْسَ لَهُۥ دَعْوَةٌ ﴾، (**لَيْسَ لَهُ اسْتِجَابَةٌ إِلى دعوة**)، هەر بانگکرانێک کە بانگدەکرێن،

هیچ وەڵامدانەوەیەکی نیە، ئنجا ئەو کاتە بە مەرج ناگیرێ کە ئەو پەرستراوانە، مەبەست پێیان ئەو شتانە بن کە لە ماددەی بێ ژیان دروست دەکرێن، بەڵکو ئەگەر مرۆڤیش بن و شەیتانیش بن و جندیش بن و، هەر شتێک بن، وەڵامی پەرستراوەکانی خۆیان نادەنەوە، نە لە دنیا، نە لە دواڕۆژداو، داواکارییەکانی ئەوانیان پێ جێبەجێ ناکرێن، ئەو چاوەڕوانییەی کە لێیانیان هەیە، چاوەڕوانییەکە لە شوێنی خۆیدا نیە.

٧)- ﴿وَأَنَّ مَرَدَّنَآ إِلَى ٱللَّهِ وَأَنَّ ٱلْمُسْرِفِينَ هُمْ أَصْحَٰبُ ٱلنَّارِ﴾، بە دڵنیاییش گێڕانەوەمان بۆ لای خوایەو، زێدەڕۆییکارانیش هاوەڵانی ئاگرن.

(مَـرَدّ) دەگونجـێ بـە مانـای (**مرجـع ومصـير**) شـوێنی بـۆ لا گەڕانـەوە بـێ، ﴿وَأَنَّ ٱلْمُسْرِفِينَ هُمْ أَصْحَٰبُ ٱلنَّارِ﴾، زێدەڕۆییکارانیـش هـاوەڵانی ئاگـرن، واتـە: ئەوانـەی تێیـان پەڕانـدوە لـە کوفـرو سـتەم و خراپـەو تاوانـدا، لـە کۆتایـی دا ئـەو پیـاوە بـڕواداره، پێیـان دەڵـێ:

٨)- ﴿فَسَتَذْكُرُونَ مَآ أَقُولُ لَكُمْ﴾، لەمەودوا ئەوەی ئێستا پێتان دەڵێم، وە بیرتان دێتەوە، (**سَتَذْكُرُونَ: مُشْتَقٌّ مِنَ «الذُكْر» وَهُوَ ضِدُّ النِّسْيَان**)، (**ذُكْر**) پێچەوانەی (**نِسْيَان**)ە، (**ذُكْر**) واتە: لە بیربوون، (**نِسْيَان**) واتە: لە بیرچوون، بەڵام (**ذِكْر**) واتە: باسکردن، پێچەوانەی باسکردنیش بریتیە لە باسنەکردن و پشتگوێ خستن، لێرەدا (**ذُكْر**): (**سَتَذْكُرُونَ**)ی، لێ داتاشراوە.

٩)- ﴿وَأُفَوِّضُ أَمْرِىٓ إِلَى ٱللَّهِ﴾، کاری خۆیشم بە خوا دەسپێرم، (**أُفَوِّضُ: أَرُدُّ وَأُحِيْلُ**) کاری خۆم حەواڵەی خوا دەکەم، کاری خۆم واتە: سەرەنجامی ئەو بەرگرییکردنە، یاخود کاری خۆم واتە: حاڵ و باڵی خۆم سەرەنجامم چیم لێدێ؟ بە خوای دەسپێرم.

١٠)- ﴿إِنَّ ٱللَّهَ بَصِيرٌۢ بِٱلْعِبَادِ﴾، بە دڵنیایی خوا بینەری بەندەکانیەتی، واتە: بەردەوام دەیانبینێ و، ئاگای لێیانەو، لە ژێر چاودێریی ئەودان.

ئنجا پێش ئـەوەی بێینـە سـەر مەسـەلەی نۆیـەم و کۆتایـی، دەڵێیـن : لـە کـۆی ئـەو ئایەتانـەدا دەردەکـەوێ، کـە دەبـێ ئـەو پیـاوە بـڕوادارە، پیاوێکی دەسترۆیشـتوو

و قسە ڕۆیشتوو و خاوەن پێگەو پایەی گرنگ بووبێ، لە دارو دەستەی فیرعەون، ئنجا ئایا کوڕی بووە، برای بووە، خزمێکی نیزیکی بووە، کەسێکی زۆر جێی ئیعتیمادو پشت پێ بەستنی بووە؟ گرنگ ئەوەیە کەسێک بووە توانیویەتی قسەی خۆی بکات، زۆر دلێرانەو، کەسێک بووەو بە ئاسانیی زەفەری پێنەبردرێ و، کەسێک بووە فیرعەون نەتوانێ نەیهێڵێ قسە بکات و قسەی[1] پێبپڕێ، یاخود ئەوانەی دەوروبەری فیرعەون بێن یەخەی پێبگرن.



(١) قسە پێبڕینی یەکجاریی، کە نەهێڵێ قسەکانی تەواو بکات

مەسەلەی نۆیەم و کۆتایی:

پاراستنی خوا بۆ ئەو پیاوە بڕوادارە لە پیلانی فیرعەون و دەستەو دارەکەی و، گەمارۆدانی سزا بۆ فیرعەونییەکان، لە قۆناغی بەرزەخیشدا ڕانوێنرانیان لەسەر ئاگر بەیانیان و ئێواران و، لە قیامەتیشدا خستنیانە نێو سەختترین سزاوە:

خوا دەفەرموێ: ﴿ فَوَقَىٰهُ ٱللَّهُ سَيِّـَٔاتِ مَا مَكَرُوا۟ ۖ وَحَاقَ بِـَٔالِ فِرْعَوْنَ سُوٓءُ ٱلْعَذَابِ ﴿٤٥﴾ ٱلنَّارُ يُعْرَضُونَ عَلَيْهَا غُدُوًّا وَعَشِيًّا ۖ وَيَوْمَ تَقُومُ ٱلسَّاعَةُ أَدْخِلُوٓا۟ ءَالَ فِرْعَوْنَ أَشَدَّ ٱلْعَذَابِ ﴿٤٦﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم دوو ئایەتە، لە پێنج بڕگەدا:

١)- ﴿ فَوَقَىٰهُ ٱللَّهُ سَيِّـَٔاتِ مَا مَكَرُوا۟ ﴾، خواش لە خراپەکانی ئەو پیلانەی گێڕایان پاراستی.

دوای ئەوەی گوتی: کاری خۆم حەواڵەی خوا دەکەم و خۆم بە خوا دەسپێرم، بەڕاستیی هەر کەسێک خۆی بە خوا بسپێرێ، خوا زایەی ناکات، ئاگای لێی دەبێ و مشووری لێی دەخواو سەرپەرشتیی دەکات، یەکسەر بەدوای ئەوەدا دەفەرموێ: ﴿ فَوَقَىٰهُ ٱللَّهُ ﴾، ئەم (ف)یە کە لەسەر: ﴿ فَوَقَىٰهُ ﴾یە، وا پێدەچێ (**فَاء التَّعْقِيب**) بێ، واتە: یەکسەر دوای ئەوە خوا پاراستی لە خراپەکانی پیلانی وان، ئەو پیلانەی دەیانگێڕا.

٢)- ﴿ وَحَاقَ بِـَٔالِ فِرْعَوْنَ سُوٓءُ ٱلْعَذَابِ ﴾، شوێنکەوتوانی فیرعەون، دەستەودایەرەی فیرعەونیش، سزایەکی خراپ دەوری دان، گەمارۆی دان.

کە دەفەرموێ: ﴿ فَوَقَىٰهُ ٱللَّهُ سَيِّـَٔاتِ مَا مَكَرُوا۟ ﴾، (**مَا: مَصْدَرِيَّة**) (**مَا**): بۆ چاوگە، واتە: (**سَيِّئَاتُ مَكْرِهِمْ، وَالإِضَافَةُ بَيَانِيَّةٌ وَهِيَ هُنَا فِي قُوَّة إِضَافَة الصِّفَة إِلى المَوْصُوف**)، کە دەفەرموێ: ﴿ سَيِّـَٔاتِ مَا مَكَرُوا۟ ﴾، واتە: (**سَيِّئَات

مَكْرِهِـمْ)، ئنجـا لێـرەدا ئـەم پاڵدانـەی (سَيِّئَاتِ) بـۆ لای (مَا مَكَرُوا) پاڵدانـە بـۆ ڕوونكردنـەوە، كـە لێـرەدا لـە هێـزی ئەوەدایـە، سـیفەتێک پاڵبدرێتـە لای وەسـفكراوێک.

﴿وَحَاقَ بِئَالِ فِرْعَوْنَ﴾، (حَـاقَ: أي نَـزَلَ أو أحَـاطَ)، (حَـاقَ): هـەم بـە مانـای دەورەدان و گەمـارۆدان دێ، هـەم بـە مانـای هاتنـە سـەرو دابەزیـن، دێ، واتـە: دابەزیـە سـەر دارو دەسـتەی فیرعـەون خراپتریـن سـزا، یاخـود خراپترین سـزا دەوری دان.

(الطـبري) لـە تەفسـیری ئـەم ئایەتـە موبارەكـەدا دەڵـێ: (**فَدَفَـعَ اللـهُ عَـنْ هَـذَا الْمُؤْمِـنِ مِـنْ آلِ فِرْعَـوْنَ، بِإِيمَانِـهِ وَتَصْدِيـقِ رَسُولِهِ مُوسَى، مَكْرُوهَ مَا كَانَ فِرْعَـوْنُ يَنَالُ بِـهِ أَهْـلَ الْخِـلَافِ عَلَيْـهِ مِـنَ الْعَـذَابِ وَالْبَـلَاءِ، فَنَجَّـاهُ مِنْـهُ**)[1].

واتـە: خـوا ﷻ لـەو بـڕوادارەی نێـو دارودەسـتەی فیرعەونـی دوور خسـتەوە، بـە هـۆی ئیمانەكـەی و بەڕاسـتدانانی پێغەمبەرەكەیـەوە، كـە مووسـایە، زیـان و خراپـەی ئـەوە كـە فیرعـەون هـەر كەسـێک لـە دژی جووڵابایـەوەو سـەرپێچیی لێكردبایـە، سـزای دەدا، خـوا ئـەوی لـەو ئـازارو ئەشـكەنجەیە دەربـاز كـرد.

چونكـە هەندێـک لـە زانایـان گوتوویانـە: دوایـی فیرعـەون بـە شـێوەیەكی زۆر خـراپ، ئـەو پیـاوە بـڕوادارەی كوشـتوە، ئنجـا ئەگـەر وابـێ كـە خـوا دەفەرمـوێ: خـوا پاراسـتی لـە خراپـەی پیـلانی ئـەوان، مەبەسـت ئەوەیـە كـە دەربـازی كـردووەو پاراسـتوویەتی لـەوەی هەڵیگێڕنـەوە، یـان تەنازولیـان بـۆ بـكات و دەسـتبەرداری ئاییـن و بەرنامەكـەی ببـێ.

بـەڵام وەک **(الطـبري)** گوتوویـەتی و ڕواڵـەتی ئایەتەكانیـش دەیگەیەنـێ، خـوا ﷻ وەک چـۆن ئیمانەكـەی پاراسـتوەو ڕووحەكـەی پاراسـتوە، جەسـتەكەشی پاراسـتبێ و زەفەریـان پـێ نەبردبـێ، هەڵبەتـە ئەگـەر جەسـتەكەی چەنـد ڕۆژێكـی دیكـەش ژیـا

---

(١) جامع البيان، ج٢٤، ص٦٨.

بێ، ماوەیەکی دیکەش ژیا بێ، بەڵام خوا ﷻ ئیمانەکەی سەلامەت کردبێ، مانای وایە هەر پارێزراو بووە، هەروەها ئەگەر ئەو چەند ڕۆژە، یان ئەو چەند ساڵەی دیکەش نەژیا بێ و، لەبەینیان بردبێ و سزایان دابێ، دیسان هەر پارێزراو بووە، مادام دەستبەرداری ئایین و عەقیدەکەی نەبووەو، پاشەکشەی نەکردوە.

ئنجا کە خوا دەفەرمووێ: ﴿وَحَاقَ بِـَٔالِ فِرۡعَوۡنَ سُوٓءُ ٱلۡعَذَابِ﴾، ئەمە دوو واتای لێوەردەگیرێن:

أ- دەگونجێ مەبەست پێی خنکێنرانی، فیرعەون و سوپایەکەی بێ لە دەریای سووردا.

ب- دەشگونجێ مەبەست سزادرانیان و سووتێنرانیان بێ لە جیهانی بەرزەخ دا.

٣)- ﴿ٱلنَّارُ يُعۡرَضُونَ عَلَيۡهَا غُدُوّٗا وَعَشِيّٗا﴾، ئاگر، بەیانیان و ئێواران لەسەری ڕادەنوێنرێن، واتە: دوای خنکێنرانیان، لە جیهانی بەرزەخیشدا، بەسووتێنران بەئاگر سزا دەدرێن، لەبەر ئەوەی سزای بەرزەخ یەکسەر دوای مردن دەست پێدەکات، بۆیە یەکسەر دواوەو بەبێ عەتفکردنەوەو بادانەوە باسی سزای بەرزەخ دەکات، هەروەک لە سووڕەتی (**نوح**)یشدا خوا ﷻ شێوەی ئەوە بۆ گەلی نووح باس دەکات، کە دەفەرمووێ: ﴿مِّمَّا خَطِيٓـَٔـٰتِهِمۡ أُغۡرِقُواْ فَأُدۡخِلُواْ نَارٗا فَلَمۡ يَجِدُواْ لَهُم مِّن دُونِ ٱللَّهِ أَنصَارٗا ٢٥﴾، واتە: بە هۆی خراپەکانیانەوە خنکێنران، نغرۆکران لە تۆفان دا، یەکسەر بە دوای ئەوەشدا خرانە نێو ئاگرەوەو، جگە لە خواش هیچ پشتیوان و هاوکارانێکیان دەست نەکەوتن، ئەمە لە سووڕەتی (**نوح**)دا هاتوە، کەواتە: لەوێشدا یەکسەر خرانە نێو ئاگرەکەیان، دوای خنکێنرانیان، بە (**فَاء التَعْقِيْب**) هاتوە، واتە: یەکسەر بەدوای خنکێنرانیاندا، خرانە نێو ئاگریشەوە، کە بە دڵنیایی مەبەست پێی ئەو ئاگرەیە، کە لە قۆناغی بەرزەخدا پێی سزا دەدرێن، چونکە دوایی لێرەش دەفەرمووێ:

٤)- ﴿وَيَوۡمَ تَقُومُ ٱلسَّاعَةُ أَدۡخِلُوٓاْ ءَالَ فِرۡعَوۡنَ أَشَدَّ ٱلۡعَذَابِ﴾، ئەو ڕۆژەش کە ئاخیر زەمان (ٱلسَّاعَةُ) دێ، (فەرمان دەکرێ:) دارو دەستەی ففیرعەون بخەنە سەختترین ئازارو ئەشکەنجەوە.

(ٱلسَّاعَةُ) لـە قورئانـدا بـە زۆریـی بـە مانـای ئاخیـر زەمـان دێ، ئـەو کاتـەی کـە ئـەم ژیانـە دنیایـەی تێـدا کۆتـا دێ، بـەڵام لـە هەندێـک شـوێندا (ٱلسَّاعَةُ) بـە مانـای ڕۆژی دوایـی دێ، یاخـود بـە مانـای (قِيَامَـة) دێ، ئنجـا لێـرە بـە دڵنیایـی بـە مانـای (قِيَامَـة)ە، چونکـە دەفەرمـوێ: ﴿ وَيَوۡمَ تَقُومُ ٱلسَّاعَةُ ﴾، ئـەو ڕۆژەش کـە (ٱلسَّاعَةُ) ڕاسـت دەبێتـەوە، واتـە: قۆناغـی دووەمـی ڕۆژی دوایـی دێ، کـە بریتیـە لـە زیندووکرانـەوەو لێپرسرانـەوە.

﴿ أَدۡخِلُوٓاْ ءَالَ فِرۡعَوۡنَ أَشَدَّ ٱلۡعَذَابِ ﴾، فەرمـان دەکـرێ کـە فیرعـەون و شـوێنکەوتووانی بخەنـە نێـو سـەختترین سـزاوە، خوێنراویشـتەوە: (**أُدْخُلُـوا آلَ فِرْعَـوْنَ أَشَـدَّ العَـذَاب**)، واتـە: ئـەی شـیوێنکەوتووانی فیرعـەون، نیزیـکانی فیرعـەون! بچنـە نێـو سـەختترین سـزاوە، کـە دەفەرمـوێ: ﴿ وَحَاقَ بِـَٔالِ فِرۡعَوۡنَ سُوٓءُ ٱلۡعَذَابِ ﴾، دوایـی دەفەرمـوێ: ﴿ ٱلنَّارُ يُعۡرَضُونَ عَلَيۡهَا غُدُوّٗا وَعَشِيّٗا ﴾، دوایـی دەفەرمـوێ: ﴿ وَيَوۡمَ تَقُومُ ٱلسَّاعَةُ أَدۡخِلُوٓاْ ءَالَ فِرۡعَوۡنَ أَشَدَّ ٱلۡعَذَابِ ﴾، یەکێـک لـە زانایان ئـاوا مانـای کـردوون: دەڵـێ: (**هُـوَ إِغْرَاقُهُـمْ فِي البَحْـرِ، الأَحْمَـرُ ثُـمَّ عَـذَاب الـبَرْزَخِ رَأْسَاً، ثُـمَّ يَـوْمَ القِيَامَـة**)، واتـە: سـێ جـۆرە سـزا بـۆ فیرعـەون و شـوێنکەوتووانی هـەن: خنکێنرانیـان لـە دەریـای سـووردا، ئنجـا یەکسـەر سـووتێنرانیان لـە قۆناغـی بەرزەخـدا بـە ئاگـرو، دوای ئـەوەی قۆناغـی بەرزەخیـش بەسـەردەچێ، یەکسـەر چوونـە نێـو سـەختترین سـزاوە، لـە قیامەتـدا.

کەواتـە: ئـەوەی لـە قۆناغـی بەرزەخدایـە، لـە چاو ئـەوەی لـە قیامەتدایە، سـووکە، چونکـە دەفەرمـوێ: ﴿ وَيَوۡمَ تَقُومُ ٱلسَّاعَةُ ﴾، ئـەو ڕۆژەی کـە قیامـەت دێ، بیانخەنە نێـو سـەختترین سـزاوە، کەواتـە: لـە قۆناغـی بەرزەخـدا سـزایەکەیان هەیـەو، هـەر دەسـووتێنرێن و، تەنیا بەیانیـان و ئێوارانـە، بـەڵام لـە ڕۆژی دوایـی دا بـەس بەیانیـان و ئێـواران نیـە، بەڵکـو سـزایەکەیان بەردەوامـەو نەپسـاوەیە.

(الطبري) لە تەفسیرەکەی خۆیدا[1] ئەم دەقەی هێناوە: (**عَنِ السُّدِّيِّ، قَالَ: «بَلَغَنِي أَنَّ أَرْوَاحَ قَوْمِ فِرْعَوْنَ فِي أَجْوَافِ طَيْرٍ سُودٍ تُعْرَضُ عَلَى النَّارِ غُدُوًّا وَعَشِيًّا، حَتَّى تَقُومُ السَّاعَةُ»**).

لە سوددیی گێڕدراوەتەوە، گوتوویەتی: پێمگەیشتوە کە ڕووحەکانی گەلی فیرعەون لە نێو کەلەشی باڵندانی ڕەش دان، بەیانیان و ئێواران ڕادەنوێنرێن لەسەر ئاگر، تاکو ئاخیر زەمان دێ، یاخود تاکو قیامەت دێ.

کە گوتمان: ﴿أَدۡخِلُوٓاْ﴾، خوێنراوەتەوەش: (**أُدخُلوا**):

أ)- ئنجا ئەگەر (**أَدْخِلُوا**) بێ: (**أَدْخِلُوا أَيُّهَا المَلَائِكَةَ! آلَ فِرْعَوْن أَشَدَّ العَذَاب**)، واتە: ئەی فریشتەکان! فیرعەون و دارو دەستەکەی بخەنە نێو سەختترین سزاوە.

ب)- بەڵام ئەگەر (**أُدْخُلُوا**) بێ: (**أُدْخُلوا يَا آلَ فِرْعَوْن! أَشَدَّ العَذَاب**) واتە: ئەی فیرعەون و دارو دەستەکەی! بچنە نێو سەختترین سزاوە.

شایانی باسە: ئێمە لە تەفسیری سوورەتی (**المؤمنون**)دا لە تەفسیری ئەو ئایەتە موبارەکەدا کە دەفەرمووێ: ﴿وَمِن وَرَآئِهِم بَرۡزَخٌ إِلَىٰ يَوۡمِ يُبۡعَثُونَ ١٠٠﴾، لە پشتیانەوە پەردەیەک هەیە تاکو ئەو ڕۆژەی کە تێیدا زیندوو دەکرێنەوە، لەوێ باسێکمانکرد لە بارەی قۆناغی بەرزەخەوە، باسێکی مەیلەو تێروتەسەل لە قەدەر قەبارەی ئەم تەفسیرەو، لێرەدا دووبارەی ناکەینەوە، بەڵام ئەم فەرموودەیە دێنین، کە لەوێش هێناومانە:

{**إِنَّ أَحَدَكُمْ، إِذَا مَاتَ، عُرِضَ عَلَيْهِ مَقْعَدُهُ بِالْغَدَاةِ وَالْعَشِيِّ، إِنْ كَانَ مِنْ أَهْلِ الْجَنَّةِ، فَمِنْ أَهْلِ الْجَنَّةِ، وَإِنْ كَانَ مِنْ أَهْلِ النَّارِ فمن أهل النار، فَيُقَالُ: هَذَا مَقْعَدُكَ حَتَّى يَبْعَثَكَ اللهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ**} (**أخرجه البخاري: ١٣٧٩، ومسلم: ٢٨٦٦، والترمذي: ١٠٧٢، والنسائي في الكبرى: ١١٤٦٣، وابن ماجه: ٤٢٧٠ عَنِ ابْنِ عُمَرَ رضي الله عنهما**).

---

(١) جامع البيان: ج٢٤، ص ٣٠٤٠٣.

پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: یەکێک لە ئێوە کە مرد، شوێنی نشینگەکەی (ئەو شوێنەی تێدا نیشتەجێ دەبێ) بەیانیان و ئێواران پێشانی دەدرێ، ئەگەر لە ئەهلی بەهەشت بێ، ئەوە شوێنی ئەهلی بەهەشتی پێشان دەدرێ، ئەگەر لە خاوەنانی ئاگریش بێ، شوێنی خاوەنانی ئاگری پێشان دەدرێ و، پێی دەگوترێ: ئەمە شوێنەکەتە تاکو خوا ڕۆژی قیامەت زیندووت دەکاتەوە.

ئنجا کە دەفەرموێ: پێشانی دەدرێ، دەگونجێ مەبەست ئەوە بێ کە بەس پێشانی بدرێ، دەشگونجێ مەبەست چوونە دۆزەخ بێ، بەڵام زیاتر بەیانیان و ئێواران هەست بە سزایەکە بکات، یاخود هەست بە نیعمەت و خۆشییەکە بکات، بەڵام لە قیامەتدا بەردەوامە، بەیانیان و ئێواران و لە هەموو کاتەکاندا، ئەو سزایە بۆ دۆزەخییەکان هەیەو، ئەو نیعمەت و خۆشییەش بۆ بەهەشتییەکان هەیە.

خوا بە لوتف و کەرەمی خۆی ئێمە لەو کەسانە بگێڕێ کە لە دنیادا لە بەهەشتی ئیماندابین و، لە قۆناغی بەرزەخدا لە نێو نازو نیعمەتی خوادا بین و، لە ڕۆژی دواییشدا هەر لە بەهەشتەکانی خوادا بین، لە خزمەت پێغەمبەری خاتەمدا ﷺ چونکە کەسێک لە دنیادا نەچووبێتە بەهەشتی ئیمان و بۆ خوا صوڵحانەوە، بە دڵنیایی لە بەرزەخیشدا، چاوی بەو بەهەشتە ناکەوێ و، لە ڕۆژی دواییشدا چاوی پێیناکەوێ.

بەڕێــــــزان!

ژیان لە سایەی ئیماندا ژیانێکی پڕ چێژو لەززەتە، هەرچەندە مرۆڤ لە زینداندا بێ، ڕاکردوو و هەڵاتوو بێ، هەژار و نەدار و قەرزدار بێ، نەخۆش و دەردەدار بێ، بەڵام بە هۆی ئیمانەکەیەوە، هەست بە ئۆخژن و ئارامیی و دڵنیایی دەکات، بەڵام کە ئیمانی نەبوو، ئەگەر لە کۆشکێکدا بێ خشتێکی زێڕو خشتێکی زیو بێ، کە شتی وا هەرگیز لە دنیادا نەبووە، یان وەک کوردەواریی

دەڵێن: (سەری لە پڵاوو گۆشت بگیرێ)، بایی فلسێکە مادام لە دەروونەوە خۆشحاڵ نەبێ، ئیمانە کە ڕووحی ئینسان شاد دەکات، دڵی ئینسان خۆش دەکات، پەیوەندیی لەگەڵ خوایە، کە مرۆڤ شادمان و بەختەوەر دەکات، وەک خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَتَطْمَئِنُّ قُلُوبُهُم بِذِكْرِ ٱللَّهِ ۗ أَلَا بِذِكْرِ ٱللَّهِ تَطْمَئِنُّ ٱلْقُلُوبُ ﴿٢٨﴾ ﴾ الرعد، واتە: ئەوانەی بڕوایان هێناوەو دڵیان بە یادی خوا ئارام دەگرێ، ئەها (ئاگاداربن!) هەر بەیادی خوا دڵان ئارام دەگرن.

خوا بە لوتف و کەرەمی خۆی لەو کەسانەمان بگێڕێ، کە دڵیان بە یادی خوا، بە هۆی ئیمان و بەهۆی پەیوەندییەوە لەگەڵ خواداو، بە هۆی بەندایەتییەوە بۆ خوا ئارامگرتوو، داسەکناو و ئۆخژن بۆ هاتوە.



کورتە باسێک

لێزانیی و حیکمەتی پیاوە بڕوادارە بەرگرییکارەکە لە مووسا

ئـەو پیـاوە بـڕوادارە کـە ئیمانەکـەی خـۆی شـاردۆتەوە، بـە پێـی ئایەتەکـە کـە دەفەرمـوێ: ﴿ وَقَالَ رَجُلٌ مُّؤْمِنٌ مِّنْ ءَالِ فِرْعَوْنَ يَكْتُمُ إِيمَٰنَهُۥٓ ﴿٢٨﴾ ﴾، پیاوێکـی بـڕوادار لـە ئالی فیرعـەون {(آل) واتـە: دارو دەسـتە، نیزیکان و شـوێنکەوتووانی فیرعـەون}، کـە ئیمانەکـەی خـۆی شـاردۆتەوە، گـوتی، بـە پێی ئەم ڕسـتە قورئانییـەی ئەم ئایەتـە موبارەکـە، ئـەو پیـاوە پیاوێکـی دەستڕۆیشـتوو بـووە لـە نێـو دەسـتەو دایـەرەی فیرعەونـدا، ئەگەرنـا کابرایەکـی دیکـەی غـەوارە، یاخـود کـە ئـەو پێگـەو پلەیـەی نەبێ، نـە دەتوانـێ بێتـە کـۆڕو مەجلیسی فیرعـەون و، نـە دەشـتوانێ بـەو شـێوەیە قسـە بـکات، ئنجـا بـا سـەرنج بدەیـن، ئـەو پیـاوە چەنـد حەکیـم و لێـزان بـووە:

١)- یەک لە حیکمەت و لێزانییەکانی ئەوەیە، کە دەڵێ: ﴿ أَتَقْتُلُونَ رَجُلًا أَن يَقُولَ رَبِّيَ ٱللَّهُ ﴿٢٨﴾ ﴾؟، بە پرسیارکردنی نکووڵیلێکەرانە: ئایا هەر لەبەر ئەوە پیاوێک دەکوژن، کە دەڵێ: پەروەردگارم خوایە؟! واتە: پەروەردگاربوونی خوا ﷻ شتێکی زۆر ڕوون و ئاشکرایە، هی ئەوە نیە خەڵکی لەسەر بکوژرێ، چونکە ئەوە داخوازی عەقڵە، داخوازی زگماکە، داخوازی زانستە، داخوازی واقیعە، کەواتە: نەدەبوو لەسەر ئەو قسە هەقە، ئەو پیاوە بکوژن، لێرەدا جارێ ئەو پیاوە بڕوادارە زۆر خۆی دەرناخات، بەس ئەوەندە دەڵێ: نابێ مرۆڤ لەسەر ئەوە بکوژرێ، کە دان بە پەروەردگارێتیی خوادا دێنێ بۆ خۆی.

٢)- دەڵێ: ﴿ جَآءَكُم بِٱلْبَيِّنَٰتِ مِن رَّبِّكُمْ ﴾، لە پەروەردگارتانەوە بەڵگە ڕۆشنەکانی بۆ هێناون، واتە: ئەو مووسایە ؑ شایستەی کوشتن نیە چونکە: یەکەم: کە دەڵێ: پەروەردگارم خوایە، ئەوە شتێکی بەڵگە نەویست و ئاشکرایە، دووەم: لەبەرئەوەی بەڵگەشی لە پەروەردگارەوە بۆ هێناون، بەڵگە ڕۆشنەکانی بۆ هێناون و بەبێ بەڵگە قسە ناکات.

٣)- دەڵێ: ﴿وَإِن يَكُ كَٰذِبًا فَعَلَيۡهِ كَذِبُهُۥۖ وَإِن يَكُ صَادِقًا يُصِبۡكُم بَعۡضُ ٱلَّذِي يَعِدُكُمۡۖ﴾، واتە: مووسا حاڵی لە دوو ئەگەر بەدەر نیە:

أ- یان ئەوەتا درۆ دەکات، ئەو کاتە زیانی درۆیەکەی بۆ خۆی دەگەڕێتەوەو مەیدانی درۆیە کورتە.

ب- یاخود ڕاستگۆیە، ئەو کاتە ئەگەر هەمووشی نەبێ، هەندێک لەوەی هەڕەشەی پێتان لێ دەکات، تووشتان دێ، چونکە هەندێکی بەسەر جیلی یەکەمیان دێ و جیلەکانی دیکەی دوایی ئەوە نابینن، ئەگەر تەنیا مەبەست سزای دنیایی بێ، یاخود: ئەوەی مووسا هەڕەشەتان پێ لێدەکات، هەم سزای دنیاییە، هەم سزای ڕۆژی دواییە، سزای دنیاییتان هەر لە دنیادا دەیبینن و پێتان دەگات، ئەوەی ڕۆژی دواییش دوایی پێتان دەگات، بۆیە دەڵێ: هەندێک لەوەی کە بەڵێنتان پێدەدات واتە: هەڕەشەتان پێ لێدەکات، تووشتان دێ.

٤)- دەڵێ: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَهۡدِي مَنۡ هُوَ مُسۡرِفٞ كَذَّابٞ﴾، بەدڵنیایی خوا ڕێنمایی کەسێک کە زێدەڕۆییکاری زۆر درۆزن بێ، ڕێنمایی ناکات.

ئەم قسەیە وەک تیغێکی دوو دەم وایە، واتە: ئەگەر گریمان مووسا پێغەمبەر نەبێ و بڵێ: پێغەمبەرم، ئەوە زۆر زێدەڕۆییکارەو، ئەگەر نوێنەری خوا نەبێ، بڵێ: نوێنەری خوام و خوا ناردوومی، مانای وایە زۆر درۆزنە، چونکە گەورەترین درۆ ئەوەیە ئینسان بە ناوی خواوە بیکات، بەڵام ئەو زیاتر مەبەستی پێ ئەوە بووە: کەسێک بڕوا بە پێغەمبەری نەهێنێ لە کاتێکدا کە بەڵگە گەلی لە خواوە هێناون، بەڵگە ڕۆشنەکان، مانای وایە زێدەڕۆییکارەو، کەسێک بڕوا بە پێغەمبەری خوا نەهێنێ و ڕەتی بکاتەوەو هەڕەشەی کوشتنی لێبکات، مانای وایە زۆریش درۆزنە، کە مەبەستی پێ فیرعەونە، واتە: قسەکەی بە هەردوو دیواندا دەگونجێ تەفسیر بکرێ، چونکە نایەوێ هەر لەو سەرەتاوە ناسنامەی خۆی کەشف بکات، بۆ ئەوەی ڕێی قسەکانی و ڕێی بەرگرییکردنەکەی لێ نەگیرێ.

٥)- چەند جارێک بە: ﴿ يَٰقَوۡمِ ﴾ دەیاندوێنێ، ئەی گەلەکەم! واتە: منیش یەکێکم لە خۆتان و، پیاوێکی غەوارەو بێگانە نیم پێتان، بەرژەوەندیی من بەرژەوەندیی ئێوەشەو، زیانی ئێوە زیانی منیشە.

٦)- واقیعی ئێستایان بەراورد دەکات، لەگەڵ هاتنی بەڵای خوادا: ﴿ يَٰقَوۡمِ لَكُمُ ٱلۡمُلۡكُ ٱلۡيَوۡمَ ظَٰهِرِينَ فِي ٱلۡأَرۡضِ ﴾، ئەی گەلەکەم! ئەمڕۆ ئێوە حوکمڕانییتان هەیەو باڵادەستن لە زەویدا: ﴿ فَمَن يَنصُرُنَا مِنۢ بَأۡسِ ٱللَّهِ إِن جَآءَنَا ﴾، بەڵام کێ لە سزای خوا دەربازمان دەکات ئەگەر بۆمان هات؟ واتە: بەوەندە دەستەڵات و توانایەی هەتانە، بوغڕا مەبن و لە خۆبایی مەبن، چونکە ئەگەر سزای خوامان بۆ هات، هیچ کەس ناتوانێ سەرمان بخات، خۆیشی لەگەڵ واندا حیساب دەکات.

٧)- دوای ئەوەی فیرعەون قسەی پێدەبڕێ، چونکە: ﴿ قَالَ فِرۡعَوۡنُ مَآ أُرِيكُمۡ إِلَّا مَآ أَرَىٰ وَمَآ أَهۡدِيكُمۡ إِلَّا سَبِيلَ ٱلرَّشَادِ ﴾، لە زمانی عەرەبییدا: ڕستە ئەگەر بە (**ف**) یان (**و**) یان (**ثم**) بانەدرێتەوە، مانای وایە هەر یەک قسەیە، کەواتە: قسەکەی فیرعەون بۆتە نێواخنی قسەی ئەو و قسەی پێبڕیوە، ﴿ قَالَ فِرۡعَوۡنُ مَآ أُرِيكُمۡ إِلَّا مَآ أَرَىٰ وَمَآ أَهۡدِيكُمۡ إِلَّا سَبِيلَ ٱلرَّشَادِ ﴾، فیرعەون گوتی: هەر ئەوەتان پێ دەڵێم کە خۆم دەیبینم و هەرچی من دەیڵێم ڕاستەو، تەنیا بەرەو ڕاستە ڕێ ڕێنماییتان دەکەم.

ئنجا حیکمەتی ئەو پیاوە بڕوادارەش ئەوەیە کە هیچ تەعلیق لەسەر قسەکەی فیرعەون نادات، وەک ئەو قسەیە هەر نەکرابێ، چونکە قسەیەکی پووچ و بۆشەو خۆی بەسەرەوە نابات، خۆی پێیەوە سەرقاڵ ناکات، یەکسەر ئەو قسەی دیکەی بەدوادا دێنێ:

٨)- ﴿ وَقَالَ ٱلَّذِيٓ ءَامَنَ يَٰقَوۡمِ إِنِّيٓ أَخَافُ عَلَيۡكُم مِّثۡلَ يَوۡمِ ٱلۡأَحۡزَابِ ﴾، ئەوەی بڕوای هێنابوو گوتی: ئەی گەلەکەم! من مەترسیی ڕۆژی حیزبەکانم لێتان هەیە، واتە: مەترسیی ڕۆژانێک کە کۆمەڵە کافرەکان تێیان دا فەوتێنراون، ئنجا چەند نموونەیەکیان دەخاتە بەرچاو: ﴿ مِثۡلَ دَأۡبِ قَوۡمِ نُوحٖ وَعَادٖ وَثَمُودَ وَٱلَّذِينَ مِنۢ بَعۡدِهِمۡۚ وَمَا ٱللَّهُ يُرِيدُ ظُلۡمٗا

لِّلۡعِبَادِ ﴾، وەک عادەتی گەلی نووح و، (گەلی) عادو، (گەلی) سەموودو، ئەوانەی دوای وانیش، خواش ستەمی بۆ بەندەکان ناوێ، لێرەدا ئەو پیاوە بڕوادارە سەرنجیان ڕادەکێشێ بۆ مێژوو، کە ئێوە تاکە گەلێک نین و تاکە کۆمەڵگایەک نین، پێغەمبەرێکتان لە خواوە بۆ هاتبێ، بەڵکو گەلی نووحیش خوا نووحی بۆ ناردن و، گەلی عادیش خوا هوودی بۆ ناردن، گەلی سەموودیش خوا صاڵحی بۆ ناردن و، ئەوانەی دوای وانیش، بەڵام تەماشا بکەن سەرەنجامیان چۆن بوو، بۆ هەر کامێک لەوانە ڕۆژێک و کاتێک هەبوو تێیدا سزا بدرێن، لەبەر ئەوەی بە دەم بانگەوازی خواوە نەچوون، کەواتە: ئێوەش هەوڵبدەن بە مەرەدی ئەوان نەچن و پەند لەوان وەربگرن، ﴿ وَمَا ٱللَّهُ يُرِيدُ ظُلۡمٗا لِّلۡعِبَادِ ﴾، بە دڵنیایی خوا ستەمی ناوێ بۆ بەندەکانی، نایەوێ ستەمیان لێ بکات.

٩)- ئنجا لە دنیاوە دەیانبات بۆ قیامەت: ﴿ وَيَٰقَوۡمِ إِنِّيٓ أَخَافُ عَلَيۡكُمۡ يَوۡمَ ٱلتَّنَادِ ﴾، ئەی گەلەکەم! من مەترسیی ڕۆژی یەکدی بانگکردنم لێتان هەیە، ئەو ڕۆژەی خەڵک دەیکاتە بانگە بانگ، (**التنادي**) یانی: یەکدی بانگکردن، فریشتە مرۆڤان بانگ دەکەن، مرۆڤەکان هێندێکیان هێندێکیان بانگ دەکەن، مرۆڤەکان لە فریشتەکان دەپاڕێنەوە کە داوایان بۆ لە خوا بکەن، دەبێتە ڕۆژی یەکدی بانگکردن بە گشتیی، ﴿ يَوۡمَ تُوَلُّونَ مُدۡبِرِينَ مَا لَكُم مِّنَ ٱللَّهِ مِنۡ عَاصِمٖ ﴾، ئنجا سروشتی ئەو ڕۆژەیان بۆ ڕوون دەکاتەوە: ئەو ڕۆژەی پشت هەڵدەکەن، ڕادەکەن (لە سزای خوا)، بەڵام هیچ پارێزەرێکتان نیە لە سزای خوا، ﴿ وَمَن يُضۡلِلِ ٱللَّهُ فَمَا لَهُۥ مِنۡ هَادٖ ﴾، هەر کەسێکیش خوا گومڕای بکات، هیچ ڕێنماییکارێکی نیە.

١٠)- ئنجا نموونەیەکیان هەر لە ژیانی خۆیاندا بۆ دێنێتەوە، کە ڕەوانەکرانی یوسوفە ﷺ بۆ لایان: ﴿ وَلَقَدۡ جَآءَكُمۡ يُوسُفُ مِن قَبۡلُ بِٱلۡبَيِّنَٰتِ فَمَا زِلۡتُمۡ فِي شَكّٖ مِّمَّا جَآءَكُم بِهِۦۖ حَتَّىٰٓ إِذَا هَلَكَ قُلۡتُمۡ لَن يَبۡعَثَ ٱللَّهُ مِنۢ بَعۡدِهِۦ رَسُولٗاۚ كَذَٰلِكَ يُضِلُّ ٱللَّهُ مَنۡ هُوَ مُسۡرِفٞ مُّرۡتَابٌ ﴾، بە دڵنیایی پێشتریش یوسوف بەڵگە ڕۆشنەکانی بۆ هێنان، کەچی ئێوە لە بارەی ئەوەوە کە هێنابووی لە خواوە، هەر لە دوو دڵییدابوون، هەتا کاتێک کە مرد، گوتتان: لە دوای وی خوا هیچ پێغەمبەرێک ڕەوان ناکات، (واتە:

کەسی دیکە نایەت بڵێ: من پێغەمبەرو ڕەوانەکراوی خوام، مانای وانیە کە بڕوایان بەوە بووە کە یوسوف پێغەمبەری خوایە واتە: کەسی دیکە نایێ ئەو ئیددیعایە بکات)، ﴿ كَذَٰلِكَ يُضِلُّ ٱللَّهُ مَنْ هُوَ مُسْرِفٌ مُّرْتَابٌ ﴾، خوا ئاوا بەو شێوەیە هەر کەسێک زێدەڕۆییکاری دڵ پڕ لە گومان بێ، گومڕای دەکات.

ئنجا ئەمە یان فەرمایشتی خوای پەروەردگارە، یان هەر قسەی خۆیەتی، کە پێناسەی ئەوانە دەکات: ﴿ ٱلَّذِينَ يُجَٰدِلُونَ فِىٓ ءَايَٰتِ ٱللَّهِ بِغَيْرِ سُلْطَٰنٍ أَتَىٰهُمْ ﴾، ئەوانەی شەڕە قسە دەکەن لە دژی ئایەتەکانی خوا، بێ ئەوەی بەڵگەیەکیان بۆ هاتبێ، ﴿ كَبُرَ مَقْتًا عِندَ ٱللَّهِ وَعِندَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ﴾، ئەو موناقەشەو شەڕەقسەیە بەبێ بەڵگە لە خواوە، مایەی گەورەترین ڕق و بوغزە لە لایەن خواوەو لە لایەن بڕوادارنەوە، ﴿ كَذَٰلِكَ يَطْبَعُ ٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ قَلْبِ مُتَكَبِّرٍ جَبَّارٍ ﴾، هەر بەو شێوەیە خوا مۆر بەسەر هەر دڵێکی خۆ بەزلگری خۆسەپێنی خەڵک تێکشکێنەرەوە دەنێ.

دووبارە فیرعەون دێتەوە قسەوە: ﴿ وَقَالَ فِرْعَوْنُ يَٰهَٰمَٰنُ ٱبْنِ لِى صَرْحًا لَّعَلِّىٓ أَبْلُغُ ٱلْأَسْبَٰبَ ﴾، فیرعەونیش گوتی: ئەی هامان! کۆشکێکم بۆ دروست بکە (بینایەکی بەرز)، بەڵکو لەوێوە بگەمە ڕێبازەکان، ﴿ أَسْبَٰبَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ فَأَطَّلِعَ إِلَىٰٓ إِلَٰهِ مُوسَىٰ ﴾، دەروازەو ڕێبازەکانی ئاسمان تاکو لەوێوە تەماشای پەرستراوی مووسا بکەم، ﴿ وَإِنِّى لَأَظُنُّهُۥ كَٰذِبًا ﴾، من پێشم وایە مووسا درۆ دەکات، واتە: ڕاست ناکات پەرستراوی وی لە ئاسمانیش نیە، ﴿ وَكَذَٰلِكَ زُيِّنَ لِفِرْعَوْنَ سُوٓءُ عَمَلِهِۦ وَصُدَّ عَنِ ٱلسَّبِيلِ ۚ وَمَا كَيْدُ فِرْعَوْنَ إِلَّا فِى تَبَابٍ ﴾، بەو شێوەیە کردەوە خراپەکەی فیرعەون بۆ فیرعەون ڕازێنرابۆوەو لە ڕێ لادراو، پیلان و نەخشەی فیرعەونیش تەنیا لەسەر بە فەتارەت چووندابوو، کەواتە: ئەم قسەیەی فیرعەون کە بە هامان دەڵێ: کۆشکێکم بۆ دروست بکە، هەر فێڵێک بووە لە خەڵکەکەی کردوە، فێڵەکەش ئەوە بووە کە فیرعەون بە زمانی حاڵ بە خەڵکەکەی گوتوە: ئەو کەسەی مووسا دەڵێ: پەروەردگارمەو منی ناردوە،

هەر دەبێ لە شوێنێك هەبێ، باشە ئەوە لەسەر زەوی دیار نیە، دەبا ئاسمانی بۆ بپشكنین داخۆ لەوێ هەیە؟ ناشتوانین ئاسمان بپشكنین، كەواتە: هیچ بەڵگەیەک نیە لەسەر ئەوەی پەرستراوەكەی مووسا، پەروەردگارەكەی مووسا، بوونی هەبێ؟! ویستوویەتی ئاوا بەو شێوەیە خەڵكەكە چەواشە بكات.

١١)- دیسان ئەو پیاوە بڕوادارە خۆی بەسەر ئەو قسەی فیرعەونیشەوە نابات، چونكە دەزانێ قسەیەكی چەواشەكارانەیە، بەڵكو لەسەر قسەی خۆی بەردەوام دەبێ: ﴿ وَقَالَ ٱلَّذِيٓ ءَامَنَ يَٰقَوۡمِ ٱتَّبِعُونِ أَهۡدِكُمۡ سَبِيلَ ٱلرَّشَادِ ﴾، ئەمجارە ئەم پیاوە بڕوادارە، زیاتر پەردە لەسەر كەسایەتیی ڕاستەقینەی خۆی لادەدات و زیاتر خۆی دەناسێنێ: ئەوەی بڕوای هێناوە گوتی: ئەی خەڵكەكەم! شوێنم بكەون بەرەو ڕاستە ڕێ، بەرەو سەر ڕاستیی ڕێنماییتان دەكەم.

١٢)- ﴿ يَٰقَوۡمِ إِنَّمَا هَٰذِهِ ٱلۡحَيَوٰةُ ٱلدُّنۡيَا مَتَٰعٞ وَإِنَّ ٱلۡأٓخِرَةَ هِيَ دَارُ ٱلۡقَرَارِ ﴾، كە دەزانێ ئەو خەڵكە بە هۆی ژیانی دنیاوە، فیرعەونەكان باریان لێدەنێن و هەڵیان دەخەڵەتێنن، فیرعەونەكان دەستەمۆیان دەكەن، بۆیە دەیەوێ ژیانی دنیایان وەک خۆی پێ بناسێنێ، دەڵێ: ئەی گەلەكەم! ئەم ژیانە دنیایە تەنیا ڕابواردنێكی كاتییەو مەنزڵگای كۆتایی شوێنی تێدا نیشتەجێبوون و مانەوەیە، كەواتە: بەو تۆزە دنیایە كە بە دەستی فیرعەونەوەیە، خۆتان بێبەش مەكەن لەو مەنزڵگای كۆتاییە، ئەم ژیانی دنیایە هەرچۆن بێ دەبڕێتەوە.

١٣)- ئنجا هانیاندەدات بۆ ئەوەی خۆیان لە كردەوەی خراپ بپارێزن و، كردەوەی چاک بكەن: ﴿ مَنۡ عَمِلَ سَيِّئَةٗ فَلَا يُجۡزَىٰٓ إِلَّا مِثۡلَهَا ﴾، هەر كەسێک كردەوەیەكی خراپ بكات، تەنیا بە ئەندازەی خراپەكەی سزای دەدرێتەوە، ﴿ وَمَنۡ عَمِلَ صَٰلِحٗا مِّن ذَكَرٍ أَوۡ أُنثَىٰ وَهُوَ مُؤۡمِنٞ ﴾، بەڵام هەر كەسێک كردەوەی باش بكات، لە نێر یان لە مێ و، بڕواداریش بێ، ﴿ فَأُوْلَٰٓئِكَ يَدۡخُلُونَ ٱلۡجَنَّةَ يُرۡزَقُونَ فِيهَا بِغَيۡرِ حِسَابٖ ﴾، ئا ئەوانە دەچنە بەهەشتەوە، بەبێ ئەژمار بژیویان دەدرێتێ، واتە: بۆیان ناژمێردرێ هێندە زۆرە.

١٤)- ئنجا شێوەی دواندنەکەی توندتر دەکات لە خەڵکەکە، واتە: لە قیبتییەکان، گەلی فیرعەون: ﴿وَيَٰقَوۡمِ مَا لِيٓ أَدۡعُوكُمۡ إِلَى ٱلنَّجَوٰةِ وَتَدۡعُونَنِيٓ إِلَى ٱلنَّارِ﴾، ئەی گەلەکەم! ئەوە چیمە (زۆر جێی سەرسوڕمانە) کە من بانگتان دەکەم بۆ سەرفرازیی و دەربازبوون و، ئێوەش من بانگ دەکەن بۆ ئاگر، واتە: من بانگتان دەکەم بۆ ئیمان هێنان بە مووساو پەیامەکەی وی، کە ڕێی دەربازبوونە، ئێوەش من بانگ دەکەن بۆ کۆیلایەتیی بۆ فیرعەون، کە ئەوە ڕێی چوونە نێو ئاگرە.

١٥)- ئنجا زیاتر پەردە لەسەر پەیامەکەی خۆی لادەدات: ﴿تَدۡعُونَنِي لِأَكۡفُرَ بِٱللَّهِ وَأُشۡرِكَ بِهِۦ مَا لَيۡسَ لِي بِهِۦ عِلۡمٞ وَأَنَا۠ أَدۡعُوكُمۡ إِلَى ٱلۡعَزِيزِ ٱلۡغَفَّٰرِ﴾، ئێوە من بانگ دەکەن کە بێبڕوابم بە خواو، شتێکی بکەمە هاوبەش، کە زانیاریم لە بارەیەوە نیە، هاوبەشی خوا بێ، (کە بریتیە: لە فیرعەون)، منیش بانگتان دەکەم بۆ لای خوای باڵا دەستی لێبوردە.

یانی: باڵا دەست بەسەر فیرعەونیشداو، لێبوردەیە بۆ ئێوەش ئەگەر بگەڕێنەوە.

١٦)- دوایی دەڵێ: ﴿لَا جَرَمَ أَنَّمَا تَدۡعُونَنِيٓ إِلَيۡهِ لَيۡسَ لَهُۥ دَعۡوَةٞ فِي ٱلدُّنۡيَا وَلَا فِي ٱلۡأٓخِرَةِ وَأَنَّ مَرَدَّنَآ إِلَى ٱللَّهِ وَأَنَّ ٱلۡمُسۡرِفِينَ هُمۡ أَصۡحَٰبُ ٱلنَّارِ﴾، هیچ گومانی تێدانیە ئەوەی ئێوە منی بۆ لای بانگ دەکەن، نە لە دنیاداو نە لە دواڕۆژدا، هیچ بانگکردنی نیە، واتە: بانگی بەندەکان و مرۆڤەکان ناکات، بیپەرستن، چونکە شایستەی پەرستران نیە، یاخود: هیچ وەڵامێکی نیە بۆ هیچ پاڕانەوەیەک، هەرچەندە پەرستەرەکان لێیان بپاڕێنەوە، بەڵام هیچ وەڵامیان نیە نە لەدنیادا، نە لە دواڕۆژیشداو لە فریایان نایەن، ﴿وَأَنَّ مَرَدَّنَآ إِلَى ٱللَّهِ وَأَنَّ ٱلۡمُسۡرِفِينَ هُمۡ أَصۡحَٰبُ ٱلنَّارِ﴾، بە دڵنیایی گێڕانەوەمان، شوێنی گەڕانەوەمان تەنیا بۆ لای خوایە، ﴿وَأَنَّ ٱلۡمُسۡرِفِينَ هُمۡ أَصۡحَٰبُ ٱلنَّارِ﴾، زێدەڕۆییکارەکانیش هاوەڵانی ئاگرن.

١٧)- لە کۆتایی دا دەڵێ: ﴿فَسَتَذۡكُرُونَ مَآ أَقُولُ لَكُمۡ﴾، لەمەودوا دێتەوە بیرتان، ئەوەتان بەبیردێتەوە کە من ئێستا پێتان دەڵێم، واتە: ڕۆژێک دێ ئەو قسانەی

من دێننەوە بیر خۆتان و پەشیمان دەبنەوە لەسەر ئەوەی بە قسەی منتان نەکردوە، ﴿وَأُفَوِّضُ أَمْرِيٓ إِلَى ٱللَّهِ﴾، کاری خۆشم بە خوا دەسپێرم، ﴿إِنَّ ٱللَّهَ بَصِيرُۢ بِٱلْعِبَادِ﴾، بە دڵنیایی خوا بینەری بەندەکانیەتی، مسۆگەریش خوا ﷻ دەربازی کردوە لە فیرعەون و دارو دەستەکەی وەک فەرموویەتی: ﴿فَوَقَىٰهُ ٱللَّهُ سَيِّـَٔاتِ مَا مَكَرُواْۖ وَحَاقَ بِـَٔالِ فِرْعَوْنَ سُوٓءُ ٱلْعَذَابِ﴾.

ئەمە کورتە باسێک بوو، لە بارەی ئەو حیکمەت و لێزانییەی ئەو پیاوە بڕوادارە بەکاری هێناوە لە حاڵەتی بەرگریکردنی لە مووسادا عليه السلام.

خوا بە لوتف و کەرەمی خۆی حیکمەت و لێزانی بە هەموو لایەکمان ببەخشێ لە کاتی قسەکردنماندا، بە تایبەت لە کاتی خەڵک بانگ کردنماندا بۆ لای خوا ﷻ.

سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ، أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ، أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ.



دەرسی چوارەم




AliBapir

پێناسەی ئەم دەرسە

ئـەم دەرسـەمان چـوارده (١٤) ئایـەت دەگرێتـە خـۆی، ئایەتـەكانی: (٤٧ - ٦٠)، تـەوەری سـەرەكیی ئـەم چـوارده ئایەتـە، بـاسی (ڕۆژی دوایی)یـە.

ئنجـا بـاسی خواناسـیی و بەڵگـەكانی خواناسـیی، لـە میـانی پێشـاندانی نیعمـەت و چاكـەكانی خـوا لـە ژیـانی مرۆڤـدا.

دوایی باسی ئیمان بە خوا ﷻ، باسی پێغەمبەرایەتیی و وەحیی.

لـە نێواخنـی ئەوەشـدا، چەنـد ڕاستییەكی گـەورەو گرنگـی جـۆراو جـۆر، ئاوێتـەی ئـەو تەوەرانـە كـراون، وێـڕای چەنـد ڕێنماییەكـی گرنـگ بـۆ پێغەمبـەری خـوا ﷺ و، بـۆ بڕوادارانـی شـوێنكەوتووی.

﴿ وَإِذۡ يَتَحَآجُّونَ فِي ٱلنَّارِ فَيَقُولُ ٱلضُّعَفَٰٓؤُاْ لِلَّذِينَ ٱسۡتَكۡبَرُوٓاْ إِنَّا
كُنَّا لَكُمۡ تَبَعٗا فَهَلۡ أَنتُم مُّغۡنُونَ عَنَّا نَصِيبٗا مِّنَ ٱلنَّارِ ﴿٤٧﴾ قَالَ ٱلَّذِينَ
ٱسۡتَكۡبَرُوٓاْ إِنَّا كُلّٞ فِيهَآ إِنَّ ٱللَّهَ قَدۡ حَكَمَ بَيۡنَ ٱلۡعِبَادِ ﴿٤٨﴾ وَقَالَ ٱلَّذِينَ
فِي ٱلنَّارِ لِخَزَنَةِ جَهَنَّمَ ٱدۡعُواْ رَبَّكُمۡ يُخَفِّفۡ عَنَّا يَوۡمٗا مِّنَ ٱلۡعَذَابِ ﴿٤٩﴾ قَالُوٓاْ
أَوَلَمۡ تَكُ تَأۡتِيكُمۡ رُسُلُكُم بِٱلۡبَيِّنَٰتِۖ قَالُواْ بَلَىٰۚ قَالُواْ فَٱدۡعُواْۗ وَمَا دُعَٰٓؤُاْ
ٱلۡكَٰفِرِينَ إِلَّا فِي ضَلَٰلٍ ﴿٥٠﴾ إِنَّا لَنَنصُرُ رُسُلَنَا وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ فِي ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا
وَيَوۡمَ يَقُومُ ٱلۡأَشۡهَٰدُ ﴿٥١﴾ يَوۡمَ لَا يَنفَعُ ٱلظَّٰلِمِينَ مَعۡذِرَتُهُمۡۖ وَلَهُمُ ٱللَّعۡنَةُ وَلَهُمۡ سُوٓءُ
ٱلدَّارِ ﴿٥٢﴾ وَلَقَدۡ ءَاتَيۡنَا مُوسَى ٱلۡهُدَىٰ وَأَوۡرَثۡنَا بَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ ٱلۡكِتَٰبَ ﴿٥٣﴾ هُدٗى
وَذِكۡرَىٰ لِأُوْلِي ٱلۡأَلۡبَٰبِ ﴿٥٤﴾ فَٱصۡبِرۡ إِنَّ وَعۡدَ ٱللَّهِ حَقّٞ وَٱسۡتَغۡفِرۡ لِذَنۢبِكَ
وَسَبِّحۡ بِحَمۡدِ رَبِّكَ بِٱلۡعَشِيِّ وَٱلۡإِبۡكَٰرِ ﴿٥٥﴾ إِنَّ ٱلَّذِينَ يُجَٰدِلُونَ فِيٓ

ءَايَـٰتِ ٱللَّهِ بِغَيْرِ سُلْطَـٰنٍ أَتَىٰهُمْ ۙ إِن فِى صُدُورِهِمْ إِلَّا كِبْرٌ مَّا هُم بِبَـٰلِغِيهِ ۚ
فَٱسْتَعِذْ بِٱللَّهِ ۖ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلْبَصِيرُ ﴿٥٦﴾ لَخَلْقُ ٱلسَّمَـٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ
أَكْبَرُ مِنْ خَلْقِ ٱلنَّاسِ وَلَـٰكِنَّ أَكْثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ ﴿٥٧﴾ وَمَا يَسْتَوِى
ٱلْأَعْمَىٰ وَٱلْبَصِيرُ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّـٰلِحَـٰتِ وَلَا ٱلْمُسِىٓءُ ۚ قَلِيلًا مَّا
تَتَذَكَّرُونَ ﴿٥٨﴾ إِنَّ ٱلسَّاعَةَ لَـَٔاتِيَةٌ لَّا رَيْبَ فِيهَا وَلَـٰكِنَّ أَكْثَرَ ٱلنَّاسِ لَا
يُؤْمِنُونَ ﴿٥٩﴾ وَقَالَ رَبُّكُمُ ٱدْعُونِىٓ أَسْتَجِبْ لَكُمْ ۚ إِنَّ ٱلَّذِينَ يَسْتَكْبِرُونَ عَنْ
عِبَادَتِى سَيَدْخُلُونَ جَهَنَّمَ دَاخِرِينَ ﴿٦٠﴾ ﴾.

مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان

{هەروەها یاد بکەوە (ئەی موحەممەدا! ﷺ) کاتێک (بێبڕوایەکان) لە نێو ئاگر (ی دۆزەخ)دا مشتومڕو دمبەدمە دەکەن، ئنجا بێهێزەکان بەوانەی خۆیان بەزلگرتوە دەڵێن: ئێمە (لە دنیادا) شوێنکەتووتان بووین، ئایا (ئێستا) ئێوە بەشێک لە ئاگرمان لە کۆڵ دەکەنەوە (لێ دوور دەخەنەوە)؟ ﴿٤٧﴾ ئەوانەی خۆیان بەزلگرتوە گوتیان: ئێمە هەموومان تێیداین، بێگومان خوا دادوەریی لە نێوان بەندەکاندا کرد (بڕیاری لە بارەوەدان) ﴿٤٨﴾ هەروەها ئەوانەی لە ئاگر (ی دۆزەخ)دان بە دۆزەخەوانەکان (ئەو فریشتانەی سەرپەرشتیی دۆزەخ دەکەن) یان گوت: (بۆمان) لە پەروەردگارتان وەپاڕێن یەک ڕۆژ ئازارمان لەسەر سووک بکات! ﴿٤٩﴾ (دۆزەخەوانەکان) گوتیان: ئایا پێغەمبەرانتان بەڵگە ڕۆشەکانیان بۆ نەهێنان؟ گوتیان: با، فریشتەکان گوتیان: دەجا (خۆتان) بپاڕێنەوەو پاڕانەوەی بیبڕوایانیش بەس زایە بوویە (و هیچ ئەنجامێکی نیە) ﴿٥٠﴾ بە دڵنیایی ئێمە پێغەمبەرانمان و ئەوانەی بڕوایان هێناوە، سەردەخەین لە ژیانی دنیاداو لە دواڕۆژیشدا، کە شایەدەکان هەڵدەستن (بۆ شایەدیی دان) ﴿٥١﴾

ئـەو ڕۆژە کـە سـتەمکاران پۆزشـەکەیان سـوودیان پێناگەیەنێ و نەفرینیـان لێیـەو، خراپتریـن مەنزڵگایـان جێیـە ﴿٥٢﴾ بێگومـان ڕێنماییـمان بـە مووسـا داو، کتێبەکـە (تەورات)یشـمان کـردە میـراتی گـەلی بـەنی ئیسـرائیل ﴿٥٣﴾ ڕێنمایـی و بیرخـەرەوە بـوو بـۆ خـاوەن عەقـڵان ﴿٥٤﴾ دەجـا (ئـەی موحەممـەد!) خـۆت ڕابگـرە بێگومـان بەڵێنگـەی خـوا هـەق (و ڕاسـت)ەو، داوای لێبـوردن لـە خـوا بکـە بـۆ گوناهـت و، بـە ستاییشـکردنەوە لـە ئێـواران و بەیانیانـدا پـەروەرەدگارت بـە پـاک بگـرە ﴿٥٥﴾ بێگومـان ئەوانـەی بـێ ئـەوەی بەڵگەیەکیـان لـە (خـواوە) بـۆ بـێ، مشـتومڕ (و شـەڕە قسـە) لـە بارەی ئایەتـەکانی خـواوە دەکـەن، تەنیا (بەهـۆی ئەوەوەیـە) خـۆ بەزلگرییـەک کـە پێـی ناگـەن، لـە سینەکانیان دایـە، دەجـا پەنـا بـە خـوا بگـرە، مسـۆگەر ئـەو بیسـەری بینـەرە ﴿٥٦﴾ بـە دڵنیایـی دروسـتکردنی ئاسـمانەکان و زەوی لە دروسـتکرنی خەڵـک گەورەتـرە، بـەڵام زۆربـەی خەڵـک نازانـن ﴿٥٧﴾ کوێـرو بینەریـش یەکسـان نیـن، هەروەهـا ئەوانـەی بڕوایـان هێنـاوەو کـردەوە چاکـەکان دەکـەن و، خراپەکاریـش وەک یـەک نیـن، بـە کەمیـی بیردەکەنـەوە (و پەنـد وەردەگـرن) ﴿٥٨﴾ بێگومـان کاتەکـە (ی هاتنـی ڕۆژی دوایـی) هـەردێ، بـەڵام زۆربـەی خەڵـک بڕواناهێنـن ﴿٥٩﴾ پەروەردگاریشـتان فەرمـووی: لێـم وەپاڕێـن (مسـۆگەر) وەڵامتـان دەدەمـەوە، بەدڵنیایـی ئەوانـەی لـە بەرانبـەر پەرسـتنمدا خۆیـان بـە زلدەگـرن، بـە زەبوونیـی دەچنـە نێـو دۆزەخـەوە ﴿٦٠﴾}.



ڕوونکردنەوەی هەندێک لە وشەکان

(يَتَحَآجُّونَ فِي ٱلنَّارِ): لە نێو ئاگری دۆزەخدا مشتومڕ دەکەن، شەڕە قسە دەکەن (المَحَاجَّةُ: أَنْ يَطْلُبَ كُلّ وَاحِدٍ أَنْ يَرُدَّ الأَخَرَ عَنْ حُجَّتِه وَمَحَجَّتِهِ)، (مَحَاجَّة) ئەوەیە کە دوو لایەنی دژ بەیەک، پێچەوانەی یەک، هەر کامێکیان بیەوێ بەرانبەرەکەی لە بەڵگەکەی لابدا، یاخود لە ڕێیەکەی لابدا.

(مُّغْنُونَ عَنَّا): دەگوترێ: (أَغْنَى عَنْهُ كَذَا: إِذَا كَفَاهُ، وَأَغْنَانِي كَذَا: كَفَانِي، وَغَنِيَ فِي مَكَانِ كَذَا: إِذَا طَالَ فِيْهِ مَقَامُهُ مُسْتَغِنِياً بِهِ عَنْ غَيْرِه)، ﴿مُّغْنُونَ عَنَّا نَصِيبًا مِّنَ ٱلنَّارِ﴾ ئایا بەشێک پشکێک لە ئاگرمان لێ لە کۆڵ دەکەنەوە، لێ دوور دەخەنەوە؟ دەگوترێ: (أَغْنَى عَنْهُ كَذَا) واتە: ئەو شتەی لە کۆڵکردەوە، (أَغْنَانِي كَذَا) واتە: ئەو شتە بەسم بوو، بێ نیازی کردم، (غَنِيَ فِي مَكَانِ كَذَا) واتە: زۆر لەوێدا مایەوە، کە بە هۆی ئەو شوێنەوە بێنیازبوو لە شوێنێکی دیکە.

(مَعْذِرَتُهُمْ): (العُذْرُ: تَحَرِّي الإِنْسَانِ مَا يَمْحُو بِهِ ذُنُوبِه)، (عُذْر): بریتیە لە خەفتانی مرۆڤ لە شتێک کە گوناحەکە خۆی پێ بسڕێتەوە.

(دَاخِرِينَ): (جَمْعُ دَاخِرٍ وَهُوَ الذَّلِيْل)، (دَاخِرِيْن) کۆی (دَاخِر)ەو بە مانای زەبوون، ملکەچ، ڕیسوا، سەرشۆڕ دێ، کەواتە: (دَاخِرِين) بە سەرشۆڕیی و زەبوونیی، بە ملکەچیی.



مانای گشتیی ئایەتەكان

خوای بەرزی مەزن ﷻ لەم چواردە ئایەتەدا، سەرەتا بۆمان باسی سەرەنجام و ئاكامی شوومی بێبڕوایان دەكات، بە هەردوو جۆری: خۆبەزلگران كە سەركردەیان بوون و، بێهێزەكان كە شوێنكەوتوو لاساییكەرەوەی ئەوان بوون، دەفەرموێ: ﴿ وَإِذۡ يَتَحَآجُّونَ فِي ٱلنَّارِ ﴾، یاد بكەوە ئەی موحەممەد ﷺ! و ئەی هەر كەسێك كە قورئان دەخوێنێ! چی یاد بكاتەوە؟ ﴿ وَإِذۡ يَتَحَآجُّونَ فِي ٱلنَّارِ ﴾، ئەو كاتە كە لە نێو ئاگردا شەڕە قسە دەكەن، دم بە دمەو مشتومڕ دەكەن، هەر كامێكیان بەڵگەی خۆی دێنێتەوە، ﴿ فَيَقُولُ ٱلضُّعَفَٰٓؤُاْ لِلَّذِينَ ٱسۡتَكۡبَرُوٓاْ ﴾، بێهێزەكان بەوانەی كە خۆیان بەزلگرتوە دەڵێن: ﴿ إِنَّا كُنَّا لَكُمۡ تَبَعٗا ﴾، ئێمە پێشتر شوێنكەوتووی ئێوە بووین، بە دوای ئێوەدا هاتین، ﴿ فَهَلۡ أَنتُم مُّغۡنُونَ عَنَّا نَصِيبٗا مِّنَ ٱلنَّارِ ﴾، ئنجا ئایا ئێوە بەشێك لە ئاگرمان لە كۆڵ دەكەنەوە، لێمان دوور دەخەنەوە؟ دەگونجێ بە جیددییان بووبێ، لە دنیادا هێندە خۆیان پێ هیچ و پووچ و شوێنكەوتەی داماو و زەلیل بووەو، هەر چاوەڕوانییان لەو خۆ بەزلگرانە هەبووە، وایانزانیوە لە ڕۆژی دواییش دا، شتێكیان بە دەستە، بۆیە ئەو داوایەیان لێكردوون، دەشگونجێ ئەوە بە توانج و بە تەوسەوەبێ، واتە: ئێوە كە ئێمەتان بەو دەردە برد، ئایا ئێستا هیچتان پێدەكرێ بۆ ئێمە؟

﴿ قَالَ ٱلَّذِينَ ٱسۡتَكۡبَرُوٓاْ إِنَّا كُلّٞ فِيهَآ ﴾، ئەوانەی خۆبەزلگربوون گوتیان: ئێمە هەموومان لێرەداین، هەموومان تێیداین لە ئاگری دۆزەخداین، ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ قَدۡ حَكَمَ بَيۡنَ ٱلۡعِبَادِ ﴾، بە دڵنیایی خوا دادوەریی كردوە لە نێوان بەندەكانداو، بڕیاری داوە، واتە: خوا ﷻ ئێوەش و ئێمەشی هێناوەتە ئێرە، كەواتە: ئێستا ئێوە گلەیی لە ئێمە مەكەن، چونكە بڕیاری خوا، حوكمی خوا

دادگەرانەیە، کەواتە: گلەیی لە ئێمە مەکەن، کە لە دنیادا شوێنکەوتوومان بوون، ئێستا شتێکتان بۆ بکەین، هیچمان پێناکرێ، بەڵام ئێوەش ستەمتان لێنەکراوە، چونکە بە بڕیاری خوا لێرەن، کەواتە: ئێوەش سزای کردەوەی خۆتان دەچێژن، ئەوە نابێتە بیانوو پاساو، کە لە دنیادا ئێمە هەڵمان خەڵەتاندوون و شوێنی ئێمە کەوتوون!

﴿ وَقَالَ ٱلَّذِينَ فِى ٱلنَّارِ لِخَزَنَةِ جَهَنَّمَ ﴾، ئەوانەش کە لە نێو ئاگردان بە دۆزەخەوانەکانیان گوت: (**خَزَنَة**) کۆی (**خَازِن**)ە، واتە: کۆکەرەوە، ئەوانەی خەڵک لە دۆزەخدا کۆ دەکەنەوە، کەواتە: دۆزەخەوان، ئەو فریشتانەی سەرپەرشتیی دۆزەخ دەکەن، ئنجا کە دەفەرموێ: ﴿ ٱلَّذِينَ فِى ٱلنَّارِ ﴾، ئەوانەی لە ئاگردان، واتە: هەم خۆ بەزلگرەکان و هەم شوێنکەوتووەکانیان، هەم بێهێزو دەست و پێوەندەکان و، هەم ئەوانەی شوێنیان کەوتوون، هەموویان وێکڕا بە دۆزەخەوانەکان دەڵێن: ﴿ ٱدْعُوا۟ رَبَّكُمْ يُخَفِّفْ عَنَّا يَوْمًا مِّنَ ٱلْعَذَابِ ﴾، لە پەروەردگارتان بپاڕێنەوە، یەک ڕۆژ لە سزای ئاگری دۆزەخمان لەسەر سووک بکات، هەر یەک ڕۆژ سزامان لەسەر هەڵگرێ.

﴿ قَالُوٓا۟ أَوَلَمْ تَكُ تَأْتِيكُمْ رُسُلُكُم بِٱلْبَيِّنَٰتِ ﴾، فریشتەکان، دۆزەخەوانەکان پێیان دەڵێن: ئایا پێغەمبەرانتان بەڵگە ئاشکرایەکانیان بۆ نەهێنان؟ ﴿ قَالُوا۟ بَلَىٰ ﴾، گوتیان: با، بەڵگە ئاشکرایەکانیان بۆ هێنایین لەسەر ڕاستییەتیی بەدیهێنەرایەتیی و، پەروەردگارێتیی و، خاوەندارێتیی و، پەرستراوێتیی خواو، لەسەر ڕاستییەتیی پێغەمبەران (**عَلَيْهِم الصَّلَاةُ وَالسَّلَام**)و ڕاستییەتیی ئایین و بەرنامەیەک کە خوا بە پێغەمبەراندا (**عَلَيْهِم الصَّلَاةُ وَالسَّلَام**) ناردوویەتی، دانی پێدا دێنن، ﴿ قَالُوا۟ فَٱدْعُوا۟ ﴾، فریشتەکان پێیان گوتن: کەواتە: خۆتان بپاڕێنەوەو داوا بکەن، ئێمە داوای بێ جێ ناکەین، فریشتەکان داوایەک ناکەن جێگا نەگرێ، وەک گوتراوە: (قسە بکە جێ بگرێ، ڕبە بپێوە سەر بگرێ)، فریشتەکان لەوە عاقڵترن و لەوە بۆ خوا صوڵحاوترن، داوایەک لە خوا بکەن، بزانن وەرناگیرێ،

﴿ وَمَا دُعَـٰٓؤُا۟ ٱلْكَـٰفِرِينَ إِلَّا فِى ضَلَـٰلٍ ﴾، هـەر لـە سـەرەتاوەش پێیـان دەڵێـن: پاڕانـەوەی بێبڕوایـان هـەر لـە ونبـوون و زایەبـوون دایـە، واتـە: هەرچەنـد بپاڕێنـەوە، جـێ ناگـرێ و بـێ سـوودە.

ئنجـا خـوا ﷻ وەک ڕاسـتیەکی گـەورەو گرنـگ لـە ژیـانی بەشـەردا، بـە جەختکردنـەوەوە ڕایدەگەیەنـێ و دەفەرموێ: ﴿ إِنَّا لَنَنصُرُ رُسُلَنَا وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ فِى ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا وَيَوْمَ يَقُومُ ٱلْأَشْهَـٰدُ ﴾، بـە دڵنیایـی ئێمـە پێغەمبەرانمـان (عَلَيْهِـم الصَّـلاَةُ وَالسَّـلاَم) ئەوانـەش کـە بڕوایـان هێنـاوە، سـەردەخەین و پشـتیان دەگریـن لـە ژیـانی دنیـاداو، لـەو ڕۆژەشـدا کـە شـایەدەکان ڕاسـت دەبنـەوە، شـایەدەکان ڕاسـت دەبنـەوە بـۆ شـایەدیی دان، کێـن شـایەدەکان؟ فریشـتەکانن، پێغەمبەرانـن (عَلَيْهِـم الصَّـلاَةُ وَالسَّـلاَم)، شـەهیدانن، زانایانـن، بـۆ خـوا صوڵحاوانـن، هـەر کەسـە بەپێـی خـۆی، ئەوانـە هەڵدەسـتن شـایەدیی دەدەن لەسـەر خەڵـک، کەسـێک ئایینـی خـوای پـەروەردگاری بـە خەڵکێـک ڕاگەیاندبـێ، دەبێتـە شـایەد بـە سـەریانەوە، پێغەمبـەران شـایەدن (عَلَيْهِـم الصَّـلاَةُ وَالسَّـلاَم)، فریشـتەکان شـایەدن کـە دەڵێـن: ئێمـە ئاگەداریـن خـوا پێغەمبـەرانی بـۆ نـاردن، هەروەهـا زانایـان و پێشـەوایان، هەروەهـا شـەهیدان، هـەر کەسـە لـە قـەدەر خـۆی دەبێتـە شـایەد، ﴿ يَوْمَ لَا يَنفَعُ ٱلظَّـٰلِمِينَ مَعْذِرَتُهُمْ ﴾، ئـەو ڕۆژە کـە سـتەمکاران پۆزشـەکەیان، داوای لێبوردنەکەیـان سـوودیان پێناگەیەنـێ، ﴿ وَلَهُمُ ٱللَّعْنَةُ وَلَهُمْ سُوٓءُ ٱلدَّارِ ﴾، نەفریـن بـۆ ئـەوان هەیـەو خراپتریـن مەنزڵـگاش بـۆ ئـەوان هەیـە، کـە دۆزەخـە.

ئنجـا دێتـە سـەر باسـێکی دی: ﴿ وَلَقَدْ ءَاتَيْنَا مُوسَى ٱلْهُدَىٰ وَأَوْرَثْنَا بَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ ٱلْكِتَـٰبَ ﴾، بـە دڵنیایـی ئێمـە ڕێنماییـمان بـە مووسـاداو، کتێبکـمان کـردە میـراتی وەچـەی بەنـوو ئیسـرائیل (نەتـەوەی جوولەکـە، کـە گـەلی مووسـا بـوون ﷺ)، ﴿ هُدًى وَذِكْرَىٰ لِأُو۟لِى ٱلْأَلْبَـٰبِ ﴾، ڕێنمایـی و بیرخـەرەوە بـوو بـۆ خـاوەن عەقـڵان، هەڵبەتـە ئـەم ئایەتانـە هەموویـان پێکـەوە پەیوەسـتن، واتـە: موحەممەدیـش ﷺ کـە بـە هیدایـەتی خـواوەو، بـە کتێبـی خـواوە بۆتـان هاتـووە،

بیدعـەت و داهێنراوێـک نیـە، بـێ پێشـینە بووبـێ، بەڵکـو ئەوەتـا مووسـا ﵇ کـە زۆر نـاوادارەو گـەلی جوولەکـە کـە زۆر نـاودارن و لەگەڵتـان هـەن، بـە تایبـەت لـە نێـو دورگـەی عەڕەبیـی دا، کتێبەکـەشی کـە تەوڕاتـە، زۆر نـاوداره، خـوا لـە گـەلانی پێشێشـدا پێغەمبـەرانی هـەر نـاردوون، بـۆ وێنـە مووسـا ﵇ کـە زۆر زەقـەو، بـۆ گـەلی جوولەکـە نێـردراوەو خـوا تـەوڕاتی پێـداوە.

ئنجا بـە پێغەمبـەر ﷺ دەفەرمـوێ: ﴿ فَٱصۡبِرۡ إِنَّ وَعۡدَ ٱللَّهِ حَقٞ ﴾، خۆڕاگربە، بـە دڵنیایـی بەڵێنـی خـوا ڕاسـتە، دێتـە دی و چەسـپاوە:

أ- بەڵێنی خوا کە دەفەرموێ: سەرت دەخەم.

ب- بەڵێنی خوا کە دەفەرموێ: ڕۆژی دوایی دێ، لێپرسینەوەو سزاو پاداشت دێ، ئەو بەڵێنە ڕاستە.

﴿ وَٱسۡتَغۡفِرۡ لِذَنۢبِكَ وَسَبِّحۡ بِحَمۡدِ رَبِّكَ بِٱلۡعَشِيِّ وَٱلۡإِبۡكَٰرِ ﴾، داوای لێبوردنیـش بـۆ گوناهەکـەت بکـە، داوای لێبـوردن لـە خـوا بکـە لـە شـتێک، کـە بـۆ تـۆ بـە گونـاح لـە قەڵـەم دەدرێ، ئەویـش ئەوەیـە پێغەمبـەر ﷺ لـە بۆچوونێکیـدا نەپێکابـێ، کۆششـێکی کردبـێ و هەقـی تێـدا نەپێکابـێ، یـان پێـش ئـەوەی وەحیـی لـە بـارەی پرسـێکەوە بۆبـێ، ڕایەکـی بـوو بـێ، ڕایەکـەی ڕاسـت دەرنەچووبـێ، کـە ئـەوە بـە گونـاح لـە قەڵـەم نـادرێ بـۆ ئێمـەو مانـان، بـەڵام بـۆ پێغەمبـەر ﷺ بـە کـەم و کوڕیـی لـە قەڵـەم دراوە، بۆیـە خـوا دەفەرمـوێ: داوای لێبـوردن بـۆ گوناهەکـەت بکـە، وریابـە! گوناهـی پێغەمبـەری کۆتایـی ﷺ و پێغەمبـەران بـە گشـتیی، بـەو واتایـە نیـە کـە شـتێک زانیبیـان گوناهـەو کردبێتیـان، پێغەمبـەران لـەوە پارێـزراو بـوون، بـەڵام جـاری وا هەیـە شـتێک وایانزانیـوە وا باشـەو کردوویانـە، یـان گوتوویانـە، دواییـش خـوای پـەروەردگار بـۆی ڕاسـتکردوونەوە کـە نەخێـر وا بـاش نیـەو نەتانپێـکاوە، ﴿ وَسَبِّحۡ بِحَمۡدِ رَبِّكَ بِٱلۡعَشِيِّ وَٱلۡإِبۡكَٰرِ ﴾، هەروەهـا بـە ستاییشـکردنی پەروەردگارتـەوە بـە پاکـی بگـرە، واتـە: هـەم خـوا بـە پـاک بگـرە، هـەم

ستایشی بکە، هەم بڵێ: (سُبْحَان الله) هەم بڵێ: (الحَمْدُلله)، خوا بە پاک بگرە لە هەر لەکەو کەم و کوڕییەک و، ستاییشی بکە بە هەموو سیفەتێکی بەرزو جوان و بە هەموو خەسڵەتێکی ئەوپەڕی بەرزو پەسند، کە بەس شایستەی خوان، ﴿ بِٱلۡعَشِيِّ وَٱلۡإِبۡكَٰرِ ﴾، لە ئێواران و بەیانیاندا، کە دوو کاتی زۆر دڵ بزوێنن، ئێوارە ڕەمزی کۆتایی هاتنی ژیانی دنیایەو، بەیانیان ڕەمزی دەستپێکردنی ژیانی دنیایە، دوو کاتی زۆر دڵ بزوێنن، بۆیە لە قورئاندا زۆر باسیان کراوە.

ئنجا دێتە سەر مەسەلەیەکی دیکە کە هەر پەیوەستە بە ڕەوتی ئەو ئایەتانەوە: ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ يُجَٰدِلُونَ فِيٓ ءَايَٰتِ ٱللَّهِ بِغَيۡرِ سُلۡطَٰنٍ أَتَىٰهُمۡ ﴾، بە دڵنیایی ئەوانەی مشت و مڕو شەڕە قسە دەکەن لە دژی ئایەتەکانی خوا، بێ ئەوەی بەڵگەیەکیان بۆ هاتبێ، واتە: بێ ئەوەی موناقەشەو وتوێژەکەیان پشت ئەستوور بێ بە بەڵگەیەکی لە خواوە هاتوو، بەڵگەیەکی نەقڵیی، ﴿ إِن فِي صُدُورِهِمۡ إِلَّا كِبۡرٞ ﴾، واتە: (مَا فِي صُدُورِهِم إلاَّ الكِبْر) لە سینەکانیاندا تەنیا خۆ بەزلگریی هەیە، ﴿ مَّا هُم بِبَٰلِغِيهِ ﴾، ناشگەن بەو خۆ بەزلگرییە، واتە: ئەوانە بۆیە ملکەچ ناکەن بۆ پێغەمبەری خاتەم ﷺو بۆ پەیامەکەی، لەبەر ئەوەی چاویان لە باڵا دەستییەو، چاویان لە خۆ سەپاندن و خۆڕانانە بەسەر خەڵکدا، ئەوەیە وایان لێدەکات کە ملکەچیی نەکەن بۆ ئایەتەکانی خواو، شەڕەقسە بکەن لە دژی ئایەتەکانی خواو، پابەندی پەیامی خواو بەرنامەی خوا نەبن، چونکە بەزم و بازاڕێک کە سازیان کردوەو، خۆ بەزلگریی و خۆ سەپاندنێک کە چاویان لێیەتی، ئەوەیان لێ تێکدەچێ، کە ئەوەش هەر پێی ناگەن واتە: با چەند ڕۆژێکی دنیاش بگوزەرێنن، بەڵام سەرەنجام بێ ئاکام دەبن، بۆیە دەفەرموێ: ﴿ مَّا هُم بِبَٰلِغِيهِ ﴾.

﴿ فَٱسۡتَعِذۡ بِٱللَّهِ ﴾، ئنجا تۆ پەنا بە خوا بگرە، ﴿ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلۡبَصِيرُ ﴾، بە دڵنیایی خوا زۆر بیسەرە، زۆریش بینەرە، هەموو دەنگ و هەست و خوستێک دەبیستێ و، هەموو جموجۆڵ و شتێکیش دەبینێ.

﴿ لَخَلْقُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ أَكْبَرُ مِنْ خَلْقِ ٱلنَّاسِ ﴾، بە دڵنیایی دروستکرانی ئاسمانەکان و زەوی، گەورەترە لە دروستکرانی خەڵک، واتە: ئەوە کە خوا گەردوونی هێناوەتە دی، بە لای ئێوەوە قورسترە لەوەی مرۆڤێک بهێنێتە دی، یاخود: ئەوە کە خوا گەردوونی هێناوەتە دی، گەورەترە لەوەی مرۆڤێک دوای ئەوەی دەمرێ، زیندووی بکاتەوەو دروستی بکاتەوە، واتە: دروستکردنی گەردوون لە دروستکرانی مرۆڤان گەورەترە، قورسترو سەختترە، بە پێوانەو کێشانەی ئێوە، ئەگەرنا بۆ خوای پەروەردگار قورس و سووک نیە، هەمووی وەک یەکە، یاخود دروستکرانی گەردوون و ئاسمانەکان و زەوی، بەسەرو خواری ئەو بەدیهێنراوانەوە قورسترەو گەورەترە لە زیندووکردنەوەی خەڵک، ﴿ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ ﴾، بەڵام زۆربەی خەڵکی نازانن، زۆربەی خەڵکی نازانن سیفەتەکانی خوا سنوورێکیان نیەو ڕەهان، خوا هەموو شتێک دەزانێ، هەموو شتێک دەتوانێ، خوا ﷻ هیچ شتێکی لەبەر عاسێ نابێ، وەک دەفەرموێ: ﴿ إِنَّمَآ أَمْرُهُۥٓ إِذَآ أَرَادَ شَيْـًٔا أَن يَقُولَ لَهُۥ كُن فَيَكُونُ ﴿٨٢﴾ ﴾یس، واتە: فەرمانی خوا ئەگەر ویستی شتێک بێنێتە دی، بەس پێی بفەرموێ: ببە، یەکسەر دەبێ، ﴿ وَمَا يَسْتَوِى ٱلْأَعْمَىٰ وَٱلْبَصِيرُ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّٰلِحَٰتِ وَلَا ٱلْمُسِىٓءُ ﴾، کوێرو بینەر وەک یەک نین، یەکسان نین، هەروەها ئەوانەی بڕوایان هێناوەو کردەوە باشەکانیان ئەنجام داون و، خراپەکار یەکسان نین، ﴿ قَلِيلًا مَّا تَتَذَكَّرُونَ ﴾، بە کەمیی بیر دەکەنەوەو پەند وەردەگرن، ﴿ إِنَّ ٱلسَّاعَةَ لَءَاتِيَةٌ لَّا رَيْبَ فِيهَا ﴾، (**ساعة**) واتە: کاتی کۆتایی هاتنی ئەم ژیانە دنیاییە، یاخود کاتی زیندووکرانەوەو هەڵسێنرانەوەی مرۆڤەکان و جندیش، بە مسۆگەریی هیچ دوو دڵیی تێدا نیە، واتە: دوو دڵیی هەڵناگرێ، ئەگەر بە چاوی عەقڵ تێبفکرن، ﴿ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يُؤْمِنُونَ ﴾، بەڵام زۆربەی خەڵک بڕواناهێنن، بەڵام بۆچی خەڵک بێبڕوایە؟ لەبەر ئەوەی نایانەوێ بڕوابێنن، ئەگەرنا پەکیان نەکەوتوە لەسەر بەڵگە، لەسەر هاتنی ڕۆژی دوایی، بە هەردوو قۆناغی ئاخیر زەمان و زیندووکرانەوەو هەڵسێنرانەوەوە.

لە کۆتاییدا دەفەرموێ: ﴿ وَقَالَ رَبُّكُمُ ٱدۡعُونِيٓ أَسۡتَجِبۡ لَكُمۡ ﴾، پەروەردگارتان فەرمووی: لێم بپاڕێنەوە، وەڵامتان دەدەمەوە، بە دەنگتانەوە دێم، ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ يَسۡتَكۡبِرُونَ عَنۡ عِبَادَتِي ﴾، بە دڵنیایی ئەوانەی لە بەرانبەر بەندایەتیی کردندا بۆ من، خۆیان بەزلدەگرن، ﴿ سَيَدۡخُلُونَ جَهَنَّمَ دَاخِرِينَ ﴾، بە سەرشۆڕیی و زەبوونیی دەچنە دۆزەخەوە، ئەوانەی لە دنیادا لە بەرانبەر خوادا خۆیان بەزلدەگرن، خوا لە ڕۆژی دواییدا زەبوون و سەرشۆڕو زەلیلیان دەكات، چونكە لە دنیا خوا تۆی هێناوەتە دی و دەتژیەنێ و، ئەو هەموو نازو نیعمەتانەی بۆ ڕەخساندووی، كەچی لە بەرانبەر خواو بەدیهێنەرو خاوەنی خۆت دا، خۆت بەزلبگری، شایستەی ئەوەی كە سزا بدرێی، ئەو كەسەش كە لە بەرانبەر خوادا خۆی بەزلدەگرێ، تەماشای دەكەین لە بەرانبەر مەخلووقێكدا خۆی بە كەم دەگرێ، ئەو خوایە ﷻ بەرزو مەزن و میهرەبان و كارزانە، لە بەرانبەریدا خۆی بەزلدەگرێ، كەچی لە بەرانبەر دروستكراوێكدا، یان لە بەرانبەر تەماعێكداو ترسێكداو ئارەزوویەك دا، خۆی بچووك دەنوێنێ، مرۆڤی ئاوا، شایستەی ئەوەیە خوا بە زەبوونیی و سەر شۆڕیی و داماویی، بیخاتە دۆزەخەوە.

خوا پەنامان بدات لەوەی لە دنیادا خۆمان بە زلبگرین لە بەرانبەر بەندایەتیی كردن بۆ خواداو، سەرەنجام لە دواڕۆژدا بە زەبوونیی و داماویی، بچینە نێو دۆزەخەوە، خوا بە لوتف و كەرەمی خۆی لە دنیادا بەهۆی بەندایەتییەوە بۆ خۆی، عیززەت و بەرزییمان بۆ بڕەخسێنێ، تاكو لە ڕۆژی دواییشدا سەر بەرزانە بچینە بەهەشتەكانی خواوە.

مەسەلە گرنگەکان

مەسەلەی یەکەم:

شەڕەقسەو دەمەقاڵەی بێبڕوایان لە دۆزەخداو، داواکردنی بێهێزەکان لە خۆبەزلگرو خۆسەپێنەکان، کە بەشێک لە سزای ئاگریان لە کۆڵ بکەنەوەو، لێیان دووربخەنەوەو، وەڵامدانەوەی ئەوانیش بەوە کە: بڕیاری خوا دراوەو، کۆتایی بە هەموو شتێک هاتوە:

خوا دەفەرموێ: ﴿ وَإِذۡ يَتَحَآجُّونَ فِي ٱلنَّارِ فَيَقُولُ ٱلضُّعَفَٰٓؤُاْ لِلَّذِينَ ٱسۡتَكۡبَرُوٓاْ إِنَّا كُنَّا لَكُمۡ تَبَعٗا فَهَلۡ أَنتُم مُّغۡنُونَ عَنَّا نَصِيبٗا مِّنَ ٱلنَّارِ ﴿٤٧﴾ قَالَ ٱلَّذِينَ ٱسۡتَكۡبَرُوٓاْ إِنَّا كُلّٞ فِيهَآ إِنَّ ٱللَّهَ قَدۡ حَكَمَ بَيۡنَ ٱلۡعِبَادِ ﴿٤٨﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم دوو ئایەتە، لە شەش بڕگەدا:

١)- ﴿ وَإِذۡ يَتَحَآجُّونَ فِي ٱلنَّارِ ﴾، یاد بکەوە! ئەو کاتەی لە نێو ئاگردا مشت و مڕو شەڕە قسە دەکەن، واتە: ئەوانەی بێبڕوان، کە شایستەی ئەوە بوون بچنە نێو ئاگری دۆزەخەوە، لەوێدا شەڕەقسەو مشتومڕ دەکەن. (**التَّحَاجُّ: الإِحْتِجَاجُ مِنْ جَانِبَيْنِ فَأَكْثَر**)، (**تحاجّ**): بریتیە لە بەڵگە هێنانەوە لە لایەن دوو لاوە، یاخود زیاتر، بۆ یەکدی، هەر لایەک بەڵگە بۆ وی دیکە بهێنێتەوە، بۆ سەلماندنی ڕاستیی قسەی خۆی و، بە هەڵەداچوونی لایەنی بەرانبەری، لێرەش وەک زۆربەی شوێنەکانی دیکەی قورئان، وشەی (**إِذْ**) کە دەفەرموێ: ﴿ وَإِذۡ يَتَحَآجُّونَ ﴾، (**إِذْ: مَعْمُولٌ «لاذْكُر» مَحْذُوفٌ عَطْفاً عَلَى جُمْلَةِ: وَأَنْذِرْهُمْ يَوْمَ الأَزِفَةِ**)، ئەوە ڕای یەکێک لە توێژەرەوانی قورئانە، کە (**إِذْ**) بەرکاری

(**أذكر**)ەو بادراوەتەوە سەر ڕستەی (**وَأَنْذِرْهُمْ يَوْمَ الأزِفَة**)، دەشگونجێ یەکی دیکە بڵێ: نەخێر بەڵکو بادراوەتەوە سەر ڕستەیەکی دیکە، نەک هێندە دوور ڕۆیشتبێتەوە بۆ سەرەتا.

کە دەفەرموێ: (**وَإِذْ**) واتە: (**وَاذْكُرْ إِذْ يتحاجّون في النار**) یاد بکەوە! کاتێک کە لە نێو ئاگردا، شەڕەقسەو مشتومڕ دەکەن.

٢)- ﴿فَيَقُولُ ٱلضُّعَفَـٰٓؤُاْ لِلَّذِينَ ٱسْتَكْبَرُوٓاْ﴾، بێهێزەکان بەوانەی خۆیان بەزلگرتوە دەڵێن، ئایا بێهێزەکان مەبەست پێیان کێیەو، ئەوانەی خۆیان بە زلگرتوە، مەبەست پێیان کێیە؟ (**الضُّعَفَاءُ: عَامَّةُ النَّاسِ الَّذِيْنَ لَا تَصَرُّفَ لَهُمْ فِي أُمُورِ الأُمَّة**)، باشتر وایە بگوترێ: (**لَا تَصَرُّفَ لَهُمْ فِي أمُورِهِمْ**)، (**ضُعَفَاء**) خەڵک بە گشتیی ئەوانەن کە دەستەوەردان و دەستەڵاتیان نیە بەسەر کاروباری کۆمەڵگادا، یان بەسەر کاروباری خۆیانداو کاریان بە دەست خەڵکی دیکەوەیە، (**الَّذِيْنَ استَكْبَرُوا**)، ئەوانەی خۆیان بە زلگرتوە، ئەوانەن کەخۆسەپێنن و بە ناهەق خۆیان کردوە بە حوکمڕانی خەڵک، ئەگەرنا کۆمەڵگا دەبێ حوکمڕان و مشوورخۆری هەر هەبن، بەڵام ئەگەر بە ناهەق بێ و بە ناشایستەیی بێ، یان بە شێوازی ناشەرعییانە بێ، وەک حوکمی میراتیی و بنەماڵەیی، یان حوکمی خۆسەپاندن، یان بە تەزویرو فرت و فێڵ، ئەوە بێگومان ئەو کاتە حاڵەتی (**إِسْتِكْبَار**) ڕوودەدات، واتە: خۆ بەزلگریی و خۆ سەپاندن، خۆ لە خەڵک بە گەورە گرتن، ئەوانەی کە بێهێزن بەوانەی خۆیان بەزلگرتوە، دەڵێن:

٣)- ﴿إِنَّا كُنَّا لَكُمْ تَبَعًا﴾، ئێمە پێشتر شوێنکەوتەی ئێوە بووین، (**التَّبَعُ: إسْمٌ لِمَنْ يَتَبعُ غَيْرَهُ، ويَسْتَوِي فِيْهِ الوَاحِدُ وَالجَمْعُ**)، (**تَبَع**): ناوە بۆ هەر کەسێک بە دوای جگە لە خۆی بکەوێ، تاک و کۆ تێیدا یەکسانن، دەگوترێ: (**هَذَا رَجُلٌ تَبَعٌ لِفُلَان**) هەروەها دەگوترێ: (**هَؤلَاءِ تَبَعٌ لِفُلَان**) بەڵام ئەگەر بویسترێ هەر بە تاک بزانرێ، دەگوترێ: (**هَذَا تَابِعٌ لِفُلَان**).

٤)- ﴿فَهَلْ أَنتُم مُّغْنُونَ عَنَّا نَصِيبًا مِّنَ ٱلنَّارِ﴾، ئایا ئێوە پشکێك، بەشێک لە ئاگرمان لێ دووردەخەنەوە، لە کۆڵ دەکەنەوە؟ ﴿فَهَلْ أَنتُم﴾، (**هَلْ**) بۆ پرسیارکردنە،

(**وَالإِسْتِفْهَامُ مُسْتَعْمَلٌ فِي الْحَثِّ وَاللَّوْمِ عَلَى خِذْلَانِهِمْ وَتَرْكِ الاهْتِمَامِ بِهِمَ**)، پرسیارکردن لێرەدا بەکارهێنراوە بۆ هاندان و سەرزەنشتکردن، لەسەر ئەوەی پشتیان بەرداون و پشتگوێیان خستوون.

کـۆی ئـەو ڕسـتەیەش: ﴿فَيَقُولُ ٱلضُّعَفَـٰٓؤُاْ لِلَّذِينَ ٱسْتَكْبَرُوٓاْ إِنَّا كُنَّا لَكُمْ تَبَعًا فَهَلْ أَنتُم مُّغْنُونَ عَنَّا نَصِيبًا مِّنَ ٱلنَّارِ﴾، ئەمـە هەمـووی دوو واتایـان هەڵدەگـرێ:

أ)- کە بەڕاستیی داوایان کردبێ لە خۆ بەزلگرو خۆسەپێنەکان، واتە: بێهێزو شوێنکەوتووەکان، پێیان وابووبێ، کە وەک چۆن لە دنیادا ئەوانە دەستڕۆیشتوو و شت لە دەستهاتوو بوون، لەوێش هەروا بن! دەشگونجێ خەڵکی هێندە سیفەت کۆیلەو، سیفەت نزم و خۆ پێ هیچ هەبێ، لە قیامەتێش ئەو قەناعەتە پووچەی کە لە دنیادا هەیەتی، لە بەرانبەر حوکمڕانە خۆسەپێنەکاندا، لە قیامەتیشدا لە کۆڵی نەبێتەوەو لەوێش هەر پێی وابێ: ئەو حوکمڕانە خۆسەپێن و خۆ بەزلگرانە دەستیان دەڕوات!

ب)- ئەو ڕۆژە ڕۆژی دەرکەوتنی ڕاستییەکانەو، هەموو کەس لە هەموو شتێک حاڵیی دەبێ، بەڵام ئەوە گاڵتە پێکردنی بێهێزەکانە، بە خۆسەپێنەکان و خۆ بەزلگرەکان، کە ئێوە هیچتان بە دەست نیە، ئایا دەتوانن تۆزێک لە سزامان لێ دووربخەنەوەو تۆزێک لە ئاگرو ئازارمان لە کۆڵ بکەنەوە؟! واتە: هیچتان لە دەست نایەت، کەواتە: لە دنیاشدا بە ناهەق خۆتان بەسەر ئێمەدا سەپاند بوو، فەڕز کردبوو، وشەی: (**مُغْنُون: إِسْمُ فَاعِلٍ مِنْ أَغْنَى غَنَاءً: أَي فَائِدَةً وَإِجْزَاءً**)، (**مُغْنُون**): ناوی بکەرە لە (**أَغْنَى**)وە هاتوە، (**أَغْنَى غَنَاءً**) واتە: سوودی گەیاند، یاخود کەلێنێکی گرت، یان شتێکی لە کۆڵ کەسێک کردەوە، ﴿فَهَلْ أَنتُم مُّغْنُونَ عَنَّا﴾، وشەی: (**أَغْنَاهُ**) واتە: بێ نیازیکرد، بەڵام کە لێرەدا بەرکاری خواستوە کە (**نصيباً**)ە، (**فَهَل أَنْتُمْ مُغْنُونَ عَنَّا نَصِيْبَاً**)، لەبەر ئەوەیە کە مانای (**دَافِعُونَ وَرَادّون**)ی خراوەتە نێو، واتە: ئایا ئێوە لە کۆڵمان دەکەنەوە، لێمان بەرپەرچدەدەنەوە بەشێک لە سزای ئاگر؟

٥)- ﴿ قَالَ ٱلَّذِينَ ٱسۡتَكۡبَرُوٓاْ إِنَّا كُلّٞ فِيهَآ ﴾، ئەوانەی خۆیان بەزلگرتبوو، گوتیان: ئێمە هەموومان لێرەداین، ئێمە هەمووومان تێیداین، واتە: لە نێو ئاگرداین، ئاگری دۆزەخ.

٦)- ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ قَدۡ حَكَمَ بَيۡنَ ٱلۡعِبَادِ ﴾، بە دڵنیایی خوا دادوەریی کردوە لە نێوان بەندەکاندا، بڕیاری کۆتایی بۆ هەر کامێکیان داوە، ئەمەش دوو واتایان هەڵدەگرێ:

أ/ لە وەڵامی سەرزەنشتکردنی بێهێزەکاندا، ئەو خۆ بەزلگرانە دان بە هەڵەو لادان و تاوانی خۆیان دا دێنن، کە ڕاست دەکەن، سەرزەنشتەکەتان لە جێی خۆیەتی، ئێستا هەمووومان لە نێو ئاگرداین، ئەوەی کە لە دنیادا پێمان دەگوتن: قیامەت نیەو، سزاو پاداشت نیەو پێغەمبەران (عَلَيْهِمُ الصَّلاَةُ وَالسَّلاَم) ڕاست ناکەن، ئێمە درۆمان لەگەڵ ئێوەدا کردبوو و بە هەڵەدا چوو بووین، درۆ لەگەڵداکردنەکەشیان، یان هەر بە ڕاستیی قەناعەتیان وابووە کە ڕۆژی سزاو پاداشت نیە، هێندە گومانیان بەرانبەر بە خوا خراپ بووە، یاخود بۆ چەواشەکردنی خەڵکەکە بووە، بۆ ئەوەی خەڵکەکە باری زوڵمی ئەوان هەر لەسەر پشتیان بێ، بۆیە ئیخفاڵیان کردوون، کە قیامەت نیەو سزاو پاداشت نیە، ژیان هەر ژیانی دنیایە، بۆ ئەوەی ملکەچ بکەن، گوتوویانە: ژیانێکی دیکەتان لێ هەڵناکەوێ.

ب/ وەڵامی داواکارییەکەیانە، ئەویش ئەوەیە: کە ئێوە داوامان لێدەکەن ئێمە پشک و بەشێک لە ئاگرتان لە کۆڵ بکەینەوە، ئەوە خۆتان دەبینن ئێمەش وەک ئێوە لە نێو ئاگرداین، کەواتە: چۆن ئومێدی ئەوەتان هەیە و تەماعی ئەوەتان هەیە، سوودێکتان پێبگەیەنین؟ ئێمەش وەک ئێوە لێرەداین و هیچمان بۆ ئێوە پێناکرێ.

کە دەڵێن: ﴿ إِنَّا كُلّٞ فِيهَآ ﴾، دەڵێ: (**كُلٌّ: مُبْتَدَأٌ مَرْفُوعٌ، وَفِيْهَا خَبَرٌ، وَالجُمْلَةُ كُلُّهَا خَبَرٌ لِـ «إِنَّا»، وَتَنْوِيْنُ «كُلّ» عِوَضٌ عَنِ المُضَافِ إِلَيْهِ: إِنَّا كُلُّنَا فِي النَّارِ**)، (كُلّ) دەبێتە نیهاد (مُبْتَدَأ) کە مەرفووعە، (فِيْهَا) دەبێتە گوزارە (خَبَرٌ) و لە شوێنی (رفع) دایەو، ڕستەکە هەمووی واتە: ﴿ كُلّٞ فِيهَآ ﴾، دەبێتە گوزارە بۆ (إِنَّا)، (إِنَّا)ش دەبێتە نیهاد (مُبْتَدَأ) و ﴿ كُلّٞ فِيهَآ ﴾، هەمووی دەبێتە گوزارە (خَبَر) بۆ

(إِنَّا)، تەنوینی سەر (كُلٌّ) ﴿إِنَّا كُلٌّ فِيهَآ﴾، قەرەبووی پاڵوەلا دراو (**مضَافِ إليْهِ**) یە، واتە: (**إِنَّا كُلُّنَا فِيْهَا**) ئێمە هەر كامێكمان لە نێو ئەو ئاگرەداین.

شایانی باسە: ئێمە لە سوورەتی (**الأعراف**) ئایەتەكانی: (٣٨ و ٣٩)دا، باسێكی تایبەتمان لەو بارەوە كردوە، لە بارەی مشتومڕی نێوان شوێنكەوتووان، یاخود بێهێزەكان، هەڵخەڵەتێنراوە ڕێشمەی خۆ بە دەست ستەمكار دەرەوەكان و، ستەمكارە خۆ سەپێنەكان، هەروەها لە سوورەتی (**سبأ**)یشدا ئایەتەكانی: (٣١، ٣٢، ٣٣)دا لەوێش دووبارە باسێكمان لەو بارەوە كردوە، چونكە بەڕاستیی ئەو بابەتە دەهێنێ هەڵوەستەی زۆری لە بەرانبەردا بكرێ، چونكە هەموو ئەوانەی شایستەی چوونە دۆزەخ دەبن، دەبنەوە بە دوو بەش:

أ- كەمینەیەكی خۆسەپێنی بە زەبرو زۆر.

ب- زۆرینەیەكی هەڵخەڵەتێنراوی چاولێكەری لاساییكەرەوە، كە بەداخەوە زۆربەی هەرە زۆری خەڵك وا دەزانن ئەوە هەر ستەمكارانن، سزا دەدرێن و بە ئاگری دۆزەخ دەسووتێن، بەڵام ستەملێكراوان و چەوسێنراوان و بێهێزەكان، كە دەكەونە شوێن ستەمكارەكان و دەبنە سووتەمەنی بۆیان، پێیان وایە وەك بەرزەكی بانان بۆی دەردەچن، بەڵام خوا ﷻ هەم لێرەو، هەم لە ئایەتی (٣٨و ٣٩)ی سوورەتی (**الأعراف**) داو، هەم لە ئایەتەكانی سوورەتی (**سبأ**)دا، كە قسەمان لە بارەوە كردوون، لە باسێكی تایبەتدا، زۆر بە ڕوونیی نوختە دەخاتە سەر پیت، كە وەك چۆن حوكمڕانە، خۆبەزلگرو، دەستڕۆیشتووە خۆسەپێنەكان، شایستەی سزادرانن، بە هەمان شێوە شوێنكەوتووە لاساییكەرەوەكانیش شایستەی سزادرانن و، سزایان لە هی ئەوان كەمتر نیە لەو ڕووەوە كە هەموویان دژی پەیامی پێغەمبەران (**عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَامْ**) بوون، یەكێكیان لە پێشەوەو بووەو ئەوی دیكە لە دواوە بووە، ئەگەر ئەوەی دواوە نەبووایە، ئەوەی پێشەوەش كاری بۆ نەدەكرا، وەك گوتراوە: (سەگ بە قوەتی كلكی ئێسك دەكرۆژێ)، ئەو سەركردەو حوكمڕانە خۆسەپێنانەش، ئەگەر خەڵك نەبێتە دەست و پێوەندیان و

خەڵک بۆیان نەبێتە کەری باربردن و بارەکە خۆیان نەیخەنە سەر پشتیان، بێگومان حوکمڕانییەکەیان بۆ ناکرێ، بۆیە لە سوورەتی (الأعراف)دا دوای ئەوەی شوێنکەوتووە هەڵخەڵەتێنراوەکان داوا دەکەن و دەڵێن: ﴿رَبَّنَا هَٰٓؤُلَآءِ أَضَلُّونَا فَـَٔاتِهِمْ عَذَابًا ضِعْفًا مِّنَ ٱلنَّارِ ﴿٣٨﴾﴾الأعراف، پەروەردگارمان! ئەوانە گومڕایان کردین، با سزای وان چەند بەرانبەر لە ئاگر، خوا وەڵام دەداتەوە: ﴿قَالَ لِكُلٍّ ضِعْفٌ وَلَٰكِن لَّا تَعْلَمُونَ﴾، (خوا) فەرمووی: هی هەر کامێکتان چەند قاتە، بەڵام نازانن، هی ستەمکارو خۆسەپێنەکان لەبەر ئەوەی خۆشیان بە ڕێی چەوتدا ڕۆیشتوون و خەڵکیشیان دوای خۆیان داوە، هی هەڵخەڵەتێنراوە شوێنکەوتووەکانیش، لەبەر ئەوەی خۆشیان لایانداوەو، بوونە داردەستی حوکمڕانە خۆسەپێنەکانیش.



مەسەلەی دووەم:

داواکردنی دۆزەخییەکان لە فریشتە دۆزەخەوانەکان، کە بۆیان لە خوا بپاڕێنەوەو، ئەگەر بۆ ماوەیەکی کەمیش بێ، ئازاریان لەسەر سووک بکات، وەڵامدانەوەی فریشتە دۆزەخەوانەکانیش بە شێوەیەکی سەرزەنشتکارانە کە پێغەمبەرانیان (عَلَيْهِمُ الصَّلاَةُ وَالسَّلاَم) بەڵگە ڕۆشنەکانیان بۆ هێناون، بۆیە ئەوان ئامادە نین داوا بکەن و با خۆیان بپاڕێنەوە، هەرچەند پاڕانەوەکەشیان بێ سوودەو کەڵک ناگرێ:

خوا دەفەرموێ: ﴿ وَقَالَ ٱلَّذِينَ فِى ٱلنَّارِ لِخَزَنَةِ جَهَنَّمَ ٱدْعُواْ رَبَّكُمْ يُخَفِّفْ عَنَّا يَوْمًا مِّنَ ٱلْعَذَابِ ﴿٤٩﴾ قَالُوٓاْ أَوَلَمْ تَكُ تَأْتِيكُمْ رُسُلُكُم بِٱلْبَيِّنَٰتِ ۖ قَالُواْ بَلَىٰ ۚ قَالُواْ فَٱدْعُواْ ۗ وَمَا دُعَٰٓؤُاْ ٱلْكَٰفِرِينَ إِلَّا فِى ضَلَٰلٍ ﴿٥٠﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم دوو ئایەتە، لە پێنج بڕگەدا:

١)- ﴿ وَقَالَ ٱلَّذِينَ فِى ٱلنَّارِ لِخَزَنَةِ جَهَنَّمَ ٱدْعُواْ رَبَّكُمْ يُخَفِّفْ عَنَّا يَوْمًا مِّنَ ٱلْعَذَابِ ﴾، ئەوانەی لە نێو ئاگردان بە دۆزەخەوانەکانیان گوت: لە پەروەردگارتان وەپاڕێن، یەک ڕۆژ ئازارمان لەسەر سووک بکات.

ئەوانەی لە نێو ئاگردان، واتە: هەم بێهێزەکان، هەم خۆبەزلگرەکان، هەم سەرکردەو دەمڕاستەکان و، هەم شوێنکەوتووە لاساییکراوەکانیان، هەموویان، داوایان کرد لە دۆزەخەوانەکان، (خَازِن) کەسێکە شتێک لە شوێنێکدا کۆ دەکاتەوە و خڕ دەکاتەوە، (**وَالخَزَنَةُ: جَمْعُ خَازِنٍ، وَهُوَ الْحَافِظُ لِمَا فِي الْمَكَانِ مِنْ مَالٍ أَو عُرض**)، (خَزَنَةَ) کۆی (خَازِن) ئەویش بریتیە: لە پارێزەری ئەو ماڵ و سامانەی، یاخود ئەو کەل و پەلەی کە لە شوێنێک دانراوە، هەرچەندە (راغب) دەڵێ: پارێزەر، بەڵام من پێموایە (**خـازن**) یانی: کۆکەرەوە، (**خَازِن**) کەسێکە شتێک کۆ دەکاتەوە لە شوێنێک و دەشیپارێزێ.

دوای ئـەوە بێهێـزەکان نائومێـد بـوون لـەوەی خـۆ بەزلگـرەکان سـزای ئاگریـان لەسـەر سـووک بکـەن، ئنجـا لـە فریشـتەکان، لـە دۆزەخەوانـەکان دەپاڕێنـەوە، کـە داوایـان بـۆ لـە پەروەردگاریـان بکـەن، هـەر تۆزێـک ئەگـەر ماوەیەکـی کەمیـش بـێ، سـزایان لەسـەر سـووک بـکات.

﴿ٱدۡعُواْ رَبَّكُمۡ﴾، لە پەروەردگارتان بپاڕێنەوە.

﴿يُخَفِّفۡ عَنَّا يَوۡمًا مِّنَ ٱلۡعَذَابِ﴾، یـەک ڕۆژ لـە ئازارمـان لەسـەر سـووک بکات، دیـارە یـەک ڕۆژ مەبەسـت پێـی کاتێکـی کەمـە، واتـە: ئەگـەر ماوەیەکـی کەمیـش بێ، بـا سـزا و ئازارمـان لەسـەر سـووک بـکات، کـە گوتوویانـە: ﴿ٱدۡعُواْ رَبَّكُمۡ﴾، پاڵـدانی وشـەی (رَبّ) بـۆ لای ڕانـاوی (كُمْ): ﴿رَبَّكُمۡ﴾، ئەمـە هاندانـە بـۆ پاڕانـەوە، واتـە: لەبـەر ئـەوەی ئێـوە لـە پەروەردگارتانـەوە نیزیکـن و بـۆ خـوا صوڵحـاو بـوون، داوای ئێـوە لـەلای خـوا دەگیرێتـەوە، داوامـان لـە پەروەردگارتـان بـۆ بکـەن، ماوەیەکـی کەمیـش بـێ لـە ئـازار لەسـەرمان سـووک بـکات، کـە گوتوویانـە: ﴿يُخَفِّفۡ عَنَّا يَوۡمًا مِّنَ ٱلۡعَذَابِ﴾، (**يُخَفِّـف: مَجْـزُومٌ بِتَقْدِيْـرِ «ل» أي: لِيُخَفِّـف**)، (**يخفّـفْ**) مەجزوومـە، زەنـەدارە بـە ئەندازەگیریـی کـردنی (ل) یـانی: (**لِيُخَفِّـف**) بـا لەسـەرمان سـووک بـکات.

٢)- ﴿قَالُوٓاْ أَوَلَمۡ تَكُ تَأۡتِيكُمۡ رُسُلُكُم بِٱلۡبَيِّنَٰتِ﴾، دۆزەخـەوانـەکان (ئەو فریشتانەی سەرپەرشتیی دۆزەخ دەکەن) پێیان گوتن: ئایا پێشتر (لە دنیادا) پێغەمبەرانتان، بەڵگە ڕۆشنەکانیان بۆ نەهێنان؟! (**الْبَيِّنَاتُ: الْحُجَجُ الْوَاضِحَةُ وَالدَّعَوَاتُ الصَّرِيحَةُ إِلَى اتِّبَاعِ الْهُدَى**)، ئایا پێغەمبەرانتان (**عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَامُ**) کە لە لایەن خواوە بۆتان ڕەوان کرابوون، بەڵگە ڕۆشنەکانیان بۆ نەهێنان! پەیامی ڕۆشن و ڕوونیان بۆ نەهێنان تاکو بەڕێی ڕاستدا بڕۆن، تووشی ئێرە نەیەن، بەڵکو بچنە بەهەشت؟!.

٣)- ﴿قَالُواْ بَلَىٰ﴾، گوتیان: با، (**بَلَى: إِيْجَابٌ فِي جَوابِ النَّفِي**)، ئەگەر لێرەدا بگوترێ: بەڵێ (**نَعَم**) یانی: بۆمان نەهاتوە، بەڵام کە دەڵێین: (**بَلَى**) لە کوردییدا دەبێتە با، کە لە هەندێک لە تەفسیرە کوردییەکاندا بینیومە لە مانای (**بَلَى**)دا نووسیویانە: بەڵێ، کە ئەوە هەڵەیەو (بەڵێ) مانای (**نَعَم**)ە، بەڵام (**بَلَى**) دەبێ بە (با) تەفسیر بکرێ، چونکە ئەوان کە دەڵێین: ئایا

پێغەمبەرانتان بەڵگە ڕۆشنەکانیان بۆ نەهێنان؟ ئەگەر بگوترێ: (**نَعَم**) واتە: نەیانهێناون! کەواتە: ئەگەر بویسترێ بگوترێ: هێناویانن، دەبێ بگوترێ: (**بَلَى**)، (**بَلَى: إيْجَابٌ فِي جَوابِ النَّفِي**)، (**بَلى**) وەڵامێکی ئەرێنییە بۆ شتێک کە پێشتر لابراوە، واتە: با، بۆیەش باسم کرد، چونکە لە هەندێ لە تەفسیرە کوردییەکاندا جیاوازییان نەخستووەتە نێوان (**نَعَم**) و (**بَلَى**)، ئنجا بەڕاستیی تەفسیرکردنی قورئان زۆری دەوێ، بە تایبەت کە لە عەرەبییەوە بیکەی بە کوردیی، یان بە هەر زمانێکی دیکە، دەبێ لە هەردووک زمانەکاندا شارەزابی.

٤)- ﴿قَالُوا۟ فَـٱدۡعُوا۟﴾، (فریشتەکان) پێیان گوتن: دەجا بپاڕێنەوە، واتە: ئێمە ناپاڕێینەوە، مادام پێغەمبەرانتان (**عَلَيْهِمُ الصَّلاَةُ وَالسَّلَام**) بەڵگە ڕۆشنەکانیان بۆ هێناون و، بەڵگەیان لەسەر تەواو کردوون و هەموو شتیان پێ ڕاگەیاندوون، ئێوەش بە قسەتان نەکردوون، ئێمە داوایەک ناکەین جێنەگرێ، وەک گوتراوە: (قسە بکە جێبگرێ، ڕبە بپێوە سەر بگرێ)، فریشتەکان لەوە عاقڵترن و لەوە پاکترن، داوایەک لە خوا بکەن، بزانن وەڵام نادرێتەوەو جێ ناگرێ.

٥)- ﴿وَمَا دُعَـٰٓؤُا۟ ٱلۡكَـٰفِرِينَ إِلَّا فِي ضَلَـٰلٍ﴾، پاڕانەوەی بێبڕوایانیش هەر لە فەوتان و لە بزربوون دایە، واتە: وەک چۆن ئێوە کاتی خۆی، خۆتان پشتتان لە پێغەمبەران کرد، وەک چۆن خۆتان ئەو ئەرکەتان بە ئەستۆوە گرت، کە چۆن مامەڵە لەگەڵ پێغەمبەراندا (**عَلَيْهِمُ الصَّلاَةُ وَالسَّلَام**) بکەن و لەگەڵ پەیامەکانی خوادا بکەن، ئەمڕۆش هەر خۆتان مشووری خۆتان بخۆن، کە لە ژیانی دنیادا بە شێوەی چەوت لەگەڵ پەیامەکانی خواو لەگەڵ پێغەمبەراندا (**عَلَيْهِمُ الصَّلاَةُ وَالسَّلَام**) مامەڵەتان کردوە، ئەمڕۆش هەر خۆتان، خۆتان لە دەرەنجامی ئەو هەڵسوکەوت و هەڵوێستە چەوتە دەرباز بکەن، خۆتان ئەوەتان بەسەر خۆتان هێناوە، وەک پەندێکی عەرەبی دەڵێ: (**يَدَاكَ أو كَتَا وَفُوكَ نَفَخْ**)(١)، بە دەستی خۆت گرێتداوەو بە زاری خۆت فووت تێکردوە، ئێستاش چۆن خۆت دەرباز دەکەی بیکە!

---

(١) مانای دەقاو دەق: دوو دەستەکانت گرێیان داوەو زارت فووی کردوە.

ئەم پەندەش لە بەسەرهاتێکەوە گوتراوە، کورتەکەی ئەوەیە:

کابرایەك کە ویستویەتی لە ڕووبارێك بپەڕێتەوە و ئامادە نەبووە کرێی پەڕینەوەکە بداتە بەلەمێك و مەلەشی نەزانیوە، خۆی هەڵداوەتە سەر کوندەیەکی فوودراو، ئنجا لە نێوەڕاستی ڕووباردا کوندەکەی کون بووە یان زارەکەی بۆتەوەو، کاتێك هاواری کردوە دەربازی بکەن. ئاوایان پێگوتوە!

مەسەلەی سێیەم:

ڕاگەیاندنی خوا بۆ ئەو ڕاستییە کە پێغەمبەران (عَلَیْهِمُ الصَّلاَةُ وَالسَّلاَم)و بڕواداران لە دنیاو دواڕۆژدا سەر دەخات و پشتیان دەگرێ، لەو ڕۆژەشدا پاساو پۆزش هێنانەوەی ستەمکاران دادیان نادات، نموونەیەکی زۆر زەقی سەرخستنی خواش بۆ پێغەمبەران و بڕواداران ،مووساو ﷺ گەلەکەی (بەنوو ئیسرائیل)ن، بۆیە هەر لەو ڕەوتەدا باسی ئەوانیش دەکات:

خوا دەفەرموێ: ﴿ إِنَّا لَنَنصُرُ رُسُلَنَا وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ فِى ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا وَيَوْمَ يَقُومُ ٱلْأَشْهَٰدُ ﴿٥١﴾ يَوْمَ لَا يَنفَعُ ٱلظَّٰلِمِينَ مَعْذِرَتُهُمْ وَلَهُمُ ٱللَّعْنَةُ وَلَهُمْ سُوٓءُ ٱلدَّارِ ﴿٥٢﴾ وَلَقَدْ ءَاتَيْنَا مُوسَى ٱلْهُدَىٰ وَأَوْرَثْنَا بَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ ٱلْكِتَٰبَ ﴿٥٣﴾ هُدًى وَذِكْرَىٰ لِأُوْلِى ٱلْأَلْبَٰبِ ﴿٥٤﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە شەش بڕگەدا:

١)- ﴿ إِنَّا لَنَنصُرُ رُسُلَنَا وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ فِى ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا وَيَوْمَ يَقُومُ ٱلْأَشْهَٰدُ ﴾، خوا دەفەرموێ: بە دڵنیایی ئێمە پێغەمبەرانمان (**عَلَیْهِمُ الصَّلاَةُ وَالسَّلاَم**) و ئەوانەی بڕوایان هێناوە (بڕوایان هێناوە لە خزمەت پێغەمبەرانداو شوێنکەوتوویان بوون) لە ژیانی دنیادا سەریان دەخەین و هەروەها لەو ڕۆژەشدا کە شایەدەکان هەڵدەستن، (**الْأَشْهَادُ: جَمْعُ شَاهِدْ**)، (**قِيَام**) بریتیە لە وەستان لە مەیدانێکدا، ئێمە پێغەمبەران (**عَلَیْهِمُ الصَّلاَةُ وَالسَّلاَم**) و بڕواداران، هەم لە ژیانی دنیادا سەردەخەین، هەم لەو ڕۆژەشدا کە شایەدەکان هەڵدەستن بۆ شایەدیی دان.

(**النَّصْرُ وَالنُّصْرَةُ: العَوْنُ، وَالتَّنَاصُرُ: التَّعَاوُن**) (**نَصْرُ و نُصْرَةُ**) بە مانای یارمەتییدانە، (**تَنَاصُر**)یش هاوکاریی یەکدی کردنە.

ئنجا خوا ﷻ ڕوونی دەکاتەوە، ئەو ڕۆژە کە شایەدەکان تێیدا ڕاست دەبنەوەو هەڵدەستن بۆ شایەدیی دان، چ ڕۆژێکەو چی تێدا دەگوزەرێ؟ دەفەرموێ:

٢)- ﴿ يَوۡمَ لَا يَنفَعُ ٱلظَّٰلِمِينَ مَعۡذِرَتُهُمۡ ﴾، ئەو ڕۆژە کە پۆزش هێنانەوەی ستەمکاران بە کەڵکیان نایەت و دادیان نادات، سوودیان پێناگەیەنێ.

وشـەی (لَا يَنفَعُ) خوێنراویشـەتەوە: (لَا تَنْفَـع)، چونکـە هـەردووک حاڵـەتی نێرینـە (مذکّـر)و مێینـە (مؤنـث)ی تێـدا دروسـتن.

(المَعْذِرَةُ: إسْمُ مَصْدَر اعْتَذَر)، (مَعْذِرَة) ناوی چاوگە بۆ (اعْتَذَر)ە.

٣)- ﴿ وَلَهُمُ ٱللَّعۡنَةُ وَلَهُمۡ سُوٓءُ ٱلدَّارِ ﴾، هەروەها نەفرینیان لێیەو خراپترین مەنزڵگایان جێیە، (لَعْنَة) دوور خستنەوەیە لە بەزەیی خوا، ئەوانە دوورخستنەوەیان بۆ هەیە لە بەزەیی خواو، مەنزڵگایەکی خراپیشیان هەیە، (اللَّعْنَةُ: الطَّرْدُ وَالإِبْعَادُ)، (سُوْءُ الدَّارُ: أَسْوَءُ مَنْزِل)، (لَعْنَة): بریتیە لە دەرکردن و دوورخستنەوە، (سُوْء الدَّارُ) واتە: خراپترین جێگا و ڕێگا و شوێنی تێدا نیشتەجێبوون.

ئنجـا خـوا ﷻ وەک بەڵگەیـەک، لەسـەر ئـەوە کـە پشـتگیریی پێغەمبـەرانی خـۆی (عَلَيْهِـمُ الصَّـلَاةُ وَالسَّـلَام) دەکات و، بڕوادارانێـک کـە لەگەڵیانـدان، بـاسی مووسـا ؑ و گـەلی بەنـوو ئیسـڕائیل دەکات، کـە بڕوایـان بـە مووسـا هێنـا:

٤)- ﴿ وَلَقَدۡ ءَاتَيۡنَا مُوسَى ٱلۡهُدَىٰ ﴾، بە دڵنیایی ئێمە ڕێنماییمان بە مووسادا.

٥)- ﴿ وَأَوۡرَثۡنَا بَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ ٱلۡكِتَٰبَ ﴾، کتێبیشمان کردە میراتی بەنوو ئیسڕائیل، کە گەلی مووسا بوون و بڕوایان پێی هێنابوو.

٦)- ﴿ هُدٗى وَذِكۡرَىٰ لِأُوْلِي ٱلۡأَلۡبَٰبِ ﴾، ئەو کتێبە ڕێنمایی و بیرخەرەوە بوو بۆ خاوەن عەقڵان، کەواتە: میسداقی سەرخستنی خوا بۆ پێغەمبەران (عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَام) و بۆ بڕوادارانێک کە لەگەڵ پێغەمبەراندان، هەم لە دنیاو، هەم لە دوا ڕۆژیشدا، مووسا ؑ ڕێنمایی پێدراو و، بەنوو ئیسڕائیلی کتێبی خوا بە میراتگرتوون.

بێگومـان ڕێنماییەکـەی خـواش هـەر لـە دوو توێـی کتێبەکـەدا بـوو، بـەڵام خـوا ﷻ جگـە لـە کتێبەکـە (تەوڕات)یـش بێگومـان شـتی دیکـەشی بە مووسـادا بـوو، وەک

ڕێنمایی، بەڵام هەمووی تایبەت بووە بە مووساوە ﷺ بۆ وێنە: خوا فەرمایشتی لە گەڵدا کردوەو هێندێک شتی تایبەتی پێگوتوە، کە چۆن متمانە بکات و لەگەڵ بەنوو ئیسرائیلدا چی بکات و چۆن بکات؟ مەرج نیە ئەو سروش (وحي)ەی خوا بۆ مووسای ناردوە، هەمووی لە دوو توێی تەورات دابووبێ، بەڵام بەنوو ئیسرائیل ئەو کتێبەیان کرا بە میرات و پێیان درا، وەک چۆن میرات دەگاتە دەستی کەسێک بەبێ پێوە ماندووبوون، ئەوانەش ئەو کتێب و بەرنامەیەی خوایان پێگەیشت، تەوراتیش بە مانای شەریعەت دێ.

کە دەفەرموێ: ﴿وَأَوْرَثْنَا بَنِيٓ إِسْرَٰٓءِيلَ ٱلْكِتَٰبَ﴾ (ٱلْكِتَٰبَ) کە (أل)ی ناساندنی لەسەرە، ناساندنەکە بۆ (عهد)ە واتە: کتێبەکەمان بە بەنوو ئیسرائیل دا، ئەو کتێبەی دیارەو زانراوە، کە بریتیە لە تەورات.



كورتە باسێک دەربارەی سەرخستنی خوا بۆ پێغەمبەر و بڕواداران

لێرەدا لەسێ بڕگەدا كورتە باسێكی ئاماژە ئاسا دەكەین لە بارەی ئەو ئایەتە موبارەكەوە كە خوا دەفەرموێ: ﴿ إِنَّا لَنَنصُرُ رُسُلَنَا وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ فِى ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا وَيَوْمَ يَقُومُ ٱلْأَشْهَـٰدُ ﴾، واتە: بە دڵنیایی ئێمە پێغەمبەرانمان (عَلَيْهِمُ الصَّلاَةُ وَالسَّلاَم)و ئەوانەی بڕوایان هێناوە لە ژیانی دنیاشدا سەردەخەین و، لە دواڕۆژیشدا كە شایەدەكان هەڵدەستن و ڕاست دەبنەوە بۆ شایەدیی دان.

١- یەكێک بۆی هەیە بپرسێ: هەندێک لە پێغەمبەران (عَلَيْهِمُ الصَّلاَةُ وَالسَّلاَم) كوژراون و هەندێكیان دەركراون و هەندێكیان گیراون، ئنجا كوا خوا ﷻ چۆنی سەرخستوون؟ هەروەها هەندێک لە بڕواداران لە بەین براون و كوژراون؟!

لەو بارەوە (الطبري) لە تەفسیرەكەی خۆیدا[1]، هەندێ قسە دەكات، پێم خۆش بوو وەک وەڵام و ڕوونكردنەوەی ئەو پرسیارو ئیشكالە، قسانەكانی بێنم، بە تۆزێک شیكردنەوەو ڕوونكردنەوەی خۆشمەوە:

(الطبري) گوتوویەتی: **(كَيْفَ قَالَ تَعَالَى:** ﴿ إِنَّا لَنَنصُرُ رُسُلَنَا وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ فِى ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا ﴾ **غافر، وَقَدْ عَلِمْنَا أَنَّ مِنْهُمْ مَنْ قَتَلَهُ أَعْدَاؤُهُ، وَمَثَّلُوا بِهِ، كَشُعَيَاءِ وَيَحْيَى بْنِ زَكَرِيَّا وَأَشْبَاهِهِمَا، وَمِنْهُمْ مَنْ هَمَّ بِقَتْلِهِ قَوْمُهُ، كَإِبْرَاهِيمَ وَعِيسَى؟!**

الجـــواب:

أ- إِظْفَارُ اللهِ إِيَاهُمْ ظَاهِراً مِثْلُ دَاوُد وَسُلَيْمَان وَمُحَمَّد (عَلَيْهِمُ الصَّلاَةُ وَالسَّلاَم).

ب- إِنْتِقَامُ اللهِ مِمَّنْ حَادَّهُمْ وَشَاقَّهُمْ وإِنْجَاءُ الرُّسُلِ وَأَتْبَاعِهِمْ.

---

(١) جامع البيان: ج٢٤، ص٦٩-٧٠.

ج- **إنْتِقَامُ اللهِ مِنْهُمْ بَعْدَ وَفَاةِ الرُّسُلِ كَمَا فَعَلَ بِقَتْلِه إشْعِيَاء وَيَحيَ (عَلَيْهِمُ الصَّلاَةُ وَالسَّلاَم).**

د- **الإِخْبَارُ عَنِ الجَمْيع وَالمَقْصُود بِه بَعْضُهُمْ وَهُوَ مُحَمَّد ﷺ).**

واتـە: چـۆن خـوای بـەرز فەرموویـەتی: ئێمـە پێغەمبەرانمـان (**عَلَيْهِـمُ الصَّـلاَةُ وَالسَّلاَم**) و ئەوانـەی بڕوایـان هێنـاوە لـە ژیـانی دنیـادا سـەر دەخەیـن و لـەو ڕۆژەشـدا کـە شـایەدەکان هەڵدەسـتن، دەشـزانین کـە هەیانبـووە لـە پێغەمبـەران (**عَلَيْهِـمُ الصَّـلاَةُ وَالسَّـلاَم**) دوژمنـەکانی کوشـتوویانەو، جەستەشـیان شـێواندوە، وەک شـوعەیاء (لـە پەیـمانی کۆنـدا نـووسراوە **ئیشـعیاء**)، هەروەهـا یەحیـای کـوڕی زەکەریـا و هـاو وێنەکانیـان، هەشـیانبووە کـە گەلەکـەی ویسـتوویانە بیکـوژن، وەک: ئیبراهیـم و عیسـا (**عَلَيْهِـما الصَّـلاَةُ وَالسَّـلاَم**)؟!

(پێشەوا (**طبري**) ئاوا چوار وەڵامان دەداتەوە:)

أ- مەبەست لەسەر خستنی خوا بۆ پێغەمبەران (**عَلَيْهِمُ الصَّلاَةُ وَالسَّلاَم**) و بۆ بڕواداران، ئەوەیە کە خوا بە ڕواڵەت سەری خستوون بەسەر دوژمنانیاندا، هەروەک چۆن داوودو سولەیمان (**عليها السلام**) کە حوکمڕانیش بوون و پێغەمبەریش بوون، هەروەها موحەممەد ﷺ کە خوا پێی چەسپاند لە زەویداو دەستڕۆیشتووی کرد، ئنجا مەبەست پێی ئەوانە.

ب- خوا ﷻ تۆڵەی لەوانە ستاندۆتەوە کە دژایەتییان کردوون، پێغەمبەرانی (**عَلَيْهِمُ الصَّلاَةُ وَالسَّلاَم**) دەرباز کردوون، ئەوەنەبووە کە سەریان بخات، بەو واتایە کە بەسەر دوژمنەکاندا سەرکەون، بەڵکو خوا پێغەمبەرانی (**عَلَيْهِمُ الصَّلاَةُ وَالسَّلاَم**) دەربازکردوون و گەلە کافرەکانیشی فەوتاندوون، کە بە زۆریی ئەم حاڵەتە ڕوویداوە، ئەمە هەم بۆ گەلی هوود، کە خوا هوودو ئەوانەی لە گەڵی بوون، دەربازی کردن و گەلی عادی فەوتاند، هەروەها صالیح و ئەوانەی لەگەڵی بوون دەربازی کردن و، گەلی سەموودی فەوتاند، هەروەها لووط و ئەوانەی لەگەڵی بوون دەربازی کردن و گەلەکەی فەوتاند، هەروەها شوعەیب و ئەوانەی لە گەڵی بوون و بڕوایان پێهێنابوو، دەربازی کردن و گەلی

مەدیەن و (**أصحاب الأيكة**)ی فەوتاندن، هەروەها مووسای دەرباز کرد لەگەڵ گەلەکەی و فیرعەون و سوپایەکەی فەوتاند.

ج- حاڵەتی سێیەم ئەوەیە کە خوا لە دوای کۆچی پێغەمبەران (**عَلَيْهِمُ الصَّلاَةُ وَالسَّلاَم**) تۆڵەی ستاندۆتەوە لە دوژمنەکانیان، وەک بکوژەکانی (**إِشْعِيَاء و يَحْيَى**)ی سزادا.

د)- ئەوانە خوا بە گشتیی هەواڵی لە بارەیانەوە داوە، بەڵام مەبەست پێی یەکێکیانە کە موحەممەدە ﷺ.

بەڵام لە ڕاستییدا واباشە، هەر چوار وەڵامەکان بە یەکەوە بێن، ئنجا دابەش دەبن بەسەر حاڵەتە جۆراوجۆرەکانی پشتگرتن و، یارمەتییدان و، سەرخستنی خوا بۆ پێغەمبەران (**عَلَيْهِمُ الصَّلاَةُ وَالسَّلاَم**) کە هەر کامێکیانی بە شێوەیەک لە شێوەکان کە (**الطبري**) باسیکردوە، سەرخستوون.

٢- لەوبارەوە ئەم دوو فەرمودەیەش دێنین:

١)- پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: {**مَنْ رَدَّ عَنْ عِرْضِ أَخِيهِ الْمُسْلِمِ كَانَ حَقًّا عَلَى اللهِ عَزَّ وَجَلَّ أَنْ يَرُدَّ عَنْهُ نَارَ جَهَنَّمَ» ثُمَّ تَلَا:** ﴿إِنَّا لَنَنصُرُ رُسُلَنَا وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ فِى ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا﴾} (**أخرجه أحمد: ٢٧٥٨٣، والترمذي: ١٩٣١، وإبن أبي الدنيا في الصمت: ٢٥٠، وصحَّحَهُ الألباني**)

واتە: هەر کەسێک بەرگریی بکات لە کەرامەت و سومعەی برای مسوڵمانی (دیارە خوشکی مسوڵمانیشی هەر بە هەمان شێوەیە) خوای زاڵی پایەدار لەسەر خۆی پێویستکردوە، ئاگری دۆزەخی لێ دوور بخاتەوە، (لە ڕۆژی دواییدا)، دوایی ئەو ئایەتەی خوێندەوە: ﴿إِنَّا لَنَنصُرُ رُسُلَنَا وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ فِى ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا﴾.

٢)- پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: {**مَنْ حَمَى مُؤْمِنًا مِنْ مُنَافِقٍ يَغْتَابُهُ بَعَثَ اللهُ مَلَكًا يَحْمِي لَحْمَهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ مِنْ نَارِ جَهَنَّمَ، وَمَنْ قَفَّى مُسْلِمًا بِشَيْءٍ يُرِيدُ شَيْنَهُ بِهِ، حَبَسَهُ اللهُ عَلَى جِسْرِ جَهَنَّمَ حَتَّى يَخْرُجَ مِمَّا قَالَ**} (**أخرجه أحمد: ١٥٦٨٧، وأبو داود: ٤٨٨٣، وابن أبي الدنيا: ٢٤٨، والطبراني في الكبير: ٤٣٣، وحسنه الألباني في صحيح سنن أبي داود**).

واتـە: هـەر کەسـێک بڕوادارێـک لـە موونافیقێـک بپارێـزێ کـە غەیبـەتی دەکات، خـوا ڕۆژی دوایـی فریشـتەیەک دەنێـرێ کـە لـە ئاگـر بیپارێـزێ و، هـەر کەسـێک بـاسی مسـوڵمانێک بـکات بـە شـێوەیەک کـە بیـەوێ ناشـیرینی بـکات، خـوا لەسـەر پشـتی دۆزەخ ڕایدەگـرێ، هەتـا لـەوەی گوتوویـەتی: خـۆی دەربـاز دەکات.

واتـە: داخـۆ چ بەڵگەیەکـی بەدەسـتەوە بـووە، یـان هـەروا بـۆ شـکاندنی بـووە، بـە هـەواو ئـارەزووی نەفـسی بـووە؟ ئـەو کاتـەش تـووشی سـزای دەبێـت.

٣- کـە خـوا دەفەرمـوێ: ﴿ وَيَوْمَ يَقُومُ ٱلْأَشْهَـٰدُ ﴾، وەک گوتمـان: (**أَشْـهَاد**) کـۆی (**شَـاهِد**)ە، واتـە: شـایەدییدەر، گەواهییـدەر، ئنجـا ئایـا ئـەو شـایەدانە کێـن کـە شـایەدیی دەدەن؟

زانایان گوتوویانە:

١- پێش هەموو کەس فریشتەکانن کە شایەدیی دەدەن.

٢- دوایی پێغەمبەرانن شایەدیی لەسەر ئۆممەتەکانیان دەدەن.

٣- دوایی بڕوادارانن لە ئۆممەتی موحەممەد ﷺ کە شایەدیی دەدەن لەسەر ئۆممەتەکانی دیکە و دەبنە شایەدو بەڵگەی پێغەمبەران (**عَلَيْهِمُ الصَّلاَةُ وَالسَّلاَم**) کە پێغەمبەران پەیامی خوایان پێگەیاندوون، بەو گەل و نەتەوانە، کاتێک نکوولّیی دەکەن، ئنجا کاتێك خوا لە ئۆممەتی موحەممەد دەپرسێ: بەڵگەتان چییە؟ دەڵێن: بەڵگەمان قورئانە، خوا لە دوا کتێبی خۆیدا، ئێمەی ئاگادارکردۆتەوە کە پێغەمبەران (**عَلَيْهِمُ الصَّلاَةُ وَالسَّلاَم**) بە ڕوونیی پەیامی خوایان گەیاندوە بە کۆمەڵگاکانیان.

٤- لەوانەی کە شایەدیی دەدەن ئەندامەکانی جەستەن، وەک خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ يَوْمَ تَشْهَدُ عَلَيْهِمْ أَلْسِنَتُهُمْ وَأَيْدِيهِمْ وَأَرْجُلُهُم بِمَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ﴿٢٤﴾ ﴾النور، واتە: ئەو ڕۆژە کە زمانیان و دەستیان و لاقیان شایەدییان لەسەر دەدەن، بۆ ئەوەی دەیانکرد.

٥- زانایانی ڕەسەن و شەهیدان و بڕوادارانی بۆ خوا صوڵحاون.

مەسەلەی چوارەم:

فەرمانکردنی خوا بە پێغەمبەر ﷺ کە خۆڕاگر بێ و دڵنیا بێ، بەڵێنی خوا ڕاستەو سەرگەرمی یادی خوا بێ و بشزانێ کە ئەوانەی بەبێ بەڵگە مشتومڕو شەڕە قسە لە دژی ئایەتەکانی خوا دەکەن، خۆ بەزلگرییەک لە سینەیان دا هەیە، پێی ناگەن و بێمراد دەبن:

خوا دەفەرموێ: ﴿ فَٱصْبِرْ إِنَّ وَعْدَ ٱللَّهِ حَقٌّ وَٱسْتَغْفِرْ لِذَنۢبِكَ وَسَبِّحْ بِحَمْدِ رَبِّكَ بِٱلْعَشِيِّ وَٱلْإِبْكَٰرِ ﴿٥٥﴾ إِنَّ ٱلَّذِينَ يُجَٰدِلُونَ فِىٓ ءَايَٰتِ ٱللَّهِ بِغَيْرِ سُلْطَٰنٍ أَتَىٰهُمْ إِن فِى صُدُورِهِمْ إِلَّا كِبْرٌ مَّا هُم بِبَٰلِغِيهِ فَٱسْتَعِذْ بِٱللَّهِ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلْبَصِيرُ ﴿٥٦﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم دوو ئایەتە، لە شەش بڕگەدا:

١)- ﴿ فَٱصْبِرْ إِنَّ وَعْدَ ٱللَّهِ حَقٌّ ﴾، ئنجا خۆت ڕابگرە بە دڵنیایی بەڵێنی خوا ڕاستە.

دوێندراو (**مُخَاطب**)، پێغەمبەری خاتەمە ﷺ: خۆت ڕابگرە بە دڵنیایی بەڵێنی خوا ڕاستە، واتە: چەسپاوەو دێتە دی، کە دەفەرموێ: ﴿ فَٱصْبِرْ ﴾، واتە: خۆت ڕابگرەو، دڵنیابە کە ئێمە سەرخەری تۆین و سەرخەری بڕوادارانێکیشین کە لە خزمەت تۆدان، بۆیە تۆ لەسەر ئەوەی تووشت دێ، خۆڕاگربە، چونکە مسۆگەر سەرکەوتن هی تۆو هی بڕوادارانێکی شوێنکەوتووتە.

٢)- ﴿ وَٱسْتَغْفِرْ لِذَنۢبِكَ ﴾، بۆ گوناهیشت داوای لێبوردن (لە خوا) بکە، پێشتریش باسمانکردوە کە مەبەست لە گوناهی پێغەمبەران (**عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَام**)، ئەو چەمک و واتایەی نیە کە ئێمە بۆ گوناح بەکاری دێنین: گوناح ئەوەیە شتێک بزانی خوا پێی ناخۆشەو بیکەی، پێغەمبەران (**عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَام**) ئەوەندە پابەندبوون بە ئیمانی خۆیانەوەو، ئەوەندە ئیمان لە دڵیاندا چەسپاو بووە، هەرگیز شتێک زانیبیان خوا پێی

ناخۆشە، نەیانکردوەو توخنی نەکەوتوون، بەڵکو گوناهی پێغەمبەران (**عَلَيْهِمُ الصَّلاَةُ وَالسَّلَام**) مەبەست پێی ئەوەیە کە ئیجتیهادو بۆچوونێکیان نەپێکابێ، یان شتێک وایانزانیبێ بەرژەوەندیی تێدایە، بەڵام بەرژەوەندیی تێدا نەبووبێ، یان خوا ﷻ شتێکی پێ چاک بوو بێ و، ئەوان شتێکی دیکەیان هەڵبژاردبێ، وایانزانیبێ باشە، واتە: لە بۆچوون و کۆششکردنەکەیاندا نەیانپێکابێ، یان بڕیارێکیان دابێ، پێش ئەوەی خوا ﷻ سروشیان بۆ بکات و بڕیارەکە پێویستیی بە ڕاستکردنەوە بووبێ.

٣)- ﴿وَسَبِّحْ بِحَمْدِ رَبِّكَ بِٱلْعَشِيِّ وَٱلْإِبْكَٰرِ﴾، بە ستاییشکردنی پەروەردگارتەوە بە پاکی بگرە، ئێواران و بەیانیان، (**العَشِي: آخِرُ النَّهَارِ إلى ابْتِدَاءِ ظُلْمَة اللَّيل**)، (**عشيٌّ**) کۆتایی ڕۆژگارە تاکو سەرەتای تاریکایی شەو، (**والإِبْكَارُ: إِسْمٌ لِبُكْرَةِ النَّهَارِ كَالإصْبَاحِ إِسْمٌ للصَّبَاح**)، (**إِبْكَارُ**)یش ناوە بۆ سەرەتای ڕۆژ، هەروەک چۆن وشەی (**إِصْبَاح**) ناوە بۆ (**صَبَاح**)، بەیانی، بەرەبەیان.

٤)- ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ يُجَٰدِلُونَ فِيٓ ءَايَٰتِ ٱللَّهِ بِغَيْرِ سُلْطَٰنٍ أَتَىٰهُمْ﴾، بە دڵنیایی ئەوانەی مشتومڕو شەڕە قسە دەکەن لە دژی ئایەتەکانی خوا، ئەو مشتومڕو شەڕەقسەشیان پشت ئەستوور نیە بە بەڵگەیەکی ڕوون، کە بۆیان هاتبێ، واتە: لە خواوە بۆیان هاتبێ، واتە: موناقەشە دەکەن، شەڕە قسە دەکەن بەبێ بەڵگەیەکی نەقلیی، بەبێ بەڵگەیەکی وەحیی، کە لە خواوە هەیانبێ لەسەر ئەو قسەیەی دەیکەن، ئا ئەوانە:

٥)- ﴿إِن فِى صُدُورِهِمْ إِلَّا كِبْرٌ مَّا هُم بِبَٰلِغِيهِ﴾، (**إِنْ**) لێرەدا (**إِنْ النَّافِيَة**)یە، واتە: (**مَا فِي صُدُورِهِمْ إِلاَّ كِبْرٌ**)، تەنیا خۆبەزلگریی لە سینەکانیاندا هەیە، کە پێی ناگەن، بەو خۆ بەزلگرییە ناگەن، (**الْكِبْرُ هُوَ: إِدْرَاكُ الْإِنْسَانِ خَوَاطِرَ تُشْعِرُهُ بِأَنَّهُ أَعْظَمُ مِنْ غَيْرِهِ، فَلَا يَرْضَى بِمُسَاوَاتِهِ بَلْهَ مُتَابَعَتِهِ!**)، (**كِبْر**): بریتیە لەوە کە مرۆڤ هێندە خولیای هەبن خولیایەکانی وای بخەنە دڵ کە گەورەترو مەزنترە لە غەیری خۆی، بۆیە ڕازیی نەبێ لەگەڵیشیدا یەکسان بێ، چ جای شوێنکەوتووی بێ.

ئەوانەی دژی پێغەمبەری خاتەم موحەممەد ﷺ بوون، خۆبەزلگرییەکیان لە سینەدا هەبوو، ڕێی لێدەگرتن شوێن پێغەمبەری خاتەم ﷺ بکەون، شوێن ئەو

پەیامە بکەون کە خوا بەودا ناردوویەتی، وەک لە سوورەتی (ص)دا گوتوویانە: ﴿ أَءُنزِلَ عَلَيۡهِ ٱلذِّكۡرُ مِنۢ بَيۡنِنَا ﴿٨﴾ ﴾! واتە: ئایا لەنێو ئێمەدا بیرخەرەوە بۆ سەر ئەو دابەزێنراوە! هەروەها: گوتیان: ﴿ وَقَالُواْ لَوۡلَا نُزِّلَ هَٰذَا ٱلۡقُرۡءَانُ عَلَىٰ رَجُلٖ مِّنَ ٱلۡقَرۡيَتَيۡنِ عَظِيمٍ ﴿٣١﴾ ﴾الزخرف، دەبووایە ئەم قورئانە دابەزیبایە سەر یەکێک لە دوو پیاوە مەزنەکەی دوو شارەکە، واتە: مەککە، یان تائیف، دیارە مەزنیی (عظمة) لە لای ئەوان، ئەوە بووە کە مرۆڤ سەروەت و سامانی هەبێ، دەسەڵاتی هەبێ، قەڕەباڵغیی بە دەورەوە بێ، بەڵام مەزنیی لە لای خوا ﷻ جۆرێکی دیکەیە، ئەوەیە کە ئەو مرۆڤە عەقڵێکی چاک، سرووشتێکی پاک، مەعدەنێکی ساغ، ڕەوشتێکی بەرز، جەوهەرو ماهیەتێکی باشی هەبێ، چونکە زۆر کەس دەتوانێ بە شێوازی ناشەرعیی سەروەت و سامان و دەسەڵات پەیدابکات، بەڵام جەوهەرێکی پاک و، ڕووحێکی چاک و، ڕەوشتێکی بەرزو، عەقڵێکی تەواو و، دڵ و دەروونێکی ڕازاوە، بە ڕەوشتە بەها بەرزەکان، بۆ هەموو کەس دەستەبەرو مسۆگەر نابێ.

کە دەفەرموێ: ﴿ مَّا هُم بِبَٰلِغِيهِ ﴾، (**أي: مَا هُمْ بِبالِغِي مُقْتَضى تَكَبُّرِهِم**)، واتە: ناگەن بەوەی کە خۆبەزلگرییەکەیان دەیخوازێ، خۆ بەزلگرییەکەیان وایدەخواست، ئەو پەیامەی خوا هی ئەوانبێ، یاخود خەڵک بەدوای وان بکەوێ، لەو ڕێیە ناهەقەوە کە پێیدا دەڕۆن.

هەندێکیش گوتوویانە: (**كِبْر**) لێرەدا بە مانای ئیرەیی (**حَسَد**)ە، بەڵام (**كِبْر**) وا ڕاستترە هەر لەسەر مانای ڕواڵەتی خۆی بێ، کە بریتیە لە: (**التَّطَلُّعُ للجَاهِ وَالرِّئَاسَةِ بِغَيْرِ الحَقِّ**)، هەبوونی کەڵکەڵەی سەرۆکایەتیی و حوکمڕانیی لە کەللەدا، بە ناهەق و بەبێ شایستەیی.

٦)- ﴿ فَٱسۡتَعِذۡ بِٱللَّهِۖ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلۡبَصِيرُ ﴾، دەجا تۆ پەنا بە خوا بگرە، بێگومان هەر ئەوە بیسەری بینەرە، کە دەفەرموێ: ﴿ فَٱسۡتَعِذۡ بِٱللَّهِ ﴾، (**حُذِفَ**

مُتَعَلَّقُ اسْتَعِذْ، لِقَصْدِ تَعْمِيْمِ الإِسْتِعَاذَةِ مِنْ كُلِّ مَا يُخَافُ)، ئەوەی (استعذ) پێوەی پەیوەستە قرتێنراوە، (نەیفەرمووە: (فَاسْتَعِذْ بِاللہ) پەنا بە خوا بگرە لە چی؟) تاکو مانایەکەی گشتیی بێ و، پەنا بە خوا گرتنەکە هەرشتێک بگرێتەوە کە جێگای مەترسیی بێت، واتە: پەنا بە خوا بگرە لە هەر شتێک کە جێگای مەترسییە، هەر شتێک کە پێت وایە زیانێک لەو شتەوە بە تۆ دەگات، پەنای لێ بە خوا بگرە.



مەسەلەی پێنجەم:

خـوا ﷻ ڕایدەگەیەنـێ کـە دروسـتکردنی گـەردوون لـە دروسـتکردنی خەڵـک گەورتـرو قورسـترەو، بـڕوادارانی کـردار چاکـی بینـەرو، بێبڕوایـانی کوێـرو کوتـری خراپـەکار یەکسـان نیـن و، بـە سـزاو پاداشـتی پـڕ بـە پێسـت گەیشـتنی هەمـوو لایـەک، گومـانی تێدانیـەو، پەروەردگاریـش فەرمـانی کـردوە کـە مرۆڤـەکان لێـی وەپاڕێـن و بـە مسـۆگەریی وەڵامیشـیان دەداتـەوە، خۆبەزلگرانیـش لـە بەرانبـەر پەرسـتنی خـوادا، بـە زەبوونیـی دەچنـە دۆزەخـەوە:

خـوا دەفەرمـوێ: ﴿ لَخَلْقُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ أَكْبَرُ مِنْ خَلْقِ ٱلنَّاسِ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ ﴿٥٧﴾ وَمَا يَسْتَوِى ٱلْأَعْمَىٰ وَٱلْبَصِيرُ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّٰلِحَٰتِ وَلَا ٱلْمُسِىٓءُ ۚ قَلِيلًا مَّا تَتَذَكَّرُونَ ﴿٥٨﴾ إِنَّ ٱلسَّاعَةَ لَءَاتِيَةٌ لَّا رَيْبَ فِيهَا وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يُؤْمِنُونَ ﴿٥٩﴾ وَقَالَ رَبُّكُمُ ٱدْعُونِىٓ أَسْتَجِبْ لَكُمْ ۚ إِنَّ ٱلَّذِينَ يَسْتَكْبِرُونَ عَنْ عِبَادَتِى سَيَدْخُلُونَ جَهَنَّمَ دَاخِرِينَ ﴿٦٠﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە نۆ بڕگەدا:

١)- ﴿ لَخَلْقُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ أَكْبَرُ مِنْ خَلْقِ ٱلنَّاسِ ﴾، بە دڵنیایی دروستکردنی ئاسمانەکان و زەوی (گەردوون بەسەرو خواریەوە) لە دروستکردنی خەڵکی گەورەترە.

ئەمە بە دوو واتایان دێ:

یەکەم: (إِبْدَاعُ اللهِ السَّمَواتِ وَالأَرْضِ أَعْظَمُ مِنْ إِبْدَاعِ النَّاسِ مِنْ لَا شَيء)، پەیداکردن و داهێنانی خوا بۆ ئاسمانەکان و زەوی، لە پەیداکردن و داهێنانی خەڵک لە هیچ، گەورەترە، واتە: دروستکردنی گەردوون گەورەترە لە دروستکردنی مرۆڤان.

دووەم: (**خَلْقُ اللهِ الكَوْن أعْظَمُ مِنْ إعَادَةِ خَلْقِ النَّاسِ أَحْيَاءً**)، دروستكردنی خوا بۆ گەردوون مەزنترە لە دووبارە دروستكردنەوەی خەڵك و زیندووكردنەوەیان دوای ئەوەی دەمرن.

٢)- ﴿ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ ﴾، بەڵام زۆربەی خەڵكی نازانن، واتە: ئەو ڕاستییە نازانن كە ئەو گەردوونەی خوا، ئەو موڵكەی خوا چەند فراوانە، چەند زەبەلاحە، ئەگەر زانیبایان خوا چی خوڵقاندوە، شارەزاییان بە موڵكی فراوانی خواو زانیاریی و دەستەڵاتی بێ سنووری خوا، قەناعەتی پێدەهێنان كە دەتوانێ دوای مردنیان زیندوویان بكاتەوە.

٣)- ﴿ وَمَا يَسْتَوِي ٱلْأَعْمَىٰ وَٱلْبَصِيرُ ﴾، كوێرو بینەر یەكسان نین، مەبەست لە كوێر بێبڕوایەو، مەبەست لە بینەر بڕوادارە.

٤)- ﴿ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ وَلَا ٱلْمُسِيٓءُ ﴾، هەروەها ئەوانەی بڕوایان هێناوەو كردەوە باشەكانیان كردوون و، خراپەكاریش.

واتە: چاكەكار لەگەڵ خراپەكاردا یەكسان نین و وەك یەك نین، كەواتە: دەبێ ڕۆژی دوایی هەبێ، دەبێ ڕۆژی گەیشتن بە سزاو پاداشتی مرۆڤەكان هەبێ.

٥)- ﴿ قَلِيلًا مَّا تَتَذَكَّرُونَ ﴾، بە كەمیی بیر دەكەنەوەو پەند وەردەگرن، خوێنراویشەتەوە: (**تَذَّكَّرُوْن**)، بە كەمیی پەند وەردەگرن، یان: بە كەمیی ڕاستییەكان دێننەوە بیرخۆتان.

كە دەفەرموێ: دروستكرانی ئاسمانەكان و زەوی لە دروستكردنی خەڵك گەورەترە، چ مەبەست پێی هێنانەدییان بێ، چ مەبەست دووبارە كردنەوەیان و زیندووكردنەوەیان بێ، (بەڵام زۆربەی خەڵكی نازانن)، هەروەها كە دەفەرموێ: كوێرو بینەر وەك یەك نین و، ئەوانەی بڕوایان هێناوەو كردەوە باشەكان دەكەن، لەگەڵ خراپەكاردا وەك یەك نین، ئەمە هەمووی بەڵگە هێنانەوەیە لەسەر هەبوونی سزاو پاداشت و، هەبوونی ڕۆژی دوایی، بۆیە دوایی یەكسەر دەفەرموێ:

٦)- ﴿إِنَّ ٱلسَّاعَةَ لَأَتِيَةٌ لَّا رَيْبَ فِيهَا﴾، کاتی دیارییکراو (ی ئاخیر زەمان یان قیامەت) هاتوویە هیچ دوو دڵیی تێدا نیە.

(ٱلسَّاعَةَ)، ئەو کاتەی کە ئەم گەردوونەی تێدا بە کۆتا دێ، ئاخیر زەمان، یاخود: (ٱلسَّاعَةَ)، مەبەست پێی کاتی زیندووکرانەوەی مرۆڤەکانە، قیامەت و هەڵسانەوەیان زیندووکرانەوەیان، دێ، هیچ دوو دڵیی تێدانیە، کە دەفەرموێ: هیچ دوو دڵیی تێدانیە یانی: شایستە نیە کە کەس تێیدا دوو دڵ بێ و تێیدا لە گوماندابێ، ئەگەرنا خەڵک هەیە بڕوای پێی نیە، بەڵام واتە: شایستەی دوو دڵیی نیە، ئەگەر ئینسان بە عەقڵ تەماشا بکاو، تەماشای گەردوون بکات و، تەماشای خۆی بکات و، تەماشای پەیامەکانی خوا بکات، دڵنیایی بۆ دروست دەبێت، کە ناگونجێ هیچ دوو دڵییەک لە بارەی هاتنی ڕۆژی دواییەوە هەبێ.

٧)- ﴿وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يُؤْمِنُونَ﴾، بەڵام زۆربەی خەڵکی بڕواناهێنن، ئەم بەڵامە [بەڵام لە عەرەبییدا (لكن)ی (إِسْتِدْرَاك)ە] بۆ ڕوونکردنەوەی ئەوەیە کە بۆچی زۆربەی خەڵکی بڕوا ناهێنن؟ لەبەر ئەوەی نایانەوێ بڕوابهێنن، ﴿وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يُؤْمِنُونَ﴾، زۆربەی خەڵک نایانەوێ بڕوابهێنن، ئەگەرنا پەکیان لەسەر بەڵگەو دەلیل نەکەوتوە، کەواتە: لێرەدا خوا ﷻ سێ بەڵگەی هێناونەوە، لەسەر هەبوونی ڕۆژی دوایی و، هاتنی ڕۆژی سزاو پاداشت:

١- دروستکرانی ئاسمانەکان و زەوی لە دروستکرانی خەڵک گەورەترە.

٢- بڕوادارو بێبڕوا وەک یەک نین، وەک چۆن بینەرو کوێر وەک یەک نین.

٣- ئەوانەی بڕوایان هێناوەو کردەوە باشەکان دەکەن، لەگەڵ کەسێک کە بێبڕوایەو خراپەکارە، وەک یەک نین.

کەواتە: پێویستە گەردوون و ژیانی مرۆڤ، ئامانجدار بێ و حیکمەتی لە پشتەوە بێ و، بەبێ هەبوونی ڕۆژی دوایی و سزاو پاداشتیش، ئەو حیکمەت و ئامانجە نایەتە دی.

٨)- ﴿ وَقَالَ رَبُّكُمُ ٱدۡعُونِيٓ أَسۡتَجِبۡ ﴾، پەروەدگارتان فەرموویەتی: لێم وەپاڕێن، داوام لێ بکەن، وەڵامتان دەدەمەوە.

لەو بارەوە ئەم لە فەرمایشتە هەیە: {عَنِ النُّعْمَانِ بْنِ بَشِيرٍ رَضِيَ اللهُ عَنْهُمَا، أَنَّ رَسُولَ اللهِ ﷺ قَالَ: إِنَّ الدُّعَاء هُوَ الْعِبَادَةُ ثُمَّ قَرَأَ: ﴿ وَقَالَ رَبُّكُمُ ٱدۡعُونِيٓ أَسۡتَجِبۡ لَكُمۡۚ إِنَّ ٱلَّذِينَ يَسۡتَكۡبِرُونَ عَنۡ عِبَادَتِي سَيَدۡخُلُونَ جَهَنَّمَ دَاخِرِينَ ٦٠ ﴾غافر}
(أخرجه أحمد: ١٨٣٧٨، تعليق شعيب الأرنؤوط: إسناده صحيح، والترمذي: ٣٣٧٢، وأبو داود: ١٤٧٩، وإبن ماجه: ٣٨٢٨، والبخاري في الأدب المفرد: ٧١٤، واللفظ لأحمد).

واتە: نوعمانی کوڕی بەشیر (خوا لێیان ڕازی بێ)، دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: پاڕانەوە بریتیە لە خواپەرستیی، پاشان ئەم ئایەتەی خوێندەوە: ﴿ وَقَالَ رَبُّكُمُ ٱدۡعُونِيٓ أَسۡتَجِبۡ لَكُمۡۚ إِنَّ ٱلَّذِينَ يَسۡتَكۡبِرُونَ عَنۡ عِبَادَتِي سَيَدۡخُلُونَ جَهَنَّمَ دَاخِرِينَ ٦٠ ﴾غافر.

٩)- ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ يَسۡتَكۡبِرُونَ عَنۡ عِبَادَتِي لَكُمۡ سَيَدۡخُلُونَ جَهَنَّمَ دَاخِرِينَ ﴾، بە دڵنیایی ئەوانەی لە بەرانبەر پەرستنی مندا خۆیان بە زل دەگرن، بێگومان بەزەبوونیی و داماویی دەچنە نێو دۆزەخەوە. (سَيَدۡخُلُونَ) دەچن، خوێنراویشەتەوە: **(سَيُدْخَلُونَ جهنَّم داخِرِين)** دەخرێنە دۆزەخەوە بە زەبوونیی و سەر شۆڕیی، (دَاخِرِينَ) کۆی **(دَاخِر)**ە، واتە: داماوو زەبوون و تێکشکاو، ئنجا کۆی ئەوەی ڕابرد یانی: مادام ڕۆژی دوایی دێ، هیچ جێی دوو دڵیی نیە کەواتە: خوا بەیەکبگرن و تەنیا خوا بپەرستن ﷻ، تەنیا لەو بپاڕێنەوە، هەروەها تەنیا بەندایەتیی بۆ وی بکەن، شایانی باسە: ئێمە لە تەفسیری سوورەتی **(الأعراف)** ئایەتەکانی: (٥٥ و ٥٦)دا، باسێکی تایبەتمان لە بارەی پاڕانەوەوە کردوە، لەوێ وردەکاریی زۆرمان باسکردوە و، لێرە بە پێویستیی نازانین دووبارەی بکەینەوە.

سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ، أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ، أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ.



دەرسی پێنجەم




AliBapir
AliBapir

پێناسەی ئەم دەرسە

ئـەم دەرسـەمان شـازدە (١٦) ئایـەت دەگرێتـە خـۆی، ئایەتـەکانی: (٦١ - ٧٦)، تـەوەری سـەرەکییان بـاسی خواناسـییە، بـە تێکهەڵکێـش لەگـەڵ بـاسی قیامـەت و ڕۆژی دوایـی و، سـەرەنجامی شـوومی بێبڕوایـان لـەو ڕۆژەدا، لـە بـواری خواناسـییش دا، بـاسی ژمارەیەکـی بەرچـاو لـە چاکـەو نیعمەتـەکانی خـوا لـە ژیـانی بەشـەردا کـراوە، وەک:

دیـاردەی شـەوگارو ڕۆژگار، کـردنی زەوی بـە نشـینگەیەکی ئـارام و گێـڕانی ئاسـمان بەسـەربان و، چـاک وێنەکێشـانی مرۆڤـان و، پێدانیـان لـە بژیـوە خـۆش و بـە سـوودەکان..

هەروەهـا دروسـتکردنی مرۆڤـان - وەک جەسـتەکەیان و سـەرەتا جەسـتەی بابیـان ئـادەم - لـە خـاک و، دواتـر هێنانـە دی وەچـەی ئـادەم بـە چەنـدان قۆناغـی یـەک لـە دوای یـەک: نوتفـە، خوێنپـارە، منـداڵ، گەنـج، پیـر...

وێـڕای ڕوونکردنـەوەی هـۆکاری ئـەو سـەرەنجامە شـوومەیان، کـە بێبڕوایـی و خـۆ بەزلگریـی و فیـزو کەشـخەکردن بـووە لـە زەوی داو، خۆڕانـان و خۆسـەپاندن بـۆ بەسـەر بەنـدەکانی خـوادا.

﴿ ٱللَّهُ ٱلَّذِى جَعَلَ لَكُمُ ٱلَّيْلَ لِتَسْكُنُوا۟ فِيهِ وَٱلنَّهَارَ مُبْصِرًا ۚ إِنَّ ٱللَّهَ
لَذُو فَضْلٍ عَلَى ٱلنَّاسِ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَشْكُرُونَ ﴿٦١﴾ ذَٰلِكُمُ
ٱللَّهُ رَبُّكُمْ خَٰلِقُ كُلِّ شَىْءٍ لَّآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ۖ فَأَنَّىٰ تُؤْفَكُونَ ﴿٦٢﴾ كَذَٰلِكَ يُؤْفَكُ
ٱلَّذِينَ كَانُوا۟ بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِ يَجْحَدُونَ ﴿٦٣﴾ ٱللَّهُ ٱلَّذِى جَعَلَ لَكُمُ ٱلْأَرْضَ قَرَارًا

وَٱلسَّمَآءَ بِنَآءً وَصَوَّرَكُمْ فَأَحْسَنَ صُوَرَكُمْ وَرَزَقَكُم مِّنَ ٱلطَّيِّبَٰتِۚ ذَٰلِكُمُ
ٱللَّهُ رَبُّكُمْۖ فَتَبَارَكَ ٱللَّهُ رَبُّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿٦٤﴾ هُوَ ٱلْحَىُّ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا
هُوَ فَٱدْعُوهُ مُخْلِصِينَ لَهُ ٱلدِّينَۗ ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿٦٥﴾ قُلْ إِنِّى نُهِيتُ أَنْ
أَعْبُدَ ٱلَّذِينَ تَدْعُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ لَمَّا جَآءَنِىَ ٱلْبَيِّنَٰتُ مِن رَّبِّى وَأُمِرْتُ أَنْ أُسْلِمَ لِرَبِّ
ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿٦٦﴾ هُوَ ٱلَّذِى خَلَقَكُم مِّن تُرَابٍ ثُمَّ مِن نُّطْفَةٍ ثُمَّ مِنْ عَلَقَةٍ ثُمَّ يُخْرِجُكُمْ
طِفْلًا ثُمَّ لِتَبْلُغُوٓا۟ أَشُدَّكُمْ ثُمَّ لِتَكُونُوا۟ شُيُوخًاۚ وَمِنكُم مَّن يُتَوَفَّىٰ مِن
قَبْلُۖ وَلِتَبْلُغُوٓا۟ أَجَلًا مُّسَمًّى وَلَعَلَّكُمْ تَعْقِلُونَ ﴿٦٧﴾ هُوَ ٱلَّذِى يُحْىِۦ وَيُمِيتُۖ فَإِذَا
قَضَىٰٓ أَمْرًا فَإِنَّمَا يَقُولُ لَهُۥ كُن فَيَكُونُ ﴿٦٨﴾ أَلَمْ تَرَ إِلَى ٱلَّذِينَ يُجَٰدِلُونَ فِىٓ ءَايَٰتِ ٱللَّهِ
أَنَّىٰ يُصْرَفُونَ ﴿٦٩﴾ ٱلَّذِينَ كَذَّبُوا۟ بِٱلْكِتَٰبِ وَبِمَآ أَرْسَلْنَا بِهِۦ رُسُلَنَاۖ فَسَوْفَ
يَعْلَمُونَ ﴿٧٠﴾ إِذِ ٱلْأَغْلَٰلُ فِىٓ أَعْنَٰقِهِمْ وَٱلسَّلَٰسِلُ يُسْحَبُونَ ﴿٧١﴾ فِى ٱلْحَمِيمِ ثُمَّ فِى
ٱلنَّارِ يُسْجَرُونَ ﴿٧٢﴾ ثُمَّ قِيلَ لَهُمْ أَيْنَ مَا كُنتُمْ تُشْرِكُونَ ﴿٧٣﴾ مِن دُونِ ٱللَّهِۖ قَالُوا۟
ضَلُّوا۟ عَنَّا بَل لَّمْ نَكُن نَّدْعُوا۟ مِن قَبْلُ شَيْـًٔاۚ كَذَٰلِكَ يُضِلُّ ٱللَّهُ ٱلْكَٰفِرِينَ ﴿٧٤﴾ ذَٰلِكُم
بِمَا كُنتُمْ تَفْرَحُونَ فِى ٱلْأَرْضِ بِغَيْرِ ٱلْحَقِّ وَبِمَا كُنتُمْ تَمْرَحُونَ ﴿٧٥﴾ ٱدْخُلُوٓا۟ أَبْوَٰبَ
جَهَنَّمَ خَٰلِدِينَ فِيهَاۖ فَبِئْسَ مَثْوَى ٱلْمُتَكَبِّرِينَ ﴿٧٦﴾

مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان

{خوا کەسێکە شەوگاری بۆ والێکردوون کە پشووی تێدا بدەن و ڕۆژگاریشی (بۆ ڕووناک کردوون و) گێڕاوە بە بینەر، بە دڵنیایی خوا خاوەن چاکەیە بەسەر خەڵکەوە، بەڵام زۆربەی خەڵکی سوپاسگوزاریی (بۆ خوا) ناکەن ﴿٦١﴾ ئا ئەو خوایەتان پەروەردگارتانە بەدیهێنەری هەموو شتێکە، جگە لەو هیچ پەرستراوێک (ی ڕاست) نیە، کەواتە: بەرەو کوێ لادەدرێن! ﴿٦٢﴾ ئەوانەی نکووڵیی لە ئایەتەکانی خوا دەکەن، بەو شێوەیە لادەدرێن! (کە زۆر سەرسوڕهێنەرە!) ﴿٦٣﴾ خوا کەسێکە، زەوی بۆ گێڕاون بە نشینگەو، ئاسمانیش بەسەربان و، وێنەی کێشاون و وێنەکانتانی باش کێشاون و، لە بژیوە خۆش و چاکەکانی بۆ ڕەخساندوون، ئا ئەو خوایەتان پەروەردگارتانەو بەرزو بەپێزە، خوای پەروەردگاری جیهانییان ﴿٦٤﴾ ئەو (خوا) زیندوویە، جگە لەو هیچ پەرستراوێک نیە، دەجا بە ملکەچیی ساغکردنەوەوە لێی وەپاڕێن، ستاییش بۆ خوای پەروەردگاری جیهانییان ﴿٦٥﴾ بڵێ: من قەدەغەکراوم، دوای ئەوە بەڵگە ڕۆشنەکانم لە پەروەردگارمەوە بۆ هاتوون، ئەوانە بپەرستم کە جگە لە خوا لێیان دەپاڕێنەوە، هەروەها فەرمانم پێکراوە کە بۆ پەروەردگاری جیهانییان ملکەچ بکەم ﴿٦٦﴾ (خوا) ئەو کەسەیە کە (سەرەتا) لە گڵ دروستی کردوون، دوایی لە نوتفە، دوایی لە خوێنپارە، دوایی بە منداڵ (لە سکی دایکتان) دەرتان دێنێ، (دوایی گەشەتان پێدەدات) تاکو بتانگەیەنێتە ئەوپەڕی هێزو پێزتان، دوایی (دەتانژێنێ) تاکو دەبنە بە ساڵداچوو، هەشتانە پێشتر دەمرێنرێ و (دەتانژێنێ) تاکو دەگەنە کاتی ناوبراو (ئەوەمان بۆ ڕوونکردنەوە) بەڵکو تێبگەن ﴿٦٧﴾ ئەو (خوا) کەسێکە دەژیەنێ و دەمرێنێ، ئنجا هەر کات بڕیاری کارێکی دا، تەنیا پێی دەفەرموێ: ببە، یەکسەر دەبێ ﴿٦٨﴾ ئایا ئەوانەت نەدیون کە لە بارەی ئایەتەکانمانەوە مشتومڕ دەکەن،

بەرەو كوێ لادەدرێن! ﴿٦٩﴾ ئەوانەی كتێب (ی خوا) بە درۆ دادەنێن، هەروەها ئەوەی پێغەمبەرانی خۆمانمان پێ ڕەوانەكردوە، لەمەودوا دەزانن (چ سەرەنجامێكی شوومیان هەیە!) ﴿٧٠﴾ كاتێك كۆت و زنجیرەكان لە گەردنەكانیاندا دەبن و ڕادەكێشرێن ﴿٧١﴾ (بە نێو) ئاوی گەرم و داغدا، دوایی لە ئاگردا دادەگیرسێنرێن ﴿٧٢﴾ دوایی پێیان گوترا: كوا ئەوەی دەتانكردە هاوبەش ﴿٧٣﴾ (ئەوەی) جگە لە خوا (دەتانپەرست)؟! گوتیان: لێمان ونبوون، بەڵكو پێشتر لە هیچ شتێك نەدەپاڕاینەوە، بەو شێوەیە خوا بێبڕوایان گومڕا دەكات ﴿٧٤﴾ ئەم (سزاو سەرەنجامە شووم)ەتان (ئەی بێبڕوایەكان!) بە هۆی ئەوەوەیە كە لەسەر زەوی بە ناهەق شادمان دەبوون و، بە هۆی ئەوەوەیە كە فیزو كەشخەتان دەكرد ﴿٧٥﴾ بچنە دەروازەكانی دۆزەخەوە بە هەمیشەیی تێیاندا دەبن (دۆزەخیش) خراپترین پشووگای خۆبەزلگرانە ﴿٧٦﴾ دەجا (ئەی موحەممەد!) خۆت ڕابگرە، بێگومان بەڵێنی خوا ڕاست و چەسپاوە، ئنجا ئەگەر هەندێك لەوەی گفتیان پێدەدەین، پێشانت بدەین، یان بتمرێنین، تەنیا بۆ لای ئێمە دەگێڕدرێنەوە.



شیكردنەوەی هەندێک لە وشەكان

(تُؤْفَكُونَ): (أي: تُصْرَفُون) لادەدرێن، (الإفْكُ: كُلُّ مَصْرُوفٍ عَنْ وَجْهِهِ الَّذِي يَحِقُّ أَنْ يَكُونَ عَلَيْهِ)، (إفْك): بریتیە لە هەرشتێک كە لەو ڕووە ڕاست و هەقەی كە دەبوو لەسەری بێ، لادرابێ، ڕووی پێكرابێتە شتێكی دیكە، یاخود بە جۆرێكی دیكەی لێكرابێ كە ناهەقە.

(يَجْحَدُونَ): نكوولێیدەكەن، (الجَحْدُ: نَفِي مَا فِي القَلْبِ إثْبَاتُهُ، وَإِثْبَاتُ مَا فِي القَلْبِ نَفِيه)، (جَحْد): بریتیە لەوەی شتێک لە دڵدا چەسپاوە، تۆ لایبەری، یاخود شتێک لە دڵدا لابراوە، تۆ بیچەسپێنی، واتە: وا پێشان بدەی كە بڕوات پێیەتی و بڕوات پێ نەبێ، یان وا پێشاندەی كە بڕوات پێی نیەو، بڕواشت پێی هەبێ.

(قَرَارًا): (قَرَّ فِي مَكَانِهِ، يَقَرُّ قَرَاراً: أي ثَبَتَ ثُبُوتاً جَامِداً وَأَصْلُهُ مِنَ القُرِّ وَهُوَ البَرْد)، (قَرَّ فِي مَكَانِه) واتە: لە شوێنی خۆی چەسپا، (يَقَرُّ قَرَاراً) واتە: دەچەسپێ، چەسپان، (أي: ثَبَتَ ثُبُوتاً جَامِداً) شتێک كە لە شوێنێک بچەسپێ و نەجووڵێ، لە ڕیشەشدا لە (قُرّ)ەوە هاتوە، یانی: ساردیی، لەبەر ئەوەی سەرماو ساردیی و بەستن، هۆكاری نەجووڵانەو، گەرمیی هۆكاری جووڵانە.

(بِنَاءً): (البِنَاءُ: إسْمُ لِمَا يُبْنِى بِنَاءً)، (بِنَاء) ناوە بۆ هەر شتێک كە دروست بكرێ، دەشگونجێ بە مانای سەربانیش بێ.

(فَتَبَارَكَ): واتە: بەرزو بە پێزە، (البَرَكَةُ: ثُبُوتُ الخَيْرُ الإلَهِي فِي الشَّيء، وَالمُبَارَكَةُ مَا فِيْهِ ذِلِكَ الخَيْرُ، وَتَبَارَكَ: كَثُرَ خَيْرُهُ)، (بَرَكَة): بریتیە لە چەسپانی پێزی خوایی لە شتێكدا، (مُبَارَكَة) ئەو شتەیە كە ئەو خێرو هێزو پێزی تێدابێ، (وَتَبَارَكَ) واتە: خێری زۆرەو بەپێزە.

(أَشُدَّكُمْ): (أَشُد) یان كۆی (شِدَّة)ەیە، یاخود هەر ناوە، (أَشُدّ) بە مانای ئەوپەڕی تواناو تاقەت و هێزو پێزە.

(ٱلْأَغْلَٰلُ): كۆی (غُلّ)ە، (الغُلّ: مُخْتَصٌّ لِمَا يُقَيَّدُ بِهِ فَتُجْعَلُ الأَعْضَاءُ فِي وَسْطِهِ)، (غُلّ): شتێكە كە ئەندامێك دەخرێتە نێو قەدی، بە كوردیی كۆتی پێ دەڵێن، كە زیاتر لە گەردن دەكرێ، هەندێك زاناش (غُلّ)یان بۆ كەلەپچەی دەست و پێش بەكارهێناون.

(وَٱلسَّلَٰسِلُ): (تَسَلْسَلَ الشَّيءُ: اضْطَرَب)، (سَلَاسِل) كۆی (سِلْسِلَة)یە واتە: زنجیر، (تسَلْسَلَ) واتە: ئەو شتە جووڵا، یاخود بە دوای یەكداهات.

(يُسْحَبُونَ): واتە: ڕادەكێشرێن، (السَّحْبُ: الجَرُّ كَسَحْبِ الذَّيْل)، (سَحْب) بریتیە لە ڕاكێشان وەك چۆن شتێك كلكی ڕادەكێشێ.

(يُسْجَرُونَ): واتە: دادەگیرسێنرێن، (السَّجْرُ: تَهْيِيجُ النَّارِ، سَجَرْتُ التَّنُّوْرَ)، (سَجْر): بریتیە لە داگیرساندنی ئاگر، خۆشكردنی ئاگر، دەگوترێ: تەندوورەكەم گڕدا، دامگیرساند.

(ٱلْحَمِيمِ): (أي: المَاءُ الشَّدِيْدَة الحَرَارَةَ)، (حَمِيْم): ئاوێكە زۆر گەرم بێ، واتە: ئاوێكی گەرم و داغ و كوڵیو.

(تَفْرَحُونَ): (الفَرَحُ: إنْشِرَاحُ الصَّدْرِ بِلَذَّةِ عَاجِلَة، وَأَكْثَرُ مَا يَكُونُ ذَلِكَ فِي اللَّذَّاتِ البَدَنِيَّةِ والدُّنْيَوِيَّة)، (فَرَح): بریتیە لە سینە گوشادبوون بە چێژێكی بەپەلە، كە بە زۆریی لە بارەی چێژە جەستەییەكان و چێژە دنیاییەكانەوە، ئەم وشە بەكاردێ.

بەڵام وەك پێشتریش گوتوومە: (فَرَح) بریتیە لە ئەوپەڕی دڵخۆشیی، هەربۆیە خوا ﷻ (فَرَح)ی لە هەموو شوێنەكاندا سەركۆنەو زەمكردوە، مەگەر لە شتێكدا كە بهێنێ و، شایستەی بێ، وەك دەفەرموێ: ﴿ قُلْ بِفَضْلِ ٱللَّهِ وَبِرَحْمَتِهِۦ فَبِذَٰلِكَ فَلْيَفْرَحُوا۟ هُوَ خَيْرٌ مِّمَّا يَجْمَعُونَ ﴿٥٨﴾ ﴾يونس، واتە: بڵێ با بە بەخششی خواو

بە بەزەیی خوا، هەر بەوە زۆر دڵخۆش بن، واتە: بە شتی دیکە زۆر دڵخۆش نەبن.

هەروەها لە بارەی سەرکەوتنی مسوڵمانانەوە دەفەرموێ: ﴿وَيَوْمَئِذٍ يَفْرَحُ ٱلْمُؤْمِنُونَ ﴿٤﴾ بِنَصْرِ ٱللَّهِ يَنصُرُ مَن يَشَآءُ وَهُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلرَّحِيمُ ﴿٥﴾﴾ الروم، واتە: ئەو ڕۆژە بڕواداران زۆر دڵخۆش دەبن بە سەرخستنی خواو یارمەتییدانی خوا بۆیان، کەواتە: (فَرَح) واتە: (أَشَدُّ السُّرُور) زۆر دڵخۆش بوون.

(تَمْرَحُونَ): (المَرَحُ: شِدَّةُ الفَرَحِ وَالتَّوَسُّعُ فِيْهِ: ﴿وَلَا تَمْشِ فِى ٱلْأَرْضِ مَرَحًا ﴿١٨﴾﴾ وَمَرْحَى: كَلِمَةُ التَعَجُّب)، (مَرَح): بریتییە لە زۆر دڵخۆش بوون و فراوانیی کردن لە دڵخۆشییدا، کە دەفەرموێ: ﴿وَلَا تَمْشِ فِى ٱلْأَرْضِ مَرَحًا ﴿١٨﴾﴾ لقمان، واتە: زۆر بە دڵخۆشیی بە زەویدا مەڕۆ، (مَرْحَى): وشەیەکە بۆ سەرسوڕمان.

بەڵام وەک دوایی لە مەسەلە گرنگەکاندا باسی دەکەین، لە ڕاستییدا (تَمْرَحُونَ) واتە: دەرکەوتنی ئەو شادمانییەو خۆشحاڵییە زۆرە بە شتی دنیایی، لە جەستەی مرۆڤدا، لە هەڵسوکەوتەکانیدا، فیزو کەشخەکردن، خۆ بادان و، خۆڕانان، (مَرَح) ئەوەیە.

(مَثْوَى): (ثَوَى بِالمَكَانِ: أَقَامَ وَاسْتَقَرَّ، وَالمَثْوَى: المُسْتَقَرّ)، (ثَوَى بِالمَكَانِ) واتە: لە شوێنەکە جێگیربوو، نیشتەجێ بوو، (مَثْوَى) واتە: نشینگە، ئەو شوێنەی مرۆڤ تێیدا نیشتەجێ دەبێ و قەرار دەگرێ.

مانای گشتیی ئایەتەکان

خـوا ﷻ لـەم شـازدە (١٦) ئایەتـەدا، جارێکـی دیکـە کۆمەڵـێ لـە چاکـەو نیعمەتـەکانی خـۆی دەخاتـەڕوو، هەروەهـا لەمیـانی خسـتنەڕووی ئـەو چاکـەو نیعمەتانـەی خۆیـدا، زیاتـر پەروەردگارێتیـی خـۆی و پەرستراوێتـیی خـۆی بـۆ ئێمـە دەخاتـەڕوو، کـە هـەر ئـەو شایسـتەی ئەوەیـە بـە پـەروەدگارو پەرسـتراو بگیـرێ و بەندایەتیـی بـۆ بکـرێ.

دەفەرمـوێ: ﴿ ٱللَّهُ ٱلَّذِى جَعَلَ لَكُمُ ٱلَّيْلَ لِتَسْكُنُوا۟ فِيهِ ﴾، خـوا ئـەو کەسـەیە شـەوگاری بـۆ والێکـردوون کـە تێیـدا پشـوو بـدەن، ئـارام بگـرن و بخـەون، ﴿ وَٱلنَّهَارَ مُبْصِرًا ﴾، ڕۆژگاریـشی بـۆ کـردوون بـە بینـەر، دیـارە ڕۆژگار خـۆی نابینـێ، مرۆڤـەکان تێیـدا دەبینـن، بـەڵام بـۆ زێدەڕۆییکـردن لـەوەدا کـە ڕۆژگار زۆر ڕووناکـە، وەک خـۆی ببینـێ، ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ لَذُو فَضْلٍ عَلَى ٱلنَّاسِ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَشْكُرُونَ ﴾، بـە دڵنیایـی خـوا خـاوەن بەخششـە، خـاوەن چاکەیـە بەسـەر خەڵکـەوە، بـەڵام زۆربـەی خەڵکـی سوپاسـگوزاریی ناکـەن.

﴿ ذَٰلِكُمُ ٱللَّهُ رَبُّكُمْ خَٰلِقُ كُلِّ شَىْءٍ لَّآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ فَأَنَّىٰ تُؤْفَكُونَ ﴾، ئا ئەو خوایەتـان پەروەردگارتانـە، بەدیهێنـەری هەمـوو شـتێکە، جگـە لـەو هیچ پەرسـتراوێک نیـە، بـەرەو کـوێ لادەدرێـن؟ واتـە: بۆچـی جگـە لـەو دەپەرسـتن، لـە حاڵێکـدا هـەر ئـەو خوایەتـان پـەروەردگارو خـاوەن و ژیێنـەرو مرێنـەرو بەخێوکەرتانـەو، هـەر ئـەو بەدیهێنـەرو پەیداکـەرو داهێنەرتانـەو، هـەر ئەویـش پەرسـتراوە بەهـەق و، جگـە لـەو هیـچ پەرسـتراوێکی دی نیـە، کەواتـە: بۆچـی لادەدرێـن و بـەو لاو لادا دەڕۆن؟ ﴿ كَذَٰلِكَ يُؤْفَكُ ٱلَّذِينَ كَانُوا۟ بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِ يَجْحَدُونَ ﴾، هـەر بـەو شـێوە لادانـەی ئێـوە لادەدەن ئـەی بێبڕوایـەکان! ئەوانـەش کـە لـە ڕابـردوودا نکووڵییـان لـە ئایەتـەکانی خـوا دەکـرد، هـەر ئـاوا لادەدران.

ئنجا جارێکی دیکەش خوا ﷻ هەندێک لە چاکەو نیعمەتەکانی دیکەی خۆی دەخاتەڕوو: ﴿ ٱللَّهُ ٱلَّذِي جَعَلَ لَكُمُ ٱلۡأَرۡضَ قَرَارٗا ﴾، خوا ئەو کەسەیە زەوی بۆ کردوون بە نشینگە، واتە: وای بۆ لێکردوون کە سەقامگیربێ و جووڵە جووڵ نەکات، هەرچەندە زەوی هەم بە دەوری خۆیدا دەخولێتەوە، هەم بە دەوری خۆردا دەخولێتەوە، هەم لەگەڵ کۆمەڵەی خۆردا جووڵەی دیکەی هەیە، هەم لەگەڵ کەهکەشاندا جووڵەی دیکەی هەیە، بەڵام ئێمە هەستی پێناکەین، خوا ئەو کەسەیە زەوی بۆ سەقامگیر کردوون، بۆی والێکردوون وا هەست بکەن کە ناجووڵێ، ﴿ وَٱلسَّمَآءَ بِنَآءٗ ﴾، ئاسمانیشی بۆ کردوون بە خانوویەک، یان: بۆی بەرزکردوونەوە، یاخود: بۆی کردوون بەسەربان، ﴿ وَصَوَّرَكُمۡ فَأَحۡسَنَ صُوَرَكُمۡ ﴾، هەروەها خوا وێنەی ئێوەی کێشاوەو وێنەکانتانیشی جوان کێشاون، ئەگەر ئینسان تەماشای دەم و چاوی مرۆڤ بکات و تەماشای جەستەو پێکهاتەکەی بکات، ئەوەی خوا دروستی کردوە، لەوە باشتر وێنا (**تصوّر**) ناکرێ و، مەزەندە ناکرێ، ﴿ وَرَزَقَكُم مِّنَ ٱلطَّيِّبَٰتِ ﴾، هەروەها خوا لە بژیوە پاک و چاکەکان بەشی ئێوەی داوە.

زانایان گوتوویانە: (ٱلطَّيِّبَٰتِ) مەرج نیە تەنیا بۆ خواردن و خواردنەوە بێ، بەرگ و پۆشاک دەگرێتەوە، بۆن دەگرێتەوە، کەلوپەلەکان دەگرێتەوە، هەموو ئەو شتانەی بۆ مرۆڤ ڕەخسێنراون و مرۆڤ لێیان بەهرەمەند دەبێ لە ژیانی دنیایدا، هەموویان دەگرێتەوە، ﴿ ذَٰلِكُمُ ٱللَّهُ رَبُّكُمۡ ﴾، ئا ئەو خوایەتان پەروەردگارتانە، ﴿ فَتَبَارَكَ ٱللَّهُ رَبُّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ﴾، بەرزو بەپێزە خوای پەروەردگاری جیهانییان.

﴿ هُوَ ٱلۡحَيُّ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ﴾، ئەو زیندوویە (خاوەنی ژیانی ڕاستەقینەیە)، جگە لەو هیچ پەرستراوێک نیە، ﴿ فَٱدۡعُوهُ مُخۡلِصِينَ لَهُ ٱلدِّينَ ﴾، ئنجا بەس لەو بپاڕێنەوە، گەردنکەچیی خۆتانی بۆ ساغ بکەنەوە، ﴿ ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ﴾، ستاییش بۆ خوای پەروەردگاری جیهانییان.

﴿ قُلْ إِنِّي نُهِيتُ أَنْ أَعْبُدَ الَّذِينَ تَدْعُونَ مِن دُونِ اللَّهِ ﴾، [دوێنراو (**مخاطب**) پێغەمبەری خاتەمە]، ئەی موحەممەد! بفەرموو: من قەدەغە کراوم، ئەوانە بپەرستم کە ئێوە لە جیاتی خوا لێیان دەپاڕێنەوە، یان: جگە لە خوا لێیان دەپاڕێنەوە، ﴿ لَمَّا جَاءَنِيَ الْبَيِّنَاتُ مِن رَّبِّي ﴾، دوای ئەوەی بەڵگە ڕۆشنەکانم لە پەروەردگارمەوە بۆ هاتن، ﴿ وَأُمِرْتُ أَنْ أُسْلِمَ لِرَبِّ الْعَالَمِينَ ﴾، فەرمانیشم پێکراوە ملکەچ بکەم بۆ پەروەردگاری جیهانییان.

ملکەچکردنەکەش لە شوێنکەوتنی کتێبی خواداو پەیام و بەرنامەی خوادا، بەرجەستە دەبێ.

ئنجا جارێکی دیکە خوا ﷻ باسی هەندێکی دیکە لە نیعمەتەکانی خۆی و چاکەکانی خۆی لە ژیانی بەشەردا دەکات:

﴿ هُوَ الَّذِي خَلَقَكُم مِّن تُرَابٍ ﴾، (خوا) ئەو کەسەیە ئێوەی لە گڵ دروستکردوە، واتە: سەرەتای دروستبوونتان لە گڵەوەیە، ئنجا ئەگەر مەبەست پێی ئادەم بێ، ئەوە دیارە جەستەی ئادەم ڕاستەوخۆ لە خاک دروست بووەو، ئەگەر مەبەست پێی ئێمەش بێ، ئێمەش هەرچەندە لە نوتفە دروست دەبین، بەڵام ئەو نوتفەیە لە خوێن و، خوێنیش لە خواردنی هەرسکراو و، خواردنی هەرسکراویش لەو خواردن و خۆراکانە کە لە زەوی پەیدادەبن، بۆیە ئەصڵی ئێمەش هەر دەگەڕێتەوە بۆ زەوی، ﴿ ثُمَّ مِن نُّطْفَةٍ ﴾، دوایی لە نوتفە (تۆویلکە)، کە بریتیە لە زیندەوەرێکی بچووک، کە لە ئەنجامی یەکگرتنی حەیمەنێکی پیاو و هێلکۆڵەی ئافرەتدا دروست دەبێ، وەک لە سەرەتای تەفسیری سوورەتی (**المؤمنون**)دا، باسێکی تێرو تەسەلمان لەو بارەوە کردوە، ﴿ ثُمَّ مِنْ عَلَقَةٍ ﴾، دوایی لە خوێنپارەیەک، واتە: لە زیندەوەرێکی بچووک کە خۆی بە دیواری منداڵدانەوە هەڵدەواسێ، وەک زەروویەک، ﴿ ثُمَّ يُخْرِجُكُمْ طِفْلًا ﴾، دوایی دەبنە منداڵ و لە سکی دایکتان دەرتان دێنێ، ﴿ ثُمَّ لِتَبْلُغُوا أَشُدَّكُمْ ﴾، دوایی

(خـوا دەتانژیەنـێ) تاکـو دەگەنـە ئەوپـەڕی تواناتـان، قۆناغـی گەنجێتیـی و تیـن و تاقـەت، ﴿ ثُمَّ لِتَكُونُواْ شُيُوخًا ﴾، دوایـی تەمەنتـان پێـدەدات تاکـو پیـر دەبـن و، دەکەونـەوە تەمەنـەوەو بـە سـاڵدا دەچـن، ﴿ وَمِنكُم مَّن يُتَوَفَّىٰ مِن قَبْلُ ﴾، هەشـتانە پێـش ئـەوە دەمرێـنرێ، واتـە: ناگاتـە تەمـەنی پیریـی و بـە گەنجیـی، یـان بـە منداڵیـی دەمـرێ، ﴿ وَلِتَبْلُغُوٓاْ أَجَلًا مُّسَمًّى ﴾، (هەروەهـا خـوا تەمەنتـان پێـدەدا) تاکـو دەگەنـە کاتی دیارییکـراو، کاتی ناوبـراو، کـە کاتی مردنتانـە، ﴿ وَلَعَلَّكُمْ تَعْقِلُونَ ﴾، (ئـەوەشی بـۆ ڕوونکردنـەوە) بەڵکـو بفامـن و، تێبگـەن کـە ئێـوە لـە کوێـوە هاتـوون و بـەس خوایـە ﷻ سەرپەرشـتیارو پەروەردگارتـان.

﴿ هُوَ ٱلَّذِى يُحْىِۦ وَيُمِيتُ ﴾، (خـوا) ئـەو کەسـەیە کـە دەژیەنـێ و دەمرێنـێ، واتـە: ژیـان دەبەخشـێ و ژیانیـش وەردەگرێتـەوە و دەمرێنـێ، ﴿ فَإِذَا قَضَىٰٓ أَمْرًا فَإِنَّمَا يَقُولُ لَهُۥ كُن فَيَكُونُ ﴾، هەرکاتـێ فەرمانێکیـدا، بڕیارێکـی دەرکـرد، بـەس پێـی دەفەرمـوێ: ببـە، یەکسـەر دەبـێ، ﴿ أَلَمْ تَرَ إِلَى ٱلَّذِينَ يُجَٰدِلُونَ فِىٓ ءَايَٰتِ ٱللَّهِ ﴾، سـەرنجی ئەوانـە نـادەی کـە شـەڕە قسـە دەکـەن لـە بـارەی ئایەتـەکانی خـواوەو، دژایەتیـی ئایەتـەکانی خـوا دەکـەن، ﴿ أَنَّىٰ يُصْرَفُونَ ﴾، بـۆ کـوێ لادەدرێـن و ڕوویـان پێوەردەگێـڕدرێ، ﴿ ٱلَّذِينَ كَذَّبُواْ بِٱلْكِتَٰبِ ﴾، ئەوانـەی بڕوایـان بـە کتێـب نەکـردوە، کتێبیـان بـەدرۆ دانـاوە، واتـە: هەمـوو کتێبـەکانی خـوا، یاخـود کتێبەکـە، ئەگـەر (أل)ەکـە بـۆ (عهـد) بـێ واتـە: کتێبـە زانـراو و ناسراوەکـە، کـە قورئانـە، بـە درۆیـان دانـاوە، ﴿ وَبِمَآ أَرْسَلْنَا بِهِۦ رُسُلَنَا ﴾، هەروەهـا ئەوەیـان بـە درۆ دانـاوە کـە پێغەمبـەرانی خۆمانمـان پـێ ڕەوانـە کـردوون، ئـەو پەیـام و وەحییـە، ﴿ فَسَوْفَ يَعْلَمُونَ ﴾، لـە مـەودوا دەزانـن، واتـە: دەزانـن چییـان بەسـەردێ، لـە ئەنجامـی ئـەو بەدرۆدانانـەی پەیامـی خـوادا.

﴿ إِذِ ٱلْأَغْلَٰلُ فِىٓ أَعْنَٰقِهِمْ ﴾، ئـەو کاتـەی کۆتـەکان دەخرێنـە گەردنیانـەوە، ﴿ وَٱلسَّلَٰسِلُ ﴾، هەروەهـا زنجیرەکانیـش دەخرێنـە دەسـت و پێیانـەوە، یاخـود بـە زنجیریـش ڕادەکێشرێـن، ﴿ يُسْحَبُونَ فِى ٱلْحَمِيمِ ﴾، بـە نێـو ئـاوی داغ و کـوڵاودا

ڕادەکێشرێـن، ﴿ثُمَّ فِي ٱلنَّارِ يُسۡجَرُونَ﴾، دوایـی لـە نێـو ئاگـردا، ئاگریـان دەدرێتـە بـەرو دەسـووتێنرێن.

﴿ثُمَّ قِيلَ لَهُمۡ أَيۡنَ مَا كُنتُمۡ تُشۡرِكُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ﴾، دوایـی پێیـان گوتـرا: کـوا ئـەوەی لـە جیـاتی خـوا دەتانکـردە هاوبـەش؟ واتـە: دەتانکـردە هاوبـەشی خـوا لـە پەرستراندا، ﴿قَالُواْ ضَلُّواْ عَنَّا﴾، گوتیان: لێمان ونبوون، ﴿بَل لَّمۡ نَكُن نَّدۡعُواْ مِن قَبۡلُ شَيۡـٔٗا﴾، بەڵکـو پێشـتر ئێمـە لـە هیـچ شـتێک نەپاڕاوینـەوە، نکوولیـی دەکـەن کـە غەیـری خوایـان پەرسـتبێ، یاخـود ئەوەی کـە پەرستوومانە هیچ نەبـوو، ﴿كَذَٰلِكَ يُضِلُّ ٱللَّهُ ٱلۡكَٰفِرِينَ﴾، ئـاواش خـوا بێبڕوایـان گومـڕا دەکاو سـەر لـێ دەشـێوێنێ، لـە ئەنجامـی ئـەوەدا کـە هیدایـەتی خـوا ڕەفـز دەکـەن، خـوا ﷻ وایـان لێـدەکات، بـەڕێ نەزانـن.

﴿ذَٰلِكُم بِمَا كُنتُمۡ تَفۡرَحُونَ فِي ٱلۡأَرۡضِ بِغَيۡرِ ٱلۡحَقِّ﴾، ئـەو سـەرەنجامە شـوومەتان بـە هـۆی ئەوەوەیـە، کـە ئێـوە بـە ناهـەق زۆر دڵخـۆش دەبـوون لـە زەویـدا، ﴿وَبِمَا كُنتُمۡ تَمۡرَحُونَ﴾، بـە هـۆی ئەوەشـەوەیە کـە فیـزو کەشـخەتان دەکـردو، خۆتـان ڕادەنـا، بـە ناهـەق، ﴿ٱدۡخُلُوٓاْ أَبۡوَٰبَ جَهَنَّمَ خَٰلِدِينَ فِيهَا﴾، ئێسـتا بچنـە نێـو دەروازەکانی دۆزەخـەوە، بـە هەمیشـەیی تێیـدا دەمێننـەوە، ﴿فَبِئۡسَ مَثۡوَى ٱلۡمُتَكَبِّرِينَ﴾، خراپتریـن سـەرەنجام سـەرەنجامی خـۆ بەزلگرانـە، خراپتریـن نشـینگە نشـینگەی خۆبەزلگرانـە کـە دۆزەخـە، خـوا پەنامـان بـدات لـەو سیفەتە خراپانـەی تـووشی دۆزەخـمان دەکـەن.

مەسەلە گرنگەکان

مەسەلەی یەکەم:

ناساندنی خوا ﷻ لە میانی ڕەخساندنی شەوگارو ڕۆژگاردا، بۆ پشوو تێدا دان و، جموجۆڵ و کارو کاسبیی و، بەدیهێنەرایەتیی خوا ﷻ و تەنیا پەرستراوێتیی، بەڵام لادران و نکوولّییکردنی بێبڕوایان لە ڕاستە شەقامی: تەنیا خوا بە بەدیهێنەرو پەروەردگارو پەرستراو، دانان:

خوا دەفەرموێ: ﴿ ٱللَّهُ ٱلَّذِى جَعَلَ لَكُمُ ٱلَّيْلَ لِتَسْكُنُوا۟ فِيهِ وَٱلنَّهَارَ مُبْصِرًا ۚ إِنَّ ٱللَّهَ لَذُو فَضْلٍ عَلَى ٱلنَّاسِ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَشْكُرُونَ ﴿٦١﴾ ذَٰلِكُمُ ٱللَّهُ رَبُّكُمْ خَٰلِقُ كُلِّ شَىْءٍ لَّآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ۖ فَأَنَّىٰ تُؤْفَكُونَ ﴿٦٢﴾ كَذَٰلِكَ يُؤْفَكُ ٱلَّذِينَ كَانُوا۟ بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِ يَجْحَدُونَ ﴿٦٣﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە نۆ بڕگەدا:

١)- ﴿ ٱللَّهُ ٱلَّذِى جَعَلَ لَكُمُ ٱلَّيْلَ لِتَسْكُنُوا۟ فِيهِ ﴾، خوا ئەو کەسەیە، ئەو زاتەیە کە شەوگاری بۆ وا لێکردوون پشووی تێدا بدەن، یاخود بۆی گێڕاون بە کاتی پشوو تێدادان و ئیسراحەت تێداکردن.

٢)- ﴿ وَٱلنَّهَارَ مُبْصِرًا ﴾، ڕۆژگاریشی بۆ بینەر کردوون، بۆ کردوون بە بینەر، (**لِتَسْكُنُوا فِيْهِ: سَكَنُ فِيهِ: عَكْسُ تَحَرَّكَ**)، (**سكن**) پێچەوانەی (جووڵا)یە، ئۆقرەی تێدا بگرن، ئارامی تێدا بگرن، تێیدا پشوو بدەن و لە جموجۆڵ بکەون، ﴿ وَٱلنَّهَارَ مُبْصِرًا ﴾، (**جَعَلَ النَّهَارَ مُبْصِراً، أُسْنِدَ الْإِبْصَارُ إِلَى ذَاتِ النَّهَارِ عَلَى طَرِيقَةِ الْمَجَازِ الْعَقْلِيِّ، وَإِنَّمَا الْمُبْصِرُونَ النَّاسُ فِي النَّهَارِ**)، وشەی (**إِبْصَارِ**): بینین، پاڵدراوەتە لای ڕۆژگار (**نَهَارَ**) لەسەر

ڕێبازی مەجازی عەقڵیی، ئەگەرنا لە ڕاستییدا ئەوانەی لە ڕۆژێدا دەبینن، خەڵکن، نەک ڕۆژەکە خۆی ببینێ، بەڵام واتە: ڕۆژەکە ئەوەندە ڕووناکە، وەک لە زاتی خۆیدا بینەربێ وایە، خوا ﷻ لە زۆر شوێنی قورئاندا باسی شەوگارو ڕۆژگاری کردوەو، هەمیشە لە قورئاندا شەوگار بۆ ئیسراحەت و خەوتن و پشوو تێدان و، ڕۆژگار بۆ جموجۆڵ و کارو کاسبیی، باسکراون، بێگومان شەوگارو ڕۆژگاریش هەر بەو شێوەیەن.

هەڵبەتە کەسی واش هەیە وەک هەڵاواردن لەو بنچینە گشتییە، لە شەوێدا کار دەکات و جموجۆڵ دەکات وەک کاروانچییەکان، یان هەندێ ئیش و کار هەن، کە بە شەوێ دەکرێن و بە ڕۆژێ خەڵکەکە پشوودەدا، بەڵام بە زۆریی وایە، هەموو خەڵکی دنیاو، بە درێژایی مێژوو، ڕۆژگار کە ڕووناکە بەکارهێنراوە بۆ کارو کەسابەت و جموجۆڵ و، شەوگاریش کە تاریکە، بەکارهێنراوەو بەهرەی لێوەرگیراوە بۆ ئیسراحەت و خەوتن و پشوو تێدادان.

٣)- ﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَذُو فَضۡلٍ عَلَى ٱلنَّاسِ﴾، بە دڵنیایی خوا خاوەن بەخششە بەسەر خەڵکەوە، ﴿لَذُو فَضۡلٍ عَلَى ٱلنَّاسِ﴾، واتە: (**لَهُ الفَضْلُ**)، چونکە (**ذو**) بە مانای (صاحب)ە، خوا خاوەن چاکەیە، خاوەن بەخششە بەسەر خەڵکەوە، بۆیەش خوا ﷻ لێرەدا وشەی: ﴿لَذُو فَضۡلٍ﴾ی بەکارهێناوە، چونکە وشەی (**ذُو**) دەلالەت لەسەر ڕێزو پێگەی ئەو شتە دەکات، کە پاڵیدەدرێتە لا.

٤)- ﴿وَلَٰكِنَّ أَكۡثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَشۡكُرُونَ﴾، بەڵام زۆربەی خەڵکی سوپاسگوزاریی ناکەن، کەواتە: کەمێکیان سوپاسگوزارن، وەک لە سووڕی (**سبأ**)دا، خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿وَقَلِيلٌ مِّنۡ عِبَادِيَ ٱلشَّكُورُ ١٣﴾، واتە: کەمێک لە بەندەکانم سوپاسگوزارن، پێشتریش چەند جارێک باسی ئەوەمان کردوە، کە سوپاسکردنی خوا ﷻ و سوپاسگوزاریی ئەنجام دان، پەیوەندیی بە عەقڵ و دڵ و دەروونی مرۆڤەوە هەیە، هەروەها بە زمانی و بە ئەندامەکانیشیەوە، مرۆڤ دەبێ:

أ- بە عەقڵ و دڵ و دەروون، ئەو چاکەو نیعمەتە لە خوا بزانێ.

ب- بە زمان دانی پێدابێنێ.

ج- بە ئەندامەکانیش ئەو نیعمەت و چاکەیەی خوا لە ڕەزامەندیی خوادا بەکاربێنێ، بە شێوەیەک بەکاری بێنێ کە مایەی ڕازییکردنی خوا ﷻ بێ، لە ڕابردوودا زۆرجار باسی ئەوەمان کردوە، بۆیە لێرەدا هەر بەو ئاماژە کورتە لێی دەگەڕێین.

دوایی خوا ﷻ دەفەرمویٚ:

٥)- ﴿ ذَٰلِكُمُ ٱللَّهُ رَبُّكُمْ ﴾، ئا ئەو خوایەتان ﷻ پەروەردگارتانە.

٦)- ﴿ خَٰلِقُ كُلِّ شَىْءٍ ﴾، بەدیهێنەری هەموو شتێکە.

٧)- ﴿ لَّآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ﴾، بێجگە لەو هیچ پەرستراوێک نیە.

٨)- ﴿ فَأَنَّىٰ تُؤْفَكُونَ ﴾، کەواتە: بەرەو کوێ لادەدرێن؟ وشەی (**أَنَّى: اسْمُ اسْتِفْهَامٍ عَنِ الْكَيْفِيَّةِ، وَأَصْلُهُ اسْتِفْهَامٌ عَنِ الْمَكَانِ**)، واتە: (أَنَّى): لە ئەصڵدا ناوی پرسیارکردنە بۆ چۆنیەتیی، ﴿ فَأَنَّىٰ تُؤْفَكُونَ ﴾، واتە: چۆن لادەدرێن؟ ئنجا لێرەدا پرسیارکردنەکە لە بارەی چۆنیەتییەوەیە، واتە: چۆن لادەدرێن، بە چ بەڵگەیەک و بە چ پاساوو بیانووێک؟ مادام خوا ﷻ پەروەردگارو بەدیهێنەرو تاکە پەرستراوی شایستە بێ، ئەدی بۆچی لادەدرێن و شتەکانی دیکە دەکەن بە هاوبەشی خواو، لەگەڵ خوادا دەیانپەرستن؟

کەواتە: لێرەدا خوای بەرزی مەزن کە دەفەرمویٚ: ﴿ ذَٰلِكُمُ ٱللَّهُ رَبُّكُمْ خَٰلِقُ كُلِّ شَىْءٍ لَّآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ﴾، بە چوار شتان، لە بارەی ئەو ناوی ئاماژە (ذلكم)وە، هەواڵ دەدات:

١- خوا (ألله) ﷻ وشەی (ألله) ناوی تایبەتی (عَلَم)ی خوای پەروەردگارە، واتە: ئا ئەوەتان خوایە.

٢- پەروەردگارتانە.

٣- بەدیهێنەری هەموو شتێکە.

٤- جگە لەویش هیچ پەرستراوێک نیە، شایستەی پەرستران بێ، ئایا چۆن لەو خوا پەروەردگارەتان کە تاکە بەدیهێنەرو تاکە پەرستراوە، لا دەدرێن، کە جگە لەوی بکەنە پەرستراوی خۆتان، یان لە پەرستنی خوادا بەشداری بکەن، یان لە یەکێ لە سیفەتەکانی خوادا بەشداری بکەن، شتێک لە بەدیهێنانی پاڵدەنەلا، یان شتێک لە بژیو پێدانی پاڵدەنەلا، یاخود شتێک لە پەروەردگارێتیی پاڵدەنەلا، یان یەکێک لە ناوو سیفەتەکانی خوای پەروەردگاری پاڵدەنەلا؟! ئەوە هەمووی شیرکە، وەک چۆن ئەگەر جگە لەو بپەرستن لە بەشێک لە بەشەکانی پەرستن و، لە شتێک لە شتەکانی پەرستندا، شیرکە، بە هەمان شێوەش ئەگەر بەشێک لە: بەدیهێنەرایەتیی، پەروەردگارێتیی، خاوەندارێتیی، ناو و سیفەتەکانی خواش پاڵدەنە لای غەیری خوا، ئەویش هەر شیرکە.

٩)- ﴿ كَذَٰلِكَ يُؤْفَكُ ٱلَّذِينَ كَانُوا۟ بِـَٔايَـٰتِ ٱللَّهِ يَجْحَدُونَ ﴾، هەر بەو شێوەیە ئەوانەی نکوولییان لە ئایەتەکانی خوا دەکرد، لادەدران، (كَذَٰلِكَ (يُؤْفَكُ ٱلَّذِينَ كَانُوا۟..)، **أَيْ مِثْلُ إِفْكِكُمْ يُؤْفَكُونَ، وَيَكُونُ التَّشْبِيهُ مُبَالَغَةً فِي أَنَّ إِفْكَهُمْ بَلَغَ فِي كُنْهِ الْإِفْكِ النِّهَايَةَ، بِحَيْثُ لَوْ أَرَادَ الْمُقَرِّبُ أَنْ يُقَرِّبَهُ لِلسَّامِعِينَ بِشَبِيهٍ لَهُ، لَمْ يَجِدْ شَبِيهًا لَهُ أَوْضَحَ مِنْهُ!**)، لە چەند شوێنێکی قورئاندا ئەم تەعبیرە هاتوە کە دەفەرموێ: ﴿ كَذَٰلِكَ يُؤْفَكُ ٱلَّذِينَ كَانُوا۟ بِـَٔايَـٰتِ ٱللَّهِ يَجْحَدُونَ ﴾، هەر بەو شێوە لادرانە، ئەوانەی نکوولیی لە ئایەتەکانی خوا دەکەن، لا دەدرێن، واتە: وەک لادرانی ئێوە لا دەدرێن، ئەمەش وێچواندنەو زێدەڕۆییکردنە لەوەدا کە لادرانەکەیان لە جەوهەرو چییەتی خۆیدا، گەیشتۆتە ئەوپەڕی، بە شێوەیەک ئەگەر کەسێک بیەوێ وێنەی ئەوە بۆ بیسەران بێنێتەوە لە خۆی باشتر، (واتە: لە خودی ئەو شتە باشتر) چنگی ناکەوێ بیکاتە وێچوێنراو.

یانی: لێرەدا لادرانی ئەوان، کراوەتە چوێنراو (مُشَبَّه) بەلادانەکەیان، چونکە شتێکی دیکە لەو لادانە ڕوونتر نیە، تاکو ئەو لادانەی پێ بچوێنرێ.

وشەی (**جُحُود**): ئەوەیە ئینسان نکوولیی بکات لە شتێک کە هەیە، هەندێک لە زانایان گوتوویانە: (**جُحُود**) بریتیە: لەوەی نکوولیی بکەی لە شتێک کە هەیە

لە دڵدا، بڵێی نیە، یاخود شتێک کە نەبێ، بڵێی هەیە، نکووڵییکردن و دان بە هەقدا نەهێنان، ئنجا دان بە هەقدا نەهێنان، چ بەو شێوەیە بێ کە شتەکە هەبێت و بڵێی نیە، یاخود نەبێت و بڵێی هەیە، ئەمە وا لە مرۆڤ دەکات لە ڕاستیی تێنەگات، ئەو ڕاستییەی نکووڵیی لێدەکات، بە باری ئەرێنیی، یان نەرێنییدا، وای لێدەکات، لێی نامۆ بێ و لێی تێنەگات.



مەسەلەی دووەم:

ناساندنی خوا ﷻ لەمیانی گێڕانی زەویدا بە نشینگەو، ئاسمان بە خانوو (یاخود: سەربان) و جوان وێنەکێشانی مرۆڤان و، ڕەخساندنی بژیوە پاک و چاکەکان و، جەختکردنەوەی زیندوویەتیی و تەنیا پەرستراوێتیی خوا ﷻ، پاشان فەرمانکردن بە تەنیا پەرستنی خوا بە ساغیی و بەبێ خلتەو، ستاییشکردنی و، ڕاگەیاندنی ئەو ڕاستییە کە پێغەمبەری خوا ﷺ دوای هاتنی بەڵگە ڕۆشنەکانی پەروەردگاری، پەرستنی جگە لە خوای لێ قەدەغە کراوە:

خوا دەفەرموێ: ﴿ اللَّهُ الَّذِي جَعَلَ لَكُمُ الْأَرْضَ قَرَارًا وَالسَّمَاءَ بِنَاءً وَصَوَّرَكُمْ فَأَحْسَنَ صُوَرَكُمْ وَرَزَقَكُم مِّنَ الطَّيِّبَاتِ ذَٰلِكُمُ اللَّهُ رَبُّكُمْ فَتَبَارَكَ اللَّهُ رَبُّ الْعَالَمِينَ ﴿٦٤﴾ هُوَ الْحَيُّ لَا إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ فَادْعُوهُ مُخْلِصِينَ لَهُ الدِّينَ الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ ﴿٦٥﴾ قُلْ إِنِّي نُهِيتُ أَنْ أَعْبُدَ الَّذِينَ تَدْعُونَ مِن دُونِ اللَّهِ لَمَّا جَاءَنِيَ الْبَيِّنَاتُ مِن رَّبِّي وَأُمِرْتُ أَنْ أُسْلِمَ لِرَبِّ الْعَالَمِينَ ﴿٦٦﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە سێزدە بڕگەدا:

١)- ﴿ اللَّهُ الَّذِي جَعَلَ لَكُمُ الْأَرْضَ قَرَارًا ﴾، خوا ئەو زاتەیە کە سەرزەوی بۆ گێڕاون بە نشینگە، وشەی (**القَرَارُ: أي مُسْتَقَرّاً ومَكَانَ اسْتِقْرَارٍ**)، واتە: نشینگە، شوێنی تێدا نیشتەجێ بوون و سەقامگیربوون، {(**أو قراراً) أي (قَارَّةً)**}، واتە: زەوی بۆ والێکردوون کە چەسپاو بێ و بەم لاو لادا نەچێ و نەجووڵێ، زۆر جارانیش باسمانکردوە، کە زەوی چەند جۆرە جووڵەیەکی هەن، بەڵام ئێمە هەستیان پیناکەین ئەگەرنا:

١- زەوی بە دەوری خۆیدا دەخولێتەوە، بە خێرایی سی (٣٠) کیلۆمەتر لە خولەکێکدا.

٢- بە دەوری خۆردا دەخولێتەوە، بە خێرایی سی (٣٠) کیلۆمەتر لە چرکەیەکدا، واتە: شەست (٦٠) هێندەی خولانەوەی دەوری خۆی خێراتر.

٣- هەروەها لەگەڵ خۆرو کۆمەڵەی خۆریشدا جارێکی دیکە بە دەوری داڵی ڕاوەستاودا دەخولێتەوە.

٤- لەگەڵ داڵی ڕاوەستاویشدا بە نێو چەقی کەهکەشاندا دەخولێتەوە.

٥- لەگەڵ کەهکەشانیش دا بە شوێنێکی دیکەدا دەخولێتەوە، بە لای کەمەوە زەوی پێنج جۆرە سووڕانەوەی هەن، بەڵام ئێمە هەستیان پێناکەین، خوای کارزان وای هەڵخستوە ئێمە هەست بە جووڵەکانی نەکەین، ئنجا زەوی لە ڕاستییدا هەم نشینگەیە شوێنی تێدا سەقامگیر بوون و نیشتەجێبوونەو، هەم چەسپاوە، بە نسبەت ئێمەوە چەسپاوو نەجووڵاویشە.

٢)- ﴿ وَٱلسَّمَآءَ بِنَآءً ﴾، { دیسان خوا ئەو زاتەیە کە} ئاسمانی بۆ کردوون بە خانوو، (بِنَآءً) بە دوو مانا هاتوە:

أ- (مَا يُرْفَعُ سُمْكُهُ فِي الْأَرْضِ) ئەوەیە کە ئەستوورییەکەی بەرز دەکرێتەوە لەسەر زەوی، واتە: خانوو، بینا.

ب- هەروەها بە سەربانیش دەگوترێ.

٣)- ﴿ وَصَوَّرَكُمْ فَأَحْسَنَ صُوَرَكُمْ ﴾، هەروەها خوا ئەو کەسەیە کە ئێوەی وێنەکێشاوەو باش وێنەکانی کێشاون، (أَيْ: أَوْجَدَ صُورَةَ الْإِنْسَانِ فَجَاءَتْ حَسَنَةً)، وێنەی مرۆڤی کێشاوەو وێنەکەشی جوان کێشاوە، مرۆڤ ئەگەر تەماشای خۆی بکات خۆی بەراورد بکات لەگەڵ ژیاندارانی دیکەداو، لەگەڵ دروستکراوەکانی دیکەدا، بۆی دەردەکەوێ، ئەوەی خوا فەرموویەتی سەدا سەد وایە، هەروەها خوا لە سوورەتی (التين) دا دەفەرموێ: ﴿ لَقَدْ خَلَقْنَا ٱلْإِنسَٰنَ فِىٓ أَحْسَنِ تَقْوِيمٍ ﴿٤﴾ ﴾، واتە: مرۆڤمان لە باشترین شێوەو دیمەن و پێکهاتەی دەروونیی و ڕواڵەتییدا دروستکردوە.

٤)- ﴿ وَرَزَقَكُم مِّنَ ٱلطَّيِّبَٰتِ ﴾، لە ڕۆزییە پاک و چاکەکان بەشی داون، زۆر لە زانایان گوتوویانە: (ٱلطَّيِّبَٰتِ)، خواردن و خواردنەوە خۆش و بە تامەکان، بەڵام بێگومان وشەی

(ٱلطَّيِّبَٰتِ) وەک چۆن خواردن و خواردنەوەکان دەگرێتەوە، بەرگ و پۆشاکەکانیش دەگرێتەوەو، هەموو ئەو کەل و پەل و شتانە دەگرێتەوە کە مرۆڤ لە ژیانی دنیادا بەکاریان دێنێ، ئەو شتانەی سوود بەخشن و ژیانی مرۆڤیان پێ بەڕێوەدەچێ، ئنجا خواردن و خواردنەوەیە، بەرگ و پۆشاکە، قاپ و قاچاغە، ئاژەڵە کە کاتی خۆی سواریان بوون و بارو سواریان پێکردوون، هەروەها هۆکارەکانی دیکەی گواستنەوە، لە هەواو لە دەریاو لە وشکانیی داو، هەموو ئەو شتانەی دیکە، کە مرۆڤ پێویستیی پێیانە بۆ ژیانی دنیا، هەموویان دەگرێتەوە.

٥)- ﴿ذَٰلِكُمُ ٱللَّهُ رَبُّكُمْ﴾، ئا ئەو خوایەتان پەروەردگارتانە.

٦)- ﴿فَتَبَارَكَ ٱللَّهُ رَبُّ ٱلْعَٰلَمِينَ﴾، بەرزو بەپێزە بەردەوام و خاوەن بەرەکەتە خوای پەروەردگاری جیهانییان، وشەی (**تَبَارَكَ: مُشْتَقٌّ مِنَ الْبَرَكَةِ، وَالْبَرَكَةُ: اسْمٌ يَدُلُّ عَلَى تَزَايُدِ الْخَيْرِ**)، وشەی (**تَبَارَك**) لەسەر کێشی (**تَفَاعُل**)ەو، لە وشەی (**بَرَكَة**)ەوە داتاشراوە، (**بَرَكَة**)ش بریتیە: لە ناوێک کە خێرو پیت و پێزی زۆر دەگەیەنێ، واتە: بەرزو بە پێزو خاوەن چاکەو بەرەکەتە خوای پەروەردگاری جیهانییان.

٧)- ﴿هُوَ ٱلْحَىُّ﴾، ئەو زیندوویە، دیارە خاوەن ژیان بوونی خوا ﷻ و، زیندوو بوونی خوا ﷻ، چەمک و واتایەکەی تایبەتە وەک سەرجەم سیفەتەکانی دیکەی خوا، زانایان دەڵێن: (**الْحَيَاةُ: هِيَ صِفَةٌ وُجُودِيَّةٌ تُصَحِّحُ لِمَنْ قَامَتْ بِهِ الْإِدْرَاكَ وَالْإِرَادَةَ وَالْفِعْلَ**)، واتە: (**حَيَاة**) سیفەتێکی بوونییە هەر کەسێک تێیدابێ، زانین و، ویستن و، کارکردنی بۆ دەڕەخسێنێ، واتە: خوا ﷻ کە خۆی بە (ٱلْحَىُّ)، خاوەن ژیان وەسف دەکات، بە تەئکید وەک چۆن سیفەتەکانی خوا ﷻ هەموویان بەو شێوەیەن کە بۆ خوا شایستەن، نەک پێوانە (قیاس) بکرێن بۆ سەر سیفەتی دروستکراوەکان، بە هەمان شێوە سیفەتی ژیانیشی هەروایە.

٨)- ﴿لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ﴾، جگە لەو هیچ پەرستراوێک نیە، ئەمە ئەنجامگیرییەکە لەوەی پێشەوە دەکرێ، واتە: مادام خوا ﷻ ئەو هەموو چاکەو نیعمەتانەی بۆ ئێوە

ڕەخساندوون، چ ئەوانەی پێشێ باسمانکردن: شەوگارو ڕۆژگار، چ ئەوانەی ئێستا باسمانکردن: زەوی بۆ کردوون بە نشینگەیەکی چەسپاوو، ئاسمانی بۆ کردوون بە خانوو و سەربان و، بە باشترین شێوە وێنەی ئێوەی کێشاوەو، لە هەموو ئەو شتانەی پاک و چاکن و ژیانتان پێویستیی پێیانە، بەشی داون، کەواتە: جگە لەو هیچ پەرستراوێک نیە، ئەمە ئەنجامگیرییەکە لە هەموو ئەوانەی پێشەوە دەکرێ.

٩)- ﴿ فَٱدْعُوهُ مُخْلِصِينَ لَهُ ٱلدِّينَ ﴾، دەجا لێی بپاڕێنەوە، ملکەچیی خۆتانی بۆ ساغ بکەنەوە، پێشتریش هێنامان کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: {**الدُّعَاءُ هُوَ العِبَادَةَ**} (**أخرجه أبو داود: ١٤٧٩، والترمذي: ٣٢٤٧، وقال: هذا حديث حسن صحيح، عَنِ النُّعْمَانِ بْنِ بَشِيرٍ رَضِيَ اللهُ عَنْهُمَا**)، واتە: پاڕانەوە بریتیە لە پەرستن. کە دەفەرموێ: (مُخْلِصِينَ)، (**الْإِخْلَاصُ: الْإِفْرَادُ وَتَصْفِيَةُ الشَّيْءِ مِمَّا يُنَافِيهِ أَوْ يُفْسِدُهُ**)، (**إِخْلَاصْ**) بریتیە لە تاککردنەوەو ساغکردنەوەی شتێک لەو شتانەی کە کەوتوونەتێی و لەگەڵیدا دژن، یاخود تێکی دەدەن.

١٠)- ﴿ ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴾، ستاییش بۆ خوای پەروەردگاری جیهانییان، ئەم: ﴿ ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴾، ڕستەیەکی دەستپێکردنە (**جُمْلَةٌ إِسْتِئْنَافِية**) بۆ ستاییشکردن و مەدحکردنی خوا ﷻ، یاخود مەبەست پێی ئەوەیە کە پێغەمبەر ﷺ وایفەرمووە، واتە: لەسەر زمانی پێغەمبەری خاتەم ﷺ خوا فەرموویەتی، یاخود چاوگێکە هێندراوە لە جیاتی کردارەکەی، چونکە (ٱلْحَمْدُ) چاوگ (**مَصْدَر**)ەو، مانایەکەی ئاوای لێدێتەوە: (**أَي: إِحْمَدُوا اللهَ رَبَّ العَالَمِيْنَ**) ستایشی خوای پەروەردگاری جیهانییان بکەن.

١١)- ﴿ قُلْ إِنِّى نُهِيتُ أَنْ أَعْبُدَ ٱلَّذِينَ تَدْعُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ ﴾، {خوا فەرمان بە پێغەمبەر ﷺ دەکات:} بفەرموو: من لێم قەدەغە کراوە، ئەو شتانەی ئێوە لە جیاتی خوا لێیان دەپاڕێنەوە، بیانپەرستم و بەندایەتییان بۆ بکەم، (تَدْعُونَ) یانی: (**تَسْأَلُونَ**) داوایان لێدەکەن لە جگە لە خوا، یاخود یانی: (**تَعْبُدُونَ**) دەپەرستن، چونکە (**دُعَاء**) هەم بە مانای عیبادەت دێ، هەم بە مانای داواکردن دێ، واتە: ئەو شتانەی ئێوە لە جیاتی خوایان شتیات لێ داوا دەکەن و لێیان دەپاڕێنەوە، من لێم قەدەغە کراوە، ئەوانە بپەرستم، یاخود ئەو شتانەی ئێوە لە جیاتی خوا دەیانپەرستن، من لێم قەدەغە کراوە بیانپەرستم.

١٢)- ﴿لَمَّا جَآءَنِيَ ٱلْبَيِّنَٰتُ مِن رَّبِّي﴾، دوای ئەوەی بەڵگە ڕۆشنەکانم لە پەروەردگارمەوە بۆ هاتوون، پیتی (من) لە (مِن رَّبِّي)دا بۆ دەستپێکردنە (**ابْتِدَائِيَّةٌ**) یانی: لە دوای ئەوەی بەڵگە ڕۆشنەکان لە لایەن پەروەردگارمەوە بۆم هاتوون، ئەوەم لێ قەدەغە کراوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ، کە پێش هاتنی وەحیی و پەیامی خوا، مرۆڤەکان مولزەم نین بە ئەنجامدانی ئەو شتانەی لە ڕێی وەحییەوە نەبێ نازاندرێن، بەڵکو هەندێک لە زانایان دەڵێن: مرۆڤ مولزەم نیە بە هیچ شتێکەوە، لە ئەمرو نەهی و حەرام و حەلاڵ، بەڵام ڕەنگە ڕای ڕاستتر ئەوە بێ، کە مرۆڤ مولزەم نیە بە ئەنجامدانی ئەو کارانەوە، کە لە ڕێی وەحییەوە نەبێ نازانرێن، نەک بە گشتیی مولزەم و ئەرکدار (**مكلَّف**) نەبێ بە هیچ شتێکەوە، هەرچەندە عەقڵی ساغ و زگماکی پاکیش بیگەیەنن، بەڵام بێگومان سزاو پاداشتی قیامەت، پەیوەستن بە هاتنی وەحییەوە.

١٣)- ﴿وَأُمِرْتُ أَنْ أُسْلِمَ لِرَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ﴾، هەروەها فەرمانم پێکراوە ملکەچ بم بۆ پەروەرگاری جیهانییان، (**الْإِسْلَامُ: الْإِنْقِيَادُ بِالْقَوْلِ وَالْعَمَلِ، وَفِعْلُهُ مُتَعَدٍّ، فَنُزِّلَ مَنْزِلَةَ اللَّازِمِ، فَأَصْلُهُ: أَسْلَمَ نَفْسَهُ أَوْ ذَاتَهُ أَوْ وَجْهَهُ لِلَّهِ**)، وشەی (**إسلام**) واتە: ملکەچیی بە قسەو بە کردەوە، ئنجا وشەی (**أَسْلَمَ**) کە کرداری ئیسلامەو ئیسلام بۆ خۆی چاوگە، لە ئەصڵدا بەرکارخواز (**متعدِّي**)ە، بەڵام لەبەر ئەوەی بەرکارەکەی زۆر بەکارهێنراوە، بۆیە (**أَسْلَمَ**) وەک کردارێکی (لازم) مامەڵەی لەگەڵدا کراوە، (**أَسْلَمَ**) واتە: ملکەچ بوو، یانی: خۆی تەسلیمی خوا کرد، یاخود زاتی خۆی تەسلیمی خوا کرد، یاخود ڕووی خۆی تەسلیمی خوا کرد، بەڵام لەبەر ئەوەی زۆر بەکارهێنراوە، ئێستا زۆر کەس زەینی بەلای بەرکار (**مفعول به**)ەکەیدا هەر ناچێ و، وەک کردارێکی (لازم) مامەڵەی لەگەڵدا کراوە، وەک لە بارەی ئیبراهیم عليه السلامەوە لە سوورەتی (**البقرة**)دا خوا دەفەرموێ: ﴿إِذْ قَالَ لَهُۥ رَبُّهُۥٓ أَسْلِمْ قَالَ أَسْلَمْتُ لِرَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ١٣١﴾، واتە: کاتێک پەروەردگاری پێی فەرموو: ملکەچ بە، ئەویش گوتی: ملکەچ بووم بۆ خوای پەروەردگاری جیهانییان، بەڵام ئەسڵی واتایەکەی یانی: سپاردم بە خوای پەروەردگاری جیهانییان، واتە: ژیانی خۆی ملکەچکردو تەسلیمی شەریعەتی خوای پەروەردگاری کرد.

مەسەلەی سێیەم:

ناساندنی خوا لەمیانی دروستکرنی مرۆڤاندا، لە حەوت قۆناغی سەرەکییداو، لە میانی ژیاندن و مراندنداو، ڕوونکردنەوەی ئەو ڕاستییە کە خوا هەرچی بوێ، یەکسەر دەیکات:

خوا دەفەرموێ: ﴿هُوَ ٱلَّذِى خَلَقَكُم مِّن تُرَابٍ ثُمَّ مِن نُّطْفَةٍ ثُمَّ مِنْ عَلَقَةٍ ثُمَّ يُخْرِجُكُمْ طِفْلًا ثُمَّ لِتَبْلُغُوٓا۟ أَشُدَّكُمْ ثُمَّ لِتَكُونُوا۟ شُيُوخًا ۚ وَمِنكُم مَّن يُتَوَفَّىٰ مِن قَبْلُ ۖ وَلِتَبْلُغُوٓا۟ أَجَلًا مُّسَمًّى وَلَعَلَّكُمْ تَعْقِلُونَ ﴿٦٧﴾ هُوَ ٱلَّذِى يُحْىِۦ وَيُمِيتُ ۖ فَإِذَا قَضَىٰٓ أَمْرًا فَإِنَّمَا يَقُولُ لَهُۥ كُن فَيَكُونُ ﴿٦٨﴾﴾.

شیکردنەوەی ئەم دوو ئایەتە، لە دوازدە بڕگەدا:

١)- ﴿هُوَ ٱلَّذِى خَلَقَكُم مِّن تُرَابٍ﴾، ئەو (خوا) ئەو زاتەیە، کە ئێوەی لە گڵ هێناوەتە دی، پێشتریش گوتمان: ئەمە دوو مانایان هەڵدەگرێ:

أ- یان مەبەست ئادەم و حەووان (عَلَيْهِما الصَّلاَةُ وَالسَّلاَم) کە ڕاستەوخۆ لە خاکی زەوی دروستبوون.

ب- یاخود مەبەست ئەوەیە ئەو نوتفەیەی کە وەچەی ئادەم و حەووای لێ دروست دەبێ، نێرو مێیەکانی کە لە ئادەم و حەوواوە هاتوون و لێیان وەپاشکەوتوون، ئەو نوتفەیە لە خوێنەوە دێ، خوێنیش خواردنی هەرسکراوە، خواردنە هەرسکراوەکەش، ئەو خواردن و خواردنەوەیە کە لە زەوی پەیدادەبێ کەواتە: نوتفە و تۆوەکەش کە مرۆڤی لێ دروست دەبێ، دەگەڕێتەوە بۆ زەوی، بەڵام بە چەند قۆناغێک.

٢)- ﴿ثُمَّ مِن نُّطْفَةٍ﴾، دوایی لە تۆوێک، ئەگەر ئەوەی پێشێیان مەبەست پێی ئادەم بێ واتە: خوا ئادەمی ڕاستەوخۆ لە خاک دروستکردوە، دواییش وەچەکەی لە نوتفە، بەڵام ئەگەر ئەوەی پێشێشیان مەبەست پێی وەچەی ئادەم بێ، واتە: سەرەتایەکەتان

لە خاکەو دوایی دەبن بە نوتفە، کە بریتیە: لەو زیندەوەرەی لە ئەنجامی پێکگەیشتنی زیندەوەری تۆو پیاو (**حیمن**) و، هێلکۆڵە (**بویضة**)ی ئافرەت، ئەو دوو زیندەوەرە یەک دەگرن، کە هەردووکیان ژیانیان تێدایە، یەکدەگرن و زیندەوەرێکی سێیەم پێک دێنن، کە پێی دەگوترێ: نوتفە.

٣)- ﴿ثُمَّ مِنْ عَلَقَةٍ﴾، دوایی لە خوێنپارەیەک، واتە: دوایی ئەو تۆویلکە بچووکە، گەشە دەکات لە نێو منداڵدانی ئافرەتداو، دەبێتە خوێنپارەیەک و وەک زەروویەک خۆی بە دیواری منداڵدان هەڵدەواسێ.

٤)- ﴿ثُمَّ يُخْرِجُكُمْ طِفْلًا﴾، دوایی بە شێوەی منداڵ دەرتاندێنێ، لێرەدا خوا ﷻ قۆناغەکانی دیکەی باس نەکردوون، قۆناغی زارجوو (**مُضغَة**)و، دوایی بوون بە ئێسقان، دوایی ئێسقانەکان بە گۆشت دادەپۆشرێن، وەک لە سەرەتای سوورەتی (**المؤمنون**)دا خوا ﷻ قۆناغەکانی وردتر باسکردوون و، لە سوورەتی (**الحج**)دا قۆناغەکانی وردتر باسکردوون، بەڵام لێرە یەکسەر دوای نوتفە، باسی (عَلَقَةٍ) دەکا، دوایی دەفەرموێ: ﴿ثُمَّ يُخْرِجُكُمْ طِفْلًا﴾، دوایی بە شێوەی منداڵ دەرتان دێنێ، وشەی (**طفل**) بۆ یەک و دووان و بۆ کۆ (**جمع**)و بۆ مێینەو نێرینەش، بەکاردێ، ﴿ثُمَّ يُخْرِجُكُمْ طِفْلًا﴾، دوایی ئێوە لە شێوەی منداڵدا دەردێنێ، لە سکی دایکتان، لە منداڵدانی دایکتان.

٥)- ﴿ثُمَّ لِتَبْلُغُوٓا۟ أَشُدَّكُمْ﴾، دوایی دەتانژیەنێ تاکو دەگەنە قۆناغی ئەوپەڕی تواناو هێزتان، (**أَشُدّ**) کۆی (**شِدَّة**)یە، یاخود هەر (**أَشُدّ**) بۆ خۆی واتە: قۆناغی تین و تاقەت، دەڵێ: (**أَشُدَّ جَمْعُ شِدَّة، أو اسْمُ للْحَالَةِ الَّتي يَبْلُغُ فِيْهَا الإنْسَان أَوْجَ قُوَّتُه**)، (**أشدّ**) کۆی (**شِدَّة**)یە، یاخود (**أشدّ**) کۆ نیە بۆ (**شِدة**)، بەڵکو ناوە بۆ ئەو حاڵەتەی مرۆڤ تێیدا دەگاتە لووتکەی تین و تاقەتی، کە زۆربەی زانایان دەڵێن: لە نێوان هەژدە ساڵ تاکو سیی (١٨ - ٣٠) ساڵە، بەڵام لەوانەیە بۆ کچان کەمتریش بێ و ڕەنگە لە دوازدە، سێزدە ساڵ، تاکو بیست و ئەوەندە ساڵە بێ، کچ زووتر پێدەگەن، دواییش زووتر لە ڕووی وەچە خستنەوەوە، لێ دەکەون.

٦)- ﴿ثُمَّ لِتَكُونُواْ شُيُوخًا﴾، دوایی خوا تەمەندارتان دەكات، تاكو دەبنە بە ساڵداچوو، پیر دەبن، (شُيُوخ: جَمْعُ شَيْخ)، (شيوخ) كۆی (شيخ)ە، ئەویش زۆربەی زانایان دەڵێن: لە پەنجا (٥٠)ساڵیی تاكو هەشتا (٨٠) ساڵیی، بەڵكو تاكو سەدو زیاتریش دەخایەنێ.

٧)- ﴿وَمِنكُم مَّن يُتَوَفَّىٰ مِن قَبْلُ﴾، هەشتانە پێش ئەوە، {پێش ئەوەی بگاتە تەمەنی پیریەتیی، یان كامڵ بوون} دەمرێنرێ، واتە: پێش ئەو قۆناغانەی باسكراون، دەمرێ و گیانی دەكێشرێ.

٨)- ﴿وَلِتَبْلُغُوٓاْ أَجَلًا مُّسَمًّى﴾، هەروەها بۆ ئەوەی بگەنە كاتێكی دیارییكراو، ناوبراو، ئەو كاتەی خوا ﷻ بۆی دیارییكردوون، تەمەن بكەن.

٩)- ﴿وَلَعَلَّكُمْ تَعْقِلُونَ﴾، {خوا ئەوەی بۆ ڕوونكردوونەوە}، تاكو بفامن، (أَيْ: **مِنْ جُمْلَةِ مَا أَرَادَهُ اللهُ مِنْ خَلْقِ الْإِنْسَانِ عَلَى الْحَالَةِ الْمُبَيَّنَةِ، أَنْ تَكُونَ فِي تِلْكَ الْخِلْقَةِ دَلَالَةٌ لِآحَادِهِ عَلَى وُجُودِ هَذَا الْخَالِقِ**)، بۆیە خوا ﷻ ئێوەی مرۆڤی بەو شێوەیە كە باسكرا، هێناوەتەدی بە چەند قۆناغێك، تاكو ئەو شێوەیە تاكەكانی مرۆڤان بیكەنە بەڵگە لەسەر ئەوە كە بەدیهێنەرێك ئەوانی بەدیهێناوە، لە كوێرا بۆ كوێی هێناون؟ لە نوتفەیەكی نەبینراوەوە بۆ مرۆڤێكی تێرو تەواو! ئنجا ئەو كەسەی بەو قۆناغانەدا تێیپەڕاندوە، پەروەردگارێك و خاوەنێكە، قۆناغ بە قۆناغ سیستمی بۆ داناوە، دوایی دەفەرموێ:

١٠)- ﴿هُوَ ٱلَّذِى يُحْىِۦ وَيُمِيتُ﴾، ئەو (خوا) ئەو كەسەیە دەژیەنێ و دەمرێنێ، (**يُحْيِي: يُوجِدُ الْمَخْلُوقَ حَيًّا**)، (يحي) لێرەدا بە مانای زیندووكردنەوە نیە، واتە: ئەو دروستكراوە بە زیندوویەتیی و بە ژیانەوە پەیدا دەكات، (وَيُمِيتُ) لێرەدا یانی: ژیانی لێ وەردەگرێتەوە، (**يُعْدِمُ الْحَيَاةَ عَنِ الَّذِي كَانَ حَيًّا**)، ئەوەی ژیاندارو زیندوو بووە، ژیانی لێ وەردەگرێتەوەو دەیمرێنێ.

١١)- ﴿فَإِذَا قَضَىٰٓ أَمْرًا﴾، هەر كاتێك فەرمانێكیدا، بڕیارێكیدا، یان: كارێكی ویست.

١٢)- ﴿ فَإِنَّمَا يَقُولُ لَهُۥ كُن فَيَكُونُ ﴾، تەنیا پێی دەفەرموێ: ببە، یەكسەر دەبێ، وشەی (فَیَكُونُ) بە دوو جۆر خوێنراوەتەوە:

أ- ﴿ فَإِنَّمَا يَقُولُ لَهُۥ كُن فَيَكُونُ ﴾، پێی دەفەرموێ: ببە، یەكسەر دەبێ.

ب- (كُنْ فَيَكُونَ) پێی دەفەرموێ: ببە یەكسەر پەیدا دەبێ.

ئەم تەعبیرە لە زۆر شوێنی قورئاندا هاتوە: لە كۆتایی سوورەتی (یس)دا هاتوەو، لێرەدا هاتوەو، لە سوورەتی (النحل)دا هاتوە، لە چەند شوێنێكدا هاتوە: ﴿ كُن فَيَكُونُ ﴾، ئنجا ئایا ئەم تەعبیرە چی دەگەیەنێ؟

(محمد الطاهر بن عاشور) لە (التحرير والتنوير)[1]دا، دەڵێ: (**كُنْ تَمْثِيلٌ لِتَعَلُّقِ الْقُدْرَةِ بِالْمَقْدُورِ بِلَا تَأْخِيرٍ وَلَا عُدَّةٍ، وَلَا مُعَانَاةٍ، وَعِلَاجٍ، بِحَالِ من يريد إِذْنَ غَيْرِهِ بِعَمَلٍ، فَلَا يَزِيدُ عَلَى أَنْ يُوَجِّهَ إِلَيْهِ أَمْرًا، فَإِنَّ صُدُورَ الْقَوْلِ عَنِ الْقَائِلِ أَسْرَعُ أَعْمَالِ الْإِنْسَانِ وَأَيْسَرُ**).

ئەمە ڕوونكردنەوەیەكی جوانە بۆ چەمك و واتای ئەو ڕستە موبارەكە: ﴿ كُن فَيَكُونُ ﴾.

واتە: وشەی (**كُنْ**) وێناكردنی پەیوەستنی دەستەڵاتی خوایە، بەو شتەوە كە دەویسترێ بهێنرێتە دی، بێ دواكەوتن و، بێ ئەوەی پێویستیی بە كەل و پەل بێ و، بێ ئەوەی پێوەی ماندوو بێ و هیچ ئەركی پێوە بكێشێ، ئەو حاڵەتە وێناكراوەو چوێنراوە بە حاڵی كەسێكەوە، كە تەنیا مۆڵەتی كەسێكی دەوێ بۆ ئەنجامدانی كارێك، ئەویش تەنیا ئەوەیە فەرمانی پێدەكات، چونكە دەرچوونی قسە لە بێژەر، لە هەموو كردەوەكانی مرۆڤ خێراترو ئاسانتریشە.

بۆ وێنە: تۆ دەتەوێ كەسێ بنێری بۆ شوێنێك پێی دەڵێی: برۆ، لەبەر ئەوەی ئەوە بۆ ئێمە، كە ئێمە لێی حاڵیی دەبین، ئاسانترین كارە، بۆیە خوا

---

(١) ج٢٤، ص١٩٩.

ﷻ ویستوویەتی بۆ ئێمەی وێنا بكات، كە وەک چۆن ئێمە بە ئاسانترین شێوە، دەتوانین بە قسە فەرمانێک بكەین، پەروەردگاریش بە ئاسانترین شێوەو بە جۆرێک كە لە عەقڵ و خەیاڵی ئێمەدا، وەک پێویست ناحەجمێ و جێی نابێتەوە، هەر شتێكی بوێ، ئەنجامی دەدات.



مەسەلەی چوارەم:

خستنەڕووی چەند دیمەنێکی سامناک لە چۆنیەتیی سزادرانی، مشتومڕ کەرانی بە درۆ دانەری پەیام و کتێبەکانی خوا ﷻ، کە کۆت و زنجیر دەکرێن و بە نێو ئاوی کوڵاودا پەلکێش دەکرێن و گڕ[1] دەدرێن:

خوا دەفەرموێ: ﴿ أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِينَ يُجَادِلُونَ فِي آيَاتِ اللَّهِ أَنَّى يُصْرَفُونَ ﴿٦٩﴾
الَّذِينَ كَذَّبُوا بِالْكِتَابِ وَبِمَا أَرْسَلْنَا بِهِ رُسُلَنَا فَسَوْفَ يَعْلَمُونَ ﴿٧٠﴾ إِذِ الْأَغْلَالُ
فِي أَعْنَاقِهِمْ وَالسَّلَاسِلُ يُسْحَبُونَ ﴿٧١﴾ فِي الْحَمِيمِ ثُمَّ فِي النَّارِ يُسْجَرُونَ ﴿٧٢﴾ ثُمَّ قِيلَ
لَهُمْ أَيْنَ مَا كُنْتُمْ تُشْرِكُونَ ﴿٧٣﴾ مِنْ دُونِ اللَّهِ قَالُوا ضَلُّوا عَنَّا بَلْ لَمْ نَكُنْ نَدْعُو مِنْ قَبْلُ
شَيْئًا كَذَلِكَ يُضِلُّ اللَّهُ الْكَافِرِينَ ﴿٧٤﴾ ذَلِكُمْ بِمَا كُنْتُمْ تَفْرَحُونَ فِي الْأَرْضِ بِغَيْرِ الْحَقِّ
وَبِمَا كُنْتُمْ تَمْرَحُونَ ﴿٧٥﴾ ادْخُلُوا أَبْوَابَ جَهَنَّمَ خَالِدِينَ فِيهَا فَبِئْسَ مَثْوَى الْمُتَكَبِّرِينَ
﴿٧٦﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە شازدە بڕگەدا:

١)- ﴿ أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِينَ يُجَادِلُونَ فِي آيَاتِ اللَّهِ ﴾، ئایا سەرنجی ئەوانەت نەداوە کە لە دژی ئایەتەکانی خوا شەڕە قسەو مشتومڕ دەکەن! (أَلَمْ تَرَ) ئەمە پرسیارکردنە بۆ چەسپاندن (**الإستفهام للتقرير**) یانی: سەرنج بدە! ئەوانەی شەڕە قسەو دەمەقاڵێ دەکەن لە دژی ئایەتەکانی خوا.

٢)- ﴿ أَنَّى يُصْرَفُونَ ﴾، چۆن لادەدرێن؟ یاخود: بەرەو کوێ لادەدرێن؟ کە بە دڵنیایی ئەمە بۆ سەرسوڕماندنە، واتە: سەرت لێیان سوڕبمێنێ کە لە دژی ئایەتەکانی خوا شەڕە قسە دەکەن، ئایەتەکانی خواش هێندە ڕۆشنن، هەموو خاوەن عەقڵ و ویژدانێکی ساغ و سەلیم دەیانبینێ، کەچی ئەوانە نکۆڵییان لێدەکەن و شەڕە قسەیان لە دژ دەکەن!

---

(١) گڕدەدرێن: دادەگیرسێن، ئاگریان تێبەردەدرێ: دەسووتێنرێن.

ئایا كێن ئەوانەی شەڕە قسە دەكەن لە دژی ئایەتەكانی خوا؟

٣)- ﴿ ٱلَّذِينَ كَذَّبُواْ بِٱلْكِتَٰبِ ﴾، ئەوانەی بێبڕوان بە كتێب، (أل)ی سەر (**الكِتَاب**) بۆ ناساندنە لێرەداو، مەبەست ناساندنی (**عهد**)ە، واتە: ئەوانەی بڕوا بە كتێبەكە ناكەن، كە مەبەست پێی قورئانە، یاخود (أل) بۆ ناساندنە و مەبەست پێی جینسە واتە: بڕوا بە هەرچی كتێبی خوایە نایكەن، كە من مانای دووەمیانم پێ ڕاسترە، چونكە لەگەڵ ڕستەی دواییدا چاكتر دەگونجێ، كە دەفەرمووێ:

٤)- ﴿ وَبِمَآ أَرْسَلْنَا بِهِۦ رُسُلَنَا ﴾، هەروەها ئەوانەی بێبڕوان بەوەی پێغەمبەرانی خۆمانمان (**عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَام**) پێ ڕەوانە كردوون، كەواتە: ئەوانە بڕوایان بە هیچ كام لە پەیامەكانی خوا نیەو، بە هیچ كام لە كتێبەكانی خوا نیەو، بە هیچ كام لە پێغەمبەرانی خوا (**عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَام**) نیە.

دەشگونجێ: ﴿ وَبِمَآ أَرْسَلْنَا بِهِۦ رُسُلَنَا ﴾، ڕوونكردنەوە بێ بۆ (**الكِتَاب**) بڕوایان بە كتێبەكان نیە، ئەوانەی پێغەمبەرانی خۆمانمان پێ ڕەوانە كردوون، دەشگونجێ باسی كتێبەكان، لە ئایەتی پێشێ دا ڕابردبێ، دوایی كە دەفەرمووێ: ﴿ وَبِمَآ أَرْسَلْنَا بِهِۦ رُسُلَنَا ﴾، یانی: وەك چۆن بڕوایان بە هیچ كام لە كتێبەكانی خوا نیە، بڕواشیان بە ئەو پەیام و وەحییەش نیە، كە خوا جگە لە كتێبان بۆ پێغەمبەرانی (**عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَام**) ناردوە، چونكە خوای بەرز، وەك چۆن كتێبی بۆ پێغەمبەران (**عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَام**) ناردوون، وەحیی و پەیامی دیكەشی بۆ ناردوون.

٥)- ﴿ فَسَوْفَ يَعْلَمُونَ ﴾، لە مەودواش دەزانن، بێگومان لێرەدا (**يَعْلَمُون**) بەركارەكەی قرتێنراوە، لەمەودوا دەزانن، چی دەزانن؟ سزایەكەیان دەزانن، یاخود ئەوەی كە بە درۆیان داناوە، دەزانن چەند هەقە، (**فَسَوْفَ يَعْلَمُونَ حَقَّانِيَّة مَا كَذَّبوا بِه**)، لەمەودوا ڕاستیی ئەوەی بەدرۆیان داناوە، دەزانن.

یان: (**فَسَوْفَ يَعْلَمُونَ عَذَابَهُم**)، لەمەودوا سزایەكەیان دەزانن، ئنجا دوایی ڕوونی دەكاتەوە، سزایەكەیان چۆنە؟.

٦)- ﴿ إِذِ ٱلۡأَغۡلَٰلُ فِيٓ أَعۡنَٰقِهِمۡ وَٱلسَّلَٰسِلُ ﴾، لە کاتێکدا کە کۆتەکان دەخرێنە گەردنیانەوەو زنجیرەکانیش.

(سلَاسِل) کۆی (سِلْسِلَة)یە، واتە: زنجیر، یانی: هەروەها زنجیرەکانیشیان لێ دەئاڵێنرێن، یاخود: بە زنجیرەکان ڕادەکێشرێن، یاخود: زنجیرەکان دەخرێنە دەست و پێیانەوەو پێیان کەلەپچە دەکرێن، وشەی (إِذْ)یش بۆ ڕابردوویە، بەڵام لێرەدا بۆ داهاتوو بەکارهێنراوە، بە نیشانەی ئەوە کە دەفەرموێ: ﴿ فَسَوۡفَ يَعۡلَمُونَ إِذِ ٱلۡأَغۡلَٰلُ ﴾، لە مەودوا دەزانن، ئەگەرنا (إِذْ) لە ئەصڵدا بۆ ڕابردوویە ﴿ إِذۡ قَالَ مُوسَىٰ لِأَهۡلِهِۦٓ ﴿٧﴾ ﴾النمل، واتە: یاد بکەوە کاتێک مووسا گوتی، یانی: لە ڕابردوودا، بەڵام لێرەدا بە بەڵگەی (سوف) کە لە پێشیەوە هاتوە: ﴿ فَسَوۡفَ يَعۡلَمُونَ إِذِ ٱلۡأَغۡلَٰلُ فِيٓ أَعۡنَٰقِهِمۡ وَٱلسَّلَٰسِلُ ﴾، لەمەودوا دەزانن لە کاتێکدا کۆتەکان دەخرێنە گەردنیانەوە، هەروەها زنجیرەکان، دەزانین بۆ داهاتوویە.

٧)- ﴿ يُسۡحَبُونَ فِي ٱلۡحَمِيمِ ﴾، ڕادەکێشرێن بە نێو ئاوی داغ و کوڵیودا، (**الحَمِيْم: أَشَدُّ الحَرِّ**)، (**حميم**) هەر شتێکە ئەوپەڕی گەرم و داغ بێ، ئنجا ئاوی کوڵیوە، ئاگری داغە، پشکۆیە، پێیدا ڕادەکێشرێن.

٨)- ﴿ ثُمَّ فِي ٱلنَّارِ يُسۡجَرُونَ ﴾، دوایی لە نێو ئاگردا دادەگیرسێنرێن، گڕدەدرێن، (**وَالسَّجْرُ: مَلْءُ التَّنُّورِ بِالْوَقُودِ لِتَقْوِيَةِ النَّارِ فِيهِ**)، (**السَّجْرُ**): بریتیە لەوەی تەندوور پڕ بکرێ لە ئاگر بۆ ئەوەی ئاگرەکە چاکتر بەهێز بێ، ئەو ئاگرەی کە تێیدایە، پێشتریش باسمانکردوە: (**أَغْلَال**) کۆی (**غُلّ**)ە، ئەویش یان بازنەیەکی ئاسنە، یاخود بازنەیەکی چەرمی مەحکەمە، دەوری گەردنی مرۆڤ دەدات.

٩)- ﴿ ثُمَّ قِيلَ لَهُمۡ أَيۡنَ مَا كُنتُمۡ تُشۡرِكُونَ ۝ مِن دُونِ ٱللَّهِ ﴾، دوایی پێیان گوترا: کوا ئەوەی دەتانکردە هاوبەش لە جیاتی خوا؟ واتە: هاوبەشی پەرستراینتان دەکردو، جگە لە خوا دەتانپەرستن، (**ثُمَّ: لِلتَّرْتِيْب الرُّتْبِيِّ**)، (**ثم**) بۆ ڕیزبەندیی پلەو پایەیە، واتە: دوای ئەو سزایە، ئنجا لێیان دەپرسرێ: کوا ئەوەی جگە لە خوا دەتانکردە هاوبەشی؟

١٠)- ﴿قَالُواْ ضَلُّواْ عَنَّا﴾، گوتیان: لێمان ون بوون، دیارنین، بێ سەرو شوێنن، (أَيْنَ) لە کوێن؟ بۆ پرسیارکردنە لە بارەی شتێک، کە شوێنەکەی نەزانراوبێ، ئەوان وەڵام دەدەنەوە دەڵێن: لێمان ون بوون، (ضَلَّ) واتە: (ضَاعَ) زایە بوو، (فُقِد) فەوتا.

١١)- ﴿بَل لَّمْ نَكُن نَّدْعُواْ مِن قَبْلُ شَيْـًٔا﴾، بەڵکو ئێمە پێشتر لە هیچ شتێک نەدەپاڕاینەوە، هیچ شتێکمان نەدەپەرست، ئەمە لێرەدا دوو واتای هەن:

أ- یان مەبەستیان ئەوەیە: ئێمە شتێکمان نەدەپەرست، سوودێکمان پێبگەیەنێ، یەکێک لە زانایان گوتوویەتی: (**فَنَفِيُ دُعَاءِ شَيْءٍ هُنَا، رَاجِعٌ إِلَى نَفْيِ دُعَاءِ شَيْءٍ يُعْتَدُّ بِهِ**)، کە دەڵێن: لە هیچ شتێک نەدەپاڕاینەوە واتە: لە شتێک نەدەپاڕاینەوە کە سوودی هەبێ، وەک لە زمانی عەرەبییدا هاتوە: (**حَسِبْتُ أَنَّ فُلاَنًا شَيْء، فَإِذَا هُوَ لَيْسَ بِشَيْءٍ**)، وامزانی فلانکەس شتە، کەچی شتێک نەبوو، هیچ دەرچوو، بەڵکو لە کوردەوارییدا تەعبیری دیکەش بەکاردێنن، کە ڕەنگە لەگەڵ تەفسیری قورئاندا گونجاو نەبێ، هەروەها پێغەمبەر ﷺ وەک دایکمان عائیشە دەڵێ: {**سَأَلَ نَاسٌ رَسُولَ اللهِ ﷺ عَنْ الْكُهَّانِ، فَقَالَ: إِنَّهُمْ لَيْسُوا بِشَيْءٍ**} (**أخرجه البخاري: ٥٧٦٢**)، واتە: خەڵک پرسیاریان کرد لە پێغەمبەری خوا ﷺ لە بارەی کاهینەکان، فاڵچییەکان، فەرمووی: ئەوان هیچ شتێک نین.

ب- یاخود هەر ئەوەیە ئەوانە کە دەڵێن: ﴿بَل لَّمْ نَكُن نَّدْعُواْ مِن قَبْلُ شَيْـًٔا﴾، نکووڵیی دەکەن لەوەی شتێکیان پەرستبێ و دەڵێن: هیچمان نەپەرستوەو، درۆ دەکەن.

١٢)- ﴿كَذَٰلِكَ يُضِلُّ ٱللَّهُ ٱلْكَـٰفِرِينَ﴾، هەر بەو شێوەیە خوا بێبڕوایان گومڕا دەکات، واتە: بەو شێوەیە کە دەبێ هەر وێنە بە خۆی بهێنرێتەوەو، هەر بە خۆی بچوێنرێ، ئاوا خوا بێبڕوایان گومڕاو سەرگەردان دەکات، وەک پێشتریش گوتمان: ﴿كَذَٰلِكَ﴾، بەو شێوەیە، واتە: ئەگەر بویسترێ گومڕاکردنی خوا بۆ کافران، بچوێنرێ بە شتێک، هیچ شتێک لە خودی خۆی باشتر نیە وێچوێنراو (**مُشَبَّه به**)ی بێ.

١٣)- ﴿ذَٰلِكُم بِمَا كُنتُمْ تَفْرَحُونَ فِى ٱلْأَرْضِ بِغَيْرِ ٱلْحَقِّ﴾، ئەوەتان بە هۆی ئەوەوەیە کە ئێوە لە زەویدا بە ناهەق، شادمانیی و زۆر خۆشحاڵییتان دەردەبڕی، (**مَا**) لە (**بما كنتم**)دا

بۆ چاوگە، واتە: (ذَلِكُمْ بِفَرِحِكُمْ فِي الأَرْضِ بَغِيْرِ الحَقِّ)، ئا ئەوەتان بە هۆی زۆر خۆشحاڵییتانەوە بوو لە زەویدا، بە ناهەق، هەروەها کە دەفەرموێ:

١٤)- ﴿ وَبِمَا كُنتُمْ تَمْرَحُونَ ﴾، هەروەها بەهۆی ئەوەوە کە فیزو کەشخەییتان دەکرد.

واتە: (بِمَرَحِكُمْ) (ما) لە هەردوو ڕستەکەدا بۆ چاوگە، واتە: ئەوە بەهۆی ئەوەوەیە کە ئێوە بە ناهەق لە زەویدا زۆر دڵخۆش دەبوون و، بە ناهەق لە زەویدا زۆر فیزو کەشخەتان دەکرد، چونکە (الْفَرَحُ: أَشَدُّ السُّرُورِ وَرِضَى الْإِنْسَانِ عَلَى أَحْوَالِهِ)، (فرح): بریتیە لە ئەوپەڕی دڵخۆشیی و ڕازیبوونی ئینسان لە حاڵ و وەزعی خۆی، (وَالْمَرَحُ: مَا يَظْهَرُ عَلَى الْإِنْسَانِ الْفَارِحِ مِنَ الْحَرَكَاتِ فِي مَشْيِهِ، وَنَظَرِهِ وَمُعَامَلَتِهِ مَعَ النَّاسِ، وَكَلَامِهِ، وَتَكَبُّرِهِ فَهُوَ هَيْئَةٌ ظَاهِرِيَّةٌ).

(مَرَحُ): بریتیە لەوەی لەسەر مرۆڤ دەردەکەوێ، لە جموجۆڵ و ئەو حاڵەتانەی دەبینرێن، لە شێوەی ڕۆیشتن و ڕوانینی و هەڵس و کەوتی لەگەڵ خەڵک داو شێوەی قسەکردنی، چونکە هەندێک لە توێژەرەوان گوتوویانە: (فَرَح) واتە: دڵخۆشیی، (مَرَح) واتە: ئەوپەڕی دڵخۆشیی، بەڵام لە ڕاستییدا وانیە، (فَرَح) هەر خۆی واتە: ئەوپەڕی دڵخۆشیی و شادمان بوون و، لە قورئاندا زەم و سەرزەنشتکراوە، کە مرۆڤ بێجگە لە بەخشش و بەزەیی خوا، بە هیچ شتی دیکە ئەوپەڕی دڵخۆشیی هەبێ، بەڵام (مَرَح): بریتیە لەو حاڵەتەی لەسەر مرۆڤ دەدردەکەوێ، لە ئەنجامی زۆر دڵخۆش بوونی بە دنیادا.

١٥)- ﴿ ٱدْخُلُوٓاْ أَبْوَٰبَ جَهَنَّمَ خَٰلِدِينَ فِيهَا ﴾، بچنە نێو دەروازەو دەرگاکانی دۆزەخەوە، بە هەمیشەیی تێیدا دەمێننەوە، لە دۆزەخدا.

١٦)- ﴿ فَبِئْسَ مَثْوَى ٱلْمُتَكَبِّرِينَ ﴾، خراپترین شوێنی تێدا مانەوەی خۆ بەزلگران (دۆزەخە).

(أَيْ: فَبِئْسَ مَثْوَى الْمُتَكَبِّرِينَ جَهَنَّمُ)، خراپترین جێگای تێدامانەوەی خۆ بەزلگران، بریتیە لە دۆزەخ، خوا پەنامان بدات، چونکە وشەی (مَثْوَى) (أي مَكَانُ الثَّوَاء) شوێنی تێدا نیشتەجێ بوون، شوێنی تێدامانەوە.

خوا بە لوتف و کەرەمی خۆی ئێمە لەو کەسانە بگێڕێ خۆیان لە هەموو ئەو سیفەتانە دوور دەگرن، کە سەرەنجامیان بە دۆزەخ و تووڕەیی و گلەیی خوا دەگەیەنن و، بەو سیفەتانە ڕازاوەمان بکات، کە مایەی ڕازیبوونی خوان و، سەرەنجامیشمان بە بەهەشتی ڕازاوە لە لای خوا دەگەیەنن.

سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ، أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ، أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ.




AliBapir
AliBapir

دەرسی شەشەم




AliBapir
AliBapir

پێناسەی ئەم دەرسە

ئـەم دەرسـەمان نـۆ (٩) ئایـەتی کۆتایـی سـوورەتی (**غافـر**)، ئایەتـەکانی: (٧٧ - ٨٥) دەگرێتـە خـۆی، خـوا ﷻ کۆمەڵێـک ڕاسـتیی جـۆراو جۆریـان تێـدا دەخاتـەڕوو:

١)- فەرمانکردن بە پێغەمبەر ﷺ بە خۆڕاگریی و پشوو درێژیی.

٢)- باسی نێردرانی پێغەمبەران (**عَلَيْهِمُ الصَّلاَةُ وَالسَّلاَم**) چ بەسەرهاتەکانیان گێڕرابنەوە، چ نەگێڕرابنەوە، واتە: مەرج نیە تەنیا خوا ئەو پێغەمبەرانەی (**عَلَيْهِمُ الصَّلاَةُ وَالسَّلاَم**) نارد بن، کە باسی کردوون لە قورئانداو بەسەرهاتەکانیانی بە کورتیی، یان بە درێژیی باسکردوون.

٣)- باسی ئەوە کە موعجیزەکانی پێغەمبەران (**عَلَيْهِمُ الصَّلاَةُ وَالسَّلاَم**) بە مۆڵەتی خوان و هیچ پێغەمبەرێک (**عَلَيْهِمُ الصَّلاَةُ وَالسَّلاَم**) بەڵگەو موعجیزەیەک کە هێناویەتی، بۆ خۆی دیاریی نەکردوە.

٤)- باسی نیعمەتی ئاژەڵەکان، کە خوا بۆ مرۆڤی ڕەخساندوون، هەم بۆ دابینکردنی خواردن و خۆراک و پێداویستییەکانی دیکەیان و، هەم کە بۆ بارو سوارو گواستنەوە بەکاریان دێنن.

٥)- سەرنج ڕاکێشانی مرۆڤان بۆ مێژووی گەلانی بە درۆدانەری پەیامەکانی خوا، کە تووشی ئازارو مەینەتیی بوون هەر لە دنیادا، دیارە سزای دواڕۆژیش چاوەڕێیان دەکات.

٦)- باسی بوغڕابوونی بێبڕوایان بە تۆزە زانیارییەک کە هەیانبووەو، بۆتە هۆی ئەوەی گوێ نەگرن بۆ پەیام و بانگەوازی پێغەمبەران و، سەرەنجام تووشی سزاو مەینەتیی دنیا بوون و، تووشی جەزرەبەی دواڕۆژیش دەبن.

٧)- پەشێمان بوونەوەی بێبڕوایانی بەدرۆ دانەری پەیامەکانی خوا لە کاتی هاتنی بەڵای خوادا، بەڵام بێ سوود بوونی پەشێمانیی و بێ سوود بوونی بڕواهێنانیان، لە کاتێکدا کە کاتی بڕواهێنان نەبووە.

﴿ فَٱصۡبِرۡ إِنَّ وَعۡدَ ٱللَّهِ حَقّٞۚ فَإِمَّا نُرِيَنَّكَ بَعۡضَ ٱلَّذِي نَعِدُهُمۡ أَوۡ نَتَوَفَّيَنَّكَ فَإِلَيۡنَا
يُرۡجَعُونَ ﴿٧٧﴾ وَلَقَدۡ أَرۡسَلۡنَا رُسُلٗا مِّن قَبۡلِكَ مِنۡهُم مَّن قَصَصۡنَا عَلَيۡكَ وَمِنۡهُم مَّن
لَّمۡ نَقۡصُصۡ عَلَيۡكَۗ وَمَا كَانَ لِرَسُولٍ أَن يَأۡتِيَ بِـَٔايَةٍ إِلَّا بِإِذۡنِ ٱللَّهِۚ فَإِذَا جَآءَ أَمۡرُ
ٱللَّهِ قُضِيَ بِٱلۡحَقِّ وَخَسِرَ هُنَالِكَ ٱلۡمُبۡطِلُونَ ﴿٧٨﴾ ٱللَّهُ ٱلَّذِي جَعَلَ لَكُمُ ٱلۡأَنۡعَٰمَ
لِتَرۡكَبُواْ مِنۡهَا وَمِنۡهَا تَأۡكُلُونَ ﴿٧٩﴾ وَلَكُمۡ فِيهَا مَنَٰفِعُ وَلِتَبۡلُغُواْ عَلَيۡهَا
حَاجَةٗ فِي صُدُورِكُمۡ وَعَلَيۡهَا وَعَلَى ٱلۡفُلۡكِ تُحۡمَلُونَ ﴿٨٠﴾ وَيُرِيكُمۡ ءَايَٰتِهِۦ
فَأَيَّ ءَايَٰتِ ٱللَّهِ تُنكِرُونَ ﴿٨١﴾ أَفَلَمۡ يَسِيرُواْ فِي ٱلۡأَرۡضِ فَيَنظُرُواْ كَيۡفَ كَانَ عَٰقِبَةُ
ٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِهِمۡۚ كَانُوٓاْ أَكۡثَرَ مِنۡهُمۡ وَأَشَدَّ قُوَّةٗ وَءَاثَارٗا فِي ٱلۡأَرۡضِ فَمَآ أَغۡنَىٰ
عَنۡهُم مَّا كَانُواْ يَكۡسِبُونَ ﴿٨٢﴾ فَلَمَّا جَآءَتۡهُمۡ رُسُلُهُم بِٱلۡبَيِّنَٰتِ فَرِحُواْ بِمَا عِندَهُم
مِّنَ ٱلۡعِلۡمِ وَحَاقَ بِهِم مَّا كَانُواْ بِهِۦ يَسۡتَهۡزِءُونَ ﴿٨٣﴾ فَلَمَّا رَأَوۡاْ بَأۡسَنَا قَالُوٓاْ ءَامَنَّا بِٱللَّهِ
وَحۡدَهُۥ وَكَفَرۡنَا بِمَا كُنَّا بِهِۦ مُشۡرِكِينَ ﴿٨٤﴾ فَلَمۡ يَكُ يَنفَعُهُمۡ إِيمَٰنُهُمۡ لَمَّا رَأَوۡاْ بَأۡسَنَاۖ
سُنَّتَ ٱللَّهِ ٱلَّتِي قَدۡ خَلَتۡ فِي عِبَادِهِۦۖ وَخَسِرَ هُنَالِكَ ٱلۡكَٰفِرُونَ ﴿٨٥﴾ ﴾.

مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان

{دەجا (ئەی موحەممەد! ﷺ) خۆت ڕابگرە، بێگومان بەڵێنی خوا ڕاست و چەسپاوە، ئنجا ئەگەر هەندێک لەوەی بەڵێنیان پێدەدەین، پێشانت بدەین (لە سزاو جەزرەبە)، یان (بەرلەوە) بتمرێنین، تەنیا بۆ لای ئێمە دەگێڕدرێنەوە ﴿٧٧﴾ بە دڵنیاییی لە پێش تۆدا پێغەمبەرانێکمان ناردوون، هەیانە لە (بەسەرهاتی) وی بۆمان گێڕاویەوەو، هەشیانە بۆمان نەگێڕاویەوەو، هیچ پێغەمبەرێکیش بە مۆڵەتی خوا نەبێ، بۆی نەبووە هیچ نیشانە (موعجیزە)یەک بهێنێ و، هەر کات فەرمانی خواش هات، بە هەق و دادگەرانە دادوەریی دەکرێ و، ڕێی ناهەق گرانیش لەو

کاتـەدا زیانبارده‌بـن ﴿٧٨﴾ خـوا ئـەو کەسـەیە کـە ئاژەڵـەکانی بـۆ ڕەخسـاندوون، تاکـو سـواری هەندێکیـان بـن و، لە (گۆشـت و بەرهەم)ی هەندێکیان بخـۆن ﴿٧٩﴾ هەروەها سـوودگەلی زۆرتـان تێیانـدا هـەن و (خـوا ئاژەڵـی بـۆ ڕەخسـاندوون) تاکـو بـە هـۆی بەکارهێنانیانـەوە (بـۆ بـارو سـوار) بگەنـە ئامانجێـک کـە لـە سینەکانتاندایەو، لەسـەر پشـتی ئەوانیش و کەشـتییەکانیش هەڵدەگیرێـن ﴿٨٠﴾ خـواش نیشـانەکانیتان پیشـان دەدات، ئنجا ئایا نکووڵیـی لـە کام لـە نیشـانەکانی خـوا دەکـەن؟ ﴿٨١﴾ ئایا (ئەوانـە) بـە زەویـدا نەڕۆیشـتوون، ئنجا سـەرنج بـدەن: سـەرەنجامی ئەوانـەی پێش وان چـۆن بـوو؟ ئـەوان لەوانـە(ی ڕۆژگاری تـۆ) زیاتـر بـوون و، هێـزو شوێنەوارەکانیشـیان لـە زەویـدا سـەختترو بەرچاوتـر بـوون، بەڵام (کاتێـک سـزای خوایـان بـۆ هـات) ئـەوەی وەدەسـتیان هێنابـوو، هیـچ سـوودی پـێ نەگەیانـدن (و لـە بـەڵای خـوا دەربـازی نەکـردن) ﴿٨٢﴾ ئنجا کاتێـک پێغەمبەرەکانیـان بەڵگـە ڕۆشـنەکانیان بـۆ هێنـان، بـەو ئەنـدازە (کەمـە) زانیارییـەی لەلایـان بـوو، زۆر دڵخـۆش (و بوغـڕا)بوون و، (سـەرەنجام سـزای) ئـەوەی کـە گاڵتەیـان پێدەکـرد، گەمارۆی دان ﴿٨٣﴾ ئنجا کاتێـک سـزاو بـەڵای سـەختی ئێمەیـان دی، گوتیـان: بـە تەنیا بڕوامـان بـە خـوا هێنـاو، بێبڕوایـن بـەوەی پێشـتر بـە هۆیـەوە هاوبەشـدانەر بوویـن (بـۆ خـوا) ﴿٨٤﴾ بـەڵام بەپێـی یاسـای خـوا کـە لـە (ژیـان و گـوزەرانی) بەندەکانیـدا تێپەڕیـوە، بڕوایەکەیـان دوای ئـەوەی سـزای (سـەختی) ئێمەیـان بینـی، نەگونجـا هیـچ سـوودیان پێبگەیەنـێ و، لـەو کاتـەدا بێبڕوایـان زیانبـارو دەسـخەڕۆ بـوون ﴿٨٥﴾}.



شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان

(قَصَصۡنَا عَلَيۡكَ): واتــە: بەســەرماندا خوێندوویــەوە، بۆمــان گێڕاویــەوە، **(القَصَـصُ: تَتَبّـعُ الأثَـرِ، وَالقَصَـصُ: الأثَـر، وَالأخْبَـارُ المُتَتَبَّعَـة)**، **(قَـصّ)**: بریتیــە لــە شـوێن شـوێنەوارکەوتن، **(قَصَـص)** بـە شـوێنەوار دەگوتـرێ، هەروەهـا **(قَصَـص)** بـەو هەواڵانــە دەگوتــرێ، کــە ســۆراغ دەکرێــن.

(ٱلۡمُبۡطِلُونَ): **(المُبْطِلُوْن: أي الَّذيْـنَ يُبْطِلُـونَ الحَـقَّ)** ئەوانـەی دەیانـەوێ هـەق پووچـەڵ بکەنـەوە، یاخـود هـەق بپووچێننـەوە، لابـەرن، **(البَاطِـلُ: مَـا لَا ثَبَـاتَ لَـهُ، وَلَا حَقِيقَـةَ لَـهُ عِنْـدَ الفَحْـص)**، **(بَاطِـل)** شـتێکە کـە چەسـپاو نیـە، نێوەڕۆکێکـی نیـە، دوای ئـەوەی دەیپشـکنی، هیچـی لەبارانـدا نیـە، **(مُبْطِل)**یـش کەسـێکە هەڵگـری ناهـەق **(بَاطِل)**ە.

(فَرِحُواْ): **(الفَـرَحُ: إنْـشِرَاحُ الصَّـدْرِ بِلَـذَّةٍ عَاجِلَـة، وَالفَـرَحُ: أَشَـدُّ الـسُّرُور)**، **(فَـرَح)**: بریتیـە لـە سـینە گوشـادبوون بـە هـۆی چێژێکـی بـە پەلـەی دنیـاوە، چێژێکـی دنیایی ماددیـی، هەروەهـا وشـەی **(فَـرَح)** بـە ئەوپـەڕی دڵخۆشـیی دەگوتـرێ.

(وَحَاقَ بِهِم): دەوری دان، یاخود: دابەزیە سەریان.

(بَأۡسَنَا): **(البُـؤْسُ وَالبَأْسَـاءُ وَالبَـأْسُ: الشِّـدَّةُ وَالمكْـرُوه)**، **(بُـؤْس، وَبَأْسَـاء، وَبَـأْس)**: هەرسـێکیان بـە مانـای سـەختیی و شـتی ناخـۆش و نەویسـتراو دێـن.

(سُنَّتَ ٱللَّهِ): یاســای خــوا، یــان: ڕێبــازی خــوا لــە شــێوەی مامەڵــەی لەگــەڵ مرۆڤەکانــدا.

(خَلَتۡ): **(أَيْ: مَضَـتْ)**، واتـە: تێپـەڕی، دەگوتـرێ: **(خَلَى الزَّمَانُ، أي: قَضَــى وَذَهَـب)** کاتەکـە تێپەڕیـی و ڕۆیی، بەسـەرچوو.

(هُنَالِكَ): (أي فِي ذَلِكَ الوَقْتُ)، (هُنَالِك): لە ئەصڵدا بە مانای ئەو شوێنەیە، بەڵام لێرەدا خوازراوەتەوە بۆ کات، لەو کاتەدا.

مانای گشتیی ئایەتەکان

خوا ﷻ لە کۆتایی ئەم سوورەتە موبارەکەی (غافر)دا، وەک لە پێناسەی ئەم دەرسەشدا باسمانکرد، چەند ڕاستییەکی گەورەو گرنگ دەخاتەڕوو:

سەرەتا ڕوو لە پێغەمبەری خاتەم ﷺ دەکات و دەفەرموێ: ﴿ فَاصْبِرْ إِنَّ وَعْدَ اللَّهِ حَقٌّ ﴾، ئەمە جاری دووەمە لەم سوورەتەدا دووبارە دەبێتەوە، کە خوا فەرمان بە پێغەمبەری خاتەم ﷺ دەکات، خۆڕاگربێ، (الصَّبْرُ: هُوَ حَبْسُ النَّفْسِ عَلَى مَا تَكْرَه)، (صبر) بریتیە لە ڕاگرتنی نەفس، لەسەر شتێک کە پێی ناخۆشە، ﴿ فَاصْبِرْ إِنَّ وَعْدَ اللَّهِ حَقٌّ ﴾، خۆت ڕابگرە، لە بەرانبەر قسەو قاڵی ئەواندا، لە بەرانبەر پڕوپاگەندەیانداو، لە بەرانبەر ئازارو نارەحەتییەکانیاندا پاشەکشە مەکە، دەست بەو هەقەی خۆتەوە بگرە کە خوا بۆی ناردوی، ﴿إِنَّ وَعْدَ اللَّهِ حَقٌّ ﴾، بە دڵنیایی بەڵێنی خوا ڕاستە، چەسپاوە، ئەو بەڵێنەی خوا داویەتی کە تۆ سەردەخات، بڕواداران سەردەخات لە دنیاو لە دواڕۆژدا، وەک فەرموویەتی: ﴿ إِنَّا لَنَنصُرُ رُسُلَنَا وَالَّذِينَ ءَامَنُوا فِي الْحَيَوٰةِ الدُّنْيَا وَيَوْمَ يَقُومُ الْأَشْهَٰدُ ﴿٥١﴾ ﴾غافر، بە دڵنیایی ئێمە پێغەمبەرانمان و ئەوانەی بڕوایان هێناوە، لە ژیانی دنیاداو لەو ڕۆژەدا کە شایەدەکانیش ڕاست دەبنەوە (بۆ شایەدیی دان) سەریان دەخەین، ئەو بەڵێنەی خوا ڕاستە.

هەروەها بەڵێنی خوا کە ڕۆژی دوایی دێ، سزاو پاداشت بەسەر خراپەکاراران و چاکەکاراندا دەچەسپێ، ڕاستە، هەروەها بەڵێنی خوا، کە بە درۆدانەرانی پەیامەکانی خوا، سزا دەدات لە دنیادا سزایان دەدات و ڕیسوا دەبن، ئەگەر

گریمان سزای ماددیی بەرجەستەشیان بە ملدا نەیەت، سەرەنجام هەر ڕەنجەڕۆ و دەسخەڕۆ دەبن، لە دواڕۆژیشدا سزای سەخت چاوەڕێیان دەکات، ئەو بەڵێنانە هەموویان ڕاستن، ﴿فَإِمَّا نُرِيَنَّكَ بَعْضَ الَّذِي نَعِدُهُمْ﴾، ئنجا ئەگەر هەندێک لەوەی بەڵێنی بەواندا پێدەدەین (هەڕەشەی پێ لەوان دەکەین)، هەندێکیت پێشان بدەین، ﴿أَوْ نَتَوَفَّيَنَّكَ﴾، یاخود بتمرێنین، (پێش ئەوەی سزای ئێمە بۆ ئەوان ببینی)، واتە: پێش ئەوەی بەشێک لە سزادانی ئێمە بۆ ئەوان ببینی، کە لە دنیادایە، ﴿فَإِلَيْنَا يُرْجَعُونَ﴾، لە هەردوو حاڵاندا: ئەوانە بۆ لای ئێمە دەگێڕدرێنەوە، کەواتە: تۆ خۆڕاگربەو دەربەست مەبە، چونکە سەرەنجام دێنەوە بۆ لای ئێمە، چ بەشێک لەو سزایەی کە بۆ وانمان داناوە، لە دنیادا بیبینی، چ سزایەکە نەبینی، ئەوە بوو پێغەمبەر ﷺ دواتر سزای خوای بینی بۆ کافرەکانی مەککە، بۆ زلە زلە ملهوڕەکان، کە لە جەنگی بەدردا حەفتا یان لێ کوژراو حەفتایان لێ بە دیل گیراو لووتیان شکا، بەڵایەکیان بەسەرهات زۆر بەڵایەکی بێڕەزاو گەورە، وەک خوا ﷻ ناوی لە جەنگی بەدر ناوە: (**یوم الفرقان**) ڕۆژی لێک جیاکردنەوەی هەق و ناهەق.

ئنجا دوای ئەو دڵدانەوەی پێغەمبەر ﷺ بە جۆرێکی دیکەش دڵی دەداتەوەو دەفەرموێ: ﴿وَلَقَدْ أَرْسَلْنَا رُسُلًا مِّن قَبْلِكَ﴾، بە دڵنیایی لە پێش تۆدا پێغەمبەرانێکمان ڕەوان کردوون، تۆ تاکە پێغەمبەرو ڕەوانەکراوی خوا نی، کە دوژمن و ناحەزەکانی خوا بە درۆت دادەنێن، تووشی ئازارو ناڕەحەتییت دەکەن، لە پێش تۆشدا پێغەمبەرانی دیکەمان ڕەوان کردوون، ﴿مِنْهُم مَّن قَصَصْنَا عَلَيْكَ وَمِنْهُم مَّن لَّمْ نَقْصُصْ عَلَيْكَ﴾، هەیانە بەسەرهاتەکەیمان بۆ گێڕاویەوەو هەشیانە بەسەرهاتەکەیمان بۆ نەگێڕاویەوە، ئەوەی خوا ﷻ بە پێویستی زانیبێ و حیکمەتی خوای کارزان خواستبێتی، بەسەرهاتەکەی بۆ پێغەمبەری خاتەم ﷺ و بڕوادارانی شوێنکەوتووی تاکو ڕۆژی دوایی، گێڕاوەتەوە، چ بە درێژیی بەسەرهاتەکەی گێڕابێتەوە، وەک بەسەرهاتەکانی: ئادەم و نووح و هوودو صالح

و شوعەیب و ئیبڕاهیم و لووط و یوسوف و مووساو داوودو سولەیمان و عیسا (عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَامِ)، چ بە کورتیی بەسەرهاتەکەیانی گێڕابێتەوە، وەک: یونوس و ئیسحاق و ئەییووب و یەعقووب و زەکەرییاو یەحیا، چ ئاماژەی بە ناوەکانیان کردبێ، وەک: ئیدریس و ئیسماعیل و ئەلیەسع و **ذی الکیفل**، کە خوا تەنیا بەوەندە ئیکتیفای کردوە، ناوی هێناون و بە چەند سیفەتێکی کەم پێناسەی کردوون.

﴿وَمَا كَانَ لِرَسُولٍ أَن يَأْتِيَ بِـَٔايَةٍ إِلَّا بِإِذْنِ ٱللَّهِ﴾، هیچ پێغەمبەرێک بۆی نەبووە نیشانەیەک بێنێ، مەگەر بە مۆڵەتی خوا، واتە: موعجیزەکانی کە بە پێغەمبەران (عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَامِ) دراون، وەک نیشانەی ڕاستیی ئەوان، هەمووی بە مۆڵەتی خوا بووە، ئەمە وەڵامی ئەو قسەیانە، کە کافرەکان هەمیشە پێغەمبەری خاتەمیان ﷺ هەڵدەپێچاو تەنگەتاویان دەکرد دەیانگوت: ﴿فَلْيَأْتِنَا بِـَٔايَةٍ كَمَآ أُرْسِلَ ٱلْأَوَّلُونَ ۝٥﴾ الأنبیاء، واتە: با نیشانەیەکمان بۆ بێنێ، وەک چۆن پێغەمبەرانی پێشێ (عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَامِ) ڕەوانکراون، واتە: ئەو جۆرە موعجیزەو بەڵگانەی پێغەمبەرانی پێشوو پێیان بوون، با ئەویش ئەوەمان بۆ بێنێ، بەڵام کافرەکانی پێشێ وەنەبێ زۆر بڕوایان بە موعجیزەی پێغەمبەرانی پێشوو کردبێ، تاکو خوای مەزن ئەو ئەزموونە بۆ پێغەمبەری خاتەمیش ﷺ و بۆ ئەو خەڵکەش کە بۆ لایان ڕەوانکراوە، دووبارەی بکاتەوە، وەک دەفەرمووێ: ﴿وَءَاتَيْنَا ثَمُودَ ٱلنَّاقَةَ مُبْصِرَةً فَظَلَمُوا۟ بِهَا ۚ وَمَا نُرْسِلُ بِٱلْـَٔايَٰتِ إِلَّا تَخْوِيفًا ۝٥٩﴾ الإسراء، واتە: ئێمە پێشتر حوشترێکماندا بە صالح وەک نیشانەیەکی پێبینەر، بەڵام ئەوان بە درۆیان دانا، ئنجا خوا ﷻ موعجیزەو بەڵگەکان کە دەیاندا بە پێغەمبەران بۆ سەلماندنی ڕاستییەتیی خۆیان، زانیاریی و کارزانیی بێ سنووری خوا دیاریی دەکات، دەبێ چ موعجیزەو بەڵگەیەک بێت؟ بۆ هەر کام لە پێغەمبەران (عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَامِ) بەپێی پێویستیی خەڵکی سەردەمی ئەو پێغەمبەرەی موعجیزەکەی پێدراوە، بۆ پێغەمبەری خاتەم موحەممەدیش ﷺ کە خوا ﷻ پێغەمبەری خاتەمی ﷺ بۆ تێکڕای بەشەری بە درێژایی زەمان

و بـە پانایـی زەمیـن نـاردوە، موعجیزەیەکـی بـۆ نـاردوە کـە لـە خـودی خۆیـدا بەرنامەکەشیەتی، ئنجا ئەگـەر موعجیزەیەکـی وەک هـی پێغەمبـەرانی پێشـوو بووایـە، لەگـەڵ کۆچـی دوایـی خـۆی دا، موعجیـزەو نیشـانەکەشی کۆتایـی پێدەهـات، بـەڵام لەبـەر ئـەوەی پێغەمبـەری خاتـەم ﷺ پێغەمبـەری خوایـە ﷺ بـۆ هەمـوو بەشـەر، هەتـا مرۆڤێـک لەسـەر زەوی مابـێ، دەبـێ موعجیـزەو بەڵگەکـەشی بمێنێتـەوە کـە هـەر خـودی بەرنامەکەشیەتی، کـە قورئانـە، هـەر بۆیـە لـە سـوورەتی **(العنکبـوت)** دا، خـوا ﷻ لـە وەڵامـی کافرەکانـدا دەفەرمـوێ: ﴿وَقَالُواْ لَوْلَآ أُنزِلَ عَلَيْهِ ءَايَٰتٌ مِّن رَّبِّهِۦ ۖ قُلْ إِنَّمَا ٱلْءَايَٰتُ عِندَ ٱللَّهِ وَإِنَّمَآ أَنَا۠ نَذِيرٌ مُّبِينٌ ﴿٥٠﴾ أَوَلَمْ يَكْفِهِمْ أَنَّآ أَنزَلْنَا عَلَيْكَ ٱلْكِتَٰبَ يُتْلَىٰ عَلَيْهِمْ ۚ إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَرَحْمَةً وَذِكْرَىٰ لِقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ ﴿٥١﴾﴾، واتـە: دەیانگـوت: دەبووایـە لـە پەروەردگاریـەوە نیشـانەی دابەزنـە سـەرێ (خـوا دەفەرمـوێ:) بڵـێ: نیشـانەکان تەنیـا لـە لای خـواوەن، مـن تەنیـا هۆشـیارکەرەوەو ترسـێنەرێکی ڕوون و ئاشـکرام، ئایا بـۆ ئـەوان بـەس نیـە، کـە ئێمـە کتێبێکـمان دابەزاندۆتـە سـەر تـۆ بەسـەریاندا دەخوێنرێتـەوە، لـەوەدا بەزەیـی و بیرخـەرەوە هەیـە بـۆ کۆمەڵێـک بڕوابێنـن.

یـانی: ئەگـەر بڕوابێنـن، ئـەوە قورئـان بەسـە، ئەگـەر بـڕواش نەهێنـن شـتی دیکەش هەبـێ هـەر بڕواناهێنن.

﴿فَإِذَا جَآءَ أَمْرُ ٱللَّهِ﴾، ئنجـا کاتێـک فەرمـانی خـوا هـات (فەرمـانی خـوا هـات بـە تێکـدانی ژیـانی دنیـا، بـە ئاخیـر زەمـان، یاخـود فەرمـانی خـوا هـات، دوای دنیـا تێکچـوون، بـە زیندووکرانـەوەی مرۆڤـەکان)، ﴿قُضِىَ بِٱلْحَقِّ﴾، لـەو کاتـەدا بـە هـەق دادوەریـی لـە نێـوان خەڵـک دا دەکـرێ، ﴿وَخَسِرَ هُنَالِكَ ٱلْمُبْطِلُونَ﴾، لـەو کاتـەش دا ئەوانـەی هەڵگـری بیرۆکـە پووچـەکان بـوون، شـوێنکەوتووی بەرنامـە پووچـەکان بـوون، زیانبـار بـوون.

﴿ٱللَّهُ ٱلَّذِى جَعَلَ لَكُمُ ٱلْأَنْعَٰمَ لِتَرْكَبُواْ مِنْهَا وَمِنْهَا تَأْكُلُونَ﴾، جارێکی دیکـە خـوا ﷻ هەندێـک لـە نیعمـەت و چاکـەکانی خۆی دەخاتـە بەرچـاوی مرۆڤەکان،

دەفەرمویّ: خـوا ئـەو کەسـەیە کـە ئاژەڵـەکانی بـۆ گێـڕاون و وایلێکـردوون کـە بتوانـن سـواریان بـن و بچنـە سـەر پشـتیان، هەندێکیشـیان لێیـان بخـۆن، واتـە: هەندێکیـان بـۆ بـارو سـوار بەکاربێنـن و، هەندێکیشـیان بـۆ لـێ خـواردن، ئنجـا ئەوانـەی بـۆ بـارو سـوار بەکاردەهێندرێـن، ئەگـەر ئـاژەڵ (**أنعـام**) چەمکەکـەی فـراوان تەماشـا بکەیـن، ئـەو کاتـە وڵاخـە بـەرزەو، کـەرو، ئێسـترو فیـل و... هەموویـان دەگرێتـەوە، ئەگـەر تەنیـا ئـەو چـوار جـۆرە ئاژەڵـەش مەبەسـت بـێ، کـە لـە سـوورەتی (**الأنعـام**)دا، خوا ﷻ نـاوی هێنـاون کـە: حوشـترو ڕەشـە وڵاخ و مـەڕو بزنـن، ئـەوە بـە تەئکیـد حوشـتر بـە پلـەی یەکـەم و ڕەشـە وڵاخیـش: گاو مانـگاو گامێـش و کـەڵ بـە پلەیەکـی کەمتر، بـۆ بـارو سـواریش بەکاردێـن، بـەڵام دیـارە ئاژەڵـی ورد: مـەڕو بـزن، تەنیـا بـۆ گۆشتەکەیان بەکاردێـن، هەڵبەتـە حوشـترو ڕەشـە وڵاخیـش بـۆ گۆشتەکەشـیان بەکاردێـن، بـەڵام وێـڕای ئـەوە، بـۆ بـارو سـواریش بەکاردێـن، ﴿ وَلَكُمْ فِيهَا مَنَافِعُ ﴾، هەروەها بۆ ئێـوە لـەو ئاژەڵانـەدا، زۆر سـوودو کەڵکـی دیکـەش هـەن، ﴿ وَلِتَبْلُغُوا عَلَيْهَا حَاجَةً فِي صُدُورِكُمْ ﴾، هەروەهـا بـۆ ئـەوەی لەسـەر پشـتی ئـەو وڵاخانـە بگەنـە هەندێک کارو پێویسـتیی و، هەندێـک ئامانـج کـە لـە سـینەتاندا هـەن و ناتوانـن بیانگەنـێ، ﴿ وَعَلَيْهَا وَعَلَى الْفُلْكِ تُحْمَلُونَ ﴾، هەروەهـا لەسـەر پشـتی ئـەو ئاژەڵانـەو، لەسـەر پشـتی کەشـتییانیش خۆتـان و کەلوپەلتـان هەڵدەگیرێـن، ﴿ وَيُرِيكُمْ آيَاتِهِ ﴾، ئـەو (خوا)یـش نیشـانەکانی خـۆی پیشـانی ئێـوە دەدا، ﴿ فَأَيَّ آيَاتِ اللَّهِ تُنكِرُونَ ﴾، ئنجـا ئایـا نکوولیـی لـە کام لـە نیشـانەکانی خـوا دەکـەن؟!

ئەوانـە هەموویـان نیشـانەکانی خـوان: خۆتـان، ئاسـمان و زەوی، ئـەو هەمـوو نیعمەتانـەی دیکـەی خـوا پێیـداون: شـەوگار، ڕۆژگار، جـۆرەکانی ئـاژەڵ، جـۆرەکانی ڕووەک، دانەوێڵـە بـە هەمـوو جۆرەکانیـەوە، ئەوانـە هەموویـان نیشـانەکانی خـواو نیعمەتـەکانی خـوان، ئایا نکوولیـی لـە کام لـە نیشـانەو لـە چاکـەو نیعمەتـەکانی خـوا دەکـەن؟ واتـە: هیـچ کام لـە نیشـانەکانی خـوا هـی ئـەوە نیـن، ئێـوە نکوولییـان لـێ بکـەن و پێیـان بێبڕوابـن.

ئنجا خوا ﷻ جارێکی دیکە سەرنجیان بۆ مێژوو ڕادەکێشێ و دەفەرموێ: ﴿ أَفَلَمْ يَسِيرُواْ فِى ٱلْأَرْضِ ﴾، ئایا بە زەویدا نەڕۆیشتوون؟ بە زەویدا ڕۆیشتن، وەک جاری دیکەش باسمانکردوە دەگونجێ ڕۆینی (سیر)ی فیکریی بێ، دەشگونجێ ڕۆینی (سیر)ی جەستەیی بێ، ڕۆیشتنی جەستەیی ئەوەیە کە مرۆڤ بە کردەوە بڕوات، ئنجا بە وڵاخە، بە ترومبێلە، بە فڕۆکەیە، بە پێیانە، بە هەر شێوەک لە شێوەکان بە کردەوە بڕوات و شوێنەوارەکان ببینێ و بە زەویدا بگەڕێ، ڕۆیشتنی مەعنەویی و فیکرییش ئەوەیە کە ئینسان لەبەر خۆیەوە ڕامێنێ، یاخود کتێب بخوێنێتەوەو تەماشای سەرچاوە مێژووییەکان بکات و، سەرنجی بەسەرهات و چارەنووسی گەلانی پێشوو بدات، ﴿ فَيَنظُرُواْ كَيْفَ كَانَ عَـٰقِبَةُ ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ ﴾، ئنجا سەرنج بدەن: سەرەنجامی ئەوانەی پێش وان چۆن بوو؟ ﴿ كَانُوٓاْ أَكْثَرَ مِنْهُمْ ﴾، ئەوان زیاتر بوون لەوان، واتە: گەلە پێشووەکان لەوانەی ڕۆژگاری پێغەمبەر ﷺ ژمارەیان زیاتر بوو، ﴿ وَأَشَدَّ قُوَّةً وَءَاثَارًا فِى ٱلْأَرْضِ ﴾، هەروەها هێزیشیان سەختتربوو و، شوێنەوارەکانیشیان بەرچاوتر بوون، ئەوەتا شوێنەوارەکانیان دەبینی وەک لە ئایەتەکانی پێشووتردا باسمانکرد: شوێنەواری فیرعەونەکان، هەرەمەکان لە میسر، شوێنەوارەکانی گەلی عاد، گەلی سەموود، گەلی لووط، ئەوە شوێنەوارەکانی دیکەی گەلانی دیکە لە ڕۆژهەڵاتی ئاسیا، لە میزۆپۆتامیا، لە شام، لە شوێنەکانی دیکە، شوێنەواری وایان بەجێهێشتوون کە مرۆڤ لە بەرانبەریان دا سەراسیمە دەبێ، وەک پێشتر باسمانکرد لە بەعلەبەک چەند بەردێک لەسەریەک دانراون، هەر کامێکیان قورساییەکەی دوو سەد تەنە، دوو سەد هەزار کیلۆ!! ئێستا مرۆڤ هیچ ئامرازێکی وای نیە، کێشێکی دوو سەد تەنی پێ بەرز بکاتەوە، دەبێ ئەوانە چۆنیان ئەو بەردانە خستبنە سەریەک؟! ﴿ فَمَآ أَغْنَىٰ عَنْهُم مَّا كَانُواْ يَكْسِبُونَ ﴾، کەچی ئەو گەلە پێشووانە هەرچەندە ژمارەشیان زیاتر بوو، هێزو شوێنەواریشیان بەهێزترو سەختتر بوون، بەڵام ئەوەی کە وەدەستیان هێنابوو، هیچ سوودی پێنەگەیاندن لە کاتێکدا بەڵای

خـوا هـات، واتـە: دەربـازی نەکـردن و قوتـاری نەکـردن لـە بـەڵاو سـزای خـوا، ﴿ فَلَمَّا جَآءَتۡهُمۡ رُسُلُهُم بِٱلۡبَيِّنَٰتِ ﴾، ئنجـا کاتێـک پێغەمبەرەکانیـان بەڵگـە ڕۆشـنەکانیان بـۆ هێنـان، ﴿ فَرِحُواْ بِمَا عِندَهُم مِّنَ ٱلۡعِلۡمِ ﴾، زۆر دڵخـۆش و بوغڕابـوون بـەوەی کەلـە لایـان بـوو لـە زانیاریـی، واتـە: ئـەو تـۆزە زانیارییـەی لـە لایـەن بـوو، کردیانـە بەدیـل و جێگـرەوە بـۆ وەحیـی و پەیامـی خـوا ﷻ، ﴿ وَحَاقَ بِهِم مَّا كَانُواْ بِهِۦ يَسۡتَهۡزِءُونَ ﴾، سـەرەنجام ئـەوەی گاڵتەیـان پێدەکـرد، گاڵتـەپێکراوەکە، یاخـود سـزای گاڵتەپێکراوەکـە، گەمـارۆی دان و دەوری دان.

هەندێـک لـە توێـژەرەوانی قوڕئـان گوتوویانـە: لێـرەدا مەبەسـت پێـی هەندێـک لـە فەیلەسـووفەکانە کـە پێغەمبـەران بـە بەڵگـەوە هاتـوون بـۆ لای گریـک و یۆنانـەکان، ئەوانیـش بـە حیسـاب خۆیـان بـە حەکیـم و فەیلەسـووف زانیـوەو گوتوویانـە: ئـەوەی لـە لای ئێمەیـە، لـە فەلسـەفە و زانیاریـی، باشـترەو ئێمـە هـەر بـەدوای زانیاریـی خۆمان دەکەویـن و، خۆیـان بێنیـاز پێشـانداوە بەرانبـەر بـەو زانیاریـی و هیدایەتـەی خـوا بـە پێغەمبەرانـدا ناردوویـەتی، کـە هەمـوو فەلسـەفەی یۆنـان و غەیـری یۆنان کـۆ بکەیەوە، لـە چـاو ئـەو هیدایـەت و پەیامـەی خـوا ناردوویـەتی، لوێچێکـە لـە تەغارێک و مسـتێکە لـە جەواڵێـک، پاشـان فەلسـەفەو حیکمـەتی مرۆڤـەکان بـە دوور لـە هیدایـەتی خـوا، پـڕە لـە هەڵـەو پەڵـە، پـڕە لـە خڵتـە، وەک لـە مەوسـووعەی: (درەوشـاوەیی ئیـمان و پووچەڵیـی ئیلحـاد لەبـەر ڕۆشـنایی زگـماک و عەقـڵ و زانسـت و وەحییدا)، بـە تەفصیڵ باسـمکردوە، هەروەهـا لـە مەوسـووعەی: (بیرکردنـەوەی ئیسـلامیی لـە نێـوان وەحیـی و واقیعـدا) لـە کتێبـی سـێیەم و پێنجەمـدا، کـە بـاسی فەلسـەفەو فەیلەسـووفەکانم کـردوە، خسـتوومەتە ڕوو کـە: کەلەپـووری فەلسـەفە لـە مێـژووی بەشـەردا، بـە بـەراورد لەگـەڵ هیدایـەتی خـواداو، پەیامێـک کـە خـوا بـە پێغەمبەرانـدا ناردوویەتی، شـتێکی زۆر بچـووک و نابووتـە، هەڵـەو پەڵـەی زۆریـشی تێدایـە.

﴿ فَلَمَّا رَأَوۡاْ بَأۡسَنَا قَالُوٓاْ ءَامَنَّا بِٱللَّهِ وَحۡدَهُۥ ﴾، ئنجـا کاتێـک بـەڵاو سـزای ئێمەیـان بینـی (بُؤْسٌ وَبَأْسَاءُ وَبَأْسٌ) هـەر سـێکیان بـە مانـای: سـزاو بـەڵاو شـتێکی

ناخۆشویستراو و سەخت دێن، کاتێک سزای سەختی ئێمەیان بینی، گوتیان: بڕوامان تەنیا بە خوا هێنا، ﴿ وَكَفَرْنَا بِمَا كُنَّا بِهِۦ مُشْرِكِينَ ﴾، بەوە بێبڕواین کە پێشتر پێی بووو بووینە هاوبەشدانەر، واتە: ئێستا بێبڕواین بەوەی پێشتر بەهۆیەوە بوو بووینە هاوبەش بۆ خوادانەر، ﴿ فَلَمْ يَكُ يَنفَعُهُمْ إِيمَٰنُهُمْ لَمَّا رَأَوْا۟ بَأْسَنَا ﴾، بەڵام ئیمانەکەیان دوای ئەوەی سزای ئێمەیان بینی، سوودی پێنەگەیاندن، چونکە ئیمان کاتێک سوودی دەبێت، ئازایەتیی مرۆڤی تێدابێ، بەڵام وەختێک بەڵاو سزای خوا بێ، یان لە کاتێکدا مرۆڤ دەگاتە گیانەڵا، یان کاتێ ئاخیر زەمان دێ، کە بە پێی فەرمایشتی پێغەمبەرمان یەکێک لە دە (١٠) نیشانە گەورەکان، ئەوەیە کە خۆر لە خۆرئاواوە هەڵدێ و، ئەو کاتە کە خەڵک ئەوە دەبینێ، هەموویان بڕوا دێنن، بەڵام ئەو کاتە ئیمان بێ سوود دەبێت، چونکە هەموو کەس دەزانێ کە ژیانی مرۆڤ لەسەر زەوی کۆتایی پێدێ، هەروەها هەر کەسێک کە دەکەوێتە حاڵی خۆی و، دەزانێ کە تازە ڕووحی لە جەستەی جیا دەبێتەوە، لەو کاتەدا ئیمان هێنان سوودی نابێ، وەک پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: {**إِنَّ اللهَ يَقْبَلُ تَوْبَةَ الْعَبْدِ مَا لَمْ يُغَرْغِرْ**} (**أخرجه أحمد: ٦٤٠٨، والترمذي: ٣٥٣٧، وقال: حسن غريب، وابن ماجه: ٤٢٥٣، وابن حبان: ٦٢٨، والحاكم:م ٧٦٥٩، وقال: صحيح الإسناد عَنِ ابْنِ عُمَرَ**).

واتە: خوا گەڕانەوەی بەندە قبووڵ دەکات، مادام ڕووحی نەگەیبێتە گەرووی.

وەک چۆن ئینسان بە ئاو غەڕ غەڕە دەکات و لە قووڕگی وەردەدات، کاتێک ڕووح لە نووکی پێوە دێت و لە سینگ کۆ دەبێتەوەو دەگاتە لای گەروو، لەو کاتەدا ئەو کەسە لە مردنی دڵنیا دەبێ و، ڕەنگە فریشتەکانیش ببینێ، بۆیە بڕواهێنان لەو حاڵەتەدا، سوود ناگەیەنێ، وەک خوا دەفەرموێ: ﴿ فَلَمْ يَكُ يَنفَعُهُمْ إِيمَٰنُهُمْ لَمَّا رَأَوْا۟ بَأْسَنَا ﴾، بڕوا هێنانەکەیان سوودی پێنەگەیاندن لە کاتێکدا سزای ئێمەیان بینی، ئەمە هەم بۆ حاڵەتی سەرەمەرگیش ڕاستەو، هەم بۆ ئەو گەلانەش کە سزادراون و، هەم بۆ ئاخیر زەمانیش، ﴿ سُنَّتَ ٱللَّهِ ٱلَّتِى

﴿قَدْ خَلَتْ فِي عِبَادِهِۦ﴾، ئەوەش یاسای خوایە کە ڕابردووە لە بەندەکانیدا، واتە: خوا بە پێی ئەو یاساو ڕێبازە مامەڵەی لەگەڵ مرۆڤەکاندا کردوە، کە هەتا توانایان هەیەو هەتا ویستیان ئازادەو، هەتا بۆ ئەوان بە ئازادیی لە قەڵەم دەدرێ، ئەگەر ئیمان بێنن ئیمانەکەیان لێوەردەگیرێ، بەڵام کە کەوتنە حاڵەتی ناچاریی، ئیمانەکەیان سوودیان پێناگەیەنێ، یاسای خوای کاربەجێ و دادگەر وا بووە لە ژیانی بەشەردا، کە ڕابردوە، ﴿وَخَسِرَ هُنَالِكَ ٱلْكَٰفِرُونَ﴾، لەو کاتەشدا بێبڕوایەکان زیانبار بوون، پێشتریش هەر زیانبار بوو بوون، بەڵام لەوکاتەدا بۆیان دەرکەوت، کە دەسخەڕۆ زیانبارو ڕەنجەڕۆی ڕاستەقینە تەنیا ئەوانن.



مەسەلە گرنگەکان

مەسەلەی یەکەم:

فەرمانکـردنی خـوا بـە پێغەمبـەر ﷺ کە خۆڕاگربـێ و، دڵنیابێ بەڵێنی خوا ڕاستەو، ئاماژەکـردن بـە گێڕانـەوەی بەسـەرهاتی بەشـێک لـە پێغەمبـەران و، نەگێڕانـەوەی بەسـەرهاتی بەشـێکیان، کـە هیـچ کام لـە پێغەمبـەرانی خـوا، بەبـێ مۆڵـەتی خـوا، هیـچ بەڵـگەیەکی وەک موعجیـزە بـۆ سـەلمێنرانی ڕاسـتیی خـۆی نەهێنـاوە:

خـوا دەفەرمـوێ: ﴿ فَٱصْبِرْ إِنَّ وَعْـدَ ٱللَّهِ حَقٌّۚ فَـإِمَّا نُرِيَنَّكَ بَعْضَ ٱلَّذِى نَعِدُهُمْ أَوْ نَتَوَفَّيَنَّكَ فَإِلَيْنَا يُرْجَعُونَ ﴿٧٧﴾ وَلَقَدْ أَرْسَلْنَا رُسُلًا مِّن قَبْلِكَ مِنْهُم مَّن قَصَصْنَا عَلَيْكَ وَمِنْهُم مَّن لَّمْ نَقْصُصْ عَلَيْكَۗ وَمَا كَانَ لِرَسُولٍ أَن يَأْتِىَ بِـَٔايَةٍ إِلَّا بِإِذْنِ ٱللَّهِۚ فَإِذَا جَآءَ أَمْرُ ٱللَّهِ قُضِىَ بِٱلْحَقِّ وَخَسِرَ هُنَالِكَ ٱلْمُبْطِلُونَ ﴿٧٨﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم دوو ئایەتە، لە دە (١٠) بڕگەدا:

١)- ﴿ فَٱصْبِرْ إِنَّ وَعْـدَ ٱللَّهِ حَقٌّ ﴾، واتە: دەجا خۆڕاگربە (مادام حاڵ بەو شێوەیە کە باسکرا)، بە دڵنیایی بەڵێنی خوا ڕاستە.

بەڵێنی خواش یانـی:

أ- بەڵێنی خوا بەسەرخستنی تۆو، شوێنکەوتووانت.

ب- بەڵێنی خوا بە سزادانی بێبڕوایەکان.

ج- بەڵێنی خوا بە هاتنی ڕۆژی دوایی، هەموو ئەو بەڵێنانەی خوا ڕاستن.

٢)- ﴿ فَإِمَّا نُرِيَنَّكَ بَعْضَ ٱلَّذِى نَعِدُهُمْ ﴾، ئنجا ئەگەر هەندێک لەوەی کە گفتیان پێدەدەین، پێشانت بدەین، واتە: هەندێک لەوەی هەڕەشەی پێ لە کافرەکان دەکەین، پێشانی تۆی بدەین و لە دنیادا سزایان بدەین.

٣)- ﴿ أَوْ نَتَوَفَّيَنَّكَ ﴾، یاخود بەرلەوەی پێشانت بدەین، بتمرێنین و تۆ سزادانەکەیان نەبینی.

٤)- ﴿ فَإِلَيْنَا يُرْجَعُونَ ﴾، بە دڵنیایی هەر بۆ لای ئێمە دەگێڕدرێنەوە، لە سوورەتی (**یونس**)دا، ئەم ئایەتە موبارەکە بەم شێوەیە هاتوە: ﴿ وَإِمَّا نُرِيَنَّكَ بَعْضَ ٱلَّذِى نَعِدُهُمْ أَوْ نَتَوَفَّيَنَّكَ فَإِلَيْنَا مَرْجِعُهُمْ ثُمَّ ٱللَّهُ شَهِيدٌ عَلَىٰ مَا يَفْعَلُونَ ﴿٤٦﴾ ﴾، واتە: ئەگەر هەندێ لەوەی بەڵێنیان پێدەدەین، پێشانت بدەین، یاخود بەرلەوە بتمرێنین، گەڕانەوەو سەرەنجامیان تەنیا بۆ لای ئێمەیە، دواییش خوا چاودێرە بەسەر ئەوەوە کە دەیانکرد، لەوێ خوا ﷻ ئەو تەعبیرەی بەو شێوەیە هێناوە، چونکە لە هەر جێیە ڕەوت (سیاق) ەکە جۆرێک دەخوازێ.

گرنگ ئەو ڕاستییەیە: خوا پێغەمبەری خاتەمی ﷺ ئاگادارکردۆتەوە، کە دەگونجێ هەندێک لەو سزایەی هەڕەشەی پێ لە کافرەکان دەکات، پێشانی بدات و دەشگونجێ پێشانی نەدات، ئنجا ئەوەبوو کە دواتر پێشانیدا، لە جەنگەکانی بەدر، خەندەک و حونەین و ئازادکردنی مەککەو ... هەموو جەنگانەدا، خوا ﷻ زەبرێکی باشی لە کافرەکانداو، لووتیان شکاو، بەشێک لەوەی خوا هەڕەشەی پێ لێدەکردن، پێشانی دان.

٥)- ﴿ وَلَقَدْ أَرْسَلْنَا رُسُلًا مِّن قَبْلِكَ ﴾، بە دڵنیایی لە پێش تۆشدا پێغەمبەرانیکمان ڕەوانکردوون، ژمارەی پێغەمبەرانی ناوبراو (**عَلَيْهِمُ الصَّلاَةُ وَالسَّلاَم**) لە قورئاندا بە موحەممەدەوە ﷺ بیست و پێنج کەسن، کە لە سوورەتی (**الأنعام**)دا ناوی هەژدەیان هاتوەو لە هەندێ شوێنان ناوی پازدەیان و، لە جێی دیکەدا ناوی دوازدەیان هاتوەو کەمترو زیاتر، گرنگ ئەوەیە هەموو ئەوانەی ناویان هاتوە لە پێغەمبەران، ژمارەیان

بیست و پێنجە، خوا دەفەرموێ: لە پێش تۆشدا پێغەمبەرانێکمان (**عَلَيْهِمُ الصَّلاَةُ وَالسَّلاَم**) ڕەوانکردوە.

٦)- ﴿مِنْهُم مَّن قَصَصْنَا عَلَيْكَ﴾، ئنجا هەیانە بەسەرهاتەکەیمان بۆ تۆ گێڕاوەتەوە.

٧)- ﴿وَمِنْهُم مَّن لَّمْ نَقْصُصْ عَلَيْكَ﴾، هەشیانە بەسەرهاتەکەیمان بۆ تۆ نەگێڕاوەتەوە، ئەوانەش کە خوا بەسەرهاتەکانیانی بۆ پێغەمبەری خاتەم ﷺ گێڕاوەتەوە، هەیانە بەسەرهاتەکەیانی بە درێژیی گێڕاوەتەوەو، لە چەند شوێنێک لە قورئاندا دووبارە بۆتەوە، بەپێی داخوازیی ئەو حاڵەتانەی پێغەمبەری خواو ﷺ بڕواداران پێیاندا تێپەڕیون، هەروەها بەپێی داخوازیی مێژووی بەشەر، کە ئەو ڕاستییانە دووبارە دەبنەوە، بە تایبەت بەسەرهاتی ئیبراهیم ﷺ و بەسەرهاتی مووسا ﷺ و هاڕوونی برای ﷺ، لەگەڵ فیرعەون و دارو دەستەکەیاندا، هەروەها بەسەرهاتی نووح و هوودو صاڵح و شوعەیب و لووط و عیسا (**عَلَيْهِمُ الصَّلاَةُ وَالسَّلاَم**)، هەشیانە بەسەرهاتەکەی بە کورتیی هاتوەو، هەشیانە تەنیا ناوی هێنراوە لە قورئانداو، ئاماژە کراوە بە ژمارەیەکی کەم لە سیفەتە بەرزەکانی.

لێرەشدا بۆمان دەردەکەوێ، کە بەبێ بەڵگەیەکی دڵنیاکەر، دروست نیە هیچ کەس بە پێغەمبەری خوا ﷺ دابنرێ، بۆیە لە هەندێک ڕیوایەتاندا، هەندێ کەس بە پێغەمبەر لە قەڵەم دراون، من نەمهێنان، لەبەر ئەوەی لەسەر سەنەدی ڕیوایەتەکان مشتومڕ هەیە، بەڵام ئەگەر بە سەنەدێکی ڕاست و دروست و جێی دڵنیایی، پێغەمبەری خوا باسی یەکێک لە پێغەمبەرانی کردبێ و ناوی هێنابێ، دەڵێین: ئەویش پێغەمبەری خوایە، بەڵام بەبێ بەڵگەی دڵنیاکەر، دروست نیە هەر لە خۆوە بڵێین: فڵانکەس کە ناوی لە قورئان دا هاتوە، پێغەمبەری خوایە، بۆ وێنە: لە بارەی لوقمانەوە قسە کراوە، بەڵام خوا ﷻ باسی لوقمانی نەکردوە وەک پێغەمبەر، بەڵکو وەک لە تەفسیری سوورەتی (**لقمان**)دا باسمانکرد، تەنیا باسی ئەوە کراوە کە خوا حیکمەتی پێداوە، حیکمەتیش واتە: لێزانیی و دانایی و کارامەیی و پێغەمبەران و غەیری وان تێیدا بەشدارن.

٨)- ﴿ وَمَا كَانَ لِرَسُولٍ أَن يَأْتِيَ بِـَٔايَةٍ إِلَّا بِإِذْنِ ٱللَّهِ ﴾، هیچ پێغەمبەرێکیش بۆی نیە نیشانەیەک بێنێ، مەگەر بە مۆڵەتی خوا، کەواتە: کافرەکان کە تۆ هەڵدەپێچن و تەنگەتاوت دەکەن موعجیزەیەکیان تاکو بۆ بێنی، شتێکی بێ جێت لێ داوا دەکەن، چونکە تەنیا بە مۆڵەتی خوا پێغەمبەران موعجیزەو بەڵگەیان هێناون، خوای بەرزیش ئەو بەڵگەو موعجیزەیەی بە تۆی داوە کە قورئانە، کافییە بۆ کەسانێک بیانەوێ بڕوابێنن، کەواتە: ئەوان داوایەکەیان داوایەکی بێجێیە کە هەڵتدەپێچن: تۆش موعجیزەو بەڵگەیەکی وەک هی پێغەمبەرانی پێشوویان بۆ بێنی!

٩)- ﴿ فَإِذَا جَآءَ أَمْرُ ٱللَّهِ قُضِيَ بِٱلْحَقِّ ﴾، ئنجا هەر کاتێ فەرمانی خوا هات، بە هەق و دادگەریی دادوەریی کرا، واتە: فەرمانی خوا هات بە سەرخستنی پێغەمبەرو هاوەڵانی، یاخود: فەرمانی خوا هات بە هاتنی مردنیان، یان: فەرمانی خوا هات بە کۆتایی پێهێنانی ژیانی دنیاو هاتنی ئاخیر زەمان، یاخود: فەرمانی خوا هات بەوە کە خوا ﷻ مۆڵەت بدات بە پێغەمبەرو ﷺ مسوڵمانەکان جەنگ بکەن و ڕووبەڕوو ببنەوە لەگەڵ بێبڕوایاندا، ﴿ قُضِيَ بِٱلْحَقِّ ﴾، لەو کاتەدا بە هەق دادوەریی دەکرێ لە نێوان ئەهلی ئیمان و ئەهلی کوفردا، یاخود: بەگشتیی و لە هەر بارێکەوە خوا بڕیارو حوکمی ڕاست و هەق دەدات.

١١)- ﴿ وَخَسِرَ هُنَالِكَ ٱلْمُبْطِلُونَ ﴾، لەو کاتەشدا ئەوانەی لەسەر بە تاڵ و ناهەقن زیانبار دەبن، (هُنَالِكَ) ناوی ئاماژەیە بۆ شوێن، بەڵام لێرەدا خوازراوەتەوە بۆ کات، واتە: لەو کاتەدا ئەوانەی کە دەیانەوێ هەق لابەرن، {(**المُبْطِلون**)، (**مَنْ يُرِيْدُون إبْطَالَ الحَقّ**) ئەوانەی دەیانەوێ هەق بپووچێننەوەو هەق لابەرن}، ئەوانە زیانبار دەبن، ئەمە دەگونجێ مەبەست پێی ئەوەبێ کە دوایی لە جەنگی بەدردا دەرکەوت، کە خوا ناوی لێناوە: (**يَوْمُ الفُرْقَان**)، (**يَوْم التقى الجَمْعَان**)، دەشگونجێ مەبەست پێی ڕۆژی دوایی بێ، لەوێ زیانباریی کافران بە تەواویی ئاشکرا دەبێ و دەردەکەوێ، بەڵام بێگومان لە دنیاشدا جاروبار زیانباریی کافران دەردەکەوێ، هەر نەبێ هیچ بێبڕوایەک نیە، کە لە سەرەمەرگدا زیانباریی و دەستخەڕۆیی خۆی بۆ مەعلووم نەبێ.

مەسەلەی دووەم:

باسی ڕەخساندنی ئاژەڵەکان لە لایەن خواوە، بۆ بارو سواری مرۆڤەکان و، لێخواردنیان و، سوودگەلی دیکەی زۆر، بە تایبەت سەفەرو گەشت پێکردنیان، بە جۆرێک کە هیچ عاقڵێک ناتوانێ نکووڵیی لە چاکەکانی خوا بکات:

خوا دەفەرموێ: ﴿ اللَّهُ الَّذِي جَعَلَ لَكُمُ الْأَنْعَامَ لِتَرْكَبُوا مِنْهَا وَمِنْهَا تَأْكُلُونَ ﴿٧٩﴾ وَلَكُمْ فِيهَا مَنَافِعُ وَلِتَبْلُغُوا عَلَيْهَا حَاجَةً فِي صُدُورِكُمْ وَعَلَيْهَا وَعَلَى الْفُلْكِ تُحْمَلُونَ ﴿٨٠﴾ وَيُرِيكُمْ آيَاتِهِ فَأَيَّ آيَاتِ اللَّهِ تُنكِرُونَ ﴿٨١﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە شەش بڕگەدا:

١)- ﴿ اللَّهُ الَّذِي جَعَلَ لَكُمُ الْأَنْعَامَ لِتَرْكَبُوا مِنْهَا وَمِنْهَا تَأْكُلُونَ ﴾، خوا ئەو زاتەیە کە ئاژەڵەکانی بۆ گێڕاون، بۆ ڕەخساندوون، تاکو لێیان سواریان بن و، هەشیانە لێیان بخۆن.

﴿ لِتَرْكَبُوا مِنْهَا وَمِنْهَا تَأْكُلُونَ ﴾، یانی: هەیانە بۆ سوارییی، بۆ بارو سوار بەکاریان دێنن، هەشیانە بۆ لێخواردنیان، واتە: هەیانە زیاتر بۆ بارو سوار بەکاردێ، بۆ وێنە: حوشتر ئەگەر مەبەست لە ئاژەڵەکان **(أنعام)** چوار جۆرەکە بێ: حوشترو ڕەشە وڵاخ (گاو مانگاو کەڵ و گامێش)، هەروەها مەڕو بزن، بەڵام ئەگەر **(أنعام)** مەبەست پێی کۆی ئەو ئاژەڵانە بێ، ئەو چوار پێیانە بێ، کە خوا بۆ مرۆڤی ڕەخساندوون، کە ئەو کاتە فیل و کەرگەدەن و وڵاخی یەک سم واتە: ئەسپ و مایین و ئێسترو کەرو ئەوانەش دەگرنەوە، ئەو کاتە ئەوانەی بۆ بارو سوار بەکاردێن، دیارە ئێسترو ئەسپ و مایین و کەرن، لە وڵاتانی ئێمەدا زیاتر ئەوانە باون، لە هەندێ شوێندا فیل بەکار دێنن، بە تایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی ئاسیاو لە ئەفریقیا، ڕەنگە جۆرە ئاژەڵی دیکەش بەکاربێنن، لە هەندێ شوێنیش گاو مانگاش بەکاردێنن جگە لە حوشتر، بۆ بارو سوار.

کـه دەفەرمـوێ: ﴿ ٱللَّهُ ٱلَّذِى جَعَلَ لَكُمُ ٱلْأَنْعَٰمَ ﴾، دەڵـێ: (**الْجَعْـلُ: الْوَضْـعُ وَالتَّمْكِـينُ وَالتَّهْيِئَـةُ، فَيُحْمَـلُ فِي كُلِّ مَقَـامٍ عَـلَى مَـا يُنَاسِـبُهُ**)، (**جَعْـل**) بریتیـە لـە دانـانی شـتێک و چەسـپاندنی و ئامادەکـردنی، ئنجـا لـە هـەر شـوێنە بـە پێـی گونجـانی لەگـەڵ ئـەو ڕەوت و شـوێنەدا، مانـا دەکـرێ، بـە کوردیـی وشـەی (**جَعَلَ**) واتـە: گێـڕای، یـان کـردی، یـان وایلێکـرد.

کـە دەفەرمـوێ: ﴿ لِتَرْكَبُوا۟ مِنْهَا ﴾، (**مِـنْ: للتَّبْعِيْـض**)، (مـن) بـۆ هەندێکـە، هەردووکیـان: ﴿ لِتَرْكَبُوا۟ مِنْهَا ﴾، و ﴿ وَمِنْهَا تَأْكُلُونَ ﴾، کـە هەیانـە بـۆ سـواریی بـەکاری دەهێنـن، هەشـیانە لێـی دەخـۆن، چ لـە گۆشـتەکەی بخـۆن، چ لـە بەرهەمەکـەی لـە سـپییە مەنییەکـەی بخـۆن، کـە لـە شـیرو ماسـت و کەشـک و فـرۆو دۆو کـەرەو پەنیـرو ژاژو... هتـددا بەرجەسـتە دەبـێ.

لێـرەدا خـوا ﷻ کـە ئـەو چاکانـەی خـۆی دەخاتـە بەرچـاوی خەڵـک، بـۆ ئەوەیـە کـە لـە خـوا بـە یەکگرتـن نیزیکیـان بخاتـەوە، خـوای پـەروەردگار دەیـەوێ لـە ڕێـی خسـتنەڕووی چاکـەو نیعمەتەکانیـەوە، خـۆی بـە مرۆڤـەکان بناسـێنێ و، خۆییـان لـەلا خۆشەویسـت بـکات، کـە ئەگـەر لەبـەر زاتی خۆیـشی خۆشـیان نـەوێ -- کـە ئـەوە خۆشویسـتنی ڕاسـتەقینەیە بـۆ خـوا ﷻ، کـە لەبـەر زاتی خـۆی و لەبـەر سـیفەتە بـەرزەکانی و، لەبـەر ئـەوەی بەدیهێنەرمانـە، پەروەردگارمانـە، زاتێکـی خـاوەنی هەمـوو سـیفەتی جەمـال و جـەلال و کەمالـە، هەمـوو سـیفەتەکانی سـام و هەیبـەت و دەسترۆیشـتوویی و، تێـرو تەواویـی، دەبـێ لەبـەر ئـەوە خـوای پـەروەردگار خـۆش بویسـترێ -- بـەڵام ئاسـتێکی نزمتریـش هەیـە، ئەویـش ئەوەیـە کـە لەبـەر نیعمـەت و چاکـەکانی خۆشبویسـترێ، وەک خـوا دەفەرمـوێ: ﴿ هَلْ جَزَآءُ ٱلْإِحْسَٰنِ إِلَّا ٱلْإِحْسَٰنُ ﴿٦٠﴾ ﴾الرحمن، واتـە: ئایـا پاداشـتی چاکـە هـەر چاکـە کـردن نیـە؟ کـە خـوا چاکـەی لەگـەڵ تـۆدا کـردوە، تـۆش دەبـێ بـە چاکـە وەڵامـی ئـەو چاکەیـەی خـوا بدەیـەوە، بەندایەتیـی بـۆ بکـەی و بیپەرسـتی و بـۆی وەفاداربـی.

٢)- ﴿ وَلَكُمْ فِيهَا مَنَٰفِعُ ﴾، هەروەها بۆ ئێوە لەو ئاژەڵانەدا، سوود گەلی زۆر هەن.

ئـاژەڵان چ بـە چەمکـە چوارییەکـەی: حوشـترو ڕەشـە وڵاخ و مـەڕو بـزن، چ بـە چەمکـە گشـتییەکەی: هەرچـی چـوار پێیـە بیگرێتـەوە، چ گۆشـتیان بخـورێ، چ نەخـورێ، بـەڵام ئـەو چوارانـە گۆشـتیان دەخـورێ، (مَنَٰفِعُ)، کـۆی (**مَنْفَعَة**)یـە، واتـە: سـوود، کەڵـک، بەرژەوەندیـی.

٣)- ﴿ وَلِتَبْلُغُواْ عَلَيْهَا حَاجَةً فِى صُدُورِكُمْ ﴾، بۆ ئەوەی بە هۆی ئەو وڵاخانەوەش (بە هۆی سواربوونیان و بارلێنانیانەوە)، بگەنە ئامانجێک کە لە سینەکانتاندا هەیە، یان ئامانجێک بهێننە دی کە لە سینەکانتاندا هەیەو دەتانەوێ، ئەم (ل)ە، ﴿ وَلِتَبْلُغُواْ عَلَيْهَا ﴾، لامی هۆکار دۆزیی (**تعليل**)ە، هەروەها (ل)ەکەی پێشێ: ﴿ وَلَكُمْ فِيهَا مَنَٰفِعُ ﴾، هەر بۆ (**تعليل**)ە، (**أي لأجَلِكُم**) لە پێناوی ئێوەدا.

کـە دەفەرمـوێ: ﴿ وَلِتَبْلُغُواْ عَلَيْهَا حَاجَةً فِى صُدُورِكُمْ ﴾، ئەمـە ئـەوە دەگەیەنـێ: ئـەو نیـازو مەبەسـتەی لـە سینەکانیان دا هەیـە، پاڵیـان پێوەدەنـێ بەرەو ئـەو ئامانجـە بچـن، کـە ئامانجەکـەش دوورەو بـە پێیـان ناتوانـن بیگەنـێ و، دەبـێ بـە وڵاخ و لەسـەر پشـتی ئـەو ئاژەڵانـە پێـی بگـەن.

٤)- ﴿ وَعَلَيْهَا وَعَلَى ٱلْفُلْكِ تُحْمَلُونَ ﴾، هەروەها لەسەر پشتی ئەو ئاژەڵانە (هەندێکیان)و، لەسەر پشتی کەشتییەکانیش هەڵدەگیرێن، کە دەفەرموێ: ﴿ وَعَلَيْهَا وَعَلَى ٱلْفُلْكِ تُحْمَلُونَ ﴾، بۆیە لێرەدا لەگەڵ وڵاخان دا باسی کەشتییانیش کراوە، چونکە خاڵی هاوبەشیان بارو سوار پێکردن و گەشت و گەڕانە پێیان.

ئنجـا کـە دەفەرمـوێ: ﴿ وَعَلَيْهَا ﴾، دەیتـوانی بفەرمـوێ: (**وَعَلَيْهَا وَالفُلْكِ**) لەسـەر پشـتی ئـەوان و بەهـۆی کەشتییانیشـەوە، بـەڵام بۆیـە (**عـلى**) دووبـارە بۆتـەوە، چونکـە لـە ڕاسـتییدا بـە ئامانـج گیـراو، لێـرەدا بـاسی کەشـتییەکانە، ئەگەرنـا پێشـتر بـاسی ئـاژەڵان کرابـوو.

٥)- ﴿ وَيُرِيكُمْ ءَايَٰتِهِۦ ﴾، هەروەها (خوا) نیشانەکانی خۆیتان پیشان دەدات، لێرەدا خوا ﷻ کە نیعمەت و چاکەکانی خۆی دەخاتەڕوو، مەبەست پێی ئەوەیە:

أ- ئەوانە هەم چاکەی خوان.

ب- هەم بەڵگەشن لەسەر مشوورخۆریی خوای پەروەردگارو پەروەردگاریێتیی خوا.

ج- هەم بەڵگەشن لەسەر ئەوە کە دەبێ تەنیا خوا بەندایەتیی بۆ بکرێ و بپەرسترێ، بۆیە دەفەرموێ: ﴿ وَيُرِيكُمْ ءَايَٰتِهِۦ ﴾، نیشانەکانی خۆیتان پیشان دەدات، کە بریتین لەو نیعمەتانەی باسکران، واتە: لە یەک کاتدا هەم نیشانەن لەسەر پەروەردگاریێتیی و بەدیهێنەرایەتیی خواو، هەم چاکەو نیعمەتیشن لە خواوەو، هەم بەڵگەی تاکێتیی خواشن لە پەرستراوی دا.

٦)- ﴿ فَأَيَّ ءَايَٰتِ ٱللَّهِ تُنكِرُونَ ﴾، ئنجا ئایا کام لە نیشانەکانی خوا نکوولّیی لێدەکەن؟ (أَيّ: اسْمُ اسْتِفْهَامٍ يُطْلَبُ بِهِ تَمْيِيزُ شَيْءٍ عَنْ مُشَارِكِهِ فِيْمَا يُضَافُ إِلَيْهِ)، وشەی (أيّ) ناوی پرسیار کردنە، مەبەست پێی جیاکردنەوەی شتێکە لە هاوبەشەکەی، لەوەدا کە پاڵدەدرێتە لای، بۆ وێنە دەڵێی: (أَيُّهُمَا) یان (أَيُّهُمْ) کام لەو دووانە، یان کام لەو کۆمەڵە، بۆ پرسیارکردنە لە بارەی شتێکەوە، کە لەگەڵ شتێکی دیکە، یان لەگەڵ کۆمەڵە شتێکدا ئاوێتەیە، بۆ ئەوەی جیا بکرێتەوە.



مەسەلەی سێیەم و کۆتایی:

سەرنجراکێشان بۆ مێژووی گەلانی بێبڕوا، کە هەرچەندە ژمارەیان زیاترو، بەهێزو پێزتریش بوون و شوێنەوارەکانیشیان بەرچاوتر بوون، بەڵام ئەوە هیچ بە کەڵکیان نەهات و لە فریایان نەهات، کاتێک بەڵای خوایان بۆ هات، بەوەندە زانیارییە کەمەش کە لەلایان بوو، لە بەرانبەر وەحیی و پەیامی خوادا بوغڕابوون، لە خۆبایی بوون و لە کەوڵی خۆیان دەرچوون، سەرەنجام: سزای خوایان گرتنی و پەشێمانیشیان و ئیمان هێنانیشیان هیچ سوودی نەبوو، سەرەنجام دەستخەڕۆو زیانباربوون:

خوا دەفەرموێ: ﴿ أَفَلَمْ يَسِيرُوا۟ فِى ٱلْأَرْضِ فَيَنظُرُوا۟ كَيْفَ كَانَ عَـٰقِبَةُ ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ ۚ كَانُوٓا۟ أَكْثَرَ مِنْهُمْ وَأَشَدَّ قُوَّةً وَءَاثَارًا فِى ٱلْأَرْضِ فَمَآ أَغْنَىٰ عَنْهُم مَّا كَانُوا۟ يَكْسِبُونَ ﴿٨٢﴾ فَلَمَّا جَآءَتْهُمْ رُسُلُهُم بِٱلْبَيِّنَـٰتِ فَرِحُوا۟ بِمَا عِندَهُم مِّنَ ٱلْعِلْمِ وَحَاقَ بِهِم مَّا كَانُوا۟ بِهِۦ يَسْتَهْزِءُونَ ﴿٨٣﴾ فَلَمَّا رَأَوْا۟ بَأْسَنَا قَالُوٓا۟ ءَامَنَّا بِٱللَّهِ وَحْدَهُۥ وَكَفَرْنَا بِمَا كُنَّا بِهِۦ مُشْرِكِينَ ﴿٨٤﴾ فَلَمْ يَكُ يَنفَعُهُمْ إِيمَـٰنُهُمْ لَمَّا رَأَوْا۟ بَأْسَنَا ۖ سُنَّتَ ٱللَّهِ ٱلَّتِى قَدْ خَلَتْ فِى عِبَادِهِۦ ۖ وَخَسِرَ هُنَالِكَ ٱلْكَـٰفِرُونَ ﴿٨٥﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە سێزدە بڕگەدا:

١)- ﴿ أَفَلَمْ يَسِيرُوا۟ فِى ٱلْأَرْضِ ﴾، ئنجا ئایا بە زەویدا نەڕۆیون؟ ئەمە جاری دووەمە لەم سوورەتەدا خوا ﷻ ئەو تەعبیرە بەکاردەهێنێ، جاری یەکەمیان فەرمووی: ﴿ أَوَلَمْ يَسِيرُوا۟ فِى ٱلْأَرْضِ فَيَنظُرُوا۟ كَيْفَ كَانَ عَـٰقِبَةُ ٱلَّذِينَ كَانُوا۟ مِن قَبْلِهِمْ ۚ كَانُوا۟ هُمْ أَشَدَّ مِنْهُمْ قُوَّةً وَءَاثَارًا فِى ٱلْأَرْضِ فَأَخَذَهُمُ ٱللَّهُ بِذُنُوبِهِمْ وَمَا كَانَ لَهُم مِّنَ ٱللَّهِ مِن وَاقٍ ﴿٢١﴾ ﴾، بەڵام لێرە دەفەرموێ: ﴿ أَفَلَمْ يَسِيرُوا۟ فِى ٱلْأَرْضِ ﴾، لە جیاتی (و) بە (ف) هێناویەتی، ﴿ أَفَلَمْ يَسِيرُوا۟ فِى ٱلْأَرْضِ ﴾، ئایا بە زەویدا نەڕۆیشتوون؟ کە هەم

لێرەداو هەم لە ئایەتی ژمارە (٢١)دا، پرسیارکردنەکە پرسیارکردنی نکووڵییلێکەرانەیە، واتە: دەبووایە بە زەویدا بڕۆن.

هەڵبەتە لێرەدا کە خوا نکووڵیی دەکات لەوەی بۆچی بە زەویدا نەڕۆیشتوون؟ مەبەست ڕۆیشتنی بەڕامانەوەیە، ڕۆیشتنی بە تێفکرین و سەرنجدانەوە، ئەگەرنا هەر بە زەویدا بڕۆی و بڵێی: خوا فەرمانی پێکردوە بەبێ ئامانج، ئەوە هیچ نیە، نەخێر، چونکە ئەوە بەپێی سیاق دەیزانین و، سەربارەش خوای کاربەجێ لێرەش و، لە ئایەتی ژمارە (٢١)دا هەر ئاماژەی پێکردوە: ﴿أَوَلَمْ يَسِيرُواْ فِي ٱلْأَرْضِ فَيَنظُرُواْ ... ﴾. کەواتە: ئامانج و حیکمەت لە بەڕێدا ڕۆیشتنەکە: ڕامان و ڕوانین و تێفکرینە، نەک بەس ڕۆیشتن و هیچی دیکە!!.

٢)- ﴿فَيَنظُرُواْ كَيْفَ كَانَ عَٰقِبَةُ ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ ﴾، واتە: ئنجا (لە میانی ڕۆیشتنەکەیان دا) سەرنج بدەن و ڕامێنن: سەرەنجامی ئەوانەی پێش وان چۆن بوو؟! {ئایا بە زەویدا نەڕۆیشتوون! سەرنج بدەن سەرەنجامی ئەوانەی پێش وان چۆن بوو؟}، پێشتریش باسمانکردوە ڕۆیشتن بە زەویداو سەفەرکردن، دوو واتای هەن:

یەک: سەفەرکردنی جەستەیی: کە مرۆڤ بە جەستە بە زەویدا بڕواو، شوێنەواری گەلە پێشووەکان سەرنج بدات، شوێنەواری گەلی عاد لە نیوە دوورگەی عەڕەبیی دا، هی گەلی سەموود لە ناوچەی حیجردا، هی گەلی لووط لە فەڵەستین، هی گەلی مەدیەن لە ئوردن و شام، هی گەلی فیرعەون لە میسڕ هەڕەمەکانیان، هی گەلانی دیکەی نێوان دوو ڕووبارەکان میزۆپۆتامیا، هەروەها لە شوێنەکانی دیکەی دنیادا، مرۆڤ بە جەستە بچێ سەرنج بداو لە شوێنەوارەکانیانەوە ڕامێنێ.

دوو: سەفەرکردنی مەعنەویی: کە مرۆڤ تەماشای مێژوو بکات، هەر لە شوێنی خۆیەوە کتێبەکانی مێژوو بخوێنێتەوە، یاخود لە ڕێی مۆزەخانەکانەوە، ئێستا بەهۆی مۆزەخانەکانەوە کە شوێنەواری گەلە پێشووەکانیان تێدا هەڵگیراون، زۆر سەفەرو بارو سوار لە کۆڵ مرۆڤ کراونەوە، مرۆڤ دەتوانێ لە مۆزەخانەکاندا، تەماشای زۆر لە شوێنەواری گەلە پێشووەکان بکات.

٣)- ﴿كَانُوٓاْ أَكۡثَرَ مِنۡهُمۡ﴾، ئەوانی پێش وان لەوان (لە دوێندراوەکانی ڕۆژگاری پێغەمبەر ﷺ) ژمارەیان زیاتر بوو.

٤)- ﴿وَأَشَدَّ قُوَّةٗ وَءَاثَارٗا فِي ٱلۡأَرۡضِ﴾، هێزیشیان توندتر بوو و، شوێنەوارەکانیشیان توندترو سەختترو بەرچاوتربوون.

٥)- ﴿فَمَآ أَغۡنَىٰ عَنۡهُم مَّا كَانُواْ يَكۡسِبُونَ﴾، بەڵام ئەوەی کە وەدەستیان دەهێنا، هیچ سوودی پێنەگەیاندن، ئەوەی کە وەدەستیان هێنا، لە هێزو پێزو لە سوپاو سامان و دەستڕۆیشتوویی، ئەمە ئەگەر (مَا) بۆ لابردن (نفي) بێ، دەشگونجێ (مَا) بۆ پرسیار کردن (مَا الإِسْتِفْهَامِيَّة)بێ واتە: ﴿فَمَآ أَغۡنَىٰ عَنۡهُم مَّا كَانُواْ يَكۡسِبُونَ﴾؟ ئایا ئەوەی کە وەدەستیان دەهێنا، چ سوودێکی هەبوو، چ کەڵکێکی پێگەیاندن، چ دادێکی دان؟ لە کاتێکدا کە بەڵای خوایان بۆ هات، ئایا ژمارەو هێزو تواناو دەستڕۆیشتوویەتییەکەیان قوتاری کردن لە سزاو تۆڵەی خوا؟ بە تەئکید نەخێر.

٦)- ﴿فَلَمَّا جَآءَتۡهُمۡ رُسُلُهُم بِٱلۡبَيِّنَٰتِ فَرِحُواْ بِمَا عِندَهُم مِّنَ ٱلۡعِلۡمِ﴾، کاتێک پێغەمبەرەکانیان (عَلَيْهِمُ الصَّلاَةُ وَالسَّلاَم) بەڵگە ڕۆشنەکانیان بۆ هێنان، زۆر دڵخۆش بوون بەوەی لە لایان بوو لە زانیاریی، یانی: بەو ئەندازە زانیارییەی دەیانزانی زۆر دڵخۆش بوون و، پێی لە کەوڵی خۆیان دەرچوون، پێیان وابوو زانیاریی هەر ئەوەیە لە لای ئەوانەو، پێیان وابووە بێ نیازن لە هەر جۆرە زانیارییەکی دیکە، تەنانەت ئەگەر هی پێغەمبەرانیش (عَلَيْهِمُ الصَّلاَةُ وَالسَّلاَم) بێ و لە خواوەش هێنابیان، کە بێگومان ئەو زانیارییەی پێغەمبەران (عَلَيْهِمُ الصَّلاَةُ وَالسَّلاَم) لە خواوە دەیهێنن، زانیارییەکی بێ خەڵتەیە، زانیارییەکی سەدا سەد ڕاستە، بەڵام ئەوەی مرۆڤ خۆی وەدەستی دەهێنێ لە ڕێی پێنج هەستەکانیەوەو، لە ڕێی بیرکردنەوەی خۆیەوە، شتێکی ڕێژەییەو، کەم و زۆر هەڵەو پەڵەو کەم و کوڕیی و خەڵتەو خاڵی ئاوێتە دەبێ.

لێرە کە دەفەرموێ: ﴿فَلَمَّا جَآءَتۡهُمۡ رُسُلُهُم بِٱلۡبَيِّنَٰتِ﴾، خوا ﷻ بە گشتیی فەرموویەتی: کاتێک پێغەمبەرەکانیان (عَلَيْهِمُ الصَّلاَةُ وَالسَّلاَم) بەڵگە ڕۆشنەکانیان

بـۆ هێنـان، ﴿ فَرِحُواْ بِمَا عِندَهُم مِّنَ ٱلْعِلْمِ ﴾، زۆر دڵخـۆش و شـادمان بـوون، بـەو کەمـە زانیارییـەی لـە لایـان بـوو، ئنجـا کـە زۆر پێـی دڵخـۆش بوونـە، مانـای وایـە زانیارییەکـەی خۆیانیـان پـێ زۆر چـاک و گـەورەو گرنـگ بـووەو، پێیـان وابـووە پێویسـتییان بـە هیچـی دیکـە نیـە، پسـپۆڕان گوتوویانـە: (**الفَـرَحُ: مَكْنِيٌّ بِـهِ آثَـارُه، وَهِيَ الإِزْدِهَـاء**)، کـە دەفەرمـوێ: زۆر ڵخـۆش بـوون بـەو زانیارییـەی لەلایـان بوو، مەبەسـت پێـی شـوێنەوارەکەیەتی کـە بریتیـە: لـە لەکەوڵـی خـۆ دەرچـوون و بوغڕابـوون، چەنـد جارێکـی دیکـەش باسـمانکردوە کـە (**فَـرَحْ**) واتـە: (**أَشَـدُّ الـسُّرُور**) ئەوپـەڕی دڵخۆشـیی، هـەر بۆیـە خـوا ﷻ (**فَـرَح**)ی بـە سـیفەتێکی خـراپ دانـاوە، مەگـەر پەیوەسـت بـێ بـە بەزەیـی خـواو، بـە پاداشـتی خـواوەو، بـە هاتنـە دی بەڵێنـی خـواوە، لـە سـوورەتی (**یونـس**)دا خـوا ﷻ دەفەرمـوێ: ﴿ قُلْ بِفَضْلِ ٱللَّهِ وَبِرَحْمَتِهِۦ فَبِذَٰلِكَ فَلْيَفْرَحُواْ هُوَ خَيْرٌ مِّمَّا يَجْمَعُونَ ﴿٥٨﴾ ﴾، بـە پێغەمبـەر ﷺ دەفەرمـوێ: پێیـان بڵـێ: بـا بـە بەخشـشی خـواو بەزەیـی (خـوا) بـەس بـەوە زۆر دڵخـۆش بـن، بـا تەنیـا بـەوە زۆر دڵخـۆش بـن، ئەوپـەڕی دڵخۆشـییان بـا تەنیـا بـە بەخشـشی خـواو بەزەیـی خوابـێ.

هەروەهـا لـە سـوورەتی (**الـروم**)دا خـوا دەفەرمـوێ: ﴿ وَيَوْمَئِذٍ يَفْرَحُ ٱلْمُؤْمِنُونَ ﴿٤﴾ بِنَصْرِ ٱللَّهِ يَنصُرُ مَن يَشَآءُ وَهُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلرَّحِيمُ ﴿٥﴾ ﴾، واتـە: لـەو ڕۆژەدا بـڕواداران بـە یارمەتیـی خـواو سەرخسـتنی خـوا، زۆر دڵخـۆش دەبـن.

هەروەهـا لـە سـوورەتی (**القصـص**)دا گـەلی قـاڕوون بـە قـاڕوون دەڵێـن: ﴿ لَا تَفْرَحْ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ ٱلْفَرِحِينَ ﴿٧٦﴾ ﴾، واتـە: زۆر دڵخۆشـمەبە، خـوا زۆر دڵخۆشـانی خۆشـناوێن، واتـە: زۆر دڵخۆشـان بـە ماڵـی دنیـاو سـامان، ئەگەرنـا مـرۆڤ ئەگـەر زۆر دڵخـۆش بـێ بـە چاکـەی خـواو بەخشـشی خـواو بـە بەزەیـی خـواو بـە هاتنـەدی بەڵێنـی خـوا، ئـەوە هـەر زۆریـش پەسـندە، نـەک خـراپ نیـە، بۆیـە دەبـێ وردبیـن لـە سـەرنجدانی چەمـک و واتـای وشـەکانی قورئـان: لـە شـوێنێکدا خـوا ﷻ وشـەی (**فَـرَحْ**) زەم دەکات، ئەگـەر پەیوەسـت بـێ بـە دنیـاوەو بـە مـاڵ و سـامانەوە، یـان بـە

تـۆزە زانیارییەکـەوە کـە بیکەیـە جێگـرەوە بـۆ وەحیـی و پەیامـی خـوا، کەچـی لـە شـوێنێکی دیکـەدا خـوای پـەروەردگار فەرمـان دەکات بـە (فَـرَحْ) ئەویش ئەوەیـە کـە پەیوەسـت بـێ بـە بەخشـشی خـواو بەزەیـی خـواوە، هەروەهـا مەدحـی بـڕواداران دەکات کـە دڵخۆشـن بـە هاتنـە دی بەڵێنـی خـوا، کـە بریتیـە لـە سەرخسـتنی بۆیـان.



قسەیەكی كورت لەبارەی فەلسەفە و بوونناسییەوە

هەندێـك لـە زانایـان گوتوویانـە: لێـرەدا كـە دەفەرمـوێ: دوای ئـەوەی پێغەمبەرانیـان (عَلَيْهِمُ الصَّلاَةُ وَالسَّلاَم) بەڵگـە ڕۆشـنەكانیان بـۆ هێنـان، بـەو ئەنـدازە زانیارییـەی لەلایـان بـوو، زۆر دڵخـۆش بـوون، دەڵێـن: مەبەسـت پێی فەیلەسووفەكانی یۆنانـە، دوای ئـەوەی بـاس و خواسـتی پێغەمبەرانیـان -ئنجـا ئەگـەر عیسـا بـووە، ئەگـەر پێغەمبـەرانی پێـش عیسـا بـوون- بیسـتوە گوتوویانـە: ئێمـەش زانیارییـمان لـە لایـەو، پێویسـتییمان بـەو زانیارییـە نیـە كـە ئـەو پێغەمبەرانـە هێناویانـە، بـەڵام خـوای پـەروەردگار بەگشـتیی فەرموویـەتی و تایبـەتی نەكـردوە بـە كات و شـوێنێكەوە.

ئنجـا بێگومـان زۆرجـاران ئـەو زانیارییـە عەقڵیانـە كـە مـرۆڤ پێیـان دەگات، ئەگـەر لـە خـۆی وریـا نەبـێ، پێیـان لـە خـۆی بایـی دەبـێ، پێیـان لـە كەوڵـی خـۆی دەردەچـێ، لـە حاڵێكیشـدا كـە زانیاریـی عەقڵیـی، بـە تایبـەت (فەلسـەفە) كـە بەرهەمـی فیكـری بەشـەرە، لـە ئەنجامـی تێوەڕامـانی دا بـۆ بـوون، كـە باشـترین پێناسـەی فەلسـەفە ئەوەیـە:

[فەلسـەفە بەرهەمـی فیكـری بەشـەرە لـە ئەنجامـی تێوەڕامانـی دا بـۆ خـۆی و بـۆ دەوروبـەرو بـۆ گـەردوون دا پەیـدا بـووە و، هەوڵـدانی مرۆڤـە بۆ بوونناسـیی، ناسـینی: خـۆی و خـواو گـەردوون].

ئنجـا ئەو فەلسـەفەیە خڵتەو خاڵـی زۆری تێدایە، وەك ئێمە هەم لە مەوسـووعەی: (بیركردنـەوەی ئیسـلامیی لـە نێـوان وەحیـی و واقیعـدا) لـە بەرگـی سـێیەم (تەوژمـە فیكرییـەكانی مێـژووی مسـوڵمانان)، لەوێدا باسـمانكردوە، هەروەهـا لە مەوسـووعەی: (ئیـمان و ئیلحـاد)دا، بـە درێژیـی لـە بـارەی فەلسـەفەو فەیلەسـووفەكانەوە قسـەمان

کـردوە، چ فەیلەسـووفەکانی یۆنـان و گریـک، چ فەیلەسـووفەکانی میزۆپۆتۆمیـا، چ ئەوانـەی شـام، چ ئەوانـەی میسـر، چ ئەوانـەی ڕۆژهـەڵاتی ئاسـیاو ئێـران، زیاتـر لـە بـواری خواناسـیی و دینداریـیدا باسـمان کـردوە، کـە تووشی هەڵـەو پەڵـەی زۆر سـەیرو سـەمەرە بـوون و، لـەو بـوارەدا ئـەو فەیلەسـووفانە، سـەد خۆزگەیـان بـە خەڵکـی عـەوام، کـە هـەر لـە ڕێـی ئـەو زگـماک و عەقڵـە پاکـەوەی خـوا بـە هەمـوو مرۆڤـەکانی داوە، باشـتر پەیـیان بـە بـوونی خـوای پـەروەردگار بـردوە، بـە سیفەتەکانی خـوا، بـە پێویسـتیی بەندایەتییکـردن بـۆ خـوا، هـەر بۆیـە دەڵێـم: عەقڵ ئەگـەر مرۆڤ لێـی وریـا نەبـێ، دەبێتـە هـۆی سـەرگەردانیی ئینسـان، لـە ڕاسـتییدا ئەگـەر عەقـڵ و هـۆشی مـرۆڤ بـەس بووایـە بـۆ ڕێـگا دیتنـەوە، خـوا ﷻ پێغەمبـەرانی (عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَامُ) نەدەنـاردن، هـەروەک لـە سـوورەتی (النسـاء)دا خـوا دەفەرمـوێ: ﴿ رُّسُلًا مُّبَشِّرِينَ وَمُنذِرِينَ لِئَلَّا يَكُونَ لِلنَّاسِ عَلَى ٱللَّهِ حُجَّةٌۢ بَعْدَ ٱلرُّسُلِ ﴿١٦٥﴾ ﴾ واتـە: پێغەمبەرانێکـی دڵخۆشـکەرو ترسـێنەر، تاکـو خەڵـک لـە دوای هاتنـی پێغەمبـەران، بەڵگـەی نەبـێ لەسـەر خـوا، کەواتـە: ئەگـەر پێغەمبـەران (عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَامُ) خـوا ﷻ ڕەوانی نەکردبانایـە، خەڵـک بەڵگـەو بیانـووی دەبـوو، مانـای وایـە عەقڵـی مـرۆڤ بـەس نیـە، بـۆ ئـەوەی ڕێـی پـێ دەربـکاو وەڵامـی پرسـیارە وجوودییـەکانی پێبزانـێ، کـە بریتیـن لـە:

١- من کێم؟

٢- لە کوێوە هاتووم؟

٣- بۆچی هاتووم؟

٤- کێ منی هێناوەتە دی؟

٥- ئەم گەردوونە چییە؟

٦- لە کوێوە هاتوە؟

٧- بۆ کوێ دەچێ؟



٨- سەرەنجامی چۆن دەبێ؟

٩- پێویستە مرۆڤ چۆن بژی؟

ئـەو پرسـیارە فەلسـەفیی و وجوودییانـە، تەنیـا لـە گـرەوی وەحیـی خـوای پەروەردگاردایـە، کـە وەڵامـی ڕاسـت و دروسـتیان لـە بەرانبـەردا دابنـێ، ئەگەرنـا فەلسـەفە هەمـووی بریتـی بـووە لـە هەوڵـی مـرۆڤ بـۆ دۆزینـەوەی وەڵامـی ئـەو پرسیارانەو، دوایيـش بـە دەسـتی خاڵیـی گەڕاوەتـەوە، وەک لـەو سـەرچاوانەدا کـە ئاماژەمـان پێـدان باسـمان کـردوە، زۆرجار تێفکریـن و تێڕوانینیـان بـۆ خـوا ﷻ زۆر کـرچ و کاڵ و منداڵانـەو دواکەوتووانـە بـووە.



٧)- ﴿ وَحَاقَ بِهِم مَّا كَانُواْ بِهِۦ يَسْتَهْزِءُونَ ﴾، {ئەوانەی بەوەندە زانیارییەی لەلایان بوون، بوغڕاو لە خۆبایی بوون و گوێیان نەدەدا بە پەیامی پێغەمبەران (**عَلَيْهِمُ الصَّلاَةُ وَالسَّلاَم**)}، سەرەنجام ئەوەی گاڵتەیان پێدەکرد، گەمارۆی دان، یاخود دابەزیە سەریان، ئنجا ئەوەی گاڵتەیان پێدەکرد: ﴿ مَّا كَانُواْ بِهِۦ يَسْتَهْزِءُونَ ﴾، دوو ئەگەری هەن:

أ- دەگونجێ لێرەدا مەبەست ئەوەبێ: ئەوەی گاڵتەیان پێدەکرد، دەوری دان، کە بریتی بوو لە سزاو بەڵای خوا، (**وَحَاقَ بِهِمْ الَّذِي كَانُوُا بِهِ يَسْتَهْزِؤن**)، ئەوەی گاڵتەیان پێدەکرد، کە هاتنی بەڵاو سزای خوایەو، پێغەمبەران (**عَلَيْهِمُ الصَّلاَةُ وَالسَّلاَم**) گەلەکانیان پێی ترساندوون، کە هەر لە دنیادا سزای خواتان بۆ دێ و، لە دوارۆژیش دا سزای خوا چاوەڕێتان دەکات، ئەگەر بە دەنگ بانگەوازی خوای پەروەردگارەوە نەچن و، ئەو حیکمەتە لە ژیانتاندا نەهێننە دی، کە خوا ئێوەی بۆ خوڵقاندوە.

ب- دەشگونجێ: ﴿ مَّا كَانُواْ بِهِۦ يَسْتَهْزِءُونَ ﴾ (ئەوەی گاڵتەیان پێدەکرد) بەڵایەکە نەبێ، بەڵکو پەیامی خوابێ، یانی: سزای ئەوەی گاڵتەیان پێدەکرد کە پەیامی خوایە، دەوری دان: (**وَحَاقَ بِهِمْ أي: عِقَابُ مَا كَانوا بِهِ يَسْتَهْزِؤن**)، (**حَاق**) هەم بە مانای دەورەدان و گەمارۆدان دێ.

(حاق)ش بە مانای دابەزین و هاتنەسەر دێ.

٨)- ﴿ فَلَمَّا رَأَوْاْ بَأْسَنَا ﴾، کاتێک بەڵای ئێمەیان بینی، سزای ئێمەیان بینی.

٩)- ﴿ قَالُوٓاْ ءَامَنَّا بِٱللَّهِ وَحْدَهُۥ ﴾، گوتیان: تەنیا بڕوامان بە خوا هەیە، واتە: بڕوامان هێنا کە تەنیا خوا هەقە، چونکە تاکە بەدیهێنەرو تاکە پەروەردگارو مشوورخۆرە، بەس ئەویش بە پەرستراوی خۆمان دەزانین.

١٠)- ﴿ وَكَفَرْنَا بِمَا كُنَّا بِهِۦ مُشْرِكِينَ ﴾، بێبڕواین بەوەی پێشتر بە هۆیەوە هاوبەش بۆ خوادانەر بووین، یاخود: ئێستا بێبڕواین بەوەی کە دەمانکردنە هاوبەشی خوا لە پەرستراندا، یانی: حاشایان کرد لە پەرستراوەکانی خۆیان.

١١)- ﴿ فَلَمْ يَكُ يَنفَعُهُمْ إِيمَـٰنُهُمْ لَمَّا رَأَوْاْ بَأْسَنَا ﴾، بەڵام نەدەگونجا بڕواهێنانیان سوودیان پێ بگەیەنێ، کاتێک بەڵای ئێمەیان بینی.

﴿لَمَّا رَأَوۡاْ بَأۡسَنَا﴾، دوای دیتنی ئازارو سزای ئێمە، واتە: ئەو بڕواپێهێنان و بەڕاست دانانەی پەیامی خوا، دوای ئەوەی سزای خوایان بینی، سوودی پێ نەگەیاندن، چونکە ئیمان هێنان کاتێک سوودی هەیەو، پاداشتی هەیە، کە بۆ مرۆڤ ئازایەتیی بێ، ئیمان بێنێ، ئێستا بۆ هیچ کەس هیچ ئازایەتیی نیە بڕوا بە خۆر بێنێ، یان بە مانگ بێنێ، بەڵام ئەوە ئازایەتییە تۆ سزاو بەڵای خواو، پاداشتی خوا، نەبینی و بڕوای پێبێنی، بۆیە لە سەرەتای سووڕەتی (**البقرة**)دا خوا دەفەرموێ: ﴿الٓمٓ ١ ذَٰلِكَ ٱلۡكِتَٰبُ لَا رَيۡبَۛ فِيهِۛ هُدٗى لِّلۡمُتَّقِينَ ٢ ٱلَّذِينَ يُؤۡمِنُونَ بِٱلۡغَيۡبِ... ٣﴾، واتە: ئەلیف لام میم، ئەو کتێبە هیچ دوو دڵیی تێدا نیە، ڕێنماییە بۆ پارێزکاران، ئەوانەی بڕوا دێنن بە پەنهان...

١٢)- ﴿سُنَّتَ ٱللَّهِ ٱلَّتِي قَدۡ خَلَتۡ فِي عِبَادِهِۦ﴾، (ئەمە) یاسای خوایە کە تێپەڕیوە لە بەندەکانیدا، (**أي سَنَّ اللهُ سُنَّةً**)، خوا یاسایەکی داناوەو تێپەڕیوە، بۆیە (**سُنَّةَ**)، (منصوب)ە (**أي سَنَّ اللهُ سُنَّةً**) خوا یاسایەکی داناوە، (**قَدْ خَلَتْ فِي عِبَادِهِ**) کە تێپەڕیوە لە بەندەکانیدا، واتە: هەر بەو یاسایە خوا مامەڵەی لەگەڵ بەندەکانیدا دەکات، کە ئەگەر پێش ئەوەی بەڵایان بۆ بێ بڕوابێنن، لێیان وەردەگیرێ، بەڵام دوای هاتنی بەڵاو سزای خواو، دوای ئەوەی بە چاوی سەر شتەکە دەبینن، ئەو کاتە ئیمان هێنان ئازایەتیی نیە، بۆیەش لێیان وەرناگیرێ.

١٣)- ﴿وَخَسِرَ هُنَالِكَ ٱلۡكَٰفِرُونَ﴾، لەو کاتەشدا ئەوانەی بێبڕوابوون زیانبار بوون، وشەی (ٱلۡكَٰفِرُونَ) کە (أل)ی ناساندنی لەسەرە، دەگونجێ مەبەست پێی (**عهد**) بێ، واتە: بێبڕوایەکان کە پێشتر باسیان کراوە، لەو کاتەدا زیانبار بوون، دەشگونجێ (**أل**)ی ناساندنەکە بۆ تێکرا (جینس) بێ، یانی: تێکڕای کافرانێک کە بەو شێوەیە بوون تێکڕایان زیانباربوون، (هُنَالِكَ) ناوی ئاماژەیە بۆ شوێن، بەڵام لێرەدا خوازراوەتەوە بۆ کات، یانی: لەو کاتەدا، لەو حاڵەتەدا، ئەوانەی بێبڕوابوون، زیانباربوون.

لێرەشدا کۆتایی بە تەفسیری سووڕەتی (غافر) دێنین و، دەڵێین: خوایە!

بەبەزەیی و بەخشش‌ی بێ سنووری خۆت، بەهۆی هەرچی باشتر کارلێک لەگەڵ قورئاندا، بەو خەسڵەتە بەرزانەمان بڕازێنەوە، کە شایستەیی بەسەرداباریینی پیت وپێز و بەخششی تۆمان تیدا پەیدا بکەن.

سبحانك اللهم وبحمدك، أشهد أن لا إله إلا أنت

أستغفرك وأتوب أليك



نێوەڕۆک

پێشەکی ئەم تەفسیرە بەگشتیی...٥
بەرچاو ڕوونییەکی گرنگ ١٠
لەبارەی ئەم تەفسیرەوە ١٠
پێشەکی ئەم بەرگە..١٢

تەفسیری سوڕەتی ص

پێناسەی سووڕەتی (ص) و بابەتەکانی ١٧
یەکەم: ناوی ئەم سووڕەتە:..١٧
دووەم: شوێنی دابەزینی:...١٧
سێیەم: ڕیزبەندیی:...١٧
چوارەم: ژمارەی ئایەتەکانی:..١٨
پێنجەم: نێوەڕۆکی ئەم سووڕەتە: ١٨
شەشەم: تایبەتمەندییەکانی:..١٨
حەوتەم: دابەشکردنی ئایەتەکانی بۆ چەند دەرسێک:.................................١٩
دەرسی یەکەم..٢٣
پێناسەی ئەم دەرسە ٢٥
مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان ٢٦
شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان..٢٨
هۆی هاتنە خوارەوەی ئایەتەکان..٣٠
مانای گشتیی ئایەتەکان ٣٣
مەسەلە گرنگەکان ٤٠
سەرنجدانێکی وردتر لەو ئایەتانە: ٤٩

دەرسی دووەم ٥٩
پێناسەی ئەم دەرسە ٦١
مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان ٦٢
شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان...٦٤
مانای گشتیی ئایەتەکان ٦٧
یازدە سیفەتی گرنگ و گەورەی (داوود عليه السلام):.................................٦٨
سەرنجدانێکی گرنگ لە بەسەرهاتەکەی داوود.................................٧٦
مەسەلە گرنگەکان ٨١
دە (١٠) هەڵوەستە لە بەرانبەر بەسەرهاتەکەی داوود ڤدا:.....................٩٧
دەرسی سێیەم...١٠٣
پێناسەی ئەم دەرسە ١٠٥
مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان ١٠٦
شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان...١٠٧
مانای گشتیی ئایەتەکان ١٠٩
مەسەلە گرنگەکان ١١٥
چەند سەرنجێک لەبارەی ئەو تاقیکرانەوەی سولەیمانەوە: ١٢٦
پرسیارێك وەڵامەکەی لە بارەی داوایەکی سولەیمانەوە:.........................١٣٥
دەرسی چوارەم ١٤١
پێناسەی ئەم دەرسە ١٤٣
مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان ١٤٤
شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان...١٤٥
مانای گشتیی ئایەتەکان ١٤٧
مەسەلە گرنگەکان ١٥٣
یازدە هەڵوەستە لە بەرانبەر بەسەرهاتی (ئەییووب)دا ١٦١
دەرسی پێنجەم ١٧٧
پێناسەی ئەم دەرسە ١٧٩
مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان ١٨٠

شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان..١٨١
مانای گشتیی ئایەتەکان ١٨٤
مەسەلە گرنگەکان ١٨٩
دەرسی شەشەم...٢٠٥
پێناسەی ئەم دەرسە ٢٠٧
مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان ٢٠٨
شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان..٢١٠
مانای گشتیی ئایەتەکان ٢١١
مەسەلە گرنگەکان ٢١٩
دوو هەڵوەستەی گرنگ ٢٣١

تەفسیری سوڕەتی الزمـــر

دەستپێک..٢٤١
پێناسەی سووڕەتی (الزمر) و بابەتەکانی..٢٤١
یەکەم: ناوی:...٢٤١
دووەم: شوێنی دابەزینی:..٢٤٢
سێیەم: ڕیزبەندیی لە موصحەف و لە دابەزین دا: ٢٤٣
چوارەم: ژمارەی ئایەتەکانی:..٢٤٣
پێنجەم: نێوەڕۆکی: ٢٤٤
شەشەم: تایبەتمەندییەکانی:...٢٤٤
حەوتەم: دابەشکردنی بۆ چەند دەرسێک: ٢٤٦
دەرسی یەکەم...٢٤٩
پێناسەی ئەم دەرسە ٢٥١
مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان ٢٥٢
شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان..٢٥٤
مانای گشتیی ئایەتەکان ٢٥٦
مەسەلە گرنگەکان ٢٦٤

کورتە باسێک لە بارەی جەستەی مرۆڤەوە:.. ٢٧٨
قوڵە باسێک لە بارەی ترس و ئومێدەوە: ٢٩٦
کورتە باسێک لە بارەی زانیاریی و زانایان و پلەو پێگەیانەوە: ٣٠٠
١)- پێناسە:.. ٣٠٠
٢)- پلەو ئیمتیازەکانی زانا بەسەر نەزاندا:.. ٣٠٣
٣)- کەسێک زانا نەبێ لە عەقڵەکەی بەهرەمەند نەبووە: ٣٠٥
دەرسی دووەم ٣٠٧
پێناسەی ئەم دەرسە ٣٠٩
مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان ٣١٠
شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان.. ٣١٢
مانای گشتیی ئایەتەکان ٣١٣
مەسەلە گرنگەکان ٣٢٢
نۆ (٩) ڕاستیی گەورەو گرنگ لە ئایەتەکانی: ٣٣٩
(١٧، ١٨)ەی سوورەتی (الزمر)دا.. ٣٣٩
حەوت (٧) ڕاستیی کە لەم ئایەتەدا بەرجەستە کراون: ٣٥١
دەرسی سێیەم.. ٣٥٣
پێناسەی ئەم دەرسە ٣٥٥
مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان ٣٥٧
شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان.. ٣٥٩
مانای گشتیی ئایەتەکان ٣٦٢
مەسەلە گرنگەکان ٣٧٣
کورتە باسێک لە بارەی دە (١٠) لە سیفەتەکانی قورئان و خوێنەرەکانیەوە............ ٣٨٠
دەرسی چوارەم ٤٢١
پێناسەی ئەم دەرسە ٤٢٣
مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان ٤٢٥
شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان.. ٤٢٧
مانای گشتیی ئایەتەکان ٤٢٨

مەسەلە گرنگەکان ٤٤٠
کورتە باسێک لە بارەی (نووستن) و وەرگرتنی ڕووحەکانەوە لە کاتی خەوتندا:............ ٤٤٧
١)- پێناسەی خەوتن:.. ٤٤٧
٢)- ڕووح و نەفس یەک شتن:... ٤٤٩
٣)- ڕووح، یان نەفس لە دروستکراوێکی نا ماددیی مەعنەوییە:............................ ٤٥٨
٤)- چەند ئەدەبێکی خەوتن و لە خەو هەڵسان:... ٤٦٠
چوار کورتە سەرنج.. ٤٦٥
سێ کورتە سەرنج ٤٧٢
دەرسی پێنجەم ٤٨٣
پێناسەی ئەم دەرسە ٤٨٥
مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان ٤٨٦
شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان... ٤٨٨
هۆی هاتنەخوارەوەی ئایەتەکان.. ٤٩٠
مانای گشتیی ئایەتەکان ٤٩٤
مەسەلە گرنگەکان ٥٠٣
کورتە باسێک لە بارەی ئایەتی (٥٣)ەوە کە ئومێد بەخشترین ئایەتە:.................... ٥١٠
تەوەری یەکەم: ئومێد بەخشترین ئایەت لە قوڕئان دا: ٥١٠
تەوەری دووەم: دە (١٠) بەڵگە لەسەر ئومێد بەخشترین بوونی ئەم ئایەتە: ٥١٤
چـــەند سەرنجێك لەبارەی لە چەنگ گرتنی خوا بۆ زەوی و، پێچرانەوەی ئاسمـــانەکان بەڕاســـتی ٥٢٩
دەرسی شەشەم.. ٥٣٥
پێناسەی ئەم دەرسە ٥٣٧
مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان ٥٣٨
شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان... ٥٤٠

ماناى گشتيى ئايەتەكان ٥٤٣
مەسەلە گرنگەكان ٥٤٨
چور فەرمووده لە بارەى بەهەشت و بەهەشتييەكانەوە..٥٦٣

تەفسيرى سوڕەتى غــافـــر

دەستپێک..٥٦٧
پێناسەى سووڕەتى (غافر) و بابەتەكانى ٥٦٧
يەكەم: ناوى ئەم سووڕەتە:..٥٦٧
دووەم: شوێنى دابەزينى:..٥٦٨
سێيەم: ڕيزبەنديى لە موصحەف و لە دابەزينى دا:..٥٦٩
چوارەم: ژمارەى ئايەتەكانى:..٥٦٩
پێنجەم: نێوەڕۆكى: ٥٧٠
شەشەم: تايبەتمەندييەكانى:..٥٧٠
حەوتەم: دابەشكردنى بۆ چەند دەرسێک: ٥٧٢
دەرسى يەكەم..٥٧٥
پێناسەى ئەم دەرسە ٥٧٧
ماناى دەقاو دەقى ئايەتەكان ٥٧٨
شيكردنەوەى هەندێک لە وشەكان..٥٧٩
ماناى گشتيى ئايەتەكان ٥٨١
مەسەلە گرنگەكان ٥٨٩
كورتە باسێک: نۆ لە هۆيەكانى لێخۆشبوونى خوا لە مرۆڤ..٥٩٣
كورتە باسێک لە بارەى (عرش)ەوە..٦٠٩
دەرسى دووەم ٦١٥
پێناسەى ئەم دەرسە ٦١٧
ماناى دەقاو دەقى ئايەتەكان ٦١٨
شيكردنەوەى هەندێک لە وشەكان..٦١٩
ماناى گشتيى ئايەتەكان ٦٢١

مەسەلە گرنگەکان ٦٢٨
دەرسی سێیەم ٦٤٥
پێناسەی ئەم دەرسە ٦٤٧
مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان ٦٥٠
شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان ٦٥٣
مانای گشتیی ئایەتەکان ٦٥٥
مەسەلە گرنگەکان ٦٦٦
سەرنجدان لە چەند شوێنەوارێکی گەلە پێشووەکان: ٦٧٠
پرسیارێک و وەڵامەکەی ٦٩٩
کورتە باسێک لە بارەی لێزانیی و حیکمەتی پیاوە بڕوادارە بەرگرییکارەکە لە مووسا ٧١٧
دەرسی چوارەم ٧٢٥
پێناسەی ئەم دەرسە ٧٢٧
مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان ٧٢٨
شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان ٧٣٠
مانای گشتیی ئایەتەکان ٧٣١
مەسەلە گرنگەکان ٧٣٨
کورتە باسێک دەربارەی ئایەتی ژمارە (٥١) ٧٥٠
دەرسی پێنجەم ٧٦٣
پێناسەی ئەم دەرسە ٧٦٥
مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان ٧٦٧
شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان ٧٦٩
مانای گشتیی ئایەتەکان ٧٧٢
مەسەلە گرنگەکان ٧٧٧
دەرسی شەشەم ٧٩٩
پێناسەی ئەم دەرسە ٨٠١
مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان ٨٠٢

شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان...٨٠٤
مانای گشتی ئایەتەکان...٨٠٥
مەسەلە گرنگەکان...٨١٤
قسەیەکی کورت لە بارەی فەلسەفە و بوونناسییەوە...................................٨٢٧

